
KURDISTAN
٢٧١٦
HAPPY NEWROZ
نەورۆز، جەژن و هێمای جوانی و بەرخۆدان
کۆکردنەوە و ئامادە کردنی رەحمان نەقشی

# پێڕست

١ - نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین ................................ ئامادەکردنی: دیاکۆ هاشمی ............... ٥
٢- ڕیشەی نەورۆز و ئاوڕێکی مێژوویی ................................ ڕەسوڵ بۆسکێنی ......................... ١٤
٣- نەورۆز و ئەفسانە ................................ خەسرەو مەحمود ......................... ١٨
٤- قسەیەک لەسەر نەورۆز و سەری ساڵی کوردی و ئەفسانە ......................... عیرفان عەلی عەبدولعەزیز ............ ٢٢
٥- نەورۆز لە ئەدەبی کوردیدا، وتوویژ لەگەڵ ڕەسووڵ سووڵتانی ..................... ئیمان مورادوەیسی ...................... ٢٦
٦- فەلسەفەومێژووی نەورۆز ................................ فەلاح شەریف ......................... ٣٦
٧- هێمای نەورۆز و ئەرکەکانمان لە دەسپێکی ساڵی تازەد ............................ ئاسۆی حەسەن زادە ...................... ٣٨
٨- بەرەو حەماسەی نەورۆز ................................ عەبدوڵلا بەهرامی ...................... ٤١
٩- با نەورۆز بکەینەوە بە سەنگەری بەرنگاری ................................ سمایل شەرەفی ......................... ٤٣
١٠- بێبەری کردن لەمێژو؛ نەورۆز وەک نمونە ................................ دیاری خالید ......................... ٤٦
١١- کەیوان ئازاد: دەوڵەتی ماد سەرەتایەکە بۆ نەورۆز و ساڵنامەی کوردی ........... هۆشیار علی ......................... ٤٩
١٢- چیمان پێیە بۆ نەورۆز ................................ ئێڤار ئیبراهیم ......................... ٥٢
١٣- جەژنی نەورۆز لەڕووی مێژووییەوە؟؟؟ ................................ ڕەسوڵ بۆسکێنی ......................... ٥٣
١٤- نەورۆز لە تێگەیشتنی من ................................ شاسوار هەرشەمی ......................... ٥٩
١٥- بەهۆی کۆمەڵێک ئەفسانەی فارسی تێکەڵ بە نەورۆزەوە،................................ سۆران حەمە ڕەش ......................... ٨٠
١٦- نەورۆزی کوردان و نەورۆزی ئێرانییەکان/ بەشی یەکەم ................................ عارف سەلیمی ......................... ٨٤
١٧- کورتە باسێک لە سەر زوحاک ................................ رووداو ......................... ٩٥
١٨- نەورۆز، سەری ساڵی تازەو جەژنی نەتەوایەتی گەلی کوردە ......................... کورد سات ......................... ١٠٠
١٩- ئایا ووشەی نەورۆز ووشەیکی کوردیە یا فارسیە؟ ................................ محەمەد مەندەلاوی ................. ١٠٦
٢٠- ساخکردنەوەیەکی مێژوویی سەبارەت بە جەژنی نەورۆز و ناوەکەی ................. زەردەشت کەماڵ ......................... ١١١
٢١- نەورۆز، ژیانو ئازادیو جوانی ................................ پ.د.فایەق مستەفا ................. ١١٧
٢٢- مێژووی دەرکەوتنی جەژنی نەورۆز ................................ کەیوان ئازاد ......................... ١٢٠
٢٣- ئاو و ئاور، پیرێژن و نەورۆز ................................ برایم فەرشی ......................... ١٢٢
٢٤- نەورۆز رزگاریی نەتەوە ................................ ماڵپەڕی PUKmedia ........... ١٢٧
٢٥- نەورۆز و گەڕانەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی خێزان ......................... سەلوان مەحمود ......................... ١٤١
٢٦- فیردەوسی لەنێوان مێژوونووسین و شێواندندا ! ................................ عومەر ئیسماعیل مارف ............... ١٤٣
٢٧- لەنێوان مێژوو و ئەفسانەدا.. نەورۆز وەک جەژنێکی راستەقینە ......................... ئێرۆن عومەر ......................... ١٤٥

٢٨- نەورۆز جەژنی نەتەویی و نوێبوونەوەی سروشت .................................... ماڵپەڕی بازار پریس نێت ............ ١٤٧
٢٩- بڵێسەی ئاگری نەورۆز ............................................................ ئا: ڕێبین حەسەن .................. ١٥٣
٣٠- بنەما ئوستوورەییەکانی نەورۆز ................................................. گوڵاڵە کەمانگەر .................. ١٥٨
٣١- نەورۆز بۆ ئێمە، نەورۆز بۆ ئەوان ................................................. م. ئەحمەدی ......................... ١٦٢
٣٢- نەورۆز، لە سروشتەوە بۆ پانتایی سیاسەت ...................................... ئەیوب شەهابی راد ............... ١٦٦
٣٣- نەورۆزو خەباتی نەتەوایەتی ..................................................... وریا ڕەحمانی ...................... ١٦٨
٣٤- بەهار و نەورۆز جێژنی سرووشتی پیڕۆشتەکانی زاگرۆس! ................... ئاریتما موحەممەدی ............... ١٧٠
٣٥- ڕۆڵی کارای نەورۆز لە خەباتی سەردەمیانەدا .................................... شەماڵ بۆکانی ...................... ١٧٥
٣٦- نەورۆز لە ڕوانگەی مێژوو و ئیسلام و کەلتووره جیاوازەکانەوە ................. کامەران عەبدە ساڵح ............... ١٧٧
٣٧- کاوە و زوحاک لە نێوان ڕاستی وئەفسانەدا! ..................................... محمەد هەریری ..................... ١٨٠
٣٨- نەورۆز، ڕەمزی سەربەخۆیی نەتەوی بێدەوڵەت .................................. ئەحمەد عەلی پوور ................ ١٨٦
٣٩- نەورۆز و نیشانەناسی ئاور ....................................................... قەرەنی ئەحمەد ئاغایی ........... ١٨٩
٤٠- نەورۆز و دەرکەوتەکانی ........................................................... عەزیز ڕەئووف .................... ١٩٣
٤١- نەورۆز توخمی هاوبەش شوناسی نەتەوەی کورد .................................. تەها ڕەحیمی ...................... ١٩٥
٤٢- با نەورۆزی ئەمساڵیش، گڕ لە دڵی دوژمن بەردەین ................................ ئەحمەد مەکلاوەیی ............... ١٩٨
٤٣- نە ورۆز و ئاورێکی مێژوویی ...................................................... هاشم زووڕئاوەر ................... ١٩٩
٤٤- مێژووی نەورۆز ..................................................................... ڕەنجبەر سەلاحی زیباری ........ ٢٠٢
٤٥- ئەفسانەی نەورۆز لە نێوان ئایین و مێژوو و ئەفسانەدا ......................... سلام ناوخۆش ...................... ٢١٧
٤٦- نەورۆزی کوردان .................................................................... کەریم ئەڵڵاوەیسی ................ ٢٢١
٤٧- جەژنی نەورۆز .. شاجەژنی کوردستانە........................................... ڕەزا شوان ........................... ٢٢٣
٤٨- نەورۆز، جەژنی کۆنی کوردەواری هاتەوە ......................................... تەها ڕەحیمی ...................... ٢٢٦
٤٩- پەندی جەژنی نەورۆز .............................................................پ.د.فایەق مستەفا ................. ٢٢٩
٥٠- جەژنی نەورۆز و ناسنامەی ئایینی کورد .......................................... سەروەر پێنجوێنی ................. ٢٣١
٥١- نەورۆزنامە .......................................................................... فەوزی ڕەمزی مەلا مارف ......... ٢٣٨
٥٢- کـورد و نـەورۆز ..................................................................... پەری شێخ ساڵح ................... ٢٥٣
٥٣- نەورۆزی خوێناویی کورد ........................................................... سولەیمان ئەبووبەکری ............ ٢٥٥
٥٤- نەورۆز چییە ......................................................................... مامۆستا خالید ئەویندار .......... ٢٥٨
٥٥- پەیامی نەورۆز ...................................................................... بێبەش پیرۆتی ..................... ٢٦٢
٥٦- حامید گەوهەری: فیردەوسی بۆ ڕازیکردنی پاشاکانی ئێران، ......................... دیمان ئارام قادری ............... ٢٦٣
٥٧- نەورۆزو مێژووی نەورۆز: لێکدانەوەیەکی زانیاری و فەلسەفی ................... جەمال بابان ...................... ٢٧٠

٥٨- نەورۆز سەمبولی ژیانەوە ............................................................ عارف نادری .............. ٢٧٧
٥٩- نەورۆز جێژنە رەسەنەکەی کورد ............................................... رەسووڵ سوڵتانی ........... ٢٧٩
٦٠- نەورۆز جەژنی کوردانەو لە کوردستان سەریهەڵداوە .................................. د. مەولود ئیبراهیم جەسەن ...... ٢٨٣
٦١- سروودی نەورۆز و ئاوازەکەی ............................................. عوسمان محەمەد هەورامی ....... ٣٠٥
٦٢- مێژوو و جوگرافیا » نەورۆز بۆنەیەکی جیهانی یە ........................................ حەسەن لاوە ............... ٣٠٨
٦٣- فەلسەفەی نەورۆز ........................................................................ ئا: باوکی پەشتا ........... ٣١٢
٦٤- مێژووی جێژنی گەورەی کورد ، نەورۆز ............................................ سەنـــگەر ................. ٣٢٠
٦٥- نەورۆزنامە ............................................................................ شەریف فەلاح .............. ٣٢٦
٦٦- نەورۆز و بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر ئەم جەژنە! ................................... سورکێو زەکی ................. ٣٥٢
٦٧- نەورۆز هێمای یەکگرتوویی کورد ................................................... جەمال نەجاری .............. ٣٥٩
٦٨- نەورۆز و چۆنیەتی سەرهەڵدانی.! ................................................... حامید گەوهەری ............. ٣٦١
٦٩- نەورۆز، مانیفێستێک بۆ تێکۆشان .................................................... ئاوارە ولات ................. ٣٦٧
٧٠- مێژووی نەورۆز، جێژنی گەورەی کورد ............................................... ش.ب.هەژێر ................ ٣٧١
٧١- نەورۆز و چەند پرسێک لە روانگەی چەندین کەسی جیاوازەوە ............................. ئە- زامدار ................. ٣٧٧
٧٢- نەورۆزی راستەقینە و ئەفسانە ......................................................... شەیدا بلباس .............. ٣٩٨
٧٣- جەژنی نەورۆزو مانگی ئازار لە کولتووری نەتەوەی کوردا ................................ رووناک ئەبباس مستەفا ......... ٤٠٠
٧٤- کاوەی ئاسنگەر و گوڵەگەنمەکانی سەرشانی ........................................... ئیبراهیم ئیسماعیلپوور ........ ٤٠٣
٧٥- نەورۆز لە نیوەرۆک و بوونی خۆیدا دژ بە دەسەلاتی هەوسار پساوی سەرەرۆ خولقێندراوە ........ سەدیق بابایی .........٤٠٧
٧٦- نەورۆزانە ............................................................................ حەسەن حاتەمی ........... ٤١٢
٧٧- نەورۆز جەژنێکی کۆنی کوردەواری ..................................................... سەلاح هەرکی .............٤١٤
٧٨- نەورۆزی کوردان ........................................................................ پێشڕەوی سەید برایمی ...... ٤٢٧
٧٩- بەهار وەرزی زانەوەی زەوی ........................................................... س. چ هێرش .............. ٤٣٠
٨٠- نەورۆز .................................................................................. هێمن ................... ٤٣٢
٨١- نەورۆز، جێژن و هێمای جوانی و رابوون ................................................ ن: لوقمان عەبدوڵلازادە .......... ٤٣٤
٨٢- خوێندنەوەیەکی ئاییینانە بۆ نەورۆز ....................................................... ئا: شادان ............... ٤٣٦
٨٣- نەورۆز ..................................................... لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد ........ ٤٤٠
٨٤- نەورۆز و مێژووی نەورۆز .......................................................... حەمید تەیموری.............. ٤٤٥
٨٥- رۆژژمێر و ساڵی کوردی و نەورۆز ................................................... دیاکۆ ................ ٤٥٣
٨٦- شێعر و هۆنراوە ............................................................................................ ٤٦١

# نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

ئامادەکردنی: دیاکۆ هاشمی

## نەورۆز و ساڵی نوێ

## نەورۆز

**نەورۆز جەژنێکی کۆن و دێرینە کە لەلایەن کوردەوە هەر لە کۆنەوە جەژنی گیراوە.**

**یونسکۆ لە (٣٠ / ٩ / ٢٠٠٩) نەورۆزی وەکوو "میراتی هەستپێنەکراوی جیهانی" تۆمار کرد.**

لە ڕێکەوتی (٢١ / ٢ / ٢٠١٠)، "ئەنجومەنی گشتیی نەتەوە یەکگرتووەکان" ڕۆژی ٢١ی مارسی بە "ڕۆژی جیهانیی جەژنی نەورۆز" بە فەرمی ناساند و لە ڕۆژژمێرەکەی خۆیدا جێگیری کرد و بە جەژنێکی کۆن و دێرینە ناودێر کرد وتی کە پێشینەیەکی ٣ هەزار ساڵەی هەیە و پتر لە ٣٠٠ میلیۆن کەس جەژنی دەگرن.



**نەورۆز لە ڕۆژژمێری ئێران و ئەفغانستاندا بە سەرەتای ساڵی نوێ دەژمێردرێت. لە زۆر لە وڵاتی تریشدا پشووی فەرمییە.**

**نەورۆز بۆ کوردەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش وەکوو ساڵی نوێ دەژمێردرێت.**

لە عێراقدا چونکوو ڕۆژژمێری زایینی بەکار دەچێت، کوردی باشووری کوردستانیش پێڕەوی لە ڕۆژژمێری زایینی دەکەن، بۆیە لە ڕۆژژمێردا نەورۆز وەکوو سەرەتای ساڵ هەژمار ناکرێت، بەڵام حوکوومەتی هەرێمی کوردستان بە فەرمی دەیناسێ و لە کوردستاندا بەو بۆنەوە چەند ڕۆژێکی بە پشووی ڕەسمی داناوە و خەڵک زۆر بەگەرمی و بەتایبەتی بۆنەی نەورۆز بە ئاهەنگگێڕان و چوونەدەر و ئاگرکردنەوە و سەما و شایی و هەڵپەڕکێ و خۆشی یادی دەکەنەوە.

کوردەکان لە کوردستانی بندەستی تورکیا، بە میلیۆن میلیۆن دەڕژێنە شەقامەکان و بە هەڵێکی گونجاوی دەزانن بۆ دەربڕینی ڕق و تووڕەیی خۆیان بەرانبەر بەو زوڵمە نەتەوەییەی کە لێیان دەچێت.

گەلێ نەتەوەی جۆربەجۆری تر لە هەرێمێکی بەریندا، جەژنی نەورۆز بە شێواز و دابونەریتی جۆربەجۆر یاد دەکەنەوە وەکوو فارسەکان، نەتەوەکانی نیشتەجێی ئێران،هەروەها لە ئازەربایجان، ئەفغانستان، تاجیکستان، تورکمەنستان،ئۆزبەکستان، قرقیزستان و قەزاقستان ئەو بۆنە یاد دەکەنەوە، ئەمە سەرەڕای ئەو ملیۆن ملیۆن خەڵکەی وەکوو کورد و فارس کە پەڕیوەی هەندەرانن کە بە شێوەی جۆربەجۆر یادی دەکەنەوە، وەکوو بەکرێگرتنی کەشتی و پاپۆڕی گەورە و مەزن لەنێوان دوو وڵاتدا، یان ئاهەنگگێڕان بە بەشداریی گۆرانیبێژان و تیپی مۆسیقا و گرووپی سەما و هەڵپەڕکێ و ئاگرکردنەوە لە ئێوارانی نەورۆز یان چوارشەممەسووری و هتد.

## ساتی نەورۆز

ساتی نەورۆز لە ساتی ڕۆژگەڕانەوەی بەهار (اعتدال بهاری/ اعتدال ربیعی/ vernal equinox)ەوە دەست پێ دەکات.

ڕۆژگەڕانەوەی بەهار لە نیوگۆی باکووریی زەوی، بەو ساتە دەوترێت کە هەتاو لە نیوگۆی باشووریی زەوی بەسەر هێڵی ئیستوادا تێ دەپەڕێت و دێتە ناو نیوگۆی باکووریی زەوی، واتە بەرەو باکووری ئاسمان دەڕوات. ئەم ساتە پێی دەوترێت ساتی سەرەتای کەلووی بەرخ ( برج الحمل).




یان بە زمانی ئەستێرەوانی دەوترێت: کاتێ بازنەی کەلووەکان (دایرةالبروج)، درێژیی جوگرافییەکەی دەبێتە سفر (٠) پلە، ئەو ساتە نەورۆز دەست پێ دەکات.

ئەم ساتی بەسفربوونەش ساڵ بۆ ساڵ دەگۆڕێت و ساتێکی نەگۆڕ نییە بەڵکوو گۆڕاوە، بۆیە هەندێ جار نەورۆز دەکەوێتە ٢٠ی مارس و هەندێک ٢١ی مارس و هەندێ جاریش دەکەوێتە ٢٢ی مارس.

لە ڕۆژژمێری زایینیدا ساتی گۆڕانی ساڵ بۆ ساڵی نوێ، هەموو ساڵێ بە شێوەیەکی بڕیارلەسەردراو، کاتژمێر ٠٠,٠٠ واتە ١٢ی شەویان

**٢٤،٠٠ ە.**

**بەڵام لە ڕۆژژمێری هەتاوی و ڕۆژژمێری کوردیشدا ئەوە بەدەستی مرۆڤ نییە و بەپێی سروشت، ساتەکانی دەگۆڕێت.**

**لە ڕۆژژمێری کوردی هەتاویدا بەرانبەرە بە ١ی خاکەلێوە، لە ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی (هجری شمسی)دا بەرانبەرە بە ١ی فەروەردین، لە ڕۆژژمێری زایینیدا بەرانبەرە بە ٢١ یان ٢٢ی مارس.**




## گرنگ:

**ئەگەر تێپەڕبوونەکە بەسەر هێڵی ئیستوا ڕێک کاتژمێر ١٢،٠٠ی نیوەڕۆ یان پێش ئەوە، بە کاتی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، ڕوو بدات ئەوە ئەو ڕۆژە نەورۆزە و لە ڕۆژژمێریشدا دەبێتە ١ی خاکەلێوە یان ١ی فەروەردین، بەڵام ئەگەر دوای ١٢،٠٠ بە دواوە بێت، ئەوە ئەو ڕۆژە نەورۆزە و ساڵی نوێ، بەڵام لە ڕۆژژمێردا ڕۆژی دواتری دەبێتە ١ی خاکەلێوە (١ی فەروەردین).**

**ئەو ساڵەی کە ساتی ڕۆژگەڕانەوەی بەهار، یان تێپەڕبوون بەسەر هێڵی ئیستیوادا، پاش ١٢،٠٠ی نیوەڕۆ بێت، ئەوا ئەو ڕۆژە دەبێتە**

نەورۆز، بەڵام ڕۆژی دواتری دەبێتە یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە، یان یەکەم ڕۆژی ڕۆژژمێر. نەک ئەو ڕۆژە. چونکوو پاش کاتژمێر ١٢,٠٠ی نیوەڕۆ ڕووی داوە.

## سەرچاوەی نەورۆز

### وەک ئەفسانە

لەڕاستیدا کەس نازانێت سەرچاوەی نەورۆز لە کوێوە هاتووە، هەندێک لە دەقە کۆنە ئێرانییەکانی وەکوو "شاهنامەی فیردەوسی" و "مێژووی تەبەری" دەڵێن جەمشێدشا (چوارەم پاتشای پێشدادییەکان) نەورۆزی داهێناوە، هەندێکی تر دەڵێن کەیومەرس (یەکەم پاتشای پێشدادییەکان) دای هێناوە. هاوکاتیش دەڵێن ئەو پاتشایانە زیاتر لە ١٠٠٠ ساڵ تەمەنیان کردووە، بێگومان ئەوانە تەنیا دەچنە خانەی ئەفسانە و لە ڕاستی دوورن.

هەندێک سەرچاوەی تریش دەڵێن زەردەشت نەورۆزی داهێناوە.

یونسکۆ پێی وایە کە نەورۆز پێشینەیەکی سێ هەزارساڵەی هەیە و ٣٠٠ میلیۆن کەس یادی دەکەنەوە.

هەندێ کەسیش گرێی دەدەنەوە بە زوحاک و کاوە، ئەو بەسەرهاتەش بەو جۆرەی کە باسی دەکەن هێندە لە ڕاستی دوورە کە ناکرێت وەک بنەمای نەورۆز دابنرێت.

### ئەفسانەی ئەژدیهاک و کاوە:

یەکێک لەو ئەفسانانەی کە لە پێوەندی لەگەڵ نەورۆزدا باس کراوە ئەفسانەی "ئەژدیهاک و کاوە"یە. تەنانەت ئەو بەسەرهاتەش لەبەر خەیاڵیبوونی چیرۆکەکە بە دروست نازانرێت.

جەمشێدشا کە هەزار ساڵ تەمەنی کرد، چوارەم پاتشای پێشدادییەکان بووە، لە سەرەتادا پادشایەکی دادوەر بووە، بەڵام لە دواییدا وەک هەر پاتشایەکی تر کە تامی دەسەڵات دەچێژێ، لە خۆ بایی دەبێت و دەست دەکاتە ناهەقی.

دوایی ئاژدیهاک (زوحاک) کە بە ڕەچەڵەک عەرەب دەبێ (ئەگەر ئەو کاتە عەرەب هەبووبێت!) دەچێت بۆ شەڕ لەگەڵ جەمشێدشادا، دوای ڕووداوی دوورودرێژ، جەمشێدشا دەکوژێ، خۆی دەسەڵات دەگرێتە دەست.

خۆشی چونکوو دەروونێکی نەگریسی هەبووە، دەست دەکات بە کوشتوبڕی خەڵک.

خەون دەبینێ کەسێک بە ناوی فەرەیدوون، تاج و تەختی لێ سەندووەتەوە، کە لە خەوهەڵدەستێ، بەشپرزەییەوە دەستوور دەدات فەرەیدوون بدۆزنەوە.

بەڵام دایبابان (والدین)ی فەرەیدوون، دەیشارنەوە و دەیدەنە دەستی دایەنێک بە دزییەوە گەورەی بکات.

سەربازانی ئەژدیهاک هەرچی دەکەن فەرەیدوون نادۆزنەوە.

ئەژدیهاک، نەخۆشییەک دەگرێ و دوو مار لەسەر شانی دەروێن.

ئیبلیس خۆی دەکاتە پزیشکێ و پێی دەڵێ چاری مارەکان تەنیا مێشکی لاوانە و بەس. بۆ تێکردنی مارەکان ناچار دەبێ هەموو ڕۆژێ مێشکی دوو لاویان بداتێ.

ڕۆژێ سەربازانی ئەژدیهاک، دوو کوڕی ئاسنگەرێکی لادێیی بە ناوی کاوەی ئاسنگەر دەگرن و دەیکوژن، کاوە شۆڕش دەکات و خەڵکیش پاڵپشتیی دەکەن. یەکێک لەوانە فەرەیدوون دەبێ، کە دەبێتە هاوخەباتی کاوەی ئاسنگەر.

کاوە دەیکاتە فەرماندەی سوپاکەی خۆی.

دوایی فەرەیدوون زوحاک بە دیل دەگرێ و لە کێوی دەماوەند بەندی دەکات. هەر لەوێش دەیکوژێ.

بەو جۆرە کاوەی ئاسنگەر دەبێتە هۆی ڕووخانی زوحاک (ئەژدیهاک).

هەندێ کەس دەڵێن کە یادی کردنی ئەو سەرکەوتنە هۆی داهاتنی نەورۆز بووە.

لە یەکێک لە جەژنە دێرینەکاندا بە ناوی مێهرەگان، کە دەکەوێتە مانگی حەوتەمی ڕۆژژمێری هەتاوییەوە، واتە پاییز، خەڵک یادی ڕاپەڕینی کاوەی دژ بە ئەژدیهاک دەکردەوە، بەڵام ئەگەر بەپێی ئەوە بێت چونکە لە پاییز یادی کراوەتەوە ناکرێت بە دەستپێکی بەهار بزانرێت، هەروەها بەسەرهاتی ئەژدیهاک بەو تەمەنە درێژە و بە نەخۆشییە سەیرەی زیاتر لە ئەفسانە و چیرۆک دەچێت تا ڕاستی، هەر بۆیە ناکرێت ئەوەش بە بنەمای نەورۆز بزانرێت.

## سەرچاوەی نەورۆز بەپێی لۆجیک

کەوا بێت لەڕاستیدا ئەوەی وەکوو سەرچاوەی داهێنانی نەورۆز باس کراوە تەنها ئەفسانەیە و بەڵگەی سەلمێنراوی لە پشتەوە نییە. کەس نازانێت کەی داهێنراوە، ڕەنگە بکرێت لە داهاتوودا لێکۆڵینەوەی زیاتر لەو بارەوە بکرێت و هەندێک بۆچوونی زانستیتر بخرێتە بەردەست.

ئەوەی کە بنەمای دەستپێکی نەورۆز نادیارە ڕەنگە خۆی لە خۆیدا خاڵێکی ئەرێنی بێت، چونکە نەورۆز گرێدراوە بە سروشتەوە، ملکی هیچ ئایینێکی تایبەتی نییە هەر بۆیە گەلێ نەتەوەی جۆربەجۆر (پتر لە ٣٠٠ میلیۆن) یادی دەکەنەوە.

بەڵام نەورۆز لە كاتی كۆتایی سەرما و سۆڵەی زستان و دەستپێكی بەهار بووە، پێوەندیی بە سروشتەوە هەیە، ڕۆژ و شەو بەرانبەر بووە و لەوە بەو لاوە ڕۆژەكان درێژتر دەبن و شەوە تاریكەكان كورتتر دەبنەوە. مەڕومالاّت دێنە دەر و سروشت بە هەتاو و بۆنی بەهار دەگەشێتەوە. هەژاران لە تاریكی و زستان و بەفر و كرێوە ڕزگاریان دەبێت و ژیانێكی نوێ دەست پێ دەكەن. شەو و ڕۆژ لە نەورۆزدا درێژییان بەرانبەر دەبێت و ڕۆژەكان درێژتر دەبنەوە، لە ڕۆژژمێردا سەرەتای ساڵی نوێیە. گرنگیی نەورۆز لەوەدایە كە سەر بە هیچ ئایینێكی تایبەتی نییە و پێوەندیی بە سروشتەوە هەیە.

## یادكردنەوەی نەورۆز

نەتەوە جۆربەجۆرەكان بە دابونەریتی جۆربەجۆرەوە یادی نەورۆز دەكەنەوە، كورد زۆر بە شێوەیەكی تایبەتی ئەو یادە دەكاتەوە. كورد هەر لە كۆنەوە لەسەر چیاكانەوە بە كردنەوەی ئاگر یادی نەورۆزی گەرم ڕاگرتووە:



نەورۆز لەسەر چیاكان



یادی نەورۆز لە شاری (ئامێدی) باشووری كوردستان

کورد بە کردنەوەی ئاگر کە ڕەمزی خەبات و پاکی و خاوێنی و گەرمی بووە لەسەر چیاکان و ناو شاران و کۆڵانان ئاگر دەکەنەوە، بەرانبەر بە دوژمن یەکگرتووتر دەبن و ئەو ڕۆژە خۆشەویستییان بۆ کوردستان زیاتر دەردەکەوێت:

لە کاتی ئازادنەبووندا میلیۆن میلیۆن دەڕژێنە شارەکان و هەست و سۆزی نەتەوەیی خۆیان نیشان دەدەن:



نەورۆز لە شاری (ئامەد)، باکووری کوردستان

کورد لە کۆنەوە سروودی نەورۆزی وتووەتەوە و نەوەکانی هان داوە کە یادی ئەو ڕۆژە بکەنەوە:



پیرەمێردی شاعیر و قوتابیانی کورد، باشووری کوردستان

## *پیرەمێرد و نەورۆز*

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیریی مەرگەوە

ئەوا ڕۆژ هەلات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

***

**هونەرمەندانیش شاکاری گەورە دەخوڵقێنن:**

حەسەن زیرەک و نەورۆز
ناسری ڕەزازی و نەورۆز
برایم خەیات و نەورۆز

**دەرەنجام:**

کەوا بێت هێشتا بەڕوونی نەزانراوە کەی و لە کوێ نەورۆز دەستی پێ کردووە. ئەوەندە هەیە کە نەورۆز دەستپێکێکی نادیار و کۆنی هەیە، بەڵام دامەزرانی ئیمپراتۆریی ماد کە نزیکەی ٧٠٠ پێش لە زایین بووە، کراوە بە سەرەتای ساڵی ڕۆژژمێری کوردی، ئەویش کاتی دامەزرانی ئیمپراتۆریی مادە لە شاری هگمەتانە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەلایەن "دیاکۆ" دامەزرێنەری ئیمپراتۆریی ماد.

دیاکۆنۆف نووسەری ڕووسی لە کتێبی "مێژووی ماد"دا دەڵێت یەکەم دامەزرێنەری ئیمپراتۆریی ماد "دیاکۆ"، لە نێوان ساڵانی ٧٠٨ و ٦٥٥ی پ. ز. دەسەڵاتداریی کردووە. هەر لەو کتێبەدا دەوترێت کە هروودت مێژووزانی یۆنانی دەڵێت دیاکۆ لە نێوان ساڵانی ٧٢٧ تا ٦٧٥ی پ. ز. دەسەڵاتداریی کردووە. هەر جۆرێک بێت دەستپێکی ئەو ساڵانە ئەگەر لێک بدرێنەوە لە ٧٠٠ ساڵ پێش زایینەوە نزیکن، هەر بۆیە کورد بڕیاری داوە کە ٧٠٠ ساڵ پێش لە زایین بکاتە بنەمای دامەزرانی ئیمپراتۆریی ماد، چونکە ١٠ - ٢٠ ساڵ بۆ ٢٧٠٠ ساڵ پێش لە ئێستە بە ساڵانێکی کەم هەژمار دەکرێت و دەتوانرێت چاوپۆشییان لێ بکرێت، بۆ ئەوەی دەستپێکەکە ڕێک بکرێتەوە و ٧٠٠ ساڵ پێش لە زایین بە دەستپێکی ئیمپراتۆریی ماد دیاری کرا.




لە دوای نەورۆز دەکرێت بەم جۆرە ساڵی کوردی بەدەست بهێنرێت

سەرچاوە: ماڵپەڕی یاگەی زمانی کوردی / ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٦

# ڕیشەی نەورۆز و ئاوڕێکی مێژوویی

ڕەسوڵ بۆسکێنی

سەرەتای بەهاری هەموو ساڵێک، کۆتایی سەرماوسۆڵە و وەرگەڕانی سروشت و هاتنی وەرزی خۆشی و شادی یە، نەتەوەی کورد بەو بۆنەیەوە ئاهەنگ دەگێڕێ و بەو ڕۆژە دەڵێن "نەورۆز" کە بریتیە لە کۆمەڵێک واتا و هێما کە تەعبیر لە ژیان و گوزەرانی خەڵک ئاوێتە بە ئەفسانە دەکات، نەورۆز نەک هەر کورد هەموو گەلانی ئاریایی شانازی پێوە دەکەن و ئاهەنگی بۆ دەگێڕن، کوردەکان بە گەشت و سەیران و ئاگرکردنەوە ئەو یادە بەرز ڕادەگرن، لەبەر ئەوە دەمانەوێ لێرەدا سەرنج بدەینە ئەوەی بزانین نەورۆز چۆن پەیدا بووە و سەرهەڵدانی مێژووی ئەم نەریتە دێرینە ڕیشە و سەرچاوەکەی بۆ کەی و کوێ دەگەڕێتەوە.



نەتەوەی کورد لە زۆر کۆنەوە لە نجیرە چیاکانی زاگرۆس و ئارارات و دەشتەکانی دەوروبەریان نیشتە جێ بوون، بەیەکەم دامەزرێنەری بناغەی شارستانی ناوچەکە دادەنرێن، بەرێژایی مێژوو لەگەڵ چەندین ڕووداو و بۆنەی ئاینی و مێژوویی دا بەرەو ڕوو بوونەتەوە، یەکێک لەو ڕووداوە گرنگانەی ئەم نیشتمانە کەلە چیرۆکە کوردیەکاندا ماوەتەوە و تائێستاش بەشانازیەوە یادی دەکرێتەوە جەژنی نەورۆزە. مێژوونووسان سەبارەت بەپەیدا بوونی جەژنی نەورۆز سەدان چیرۆک و داستان و ئەفسانەی وەک کەیومەرس و جەمشید و کاوەی ئاسنگەر و زوحاکیان نووسیوەتەوە.

بەپێی هەندێ گێڕانەوەی مێژوونووسان نەورۆز دەگێڕنەوە بۆ یەکەم ڕۆژی دۆزینەوەی ئاگر لەلایەن مرۆڤەوە، فارسە کۆنەکان لەو باوەڕەدا بوون، هۆشەنگ لەم ڕۆژەدا ئاگری دۆزیوەتەوە، پێی دەڵێن جەژنی دۆزینەوەی ئاگر لەلایەن هوشەنگی زەردەشتی دووهەمەوە دۆزراوەتەوە.(١) بەو بۆنەیەوە وەک ڕۆژێکی نوێ ئاهەنگی بۆ گێردرا. هەندێکیش دەڵێن یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە جەمشید لەسەر تەختەکەی دانیشتوە و خەڵک بەڕۆژێکی نوێیان زانیوە و کردوویانە بەجەژن. هەندێکیش جەژنی نەورۆز لەوە بەکۆنتر دەزانن وەک (سامۆئێک هێنری هۆک) لەپەرتووکی ئوستوورەکانی ڕۆژهەلاتی ناوەڕاست دەڵێت: وای بۆ دەچم سۆمەریەکان لە دەڤەرە شاخاویەکانی باکووری (نێوان دوو ڕووبار) بەرەو خوار کۆچیان کردووە، ئەوان نەورۆزیان پیرۆز ڕاگرتووە، ساڵانە یادیان کردۆتەوە، بەم پێیە کۆنترین نەتەوە لەسەر خاکی کوردستان ژیاوە و تائێستاش وەکو کۆنترین و ڕەسەنترین خاوەنی ئەم جەژنە نەتەوەی کوردە.(٢)

نەورۆز و سەرکەوتنی کەیومەرس: هەرچەندە ئەمرۆ مێژووە کۆنەکان لەشێوەی ئەفسانە و خەیاڵ دا دێنە بەرچاو، بەڵام لەو ڕۆژگارە کۆنانەدا کە خوێندواری کەم بوو، بەیت بێژان و گۆرانیبێژانی کورد کرداری پاڵەوان و پاشاکانی خۆیان بەشێوەی گۆرانی سینە

بەسینە پاراستووە و بڵاویان کردۆتەوە، تاکو گەیاندویانەتە گوێی مێژوونووسەکان. نەیانهێشتووە لەگۆشەی لەبیرچوونەوەدا گەردی فەرامۆشیان لێ بنیشێت، هەرچەندە بەدرێژایی سەردەمەکان ناوی کەسایەتیەکان و شوێنەکانی هەندێکیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام بناغەی ڕووداوەکان بەتەواوی لەناو نەچووە، لەبەرئەمە قوڵ بوونەوە لەم باسەدا نەک زیانی نیە، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان بەدواداچوونی پێویستە. بۆ نموونە (کیومرپ= کەیومرس) ئاوێستا بە (گیومرت) ناوی دەبات و بەیەکەم مرۆڤی دادەنێت، مێژوونووسەکان بۆ ئەوەی لەعەقڵەوە نزیک بێت بەپاشماوەی نوحیان داناوە. لەسەر بنەمای بڕوای کوردان دەبێ نەورۆز ئاکامی سەرکەوتنی "کەیموورس یان کەیومەرس Kaymures" بێت بەسەر ئەهریمەندا لەدەوری چوار هەزار ساڵ بەرلە زاین، "کەیوان" چیرۆکەکەی ئاوا دەنووسێ:"چوار هەزار ساڵ بەرلە دایک بوونی مەسیح "کەیمووڕس"ناوێک لەڕەگەزی کوردان پەیدا بوو، لەناو وڵاتی میدیا سەری هەڵدا خەڵکی ئەو ئاو و خاکەی بۆ یەکگرتن و ڕاستی و دروستی ڕێنوێنی کرد، بەڵام ئەهەریمەن دژی ئەو ئەرکانەی کەیومەرس بوو(٣)، هەر لەسەرەتاوە ئەهریمەن دوژمنایەتی لەگەڵ دا کرد، کەیومرس لە کێوەکانی ڕەواندز لەگەڵ ئەهریمەن بەشەڕ هات و لەدەستپێکی شەڕەکەوە فەرمانی بەسوپاکەی خۆی دا ئەگەر هات و بەسەر دوژمندا زاڵ بوون و ئەهریمەن کوژرا، لەسەر لوتکەی شاخەکان و لەسەر تەپک و گردەکان ئاگر بکەنەوە، تا هەم دەرکەوێ سەرکەوتوون، هەم بەو شێوە فەرمانی گەڕانەوە لەبەرەی شەڕ بەسوپاکەیان بدەن بۆ لای کەیومەرس. دواجار شەڕ بەسەرکەوتنی ئەوان بەسەر ئەهریمەن دا تەواو بوو، ئاگر لەهەموو بەرزاییەکان چووە ئاسمان و بەم ئاگر و مەشخەڵانە زاڵ بوونی ڕەوایان بەسەر نارەوادا ڕاگەیاند، شکانی ئەهریمەن بۆ خەڵک ڕوون کرایەوە. ڕۆژی ئەم سەرکەوتنە دە ڕۆژ پێش کاتی نەورۆزی ئێستا بوو. کەیومەرس فەرمانی دا نەتەنیا ئەو ڕۆژە، بەڵکو ٩ ڕۆژ و شەو دواتریش ئاگربازی و جەژن و شادی بکەن، ڕێوڕەسمی جەژن "٩ ڕۆژ" بەم شێوەیە پەیدا بوو.(٤) بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان دەتوانین کەیومرس بەیەکەم پاشای (گۆتی GUTI) کورد دابنێین. هەرچەندە مێژووەکان لەپێش کەیومرسیشەوە ناوی فەرمانڕەوایانی (جیانییان) بردووە و کەیومرس بەنەوەی ئەو دەزانن. بەوتەی شانامە لە کەیومەرسی یەکەمەوە تاکو کەیقوباد= دیاکۆ ٢٤٤١ ساڵی خایاندووە، مێژووی لەسەر تەخت دانیشتنی دیاکۆ، بە ٧٠٥ پ.ز دانراوە، بەم شێوەیە پاشایەتی کیومەرس ڕێکەوتی ساڵی ٣١٤٦ پ.ز دەکات.(٥)

لەبارەی نەورۆز و جیهانگیری جەمشیدەوە: لەسەر بەڵگەی بەڕێوەچوونی جەژنی نەورۆز قسە زۆر کراوە و زۆر گێڕانەوە هەیە، بەڵام ئەوەی لە زۆربەی چیرۆکەکاندا دێتە گۆڕێ ئەوەیە پێشینەی ئەم جەژنە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی پێشدادیەکان و جەمشیدی جەم بەبنیادنەری ئەم جەژنە دەزانن، ئەبو ڕیحانی بیروونی لە (ڕپار الباقیە) دا لەم بابەتەوە دەڵێ: لە دەوری گهموری، ێابیئەکان هەر کە جەمشید بوو بەشا و دینی خۆی تازە کردەوە، ئەم کارە زۆر گەورەتر نرخێندرا، ئەو ڕۆژە بەڕۆژێکی نوێ لەقەڵەم درا، هەرچەندە پێش ئەو کاتیش نەورۆز هەر بەگەورە دەزاندرا. لەدوای تەهمورس جەمشید بوو بە پاشا هەندێک لە مێژوونووسەکان جەمشیدیان بەبرای تەهمورس داناوە، لەکۆنەوە بیستومانە جەژنی نەورۆز جەمشید دایهێناوە، عومەری خەیامیش دەڵێت: دامەزرێنەری ئەم جەژنە جەمیشدە. هەندێک جار تەمەنی جەمشیدیان بەحەوت سەد ساڵ داناوە، حەوت ساڵ بۆ تەمەنی تەنیا کەسێک ناسروشتیە و دوورە لەعەقڵەوە، ئەمە دەبێت بەماوەی فەرمانڕەوایی زنجیرەی پاشایەتی نەوەی جەمشیدی دابنێین، نەک تەنیا بەتەمەنی یەک کەسی دابنێین. لەو بارەیەوە ئیحسان نوری پاشا دەنووسێت: کوسیەکان لەساڵی ١٨٩٦ پ.ز پەلاماری بابلیان داو لە ١٧٤٩ پ.ز پاشای کاسیەکان بەناوی گاندیش کۆتایی بەدەوڵەتی بابل هێنا و خۆی کرد بە پاشای چوار گۆشەی جیهان، لە ساڵی ١١٧١ پ.ز بەدەستی پاشای عیلام تێکشکان و بەرەو چیاکان کشانەوە، بە پێی ئەم حیسابە لە ١٨٩٦-١١٧١ دەکاتە ٧٢٥ ساڵ فەرمانڕەواییان کردووە،

لەگەڵ ٧٠٠ ساڵەکەی تەمەنی جەمشید بەرامبەرە، بەپێی سەربردەکانی پەهلەوی جەمشید ١١٠ خۆی شاردەوە ٦١٦ ساڵیش فەرمانڕەوایی کردووە، لەگەڵ ماوەی دەسەڵاتداریەکەیاندا کەلە بابل بوون تەنیا ٣٨ ساڵی جیاوازە، (خدای نامەی پەهلەوی

لەبارەی نەورۆزەوە دەنووسێت: جەم فەرمانی بەدێوان دا، تەختێکی بۆ دروست بکەن پاش ئەوەی بۆیان دروست کرد، لە کۆڵیان نا، لەدەماوەندەوە بردیان بۆ بابل دانیشتوان بە بینینی جەمشید لەناو تەختەکەدا کە وەکو خۆر دەدرەوشایەوە سەرسام بوون وایان دەزانی خۆرەکەی ئاسمانە. لەیەک ڕۆژدا دوو خۆر لەئاسمانی ناوچەکەیان پەیدا بووە، ئەم ڕووداوەش لەڕێکەوتی یەکەم ڕۆژی مانگی (فەروەردین= نەورۆز)ەوە ڕووی دا، لەم ڕووەوە دانیشتوان لەدەوری تەختەکە کۆبوونەوە. هەموویان وتیان ئەمە ڕۆژێکی نوێیە یانی نەورۆزە...."(٦)

مێژوونووسەکان دەنووسن: جەمشید سنووری فەرمانڕەواییەکەی گەلێک فراوانتر کرد و بووبە جیهانگیر. بەمە لەخۆی بایی بوو، داوای خوایەتی کرد، خواش زوحاکی بەسەر دا زاڵ کرد، کتێبی ئاوێستا بەشی (زمیادیشت) دەنووسێت:"جەمشید ماوەیەکی زۆر بە خۆشبەختی ژیا، بەسەر حەوت وڵات و مرۆڤ و دێوانەوە پاشایەتی دەکرد، هەتا ئەو کاتەی سەری لەئاستی ڕاستی وەرچەرخاند و درۆی کردە پیشە، فەڕی ئێزەدی لێ دوور کەوتەوە، بەمەش جەمشید پەرێشان و ئاوارە بوو، لەدواییدا گیرۆدەی ئەژدیهاک (زوحاک بوو. کۆتایی بە فەرمانڕەوایی جەمشید هێنا، مێژووە کۆنەکان هەر هەموویان لەسەر ئەمە هاودەنگن زوحاک ئێرانی نەبوو، بەسەر جەمشید دا سەرکەوتووە، ئێرانی داگیر کردووە و هێناویەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.(٧) کوردەکانیش دەڵێن چوار سەد ساڵ دوای سەرکەوتنی "کەیومەرس" زوحاک بەلەشکرێکی گەورەوە لەلای فەلەستینەوە بەرەو کوردستان هاتووە و داگیری کردووە. زوحاک دوو ماری بەشانەکانیەوە بووە. تەمەنی زوحاک بەهەزار ساڵ دەستنیشان کراوە، ئەویش هەروەکو تەمەنەکەی جەمشید دەبێت ماوەی دەسەڵاتداری دەرەکیەکان بێت بەسەر کۆسییەکانەوە. بەپێی ڕووداوەکان زوحاک یەکێک بووە لە پاشایانی دوژمنانی کورد و مێژووەکان شوێنی فەرمانڕەوایی زوحاکیان بە بابل داناوە.(٨)

بەپێی گێڕانەوە ئەفسانەییەکان وادەردەکەوێ مارەکانی سەر شانی زوحاک هەموو ڕۆژێ پێویستی بە مێشکی دوو لاوی کورد هەبوو دەرخواردیان بدرێ، یاخود وەکو دەرمان بۆ مارەکان ئامادە بکرێ، بۆ ئەوەی زوحاک بێزار نەکەن و ئۆقرە بگرێ، بەپێی شانامە نەتەوەی کورد لەتاو زۆرداری زوحاک دانیشتوان لەزوڵم و ستەمی زوحاک بێزار بوون و دەستیان لەگیانی خۆیان شوشت لەبەر ئەوە بڕیاریان دا لە زوحاکی خوێن مژ ڕاپەڕن و تەخت و تاجی لەناو بەرن، کاوەی ئاسنگەر پیاوێکی بەغیرەت و ئازا بوو، جەماوەری لەخۆی کۆکردەوە و شەوی جەژنی نەورۆزێ کە زوحاک لە کاڵتە و گەپ دا نقوم ببوو، دەنگی نارەزایی بەرز کردەوە، لەپێشیانەوە هاواری دەکرد و هانی دەدان و هێرشی دلێرانەیان کردە سەر کۆشکی زوحاک. و بەکوتکی ئاسنگەری لەتەپڵی سەری زوحاکی دا، پێشبەندە چەرمینەکەی کردە ئاڵا و فەرەیدوونی لەسەر تەختی پاشایەتی دانا و ئاگریان کردەوە و سەرکەوتنی خۆیان لەم ڕۆژەدا (یەکی حمل یا ٢١ مارس) کردە جەژن و لەو ڕۆژەوە جەژنی نەورۆز بووە ئیلهامی شاعیرانی کورد و سەدان وتار و شێعریان هۆنیوەتەوە. شانامە دەنووسێت کاوەی ئاسنگەر ڕاپەڕی و زوحاکی کوشت، فەرەیدوونی کوردی کرد بەپاشا، حەکیم عومەری خەییامی نیشاپووری نزیکەی هەزار ساڵ لەمەوبەر لەنەورۆزنامەکەیدا دەنووسێت: فەرەیدوونی کورد ئەو ڕۆژەی زوحاکی دیل کرد ئێرانی لەو بەڵایە ڕزگار کرد، ئەو ڕۆژەی کرد بەجەژن، ئێرانیەکانیش وەک ڕۆژێکی نوێ تەماشایان کرد و لەو ساوە ئەو ڕۆژە دەکەن بەجەژن.(٩)

لەسەردەمە کۆنەکاندا ئامێری هەواڵگەیاندنی بەپەلەی وەکو تەلەفۆن و تەلگراف نەبووە، بۆ ئەم مەبەستە ئەگەر بیان ویستایە لەیەک کات دا هەواڵێک بەناو وڵاتدا بڵاوبکەنەوە، بەکردنەوەی ئاگر لەشوێنێکی بەرزدا هەموو لایەکیان ئاگادار دەکرد، بەم شێوەیە لەبواری ڕاگەیاندن دا سوودیان لە ئاگر وەردەگرت.

ئەگەر سەرنج بدەینە هەموو ئەو هۆ و ئەگەرانەی بۆ سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز باسکراوە دەبینین هەر هەموویان بۆ بابەتێکی ئەفسانەیی و خەیاڵی دەگەڕێنەوە و هیچیان ئەوەندە بەهێز و بەڵگەدار نین لۆژیکیانە قەناعەتی مرۆڤی ئەم سەردەمە تێر بکەن، لەلایەکی تر ئەوەش دەزانین بەدرێژایی مێژوو نەتەوەکانی نیشتەجێی سەر زەمینی کوردستان و ئێران بەسەدان بەڵگە و هەزاران ڕێوڕەسم و بۆنەو جەژنیان هەبووە کە هەر هەموویان ئێستا لەیاد کراون و کەس باسیان ناکا، کەچی نەورۆز وەکو جەژنێکی نەتەوەیی بایەخدار هەر ماوەتەوە، ئێستاش کاریگەریەکی زۆری تەنانەت لەسەر ژیانی سیاسی خەڵکی هەیە، نەتەوەی کورد وەکو سومبولێکی نەتەوەیی خۆی سەیری دەکات، دوای هەزاران ساڵ تائێستاش بەرز ڕادەگیرێت و هەموو ساڵێک بەگەرمیەوە یادی دەکرێتەوە.(١٠) هەرچۆنێک بێت بەدرێژایی سەردەمەکان یادکردنەوەی جەژنی نەورۆز درێژەی هەبووە، دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی عوسمانی و پارچە پارچە بوونی کوردستان لەنێوان دەوڵەتە داگیرکەرەکاندا نەیانتوانیوە ئەم جەژنە لەبیر خەڵکی کوردستان بەرنەوە. تائێستاش گەلی کورد وەک ڕەمزی یەکگرتن و سەرکەوتن یادی جەژنی نەورۆز دەکاتەوە و لەگەڵ سەرەتای بەهار و بوژانەوەی گوڵ و گوڵزار و سەوزایی پەیمانی ئازادی کورد و کوردستان بۆ یەکتر نوێ دەکەنەوە.

پەراوێز و سەرچاوەکان

(١)،(٥)، (٦)،(٧)،(٩) ئیحسان نوری پاشا، مێژووی ڕیشەی نەژادی کورد، وەرگێڕانی: وریا قانع، چاپی یەکەم، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە هەولێر، ٢٠٠٣. ل ٤٥، ل ٢٩، ل ٣٥، ل ٣٦، ل ٤٥.

(٤)،(٨) حەبیبوڵڵای تابانی، هاونەتەوەیی کورد و ماد، وەرگێڕانی: جەلیل گادانی، چاپی دووەم، چاپخانەی ڕۆژهەڵات - هەولێر ٢٠١٠. ل ٤٩٢، ل ٤٩٤.

(٢)،(٣)، (١٠) R.Tahir، نەورۆز جەژنێکی کۆنی کوردەواری، www.Mediya.net.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان / ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٦

# نەورۆز و ئەفسانە

**خەسرەو مەحمود**

لەبابەتی "نەورۆز"داو لای ئێمەی کورد، پەیوەندی نێوان ئەفسانەو ئایدیۆلۆژیای سیاسیی زۆر بە رونیی دەردەکەوێت. ئەو جەژنەی هەمو ساڵێک دوبارە دەبێتەوەو بەم پێیەش بەردەوام ساڵانە دەکەوێتەوە یادی هەمومان، تەنانەت گەر بەشداریشی تێدا نەکەین بە ئاهەنگگێڕانو سەیرانکردن. ئەم بۆنە نەتەوەییە بەڕادەیەک چۆتە قوڵایی نەستمانەوەو ناخمانی داگیرکردوە کە باسکردن لەوەی ئەم جەژنە جەژنی کورد نییەو، ئەم بۆنەیە کوردانە نییە، هەرگیز مایەی قەبڵوکردن نییە. وەک ئەوەی یەکەمین کەس کە خودا بەکورد خوڵقاندویەتی، ئەم جەژنەشی هەر هەبو بێت. لێرەوە دابڕینی کورد لەجەژنی نەورۆز، بەجۆرێک لە جۆرەکان هاوتای دابڕینیەتی لەکوردبونی خۆی، مەحرومکردنی لەم بۆنەیە، بێبەشکردنیەتی لە پیرۆزترین بابەت کە وەک نەتەوەیەکی تایبەت ئەوپەڕی شانازیی پێوە دەکات.



لەو روانگەیەشەوە کە نەورۆز جەژنێکی نەتەوەییەو، (ناسیۆنالیزم)یش بزوتنەوەیەکی نەتەوەگەرایە، کاتێک نەتەوەی کورد بە ناسیۆنالیزم وەک رێبازێکی سیاسیی ئاشنا دەبێت، یەکسەر دەگەڕێتەوە بۆ (نەورۆز)و وەک بابەتێکی تایبەتو بایەخدار بەردەوام پشتی پێ دەبەستێت، هەر بۆیە شاعیرە ناسیۆنالیستە کوردەکانی سەدەی بیستەم: (نەورۆز) وەک رەمزێکی تایبەتی کوردبون لە شیعرەکانیاندا باسدەکەن، بەڵکو رەنگە بەدەگمەن شاعیرێک شکبەریت هیچی لەبارەی نەورۆزەوە نەگوتبێتو لانیکەم ئاوڕێکی لێ نەدابێتەوە. تا ئەو رادەی کە لەمبارەوە کتێبی سەربەخۆ هەیە ئەو دەقە شیعرییانەی کۆکردوەتەوە کە سەبارەت بە نەورۆز نوسراون.

بەڵام ئایا بەراست نەورۆز جەژنێکی کوردییە؟ پرسیارێکی لەمەش گرنگتر پەیوەست بەم بابەتەی ئێمەوە ئەوەیە: ئایا ئەو روداوەی پەیوەست بەم جەژنە دەگێڕدرێتەوە، روداوێکی مێژویی راستەقینەیە، یان ئەفسانەیە؟!

واتە: ئایا روداوی بونی دو مار لەسەرشانی پادشایەکی ستەمکار (زوحاک) کە بەردەوام بە مێشکی سەری دو لاوی کورد ژیاون، حەقیقەتێکی مێژوییە؟ ئایا لەسەرزەمینی واقیعدا کاراکتەرێک بەناوی (کاوە) بونی هەبوە کە کورد بو بێتو ئەم پادشا ستەمکارەی لەکۆڵکردبینەوە؟!

بەر لەوەڵامی ئەم پرسیارانە، ئەوەی لێرەدا لەهەموی گرنگترە ئەوەیە کە ئێمە رۆحمان ئەوەندە بەم بۆنەیەوە ئاوێتەبوە کە لە

بنەڕەتدا کارێکمان بەوەڵامی ئەم پرسیارانە نەماوە! گرنگ ئەوەیە وەک بۆنەو جەژنێکی پیرۆزی نەتەوەیی پێویستمان پێیەتی، بۆ ئەوەی قەناعەت بەوە بهێنین کە خاوەنی سەرەتایەکی سەرکەوتنئامێزی پیرۆزین، بونی سەرەتایەکی لەمشێوەیەش ئاماژەیە بە بونی ئایندەیەکی هاوشێوەش! کەواتە مادامەکی (نەورۆز) هەیە ئێمەش هەینو دەبینو دەمێنین! ئەم هەڵوێستەش کوتومت هاوشێوەی هەڵوێستی خاوەنانی ئەفسانەکانە کە پێویستیان بە پرسیارکردن نیە لە ماهیەتو حەقیقەتی ئەفسانەکانیان، بەڵکو پرسیارکردن بەدروست نازانن، گرنگ ئەوەیە خاوەنی ئەفسانەنو باوەڕیان پێیەتی، بۆی دەژینو پێی دەژین.

سەبارەت بە سەرەتای ئەم جەژنە دەقو زانیاریی دروست لەئارادا نییە "گەر ئێمە هێشتا خاوەنی دەقگەلێکی کۆنی نوسراو نەبین کە سەرەتای داستانی نەورۆز بسەلمێنێت وەک حاڵی هەر داستانێک کە بەشێوەیەکی بۆماوەو بەزارەکیی هاتبێت، وەک ئیلیادەی گریگیی هۆمیروس، کە ریشەکەی نەزانراوە"١، بەڵام بەڵگە هەیە کە دەمانباتەوە بۆ سەرەتای یەکجار دور، هەر بۆیە "ئەم نەزانینە نابێتە ئاستەنگی خستنەڕوی دەرەنجامگەلێکی لۆژیکیی، لەژێر تیشکی لێکۆڵینەوە لە ناوەرۆکی داستانەکە کە ئاماژە بۆ پێکهاتنە ئەفسانەییەکەی دەکات کە زۆر بەکۆنێتیدا رۆچوە" ٢. وەک دەبینین لەسەرەتادا بە (داستان) ناوی دەبات، دواتریش باس لە (پێکهاتە ئەفسانەییەکەی) دەکات، کەواتە لەسەرەتادا (ئەفسانە) بووە دواتر بوە بە (داستان).

دکتۆر حسەین قاسم ئەلعەزیز ریشەی نەورۆز دەباتەوە بۆ ئەفسانە سۆمەرییەکان "ئەفسانە عیراقیەکە کۆنەکان، سۆمەرییەکانیش بەتایبەت، پایەیەکی بنەڕەتیی پێکدێنن کە بۆ تێگەیشتنو درککردنی ناوەڕۆکە رەمزییەکەی زۆربەی ئەفسانە هاوشێوەکانی یاخود ئەوانەی لەسەر شێوەی ئەو دەڕۆن، پشتی پێ دەبەسترێت، لەبەر ئەوە باشترین شت کە پشتیوانیمان دەکات بۆ رونکردنەوەی رەمزەکانی ئەفسانەی کاوە بریتیە لە ئەفسانە سۆمەرییەکان"٣. لەمبارەیەشەوە بۆ گوتەیەکی کریمەر دەگەڕێتەوە کە گوتویەتی "ئاشکرایە کە تێڕوانینو چیرۆکە ئەفسانەییە سۆمەرییەکان، بەهۆی ناوەڕۆکەکانیانو رەسەنایەتیە مێژوییەکەیان بەسەرجەم شوێنەکانی خۆرهەڵاتی نزیکدا رۆچون، لەبەر ئەوە لێکۆڵینەوەی ئەفسانەو چیرۆکە پاڵەوانێتیە سۆمەریەکان بە گرنگترین رەگەزی زیندوی پشتپێبەستراو دادەنرێت بۆ تێگەیشتنو لێکۆڵینەوەی ئەفسانە باوەکانی خۆرهەڵاتی کۆنی نزیک "الشرق الادنی القدیم"، لەبەر ئەوەی تاڕادەیەکی زۆر ریشەو پەرەسەندنەکانیان روندەکاتەوە"٤.

ئەوەی سەبارەت بە مێژوی ئەم جەژنە لەهەموی سەیرترە ئەوەیە کە مسوڵمانان لەسەردەمی عەباسیەکاندا، لەپاڵ جەژنە ئاینییە ئیسلامیەکاندا، بایەخیان بە (نەورۆز)یش وەک جەژن داوە،و بە جەژن هەژماریان کردوە، یەکێک لەو توێژەرانەی ئاماژەی بەم بابەتە کردوە (ئادەم میتز)ی رۆژهەڵاتناسە کە دەڵێت "دو جەژنە ئاینیەکەش لای مسوڵمانان بریتین لە جەژنی قوربانو جەژنی رەمەزان، ئەم دو جەژنە لەپاڵ نەورۆزی فارسیدا گەورەترینی جەژنەکان بون لای خەڵکی بەغدا"٥.

ئەوەی سەبارەت بە ئێمە لێرەدا جێی بایەخە، لایەنە ئەفسانەییەکەی نەورۆزە کە بۆتە هەوێنی ئایدیۆلۆژیایەکی سیاسیی ناسیۆنالیستیی بۆ نەتەوەیەکی وەک کورد. مەبەست ئەوەیە چۆن کورد توانیویەتی ئەم ئەفسانەیە بکاتە دروشم بۆ شۆڕشو، وەک رەمزێکی زیندوی هەمیشەیی بۆ خەباتو قارەمانێتیو خۆڕاگریی ئەم نەتەوەیە تەوزیفکردووە دەیکات.

ناسیۆنالیزم خوازیاری ئەفسانەیە بۆ چەسپاندنی خۆیو بەردەوامیدان پێی، لێرەشەوەیە کە ناسیۆنالیزمی کوردیی بەردەوام پەنا بۆ نەورۆز دەبات وەک بەهێزترینو کۆنترینو کاریگەرترین ئەفسانە لای کورد. گەرچی (ناسیۆنالیزم) لەرێگەی پاشگرەکەیەوە (یزم) ئایدیۆلۆژیبونەکەی ئاشکرایە، بەلام بۆ رونکردنەوەی زیاتر دەڵێین ئایدیۆلۆژیبونی ناسیۆنالیزم لەوەدا دەردەکەوێت کە گەرچی ئایدیایەکی نوێی سیاسیەو ئینتیمای بۆ دنیای تازەو (مۆدێرنە) هەیە، بەلام بۆ سەلماندنی خۆی، پەنا بۆ ئەفسانە دەبات، بەو مانایەی دەیەوێت لەرێگەی ئەفسانەوە حەقیقەتی خۆی بسەلمێنێت کە ئەمەش بەرواڵەت هەڵگری پارادۆکسێکی ئاشکرایە، بەلام ئەوەی وایکردوە ئەم پارادۆکسە ئاسایی بکرێتەوەو، وەک حەقیقەتێکی حەتمییو بەهێز دەربکەوێت، هەژمونی (ئەفسانە)یە لەسەر هزرو ناخو ویژدانی مرۆڤەکان بەگشتی، پشتبەستنی ناسیۆنالیستەکانیش لەسەر ئاستی جیهان بە ئەفسانە، لەسەردەمێکی وەک ئێستادا کە لەلوتکەی پێشکەوتندا دەژین، لەخۆڕا نییەو لەو قەناعەتە قوڵەوە هاتوە کە ئەفسانە بۆ هەمیشەو هەردەم ئەقڵو رۆحی مرۆڤەکانی داگیرکردوەو، بەردەوام گەورەترین هاندەرو پاڵنەریانە لە ژیاندا.

دکتۆر ناجی عەباس مەتەر رکابی لە مبارەیەوە دەڵێت "لەحاڵەتەکانی هەژمونی ئەو کەلتورەی هاتۆتە ناوەوە، میللەتان پەنا بۆ هەڵکەندنی یادەوەرییو لێکدانێکی رەمزی ئێستا دەبەن لەپرۆسەی بەرهەمهێنانەوەدا، بۆ ئەوەی پارێزگاریی لە هاوسەنگییە کەلتورییەکەیان بکەن، هەروەها لەرێگەی ئەوەوە چێژ لەداهێنانی پاڵەوانێتی وەهمیی وەربگرن، پاڵەوانێتییەک کە توانای قوتتدان یان ئیستیعابکردنی شکستەکانی ئێستای هەبێتو، روبەروی ئایندەو بنیادنانەکەشی بێتەوە بەرەمزیەتێکی کۆپیکراوەوە"٦.

خواستی کەلتورەکان بۆ ئەمجۆرە دەقە دێرینانە هەمیشەو بەردەوامە، لەو سۆنگەیەوە کە "کەلتور پێویستی بە دەقو روداوگەلێکە کە ونبون لەکۆنێتییاندا (کۆنێتیی داپۆشیون)و قەرزیان لێدەکات بۆ ئەوەی ئەو کەلێنانە پڕ بکاتەوە کە دزەیانکردۆتە ناو قوڵایی بونە کۆمەلایەتیەکەی لەلایەکەوەو، هەروەها بۆ ئەوەش کە هەلی نوێبونەوەو دیداری لەگەڵ رابردویەکی ئاڵتونیی بەماهیەتیەکەی ببەخشێت لەلایەکی دیکەوە، لەو روەوە کە وێنەی کۆن (هەواڵ) دەلالەت دەکاتە سەر بەهاگەلێک لە نائاگایی کۆمەڵدا کە دوبارەیان دەکەینەوەو پێوانیان لەسەر دەکەین بەبێ سەلماندنو وردەکاریکردن، بەو پێیەی نمونەی کۆن بوارێکی هەیە کە بەرونیی تێیدا دەربکەوێت، چونکە خەیاڵگەی کۆمەڵەکەیە، بەلام ئەم قەرزکردنەی روداوە ئاڵتونییە پوکاوەکان، بونی ئینتیمایان بۆ یادەوەریی دەسەلات بەمەرج نەگیراوە، ئەو دەسەلاتەی کار لەسەر دەستەمۆکردنی روناکبیرو تەوزیفکردنی بۆ خزمەتی خۆیدەکات، بەلام لەو روانگەیەوە کە مێژونوسی خۆرهەلاتی یەکێکبوە لە زورناژەنانی ئایدیۆلۆژیا، ئەوا نوسینەوەی یادەوەریی میللیی لەلایەن ئەوەوە ئینتیقائیی (هەڵبژاردەگەرانە) بوە بەجۆرێک کە لەگەڵ پێویستیی ئایدیۆلۆژیادا بسازێت، ئەو هەڵوێستەی کەوا لە مێژونوسی دەسەلات دەکات چاو لەو روداو یان کارکتەرانە بپۆشێت کە لەگەڵ میتۆدەکەی ئەودا یەکتر دەبڕن، ئەو میتۆدەی لەسەر جەمسەرگیریی تاکانەیی دامەزراوە، هەر بۆیە خەڵکیی لە دەرەنجامی ئەو ونکردنە زۆرەملێیانەدا پەنا دەبەنە بەر داهێنانی مێژویەکی نهێنیی کە لەروداو و گێڕانەوەو هەڵسەنگاندنیدا لەمێژوی دەسەلات تەواو دابڕاوەو، تێکستە مێژووییەکە بەگوێرەی خسوسیەتێک بەرهەدەهێنێتەوە کە ئینتیمای بۆ لای ئەو و زەمەنە نادیارەکانی هەیە..." ٧.

ئەوە ئایدیۆلۆژیایە وادەکات ئەم ئەفسانانە بەتەواویی قەبوڵبکرێن "کردنی ئەفسانەکانی ناسیۆنالیزمیش بەهەقیقەت هەمیشە بەناو پێکهاتەیەکی ئایدیۆلۆژیدا تێدەپەرێت کە چەندەها شت بەیەکدی تێکەڵدەکات کە لەروی زانستییو مێژووییەوە ناکرێت بەیەکدی

تێکەڵبکرێت"٨. سەرچاوەی ئەم کێشەیەش لەوەوە دێت کە چەمکی ناسیۆنالیزم لای کورد بەتایبەت، ڕەهەندێکی تەواو میتافیزیکیی وەرگرتوە تا ئەو رادەیەی کە "ئەو وێنەیەی ناسیۆنالیزمی کوردی بۆ چەمکی نەتەوەی دەکێشێت، چەمکێکی میتافیزیکی غەیبانییە تیایدا نەتەوەی کورد وەک قەوارەیەکی ئەودیومێژو و بان زەمانی وێناکراوە، بەئەندازەیەک هەندێ لەناسیۆنالیستە کوردەکان لەدایکبونی ناسیۆنالیزمی کوردی دەگێڕنەوە بۆ پێش لەدایکبونی ناسیۆنالیزم لە ئەوروپاداو پێش لەدایکبونی چەمکی نەتەوە وەک چەمکێکی گرنگی فیکری سیاسی پاشکۆ بەمۆدێرنە"٩.

سەرچاوەکان:

١- الدكتور حسين قاسم العزيز، الجذور الأسطورية لملحمة نوروز الشعبية، تقديم ومراجعة جمال خزندار، مؤسسة زين، السليمانية، ٢٠١٠ ، ص١٧.
٢- هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
٣- هەمان سەرچاوە، ل ١٠٩.
٤- هەمان سەرچاوەو لاپەڕە.
٥- آدم ميتز، الحضارة الاسلامية في القرن الرابع الهجري أو عص ر النهضة في الاسلام، نقله الى العربية محمد عبدالهادي ابو ريدة، القاهرة، مطبعة لجنة التأليف والترجمة والنشر، الطبعة الثالثة، ١٩٥٧، الجزء الثاني، ص٢٩١.
٦- د. ناجي عباس مطر الركابي، الأساطير المؤسسة للعقل الثقافي العراقي (دراسة في جينالوجيا الثقافة العراقية)، تموز للطباعة والنشر والتوزيع، دمشق، ٢٠١٢، ص ١٣٠.
٧- هەمان سەرچاوە، ل ١٣٠-١٣١.
٨- مەریوان وریا قانیع، نەتەوەو ناسیۆنالیزم، گۆڤاری ڕەهەند، ژ ١٦ - ١٧، ساڵی ٢٠٠٤، ص١٦١.
٩- بەختیار عەلی، سەدەی ناسیۆنالیزم، گۆڤاری ڕەهەند، ژ ٩ - ١٠، ساڵی ٢٠٠٠، ل ١٤٣.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دوریان نیوز / ڕێکەوتی: ٢٧ی فێبریوری ٢٠١٦

# قسەیەک لەسەر نەورۆز و سەری ساڵی کوردی و ئەفسانە

## عیرفان عەلی عەبدولعەزیز

سەرزەمینی دیجلەو فورات ئەوسەرزەمینەیە کە کەبەدرێژایی مێژووی مرۆڤایەتی گرنگی خۆی هەبووە، لەم سەرزەمینەدا (کە یۆنانییەکان بە میزۆ پۆتامیا ناویان بردووە)، بۆیەکەم جار مرۆڤ ٦٠٠٠ ساڵ لەمەو بەر درکی بە پێکەوەژیان کرد و یەکەمین کانتۆنی مرۆیی پێکهێنا کەتیایدا جۆرێک لەرێکخستنی کۆمەڵایەتی سەرەتایی پێوە دیاربوو.



هەرلەم سەرزەمینە بۆ یەکەمجار مرۆڤ بیری لەوە کردەوە کەلەسەر دیواری ئەشکەوتەکان و بەردی شاخەکان یاداشتەکانی خۆی تۆمار بکات و زمانی نووسین دابهێنێت، کە ئەمڕۆ گرنگترین و تاکە سەرچاوەی باوەڕپێکراوە بۆ تێگەشتن لە مێژوی کۆن.

بازنەی ژیار و شارستانی دیجلە و فورات وای لێهات لە ئێرانی گەورە تا ڕووباری جەیحون ، شامی گەورە تا فەلەستین و میسر. ئەنا زۆلی گەورە تا یۆنان، دورگەی عەرەب تا یەمەن بگرێتەوە.

دواتریش بازنەکە هێندە فراوان بوو کە هەموو سەر زەوی دا پۆشی.

٤٠٠٠ ساڵ لەمەوبەر دانیشتوانی ئەم سەر زەمینە بیریان لەوەکردەوە کەچۆن کات ڕێکبخەن بۆ ئەم مەبەستەش سودیان لە مانگ و خۆر و کاتژمێری ئاوی و ئوسترلاب وەرگرتووە.

گەلانی ئەم سەرزەمینە چەندین ڕۆژ ژمێری تایبەت بە خۆیان داهێنا لەوانە ڕۆژ ژمێری ئێرانی، ڕۆمی، چینی..... دواتریش زاینی...ڕۆژە گرنگە چارەنووس سازەکان لەمێژووی هەر گەلێکدا بووەتە سەرەتای مێژوو سەری ساڵی تازەی ئەو گەلە کەلەو ڕۆژەدا جەژن و شادییان گێڕاوە.

لەسەر دەمی ئیسلامیشدا پێشەوای موسوڵمانان ( عومەر خوری خەتاب) بۆ یەکەمجار دوای ڕاوێژکردن بە زانایانی صەحابە(ڕەزای خوایان لێبێت) ڕێکەوتن لەسەر ئەوەی کە کۆچی پێغەمبەر "علیه الصلاه والسلام"بکرێتە سەرەتای مێژووی ئیسلام، بەڵام لە ڕۆژ و مانگدا دەستکارینەکرد هەر ئەو مانگ و ڕۆژەی سەردەمی جاهیلی بەکار هینا واتە مانگی موحەرەم بووبە مانگی یەکەمی ساڵی هیجری. ئەمەش دەرسێکی گرنگ بوو لە دەرسەکانی زانستی (مقاصدی شەرعی) کە عومەر خوای لێ ی ڕازیبێت خۆی دامەزرێنەرییەتی.

٤٠٠ ساڵ دواتر و لەسەر دەمی جلالەدین مەلەکشای سەلجوقی، زانا پایە بەرزەکانی بیرکاری و گەردووناسی کۆکرانەوە و بیر لە

دانانی ڕۆژ ژمێرێکی تری ئیسلامی کرایەوە کە بەپێوانەی خۆر بێت، نەک مانگ، چونکە بۆپێوانە ژیانی ڕۆژانەی خەڵک خۆر زۆر وردترە لە مانگ.

ڕۆژ ژمێری "هیجری شەمسی" بە وتەی گەردووناسان وردترین و دەقیقترین ڕۆژمێری سەر گۆی زەوییە بە بەراورد بە ڕۆژ ژمێری زایینی ئێستاش نەک کۆن.!

ڕۆژ ژمێری هیجری شەمسی هەر سێ ملیۆن ٨٠٠ هەزار ساڵ یەک ساڵ پێش و پاش ئەکات، بەڵام ساڵی زایینی سێ ملیۆن و ٣٠٠ هەزار ساڵ سالێک پاش و پێش دەکات، لەکاتی خۆیدا ڕۆژ ژمێری زایینی زۆر دواکەوتوو بوو بۆیە زانایانی گەردونناسی ٥٠٠ ساڵ دوای ئەم شاکارەی گەردووناسانی ئیسلامی لە ڕۆما دووبارە ڕۆژ ژمێری گریگۆریان ڕێکخستەوە، لەگەڵ ئەوەشدا نەیانتوانی وەک زانا مسوڵمانەکان ورد ڕێکی بخەنەوە.!

وەک جیهانی ئیسلامی دوو ڕۆژ ژمێرمان هەیە یەکەمیان هیجری قەمەریە، یەکەم ساڵی هیجری کردۆتە مێژوو، و مانگی عەربیشی کردووەتە ڕۆژ ژمێری... هەروە ها هیجری شەمسیمان هەیە کە هەمان ساڵی هیجری کردۆتە ساڵی یەکەمی مێژوو، بەڵام ڕۆژ ژمێری ئێرانی و بە هاری کردۆتە سەری ساڵ و هەزار ساڵە لەئەفغانستان و ئێران کاری پێدەکرێت.

من لێرەدا پرسیارێک لە ناسیۆ نالیزمی کوردی دەکەم، بۆ دەبێت ڕۆژ ژمێرێک کە ئیمپریالیزم ٨٠ ساڵ لەمەوبەر سەپاندوویەتی بەسەر عێراقدا، هیچ پەیوەندییەکی نییە بە ژیاری هەزاران ساڵەی دیجلە و فورات، کە ئەویش ڕۆژ ژمێری (گریگۆری زاینیە) تا ئێستاش کاری پێدەکرێت، لە کاتێکدا ڕۆژ ژمێرێکی شەمسی بەهێز و ورد هەیە کاری پێناکرێت، کە لەگەڵ ژیار و نەتەوە و ئاینماندا دەگوونجێت؟!

بۆیە لێرەدا داوا لە سەرۆکایەتی هەرێم دەکەم بیر لەوە بکاتەوە ڕۆژ ژمێری هیجری شەمسی کە سەرەتای بەهار دەگاتە سەری ساڵی خۆیی و مانگی نەورۆز دەبێتە یەکەم مانگی ساڵ، ببێتە ڕۆژ ژمێری ڕەسمی هەرێمی کوردستان لە بری ڕۆژ ژمێری زاینی گریگۆری..

ئێمە نەک هەرکێشەمان نییە لە گەڵ نەورۆز وەک سەری ساڵی تازە و ڕۆژ ژمێر، بەڵکو ئەوە زانایانی موسوڵمانن کە هەزار ساڵ لەمەوبەر نەورۆزییان کردۆتە سەری ساڵی خیلافەت ئیسلامی سەلجوقی، کە بەداخەو ە ئێستا ناسۆنالیزمی کوردی فەراموشیان کردووە و خۆیان لێ بەدوور دەگرن.

## نەورۆز وەک ئەفسانە

ئەوەی لێرەدا جێگای خۆیەتی ئاماژەی پێبدەین ئەوەیە کەنەورۆز تێکەڵ کراوە بەکۆمەڵێک ئەفسانە کە هیچ بنەمایەکی زانستی نییە و خەڵکێکی تر بۆ پشتیوانی بیری ناسیۆنالیستی خۆیان بەکارییان هێناوە، لەئێرانی تازەدا وەک ڕەزا شاو کوڕەکەی کە ئەویش تێکەڵکردنی داستانی کاوەی ئاسنگەرە لەگەڵ نەورۆز پێش ئەوەی باسی داستانی کاوەی ئاسنگەر بکەم پێم باشە بگەڕێمەوە بو مێژووی

ئێرانی کۆن کەکوردیش وەک بەشێکی سەرەکی و لەیەکجیانەبووەوی ئەو مێژووەیە چ لە ڕووی زمان، فەرهەنگ، ڕەگەز، جوگرافیا سەرەتای مێژووی گەلانی ئیران لە ئیلامیەکانەوە دەست پێدەکات دواتر ئێرانی گەورە دەبێتە سێ ناوچەی جوگرافیایی مادەکان لەدەماوەندەوە بۆ زاگرۆس و ئازەربایجان نیشتەجێ بوون بارتەکان لەمرو. خراسان تا تاجیک و روباری جیحون پارسەکانیش لەشیرازەوە تاخلیجی فارسی بۆیەکەمجار لەمێژووی ئیرانی گەورەدا ماددەکان لەسەردەمی پادشا بەهێزەکانی خۆیاندا نمونەی دیاکۆ.
(هۆخشتر)توانی تەواوی سەرزەمینی ئێران بکات بە یەک پارچە و کۆتایی بهێنیت بە پارسەکان و پارتەکان هوخوشتر نەک هەر سەزەمینی ئێرانی کردەیەک ئیمپراتوریەتی بەهێز کەلەئازەربایجان هەتا ڕووباری جیحون و هەتا کەناری دەریایی فارسی بەڵکو بە هاوکاری بابلیەکان توانی دوژمنی دێرینی ئێرانیەکان کەلەوکاتەدا ئاشورییەکان بوو شکستیان پێ بهێنیت.

پایتەختی دەوڵەتی ئاشور کە نینوی بوو داگیری بکات

هۆخوشتر ئیمپراتۆریی بەهێزی ماد توانی بۆ یەکەمجار دەوڵەتێکی سەراسەری ڕێکخراوەی لە ڕووی ئیداری و سەربازی بو ئێران پێکبهێنێت کە هەتا ٥٥٠ ساڵ پێش زاین بەردەوام بوو

بەڵام دوا پادشای ماددەکان کە ئیژدیهاک (ئیشتوویگو) بوو ستەم و زوڵمی گەشتە ئەوەی کە خەڵکی نەتوانن چی تر قەبولی بکەن بۆیە لەناو خەڵکەکە کەسێک پەیدا بوو بەناوی کاوەی ئاسنگەر توانی ڕابەرایەتی نارەزابەتی خەڵکی بکات و ئیژدهاک بکوژێت.
لێرە ئەوەی کە زور گرنگە و پێویستە بیزانین ئەو تێکەڵکردنیە کەلە نێوان ئەم داستانە و نەورۆز دا دروستکراوە هیچ بەڵگەیەکی گرنگ و باوەڕپێکراو نیە کە پەیوەندی ئاگرکردنەوە و نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر پێکەوە گرێ بدات.

بەڵام بۆ تێکەڵدەکرێت و کێ سودمەندە لەو تێکەڵ کردنە؟

دیارە داستانی کاوەی ئاسنگەر و ئیژدیهاک ئیمامی تەبەری باسی کردووە فیردەوسیش لەشانامەدا باسی کردووە، بەڵام ئەوەی کە جێگەی سەرەنجە بۆ ئێمەی کورد کە خۆمان بەبەشێک لە لەهجەی شمالی ئێران دەزانین و ماددەکان بەباوەگەورەی خۆمان دەزانین ئەوەیە کەئایا ئەم داستانە بۆ ئێمە نەتەوەیيە یان ئەخلاقی!

بێگومان ئەم داستانە بۆ ئێمە ئەخلاقیە بەمانەی ئەوەی کە بەگژاچونەوەی زوڵم و زۆربوو، چونکە هەردوو لا هەر یەک ڕەگەز بوون کەئەویش ڕەگەزی مادد بوو، بەڵام ئایا بەکوشتنی ئیژدهاک کاوە توانی خۆی حوکمی ماد بکات؟ ئایا توانی ئیمپراتۆری ماد بپارێزێت؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر، بەکوشتنی ئیژدهاک ماددەکان بۆهەتا هەتایە کۆتاییان پێهات.

وەحەخامەنشیەکان کەلەهجەی جنوبی ئێرانە ئەو هەلەیان قۆستەوە و لەژێر ڕکێفی ماددەکان دەرچوون

لەساڵی ٥٥٠ی پێش زاینەوە مادەکان کۆتاییان پێ هات و حەخامەنشینەکان هاتنە سەردەور و پایتەختی ماددەکان کەهەم دەماوەند

بووە هەم هەگمەتانا داگیرکران و بەتاراج بران، تولەی دەیان ساڵەیان لەمادەکان کردەوە.

کۆرشی گەورە بۆیە یەکەم پادشای بەهێزی دەوڵەتی حەخامەنشیەکان

حەقی خۆیەتی کەحەخامەنشیەکان و پاشماوەکانیان کە پارسەکانن جەژن و ئاهەنگ بگێڕن و ئاگر بکەنەوە چونکە دوای چەندین سەدە توانیان بگەنە ئاواتی خۆیان کۆتایی بەماددەکان بهێنن.

هەرلەم سۆنگەیەوە بوو کە ڕەزا شا و کورەکەی زۆر گرنگیان دەدا بەو تێکەڵکردنەوە بەومەبەستەش هانی هونەرمەندان و نوسەرانیان دەدا کە ئەو ڕۆژە بەرز ڕابگرن.

ئەوەی جێ سەرسوڕمانە ناسیۆنالیزی کوردیی و هەندێک گێلە موسوڵمان گۆرانیەکی حەسەن زیرەک دەکەن شاهنامەی فیردەوسی! و لەورۆژەدا چەندین جار لێی دەدەن بێ ئاگا لەوەی کە دێڕێکی لێ سانسۆر کراو کەئەویش ئەوەیە:

(بەفەرمانی شاهنشاە ئاریامیهر ئەمرۆژە ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە) کەوابێت بەفەرمانی حمە رەزا شاە گۆرانیەکەی وتووە!
نەورۆز وەک ئەوەی کە ڕۆژێکی نوێ یە لە سەری ساڵی گەلانی ئێران و دیجلەو فورات بەدرێژایی هەزاران ساڵ یاد کراوە و باس کراوەتا بووەتە بەشیک لە فەرهەنگی گەلانی ئێران.

بەڵام وەک ئەوەی کە تێکەڵبکریت لەگەڵ ئاگر و کاوەی ئاسنگەر هیچ بنەمایەکی زانستی نیە پێش هەموو کەس ئەبێت کورد خۆی لێ دور بگرێت، چونکە هیچ گەلیگ نیە لە دونیا ئەوەندە سادە بێت بۆ نەمانی باوە گەورەی خۆی ڕەقس و سەما بکەن!

سەرچاوە: ماڵپەڕی NRT / ڕێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٦

# نەورۆز لە ئەدەبی کوردیدا

## وتوویژ لەگەڵ ڕەسووڵ سووڵتانی





ئیمان مورادوەیسی        ڕەسووڵ سوڵتانی

خوێنەری هێژا:

بابەتی بەردەستت، یەکێکی تر لە زنجیرە وتوویژەکانی گەورە ژووری ڕاویژە لە تۆڕی کۆمەڵایەتی تلێگرام کە لە ڕێکەوتی ٢ی خاکەلێوەی ١٣٩٥ی هەتاوی (٢٠١٦) لەگەڵ بەڕێز "ڕەسووڵ سوڵتانی"، شاعیر،

وەرگێڕ و توێژەری ئەدەبی و بە پێشکەشکاری بەڕێز ئیمان مورادوەیسی چالاکی سیاسی لەسەر مژاری (نەورۆز لە ئەدەبی کوردیدا) ئەنجام دراوە.

**ڕاویژ: وێرای سڵاو و ڕێز و بەخێر هاتنی میوانی ئەمشەومان بەڕێز کاک ڕەسووڵ سوڵتانی، بەڕێز سوڵتانی بەخێر بێن، بۆ دەسپێکی باسەکەمان شرۆڤەیەک لەسەر نەورۆزمان بۆ بکەن، نەورۆزهێمای چیە؟**

**سوڵتانی:** مەسەلەی نەورۆز یان نویّ ڕۆژ ماناکەی لەخۆیدایە. نوێبوونەوەی ڕۆژ کە لێرەدا ڕۆژ بە مانای ساڵ دێ....وا باشترە ئێمە لە بری لێکدانەوەی وشەکە بچینە سەر بنج و بناوانی مێژوو... بە پێی لێکۆڵینەوەکان ئەو جێژنە هەمان جێژنی (تەمووز و عەشتار)ە، کە سۆمەرییەکان پێش ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر و بەرەو خوارووی وڵاتی عێراقی ئێستا داگەڕێن، ئەو جێژنەیان بەڕێوە بردووە.نەورۆز تێکەڵ بووە بە کۆمەڵێک ئەفسانەی سەیر و سەمەرە. لە ئێرانی کۆندا لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا واتە ڕۆژی نەورۆز، پاتشای وڵات دەرگای خستووەتە سەر پشت بۆ دیدار لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیدا و ڕۆژەکانی دابەشیوە بۆ چاو پێکەوتنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. هەر لەو ڕۆژەشدا خەڵات و دیاری و پێشکەشی بە دەست و پێوەندەکانی داوە و دیارییشی وەرگرتووە.

من خۆم لەگەڵ بۆچوونەکەی مامۆستا "هێمن"دام، لە کۆنەوە کورد وەک گەلێکی کە لەم ناوچەیەدا بۆ یەکەم جار لە شاخەکانەوە داگەڕاوەتە خوارێ و خەریکی کشتوکاڵ و مەڕداری بووە، گەڕان و گۆڕانی وەرزەکان بەلایەوە زۆر گرینگ بووە. بۆیەش پاش بەسەرچوونی زستانێکی تووش کە تفاق و تینیان لێ بڕاوە، هاتنی بەهار و دەرکەوتنی شینکە بۆ ئەوان ڕۆژێکی خۆش بووە و ئاساییە بیکەنە جێژن. بە باوەڕی زۆر لێکۆڵەری وردبین و دوور لە دەمارگرژی ئەو جێژنە جێژنی کوردان بووە و لە وڵاتی کوردەکانەوە بە ناوچەکەدا بڵاو بووەتەوە.

**راوێژ: وشەی نەورۆزلە دووشە پێکهاتوە ،"نەو" بەواتای نوێ و"رۆز" کەوشیەکی فارسیە بەواتای ڕۆژ، لێرەدا پرسیار ئەوەیە: بۆچی لە ناونانی ئەم ڕۆژەدا لە وشەیەکی فارسی کەڵک وەرگیراوە؟ هەروەها وشەی نەورۆز لە کەیەوە تا ئێستابوونی هەیە و لە کوێوە هاتوە؟**

**سوڵتانی:** ئەم وشەیە بەهیچ شێوەیەک فارسی نییە. لەوانەیە فارسەکانیش هەتا پێش هاتنی ئایینی ئیسلام وشەی (روز)یان بە (ژ) درکاندبێ، کە دواتر عارەب چونکە ئەو پیتەیان نەبووە و نیانە و نەیانتوانیوە دەریببڕن کردوویانەتە (ز) و لەو بارەوە نموونە ئێجگار زۆرن. بەتایبەتی کە سەیری زمانی فارسی دەکەی زۆر شتیان هەیە هی ئێمەیە و پێمان وایە فارسین. بۆ وێنە وشەی "تاول زدن) بە مانای بلۆقکردن... تۆ پێم نالێی فارس لە چەند وشە و شوێنی دیکەدا "تاول" بەکار دێنێ؟ ئاخر ئەوەشی لە تاوڵەی کوردییەوە وەرگرتووە، سەیر بکە شێوەی بلۆق لە تاوڵە دەچێ... چونکە ئینسان لە پێشدا ناولێنانەکانی زۆربەی جاران لە سەر بنەمای وێکچوون بووە... لەگەڵ ئەوەدا ئەگەر عەرەبی و کوردی و تورکی لە زمانی فارسی دەرباوێژین، برواتان بێ هیچی پێ نامێنێتەوە. دوای ئەوەش، فارسی بن زاراوەیەکە لە زمانی کوردی. چونکە زمانی فارسی چەند قۆناغێکی بڕیوە کە دوورترینەکەیان پارسیی پهلوانیکە، فارسیی پهلوانی ناوێکە ئەوان بۆیان داتاشیوە، خۆیان دەڵێن، فارسیی پەهلوانی زاراوەی فارسەکانی ڕۆژئاوای ئێرانە... فارسی ڕۆژئاوای ئێران کێن؟ ئەوە هەر مەسەلەی تورکە کێوییەکانە کە لە باکوور بە کورد گوتراوە. ئەگینا ئەوانەی لە ڕۆژئاوای ئێران ژیاون و دەژین فارس نین، کوردن. کەواتە ئەوە زمانی فارسییە کە لە کوردیی پاڵەوانیک هەڵێنجراوە.

**راوێژ: نەورۆز لە کۆنەوە هەتا ئێستا چ گۆڕانکارییێکی بەسەرداهاتوە؟**

**سوڵتانی:** گۆڕانکاری لە هەموو شتێکدا پێک هاتووە. ئەگەر لە کۆنی کۆندا نەورزۆ جێژنی گۆڕان و گەڕانی وەرزەکان بووە، ئیدی لە سەدەی نۆزدەوە گۆڕانی مانایی بەسەردا هاتووە. ئیتر نەورۆز تەنیا مەسەلەی نوێبوونەوەی ڕۆژ و ساڵ نییە. نەورۆز کۆمەڵێک هێما و ئوستوورەی نوێی تێدایە. لە هێرمنۆتێکدا دەڵێ:

لێکدانەوەی دەق پێوەندیی بە ئاسۆی روانین و زانیاریی خوێنەرەوە هەیە. کەواتە ئەگەر نەورۆزیش وەک دەقێکی هێمایی سەیر بکەین، لە روانین و لێکدانەوەی کوردی سەدەی نۆزدە و بیست و بیستویەکدا کە پێی ناوەتە قۆناغی گووران و گەشەی ناسیۆنالیزمەوە. ماناکان جیاواز و لێکدانەوەکانیش جیاوازن. ئیتر نەورۆز لە سەردەمی شۆڕش دا چەکی بەرخودانە، چەکی

بەرەنگاربوونەوە و بەگژداچوونەوەیە. چەکی خۆناسینەوە و خۆخوێندنەوەیە، میکانیزمی گەڕانەوەیە بۆ بنەوانی مێژوو... بۆ دیاریکردنی بنج و بناوانی نەتەوەییمان.

راوێژ: کوتتان کە "لە روانین و لێکدانەوەی کوردی سەدەی نۆزدە و بیست و بیستویەکدا کە پێی ناوەتە قۆناغی گووران و گەشەی ناسیۆنالیزمەوە "، چ پەیوەندییەک لە نێوان نەورۆز و گەشەی ناسیۆنالیزم و خەباتدا بوونی هەیە؟

سوڵتانی: کورد لە نیوەی دووەمی سەدەی هەژدەیەمەوە گروگاڵی خۆناسینەوەی بووە و لە سەدەی نۆزدەدا خۆی دەناسێتەوە. بۆ دەڵێم خۆی دەناسێتەوە، ئاخر کورد سەردەمانێک خاوەنی شارستانییەت بووە. دواتر کە لێی تێک دەچێ/ تێک دەدەن، چەندین سەدە ئەو میللەتە بە کولتوور و هێمای دەرودراوسێ و نەتەوەی باڵادەستەکانەوە ژیاوە.

لە سەدەی نۆزدەیەمدا لەگەڵ هاتنەئارای بزووتنەوە نەتەوەیی ـ ئایینییەکان و بەتایبەتی لە سەدەی بیستەمدا نوخبەی کورد کە زۆربەشیان مەلا و شێخ بوون، دژی دیکتاتۆر و چەوسێنەران راپەڕیون. ئەگەرچی ئەو راپەڕینانە هەتا دامەزرانی کۆماری کوردستان هیچ کامەیان شێوازێکی مۆدێرنیان نەبووە و زیاتر لە ژێر سێبەری شێخ و مەلا و ئاغاکاندا بوون. ئیتر لەوێوە کە شۆڕشی کورد هەر جارە و بە شێوەیەک هەرەس دێنێ، شۆڕشی شێخ سەعید و ئارارات لە باکوور هەرەس دێنێ و زمانی کوردی و کولتوورەکەی قەدەغە دەکرێ و بەرنامەی بۆ دادەڕێژن بیسڕنەوە... لە رۆژهەڵات کۆمار دەڕووخێ و شۆڕشگێڕەکانی پەرتەوازە دەبن و لە باشووریش شۆڕش هەرەس دەهێنێ، ئیتر شۆڕشگێڕان ئاگر دەکەنە هێمای بەرەنگاربوونەوە. کاوەش دەکەنە ئوستوورەی راپەڕین دژی زۆرداری کە بەداخەوە لەو مەسەلەیەدا هەموو شاعیرانی کورد بەهەڵەدا چوون....

پێم گوت بە کاوەی باپیرم وا دەست بەستەم
کەی دەگەمە نەورۆزەکەی سەدەی بیستەم
گوتی رۆڵە
گەر کوردستان بکەی بە پارچە ئاگرێ
نەک زوحاکێ
هەزار زوحاک مل کەچ دەکا و خۆی ناگرێ

هیوادارم شیعرەکەم تێک نەدابێ... ئاوام لەبیر بوو. بەڵام ئەوە بەهەڵەداچوونی شاعیرە. بەوحاڵەش هەرچۆنێک بێ خراپ نەبوو کە کورد ئوستوورەیەکی هەرچەندە خراپیشی بۆخۆی دروست کردەوە و خۆی پێناسە کردەوە. ئەوەبوو کە کورد لە سەدەی بیستەمەوە نەورۆز لە حاڵەتە ئایینی و کولتوورییەکەی دەردێنێ و دەیکاتە هێما و هێماکانی نێو نەورزۆیش زیندوو دەکاتەوە و بەرگی ئەوان بە بەرگی پاڵەوانەکانی سەردەمی خۆیدا دەکاتەوە. دیارە تەکانێکی دیکەمان پێویستە، ئەویش ئەوەیە جارێکی دیکە دەبێ بەو هێمایانەدا بچینەوە. ئەوەش نیشانەی ئەوەیە، کورد لە ساوایی هاتووەتە دەرێ و گەیشتووەتە قۆناغی کامڵبوون. ئاخر هەژار دەڵێ:

شل نەما کوردە پەلوولەی دوێنێ

ئێستە وا توند بووە ددان دەکشێنێ

ڕاوێژ: ئەدبی کوردی چۆن لە نەورۆز و بەهار و جوانی دەڕوانێ؟ ئەگەر بکرێ بە چەند نموونەیەک وڵام بدەنەوە.

سوڵتانی: شیعرەکەی پیرەمێرد نموونەی جوانییە

ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە

جەژنێکی کۆنی کوردانە بەخۆشی و بەهاتەوە

نەورۆز لە شیعری شاعرانی کورد

نالی:

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ

دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ

مەولەوی:

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن

یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن

وەفایی:

نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هینا

موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا

نەوید ئەی عاشقانی دڵفگار یار هاتە سەر خەندە

سەلا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا

حاجی قادری کۆیی:

رۆژتە ئەی بایی نەورۆزی لەبن بەفری گران

کانی پێی سڕ بو چناریش دەستی چو پەنجەی تەزی
سونبولی زولّف و گوڵی روخسار و سەروی قامەتی
مانگی نیسان و گوڵان نەیدی لە نێو باخی وزەوی

حەمدیی ساحێبقران:

نەورۆزە، جەژنە بۆیە چراغانی عالەمە
یا ئاگرە لە عومری شێتا کوژایەوە
عەرعەر لە لەنجەدایە، لە ڕەقسایە سەروەکان
بەرگی چەمەن لە ڕەنگی زومرەد کرایەوە

حەریق:

ئەڵێن وا جەژنی نەورۆزە دڵم پڕ ئاتەش و سۆزە
وەرە بۆ جەژنە پیرۆزە بدەم رۆحم لەبەر ماوم
وەرە سەر چاوەیی چاوم، دەڵێی دەریای عەممانە
تەماشای ئەشکی گوڵنارم لە سایەی چاوی خوێناوم

پیرەمێرد:

ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

قانع:

هەوای شنەی بای نەسیم دیارە
مەعلومە وادەی گوڵ و گوڵزارە

مامۆستا حەقیقی:

مزگێنی بێ هات ساڵی نوێ

خۆشی دوای خۆشی جوێ بە جوێ

بلێن بەخت چیدی نەنوێ

ئەستێرەی مەش سەری ناسوێ

وە بیرت دێ چمان دی دوێ

زو راپەڕن مەبن شلوێ

ئەوا هات پەیکی ئازادی

بە روخۆشی و کەیف و شادی

کۆشێ گوڵی گەشی پێیە

مەعلوم بەشی مەشی پێیە

گۆران:

ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ

رۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ

دڵدار:

گوڵی سور ئەی کچی نەورۆز ئەرێ کام دەس لەباغی ژین

لەبۆ یەک دەفعە بۆن کردن بەناکامی ئەتۆی هێنا

عبدوڵڵا پەشێو:

ئەمساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم . بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم .

نەورۆز ناکەم بێ بلێسەی سوری ئاگر . نەورۆز ناکەم گەر ڕەشبەڵەک تۆز نەکات وبەخۆم نەبمە سەرچۆپیگر .

یان هەژار کە دەڵێ:

مزگێنیی دا بە سروە بای بەهاری

وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری

بە تیشک تێک شکا سوپاس کرێوە

هەواری رۆژ گەیشتە خاکەلێوە
فەرمان درا بە سەوزە سەر هەڵێنێ
چیدی لە بەندی خاکی رەش نەمێنێ

ئەم شیعرەی هەژار لێوانلێوە لە هێمای بەرخودان و خەبات.

راوێژ: خۆتان وەک شاعیرێکی کورد، چەند نەورۆز و بەهار لە شیعرەکانتاندا رەنگی داوەتەوە؟

سوڵتانی: من وەک وشە لە زۆر شیعردا بەهارم کردووەتە هێمای نوێبوونەوە و زیندوو بوونەوە و راپەرین. بەڵام لە شیعرێکدا بە روونی باسی دەکەم.

بەهار

دەشت و دەر مەستن لە بۆنی دڵگری بادەی بەهار
کانیاو گۆرانی ئەچڕێ بۆ کچی سادەی بەهار
رادەژێنێ بای شەماڵ دەسرەی هەزار رەنگی سروشت
دۆی گەڕی نێو داوەتی وەرزانە سەیزادەی بەهار
شوێنی شەپلاخەی رەشی شەختەی لە سەر روخساری باخ
کردە جێژوانی گوڵ و ئاوازی بای وادەی بەهار
چەپلە رێزانی چڵووکی دار و گوڵ هەر بۆوەیە
لەم کەژ و کێوانە تۆزی مەرگ و خەو رادەی بەهار
تا هەموو باڵندەکان بروا بکەن خۆر زیندووە
ئێستە واباشە تەمی بەر ئاسمان لادەی بەهار
زۆر دەمێکە دەشت و دارستانی بێکەس چاوەڕێن
تاکو شاڵی کەسک و متفەڕکیان بەسەر دادەی بەهار
تەرکی گریانێ دەکا بولبول بزەی دەخزێتە لێو
گەر بزانێ دەستی ئەو دیلانە بەرنادەی بەهار

راوێژ: پێتان وایە خەباتی هاوچەرخی کورد، توانیویە نەورۆز بە قازانجی خۆی و بۆ بووژانەوە بەکار بهێنێت؟

سوڵتانی: ئەوەی راستی بێت مێژووی کورد هەتا ئێستاش خۆی نەینووسیوەتەوە و بۆیان نووسیوەتەوە، بۆیە جگە لە لایەنی کەم و

کووڕی شتێکی ئەوتۆمان لە مێژووی کۆن لەبەردەست دا نییە کە مۆرکی قەڵەمی خۆمانی پێوە بێت. تەنانەت ئەو بۆنە پیرۆز و جێگە شانازییانەش کە هەمانبوون، بە جۆرێک مۆرکە کوردییەکەیان لێ سڕیونەتەوە و بە ناو نەتەوە و گەلانی بالادەستەوە کراون، بۆ ئەوەی ئێمە شتێکمان نەبێت کە وەک پاڵپشت و بەڵگەی مێژوویی پاڵی پێوە بدەین. ئێستا کە بە پێی بەڵگە مێژووییەکانیش دەرکەوتووە کە نەورۆز جێژنێکی تەواو کوردییە و لە کوردستانەوە بە وڵاتان و ناوچەکانی دیکەی دەورووبەرماندا بڵاو بووەتەوە، بەداخەوە کورد ئێستاش نەیتوانیوە کەلک لەو هێمایانە وەرگرێ. ئەرێ کاکە بۆ لە نەورۆز؟ بۆ لە شتەکانی دیکە نا؟

ڕاوەستن با وردتر بیمەوە بێمەوە ئێستا. جوولەکە بە فیلمی سینەمایی و دیکۆمێنتاری و ڕۆمان هەموو دنیای بە قەناعەت گەیاند کە شەش ملیۆن کەسی لێ کوژراوە و قەڵاچۆ کراوە، کورد ئەوە بیست ساڵە نەیتوانی خۆیشی تەنانەت خۆیشی بەقەناعەت بگەیەنێ کە سەد و هەشتاهەزاری لێ ئەنفال کراوە چ بگا بە خەڵکی دنیا، هێشتا چوار ڕۆمانی باش لە بارەی ئەنفالەوە نەنووسراوە. چوار فیلمی باشیان لەسەر دروست نەکراوە. چوار دراما لەسەر کارەساتەکانی کورد دروست نەکراوە. بە چی بتوانین کەلکیان لێ وەرگرین. وەک عەبدوڵا پەشێو دەڵێ: ئێمە ئێستاش لەسەر کورتی و درێژیی مووی کلکی ولاخ خوێنی یەکتر دەخۆینەوە. کورد بەدەست شتێکی بنەڕەتییەوە دەناڵێنێ: ئەویش ئەوەیە ناسیۆنالیزمی کورد پەرچەکردار و دژکردەوە بووە لە هەمبەر ڕەگەزپەرستیی تورک و عارەب و فارسدا... بەتایبەتی سەرکردەکانمان ئێستاش ئێرانچێتی و ئێراقچێتی دەکەن... بەڵام ئیتر کاتی ئەوەیە لە دەرەوەی حیزبەکان و دەسەڵاتی کورد لە هەرێم، قەڵەم بەدەستان و نووسەران خۆیان قۆڵی هیممەتی لێ هەڵماڵن و بیکەنە بەرخودانێکی نەتەوەیی و خەباتێکی ناسیۆنالیستی و ئەو شتانە ساغ بکەنەوە... دکتۆر مەولوود برایم حەسەن لێکۆڵینەوەی زۆر زانستیانە و وردی لەسەر نەورۆز هەیە... هیوامە نموونەیان زۆر بێ....

**ڕاوێژ: بابەتێکی تر دژایەتی داگیرکەرانی کوردستان و بەتایبەت کۆماری ئیسلامییە لەگەڵ نەورۆز و چارشەممە سووری و ئاگر کردنەوە، ئێوە ڕاتان وایە هۆکار چییە؟**

**سوڵتانی**: ئەگەر ئەو جەژنە کورد نەیکردبا و فارس و تورک کردبایان، هیچ کێشەیەکیان نەدەبوو. تەنانەت ناسیۆنالیزمی فارس بە شانازییەوە باسی نەورۆز دەکات ناسیۆنالیزمی فارس لە نێو دەسەڵاتی ئێستا و لە دەرەوەشی، ئەوان کێشەیان لەگەڵ نەورۆز نییە کێشەیان لەگەڵ خوێندنەوەی کوردە بۆ نەورۆز... خۆ ئێمە ئاگادار نین، بەڵام دەکرێ دڵنیا بین لە ماڵی ڕەفسەنجانی و خامنەیی بە بۆنەی نەورۆزەوە سفرەی حەوت سین دابنرێ...

ئەوە ڕاستی بێ ئەوان کێشەیان لەگەڵ نەورۆز و یەکدەنگیی کورد هەیە لەسەر ئەو بۆنەیە. چونکە تاقە بۆنەیەکە کورد (جگە لە حیزبەکانی باشوور کە لە کەرکووک نەیانتوانی پێکەوە یەک ئاگر بکەنەوە) لەسەری هاودەنگن. ئەوەش داگیرکەرانی تۆقاندووە. ئاخر ئەوەتا لەسەر ئەو حاڵەتە میلیتاریستییەی تورکی وەحشی لە باکووری کوردستان ڕایگەیاندووە، لەسەر ئەو وەزعە ئەمنییەتییە توند و سەختەی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ڕاگەیەنراوە و هەر هەیە، بەڵگەکان چۆن دەیسەلمێنن، ڕژیم چیی پێ ناخۆشە کورد دەیکا. بۆیە لێی تۆقیون

ڕاوێژ: با هەندێ لە ڕێ و ڕەسمی نەورۆز لە کوردەواریدا بدوێین، دەکرێ لەو بارەوە بۆمان بدوێن کە کام نەریت بەتایبەت لە ناوچەی خۆتان بوونیهەبووە و هەیە؟

سوڵتانی: ئاگر کردنەوە و سەردانی ئازیزان و خۆشەویستان و چەند ڕۆژ پێشتریشی حەلاوە مەلاوە و هەتەرێ مەتەرێ هەر بووە و ئێستاش ماوە و باوە.

حەز دەکەم لەسەر مەسەلەی ئاگرکردنەوەکە تۆزێک هەڵوێستە بکەین، چونکە ئێستا ڕەوتە توندڕەوە ئیسلامییەکان ئەوانەی حەز دەکەن ڕەزەکانیشمان ببنە خورما، بە ئانقەست خراپی لێک دەدەنەوە.

## ئاگر وەک هێمایەکی کۆنی کورد

سەرەڕای ئەوەیکە لە هەندێ لە ئەفسانە کۆنەکاندا باس لەوە دەکرێ کە ئەو ڕۆژەی مرۆڤ بۆ یەکەم جار ئاگری تێدا دۆزیوەتەوە، دەکەوێتە ئاخر شەوی زستان و یەکەم ڕۆژی نەورۆز و هەموو ساڵێک ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژێکی ئەگەر نەشڵێین پیرۆز لانیکەم سەیر و سەمەرە سەیر کردووە، بەڵام بە گشتی ئاگر لە باوەڕی کۆنی کوردەواریی خۆماندا هێمایەکی لە مێژینەیە. کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام کوردەکان زەردەشتی بوون. ئەوان ئاگرپەرست نەبوون. بەڵکوو ئاگر بەلایانەوە وەک هێمایەکی پیرۆز پارێزراوە.

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ کە بیری لە پێکهاتەی جیهان کردووەتەوە، پێی وابوە کە ئەم جیهانە لە چوار توخم پێک هاتووە.

١- خاک

٢- ئاو

٣- با

٤- ئاگر

سێ دانە لەو چوار توخمە واتە، خاک و با و ئاو، پیس و ئالوودە دەبن. هەر سێکیان هێزی کێشەری زەوی ڕایاندەکێشێ. لەو نێوەندەدا ئەوەی نەک پیس و ئالوودە نابێت بەڵکوو شتە پیسەکانیشی پێ پاکژ دەکەنەوە، ئاگرە. ئاگر لەگەڵ ئەوەدا کە توخمێکی پاکژکەرەوەیە، هێزی ڕاکێشانی زەویش نەک پەلکێشی ناکات بەرەو خۆی بەڵکوو بەردەوام لە هەڵکشاندایە بەرەو ئاسمان.

هەر لە کۆنی کۆنیشەوە هەتا ئێستاش کە مرۆڤ پێی وایە خوا لەسەر عەرشی عەزیم و لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەکانە و ئەوەش لە واقیعەی میعراجیشدا باسی دەکرێت، کە بۆ وێنە پێغەمبەری ئیسلام بە سواری باڵی بوراق بەرەو میعراج دەڕوات، ئەو باوەڕە بە بوونی خوا لە ئاسمان، شتێکی زۆر زۆر کۆنە. هەر بۆیەش هەڵکشانی بەردەوامی ئاگر وەک هێزێکی پاکژکەرەوە بەرەو ئاسمان نیشانەی

هەڵچوونی رۆحی پاک و بێ خەوش و بێ تاوانە بەرەو سەرچاوەی خۆی واتە خوا. لە لایەکی دیکەشەوە، یەکێک لە بنەما باوەڕییەکانی ئایینی زەردەشت بوونی دوو هێزی دژ بە یەکە، واتە ئەهریمەن و ئەهورامەزدا. تاریکی هێمای ئەهریمەنە و رووناکی هێمای ئەهۆرامەزدایە.

دەبینین، لە نێو چوار توخمە پێکهێنەرەکەی جیهاندا، سێیان تاریکن. تەنیا ئەوەی رووناکە، ئاگرە. ئاگریش بەردەوام لەگەڵ تاریکیدا لە شەڕێکی نەبڕاوەدایە. هەروەک ئێستاش دەڵێن: ئەنگوستەچاوترین شەویش ناتوانێ تەنانەت تیشکی مۆمێک بشارێتەوە. ئاگر هێمای شەڕی دەسەڵاتی حەق و راستییە بەسەر تاریکی و دزێویدا. لە شێعری ئەو شاعیرانەشدا کە باری نەتەوەیی و بەرەنگارییان هەیە، ئەوە رەنگی داوەتەوە و هەمیشە، دەسەڵات بە شەوەزەنگ وەسف کراوە و لایەنی ئازادیخوازیش بە رووناکی و مزگێنیدەری رووناکی.

بە گشتی بەپێی هەموو هێماکان نەورۆز کۆنترین جێژنی کوردە و لە کوردستانیشەوە بە ناوچەکانی دیکەی ئاسیادا بەتایبەتی بە ناوچەکانی ئێراندا بڵاو بۆتەوە و ئێستا زۆر گەل و نەتەوە هەن، خۆیان بە خاوەنی ئەو جێژنە دەزانن. لەو نێوەدا ئەوەی زیاتر لە هەموویان بە هێما و باوەڕی کۆنەوە لە جێژنی نەورۆزدا حوزووری هەیە و مۆرکە مێژوویی و کەونەکانی بە روخساری ئەو جێژنەوە دیارن، کوردە.

راوێژ: ئێمە بە بەردەوامی دەڵێن نەورۆز بۆنەیەکی کوردییە، بەڵام وابزانم تا ئێستاش لە ئاستی جیهان و لە لایەن یونسکۆشەوە بە بۆنەیەکی کوردی پێناسە نەکراوە و بە هی فارس و ....تاد ناسراوە، بۆ نەمان توانیوە لەو بۆنەیە ببینە خاوەن؟

سوڵتانی: ئەو شتانە پێویستیان بە هەبوونی ئالایەک هەیە لە نەتەوەیەکگرتووەکان. ئەوەتا مەسەلەی ژینۆساید کە زۆر جار لە باشوور هەوڵی بۆ دراوە دوو لەمپەری قانوونیی هەیە. یەکەم ئێراق لە دادگای نێودەوڵەتیی ساغکردنەوەی تاواندا ئەندام نییە. دووەم کورد لە نەتەوەیەکگرتووەکان ئالای نییە. هەتا ئەو ئالایە نەبێ کەس ناومان ناهێنێ. بەو شێعرەی پەشێو کۆتایی پێ دێنم بەبێ درێژدادڕی

من کەرەنای جەنگ لێ دەدەم
بێ ئەو جەنگە پەست و سووکین
بێ ئەو جەنگە
مێژوو ئەگەر زەرڕەبینیش لە چاوی کا نامانبینێ هێند بچووکین...
ئەوەش جەنگی زانیاری و خۆناسین و دەوڵەتدارییە....

سەرچاوە: ماڵپەڕی رۆژی کورد / رێکەوتی: ٢٣ی مارچی ٢٠١٦

# فەلسەفەو مێژووی نەورۆز

**فەلاح شەریف**

هەندێک نەورۆز دەگێڕنەوە ڕۆژی لەدایکبوونی بۆ زەردەشتی پێغەمبەری کوردان لە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٧٦٧ی پێش زایین لە کوردەواریدا، بەرچاوترین ڕووداوی سروشتی و گۆڕانکاری لە وەرزەکان کە گیان و ڕۆحێکی تازە بە بەر سەرلەبەری ژیان و دەشت و دیمەندا دەکرێتەوە، هاتنی نەرزۆز و ساڵی تازەیە. سەردەمی بەفر و سەرما بەسەر چووە و سەردەمی پشکوتنی دار و دەشتەکان دەستی پێکردووە و جووتگیریی گیانلەبەرەکان بە شێوەیەکی سروشتی دووبارە دەبێتەوە و ژیانی مرۆڤیش پێویستی بە گۆڕانکارییەکی بنەڕەتییە کە ئەم گۆڕانە وەکوو دەسپێکی دووبارەی زەمەنی چوار وەرزی ساڵە و هەر ئەمەش دەبێتە هۆی ئەوەی بیر لە دانانی کات و دیاریکردنی ڕۆژ و وەرز و ساڵەکان بکرێتەوە.




کۆمەڵناسان لەو بڕوایەدان کە دیاریکردنی دەسپێکی ساڵ، لەنێو نەتەوە و گرووپ و قەومە کۆنەکانی سەردەمی کشتوکاڵی، لەگەڵ کۆکردنەوەی دەغڵ و دان و چێنراوی ڕابردوو بووە و بەم شێوەیە ئەم دەسپێکە لە زۆربەی وڵاتان و ئایینەکاندا، لە سەرەتای ڕۆژانی پاییز، یان زستان و یان بەهاریشدا بووە.

لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و کوردستان و ناوچەکانی ئێران و دەوروبەری ئێرانیش، لەگەڵ گۆڕانی گەردووندا ئەم دەسپێکە گۆڕانی بەسەردا هاتووە.

## کاتی نەورۆز

جەژنی نەورۆز لە کاتی نێوەندەی بەهاریدا دەست پێدەکات. لە زانستی ئەستێرەناسیدا، نێوەندێتیی بەهاری لە نیوەگۆی باکووری زەوی، بەو کاتە دەگوترێت کە خۆر لە هێڵی ئیستیوای زەوی تێدەپەڕێت و ڕوو لە باکوور دەکات. بەم چرکەساتەش، چرکەساتی یەکەمی کەلووی کاوڕ دەگوترێت و لە ڕۆژژمێری کۆچی هەتاویدا بە یەکەم ڕۆژی (هورمز ڕۆژ یا ئورمزد ڕۆژ) لە مانگی یەکەمی بەهار هاتووە. هەروەها نەورۆز لە ڕۆژژمێری زایینیدا، یەکسانە بە ٢١ و ٢٢ی مارس.

## وشەی نەورۆز

وشەی نەورۆز، وشەیەکی لێکدراوە کە پێکهاتووە لە (نەو) بە واتای نوێ دێت و (ڕۆژ) کە جار جارە بە (ڕوز)یش ناو دەبرێت، بە واتای ڕۆژ دێت کە بە هەردووکیان ڕۆژی نوێ پێکدێنن. لە لاتینیشدا بەشی یەکەمی وشەی نەورۆز بە (Naw،Nov،Now،No) و بەشی دووەمیشی بە (Rouz ،Rooz ،Ruz) دێت و بەسەر یەکیشەوە بەم شێوەیە دەنووسرێت (Nowruz). ئەم شێوە نووسینەی وشەی نەورۆز (نەورۆژ) تاکوو ئێستاش لە نووسینەکانی یونسکۆ و زۆرێک لە دەقە سیاسییەکانی جیهاندا بەکار دەبرێت.

## مێژووی نەورۆز

سەبارەت بە بوونی نەورۆز و مێژووەکەی، روانگەگەلی زۆر هەن کە دەشێت هەریەکەیان بایی خۆی بەهێز و راست بن و لەگەڵ ئەوەشدا دەکرێت چیرۆک و گێڕانەوە و ئەفسانە بن و نەبنە سەرچاوەیەکی راستی بۆ سەلماندنی رووداوێکی مێژوویی.

لە هەندێک دەقی کۆنی وەکو شانامەی فیردەوسی و مێژووی تەبەری و هەندێک وردە دەقی کۆنی دیکە، (کەیوومەرس) وەکو بنەمادارنەی نەورۆز دەناسرێت. هەندێک لە گێڕانەوە مێژووییەکانیش، نەورۆز دەدەنە پاڵ بابیلییەکان و هەندێکیش دەیگێڕنەوە بۆ زەردەشتی پێغەمبەری کوردان کە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٧٦٧ی پێش زایین لەدایک بووە، بۆیە ئەو رۆژەیان بە نەورۆز نێودێر کردووە.

لە کتێبە ئاسمانییەکانی وەک قورئان، ئاڤێستا و تەوراتدا هاتووە کە یەزدان دنیای لە شەش رۆژ ئەفراندووە و گەلانی ئاریایی باوەڕیان وابووە کە ئەم ئەفراندنە، لە رۆژی یەکەمی ئەو مانگەی ئەنجام داوە کە رۆحەکان لە ئاسمان بۆ سەر زەوی هاتوونەتە خوارەوە و ئەم مانگەش ناوی (فرووهەر) بووە و ئەم رووحانەش دەگەڕێنەوە بۆ نێو کەسوکاریان و ئەو میوانداریيەش دە رۆژان دەخایەنێ، بۆیە خەڵک لەم رۆژانەدا ماڵەکانیان خاوێن دەکەنەوە، جلوبەرگی نوێ دەپۆشن و بۆن و بەرامەی خۆش بەکار دێنن و ماڵەکانیان بە شینایی و گوڵ، حەیران و سیاچەمانە و لێوریژ لە شادی و خۆشی دەکەن، بەڵام لە ئاڤێستادا (بەلانیکەمەوە لە گاتاکاندا) ناوی نەورۆز نەبراوە، بەڵام باسی "جەم" کراوە کە خاوەن فرەئێزدی بووە و بە فەرمانی ئەهورامەزدا لەگەڵ ئەهریمەن جەنگاوە و بە لەنێوبردنی، سەوزایی بۆ سروشت گەڕاوەتەوە و رۆژگارێکی نوێ دەستی پێکردووە، بۆیە پێیانگوتوە (نەورۆز).
هەروەها هەندێ پێیان وایە کە یەزدان لە یەکەم رۆژی بەهار مرۆڤی خولقاندووە، بۆیە مرۆڤ بۆ سوپاس و رێز و حورمەتی خولقێنەرەکەیەوە ئەم رۆژەی کردووەتە جەژن و ناوی لێناوە نەورۆز.

شا ئیسماعیلی سەفەوی رۆژی ١١ی مارسی ساڵی ١٥٠٢ واتە نۆ رۆژ بمێنێ بۆ سەرەتای بەهار، نەورۆزی کردە رۆژی پاشایەتیی خۆی.
شا عەباسی سەفەوی لە ساڵی ١٥٩٧ نەورۆزی لە کۆشکی (نەخشی جیهان) پیرۆز کرد.

پێغەمبەر ئیبراهیمیش کە دەڵێن لە کوردستاندا ژیاوە، نەورۆزی بە هەلێک زانیوە بۆ شکاندنی بتەکان، چونکە لەو کاتەدا پادشا و ژێردەستەکانی بۆ سەیران روویان لە دەرەوەی شار کردبوو.

سەرەڕای هەموو ئەم روانگانە، بەگشتی نەورۆز بۆنەیەکی نیشتمانی، مێژوویی، هاوبەشی گەلانی ئاریایی نەژادە و زۆربەی ئەو نەتەوە و وڵاتانە کە بەڕێوەی دەبەن، وەک بەشێک لە فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان لێی دەڕوانن.

سەرچاوە: ماڵپەڕی مێژووی کورد / ڕێکەوتی: ١٥ی مارچی ٢٠١٦

# هێمای نەورۆز و ئەرکەکانمان لە دەسپێکی ساڵی تازەدا

ئاسۆی حەسەن زادە

نوێبوونەوەی ساڵ هەمیشە بۆ مرۆڤەکان، چ وەک تاک و چ بە کۆمەڵ، ساتەوەختی ئاوڕدانەوە لەو ڕێگایەی ژیان و تێکۆشانە



کە تا ئێرە بڕیویانە و دەرفەتی سەرهەڵبڕین بەرەو دوورەدیمەنی ئەو داهاتوویە کە لە پێشیانە و ئارەزووی دەکەن. ئەو پێداچوونەوە و پێشڕوانین و نۆژەنکردنەوەیەی نەخشەڕێگای کار و تێکۆشان، تەنیا کاتێک بەسوود و بەبەرهەم دەبێ کە رابردوو بە سینگی فراوان و بەدوور لە لەخۆبایی بوون و یەکلایەنەڕوانین هەڵبسەنگێندرێ؛ داهاتووش بە چەشنێکی کردەیی و بە ئامادەیی بۆ چڕکردنەوەی هەوڵەکان و مایەلەخۆدانانی زیاتر بەرنامەڕێژیی بۆ بکرێ.

بۆ گەلی کورد، وەک یەکێک لە دیارترین و لەمێژینەترینی ئەو نەتەوانەی رۆژهەڵات کە نەورۆز جەژن دەگرن، نەورۆز تەنیا لەو دیاردە سروشتی و ئەستێرەناسییەدا کورت نابێتەوە کە بە "ئێکینۆکس" ناسراوە، واتە ئەو ساتە وەختەی خۆر دەگاتە سەر هێڵی کەمەرێی دەوری زەوی و شەو و رۆژ تێیدا یەکسان دەبن. بێگومان بۆ کورد وەک نەتەوەیەک کە هەمیشە لە سروشت نزیک بووە و خاکەکەی وەک سەرچاوەی یەکەمی خۆژیاندن و خۆپاراستن بەکاربردووە، لایەنی سروشتیی نەورۆز وەک سەرەفەسڵێکی خۆڕسک بۆ نوێبوونەوە و تێهەڵچوونەوە لە ژیان و خەباتدا شتێکی حاشا هەڵنەگرە. بەڵام بۆ کورد مانا و مەفهوومی نەورۆز هەر ئەوەندە نیە و زۆر لەمە ئەولاتر دەڕوا. ئەوەی چ ئەمڕۆ و چ لە سەدان ساڵ لەمەوبەرەوە بۆ کوردەکان لە جەژنی نەورۆزدا بەرجەستەترە و هەر ئەوەشە کە نەورۆزی کوردان لە نەورۆزی گەلانی دیکەی ناوچە جیا دەکاتەوە، لایەنی سیاسیی جەژنەکەیە.

ئەو میتۆلۆژی و هێماسازییە کە لە زەین و یادەوەریی ناخودئاگای کوردەکاندا سەبارەت بە داستانی نەورۆز و کاوەی ئاسنگەر جێی گرتووە، بە هەموو کەموکوڕییەکەوە کە خوێندەواران و ڕووناکبیرانی سەردەمی ئێستا بە هەق یا بەناهەق دەتوانن لەڕووی مێژووناسییەوە لێی ببیننەوە، تەعبیر لە بوونی هێمایەکی هاوبەش لەنێو هەموو نەتەوەی کورددا دەکا کە بۆ رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە و تەنیا بۆ رۆڵەکانی ئەو نەتەوەیە بەو چەشنە ڕوون و بەگوتارکراوە ماناى هەیە. ئەو مانایەش بریتییە لە ڕاپەڕین لە زوڵم و زۆری و خەبات بۆ ئازادی و بەدەستەوە گرتنی چارەنووس. هێمای سیاسیی نەورۆز ڕاست بۆیە زۆر بەنرخە و پێویستە بپارێزرێ، چونکە لەو شوێنەدا کە لە سەردەمی ئاڵۆزی و دابەشبوون و فرەییەکاندا مشت و مڕ لەسەر وردەکاریی ستراتژی و تاکتیکەکانی خەبات و بەرژەوەندییە نێوخۆییە پێچەوانەکان درز دەخاتە نێو ڕیزی بژاردە و هێزە سیاسییەکانی کورد، ساڵە جارێک بە بیانووی نەورۆز پەیامێکی سادە و دڵپاکانە بەڵام هەرە گرینگ و بنەڕەتی لە قووڵایی کۆمەڵگای کوردەواری بەرز دەبێتەوە بۆ وەبیر خستنەوەی مەسیری مێژوویی مەوجودییەتی نەتەوەی کورد و پێویستیی بەردەوام بوون لە خەبات و بەرخۆدان و خۆڕێکخستن و پشتی یەکتر گرتن.

ئاشکرایە کە کەش و سروشت و ساڵوەگەڕ و زیندووبوونەوەی یادەوەرییەکان راستەوخۆ شوێنەوار دەخەنە سەر سایکۆلۆژیی سیاسیی مرۆڤەکان و دەبنە هاندەر و پاڵنەری رەفتاری بەکۆمەڵی خەڵک. لەخۆڕا نیە کە سەروبەندی نەورۆز و بەهار هەر دەرفەتی نمایش و دەرخستنی داب و نەریت و شێوەژیانی تایبەت بە کوردان نەبووە، بەڵکوو زۆر جار رووداوی سیاسیی گرینگ و چارەنووسسازیشی بۆ کورد تێدا روو داوە. لەم ساڵانەی دواییدا لە هەموو ئەو پارچانەی کوردستاندا کە هێشتا رزگار نەبوون، نەورۆز وەک یەکێک لە گونجاوترین هەلەکانی خۆدەرخستنی سیاسیی کورد و بە چالش کێشانی دەسەڵاتی سەرکوتکار بەکاربراوە کە فێستیڤاڵە نەورۆزییەکانی ئەمساڵی رۆژهەڵاتی کوردستان تازەترین بەڵگەیە بۆ ئەم قسەیە.

ئەگەر نەورۆز بۆ هەموو نەتەوەی کورد هەڵگری ئەو هەموو پەیام و هێما فرەڕەهەندەیە، بۆ گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان کە لە چاو پارچەکانی دیکە لەگەڵ زۆرترین رادە لە سەرکوت و بەرتەسک بوونەوەی فەزای سیاسی و سنووردارببوونی دەرەتانی جموجۆڵی ئازادیخوازانە بەرەوڕوویە، نەورۆز کاتێکی لەبارە بۆ ئەوەی تێکۆشەران و بژاردەکان و بەگشتی هەموو مرۆڤە دڵسۆز و نیشتمانپەروەرەکان وەخۆ بێنەوە و گوڕ و تینێکی نوێ بدەنەوە جێبەجێکردنی ئەو ئەرک و ریسالەتە کە لە خەبات بۆگەیشتن بە ماف و ئازادییەکانی گەلەکەماندا، چ وەک تاک و چ لە چوارچێوەی سینف و کۆڕ و کۆمەڵە مەدەنی و هێز و رێکخراوە سیاسییەکاندا، دەکەوێتە سەر شانیان. لەگەڵ ئەوەدا کە کۆمەڵگای بەختیار کۆمەڵگایەکە کە لەودا هەموو شتێک و هەموو کەس بەسیاسی نەکراوە، بەڵام مادام گەلی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان هێشتا لە حاڵی خەبات بۆ ئازادیی خۆیدایە و ئەمڕۆش بە یەکێک لە دژوارترین و هەستیارترین قۆناغەکانی ژیانی سیاسیی خۆیدا رادەبووری، بەشداری لە خەباتی فرەڕەهەند و یارمەتیدان بەو خەباتە بەشێوازی جۆربەجۆر ئەرکی هەموو کەس و هەموو لایەکە.

سیاسەتی سەرکوت و تۆقاندنی کۆماری ئیسلامی دەرهەق بە خەڵکی کوردستان و حەساسیەتی لەڕادەبەدەری رێژیم لە بەرامبەر هەر چەشنە جموجۆڵ و چالاکییەکی سیاسی و مەدەنی لە کوردستان، بوونە هۆی ئەوە کە زۆربەی ئەو کار و چالاکییانەی لە وڵاتانی دێموکراتیک و تەنانەت نیمچە دێموکراتیکدا وەک شتێکی سەرەتایی و ئاسایی چاو لێ دەکرێن، لە کوردستانی ئێران بە قیمەتی گیان تەواو بن. لەلایەکی دیکەوە، درێژ بوونەوەی تەمەنی کۆماری ئیسلامی، گرفتار بوونی خەڵک بەدەست کێشە و گیروگرفتی زۆر بنەڕەتی لە ژیانی رۆژانەیاندا، کەمرەنگ بوونەوەی رووبەڕووبوونەوەی مەیدانی لەگەڵ رێژیم و لەوەش خراپتر، پەرش و بڵاویی هێزەکانی ئۆپۆزیسیۆنی کورد و بەردەوامیی ناکۆکی و ناڵێکیی نێوانیان، هەمووی کاریگەریی نەرێنی لەسەر وره و ئومێد و گوڕ و تینی شۆڕشگێرانەی خەڵک دادەنێن.

حاشای لێ ناکرێ کە وزە و توانا و خەللاقییەتی تاکەکانی نێو کۆمەڵگا ئەو کاتە زیاتر و باشتر بەرهەم دەدەن و کاریگەرییان دەبێ کە ئەم وزە و توانا و خەللاقییەتانە لە چوارچێوەی بزوتنەوەیەکی جەماوەری رێکخراو و لەژێر ئالای پرۆژەیەکی سیاسیی هاوبەش و بەکۆمەڵدا رێک بخرێن. زەروورەتێکی بێئەملاوئەولاشە کە پارتە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان هەرچی زووتر و لە هەر شکڵێکی گونجاودا ناوماڵی کورد لەو بەشەی کوردستاندا رێک بخەن و دەرەنجامە نێگاتیڤەکانی یەکنەبوونی کار و گوتاریان سنووردار بکەن. ئەوەش کاتێک دەکرێ کە هێزە سیاسییەکان لە گرێ و ناکۆکی و خوێندنەوەکانی رابردوودا گیر نەکەن، ئەقڵییەتی

یەکتر تەحەمول نەکردن و موتڵەقگەرایی لە مامەڵە لەگەڵ یەکتردا وەلا بنێن، بە چاوی رێز و یەکدی قبووڵ کردنەوە بۆ یەکدی بڕوانن، لە هەڵدانەوەی لاپەڕەی نوێی پێوەندییەکانیاندا لەگەڵ یەکتر شێلگیر و راستگۆ بن و ئەو رەوتە موسبەتانەی بە زەمان و زەحمەتێکی زۆر لە نێوانیاندا وەڕێ کەوتوون لەپڕێک هەروا سووک و ئاسان پووچەڵ نەکەنەوە.

لەبری ئەمە، ئەو هێز و لایەنانە پێویستە هەوڵ بدەن بە وەرگرتنی تەئسیری موسبەت لە یەکتر، لەپێناوی بەرژەوەندیی خەبات و خەڵکدا، بژارێکی خاڵە پۆزەتیڤ و نێگەتیڤەکانی یەکتر بکەن و سەنتێزێکی وەها لە ئامانج و ستراتیژییە سیاسییەکان و تاکتیک و شێوەکانی خەبات و تەنانەت پرۆسە و مێکانیزمە تەشکیلاتییەکاندا پێک بێنن کە نۆژەن بوونەوەی ئالیەت و ئاقارەکانی خەباتی لێ بکەوێتەوە؛ ئەمەش یارمەتی بە هەستانەوە سەرپێی جەماوەر و کارایی سەرلەنوێی بەستێنی شۆڕشگێڕی و هاتنەوەگۆڕی وەک پێویستی فاکتەری کورد لە رۆژهەڵات بکا.

ئەگەر شکڵ گرتنی پرۆژەیەکی سیاسیی هاوبەش لە رۆژهەڵاتی کوردستاندا پێویستییەکی وەک رۆژ روونە، لەولاشەوە بەڵام تاکە وشیار و دڵسۆزەکان نابێ هەموو کار و کردەوەیەکی نیشتمانپەروەرانەی خۆیان لە چاوەڕوانیی تۆکمە بوونەوە و وەڕێکەوتنی ئەو پرۆژە سیاسییە بەکۆمەڵەدا پەک بخەن. زۆربەی هەرە زۆری ئەو بابەتانەی دەتوانن ببنە بوار و بیانوو بۆ حەرەکەتی خەڵک و رەفتاری بەرپرسیارانە و نەتەوەدۆستانەی تاکەکان هیچ پێوەندییان بە دابەشبوونە حیزبی و سیاسییەکانەوە نیە و تەنانەت کۆدەنگیی گشتیی کۆمەڵگایان لەسەرە. هەربۆیە پێویستە هەموو تاکە نیشتمانپەروەرەکان، لە باکوورترین نوختەی رۆژهەڵاتی کوردستانەوە تا باشوورترینی، چ لە گوند و چ لە شار، چ لە نێوخۆی کوردستان و چ لە دەرەوەی کوردستان، بە ژن و پیاو و گەنج و پیرییەوە، بە رووناکبیر و نەخوێندەوارییەوە، بە کرێکار و سەرمایەدارییەوە، بە باوەڕمەند و بێباوەڕییەوە، بە ئێلیت و خەڵکی ئاساییەوە، لە هەر چین و توێژ و پیشەیەک، بە هەر بۆچوون و رابردوویەک، لە هەر زاراوە و ئایینزایەک، بەهەر وردە تایبەتمەندییەکی فەرهەنگییەوە، هەر کەسە لە شوێنی خۆی و لە چوارچێوەی ئەو جێگە و پێگە کۆمەڵایەتییەدا کە هەیەتی، لە جێبەجێکردنی زیاتر و دیارتری ئەرکی نیشتمانپەروەرانەی خۆی قۆڵ هەڵماڵێ. ئەو ئەرکە لە فێرکردن و پەرەپێدانی زمان و ناسنامە و فەرهەنگی کورد و رووبەڕووبوونەوە لەگەڵ کێشە و دیاردە دزێوە کۆمەڵایەتییەکانەوە بگرە تا یارمەتیدان بە بزوتنەوەی سیاسیی کوردستان و ناساندنی دۆخ و دۆزی کورد بە غەیرە کوردەکان و بڵاوکردنەوەی هەستی برایەتی و هاوخەباتی بەدەر لە هەموو جیاوازییە سیاسی و فیکری و ناوچەییەکان و رەتکردنەوەی فەرهەنگی ئینکار و شکاندنی یەکتر و هەوڵدان بۆ پێکەوە گرێدانەوە و یەکتر بەهێزکردنی خەبات لە نێوخۆ و دەرەوە و لەنێوان هەموو بەستێنەکاندا دەگرێتەوە.

با نەورۆزی ئەمساڵ ببێتە دەسپێکی ئەم تێڕامان و وەخۆهاتنەوەیە. تێڕامان و وەخۆهاتنەوەیەک کە لەودا هەموو تاکێک دەرک بە هێزی لەبن نەهاتووی خۆی و رۆڵی یەکلاکەرەوەی لە جێ خستنی مۆدێلێکی ژیرانە و بەرپرسیارانە لە هاوخەباتی و هاوچارەنووسیدا بکا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٢٢ی مارچی ٢٠١٥

# بەرەو حەماسەی نەورۆز

**عەبدوڵلا بەهرامی**

دیسان نەورۆزەو پێویستە هەموو رۆڵەکانی کورد بە مەشخەڵی ئاگرەوە درێ بە شەوەزەنگی ئازادیکوژانو تاریکبیران بدەن. چونکە لەم سەردەمی خۆناسینی نەتەوەییەدا نەورۆزو ئاگرو رووناکی لەلایەک تەعبیر لە شوناسی ئیمەی کورد دەکەنو لە لایەکی دیکەوە چەکێکی گشتین کە هەمووان دەتوانن بە هۆی ئەوەوە دژایەتیی خۆیان لەگەڵ ستەمو بێدادیی تاریکپەرەستان دەرببڕن. تاریکبیرانی دەسەڵاتدار هەر لە سەرەتاوە واتە بەر لەوە کە دەسەڵاتیش بەدەستەوە بگرن، هەستیان بەو راستییە کردوە کە نەورۆز وەک یەکێک لە هێما دێرنو رەسەنەکانی نەتەوەی کورد لەگەڵ بیرو باوەڕە کۆنەپەرستانەکانی ئەوان لە دژایەتی دایە. بۆیە بە ئاگاداربوون لەو راستییە کەوتنە وێزەی نەریتە فەرهەنگییە دێرینو ریشەدارەکانی ئەم خەڵکو خاکە.



بەڵام بەخۆشییەوە ئەوان نەک سەرکەوتووی ئەم ململانەیە نەبوون، بەڵکوو راستییەکان دەریانخستوە، ئەوان بەراستی لەو مەیدانەدا دۆڕاون. ئەوانو بیروباوەڕە کۆنەکانیان بەم پێیە کە هیچ ریشەیەکیان لەم خاکەدا نیەو لەگەڵ رۆی سەردەمو بایەخە مرۆڤایەتییەکان لە ناتەبایی تەواو دان، نەیانتوانیوەو ناتوانن پەرە بە بایەخە کۆنو سواوەکان بدەنو ریشەی شوناسو فەرهەنگی هەزاران ساڵەی ئیمەی کورد وشک بکەن.

لەم ململانەیەدا هەرچەند ئەوان دەسەڵاتدارو خەڵکی کوردستان ستەملێکراو و سەرکوتکراو بوون، بەڵام سەرکەوتووی راستەقینە هەر خەڵک بووە دەبێ. ئەمڕۆ نەورۆز نەک ئەو نەریتە فەرهەنگییە ساکارەیە کە تەنانەت خەڵکی کوردستان بۆخۆشیان پێشتر لێیان دەڕوانی. ئەمڕۆ نەورۆز لە ئاکامی خەباتی دەیان ساڵە خەباتکارانی رۆژهەڵاتی کوردستانو وشیاریی تاکەکانی کۆمەڵگەکەمان، بۆتە گەورەترین بۆنەی نەتەوەیی کە هەر تاکێکی وشیاری کورد لە رێگای ئەوەوە راڤە لە شوناسی نەتەوەیی خۆی دەکا.

یەکێک لە هۆکارەکانی ئەوە کە تاریکبیران لە شەڕی نەورۆزو شوناسخوازیدا تێکشکاون بریتییە لە یەکگرتوویی‌و یەکڕەنگیی ئێمە لە نەورۆزدا. کەواتە لەم پێوەندییەشدا دەتوانین ئەزموونی گەورە لە رێوڕەسمە نەورۆزییەکان وەرگرین.

لە بەردەرگای نەورۆزێکی دیکە داین. نەورۆزێک کە دەکرێ لەودا ئەزموونو دەسکەوتی دیکە وەدەست بێنین. نەورۆزێک کە لەودا دیمەنێکی دڵخوازتر لە یەکگرتوویی، پێشکەوتنخوازیو مافخوازی نیشان بدەین. لە بیرمان نەچێ نەورۆز رۆژی ئەوە نیە بە تەنیا یان لە کۆڕی بچووکی بنەماڵە دابین. نەورۆز رۆژی پێکەوەبوونو ئاپۆرای جەماوەرییە. لەم حاڵەتە دایە کە دەتوانین یەکگرتوویی‌و یەکهەڵوێستیی خۆمان نیشان بدەینو بەکورتی واتایەکی گەورەترو راستەقینەتر بە نەورۆزو رێورەسمە نەورۆزییەکان بدەین.

دیسان نەورۆزەو ململانەی رووناکیو تاریکییە. کەواتە پێویستە ئەمجارەیان دیمەنێکی گەورەتر لە یەکگرتوویی‌و شادیو رووناکی بخولقێنین. لاوانی خوێنگەرم، شادیخوازو ئازادیخواز! مەشخەڵەکانی ئاگرو گەڕی دیلانو هەڵپەڕکێی نەورۆزی بە ئێوەوە واتادارە، ئێستاش درەنگ نەبوە، دەرفەت ماوە چاکتر خۆتان ئامادە بکەن چونکە سبەی نەورۆزەو رۆژ رۆژی هیمەتی ئێوەیە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٩ی مارچی ٢٠١٥

# با نەورۆز بکەینەوە بە سەنگەری بەرنگاری

**سمایل شەرەفی**

بە "جەماوەری بوونی خەبات" لە بوارەکانی سیاسی، کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و هەتادوایی ماوەی چەند ساڵێک لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە شێوەی جۆراجۆر هەست پێ دەکرێ.



هەوڵدان بۆ گشتگیربوونی چالاکییە سیاسی و فەرهەنگی و کۆمەڵایەتییەکان لەم بەشە لە کوردستان دا چەند ساڵێکە بۆتە قسەوباسی کۆڕۆ کۆبوونەوەی چالاکانی ڕۆژهەلاتی کوردستان.

ئەوەیکە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بە هەموو بوارەکانییەوە چۆن دەکرێ بەجەماوەری بکرێن و لەم پێناوەدا چ لایەنگەلێک زیاتریان هەوڵ بۆ داوەو تا چەندە توانراوە خەبات لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان شکڵ و روخسارێکی جەماوەری پێ ببەخشرێ، قسەو باسێکی زۆر هەڵدەگرێ و مەبەستی ئەم وتارەیش بابەتێکی دیکەیە.

ئێستا کە لە نەورۆزو سەری ساڵی نوێ نزیک دەبینەوە، مەبەستمانە بە ئاوڕدانەوە لە ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی چەند ساڵی رابردو لە شارو ناوچەکانی کوردستان باس لە بەجەماوەربوونی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان و پەیامەکانی بکەین و هەروەها بڵێین کە چۆن ڕێورەسمەکانی سەر ساڵی نوێمان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بەڕێوە بەرین.

ئەگەر لە دەیەکانی ٦٠ و ٧٠ی هەتاوی دا ڕێورەسمەکانی نەورۆز و سەری ساڵی نوێ تەنیا لە بەڕێوەبردنی چەند داب و نەریتێکی وەک "هەلاوە مەلاوە" و "هێلکە رەنگ کردن" و "کردنەوەی ئاور"، ئەویش هەر کەسەو لە بەردرگای ماڵ یان سەربانی خۆی دا و تەنیا بۆ 'تەفریح' و شادی دەربڕین و "گەردنئازادی"، کورت دەکرایەوە، لە ماوەی چەند ساڵی رابردوودا ئەم ڕێورەسمانە بە شێوازێکی دیکەو بە ئامانجگەلێکی "مانادارتر"ەوە بەڕێوەدەچن.

ئێستا ئیدی نەورۆز و بەڕێوەبردنی ڕێورەسمی نەورۆزی، تەنیا پێشوازی کردن لە سەری ساڵی نوێ و "دانی نەورۆزانە" و "نەورۆزانە وەرگرتن" لە خزمە کەسوکارو هاودێ و هاوگەڕەک نیە. بەڵکوو جووڵەیەکی جەماوەریی مانادارە کە کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە زۆربەی شارو ناوچەکانی کوردستاندا، چەند ساڵێکە بە لە دەوری یەک کۆبوونەوەو سازکردنی کارنەڤاڵی مەزن و جەماوەری و خوێندنەوەی پەیام و شێعرو هەڵبەست و هەڵپەرکێ و.... ، پەیامی "بوون"ی نەتەوەیەک بە هەموو جیاوازی و داخوازییەکانییەوە بە گوێی دۆست و دوژمن دا دەدا.

هەر وەک لە بانگەوازە نەورۆزییەکەی ئەمساڵی حیزبی دێموکراتی کوردستان دا هاتووە:

"نەورۆزی کورد و کوردستان، هەر جەژنی پێشوازی لە بەهار و ژیانەوەی سروشت نیە. هەر بۆنەیەک نیە بۆ خۆڕازاندنەوەو خۆشی نواندنی تاکەکان. بەڵکوو نەورۆزی کوردستان، هەڵگری بەیداخی ڕاپەڕینو جاڕدەری هەستانەوەو بەگژداچوونەوەی بندەستی، زۆرداریو دیکتاتۆرییە. نەورۆزی کوردستان، مەشخەڵی دەستی لاوانی نەتەوەیەکی وڵات بەش کراوو داگیرکراو، لاوکی ڕزگاریخوازیی تیکۆشەرانی دیلو بەندی، ئاڵای شەکاوەی دەستی کچانو کوڕانی ڕاپەڕیو، هونراوەو حەیرانی نێشتمانیی وێژەوانانو هونەرمەندانە. گڕو بڵێسەی تاریکی ڕەتێنو گەرماو تینی سەرمابەزێنە. گیان دەنێتەوە بەر جەستەی ئەویندارانی ژیانو، ورەو وزە بەسەر پێشمەرگەکانی کوردستاندا دەبەشێتەوە."

گومان لەوەدا نیە کە خەڵکی مافخوازی کوردستان لە ڕێگای ڕێورەسمە نەورۆزییەکانی ئەم چەند ساڵەی ڕابردوو لە ڕۆژهەڵاتی کوردستانەوە توانیویانە پەیامی خۆیان بە دەسەڵاتدارانی ڕێژیمی دژ بە کوردی کۆماری ئیسلامیی ئێران بگەیەنن.

یەکگرتووی و پێکەوە ڕاسان، پێداگری لە داب ونەریتی تایبەتی کورد وەک نەتەوەیەک کە چەندین ساڵە حاشا لە بوونی دەکرێ، چڕینی هەڵبەست و گۆرانی بە زمانی کوردی کە تا ئێستایش وەک زمانێکی سەربەخۆ دانی پێدانانرێ و، بەڕێوەبردنی میتینگ و کارنەڤاڵی دەیان هەزار کەسی وەک هیمایەک بۆ ئیرادەی گشتی، هەڵدانی بەیداخی سێ ڕەنگی سوورو سەوز و سپی کە تەعبیر لە ئاڵای پیرۆزی کوردستان دەکا، ئەو پەیامانەن کە خەڵکی هۆشیارو مافخوازی کوردستان لە ڕێورەسمەکانی نەورۆزی و سەری ساڵی تازەدا ڕووبە هەموو لایەک و یەک لەوان ڕێژیمی کۆماری ئیسلامی ئێران ڕاشکاوانە بڵاویان کردۆتەوە.

ئەو ڕاستییەش لە کەس شاراوە نیە کە ئەم هەوڵ و چالاکییانەی کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان لە نەورۆزەکان دا ترس و دڵەراوکێی لە دڵی کاربەدەستانی ڕێژیم دا چاندووە. هەربۆیە بە بیانووی جۆراوجۆر و لە ڕێگای هەڕەشە وەبەرنان لە هەڵی ئەوەدان پێش بە بەڕێوەچوونی ڕێورەسمە نەورۆزییەکان بگرن.

دەسەڵاتدارانو کاربەدەستانی کۆماری ئیسلامی، لە مانگێک زووترەوە، کەوتوونە هەڕەشەکردنو گوشارهێنان بۆ سەر مەشخەڵدارانی نەورۆز. لە سەر پێشەنگانو هەڵسووڕاوانی بەڕێوەبەری ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکانیان کردوە نەچنە پێشوازی نەورۆز. پێکهێنانی کۆبوونەوەو متینگی نەورۆزییان لە خەڵک قەدەغە کردوەو پێیان ڕاگەیاندوون تەنیا لە ژێر چەتری دامودەزگاکانی ئەو ڕێژیمەو لە تەنیشت پوستێری ڕێبەرانی کۆماری ئیسلامیدا، دەتوانن مەراسمی نەورۆزی پێک بێنن.

بەڵام نەورۆزو ڕێوڕەسمە نەورۆزییەکان، بۆ نەتەوەی ڕاپەڕیوی کورد، مەیدانێکی گرنگی خەبات و بەربەرەکانین. ئێمە کە سەرەتاییترین مافی ئینسانیو نەتەوەییمان کە خوێندن بە زمانی خۆمانە، لێ زەوت کراوە، ئێمە کە ڕۆڵە تێکۆشەرەکانمان پۆل پۆل ڕەوانەی بەندیخانەکان دەکرێنو یەک بە دوای یەک دا لە دار دەدرێن، ئێمە کە چارەنووسمانو کەرامەتو ژیانمان، هەر کاتو ساتێک

لە گەڵ دەستدرێژیو سووکایەتیو هەڕەشەی تاقمێک کاربەدەستی ئینسانکوژو تالانچی بەرەوڕوویە، ئێمە کە چووکترین ئاوڕ لە کێشە ئابووریو کۆمەلایەتییەکانمان نادرێتەوەو، بە شیاوی ژیانێکی ئینسانی نازاندرێین، پێویستە لە سەنگەری نەورۆزدا بمێنینەوە. سەنگەری نەورۆز چۆل نەکەن بۆ ئەوەی بەچۆکدانەهاتوویی خۆمان لە بەرامبەر ستەم و دیکتاتۆریدا بسەلمێنین.

کەوابوو با بە شکۆیەکی تەواوەوەو بە گیانێکی نەتەوەییو حەماسی بچینە پێشوازی نەورۆز. با کۆڕو کۆبوونەوە نەورۆزییەکانمان چەندی مومکینە جەماوەریتر، با ئالای کوردستانمان لە نەورۆزدا لە هەموو کات شەکاوەتر، با دەنگی سروودو گۆرانیی نەتەوەییو نیشتمانیمان، لە هەموو کات بەرزتر و دلیرانەتر بێ. با نەورۆز بکەینەوە بە سەنگەری بەرنگاری و داکۆکی کردن لە ماف و ئازادییە نەتەوایەتییەکانمان.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ١٥ی مارچی ٢٠١٥

# بێبەری کردن لەمێژو؛ نەورۆز وەک نمونە

دیاری خالید

بەدرێژایی مێژوی کورد و کوردستان، جەژنی نەورۆز، بەشێوەی جیاواز کراوەتەوە و، دەیان شیعر، چیرۆک، پەخشان، گۆرانی و لاوانەوە و بۆ نەورۆزی کوردی نوسراوە و وتراوە. بەجۆرێک لەسەر ژیانی کورد، ڕەنگی داوەتەوە کە ناتوانرێت لەو رابردوە بێبەری کرێن، بەڵام لەلایەن یەکێک لەگەورەترین ڕێکخراوەکانی جیهانەوە مۆرکی کوردایەتی ئەو جەژنە کوردیە دەسڕنەوە و دەیکەن بەناو نەتەوەیەکی دیکەوە. لەمەشدا دەسەڵاتی کوردی بەبێ گوێدان بەسڕینەوەی مێژوەکەی و بە بێ موبالاتی بیدەنگن.



لەنەورۆزی ساڵی ٢٠١٠، لەلایەن "کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتوەکان"ەوە نەورۆز وەک جەژنێکی - ئێرانی- ئاریی - کرایە جەژنێکی جیهانی و ناسێنرا، بەبێ ئەوەی ناوی کورد بهێنریت. لەمە ناخۆشتر بڕیارەکەی ئەو ڕێکخراوە، کاردانەوەی دەسەڵاتی کوردی لێنەکەوتەوە و چینی رۆشنبیر و توێژەر و مێژونوسانی کورد، جگە لە چەند کەسێک نەبێت هیچ بۆچون و کاردانەوەیەکیان نەبو. ئەمە دەریدەخات کورد بەرامبەر سڕینەوە و بێبەری کردن لە مێژوەکەی بێدەنگ و بەستە زمانە، جا بێبەری کردن بە شکانی پەیکەر و شوینەوارەکانی بێت لەلایەن رژێمە یەک لەدوا یەکەکانەوە یاخود فرۆشتن و تاڵانکردنیان لەلایەن بەرپرسانی کورد خۆیەوەبێت یان خۆ بەعەرەب کردن، بەتورک کردن و بەفارسکردنی هەندێک سەرکردە و نوسەر و زانای کوردەوە بێت یان بۆنەیەکی وەکو نەورۆز کە دەدرێتە پاڵ نەتەوەیەکی دیکە.

نەورۆز، جەژنێکی کۆنی نەژادی ئارییەکانە، کە هەمو ساڵێک لە ٢١ی ئازاردا دەکرێت. چەندین نەتەوە و میللەت، تیایدا هاوبەشن و مافیان هەیە بەسەریەوە، وەک: کورد، فارس، ئەفغانی، بەلوچی، تورکمانی، ئۆزباکی و چەندین نەتەوەیی دیکە. مێژوەکەی بەپێی هەندێک سەرچاوە بۆ ١٥ - ١٢ هەزار ساڵ پێش زاین و دواتریش بۆ سەردەمی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە. لەگەڵ ئەوەی چەند بۆچونێکی جیاوازی لەسەرە و پێویستە لەنوسینی دیکەدا قسەی لەسەر بکرێت. کە لێرەدا دەرفەتی قسە کردنی لەبارەی لایەنی مێژوەکەی نیە.

بەڵام بەپێی دەرەنجامە مێژویەکان نەتەوەیی کورد، یەکێکە لەو نەتەوانەی زیاتر شەرەفی نەورۆزی پێدەبڕێت، ئەمە پەیوەندی بەسۆز و عاتیفەی کوردایەتیەوە نیە بەڵکو چەند هۆکارێکی هەقیقەت ئەمە دەسەلمێنیت وەک: کورد تاکە نەتەوەیە یەکەم مانگی رۆژمێرەکەی بە نەورۆز دەست پێ بکات. دامەزراندنی دەوڵەتی میدیەکان، کە ٧٠٠ ساڵ پێش زاینی دامەزراوە و بە ساڵی کوردی بەناوبانگە.

هەروەک لەهەندێک ئەفسانەدا هاتوە، تێکۆشانی کاوەی ئاسنگەر وەک کوردێک کە زوڵم و ستەم قوبوڵ ناکات بەرامبەر زوحاکی فارسی (لەگەڵ ئەوەی هەندێک بۆچون کاوە بە فارس و، زوحاک وەک کۆتا پاشای میدیەکان دادەنێن)، مێژوی کاوە و زوحاک هاوکاتە لەگەڵ نەوروز و سەرەتای راپەرین و بەرەنگاری بۆ کورد، بەمەش لەم مانگەدا کورد زیاتر جوڵانەوەکانی دەکات و بەگژ نەیارەکانی دەچێتەوە.

نەورۆز و رۆژمێری کوردی، یەکێکە لەو دوانەیەی لە دانانیدا پشت بەسروشت دەبەسترێت و مانگەکانی دەربڕین ئاوێنە وەرزەکانی ساڵە. نەک وەک رۆژمێرەکانی دیکە، کە زیاتر وەکو رۆژمێرێکی ئاینی دانراون وەک: رۆژمێری ئێرانی پشت بەست و بەئاینی زەردەشتی و ئاینەکانی دیکەی ئێران، رۆژمێری کۆچی لای موسڵمانان، رۆژمێری زاینی لای مەسیحیەکان و چەندانی دیکە.

٢١ تیشکی ناو رۆژەکەی ئاڵایی کوردستان، کە لە ٢١ی ئازار وەرگیراوە بەخاڵێکی دیکە دادەنرێت. هەروەها هاتنی مانگی "سێ"و جەژنی نەورۆز زیاتر لەگەڵ جیوگرافیای کوردستان دێتەوە، بەوپێیەی کۆتایی وەرزی سارد و سەرمایە و سەردەمی بوژانەوەی گژ و گیا و چرۆکردنی درەختە بۆیە ئەمە بەستراوەتەوە، بەمێژوی رزگاریخوازی کورد و وەک سیمبوڵێکی لێهاتوە بۆ کورد، بەتایبەت لەڕاپەرینی ئازاری ١٩٩١ دا دەرکەوت.

لەگەڵ ئەوەشدا لەئەدەبی کوردیدا نەورۆز، جێگەیەکی دیاری هەیە و شاعیرە کلاسیک و هاوچەرخەکانی کورد شیعریان بۆ ئەو جەژن و بۆنە کوردیە نوسیوە وەک: ئەحمەدی خانی، مەلای جزیری، مەولەوی، نالی، حاجی قادری کۆیی، پیرە مێرد، گۆران و چەندین شاعیری دیکە.

لەم چەند سەرنجەوە ئەوە ڕون دەبێتە کە نەورۆز، مێژویەکی دورو درێژی لەگەڵ کورد هەیە. دەکرێت بوترێت، زیاتر لە هەر نەتەویەکی دیکە و لەهەمویان زیاتر گرنگیان پیداوە و ، دەوڵەتانی دەوروبەریش سنوری ئازادی چالاکیان لەو مانگەدا و بەتایبەت لەو رۆژەدا لە کورد، کەمکردوەتەوە. وەک ئەوەی لە نەورۆزەکانی ڕابردودا لە کوردستانی تورکیا، رۆژئاوا و رۆژهەلات و پێشتریش لەباشور بینراوە.

ئەوەی جێگەی سەرنجە و پێویستە لەم بارەوە قسەی جدی لەبارەوەبکرێت بێدەنگ بونە لە هەمبەر ئەو هەڵە گەورەی کۆمەڵەی گشتی نەتەوەیەکگرتوەکان، لەبارەی نەورۆزەوە کاتێک نەورۆزیان وەک جەژن و میراتێکی ئێرانی – ئاری - ناساند. کە ناوی کوردی تێدانەبو. کەچی دەسەڵاتی کوردی لەبەرامبەر بێبەریکردن و سڕینەوە و داڕنینی مێژوی نەتەوەکەیان بێ دەنگ و بێ موبالاتن، رۆشنبیرانیش جگە لە چەند دەنگێکی کەم هیچیان لەبارەوە نەوتوە. کە دەبوایە سڕینەوەی مێژوی کورد بەئاسانی لێنەگەڕانایە.

بەو پێیەی زۆرێک لەقەڵەم بەدەست و مێژونوسانی کورد، خۆیان بەخەمخۆر زانیوە و بەردەوام لۆمەی دەسەڵاتەکانی حوکمڕانی پێشوتری کوردستانیان کردوە. کە ڕێگربون لەبەردەم نەورۆز و هەوڵی سڕینەوەی مێژوی کوردیان داوە. بەڵام ئەوان بەرامبەر ئەو هەڵەی نەتەوە یەکگرتوەکان بێدەنگن.

بۆیە باشترین کات بۆ ڕاستکردنەوەی ئەو مێژوە ئێستایە کە بەچاوێکی دیکە لەڕۆڵی کورد دەڕوانرێت بەتایبەتی لە ڕو بەڕو بونەوەی داعش، ئەمە دەرفەتێکی باشە تاکو بەوردی بەدواداچون بۆ ئەو مەبەستە بکرێت و چیتر بەئاسانی شانازیەکانی مێژو نەدرێتە پاڵ گەل و نەتەوەکانی دیکە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی سبەی / ڕێکەوتی : ٢٢ی مارچی ٢٠١٥

# کەیوان ئازاد: دەوڵەتی ماد سەرەتایەکە بۆ نەورۆز و ساڵنامەی کوردی

هۆشیار علی

نەورۆز وەک رۆژێکی مێژوویی و یادێکی گەورە و پیرۆز لەلای زۆر لە نەتەوەکانی دنیادا ساڵانە یادی دەکرێتەوە، زۆر لە وڵاتەکانی وەک کوردستان و ئێران و ئەفغانستان و هیندستان ئەم یادە بە هی خۆیان دەزانن، بۆ وەڵامدانەوەی چەند پرسیارێکی مێژوویی و قسە کردن لەسەر چەند راستیەک بە باشمانزانی چاوپێکەوتن لەگەڵ کەسێکی شارەزا لەو بوارانەدا بکەین.

**کەیوان ئازاد: مامۆستا لە کۆلێژی زانستە مرۆییەکان و شارەزا لە مێژووی ئیسلام و ئاینەکانی دیکەدا لە چاوپێکەوتنێکدا لەگەڵ "وشە" وەڵامی چەند پرسیارێکی مێژوویی داینەوە، ئەمەش دریژەی چاوپێکەوتنەکەیە.**

**وشە: نەورۆز بە واتای چی دێت؟**

**کەیوان ئازاد:** وشەی نەورۆز لە دوو برگە پێک هاتووە (نو) بەواتای نوێ لەگەڵ (رۆز)بەواتای رۆژ هەردوکیان بەسەر یەکەوە واتە "رۆژێکی نوێ" ئەمەش زاراوەیەکی پەهلەوی کۆنە و بە یەکەم رۆژی ساڵی کوردی و مانگی بەهار دادەنرێت و سەرەتایەکە بۆ ساڵێکی نوێی کوردی و  رۆژی وەرزێکی نوێ.

**وشە: مێژووی نەورۆز بۆ کەی دەگەرێتەوە؟**

**کەیوان ئازاد:** مێژووی نەورۆز چەند رایەکی جیاوازی لەسەر هەیە ساغبونەوەیەکی تەواوی لەسەر نیە، بەڵام ئەگەر بمانەوێت زانستیانە قسە بکەین دەبێت سەرەتا باس لەوە بکەین بۆ رۆژی نەورۆز لەلای کورد دوو بۆچوون هەیە، یەکێکیان دەگەڕێتەوە بۆ کاوە و زوحاک، ئەوەکەی تر بۆ دروست بوونی دەوڵەتی (ماد)، (٧٠٠ ساڵ) پێش زاین رووداوێکمان هەیە ئەویش سەرەتای دروست بوونی دەوڵەتی مادە کە ئەمە هیچ ڕوداوێک نیە لەسەر کاوە و زوحاک لە مێژوی (٧٠٠ ساڵی) پێش زایندا روداوێکمان نییە کە کورد شانازی پێوە بکات، تەنها دەوڵەتی ماد نەبێت، بە بڕوای من دەوڵەتی ماد سەرەتایەکە بۆ نەورۆز و سەرەتایەکە بۆ ساڵنامەی کوردی.

**وشە: ئەوەی کە باس لە کاوەی ئاسنگەر و زوحاک دەکرێت، چی یە؟**

**کەیوان ئازاد:** ئەوەی لە ئەفسانەی کاوە و زوحاکەوە هاتووە ئەوەش  ئەفسانەیە ئەوەی لە کاوە و زوحاکەوە باس دەکرێت دوو رەهەندی هەیە یەکەمیان ئەوەیە کاوە قارەمانێک بووە و ستەمی لێکراوە، دواتر کاوە رادەپەرێت گوایە زوحاک پاشایەکی ستەمکاربووە

بەم شێوەیە کـاوە بـووەتە فەرمـانڕەوا و قارەمـان، دواتـر ئەو ئەفسـانەیە دەچێتە کۆشکی فەرمـانڕەوا و زوحـاک دەکوژێت هەردوو ڕەهەندەکە هەڵەیەکی گەورەی تێدایە ئەویش ئەوەیە کە شایەکی ئێران بووە وای پیشانداوە گوایە ئەمە شایەکی زۆر بەهێز و خـاوەن دەسەڵات بووە چەوسێنەر بووە وا پیشان دەدات کە ئەو کۆرشی خامنەشینیە دواتر زوحاک لەناو دەبات.

**وشە: کورد شانازی بە دەوڵەتی خامنەشینەوە بکات؟**

**کەیوان ئازاد:** کورد مافی خۆیەتی شانازای بە دەوڵەتی خامنەشینەوە بکات، هەڵگەڕانەوەی ئەم ڕۆژە مێژووییە کراوەتە ئەفسانە، بۆیە پێم وایە گێڕانەوەی ڕۆژی نەورۆز بۆ کاوە و زوحاک هەڵەیەکی زۆر گەورەیە بۆ مێژوی کورد.

**وشە: کاوەی ئاسنگەر کورد بووە؟**

**کەیوان ئازاد:** کورد وا یادی نەورۆز دەکاتەو کە کاوە کورد بووە، داگیرکەرەکەی کوردستان زوحـاک بـووە هەوڵـی داوە خۆی بکـاتە کاوە و بەرامبەر زوحاکەکان بوەستێت ئیتر بەو شێوەیە یاد کراوەتەوە و کـاوەیش لە ڕەچەڵەکدا کورد نەبووە لەکوردستان نە ژیـاوە، بۆیە ئێمە هاتوین ئەم ئەفسانەیە هەڵدەگەڕێنینەوە بۆ کورد، گوایە کورد ستەمی لێکراوە.

**وشە: جگە لە کورد هیچ نەتەوەیەکی تر خۆی بە خاوەنی نەورۆز دەزانێت؟**

**کەیـوان ئـازاد:** زۆر گەل و نەتەوە خۆیـان بە خـاوەنی جەژنـی نەورۆز دەزانـن چـونکە مێژوویەکـی زۆر کـۆنی هەیە هەر بـۆیە (سۆمەریەکان یادیان کردوەتەوە لەگەڵ ،ئەکەدیەکان ،ئاشوریەکان ،بابلیەکان، ئەمە هەر لە عێراقی کۆندا لە وڵاتی شام ئەوی یـادی کـردووەتەوە ئارامیەکـانن لەگەڵ چەنـد گەل و هـۆزێکیتر.بەڵام لە مێـژوی نوێـدا گەلەکـانی (ئـازەری ، فـارس، کـورد، بەشێک لە گەلەکانی ئەمریکای لاتینی،...هتد) ئەمانە هەمووی بە بیرەوەرییەکی گەورەی مێژوویی دەزانن.

**وشە: مێژوو ساغی کردووەتە کە کاوە زوحاکی کوشتبێت؟**

**کەیوان ئازاد:** لە ڕووداوەکانی مێژووی کۆن دواتـر مێـژووی سـەدەکانی ناوەڕاست تـا ئێستە ئەوە ساغ نەبووەتەوە کە گوایە کـاوە زوحاکی کوشتووە ئەمەش چونکە ساڵانە یاد دەکرێتەوە شوێنی خۆی گرتووە، بۆیە بە بـڕوای من بەسـتنەوەی ڕۆژی نەورۆز بە دروست بـونی دەوڵەتـی مـادەوە ئەوەیـان شتێکی باشە، بـۆیە دیـاری کردنـی ڕۆژ و مـانگ لە مێـژووی کۆنـدا شتێکی دیـاریکراو نییـە، ڕووداوی مێژوویی ترمان هەیە کە بتوانین بە ڕوونی ڕۆژەکەی دیاری بکەین.

**وشە/ زەردەشت و نەورۆز یەک دەگرنەوە؟**

**کەیوان ئـازاد:** ئـاینی زەردشت پەیـامێکی مرۆڤـایەتییە سـاڵی(٦٦٥) پـیش زایـن لە دایـک بـووە هەنـدێک شتی لە پەیامەکـەدا چەسپاندووە بۆ ئەوەی لای خەڵکی پیرۆزبیت، بۆ نمونە: لای ئەوانەی کە زەردەشتین ئاگر پیرۆز کراوە چونکە گوتویـانە ئـاگر هۆیـەکە بۆ گەرمکردنەوە هۆیەکە بۆ روناک کردنەوە وە هۆیێکە بۆ پاراستن لـە درنـدەکان بـۆیە ئـاگر لای ئەوان زۆر هۆکـاری گرنگی هەبـووە، بۆیە ئاگریان بە کارهێناوە بۆ راگەیاندنی ڕۆژێکی مێژوویی.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاوێنە نیوز / ڕێکەوتی : ٢٣ی مارچی ٢٠١٥

# چیمان پێیە بۆ نەورۆز

ئیڤار ئیبراهیم



جەژنی نەوروز لە مێژووی گەلی کوردا مانایەکی دوور وگرنگی نەتەوەکەمانە، گوزارشتە لەبەرخوَدانی گەل و ئازای و ئازادی و رزگاری کە میلەتەکەمانی پێ دەناسرێتەوە. هەروەها و هاتنی سەری ساڵی کوردی و پوشکوتنی خونچەو بەهاری نوێ و ژیانەوەی سروشت بەگشتی، نەوروز سیمبولی ئازادی و بەرخوَدانی میللەتەکەمان ورزگاربون لەدەست زوحاکی خوێن مژ بەدەستی قارەمانێکی کوردی وەکو کاوەی ئاسنگەر. ئەگەرچی لەگەڵ هاتنی ئەو یادە مەزنە ساڵانە میللەتەکەمان بەکردنەوەی مەشخەلی ئاگر ئەو یادەی بەرز و پیروز راگرتوە، بەڵام کردنەوەی یادەکە وەک زۆبەری ساڵەکانی تر ئەم ساڵ میللەتەکەمان بەدەر نەبوو لە ناخۆشی و ناسۆری و ئازار، دەتوانین بڵێین یەکێک لەناخۆشترین ساڵی نەوروز نەوروزی ئەمساڵی ٢٠١٥ دەبێت، چونکە هەرێمی کوردستان بە کۆمەڵێک پێشهاتوو ئەگەردا تێپەردەبێت، ئەووتا میللەتی کورد بەهۆی پارێزگاری کردن لە خاکی نیشتمان و شەرەف وناموس و بەهای تاکی کورد شەڕ یەخەی پێ گرتوە و رووبەرووی درندەترین گروپی تیرۆرستی جیهانی داعش بوَتەوە رۆژانە بە رشتنی خوێنی گەشی پیروزی رۆڵەکانی بەرگری دەکات، ئەووتا داعش چەند رۆژێک پێش هاتنی جەژنی نەوروز وەک پەیامێک بو میللەتی کورد بەدرندانەترین شێوە ٣ رۆڵەی ئەم خاکەی سەربری، پێشمەرگەکانمان لە سەنگەرەکاندا دروشمی مەرگیان لە پێناو پاراستنی خاکەکەیان هەڵگرتوە وگیان لەسەردەست شەوو رۆژیان خستوَتەسەریەک، ئەگەرچی ئەو جەژنە بۆنەیەکی نەتەوەیی و نیشتمانییە، بەڵام تاوەکو ئێستا نەتوانراوە ببێتە مایەی یەکریزی و تەبای نیشتمانی بۆ نەتەوەکەمان، تاوەکو ئێستا پرۆژەیەکی هاوبەشی نیشتمانی بۆ چاکسازی ریشەی لە نیوان هیزە سیاسیةکان لەئارادا نەبووە، نەتوانراوە نەوروز بکرێتە ساڵی شادی وخۆشگوزەرانی بۆ میللەتەکەمان.

دۆز و مافی رەوای کورد کە لە دیرۆکی میلەتەکەمان بەبەردەوامی و بە ئێستاشەوە خوێنی گەشی رۆڵەکانی لە پێناودا لێ دەتکێ، لە ئێستادا هەرێمی کوردستان لە هەرکات زیاتر پێویستی بە یەک دەستی ویەکخستنی نێوماڵی خۆی و تەبایی نیشتمانی هەیە، لە هەرکاتیش زیاتر نیشتمان مەترسی گەورەی لەسەرە نەبونی ئەو یەکریزیەش وای کردوە خۆری داهاتووی ئەم وڵاتە کەس نەزانێت بەرەو چ ئاسۆیەکی نارون هەنگاودەنێت.

ئێستا شەهیدانمان سیمبولی رێگای رزگاری خوازی نەتەوەکەمانن و کەس وکارەکانیشیان دیاریەکی بەرز و جوانی نیشتمانن.

لە باخی گوڵزاری نیشتمان چەپێک گوڵی گەش دەچنمەوە و پێشکەشی شەهیدان و پێشمەرگە و کەس و کارەکانیان دەکەم،

سڵاو پیرۆزبای لە پێشمەرگە و شەرڤانان و گەریلا بەرگریکارەکان

سەرچاوە : ماڵپەری ڤین پرێس / رێکەوتی : ٢١ی مارچی ٢٠١٥

# جەژنی نەورۆز لەڕووی مێژووییەوە؟؟؟

ڕەسوڵ بۆسکێنی

## بەشی یەکەم

جەژنی نەورۆز جەژنێکی کۆنی نەتەوەیی گەلی کوردە، ئەم جەژنە نەتەوەییە پێوەندی بەئاڵوگۆڕێکی سەرچاوەگرتوو لە بزووتنەوەیەکی نوێ و دابەش کردنی ساڵ و دەست پێکردنی ساڵی تازەیە بۆ نوێ بوونەوەی ساڵ دەیان کردە جەژن و شادی، جێژنی نەورۆز بۆ هەموو نەتەوەکانی ئێرانی* کۆن ئاشنایە بەڕابردوویەکی زۆر کۆنەوە بەشێکە لە فەرهەنگ و ئەدەبیاتی گەلی کورد و بەگوێرەی ئەو ئاماژانەی لە کتێبە کۆنەکان دا دەبینرێ، یەکێک لەسەرەکی ترین جەژنەکانی کوردان بەدرێژایی مێژوو بەشێوەی ئاسایی لەسەرەتای هاویندا بەرێدەدەچوو، پێویستە ئەوەشی لێ زیاد کەین لەسەردەمی دێریندا ساڵ لەناو نەتەوەکانی ئێران دا بەدوو بەش دابەش کراوە، سەرەتای ساڵ لەسەرەتای هاوینەوە واتە لەمانگی "پووشپەڕ"دەستی پێ دەکرد و نەورۆزیش لەدەستپێکی هاویندا بووە. هەروەک لە دەست پێکردنی نیوەی دووەمی ساڵیش جەژنی "میهرەگان"یان هەبووە، پێویستە بگوترێ ئەو جەژنە، بەچاولێکەری نەتەوەی کورد جەژنی ئێرانیان و نەتەوەکانی ئاسیای ناوەڕاست بووە، بەدرێژایی مێژوو قەومە ئێرانیەکان لەپاراستنیدا شێلگیر بوون، هەرچەندە زۆر جاریش لەلایەن بێگانان و بێگانەپەرستانەوە کاری زۆر کراوە ئەم نەریتە میللی و دێرینە لاواز کەن، بەڵام تێیدا سەرکەوتوو نەبوون.

بەپێی ئەو ڕوون کردنەوانەی بەدەستمان گەیشتوون، فەرمانڕەوایی نەژادی ئاریەکان لەئێران و لە باکووری عیراق و سووریەدا لە گۆتیەکانەوە دەست پێدەکات. بەپێی ناوەڕۆکی شانامە سەبارەت بە چۆنیەتی ڕووداوەکانی خۆرئاوای ئێران. ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە جەمشید کە هەندێک بەدامەزرێنەری نەورۆزی دەزانن، جگەلە پاشاکانی (کاسیت) و نەتەوەکەشی جگەلە کۆسیەکان کەسی دیکە نیە، و نەبوون، سەرچاوەی شانامە کە(خودای نامک) ی پەهلەوی و داستانە میللیەکانی کوردە. نابێت چاویان لێ بنوقێنین، کۆنترین خودای نامە هەمان ئیسکی دوانزەهەمی ئاوێستایە لەسەدەی سێهەمی کۆچیش یانی لەسەردەمی (ئانز فرن بغ) کە دانەری کتێبی (دین کرد)ە هەبووە.

هەرچەندە مێژووە کۆنەکان ئەمرۆکە لەشێوەی ئەفسانە و خەرافات دا دێنە بەرچاو، لەڕاستیدا لەئەفسانە دێرینەکان و کتێبەکانی (ودا ) و ئاوێستاوە سەرچاوەیان گرتووە، بەڵام نەتەوەی کورد ئەمرۆکە نەوەی دەست تێوەرنەدراو و خاوێنی ئەو ڕەسەن زادە دێرینانەن. بەورد بوونەوە لە دۆخی ناوچە چیاییەکان و ڕێگای سەختی ئاشۆکردنیان. بەزۆری زمانەکەیان و خاسیەت و داب و نەریتەکانی دێرینی خۆیان پاراستووە، یەکێک لە نەریتەکانیان ئەوەیە جەنگ و پێکدادانی باب و باپیرانیان بەشێوەی چیرۆک و گۆرانی گێڕاوەتەوە. لەڕاستیدا گۆرانیە کوردیەکان لە ٦٠% یان لەبارەی ئەو جەنگانەوەیە باب و باپیرانیان بۆ پاراستنی نیشتمانەکەیان بەرپایان کردووە. گۆرانیبێژانی کورد وەکو مێژوویەکی زیندوون لەو ڕۆژگارە کۆنانەدا کە خوێندواری کەم بوو، کرداری

پاشاکان و شێرەمەردانی خۆیان بەشێوەی گۆرانی سینە بەسینە پاراستووە و بڵاویان کردۆتەوە، تاکو گەیاندویانەتە گوێی مێژوونووسەکان. نەیانهێشتووە لەگۆشەی فەرامۆشیدا گەردی فەرامۆشی و لەبیرچوونەوەیان لێ بنیشێت. کەسایەتیە مێژووییەکانیان بەقارەمانە ئەفسانەییەکانی ناو ئاینیان چواندووە، بەرگێکی دیکەیان بەبەردا کراوە، خراونەتە ناو لاپەڕەی مێژووەکانەوە یانی مێژوونووسەکان کەسانی ئەفسانەییان لەگەڵ قارەمانەکانی ناو گۆرانیەکان ڕێکخستووە، بەمەش خزمەتێکی گەورەیان بەمێژووی دێرین کردووە...؟! هەرچەندە بەدرێژایی سەدە و سەردەمەکان گەلێک گۆڕانیان بەسەرداهاتووە، کورت بوونەتەوە، ناوی کەسایەتیەکان و شوێنەکانی هەندێکیان گۆڕانیان بەسەردا هاتووە، بەڵام بناغەی ڕووداوەکان بەتەواوی لەناو نەچووە، لەبەرئەمە قوڵ بوونەوە لەم باسەدا نەک بەتەنیا زیانی نیە، بەڵکو بۆ دۆزینەوەی ڕاستیەکان پێویستە.

بۆ نموونە (کیومرپ= کەیومرس) ئاوێستا بە (گیومرت) ناوی دەبات و بەیەکەم مرۆڤی دادەنێت، مێژوونووسەکان بۆ ئەوەی لەعەقڵەوە نزیک بێت بەپاشماوەی نوحیان داناوە. لەسەر بنەمای بڕوای کوردان دەبێ نەورۆز ئاکامی سەرکەوتنی "کەیمورس یان کەیومەرس **Kaymures**" بەسەر ئەهریمەندا لەدەوری چوار هەزار ساڵ بەرلە زاین بێ کە چیرۆکەکەی "کەیوان"ئاوا دەنووسێ:

"چوار هەزار ساڵ بەرلە دایک بوونی مەسیح "کەیموورس"ناوێک لەڕەگەزی کوریدا پەیدا بوو، لەناو وڵاتی میدیا سەری هەڵدا خەڵکی ئەو ئاو و خاکەی بۆ یەکگرتن و یەکێتی و ڕاستی و دروستی ڕێنوێنی کرد، بەڵام ئەهەریمەن دژی و ئەرکانەی کەیومەرس بوو، هەر لەسەرەتاوە ئەهریمەن دوژمنایەتی لەگەڵ کرد، کەیومرس لە کێوەکانی ڕەواندز لەگەڵ ئەهریمەن بەشەڕ هات و لەدەستپێکی شەڕەکەوە فەرمانی بەسوپاکەی خۆی دا ئەگەر هات و بەسەر دوژمندا زاڵ بوون و ئەهریمەن کوژرا، لەسەر لوتکەی شاخەکان و لەسەر تەپک و گردەکان ئاگر بکەنەوە و گڕەملا ساز بکەن تا هەم دەرکەوێ سەرکەوتوون، هەم بەو شێوە فەرمانی گەڕانەوە لەبەرەی شەڕ بەسوپاکەیان بدەن بۆ لای کەیومەرس. دواجار شەڕ بەسەرکەوتنی ئەوان بەسەر ئەهریمەن دا تەواو بوو، ئاگر لەهەموو بەرزاییەکان چووە ئاسمان و بەم ئاگر و مەشخەڵانە زاڵ بوونی ڕەوایان بەسەر ناڕەوادا ڕاگەیاند، شکانی ئەهریمەن بۆ خەڵک ڕوون کرایەوە. ڕۆژی ئەم سەرکەوتنە دە ڕۆژ پێش کاتی نەورۆزی ئێستا بوو. کەیومەرس فەرمانی دا نەتەنیا ئەو ڕۆژە، بەڵکو ٩ ڕۆژ و شەو دواتریش ئاگربازی و جەژن و شادی بکەن، ڕێوڕەسمی جەژن "٩ ڕۆژ" بەم شێوەیە پەیدا بوو.

بەپێی سەرچاوە مێژووییەکان دەتوانین سەردەمی فەرمانڕەوایی گوتیەکان دیاری بکەین، مێژووی زاگرۆسیش سەبارەت بە گوتیەکان ڕووناکە. بەم پێیە مافی ئەوەمان هەیە، کەیومرس بەیەکەم پاشای (ژوتی= گۆتی **GUTI**) کورد دابنێین. هەرچەندە مێژووەکان لەپێش کەیومرسیشەوە ناوی فەرمانڕەوایانی (جیانییان) بردووە و کەیومرس بەنەوەی ئەو دەزانن. بەوتەی شانامە لە کەیومەرسی یەکەمەوە تاکو کەیقوباد= دیاکۆ ٢٤٤١ ساڵی خایاندووە، مێژووی لەسەر تەخت دانیشتنی دیاکۆ، بە ٧٠٥ پ.ز دانراوە، بەم شێوەیە پاشایەتی کیومەرس ڕێکەوتی ساڵی ٣١٤٦ پ.ز دەکات.

لەدوای گۆتیەکان کۆسیەکان یا کاسیەکان ناوبانگیان پەیداکرد و ماوەیەکی درێژ بابلیان لەژێر دەست دابوو، ئەو قەومە لە گرنگترین لقەکانی گوتی یاکاردۆ یا کوردی دانیشتوی زاگرۆسن، ڕابردووی ئەم تیرە زاگرۆسیە کوردە ئەوەندە لەمێژینە و کۆنە هیچ کەس ناتوانێ بڵێ کاسیەکان لە کەیەوە لەم شوێنە نیشتەجێ بوون کە ئێستا تێیدا نیشتەجێن. وڵاتی بەناوبانگی کاسیەکان لەو

چاخەدا، ئەمڕۆ بە لوڕستان دەناسرێ، لانی کەم تا سێ هەزار ساڵ بەرلە زاین بوونی دانیشتنی ئەوان لەم شوێنە ئاشکرایە، زۆربەی ڕۆژهەڵاتناسان و لێکۆڵەرەوان لوڕەکان بە پاشماوەی ئەوان دەزانن. سەرەڕای تێکەڵیان لەگەڵ هۆزەکانی تری بێگانە بەڵام ناوی خۆیان پاراستووە. کاستیەکان بەشێکن لە کۆسییەکان لە ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز لە چیاکانی خۆرئاوای دەریای خزرەوە ڕۆیشتوون بۆ لوڕستان و لەگەڵ کۆسیەکانی ئەوێدا بەکۆمەکی گۆتیەکان و لۆلۆکان پەلاماری بابلیان دا و بابلیان داگیر کرد.

بەکۆمەکی گۆتیەکان سنووری وڵاتەکەیان گەیادە سووریە، ئەم هۆزە لەساڵی ١٨٩٦ پ.ز پەلاماری بابلیان دا لەساڵی ١٧٤٩ پ.ز پاشای کۆسیەکان کەناوی گاندش بوو کۆتایی بەدەوڵەتی بابل هێنا، خۆشی بەپاشای چوار گۆشەی جیهان دانا، دوای زیاتر لە ٧٠٠ ساڵ حوکمڕانی، لەساڵی ١١٧١ پ.ز بەدەستی پاشای عیلام تێکشکان و دووبارە بەرەو چیاکانی خۆیان پاشەکشەیان کرد، دەوڵەتەکەشیان کەلە نێوان دووڕووباردا بوو دەوڵەتی (کاردونیاش) یان پێ دەگووت لەناوچوو.

پاشاکانی (کاسیت و میتانی و کۆسییەکان لەهەموو لایەکەوە سنووری وڵاتەکەیان فراوانتر کرد بوو، بەلێکچوونی کردارەکانیان، لەگەڵ کرداری (یم خشئتە) بەجەمشیدیان زانیوون، ماوەی فراوانخوازی ئەم هۆزە لەڕاستیدا نزیکەی ٧٠٠ ساڵی خایاندووە، بەتەمەنی جەمشیدیان داناوە.

لەسەر بەڵگەی بەڕێوەچوونی جەژنی نەورۆز قسە زۆر کراوە و زۆر گێڕانەوە هەیە، بەڵام ئەوەی لە زۆربەی چیرۆکەکاندا دێتە گۆڕێ ئەوەیە پێشینەی ئەم جەژنە دەگەڕێتەوە بۆ زەمانی پێشدادیەکان و جەمشیدی جەم بەبنیاد دانەری ئەم جەژنە دەزانن، ئەبو ڕیحانی بیروونی لە (ڕپار الباقیە) دا لەم بابەتەوە دەڵێ: لە دەوری گەموری، ئابیئەکان ئاشکرا بوون، هەر کە جەمشید بوو بەشا و دینی خۆی تازە کردەوە، ئەم کارە زۆر گەورەتر نرخێندرا، ئەو ڕۆژە بەرۆژێکی نوێ لەقەڵەم درا، هەرچەندە پێش ئەو کاتیش نەورۆز هەر بەگەورە دەزاندرا.

## لەبارەی نەورۆز و جیهانگیری جەمشیدەوە

لەدوای تەهمورس جەمشید بوو بە پاشا هەندێک لە مێژوونووسەکان جەمشیدیان بەبرای تەهمورس داناوە، ئەبوحەنیفەی دینەوەری دەڵێت: جەمشید نەوەی (ئەرفحشد)ە ئەرفحشد برای کیومرس بوو. جەمشید لە ئەفسانە دێرینەکانی ئێرانیەکاندا (یما)یە لەناو هیندیەکاندا (یاما)ی ناوە، هەردوولا بەقارەمانێکی خۆیانی دەژمێرن، ...ئەمەش بەڵگەیەکە جەمشیدیان بەپاشایەتی هەردوو ناوچەکە کردووە، بەم پێیە ئەم فراوانیە لەگەڵ دەنگوباسی فراوان بوونی سنووری وڵاتەکەی جەمشید لەو سەردەمەدا کەباسی جیهانگیریەکەی بڵاودەبووەوە یەک دەگرێتەوە، کتێبە ئاینیەکانی (ودا) و ئاوێستا گرنگیەکی زۆریان بەم پاشایە داوە، بەئەندازەیەک بەژیانی نەمری= جاویدانیان گەیاندووە. لەشوێنەواری سانسکریتی دا بەیەکەمین پاشای ئاریەکان ناسراوە، لەڕاستی دا ناوی ئاریا لەجیهانی ئەو ڕۆژگارەدا پاشاکانی کاسیت بەرزیان کردەوە ئاریەکانیان لەپێش هەمووانەوە جیهانیان ناساندووە.

لەکۆنەوە بیستومانە جەژنی نەورۆز جەمشید دایهێناوە، لە کۆندا سەرەتای ساڵ کراوە بەجەژن، هەرچەندە سەرەتای ساڵی هەتاوی هەمیشە بەرامبەر بەچوونی خۆر بۆ بورجی حەمل لەساڵی ٤٧١ ی کۆچییدا لەسەردەمی پاشایەتی مەلکشای سەلجوقی فەیلەسوف و حەکیمی گەورەی ئەو کات "عومەر خەییامی نیشاپووری"و تاقمێکی دی لە زانایان لەسەر بنەمای زانستی ئەستێرەناسی ئەمڕۆیان داناوە و هەرچوار ساڵ جارێک ڕۆژێک لەڕۆژانی ساڵ زیاد دەبوو بەو ساڵەشیان دەگووت ساڵی کەبیسە یان پڕ، بەڵام حەکیمی ناوبراویش دەڵێت: دامەزرێنەری ئەم جەژنە جەمیشدە. جەمشید بەشای شکۆداری ئێران ناسراوە و ناوی لە ئەدەبیاتی سانسکریتی دا هەیە. لەگەڵ (یمی= یەمی) هاوسەری بەیەکەمین جووتی مرۆڤ ناسراون.

لەپێش ساسانیەکانەوە سەرەتای ساڵ لەمانگی (مهر=ڕەزبەر) دابوو جەژنی میهرەگانی ئەمڕۆ بەناوی جەژنی سەرەتای ساڵ و نەورۆزەوە ئاهەنگی بۆ دەگێردرێت، زاراوەی میهر لە (میترا) وەرگیراوە کەناوی خوایەکی کاسیەکان بوو، بەپێی سەردەمەکان هەندێک لە کاتەکاندا دەکرا تا دواجار لەم شوێنەی ئێستا جێگیر بووە .

بەم جەژنەیان دەووت جەژنی میترا دەگونجێت بڵێین بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار جەژنی (میت) لەزاراوەی (جیمشیت= جەمشید)ەوە هاتبێت. کردار و ئاکاری پاشاکانی کۆسییان بەناوی جەمشیدەوە تۆمار کردووە. زاراوەی میترا لە دووبەش پێکهاتووە، یەکەمیان (میت) ئەوی دیکەشیان (را) لە (خاسیەتی (زرتوش را) کەنازناوی پێغەمبەری ئێرانی بوو، دەردەکەوێت زاراوەی (را) یانی ڕۆژ ئەمڕۆکەش کوردەکان بۆ ڕۆژ زاراوەی (ڕۆ) بەکاردەهێنن.

لەئاوێستادا میترا فریشتەی ڕووناکی و جەنگ و ئێزەدە گەورەکانە میتیش ناوی خوا بووە، بەم شێوەیە زاراوەی میترا بەسەریەکەوە یانی خوای خۆر، کتێبی (قامووس کتاب مقدس) ئەویش زاراوەی میترای بە خوای خۆر لێکداوەتەوە.

ڕوون کردنەوەیەک لەبارەی نەورۆزەوە لە (خداینامە) وەرگیراوە و نووسراوەتەوە بەڵگەیەکی ئەم جەژنەیە پەیوەندی بەخۆرەوە هەیە، جەمشیدیش ناوی خۆی لەم جەژنەوە وەرگرتووە، دانیشتوان کە جەمشیدیان بەسەر تەختەکەیەوە دی بەخۆریان چواند پێیان وت میترا و ناوی جەژنەکەشیان نا میترا، دەگونجێت ئەم زاراوەی (میت)ە بووبێتە هۆی پەیدابوونی ئەفسانەی خۆ بە خوادانانی جەمشید. ئەمڕۆکەش لەناوە کوردیەکاندا میت هەیە بە (میتۆ)ی دەخوێننەوە.

بەلعەمی دەنووسێت: یەکەم ڕۆژ کە جەمشید بۆ دادخوازی خەڵک دانیشت، ڕۆژی هورمز پێنج شەمە بوو لە مانگی خاکەلێوە، لەو کاتەوە ناوی نەورۆزیان لەسەر دانا، هەر وەها لە (دین کەرد یا دین کورد) دا هاتووە: هەر پاشایەک لەم ڕۆژە پیرۆزەدا شادی و شایی دەکرد و لەم جەژنەدا ئەوانەی لەڕۆژی ئاساییدا کاریان کردووە، دەستیان لەکار دەکێشایەوە و خەریکی پشوودان دەبوون و شادمانیان دەکرد.

(خدای نامەی پەهلەوی) لەبارەی نەورۆزەوە دەنووسێت: جەم فەرمانی بەدێوان دا، تەختێکی بۆ دروست بکەن پاش ئەوەی بۆیان دروست کرد، لە کۆڵیان نا، لەدەماوەندەوە بردیان بۆ بابل دانیشتوان بە بینینی جەمشید لەناو تەختەکەدا وەکو خۆر دەدرەوشایەوە

سەرسام بوون وایان دەزانی خۆرەکەی ئاسمانە. لەیەک ڕۆژدا دوو خۆر لەئاسمانی ناوچەکەیان پەیدا بووە، ئەم ڕووداوەش لەڕێکەوتی ڕۆژی هورمزد، یەکەم ڕۆژی مانگی (فەروەردین=خاکەلێوە=نەورۆز)ەوە ڕووی دا، لەم ڕووەوە دانیشتوان لەدەوری تەختەکە کۆبوونەوە. هەموویان وتیان ئەمە ڕۆژێکی نوێیە یانی نەورۆزە..."لەم ڕوون کردنەوەیە دەردەکەوێت پایتەختی جەمشید بابل بووە، ناوەندی فەرمانڕەوایی کۆسیەکان (کاسیەکان) بووە.

مێژوونووسەکان دەنووسن: جەمشید سنووری فەرمانڕەواییەکەی گەلێک فراوانتر کرد و بووبە جیهانگیر. لەخۆی بایی بوو، داوای خوایەتی کرد، خواش زوحاکی بەسەر دا زاڵ کرد، تەمەنی جەمشیدیان بەحەوت سەد ساڵ داناوە، حەوت ساڵ بۆ تەمەنی تەنیا کەسێک گەلێک ناسروشتیە و دوورە لەعەقڵەوە، ئەمە دەبێت بەماوەی فەرمانڕەوایی زنجیرەی پاشایەتی نەوەی جەمشیدی دابنێین، نەک تەنیا بەتەمەنی یەک کەسی دابنێین.

لە (هوم یشت)ی ئاوێستادا لەبارەی ژیان و سەردەمی جەمشیدەوە نووسراوە، " لە سەردەمی پاشایەتی ما، گێتی نە زۆر سارد بوو نەگەرم، لەنێوان دانیشتواندا نەپیری هەبوو نەمەرگ، نەحەسوودی و نەبەخیلی کە دەستکاری دێون، باوک و کوڕ وەکو یەک بەڕێگادا دەڕۆیشتن، لەڕواڵەت دا هەردووکیان وەکو پازدە ساڵان بوون، لەسەردەمی پاشایەتی من دا ئاسایش و خۆشبەختی باڵی بەسەر وڵاتدا کێشا بوو" کتێبی ئاوێستا بەشی (زمیادیشت) دەنووسێت:"جەمشید ماوەیەکی زۆر بە خۆشبەختی ژیا، بەسەر حەوت وڵات و مرۆڤ و دێوانەوە پاشایەتی دەکرد، هەتا ئەو کاتەی سەری لەئاستی ڕاستی وەرچەرخاند و درۆی کردە پیشە، فەڕی ئێزەدی لێ دوور کەوتەوە و بەشێوەی باڵدارێک باڵی گرت و گەیشتە خۆر، بەمەش جەمشید پەرێشان و ئاوارە بوو، لەدواییدا گیرۆدەی ئەژدیهاک بوو. (ئەسپیت یورە Spityura) ی برای جەمشیدی بەمشار دوو لەت کرد، دەگونجێت لەم ڕۆژە ڕووداوێک ڕووی دابێت بەو مانایە لە دوای تێکشکانی کۆسییەکان لەبابلدا لەناو ئەم نەتەوەیەدا ناکۆکی و ئاژاوە پەرەی سەندبێت و براکوژی ڕووی دابێت، دوژمن سوودی لەم بارودۆخە وەرگرتبێت. بەتەواوی کۆتایی بە فەرمانڕەوایی کۆسییەکان هێنا بێت، مێژووە کۆنەکان هەر هەموویان لەسەر ئەمە هاودەنگن زوحاک ئێرانی نەبوو، کەبەسەر جەمشید دا سەرکەوتووە، ئێرانی داگیر کردووە و هێناویەتە ژێر ڕکێفی خۆیەوە.

کوردەکانیش دەڵێن چوار سەد ساڵ دوای سەرکەوتنی "کەیومەرس" زوحاک بەلەشکرێکی گەورەوە لەلای فەلەستینڕا بەرەو کوردستان هاتووە و داگیری کردووە. زوحاک دوو ماری بەشانەکانیەوە بووە. تەمەنی زوحاک بەهەزار ساڵ دەستنیشان کراوە، ئەویش هەروەکو تەمەنەکەی جەمشید دەبێت ماوەی دەسەڵاتداری دەرەکیەکان بێت بەسەر کۆسییەکانەوە، لەڕاستیشدا ماوەیەکی دیاری کراوی نیە، دۆخێکی هەڵچوون و داچوون لەئارادا هەبووە.

هەرچەندە پاشایەک لە ١١٧١ پ.ز پەلاماری بابلی دا و بابلی داگیرکردووە (کوتیر ناحونتە)ی کوڕی (شوتروک ناحونتە) بوو. بەڵام لەدوای چونەسەر تەختی عیلام نیشتمانی کۆسیەکانی بەتەواوی داگیرکرد، دەوڵەتی کۆسی بەتەواوی کۆتایی پێ هات، لەساڵی ١١٥٤ پ.ز فەرمانڕەوایی ئاشوریشی لەناوبرد و کۆتایی بەویش هێنا. (شیلهاک اینشوشیناک) برای کوتیر ناحونتە بوو بە پاشای شوش و کۆسی و ئاشوور. لەدوای عیلامییەکان ئاسووریەکان دەسەڵاتیان پەیداکرد، پەلاماری ئێرانیان دا لەبەر ئەمە دەبێت پاشاکانی عیلام و ئاشوور بەزوحاک دابنێین. شیلهاک اینشوشیناک، بوو بە پاشای کۆسییەکان وا دەردەکەوێت بەتێپەڕبوونی ڕۆژگار، لە گۆرانیەکاندا

ناوەکەی کورت کرابێتەوە، بووەبە (شیهاک، یان شیناک) بەهۆی زۆر و ستەم و لە یەکچوونی ناوەکان وەکو (شیهاک) بووە بە (زهاک) و (زیاک) بووبە (زهاک) و (زهاک) بووە بە (شیناک)، لەدوایشدا بەشێوەی (زهاک شونک) ی لێ هاتووە، لەکوردیدا یانی (ئەژدیهایەک لەیەک شان) !؟، کوردەکانی ئەمڕۆکەش بەئەژدها، زها، زیا، دەڵێن زهاک یانی یەک ئەژدەها، شونک یانی یەک شان، بەم شێوەیە ئەفسانەی مارەکانی سەرشانی زوحاک پەیدا بوو، ئەمڕۆکەش کوردەکان ئەگەر لەمرۆڤێکی زیانبەخش تووڕە ببن دەڵێن (مرۆڤ نیە زهاکە) یانی مرۆڤ نیە ئەژدەهایە. ئەژدەها بەماری گەورە دەڵێن، چونکە پاشا گەورەکان لە زوڵم و ستەم دا بری یەکتریان دەدا دانیشتوان بەهەموویان دەوت زهاک یانی بەمارێکی گەورەیان دەژماردن، لەڕاستیدا ستەمی پاشاکانی ئاشوور لەناو مێژووەکاندا تۆمار کراوە، لەکاتێکدا بەسەر دوژمنەکانیان دا سەردەکەوتن لەسەری بڕاوی ژن و منداڵ و دیلەکان قەڵایان دروست دەکرد، تەریان دەبڕی و وشکیان دەسوتاند، لەدوای کوشتاری بەکۆمەڵ لەهەر کوێیەک مرۆڤی زیندویان دەستکەوتایە بەخۆی و ئاژەڵەکانیەوە بەدیلی دەیان بردن.

بۆ نموونە ئاشوور بانیپال لەدوای داگیرکردنی ئیلام، نووسیوویەتی:" خاکی شاری شوشان، شاری ماداکتۆ، و شارەکانی دیکەشم بەتەواوی بۆ ئاشوور ڕاکێشا لەماوەی یەک مانگ و یەک ڕۆژ دا گسکم لەتەواوی وڵاتی ئیلام دا، من نەم هێشت مەڕوماڵات بەناو ئەم وڵاتەدا بڕوات، هەروەها لە ئاوازی مۆسیقاش بێبەشم کرد، مۆڵەتم بەمار و دڕندەی بیابانەکان و مامزەکان دا ئەو وڵاتە داگیر بکەن..." پاشاکانی ئاشوور لەنووسراوەکانیان دا شانازی بەوەوە دەکەن زمانی هەزاران دیلیان لەبندا دەرهێناوە، چەندین گردیان لە کەللەسەری براو دروست کردووە، پاشاکانی ئاشوور منداڵی دیلەکانیان لەناو ئاگردا دەسوتاند.؟!...لەڕاستی دا ئەم دڕندایەتیەیان گەورەترین کرداریان بوو، بەژمارەیەکی کەمەوە چوونەتە وڵاتی گۆتیەکان و دانیشتوانی ئەو ناچانەیان داگیر کرد بوو خستبوویانە ژێر ڕکێفی خۆیانەوە بەزۆر ملکەچی فەرمانەکانیان دەکردن.

بەپێی ڕووداوەکان زوحاک یەکێک بووە لەپاشایانی دوژمنانی کورد و مێژووەکان شوێنی ناوەندی زوحاکیان بە بابل داناوە، لەڕاستیشدا پاشای ئیلام لە بابلیشدا دەوڵەتی کاردۆنیاشی تێکشکاند، ئەم ناوەندە گرنگ و مێژووییەی داگیر کرد.

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان / ڕێکەوتی : ١٦ی مارچی ٢٠١٥

# نەورۆز لە تێگەیشتنی من

## شاسوار هەرشەمی

### بەشی یەکەم

من کێم تا تێگەیشتنی تایبەت بە خۆمم بۆ نەورۆز هەبێت؟ ڕەنگە ئەمە بە لای کەمێکەوە پرسیار بێت، بۆیە خۆم لە وەڵامی دەپارێزم. لە جیاتی وەڵام دانەوە، دەمەوێت مەبەستی خۆم لەم نوسینە ڕوون بکەمەوە، کە وەک هەموو نوسینەکانی دیم، توێژکارین و، کەم و زۆریش دژە باو و جیاوازن لە بۆچوونە باوەکان. من لە جیاتی ئەوەی بکەومە شیکردنەوەی ئەفسانەکانی نەورۆز، یان تێکهەڵشێلانی ئەو ئەفسانانە، دەمەوێت بە گوێرەی ئەو بەڵگەنامە زمانەوانی و، نوسراوە مێژووییانەی کە لەبەر دەست دان، گەشتێکی زانستی بۆ ئەو دیو ئەفسانەکانی نەورۆز بکەم ، ڕاستیەکانی ئەم یادە کۆنینەیە بدۆزمەوە.




تا ئێستا، هەموو، یان بەشی هەرە زۆری ئەوانەی کە لەسەر نەورۆزیان نوسیوە، خەریکی لێکدانەوە و، شیکردنەوەی داستان و چیرۆکەکانی نەورۆز بوون. کار بەوە گەیشتووە، کە بە دوای شوێنەواری ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییانەش دا بگەڕێن، کە لە داستانەکانی شانامەدا ناویان هاتووە. هەروەک مشتومڕی نەبڕاوەی ئەوەی، کە کاوە کێ بووە و، کێی کوشتووە، بەشێکی دی لە نوسەرانی بەخۆوە خەریک کردووە. لە گاڵتەی کورد بوون و کورد نەبوونیشی گەڕێ، چونکە ئەوانە وایان داناوە، بوونی گەل و نەتەوە، بوونێکی نەمر و هەمیشەییە و، کورد و فارس، لە سەردەمی داهاتنی ئەفسانەکانی کاوەش، هەر بەم شێوەیەی ئێستایان هەبوون.

دەبێت دان بەوە دابنێین، کە جگە لە ڕۆژی نەورۆز خۆی، ئەمانەی دی هەمووی ئەفسانەی درەنگترن. دیارە من نامەوێت لە ڕۆڵی ئەفسانە کەم بکەمەوە. زۆر جاران، ئەفسانەیە کە گیانی ناوکۆیی و هاودڵی لە نێوان دانیشتوانی ناو سنورێکی جوگرافی، ئەوەندە دەباتە پێشەوە، کە میللەتێکی لێ دروست دەکات. ئەمە بە تایبەت بۆ ئەو گەل و نەتەوانە وەڕاست دەگەڕێت، کە زمان و زاراوەی زۆر و جۆراوجۆریان تێدایە. هەروەک سەر بە ئایین و ئایینزا و، ڕێبازی ئایینی زۆر و لێکجیاوازن، وەک کوردان. واتا لە کاتێکی ئاوادا، ئەفسانەیە، کە بە بێ لەمپەری ئایینی، دەتوانیت بۆ ناو دڵی هەمووان شۆڕ بێتەوە و، هەستێکی هاوبەش لە نیوانیان دروست بکات. هەمووان پێکەوە لە یادکردنەوە ئەفسانەییە نائایینیەکاندا، کۆبکاتەوە. لەو چرکە ساتانەدایە کە هەمووان هەستی هاوبەشی گەڕانەوە بۆ خاکێک و مێژویەکیان لا دروست دەبێت. گەلانی ئەوروپا، ئەفسانە و میتۆلۆژیاکانی گریکییان کردۆتە هی خۆیان و،

دەیان شتیان لەسەر بنیات ناوە. جارێک توشی پیاوێکی ئیسلاندی بووم. کە زانی لە سویدەوە هاتووم، بە گاڵتەوە گوتی:- سویدیەکان، ئەفسانە و چیرۆکەکانی ئێمەیان، لەسەر ڤایکینگەکان، لێ بۆتە ڕاستی و، خستویانەتە ناو کتێبەکانی مێژووەوە. بە ڕاستیش هەر وایە. بە دەیان شەقام و کۆلانی شارەکانی سوید، بە ناوی ئەو پاڵەوانە ئەفسانەییانەوە ناونراون.

ئەمەش دەزانم کە هەموو ئەفسانەیەک، بۆ سەرەتایەکی ڕاست دەگەڕێتەوە، بەلام لەبەر کۆنی و، گێڕانەوەی بەردەوام، هەروەها پێویستی بەردەوامی تاکەکانی ناو کۆمەڵ، بە پاڵەوانی میللی، ئەم ڕووداوانە ئەمەندە گۆڕانیان بەسەر دادێت، کە ئەستەمە، سەرەتاکەی بە دڵنیایی بناسرێتەوە، یان بدۆزرێتەوە. بە کورتی من نەهاتووم تا بە ناوی ئەفسانە بوونەوە، شەڕی نەورۆز بکەم. بەلام خۆ ناشکرێت هەر سەیری ڕووکەشە ئەفسانە ئەفسوناویەکەی نەورۆز بکەین و، لێمان ببێت بە ڕاستیەکی ڕەها. من لێرەدا هەوڵ دەدەم نەورۆزێک بخەمە ژێر لێکۆڵینەوە، کە بەو ئەندازەیەی دەکرێت و دەشێت، دوور بێت لەو ئەفسانانەی کە لەسەری هەن. ئەمە بەو واتایە نیە، کە من خۆم لە لێکدانەوە و شیکردنەوەی توخمە ئەفسانەییەکانی نەورۆز دەدزمەوە، بەڵکو بە پێچەوانەوە، بە شێوەیەکی دی جیاواز لە هەموو لێکۆڵینەوەکانی دی، هەڵگێڕ وەرگێڕیان دەکەم.

## نەورۆز و ساڵنامە

ئەگەر سەیری ساڵنامەی سروشتی گەردوونیی بکەین، بۆمان دەردەکەوێت، کە کەژەکانی ساڵ، پەیوەندیان بە سوڕانەوەی گۆی زەوی هەیە، لە چواردەوری تەوەرەیی خولگەیەکی دیاریکراوی خەپلەی خۆر. هەر بە هەمان شێوەش، گۆڕانی پەیوەندی لە نێوان، درێژیی شەو و ڕۆژ، پەیوەندی بەو سوڕانەوەیە هەیە. دەبینین، لێک تێپەڕینی کەلوەکان، دەکەونە ڕۆژەکانی ٢١ی هەر مانگێکی زایینی، یان ڕۆژێک پاش و پێش. هەروەک بەم شێوەیە، ٢١ی مانگی دیسێمبەر، دەبێتە درێژترین شەو، کە لە فەرهەنگی ئێمەدا، بە شەوی یەڵدا ناسراوە. ٢١ی مارت، شەو و ڕۆژ وەک یەکیان لێ دێت. ئەم ڕۆژە لای ئێمە سەری ساڵە و ڕۆژی نوێ، یان نەورۆزی ساڵ دەبێت. لە ٢١ی یونی، یان مانگی شەشەمی زایینی، درێژترین ڕۆژی ساڵ دەبێت. لە ٢١ی مانگی سێپتێمبەریشدا، ڕۆژ ئەوەندە کورت بۆتەوە، کە دیسان وەک شەوی لێ دێتەوە. بەمجۆرە دەستنیشان کردنی هەر یەکێک لەم چوار ڕۆژەی سەرەوە، لای گەلانی جۆراوجۆر بۆ یادکردنەوە، پێش هەموو شتێک ئاماژەیە بۆ دیاردەیەکی گەردوونیی. سویدیەکان، لە ڕۆژی ٢١ی یوونی، یان مانگی شەش، ئاهەنگێکی گەورە دەگێڕن، بە ناوی چلەی هاوین، کە ئەو ڕۆژە درێژترین ڕۆژی ساڵە. دیاردەی زانین و لێکدانەوەی لێکتێپەڕینی کەلوەکان، لە میزۆپۆتامیا زۆر کۆنە. لانی کەم لە سەردەمی بابلیاندا ناسراو بووە. مەبەستم دوازدە کەلوەکەیە: بەرخ. گا. جمکە. قرژاڵ. شێر. فەریک. تەرازو. دوپشک. کار. کەوان. دەولک و نەهەنگ. هەر لە کۆنەوە مرۆڤی ولاتی ئێمە، ئەو ئەستێرانە و، ڕەوت و جغزی جولانەوەیان و، پەیوەندی نێوانیانی، بە گوێرەی بازنەی خولانەوەیان، دۆزیوەتەوە و ناسیویەتی. تەنانەت بەختەوەری تاکی مرۆڤ و، ڕووداوە سروشتیەکانیشیان، بە کاریگەریەکانی جوڵەی ئەو کەلوانەوە گرێداوە. هەروەک تا ئەمڕۆش، زوربەی گۆڤار و ڕۆژنامەکان، بە هەمو زمانەکانی دنیا، بایەخ بەو دیاردەیە دەدەن. وەک زووتریش گوتمانە، ئەو کەلوانە، لە ٢١ی هەر مانگێکی زایینی، یان سەرە مانگی کوردی، لە یەکتری ڕەت دەبن. بۆ نمونە، بورجی بەرخ، لە ٢١ی مارت، لە بورجی نەهەنگ دوور دەکەوێتەوە. لە ٢١ی نیسانیشدا، دەچێتە جغزی گا. کەواتە بە پێی ئەو لێکدانەوە گەردوونیە بێت، دەبێت ٢١ی هەر مانگێک، یەکەم ڕۆژی مانگ بێت.

بەمجۆرە، بە گوێرەی ساڵنامەی زەردەشتی، کە لەسەردەمی دەستەڵاتی ساسانیان، کاری پێدەکرا، نەورۆز سەری ساڵی تازە بوو. واتا ئەو ڕۆژە بوو، کە تێیدا ڕۆژ وەک شەو درێژ دەبووەوە، هاوکات کەژ و هەوای وڵاتیش گەرمتر دەبوو. بە گوێرەی ساڵنامەی زەردەشتی، ساڵ، بەسەر دوازدە مانگ دابەش کرابوو. هەر مانگێکیش ٣٠ ڕۆژ بووە. بەمجۆرە ساڵێک دەیکردە ٣٦٠ ڕۆژ. واتا هێشتا ٥، پێنج ڕۆژ، یان وردتر، ٥ ڕۆژ و ٥ سەعات و ٤٨ خولەک و ٥٠ چرکە دەما بۆ پڕ کردنەوەی ساڵێکی تەواو.

زەردەشتیان، ناویان لەو پێنج ڕۆژە ماوەیە نابوو (پەنجە). هەروەک لاشیان وابوو، کە لەو پێنج ڕۆژانەی پێش سەری ساڵ، یان هاتنی نەورۆز، گیانی مردوانیان، سەردانی ماڵەکانی خۆیان دەکەنەوە. ئەوان بەو ڕۆژانەشیان دەگوت (فەڕ ئاوەردەگان)، یان فەڕهاوردان. زەردەشتیان لەو پێنج ڕۆژانەدا، خوانی خواردنیان دەڕازاندەوە. شیرینی جۆراو جۆر، میوە، گوڵ و بۆن و گوڵاوی بۆن خۆش، هەروەک ئاگر و مۆمیان لەسەر خوان دادەنا. هەروەها بۆ ئەوەی دڵی مردوانیان لێ نەڕەنجێت، دەبا هەموو ئەوانەی کە کێشە و ناخۆشی و دڵ ئێشانیان پێکەوە هەبووە، لەگەڵ یەکدی ئاست ببانەوە. ئیدی دوای کۆتایی هاتنی پێنج ڕۆژەکە، ئینجا دەبوو بە نەورۆز و، یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ. لە ڕۆژی نەورۆز، ئەوان دەچوونە سەر بانی خانوەکانیان و، شوێنی بڵندی نزیک ماڵەکانیان، بۆ ئاگر کردنەوە، وەک ماڵئاوایی کردن لە گیانی مردوانیان، کە لەو پێنج ڕۆژەدا لەناویاندا بوون.

گەر نەختێک لەسەر خودی وشەی نەورۆز و واتاکەی ڕاوەستین، ئەوا دەڵێم، نەورۆز واتا ڕۆژێکی نوێ. سەری ساڵ و ساڵ وەرسوڕانەوە. لە پەهلەوی nok roç، نۆک ڕۆچ. فارسی نوروز. واتا ڕۆژی نو. ئەمڕۆ کوردو فارس و گەلانی ئەفغان و هەندێک گەلی دیش، کە ماوەیەکی زۆرە لەگەڵ ئێمە دەژین، نەورۆز وەک جەژنی سەری ساڵ یاد دەکەنەوە. لە فەرهەنگە کۆنەکانی میزۆپۆتامیا، زۆر کۆنە. تەنانەت ساڵنامەی کۆنی ڕۆمانیش، بە ئاشکرا دەریدەخات، کە سەری ساڵیان، هەر کەوتبووە نەورۆزەوە. تا ئێستاش ناوی مانگەکانی نۆ و دەو یازدە و دوازدە، بریتین لە سێپتێمبەر، ئۆکتۆبەر، نۆڤێمبەر و دیسێمبەر، کە هەموویان ژمارەی ئاسایی لاتینین و، بەڕێزە بریتین لە حەفتەم، هەشتەم ، نۆیەم و دەیەم. کەواتە گەر ئەو ژمارانە، جاران ناوی ڕاستی مانگەکان بووبێت، بە بەرەو دواوە ژماردنیان تا سەر ژمارە یەک، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە مانگی ژمارە یەک دەکەوێتە مارتەوە، کە هەمان مانگی (نەورۆزە). کەواتە ژماردنی ڕۆژەکانی مانگ و ساڵ، بە گوێرەی لێکتێپەڕینی کەلوەکان، دیاردەیەکی ناسراوی میزۆپۆتامی بووە و، گەلانی هیندۆروپی، زۆر زوو پێی ئاشنا بوون.

## هۆکاری دیش هەن:

بێگومان لە نوسراوەی کەسانی دیش، زۆر هۆکاری دی بۆ ئاگر کردنەوە لەبەر چاو گیراون. من کارم بەسەر لێکدانەوەکاندا نیە. بەڵام ئەو نوسینانەی کە کۆنن و وەک بەڵگەی مێژوویی دادەندرێن، بایەخیان هەیە. یەکێک لەوانە نوسراوەی زەردەشتیانی بە زمانی پەهلەوی (بەهدینان)ە. لەو نوسراوەدا وا هاتووە، کە هەر چەند ساڵێک و، ساڵێک بە ناپڕی دەمایەوە. ئەمەش وای کردبوو کە خەڵک ڕۆژی هاتنی سەری ساڵیان نەدەزانی. پیاوانی ئایینی، واتا موغ و هیربەد و موبەدان، کە شارەزاییان لە هاتنی ڕۆژی نەورۆز و، ڕۆژانی پەنجە هەبوو، لەسەر بانی ماڵەکانی خۆیان و، شوێنی دی بڵند، ئاگریان دەکردەوە، تا خەڵک لە هاتنی سەری ساڵ و

ئەو ڕۆژانە ئاگادار بکەنەوە. دەبێت ئەوەش بزانین کە ئاگر جگە لەوەی کە لە دوور دەبیندرێت، لای زەردەشتیانیش، ئاگر، وەک ڕۆشنایی خوداوەند، بە پیرۆز زاندراوە.

وەک دەردەکەوێت، لەوانەیە کە نەورۆز، هەر لە سەرەتاوە، بەخێرهاتن بوو بێت لە گۆڕانی کەژ و هەوا و، وەک سەری ساڵی تازە، سەیر کرابێت. دیاردەی جەژن گرتنی سەری ساڵ، لە لای گەلانی دی کۆنی میزۆپۆتامیا، زۆر کۆنە. سومێریەکان، کە سەردەمێکی کۆنی پێش مێژو، لە شوێنێکی باکوری میزۆپۆتامیا، بەرەو باشور کۆچیان کردووە، سێ هەزار ساڵ پێش ئەمڕۆ، یادی سەری ساڵیان کردۆتەوە. ئەوان لایان وابووە، کە (دموزی) خوداوەندی بەپیتی، لە پایزدا دەکوژرێت، بۆیە لەو یادەدا، بە شێوەی ئەوەی ئێستا، کە شیعەکان بۆ کوشتنی (حوسێن) یادی دەکەنەوە، بە ڕێ پێوان و گریان، یادی دموزیان دەکردەوە. هەروەک دموزی، لە سەرەتای بەهاری هەموو ساڵێکیشدا، دیسان زیندوو دەبووەوە، بۆیە بەو بۆنەیەوە، جەژنیان دەگێڕا. زیندو بوونەوەی دموزی لە بەهاراندا، بریتی بووە لە ژیانەوەی گیا و گوڵ و، گوڵ و، دار و دەوەن.

لە نوسراوی مێژونوسانی سەرەتاکانی ئیسلامدا، بۆچوونی دیش لەسەر جەژن گرتنی نەورۆز هاتووە. لەوانە، گوایە کە هەموو ساڵێک، جوتیاران، کە زۆرینەی دانیشتوان بوون، ٢٥ ڕۆژ پێش وەک یەک لێهاتنی شەو و ڕۆژ، یان هاتنی نەورۆز، دانەوێڵەی جۆراو جۆریان، لە قاپە گڵێناندا دەچاند. لە ڕۆژی نەورۆزدا، دەهاتن و سەیری هەموانیان دەکرد. ئەو دانەوێڵانەی کە باش ڕسکاو و ڕوا بوون، وا لێکدەدرایەوە، کە لە وەرزی چاندنی ئەمساڵدا، تەنیا ئەمانە باش دێنە بەر. واتا بەرهەمی باش و خراپیان لێک جوێ دەکردەوە. دوای ئەم کارە، ئەم ڕۆژەیان دەکردە جەژن. دیاردەی چاندنی گەنم، لە ناو قاپێک و لەسەر خوانی نەورۆز دانانی، هێشتا لە هەندێک شوێنی ڕۆژهەڵاتی کوردستان، پێڕەو دەکرێت، بەڵام ئیدی چیدی پەیوەندی بە لێکجوێ کردنەوەی جۆری باش و خراپی دانەوێڵەوە نیە.

دیارە هیچ بەڵگەیەکی مێژویی، بۆ سەلماندنی ئەم لێکدانەوەیەمان لەبەر دەست دانیە، بەڵام بە دووریش نازاندرێت، کە جەژنی نەورۆز، زۆر بە توندی بە نەریتەکانی چاندن و کشتوکاڵەوە گرێدرابێت. گەر سەیری ناوی سەرجەم مانگەکانی کوردی بکەین، دەبینین، هەموویان، پەیوەندیان بە کەژ و هەوا و سروشت و کشتوکاڵەوە هەیە. واتا ناوی مانگە کوردیەکان، لە ژینگەیەکی جوتیاری هاتوون. لە ناوەکاندا، بۆنی گوڵان و، خەرمانە و باقە بێنەی گەنم و جۆ و، تۆزی گەنم بە با کردن و، کا و زەڵ هاڕین و، گەڵا وەرین و، سەرما و سۆڵە و، بەفر بارین و، گەیینی بەری ڕەزان و، ڕێگیران لە بەر بەفی زۆرمان دێتەوە یاد. وەک لە ناوەکانی، بانە مەڕ= گوڵان. پوشپەڕ. خەرمانان. گەلاوێژ. ڕەزبەر. گەڵاڕێزان. سەرماوەز. بەفرانبار. ڕێبەندان و ڕەشەمێدا دەردەکەوێت.

زۆر گرنگە کە وەبیری بێنمەوە، نەورۆز هەمیشە لە ٢١ی مانگی ئادار یادی نەکراوەتەوە. دیارە شارەزایی مرۆڤی کۆن لە سوڕانەوەی زەوی و، گۆڕانەکانی ژماردن بە خۆر و مانگ، کەم بووە. هەر تەنیا پشتگوێ خستنی ئەو ٥ سەعات و ٤٨ خولەک و ٥٠ چرکەیەی، کە خولی ساڵی پێ کۆتایی دێت، دەبێتە هۆی ئەوەی، هەر ١٢٠ ساڵێک و، هاتنی ڕۆژی نەورۆز، یەک مانگ دوا بکەوێت. لە سەردەمی دەستەڵاتی ساسانیاندا، چەند جارێک، ساڵ کراوەتە ١٣ مانگ، تا ئەو کەلێنە پڕ بکرێتەوە. دیارە ئامرازەکانی پەیوەندی وەک ئێستا نەبوون. هەروەک زۆرێک لە میر و دەستەڵاتدارانی ناوچەیی، حەزیان دەکرد کە خۆیان بڕیار بدەن، بۆیە لە

هەموو کونجێکی ولاتیشدا، نەورۆز لە یەک ڕۆژی هاوبەش نەدەکرایەوە. لەوەش گەڕێ، کە بە هۆی مردنی پاشایەک، تاج لەسەر نانی پاشای نوێ، یان شەڕی گەورە، گەلێک جاران جەژنی نەورۆز دواخراوە. ئەم کێشەیە هەروا مایەوە، تا لە سەردەمی دەستەلاتی مەلەکشای سەلجوقی (١٠٧٢ - ١٠٩٢ز)، لە لایەن وەزیری وی، واتا نیزامول مولک، لە ساڵی ١٠٧٤ز، ساڵنامەی جەلالی داهێندرا. لەو ساڵنامەیەدا، شوێنی نەورۆز لە ٢١ی ئادار چەسپ کرا.

ژمارەی ڕۆژەکانی جەژنیش وەکو یەک نەبووە. بە گوێرەی سەردەم و شوێنەکانەوە، نەورۆز لە یەک ڕۆژەوە، تا مانگێکی خایاندووە. لە سەردەمی دەستەڵاتی ساسانیاندا، ئاهەنگ و جەژنی نەورۆز، کرابووە یەک مانگ. هەر چینێک، یان دەستەیەکی ناو کۆمەڵگای ئەو کات، ٥ ڕۆژی جەژن کردنی بۆ داندرابوو. بەمجۆرە یەکەم ٥ ڕۆژ، بۆ پاشا و کەسە نزیکەکانی وی بوو. دووەم ٥ ڕۆژ، بۆ ئەو کەسانە دیاریکرابوو، کە دەبا لە لایەن پاشاوە دیاری و پلە و پایەیان پێ بدرێت. سێیەم ٥ ڕۆژ، تایبەت بوو بە کاربەدەست و کەسانی ناو کۆشک و پەردەی پاشا. چوارەم ٥ ڕۆژ، جەژنی ئەوانە بوو، کە پاشا دەستنیشانی کردبوون. پێنجەم ٥ ڕۆژ، جەژنی لەشکریان بوو. شەشەم و دوا ٥ ڕۆژیش، بۆ کۆمەڵانی خەڵک داندرابوو. وا تێمەگە کە ئەم سیستەمە ئاڵۆزەی جەژن کردن، بۆ بایەخی نەورۆز گەڕابێتەوە. نەخێر، مانگی نەورۆز، لە سیستەمی دارایی ساسانیان، مانگی کۆکردنەوەی باج و داهات بوو. هەروەک مانگی پلە بەرزکردنەوە، یان گۆڕینی کاربەدەستان بووە. بۆیە هەر دەستەیەک لە ٥ ڕۆژەکەی خۆیدا، یان دەبا باج بدات، یاخود (دیاری) بۆ پاشا بێنێت. پاشاش دیاری بەوانە دەدا، کە باشترین کاریان بۆ ولات کردبوو.

دیاردەیەکی دی سەرنجڕاکێش ئەوە بوو، کە نەورۆز، هەرچەندە سەرەتا تەنیا خۆشی نواندن بوو بە درێژ بوونەوەی ڕۆژ و، هاتنی بەهار، لە سەردەمی ساسانیاندا، بەرگێکی ئایینی لەبەر کرا و، بوو بە یەکێک لە جەژنە ئایینیەکانی زەردەشتی. دیارە درەنگتریش، بە هۆی نەریتی ئاگر هەڵکردن لە نەورۆز، ئەوانەی کە دژی یادکردنەوەکەی دەوەستان، هەمان ئەو ئاگر کردنەوەیان دەکردە بیانو، کە گوایا ئەمە جۆرێکە لە ئاگری پیرۆزی ئاتەشگاکانی زەردەشتی و، خەڵک بەو شێوەیە ڕێزی بۆ دەنوێنن.

## بەشی دووەم

### چوارشەمە سوری چیە؟

هەندێک ئاماژەی کۆن هەن، کە وا دەردەخەن، پشوی هەفتە لای زەردەشتیان، لەوانەیە پیش زەردەشتیانیش، لە ڕۆژی چوارشەمە دا بوویێت. تا ئەمرۆش، دیاردەی ڕێز گرتن لە چوارشەمە، بە شێوەی جۆراوجۆر، لە ناو کۆمەڵگای کوردی دەبیندرێت. خەڵک لە ڕۆژانی چوارشەمە لە ماڵ دەردەچوون و، ڕوویان لە گەشت و گوزار دەکرد. هەر لە چوارشەمواندا، کەسانێکی زۆر سەردانی مەزاری پیر و پیاو چاکانیان دەکرد. ئەمە تا ساڵانی حەفتاش، لە شاری هەولێر دەبیندرا. من خۆم گوێم لە ژنانی بە تەمەن بووە، کە سور بوون لە سەر ئەوەی، گوناهێکی گەورەیە، گەر ڕۆژانی چوارشەمە، خۆیان بشۆن، یان سەری منداڵەکانیان و جل و بەرگیان بشۆن، چونکە ئەو ڕۆژە بۆ پشو تەرخان کراوە. غەنی بلوریان ئاوا باسی چوارشەموانی مەهابادی سەردەمی منداڵی خۆیمان بۆ دەکات (گشت ڕۆژانی چوارشەمە، ژنانی گەڕەکە جیاوازەکانی شار، بە کۆڕ و کۆمەڵ، دەچوونە سەیران و هەڵپەڕکێ). بوونی ڕۆژێکی تایبەت بە پشوی

ئایینی، دیاردەیەکی زۆر نامۆ نیە. هەر سێ ئایینە ئاسمانیەکەش، هەر یەکە و، ڕۆژێکی هەفتەیان بۆ خۆیان داناوە. جولەکە ڕۆژی شەمە. مەسیحیان ڕۆژی یەکشەمە. موسوڵمانانیش ڕۆژی هەینی.

نازاندرێت لە کەیەوە، وەک بەشێک لە یادەکانی نەورۆز، ئاگری چوارشەمە سورە کراوەتەوە. ئەوەی بۆ من زاندراوە، کۆنترین نوسەرێک، کە لەسەر ئەم بابەتەی نوسیبێت، مێژونوس (ئەلبەیرونی "٩٧٣ - ١٠٤٨ز") بووە، کە پتر لە هەزار ساڵ پێش ئێستا، لە کتێبەکانی (التفهیم و الاثار الباقیة )دا لێی دواوە. گێڕانەوەکەی ئەلبەیرونی، ئاماژەیە بۆ جیاوازی ساڵانە لە نێوان ژماردنی مانگ، لە ڕێگای دەرکەوتنی مانگەوە، لەگەڵ ژماردنەکە، بە خولانەوەی زەوی لە دەوری تەوەرەی خۆیدا. ژماردنی مانگیی، کە ئیسلام لە نەریتێکی کۆنی عارەبی بۆی ماوەتەوە، ساڵانە ١١ ڕۆژی کورتترە لە جۆری ژماردنی دووەم. واتا ژماردنی ڕۆژێکی دیاریکراوی ڕۆژژمێری ئیسلامی، لە ماوەی ٣٢ ساڵدا، بە هەر چوار کەژەکەی ساڵدا تێدەپەڕێت. ئینجا ئەو دەڵێت:- کە ساڵێک وا ڕێککەوت، سەری ساڵی مانگی و نەورۆز، تەنیا ١٢ سەعاتیان نێوان بوو. خەڵک ئەو دوازدە سەعاتەیان، تا نیوە شەو، بە ئاگر کردنەوە و، ئاهەنگ گێڕان بردە سەرێ. ئیدی دوای ئەو ساڵە، خەڵکەکە هەموو ساڵێک، بە لاسایی کردنەوەی ئەم پێشهاتە، لە شەوی دوا چوارشەمەی ساڵ، یان پێش نەورۆز، ئاگر دەکەنەوە. خەڵکیی، جاران لە چوارشەمە سوریدا، کەژاوە بازیان دەکرد. ئەندامانی خێزان، لە چواردەوری ئاگر کۆدەبنەوە و، هەر یەکەیان دەبا حەوت چڵە داری وشک، یان چیلکە لە ئاگری باوێت. ئەو کاتانەش بوو، کە دەیانگوت (ئاگرەکە، سوری تۆ لە من، زەردی من لە تۆ).

مێژونوسی ناسراو، (ئەلمەسعودی"٨٩٦ - ٩٥٧ز")، پێش ئەلبەیرونی، لە کتێبی (مروج الذهب)، لەسەر هەمان بابەت، بە کورتی دەنوسێت، جاران چوارشەمە سوری، لە ڕۆژانی چوارشەمە دەکرایەوە، بەڵام ئەو ڕۆژە لای عارەبان شوم و بەدە، خەڵکیش بۆ ئەوەی عارەبی دەستەڵاتدار نەڕەنجێنن، ئاگر کردنەوەکەیان، خستە ئێوارەی سێشەمە لەسەر چوارشەمە.

وەک دەردەکەوێت، یادکردنەوەی چوارشەمە سوری، کۆنە، بەڵام ئاماژەیەکی دیار و دروست بۆ سەرەتاکەی و، پەیوەندی بە سەری ساڵ و نەورۆزەوە، تا ئێستاش هەر نادیارە.

## ژمارە حەوت و، خوانی حەوت سینی:

ژمارە حەوت لە فەرهەنگی کۆنی میزۆپۆتامیا بە گشتی و کوردستان بە تایبەتی، پێشینەیەکی مێژویی کۆنی هەیە و، لە لایەن خەڵکیشەوە ڕێزی لێ گیراوە. حەوت لە فەرهەنگی ناوچەکە، بە شێوەی جۆراوجۆر دەردەکەوێت. لەوانە:-

هەفتیانە، هەروەها حەفتیانە، بریتیە لە یادکردنەوەی تێپەڕبوونی حەفت ڕۆژ بەسەر ڕووداوێکدا، کە بایەخی کۆمەڵایەتی لای خەڵک و کەسوکارەوە هەیە. هەفتیانە لە زبانی کوردیدا، بۆ یادکردنەوەی ڕووداوی خۆش بەکاردێت. وەک تێپەڕینی حەوت ڕۆژ بەسەر منداڵبوون، یان شوکردن. هەرچی حەفتانەیە، بۆ یادکردنەوەی تێپەڕینی حەوت ڕۆژ بەسەر مردنی کەسانی جوانەمەرگ و مردوو بەکاردێت. وشەکە یەکێکە لەو ژمارانەی کە لە زبانە هیندۆروپیەکاندا، ڕۆڵێکی ئاینی گەورەی هەبووە. وشەکە هێشتا پەیوەندیەکی

قوڵی بە داب و نەریتی هەندێک لە گەلانی هیندۆرووپییەوە هەیە. لێرەدا من مەبەستی سەرەکیم وشەی (حەفتانە و حەفتیانە )یە. وشەکە لە کوردیدا زۆر بە بەربڵاوی بەکاردێت، بەڵام بەر لەوەی بچمە سەر ئەو بەشە، دەمەوێ جارێ بەراوردکاریەکی وشەکە، لە چەند زبانێک بخەمە بەرچاو. لە زبانە گێرمانیەکاندا، وشەی هەفتانە بە واتای ڕۆژی پێش جەژن بەکار هاتووە. دوای بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحیش، هەر هەمان وشە، بۆ ڕۆژی پێش چوونە کلێسا (کە دەکاتە ڕۆژی شەممە)، بەکار دێت. سەیر دەکەین ژمارە هەفت، جگە لە زبانە ئێرانیەکان و زبانی گریکی، لە هەموو زبانە هیندۆرووپییەکانی دی، بە دەنگی (س) دەست پێدەکات، کەچی وشەی "هەفتە" لەو زبانانەدا، لەو ڕێچکەیە لایداوە و هەر بە دەنگی (هـ، یان ئە ) دەست پێدەکات. ئەمە خۆی لە خۆیدا، کۆنی وشەکە دەسەلمێنێت. هەفتیانە بە زمانی ئیسلاندی پێیدەگوترێت aptann، ئەپتان. لە دانمارکیدا بۆتە aften، ئەفتێن. لە ئەنگلۆساکسۆنیشدا بۆتە efen، ئیفێن، هەروەها affen، ئەففێن، کە بۆ ئێوارەی پێش جەژن (حالفە) بەکارهاتووە. دەبینین درەنگتر هەمان وشە لە ئینگلیزیدا بە شێوەی evening،even، ئیڤن/ ئیڤنینگ تەنیا بە واتای ئێوارە بەکار دێت. وشەکە لە زبانی سویدیشدا، بە شێوەی afton، ئەفتۆن بە هەردوو واتای ئێوارە و حالفە، یان ئێوارەی ڕۆژی پێش جەژن بەکاردێت. لە ساکسی و ئەلمانی کۆن aband، ئەباند هەمان شتە. لە ئەڵمانیشدا، وشەکە بۆتە abend، ئەبێند. من گومانم وایە کە وشەی (ئێڤار/ئێوارە) یان (هێوارە/هێوارێ)ی کوردیش، وەک ئیڤنی ئینگلیزی، هەر لە (ئێفت، هەفت)ەوە هاتبێت، بە خستنە سەری پاشگری (- وار). واتا ناوەکە بریتی بووە لە ئێفتیار - ئێفیار - ئێوفار و ئێڤار یان ئێوارە.

ڕەگی ڕێز گرتن لە ژمارە حەفت، لە داب و نەریتی کوردیدا زۆر قوڵترە. حەوت ئاسمان، ئەستێرەی حەفتەوانە، سفرەی حەوت سینی نەورۆز، حەوت برای چیرۆکە فۆلکلۆریەکانمان، حەفتاو کردن بۆ لادانی گڵاوی دەمی سەگ و بەراز، تا دەگاتە حەوت شەو و حەوت ڕۆژ شایی گێران، بۆ خۆشی دەربڕین. قسەی نەستەق و پەندی پێشینانیشمان پڕن لەو جۆرە دەربڕینانەی، کە ئاماژە بەو ژمارەیە دەکەن. ئەمانە هەمووی ئاماژەن کە ژمارەکە لە زوودا، ڕۆڵێکی دی لە بیروباوەڕدا هەبووە. ئەو ڕۆڵە ئەمڕۆ بە باشی دیار نەماوە، یان بە گۆڕاوی بۆمان ماوەتەوە، بەڵام هێشتا دەکرێت هەستی پێبکرێت. تەنانەت لە ڕێگای بەراوردکردنی پێوانەییشەوە، زۆر نادیاریمان بۆ ڕوون دەبێتەوە. ئەگەر نەختێک بۆ دواوە بگەڕێینەوە، دەبینین ئەو ژمارەیە، لە باوەڕ و ئایینی میترابیدا، شوێنی تایبەتی هەبووە.

پەیڕەوانی میترایی، بە حەوت چینی بە دوای یەکدا هاتوو، دابەش دەکران. هەروەک حەوت ڕەنگی پیرۆزیشیان هەبووە. لە ئاینی زەردەشتیشدا، ئاهورامەزدا، لە ململانێی خۆیدا لەگەڵ ئەهریمەن، پشتی بە (ئەمشا سپەنتان) بەستووە، کە وەک لە وشەی (سپەند) دیارە، ئەوانە حەوت دانە فریشتەن. لە بەرامبەر ئەوانیشدا، حەوت گیانی ئەهریمەنی، بە شێوەی هەسارە هەنە. لە ئایینە کۆن و ناوچەییەکانی کوردستانیشدا، شوێنەواری ژمارە حەوت دەبینرێت. بەلای یارسانەکانەوە (کاکەییان)، حەوت فریشتەکە، لایەنی جۆراوجۆری گەوهەری خوداوەندن. هەروەک (حەوت تەن)، بایەخێکی زۆری لایان هەیە. هەروەک خوداوەند، بە حەوت شێوە، هاتۆتە سەر زەوی. ڕێبەرانی ئایینی ئێزدیش حەوت دانە فریشتەن، کە دواتر وەک (حەوت) دانە شێخ ناسێنراون. (مەلەک تاووس، شێخ حەسەن، شێخ شەمس، شێخ ئەبەبەکر، سوجادین، ناسرەدین و فەخرەدین). تەنانەت ژمارە حەوت لە ڕێگای سۆفیگەریەوە تێکەڵ بە ئاینی ئیسلامیش کراوە. مرید، تا دەبێ بە شێخ، دەبێ حەوت پلەی (سلوک) ببڕێت. دیسان لە ئایینی ئیسلامدا، کاتی بەجێ

گەیاندنی ڕێوڕەسمی حەج کردن، حەوت جاران، بەردبارانی شەیتان دەکرێت. حەوت جارانیش، لە چواردەوری بەردە ڕەشەکە تەواف، یان دەسوڕێنەوە. لای کاتولیکەکانیش، حەوت مەناسک و، حەوت گوناهی بنچینەیی و، حەوت مەزامیر و، حەوت تۆبە تۆمار کراون.

ژمارەی حەوت یان (سێپتا)ی هیندۆرووپی، چۆتە ناو زبانی عیبریشەوە. لە چیرۆکەکانی تەوراتدا، خوداوەند گەردوونی بە شەش رۆژ دروست کرد و، رۆژی حەوتەمیش (سێپتا) کە لە عیبریدا بۆتە (سوبتا)، خودا کردی بە رۆژی پشودان. ئەو ژمارەیەی کە ئەمرۆ لە عارەبیشدا بە شێوەی (سەبت) بە واتای شەممە دەیبینین. دەزانین کە شارەزایانی زمانی عیبری، بۆچوونێکی دیان بۆ وشەی سەبات هەیە و، وای دادەنێن کە لە şabbat، شەببەت هاتووە بە واتای سانەوە. دوور نیە چیرۆکەکەی سەرەوەی تەوراتیش، لە سەرچاوەیەکی کۆنی هیتی یان میتانیەوە وەرگیرابێت. تا ژمارەی حەوت بە عارەبی (سەبعە)، هەر لە سێپتای هیندۆرووپییەوە هاتووە. لە ئایینی جولەکەکانیشدا توشی حەوت فریشتەکەی خودا دەبین (عیزرێئیل، دەردانائیل، ئیسرافائیل، میکائیل، جوبرائیل، شمنائیل، تورائیل). تەنانەت لە ئایینی زۆر کۆنی حەڕانیانیشدا (حەوت) ئەستێرە پەرستراون. واتا بە گوێرەی نوسراوە کۆنەکانیان بێت، ئەستێرەکانی خۆر، مانگ، بەهرام (مەریخ)، تیر (عەتارد)، بەرجیس(موشتەری)، ناهید(زوهرە)، کەیوان(زوحەل). وەک دەزانین، لەو حەوتە، جگە لە خۆر و مانگ، ئەوانەی دی ناوی هەسارانن.

ئەگەر هێشتا پتر بە مێژودا ڕۆبچین، ئەوا لە کۆنترین داستانی نوسراودا، واتا داستانی گیلگامێش، بە فراوانی توشی دیاردەکە دەبینەوە. لەداستانەکەدا، هاوکێشەی شەش رۆژ و حەوت شەوان، چەندان جار دێتە پێشمان. گیلگامێش شەش رۆژو حەوت شەوان، بۆ مەرگی ئێنکیدوی هاوڕێی دەگریێت (تابلۆی دەیەم). ئوتناپیشتیم کەشتیەکەی بە شەش بنمیچەوە دروست کرد و، بۆ حەوت بەشیش دابەشی کرد (تابلۆی یازدەم). لافاوەکە شەش رۆژ و حەوت شەوی خایاند. لە رۆژی حەوتەمدا، گەرداوەکە دامرکایەوە. (تابلۆی یازدەم). کەشتیەکە بۆ ماوەی شەش رۆژان، لەسەر شاخی نیسیر گیر بوو، لە رۆژی حەفتەمدا، کەشتی دەستی بەجوڵانەوە کرد (تابلۆی یازدەم). ئوتناپیشتیم ئاگاداری گیلگامێشی کرد، تا بۆ ماوەی شەش رۆژو حەوت شەوان نەخەوێ، وەک خۆ ئامادەکردنێک، بۆ ئەوەی ژیانی نەمری پێ ببڕدرێت.(تابلۆی یازدەم).

کەواتە بەو پاشخانە مێژوییە قوڵەی کە حەوت لە فەرهەنگی ناوچەکە هەیەتی، ئاسانە لەوەش بگەین، کە بۆ خوانی حەوت سینی، نەک ژمارەیەکی دی، وەک بەشێک لە یادکردنەوەکانی نەورۆز هاتۆتە کایەوە.

لە زۆر ماڵدا، رۆژی نەورۆز، خوانی نان لەسەر خواردن، بە حەوت خواردن دەڕازێندرێتەوە، کە پیتی یەکەمی ناوی هەموویان، بە (س) دەست پێ دەکات. یەکێک لە پێناسە کۆنەکانی خوانی حەوت سینی، کە بۆمان مابێتەوە، ئەوا ئەو نوسینەی مێژونوس (ئەلمەسعودی)یە، لە کتێبی (مروج الذهب). ئەو نوسیویەتی:- لە وڵاتی مەگوسان، ٢٥ رۆژ پێش هاتنی نەورۆز، خەڵک بەرەو پیری ئەو جەژنە دەچن. خوانی نەورۆزی وان، بریتیە لە حەوت گوڵ و گیا و سەوزە. حەوت خۆشە، یان گیراوەی شیرین. حەوت دەنک دانەوێڵەی جۆراوجۆر. پارچە قەندێک. حەوت پارەی سپی (زیوینی). ئەوان هەموو ئەوانە دەخەنە ناو حەوت قاپی گڵێنەی سپی، کە جوان دروست کراون. لەگەڵ حەوت چڵ لە چڵی درەختانی هەنار، بێ، گوێز، بادام، بەڕو، زەیتون و سێو.

وەک دەرکەوتووە، لەو سەردەمەدا، حەوت خواردنە باوەکەی سەر خوانی نەورۆز، بریتین بوون لە: سێو، سرکە، سماق، سەمەنی، سونجو، سیر و سەوزە. دیارە ئێستا ئەو ناوانە، گۆڕانیان بەسەر داهاتووە.

وەک دەردەکەوێت، لە نوسراوە کۆنەکاندا، هۆیەکی ڕوون و دیاری تایبەت بە یادی نەورۆز، بۆ هێنانە گۆڕی ئەو حەوت سینانە نیە. هەر بۆیەشە، من پەنام بردۆتە سەر ڕوونکردنەوەی، گرنگیی، هەروەها بایەخی ئایینیی و نەریتیی ژمارە حەوت، لە لای گەلانی ناوچەکە، هەر لە کۆنی کۆنەوە. واتا نەریتەکە، لە باوک و باپیرانەوە هاتووە و، ڕەگی لە باوەڕ و ئایینە زووەکان دا هەبووە.

هێمن دەڵێت: سەقز و سەردەشت و سابڵاغ و سنەی کرد غەرقی خوێن

سێی تری ویستن، گوتی: بۆ سفرە، حەوت سینم دەوێ.

کۆنیی یادکردنەوەی سەری ساڵ:

وەک لە سەرەتای بابەتەکەشدا، ئاماژەم بۆ کردووە، سەرەتای یاد کردنەوەی نەورۆز، یان سەری ساڵ، یادکردنەوەی دیاردەیەکی سروشتیی و گەردوونیی بووە، کە تا ئێستا لای گەلانی دیش، بۆ دیاری کردن و هاتنی کەژەکان و درێژی و کورتی شەو و ڕۆژ، سودی لێ وەردەگیرێت. دیارە مرۆڤی کۆن، چ بۆ کاری کشتوکاڵ و جوتیاری بووبێت، یان بۆ لەوەڕاندنی ئاژەڵ و ئاژەڵداری و، گەڕان بە دوای بژوێنی بە لەوەڕ، واتا کوێستان و گەرمێن کردنی کۆچەریی و ڕەوەندانە، ژیانیان بە توندی بە سروشتەوە گرێدرا بوو.

بێگومان، هەروەک چۆن سومێریان، یاد کردنەوەی بەهار و سەری ساڵیان تێکەڵ بە ئەفسانەیەک کردبوو، کە لەگەڵ باری ژیان و باوەڕیاندا ڕێک دەهاتەوە، باوک و باپیرانی ئێمەش، هەر بەوەوە نەوەستاون، کە یادی سەری ساڵ و وەک یەک لێهاتنی شەو و ڕۆژ بکەنەوە، بەڵکو ئەو ڕۆژە بەرە بەرە لەگەڵ باوەڕ و ئەفسانەی باوی سەردەمی خۆیان تێکەڵاو کراوە. یەکێک لە ئەفسانە هەرە ناسراوەکان، دەرکەوتنی کاوەی ئاسنگەرە، کە پاشایەکی زۆردار دەکوژێت و، دیسان دادپەروەری بۆ وڵات دەگێڕێتەوە. پێکەوە بەستنی نەورۆز و داستانی (کاوەی ئاسنگەر) درەنگتر کراوە. وەک دەزانین لە نەورۆزدا، شەو و ڕۆژ وەک یەکیان لێدێت و ئیدی ڕۆژ دوای ئەوە بەسەر شەودا زاڵ دەبێت. هەروەک یەکەم ڕۆژی بەهاریشە. لەو ڕۆژەدا، بورجی بەرخ لە بورجی نەهەنگ دوور دەکەوێتەوە.

ئەوەی من لە ڕووی زمانەوانی و، بەراورد کردنی پێوانەیی ناوەکانی کاوە و ئاسن پێیگەیشتووم، هەر ئەوەم دەست دەکەوێت، کە کاوە یادەوەری دەرکەوتنی پیشەی سەرەتایی مرۆڤی کۆن بووە، تا بەوە دەگات دەتوانن ئاسن بتوێننەوە و، کورە دروست بکەن. دیارە لە کۆندا، ئەم کارە بە ڕووداوێکی زۆر گرنگ و گەورە داندراوە، بۆیەشە ناوەکە، لە زوربەی زمانە هیندۆروپییەکاندا، وەک ئاماژە بۆ پیشەی برین و کوتان و ئاسنگەری، بە نەمری ماوەتەوە. واتا ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر، دەبێت لە سەرەتادا، بریتی بووبێت لە نەمر کردنی ئەو داهێنانە مەزنەی کە ژیانیانی سەتاپا گۆڕی. بە دروست کردنی گاسن و داس و ئامرازی دی ئاسنین، بەرهەمی درواوەی دانەوێڵەی چەندجارە لێکرد. دەرکەوتن و هەبوونی هەردوو ناوی کاوە و، ئاسن، لە زمانە لێکدوورەکانی هیندۆروپی، بەڵگەی ئەوەیە کە ئەو گەلانە، لە کاتێکدا کە هێشتا پێکەوە و لیک نزیک دەژیان، ئەو داهێنانە گەورەیان دەست کەوتووە. کەواتە دەبێت هەردوو

ناوەکەش، لای نەوەکانیان، بە نەمری مابێتەوە. تەنانەت بەشێک لە چیرۆکە ئەفسانەییە درەنگترەکانیش، دیسان دەناسرێنەوە. با سەیرێکی بەراوردکاری پێوانەیی، هەردوو وشەی کاوە و ئاسن بکەین:-

## بەشی سێهەم

### کاوەی ئاسنگەر و ئەژدیهاکە

جێیخۆیەتی لێرە ئاورێک لە واتای ناوی (کاوەی ئاسنگەر) بدەینەوە، کە هەر بە هەمان میتۆدی زانستیانەی بەراوردکردنی پێوانەیی لە نێوان زمانە هیندۆروپییەکاندا ساغم کردۆتەوە. ڕەنگە خوێنەر توشی سەرسوڕمانیی بکەم کە من لێرەدا، بۆ یەکەمین جار ئاشکرای دەکەم ودەڵێم: (کاوە) ناوی چ کەسێکی مێژویی نەبووە و، لە زمانی هاوبەشی کۆنماندا هەر واتای (ئاسنگەر) بووە. وشەکە لە پیشەی ئاسنگەریش کۆنترە و، پێش پەیدا بوونی ئاسنگەری، بۆ پیشەی داربڕین بەکار هاتووە. دەتوانم ئەمە بە ڕێگای بەراوردکردنی پێوانەیی، لەگەڵ وشەی ڕەگ هاوبەشی زمانە دەستە خوشکەکانی کوردی، واتا زمانانی هیندۆروپی، بسەلمێنم.

ڕەگی وشەکە، بە واتای ئاسنگەری، بڕین و لەتکردن، لێدان و واتای دی نزیک ئەمانە، لە زۆر زمانی دەستەخوشک دەبینینەوە. لە گریکی komma، کۆمما واتا شتێکی بڕدراو، یان لەتکراو. زاراوەی کۆما (،) کە بۆ بڕین یان لەتکردنی ڕستە بەکاردێت، لەو وشە گریکیەوە هاتووە. هەروەک kope، کۆپێ و kovo، کۆڤۆ هەر واتا بڕین. لە لاتینیدا وشەی هاوڕەگی (cūdo، کوودۆ) واتا لێدان و کوتان. لە فەرەنسی couper، کۆوپەر واتا بڕینەوە. لە زمانی لیتاوی وشەی (kāuti، کاوتی) هەمان واتا دەدات. لە ئیرلەندیشدا (cúad، کوواد) واتا لێدان، شەڕ و نەبەردی). هەر لە ئیرلەندی goba، گۆبە واتا ئاسنگەر. هەروەک gobanus، گۆبانوس لە ئیرلەندە نازناوی کەسانی پیشە ئاسنگەر بووە. لە زمانی سلاڤی کۆن وشەی (kovati، کۆڤاتی) بە واتای ئاسنگەری و بڕینی دار هاتووە. لە بولگاری kopaya، کۆپایە واتا هەڵکەندن. لە سێربی kopati، کۆپاتی هەمان شت. گەر سەرنج بدەینە زبانە هیندیەکانیش، دەبینین لە ماراتی kapane، کاپەنێ واتا بڕین. لەتکردن. لە گوجاراتی kapi، کاپی هەمان واتا. لە ئوردو کاپ هەمان شت. لە بەنگالی capa، کاپە، یان چاپە بە هەمان واتا. تا لە زمانە گێرمانیەکانیشدا، دوای گۆڕانی ڕێساداری دەنگی (ک) بۆ (ه)، دەبینین لە زمانی ساکسی کۆندا وشەی هاوڕەگی hauwan، هاووان (بنەڕەتی کاووان)، واتا بڕینەوە و لێدان . لە ئەنگلۆساکسۆنیدا بۆتە heawan، هێیەوان (بنەڕەتی کێیەوان) بە هەمان واتا. لە زمانی ئەڵمانی hauen، هاوێن (بنەڕەتی کاوێن) هەمان شت. لە ئینگلیزیشدا بە شێوەی hew، هێو،(بنەڕەتی کێو) هەر بۆ داربڕین بەکاردێت. لە زمانی ئیسلاندی بۆتە (hoggva، هۆگگڤە) . لە دانمارکی (hugge، هوگگێ) و لە سویدیش (hugga، هوگگە). لە فارسیشدا جگە لە ناوەکە خۆی، وشەی (کوبیدەن) و (کوفتەن) بۆ سەر ڕەگی هەمان ناو دەگەڕێنەوە. هەروەک وشەی (کوبە) بە واتای چەکوش، لە هەمان ڕەگەوە هاتووە.

لە زمانی کوردیش، وشەکە، گەلێک وشەی دی لێ وەپاش کەوتووە. وەک کوتان کە لە زاراوەی کرمانجیدا واتای (لێدان) دەگەیەنێت و، لای ئێمەش بە شێوەی (ساوار کوتانەوە، کوتان بۆ ڤاکسین) و واتای دیش ماوە. هەروەک کوانو و کوانک، بە واتای

ئاگردان، لە هەمان کوانوی ئاسن تواندنەووە ماوەتەوە. کاویان و کاویانەوەش بە واتای سوتانەوە، لە هەمان پیشەوە ماوەتەوە. تەنانەت بە گومانی من، کاوانیەکانی دانیشتووی گوندی (کاوانیان)یش، لە بنەڕەتدا ئاسنگەر بوون و، ئەو نازناوەیان پێبڕاوە. وا دەردەکەوێت، کە ناوە هاوبەشەکە، سەرەتا بۆ پیشە دەستیەکان بەکارهاتووە. واتا ئەو پیشانەی کە لە دارتاشی و تەختە سازیەوە هاتوون، تا خەڵوز دروست کردن و داگرتنی کورە و کوانو. لەگەڵ داهاتنی ئاسنگەری، لە هەندێک زبان، ڕەگی هەمان وشە بۆ ئاسنگەری گەشەی پێدراوە. ڕەگی هەر ئەم وشەیە، بە واتای چەماندنەوە و گوشار خستنەسەر، لە زبانە گێرمانیەکاندا، هێشتا بە باشی پارێزراوە. لە ئینگلیزی cow، کۆو. دانمارکی kue، کوێ. لە نەرویژی kua، کوە. هەروەها kyva، کیڤە. لە سویدی kuva، کوڤە، هەموویان بە واتای چەماندنەوە و گوشار خستنە سەر شت هاتوون. تا لە ئینگلیزی وشەی cuff، کەفف بە واتای بە دەست کوتان یان لێدان، هەموویان هاوڕەگن. دەبینین لە ئەنگلۆساکسۆنی توشی وشەی cweccan، کوێکان دەبین کە نازناوی ئاسنگەری دەگەیەنێت. لە ئینگلیزی بۆتە quaker، کواکێر بە هەمان واتای ئاسنگەری. لە ئەلمانیش وشەکە دەبیندرێت، بە شێوەی quaker، کواکێر. شارەزایان وایان لێکداوەتەوە کە وشەکان پێناسەی خۆجوڵاندنەوە و لەرزینەوەی ئاسنگەرە لە کاتی کارکردندا.
من بە ڕوونی دەیبینم، کە ئەم وشەیەش، سەر بە هەمان دنیای پیشەیە، کە لە وشەکانی دی پێشووتردا ئاماژەمان بۆیان کردووە.

لە ئاڤێستاییدا نە ناوی کاوە هەیە و، نە ئاماژەیەکی دیاریش بۆ داستانەکە. تەنیا شتێک کە شایانی بیرهێنانەوە بێت، بریتیە لەوەی کە لە بەشە هەرە کۆنەکەی ئاڤێستا (یەشتی پێنجی گاتاکان)، ناوێک بە kavi، کاڤی هاتووە، کە ڕێگای بە زەردەشت و خاو و خێزانی نەداوە، تا لە زستانە هەوارەکەی وی پشو بدەن و بسێنەوە. ئەمە بەرەو ئەو بیرەمان دەبا، کە تەمەنی چیرۆکەکە، بۆ ئەو سەردەمە بەرینەوە، کە هۆزە هیندۆرووپیەکان، تازە پیشەی ئاسنگەری فێرببوون.

## شەڕو نەبەرد لەگەڵ ئەژدیها

زۆرێک لە زمان و فەرهەنگە هیندۆرووپیەکانی کۆن، ئەفسانە و چیرۆکێکیان هەیە، کە باسی پاڵەوانێک دەکات، (زۆرجاران. بەڵام لە هەموو گێرانەوەکانیشدا نا، ئەو پاڵەوانە، توانایەکی لە ڕادەبەدەری خودایی پێدراوە). پاڵەوانەکە لە گژ ئەژدیها، یان مارێکی گەورە و بەهێز ڕادەچێت، کە دوژمنی هاوبەشی هەموو خەڵکەکەیە. پاڵەوان، دوای شەڕو نەبەردیەکی سەخت، یان تێکۆشانێکی درێژخایان، هەموو جارێ، یان لە هەموو شێوە داستانەکاندا، لە کۆتاییدا، دەتوانێت بەسەر ئەژدیها، یان مارەکەدا زاڵ بێت و بیکوژێت. لە ئەفسانە زۆر ناسراوەکانی ئێمە، چیرۆکی (کاوەی ئاسنگەر)، تێبینی دەکەین، داستانە ئێرانی- کوردیەکە، لە زەق کردنەوەی ڕۆڵی ئەژدیهاکە، یان مارەکە، هەندێ زێدەڕەوی کردووە. پاشای زۆردار، لە لایەکەوە دوو ماری لەسەر شان ڕوواون، لە لاکەی دیشەوە، هەرخۆی، واتا پاشا (ئەژدیهاکەکەیە).

ناوەڕۆکی ئەو نەبەردە پیرۆز و گەورەیە. سەرلەبەری ئەفسانە کۆنەکانی هیندۆرووپی داگیر کردووە. لە زمانی گریکی کۆن، دەقەکانی شەڕو نەبەردی (زێوس) لە دژی تیفۆن. هەروەها شەڕو نەبەردیەکانی کرۆنۆس لەدژی ئۆفیۆن، هەمان ناوەڕۆکیان هەیە. لە ئەفسانەکانی هیندستانیش، دەکرێ پەنا بۆ گێرانەوەکانی ڤێدا بەرین، لەبارەی شەڕو نەبەردی ئیندرای خوداوەندی بروسک، لە دژی گەورە ماری (ڤرترە، vrtra) کە سەرچاوەی ئاوی لە خەڵک گرتبوو، بەوەی ئەژدیهایەکە لە سەر سەرچاوەی ئاوەکە، پەپکەی

کردبوو. لای هیتیەکانیش، ئەفسانەیەکی سەرەکی و گشتگیر هەیە، لە سەر خودای گەرداو و شەپۆلان (تەرهونە)، کە لە گەڵ ئەژدیهاییێکی گەورە دەکەوێتە شەڕ و نەبەردیەوە، تا بە سەریدا زاڵ دەبێت و دەیکوژێت. مارە گەورەکەی داستانی هیتیەکان، لە تابلۆ نوسراوەکاندا، ناوی بە (illuyankas، ئیللویانکەس) براوە. دیاردەی لەوجۆرە شەڕو نەبەردیانەی لە سەرەوەدا ئاماژەمان بۆ کردن، لە فەرهەنگی گەلانی گێرمانیش دەبیندرێت. لە نمونە باشەکانی ئەو دەرخستەیە لای گەلانی گێرمانی، بریتیە لە شەڕەکانی (تور،tor)ی خوداوەندی ڤایکینگەکان، لەگەڵ (jörmungandr، یۆرمونگاندر). هەروەها دیاردەی شەڕ لەگەڵ مار، لە داستانی لە سەر بەرد هەڵکەندراو و زۆرناسراوی ڤایکینگەکان (سیگورد و فافنەر) دەبیندرێت. هەروەک چۆن ئێمە بە شێوەیەکی زیندوو، هەڵسوکەوت لەگەڵ پاڵەوانیەتی (کاوە)ی ئەژدیها، یان مارکوژ دەکەین، گەلانی دی هیندۆرووپیش، ئاوا ڕێز لە مارکوژەکانی خۆیان دەگرن، کە وا پێدەچێت هەموویان لە بنەڕەتدا یەک کەس بن، یان لە یەک ڕووداوی هاوبەشەوە سەرچاوەیان گرتبێت. پارێزەری شاری ستۆکهۆڵمی پایەتەختی سوید، کە هاوکات سومبول و نیشانەی شارەکەشە و لە سەر هەموو شتێکی لەو شارە دەرچوو، دەبیندرێت، بریتیە لە (سانت گۆران، یان یۆران، sant göran). وێنەکەی سانت یۆران، لە شوێنە گشتیەکان و تا ناو کلێساکانیش دەبیندرێت. سانت یۆران لە وێنەکاندا، لە سەر ئەسپێک دانیشتووە و، بە ڕمێکی درێژ، خەریکی کوشتنی ئەژدیهایەکە، کە خۆی لە قاچی ئەسپەکە ئالاندووە. بە گشتی لەو چیرۆکە زۆرکۆنانەدا، خوداوەندی بروسک یان گەرداوە ، کە شەڕ لە دژی ئاژاوە و ناڕێکی دەکات و، هەمیشەش لە کۆتایی جەنگەکەیدا زاڵ دەبێت. هەرچی لە چیرۆکە کوردیەکەیە، کە پاشخانێکی کۆنی ئێرانی هاوبەشی هەیە. ئەوا پاڵەوانەکە، پلەکەی لە خودایەتیەوە بۆ مرۆڤ داگیراوە، بێ ئەوەی گۆڕانێکی بنەڕەتی بە سەر توخمە گشتیەکانی گێڕانەوەکەدا هاتبێت. ڕەنگە ئەم پلە داگرتنە، بۆ دوای هاتنی ئیسلام بگەڕێتەوە، چونکە دەقەکانی چیرۆکەکە، وەک شانامە پەخشانیەکەی (ئەبو مەنسوری)ی و، دوای ئەویش شانامەکەی فیردەوسی، بە فارسی. هەروەها شانامەی کوردی، زاراوەی گۆرانیی هەموویان، دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی ئیسلام لە ناوچەکەدا نوسراون.

ئاسن: هەروەها ئاسین بە زاراوەی سیوەندی. ناوی یەکێک لە کانزا هەرە گرنگەکانە لە بواری پیشەسازیدا. ناو، یان وشەی ئاسن، لانی کەم لە چوار بنخێزانی گرنگ و لێکجیای، زبانە هیندۆرووپییەکان، دەری دەخەن کە لە یەک بنەچە و ڕەگی هاوبەشەوە هاتوون. لە زبانە کێلتیەکان، دەبینین ناوی میتالی ئاسن، وەک لە وێلزی بریتیە لە haearn، هەیێرن. لە زبانی ئێرلەندیش ناوەکە iarann، ئیەرەن، کە لە زۆر ڕووەوە هەمانە کە لە زبانە گێرمانیەکاندا دەبیندرێت. وەک لە زبانی گالی ئاسن پێیدەگوترێت isarno، ئیسەرنۆ. لە ئەنگلۆساکسۆنیشدا بۆتە isern، ئیسێرن و iren، ئیرێن. لە گۆتی پێیگوتراوە eisarn، ئێیسەرن. هەروەها aiz، ئەیز. هەروەها ais، ئەیس. لە هەردوو زبانی ساکسۆنی و ئەلمانی باڵای کۆنیشدا، ناوی میتاڵەکە بۆتە isarn، ئیسەرن. لە ئیسلاندی هەردوو isarn، ئیسەرن و jarn، یارن واتا ئاسن. لە ئینگلیزی پێیدەگوترێت iron، ئایرن. لە هەردوو سویدی و دانمارکی jern، یێرن و، تا دەگات بە ئەڵمانی کە ئاسن بۆتە eisen، ئێیسن. دەبینین ڕێگای ئاسن بە زبانی ئەڵمانی پێیدەگوترێت eisenbahn، ئێیسن بان. کاتێک کە ئەمانەش لە گەڵ زبانە ئێرانیەکان بەراورد دەکەین، وەک لە ئاڤێستایی asan، ئەسەن واتا ئاسن. هەروەها بە هەمان زمان، گوتراویشە ayah، ئەیە هـ و ayo ، ئەیۆ. لە زبانی مادی - ئەخمێنی ayah، ئایەه بە هەردوو واتای ئاسن و میتاڵ، یان کانزا هاتووە. بە کوردی ئاسن و بە فارسییش (ئاهەن)ە. بەڕاستی بە تێڕوانینی ناوەکان لەو زبانانەی سەرەوە، دیاردەیەکی سەرنجڕاکێشی هاوبەش دێتە گۆڕێ. ئەگەر جێگۆڕکێ کردنی دەنگەکانی (ر) و (هـ) بە (س)، جێبەجێ بکەین، کە لە ناوی میتالەکەدا، بە زبانەکانی سەرەوە دەردەکەون و، هەموویان بکەین بە یەک دەنگ، بۆ

نمونە هەموویان بکەین بە (س)،ئەوا لێکچوونی ناوەکە،لەو زمانانەی سەرەوەدا، زۆر ڕوون دەردەکەوێت. بۆ نمونە (هەیێرن)ی وێلزی، بە گۆڕانی دەنگی (ر) بۆ دەنگی (س) دەبێتە (هەییس). هەر بەو شێوەیەش ناوی ئیرلەندی (ئیەرەن) دەبێتە (ئیەسەن). (ئایرن)ی ئینگلیزیش دەبێتە (ئایسن). وشەی سویدی و دانمارکی (ییرن)یش، دەبێتە (ییسن). هەروەها (ئاهەن)ی فارسیش دەبێتە (ئاسەن). هەرچی ناوە ئەڵمانیەکەیە، (ئیسن) ئەوا ڕێسای دەنگی، وەک ناوە کوردیەکە وایە. کەواتە ئەم بەراوردکردنە سادەیە دەیسەلمێنێت، کە ئاسن لای ئەو سێ بنخێزانە، بە یەک ناوی هاوبەش ناسراو بووە. واتا ئەو بنخێزانە گەورەو ناسراوانەی هیندۆروپی، بەر لە لێکجیابوونەوەیان لە یەکدی و، دروستبوونی زبانەکانیان، ئاسنیان ناسیوە و بەکارهێناوە. کەواتە سەرەڕای ئەوەش، کە ناوەکە هێشتا لە زبانە کلاسیکیەکان بە ڕوونی نەدۆزراوەتەوە، بەڵام ناوی میتالەکە لە هەر سێ بنخێزان، دەرخەری ئەوەیە کە لە یەک پرۆتۆزبانی هاوبەشەوە هاتوون. بەم دواییانە ئەمەش ساغ بۆتەوە کە لە لاتینی بە ئاسن گوتراوە eas، ئێیەس. دوورگەی قوبرس، پێش ساڵانی ٧٠٠ پ. ز بە Ajasja، ئاياسيا ناودەبرا. گوایە ئەو ناوەش هەمان میتالی ئاسنە، کە لە لاتینی بۆتە eas، ئێیەس. گرنگە کە بزانین ناوی ئاسن لە زبانی سانسکریتیشدا بریتیە لە asan، ئەسەن. هەروەها ayas، ئەیاس. بەمجۆرە بوونی ناوەکە هێشتا بەرفراوانتر و کۆنترە، لەوەی کە جاران بۆی پێشبینی کرابوو. بوونی میتۆلۆژیای زۆر کۆنی (کاوەی ئاسنگەر)یش لای ئێمە، ئاماژەیەکە بۆ کۆنی پیشەی ئاسنگەری. هەندێک لە شارەزایان، لایان وایە کە وشەی ئاڤێستایی ayangha، ئەیەنگهە هەر ناوی میتاڵی ئاسنە. ناوی پۆڵا، لە هەندێک زبانی هیندۆروپی، ڕاستەوخۆ لە ئاسنەوە هاتووە. وەک بە لاتینی acies، ئاسییێس واتا پۆڵا. لە فەرەنسی acier، ئەسییێر واتا پۆڵا. ئەڵمانی کۆن ecchil، ئێسچیل واتا پۆڵا. لە سلاڤی کۆن oceli، ئۆسێلی واتا پۆڵا. هەروەها ناوی (کورەی ئاسنگەری) بە هەمان شێوە. وەک دەبینین وشەکە ڕاستەوخۆ لە (ئاسن)ەوە هاتووە. لە ئەڵمانی کۆن essa، ئێسسە واتا ئاگردان، کورەی ئاسنگەری. لە ئەڵمانیدا esse، ئێسسێ. دانمارکی esic، ئێسیک و esse، ئێسسێ. بە نەرویژی esja، ئێسیە. لە سویدی ässja، ئێسسیە هەموویان بۆ کورە و ئاگردان بەکارهاتوون. دیارە وشەی سانسکریتی asa، ئاسە بە واتای خۆڵەمێش، کە لەگەڵ (هیس)ی کوردی خزمایەتی هەیە، دیسان لەگەڵ وشەکانی سەرەوە هاوڕەگە. هەروەها وشەی گریکی eskhare، ئێسخارێ بە واتای ئاگردان لە هەمان ڕەگەوە هاتووە. تا لە زبانی فینلەندیشدا، وشەی ahjo، ئەهیۆ بۆ ئاگردان خزمایەتی لەگەڵ وشەی پەهلەوی ahan، ئاهەن هەیە بە واتای ئاسن. هەندێک لە شارەزایان لایان وایە کە ڕەگی هەموو وشەکان، دەچێتەوە سەر کرداری PIEی ai- ئای- بە واتای درەوشانەوە. یان ais، ئەیس بە هەمان واتا. دەبینین لە گرێکیش ئاسن پێیدەگوترێت aitho، ئەیتۆ یان ئەیسۆ. ناوی سلاڤی میتالەکەش، وەک لە ڕووسیدا Jileza، ژیلێزە دەیبینین، لە دوو بەش پێکهاتووە. ژیل+ ئێزە. ژیل واتا درەوشاوە. وەک لە وشەی کوردی ژیلەمۆ دەبیندرێت. هەروەک وشەی "ئێزە" هەمان ئاسنە. واتا ناوی میتالەکە لەو زبانانەشدا، هەر بۆ هەمان ڕەگی هاوبەشی ناوەکە دەگەڕێتەوە. بوونی دڵنیای ڕەگێکی هاوبەش بۆ ناوی ئاسن، بایەخی یەکجار زۆرە، بۆ دیاری کردنی تەمەنی زبانی هاوبەشی پرۆتۆهیندۆروپی. هەروەها سەردەمی پەرتەوازە بوون و، لێکجیابوونەوەی بنخێزانە زبانەکانی ئەو خێزانە زبانە. چونکە دیاری کردنی سەردەمی پەیدابوونی ئاسن و، شوێنی گریمانیی ئەو پەیدا بوونەش،کارێکی بەو ڕادەیە ئەستەم نیە.

ناڵی دەڵێ: ئیلتیقای پۆڵا و ئاسن، هەر نیزاعە و گیر و دار... جەمعی مائو نار و، زەند و زەندە و مەرخ و عەفار.

## بەشی چوارەم

کۆنترین وەسفێکی نوسراو، لەسەر ئاهەنگ گێڕانێکی جەژنی نەورۆز:

مارسلیۆسی بازرگان، وەسفی ئاهەنگی نەورۆزی بارەگای ئەنەوشیروانی پاشای ساسانی دەکات، لە شاری تەیسەفونی پایتەخت، یان مەدائین و سەلمان پاکی ئێستا. ئەو، ئاوا و بەم جۆرە، ئاهەنگەکە دەگێڕێتەوە (لە یەکەمین ڕۆژی جەژنی نەورۆزدا، کچان و ژنانی پایتەخت، بە جل و بەرگی ئاوریشمی ڕەنگ ئاوی و سەوز. پیاوانیش، بە جلی تازە دراوەوە، لە حەوشەی کۆشک کۆبوونەوە و، دەستیان بە هەڵپەڕکێ کرد. لە ناو تەلاری بە شکۆی، کوشکی (نیگارستان)ی کیسرا ئەنەوشیروان (٥٣١ - ٥٧٩ز)دا، کە ڕووبەرەکەی ٦ هەزار مەتری چوارگۆشەیی دەبێت، فەرشی زەویەکەی سپی بوو. پارچەیەکی ڕازاوە بە گەوهەری حەوت ڕەنگ، لە هەیوانی تەلار هەڵواسرا بوو. ئەو فەرشە دیمەنی بەهار و سروشتی دەنواند. درەختەکانی سەر فەرشەکە، بە زومرد و، چرۆکانیشیان، بە بەردی بەنرخی، زەبەرجەد، ئاقیقی ڕەنگ سپی، سورەتی و، یاقوتی سور ڕازابوونەوە. پەیکەری وشترێک، لە زیوی سپی و، ئەسپێکیش لە زێڕی پاکی بێ خڵتە، بە زین و ڕەختی، بە گەوهەران ڕازاوە، لە جوانی تەلاری پاشای، پتر کردبوو. لەوپەڕی هەرە دوایی تەلارەکە، پەردەیەکی مرواری هەڵواسرابوو، کە بە ئاوریشمی ڕەنگ ئاوی دروابوو. پەردەکە سەرتاپای، پلپلەی زێڕی پێوە کرابوو.

لە ناو تەلارەوە، بە میوە و شیرینی و خۆشاو، پێشوازیان لە پیرۆزباییکەران دەکرد. ئامادە بووانی تەلار و، ئەو کەسانەش، کە لە باغی تەلارەکەدا، کۆببوونەوە، لە لایەن گۆرانی بێژانەوە، خرابوونە شادیەوە....).

وەسفێکی دی کۆن، لەسەر پیشوازی کردنی خەڵکی، لە نەورۆز و سەری ساڵ، ئەوەیە کە مێژونوس (ئەلبەیرونی) نوسیویەتی...(لەگەڵ دەستپێکردنی ساڵی نوێ، بە تەمەنترین کەسی خێزانەکە، هەڵدەستێتەوە سەر پێیان و، کەوچکێ هەنگوین، یان پارچە قەندێک، دەخاتە دەمی یەک بە یەکی ئەندامانی خێزانەکەی. هەروەها، بە دابەش کردنی دیاری، کە دەستە جلێکی سەوزە، یان پارەیەکی کانزایی تازە لێدراو، کە خراوەتە ناو سێوێک، یان لیمۆیەک، پیرۆزبایی هاتنی نەورۆزیان لێ دەکات. ئینجا دوای ئەمانە، هەموو ئەندامانی خێزانەکە، هەڵدەستن و، نوێژی سوپاس و تەندروست باشی دەکەن. لە ئاهورامەزدا (خودا) تەمەن درێژی و، ئارامی و شادمانی دەخوازن. دوای ئەو ڕێوڕەسمە خێزانیە، ژن و پیاو، بچوک و گەورە، دەڕژێنە کۆڵان و، لە سەر ڕێگای خۆیاندا، هەر کەسێکیان بەرچاو کەوت، ئەوا ئاوی پێدا دەپڕژێنن).

من سەرنجم لەوە داوە، کە تا ئێستاش، لە کوردەواری، گەر کەسێک ئاوی لە دەست بڕژێت، پێی دەڵێن: "هیچ نەبوو، ئاو ڕووناکیە".

## میر نەورۆزیی:

یەکیکی دی لە نەریتە کۆنەکانی کوردەواری، لە کاتی یادکردنەوەکانی جەژنی نەورۆزدا، میر نەورۆزییە. لە سەردەمە کۆنەکاندا، وا باو بوو کە فەرمانڕەوا و دەستەڵاتداری شار، لە پێنج ڕۆژی یەکەمی دوای نەورۆز، دەستی لە فەرمانڕەوایی هەڵدەگرت. خەڵکی شار و گوندەکانی دەوروبەر، کەسێکیان لە جیاتی فەرمانڕەوا، بۆ میری شار دەستنیشان دەکرد. بەو کەسە دەگوترا میر نەورۆز.

هەڵبژاردنەکە، بێبەش نەدەبوو لە نواندنی شانۆیی و هەندێک شێوەی گاڵتەجاڕیەوە. میر نەورۆز، جل و بەرگی ڕازاوە و تایبەتی لەبەر دەکرا. ئەو بە هاوکاری چەند یاوەرێکی، کە خۆی هەڵیدەبژاردن، کاروباری فەرمانڕەوایەتی و، دادگای هەڵدەسوڕاند. وەک باویش بوو، هەموو خەڵک، بە فەرمانڕەوای ڕاستیشەوە، ملکەچی فەرمانەکانی دەبوون. فەرمانەکانی میر نەورۆز، وەک نەریتێکی ناسراو، دەبا جێبەجێ بکرێت. زۆر جاران، میر نەورۆزی، بە هاندانی ئەوانەی کە ببوونە وەزیر و گزیری میر، بڕیاری ئەوتۆی دەردەکرد، کە جۆرێک لە دژایەتی تێدا بوو، لەگەڵ بڕیار و فەرمانەکانی میری ڕاستی. هەروەک زۆر ناهەقی هەقخوراوانی، بۆ خاوەنەکانیان دەگێڕایەوە. فەرمان و بڕیارەکانی میر نەورۆزی، دەبایە لای هەمووان ڕێز لێگیراو بێت. تەنانەت میری بەڕاستیش، دوای گەڕانەوەی بۆ دیوەخان، بۆی نەبوو، بڕیارەکانی میر نەورۆز هەڵبوەشێنێتەوە. لە ڕاستیدا، میر نەورۆزیی، بریتی بوو لە دەستەڵاتی ڕاستەوخۆی خەڵک، لەو ٥ ڕۆژە سنوردارەدا. سەرچاوە هەن، کە ماوەی دەستەڵاتی میر نەورۆزییان، تا ڕۆژی سێزدە بەدەر زانیوە. غەنی بلوریان، لەسەر چۆنیەتی یەکێک لە میرەکانی نەورۆزی شاری مەهاباد، بە ناوی (سەدیقی سیاسەری)، کە خۆی لە کاتی هەڵبژاردنی، لەوێ بووە، بە درێژی نوسیوە. ئەو لە بارەی دەستەڵاتی میر نەورۆزی وای نوسیوە (ڕادەی دەستەڵاتی میر، لە شار و لادێیەکانی نزیکیدا، زۆر بەرفراوان بوو. ئەو دەیتوانی خەڵک سزا بدات و، باج لە مرۆڤی ساماندار بستێنێ. پارەکانی میر، لە خەزێنەی میردا کۆدەبووەوە. میر بەو پارانە. یارمەتی بنەماڵەی هەتیوبارەکان، پیر و پەککەوتوەکان و، ئەو لاوە دڵدارانەی دەدا، کە پارەی زەماوەندیان نەبوو. میر دەیتوانی، ناکۆکی نێوان خەڵک چارەسەر بکات و، ئەوان لە دژایەتی لەگەڵ یەکتر و، ڕووبەڕوو بوون دژی یەکتر بپارێزێ و، گەلێک داب و نەریتی جوانی کوردەواری، زیندوکاتەوە.). دەکرێت بڵێم کە میر نەورۆزیی کوردی، بە شێوەیەک، هەمان ئەو نەریتەیە، کە دواتر لای مەسیحیەکان، بە شێوەی بابانوئێل، لە یادی لەدایک بوونی عیسای مەسیح دەیکەن. دیارە بە ئەرک و دەستەڵات و فەرمانێکی زۆر جیاوازەوە.

تا ساڵانی سی و چلی سەدەی بیستیش، لە سلێمانی و مەهاباد و، زۆر گوندی گەورەی کوردستان، ڕێوڕەسمی میر نەورۆزیی دەکرا. دوای گەیشتنی خوێندنگە، ڕێگاو بان و، کارەبا و ڕادیۆ، دواتریش تەلەفزیۆن، ئیدی یادەکە بەرە بەرە، بەرەو کزی چوو. بە تایبەت دوای ئەوەی کە دەوڵەت لە باشور، زەوی لە ئاغاکان سەندەوە و، لە شوێن و پێگەیانی دا. دواتریش، چاکسازیەکانی زەوی شا، هەمان شتی لەگەڵ خانە زەویدارەکانی ڕۆژهەڵات کرد. واتا دیوەخانی ئاغا و خانەکان هەڵگیران و، پۆلیسخانەکانی دەوڵەتی داگیرکەر شوێنیانی گرتەوە. دیارە یاری و ڕابواردنی، دەستەڵات لە پۆلیس وەرگرتن، هەرگیز ئاوا بە خۆشی و ئاسانی نەدەکرا.

ئەوەی مایەی تێڕامانە، ئەو دیاردەیە، لە سەردەمی دەستەڵاتی کۆنینەی بابلیانیشدا هەبووە. لەوێ، ئەم کارانە، لە ٢١ی ئادارەوە، ڕۆژی نەورۆز، تا ڕۆژی هاتنی سەری ساڵی بابلی، لە 1ی نیسانی دەخایاند. دیاردەکە لە یەکێک لە تابلۆ مێخیەکاندا، ناوی لێنێدراوە "ئازادی بێ سنور". جێگای سەرنجە کە لە کۆمەڵگایەکی دابەش بوو بەسەر کۆییلە و خاوەن کۆیلەدا، لەو ڕۆژانەدا، کارکردن بە کۆییلان قەدەغە دەکرا. ئەوەی بشیویستبایە، ئەوا هەر لەو بۆنانەدا، کۆیلەی ئازاد دەکردن.

## سێزدە بە دەر:

سێزدە ڕۆژ دوای نەورۆز، وەک باوە، خەڵک لە ماڵەکانیان دەچنە دەرەوە و، ڕوو لە دەر و دەشت و ناو باخان دەکەن. هەروەک لە هەندێک شوێن، ناو ماڵ هەڵدەتەکێنن و دەیدەنە بەر خۆرەتاو.

مێژونوسان شتێکی ئەوتۆیان لەسەر سێزدە بەدەر بۆ نەنوسیوین. ئەوەی هەیە، هەر لێکدانەوەی جۆراو جۆرن، کە بۆ ئەو نەریتە کراون. ئەوەی پتر لە هەمووان لە ڕاستی دەچێت و، لەگەڵ بۆچوونە ئایینیەکانی زەردەشتی ڕێک و تەبا دێتەوە، ئەوەیە کە، لەو ئایینەدا، ١٢ کەلو، یان بورجەکە، نیشانەی بەختەوەری بوون. ١٢ ڕۆژی یەکەمی ساڵی نوێ، بە ڕۆژانی تایبەتی ئەو کەلوانە داندراون. کەواتە کەوتنە ناو ڕۆژی سێزدە، واتا دەرچوون لە بەختەوەری و، چوونە ناو جغزی بەدفەڕی. خەڵک لەو ڕۆژەدا، بۆ داتەکاندنی بەدفەڕی، ناو ماڵەکانیان هێناوەتە دەرەوە و، هەڵیانخستووە. هەر لەبەر هەمان هۆش، ئەو ڕۆژە ماڵەکانیان چۆڵ کردوە و، وەک گەشت و سەیران، ڕوویان لە دەر و دەشت و، ناو ڕەز و گوڵ و باخان کردووە.

بابلیەکان، هەر مانگێکیان بە ناوی گیانەوەر، یان باڵندەیەکەوە نابوو. ئەوان پێڕەویان لە ساڵنامەی مانگی دەکرد، وەک کە ئێستا لە بۆنە ئایینیەکانی ئیسلام سودی لێ وەردەگیرێت. بە گوێرەی ئەم ساڵنامەیە بێت، هەر ساڵەی یازدە ڕۆژی لێ کەم دەکات. واتا بە سێ ساڵ مانگێک ون دەبێت. بۆ چارەسەر کردنی ئەمە، بابلیەکان، هەر سێ ساڵ، ساڵێکیان دەکردە کەبیسە و، بۆ پڕ کردنەوەی کەلێنەکە، ساڵیان دەکردە سێزدە مانگ. مانگی سێزدەم، کە ساڵانە نەبوو، ناونرابوو، (قەلە ڕەش). سەیر ئەوەیە کە تا ئەمڕۆش، لە کوردەواری، قەلە ڕەش بە باڵندەیەکی بەدفەڕ دەزاندرێت. دیارە ژمارە سێزدەش بە هەمان شێوە. دوای بڵاوبوونەوەی ئایینی مەسیحی، فەرهەنگی بەدفەڕ کردنی ژمارە سێزدە، لێکدانەوەی دیشی بۆ کرا. دەبێت سەرنجی ئەمەش بدەین، کە سێزدەبەدەر، واتا سێزدە ڕۆژ دوای نەورۆز، ڕێک دەکاتە یەکەم ڕۆژی مانگی نیسان، کە لای بابلیەکان سەری ساڵ و، لە ماڵ دەرچوون و، ئاهەنگ گێڕان بووە.

ئەوەی جێگای ئاماژە بۆ کردنە، لە ڕێگای بڵاوبوونەوەی فراوانی ئایینی میترایی، لە سنوری ئیمپراتۆریەتی ڕۆمانی، سێزدە بەدەر، بووە بەشێک لە داب و نەریتی ئەوروپیانیش. بە هەمان شێوە، دیاردەکە کەوتۆتە ناو ئایینی مەسیحیشەوە. ئەوان سێزدە ڕۆژ دوای کریسمس، یان ڕۆژی لەدایک بوونی مەسیح، دەکەنە پشو، هەروەها ناو ماڵ پاک کردنەوە. لەو ڕۆژەدا، چڵە دار زەیتونی جەژنی لەدایک بوون، فڕێ دەدەنە دەرەوە.

بەدفەڕی ژمارە سێزدەش، لای گەلانی ئەوروپی، زۆر ناسراوە. لە نەریتی وڵاتانی مەسیحی ئەوروپا، ئەگەر، سێزدەی مانگ بکەوێتە ڕۆژێکی هەینی، ئەوا زۆر شومترە و، وا باشە ئەو کارەی لەپێش مرۆڤە، دوای بخات. ڕوونکردنەوەی جۆراوجۆر بۆ ئەم داب و نەریتە کراوە. ڕاستیەکەی ئەمەیە کە بۆ سەردەمی بڵاوبوونەوەی ئاینی مەسیحی دەگەڕێتەوە لە ناو گەلانی ڕۆژهەڵات، بەتایبەت ئارامی زمانانی دەشتی شام. لە مەسیحیەت، ڕۆژی یەک شەم، بە ڕۆژی خواپەرستی دادەندرێت و گوناه بووە خەڵک لەو ڕۆژەدا کاری دی بکات. تەنانەت کار کردن لە یەک شەممە بە شومیش دادەندرا. ناوی یەکشەم بە ئارامی بریتیە لە سێ پیتی (أحد). لە (ئەبجەد)ی ئارامی، هەر پیتێک و ژمارەیەکی جفرەیی ، یان کۆدی هەیە. ئێمە دەزانین ژمارەی هەر یەک لە پیتەکانی ڕ =١. ح =٨.

د = ٤. کەواتە هەرسێ پیتەکەی پێکهێنەری ناوی (أحد) ژمارەکەیان دەبێتە سێزدە. شومی سێزدە لەم ڕاستیە سادەیەی سەرەوە بڵاوبۆتەوە. لە سەردەمی شەڕی خاچپەرستیدا، دیاردەکە دەکەوێتە ناو گەلانی مەسیحی ئەورووپیشەوە.

## بەشی پێنجەم

### هۆی بە نەمری مانەوەی نەورۆز چیە؟

ئەگەر وای دابنێین کە نەورۆز، بە شێوەیەکی ناڕاستەوخۆ، یان ڕاستەوخۆ، پەیوەندی بە ئایینی زەردەشتیەوە هەیە، ئەوا وەک دەزانین، زەردەشتیان، هەر جەژنی نەورۆزیان نەبووە. گەلێک جەژنی گەورە و خەلکیی دیش هەبوون، کە ئێستا نەک هەر یادیان ناکرێتەوە، بەڵکو ناویشیان لە بیری نەوەکانی ئەڕۆمان نەماوە. هەر بۆ نمونە، ئێمە زانیاریمان لەسەر جەژنەکانی میهرەگان، تیرەگان، سەدە، ئازەربەخش و ... هەر ئەوەندەیە، کە مێژونوسانی سەرەتای ئیسلام، بۆمانیان تۆمار کردووە. کەواتە دەبێت هۆی چی بێت، کە لەناو هەموو ئەو جەژنە کۆنانەی سەردەمی ساسانیان، لە دوای هاتنی ئیسلام، تەنیا نەورۆز بوو، کە بەرگەی مانەوەی گرت و، خەڵکی ناوچەکە، منجڕانە بەردەوام بوون لە یاد کردنەوەیدا؟

زۆر کەس هەوڵی داوە تا وەڵامی ئەم پرسیارە بداتەوە. زوربەی وەڵامەکانیش، خۆیان لە دوو ئەگەر قەتیس کردووە. یەکەمیان ئەوەیە کە نەورۆز لە جەژنەکانی دی، زۆر کۆنتر و ناسراوتر و گەورە و گرنگتر بووە، بۆیە ئیسلام نەیتوانیوە لە بیر خەڵکی بەرێتەوە. دووەمیان هێشتا خەیاڵئامێز ترە. هەندێک وای دادەنێن، کە خەڵک ئەم جەژنەیان، وەک چەکێک بۆ دژایەتی کردنی عارەبان بەکارهێناوە و، ویستویانە هەمیشە پیشانی بدەن، کە ئەوان خاوەنی داب و نەریتی کۆنینەی خۆیان بوون، کە ئامادەن بۆ هەمیشە یادیان بکەنەوە. دیارە کە هەردوو وەڵام، خۆیان لەبەر نەشتەری لێکۆڵینەوەی ڕەخنەگرانە ناگرن. نەورۆز هەر لە بنەڕەتەوە جەژنێکی ئایینی و زەردەشتی نەبووە، تا لە جەژنەکانی دی، کە ئایینی و زەردەشتیترن، گەورەتر و گرنگتر بێت. کەواتە دەبایە یەکێکی دی لەو جەژنانەی سەرەوە، بە تایبەت میهرەگان، کە زۆر ناسراوتر بووە وە بە یادی میهر، یان میترا ناونراوە، بۆمان بمابایەوە. دیارە هەر ئەم وەڵامە، دەری دەخات، بۆچوونی دووەمیش ناڕاستە، چونکە هەمان پرسیارمان ڕووبەڕوو دەبێتەوە، کە بۆ لە دژایەتی کردنی عارەبان، تەنیا نەورۆز دەستی پێوە گیرا و، هەموو داب و نەریت و وردەکاریەکانی دی ئایینی کۆن وازی لێ هێنەدرا. تەنانەت خەڵکی کەوتنە بەردباران کردنی، چاڵی زیندە بەچالکردنی باوک و باپیرەشیان، لە بەرامبەر ئەوەشدا، گۆڕی داگیرکەرە بکوژەکانی دوێنێمان کردۆتە (گۆڕی ئەسحابان!). کەواتە هەستی دژایەتی کردنی عارەب، دەمێکە لە گیانی تاکی ئەم وڵاتە دەستەمۆ کراوە و، خەڵک لە بەرامبەر فەرهەنگی کۆنی خۆی، نامۆ و بێ ئاگایە.

کەواتە دەبێت لە لایەکی دیەوە، بۆ هۆی مانەوەی نەورۆز بە زیندویی بگەڕێین. ئەوەی بۆ من دەرکەوتووە، ئەوەیە کە نەورۆز لە کۆنی کۆنەوە، تا سەردەمی دەستەڵاتی دەرەوشاوەی ساسانیانیش، بەر لە هەر شتێک، سەری ساڵ بووە.

ئێستا لە سیستەمی زۆر وڵاتدا، سەری ساڵی ئاسایی ڕۆژژمێری بە جیا هەیە و، سەری ساڵی داراییش بە جیا. سەری ساڵی دارایی، ئەو ڕێکەوتەیە کە تێیدا بودجەی دەوڵەت، (بە داهات و خەرجیەکانەوە) دەچێتە بواری جێبەجێ کردنەوە. لە سەردەمە کۆنەکاندا، ئەم دوو کارە لەگەڵ یەک دەکرا. سەری ساڵان، دوا ڕۆژی باج بە دەوڵەت دان بووە. لە بەشەکانی سەرەوەدا نوسیومانە کە، مانگی نەورۆز، لە سیستەمی دارایی ساسانیان، مانگی کۆکردنەوەی باج و داهات بوو. هەروەک مانگی پلە بەرزکردنەوە، یان گۆڕینی کاربەدەستان بووە. بۆیە هەر دەستەیەک لە 5 ڕۆژەکەی خۆیدا، یان دەبا باج بدات، یاخود (دیاری) بۆ پاشا بێنێت. پاشاش دیاری بەوانە دەدا، کە باشترین کاریان بۆ وڵات کردبوو. دیارە خەڵکی ناو سنوری وڵات، وەک ئێستا سەرژمێری نەکرابوون. نەدەزاندرا کێ باجی داوە و، کێ نەیداوە. خاوەن پیشەکان، باجیان لە لایەن سەرۆکی پیشەکەوە لێ وەردەگیرا و، لە بەرامبەر هەندێک پارە، دەیانگەیاندە دەفتەری، یان دیوانی باجەوە. میرە ناوچەییەکانیش، بڕە پارەیەکی دیاریکراویان بۆ داندرا بوو، کە دەبا وەکو باج کۆیبکەنەوە و، بیگەیەننە دەفتەری باج لە پایتەخت. میرەکان لەشکر و دەستەی بە ئەسپ و گالیسکەی باجگرییان هەبوو، کە بەسەر گوند و شارە بچوکەکانیان دادەدا و، باجیان بە زۆری لە خەڵک دەستاند. ئەم کارە تا ڕۆژی نەورۆز درێژەی دەکێشا. جوتیاران لە ترسی باجگران، دانەوێڵەکانیان، دوور لە ماڵان و، لە ناو کەندوی ژێر زەوی دادەپۆشی، تا باجگر نەیبینێت. کە نەورۆز دادەهات، جەژنی ئەوانە بوو کە نەکەوتبوونە چنگی باجگرەوە، یاخود توانیبویان هەندێک لە بەروبوومەکانیان بخەنە لاوە. دیارە ئەوانە لە دڵەوە جەژنی نەورۆزیان دەکرد، کە لە ڕاستیدا، جەژنی دەرباز بوون، لە تاڵان و بڕۆی میرێکی چاوچنۆک بوو.

بە هاتنی عارەبان بۆ ناوچەکە، سەری ساڵ و، چۆنیەتی و شێوەی باج وەرگرتن گۆڕا. ساڵنامەی ئیسلامی، بە دەرکەوتن و ون بوونی مانگ دیاری دەکرا، کە هەندێک جار ٣٠ ڕۆژ بوو، هەندێک جاری دیش ٢٩ ڕۆژ. دەستەڵاتدارانی نوێ، باج، یان زەکاتیان، بە ڕێژەی لە سەدا دە، لە نەو موسوڵمانان وەردەگرت، بۆ خەزینەی دەوڵەت، یان (بەیتولمال). هەروەک (جزیە)شیان، بە ڕێژەییەکی بەرز لەو کەسانە وەردەگرت، کە سەر بە ئایینی زەردەشتی، یان جو و مەسیحی بان. دیارە دوا کاتی باج وەرگرتن، دەکەوتە پیش سەری ساڵی عارەبی. سەری ساڵی عارەبی کۆچیش، وەکو چەرخ و فەلەک، ساڵانە، بە ١١ ڕۆژ، بەرەو دواوە دەگەڕێتەوە. دیارە لەو کاتانەی کە باج وەرگرتن، دەکەوتە ئەو کەژانەی، کە بەروبووم کۆ دەکرایەوە، ئەوا باجگران دەگەیشتنە سەر خەرمان و، دەسکە گوڵی خۆیان لێ دەدا، کە ساڵیش دەکەوتە کەژەکانی دیەوە، ئەوە بواری شاردنەوەی بەروبووم و، خۆ دەرباز کردن لە دەست باجگران ئاسانتر دەبوو. فەرمانڕەوایانی موسوڵمان، بەردەوام بیریان لە ڕێگا چارەیەکی باشتر دەکردەوە، تا بتوانن خەڵکەکە زۆرتر بدۆشن و بگوشن. لایەنەکەی دیش، کە باجدەر بوون، خەمی دی خۆیانیان هەبوو. ئەوانیش بە شێوەی دوو سەرە، کەوتبوونە بەر داپڵۆسینەوە.

سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە ڕووداوێکی سەرسوڕهێنەری باجگرانی موسوڵمان دەکەن. دەبێت ئەمە لە سەردەمی عەبدولمەلیکی کوڕی مەڕوان(٦٨٥ - ٧٠٥)ی خەلیفەی ئەمەوی دابووبێت. گوایا باجگران چەندان جار، لە کەوشەنی کۆن و جارانی دەوڵەتی ساسانی، ڕووبەڕووی توڕەیی خەڵک بە گشتی و، جوتیاران بە تایبەتی بوونەتەوە، چونکە ئەوان دەیانگوت، ئێوە بە نەزانی خۆتان، هەر ٣٢ ساڵ، باجی ساڵێکمان پتر لێ وەردەگرن. واتا باجی ٣٣ ساڵیان لێ دەسێنن. باجگران لەم جۆرە ژماردن و لێکدانەوەیە نەدەگەیشتن، بەڵام دیارە بابەتەکەیان دەگەیاندە، کاربەدەست و دەستەڵاتداری گەورەی عەبدولمەلیک، واتا خوێنڕێژ و دڕندەی ناسراو (حەججاجی کوڕی یوسفی سەقەفی، ٦٦٠ - ٧١٤ز). دڕەنگانێک و، کاتێک کە ناڕەزایی باجدەران پتر بەرز بووەوە، حەججاج پرسەکە دەگەیەنێتە خەلیفە. ئەویش داوا لە شارەزایان دەکات تا تێی بگەیەنن، ئەم ٣٢ ساڵ و ٣٣ ساڵە چیە و چۆنە و، چەندی ڕاستە. شارەزایان بۆی

ڕوون دەکەنەوە، کە ساڵی کۆچی بە خولانەوەی مانگ دەژمێردرێت، بۆیە ١١ ڕۆژی لە ساڵی زەردەشتیان و مەسیحیان کەمترە. بەم پێیە بە ٣٢ ساڵ، ساڵی کۆچی دەبێتە ٣٣ ساڵ و، بەمەش ئێمە باجی ٣٣ ساڵیان لێ وەردەگرین، لە کاتێکدا هەر ٣٢ ساڵ تێپەڕیوە. شارەزایان ئەمەشیان لە خەلیفە گەیاند، کە جاری وایە سەری ساڵی کۆچی، دەکەوێتە کەژی زستانەوە و، بەروبووم پێنەگەیشتووە، بۆیە باجگران ناچارن خەڵک تاڵان بکەن. خەلیفە تێگەیشت کە بەرژەوەندی وا دەخوازێت، تا بە گوێرەی ڕۆژژمێری کۆنی ساسانیان، باج کۆ بکرێتەوە. بۆیە بڕیار درا تا وەکو جاران، ڕۆژی نەورۆز، دوا ڕۆژی باج وەرگرتنی ساڵی دارایی بێت. حەجاج، بۆ وەرگرتنی دیاری لە دەوڵەمەند و دەسترۆیشتوان، ڕایگەیاند، کە بە یادی پیرۆزبایی کردنی نەورۆز، لەو ڕۆژەدا دەرگای کراوەیە. بۆ ئەوەش تا لە باجدەرانی زەردەشتی نزیکتر بێت، شاری (واسیت)ی دروست کرد و، کردیە بنکەی خۆی. سەرچاوەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە دوای ئەوەی باج و دیاری و جزیە، لە توانای دارایی خەڵکی دەرچوو، زەردەشتیان بە کۆمەڵ بوونە موسوڵمان، تا لانی کەم جزیەیان لەسەر لابچێت. حەجاج زۆر لێیان توڕە بووە و، گوتویەتی ئەگەر هەمووتان ئاوا ببنە موسوڵمان، ئەوا خەزێنەی خەلیفە بەتاڵ دەبێت. جورجی زێدان، لەمبارەیەوە نوسیویەتی (ئومەویەکان، خەڵکی ئێرانیان ناچار دەکرد، تا لە جەژنی نەورۆز، دیاریان بۆ بێنن. بەمەش نەریتی دیاری وەرگرتنی نەورۆزی زیندو کردەوە). لە دوای ئەمەوە، وشەی نەورۆز، یان بە شێوە گۆکردنی (نیروز)، کەوتە ناو زمانی عارەبیشەوە. دیارە وشەی میهرەگانیش، واتای کۆنی خۆی لەدەست دابوو، بۆیە هەر بۆ یادکردنەوە و ئاهەنگی نەورۆز بەکارهێندرا، کە بە شێوەی (میهرەجان) چۆتە ناو عارەبییەوە. هەندێک سەرچاوە، ئاماژە بەوەش دەکەن، کە حەجاج، ویستویەتی خەڵک لە جەژنی زستانەی میهرەگان دیاری بۆ بێنن، بەڵام چونکە جەژنەکە، پەیوەندی بە باج وەرگرتنەوە نەبووە، خەڵک خۆیان لێ دزیوەتەوە و، لەبیر کراوە. بەمجۆرە، خەڵک بە تاسەوە چاوەڕوانی هاتنی نەورۆزیان دەکرد، چونکە دوای ئەو ڕۆژە، تا ساڵی ئایندە، لە دەست (تاڵان)ی سوارانی باجوەرگری خەلیفە، ڕزگاریان دەبوو. (ڕابردووی وشەی "تاڵان"، بۆ خۆی چیرۆکێکی دی جیاواز و سەربەخۆی هەیە).

لە هەندێک سەردەمدا، ڕۆژی نەورۆز، بە هۆی هەڵە ژماردنی بەردەوامی ڕۆژژمێر بوویێت، یان هۆکاری دی، کەوتۆتە ڕۆژانی دی. یەکێک لە هۆیە سەرنجڕاکێشەکانی گۆڕینی کاتی هاتنی نەورۆز، گوایا بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە، کە کاربەدەستان، خۆشیان لە سەرەتای بەهار نەهاتووە، بۆ کۆکردنەوەی باج. هۆیەکەیشی ئەوە بووە، کە لەو کاتانەدا، جوتیاران هیچی وایان لە ماڵ نەبووە تا لێیان وەربگیرێت. بۆیە نەورۆز خراوەتە کۆتایی مانگی حوزەیران، یان مانگی شەشەمی زایینی. ئا لەو کاتانەدا، گەنم لەسەر خەرمانە بووە و، جوتیاران هێشتا فریای شەنبا کردن و شاردنەوەی لە کەندوان نەکەوتبوون. هەروەک زۆرێک لە میوەکانیش، ئەو کاتە بەریان دەگەیی. وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کردووە، لە ساڵی ١٠٧٤ز بوو، کە نەورۆز لە شوێنی ئێستای چەسپ کرا.

کەواتە یادکردنەوەی ساڵانەی نەورۆز، خۆشی دەربڕینی ئەو کەسانە بوو، کە لە دەست سوارانی باجوەرگری داپڵۆسێنەری خەلیفە ڕزگاریان ببوو. بەمجۆرە، بە نەمری مانەوەی نەورۆز، تەنیا و تەنیا لەبەر ئەوە بووە، کە ئەو ڕۆژە، ڕۆژی کۆتایی هێنان بوو، لە بەدوای باجدا گەڕان و تاڵان کردنی خەڵک. هەموو هۆکارە ئایینی و نەریتیەکانی دی، ڕۆڵیان نەبووە، دەنا جەژنەکانی دیش دەبا، وەک نەورۆز بمابانەوە.

## نەورۆزی هاوچەرخ:

دوای لاواز بوونی دەوڵەتی عەبباسیان و، دواتر نەمانی، دەستەڵاتی ناوچەکە بە گشتی، کەوتە دەست هۆزە تازە هاتووەکانی تورک. هەندێک لەوانە، لە ژێر کاریگەری مەلای توندڕەودا، ناو بەناو یادکردنەوەی نەورۆزیان قەدەغە کردووە و، بە جەژنی ئاگرپەرستانیان داناوە. لەملاو لەولای ولات، ناو بە ناو میرنشینی سەربەخۆ، یان نیمچە سەربەخۆش دەرکەوتوون. ئەمانە بە گشتی، لە بەرامبەر یادکردنەوە نەریتیەکانی جەژنی نەورۆز کراوەتر بوون. دیارە میرە کوردەکان، خۆیان بەشێک بوون لە پێکهاتەی فەرهەنگی گەلەکە. وەک تێکڕای کۆمەلانی دی خەڵک، لە جەژن و یادکردنەوەکانی نەورۆز و، بۆنە ئایینیەکانش بەشداری خەڵکیان کردووە. لە دوای بالادەست بوونی تورکانی سەفەوی شیعە و، دەست بەسەر داگرتنی بەشی ڕۆژهەلاتی کوردستان، لەوێش یادکردنەوەکانی نەورۆز بە ئاسایی بەڕێوە چووە. تورکانی شیعە، هەوڵی زۆریان داوە، تا نەورۆز لەگەڵ ئایینی شیعە بگونجێنن و دەستەمۆشی بکەن. بە دەیان حەدیس و گێڕانەوەی ساختەیان بۆ ئەم مەبەستە دروست کردووە. وەک پێغەمبەر لە ڕۆژی نەورۆز و، لە (غەدیری خوم)، ئیمام عەلی وەک جێگری خۆی ناساندووە. ئیمام عەلی، لە ڕۆژی نەورۆز بوو، کە بوو بە خەلیفەی چوارەم. لە ساڵێکی نەورۆز، دیاریان بۆ پێغەمبەر هێنا، ئەویش وەریگرت و، پەسەندی ئەم ڕۆژەی کرد. هەر لەبەر ئەم هۆیەش بوو، کە لە ڕۆژهەلاتی ژێر دەستی تورکانی شیعە، هیچ لەمپەرێک بۆ یادکردنەوەی نەورۆز نەبووە. هەموو داب و نەریتە کۆنەکانی ئەم یاد کردنەوانە، لەوێ بە زیندویی ماونەتەوە. لە ناوەڕاستی سەدەی نۆزدەی زایینی، دەوڵەتی عوسمانی، هەموو میرنشینە کوردیەکانی، لە باکور و باشور و ڕۆژئاوای ئەمڕۆی کوردستان، یەک لە دوای یەک ڕامالین. ئیدی بۆشاییەکی گەورەی کۆمەلایەتی و، دەستەڵات ڕانان، لەو بەشانەی کوردستان دروست بوو، کە بە کاربەدەستانی تورکی سوننە پڕ نەدەکرایەوە. کاربەدەستانی ئەستەمبوڵ، بۆ پڕ کردنەوەی ئەم بۆشاییە، کەوتنە هێنانە کایەی تۆڕێکی گەورەی شێخایەتی. سوڵتان، بە سەدان گوندی، لە سەر شێخان وەقف کرد، تا بتوانن کەلێنی نەمانی میرنشینەکان پڕ بکەنەوە و، یارمەتی دەر بن، بۆ چارەسەر کردنی ئەو کێشانەی، کە ڕۆژانە لە نێوان خێڵ و تیرە و، تاکی خەڵکدا ڕوویان دەدا. یەکێک لەو کارەی کە شێخەکان کردیان، بریتی بوو لە دژایەتی کردنی توندی یاد کردنەوەی نەورۆز. ئەوان دیسان ئەمەیان بە جۆرێک لە ئاگر پەرستی دانا. شێخان بە پاڵپشتی کاربەدەستانی عوسمانی، لەم کارەیان سەرکەوتوو بوون. دوای کۆتایی هاتنی شەڕی جیهانی یەکەم و، نەمانی دەستەڵاتی عوسمانی، بە کردەوە، یادی نەورۆز، لە سێ بەشەکەی دی کوردستان، لەبیر کرابوو.

ئەمە تەنیا بەهێز بوون و تاوسەندنی بزوتنەوەی نەتەوایەتی و ڕزگاریخوازانەی کوردی بوو، کە جارێکی دی، بۆ بە گەڕ خستنەوەی نەورۆز و، هاندانی خەڵکی، ئەم یادەیان زیندو کردەوە. هەموومان دەزانین کە پیرەمێردی شاعیر، چ ئەرک و ماندووبوونێکی کێشا، تا یادی نەورۆزی لە سلێمانی زیندوو کردەوە. زۆرێک لە خەڵکی ئەو کات، ئەویان بە بەکرێگیراوی ئینگلیز دەزانی و، لایان وابوو کە مەنجەڵە دۆڵمەکانی ئاهەنگی نەورۆز، بە پارەی ئینگلیزەکان دروست دەکات. تا درەنگانێکیش، نەورۆز لە گوندەکانی باشور، هەر نەناسراو بوو. لە باکوریش، تەنیا لە ساڵانی سەدەی ڕابردوو بوو، کە بزووتنەوەی ڕزگاریخوازی گەلەکەمان تاوی سەند، دیسان نەورۆز خزێندرایەوە بەرنامەی خەباتی گەل.

## نەورۆز لە ئێستادا:

بەمجۆرە ئێستا سێ شێوە یاد کردنەوەی نەورۆز، لە کوردستان پیادە دەکرێت: یەکەمیان شێوە نەریتیەکەیە، کە هێشتا لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان ماوە. دووەمیان، ئەو نەورۆزەیە، کە لە ساڵانی بیستی سەدەی ڕابردوو، لە سلێمانی و، بە ئەرک و ماندووبوونی پیرەمێرد، بە شێوەیەکی سیاسی، نەک نەریتی، وەک بەشێک لە خەبات و تێکۆشانی نەتەوەیی بۆ سەربەخۆیی، زیندو کرایەوە. دوای پتر لە ۸۰ ساڵ، یاد کردنەوەی نەورۆز، بە شێوەیەکی دوور لە نەریتە باوە کۆنەکان، وەک کەرنەڤالێکی سیاسی، شوێنی خۆی لە ناو کۆمەڵگای باشوری کوردستان کردۆتەوە. ئێستاش نەورۆز لەو بەشە، بۆتە بەشێک لە سەیران و، دەرچوونی خەڵک بۆ گەشت و خۆشی. لە باکور، نەورۆز هێشتا ناسنامەیەکی سیاسی زەقی تێوە ئاڵاوە. هێشتا نەورۆز چەکێکی گەرمی خەباتە. هێشتا نەبۆتە بەشێک لە فەرهەنگی باوی خەڵکی. لە ڕۆژئاواش، دیاردەکە، لە زۆر شێوە، وەکو باکور وایە.

سەرچاوەکان:


غەنی بەلوریان. ئاڵەکۆک. بەسەرهاتەکانی سیاسی ژیانم. ستۆکهۆلم. ۱۹۹۷.

شاسوار هەرشەمی. مێژوی ئارامیەکان لە کوردستاندا. دەزگای پەخشی سەردەم. سلێمانی. ۱۹۹۹.

شاسوار هەرشەمی. کارنامەی ئەردەشێری بابەکان. دەزگای پەخشی سەردەم. سلێمانی. ۲۰۰۰.

شاسوار هەرشەمی. فەرهەنگی ئێتیمۆلۆژی کوردی هەرشەمی (بڵاونەکراوەتەوە).

هەژار موکریانی. هەنبانە بۆرینە. فرهنگ کردی-فارسی. سروش. تهران. ۱۳٦۹.

دیوانی شاعیران نالی و هێمن.

المسعودی. مروج الذهب. الجزء الثاني. طبعة ۱۹٦۵.

ابو ريحان البيروني. الاثار الباقية عن القرون الخالية . خليل عمران المنصور. دار الكتب العلمية . ۲۰۰۰.

جرجي زيدان. تأريخ التمدن الإسلامي. الجزء الثاني. القاهره.

جمشید سروش سروشیان. فرهنگ بهدینان. تهران. ۱۳۳۵.

زبیح الله صفا. تاریخ ادبیات ایران. ب ۵. تهران. ۱۳٦٦.

محمود روح الامینی. آیین ها و جشنهای کهن در ایران امروز. آگاه. ۱۳۷٦.

محمد معین. فرهنگ فارسی معین. چاپ اول. تهران. ۱۳٦۳.

**Lennart Warring och Taina Kantola, Gilgamesheposet. Natur och kultur. Stockholm. 1996**


سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان / ڕێکەوتی: ۲۰ی ئازار ۲۰۱۵

# بەهۆی کۆمەڵێک ئەفسانەی فارسی تێکەڵ بە نەورۆزەوە، خەریکە واز لە جەژنی نەتەوەیی خۆمان دێنین

سۆران حەمە رەش:

بەهۆی کۆمەڵێک ئەفسانەی فارسی تێکەڵ بە نەورۆزەوە، خەریکە واز لە جەژنی نەتەوەیی خۆمان دێنیننەورۆز و ساڵی نوێ، هێمای بووژانەوە وەگەڕکەوتنی خوێنی تازە لە دەمار و لەشی مرۆڤدا و توانەوەی سەهۆڵ و پشکوتنی گوڵی گەش و ئاڵە.



لێکۆڵەران و مێژوونووسانی کورد لەسەر ئەوە کۆکن کە، نەورۆز لە دەستپێکەوە لە کوردستان سەری هەڵداوەو لە نێو نەتەوە و وڵاتانی دراوسێ و جیراندا بڵاو بۆتەوە.

ئاژانسی کوردپا بۆ زیاتر روونبوونەوەی لایەنی دیرۆکیی جەژنی نەورۆز و هەروەها لایەنی ئەوستوورەییەکەی و شوێن و مێژووی رسکانی ئەو جەژنە کەونارایە، لەگەڵ سۆران (حەمە رەش) لێکۆڵەر و زماناسی کورد، دیامنەیەکی پێکهیناوە.

داهێنەر و سەرچاوەی ئەم جەژنە کام نەتەوەیە؟

ئەم ڕووداوە لە بنەچەدا ڕووداوی چیاکانی کوردستانە، بەڵام بەهۆی دێرینییەوە، دابونەریت و بۆچوونی نەتەوە و کۆمەڵگە جیاوازەکانی لەسەر کەڵەکە بووە. کۆنترین بنچەی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سۆمەری کە جەژنێکی هاوشێوەی ئەو جەژنە بە ناوی (ئێزن ئەکیتو) کە مانای (جەژنی ئەکیتو) دەدات لەلایەن سۆمەریەکانەوە بەڕێوە چووە. سەرنج دەدرێت کە وشەی (جەژن) لە کوردی نوێ و سۆمەریدا هەمان وشە بوون. ئەو جەژنە لە یەکەم مانگی بەهار و لە سەرەتای پاییزدا بەڕێوە چووە. ئەوەی کە مایەی سەرنجە هەردوو ئەو جەژنانە تا سەردەمێکی نزیک لە کوردەواریدا مابوون. یەکێکیان کە جەژنی نەورۆزە و ئەوی تریان (جەژنی کورد)ە کە تا نزیکی دوو سەد ساڵ لەمەوبەر لە دامێنی چیای دەماوەند دا هەر ئەو جەژنە گێڕاوە. واتە هەردوو شێوە ڕەسەنەکەی لە ناو کورد دا مابوون.

بە بڕوای زۆرێک لە لێکۆڵەرانی کورد و بەسەرنجدان بەوەی کە دەوڵەتی مادەکان دەوڵەتی کوردەکان بووە زیندوو کردنەوەی ئوستوورەی کاوە و ڕاپەڕینەکەی بەدژی زوحاک (ئاژیدەهاک) دوایین پاتشای دەوڵەتی مادەکان، خزمەت بە مێژووی کورد ناکات و

هاوکات ئەو چیرۆکە ئوستوورەییە بە هەڵبەستراوی فیردەوسی شاعیری فارس زمان بۆ بەلارێدا بردنی ئەو جەژنە لە قەڵەم ئەدەن، ئەوە هەتا چەندە دەتوانێ بۆچوونێکی دروست بێت؟

سۆران حەمە رەش: چیرۆکەکەی فیردەوسی سەبارەت بە نەورۆز، لەگەڵ بەڵگەنامە مێژووییەکاندا ناگونجێن هەندێک لە نووسەرە کوردەکانی ئەمڕۆ، هەوڵ دەدەن تەنها لە سەر بنەمای لێکچوونی ناوێک، ناسنامەی نەتەوەیی بۆ ئەژدەهاک (زوحاک) و کاوەی ئاسنگەر دروست بکەن و دەڵێن گوایە ئەژدەهاک میدی و کاوە فارس بووە و بەو ئاڕاستەیە دەیانەوێت لکێدانەوە بۆ ئەو جەژنە دێرینە بکەن. بەڵام زۆرینەیان پەنا بۆ سەرچاوە مێژووییەکان نابەن و لەسەر بنەمای ناسیۆنالیستی یان ئایینی بۆچوونەکانیان بنیات دەنێن. جا گەر سەیرێکی سەرچاوە مێژووییەکان بکەین، ئەوا بۆمان دەردەکەوێت کە کاوە و زوحاک دوو کەسن کە ناسنامەی نەتەوەییان نەبووە. بۆ نموونە هەتاوەکوو هەشتسەد ساڵ لەمەوبەر کوردەکان پێیان وابووە کە (زۆری کوڕی زوحاک) قەڵای شارەزووری نوێکردۆتەوە و یاقووتی حەمەوی ئەو بۆچوونە دووپات کردۆتەوە، تەنانەت لە شارەزووردا هەتاوەکوو چوارسەد ساڵ لەمەوبەر شارۆچکەیەک هەبووە بە ناوی (مێرکاوە) هەر بە ناوی کاوەی ئاسنگەرەوە ناونرابوو. هەندێک لە سەرچاوە ئیسلامیە عەرەبیە مێژووییەکان، تێیدا یەمەنیەکان دەڵێن زوحاک لە ئێمەیە و بووەتە فیرعەونی میسر لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیمدا. لە کاتێکدا کە هەندێک سەرچاوەی ئیسلامی مێژوویی دەڵێت زوحاک نەمرود خۆیەتی و هەندێکی تر دەڵێن زوحاک پاشای دوای نەمرودە. مێژوونووسی کورد، ئیبنو ئەسیر، کە ئەویش پەنای بۆ سەرچاوەی پێش خۆی بردووە، ناسنامەی نەتەوەیی بۆ کاوە دانانێت بەڵام دەڵێت کاوە ئەسفەهانیە و زوحاکیش بە نەمرود لەقەڵەم دەدات. ئەسفەهانی بوون ناسنامەی نەتەوەیی نابەخشێت و ئەگەر بشمانەوێت ناسنامە بۆ کاوە دابنێین، ئەوا دەبێت ئەوە بزانرێت کە ئەسفەهانی ئەمڕۆ لە سەرچاوە دێرینەکاندا (ئەسپەدان) بووە و شارێکی میدی بووە. مێژوونوسی گەورەی کورد، ئیبن ئەسیر، چیرۆکی فارسەکانی پەیوەست بە زوحاکی بە "درۆیەک لە درۆ ساردەکانی تری فارس" لە قەڵەمداوە.

هەروەها ئیبنو خەلدون باس لە بۆچوونی فارس دەکات و بەپێی ئەو، فارس بە روونی لە سەردەمی ئیبنو خەلدوندا زوحاکیان بە پاشایەکی فارسی زۆردار لە قەڵەمداوە. جگە لەوەش وەک باسکرا هەتاوەکوو ساڵی ١٨٢٠ لە دامێنی چیای دەماوەند کە ناوچەیەکی تەواو میدی بووە، ئەو جەژنەی کە لە مانگی هەشتدا کراوە ناوی (جەژنی کورد) بووە کە هەر پەیوەندی بە زوحاک و کاوەوە بووە.

جەژنێک کە لەناوجەرگەی وڵاتی بە ناو ئێراندا پەیوەست بە کاوە و زوحاکەوە بێت و بە جەژنی کوردان دابنرێت، چۆن دەکرێت و لەسەر کام بنەما بکرێتە کێشەی نەتەوەیی لەگەڵ فارس؟ دەبێت ئەوە بزانرێت کە بەشێکی زۆری شانامە وەک داستان نووسراوە و راستە باس لە رووداوی مێژوویی دەکات، بەڵام رووداوی مێژوویی بە شێوەی داستان و بە ئارەزوو و ویستی فیردەوسی و لە بەرژەوەندی فارسەکان نووسراون، بۆیە لەگەڵ بەڵگەنامە مێژووییەکاندا ناگونجێن. لە ڕاستیدا بەڵگەیەکی مێژوویی نییە کە ناسنامەی نەتەوەیی زوحاک و کاوە لەیەکتر جودا بکاتەوە. دەبێت ئەوەشمان بیرنەچێت، هەتاوەکوو چوارسەد ساڵ لەمەوبەر کورد، نەمرودی بە (کوردان شا) ناوبردووە و بە یەکەم پاشای خۆی داناوە و وا دەردەکەوێت کە رووداوی زوحاک و رووخاندنی، رووداوێکی دێرینی پێش تۆمارکردنی مێژوو بێت و لە ناوجەرگەی چیاکانی کوردستاندا لە نێوان پاشا و خەڵکەکەدا روویدابێت و خەڵک پاشاکەی خۆیان رووخاندووە و ئەوەش دەماودەم گێڕدراوەتەوە و لە هەر ناوچەیەک بۆچوون و شتی نوێی بۆ زیاد کراوە.

**زۆرێک لە سەرچاوە دیارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو جەژنە پاشماوەیەکی کولتووری ئایینی زەردەشتییە، ئەوە هەتا چەندە دەتوانێ لە راستییەوە نزیک بێت؟**

**سۆران حەمە رەش**: ئەوەیکە مایەی سەرنجە ئەوەیە کە (چوارشەما سور) کە یەکەم چوارشەممەی مانگی چوارە و جەژنی سەری ساڵی ئێزدیە بە داخەوە لە ڕۆژهەڵاتدا زۆر کەس بیروڕای فیکری و ئایینی خۆیان هەیە و دەیانەوێت بەو ئاڕاستەیە خوێندنەوە بۆ هەموو شتێک بکەن. هیچ بەڵگەیەک نییە کە بیسەلمێنێت ئەم جەژنە جەژنێکی زەردەشتییە، لە کاتێکدا مێژووی ئایینی زەردەشتی خۆی مێژوویەکی هێندە لێڵە، لە نێوان سەرچاوە مێژووییەکاندا هەتاوەکوو ئەمڕۆ نەتوانراوە مێژوویەکی روون بۆ سەردەمی زەردەشت خۆی دابنرێت. بۆیە ئەم جەژنە ناتوانرێت بە جەژنێکی زەردەشتی دابنرێت. لە ئاڤێستادا ئاماژە بە ئەژدەهاک و رووداوەکە کراوە، بەڵام تەنها باسکردنی، ئەوە نەورۆز ناکاتە جەژنێکی زەردەشتی.

**ئەگەر جەژنی نەورۆز جەژنێکی کوردییە، بۆچی نەتەوەکانی دیکەی دراوسێی کورد، هەوڵی دابڕینی ئەو جێژنە لە کورد ئەدەن؟**

زۆر رووداو هەیە لە مێژوودا، کە لەگەڵ تێپەڕبوونی کاتدا نەتەوە و خەڵکیتر بیروبۆچوونی تایبەتیی خۆیانی دەکەن بەسەردا و هەوڵ دەدەن بیکەنە هی خۆیان. بۆ نموونە نووح و ڕووداوی کەشتیەکە، وەک خۆی لەسەر بەرد لای سۆمەریەکان نووسراوە بە ناوێکی ترەوە و بە هەمان شێوە ئادەم بە شێوەی (ئادەمو) لای سۆمەریەکان باسکراوە. هەمان ئەو دوو کەسە دوایی لە ئایینەکانی جودایزم، کریستیانێتی و ئیسلامدا بە ناوی جیاواز و تۆزێک گۆڕانەوە دووبارە بوونەتەوە. ڕووداوی زوحاک و کاوەش بە هەمان شێوەیە، بە شێوەی جیاواز و تۆزێک گۆڕانەوە لەلایەن خەڵکی جیاوازەوە گێڕدراوەتەوە و هەر نەتەوە و دەیەوێت بەرگی خۆی بکات بەسەریدا. ئێمەی کورد بڕوامان بە ئەفسانەی فارسەکان کردووە و خەریکە واز لە جەژنێکی نەتەوەیی خۆمان دەهێنین، تەنها بەهۆی کۆمەڵێک ئەفسانەی فارسی تێکەڵ بە نەورۆزەوە.

**هۆکاری ئەوەی کە کورد لە رابردوودا جەژنی نەورۆزی زیاتر بە جەژنی سەری ساڵ ناو هێناوە، چی بووە؟**

هۆکاری سەرەکی ئەوەیە کە جەژنی نەورۆز جەژنی سەری ساڵیشە و وەک پێشتر ئاماژەی پێکرا. پێش دەرکەوتنی جەژنی نەورۆز لە تۆماری مێژوودا، لە سەردەمی سۆمەریەوە جەژنی سەری ساڵ لە مانگی چواردا کراوە و ئەوەی کە مایەی سەرنجە ئەوەیە کە (چوارشەما سور) کە یەکەم چوارشەممەی مانگی چوارە و جەژنی سەری ساڵی ئێزدیە، سۆمەریەکانیش لە هەمان مانگدا جەژنەکەیان وەک ئێزدیەکان کردووە و بە (ئێزن ئەکیتو) ناویان هێناوە. جگە لەوەش شاعیری مەزن، خانی ئەو جەژنە بە هەمان شێوە لە مەم و زیندا بە هەردوو (جەژنا سەر ساڵ) و (نەورۆز) ناو دەهێنێت و لە مەم و زیندا دەردەکەوێت کە کورد نزیکی چوارسەد ساڵ لەمەوبەر لەو رۆژەدا جەژنەکەی بەوپەڕی خۆشیەوە گێراوە.

**ئەو بەڵگە و فاکتە سەلمێنراو و مێژووییانەی کە نەورۆز بە کوردەوە پێوەند دەدەن کامانەن؟**

پێش ئەوەی کە باس لە زوحاک و نەورۆز بکەم، با باسی حەزرەتی ئیبراهیم بکەم. هەموو سەرچاوە ئایینیەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە حەزرەتی ئیبراهیم سەرەتا لە ناو خەڵەکەدا بووە، لە هەمان کاتدا چەندین سەرچاوەی ئیسلامی دەڵێن کە لەلایەن کوردێکەوە خراوەتە ئاگرەوە، کەچی هیچ لەو سەرچاوانە ناڵێن حەزرەتی ئیراهیم خۆی کورد بووە.

وەک باسکرا، دوو جەژن هەیە لای کوردان کە پەیوەندی بە چیرۆکی زوحاکەوە هەیە، هەردووکیان لەلایەن کوردەوە و لە پەیوەست بە کورد دا گێڕاوە. لە ڕاستیدا کاتێک کە مێژوونوسی کورد، ئەبوحەنیفەی دینەوەری، ئەو کەسەی کە یەکەم کتێبی لەسەر مێژووی کورد نووسیوە، نزیکی هەزار و دووسەد ساڵ لەمەوبەر باس لە بنەچەی دروستبوونی نەتەوەی کورد دەکات، دەیبەستێتەوە بە داستانی کاوە و زوحاکەوە. بۆت دەردەکەوێت لە ڕاستیدا لە هەموو ڕوویەکەوە ئەو جەژنە پەیوەست بە ڕابردووی کوردەوە بووە.

کورد بۆچی هەتا ئێستا نەیتوانیوە پەیوەندیی کورد و نەورۆز یا کوردی بوونی نەورۆز بە جیهان بسەلمێنێت؟

جارێک پێش ئەوەی کە کورد، کوردی بوونی ئەو جەژنە بۆ جیهان بسەلمێنێت. پێویستە واز لە مامەڵەکردنی ناسیۆناڵیستیانە لەگەڵ جەژنێکی دێرینی خۆی بهێنێت و دەبێت مێشک فروان بینی و قبووڵی ئەوە بکەین ئەو جەژنە ئەمڕۆ جەژنێکی هاوبەشی نێوان چەندین نەتەوەی جیاوازی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستە. دەبا هەمووبان لەو ڕۆژەدا بەپێی شێوەی بیرکردنەوە و فەرهەنگی جیاوازی خۆمان خۆشی لێبببینین و هەمووبان وەک نەتەوەکانی ناوچەکە خاوەنی بین، لەبری کێبڕکێیەکی بێ بنەما کە پێموانیە سوود بە دەوڵەمەندکردنی فەرهەنگی کوردی و خۆشی بینین لەو جەژنە مێژووییە بگەیەنێت. با هەموو نەتەوەکانی ڕۆژهەڵات خاوەنی نەورۆز بن و ئەو ڕۆژە بکەینە سیمبولێک بۆ برایەتی نێوان نەتەوە جیاوازەکان.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاژانسی کوردپا / ڕێکەوتی : ١٩ی مارچی ٢٠١٥

# نەورۆزی کوردان و نەورۆزی ئێرانییەکان

عارف سەلیمی

## بەشی یەکەم

١- لە زۆربەی وڵاتانی جیهان جەژنەکان و بە تایبەت بۆنەکانی سەری ساڵ لە شەقام و گۆڕەپانەکان بەڕێوە دەچن. لە دوایین چرکەساتەکانی نوێبوونەوەی ساڵدا شەقام و گۆڕەپانە سەرەکییەکانی شارەکان لە خەڵک جمەیان دێت. لەو ساتانەدا یاسا و ڕێساکانی "دەوڵەت" [لانیکەم یاساکانی هاتووچۆ] ئەگەر بۆ ماوەیەکی کاتییش بووبێت، هەڵدەپەسێردرێن. پۆلیس بەرامبەر بە جمەی خەڵک دەستەوەسان، لە کەنارێکەوە ڕادەوەستێت و لە هەیبەتی شەقام ڕادەمێنێت.



ئا لەو چرکەساتانەدا بۆ ماوەیەکی کاتی شار دەکەوێتە دەستی جەماوەر؛ وەک بڵێی جمەی جەماوەر دەبێتە "میری نەورۆزی" و دیقەدیقە بە حاکم و دارووغەی شار دەکات. وێنەیەکی لەم چەشنە بە تایبەت لە شەوی سەری ساڵی نوێدا [٣١ی دێسەمبەر] لە شەقام و گۆڕەپانی شارەکانی زۆربەی وڵاتانی دنیا دەکەوێتە بەرچاو؛ لە زۆربەی وڵاتانی دنیا بێجگە لە ئێران:

٢- ئێرانییەکان نەورۆز و سەری ساڵی نوێیان نەک لە شەقام و گۆڕەپانەکان، بەڵکوو لە سووچی ماڵەکانیان جەژن دەگرن. لە کۆتا سەعاتەکاندا هەموویان پەلەی ئەوەیانە زووتر بگەنەوە ماڵەکانیان. پەندی فارسیی "نەخود نەخود هەرکی بە خانەیی خود" پڕ بە پێستی ئەو ساتانەیە. شەقام و گۆڕەپانی "شار"ی ئێرانی- وەک بڵێی ئیسرافیل فووی بە سوورەکەیدا کردبێت- زیاتر لە گۆڕستانێکی قاقڕ دەچێت تا شوێنی شارێکی زیندوو؛ لای ئێرانییەکان هیچ کۆبوونەوە یان کەرنەڤاڵێکی جەماوەری لە ئارادا نییە. ئەوان - بە پێچەوانەی کوردەکان - شەوی نەورۆز ئاگر ناکەنەوە؛ بەڵکوو دەخزێنە کونجی ماڵەکانیان و لە دەوری سفرەی "حەوت سین" دەست بەرەو ئاسمان دوعا دەکەن و دەڵێن: "خوایە لەوە خراپترمان بەسەر نەهێنیت."

ئەو ئاگرەش کە لە شەوی دوایین چوارشەممەی ساڵدا هەڵیدەکەن، زیاتر لە وەجاخێکی بەرهەیوان و دەرکەی ماڵەکانیان دەچێت تا ئەوەی بلێسەی ئاگرێکی هەرەوەزی و مەشخەڵانێکی جەماوەری بێت.

لە سەری ساڵی ئێرانیدا ئەوە "تاک" و "بنەماڵە"یە کە دەخرێتە پێش "گەل" و "جەماوەر"ەوە، ئەوە "شار" و "شەقام" و "گۆڕەپان"ە

کە لە پێناو "ماڵ" و "حوجرە" و "دیوەخاندا" قوربانی دەکرێت. عەقڵی 'تاک' بەسەر حەماسەتی 'جەماوەر'دا فەرز دەکرێت. بڵێی هەر لەبەر ئەمەش نەبێت کە ئێرانییەکان [ بە برا کوردە ئێرانییەکانیشەوە] وەکوو 'تاک' لە هەموو دنیا "ژیرتر" و "عاقڵتر"ن و لە قاڵبی جەماوەردا هێندە کڵۆڵ و کەساسن؟

[ناسیۆناڵیزمی ئێرانی بە تایبەت مۆدێلی "پان ئێرانیزمی کەوناراخواز" هیچ بۆنەیەکی تایبەتی نییە کە خەڵکی پێ بهێنێتە سەر شەقام. پان ئێرانیزم هێندە بە شەقام و گۆڕەپان و شار نامۆیە کە قەت نەیتوانیوە لە فانتازیایەکی بەرمەنقەڵیی ناو "دیوەخانەکان" و کۆڕ و ئەنجوومەنە ئەدەبی و رووناکبیرییەکان ئەولاتر بچێت. لەناو کولتووری ئێرانیدا ئەوەی هەتا ئێستا خەڵکی هێناوەتە سەرشەقام و ئەوەی ئێستاش شەقامی لە کۆنترۆڵدایە، "شیعەگەرییە" نەک ناسیۆناڵیزمی ئێرانی/ پان ئێرانیزم. سەیری شیعەگەری بکەن چلۆن ساڵانە لە عاشووررادا شەقام داگیر دەکات؟ یان تەنانەت سەیری کۆماری ئیسلامی بکەن کە چۆن هەتا ئێستاش لە بۆنە تایبەتەکانی خۆیدا، وەک ٢٢ی بەهمەن و رۆژی قودس و سیانزەی ئابان و.. ، هەوڵی پەیتا پەیتا داگیرکردنەوەی شەقام دەدات و چۆن هیچ بەرهەڵستکارێکی، تا ئێستاکە نەیتوانیوە بەرەی شەقام لەژێر پێی رابکێشێت؟]

٣- بەڵام بە پێچەوانەی ئێرانییەکان، نەورۆز لای کوردان رەنگ و بۆنێکی دیکەی هەیە. لە ئێوارەی نەورۆزی کوردەواریدا، بە تایبەت لەو پارچانەی لەمێژساڵە لە کولتووری ئێرانی دابڕاون١، ئاگری سەر چیا سەرکەشەکان و ناو گۆڕەپانە سەرەکییەکانی شارەکان هێمای نوێبوونەوەی سەری ساڵە، نەک سفرەی حەوت سین و دوعای یا موقەللیبەل قولوب. لە ئێوارەی نەورۆزی کوردەواریدا شەقام لە هەیبەتی خەڵکدا سام دەیگرێت. خەڵک بە جلوبەرگی رازاوەوە، شەقام داگیر دەکەن. دەستی یەک دەگرن و بە دیار ئاگرەوە گۆڤەند دەگێرن. بە کورتی شار لە جەماوەر جمەی دێت.

٤- تەنانەت گێڕانەوەی ئێرانییەکان و کوردەکان سەبارەت بنەچەی ئوستوورەیی/ ئەفسانەیی نەورۆزیش بە شێوەیەکی بەرچاو جیاوازە: ئێرانییەکان نەورۆز بۆ ویست و ئیرادەی پاشا و دەسەڵاتدارێکی ئەفسانەیی بە ناوی "جەمشید" دەگەڕێننەوە و دەڵێن ئەو رۆژەیە کە جەمشید تانجی پاشایەتیی لەسەر ناوە. جێگەی سەرنجە کە بە گوێرەی ئەفسانە ئێرانییەکان، جەمشید پاشای جیهان، "فەرەهی یەزدانی"ی لەگەڵدا بووە و هاوکات "داهێنەری چەک و تفاقی جەنگی"ش (ئامرازی سەپاندنی دەسەڵاتەکەی؟) بووە. لە مێژووی بەلعەمیشدا هاتووە کە گوایە "سەید بووە"، بەو مانایە کە روخسارێکی نوورانی هەبووە. واتە "وەلی فەقیهێکی" سەردەمی خۆی بووە!!! [ و وی را جمشید از بهر آن سید می خواندند کە هرجا میرفت روشنایی از روی او میتافت. تاریخ بلعمی ص ٨٧].

بەڵام ئوستوورەی نەورۆز لای کوردەکان بۆ شۆڕش و سەرهەڵدانی "کاوەی ئاسنگەر" لە دژی پاشا و دەسەڵاتدارێکی زۆردار و ستەمکار دەگەڕێتەوە. لە گێڕانەوەی کوردەکاندا کاوەی ئاسنگەر ئەو کەسەیە کە چەندین کوڕی بوونەتە قوربانیی مارەکانی سەرشانی زوحاک، پادشای ستەمکار. بۆیە بڕیار دەدات روو بکاتە شاخ و شۆڕش هەڵگیرسێنێت. شۆڕشەکەی سەردەکەوێت و دەسەڵاتی زوحاک دەڕووخێنێت، لەسەر چیا سەرکەشەکان ئاگر هەڵدەکات و مژدەی سەرکەوتن بە خەڵکانی دوور و نزیک رادەگەیەنێت. کەواتە نەورۆز ئەو رۆژەیە کە کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکدا سەرکەوتووە ئاگری نەورۆزیش هێمای سەرکەوتنەکەیەتی. بۆیە کوردان ئێستاکەش ئێوارەی نەورۆز لەسەر چیاکانیان ئاگر هەڵدەکەن و سروودی سەرکەوتن دەڵێننەوە و گۆڤەند/گەڕیانی سەرکەوتن دەگێڕن.

٥- جیاوازیی نێوان نەورۆزی کوردان و نەورۆزی ئێرانییەکان ڕێک ئالێرەدایە: نەورۆزی شەقام و نەورۆزی کونجی ماڵەکان. نەورۆزی پێکەوەبوون و گەڕی جەماوەر، بەرامبەر بە نەوۆرزی بنەماڵە و دوعا و فاڵ. نەورۆزی شۆڕش و سەرهەڵدان بەرامبەر بە نەورۆزی "سازان" و چوارمیلکە دانیشتن لە سەر سفرەی حەوت سینەکان.

ڕێک دەڵێی دوو گێڕانەوە/ ڕیوایەتی دژ بە یەکن. گێرانەوەی دەسەڵاتداران بەرامبەر بە گێڕانەوەی بندەستان و زوڵم لێکراوان. گێڕانەوەی حاکم و شا و دەرەبەگ بەرامبەر بە گێڕانەوەی خەڵک و جەماوەری چەوساوە.

ئالێرەدایە کە گرینگیی ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەر وەک داینەمۆیەکی بەهێز بۆ شۆڕش و سەرهەڵدانی کوردان لە دژی دەسەڵاتی ستەمکاران دەردەکەوێت. شۆڕشێک نەک بۆ گەیشتن بە کورسیی دەسەڵات، بەڵکوو لە پێناو دادپەروەری و ئازادی. ئەوە نییە کاوەی ئاسنگەر لە باتی خۆی "فەرەیدوون"ی خستە سەر تەختی دەسەڵات؟

ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەر ڕێک دەڵێی ئاوێنەی باڵانوێنی هەموو ئەو شۆڕش و سەرهەڵدانە یەک لەدوای یەکانەی کوردانە کە لە دەستی زوڵمی ستەمکارانی بێگانە یان لە دژی بێدادی دەرەبەگە خۆماڵییەکان سەریان هەڵداوە. ئەو سەرهەڵدێرانەی کە تەنانەت ئەگەر کەسیش لەگەڵیان نەکەوتبێت، بە تاقی تەنیا ڕوویان لە چیا سەرکەشەکان کردووە و دژی دەسەڵاتی ناوەندی و دەرەبەگە گزیرە خۆجێییەکانیان یاخی بوون.

دەڵێی ئەوە ڕۆحی سەرهەڵدێری کاوەی ئاسنگەرە کە هەرجارەو بەناوێکەوە دێتەوە و مەشخەڵانی سەرهەڵدان دەباتەوە سەر چیا سەرکەشەکان؛ ڕۆژێک دەبێتە "شێخی نەمر" و لە ئەشکەوتی جاسەنەوە "بانگی حەق" دەکات، ڕۆژێک دەبێتە "نووری پاشا" و شۆڕشی ئاگری بەرپا دەکات، ڕۆژێک دەچێتە قاڵبی "سەید ڕەزا"وە و لە دێرسیمەوە هاوار دەکات. ڕۆژێک مەلا مستەفای بارزان بەسەر لوتکەی چیاکاندا دەبات و لە ئاوی ئاراس دەیپەڕێنێتەوە و ڕۆژێکی تر دەبێتە "مەزڵووم دۆغان" و لەشی دەکاتە چەخماخەی ئاگری نەورۆزی ئامەد؛ سەردەمێک سمکۆی شکاکە زوحاکەکانی تاران و تەورێز وەزاڵە دێنێت و سەردەمانێک هەمزە ئاغای مەنگوڕە و لەناو دیوەخانی حاکمی سابڵاخەوە خەنجەر ڕادەکێشێت و ئەسپی یاخی بەرەو قەندیل تاو دەدات. ڕۆژێک دەبێتە "حەمەدۆک" (ئینجەمەمەد) و دەچێتە خەیاڵی یاشار کەماڵەوە و ڕۆژێکی تر دەبێتە هەوێنی شێعر و پەخشانی شۆڕش و سەرهەڵدان بۆ شاعیران.

چ حەماسەتێکی پڕشکۆ و بەهەیبەت لەناو ئەم حەقایەتەدا هەیە!! چ خوێنێک دەپرژێنێتە ناو دەمارەکانەوە، ئەو ئوستوورەیە!!

١- لەم ساڵانەی دواییدا نەورۆز لە هەندێ دەڤەری ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش، بە تایبەتی لە شاری مەریوان و دەوروبەری ڕەنگی خرۆشانێکی جەماوەریی بەخۆوە گرتووە. ئەو مەریوانەی کە حاڵی حازر، زیاتر لە هەر سێ "شار"ە حەیاتەکەی موکریان (سەقز و سابڵاخ و بۆکان) شەقامی دەجووڵێت و خەسڵەتی شاربوونی پێوە دیارە. تەنانەت دەتوانم بڵێم کە "شەقام" و "گۆڕەپان" لە شارەدێیەکی وەکوو "نێ" لە دەوربەری مەریوان زیاتر لە بەرچاوە تا لە سابڵاخی بووکی موکریان. ئەمە دەبێ بۆ لایەنگرانی حیزبی دێمۆکڕات جێگەی سەرنج بێت کە چۆنە لە گوندێکی وەکوو نێ [کە بەقەڵای دیمۆکرات لەو ناوچەیە ناسراوە] نەورۆز دەبێتە بۆنەیەکی

جەماوەریی بە جۆش و هەیەجان، کەچی لەولاوە "مەهاباد"ی لانکەی دیموکڕات فزەی لێوە نایەت؟ گەلۆ بڵێی هۆکارەکەی بۆ زاڵبوونی عەقڵیەتی مەلا و میرزا و دەرەبەگی موکریان بەسەر چینی ناوەڕاستی شاردا نەگەڕێتەوە؟ عەقڵیەتێکی "حوجرەیی"/ "دیوەخانی" کە هەر لە سەرەتای چەکەرەکردنی "شاری مەهاباد"ەوە، کردییەوە بە "کۆمەڵگەی دیوەخانی ساباڵاغ" و دەیان ساڵە [سەردەمی قاسملوو/ شەرەفکەندی لێ دەرچێت] دەستی لە بینەقاقای سیاسەتی ڕۆژهەڵات ناوە؟

٣ / ٢٩ / ٢٠١٥

## بەشی دووەم و کۆتایی

'کەل داوو' لە نزیک شاری سەرپێڵ و یەکێ لە زیارەتگە پیرۆزەکانی یارسانەکان، بە گوێرەی باوەڕی یارسانی ئێرە شوێنی کاوەی ئاسنگەر بووە

عارف سەلیمی

١- حوکم نییە نەتەوەکان ئیللا بە "مێژووی جیاواز" لە یەکتر جیا بکرێنەوە، بەڵکوو لە زۆر شوێن ئەوەی نەتەوەکان لە یەکتر دادەبڕێنێت، ئەو "گێڕانەوە" جیاوازانەیە کە (لە قاڵبی حەقایەت و ئوستوورەدا) بۆ ڕابردوو هەیانە. بە تایبەت بۆ خەڵکانێک کە مێژوو و ڕابردووی هاوبەشیان هەیە ئەمە گێڕانەوەی ڕابردووە (نەک گەڕانەوە بۆ مێژوو) کە دیاریی دەکات داخۆ ئەوانە ئێستاش یەک نەتەوەن یان دوو/چەند نەتەوەی جیاوازن.



بۆ نموونە سویدی، نەرویژی، ئیسلەندی و دانیمارکییەکان هەموویان بنەچەیان بۆ "ڤیکینگەکان" دەگەڕێتەوە و تا نزیکەی هەزار ساڵ بەر لە ئێستا ڕابردوویەکی هاوبەشیان هەبووە. ئەوەی ئێستاکە ئەوان لێکدادەبڕێنێت گێڕانەوەی هەر یەکەیانە بۆ ڕابردوویان و بەتایبەت ئەو ڕابردووە هاوبەشەیان. ئەم گێڕانەوە جیاوازانەش لە حەقایەت و ئوستوورەکانیاندایە نەک لە مێژوویاندا. بۆیە پێش هەر چەشنە خوێندنەوەیەک بۆ فیگۆرە ئوستوورەییەکان، دەبێ دیاری بکرێت داخۆ باس لە کام چوارچێوەی ڕیوایەت دەکرێت و بگوترێت کە ئەو فیگۆرە سەر بە کام گێڕانەوەیە.

شانامەی فیردەوسی تەنیا یەکێ لەو دەیان ڕیوایەتە و گێڕانەوە جیاوازانەیە کە سەبارەت بە پاڵەوانە ئوستوورەییەکانی ئێرانی کەونارا نووسراوە؛ ئەو پاڵەوانە ئوستوورەییانە گەرچی لە نێوان کوردەکان و فارسەکاندا [بگرە بەلووچ و ئەفغانی و ئەرمەنی و

گەلانی دیکەش] هاوبەشن بەڵام هەر یەکەو گێڕانەوەی جیاوازیان بۆی هەیە.

لە شانامەی فیردەوسیدا نەورۆز فرێ بەسەر حەقایەتی کاوەی ئاسنگەرەوە نییە. بە واتایەکی تر نە لە ئەفسانەکانی ئێرانییەکاندا و نە بەتایبەت لە شانامەی فیردەوسیدا بنەچەی نەورۆز هیچ پەیوەندییەکی بە زاڵبوونی کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکەوە نییە. هەروەک لە بەشی یەکەمیشدا باس کرا، بە گوێرەی شانامەی فیردەوسی و گێڕانەوەی ئێرانییەکان، بنەچەی جەژنی نەورۆز بۆ فەرمان و ئەمری پاشایەکی پیشدادی بە ناوی "جەمشید" دەگەڕێتەوە.

بە گوێرەی شانامەی فیردەوسی، جەمشید ئەو پاشایەیە کە لە ئاکامدا زوحاک بەسەریدا زاڵ دەبێت و دەسەڵاتەکەی دەڕوخێنێت. دەسەڵاتی زوحاکیش، دیسان هەر بە گوێرەی فیردەوسی نزیکەی هەزار ساڵ دەخایەنێت. لە شانامەی فیردەوسی و گێڕانەوەی ئێرانییەکاندا، کاوەی ئاسنگەر نەک ڕۆژی نەورۆز بەڵکوو لە یەکەم مانگی هاویندا بەسەر زوحاکدا زاڵ بووە، دەڵێن هەتا چەند دەیە بەر لە ئێستاش لە هەندێ ناوچەی باکووری ئێران [گیلان و مازەندەران] لە 28 مانگی هاوین/ پووشپەڕدا جەژنێک هەبووە کە بە جەژنی سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوحاکدا ناسرابوو. کەواتە ئەگەر تەنانەت گێڕانەوەی فیردەوسی و ئێرانییەکانیش بە بنەما وەربگرین، لانیکەم مەودایەکی زەمەنیی هەزار و چەند سەد ساڵە لە نێوان سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆزی ئێرانییەکان و شۆڕشی کاوە لە دژی زوحاکدا هەیە (بە گوێرەی گێڕانەوەی ئێرانی).

بەڵام گێڕانەوەی کوردی بنەمایەکی تەواو جیاوازی هەیە. بە تایبەت گێڕانەوەی یارسانەکان بۆ کاوەی ئاسنگەر و فەرەیدوون و زوحاک تەواو کوردانەیە:



ئەگەر لە گووگڵدا (بە فارسی!) بۆ "دکان داود" بگەڕێن کۆمەڵێ وێنەتان بۆ دەهێنێت و هەروەها کۆمەڵێ بابەتیشتان دەست دەکەوێت (هەڵبەت دیسانیش هەر بە فارسی!) کە ئاماژە بە گۆڕێکی شوێنەواریی سێ هەزار ساڵە لە دەوروبەری شاری "سەرپێڵ"ی سەر بە پارێزگای کرماشان لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەکات؛ دەڵێن گوایە گۆڕی پاشایەکی سەردەمی مادەکانە.

"دوکانی داود"، یان "کەل داوو"، هاوکات یەکێ لە زیارەتگە هەرە پیرۆزەکانی یارسانەکانە، گۆڕستانێک لە خوار ئەو ئاسەوارەوەیە کە زۆربەی یارسانەکان ئاواتەخوازی ئەوەن پاش مردنیان لەوێ بنێژرێن. تەنانەت دەڵێن تا سی چل ساڵ بەر لە ئێستا، ئاسنگەرەکانی ناوچەی کرماشان و بە تایبەت ئەوانەی سەر بە ئاینی یارسان بوون، هەموو ساڵێک لە ڕۆژێکی دەمەو بەهاردا، واتە لە بەرەبەری نەورۆزدا، لە "کەل داوو" کۆ دەبوونەوە و جەژنیان دەگرت. بەڵام "داود" یان "داوو" چ پەیوەندییەکی بە کاوەی ئاسنگەرەوە هەیە؟

یارسانەکان لەسەر ئەو بڕوایەن کە ئەو شوێنە پیرۆزە، گۆڕی کاوەی ئاسنگەرە. ئەوان بە حوکمی ئەوەی بڕوایان بە "دۆنادۆن"

هەیە دەڵێن کە کاوەی ئاسنگەر "دۆنی" یەکێ لە زاتە پیرۆزەکانیان، واتە دۆنی "داوو کۆسوار"ە. هەروەها لە ناو یارسانەکاندا سێ مەقامی تەنبوور هەیە کە بە مەقامەکانی "بابا ناعوثی" ناسروان. ئەو مەقامانەش باسی کاوەی ئاسنگەرن.

لە دەفتەرەکانی یارساندا و هەروەها لە شانامەی کوردیشدا [کە بە زاراوەی گۆرانی نووسروان] کاوەی ئاسنگەر هەمان ئەو زاتەیە کە لە دژی زوڵم و زۆری زوحاک ڕادەپەڕێت و فەرەیدوون دەخاتە سەر تەختی پاشایەتی.

دیسانیش هەر بە گوێرەی دەفتەرەکانی یارسان فەرەیدوون دۆنی "باوە یادگار"، یەکێکی تر لە زاتە پیرۆزەکانی ئاینی یارسانە. بەڵام خاڵی سەرنجڕاکێش لەوەدایە کە باوەیادگار بە گوێرەی باوەڕی یارسان هەر ئەو زاتەیە کە دێتەوە و "کورد و کوردستان" دەخاتەوە سەر یەک؛ بە واتایەکی تر "کوردستان" بەراتی باوەیادگارە١:


۲۳۹
وفرمان شاه | داود سر تنور ورداشتش ولا
یادگار نه تنور وریزا و پا | ولفظ عزیز سلام داو شاه
علم قدرت ناجی بی و پا
برگ خودرنگی یادگار پوشا | غلامان دیشان شاه پنش بخشا
غلامان دیشان و معجزاتش | برگ خودرنگی بی و خلاتش
تمام کردستان داو براتش
یک سر کردوه کرد و کردستان | هم و معجزات هم و سفره و خوان
پیر موسی سرمو
او وقت کیبیای سرسپرده بی | پیر و پادشاه هم بسته بی
بنیامین و پیر داود دلیل بی | شرط غلامان نش دستگیر بی
مصطفی سرمو
نواو ناچه رمز و نو بچه بی | شرط غلامان سرسپرده بی
پیر موسی سرمو
برگ خودرنگی یادگار پوشا | غلامان دیمان شاه پنش بخشا

"بەرگێ خودرەنگی یادگار پۆشا
غوڵامان دیشان شاه پەنەش بەخشا
غوڵامان دیشان وە موعجزاتەش
بەرگێ خودرەنگی بی وە خەڵاتەش
تەمام کوردستان دا وە بەراتەش
یەکسەر کردەوە کورد و کوردستان
هەم وە موعجزات هەم وە سفرە و خوان"

بە کورتی لە باوەڕی یارسانەکاندا فەریدوونیش وەکوو کاوەی ئاسنگەر کوردە. ئەمە کاکڵی هەمان ئەو گێڕانەوە کوردییەیە کە لە تەواوی پارچەکانی کوردستاندا سینگ بە سینگ هاتووە و گوتراوەتەوە. گێڕانەوەیەکی جیاواز لە هی فارسەکان.

ئەگەر ناسیۆنالیزمی کوردی سوننە تۆزێک دەستبەرداری لوتبەرزی بێت و چاوی بەرایی بهێنێت لە کامیاران بەرەو خوارتریش بڕوانێت، دەبینێت کە تەنیا بە پشت بەستن بە دەفتەرەکانی یارسانەکان (و بگرە شانامەی کوردیش) دەتوانێت بنەمایەکی یەکجار پتەوتر لەوەی ئێستا هەیە بۆ ناسیۆناڵیزمی کوردی دابڕێژێت. ئەرێ هەر بەڕاست ناسیۆناڵیزمی کوردی سوننە ئاگای لە دەفتەرەکانی یارسان و "شانامەی کوردی" هەیە؟

ئەرێ هەر بەڕاست ناسیۆناڵیزمی کوردی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان قەت هەوڵی داوە ئەم گەنجینە و میراتە پڕنرخانە و ئەو

شوێنەواره پیرۆزانه بهێنێته ناو گوتاری نەتەوەیی خۆیەوە؟ ئەرێ هەر بەڕاست، کاتێ که پارسانەکان ئەو کەلامانەی سەرەوەیان نووسیوەتەوە، میرزا و دەرەبەگەکانی "موکریان" و "ئەردەلان" -که ئێستاکه پۆزی کوردایەتی بەسەر هەر چوارپارچەدا لێدەدەن- مەسینەیان بۆ کام حاکمی دەرەجه چواری قاجار هەلگرتبوو؟

٢- وەک باس کرا له ناو کوردانـدا کاوەی ئاسنگەر و سەرهەلدانه ئەفسانەییەکەی هێمای نەورۆزه و بە تایبەت له سەدساڵی ڕابردوودا بۆته هێمایەکی گەورەی نەتەوەخوازی و ناسیۆنالیزمی کوردی. ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر بۆ شۆڕشه یەک له دوای یەکەکانی کوردان هێنده پاڵنەرێکی گەوره بووه، که له زۆربەی بەرهەمه فکری و ئەدەبییەکاندا ڕەنگی دابووەوە. [بۆ نموونه شێرکۆ بێکەس له ساڵانی هەشتایەکانی سەدەی ڕابردوودا شانۆنامەیەکی شێعریی بە ناوی "کاوەی ئاسنگەر" بڵاوکردۆتەوە.]

له دوای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١ی باشووری کوردستانیش، له شاری سلێمانی پەیکەرەیەک بۆ کاوەی ئاسنگەر ساز کرا و له سەرەتای شەقامی تووی مەلیک دانرا؛ پەیکەرەیەک که پڕ به پێستی ڕۆحی سەرکەش و یاخیی شاری سلێمانی بوو.

بەڵام دواتر، وەک بڵێی چەرخی فەلەک هەڵگەڕابێتەوە، به فەتوای کۆمەڵێ ڕۆشنبیری دوانزەعیلمی دۆنەدیو، مۆری خیانەت به نێوچاوانی ئەو فیگۆرە ئوستوورەییەوە نرا و وەک یەکەم "جاش"ی مێژووی کوردان له قەڵەم درا. تەنانەت کار گەیشته ئەو ئاستەی که وەک دەڵێن هەر له ژێر کاریگەریی "فەتوایەکی ڕۆشنبیرانە"دا کۆمەڵێ خەڵک چوون پەیکەرەکەی کاوەیان له سلێمانی ڕووخاند.

سلێمانی ئەو شاره بەردەوام یاخییەیه که دەیان جار ڕاپەڕیوە و دەسەڵاتی به حیزب و لایەنی سیاسیی جۆراوجۆر بەخشیوە، بەڵام هاوکات قەت بەڵێنی هەتا هەتایی به هیچکامیان نەداوە. گەلۆ له هەر چوارپارچەی کوردستان و بگرە تەواوی ڕۆژهەڵاتی ناویندا شارێکتان پێ شک دێت که ئەوندەی سلێمانی یاخی و سەرهەڵدێر بووبێت؟

سەیری ڕابردووی بکەن بزانن چۆن له چەشنی کاوەی ئاسنگەر پەیتا پەیتا حیزبەکانی خستۆته سەر قەلاندۆشکان و دواتر که زانیویەتی بەرەو سەرەڕۆیی و لووتبەرزی دەڕۆن، وەک شووتییەکۆڵه له عەرزیانی داوە. ڕۆژێک ئاڵای شیوعیەتی هەڵداوە، دواتر که زانیویەتی شیوعییەکان لەگەڵ کوردایەتی کۆک نین، لێیان هەڵگەڕاوەتەوە و بەرگی زەردی پارتیی لەبەر کردووە. ڕۆژێک "مەشخەلانی شۆڕشی نوێی" لەسه ئەزمەڕ و "گۆیژه" هەڵکردووە و ڕۆژێکی تر لەسەر گردی زەرگەتەوه مۆمەکەی گۆڕانی داگیرساندووە.

سلێمانی دەڵێی ڕۆحی کاوەی ئاسنگەرە که بەردەوام فەرەیدوونەکان دەهێنێته سەر دەسەڵات، بەڵام دواتر که دەبینێت خەریکن دەبنه زوحاک، لێیان قیت دەبێتەوە و دەیانهێنێته خوارەوە و فەرەیدوونێکی دیکه دەدۆزێتەوە.

[ئەوه سلێمانی بوو (له قاڵبی مەکتەب سیاسییەکەی پارتیدا) که مەلا مستەفای بارزانی به شان و شکۆوه له سۆڤیەتەوه هێنایەوە و کردی به سەرۆکی کوردان، دواتریش هەر سلێمانی بوو که دوای ئەوەی زانی مەلا مستەفا تاکڕەوانه بڕیار دەدات، مام

جەلالی لێ ڤیت کردووە و ئالای کەسکی یەکێتیی نیشتمانیی هەڵدا. بەڵام دیسانیش لە دژی یەکێتی ڕاپەڕی و باڵۆنی نیلیی گۆڕان و نەوشیروانی خستە حەوا.] دەڵێی ئەوە رۆحی کاوەی ئاسنگەرە بەردەوام بەناو کۆڵان و شەقامەکانی سلێمانیدا پیاسە دەکات.

گەلۆ ئەوانەی لە سلێمانی پەیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەریان ڕووخاندووە و باس لە "خیانەتی مێژوویی" دەکەن دەزانن چ دارێکیان بە رۆحی یاخی و سەرهەڵدێری شارەکەیاندا داوە؟

٣- یەکێ لە بەرپەرچدانەوەکان سەبارەت بە ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەری ناو گێڕانەوەی ئێرانییەکان، لە لایەن "ئەحمەدی شاملوو" شاعیری بەناوبانگی ئێرانییەوە سەریهەڵدا. شاملوو ساڵی ١٩٩١ لە کۆڕێکدا لە زانکۆیەکی ئەمریکا وتارێکی لەوبارەیەوە پێشکەش کرد کە دەنگدانەوەی زۆری بەدوای خۆیدا هێنا. شاملوو پێیوابوو کە فیردەوسی جێگەی کاوە و زوحاکی گۆڕیوە و خراپەکەی کردووە بە چاک و چاکەکەی کردووە بە خراپ.

ئیتر کۆمەڵێ "ڕۆشنبیر" و "بیرمەند"ی دوانزە عیلمی کوردیش بێ ئەوەی ئاگایان تەنانەت لە میرات و کولتووری زارەکیی خۆیان بێت، حەپۆل حەپۆل سەریان بە قونی قسەکەی ئەو شاعیرە ئێرانییەوە نا و فەتوای خیانەتی کاوەی ئاسنگەریان دا. وەک بڵێی کوردان سەدان ساڵە خەڵەتێندراون و خۆڵ لە چاویان کراوە و ئەمان بە عیلم و ماریفەتی خۆیان هاتوون ئەم گەلە لەو خاپاندنە ڕزگار بکەن و هەموو حەقایەت و ئەفسانەکانیشیان ڕاست بکەنەوە.

خوێندنەوەی ئەحمەدی شاملوو بۆ ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و ڕەخنەی لە گێڕانەوەکانی فیردەوسی، پەیوەندیی بە چوارچێوەی ریوایەتیی خودی ئێرانییەکانەوە هەیە و دەچێتە قاڵبی دیسکۆرسی ئێرانییەکانەوە نەک گێڕانەوەی کوردان بۆ ئەو ئوستوورانە. ئەمەش هەر ئەو خاڵە گرینگەیە کە ڕۆشبیری کورد پێی نەزانیوە.

حونجەتێکی دیکەی ئەوانەی دژی کاوەی ئاسنگەری ئەفسانەیین، بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە دەڵێن گوایە زوحاک هەمان ئاستیاگ یان ئاژیدەهاک دوایین پاشای مادەکان بووە و کاوە ئەوی لابردووە و فەرەیدوون واتە هەمان کۆرشی هەخامەنشیی بە دەسەڵات گەیاندووە. ئیتر وەک کتووپڕ حەقیقەتێکی مێژوویی گرینگیان دۆزیبێتەوە، یەکسەر بڕیار دەدەن و دەڵێن کە بەڵێ "زوحاک" باش بووە و "کاوە" جاش؛ فیردەوسی و فارسەکان لە هەزاران ساڵ بەر لە ئێستاوە ئێمەی کوردیان خاپاندووە و ئەو چیرۆکەیان بە چەواشەکراوی دەرخواردی ئێمە داوە!

لێرەشدا دیسان بێ ئەوەی خۆیان بزانن کەوتوونەتە ناو چاڵاوی گێڕانەوەی ئێرانییەکانەوە و چیرۆکەکان بە چاویلکەی ئەوانەوە دەخوێننەوە، واتە دیسانیش لێرەدا ئاگایان لەو گێڕانەوانە نییە کە سینگ بە سینگ لەناو کورداندا هەتا ئەمڕۆکە هاتووە.

[خۆ ئەگەر دیسانیش گێڕانەوەی فیردەوسی بە بنەما وەربگیرێت، ئەوا چیرۆکی "کەیخوسرەو" و "ئەفراسیاوە" کە زیاتر لە بەسەرهاتی "کۆرش" و "ئاژیدەهاک" دەچێت. بە واتایەکی تر ئەگەر بمانەوێت لە شانامەی فیردەوسیدا بەدوای وێنەی کۆرشی

هەخامەنشی و ئاژیدەهاکی دوایین پاشای مادەکاندا بگەڕێین ئەوا بە "کەیخوسرەو" و "ئەفراسیاو" دەگەین، نەک "فەرەیدوون" و "زوحاک".]

٤- مخابن لەم ساڵانەی دواییدا هەندێ ڕۆشنبیری دوانزە عیلمی کورد بە گوێرەی گێڕانەوەی ئێرانییەکان و بە تایبەت بە فاکت هێنانەوە لە شانامەی فیردەسی و کتێبە نووسراوە ئێرانی و عەرەبییەکانی سەردەمانی کۆن خوێندنەوە بۆ ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەر دەکەن و دواتر فەتوای خیانەتی بۆ دەردەکەن. ئەمانە بێ ئەوەی کە خۆیان بزانن ڕێک کەوتوونەتە داوی/چاڵاوی گێڕانەوەی ئێرانییەوە. بە واتایەکی تر بە چاویلکەی ئێرانییەکان و لە چوارچێوەی دیسکۆرسی ئەواندا بۆ ئۆستوورەکانی خۆیان دەڕوانن. جا خۆشیەکەشی لەوەدایە کە دواتر بە شێوەیەکی گەمژانە لە چاڵاوی ئەو دیسکۆرسەوە پەلەقاژەی دژایەتی لەگەڵ گێڕانەوەی ئێرانییەکان دەکەن و حوکم و فەتوا بەسەر فیگۆرە ئوستوورەییەکاندا دەسەپێنن.

"ڕۆشنبیرێک" کە جیاوازیی نێوان "ئەفسانە" و "مێژوو" نەزانێت و هەوڵی سڕینەوەی ئەفسانە لە کۆنەستی گەلەکەی بدات لە داعشییەک دەچێت کە بۆ دژایەتی کردنی "خورافە" و "بیدعە" فەتوای تەقاندنەوەی شوێنەوارە مێژووییەکان یان تەنانەت تەکیە و خانەقا و مەزارگەی شێخانی تەریقەت دەردەکات.

چ وێکچوونێکی سەیر هەیە لە نێوان ئەمانە و ئەو ئیسلامییە سەلەفیانەی کە بە ناوی دژایەتی کردنی "خورافە" و "لادان لە دین" هێرش دەبەنە سەر هەموو میراتە کولتوورییەکانی گەلانی ناوچەکە و بە تایبەت خودی موسڵمانەکان.

گەلۆ چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەو کەسانەی کە پەیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەریان لە سلێمانی خاپوور کرد و ئەو سەلەفییانەی لە هەورامان مەزاری شێخانی نەقشبەندییان هەڵدایەوە، یان تالیبانەکانی ئەفغانستان کە پەیکەرەکانی بوودایان تەقاندەوە؟ گەلۆ هەمووان، هەوڵی ئەوە نادەن کە بە گوێرەی عەقڵی خۆیان "خورافات" و "ئینحرافات" لە مێشکی گەلەکەیان بسڕنەوە؟ گەلۆ چ جیاوازییەک هەیە لە نێوان ئەو ئیسلامییەی کە دەڵێت نابێ بچنە سەر قەبری شێخان وپیرانی تەریقەت چونکە "کوفرە" و ئەو "ڕۆشنبیرە سێکولار و مۆدێرنە ناسیۆنالێستە"ی کە دەڵێت لە نەورۆزدا باسی کاوەی ئاسنگەر مەکەن، چونکە بنەمای مێژوویی نییە ئەگەریش هەبێت، ئەوا "جاش" بووە [ پێی وایە ئوستوورە ئیللا دەبێ بنەمای مێژوویی هەبێت!]

ئەگەر بۆ مێژوو "بەڵگە" بنەمایە، ئەوا لە ئوستوورەدا ئەوە گێڕانەوە/ڕیوایەتە کە بە بنەما وەردەگیرێت. مێژوو زانستێکە بەدوای ڕاستیدا دەگەڕێت بەڵام ئوستوورە کۆنەستی گەلێکە کە بە گێڕانەوەیەکی تایبەت بە خۆی دەیهەوێت بڵێت من لەگەڵ دەر و جیرانەکانم جیاوازم.

هەرچەشنە هەوڵدانێک بۆ ئەوەی دەمامکی مێژوو لە پاڵەوانە ئەفسانەیی/ ئوستوورەییەکان بدرێت، زۆر بە سانایی پاڵ بە فاشیزم و شۆڤینیزمەوە دەنێت. گەڕانەوەی ئایدۆلۆژیک بۆ مێژووی کەونارا بە مەبەستی ئەوەی بنەمایەک بۆ ناسیۆنالیزمێکی

دیاریکراوی لێ هەڵکرێت، گەمژەییەکی مەترسیدارە لە چەشنی ئەو گەمژەییەی ڕۆشنبیرە پان ئێرانی و پان تورک و پان عەرەبەکان لە سەرەتای سەدەی بیستەمدا تووشی بوون و ئەو هەموو کارەساتەی لێ کەوتەوە.

٥- لەوانەیە هۆکارێکی دیکەی دژایەتیی کردنی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر و نەورۆزی کوردەواری لەو رق و قینە لەبن نەهاتووەی ڕەوتە ئیسلامییەکانی کوردستانەوە سەرچاوەی گرتبێت کە بەردەوام لە دژی بۆنەی نەورۆز و بەتایبەت ئاگری نەورۆز هەڵیدەڕێژن.
ئیسلامی سیاسی لە کوردستان دژایەتییەکی لە ڕادەبەدەری لەگەڵ ئاگری نەورۆز هەیە و بە هێمایەکی سەردەمی ئاگرپەرستیی دەزانێت.

ئیسلامییە کوردەکان [نەک کوردە موسڵمانەکان] تەنانەت نەورۆز بە جەژن نازانن و ئەگەر بۆیان بکرێت هەوڵ دەدەن ئەو بۆنەیە هەر بە یەکجاری بسڕنەوە. خۆ ئەگەریش بۆیان نەلوێت، ئەوا -وەک ئەوەی مەلاکان لە ئێران کردیان- بە ئیسلامی کردنی باشترین ڕێگەچارەیە بۆیان. بۆیە سڕینەوەی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر لە نەورۆز دەتوانێت سەرەتایەک بێت بۆ وەلانانی نەریتی ئاگر کردنەوە لە ئێوارەی نەورۆزدا.[ئەگەر بڕیار بێت کاوەی ئاسنگەر جاش بێت و پێشتریش بە ئێمەیان گوتبێت کە ئاگری نەورۆز هێمایە بۆ سەرکەوتنی کاوە بەسەر زوحاکدا، کەواتە ئیتر بۆ دەبێ ئاگر بکەینەوە؟ چیمان هەیە لەباتی ئەو ئەفسانەیە دایبنێین؟]

ئالەم ڕوانگەیەوە، دوور نییە بەشێک لەو نووسراوانەی لەم ساڵانەی دواییدا لە دژی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر لەناو کورداندا بڵاو کراوەتەوە، پیلانێکی خشکەی ئیسلامییەکان بۆ لە خشتەبردنی نەورۆز نەبووبێت؛ یان لانیکەم بە فیتی ئەوان پەرە بەم بابەتە نەدرابێت. ئەمە مەسەلەیەکی مەترسیدارە و مخابن کەس تا ئێستاکە لەم ڕوانگەیەوە ئاوڕی لێی نەدواتەوە.

٦- هەندێ دەنگۆش لە ناو خەڵکدا هەیە کە باس لەوە دەکەن گوایە ئەو ساڵانەی پەیکەرەکەی کاوەی ئاسنگەر لە سلێمانی دانرابوو، هەم لە لایەن تورکیاوە و هەمیش لە لایەن ئێرانەوە دژایەتیی کراوە. دەڵێن گوایە پەیکەرەکە سەرەتا چەکوشێکی بە دەستەوە بووە بەڵام لەسەر داوای تورکیا ئەو چەکوشە کراوە بە مەشخەڵ. هەروەها ئەوەش دەگوترێت کە ئێران بە گشتی پێی خۆش نەبووە ئەو پەیکەرە لە سلێمانی هەبێت. گەلۆ ئەم دەنگۆیانە تا چەندە ڕاستن؟ ئەگەر ڕاستن و ئێران و تورکیا تا ئەم ڕادەیە بەو پەیکەرە هەستیارن، بڵێی ئەو هەموو وتار و نووسراوەی لەم ساڵانەدا لە دژی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر نووسراون و باس لە "خیانەت" و "جاشایەتی"ی دەکەن، لە کوێوە سەرچاوەیان گرتبێت؟ کەس بیری لەمە کردۆتەوە؟

١- لەم بەشەدا هاوڕێی یارسانیم "فیروز یوسفی" یارمەتیی داوم. سپاسی دەکەم.

## ناوی مانگەکانی کوردی بنەمایەکی سروشتی - کشتوکاڵیی هەیە.

**خاکەلێوە: یەکەم مانگی سەری ساڵە و مانای ئەوەیە کە مەڕ و ماڵات کاتی لەوەڕ، لەبەر ئەوەی گیا هێشتا کورتە و زۆر لە خاک**

و خۆڵی بن خۆی بەرزتر نیە، لێویان وە خاک و خۆڵەکە دەکەوێ.

بانەمەڕ: لەو مانگەدا مەڕ لە دۆڵ و بنارانەوە روو لە بڵێندان دەکا و لە قەدپاڵ و بەرزاییان دەلەوەڕێ.

جۆزەردان: لەو مانگەدا لە هێندێک ناوچەی کوردستان جۆ زەرد دەبێ.

پووشپەڕ: لە مانگی پووشپەڕ دا گژ و گیای شاخەکان رەنگیان دەگۆڕێ و سەوزاییان زەرد هەڵدەگەڕێ و نەرمییان نامێنێ و تورت و وشک دەبن و دەبنە پووش.

گەلاوێژ: مانگی گەلاوێژ دەگەڵ ئەوەی نیشانەیەکی فەلەکیە و ناوی ئەستێرەیەکە، بەڵام لە سەر عەرزیش شوێندانەری هەیە و ئاو بەرەو ساردی دەچێ و دەڵێن گەلاوێژ ئەنگووتووە.

خەرمانان: لە مانگی خەرمانان وەرزێڕەکان کێشەوەی گەنم و دانەوێڵەیان کردووە و خەریکی سوورکردنی خەرمانن. واتە کا و کۆت لە دەغڵەکە دەکەنەوە.

رەزبەر: لەو مانگەدا رەز بەردەگرێ و ترێ دەگاتێ.

خەزەڵوەر: لەو مانگەدا دار و دەوەن هێدی هێدی گەڵاکانیان دەوەرن.

سەرماوەز: لەو مانگەدا سەرما روو دەوڵاتی دەکا و هەوا سارد دەبێ. ئەو مانگە "سیخوار "یشی پێدەڵێن و لە ناوچە کوێستانییەکان بەیانان زوقم دەکەوێ. زوقم ئەو ئاونگ و شەونم و شەی هەوایەیە کە لە سەر گەڵای رووەکەکان و چیمەن و...دا کۆدەبێتەوە و دەیبەستێ.

بەفرانبار: لەو مانگەدا بەفر دەبارێ.

رێبەندان: قەدیم کە ماشێن و جادە و بان کەم بوو، خەڵکی ئاوایی و گوندەکان بۆ هاتوچۆ رێیان لێ دەگیرا و هاتووچۆ زەحمەت دەبوو.

ڕەشەمە: ئەو مانگە کە بە مانگی " قون هەڵکرێنە"ش ناسراوە، لەودا تیرەگی شاخەکان و بەرزاییەکان بەهۆی ئەنگاوتنی تیشکی خۆر و بای شەماڵ بەفرەکەی زووتر دەچێتەوەو رەشانگ وەدیار دەکەون. هەر بۆیە پێی دەڵێن رەشەمە. رەشەمێ نیە. رەشەمێ یانی مێی رەش، ڕەشەمە یانی مانگی وەدەرکەوتنی ڕەشانگ و توانەوەی بەفر.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی رۆژ / رێکەوتی : ٦ی ئاوریلی ٢٠١٥

# کورتە باسێک لە سەر زوحاک

ئوستوورە، بریتییە لە رووداوەکانی بەرلە مێژووی میلەتێک، کە هەرچەندە تێکەڵ بە خەیاڵ کراوە، بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا، دەکرێت شوێن پێی هەندێ راستیی تێدا بدۆزرێتەوە. مرۆڤ لە ئۆستوورەدا، بۆ بەڵگەهێنانەوەی کۆمەڵێک رووداوی نامۆ، کە ئەو هیچی لێ نەزانیوە، پەنای بۆ ئەودیوی سروشت بردووە. خواکان لە ئۆستوورەدا، دێنە مەیدان و ئەو کردارانە ئەنجام دەدەن، کە مرۆڤی ئاسایی لە ئاستیدا بێتوانایەو لە هۆکارەکەشی تێناگات. دێو و درنج و پەری و جۆرەها گیانلەبەر، لە ئۆستوورەدا، ئەو رۆڵە سەیرو سەمەرانە دەبینن، کە لە حاڵەتی ئاسایی و سروشتیدا، مەحاڵن. بەڵام هەموو ئەو ئەرک و رۆڵە سەیروسەمەرانەش، بەپێی هزری خەڵکانێک رێک دەخرێن، کە لە راستیدا لە پێناو مەبەستی تایبەتی خۆیان، جووڵەیان پێدەکەن. بە مانایەکیتر، ئۆستوورە دەربڕی ئافراندنی هزری نەتەوە یا گەلێکە بە درێژایی مێژووی نادیارو نەنووسراودا. بۆیەش لە هەر ئوستوورەیەکدا، تۆ ئەگەر هیچت دەست نەکەوێت، ئەوەندەت هەر بۆ دەمێنێتەوە، کە شتێک لە چۆنیەتی بیرکردنەوەو هزرمەندیی ئوستوورەسازەکان بزانیت.



ئایا بەسەرهاتی کاوەو زوحاک ئۆستوورەیە؟

لە هەموو ئەو سەرچاوانەی باسی کاوەو زوحاک کراوە، ئەوەش گوتراوە کە ئەم رووداوە، هی زۆر کۆن و بە مانایەکیتر هی بەرلە مێژوو بووە. چونکە لە هیچ بۆ ماوەیەکی مێژوویی شتێک بە ناوی کاوەو زوحاک بوونی نییە.

لە ئاوێستا، لە چەند شوێنێک باسی بوونەوەرێک بە ناوی(ئەژدیهاک)کراوە. بەڵام وتراوە کە ئەم ئەژدیهاکە، بوونەوەرێکی سێ سەرە، یا سێ لمووزەوشەش چاوی هەیەو خەڵکی بابلەو(سریتوونا) شەڕی لەگەڵ دەکات و دەیگرێت. بەڵام دووای گرتن، ئەهوورا مەزدا، بە سریتوونا دەڵێت کە نابێت ئەژدیهاک بکوژی، چونکە ئەگەر کارێکی وا بکەی، بە هەزاران گیانلەبەری ترسناک و مەترسیداری وەکوو مارو دووپشک لە لەشی دێنە دەرێ و جیهان پیس و ناخۆش دەکەن. بۆیەش (سریتوونا) بڕیار دەدات کە ئەژدیهاک لە کێوی دەماوەند، ببەستێتەوە.

لە ئاوێستا لەوە زیاتر باسی ئەژدیهاک نەکراوە، بەڵام لە کیتابی (زەند و هوومەن یەسن) کە (بەهمەن یەشت)یشی پێ دەڵێن و بریتییە لەو پێشبینییانەی کە ئەهوورا مەزدا بە زەردوشتی گوتووەو لە زمانی ئەوا نووسراوەتەوە، باسی چارەنووسی زوحاک کراوە. لە بەشێکی بەهمەن یەشت هاتووە، کە نۆ هەزار ساڵ دووای مردنی (سریتوونا) ئەژدیهاک خۆی رزگار دەکات و خەڵکێکی زۆر دەکوژێت و ئەوکاتە ئەهوورامەزدا، فەرمان بە گورشاسپ ناوێک دەدات، کە چارەیەک لە ئەژدیهاک بکات و ئەویش بە گورزێک حەیاتی لەبەر

دەبڕێت و پاشان کە زەمینەکە خۆش بوو، (سۆشیانت) دێت و جیهان پڕ دەبێت لە خۆشی و کامەرانی.

لێرە، مرۆڤ وا هەست دەکات کە باسی دەجالەکەی خۆمان دەکرێت، کە دووای هاتنی مەهدی و عیساو کوشتنی دەجال، ئەوجا جیهان پڕ دەبێت لە خۆشی و شادمانی.

سەرچاوەی دووەم کە تێیدا باسی زوحاک کراوە، شانامەی فیردەوسی یە، کە ئەویش ئەم راستییە ناشارێتەوە، کە ئەم چیرۆکەی بیستووەو خەڵک بۆی گێڕاوەتەوەو بەسەر هاتێکی کۆنە.

کەواتە گومان لەوەدا نامێنێت کە بەسەرهاتەکەی (کاوەو زوحاک) جگە لە ئوستوورە، هیچیتر نییە. بەڵام هەروەکوو لە پێناسەی ئوستوورە باسم کرد، ئەمەیان بەو مانایە نییە، کە هیچ راستییەکیشی تێدا نەبێت.

ئەوەی لێرەدا من دەمەوێت جەختی لەسەر بکەمەوە، ئەوەیەکە لە گێڕانەوەی ئوستوورەشدا، پێویستە رووداوەکان وەکوو سەرچاوەکە باسی کردووە، باس بکرێنەوە. ناکرێت من ئێستا بە دڵی خۆم، هەستم رۆڵێکی جیاواز بدەمە چیرۆکێکی ئەفسانەیی و بۆ نموونە بڵێم کە مەجنوون خەڵکی تورکەمەنستان بووە. چونکە لە ئەسڵی بابەتەکەو لە نووسینی کەسی یەکەمدا، بە ئاشکرا باس کراوە، کە مەجنوون کابرایەکی عەرەبە.

زوحاک لە شانامەی فیردەوسی دا:

فیردەوسی، (٣٢٩-٤١١ی کۆچی)، شانامەی ١١ساڵ بەرلە مردنی تەواو کردووە:
زهجرەت شودێ پەنج هەشتاد بار
کێ گۆفتەم مەن ئین نامەیێ شەهریار
واتە کە ٥جاران هەشتا، لە کۆچی پێغەمبەر تێپەڕی بوو، من ئەو شەهریارنامەیەم تەواو کرد.

ئەو مێژوویەی فیردەوسی باسی دەکات، سەردەمی پاشایەتی مەحموودی غەزنەوی بووەو فیردەوسیش، زۆر لەو پاشایە رازی بووە. شانامەی فیردەوسی گەلێ بەش و باس و سەرگوزەشتەی تێدایە، کە یەکێکیان باسی کاوەو زوحاکە. لەم بەشەدا سەرەتا باسی پاشایەتی کیوومەرس و پاشان باسی پاشایەتی هووشەنگ و تەهموورەس و ئەوجا باسی پاشایەتی جەمشید کراوە. بمبوورن بۆ ئەوەی باسەکە زۆر درێژە نەکێشێت ناچمە ناو هەموو بابەتەکەو بە کورتی باسی دەکەم:

فیردەوسی دەڵێت: دووای ئەوەی کە تەهموورەس مرد، کوڕەکەی واتە جەمشید، جێی گرتەوەو یەکسەر کەوتە رێکخستنەوەی کۆمەڵگاو بەسەر چەند ئاست دابەشی کردن و هەریەکەو کارێکی بۆ دیار کردن، پاشان ئەمری بە دێوەکان کرد، کە لە خاک خشت دروست بکەن و خانووی ئاوا کردن و بە کورتی بنیاتی شارستانییەتی داناو ئەهوورا مەزداش پشتی گرت و یارمەتیی دا.

بەڵام دووای ماوەیەک، خۆپەرستی جەمشیدی داگرت و وای لێهات کە خۆی بە خوا دانـاو رایگەیاند، کە کەس لە ئەو بەهێزتر و گەورەتر نییە. ئەمەش ئەهوورا مەزدای تووڕە کردو خوا پشتی بەرداو لە ئەنجامدا، بارودۆخەکەی تێکچوو.

جەهان را بخووبی مەن ئاراستەم
چونانەست گیتی کوجا خواستەم
خورو خواب و ئارامتان ئەز مەنەست
هەمان کووشش و کامتان ئەز مەنەست

واتە: من جیهانم وا بە جوانی خەملاندووەو من چۆنم ویستبێت، جیهان وا دروست بـووەو خـواردن و خەو و ئارامیتـان بەهـۆی منەوەیەو هەرچی دەکەن و پێیدەگەن، هەمووی هی منە.

ئەوجا لێرە، فیردەوسی دێتە سەر باسی کابرایەک کە نـاوی (مەرداس) بـووەو گـوایە پاشای عەرەبەکـان بـووە. ئەو مەرداسە، کـوڕێکی هەبـووە، نـاوی زوحـاک بـووە. رۆژێـک ئەهـریمەن(ئیبلیس) بڕیـار دەدات وەزعەکەی تێـک بـدات و بـۆیەش دەچێت و خۆی لەگەڵ کـوڕی مەرداس واتە زوحـاک دەکـاتە بـرادەرو پـاش مـاوەیەک پێـی دەڵێـت کە بابـت پیربـووەو حەقە تـۆ سـەرۆکی عەرەبەکـان بـی و دووای بگروبکێشێکی زۆر، زوحاک رازی دەکات کە بابی خۆی بکوژێت و پیلانی بۆ دادەنێت و مەرداس دەخاتە بیرێکەوەو ئەوجا زوحاک دەبێتە پاشا.

فرووماێ زوحاکێ بیدادگەر
بدین چارێ بگرێفت جایێ پدەر
واتە: هیچ و پووچێکی زاڵمی وەکوو زوحاک، بەمشێوەیە جێی باوکی گرتەوە.
بسەر بەر نهاد ئەفسەرێ تازیان
بەریشان ببەخشید سوودو زیان

واتە: تـاجی پاشایەتی عەرەبەکـانی خستە سەری(تـازی واتە عەرەب، چونکە لە فارسی کۆن، بە عەرەبیـان دەگـوت تـازی).و سوودو زیانیشیانی پێ بەخشین.

دووای ئەوە فیردەوسی دەڵێت، ئەهریمەن وازی لە زوحاک نەهێناو خۆی کردە لاوێکی قۆزو هـاتە لای شـای تـازەو پێیـوت من خـواردنی خۆش دەزانم و ٤ رۆژ بەدووای یەک خواردنی زۆر خۆشی بۆ زوحاک دروست کردو ئەویش کەیفـی هـات و پێـی وت چت دەوێت تـا بـۆت بکەم. چێشت لێنەریش دەڵێت تەنیا ئارەزوومە بان هەردوو شانی جەنابت ماچ بکەم. زوحاک رێگەی پێ دەدات و دووای ماچ کـردن، لە شوێنی ماچەکان، دوو مار دەردێن و کێشەی گەورە بۆ زوحاک دروست دەکەن.

لەولاوە فیردەوسی دەڵێت کە بەهۆی زوڵمی جەمشید خەڵک لێی ناڕازی دەبن و لە دەستی هەڵدێن و پەنا دەبەنە بەر پاشای عەرەبەکان و پێی دەڵێن چارەیەکمان لێ بکەو لە دەستی جەمشید رزگارمان کە، چونکە جەنابت زۆر لە ئەو شیاوتری تا ببیە پاشای ئێمە.

یەکایەک ز ئیران بەرئامەد سپاه
سوویێ تازیان بەرگرفتەند راهـ
واتە بەردەوام لە ئێرانەوە سپای زۆر رێگەیان دەگرتە بەرو بەرەو عەرەبەکان دەچوون.
سەوارانێ ئیران هەمێ شاهجووی
نهادەند یەکسەر بێ ضحاک رووی

واتە ئەو سوارە ئێرانییانەی بەدووای شاهێک دەگەڕان، هەموویان یەکسەر روویان لە زوحاک کرد.
زوحاکیش کە لە خوای دەویست، یەکسەر داواکارییەکەی قبووڵ کردو تاجی پاشایەتی ئێرانی لەسەر ناو خۆی کردە پاشای ئێران و عەرەب.

ئەز ئیران و ئەز تازیان لەشکەری
گوزین کەرد گێرد ئەز هەمێ کشوەری

واتە لە ئێرانییەکان و لە عەرەبەکان لەشکرێکی هەڵبژاردەی هەموو پارچەکانی کۆ کردەوە.

دووای ئەوە فیردەوسی بە دوورو درێژی باسی چۆنیەتی کوشتنی جەمشیدو ئەوجا زوڵمەکانی زوحاک دەکات و دێتە سەر ئەو باسەکە، دووکەس بە ناوەکانی ئەرمایل و گەرمایل، دەچنە ناو شوێنی چێشت لێنانی زوحاک و هەوڵدەدەن بە هەر شێوەیەک بووە، هەندێک لەو لاوانەی دەکوژران تاکو مێشکیان ببێتە خۆراکی مارەکان، رزگار بن. ئەوە بوو ئەم دوو کەسە، رۆژانە لاوێکیان بەڕەڵا دەکردو مێشکی مەڕێک یا گۆلکێکیان لە جیاتی مێشکی ئەو دەدا بە مارەکان. فیردەوسی دەڵێت: کورد لەو کەسانە دروست بوون، کە ئەرمایل و گەرمایل بەرەڵای دەکردن و ئەوانیش بەرەو شاخەکان هەڵدەهاتن.

کونوون کورد ئەزان توخمێ داد نژاد
کێ ز ئاباد نایەد بێ دل بەرەش یاد

واتە کوردەکانی ئێستا لە رەگەزی ئەو کەسانەن و بۆیەش زۆر خۆیان نادەنە ناو ئاوەدانی و کەیفیان بە کێوو شاخ دێت. هەڵبەت ئەم دێڕە شێعرەی فیردەوسی رای خۆیەتی کە لەناو چیرۆکەکە باس کراوەو پێوەندیی بە رووداوەکانەوە نییە.

ئەوەی گرینگە ئەوەیە کە لێرە بەباشی بۆمان دەردەکەوێت کە زوحاک، یا ئەوها کە فارس دەڵێت زەحاک، میرزادەیەکی عەرەب بووەو کەس ناتوانێت نکۆڵی لەو راستییە بکات. چونکە هەم لە ئاوێستا و هەم لە شانامەی فیردەوسی بە ئاشکرا باسی عەرەببوونی ئەو کابرایە کراوەو لەم دوو سەرچاوەیەش کۆنتر لە جیهان نییە .

سەرچاوە: ماڵپەڕی رووداو / ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١٥

# نەورۆز، سەری ساڵی تازەو جەژنی نەتەوایەتی گەلی کوردە

## ئاگری نەورۆز لە کوردستان

بۆ کورد نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوەیی گرنگە، ئەگەرچی نەتەوەکانی تری ناوچەکە ساڵانە بەشداریی ئاهەنگی نەورۆز دەکەن، بەڵام جەژنەکە بۆ کورد واتایەکی نەتەوەییو سیاسیو وجودی گرنگی هەیە، لەکاتێکدا بۆ نەتەوەکانی تر، لەبۆنەیەکی ئاسایی تێناپەڕێت.مێژووی نەورۆز لە ناوەندە ڕۆشنبیرییو میدیاییو جەماوەرییەکانی کوردو ناوچەکەو جیهان دا، باسوخواسی جیاوازی لەسەرەو لێکۆڵەرەوانو مێژوونووسان یش بەهەمان شێوە کە هەمان بۆچوونی مێژوونوسانە بۆ ناوەندەکانی تر دابەزیوە.بۆ (کورد) وەک نەتەوەیەکی خۆرهەڵاتی لە باشووری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا، (دەوڵەتی ماد) بەکۆنترین ئاماژە بۆ سەرەتایی دەرکەوتنی جەژنی نەورۆز دادەنرێت، ئەوەش بەوەی ئەو دەوڵەتە بەنزیکترین دەوڵەت دادەنرێت لە مێژووی کۆن دا کە (ڕەگەزی کورد) تێیدا دەرکەوتبێتو لە دەرکەوتنی ساڵنامەی کوردییەوە نزیک بێت، ئەمەو مێژوونووسی ئەرمەنی (موسا خورناتیس) پێیوابووە (زوحاک)ی ئەفسانەکەی جەژنی نەورۆزی کورد، هەمان (ئەستیاگز)ی دواهەمین پادشای مادەکان بووە، بۆیە لای ئەویش باشتر بووە کە مێژووی جەژنەکە بۆ (دەوڵەتی ماد) بگەڕێتەوە، نەوەک بۆ ئەفسانەیەک.بەدەریش لەوانە ساڵنامەی کوردی لەژێر هەر دەقو سیاسەتو بارودۆخێک دا دانرابێت، ڕێچکەی مێژوویی خۆی وەرگرتووەو وەک ساڵنامەیەکی تایبەت بەکورد سەلمێنراوە، تاکە مێژوویەکیش بەو ساڵنامەیەوە بەسترابێتەوە (دامەزراندنی دەوڵەتی ماد)ە لە سەدەی هەشتەمی پێش زایینەوە، بۆیە گومانی تێدا نییە کە نەورۆز وەک جەژنو بۆنەیەکی نەتەوایەتی بۆ کورد بۆ یادی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دەگەڕێتەوە.ئەمەش بووەتەوە هۆی ئەوەی کورد لە سەرتاسەری کوردستان دا نەورۆز وەک یادی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد بکەنەوە، نەوەک بیبەستن بە ئەفسانەیەکی هەڵبەستراوی وەک کاوەی ئاسنگەرو زوحاکی ستەمکارەوە.لەڕووی مێژوویشەوە ناوی زوحاک بەناوی کەسانی جیاواز لای مێژوونووسان هاتووە، لەمبارەوە (ئەبو حەنیفەی دینەوەری) کەسایەتی زوحاکی بە برازای (شەدید کوڕی عیملاق کوڕی عاد کوڕی ئارم کوڕی سام) داناوە، (ئیبن کەسیر)یش زوحاکی بە برای (فیرعەونی میسر) زانیووەو پێیوابووە، ناوی تەواوی (سفانی کوڕی عەلوان کوڕی عویج کوڕی عیملاق)ە، لە شانامەی شاکاری (فیردەوس)ی شاعیری گەورەی ئێرانیدا باس لەتاج لەسەرنانی (جەمشید) کراوەو ئاماژەی بەوەداوە، زوحاک وەک پادشایەک بەوە ڕازی نەبووە، بۆیە نامەیەکی بۆ نووسیووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە وا نییە، بەڵکو ئەو نامەیە نامەی (ئەردەوانی پێنجەم)ی پادشای (ئەشکانیی)ە بۆ (ئەردشێری کوڕی بابەکان کوڕی ساسان)ی دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتی ساسانی.لە سەرچاوە عەرەبیو ئیسلامییەکانیش دا زاراوەی (زوحاک) لەگەڵ دەرکەوتنی سوپای عەرەبی ئیسلامی دا بۆ ناوچەکانی دەرەوەی نیوە دوورگەی عەرەبیو



بەتایبەت بۆ بەری خۆرهەڵات باکووری خۆرهەڵات بەکوردستانیشەوە دەرکەوت، دیارترین ناوەکانیش ئەمانە بوون: (زوحاک کوڕی قەیس کوڕی سەعلەبە)، (زوحاک کوڕی قەیس کوڕی موعاویەی تەمیمی)، (زوحاک کوڕی قەیس)و (زوحاک کوڕی موخەلەد کوڕی موسلیم).لەبارەی چۆنێتی پەیدابوونی جەژنی نەورۆزەوە، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەبیرو باوەڕی جیاواز دەکەن، گەلێک ڕووداوی مێژوویی، چ ئەفسانەیی یان ڕاست دەکەنە سەرەتای پەیدابوونی نەورۆز، ئەمەش وایکردووە کە بابەتی زۆر لەبارەی نەورۆزەوە بنووسرێت، بەتایبەت بەناونیشانی بۆ نموونە (نەورۆز لەنێوان ئەفسانەو مێژوو دا) یەکێکە لەو باسانەی کە لەبارەی نەورۆزەوە دێتە پێشەوە.بەبڕوای کەسانێک خودا لەو ڕۆژەدا دنیای بەدیهێناوەو هەندێکی تر دەڵێن: چونکە خودا لەم ڕۆژەدا ئادەمی خوڵقاندووە، بۆیە ناوی لێنراوە نەورۆز.گرووپێکی تر پێیانوایە کە جەمشید لەسەرەتاوە ناوی جەم بووەو کاری گەشتوگەڕان بووە کە گەیشتۆتە ئازەربایجان، یا بەپێی وتەیەکی تر بابل، دەستووری داوە کە تەختێک بەزێڕو گەوهەری لەسەر بەرزاییەک بەرەو ڕۆژهەڵات بۆ دانێنو ئینجا تاجێکی لەسەر داناوەو لەسەر تەختەکە دانیشتووە، کاتێک خۆرهەڵاتووە، یەکەم تیشکەکەی کە لەتەختەکەی جەمی داوە، خەرمانەیەکی گەشاوەو زێڕینی لەدەوری تەختەکە سازکردووە، خەڵک بەبینینی ئەو دیمەنە شاد دەبنو دەڵێن،"ئەمە ڕۆژێکی نوێیە".هەر لە زەمانی پەهلەوی دا بەتیشک دەڵێن (شید)و جەمیان کردووە بەجەمشید. ئەو ڕۆژەی کە جەمشید چۆتە سەر تەخت، ڕۆژی شەشی خاکەلێوە بووە کە بەنەورۆزی تایبەتی ناوزەدکراوە. یاخود بەواتایەکی تر جەمشید زاناکان کۆدەکاتەوەو لێیان دەپرسێ، چ شتێک دەتوانێ ئەم پاشایەتییە بپارێزێ؟ زاناکان دەڵێن،"بەهانای خەڵکەوە چوونو چاکەکردن بەخەڵک، جەمشید خۆی سازکردو دەستووریدا بەنۆکەرو ژێردەستەکانی کە بەکاروباری هەژارو لێقەوماوان ڕابگەن، ئەو ڕۆژەی کە وایکرد، ڕێکەوتی هەبوو لەگەڵ ڕۆژی هورمز لە مانگی (خاکە لێوە ـ ئادار)داو بەدوای ئەوەدا ناوی ئەو ڕۆژەی کرد بەنەورۆزو تائێستاش هەر بەردەوامە".

لە دەقە ئەفسانەییەکان دا هاتووە کە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی (١٧٦٧)ی پێش زایین، (زەردەشت) لەدایکبووە، بۆیە ئەو ڕۆژەیان بەنەورۆز ناوزەد کردووە، هەروەها بەپێی دەقێکی ئەفسانەیی دیکە، نەورۆز ڕۆژێکە کە کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکی مێشکخۆردا سەرکەوتو خەڵک بەهەڵکردنی ئاگر ئەو ڕۆژەیان کردە جەژن، واتە ڕۆژی ئاگر دۆزینەوە، یان ئەو ڕۆژەیە کە شەوو ڕۆژ پێکەوە بەرامبەرن.لە کتێبە ئاسمانییەکان دا هاتووە، خودا دنیای لەشەش ڕۆژدا ئەفراندووەو گەلانی ئێرانی باوەڕیان وابووە کە خودا ئەم کارەی لە ڕۆژی یەکەمی مانگێک دا ئەنجامداوە کە ڕۆحەکان لە ئاسمانەوە گەڕاونەتەوە بۆ سەر زەوی، ئەم مانگە ناوی فرووهەر بووەو لەم مانگەدایە کە خودا ڕۆحی مردووەکان دەگێڕێتەوە ناو کەسوکاریانو ئەو میواندارییەش (١٠) ڕۆژان دەخایەنێت، بۆیە خەڵک لەم ڕۆژانەدا ماڵەکانیان خاوێن دەکەنەوە، جلوبەرگی نوێ لەبەردەکەنو بۆنی خۆش بەهەموو لایەک دا بڵاودەکەنەوەو ماڵەکانیان بەشینایی‌و گوڵ، دەنگی مۆسیقی‌و ڕووناکی، خۆش دەکەن.نەورۆز لەڕوانگەی ئایینەوە، هاتنی ئادەم بۆ سەر زەوی – لەنگەرگرتنی کەشتی حەزرەتی نووح، دوای سێڵاوەکە لە سەرکێوی ئاگری (جوودی) لە باکووری کوردستان - حەزرەتی سلێمان ئەنگووستیلە گومکراوەکەی خۆی دۆزییەوە - هاتنی جوبرائیل بۆ لای پێغەمبەری ئیسلام- گەیشتنی حەزرەتی محەممەد بە پێغەمبەری - حەزرەتی ئیبرایم دوای شکاندنی بتەکان، مەنجەنیقی بۆ سازکراو بەویستی خودا مەنجەنیق بوو بە گوڵستان.

لەلایەکی ترەوە، عەرەبەکان دەڵێن: کە گوایا دنیاو ئادەم لەم ڕۆژەدا کە شەوو ڕۆژ پێکەوە بەرامبەرە، بەدیهاتوون، بۆیە پێیدەڵێن نەورۆز، واتە ڕۆژی نوێ. بەبڕوایەکی تر، شەش هەزار ساڵ لەمەو پێش (کەیوومەرس) لەگەڵ شای ئەو کاتە لە کێوەکانی ڕەواندز دا دەست بەشەڕ دەکاو ئەو ڕۆژەی کە سەر دەکەوێت، بە لەشکرەکەی دەڵێ: لەسەر تەواوی کێوە بەرزەکان ئاگر بکەنەوە، تا بەڵکو ئەو

کەسانەی کە پەرتەوازەبوون، بگەڕێنەوەو ئەو سەرکەوتنەش دەورووبەری نەورۆز بووە.لەگەڵ ناوهێنانی باسی ئاگرکردنەوەی کورددا، ئەو باسە دێتەئاراوە کە کورد پەیوەندی لەگەڵ ئاگرپەرستی دا هەبووە، بۆیە کورد جەخت لەوەدەکاتەوە، کردنەوەی ئاگر ئەوە ناگەیەنێت کە کورد ئاگرپەرەست بووبێتن، بەڵکو لەناو دینی زەردەشتدا ئاگر شتێکی پیرۆزە.زۆربەی زۆری مێژوونوسانو شارەزایانی مێژوو باوەڕیانوایە، کە جەژنی نەورۆزو ئەو جەژنانەی کە پەیوەندیان بەنەورۆزەوە هەیە (١٠٠%) جەژنی نەتەوەی ئێرانن، هەندێک لەسەر ئەو ڕایەن کە چوارشەممە سووری جەژنێکە کە پەیوەندی بەزەردەشتیەکانەوە هەیە، چونکە ئاگری تێدایەو بەپێی ڕای هەندێک لە مێژوونوسان، ئەم جەژنە نەک تەنها جەژنی ئێرانیەکانە، بەڵکو بووە بەجەژنی میللەتانی هیندۆ ئەوروپیەکان کە (٣٠٠٠) ساڵ لەمەو پێش بەرەو ئێران کۆچیان کردووە، هەندێک لە مێژوونوسان پێیانوایە کە نەتەوەکانی (عیلامی، کاسی، گۆتی و...هتد) ئەم جەژنەیان یادکردووەتەوە.تاکە سەرچاوە کە ماوەتەوەو لەبەردەستایە بۆ شارەزابوون لە ئاینو باوەڕی میللەتانی هندۆ ئێرانیو دواتر ئێرانی، بەپلەی یەکەم ئاڤێستایە، بەپلەی دووەم باوەڕی نەتەوەکانی هندۆ ئاریاییو میللەتانی ئێرانی باستانە.باوەڕی میللەتانی تر وەک: سکاکەکان، نورسیەکانو ئەو خەڵکانەی کە بەزمانی ئێرانی قسەیان دەکردووەو خەڵکی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارو لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کێوەکانی (پامیر) دەژیان، دەتوانرێت بەڵگەیەکی باش بن بۆ دۆزینەوەی ئاینو مەراسیمو جەژنەکانی ئەو خەڵکانە.

لە ئاڤێستا دا بەتایبەت لەگاتەکانو یەسناکان دا کە کۆنترین بەشەکانی ئاڤێستان، هیچ ئاماژەیەکو ناوێک دەربارەی نەورۆزو جەژنەکانی وابەستە بەنەورۆزەوە نەهاتووە.جەژنو مەراسیمەکانی ناو ئاڤێستا تەنها لەشێوازی پەرستنی (ئامشاسپەندان)ی جیاوازە بۆ ستایش لە (میترا) و (ئاناهیتا) و (ورنا) و (هوم) و ئامشاسپەندەکانی ترن کە لەجەژنەکانو مەراسیمەکانی وابەستە بەوان دەبێت بخوێنرێنەوە.هەردوو وشەی (جەژن) و (یەسنا) یەک ڕیشەیان هەیە وە یەک واتایان هەیە.لەئەنجامدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لە ئاڤێستا دا هیچ شتێک لەبارەی نەورۆزو چوارشەممە سووریو سیانزە بەدەرو تەنانەت سدەش نەهاتووە.

تەنها ناوێک کە لە ئاڤێستا دا دەربارەی نەورۆز هاتبێت، لەفەرگەردی دووەم "ویدیودات"دا هاتووە لەباسی ژیانی "یەم" یان (جەمشید) باسی ئەوە دەکات کەوا جەمشید جەژنێکی کردووەو هەموو ساڵێک یادیکردووەتەوە بەناوی نەورۆز (ئەم ڕیوایەتەش شاهنامەی فردەوسی) دا باسکراوە.

بەڵام "ویدیودات" لەبەشەکانی کۆتایی ئاڤێستایە کە بەپێی بەڵگەنامە مێژوویەکان وە لێکۆڵەرەوانی مێژوویی پێیانوایە کە لە سەردەمی ساسانیەکان دا نوسرابێتەوەو وەیان بەتەواوی دەستکاری کراوەو دووبارە نووسراوەتەوەو زۆربەی باوەڕو لێکدانەوەی ساسانیەکان دەربارەی زەردەشت لەم بەشەی ئاوێستا دا نوسراوەتەوە.لە کتێبەکانی ڕیگ و ویداش دا هیچ باسێک لە نەورۆز نەکراوە، جەژنی نەورۆزو سەری ساڵی تازە لای زەردەشتیەکان هیچ بایەخێکی پێنەدراوە.لە باوەڕی میللەتانی نورستان، ئەفغانستان تا پێش موسوڵمان بوونیانو پەرستنی خودایانی کۆنی هیندۆ ئێرانییان دەکرد، هیچ شوێنەوارێک دەربارەی نەورۆز نەهاتووە لە مێژوویان دا، هەرچەندە مەراسیمە کۆنەکانی ئەو نەتەوانە وەک خۆیان ماونەتەوەو بەردەوام یاددەکرێنەوە.لەلایەکی ترەوە، ئەگەر سەیری شێوەی ژیانی نەتەوەکانی قەومەکانی هندۆ ئێرانی و بەراوردکردنیان بەژیانی نەتەوەکانی ئێرانو نێوان دوو ڕووبار بکرێت، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە جەژنی نەورۆز لە کوێوەو لەکەیەوە دەستییپێکردووە.بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی نەتەوەکانی هیندۆ ئێرانی لە ڕێگەی

ئاژەڵداریی‌و پەروەردەکردنی ئەسپ دەژیان، ژیانی ئەوان لەسەر پایەو بنەمای کۆچەری بوو، واتا لە شوێنێکی تایبەت دا جێگیرو نیشتەجێ نەبوون، هەرچی خەڵکی ناو وڵاتی ئێران وەک عیلامیەکان، کاسیەکان، گوتیەکان، ئۆرارتۆکان، میتانیەکان‌و تا ئەندازەیەک دانیشتوانی نێوان دوو ڕووبار وابەستە بوون بەکشتوکاڵەوەو کۆچەری نەبوون، بەمانای ئەوەی ڕواندن‌و بەرهەمهێنان‌و کۆکردنەوەی بەروبومی گەنم کاری سەرەکی ئەو خەڵکە بوو.کاتەکانی ئەنجامدانی هەریەک لەو کارانەش مەراسیمی تایبەتی خۆیان هەبوو، هەروەک دەبینین ساڵنامەکانی ئەستێرەناسی لەسەر بنەمای بەرهەمی وەرزەکان دادەڕێژرا.(نەورۆز) بەواتای ڕۆژی نوێ دێت کە بەیەکەم ڕۆژی سەری ساڵ دێتە ئەژمارو لە کوردستان‌و گەلێک وڵاتی تردا بەجەژنێکی نەتەوەیی ناسراوەو هەڵگری دابونەریتێکی کۆنی بەهاریی تایبەت بەخۆیەتی.خەڵکی کورد بەگشتیی، یەکەم ڕۆژی مانگی خاکەلێوە (٢١) ی ئادار یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهار بەنەورۆز دەناسن‌و وشەی نەورۆز لە مێشکی هەر تاکێک دا بەر لە هەموو مانایەک، وەبیرهێنەرەوەی بەهارو جەژن‌و سەوزایی‌و خۆشییە.بەر لە هاتنی بەهارو جەژنی نەورۆز، نەتەوەکانی کورد، فارس‌و چەند نەتەوەیەکیتر لە وڵاتەکانی کوردستان، ئێران، عێراق، سوریا، تورکیا، ئەفغانستان، تاجیکستان، ئەرمەنستان‌و هەروەها لە سەرجەم ئەم وڵاتانەی کە کوردو نەتەوەکانی ئاوارەی ئەم وڵاتانەیان لێدەژین، خۆیان بۆ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمەکانی نەورۆز ئامادە دەکەن‌و هەر نەتەوەوەیەک لەم ڕۆژەدا بەپێی ئەو دابونەریتانەی کە پشتبەپشت وەریگرتووە یان خۆی پێیەوە زیادکردووە، ئاهەنگی بۆ دەگێڕێت‌و پیرۆزی دەکات.لەڕاستیدا لەسەر چۆنییەتی هاتنە ئاراو سەرهەڵدانی نەورۆز، زانیاریی متمانە پێکراو زۆر کەمن‌و بەتایبەتی لەسەر مێژووی سەرەتایی ئەم جەژنە، بیروبۆچوونی زۆر جیاوازو لێک دوور هەیە، کە لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە هەر نەتەوەو پاشاو دەوڵەتێکی دەوروبەری کوردستان‌و بەتایبەتی پاشاکانی ئێرانی، بەو پێیە کە زانیویانە ئەم جەژنە وەک کولتوورێک لەناو دڵی کۆمەڵگەکان دا جێگیربووە، ویستوویانە شتێک لەم ڕۆژە بۆخۆیان هەڵکرێنن‌و خۆیانی بەشێوەیەک لەشێوەکان پێوەبلکێنن‌و ئەفسانەیەک لەسەر گەورەیی‌و بەناوبانگیی و سەرچاوەگرتنی باپیران‌و تیرەی خۆیانی لە قووڵایی مێژوودا بۆ بدۆزنەوە.بەشێک لە مێژووناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە گۆڕانی وەرزو ئاووهەوا لەناو مرۆڤ‌و نەتەوەکانی چاخە سەرەتاکان یان بەر لەمێژووی نەتەوەکانی سەقامگیربوو لە کوردستان‌و دەوروبەری کە لەم ناوەشدا زۆرتر ناوی بابل دەهێندرێت، بۆتە سەرچاوەی پەیدابوونی نەورۆز.بەشێکیتریان زۆرتر مەڕدارو ئاژەڵداریی‌و وەرزێر یان جوتیاربوونی گەلانی دەوروبەرو بەتایبەتیی خەڵکانی نێوان ڕووبارەکانی دیجلەو فەرات (فورات) وەک ئیلامی یان عیلامی ، کاسی، گوتی، ئورارتۆ، میتانی و نەتەوەکانیتری ئەم ناوچەیە (بەر لەهاتنی ئارياييەکان) بە سەرچاوەی نەورۆز دەزانن‌و لەڕاستییدا ئاریاییەکان بەمیراتگری ئەم نەریتە دەزانن. بەشێکیش لە لێکۆڵەرەکان خودی ئاریاییەکان بەدامەزرێنەری نەورۆز دەژمێرن‌و تەنانەت چەند نەتەوەیەکیش لەم نەتەوانەی ناویان براوە، بەئاریایی دەزانن.هەندێک لە لێکۆڵەرەکان ڕایگشتیی دووپاتدەکەنەوەو دەڵێن نەورۆز ڕۆژێکە کە لەم ڕۆژەدا کاوەی ئاسنگەر کە مرۆڤێکی ئازادیخوازو لایەنگری چینی هەژار بووە، ( کوردەکان بەکوردی دەزانن‌و هەندێ لەڕۆشنبیرانی کوردیش گومانییان لەڕاستبوونی ئەم بۆچوونە هەیە) لە زوحاکی خوێنخۆرو زۆردار ڕاپەڕیوەو بەسەر زوحاک دا سەرکەوتووەو کۆتایی بەدەسەڵاتی زۆرداریی هێناوەو لەئەنجامدا خەڵک ئەم ڕۆژەیان کردووە بەجەژن‌و ناویان ناوە نەورۆز واتا ڕۆژێک یان سەرەتایەکی نوێ. لە هەمانکات دا بەشێک لە مێژوونووسان ئەو شتە ڕەتدەکەنەوە وێڕای بەئەفسانە زانینی زوحاک مارەکانی سەرشانیی، نەورۆز زۆر بەکۆنتر لەم ئەفسانەیە دەزانن.هەندێکیتر بەجەژنێکی مەزهەبی بەر لە زەردەشتییەکان‌و ئاریاییەکانی دەزانن‌و لایانوایە کە زەردەشتییەکان میراتگری ئەم نەریتەن لە کەسانی بەر لەخۆیان. بەڵام بە ڕای کەسانێکیتر بەهۆی گرنگی ئاگر لەئایینی زەردەشتی دا، ئەوان بەجەژنێکی ئایینی زەردەشتی دەزانن‌و لایانوایە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەم جەژنە زۆر لە هی ئەمڕۆ جیاواز بووەو هەتا گەیشتۆتە ئەم سەردەمەی ئێمە، بەمشێوەیەی کە هەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

بەپێچەوانەی ئەوانەش کەسانێکیش هەن کە دەڵێن نەورۆز دەگەڕێتەوە سەر مێژووی شاهەنشاکانی کۆنی ئێرانییو بۆ وێنە دەڵێن کە جەمشید شا کە یەکێک لەپاشاکانی دەورەی پیشدادییەکان بووە، لەم ڕۆژەدا بووە بەپاشاو ڕێوڕەسمی تاج لەسەرنانی بەڕێوەبردووەو ناوی ئەم ڕۆژەی ناوە نەورۆز.لەهەمان کاتدا هەندێک لە لایەنگرانی سەڵتەنەت دەڵێن کە جەمشید پاشا لەم ڕۆژەدا ئاگری کردووەتەوەو پێشکەشی خەڵکی کردووە.بەپێچەوانەشەوە کەسانێک هەن کە ئەم باوەڕانە ڕەتدەکەنەوەو دەڵێن کە جەمشید شا تەنیا ویستوویەتی لەم ڕۆژەو بۆنەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەڵک وەرگرێتو پڕوپاگەندەی پێوەکردووەو خەڵکی پێ خەڵەتاندووە تا خەڵک پەیمانی وەفاداری لەگەڵ ببەستن.کەسانێکیش هەن کە هەمووی ئەم شتانە لەسەر جەمشید پاشا ڕەتدەکەنەوەو تەنانەت لەم بارەیەوە دەڵێن کە ژیانی ئەم پاشایە لە ئەفسانە بەدەر نییەو بەسەرهاتەکانی زۆر خەیاڵینو سەردەمە ئەفسانەییەکەشی کە بۆی هەڵبەستراوە، بۆ بەر لە چاخی مێژوو.

مامۆستاو شاعیری کورد، هێمنی موکریانییش لەسەر ئەو باوەڕەبوو کە هاتنە ئارای نەورۆز پێوەندی بەئابوورییەوە هەبووە. مامۆستا هێمن لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگزدا دەڵێت "ئەو گەلانەی کە (چەند هەزارساڵ بەر لە ئێستا) لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوەو هەریەکەو بۆلایەک ڕۆیشتن، هەموویان شوانە وێڵەو مەڕدار بوونو ژیانیان بەپێستەو گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێن شیرینو بەستەزمانە کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە دابینکردووە، خۆراکیان لە شیرو پۆشاکیان لە خوری ئەم ئاژەڵە بووە. جا بۆیە خۆشیانویستووەو گەرمێنو کوێستانیان لەگەڵ کردووەو بەدوای هەوارو لەوەڕگەدا وێڵ بوونو گەڕاونو ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێیگەڕێ، کورد هەر کەیفی لە شوانەتییەو وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداریی دەناڵێ.مامۆستا هێمن لە درێژەی باسەکەدا دەڵێت: مەڕ بە (٥) مانگ دەزێتو پێشینینان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی دێتەبەرو مەترسیی بەرخستنی کەمدەبێتەوە. جەژنی سەدە، کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن، پێوەندی لەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییزو سێ مانگ زستان دەکاتە (٥) مانگو لەشەوی یەکەمی بەهاردا زەنگی مەڕ دێتو جەژنی هەرە گەورەی مەڕدارە. هەروەها بەرخ تێر شیردەبێتو پاش (١٣) ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەربکرێتو بەزاوەماک بۆ لەوەڕ ببرێت. ئەوەش سێزدە بەدەرەکەمانە.نەورۆز چییەو چ گرنگییەکی بۆ کورد هەیە؟

هەروەک لە سەرەتای باسەکەدا هاتبوو، بیروڕاکان لەسەر نەورۆزو چۆنییەتیو هۆکاری هاتنە ئارای ئەم ڕۆژە لەلایەک زۆرنو لەلایەکیتریش زۆر لێک دوورن. دیارە جگە لەوانەی کە باسیان لێکراوە، بۆچوونیتریش لەمەڕ نەورۆز هەن کە زۆر شایانی باسکردن نیینو لێرەدا پاش بیستنی ئەم بۆچوونە جیاوازانە کە بەشێکی زۆریان جێی تێڕامانن، پێویستە کامە بۆچوون قەبووڵ بکەینو ئەگەر یەکێک لێمان بپرسێ نەورۆز چییە دەبێ لە وەڵامدا ئەماژە بەکام بۆچوون بکەین؟ دیارە لەوانەیە ڕەتکردنەوەی هەندێک لەبۆچوونەکان، بۆ وێنەی ئەوەی لەسەر پاشاکان وتراوە زۆر سەخت نەبێ. بەڵام بەگشتیی بەڕاستزانینی یەکێک لە بۆچوونەکانیش بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسان نییەو پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی پسپۆڕانەی زۆر زیاتر لەوەیە تا ئێستا کراوەو هەیە.لێرەدا گرینگ ئەوەیە کە بزانرێت گرنگیی نەورۆز بۆ ئێمەی کورد لەچیدایە. گرینگیی نەورۆز بۆ ئێمە زۆرتر لەبەکارهێنانی نەورۆز دایە وەک بۆنەیەکی جەماوەریی بۆ ڕێکخستنی گەل چ لەشێوەی سەرهەڵدانو چ لەشێوەی هێنانەگۆڕی دێموکراتییانەی باسی مافی یەکسان لەگەڵ دەوروبەری خۆماندا. کەوابوو نەورۆز بۆ ئێمە بەڕاستی گرنگە. نەورۆز بریتییە لە هاتنەگۆڕی باسی ژیانو ژین لە تیۆریی دا و خستنەجۆشو وەبیرهێنانەوەی مافی ژیانی یەکسانو سەلماندنو پێشاندانی هەبوونە لە پراکتیک دا.سەرەڕای هەموو بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی نەورۆزەوە، ئەوەی لە هەموو شتێک بۆ کورد ڕوونترەو گرنگترە، ئەوەیە کە ڕۆژی نەورۆز لەلای خەڵکی ئێمە

ڕۆژێکی خۆش‌و خۆشەویستەو ئەم گەلەش کە هەموو ڕۆژێکی خۆشی لێ وەرگیراوەو تەنها بەشی لەژیان، ژێرچەپۆکەیی‌و بێمافی‌و چەوسانەوە بووە، لەم ڕۆژەدا بەگشتیی دڵشادن‌و بەهۆی هاتنەوەی بەهارو سەوزایی‌و زاڵبوونی هەتاوو تیین بەسەر سەرماو سۆڵە دا، دڵیان شادە.گەلی کورد لە چوار پارچەی کوردستان‌و لە هەر شوێنێکی جیهان دا بن، ساڵانە لە (٢٠) ی ئاداردا ئاگری نەورۆز دەکەنەوەو نەورۆز وەکو بۆنەیەکی نەتەوەیی‌و سیاسی بەرزدەنرخێنن.

سەرچاوە: لە ماڵپەڕی کورساتەوە وەرگیراوە. ڕێکەوتی: ٥ی مارچی ٢٠١٥

# ئایا ووشەی نەورۆز ووشەیکی کوردیە یا فارسیە؟ ...

محەمەد مەندەلاوی

بۆ ڕوونکردنەوەی ناوەرۆکی سەروتارەکە، پەیوستە چاویک هەڵدەین بە مێژووی ئەو ناو و ووشە کۆچ کراوانە لە لای نەتەوەیکەوە بۆ نەتەوەیکی تر و دووبارە وەرگرتنیان لە لایانی نەتەوەی یەکەم بە شێوازیکی دەستکاری کراو لە لایانی ئەو نەتەوەیە کە خواستنەوەی (استعارە) کرد بوو و هەندی دەستکاری تیا کرد بێ تا بگونجی لە گەڵ زمانەکەیان، چ لە بواری ئاخاوتن چ لەبواری ڕێزمانەوە. با لێرا ئاماژە بکەم بە چەند ناو و ووشەیکی فارسی، یان ئێرانی، کە پێش ئەوەی عەرەب دەستی بەسەر دەڤەرەگە بگری چۆن بوون و ئەمڕۆ چۆنن؟. لەو ووشە تەعریب کراوانە، ووشەی "ئابریز-آبریز" بە مانای مەسینە، عەرەب بردی و کردی بە "إبریق - ئیبریق" پاش داگیر کردنی ئێران لە لایانی عەرەبەکانەوە و پەخش و بڵاو بوونەوەی ئایینی ئیسلام، دووبارە ئەو ووشانە کە دەست کاری کران لەلایانی عەرەبەکانەوە لە گەڵ بیروباوەڕ (تعالیم) ئایینی ئیسلام ناردیان (تصدیر) بۆ ئەو خەڵکانە، کە ئەمڕۆش زۆربەی فارسەکان بە "ئابریز"ەکەی خۆیان شێوە عەرەبیەکەی بەکار ئەبەن و ئەڵێن "ئیبریق". هەر وەها ووشەی "ئەندازە - أندازە" عەرەب بردیتی و کردیتی بە "مهندس- موهەندس" ئەمڕۆش فارسەکان دیسان شێوازە عەرەبیەکەی بە کار دەبەن. دیسانەوە، ووشەی "ئەستەبرە " بە مانای پارچەی ئاوریشم با زێڕ دروون بووە، عەرەب بردی و کردی بە "إستبرق- ئیستەبرەق" ئێستایش فارسەکان هەر وەکو عەرەبەکان ئەڵێن "استبرق". خوێنەری بەڕێز، چۆنکە قورئان بە زمانی باوی خەڵکەکە قسە ئەکا تا تێبگەن لە ناوەرۆکی ووشەکانی، لەبەرئەوە چوار جا لە قورئان لە چوار ئایەتی جۆراوجۆر هاتووە بە شێوازی "استبرق" لە سوورەتی "رحمان" ئایەتی (٥٤). "کهف"



(٣١). "دخان" (٥٣). "انسان" (٢١). دیسانەوە، ووشەی "کوندە" عەرەب کردیتی بە "خندق - خەندەق" ئەمڕۆ فارسەکان و ئەوانی تریش شێوە عەرەبیەکەی بە کار ئەبەن. ئەم "خەندەق" هەڵکەندنە، بیرۆکەیکی سەلمانی فارسی بوو، لە کاتی هێڕشی ئەحزاب، خێڵی قورەیش وهاوپەیمانانی، بۆ سەر شاری مەدینە (یثرب) بە نەبی محمد گوت ئەی رسول الله: ئێمە لە سەر زەمینی ئێران کاتی هێڕش کرایە سەرمان کوندەک (خندق) هەڵکەنینە دەوری شارەکە تا دوژمن زەفەرمان پێ نەبا. ئەڵێن پەیامبەری ئیسلام ئەم بیرۆکە ژیرانەیە پەسەند کرد. وێبسایتی "اسلام ویب"یش ئەڵێ: عەرەبەکان شتیک وەهایان دەر بارەی "خەندەق" نەزانیوە کە بوو بە هۆی شکاندنی ئەحزاب. لێرا خاڵیکی گرنگ هەیە پێوستە ئاماژە پێ بکەم، ئەمەیش ئەوەیە، کە کاتیک ووشەیک لە نەتەوەی کۆچ دەکا بۆ نەتەوەیکی تر ودەست کاری دەکری ماناو تایبەت مەندی خۆی لە دەست ئەدا. بۆ نموونە، ووشەی "کوندە" لە کەندنەوە هاتووە، بە مانای هەڵکەندن. فەرهەنگی زمان عەرەبیش ئەڵێ: "خەندەق" موعەربی "کەندەی" فارسیە. کاتیک کەسێک بڵێ "خەندەق" هیچ مانایک بۆی نامینی لە زمانی فارسی دا؟. یان ووشەی "ئابریز" مسینە، کاتی ئەڵێ "ابریق" ماناکەی لە دەست ئەدا، چۆنکە ناوی "ئابریز"

ماناکەی لەگەڵیەتی، ئاب، بەمانای ئاو، "ریز"یش کورت کراوەی "ریزش"ە بە مانای ڕژان. هەروەها "ئەندازە" کاتی ئەڵێن "موهەندس" ئەبێ بە ووشەیکی بێ مانا لە زمانی فارسی دا. با چاویک هەڵدەین بۆ ناوی مرۆڤیک کە لە سەردەمی شای ئێران (ئەنەوشێروان) وەزیری ئەو بوو بە ناوی "بزرگمهر"، عەرەبەکان لەبەر ئەوەی پیتی "گ"یان نییە و تا بگونجی لە گەڵ ئاخاوتنیان ناوەکەیان کرد بە (بوزرجمهر- بوزەرجەمهەر) کە ئەمرۆ خودی ئێرانیەکان هەمان شێوازە عەرەبییەکەی بەکار ئەبەن. هەتا یەکیک لە شەقامە بەناو بانگەکانی (تەهران) ناوی لێ نانە "خیابانی بوزرجمهر" ئەتۆ کاتی گەرەکدە مانای "بوزرجمهر" بزانی بە هیچ شێوەیک ناگەیدە ئەنجام، لەبەرئەوەی ناوەکە دەست کاری کراوە و بە زمانیکی تر نووسراوە. ووشەیکی تر ئەوەیش کەرپوچە، خشتی سوورە، لە بەر ئەوەی لە کاتی دروست بوونی بە ئاگر دەبرژینن ناوی نانە "ئاگور"، چۆنکە عەرەب پیتی "گ"یيان نییە کردیانە بە "آجر- ئاجور" کە ئەمرۆ فارسەکانیش پێ ئەڵێن "آجر- ئاجر" کاتیک ووشەی "ئاجر" بە زمانی فارسی شیکردنەوە بۆی ئەکەی هیچ مانایک بۆد دەر ناکەوی. لەبەر ئەوەی خۆینەری بەڕێز دڵنیا بێ کە ووشەکە فارسیە وعەرەب بەکار ئەیبا، فەرهەنگی عربي "محيط المحيط" نوسيني مامۆستا (بطرس البستاني) ئەڵێ: الاجر: معرب آگور بالفارسية وهو تراب يحكم عجنه وتقريصه ثم يحرق ليبنى. بۆ نزیک کردنەوەی بیروکەکە با ووشەیکی کوردی بارین، ئەمەیش ووشەی " بێستان"ە، ئەم ووشەیە لە سەرەتاوە "بۆسان"بووە، بەمانای ئەو شوێنە کە بۆنی سەوزی ومیوەجات تیایە، بەڵام کورد دووبارە وەریگرتووە لە عەرەب و ئەمرۆ شێوازە عەرەبییەکەی بەکار ئەبا، کاتیک ووشەی "بێستان" شیکەیدەوە هیچ مانایک بۆد دەرناچی، بەڵام کاتیک ووشە کوردی ڕەسەنەکە بە کار بێوەی و بڵێ "بۆسان" یەکسەر ماناکەی بۆد دەرەچێ، بە مانای ئەو جێگەیە کە بۆنی سەبزی و میوەجات تیایە. دیسان، فەرهەنگی "محيط المحيط" پیمان دەڵێ: بستان: بوی ستان، بالفارسيه، ومعناها موضع الرائحة العطرة. لە ڕاستیا، هەر بەشی زۆری ئەم تێکدانەی زمانی فارسی و تا ئاستیکیش زمانە کوردیەکەی خۆمان، هۆە سەرەکیەکەی هاتنی عەرەبەکان بوو بۆ دەڤەرەکە و نیشتەجی بوونیان تیا و هەول و تەقەلایان بۆ بە عەرەب کردنی خەڵکەکەی لە ڕێ کەڵک و سوود وەرگرتن لە ئایین، کوردیش بە هەر شێوەیک بوو بە ئیسلام، بەڵام نەبوو بە عەرەب. ئەتۆ بیری لێکە، ئەگەر کاریگەری ئایین نەبێ، بۆ مرۆڤیکی کورد یان فارس ووشەی زمانەکەی خۆی دەگۆری بە ووشەیکی بێ مانا؟. هەر وەکو ووشەی "ئاگور" کە بە ئاگر پوختە دەبێ، بیگۆری بە ئاجور کە هیچ واتایکی نامینی؟. هەتا ئەو شارە کوردیانە کە تەعریب کراون لە لایانی عەرەبەوە، بێ ئەوەی بیری لێ بکەنەوە خۆنەویستانە (لا إرادي) ناوە تەعریب کراوەکە بەکار ئەبەن. هەر وەکو (شنگاڵ) ئەڵێن "سنجار" یان (ئاکری) زۆربەی کوردەکان ئەڵێن "عەقرە" دیسانەوە، ئامیدی ئەڵێن "عماديه" بە (شەهرەبان) ئەڵێن "مقداديه" بە (وارزەروو) ئەڵێن "بلدروز" هتد. بەداخەوە، تەنانەت زۆربەی زۆری ڕاگەیاندنەکانمان و کەسایەتیە هەڵبژێراوەکانمان

(نخبة ) لە کاتی قسە کردن بە شێوەیکی قیزەوەن دەر کەون و لە عەرەبەکان عەرەب تر دیار ئەدەن، لە کاتێکا ئەڵێن: "بالفعل، بالضبط، إلى آخره، وبالتالي، برلمان، صوت، رحابة صدر، شعب، هەتادوایی". لە جیاتی هەوڵ وتەقەلا بدەن، تا زمانەکەمان لە ئەو ووشە بێگانە عەرەبیانە پاک بکەنەوە و ووشە ڕەسەنە کوردیەکە بەکار ببەن، ئەبینن خودی ڕاگەیاندنی کوردی بە شێوەیکی بەردەوام و بێ شەرمانە ئەو ووشە بێگانانە بە کار ئەبا. ئایا ئەمە بەڵگە نییە کە ئەمانە و هەرکەسێک یان لایانیکیش لە نموونەی ئەمانە بێ مێشک وتوانای لە لایانی عەرەبەوە داگیر کراوە؟. ئەگەر ڕێ پێم بدەین لەمبوارەوە با شتیک لە بارەی ڕاگەیاندنی کوردی بۆدان بگێرمەوە، ڕۆژێک تەماشای یەکیک لە کەناڵە کوردیەکانی خۆمان کرد، باسی یەکیک لە شارە تەعریب کراوەکانمان کرد، ئەوەیش شاری ( وارزەروو)ە، بەڵام کەناڵە بەڕێزەکە ناوە عەرەبییەکەی بەکار برد، ئەوەیش (بلدروز)ە، کورتە نامەیک بۆیان ناردم و دەریخستم بۆیان کە ئەم ناوەی ئێوە بەکار ئەبەین ناوە تەعریب کراوەکەیە، بەڵام ناوە کوردیەکەی هەتا لە زاری مێژوو نووسی

عەرەب بە ناوی (یاقوتی حەمەوی) (٥٧٤- ٦٢٦)ی کۆچی، لە پەرتووکە بە ناو بانگەکەی بە ناوی (معجم البلدان)ەوە، ناو ئەم شارە هاوردووە بە شێوە کوردیەکەی بە دارشتنی عەرەبی (برازروز - برازەروز). هەروەها (ابن فضل العمري) (٧٠٠- ٧٤٩) کۆچی، ئەڵێ لە پەرتووکە بە ناو بانکەکە ( مسالک الأبصار في ممالک الأمصار) (برازروز- برازەروز). پرسیار لێرا، ئەگەر ناوەکەی (بلدروز) باتایە ئە ئەم دوو مێژوو نووسە عەرەبە بۆ شێوازە کوردیەکەی نووسین؟. بەڵام کەناڵە کوردیەکە بە وتەی من نەکرد و تا ئەمڕۆش هەر شێوازە بێگانەکەی بەکار ئەبا و هەر ئەڵێ (بلدروز) بەپێچەوانەی راگەیاندنی کوردی، خەڵکی مەندەلی و دەوروبەر ئەمە سەدها ساڵە ناوە رەسەنەکە بەکار ئەبەن و ئەڵێن: (ورازەروو)، بێ ئەوەی دەمی خۆیان چەوت بکەن و بڵێن "بلدروز".

بمبوورن پێشەکیەکە تۆزی درێژە کێشا، بەڵام پیوست بوو. ئێستایش با بچینە ناو بابەتەکەمان، ئەوەیش ووشەی "نەوروز"ە، کە کەسانی هەن لە تەلەفیزیونە کوردیەکان هەندی جار دەرەچن وهەر لە خۆیانەوە ئەڵێن ووشەی "نەورۆز" ووشەیکی کوردی نییە، بێ هیچ بەڵگەنامەیک، یان هێزی ئاخاوتن. ئەگەر لەسەر قسەی ئەمانە بچین، ئەم ووشانەیش کوردی نیین، پیرۆز و پیرۆزبایی و پیرۆزانە و پیرۆزمەندی. چۆنکە هەموو ئەم ووشانە لە رەگی پیرۆزن، کە بەمانای "پەرستراو، مقدس" بەڵام ناوەرۆکی ووشەی "پیرۆز" مانایکی تری هەیە، ئەوەیش بەردەوامیە (استمراریە)، "پی رۆز"، "پی" یەکە، کورت کراوەی "پەی"تایە، بە ما مانای "بەردەوامی رۆژگار تاسەر" (إلی النهایة ، إلی الأبد)، "تا" کە کورتکراوی "تاسەر"ە. ئێستایش ئێمە لێرا هەوڵ ئەدەین بسەلمینین، ئایا ووشەی (نەورۆز) هەر وەکو هەندی ئەڵێن ووشەیکی فارسیە؟، یان لەو ووشانە کوردیە کۆچ کەراوەکانە کە لە کاتی دەسەڵاتی فارسەکان بە سەر رۆژهەڵاتی ناوەراست کە نەتەوەی کوردیش یەکیک لەو نەتەوانە بوو، بەم شێوەیە کە ئەمرۆ ئەبینین - نەورۆز- دووبارە کورد وەریگرتووە؟. هەر وەکو ئەو ووشانە کە لەسەرەوە باسمان کرد، چۆن فارسەکان لە کاتی زاڵ بونی عەرەب بە سەریانەوە دووبارە وەریان گرتەوە لە گەڵ هەندی بیبیروباوەر بە شێوازیکی عەرەبی. چۆنکە هەر نەتەوەیک باڵا دەست بێ ئاداب ونەریتی خۆی دەسپێنی بۆ سەر لایانە شکاوەکە، خودی فارسەکان، یان بە راشکاو تر بڵێن ئێرانیەکان، پێش هاتنی ئیسلام باڵا دەست بوون لە رۆژهەڵاتی ناوەراست، هەتا وڵاتی میسریش لە ژێر رکێفەیان بوو، ئاداب و نەریەتی خۆیان سەپاندە سەر میسریەکان، لە وانە جەژنی نەورۆز، کە تا ئەمرۆ قبتیەکانی وڵاتی (میسر) جەژنیکیان هەیە بە ناوی " نەوروزی قبتی". با ئەوەیش لە بیرنەکەین کە لایانی دەسەڵات داری تریش هاتە گۆرەپانەکە شێوازە فارسیەکەی نەورۆز لە رۆژهەڵاتی ناوەراست پەخش و بڵاو کردەوە، ئەوەیش عەرەبەکان بوون، چۆنکە پیتی "ژ"یان نییە، شێوە فارسیەکە بەکار بردن، ئەوەیش "نوروز"ە، یان بە شێوازی عەرەبی فارسی "نیروز". (عەرەبە شیعەکانی عێراقیش تا ئەمرۆ لە نەورۆز جەژ دەگێرن. لە پێش هاتنی ئیسلامیش لە دورگەی عەرەب، عەرەبەکان لە نەورۆز جەژن

گرتنە و هەڵبەستوانانیان هەڵبست نووسینە بە ئەم بۆنەوە، هەر لە "ئومروئی قەیس" ووە تا "جریر" و "بوحتەری" و "بەدر شاکری سەیاب" هتد. هەتا خودی جریر (٦٥٣- ٧٢٨م) لە یەکیک لە شیعرەکانی ئەڵێ: عجبت لفخر التغلبي . . . تؤدي جزي النوروز خضعا رقابها. هەر وها بوحتەریش (٨٢٠-٨٩٧م) لە یەکیک لە هەڵبستەکانی هاتنی نەورۆز باس ئەکا و ئەڵێ: أتاك الربيع الطلق يختاك باسما . . . من الحسن حتى كاد أن يتكلما. وقد نبه النوروز في غسق الدجى . . . أوائل ورد كن بالأمس نوما. پێش ئەمانەیش ئیمامی عەلی کوری ئەبی تالیب (٥٩٩ - ٦٦١م) کاتی شیرینی نەورۆز خۆرد، گوت: نوروزنا كل يوم. ئەم قسەو شیعرانە، کە یەکیکیان لای کۆمەڵێک (طائفة ) وتەکانی پیرۆزە، دەوری یەک جار زۆری هەبوو بۆ پەخش و بڵاو بونەوەی شێوەی ووشەی نەورۆزی فارسی لە نێوانی عەرەب و پەیرەوانی ئاینی ئیسلام.

ئێستا با تۆزێک بچینە ناو بۆچوونی زمان، لە زمانیش ناو ئەبێ مانای هەبێ، بۆ نموونە، کاتی تۆ بە ئەو پەلەورە ئەڵێی "مریشک" لە بەر ئەوەی مریکی وشکە، ناچیتە ناو ئاو وتەڕ نابێ. بە پێچەوانەی پەلەوری تر کە پێ ئەڵێن "مراوی" لە بەر ئەوەی مری ئاوییە، باڵندەی نێو ئاوە. ئەمە نیشان ئەدا کە زمان لە خۆیەوە شت ناڵێ، شتی بێ مانا لە نێو زمان نییە، چۆنکە ناو لە هەموو زمانەکانی جیهان دا ئەبێ مانای هەبێ. باشە، با بێینە سەر ناوی "نەورۆز" کە لە دوو وشە پێک هاتووە " نەو" و "رۆز" باوەڕ ناکەم پێوستی بە شیکردنەوە بێ چۆنکە هەردوو وشکە لە لای هەمووی کوردان ماناکەی بە ڕاشکاوی دیارە. بەڵام با ئەوەیش بزانن، کە لە زمانی کوردی زۆر پیت هەن ئاڵگور کرێ، وەکو "ژ" بە "ز" یان بە پێچەوانە، بۆ نموونە وەک ئەم پیتانە، تیژرەو، تیزرەو. ژنو، زانو. ژیلەمۆ، زیلەمۆ . ژێراو، زێراو. ژیانەوە، زیندووبوونەوە. ژەهر، زەهر. ژەهراوی، زەهراوی. ژهۆر، زهۆر، هەتا دوایی. بەڵام ئەم "رۆز"ە، یان دروست تر بڵێن "روژ"ە، کە پێچەوانەی شەوە، لە کوێوە هاتووە، بێ گومان لە ناو ئەو ئەستێرەیە هاتووە کە ناوی (ڕۆژ)ە و کاتی دەرەچێ لە ئاسمان گۆی زەوی ڕووناک ئەکا، ئەلەبەر ئەمە بە ئەو دوازدە کاژێرە کە پێچەوانەی دوازدە کاژێرەکەی شەوە کورد ئەڵێ "ڕۆژ". با ئێستاش بزانین، ئایا فارسەکان بەئەم ئەستێرە ناو بەراوە ئەڵێن "روز" تا ناویکی دیاریکراو بێ بۆ بابەتەکە؟ (اسم علی مسمی)، یان نیانە، هەر ناوە کوردییەکەیە دەستکاریی کردنە، چۆنکە فارس پیتی "ژ" بەکار نابا، ئەگەریش بەکار ببا زۆر بەدەگمەن. ئەمن فەرهەنگی فارسی "دهخدا"م هەیە گاوراترین فەرهەنگی فارسیە هەر چەند بۆی گەڕام سێ (٣) ناوی فارسی ڕەسەن لە پیتی "ژ"ی پەیدام نەکرد. ئە ئەمەیش ناوی (ڕۆژە، هەتاو) لە زمانی فارسی دا کە پێ ئەڵێن: " آفتاب، خور، خورشید، هور، مهر"وچەند ناو و ئاوەڵناوی بێگانەیش بە کار ئەبەن، وەکو" شارق، شمس، عجوز، غزالە، أبو قابوس، حورجاریە" هەتادوایی. ئەبینی، لەو ناوانە کە هەیانە ناوی " روز" تیان نییە؟، تا بڵێن ناوی " روز"ی دوازدە کاژێرەکە لە ناوی ئەو ئەستێرەوە هاتووە کە ناوی "روز"ە. ئەمەش هەروەکو لەسەرەوە باسمان کرد "ڕۆژ"ە کوردیەکەیە دست کاریان کردووە و لە سەردەمی دەسەڵاتی فارس لە دیر زەمانەوە شێوازە فارسیەکەی سەپاندیانە سەر گەلی کورد و ئەوانی تر، کە ئەمرۆ ئێمەی کورد هەمانە، وەکو ناوی جەژنە نەتەوایەتیەکەمانە، بەڵام، ناوی خودی "ڕۆژ"ەکە، کە دوازدە کاژێرە - ڕۆژ- هەر وەکو خۆی مایەوە لای گەلی کورد. خوێنەری بەڕێز، لەو سەردەمی کە کورد ناوی "ڕۆژ" بە کار بردووە فارسەکان لە جاتی "روز" ئەو کاتە ناویکی تریان هەبووە بۆی. هەر وەکو لە ئینساکلۆپیدیا فارسی (دهخدا) لە بەشی (٨) لاپەرەی (١٢٣٤٦) هاتووە بۆ ناوی "روز"ی فارسی ئەمرۆ لە دیر زەمانەوە: بە پهلوی رچ بووە. بە پارسی - فارسی- باستان رئوچە بووە. بە کردی روژ بووە، هەتادوایی. ئەمە قسەی خودی زانا فارسەکانە، لەدیر زەمانەوە کاتی کە خۆیان ئەم ناوەی کە ئەمرۆ هەیانە (روز) نەیان بووە، کورد هەر ئەم ناوەی کە ئەمرۆ هەیەتی هەر خودی خۆی بووە،

ئەمەیش هەر وەکو گوتین بە قسەی خودی زاناکانی نەتەوەی فارس؟؟. نەورۆزیش جەژنیکی کۆنە، جەژنیکی ئەو سەردەمەیە کە بە روزیان گوتووە "رئوچە" بەڵام کورد لەو سەردەمەووە هەر ناوی "ڕۆژ"ەکە بە کار بردووە، تا ئەمڕۆش ناوەکە هەر ڕۆژەکەیە؟.

بۆ زانیاری، جەژنی "نەورۆز" پێوەندیی ڕاستەوخۆ هەیە لە گەڵ ئەستێرەی "ڕۆژ"، چۆنکە کاتی ئەستێرەی ناوبراو لە ٣/٢١ دەچێتە نێو یەکەم برجی دوازدە برجەکەی ئاسمان کە ئەوویش برجی کاوڕە (برج الحمل) لەو چرکەیە ساڵی نوێ سەری هەڵدەی و درێژەی شەو و ڕۆژیش یەکسان دەبێ، هەر یەکێکیان دەبێ بە دوازدە (١٢) کاژێر و وەرزێکی نوێیش پەیدا دەبێ پێ ئەڵێن وەرزێ بەهار.

پاش شیکردنەوەی ووشەی "نەورۆز" با ئێستا چەویک هەڵدەین بە مێژوو نووسان و ڕۆژهەڵات ناسان، تا بزانین چێ دەڵێن لەم

بابەتە. لە پەرتووکە بەناو بانگەکەی زانا (رەشیدی یاسەمی) بە ناوی (کرد و پیوستگی نژادی و تاریخی ئو) کە بە زمانی فارسی نوبیسیتی، لە چاپی سێ (٣)، چاپی "دار ابن سینا" لە لاپەرەی (١١٦) چیرۆکەکەی "شاهنامەی فردەوسی" بۆمان گێرپگەوە، کە ئەڵێ: لەم سەر زەمینە پادشایکی ستەمکار هەبوو، رۆژیک لە رۆژان لەسەر هەردوو شانی دوو مار هاتنەدەرەوە، ئەم دوو مارە هەر رۆژیک مێشکی دوو مرۆڤی گەنج خۆراکیان بوو. پادشای ناوبراو، ئاشپەزیکی هەبوو دڵنەرم بوو، سەری یەک گەنج بری و تێکەلی کرد لە گەڵ مێشکی کاوریک، ئەو گەنجەکەی تر نارد بۆ شاخ، بە کات و رۆژ و زەمان کە تیپەری ژمارەیان زۆر بوو، لەوێ پێکهاتەی نەتەوەی کوردیان دروست کرد. بەدوایا وتی (یضیف)، ئەم کەسانە شۆرشیان هەڵگیرسان دژی پادشا ستەمکارەکە، سەرکردەکەیان کەسێک بوو بە ناوی (کاوە)ی ئاسنگەر، چۆنکە خۆییش دوو کوری بوو بە خۆردنی دوو مارەکەی سەر شانی پاشاکە، لە کۆتایی، شۆرشکە پیرۆز بوو و پاشایان لە بەین برد و بە بوونەیەوە هەر ساڵ لەو رۆژە جەژن دەگیرن. هەر چەند قسەکەی فردەوسی داستانە. لای منی کورد، نە خۆی و نە شاهنامەکەی هیچ گرنگیکی نییە، بەڵام لەبەر ئەوە ئاماژەم بە پوختەی قسەکەی کرد چۆنکە ئەو فارسە، لە ناو پەرتووکەکەی (ملحمە) دانیپینەی کە ئەم "نەورۆز"ە جەژنی کوردانە. هەڵبەستەکە کە (رەشیدی یاسمی) لە پەرتووکەکەی بڵاوی کردووە (١١) بەیت شعرە، ئێمە لێرا بەیتە کۆتایەکەی بڵاو کەینەوە کە ئەڵێ: کنون کرد از آن دارد نژاد . . . کز آباد نايد بدل برش یاد. ئەڵێ: کوردان لە رەچەڵەکی ئەوانەن کە ئاشپەزەکەی پادشا دەربازیان کرد بۆ چیا. دیسانەوە، لە هەمان سەرچاوە لە لاپەرەی (١١٦) لە سەر زاری موریە (Morie) لە پەرتووکی (سیاحتنامەی دووم) لاپەرەی (٣٥٧) ئەڵێ: ساڵی (١٨٢١) رۆژی (٢١) ئازار ئێرانیان لە دەڤەری دەماوەند – سەر بە تەهران، پایتەختی ئێران- جەژن گرتن بە بوونەی رزگار بوونیان لە ستەمی پادشا زوهاک، بەو جەژنە گوتن "جەژنی کوردی". دیسان پروفیسۆر (فلادیمیر مینورسکی) لە پەرتووکی "دائرة المعارف " لە ژێر ناوی کورد، ناوی ئەم جەژنە کوردیە هاوردووە. هەروەها زانا (محەمەد ئەمین زەکی) لە پەرتووکەکەی کە بە ناوی (خلاصة تاريخ کورد وکوردستان من أقدم العصور التاريخية حتى الان)و لە لاپەرەی (٤٧) لە زاری موریە ئەڵێ: هەر ساڵ لە (٢١) ئوگستی جژنی فولکلۆری بەرپا دەبێ بە بوونەی رزگار بوونی ئێران لە ستەمی زوهاک، دیسان ئەڵێ: تا ئێستا پێ ئەڵێن " جەژنی کوردان". دیسانەوە، زانا (ئەمین زەکی) لە زاری مێژوو نووسی ئەڵمانی (فون هامەر) ئەڵێ: دیرۆکی جەژنی کوردی لاپەرەیێکە لە لاپەرەکانی مێژوو کورد. لە لاپەرەی (٤٨)ی پرتووکە ناوبراوەکەی (محەمەد ئەمین زەکی) لە زاری دکتۆر (فریج) لە کتابەکەی کە بەناوی (کوردلر)ە، ئەڵێ: ئەم جەژنی کوردە نیشانەی خۆشی و سەر کەوتن و رزگار بوونە لە ستەم و چەوساندنەوە لە دەستی زوهاک.

خۆینەری بەرێز، ئەمە بۆچوونی منە بۆ ووشەی "نەورۆز"، شیانی هەیە هەڵەیش تیا بێ، هەرکەسێک گەرکیە بنرخینی، یان رەخنە لێ بگری، یان شتیک بیخەگە پاڵی، لاپەرەکە بازە بۆ هەمووان.

سەرچاوە: ماڵپەری کوردستان نیت / رێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠١٥

# ساخکردنەوەیەکی مێژوویی

## سەبارەت بە جەژنی نەورۆز و ناوەکەی

نووسینی: زەردەشت کەمال

لە باسی نەورۆزدا ئەو جەژنەی کە تایبەتە بە گەلانی هیندۆئاری و گەلی کوردیش دەچێتەوەسەر بنەچی ئەو گەلانە و ئەو جەژنەش لای بەرز و پیرۆزە و جەژنێکی نەتەوایەتییە.. بۆیە بەلای منەوە لێکۆڵینەوە لەسەر ناوەکە و بەستنەوەی بە مێژووی دێرین و شوێنەوارەوە و سەرهەڵدانی وەکو نەریت و بۆنەی ساڵانە یادکردنەوەیە کە بۆ هەموو سەری ساڵێکی کوردی کە دەبێت لەبەرچاوبگیرێت و گرنگی پێبدرێت. ئەوەش دەمانگەیەنێتە مەبەست بۆ کردنەوەی گرێکوێرەی مێژووەکەی و ناوەکەی یان ئەو مەبەستی کە جەژنەکە لەناو ململانێی زلهێزەکانی رۆژگارە زووەکەدا بۆ مەرامی سیاسی توانیویانە بەکاریبهێنن.



ساخکردنەوەی ناو و مێژووەکەی و چوونەناو وردەکارییەکانیەوە بەوجۆرەش کارێکی ئاسانییە، چونکە لەزووەوە جەژنەکە تێکەڵا بە ئەفسانە و داستان بووە. نەورۆزیش لە رۆژگارێکی زووەوە زانیاری لەسەری دەماودەم هاتووە و وایکردووە لە مەبەستی خۆی دووربکەوێتەوە.. بۆیە قسەکردن لەسەری پەلهاوێژە بۆ زۆر شت کە پێویستە لەسەرمان بەدوایدا بڕۆین تاوەکو دەگەینە مەبەست.

وشەی نەورۆز دەربڕین لەچیدەکات: نەورۆز لە زمانی کوردیدا گەلێک لێکدانەوەی لەسەرکراوە، سەرەتا دەمەوێ بڵێم نەورۆز لە دوو برگە پێکهاتووە، یەکەمیان (نەو) بە مانای نوێ یان تازە یان شتێک نزیک بەو مانایانە. وشەی دووەم (رۆز) یان (رۆژ) بە مانای رۆژی ئاسایی دێت کە لای ئێمە وشەی مێژووشی بۆ بەکاردێنین، دووەمیان بە مانای خۆر دێت کە لە زمانی سۆمەریدا بە وشەی (U4) (ئوو ٤) نووسراوە. بە لێکدانی هەردوو وشەکە مانای رۆژێکی نوێ یان خۆرێکی نوێ لە وەرزێکی نوێدا دەبەخشێت. ئەمەش لەهەموو شێوەکاندا بەڵگەی ئەوەمان دەداتێ کە بە مانای وەرزێکی نز گۆڕاوە. لە زمانی پەهلەوی کۆنیشدا بە هەردوو شێوەکەی ئەشکانیی و ساسانی ئەم وشەیە، واتە نەورۆز بووەتە (نوگ رۆز) پاشان گۆڕانکاری بەسەرداهاتووە و بووەتە (نوک رۆز)، بە وردکردنەوەی ناوەکەیان لێکدانەوەی ماناکەی جارێکیتر هەرهەمان مانا کوردییەکە شوێنی دەگرێتەوە کە لەمەوبەر ئاماژەمانپێدا. (نەورۆز) کە لە ئەدەبیاتی فارسیدا بووەتە (نیرۆز) بە جەژنی (فەروەردین) (مارت- نیسان)و جەژنی بەهار و بەهارە جەژنە بەناوبانگە.(١) لێکدانەوەیەکیتر لەسەر وشەی نەورۆز لە (قاموس الفارسیە)دا هاتووە، هەروەکو دەڵێ: رۆژی نوێ یەکەم رۆژی سەری ساڵی ئێرانییە کە لە مانگی (فەروەردین) (مارت - نیسان) لە سەرەتای بەهاردا دەستپێدەکات.

نەورۆزیش جەژنێکی میللی ئارياییەکانە و بە نەورۆزی سوڵتانی ناویدەرکردووە.(٢) گەڕانەوەیەکیتر بۆ فەرهەنگی (المعجم الزهبی)

هەمان مانای پێشوو دەبەخشێت، هەروەها دەڵێ: لای ئارياييەكان جەژنێكی نیشتمانییە لەگەڵ ٢١ی مارتی هەموو سەری ساڵێكی كوردی یەكدەگرێتەوە كە بە دوو جەژن دانراوە: یەكەمیان نەورۆزی عامی، دووەم نەورۆزی تايبەت كە هەریەكێک لەو دووانە (٦) رۆژ دەخایەنێت و لە ١٣ی مانگدا كۆتاییدێت كە بە جەژنی سیانزەبەدەر ناسراوە و تێیدا ئاهەنگدەگێڕن.(٣) جارێكیتر لە فەرهەنگی دانشگادا لێكدانەوەی ناوەكە هەمان مانای پێشوو وەردەگرێت، هەروەكو دەڵێ: لە رۆژی سیانزەبەدەر جەماوەر بەرەو دەشت دەڕۆن.(٤) ئەوەش بۆ بەسەربردنی كاتێكی خۆش لە ئاووهەوای سازگار و رزگاربوون لە وەرزی قاتوقڕی و تەڕوتووشی كە تێیدا دیاری جەژنانە پێشكەشدەكەن. لەئاوێستادا هاتووە بەهۆی ململانێ لەنێوان (ئەنگەر مینیۆ)و (ئورمزد) یان (هورمزد) بانەكانی ئێران سەرماوسۆڵەیەكی گەورە و بەهێز روویتێكردووە و بەفر و شەختە رووی زەوی داپۆشیووە. لەوڕۆژگارەدا دوو وەرز دەركەوتووە: یەكەمیان زستان و دووەمیان بەهار كە هەریەكێكیان (٦) مانگی خایاندووە، بەڵام سەرئەنجام سەركەوتن بۆ (ئورمزد)ی خوای حەق و دادوەری بووە و بەهار كوودەتای بەسەر زستانی شەڕ و ناخۆشیدا هێناوە. وادیارە لێكچوونێک لەنێوان ئەوەی لەئاوێستادا هاتووە لەگەڵ داستانی چوونەخوارەوەی عەشتاردا هەبێت بۆ دنیای مردووەكان بۆ رزگاركردنی (دەموزی) (تەمموز) كە نەیتوانیوە رزگاری بێت لە دەستی پاسەوانەكان.. بۆیە (دەموزی) بەپێی كاتی مانەوەی لە دیلێتی دنیای خواروو، مانەوەی دابەشكردووە لەگەڵ (كاشتن ئانای) خوشكی كە بۆ هەریەكێكیان (٦) مانگ بمێنێتەوە. بەوپێیە (دەموزی) لە كۆتایی كانوونی یەكەم دێتەدەرەوە كە باران دەستپێدەكا و ژیانیش بۆ زەوی دەگەڕێتەوە بۆئەوەی بەهار شوێنی بگرێت.(٥) پەیوەندی لەنێوان جەژنی نەورۆز و نەخشە هەڵكۆڵراوەكانی ئەشكەوتی گوندۆک لە ئاكرێ: لە باسی ئەم جەژنەدا و چوونەناو وردەكارییەكانی دەتوانین بەراوردبكەین بەو تابلۆیەی لەناو ئەشكەوتەكەدایە و دەكەوێتە لای دیواری راستی دەرگاكەی تابلۆ هەڵكۆڵراوەكە بەشێكە لە دیمەنە هەڵۆڵراوەكانیتری ئەشكەوتی گوندۆک لە كوردستانی باشوور كە بەشەكانیتری لەدەرەوەی دیواری دەرگای ئەشكەوتەكە هەڵكۆڵراون. نەخشەكە پێكهاتووە لە ژمارەیەک گیانلەبەر كە بەرەو رووی پیاوێک دەجووڵێن لەسەر كورسییەكی بێدەسک لەسەری دانیشتووە و روویكردۆتە لای راست.

بەرگێكی پۆشیوە هەتاكو بەرپێی شۆڕبووەتووە و قژێكی زۆری بەسەرەوەیە و دوو شاخیش لەسەریەوە دەرچووە و پرچێكی درێژیش بەسەر پشتیدا هاتووەتە خوارەوە و دەمووچاویشی بێڕیش و سمێڵە. دەستی راستی داناوە و دەستی چەپی بۆ پێشەوە بردووە و خۆراک بە بزنێک دەدات كە لەبەردەمیدا بەپێوە لەسەر هەردوو پاشووی راوەستاوە. لەنێوان سەری بزنەكە و پیاوەكەدا شتێک بە ئاسۆیی كەمێک لار، نزیک بە یەک بەدیدەكرێت لەشێوەدا وەكو دار بێت وایە كە پێدەچێت درەخت بێت. لەدوای بزنە كێوییەكە بەرازێک بەهەمان رێڕەو دەبینرێت لەوانەیە كێوی بێت شیردەدات بە یەكێک لە بەچكەكانی كە كەوتووەتە نێوان هەردوو قاچیەوە، لەپشتییەوە وێنەی مرۆڤێک دیارە بەهەمانشێوە بەرەوپێشەوە دەڕوات جلكێكی درێژی لەبەردایە و پرچێكی درێژ بەسەر پشتیدا هاتووەتەخوارەوە و دەستی راستی بڵندكردووە بەشێوەیەک پەنجەكانی بەر تەنیشتی گیانلەبەرەكە كەوتووە و دەستی چەپی بۆپێشەوە بردووە. لە كۆتایی نەخشە هەڵكۆڵراوەكەدا دیمەنی ئاژەڵێک دیارە، كەوتووەتە دوای پیاوەكە وەک درزێک كەوتووەتە نێوانیانەوە، ئەم وێنەیە زیاتر لەوەدەچێت سەگێک بێت كلكی بەشێوەیەكی ئاسۆیی بەرزكردبێتەوە و دوای پیاوە كەوتبێت . لەبەرامبەریشیدا واتە لەوسەری تابلۆكەوە لەدوای پیاوە دانیشتووەكەوە دیمەنی سەگێكیتر دەركەوتووە كە دەمی كردووەتەوە و كلكی كەمێک بەرزكردووەتەوە، بەدووری نازانم ئەو دوو سەگە كە هەریەكە و لە جەمسەری خۆیاندا دەركەوتوون دەكرێت ناوی دوو پاسەوانی لێنێین بۆ رانەمەڕەكە. لەم دیمەنەدا كە بە تابلۆی گیانلەبەرەكان پێناسەمان بۆكرد ئەو كەسەی كە لەسەر كورسییەک دانیشتووە و سەری قژێكی زۆری پێوەیە و دوو شاخی بەسەرەوەیە، ئەو كەسە دیمەنی خوای بەناوبانگ (تەموز- دەموزی)یە كە لەبنەچەدا خواوەندی سەوزایی و رووەكو ئاژەڵ بووە و بەوە

ناسراوە کە بووەتە هاوسەری خواوەندی خۆشەویستی (عەشتار - ئینەننا) کە لەوەوە پەرستنی پیتاندن هاتووەتە کایەوە و لە شارستانێتی نێوان دوو رووباردا بڵاوبووەتەوە.. بۆیە بەپیتوبەرەکەتی زەوی و پێگەیشتنی دانەوێڵە و بەرهەم و بەرووبوومەکەی بەلای ئەوانەوە بەندبووە بە لێکنزیکبوونەوە و جووتبوونی ساڵانەی هەردوو خواوەندەکە کە دیارە ئەوەش لە سەرەتای وەرزی بەهاردا روویداوە. ئەو گیانلەبەر و داروەدرەختانەی لەم دیمەنەدا بەرچاودەکەون بەرهەمی ئەو بەیەکگەیشتنەن، چونکە بەهۆی پیتاندنەوە درەختەکان نەشونمادەکەن و ئاژەڵەکان زاوزێدەکەن و لە سەرەتای وەرزی بەهاردا زۆردەبن. لەبەرئەوەیە لەو وەرزەدا ژیان نوێدەبێتەوە و گەرمیی تینی بۆ زەوی دەگەڕێتەوە و بەرگی رەنگاوڕەنگ بۆ داروەدرەخت دەگەڕێتەوە و زەویش سەوزدەبێت و ئاویش زۆر دەبێت و کانیاویش دەتەقێت کە بەرلەوە بۆ ماوەیەک بە قۆناغێک سڕبوون و کەم چالاکیدا تێپەڕبووە.(٦) نەتەوە کۆنەکانی سەر خاکی کوردستانی یەکەم (زاگرۆس) کە ئێمەی کورد لە نەوەی ئەوانین لە سەرگوزەشتە و داستان و ئەفسانەکانیاندا رواندن و گەشەکردنی رووەکیان لەزەویدا بەستووەتەوە بە زاوزێی نێوان عەشتار و دەموزی هەروەکو لەوەوبەر باسمانکرد، باسیش لە خواوەندی ئاسمان و زەمین دەکەن، هەروەها باس لە لەدایکبوون و مردنی نەوەکانیان دەکەن کە بریتینلە رووەک و داروەدرەخت. بۆ هەریەکێک لەو دیاردانەش خواوەندێکی تایبەتییان بۆ داناوە و پەیڕەوی نەریت و خووڕەوشتەکانیان کردووە، نموونەش بۆئەوە هەستانیان بە ئاگرکردنەوە، وەک هێمایەک بۆ تیشکی خۆر و زیندووکردنەوەی ژیان لەڕووەکدا.(٧) بەراوردێکیتر لەنێوان جەژنی نەورۆز و جەژنی ئاکیتۆی بابلی کە لە مانگی نیسانی هەموو ساڵێکدا سازکراوە، ئەوەدەگەیەنێت هاوشێوەبن لەبۆنەکەدا. راوبۆچوونمان لەسەر جەژنی نەورۆز: کورد کە لە نەوەی گەلانی هیندۆئارییە لە رۆژگاری ئەمڕۆدا ئاهەنگدەگێڕێت لە ٢١ی مارتی هەموو ساڵێکدا کە هاوکاتە لەگەڵ هاتنی ساڵێکی نوێی کوردیدا بە بۆنەی هاتنی جەژنی نەورۆزی میللی کە تێیدا کاوەی ئاسنگەر سەردەکەوێت بەسەر زوحاک (دەهاکی) تاوانبار و تێیداکردنەوەی ئاگریش نیشانەیە بۆئەو سەرکەوتنە. لێرەدا پرسیارێک دێتەپێشەوە ئەویش ئایا نەورۆز وەکو جەژن و ئاهەنگگێڕان سەرەتاکەی بەپێی بەڵگەکان بۆ کام رۆژگار دەگەڕێتەوە؟ لەهەمانکاتیشدا ئەم جەژنە چۆن و کەی بووەتە نیشانە بۆ جەژنی میللی یان نەتەوایەتی؟ بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە بەلای منەوە ئەم جەژنە بەپێی پاشماوە شوێنەوارییەکەی ئەشکەوتی گوندۆک کە لە دوو کۆمەڵەی هەڵکۆڵراو پێکهاتووە وەکو مێژوو سەردەمەکەی پەیوەستە بە چاخی دەسەڵاتی میتایی(8) کە بۆ نیوەی دووەمی سەدەی پانزەیەمی پ.ز دەگەڕێتەوە کە ئاهەنگگێڕانیان ئەوانەی تێیدا هاوبەشییانکردووە لەوبۆنەیەدا وەکو بەدیمەنەکانەوە دیارن، ئەوەش بە راوکردنی ئاژەڵەکە و خۆشبوونی ئاووهەوا و هاتنی وەرزی بەهار و ئاگرکردنەوە و رێوڕەسمی پیرۆزکردنی جەژنە کە لەنێوان ژنو مێردەکەدا یان (موغ)و ژنە مووغدا یان گەورەی ماڵدا هەستاون بە هەنووکردنی ئەو دوو منداڵەی نێوانیان بە خوێنی ئاژەڵەکە کە لەسەر مێزێک بە رووتی وەستاون، وەکو بە تابلۆکانەوە دیارن ئاهەنگگێڕانەکە شێوەیەکی ئایینی لەخۆگرتووە، تێیدا خواوەند (دەموزی- تەمووز) هاوبەشی تێداکردووە کە پیرۆزکردنی بۆنەکەیە و بەوشێوەیە کراوە، ئەمەش نەریتێکی ساڵانەیە و لەوچوارچێوە ئایینییەدا هەستاون بە ئاهەنگگێڕان. نابێت ئەوەش لەیادبکەین کە جەژنەکە وەکو سەرەتا بۆ سەردەمی خۆپەرستی واتە میترایی دەگەڕێتەوە کە میتانییەکان پێوەیناسراوبوون. ئەم جەژنە هەروەکو لەسەرەتادا باسمانکرد ململانێ بووە لەنێوان هێزی چاکە و خراپەدا و تەرازووی دەسەڵات لەدواییدا هەر بەلای چاکە و رووناکیدا شکاوەتەوە. لێرەدا پێویستە هەروەکو لە بەشی دووەمی پرسیارەکەدا ئاماژەمانپێدا ئەوە بزانین لە هەزارەی یەکەمی پ.ز تەرازووی هێز لەنێوان زلهێزەکانی رۆژگارەکەدا گۆڕانکاری گەورەی بەسەرداهاتووە. هەندێک لەوانە وەکو بابلی و کاشی و هیتی لە گۆڕەپانی سیاسیدا ناویانکوژاوەتەوە و هەندێکیتر هاتوونەتە شوێنیان لەوانە میدییەکان(٩)و فارس کە توانیویانە دەسەڵات بگرنەدەست و سنووریان فراوانبکەن و ناوچەیەکی زۆر داگیربکەن لە رۆژهەڵات و رۆژئاوادا واتە ئیمپراتۆرییەتی گەورە دروستبکەن تاوەکو سەرکردایەتی دنیای خۆرهەڵاتی کۆن بکەن

لەڕووی رامیاری و سەربازییەوە.(١٠) لێرەدا باشتروایە بڵێین نەورۆز یان (نیرۆز) هەروەکو فارس دەڵێ بووەتە جەژنێکی میللی و لە هەردوو رووەکەیەوە رامیاری و گەلێ دەوری خۆی بینیوە. سەرچاوەکانی مێژوو باس لەوەدەکەن کە گەورە پادشای ماد (هووەخشتریتە) واتە کەیخسرەو (٦٣٣ - ٥٨٥ پ.ز) لەنەورۆزدا تاجی پادشایەتی لەسەرناوە و هەر لەوبۆنەیەشدا بووە بەپێی ئەو وەسفەی لە خەوەکەی ناحوم پێغەمبەردا هاتووە، کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاشوور هاتووە لە نەینەوای پایتەختدا لە ساڵی ٦١٢ ی پ.ز کە داگیریکردووە.(١١) لە رۆژگاری دەسەڵاتی هخامەنشییەکاندا واتە (٥٥٠ - ٣٣٠ پ.ز) کاتێک کۆرشی گەورە ئەکبەتانەی پایتەختی داگیرکردووە هەروەکو مێژوو دەڵێ: بەوبۆنەیەوە ئاگرێکی گەورەی کردووەتەوە کە هێمایە بۆ سەرکەوتن. واتە لە جەژنی نەورۆزدا بووە کۆتایی بە دەسەڵاتی مادەکان هاتووە بەوپێیەی لە مێژووی (ایران باستان- حسن پیرنیا- ج ١ - مجلد ٢ ص ٢٨ - ٢٩) هاتووە.

کاتێکیش زەینەفوون بە لەشکرەکەیەوە گەڕاوەتەوە بۆ یۆنان ساڵی ٤٠١ی پ.ز لەڕێگایدا کە بەکوردستاندا تێپەڕیوە ئاماژەبەوەدەدات لەشکرەکەی کەوتووەتە شەڕەوە لەگەڵ کاردۆخییەکان هەروەکو دەڵێ: کاردۆخییەکان کەوانی گەورە و باڵایان لەشەڕەکەیاندا بەکارهێنا بۆئەوەی تیرەکانیان لە مەودایەکی دوورەوە بگاتە لای ئێمە و سەربازەکانم بپێکێ، هەروەها دەڵێ: لە لووتکەی شاخەکەوە ئاگریاندەکردەوە و بەدەوریدا هەڵدەپەڕین کە نیشانە بوو بۆ سەرکەوتنیان، هەروەها بەردی گەورەشیان بۆ تلووردەکردینەوە تاوەکو کۆسپ بخەنە رێگامان لەگەڕانەوەماندا. لە ئایینی میترایشدا واتە خۆرپەرستی ئاگر هێمایە بۆ چاوی خۆر بۆیە لەتابلۆکانیاندا و زیاتر لە لێدانی دراوەکانیاندا گرنگیانپێداوە بەتایبەتی لە رۆژگاری ئاشکانیدا (٢٥٠ پ.ز -٢٢٧ز). بەهەمان دەستوور لە پەرستگاکانی ئاگریشدا لەوانە لە پەرستگای گوندی سەرگەتی ناوچەی خورماڵ کە بە ئەشکەوتی گاوران ناسراوە، هەروەها پەرستگای قەڵای دەرەکۆرە لە شاخی سوورێن نزیک میریسوور لە ناوچەی خورماڵ.(١٢) ئایینی زەردەشتیش کە دواتر شوێنی گرتووەتەوە لە کۆتایی چاخی حەوتەمی پ.ز بینای ئاینەکەیان لەسەر خۆرپەرستی داناوە و ئاگریان کردووەتە توخمێکی پیرۆز کە نابێت هەناسەی مرۆڤی بەربکەوێت. زۆرینەی شارەزایانی مێژووی کۆن بۆئەوە دەچن کە گەلی فارس بۆ بەرژەوەندی دەسەڵاتی سیاسییان ئەو جەژنەیان کردووەتە نیشانە بۆ خزمەتی گەلیان و سەرکەوتن بەسەر دەسەڵاتی نەیارەکانیانا. سەرچاوەکانیش وەکو ئاماژەیی پێدەدەن کۆرش لایان لە شوێنی کاوە دانراوە و ئاستیاگسی دوا پادشای مادیش (٥٨٥ - ٥٥٠ پ.ز) هێمایە بۆ زوحاک یان دەهاکی زۆردار. ئەمجۆرە کارانەش شتێکی ئاساییە و سەرکەوتوو هەردەم ئەوەی کردوویە مێژووی لە بەرژەوەندی خۆی نووسیوەتەوە. لە سەردەمی دەسەڵاتی ساسانیدا لە ئێراندا (٢٢٧ - ٦٥١ پ.ز) کە خۆیان بە جێگرەوەی هخامەنشییەکان (ئەشکانییەکان) دادەنێن، زۆرینەی خاوەن ئایینەکان لە جەژنی نەورۆزدا هاوبەشییانکردووە بەتایبەتی زەردەشتییەکان بە جەژنێکی میللی ئێرانیان داناوە. خاوەنی کتێبی (ئێران لە رابردوو و ئێستادا) دەڵێ: نەورۆز سەرەتای ساڵی نوێیە کە یەکەم رۆژی بەهارە و سەرەتای هەواخۆشی رۆژە لەبەهاردا و ئامادەبووان بۆ جەژنەکە بەرلەدەستپێکردنی بە ١٥ رۆژ هەموو خێزانێک دانەوێڵە ئاودەدەن و بە سەوزی بەرهەمیدێنن هەتاکو قەدەکەی بەرزدەبێتەوە، ئەوکاتە دەیکەنە بەڵگە بە هاتنی بەهار کە رۆژی خۆشی و شادییە و پیاو لەوڕۆژەدا دەگەڕێ و مەشخەڵی ئاگری لەجادەکاندا بەدەستەوەیە.(١٢) سەرئەنجام: لەبەر تیشکی ئەو زانیارییانەی سەرەوە بەپێی ئەو بەڵگانەی لەسەری دواین گەیشتینە ئەو ئەنجامەی کە بڵێین:

١- نەورۆز وەکو جەژنێکی نەتەوایەتی کوردی سەرهەڵدانی بۆ هەزارەی یەکەمی پ.ز دەگەڕێتەوە بۆئەو رۆژگارەی کە دەسەڵاتی ماد لەئێراندا بووەتە خاوەنی دەسەلات. جەژنەکەش بەشێکە لە ئایینی خۆرپەرستی، بۆیە لای دانیشتووانی وڵاتەکە بەرز و پیرۆز

راگیراوە، بەڵام بەرلەومێژووە واتە گەڕانەوە بۆ چاخی میتانی لە ناوەڕاستی سەدەی ١٥ی پ.ز دەتوانین ناوی جەژنی دارودرەختی لێبنێین. لە سەردەمی دەسەڵاتی هخامەنشیدا (٥٥٠ - ٣٣٠ پ.ز) فارسەکان وودیان لەو جەژنە دیوە دوای نەمانی دەسەڵاتی ماد کە کردوویانەتە جەژنێکی مەزهەبی.

٢- جەژنی نەورۆز هەر بە سنووری ئێرانەوە نەوەستاوە، بەڵکو لەناو گەلانی ئاسیای کۆنیشدا بەهەمانشێوەی گەلی کورد و فارس باوبووە و لەوبۆنەیەدا ڕێوڕەسمی ئاهەنگێڕان ئەنجامدراوە و گرنگی زۆریانپێداوە. هەریەکێکیان بەڕێگای تایبەتی خۆی یادیکردووەتەوە، بەڵام لای هەموو ئەو گەلانەش لەناوەڕۆکدا جەژنەکە یەکدەگرێتەوە. جەژنەکە دوورتر لەو سنوورەش ڕۆشتووە و ساڵانە یادکراوەتەوە لەژێر ناویتردا.

سەرچاوە و پەراوێزەکان:

١- عەبدولعەزیم رەزای شەریف فەلاح/ مێژووی نەورۆز و کرۆنۆلۆژیای ئێران/ پێداچوونەوە/ جەلیل عەباسی/ چاپی یەکەم ٢٠١٣/ خانەی موکریانی بۆ چاپ و بڵاوکردنەوە لا ١٥٩.
٢.- الدکتور عبدالنعیم محمد حسنین/ قاموس الفارسیە/ فارسی – عربی/ ص٧٥٧.
٣- الدکتور محمد التونجی/ المعجم الزهبی/ فارسی- عربی/ بیروت / ص٥٧٧.
٤- احمد سیاح/ فرهنگ دانشگاهی ٢/ فارسی/ عربی/ چاپ دوم / ص ٧٥٥.
٥ - ماجد عبدالله الشمس/ الحجارە والمیپولوجیا فی العراق القدیم/ الگبعە الپاپلە ٢٠٠٩ / ص٣١.
٦- کەمال نوری مەعروف/ هەندێک شوێنەواری دێرینی بەرلە مێژوو و مێژوویی کوردستان/ چاپی یەکەم ٢٠١٠/ بەڕێوەبەرێتی چاپ و بڵاوکردنەوەی سلێمانی/ ل ١٧٥.
٧- الدکتور عبدالفتاح محمد وهیبە/ جغرافیە الانسان/ ص ١١٩.
٨- میتانی: گەلێکن لە گەلانی هیندۆئاری کە لەکۆنەوە لە کوردستانی گەورەدا ژیاون و دەسەڵاتیان هەبووە، زمانەکەیان نزیکە لە زمانی ئۆراتی بە مانا زمانی ناوچەی ئەرمینیای کۆن. هەتاکو ئێستاش چەند جۆرێک پاشماوەی هونەریان دۆزراوەتەوە کە بۆ ناوەڕاستی هەزارەی سێیەمی پ.ز دەگەڕێنەوە، وەکو پەیکەری شێری حەوجۆش لە نیساری و پەیکەری پادشای ئورکیش. بڕوانە: أندری بارو، بلاد ىَشور، ترجمە و تعلیق دکتور عیسی سلمان و سلیم گە التکریتی ١٩٨٠ بغداد ص ٣٦٠.
٩- بەڵگەی دکتۆر سافراستیان کە دەڵێ: گەلێک نەبووە بەناوی میدییەکان بەهۆی ئەوەبووە کە لە مۆرە لولەییەکاندا وشەی میدا هاتووە کە لەبنەمادا بەمانای زەوی یان وڵات دێت هەروەکو دەگوترێ (میدا گۆتیۆم) بە مانای وڵاتی گۆتۆ، یان (مید عیلام) کە مانای وڵاتی عیلام دەگرێتەوە. بابلییەکانیش هەربەوجۆرە کەوتوونەتە هەڵەوە بەهۆی ئەوەی زانیارییەکانیان لە سۆمەرییەکان وەرگرتووە. سەبارەت بە وشەی (میدا) وایانزانیوە کە ناوی وڵاتێکی ناسراو، یان گەلێکە لە گەلەکان، لەگەڵا ئەوەشدا کە نەیانتوانیوە سنووری ئەو وڵاتە دابنێن یان دەستنیشانی ئەو گەلە بکەن. ئاشوورییەکانیش بەهەمان دەستوور ئەو هەڵەیان لە بابلییەکانەوە وەرگرتووە. ئێرانیەکانیش بەهەمانشێوە لە ئاشورییەکانیان گواستووەتەوە. نووسەرە ئەورووپیەکانیش وەکو خۆی لە نووسەرە یۆنانییە کۆنەکانیان وەرگرتووە.

١٠- الدكتور سامی سعید احمد، رچا جواد الهاشمی/ تاریخ الشرق الاردنی القدیم (ایران والاناچول) ص٧٧.
١١- حسن پیرنیا/ ایران باستان (تاریخ مفصل ایران قدیم ) ج ١ / ١٣٢٢ چاپ دوم/ ص ١٩٢.
١٢- کەمال نوری مەعروف / هەمان سەرچاوەی پێشوو لا ٢٧٥، هەروەها: گۆڤاری هەزارمێرد ژمارە ٢ ساڵی یەکەم ١٩٩٧ لا ٧٩- ٨٠.
١٣- خالد السید محمد غانم/ الزرادشتیه (تاریخا وعقیده وشریعه) (دراسه مقارنه)/ المراجعه التاریخیه والتقدیم د. منـژر الحایک/ گ ٢ منقحه ٢٠٠٩ ص٢٤١.

سەرچاوە: ماڵپەڕی گۆڤاری کۆچ / ڕێکەوتی: ٣ی جوونی ٢٠١٥

# نەورۆز. ژیانو ئازادیو جوانی

پ.د.فایەق مستەفا



لەکاتێکدا ئێمە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز دەگێڕینو لێوان لێوین لەخۆشیو شادی، هیوادارم ئەو خۆشیو شادییە بەدرێژایی ساڵ بەردەوام بێت، ئەویش لەڕێگەی تێگەیشتن لەلایەنی مەعنەویو ناوەڕۆکی نەورۆزو کارکردن بۆ گۆڕینی کردارو رەفتار لەسەر ئەرزی واقیع لەبری راوەستان تەنها لەسەر لایەنی شکلیو رووکەشی نەورۆز کە بریتییە لەزیادڕەویی لەخەرجکردندا لەخواردنو جلوبەرگو کرینی ئۆتۆمبێلو ئەنجامدانی گەشت. ئەمەش بەهۆی ئەوەی کە چەندین جار لەستوونەکانمدا دووبارم کردۆتەوە، ئێمە لەم ساڵانەی دواییدا بووینەتە کۆمەڵگەیەکی تیۆریی رووکەشی تەنها تەماشای رووکەشی کەرەستەکان دەکەین، لەبری کرۆکی شتەکان، چونکە رەفتاری رووکەشی پێویستی بەماندووبوونێکی زۆری تەماشاکردن نییەو لاساییکردنەوەی کوێرانەی شتەکانە، بەڵام رەفتاری ناخیو مەعنەوی پێویستی بەکرداری عەقڵو بیرکردنەوەیە بۆ گەیشتن لەشتەکانی ئەو دیوو بینینو رووکەش، من لەهەموو نەورۆزێکدا راهاتووم لەسەر ئەوە بنووسمو هاوار بکەم: خەڵکینە گەلی کوردمان کاتێک ئەو جەژنە نەتەوەییەی دامەزراند، ئامانجی ئەوە نەبووە خەڵکی بانگبکات بۆ زیادەڕۆییکردن لەبەخەرج کردندا، بەڵکو ئامانجی چەند کارێکی مەعنەوییە کە وابەستەی پرەنسیپو بەهاکانە وەک:

## سەرکەوتن بۆ ژیان

١- سەرکەوتن بۆ ژیان: هەمووومان دەزانین نەورۆز بووەتە جەژنێکی نەتەوەیی گەلی کوردو گەلانی دیکە، پاش سەرکەوتنی شۆڕشە میللییەکە بەسەرۆکایەتی کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکی دەسەڵاتداری ستەمکاردا، بەو پێیەی کە ئەو پاشا ستەمکارە مەرگو کاولکاریو تاریکی لەهەموو شوێنێک بڵاوکردبووە، شۆڕش بەرپابوو تاگەڕانەوەی ژیان رابگەیێنێت، سەرکەوتنی بووە هۆی نەمانی تاریکیو گێڕانەوەی سەروەری ئازادی، ساڵێکی نوێ دەستی پێکردو لەگەڵ بەهاردا نیشانەی گەڕانەوەی ژیانە بۆ سروشتو سەرجەم بوونەوەرەکان، داستانی نەورۆز لەناوڕۆکدا لەچیرۆکو داستانەکانی گەلانی دیکە دەچێت وەک داستانی عەشتارو تەمووزی بابلییەکانو ئەدۆنیسو ڤینۆس ئەغریقییەکان، ئایزیسو ئۆزریسی فیرعەونییەکان، هەمووشی ململانێی نێوان شەڕو چاکە، ژیانو مردنو سەرکەوتنی چاکەو ژیان بەسەر خراپەو مەرگدا. لەبەرئەوە گرنگترین نیشانەکانی نەورۆز سەرکەوتنی ژیانە بەسەر مردندا، پیرۆز راگرتنی ژیان بەهەموو دیمەنەکانی، سەرکەوتنی ژیان بریتییە لەهەوڵدان لەکارکردنو بونیادنانو ئاوەدانکردنەوەو دژایەتیکردنی کاولکارییو پشێوییو نەخۆشیو دواکەوتن بەهەموو جۆرەکانییەوە تا ژیان جوانترو پرشنگدارترو ئاوەدانتر دەربکەوێت. لێرەوە پێویستە لەسەر ئەو نەتەوەیەی نەورۆز جەژنی نەتەوایەتیەتی، گیانی ژیانو شوێنەوارەکانی لەهەموو شتێکدا بتوێنێتەوە چاککردنی

زەوی کشتوکاڵی و چاندنی، چاککردنەوەی ژینگە، دەرکردنی کانزاو سامانەکانی ژێر زەوی، خۆشەویستنی زانستو زانیاریو بەکارهێنانی بۆکۆنترۆڵکردنی سروشتو بەکارهێنانی بۆ خزمەتی مرۆڤایەتیو نەهێشتنی ئەو کۆسپانەی لەمپەرِ دروستدەکەن لەبەردەم گەشەکردنی ژیان، بەرهەم هێنانی هەموو پێداویستییەکانی ژیان لەخۆراکو دەرمانو جلوبەرگو کەرەستەی ناوماڵو وزە.

پێویستە شۆێنەوارەکانی کاولکاری لابرێنو پاکبکرێنەوە، چەند ئازارم پێگەیشت کاتێک راپۆرتێکم لەیەکێک لەگۆڤارەکاندا خوێندەوە بەناونیشانی کێ ساباتی شوێنی راوەستان بۆ پاس دەشکێنێت لەسلێمانی کە تێیدا هاتبوو» دەستێکی شاراوە هێرش دەکاتە سەر ساباتەکانی شۆێنی راوەستانی پاس لەشارەکانی کوردستاندا، ئەو دەستانە شوشەی شوێنی راوەستانی پاسەکان دەشکێننو تێکیدەدەن، بەپێی راپۆرتەکە ئەو ساباتانە پارەیەکی زۆری بۆ خەرجکراوە لەلایەن لایەنە پەیوەندیدارەکانەوە، تێکشکاندنی ئەو ساباتانە بوو بەدیاردە چونکە لەکۆی ٥٠٠ دانە ٣٢٠ دانەیان لێشکێندرا، واتە نزیکەی ٦٤% ی ساباتەکان شێوێندران، کێ بروا بەوە دەکات گەلی نەورۆز ئەو رەفتاری کۆمەڵایەتییە دواکەوتووی لێبوەشێتەوە، چەند ئازار بەخشە کاتێک داگیرکردنی کاڵا بەدیدەکەین لەبازارِەکانماندا هەموو شتێک هاوردە دەکرێت، تەنانەت ماستو خەڵوزو کەرەوزیش!.

٢- ئازادی: پرەنسیپی دووەمە لەپرنسیپەکانی نەورۆز، مافێکە لەگرنگترین مافەکانی مرۆڤ بەپێی پەیماننامەی جیهانی مافی مرۆڤ، ئازادی، واتە مرۆڤ ئازادە لەهەڵبژاردنی هەر بیروباوەرێک لەپرەنسیپو باوەرو ئەو رەفتارەی کە لەژیانیدا هەڵیدەبژێرێت، بەمەرجێک زیان بەکەسانی دیکە نەگەیێنێت، ئازادی بەگشتی سێ جۆرە:

ـ ئازادی سیاسی: واتە مافی پەیوەندی بەو حزبە سیاسییانەی باوەریان بەدیموکراسیو دەستاو دەستکردنی ئاشتیانەی دەسەڵات، مافی خۆپیشاندانی ئاشتیانەو نووسین لەرۆژنامەکانو راگەیاندنی بۆچوونی سیاسی هەیە.

ـ ئازادی ئایینی: واتە مافی هەڵبژاردنی بیروباوەری مەزهەبی ئایینیو پەیرەوکردنی سەرجەم سرووتە ئایینیەکان بەئاشکراو رێزگرتن لەبیروباوەرو مەزهەبەکانی دیکە بەپێی پرەنسیپی لێبوردەییو دوور لەهەموو جۆرەکانی دەمارگیریو توندوتیژی.

ـ ئازادی کۆمەڵایەتی: واتە مافی پەیوەندیکردنی کۆمەڵەو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنی بێ هیچ فشارێک بەتایبەتی بۆ سەر ژنان.

ئاشکرایە هەر کەسێک باوەری بەو پرەنسیپانە هەبێت، کەسێکی دیموکراسخوازو لێبوردەیەو دوور لەدەمارگیری، رێز لەمافی ژن دەگرێت، ستەم لەکەس ناکات، وەک چۆن حەز ناکات کەس ستەمی لێبکات، باوەری بەپرەنسیپەکانی دادوەریو یەکسانیو بەرگری لەستەمکارانو پەراوێزخراوان بکات.

## مرۆڤ بەهایەکی باڵای هەیە

مرۆڤ لەخودی خۆیدا بەهایەکی باڵای هەیەو نابێت خوێنی مرۆڤ بەفیرۆ بدرێت، فیرودان لەفەرهەنگی سیاسیدا واتە رەتکردنەوەی

مرۆڤایەتی مرۆڤو داننەنان بە بەهاو قەوارەو مافی مرۆڤ.

پێویستە دان بەوەدا بنێین کۆمەڵگەی کوردەواریمان بەشێوەیەکی گشتی باوەڕی بەهەر سێ جۆرە ئازادییەکە هەیەو پیادەشی دەکات، بەڵگەش لەسەر ئەوە لەکۆمەڵگەی کوردیدا هیچ جۆرە توندوتیژیو تەکفیری ئایینی بەدی ناکرێت، کە لەزۆربەی وڵاتە ئیسلامییەکاندا بڵاوبوەتەوە، پێکهێنانی حزبی سیاسی جۆراوجۆر کە رۆڵی ئۆپۆزسیۆن دەبینێتو زۆر ئازادانە لەمیدیاکانەوە رەخنەدەکرێت، رێزگرتن لەژنان کە بوەتە جێگەی تێڕوانینی ئەو گەشتیارە ئەوروپییانەی کە سەردانی کوردستانیان کردوە لەسەدەی نۆزدەهەمەوە، گەر لەم رۆژانەشدا هەندێک رووداو بەدی بکرێت سەبارەت بەتوندوتیژی دژی ژنان، بەڵام ئەو رووداوانە نامۆن بەکۆمەڵگەکەمانو خێرا لەناودەچن.

٣- جوانی لەبەر ئەوەی نەورۆز مانای گێڕانەوەی ژیانە بۆ سروشت، کەواتە ئەوە بانگەوازێکە بۆ چێژ بینین لەجوانی سروشت لەچیاو درەخت، ئاوو باڵندەو گوڵە رازوەکانی. لێرەوە جەژنی نەورۆز وابەستەکرا بەدەرچوونی کورد بۆ سروشت. ئەوەش لەداستانی مەم وزینی ئەحمەدی خانی باسی لێوەکراوە «کاتێکی رەسەن بوو، خەڵکی رۆژی ٢٠ی ئازاریان بەرێدەختسو پێشوازیان لەبەهاری ساڵێکی نوێ دەکرد، کارو جووڵەی رێگەوبانو بازاڕ کردنیان دیمەنێکی نوێی بەخۆوە دەبینی، پێویست بوو خۆیان ئامادەبکەن بۆ دەرچوون لەگەڵ بەرەبەیانی رۆژی دووەمدا بەرەو شار، رۆژەکەیان لەسەر سەوزیو لێواری رووباری دیجلەو لووتکەی چیاکان بەسەر بەرن، ئەویش بە مەبەستی جێبەجێکردنی ئەو نەریتەی کە هەموو بەشەکانی کوردستانی گرتبووەوە لەئاهەنگ گێڕان بەبۆنەی ساڵی نوێ-وە، هەمووان بەگەورەو بچووکەوە، پیاوانو ژنان هەموو دروستکراو یەکی ژیانی شارو ئاوەدانیان بەجێدەهێشت بەرەو ئەو دروستکراوە خوایە ئەفسوناویەو بەتەنها کرنووشیان بۆ ئەوە دەبرد. تا ئێوارە بەخۆشیو شادی بەسەریان دەبرد، چونکە ئەو رۆژە لەدایکبوونی مەزنترین خۆشەویستی بەخۆوە بینیوە لەمێژووی گەلی کورددا، مەبەستم خۆشەویستی مەم وزین-ە، نەورۆز خۆشەویستی جوانی سەوزایی لەپێکهاتەی کەسێتی کورد دروستکردوە، لەبەر ئەوە تاکی کورد رووبکاتە هەر شوێنو جێگەیەک ئارەزووی ئەوە دەکات بیکاتە پانتاییەک لەسەوزایو گوڵو درەخت. خاڵەکانی پشکنین لەرێگەکانی دەرەوەی کوردستان دەبینین پانتاییەکە لەسەوزایی سەرنجراکێشو گەشتیار والێدەکات چێژ لەجوانیەکیەی ببینین، شارەکانی کوردستان بایەخێکی زۆر دەدەن بەسەوزایی وەک شاری سلێمانی کە ناوم ناوە «شاری باخچەو توو» لەبارەی سلێمانیەوە وتوومە» هەموو شارێک مۆرکێکی خۆی هەیە، کە لەشارەکانی دیکەی جیادەکاتەوە، بەڵام ئەوەی سلێمانی لەشارەکانی دیکە جیادەکاتەوە سەوازیو باخچەکانێتی کە لەهەموو شوێنێک بەرچاو دەکەون، لەشەقامو پاركو بازاڕو گەرەکو قوتابخانەو نەخۆشخانەو تەنانەت لەکۆڵانە تەسکەکانیش، هەر ئەوەندە چاوت پێکەوت هەست بەدڵ خۆشی دەکەیت.

هیوادارم بێژەرەکان کە چاوپێکەوتن سازدەکەن لەگەڵ ئاهەنگ گێڕاندا لەنەورۆزی ئەم ساڵ، پرسیاری ئەوەیان لێنەکەن. چ دەخۆنو چ لەبەردەکەن؟ بەڵکو پرسیاری رۆشنبیریان لێبکەن سەبارەت بەسەرکەوتنی ژیان بەسەر مردن، ئازادی، جوانی یان لێبکەن. هیوادارم هاووڵاتیان مەیلیان بەلای»دانایيو عەقڵدا بڕوات لەکاتی گەشتەکانیاندا بۆ سروشت، داواکاریشم باوەشی سروشت پیس نەکەن لەیەکەم رۆژی سەری ساڵدا. هەموو نەورۆزیەکتان بەخۆشی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / رێکەوتی: ١٩ی مارچی ٢٠١٤

# مێژووی دەرکەوتنی جەژنی نەورۆز

کەیوان ئازاد



گەڕانەوە بۆ دەوڵەتی ماد نەک بۆ کاوە و زوحاک    کاتێک دەمانەوێ سەرەتاکانی مێژووی سەرهەڵدانی (جەژنی نەورۆز) وەک جەژنێک دیاری بکەین، دەکەوینە نێو سەدان سەرچاوە و بیروڕای جیاواز، کە زۆربەیان لە ئەفسانە کۆنەکانەوە سەرچاوەیان گرتووە. هەربۆیە ساغکردنەوەی ڕاستی و ناڕاستیی ئەو ڕووداو و ئەفسانانە، دەیان توێژینەوەی گەورەی پێویستە، تا ڕەسەنایەتیی ئەو جەژنە لە ئەفسانە هەڵبەستراوەکان جیا بکاتەوە. سەرەتاش با لەوەوە دەست پێبکەین، کە بەو پێیەی (نەورۆز) وەک سەرەتای ڕۆژ و یەکەم مانگ و وەرزی ساڵ لێ ڕوانراوە و چەندین مێژووی بۆ دروست کراوە، هەر بۆیە زۆرترین سەرنجی هونەر و ئەدیب و نووسەر و مێژوونووس و تەنانەت خەڵکانی دی بۆ لای خۆی ڕاکێشاوە، تا ئەوەی زۆرترین هۆنراوەی کوردی و فارسی بۆ وەرزەکە، کە (بەهار)ە بۆ یادەکە کە (نەورۆز)ە، هۆنراوەتەوە. بەو پێیەشی بەشێکی زۆری سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەوە دەکەن، کە یەکەمین کەسێک یادی جەژنی نەورۆزی کردووەتەوە (جەمشید)ی دامەزرێنەری دەوڵەتی پیشدادییەکان بووە، بەڵام ئەوەش دوورە لە ڕاستییەوە، چونکە لەلایەک تا ئێستا مێژووی ئەو پادشایە و تەمەن و ماوەی فەرمانڕەوایەتیی زۆر ڕوون نییە، لەلایەکی دی ئەم پادشایە لای عەرەبەکان بە (متوشلخ) هاتووە. (متوشلَخ)یش کوڕی (ئیدریس)ی پەیامبەر و باپیری (نوح) پەیامبەر بووە. کاتێکیش دەچینە نێو ڕاستیی ئەو تۆمارانەوە، دەگەینە ئەوەی، کە (متوشلَخ) لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا ژیاوە، چونکە لە تۆمارەکانی مێژووی کۆندا ئەوە ساغ کراوەتەوە، کە هەریەک لە (ئیدریس و نوح) وەک (دوو) پەیامبەری مێژووی مرۆڤایەتی، خەڵکی شاری (ئوور)ی سۆمەری بوون و هیچیان لە ئاست پایەی پادشادا نەبوون، ئیتر جێگای سەرنج و پرسیارە کەسێکی وەک (متوشلَخ)ی کرابێتە (جەمشید) و وەک پادشا لە وڵاتی ئێراندا فەرمانڕەوایەتیی کردبێت، چونکە چ شاری (ئوور) و چ ئەو دوو پەیامبەرە لە باشووری عێراقدا ژیاون و لە سەردەمی سۆمەرییەکاندا بوون، نەوەک لە خاکی ئێراندا. هەروەها بەر لەوەی ئەم جەژنە بە ڕووداوێکی ئەفسانەییەوە ببەسترێتەوە، کە (کاوە و زووحاک) بوون، سۆمەرییەکان وەک یەکێک لە کۆنترین کۆمەڵانی خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و میسۆپۆتامیا بەر لە (سێ هەزار) ساڵ پێش زایین و بابلییەکانیش بەر لە (دوو هەزار) ساڵ پێش زایین، یادی ئەم جەژنەیان کردووەتەوە. جەژنەکەشیان بە ڕۆژی دار و درەخت و سەوزایی و دابارینی بەخشندەیی خودا لە ئاسمانەوە بۆ بەندەکانی لەسەر زەوی زانیوە. واتە ئەو ڕاڤەیەیان بۆ (نەورۆز) کردووە، کە پەروەردگار ساڵانە و لە یەکەمین ڕۆژی ساڵدا بەخشندەیی تەواوی ساڵەکەی بەسەر زەویدا باراندووە. ئەوەش کاتێک مرۆڤە بەندەکانی خودا لەو ڕۆژەدا ڕووخۆش و دەم بە خەندە بووبن و پۆشاکی نوێیان لەبەر کردبێت و بۆنی خۆشیان لە خۆیان دابێت. ئەوەش بەو مانایە بووە، کە مرۆڤە بەندەکان لە بەخششەکانی پەروەردگار ڕازی بوون، بەڵام ئەگەر ئەو ڕۆژە مرۆڤەکان خەمناک و پەست و ڕووگرژ بووبن، ئەوا مانای ئەوە بووە، کە بەندەکانی خودا بەو هەموو بەخشانەی خودا ناڕازی بوون، بۆیە پەروەردگار لەبری بارینی بەخششەکانی بۆ ساڵی نوێ تووڕەیی خۆی بەسەر بەندەکانیدا باراندووە. ئەم لێکدانەوەیەی سۆمەرییەکانیش

بۆ هاتنی ئەو ڕۆژە، بووەتە باوەڕی کۆمەڵ و دانیشتوانی میسۆپۆتامیا و خۆرهەڵاتی ناوەڕاست و ئاسیای ناوەڕاست و ساڵانە وەک ئەرکێکی ئایینی یادیان کردووەتەوە. لەم ئەرکەشەوە نەریتی ئایینی بۆ ئەو یادکردنەوەیە سەری هەڵداوە. لە قۆناغی دواتریشدا و لەگەڵ دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتیدا، یادی ئەم جەژنە هێزێکی تری بەبەردا کرا، چونکە بە بڕوای ئەو ئایینە هۆکاری گۆڕینی دونیای مادی بوو بۆ دونیای هەتاهەتایی. ئەوەش بەو واتای ئەوەی، کە سەرەتای یەکەم ڕۆژ و مانگ و وەرزی ساڵ، سەرەتای دەرکەوتنی بەخششەکانی پەروەردگار بووە بۆ بەندەکانی و کۆتایی لێپێچینەوەش بووە لە هەڵە و کەموکوڕییەکانی ساڵی ڕابردوو. دیارە بەو پێیەشی دەرکەوتنی ئایینی زەردەشتی، بۆ ناوەڕاستی سەدەی حەوتەمی پێش زایین دەگەڕێتەوە، بۆیە ئاسایی لەو سەردەمەوە یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهار، کە دەکاتە (ی نەورۆز) وەک جەژنێکی پیرۆز سەیر کراوە و یاد کراوەتەوە. بەو پێیەشی دەرکەوتنی ئەم ئایینە و پەیامبەرەکەی (زەردەشتی کوڕی پورشاسپ) لە سنووری قەڵەمڕەوی (دەوڵەتی ماد) دەگەڕێتەوە، بۆیە ماددەکانیش ئەم بۆنەیان وەک جەژنێکی ئایینی لە چوارچێوەیەکی سیاسیدا کردووەتەوە و بایەخیان پێداوە. دوای مادەکانیش هەریەک لە دەوڵەتەکانی هەخامەنشینی و ئەشکانی و ساسانی، یەک لە دوای یەک ئەو بۆنەیەیان بە جەژنێکی فەرمیی دەوڵەتەکەیان زانیوە و سەربارى ئەوەی، باجێکی ساڵانەیان بە ناوی (نەورۆزانە) داناوە، لە هەمان کاتدا زۆربەی مەراسیم و بۆنە تایبەتییەکانیان لەو ڕۆژەدا ئەنجام داوە. سەبارەت بە کوردیش مێژوویی و زانستیتر بووە وەک دامەزرێنەری دەوڵەتی ماد لێ بڕوانێت، کە لە سەدەی هەشتەمی پێش زایین دەرکەوت و بوونی خۆی سەلماند و بەهۆشییەوە ساڵنامەی کوردیی لێ دەرئەنجام کرا، نەوەک گەڕانەوە بۆ ئەفسانەیەکی دروستکراوەی وەک (کاوە و زووحاک).

سەرچاوەکانی ئەم باسە:

١- القلقشندي: صبح الاعشى فى صناعة الانشاء.
٢- د.حسين قاسم العزيز: المفصل فى نشاة نوروز الذهنية الابداعية
٣- عبدالكريم شاهين: عيد النوروز- الاصل التاريخي و الاسطورة.

سەرچاوە: ماڵپەڕی باسنیوز / ڕێکەوت: ٢٠١٤

# ئاو و ئاور، پیرێژن و نەورۆز

برایم فەرشی

هێرش کردن بۆ سەر داب ونەریت وبۆنە و ڕەگەکانی تێگەیشتنی ناعەرەبی ونائیسلامی لە کۆمەڵگای کوردستان، بۆتە پیشەی کۆمەڵێک کوردی موسڵمان، کە دەمشڕتر لە نەیارە سەرەکییەکانی کورد دەنگ هەڵدەبڕن، ئەوانە بە تایبەت لە باشوور و ڕۆژهەڵات مەیدانیان بۆ ئاواڵەیە و دەنگ و ڕەنگی تێکدەرانە و دوژمنکارانەیان لە ڕێگای مێدیا و تۆڕەکانی کۆمەڵایەتییەوە لە زیادبووندایە. ئەوە سەرباری دەوری تێکدەرانە و لاپرسەنانەی مێدیای کورد بە گشتی و تەلەوزیۆنەکانە، کە بوونەتە دەزگای پووچەڵکردنەوەی فەرهەنگ و هونەر!

لەبەرانبەر ئەم هێرشە بەربلاوەی خۆیی و دەزگاکانی مێدیایی تورکیا وئێران وعیراق، هیچ بەرەنگاربوونەوەیەکی حکوومەتی و ناحکوومەتی نابینـدرێ و بەردەوام شـاهیدی پاشەکشـەی فەرهەنگی خـۆیی و زاڵبـوونی فەرهەنـگ و تێگەیشـتنی تـێکەدەرانەین. هێرشکەرانی سەر فەرهەنگ و هونەرە بە پێی پلان و بەرنامە دەجوڵێنەوە و لە مەیدانی بە بێ ڕەنگاربوونەوە، بە پای پەتی غـاردەدەن. گەر بەرەنگـاربوونەوەیەکی سیسـتماتیک و بە بەرنـامە لە گۆڕێـدا نەبێ، جیلـی دوارۆژ جگە لە زمـانەکەی کە لە هەمـوو لایەکەوە لە بەر هێرشدایە، پێناسەی بۆ ناساندنی خۆی پێنامێنێ و لە فەرهەنگ و تێگەیشتنی زاڵ بە سەر ناوچەکەدا قاڵ دەبێ یان دەبێتە لاساییکەرەوەی هەرچی زۆرتری فەرهەنگی بازاڕیی ڕۆژئاوا. لەم بابەتەدا بۆ وەبیرهێنـانەوەش بێت، بـاس لە نەورۆز و ئـاو و ئاور و خاک و چەند داب و نەریت دەکرێ.

زستان بە چلەی گەورە لە یەکی مانگی سەرماوەز، کە بە شەوی چلە و یەلدا دەناسرێ، دەست پێدەکات و ٤٠ ڕۆژ دەخـایێنێ، چلە چکۆلە لە دەی مانگی بەفرانبارەوە دەست پێدەکات و ٢٠ ڕۆژ خاوەن دەستەڵات دەبێ. بە دەستپێکردنی مـانگی ڕەشەممە بـاس لە پێنج ڕۆژی پیرێـژن و ڕۆژانـی خـاتوو زەمهەریـر دەکـرێ کە لە خەودا دەمێنێتەوە و لە گەڵ ڕابـوون لە خەو، شیووکوڵی دەست پێدەکات و بارانی بەهاری لە گەڵ خۆی دەهێنێ.

چلەی گەورە لە کوردەواریدا بە برای گەورە ناسراوە و چلەی چکۆلە بە برا چکۆلە. دەبێ چلەی گەورە دەڵڕەحمتر بێ هەر بۆیە لە ٤٠ ڕۆژی یەکەمی زستاندا، سەرما توووند و ڕێگە وبان سەخت وقاقڕ نییە، بەڵام چلەی چکۆلە بە هەر هۆیەک کە بۆی داندراوە، سەرما و سۆڵی زۆرترە و لە بیست ڕۆژی ژیانیدا، بە وتەی خۆی زەبر وزەنگ لە خۆی نیشان دەدا و منداڵ لە لانکەدا سڕ دەکات. ئەوەی بۆ برای گەورە دڵڕەحم و برای چکۆلە دڵڕەقە، دەبێ بنەمایەکی هەبێ، بەڵام بنەماکە چییە؟ ئایا ئەوە یەک لە ڕەگەکانی تێڕوانینی کۆنی کوردان بەرانبەر بە برای گەورە و چکۆلە بووە، ئەگەر وڵام ئەرێ بێ، لە کام داب و نەریتی دیکەدا ئەم شێوە تێڕوانینە بەدی دەکرێ؟ ئایا دەکرێ لە چیرۆک و ئەفسانە کوردییەکاندا پاشماوەی بدۆزرێتەوە؟

پاش بە سەرچوونی تەمەنی ئەو دوو برایە، دەورانی دەستەلاتی پیرێژن دەگاتێ، ئەو دەیەوێ تۆڵە لە هەر دوو برا بکاتەوە و سەرمایێکی سەخت و دژوار بە سەر جیهاندا فەرز بکات. پیرێژن لە بەرچی دەیەوێ تۆڵە لە هەر دوو برا بکاتەوە و لەبەرچی دەیەوێ سەرمایەک سەخت بە سەر جیهاندا فەرز بکات، ئایا ژیانی مرۆڤی کورد وەک چیرۆکی زستان و دوو برا وپیرێژنە، کە پڕ لە کێ بەرکێ و تۆڵە ئەستاندنەوەیە؟ ئایا مێژووی ژیانی ئینسانی کورد زۆرتر لە ٤٠ ڕۆژی یەکەمی زستان یان لە بیست وپێنج ڕۆژی کۆتایی زستان دەچێ؟

پیرێژنی خاوەن دەستەلات لە پێنج ڕۆژدا دژواری دەخوڵقێنێ و دوایە فەرعانە ڕوو لە وڵات دەکات و ژیانی سروشت و ئینسان و زیندەور دەبووژێتەوە. ئایا ئەوەی کوردان لە کاتی دژواریدا ئاماژە بە"پێنج ڕۆژی ژیان" و دەربازبوونی دەکەن، لێرەوە سەرچاوە دەگرێ، یان ئەم پێنج ڕۆژی ژیان و دنیا، تێڕوانینیکی کۆنترە کە لە زستانیشدا ڕەنگی داوەتەوە؟

ئەگەر بوونی برای گەورە و چکۆلە و پیرێژن بە زستانەوە گرێدرابێ، ئەوە هاتنی بەهار و نەورۆز بە خاتوو زەمهەریر و هەواڵهێنەر وهەواڵبەرانی نەورۆزەوە گرێدراوە، کە هەم ڕواڵەتیان شادی هێنەرە هەم گفت ولفت و زمان و زاراوەیان. یەکێک لەو کەسانەی هەواڵی هاتنی نەورۆز و بەهار بڵاو دەکاتەوە، کۆسەیە کە لە شوێنەکانی کوردستان و ئازەربایجان و ئێران نێوی جیاوازی هەیە، کۆسە گەردی، کۆسەی هەجیج، کۆسە بەبە، کۆسە گەلین. کۆسە و ئەو تاقمەی کە لە گەڵ کۆسە بەبە دەگەڕێن، خۆیان دەگۆڕن و دەور دەگێڕن، لە هێندێک شوێن کۆسە جل و بەرگی بەرئاوەژوو لە بەر دەکات و دوو لینگ کلاش لە جیاتی گوێچکە لە دوو لای سەری قایم دەکات و بە ئارد دەم و چاوی سپی دەکات و ئەوجا پاشەوپاش سواری کەر دەکرێ و بە دەنگ و گۆرانی و ئاواز بە ناو گوندەکاندا دەگەڕێ و خەبەری هاتنی نەورۆز بڵاو دەکاتەوە.

لە ناو فارسەکان و لە شارەکان ئەو کارە حاجی فیروز دەیکات، کەسێک جل و بەرگی سوور دەپۆشێ وبە پێچەوانەی کۆسەی کوردستان، سەروچاوی ڕەش دەکات و بە دایرە(دەفەیەکی بچکۆلانە) لە کۆچە و کۆڵان و شەقامەکان دەگەڕێ و شیعر و گۆرانی گۆڵمەزی و بەهاریی دەچڕێ.

یەکەمین جەژنی بەر لە نەورۆز جەژنی چوارشەممە قولەیە کە لە شوێنی ژیانی فارسەکان چوارشەممە سوری پێدەگوترێ. لە چوارشەممە قوڵەدا لە سەر بانی ماڵەکان یان لە کۆڵان ئاور دەکرێتەوە و هەر کەس بە سەر کۆگای ئاوردا باز دەدات. لە لای فارسەکان لە کاتی بازدان دا دەگوترێ، زەردی من لۆ تۆ و سووری تۆ لۆ من، ئەوەش مەبەست ئاگرەکەیە کە زەردی بەرێت بۆ خۆی و رووسووری و گەشی خۆی بدا بەو کەسە کە بە سەریدا باز دەدا.

لە بەرەبەری نەورۆزدا کیژان و کوڕان بە تایبەت لە گوندەکان دەچنە سەر سەربانی ماڵەکان پشتێنی گرێدراو بە زەرفیکەوە بە بەر پەنجەرە یان بە ناو کولاوکەی ماڵەکانەوە شۆڕ دەکەنەوە و دەڵێن "هەلاوە مەلاوە شتێکمان بۆ بخەنە بن تاوە، کوڕەکەتان ببێت بە زاوا"، ئەو کەسەی کە ئەو قسانە دەکات ڕەنگە دڵداری کچی ماڵەکەش بێت.

نەورۆز دوو لایەنی ئوستوورەیی و مێژوویی/ نەتەوەیی هەیە کە لە ناو نەتەوەکان، دەوری جیاوازی پێبەخشراوە. رەنگە لە ناو هیچکام لە نەتەوەکاندا نەورۆز ئەو پلەوپایە و دەورەی پێنەبەخشرابێ،کە لە ناو کوردەکاندا باوە. نەورۆز بۆ کورد جگە لە لایەنی ئوستوورەیی و میللی و فەرهەنگی لە سەرەتاوە هەتا ئەورۆ، گرێدراوی ویست و خواستی ئازادی و رزگاربوون، بووە. رەهابوون لە ژێردەستی و ستەم چ ستەمی برای بچکۆلە و چ ستەمی پیرێژن، لە ئەفسانەوە هەتا ژیانی رێئاڵ و مێژوویی، گرێدراوی نەورۆز و بەهار بووە. دەبێ برای چکۆلە و پیرێژن دوو سمبوڵ بن، برای چکۆلەی کورد لە کۆنەوە تا ئەمرۆ کێ بووە؟ پیرێژن هێمایە بۆ کێ؟ بۆ دەیەوێ لەو پێنج رۆژەدا تۆڵە بستێنێتەوە؟ گەلۆ برای گەورەی دڵرەحم کە تەمەنی لە برای چکۆلەو پیرێژن بەسەر یەکەوە زۆرترە، هێمایە بۆ چی و بۆ کێ؟ هیچ ئەفسانە و بۆنە و داب و نەریتێک بە بێ بنەما و بیروتێگەیشتن سەری هەڵنەداوە، راز و رەمزی برای چکۆلە و برای گەورە و پیرێژن، ئەگەر راز و رەمزبێ، چۆن دەکرێتەوە؟

داب و نەریتی بەرەو نەورۆز و بەهار لە ناوکورداندا زۆرن، جا چ تەبەقگێران و خوانچە بردن بێ، چ دڵنەوایکردن لەیەکتری، یان ماڵان بەسەرکردنەوە و رێ و رەسمی سفرە و تەبەقی نەورۆزیی، ماڵهەڵگرتن و خاوێنکردنەوە و خۆگۆڕین و خۆتازەکردنەوە، کە هەرکام جێگای باس و لێکۆڵینەوەی تایبەتن، بەڵام گرنگی ئاو و ئاور و سەوزایی دەبێ دیاریکەری بنچ وبنەوانی تێگەیشتنی مرۆڤ لە سروشت و لە ژیان بێ، کە کورد زۆر لەو بنچ وبنەوانە دوور کەوتۆتەوە.

ئاور جیا لە لایەنی ئایینی و مەزهەبی، نیشانە بووە بۆ خەبەردان بۆ ئاگادارکردنەوە، وەک دەهۆڵ یان نەقارە کە هەرکیان لە کوردستان بۆ ئاگادارکردنەوە و خەبەردان بەکارهێنراون. لە سەردەمانی کۆندا کەرەسە بۆ خەبەردان کەم بووە، هەر بۆیە بە هۆی بارودۆخی شاخاوی کوردستانیش، ئاور باشترین نیشانە بووە بۆ خەبەردان. ئاوری هەر شاخێک خەبەر بووە بە شاخێکی دیکە، بەوجۆرە هەموو سەرزەمینی ئێمە و میللەتانی دیکە ئاگاداری هەواڵەکان کراون،لەوانە خەبەری ئازادبوون لە دەست زووحاک یان هاتنی نەورۆز.

لە ناو کورد بە گشتی و لە پێوەندی دەگەڵ نەورۆز و ئایینەکانی نەورۆز ئاو و ئاور پڕنرخ و پیرۆزن. ئاورکردنەوە و کوژاندنەوەی بە ئاو دەتوانێ سەرچاوە بێ بۆ گەلێک بیروبۆچوون و ئەفسانە. ژیان لە ناو ئاگر و پەنا بۆ ئاو بردن، رەنگە هێمایەک بێ بۆ ژیانی کورد لە مێژوودا. کورد هەرچەند ژیانی لە ناو ئاوریشدا بوویێت و بە ئاوری دوژمن سوتابێت و ژیانی تێدا چوویێت، دیسانەوە پیرۆزی ئاوری پاراستووە و ئاو و ئاور لە هیچ چیرۆک و رازگێڕانەوەیەکی کوردیدا بێ رێز نەکراون. ئاو و ئاور چەندە ژیانبەخش بن هە ئەوەندەش زیانبەخشن. ژیانی مرۆڤ بێ ئاو وئاور نامەشێ، کە وایە هەر دیاردەیەک دوو لایەنی هەیە و کورد بە پێی ژیان و مێژوو و رابووردو و داب ونەریتی کۆنی خۆی، ئەو دوو لایەنەی لەبەر چاو بووە. ئاوڕدانەوە لە مێژوو و بەسەرهاتەکانی کورد ئەم تێگەیشتنە فەلسەفەی و کۆمەڵایەتییە دەسەلمێنێ کە تەنیا لە ئاو و ئاوردا گردوکۆ ناکرێتەوە. پڕبایخ بوونی ئەو دوو عوونسورە لای زەردەشت و ئەفسانەکانی کۆن، جگە لە سەلماندنی کۆنی ئەم چەشنە تێگەیشتنە، پایبەند بوونی مرۆڤی کورد بە سروشت و راستی ژیان دەگەیێنێ. ئەوەی مرۆڤی کورد بۆ سەرەڕای پاراستنی داب و نەریتەکانی خۆی، لە تێگەیشتن و سروشتی تێگەیشتنی خۆی دوور کەوتۆتەوە و خۆی لە تێگەیشتنی سەرکوتکەرەکانیدا دیتۆتەوە، پرسیارێکی بنەرەتی و گرنگە بۆ خۆناسینەوە، کە خۆی لێنادرێ. کوردی ئەمرۆ ئەگەر قاوغەکەی هی خۆی بێ، ناوەرۆکی ناو قاوغەکەی لە دژی خۆی پێکهاتووە.

ئاور جگە لە ناو ئایینی زەردەشتی و میترایی، لە ڕێگای ئەفسانەکانی مێزۆپۆتامیاوە تێکەڵ تێگەیشتنی خەڵک بووە. لە لای کورد و فارسەکان و نەتەوەکانی 'ئاریایی" ئاگر جگە لە ڕووناکی، پاککەرەوە لە پیسی و چەپەڵی بووە. بۆ وێنە سیاوەش لە ئەفسانەی خوێنی سیاوەشدا بۆ ئەوەی ئیسپاتی پاکی خۆی بکات، دەبوو لە ناو ئاور دەرباز بێ. گەر ئاگر زەفەری پێببردایە نیشانە بوو بۆ ناپاکی، بەڵام سیاوەش بە بێ زیانپێگەیشتن بە ناو ئاگردا دەرباز دەبێ و پاکی و ڕاستگۆیی دەسەلمێندرێ. ئەوەش دەزاندرێ کە ئاگر لە مێژدۆلۆژیای یۆنانییەکاندا کە زۆر لە کورد نزیکن، دەوری هاوچەشنی گێڕاوە .

ئاو شێما و سەنبولێکی دیکەی نەورۆزە، کە دیسان لە ناو کوردەواریدا دەوری هەر ماوە. کوردەکان لە بەرەبەیانی نەورۆزدا کە هێشتا بوومەلێلی بەیانییە، دەچنە سەر چۆم و کانی و جەرەی تازە پڕ لە ئاو دەکەن و دیهێننەوە ماڵ و جەڕەی کۆن لە سەربانی ماڵەوە فڕێ دەدەن و دیشکێنن. دیسان ئاو جگە لەوەی یەکێک لە عونسورەکانی ژیانە، یەکێک لە هێماکانی ئایینی میتراییە و ڕێزی زۆری لێگراوە.

سەوزایی و ڕەنگی سەوز، هەر لە بەر ئەوەی نەورۆز بە پێی ڕۆژژمێری کۆن و نوێ سەرەتای ساڵ و دوبارە ژیانەوەی سروشت و هاتنی بەهارە، هێمایە بۆ ژیان، سەوزە و ڕەنگی سەوز جگە لەوەی پێوەندی بە ئایینی کۆنی زەردەشتی و بنەمای فکری زەردەشتەوە هەیە، پێوەندی بە سروشت و هەروەها خاکەوە هەیە، لێرەوە سێهەمین عونسوری ژیان واتە خاک لە نەورۆزدا ڕەنگ دەداتەوە. بە کورتی ئاگر، ئاو، خاک(سەوزە) وەک سێ هێما و شێمای نەورۆز بە حیساب دێن کە هەموویان لە ئازادی مرۆڤ و سروشتدا ڕەنگ دەداتەوە.ئازادییەیک کە هێشتا هەر ئاواتە.

یەکێکی دیکە لە ڕێ ورەسمە هەرە جوانەکانی نەورۆز میر میرێن یان میری نەورۆزیە. میری نەورۆزی لە گەڵ هاتنی بەهار و یەکەمین ڕۆژی نەورۆز لە لایەن خەڵکی هەر شار و گوند و ناوچەیەکەوە هەڵدەبژێردرێ. ئەو کەسە کە لە نێو هەموو نوکتە زان و قسە خۆشەکانی ناوچەدا، باڵا دەست بێت و بە هیچ شتێک پێکەنینی نەیات، لە کێ بەرکێیەکدا دەبێتە میر. میری نەورۆزی لەو کاتەوە کە هەڵبژێردرا، دەبێ بە میری ناوچەکە و میری میر دەبێ جێگای بۆ چۆڵ بکات. دەستەڵاتی میری نەورۆزی کە دەستەڵاتی خەڵکە، ئەندامەکانی لە لایەن میری نەورۆزییەوە دیاری دەکرێ، ئەو دەستەڵاتە هەتا ڕۆژی سێزدەبەدەر درێژە پەیدا دەکات. لەو ماوەدا هەر بڕیارێک کە لە لایەن میری نەورۆزییەوە دەربکرێ، دەبێ جێ بەجێ بکرێ. خەڵک ئەو دەرفەتە دەقوازنەوە و سکاڵای خۆیان دەبنە لای میری نەورۆزی. کەسانی دەزگای حکومەتی و میر خۆی، گوێ لە سکاڵای خەڵک ڕادەگرن و عادڵانە بڕیار دەدەن. میری نەورۆزی و دەستەڵاتی میری نەورۆزی ڕێ و ڕەسمێکی گەلێک گونجاو بووە بۆ دەستەڵاتی خەڵک لە کۆمەڵگادا.

سێزدەبەدەر دواهەمین ڕۆژی نەورۆزە و لەو ڕۆژەدا نەورۆز بەدرەقە دەکرێ، هەتا هاتنەوی لە ساڵی داهاتوو. لەو ڕۆژەدا خەڵک بە خرێ ماڵ بە جێ دەهێڵن و بەرەو دەشت و سەحرا وسەر شاخەکان دەچن و تەواوی ڕۆژ لە ناو سروشت و تەبیعەتدا دەمێننەوە و بە خۆشی رایدەبوێرن. لە کۆتایی ڕۆژدا هەر کەس ١٣ کوچک (بەرد) هەڵدەگرێ و دانە بە دانە بە لای شانی دەستە چەپ و دەستە ڕاست بۆ پشت سەری خۆی فڕێیان دەدا، هەر کام لەو بەردانە یەکێک لە دەرد و بەڵاکانی ئەو کەسە لە گەڵ خۆی دەبات، بە واتایەکەی دیکە لە ڕێگای فڕێدانی ئەو سێزدە بەردەوە هەموو نەهامەتییەکان لە خۆ دوور دەکرێنەوە. لە لای فارسەکان و لە هێندێک لە

دەوەری کوردستان کچان سەوزە لە یەک گرێ دەدەن و هێندێک کەس لە چاڵی دەنێن بەو هیوایەی لە ساڵی تازەدا، شوو بکەن و بچنە ماڵی هاوسەر. فارس دەڵێین:" سال دگر بچە بغل". ئێوەش لەو ساڵدا ئەگەر ئارەزووی واتان هەیە، ساڵی داهاتوو منداڵ لە باوەش بگەنەوە نەورۆز.

نەورۆزتان پیرۆز

برایم فەرشی

کۆتایی مانگی ڕێبەندان ٢٧٠٩

تازەکردنەوە ڕەشەمەی ٢٧١٢

کۆلن – ئاڵمان

سەرچاوە : ماڵپەڕی / ڕێکەوتی : ٢٠ی مارچی ٢٠١٣

# نەورۆز.. رزگاریی نەتەوە

**نەورۆزتان پیرۆز**

بۆ کورد نەورۆز بۆنەیەکی نەتەوەیی گرنگە، ئەگەرچی نەتەوەکانی تری ناوچەکە ساڵانە بەشداریی ئاهەنگی نەورۆز دەکەن، بەڵام جەژنەکە بۆ کورد واتایەکی نەتەوەییو سیاسیو وجودی گرنگی هەیە، لەکاتێکدا بۆ نەتەوەکانی تر، لەبۆنەیەکی ئاسایی تێناپەڕێت.




مێژووی نەورۆز لە ناوەندە رۆشنبیریو میدیاییو جەماوەرییەکانی کوردو ناوچەکەو جیهان دا، باسوخواسی جیاوازی لەسەرەو لێکۆڵەرەوانو مێژوونووسان یش بەهەمان شێوە کە هەمان بۆچوونی مێژوونوسانە بۆ ناوەندەکانی تر دابەزیوە.

بۆ "کورد" وەک نەتەوەیەکی رۆژهەڵاتی لە باشووری خۆرئاوای کیشوەری ئاسیا، "دەوڵەتی ماد" بەکۆنترین ئاماژە بۆ سەرەتایی دەرکەوتنی جەژنی نەورۆز دادەنرێت، ئەوەش بەوەی ئەو دەوڵەتە بەنزیکترین دەوڵەت دادەنرێت لە مێژووی کۆن دا کە "رەگەزی کورد" تێیدا دەرکەوتبێتو لە دەرکەوتنی ساڵنامەی کوردییەوە نزیک بێت، ئەمەو مێژوونووسی ئەرمەنی "موسا خورناتیس" پێیوابووە "زوحاک"ی ئەفسانەکەی جەژنی نەورۆزی کورد، هەمان "ئەستیاگز"ی دواهەمین پادشای مادەکان بووە، بۆیە لای ئەویش باشتر بووە کە مێژووی جەژنەکە بۆ "دەوڵەتی ماد" بگەڕێتەوە، نەوەک بۆ ئەفسانەیەک.

بەدەریش لەوانە ساڵنامەی کوردی لەژێر هەر دەقو سیاسەتو بارودۆخێک دا دانرابێت، رێچکەی مێژوویی خۆی وەرگرتووەو وەک ساڵنامەیەکی تایبەت بەکورد سەلمێنراوە، تاکە مێژوویەکیش بەو ساڵنامەیەوە بەسترابێتەوە "دامەزراندنی دەوڵەتی ماد" ـە لە سەدەی هەشتەمی پێش زایینەوە، بۆیە گومانی تێدا نییە کە نەورۆز وەک جەژنو بۆنەیەکی نەتەوایەتی بۆ کورد بۆ یادی دامەزراندنی ئەو دەوڵەتە دەگەڕێتەوە.

ئەمەش بووەتەوە هۆی ئەوەی کورد لە سەرتاسەری کوردستان دا نەورۆز وەک یادی دامەزراندنی دەوڵەتی ماد بکەنەوە، نەوەک بیبەستن بە ئەفسانەیەکی هەڵبەستراوی وەک کاوەی ئاسنگەرو زوحاکی ستەمکارەوە.

لەڕووی مێژوویشەوە ناوی زوحاک بەناوی کەسانی جیاواز لای مێژوونووسان هاتووە، لەمبارەوە "ئەبو حەنیفەی دینەوەری"

کەسایەتی زوحاکی بە برازای "شەدید کوڕی عیملاق کوڕی عاد کوڕی ئارم کوڕی سام" داناوە، "ئیبن کەسیر"یش زوحاکی بە برای "فیرعەونی میسر" زانیووەو پێیوابووە، ناوی تەواوی "سفانی کوڕی عەلوان کوڕی عویج کوڕی عیملاق" ـە، لە شانامەی شاکاری "فیردەوس"ی شاعیری گەورەی ئێرانیدا باس لەتاج لەسەرنانی "جەمشید" کراوەو ئاماژەی بەوەداوە، زوحاک وەک پادشایەک بەوە رازی نەبووە، بۆیە نامەیەکی بۆ نووسیووە، بەڵام لەڕاستیدا ئەمە وا نییە، بەڵکو ئەو نامەیە نامەی "ئەردەوانی پێنجەم" ی پادشای "ئەشکانیی" ـە بۆ "ئەردشێری کوڕی بابەکان کوڕی ساسان"ی دامەزرێنەری ئیمپراتۆرییەتی ساسانی.

لەسەرچاوە عەرەبیو ئیسلامییەکانیش دا زاراوەی "زوحاک" لەگەڵ دەرکەوتنی سوپای عەرەبی ئیسلامی دا بۆ ناوچەکانی دەرەوەی نیوە دوورگەی عەرەبیو بەتایبەت بۆ بەری خۆرهەڵات باکووری خۆرهەڵات بەکوردستانیشەوە دەرکەوت، دیارترین ناوەکانیش ئەمانە بوون: "زوحاک کوڕی قەیس کوڕی سەعلەبە"، "زوحاک کوڕی قەیس کوڕی موعاویەی تەمیمی"، "زوحاک کوڕی قەیس"و "زوحاک کوڕی موخەلەد کوڕی موسلیم".

لەبارەی چۆنێتی پەیدابوونی جەژنی نەورۆزەوە، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بەبیرو باوەڕی جیاواز دەکەن، گەلێک رووداوی مێژوویی، چ ئەفسانەیی یان راست دەکەنە سەرەتای پەیدابوونی نەورۆز، ئەمەش وایکردووە کە بابەتی زۆر لەبارەی نەورۆزەوە بنووسرێت، بەتایبەت بەناونیشانی بۆ نموونە "نەورۆز لەنێوان ئەفسانەو مێژوو دا" یەکێکە لەو باسانەی کە لەبارەی نەورۆزەوە دێتە پێشەوە.

بەبڕوای کەسانێک خودا لەو رۆژەدا دنیای بەدیهێناوەو هەندێکی تر دەڵێن: چونکە خودا لەم رۆژەدا ئادەمی خوڵقاندووە، بۆیە ناوی لێنراوە نەورۆز.

گرووپێکی تر پێیانوایە کە جەمشید لەسەرەتاوە ناوی جەم بووەو کاری گەشتوگەڕان بووە کە گەیشتووەتە ئازەربایجان، یا بەپێی وتەیەکی تر بابل، دەستووری داوە کە تەختێک بەزێڕو گەوهەری لەسەر بەرزاییەک بەرەو رۆژهەڵات بۆ دانێنو ئینجا تاجێکی لەسەر داناوەو لەسەر تەختەکە دانیشتووە، کاتێک خۆرهەڵاتووە، یەکەم تیشکەکەی کە لەتەختەکەی جەمی داوە، خەرمانەیەکی گەشاوەو زێڕینی لەدەوری تەختەکە سازکردووە، خەڵک بەبینینی ئەو دیمەنە شاد دەبنو دەڵێن، "ئەمە رۆژێکی نوێیە".

هەر لە زەمانی پەهلەوی دا بەتیشک دەڵێن "شید"و جەمیان کردووە بەجەمشید. ئەو رۆژەی کە جەمشید چووەتە سەر تەخت، رۆژی شەشی خاکە لێوە بووە کە بەنەورۆزی تایبەتی ناوزەدکراوە، یاخود بەواتایەکی تر جەمشید زاناکان کۆدەکاتەوەو لێیان دەپرسێ، چ شتێک دەتوانێت ئەم پاشایەتییە بپارێزێ؟ زاناکان دەڵێن، "بەهانای خەڵکەوە چوونو چاکەکردن بەخەڵک، جەمشید خۆی سازکردو دەستووریدا بەنۆکەرو ژێردەستەکانی کە بەکاروباری هەژارو لێقەوماوان رابگەن، ئەو رۆژەی کە وایکرد، رێکەوتی هەبوو لەگەڵ رۆژی هورمز لە مانگی "خاکە لێوە – ئادار"داو بەدوای ئەوەدا ناوی ئەو رۆژەی کرد بەنەورۆزو تائێستاش هەر بەردەوامە.

لە دەقە ئەفسانەییەکان دا هاتووە کە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٧٦٧ی پێش زایین، "زەردەشت" لەدایکبووە، بۆیە ئەو رۆژەیان بەنەورۆز ناوزەد کردووە، هەروەها بەپێی دەقێکی ئەفسانەیی دیکە، نەورۆز رۆژێکە کە کاوەی ئاسنگەر بەسەر زوحاکی

مێشکخۆردا سەرکەوتو خەڵک بەهەڵکردنی ئاگر ئەو ڕۆژەیان کردە جەژن، واتە ڕۆژی ئاگر دۆزینەوە، یان ئەو ڕۆژەیە کە شەوو ڕۆژ پێکەوە بەرامبەرن.

لە کتێبە ئاسمانییەکان دا هاتووە، خودا دنیای لەشەش ڕۆژدا ئەفراندووەو گەلانی ئێرانی باوەڕیان وابووە کە خودا ئەم کارەی لە ڕۆژی یەکەمی مانگێک دا ئەنجامداوە کە ڕۆحەکان لە ئاسمانەوە گەڕاونەتەوە بۆ سەر زەوی، ئەم مانگە ناوی فرووهەر بووەو لەم مانگەدایە کە خودا ڕۆحی مردووەکان دەگێڕێتەوە ناو کەسوکاریانو ئەو میوانداریەش ١٠ ڕۆژان دەخایەنێت، بۆیە خەڵک لەم ڕۆژانەدا ماڵەکانیان خاوێن دەکەنەوە، جلوبەرگی نوێ لەبەردەکەنو بۆنی خۆش بەهەموو لایەک دا بڵاودەکەنەوەو ماڵەکانیان بەشیناییو گوڵ، دەنگی مۆسیقیو ڕووناکی، خۆش دەکەن.

نەورۆز لەڕوانگەی ئایینەوە، هاتنی ئادەم بۆ سەر زەوی، لەنگەرگرتنی کەشتی حەزرەتی نووح، دوای سێڵاوەکە لە سەرکێوی ئاگری "جوودی" لە باکووری کوردستان، حەزرەتی سلێمان ئەنگووستیلە گومکراوەکەی خۆی دۆزییەوە، هاتنی جوبرائیل بۆ لای پێغەمبەری ئیسلام، گەیشتنی حەزرەتی محەممەد بەپێغەمبەری، حەزرەتی ئیبراهیم دوای شکاندنی بتەکان، مەنجەنیقی بۆ سازکراو بەویستی خودا مەنجەنیق بوو بە گوڵستان.

لەلایەکی ترەوە، عەرەبەکان دەڵێن: کە گوایا دنیاو ئادەم لەم ڕۆژەدا کە شەوو ڕۆژ پێکەوە بەرامبەرە، بەدیهاتوون، بۆیە پێیدەڵێن نەورۆز، واتە ڕۆژی نوێ. بەبڕوایەکی تر، شەش هەزار ساڵ لەمەو پێش "کەیوومەرس" لەگەڵ شای ئەو کاتە لە کێوەکانی ڕەواندز دا دەست بەشەڕ دەکاو ئەو ڕۆژەی کە سەر دەکەوێت، بە لەشکرەکەی دەڵێت: "لەسەر تەواوی کێوە بەرزەکان ئاگر بکەنەوە، تا بەڵکو ئەو کەسانەی کە پەرتەوازەبوون، بگەڕێنەوەو ئەو سەرکەوتنەش دەورووبەری نەورۆز بووە".

لەگەڵ ناوهێنانی باسی ئاگرکردنەوەی کورددا، ئەو باسە دێتە ئاراوە کە کورد پەیوەندی لەگەڵ ئاگرپەرستی دا هەبووە، بۆیە کورد جەخت لەوەدەکاتەوە، کردنەوەی ئاگر ئەوە ناگەیەنێت کە کورد ئاگرپەرەست بوویێتن، بەڵکو لەناو دینی زەردەشتدا ئاگر شتێکی پیرۆزە.

زۆربەی زۆری مێژوونوسانو شارەزایانی مێژوو باوەڕیانوایە، کە جەژنی نەورۆزو ئەو جەژنانەی کە پەیوەندیان بەنەورۆزەوە هەیە ١٠٠% جەژنی نەتەوەی ئێرانن، هەندێک لەسەر ئەو ڕایەن کە چوار شەممە سووریی جەژنێکە کە پەیوەندی بەزەردەشتیەکانەوە هەیە، چونکە ئاگری تێدایەو بەپێی ڕای هەندێک لە مێژوونوسان، ئەم جەژنە نەک تەنها جەژنی ئێرانیەکانە، بەڵکو بووە بەجەژنی میللەتانی هیندۆ ئەوروپیەکان کە ٣٠٠٠ ساڵ لەمەو پێش بەرەو ئێران کۆچیان کردووە، هەندێک لە مێژوونوسان پێیانوایە کە نەتەوەکانی "عیلامی، کاسی، گۆتی و ..هتد" ئەم جەژنەیان یادکردووەتەوە.

تاکە سەرچاوە کە ماوەتەوەو لەبەردەستایە بۆ شارەزابوون لە ئایینو باوەڕی میللەتانی هندۆ ئێرانیو دواتر ئێرانی، بەپلەی یەکەم ئاڤێستایە، بەپلەی دووەم باوەڕی نەتەوەکانی هندۆ ئارياييو میللەتانی ئێرانی باستانە.

باوەڕی میللەتانی تر وەک: سکاکەکان، نورسیەکانو ئەو خەڵکانەی کە بەزمانی ئێرانی قسەیان دەکردووەو خەڵکی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارو لەناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستو کێوەکانی "پامیر" دەژیان، دەتوانرێت بەڵگەیەکی باش بن بۆ دۆزینەوەی ئاینو مەراسیمو جەژنەکانی ئەو خەڵکانە.

لە ئاڤێستا دا بەتایبەت لەگاتەکانو یەسناکان دا کە کۆنترین بەشەکانی ئاڤێستان، هیچ ئاماژەیەکو ناوێک دەربارەی نەورۆزو جەژنەکانی وابەستە بەنەورۆزەوە نەهاتووە.

جەژنو مەراسیمەکانی ناو ئاڤێستا تەنها لەشێوازی پەرستنی "ئامشاسپەندان" ی جیاوازە بۆ ستایش لە "میترا" و "ئاناهیتا" و "ورنا" و "(هوم" و ئامشاسپەندەکانی ترن کە لەجەژنەکانو مەراسیمەکانی وابەستە بەوان دەبێت بخوێنرێنەوە.

هەردوو وشەی "جەژن" و "یەسنا" یەک ڕیشەیان هەیە وە یەک واتایان هەیە.

لەئەنجامدا ئەوەمان بۆ ڕووندەبێتەوە کە لە ئاڤێستا دا هیچ شتێک لەبارەی نەورۆزو چوارشەممە سووریی‌و سیانزە بەدەرو تەنانەت سدەش نەهاتووە.

تەنها ناوێک کە لە ئاڤێستا دا دەربارەی نەورۆز هاتبێت، لەفەرگەردی دووەم "ویدیودات" دا هاتووە لەباسی ژیانی "ییم" یان "جەمشید" باسی ئەوە دەکات کەوا جەمشید جەژنێکی کردووەو هەموو ساڵێک یادیکردووەتەوە بەناوی نەورۆز "ئەم ڕیوایەتەش شاهنامەی فردەوسی" دا باسکراوە.

بەڵام "ویدیودات" لەبەشەکانی کۆتایی ئاڤێستایە کە بەپێی بەڵگەنامە مێژوویەکان وە لێکۆڵەرەوانی مێژوویی پێیانوایە کە لە سەردەمی ساسانیەکان دا نوسرابێتەوەو وەیان بەتەواوی دەستکاری کراوەو دووبارە نووسراوەتەوەو زۆربەی باوەڕو لێکدانەوەی ساسانیەکان دەربارەی زەردەشت لەم بەشەی ئاوێستا دا نوسراوەتەوە.

لە کتێبەکانی ڕیگو ویداش دا هیچ باسێک لە نەورۆز نەکراوە، جەژنی نەورۆزو سەری ساڵی تازە لای زەردەشتیەکان هیچ بایەخێکی پێنەدراوە.

لە باوەڕی میللەتانی نورستان، ئەفغانستان تا پێش موسوڵمان بوونیانو پەرستنی خودایانی کۆنی هیندۆ ئێرانییان دەکرد، هیچ شوێنەوارێک دەربارەی نەورۆز نەهاتووە لە مێژوویان دا، هەرچەندە مەراسیمە کۆنەکانی ئەو نەتەوانە وەک خۆیان ماونەتەوەو بەردەوام یاددەکرێنەوە.

لەلایەکی ترەوە، ئەگەر سەیری شێوەی ژیانی نەتەوەکانی قەومەکانی هندۆ ئێرانیو بەراوردکردنیان بەژیانی نەتەوەکانی ئێرانو نێوان دوو ڕووبار بکرێت، دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە جەژنی نەورۆز لە کوێوە لەکەیەوە دەستپێکردووە.

بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی نەتەوەکانی هیندۆ ئێرانی لە ڕێگەی ئاژەڵداریی‌و پەروەردەکردنی ئەسپ دەژیان، ژیانی ئەوان لەسەر پایەو بنەمای کۆچەری بوو، واتا لە شوێنێکی تایبەت دا جێگیرو نیشتەجێ نەبوون، هەرچی خەڵکی ناو وڵاتی ئێران وەک

عیلامیەکـان، کاسیەکان، گوتیەکـان، ئۆرارتۆکـان، میتانیەکـانو تـا ئەنـدازەیەک دانیشـتوانی نێـوان دوو ڕووبـار وابەسـتە بـوون بەکشتوکاڵەوەو کۆچەری نەبوون، بەمانای ئەوەی ڕواندنو بەرهەمهێنانو کۆکردنەوەی بەروبومی گەنم کاری سەرەکی ئەو خەڵکە بوو.

کاتەکانی ئەنجامدانی هەریەک لەو کـارانەش مەراسیمی تـایبەتی خۆیـان هەبـوو، هەروەک دەبینین سـاڵنامەکانی ئەستێرەناسی لەسەر بنەمای بەرهەمی وەرزەکان دادەڕێژرا.

"نەورۆز" بەواتـای ڕۆژی نـوێ دێت کە بەیەکەم ڕۆژی سـەری سـاڵ دێتە ئەژمـارو لە کوردسـتانو گەلێک وڵاتـی تـردا بەجەژنێکی نەتەوەیی ناسراوەو هەڵگری دابونەریتێکی کۆنی بەهاری تایبەت بەخۆیەتی.

خەڵکی کـورد بەگشـتی، یەکەم ڕۆژی مـانگی خـاکەلێوە ٢١ی ئـادار یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهـار بەنەورۆز دەناسنو وشـەی نەورۆز لە مێشکی هەر تاکێک دا بەر لە هەموو مانایەک، وەبیرهێنەرەوەی بەهارو جەژنو سەوزاییو خۆشییە.

بەر لە هاتنی بەهارو جەژنی نەورۆز، نەتەوەکانی کورد، فارسو چەند نەتەوەیەکیتر لە وڵاتەکانی کوردستان، ئێران، عیـراق، سوریا، تورکیـا، ئەفغانسـتان، تـاجیکسـتان، ئەرمەنسـتانو هەروەهـا لە سـەرجەم ئەم وڵاتـانەی کە کـوردو نەتەوەکـانی ئـاوارەی ئەم وڵاتانەیـان لێـدەژین، خۆیـان بـۆ بەڕێـوەبردنی ڕێورەسـمەکانی نەورۆز ئـامـادە دەکەنو هەر نەتەوەوەیەک لەم ڕۆژەدا بەپێـی ئەو دابونەریتانەی کە پشتبەپشت وەریگرتووە یان خۆی پێیەوە زیادکردووە، ئاهەنگی بۆ دەگێڕێتو پیرۆزی دەکات.

لەڕاستیدا لەسەر چۆنییەتی هـاتنە ئـاراو سەرهەڵدانی نەورۆز، زانیـاریی متمانە پێکراو زۆر کەمنو بەتـایبەتی لەسەر مێژووی سەرەتایی ئەم جەژنە، بیروبۆچوونی زۆر جیاوازو لێک دوور هەیە، کە لێکۆڵینەوەکان دەریدەخەن کە هەر نەتەوەو پاشاو دەوڵەتێکی دەوروبەری کوردستانو بەتایبەتی پاشاکانی ئێرانی، بەو پێیە کە زانیویانە ئەم جەژنە وەک کولتوورێک لەناو دڵی کۆمەڵگەکان دا جێگیربـووە، ویسـتوویانە شتێک لەم ڕۆژە بۆخۆیـان هەڵکـرێننو خۆیـانی بەشێوەیەک لەشێوەکان پێوەبلکێننو ئەفسـانەیەک لەسـەر گەورەییو بەناوبانگیو سەرچاوەگرتنی باپیرانو تیرەی خۆیانی لە قووڵایی مێژوودا بۆ بدۆزنەوە.

بەشێک لە مێژووناسـان لەسـەر ئەو بـاوەڕەن کە گـۆڕانی وەرزو ئـاووهەوا لەنـاو مرۆڤو نەتەوەکـانی چاخە سـەرەتاکان یـان بەر لەمێـژووی نەتەوەکـانی سـەقامگیربوو لە کوردسـتانو دەوروبەری کە لەم ناوەشـدا زۆرتـر نـاوی بابـل دەهێنـدرێت، بـۆتە سـەرچاوەی پەیدابوونی نەورۆز.

بەشێکیتریان زۆرتر مەڕدارو ئاژەڵدارییو وەرزێر یـان جوتیـاربوونی گەلانی دەوروبەرو بەتـایبەتیی خەڵکانی نێوان ڕووبارەکـانی دیجلەو فەرات "فـورات" وەک ئیلامی یـان عیلامی ، کـاسی، گـوتی، ئورارتـۆ، میتـانی و نەتەوەکـانیتری ئەم نـاوچەیە "بەر لەهـاتنی ئارایییەکان" بە سەرچاوەی نەورۆز دەزاننو لەڕاستییدا ئارایییەکان بەمیراتگری ئەم نەریتە دەزانن. بەشێکیش لە لێکۆڵەرەکان خودی ئارایییەکان بەدامەزرێنەری نەورۆز دەژمێرنو تەنانەت چەند نەتەوەیەکیش لەم نەتەوانەی ناویان براوە، بەئارایی دەزانن.

هەنـدێک لە لێکۆڵەرەکـان ڕایگەشـتیی دووپاتـدەکەنەوەو دەڵـێن نەورۆز ڕۆژێـکە کە لەم ڕۆژەدا کـاوەی ئاسـنگەر کە مرۆڤێکـی ئازادیخوازو لایەنگری چینی هەژار بووە، "کوردەکان بەکوردی دەزانن‌و هەندێ لەڕۆشنبیرانی کوردیش گومانییان لەڕاستبوونی ئەم بۆچوونە هەیە" لە زوحاکی خوێنخۆرو زۆردار ڕاپەڕیوەو بەسەر زوحاک دا سەرکەوتووەو کۆتایی بەدەسەلاتی زۆرداریی هێناوەو لەئەنجامدا خەڵک ئەم ڕۆژەیان کردووە بەجەژن‌و ناویان ناوە نەورۆز واتا ڕۆژێک یان سەرەتایەکی نوێ. لە هەمانکات دا بەشێک لە مێژوونووسان ئەو شتە ڕەتدەکەنەوە وێڕای بەئەفسانە زانینی زوحاک مارەکانی سەرشانیی، نەورۆز زۆر بەکۆنتر لەم ئەفسانەیە دەزانن.

هەندێکی تر بەجەژنێکی مەزهەبی بەر لە زەردەشتییەکان‌و ئارییەکانی دەزانن‌و لایانوایە کە زەردەشتییەکان میراتگری ئەم نەریتەن لە کەسانی بەر لەخۆیان. بەلام بە ڕای کەسانێکی تر بەهۆی گرنگی ئاگر لەئاییینی زەردەشتی دا، ئەوان بەجەژنێکی ئاییینی زەردەشتی دەزانن‌و لایانوایە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەم جەژنە زۆر لە هی ئەمڕۆ جیاواز بووەو هەتا گەیشتووەتە ئەم سەردەمەی ئێمە، بەمشێوەیەی کە هەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

بەپێچەوانەی ئەوانەش کەسانێکیش هەن کە دەڵێن نەورۆز دەگەڕێتەوە سەر مێژووی شاهەنشاکانی کۆنی ئێرانی‌و بۆ وێنە دەڵێن کە جەمشید شا کە یەکێک لەپاشاکانی دەورەی پێشدادییەکان بووە، لەم ڕۆژەدا بووە بەپاشاو ڕێوڕەسمی تاج لەسەرنانی بەڕێوەبردووەو ناوی ئەم ڕۆژەی ناوە نەورۆز.

لەهەمان کاتدا هەندێک لە لایەنگرانی سەڵتەنەت دەڵێن کە جەمشید پاشا لەم ڕۆژەدا ئاگری کردووەتەوەو پێشکەشی خەڵکی کردووە.

بەپێچەوانەشەوە کەسانێک هەن کە ئەم باوەڕانە ڕەتدەکەنەوەو دەڵێن کە جەمشید شا تەنیا ویستوویەتی لەم ڕۆژەو بۆنەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەڵک وەرگرێت‌و پڕوپاگەندەی پێوەکردووەو خەڵکی پێ خەڵەتاندووە تا خەڵک پەیمانی وەفاداری لەگەڵ ببەستن. کەسانێکیش هەن کە هەمووی ئەم شتانە لەسەر جەمشید پاشا ڕەتدەکەنەوەو تەنانەت لەم بارەیەوە دەڵێن کە ژیانی ئەم پاشایە لە ئەفسانە بەدەر نییەو بەسەرهاتەکانی زۆر خەیاڵین‌و سەردەمە ئەفسانەییەکەشی کە بۆی هەڵبەستراوە، بۆ بەر لە چاخی مێژوو.

مامۆستاو شاعیری کورد، هێمنی موکریانییش لەسەر ئەو باوەڕەبوو کە هاتنە ئارای نەورۆز پێوەندی بەئابوورییەوە هەبووە. مامۆستا هێمن لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگزدا دەڵێت: ئەو گەلانەی کە "چەند هەزارساڵ بەر لە ئێستا" لە قەفقازەوە سەرەو ژێر بوونەوەو هەریەکەو بۆ لایەک ڕۆیشتن، هەموویان شوانە وێڵەو مەڕدار بوون‌و ژیانیان بەپێستەو گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێن شیرین‌و بەستەزمانە کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە دابینکردووە، خۆراکیان لە شیرو پۆشاکیان لە خوری ئەم ئاژەڵە بووە. جا بۆیە خۆشیانویستووەو گەرمێن‌و کوێستانیان لەگەڵ کردووەو بەدوای هەوارو لەوەڕگەدا وێڵ بوون‌و گەڕاون‌و ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێیگەڕێ، کورد هەر کەیفی لە شوانەتییەو ولاتەکەشی بۆ ئاژەڵداریی دەناڵێ.

مامۆستا هێمن لە درێژەی باسەکەدا دەڵێت: مەڕ بە ٥ مانگ دەزێتو پێشینینان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی دێتەبەرو مەترسیی بەرخستنی کەمدەبێتەوە. جەژنی سەدە، کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن، پەوەندی لەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییزو سێ مانگ زستان دەکاتە ٥ مانگو لەشەوی یەکەمی بەهاردا زەنگی مەڕ دێتو جەژنی هەرە گەورەی مەڕدارە. هەروەها بەرخ تێر شیردەبێتو پاش ١٣ ڕۆژ دەبێت لە کۆز دەربکرێتو بەزاوەماک بۆ لەوەڕ ببرێت. ئەوەش سێزدە بەدەرەکەمانە.

## نەورۆز چییەو چ گرنگییەکی بۆ کورد هەیە؟

هەروەک لە سەرەتای باسەکەدا هاتبوو، بیروڕاکان لەسەر نەورۆزو چۆنییەتیو هۆکاری هاتنە ئارای ئەم ڕۆژە لەلایەک زۆرنو لەلایەکیتریش زۆر لێک دوورن.

دیارە جگە لەوانەی کە باسیان لێکراوە، بۆچوونیتریش لەمەڕ نەورۆز هەن کە زۆر شایانی باسکردن نیینو لێرەدا پاش بیستنی ئەم بۆچوونە جیاوازانە کە بەشێکی زۆریان جێی تێڕامانن، پێویستە کامە بۆچوون قەبووڵ بکەینو ئەگەر یەکێک لێمان بپرسێ نەورۆز چییە دەبێ لە وەڵامدا ئەماژە بەکام بۆچوون بکەین؟ دیارە لەوانەیە ڕەتکردنەوەی هەندێک لەبۆچوونەکان، بۆ وێنەی ئەوەی لەسەر پاشاکان وتراوە زۆر سەخت نەبێت، بەڵام بەگشتیی بەڕاست زانینی یەکێک لە بۆچوونەکانیش بۆ وەڵامی ئەم پرسیارە زۆر ئاسان نییەو پێویستی بەلێکۆڵینەوەیەکی پسپۆڕانەی زۆر زیاتر لەوەیە تا ئێستا کراوەو هەیە.

لێرەدا گرینگ ئەوەیە کە بزانرێت گرنگیی نەورۆز بۆ ئێمەی کورد لەچیدایە، گرنگی نەورۆز بۆ ئێمە زۆرتر لەبەکارهێنانی نەورۆز دایە وەک بۆنەیەکی جەماوەریی بۆ ڕێکخستنی گەڵ چ لەشێوەی سەرهەڵدانو چ لەشێوەی هێنانەگۆڕی دیموکراتییانەی باسی مافی یەکسان لەگەڵ دەوروبەری خۆماندا، کەوابوو نەورۆز بۆ ئێمە بەڕاستی گرنگە، نەورۆز بریتییە لە هاتنەگۆڕی باسی ژیانو ژین لە تیۆریی داو خستنەجۆشو وەبیرهێنانەوەی مافی ژیانی یەکسانو سەلماندنو پێشاندانی هەبوونە لە پراکتیک دا.

سەرەڕای هەموو بۆچوونە جیاوازەکان لەبارەی نەورۆزەوە، ئەوەی لە هەموو شتێک بۆ کورد ڕوونترەو گرنگترە، ئەوەیە کە ڕۆژی نەورۆز لەلای خەڵکی ئێمە ڕۆژێکی خۆشو خۆشەویستەو ئەم گەلەش کە هەموو ڕۆژێکی خۆشی لێ وەرگیراوەو تەنها بەشی لەژیان، ژێرچەپۆکەیی‌و بێمافیو چەوسانەوە بووە، لەم ڕۆژەدا بەگشتیی دڵشادنو بەهۆی هاتنەوەی بەهارو سەوزاییو زاڵبوونی هەتاوو تیین بەسەر سەرماو سۆڵە دا، دڵیان شادە.

گەلی کورد لە چوار پارچەی کوردستانو لە هەر شوێنێکی جیهان دا بن، ساڵانە لە ٢٠ی ئاداردا ئاگری نەورۆز دەکەنەوەو نەورۆز وەکو بۆنەیەکی نەتەوەیی بەرز دەنرخێنن.

## نەورۆز لە شیعری شاعرانی کورد:

**پیرەمێرد:**

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشیو بە هاتەوە

**نالی:**

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ

**مەولەوی:**

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن

**وەفایی:**

نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هینا
موریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا
نەوید ئەی عاشقانی دڵفگار یار هاتە سەر خەندە
سەڵا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا

**حاجی قادری کۆیی:**

ڕۆژتە ئەی بایی نەورۆزی لەبن بەفری گران
کانی پێی سڕ بوو چناریش دەستی چوو پەنجەی تەزی
سونبولی زوڵفو گوڵی روخسارو سەروی قامەتی
مانگی نیسانو گوڵان نەیدی لە نێو باخی وزەوی

**حەمدیی ساحێبقران:**

نەورۆزە، جەژنە بۆیە چراغانی عالەمە
یا ئاگرە لە عومری شێتا کوژایەوە
عەرعەر لە لەنجەدایە، لە ڕەقسایە سەروەکان
بەرگی چەمەن لە ڕەنگی زومڕەد کرایەوە

حەریق:

ئەڵێن وا جەژنی نەورۆزە دڵم پڕ ئاتەشو سۆزە
وەرە بۆ جەژنە پیرۆزە بدەم ڕۆحم لەبەر ماوم
وەرە سەر چاوەیی چاوم، دەڵێی دەریای عەممانە
تەماشای ئەشکی گوڵنارم لە سایەی چاوی خوێناوم

قانع:

هەوای شنەی بای نەسیم دیارە
مەعلوومە وادەی گوڵو گوڵزارە

مامۆستا حەقیقی:

مزگێنی بێ هات ساڵی نوێ
خۆشی دوای خۆشی جوێ بە جوێ
بلێن بەخت چیدی نەنوێ
ئەستێرەی مەش سەری ناسوێ
وە بیرت دێ چمان دی دوێ
زوو ڕاپەڕن مەبن شلوێ
ئەوا هات پەیکی ئازادی
بە ڕووخۆشیو کەیفو شادی
کۆشێ گوڵی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە

گۆران:

ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ
ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ

دڵدار:

گوڵی سوور ئەی کچی نەورۆز ئەرێ کام دەس لەباغی ژین
لەبۆ یەک دەفعە بۆن کردن بەناکامی ئەتۆی هێنا

هێدی:

جێژنی کۆنو ساڵی تازەی کوردەواری هاتەوە
هاتەوە ئاگری خەباتی ئەو گەلە خۆش کاتەوە
هاتەوە جوانتر لە جاران جێژنی کاوەی قارەمان
شوێنەواری میدیا باپیرە گەورەی کوردەکان

سەید کامیل ئیمامی "ئاوات":

هەی هەی چ بەهارێکە وەک جەننەتی مەئوایە
وەک بولبولی زار عاشق ئاو بردەیی سەحرایە

هەژار:

مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری
وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری

عبدوڵلا پەشێو:

ئەمساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم

بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم
نەورۆز ناکەم بێ بڵێسەی سووری ئاگر
نەورۆز ناکەم گەر ڕەشبەڵەک تۆز نەکاتو بەخۆم نەبمە سەرچۆپیگر

**شێخ نافیع مەزهەر "شپرزە":**

شەماڵ لە لووتکەی کێوی نەکەرۆز
هێنایە سەقز پەیامی نەورۆز
وتی ئەم جەژنەی کاوەو فەرەیدوون
لە کوردانی پاک پیرۆز بێ پیرۆز

**ڕەحیم لوقمانی:**

ڕۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە
ئەڵێ ئەمساڵیش نەورۆز هاتەوە..
کەوی دڵداری ئازادیو جوانی
دەروونی کەیلی سۆزی گۆرانی
بەری حەسرەتی دڵ ئەکاتەوە
بانگی پەڕاوپەڕ دەنگ ئەداتەوە
لە سەر قەندیلو شاهۆو نەکەرۆز
ئەڵێ: گەلی کورد نەورۆزتان پیرۆز

**مەلا کەریمی زاری:**

سەبا هەستە لە خەو نەورۆز واهات
بڵێ با لەشکری زستان بڕوات
بەسە جەورو جەفای بەهمەنو دەی
لە دڵ سەبرو لە تەن خۆ گیان دەرهات
بە سەرمانا کرێوەی بەفر تاکەی
بداتو دابپۆشێ شارو دێهات
هەتا کەی تەم بەری خورشێد بگرێ

لە رووناکی بەری بن هەردو باغات..

لە بەندیخانەکەی دەردێ گوڵاڵە؟

ئیلاهی تا بولبول بگات بە ئاوات

بە ئاوی شەونمت پێویستە سەوزە

سەرو زڵفو دەمو چاوێک بشوات

سەبا بێ دێرە نازانی کە "زاری"

لە جەوری بەهمەنو دەی چی بە سەر هات؟

دەروێش فەهیمی:

دوێنێ شاخ سەری هەڵبڕی:

ئەمڕۆ سینگی گوڵلەم دڕی

لەشم کێڵگەی ئەرغەوانە

دێتە دەرێ نەورۆزانە

موحەممەد ساڵەح سووزەنی:

بەهارە، جێژنە، رۆژی پێکەنینە

بەهار گۆوەندی ئاسمانو زەمینە

ئەوا جێژنی سەری ساڵو سروشتە

زەماوەندی گوڵانە، هەڵپەڕینە

وەرە ئەی دڵبەرم خۆت دامەشارە

کە ئەمرۆ رۆژی دڵداریو ئەوینە..

سەعید نەجاری "ئاسۆ":

بووکی بەهار رازایەوە سروشت پڕ پڕ لە جوانیە

دەنگی شەتاو جریوەی مەل بەسۆزترین گۆرانیە

لە گڤەی باڵی تەیری مەست مەلی خەیاڵ رادەچڵەکێ

لە هەرچی دەروانی جوانە چی دیمەنە نەهەر یەکێ

ئەمین گەردیگلانی:

بە زەبری مشتی تیشکی خۆر شکا پشتی رنوو ئەمرۆ
شنەی با دایڕنی کفنی سڕی داران بەفوو ئەمرۆ
چلوورە و بەستەڵەک پاکی بەجارێ تەفرو توونا بوون
عەتر دەڕژێ لە ئاسمانو نەما باوی کولوو ئەمرۆ

مەلا عومەر ساڵحی ساحێب "کۆلیل":

بەهارێکم گوڵی شێن هەردەکەم شین
لە "حەوسین"م نراوە ناوی حەو شین
شەڵو شێتو شەقو شڕ، شێعرو شیوەن
شەوی تاریکی یەلدای بێ گڕو تین

مەلا غەفوور کەسنەزانی:

سەری ساڵەو سەحەر بۆنی عەنبەری
ئەپڕژێنێ لە حەیفی زمهەریری
دەبا بولبول بکا شاباش لە بۆ گوڵ
کە بووکی ئارەزووی هاتن بەپیری

ژیلا حسەینی:

وا نەورۆز دێ و شاخ، دارستان دائەسپارێ
کانیو رووبار وەک ساڵی پار
گوڵاڵەکان بکەن بە ئەڵقەو ملوانک بۆ مل کۆسار
زۆر بەپڕتاو نامەی دڵداری ئەنێرێ بۆلای هەتاو
دەستی بەسەرخاکدا دێنێ
بە هێمنی ئەیدوێنێ

**مەلا رەحمان ئاوارە:**

یادگاری چەکوشی کاوەیە نەورۆز
قەڵای زوحاکی کرد بە تەپو تۆز
ئاوری تۆڵەیە، بۆکوردەواری
لە رەشو رووتی کودستان پیرۆز

**حەسەن ئەمینی:**

دژ کردەوە
بە بەژنی بەرزی تابلۆیەک
رەنگێ هەرە رەشیان بڕی
بێ سێو دوو
شەوی نەخشاند
رەنگی سووریان لە سەرپڕژان
سوور یادێ بوو لە شەهیدان
رەنگی سەوزیان لە سەرۆ کرد
سەرهەڵدان بوو و بووژانەوە
رقیان هەستاو چوون بۆ سپی
وتی حاشا
شەڕو ئاشتی..
چارە ملی
ئاگریان دا
بەرزو پیرۆز
تابلۆیەتر بوو بە نەورۆز.

سەرچاوە : ماڵپەڕی PUKmedia / ڕێکەوتی : ١٩ی مارچی ٢٠١٣

# نەورۆز و گەڕانەوە بۆ پەیوەندییە کۆمەڵایەتیەکانی خێزان

سەلوان مەحمود



هەموو ساڵێک ڕۆژی ٢١ مارت ڕێکەوتی یەکەم ڕۆژی ساڵی کوردییە، یەکەم ڕۆژی بەهارە، وەرزی نەمانی سەرماو سۆڵە، وەرزی بووژانەوەو ژیانەوەو نوێبوونەوەو سەوزبوونەوەیە، بە جێهێشتنی شەختەو سەرماو سەهۆڵ بەندان و وەیشومەکان، فڕێدانی تارای زیوینی لوتکەی چیاکان و هاتنی نەورۆزی سەر بە بڵێسەی مەشخەڵان و بەرۆک ڕازاوە بە گوڵە نێرگزەکانی پڕ لە بۆ لە جەستەی بووکی بەهاری ڕازاوەدا گەشبینی و گەشانەوە دەبەخشێتەوە، تەمەکان دەڕەوێنێتەوە، جوانییەکان وەدەر دەخاتەوە،باڵندە ئازادەکان خۆشترین ئاواز دەچڕن، کوردستانیانی ئاری نەژادیش لەگەڵ ئاگرکردنەوەدا لەناو شار و لەسەر چیاکاندا بە پیر کیژە بووکی نەورۆزەوە دەچن و ئاهەنگی ئازادی و سەرفرازی و لێبوردەیی و خۆشەویستی دەگێڕن. ئەم بەزم و شادییەی نەورۆز کە سەرتۆپی جەژنە نەتەوەییەکان و کەلتوریەکانمانە مژدەی بەجێهێشتنی زاڵبوونە بەسەر زوڵم و ژێردەستیی و ستەی و کپ کردندا، دەنگی پڕ هێمای سروشتی وڵاتێکە، بڵند بە چیا، سەوز بە درەخت و دارستان، ڕەنگین بە گوڵزار و فێنک بە شەماڵە هەناسەییەکانی چەم و کانیاوە پڕ مۆسیقاکانی بنار و پێدەشتەکان، نەورۆز هێما پیرۆزەکەی یادەوەریی سەرکەوتنی چەوساوەیە بەسەر چەوسێنەردا، هەق بەسەر ناهەقدا، شادی بەسەر خەم و پەژارەکاندا.

ساڵانە خێزانەکان کە لەگەڵ کەسوکارەکانیاندا سەردانی شوێنە گەشتیاریەکان دەکەن، بۆ جارێکیتر پەیوەندی کۆمەڵایەتی لەنێوان خێزانەکاندا سەرلەنوێ دەچێتەوە قۆناغێکی نوێوە و خۆشی و پێکەوەبوون دەخاتە نێو تاکەکانی خێزانەوە.

نەورۆز ئەم جەژنە نەتەوایەتییەی، بە درێژایی مێژوویەکی پڕ خەبات و قوربانیدان بەرز و پیرۆز لای نەتەوەی کورد ڕاگیراوە و زۆر لە ترس و هەڕەشەکانی داگیرکەرانی کوردستان بەهێزتر سەرکەشی لە پێناودا کراوە و هەمیشە وەک سومبلی مانەوەو تێکۆشان پارێزگاری لێکراوە و قەدەغەکاریەکان شتێکیان لە خۆشەویستی و بەپیرەوە چوون و دەست لەملکردنی کەم نەکردۆتەوە، لەو ڕۆژە پیرۆزەدا چەند یاساوڵەکان چاوتیژ بوونایە، چەندە قامچی و پەتی سێدارەکان ئەستوور و بێ بەزەیی بوونایە، سەد هێندە گەردنی کوردایەتی ئەستوور تر و مەچەکی هەڵکردنی مەشخەڵی نەورۆز بەهێزتر دەبوو،لە ڕۆژە سەختەکاندا بە نهێنی بڵێسەو کڵپەی ئاگری نەورۆز لەنێو شار و سەر گرد و چیاکانەوە دەکرانەوە، بەڵام بە ئاشکرا دەدرەوشانەوە، ئەم یادە بەرز و پڕ شکۆ ڕادەگیراو دوژمنانیش بێ هیوا لەوەی هیچ هێزو ستەمکارێک نییە و ناتوانێت دەرگا لەسەر مێژووی کەلتوور و داب و نەریتی نەتەوەیەک دابخات و لەو ڕیەوە نەژاد و یادەوەرییەکانی لە مێشک و دڵ و دەروونی ڕۆڵەکانیدا بسڕێتەوە.

ئەم یادە پیرۆزە، ئەم جەژنە پڕ بەهاو مانایە، وەک پێناسەیەکی کەلتوور و مێژووی کورد بە تەنیا لە کوردستاندا یاد

ناکرێتەوە، بەڵکو وەک بەشێک لە دیرۆکی ژیانی هەر تاکێکی کورد، لە هەر جێ و وڵاتێکی دیکە ژیان بەسەر ببات، لەگەڵ خۆیدا دەبیات و مەراسیمی پیرۆزکردنی یەکەم رۆژی بەهار و بە کردنەوەی ئاگری نەورۆز و ئاهەنگێڕان جێبەجێ دەکات.

ئەوەتا لە تەواوی وڵاتانی دەرەوەی کوردستاندا، کوردستانییان لە رێی میدیاو کۆمەڵەو رێکخراوە پیشەیی و جەماوەرییەکانەوە، دەیان ئاهەنگی گۆرانی و مۆسیقا و سەیران و هەڵپەرکێ رێکدەخەن و ساز دەکەن و لە هەندێ شوێندا ئاگری نەورۆزیش دەکەنەوە و لای میللەتانی تر دەیکەنە پێناسەی میللەتێک کە هەمیشە بڕوای بە نوێبوونەوە و بووژانەوە و پێشکەوتن و ئازادی و سەرکەوتن هەبوە.

نەورۆزی ئەمساڵ، نەورۆزی دوای پرۆسەی هەڵبژاردنی ئەنجومەنی نوێنەرانی عیراقە،نەورۆزی چەسپاندنی زیاتری مافەکانی کوردە،نەورۆزی تۆڵەکردنەوەی یاساییە لە سەرانی زوڵمکار دژ بەمرۆڤایەتی، نەورۆزی گەڕانەوەی ناوچە دابڕاوەکانە بۆ سەر خاکی نیشتمان، نەورۆزی گەڕانەوەی رۆڵە قارمانەکانیەتی بۆ باوەشی دایک، نەورۆزی سەرکەوتنەکانی لیستی هاوپەیمانی کوردستانە.

ئەمرۆش نەتەوەی کورد وەک هەر میللەتێکی ئاری نەژادی تر بە دڵخۆشییەوە دەڕوانێتە بە فەرمی ناساندنی نەورۆز لە یەکەم رۆژی بەهاردا وەک جەژنێکی جیهانی لەلایەن رێکخراوی زانستی و کەلتوری نەتەوە یەکگرتووەکانەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی رێگای کوردستان / رێکەوتی : ٣١ی مارچی ٢٠١٢

# فیردەوسی لەنێوان مێژوونووسین و شێواندندا!

عومەر ئیسماعیل مارف

بەدرێژایی مێژوو، کوردستان لەژێر دەسەڵات و هێزی داگیرکەرەکاندا بووە، لەهەمانکاتیشدا بەهۆی دەوڵەمەندی خاکەکەیی و گرنگی ناوچەکە، شوێن و گۆڕەپانی ململانێ و یەکلایی کردنەوەی شەڕو پەلاماری لەشکری فەرمانڕەواکان بووە. بەوهۆیەوە رۆژ بەڕۆژ وڵاتەکە بەرەو کاول بوون و وێرانکردنی زیاتر بوەتەوەو سەروەت و سامانەکەشی بەتاڵان براوە. لەبەرئەوە کورد هیچ کاتێک نەیتوانیووە، رووداو و بەسەرهاتە مێژووییەکانی وەک خۆی بنووسێتەوە. هەربۆیە مێژووەکەمان لەلایەن خەڵکانی بێگانەو ناحەزان و دوژمنانی کوردەوە نووسراوەتەوە. ئەوانیش بەئارەزووی خۆیان و دوور لەهەموو بنەمایەکی زانستی و راستگۆیی، بەدڵی ئاغاکانیان، مێژووەکەیان نووسیووەتەوەو زیادو کەمیان تیاداکردوە. کوردیان بەڕەگەزێک لەعەرەب یان فارس داناوە، یاخود بەنەوەی جن و ئەژدیها ناساندویانین. لەوبارەیەوە دیارترین مێژوونووسی داخ لەدڵ بەرامبەر بەمێژووی کورد، (حەسەن کوڕی عەلی توسی)ناسراو بە(ئەبولقاسم فیردەوسی)، مێژوونووسی فارسە. فارسەکان و هاوڕەگەزەکانی فیردەوسی بەدرێژایی مێژوو، بەزۆری هێزو دەسەڵات وڵاتەکەمانیان داگیرو وێرانکردوە، فیردەوسیش ئەوکاتە لەپێناو چەند ئافەرینێک و بڕێک پارەدا، کە دەکرێت بەمێژوونووسی دەرباریش ناوی ببەین، بەشانامە ئەفسانەییەکەی مێژووی چەندین ساڵەی زۆرێک لەنەتەوەکانی ترو بەتایبەت کوردی شێواندوە، زوربەی نەتەوەکانی ناوچەکەی بەکۆیلەو باج دەری فارسەکان داناوەو هەوڵیداوە بەجوانترین شێوە شارستانییەتی فارسەکان لەمێژوودا تۆماربکات. بەدڵنیاییەوە ئەوکارەی فیردەوسیش هیچی کەمتر نییە لەداگیرکردنی خاکی کوردستان. بەو مەبەستە فیردەوسی، ساڵی(١٠٠٠ز)دەستیکردوە بەنووسینی شانامە، لەسەر خواست و بەدڵی سوڵتان(مەحموودی غەزنەوی). فیردەوسی توانیوویەتی لەماوەی(٣٠)ساڵدا، بەبەیت و هۆنراوە شانامە تەواوبکات، کە لە(١٢٠)هەزار هۆنراوە پێکهاتووە، بەڵام دواتر خۆشبەختانە سوڵتان مەحموود، لەبری ئەو کارەی هیچ پاداشتێکی نەکردوە. سەرئەنجام فیردەوسیش لەداخی ئەو کاتە زۆرەی کە بەفیرۆیداوەو هیچ دەستکەوتێکی نەبووە، ساڵی(١٠٣٠ز)دڵی لەلێدان دەکەوێت و دەمرێت. جێگای ئاماژەیە، فیردەوسی لەشانامەکەیدا بەشێکی دوورو درێژی تایبەتکردوە بەمێژووی سەردەمی فەرمانڕەوایی مادەکان، ئەو دوای(١٥٠٠)ساڵ لەنەمانی مادەکان، بەجۆرێک مێژووەکەی نووسیووە کە هیچ مرۆڤێکی راستگۆو خاوەن ویژدان بڕوای پێ ناکات، چونکە چیرۆکی(ئاشداهاک)ی چوارەم پاشای مادەکان کە ئەو بە(زوحاک)ناوی بردوە، لەلای فیردەوسی بەوشێوەیە هاتووە: لەئەنجامی ماچکردنی شانەکانی زوحاک لەلایەن ئەهریمەن-ی خوای شەڕەوە، دوای چەند رۆژێک بەوهۆیەوە دوو ماری گەورەو ترسناک لەشوێنی ماچەکاندا سەردەردەهێنن، دواتر چارەسەرەکەشی هەر لەلایەن ئەهریمەنەوە ئەوە دەبێت کە هەر رۆژێک مێشکی دوو کوڕی گەنج بۆهەریەک لەو دوو مارانە دابین بکرێن. دوای ئەوەی کەس لەتاوانبارانی بەندیخانەکان نامێنێت کە بۆ مارەکانی زوحاک سەر نەبڕدرێن، ناچار ئەوهەڵمەتە خەڵکانی بێتاوان و ئاسایی دەگرێتەوە. بەگوێرەی شانامەکەی فیردەوسی: دوو چێشت لێنەر بەناوەکانی(ئارمایل و کارمایل)لەخزمەت زوحاکدا بوون بۆ ئامادەکردنی مێشکی گەنجەکان، بەڵام ئەوان ئەوکاتەی گەنجەکان هاتونەتە بەردەستیان بۆ سەربڕین، یەکێکیان بەدزییەوە ئازاد کردووەو لەبری مێشکی ئەو مێشکی ئاژەڵێکیان تێکەڵاوی مێشکەکەی تر کردوە. دوای ماوەیەک ژمارەی ئەو گەنجانە ئەوەندە زۆر بووە کە دواتر

هۆزێکی گەورەیان پێکهێناوە. هەربەپێی شانامە: وەچەی ئەوپاشماوانە لەئێستادا کوردەکانی ئەمڕۆن. دواتر کاوەی ئاسنگەر دوای ئەوەی(١٧)کوڕی بونەتە قوربانی مارەکانی زوحاک، دیسان بۆ بردنی دواین کوڕی چوونەتەوە لای، ئەویش لەبەرامبەر ئەو هەموو زوڵمەدا، لەزوحاک ڕاپەڕیووە. سەرئەنجام سەری زوحاکی بەچەکوشەکەی پان کردۆتەوە، بەرکۆشەکەی خۆشی، کە دواتر بە(درەفشی کاویان)ناسراوە، کردویەتیە ئاڵای سەرکەوتنی ڕاپەڕینەکەی.

مادەکان زیاتر لە(١٥٠)ساڵ خاوەنی بەهێزترین و گەورەترین دەوڵەت بوون، لەمێژووی فەرمانڕەوایی خۆیاندا توانیوویانە ساڵی(٦١٢ پ.ز)ترسناکترین و دڕندەترین ئیمپراتۆرییەتی ناوچەکە کە ئاشوورییەکان بوون بڕوخێنن، کەچی بەداخەوە مێژووی ئەو دەوڵەتە بەهێزو گەورەیە، بەوجۆرە لەلایەن فیردەوسییەوە شێوێنراوە، بەوهۆیەوە لەئێستادا زوربەمان ڕاستی مێژوو و ڕابردووی نەتەوەکەی وەکو پێویست نازانێت، هەربۆیە ئەرکی سەرشانی شارەزایان و پسپۆڕانی بواری مێژووی کوردە، کە نەوەی نوێ و هەموو تاکێکی کورد لەو شێواندن و چەواشەکارییانە بەهۆش بهێننەوە، هەوڵ بدەن بەسەرچاوەی نوێ و بەڵگەی تازەوە ئەو ئەفسانەو درۆییانە پوچەڵ بکەنەوە، چونکە هەتا ئێستاش لەلای زۆرێک لە کورد، بەشانازییەوە باس لەئازایەتی(کاوەی ئاسنگەر)دەکرێت و بەقارەمانێکی کوردی دادەنێن، هەروەها(زوحاک)یش بەخوێن مژو فارس ناودەبەن. بەدڵنیاییەوە ئەو بەسەرهاتەی سەرەوە هیچ بنەماو بنچینەیەکی ڕاست و زانستی نییە، چونکە هەتا ئێستا هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی نەیسەلماندوە، بەدرێژایی مێژووی جیهان نەبیستراوە نەنووسراوە، کەسێک مار لەسەر شانەکانی هەبێ و مێشکی مرۆڤ خواردنیان بێت.

سەرچاوەکان:

١- گرنگی کوردو کوردستان لەقۆناغە مێژووییەکانی ئێران تا سەردەمی ئەفشارییە، مەنسوور مەخدووم، و: ڕەفعەت موڕادی، خانەی وەرگێڕانی سلێمانی، چاپخانی ڕوون، بەرگی یەکەم، چاپی یەکەم٢٠٠٧ ل ١٤

٢- کاوەو نەورۆز لەنێوان ئەفسانەو ئاییندا، حەسەن مەحموود حەمە کەریم، پرۆژەی(١٠٠)کتێبی کوردی، ژمارە(٢٠)، سلێمانی ١٩٩٩ ل ٥٣

تێبینیی: ئەو بابەتە پێشتر لەژمارە(٦٤)ی گۆڤاری مێرگ - دا بڵاوکراوەتەوە

سەرچاوە: تۆمارێکی تایبەت بۆ کوردیپیدیا لەلایەن (عومەر ئیسماعیل مارف) سەبارەت بە (فیردەوسی لەنێوان مێژوو نووسین و شێواندندا!) لە: ١٩- ١٠- ٢٠١٢

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردیپیدیا / ڕێکەوتی : ١٩ی ئۆکتۆبەری ٢٠١٢

# لەنێوان مێژوو و ئەفسانەدا.. نەورۆز وەک جەژنێکی راستەقینە

نیرۆن عومەر

جەژنی نەورۆز کە بۆ ئێمە کوردان جەژنێکی نیشتیمانی زۆر پیرۆزەو ساڵ لە دوای ساڵ بە گوڕتر ئاهەنگی پێوە دەگێڕین، سیمای زیاتر بەکوردی کردن بەروخساریەوە دەنێین، لە ڕاستیدا و بە پشت بەستن بە هەموو سەرچاوە جۆربەجۆرە مێژووییەکان جەژنی ئێمە بە تەنیا نییەو گەلان و وڵاتانی تری رۆژهەڵاتیش بەشیان پێوەیەتی .



سەدان کتێب و سەرچاوەی مێژوویی هەن کە باس لە جەژنی نەورۆز و دێرینی ئەو جەژنە لای گەلانی رۆژهەڵات و سەرچاوەی دەرکەوتنی دەکەن. بەڵام بە بەراوردکردنی سەرچاوەکان و لەبەریەکدانیان بۆت دەردەکەوێت کە جیاوازییەکی زۆر هەیە لەسەر ئەوەی ئەو جەژنە بەچی بۆنەیەک، یاخود ڕووداوێک و ئینجا بۆ یەکەمجار لەکام شوێنی رۆژهەڵات دەرکەوتووە. زۆر لەو سەرچاوانە لەژێر کاریگەری هەستی نەتەوەیی و خۆبەخاوەن کردن نوسراون و پتر لەوەی پشت بە زانستی مێژوو ببەسترێ پشت بە ئەفسانەی سەرزارەکی بڵاو لەناو هەندێ لە گەلانی ناوچەکە بەستراوە. کە ئەفسانەی کاوەو زوحاکی نێو کوردانیش لەو حاڵەتە بەدەر نییە، بە ڕەچاوکردنی جیاوازی گێڕانەوەی لەگەڵ ئەوەی لە شانامەی فیردەوسی دا هاتووە.

زۆر لە سەرچاوە دیارەکان ئاماژە بەوە دەکەن کە ئەو جەژنە پاشماوەیەکی کلتووری ئایینی زەردەشتییە، کە بە بۆچوونی من ئەوە تا ئاستێکی زۆر لە ڕاستییەوە نزیکە. بۆ مەسەلەی سەرەتای دەستپێکردنی ئەوجەژنە لە ڕووداوی کوژرانی زوحاک لەسەر دەستی کاوەی نێو ئەفسانە کوردییەکە، زۆر لەسەرچاوەکان گومان دەخەنە سەر ئەوەی دەرکەوتنی جەژنی نەورۆز بەهۆی ئەو ڕووداوە بووبێت، بەهۆی نەبوونی ڕووداوێکی نوسراوی لەوچەشنە کە خاڵی بێت لە ئەفسانە لە نێو مێژووی کۆنی رۆژهەڵات. سەرەڕای ئەو جیاوازیانەی لە گێڕانەوەی ئەو ئەوفسانەیە بەدیدەکرێت لە شوێنێک بۆ شوێنێکی ترو لە کەسێک بۆ کەسێکی ترو لە کاتێک بۆ کاتێکی تر. (لە چیرۆکە کوردییەکەدا زوحاک بە چەکوشی کاوەی ئاسنگەر دەکوژرێت، بەڵام لە شانامەی فیردەوسی دا فەرەیدون پاشای پێشدادی بەهاوکاری کاوە، ئەژدیهاک دەسگیردەکات و لە کێوی دەماوەند بەندی دەکات. کەچی لە ئاڤێستادا فەرەیدون پاڵەوانێکی نیوە مرۆڤ و نیوە خوایەو نازناوەکەشی ئەژدیهاکسە. لە چیرۆکە کوردیەکەدا دوومار لەسەر شانی زوحاک پەیدا دەبن و خۆراکیان مێشکی گەنجانی تازەپێگەیشتووە)،ئەوەش پێدەچێ لە گێڕانەوەکەی تاریخی تەبەری دا هاتبێت. کەچی بەپێی (فارسنامە)ی ئیبن بەلخی (ئەژدیهاک کەسێکی جادووگەرەو خۆی ئەکات بە ئەژدیهاو خەڵک لەناو ئەبات).

نزیکایەتییەکی زۆر لە نێوان ئەو چیرۆکەو هەندێک ڕووداوی مێژوویی سەردەمانی کۆنی پێش زایین بەدی دەکرێت. چیرۆکی لەدایک بوون و گەورەبوونی فەرەیدون وەک لە شانامەدا هاتووە زۆر هاوشێوەی چیرۆکی لەدایکبوون و گەورەبوونی کۆرشی گەورەیە وەک لە تەواریخی هیرۆدۆت دا هاتووە. من پێشتریش لە وتارێکدا باسێکم لە لەیەکچوونی چیرۆکی کاوەو زوحاک و گێڕانەوەی

ڕووداوی کۆڕش و ئاستیاگی ماد لە لایەن هیرۆدۆتەوە کردبوو. بەڵام ئەوانەش نابنە بەڵگەی ئەوەی کە ئەم دوو ڕووداوە یەک شت بن و سەرچاوەو بۆنەو هۆی دەرکەوتنی جەژنی نەورۆز بن. ئەوەی گرنگە ئێمە بیزانین و وەک ڕاستییەک ڕێزی لێبگرین ئەوەیە کە جەژنی نەورۆز جەژنی ئێمەو زۆر لە گەلانی تری ڕۆژهەڵاتە. هەر بەهۆی ئەو ڕاستیەشەوە کە ئەو جەژنە جەژنی زۆر لە گەلانی ڕۆژهەڵاتە لە نێوانیاندا (کورد، فارس، بەلوج، ئەفغان، ئۆزبەک، تاجیک و هەندێک لەگەلانی تری ئاسیای ناوەڕاست)، ئەو بۆچوونە بەهێزتر دەکات کە ئەو جەژنە جەژنێکی ئایینی بووبێت و بەتایبەتیش پاشماوەی ئایینی زەردەشتی بێت. بەهۆی تەشەنە کردنی ئەو ئایینە لەنێو هەموو ئەو میللەتانە ئەو جەژنەش بووبێت بە جەژنی هەموان. هەروەکو ئەوەی جەژنەکانی ڕەمەزان و قوربان دوو جەژنی ئایینی ئیسلامیین و بەهۆی ئایینی ئیسلامەوە بوون بە جەژنی هەموو گەلانی موسوڵمان. ئەگەرچی لە ئاڤێستادا بە تایبەتی لە گاتەکاندا ناوێک لە نەورۆز نەهاتووە، بەڵام بە لێکۆڵینەوەی وردتر لەو ئایینە لە پەیوەند بە جەژنی نەورۆزدا دوورنییە بگەینە ڕاستی پەیوەندی جەژنی نەورۆز بە ئایینی زەردەشتییەوە، چوونکە جەژنی نەورۆز جەژنێکی فەرمی و پیرۆزی هەرسێ سەردەمی دەسەڵاتی هەخامەنشییەکان و ئەشکانییەکان و ساسانییەکان بووە کە ئایینی زەردەشتی ئایینی فەرمی و پێڕەوی لێکراویان بووە، واتە جەژنێکی ڕێزلێگیراو بووە لە نەریتی زەردەشتیدا.

ئەوەی بە وردی مێژووی کورد بخوێنێتەوە بۆ دەردەکەوێت کە نەورۆز بێجگە لەوەی ناوی مانگێکی کوردییە، بۆنەیەکی زۆر دێرینیش بووە لە کوردەواریداو لەماوەی چەند سەدەی ڕابردوو لە ناوچەیەک بۆ ناوچەکی تری کوردستان بە شێوەیەکی جیاواز و وەک نەریتێک پیرۆز ڕاگیراوە، بەڵام وەکو جەژنێکی بەربڵاو لەسەرتاسەری کوردستان ئاهەنگی بۆ نەگێردراوە، ئەو جەژنە لەژێرکاریگەری هەردوو جەژنی ئایینی ئیسلام (ڕەمەزان و قوربان) تا ڕادەی لەبیرچوونەوەو وازلێهێنانی لە نێو کورد خەریک بووە بەرەو نەمان بڕوات. تا ئەو کاتەی لە سییەکانی سەدەی ڕابردوو لەسەر دەستی پیرەمێردی شاعیر ئەو جەژنە زیندوو کرایەوەو بەرگی شۆڕش و خەبات لە پێناو ڕزگاری کوردیشی بەبەردا کرا. بۆیە هەرچەندێ شۆڕش و بزووتنەوەی کورد پتر پێشدەکەوت لەگەڵێشیدا نەورۆز پتر دەبووە جەژنێکی سەرتاسەری و نیشتیمانی لای خەڵکی کوردستان. بەهۆی گەورەیی قەبارەی ئاهەنگ پێگێڕانی لە لایەن کوردەکانی باکوری کوردستان چ لەناوخۆی تورکیاو چ لە ئەوروپا لە کۆتایی سەدەی ڕابردوو و سەرەتای سەدەی نوێ وایلێهات ئەو جەژنە لە دنیادا پتر لە هەموو گەلانی تر بە جەژنی کوردان بناسرێت. هەموو ئەوانەش ئەو ڕاستییە ناگۆڕن کە گەلانی تریش هەن لە دنیادا نەورۆز بە جەژنی خۆیان دەزانن و وەکو ئێمە ئاهەنگی بۆ دەگێڕن. بە بڕوای من ئەوەش خاڵی بەهێزی بە نێونەتەوەیی بوونی ئەو جەژنەیەو پەیامی لەیەکتر نزیک بوونەوەو ئاشتی و ڕێز لەیەکتر گرتنە. بەڵگەی ئەوەیە کە جەژنی نەورۆز لە هەرچییەک یاخود هەرشوێنێک و هەر سەردەمێک پەیدا بووبێت جەژنێکی ڕاستەقینەیەو گومانم لەوە دانییە کە بەدرێژایی مێژوو بۆ کورد جەژن و ڕۆژێکی پیرۆز بووەو سەرچاوەکەشی لە مێژوویەکدایە کە کورد پشکی هەبووە تیایدا. جەژنی نەورۆز جەژنی زیاتر لە (٣٠٠) ملیۆن کەسە لە دنیاداو ئەوەش مانای بە جیهانی بوونی ئەوجەژنەیە بە ڕوخسارێکی ڕۆژهەڵاتیانە بەڵام زیاتر کوردیانە.

وێڕای هەموو ئەوانە من لەگەڵ ئەوەدا نیم جەژنی نەورۆز بۆنەیەک و ڕایەڵەیەک بێت بۆ بەستنەوەی ئێمە بە ڕابردوو و گەڕان بەدوای شانازییەکانماندا لە سەردەمانی دێرین، بەڵکو وەک جەژنێک لێی دەڕوانم بووەتە بەشێک لە شوناسی کولتووریمان و نمایشی ئاکارو هەستە مرۆییەکانمانی تێدا دەکەین و جەژنێکە بۆ لە ئامێز گرتنی شادومانییەکانمان و دەربڕینی خواستمان بۆ ئازادی.

سەرچاوە: ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی : ١٨ی مارچی ٢٠١٣

# نەورۆز جەژنی نەتەوەیی و نوێبوونەوەی سروشت

## سەرهەڵدانی نەورۆز لە دیرۆکی کوردیدا

لەناو چیرۆکەکاندا هاتووە کە چوار هەزار ساڵ بەر لەدایکبوونی مەسیح (د.خ)، کەیمۆس ناوێک لە خەڵکی کوردا پەیدابوو و هەر لە سەرەتاوە »ئەهریمەن« دوژمنایەتی لەگەڵ کرد. کەی مۆرس لە چیاکانی رەواندز رووبەڕووی ئەهریمەن بووە و فەرمانی داوە سوپاکەی کە ئەگەر سەرکەوتن و ئەهریمەنیان بەزاند و کوشتیانن لەسەر لوتکەی چیاکان و سەر هەر گردێک قەڵای ئاگرین دروست بکەن، تا هەم نیشانەیەک لە سەرکەوتن بێت و هەمیش فەرمانێک بۆ گەڕانەوەی سوپاکەی لە بەرەکانی جەنگەوە بۆ لای. لە ئەنجامدا شەڕ لەگەڵ ئەهریمەن بە سەرکەوتنی کەیمۆرس کۆتایی پێهات و ئاگری سەر چیاکان مزگێنی سەرکەوتنی بە خەڵک دەدا. رۆژی سەرکەوتن بەسەر دوژمن ١٠ رۆژ بەر لە کاتی نەورۆزی ئەمڕۆ بوو. کەی مۆرس فەرمانیدا نەک تەنیا ئەو رۆژە بەڵکو ٩ شەو و رۆژ دواتریش وێڕای داگیرساندنی ئاگر جەژن و خۆشی بکەن. بەو شێوەیە لەکاتی بەڕێوەبردنی ئەو جەژنە نۆ رۆژەدا، چیا و ناوشارەکان هەمووی بە شەوقی زێڕینی ئاگر رازاوە. ئەو سەردەمە جەژنی نۆرۆژ شکۆیەکی تایبەتی هەبوو و هەموو ساڵێک بە رێورەسمی تایبەت و یاری ئاگرین بەڕێوەدەچوو.



چوارساڵ پاش کەی مۆرس کەسێک بەناوی «زوحاک» لەگەڵ سوپا گەورەکەی لە »ئۆرشەلیم«ەوە هاتە کوردستان و ئەو خاکەی داگیرکرد. زوحاک دوو ماری هەبوو کە خۆی دەیپەرستن و فەرمانی دابوو بە خەڵکیش تا مارەکانی بپەرستن. پاش ئەو بڕیارەش زوڵم و زۆرەکانی دەستپێکرد و خەڵکی بە شێوازی جۆراوجۆر ئازار دەدا. کوردەکان ماوەیەک تەحەمولیان کرد تا لە ئەنجامدا کاوەی ئاسنگەر هات و کۆمەڵێک لەو کەسانەی لەخۆی کۆکردەوە و شەووڕۆژ چاوەڕێبوو تا دەرفەتێک بۆ راگەیاندنی شۆڕشەکەی بدۆزێتەوە، تا ئەوی کە شەوی جەژنی ٩ رۆژ (جەژنی نەورۆز)ی بۆ ئەو راگەیاندنە بەشیاوزانی. لە بەربەیانی جەژنی نەورۆز ( هاوکات لەگەڵ ٢١ی مارس) لەگەڵ هاوڕێکانی هێرشیان بردە سەر زوحاک و کوشتیان. دوای کوشتنی زوحاک لەگەڵ کۆی ئەو خەڵکە زوڵملێکراوەی کە سەرکەوتبوون، بۆلای شوێنی حەوانەی شازادەی ئاریایی بە ناوی (فەرەیدوون) کوڕی ئابتین وەڕێکەوتن و ئەویان وەک پاشا دەستیشانکرد. لەو رۆژەدا هەواڵی سەرکەوتنی کاوە بڵاوبووە و جەژنی نەورۆز هاتە ئاراوە.

## وشەی نەورۆز

وشەی نەورۆز لە دوو وشەی نەو(نوێ، تازە) و رۆژ(رۆژ) دروست بووە. لە دەقە لاتینیەکانیشدا، بەشی یەکەمی بە سپێلی No، Now، Nov وNew Naw و بەشی دووهەمی بە سپێلی Ruz، Rooz و Rouz نووسراوە. هەندێجار بەسەر یەکەوە و

هەندێجار بە سپێس و ماناکەی هەمان ڕۆژی نوێ یان یەکەم ڕۆژی ساڵی تازەیە.

## کاتی نەورۆز

جەژنی نەورۆز لە کاتی گۆڕانی بەهارە (بەرامبەربوونی شەو ورۆژ) دەسپێدەکات. لە زانستی ئەستێرە ناسیدا، گۆڕانی بەهارە بە کاتێک دەگوترێت کە هەتاو لە هێڵی کەمەرەیی زەوی تێدەپەڕێت و دەچێتە باکووری ئاسمان کە سەرەتای کەلووی کاوڕ ناونراوە و لە ڕۆژژمێری کۆچی هەتاوی بەرامبەرە لەگەڵ یەکەم ڕۆژ (ئورمەزد ڕۆژ) لە مانگی خاکەلێوەیە. لە هەندێ وڵات هەر بەهۆی بەکارهێنانی ڕۆژژمێری هەتاوی، نەورۆز یەکەم ڕۆژی ساڵە، بەڵام لە وڵاتانی ئاسیای ناوەڕاست و قەفقاز و عێراق و تورکیا و ...تد کە ڕۆژژمێری زایینی کاری پێدەکرێت نەورۆز وەک سەرەتای بەهارە و ڕۆژی یەکەمی ساڵ نییە. هەڵبەت لە کوردستان نەورۆز جیا لەوەی سەرەتای بەهارە جەژنێکی نەتەوەیی و سەرچاوەکەی لە کاوەی ئاسنگەر و زوحاک دەسپێدەکات.

## جوگرافیای نەورۆز

ئەو ناوچانەی نەورۆز جەژن دەژمێرن، ئەمڕۆکە لەچەند وڵاتێک پێکهاتووە هەڵبەت ڕێورەسمەکانی نەورۆز لەو وڵاتانە جیاوازە. لەکوردستان بەکردنەوەی ئاگر و چوون بۆ ناو سروشت جەژن دەکەن. لەئێران بەدانانی سفرەی حەوت سین و سەردانکردنی خزمان بەڕێوە دەچێت. لە ئەفغانستان سفرەی حەوت میوە ئامادە دەکەن. جوگرافیای نەورۆز بەناوی نەورۆز یان ناوی نزیک لەو ناوە، ئەمڕۆ لە بەڵقان، قازاخستان، تاتارستان و لە ئاسیای ناوەڕاستی چین (تورکستانی چین)، زەنگبار، سەرانسەری قەفقاز و هەروەها ئەمەریکای باکوور، هیندستان، پاکستان، بەنگلادش، بوتان، نیپاڵ و تبت لەخۆدەگرێت.

لە بەرواری ٢٤ فەوریبیێری ٢٠١٠ ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان بە بڕیارێک لە بارەگای ڕێکخراوەکە لە نیۆیۆرک، جەژنی نەورۆزی وەک ڕۆژی نێودەوڵەتی نەورۆز و فەرهەنگی ئاشتی لە جیهاندا بە ڕەسمی ناساند.

## سروودی نەورۆز

بە واتایەکیتر نەورۆز لە کوردستان هەڵگری وتەیەکی شۆڕشگێڕانەیە، شۆڕشێک کە بە شۆڕش لە سروشتدا دەسپێدەکات. شۆڕشێک بۆ ڕزگاربوون نەک بۆ وەرگرتنی دەسەڵات یان خۆسەپاندن، بەڵکو بۆ ڕزگاربوون. بۆیە میللەتی کورد هەردەم بە میللەتێکی ڕزگاریخواز و ئاشتیخواز ناویان دەرکردووە.

ئەگەر سەیری سرودی نەورۆز یان شیعری مامۆستا «پیرەمێرد» کە وەک سرودی نەورۆز ناسراوە، دەبینن هەر لە بەشی دووهەمی شیعرەکەدا مانا شۆڕشییەکەی دەسپێدەکات و باس لە خوێنی لاوەکان و جەژنێکی کۆنی کوردان دەکات. هەروەها ئاماژە بە نەورۆز دەدات کە بە یارمەتی وەرگرتن لێی وەها هێزێک دەبەخشێتە گەنجان کە شۆڕش و مردن بە دڵ قبوڵ دەکەن. لە بەشەکەی دواتر باس لە

شۆڕشی ئافرەتانی کورد کراوە و کە وەک نموونەیەکی بێ وێنە باسیان دەکان و سینگیان بە قەڵغانی گوللە ناودەبات، لە کۆتاییش دەڵێت نابێت بۆ ئەو شەهیدانەی لە پێناو نیشتمان کوژراون بگرین و بە مردوویان بزانین، چونکە ئەوانە لە دڵی میللەتا دەژین .

## ڕێورەسمەکانی نەورۆز

### کردنەوەی ئاگر

کردنەوەی ئاگر هەر لە دێرینەوە باو بووە هەڵبەت بە شێوەی جیا. لە ئێران و ئازەربایجان و چەند بەشێک لە ئەفغانستان لەدوا چوارشەممەی ساڵ ئەو ئاگرە دەکرێتەوە و بەسەریدا بازدەدەن. هەندێک ناوچە بەیانی نەورۆز لەسەر بان ئەو ئاگرە دەکەنەوە بەتایبەت ئەو ناوچانەی لەسەر ئایینی زەردەشتین. لە کوردستان لەگەڵ ئاوابوونی خۆر لە دوارۆژی ساڵ دەکرێتەوە و بەدەوری ئەو ئاگرەدا شایی دەگێڕن. کردنەوەی ئاگر نوێخوازییەک بوو کە پاش هاتنی ئیسلام سەری هەڵدا و مەبەست زیندووڕاگرتنی ئاگری ئایینی زەردەشت بوو، بەڵام بەشێوەیەی ئێستای وەک چوارشەممەی سوور کە بەسەر ئاگردا بازدەدەن لە دەقەکانی بەر لە هاتنی ئیسلام ئاماژەی پێنەکراوە. کوردەکانی ڕۆژهەڵات لە پەیوەندی لەگەڵ بڕوا مێژووییەکان و باوەڕە نەتەوەییەکانی تری ناو ئێران دووجار ئاگر دەکەنەوە، یەکیان شەوی چوارشەممە سوری و ئەویتر دوایین شەوی ساڵ واتە ئێوارەی ٢٠ ئادار.



### خواردنەکانی نەورۆز

خواردنی تایبەتی نەورۆز لە لای گەلی کورد بە زۆری دۆڵمە و بریانییە کە لە ڕۆژی یەکەم لە دەرەوە و لەناوسروشتدا دەیخۆن. خواردنێکی تایبەتیتر کە لە ناوچەکانیتر باوە خواردنی «سەمەنی»یە کە لە گەنم دروست دەکرێت و لە سەر سفرە حەوت سینەکەش دادەنرێت. لە چەندین بەش لە ئێران سەوزە پلاو و ماسی، لە تورکمانستان «نەورۆز بامە»، لە قەزاقستان «ئۆیقی ئاشار»، لە بوخارا جۆرەکانی «سەمبووسە» لە خواردنە باوەکانی ڕۆژی نەورۆزن.

### سەردانکردن

سەردانکردنی خزم و کەس و دۆست و ناسیاو لە زۆربەی وڵاتان باوە، هەروەها چوون بۆ سەر قەبر و یادکردنەوەی ئازیزانی

کۆچکردوو یەکێکیتر لە رەسمەکانی نەورۆزە.

## هاتنی حاجی فیرۆز

حاجی فیرۆز کەسێکە بە جلی سوور و دەموچاوی رەش کە بە دەفەیەکەوە شەوی بەر لە هاتنی نەورۆز لە ناو خەڵک دەگەڕێت و دەف لێدەدات و گورانییەکی دیاریکراو دەڵێت. حاجی فیرۆز شتێکی هاوشێوەی «سانتاکرۆز» یان هەمان «بابانۆئێل»ی ئەورووپییەکانی بەو جیاوازییەی کە بابانۆئێل دێت و دیاری دەبەخشێت و دڵی خەڵک بە تایبەت منداڵان خۆش دەکات، بەڵام حاجی فیرۆز دێت و ئەو پارە و دیاری لە خەڵک دەسێنێت.



## پاککردنەوەی ماڵ



پاککردنەوەی ماڵ و شوشتن و خاوێنکردنەوەی هەموو کەلوپەلەکانی ناو ماڵ یەکێک لە رێورەسمەکانە کە لە ناوچەی جیاواز وەک ئێران، تاجیکستان و ئەفغانستان بەڕێوەدەچێت.

## گەڕان لە سروشت

لە کوردستان سێ رۆژی یەکەمی نەورۆز دەچنە سروشت و بە خواردنی جۆراوجۆر و هەڵپەڕکێ و لەبەرکردنی جلی رەنگاورەنگ و رازاوە رێز لە هاتنی بەهار و ساڵی نوێی کوردی دەگرن. لە ئێران و بەشی رۆژئاوای ئەفغانستان رۆژی سێزدەهەم، کە بە سێزدەبەدەر ناسراوە دەچنە پارک و سەیران و دارستانەکان. گرێدانی سەوزە و گوتنی درۆی سینزە لەکارە باوەکانی ئەو رێورەسمەیە.

## کێبەرکێ وەرزشییەکان

ئەنجامدانی کێبەرکێی وەرزشی کارێکیتر لەو رێورەسمانەیە. لە تورکمانستان پیاوان و ژنانی تورکمان، یاری و کێبەرکێ تایبەت وەک سوارکاری (ئەسپسواری)، زۆرانبازی، بازدان بۆ گرتنەوەی دەسرۆکە لە بەرزاییەوە و شەترەنج بەڕێوە دەبەن. ئەنجامدانی شەڕە کەڵەباب و شەڕە شاخی بەرانان لە رێورەسمەکانی تری ناوچەی تورکمەنستانە.

## سفرەی حەوت سین

راخستنی سفرەی حەوت سین یان حەوت میوە یەکێکیتر لە رێورەسمەکانی نەورۆزە. ئەو سفرەیە جگە لەو حەوت سینەی لەسەریەتی بە قورئان، ئاوێنە و ماسی سوور دەڕازێتەوە کە هەر یەکەو مانایەکی تایبەتی هەیە وەک پیرۆزی، ڕووناکی و ژیان.



## نەورۆز لای کوردەکانی زازا

بەشێک لە کوردەکانی کوردستانی تورکیا (زازاکان)، رۆژژمێری کوردانی زازا تایبەتە و بە رۆژژمێری زایینی ئەمڕۆ دەچێت. (زەینەل ئەرسەلان)یەکێک لە پێشەوایانی زازایە و ئێستا دانیشتووی وڵاتی ئەڵمانیایە، لەبارەی نەورۆزی زازاکانەوە دەڵێت: زازاکان ٢١ی مارس جەژن دەگرن و گرنگییەکەی لەوەدایە کە ئەو رۆژە وەک بۆنەیەکی ئایینی جەژن دەگرن و وەک لەدایکبوونی حەزرەتی عەلی بەڕێوەی دەبەن و ناوی جەژنەکە »جما«یە. «زەینەل ئەرسەلان» کە ئەو رێورەسمە لە شاری کۆڵن، بە زمانی تورکی سەرپەرشتی دەکات باس لە مانای «جما» و ئەوەی کە لە کوێوە هاتووە دەکات: لەناو زازاکان جما بەمانای ئایینیەکە کە بەشداربووان تیایدا بۆ عیبادەت و پەرستن کۆدەبنەوە. لەو رێورەسمەدا هەموو خێزان لەژن و پیاوەوە کۆدەبنەوە و هەموو کات مۆسیقای لەگەڵە، واتە مۆسیقا بەشێکی گرنگی رێورەسمی ئایینی زازاکان. لە مەراسمی جمادا ١٢ کەس لە هەڵبژێردراوەکان کە ئافرەتیشی تیا دەبێت، هەر یەکەو شتێکی تایبەت وەک ئاو، خاولی یان مۆمێکان لەدەستە و لە پێشەواکەیان نزیک دەبنەوە، وەک بڵێی شتەکان بەو شێوەیە تەبەروک دەکەن.

## نەورۆز لە کوردستان

نەورۆز یەکێک لە کۆنترین جەژنەکانە و لە ناو نەتەوەیی کورددا رێز و بەهای تایبەتی خۆی هەیە و پاش تێپەڕبوونی چەندەها سەدە تا ئێستاش بە شەوق و زەوقێکی تایبەت بەڕێوە دەچێت. لە چیرۆکی کوردیدا نەورۆز وەک رزگاربوونی خەڵکی کورد لەژێر دەستی زاڵمان باسکراوە و بەو هۆیە بەڕێوەبردنی ئەو جەژنە وەم پاڵپشتییەک لە شۆڕشی کورد هەژمار دەکرێت.

## نەورۆز لە ئایینی ئێزیدییەکاندا

هەرچەندە ئامارێکی باوەڕپێکراو لە هەشامەتی کوردانی ئێزیدی کە زیاتریان بەزاراوەی کرمانجی قسەدەکەن، بەردەست نییە، بەڵام دەوترێت ٥٠٠ هەزار ئێزیدی لە عێراقدا دەژین، هەروەها بەشێکیتریان لە وڵاتانێک وەک سوریا، تورکیا، ئەرمەنستان و گورجستان و تەنانەت ئێرانیش هەن.

ئێزیدییەکان باوەڕیان بە فریشتەیەکە بەناوی «مەلیک تاووس» کە چاودێری ژیانیان لەسەر زەوی دەکات و هەندێ کات لە ئاسمانەوە دێتە سەر زەوی. لە بارەی سەرچاوەی ئێزیدییەکان بیروباوەڕی جیاواز هەیە. هەندێک بەهۆی ناوییانەوە پەیوەستیان

دەکەن بەیەزیدی کوڕی موعاوییە. هەندێک دەڵێن کە بنچینە و ڕەگیان لە یەزد (شارێک لە ئێران) بووە و پەیوەندی بە ئێزیدی زەردەشتییەوە هەیە و بەو شێوەیە ئەوان مێژوو و بنچینەی زەردەشتیان هەیە. هەندێک ئێزیدی یەکێک لە کۆنترین دینەکانی بابل و سۆمەرییەکان دەزانن و هەندێجار وەک شەیتان پەرستیش ناونراون.

دکتۆر «خەلیل جوندی ڕەشو»، مامۆستا لە زانکۆی «گوتینگن»ی ئەڵمانیا کە خۆی لە شێخەکانی ئێزیدییە، لەبارەی جەژنی ساڵی تازەی ئێزیدییەکان دەڵێت: جەژنی چوارشەممە سوور لە ڕاستیدا جەژنی سەرەتای ساڵە کە لەناو میللەتیتر بە نەورۆز ناودەبردرێت، بەڵام ئێزیدییەکان ئەو جەژنە بە جەژنی سەری ساڵ و چوارشەممەسوور ناودەبەن. ئەو جەژنە لە شەوی یەکەم چوارشەممەی مانگی نیسان کە ئێزیدییەکان پێی دەڵێن «نیسان» بەڕێوەدەچێت. ئێزیدییەکان باوەڕیان وایە لەو ڕۆژەدا فریشتەیەک کە ئەوان «مەلیک تاووس»ی پێدەڵێن لە ئاسمانەوە دێتە سەر زەوی و لەگەڵ خۆی خێر و بەرەکەت دەهێنێت، بۆیە هەندێجار وەک جەژنی مەلیک تاووسیش ناوی دەبەن. جەژنی چوارشەممەسوور کە چەند حەوتوو پاش نەورۆز بەڕێوەدەچێت هەندێ ڕێوڕەسمی تایبەتی خۆی هەیە، کە لەگەڵ ڕێورەسمەکانی نەورۆز لە وڵاتانیتر جیاوازە. یەکێک لە جیاوازییەکان ئەوەیە کە لەو مانگەدا هاوسەرگیری بۆ ئێزیدییەکان قەدەغەیە، چونکە دەڵێن مانگی نیسان کە بە »بوک هیوانە« ناوی دەبەن بووکی هەموو مانگەکان یان بووکی ساڵە و پیرۆزە.

لەو مانگە کەس بۆی نییە زەوی هەڵقەنێت بەو هۆیەی لەو مانگەدا هەموو گیاکان و دار و گوڵ لە زەوییەوە دەردەکەون و پەیدا دەبن.

ڕێورەسمێکیتر ئەوەیە کە هێلکە ڕەنگ دەکەن، چونکە هێلکە لە شێوەی زەوی دەکات و ڕەنگکردنەکەی بەو مانایەیە کە حەزیان لێیە زەوی بەو ڕەنگانە بکات و هۆکاری سەرسەوزی دەشت بێت.

ڕەسمێکی سەرنجڕاکێشیتر ئەوەیە کە ئێزیدییەکان بەرەبەیانی ساڵی نوێ دەچنە دەشت و چیا و دەست و دەموچاویان بە شەونمی سەر گیاکان مەسح دەکەن، بڕوایان وایە ئەگەر کەسێک نەخۆش بێت بەو کارە شفای بۆ دێت.

ئارد لە جەژنی سەری ساڵی ئێزیدییەکان ڕۆڵێکی گرنگی هەیە. ئەوان لە شەوی جەژن دەچنە دەشت و بەو ئاردەی لەگەڵ خۆیان بردوویانە هەویر دەکەن. دواتر دەستە گوڵێک لە ناوەندی ئەو هەویرە دەخەن و لەسەر ماڵەکانیان هەڵیدەواسن، وەک ئەوەی بڵێی بەهار هاتووەتە ماڵیان. جگە لەوە ژنان نانێک بە ناوی «سەوک» دروست دەکەن و وەک خێرات دیبەنە سەر قەبران. ئێزیدییەکان وەک کوردانی زازا ڕێورەسمێکیان هەیە کە پێی دەڵێن «تەواف» یان «جما».

یەکەم تەواف لە گوندێکی ئێزیدی بە ناوی «باشیک و بەحزانە« لە ڕۆژی هەینی پاش چوارشەممەسوور دەست پێدەکات و دواتر لە هەموو گوندەکانی ئێزیدی بەڕێوەدەچێت. هەر تەوافێک فریشتەیەکی هەیە کە تەنیا تایبەتە بە ئێزیدییەکان. ئەو تەوافە تا کۆتایی مانگە شەشی زایینی کە ئێزیدییەکان «حوزەیرانی» پێدەڵێن درێژەی هەیە و ئەوە نیشانە نەورۆز لەناو ئێزیدییەکانە.

ئێزیدییەکان لە هەر وەرزێکی ساڵ جەژنێکیان هەیە، بەڵام تایبەتمەندی جەژنی سەری ساڵ ئەوەیە کە پاش ١٣ ڕۆژ دووبارە جەژن دەگرنەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی بازار پریس نێت / ڕێکەوتی : ١٧ی مارچی ٢٠١٣

# بڵێسەی ئاگری نەورۆز

مێژوویەک لە جوانی و عەشقەکەی ئەدیبانی کورد

ئا: ڕێبین حەسەن

لە پێش مادەکانیش بە گەلێک سەدە نەورۆز لە نێو کورد و ئاری نەژادەکاندا باو بووە، بەڵام ئەوەی بە دێرێک باسی کرد بێ هی سەردەمی ماد و هخامنشی و پارت و ساسانیەکانیە، نەورۆز جەژنی ڕاستەقینەی کوردە، جەژنێکی پیرۆزە، چونکە بەر یەکەم ڕۆژی بەهار و ساڵی نوێ دەکەوێت.



## تایبەتمەندی نەورۆز

نەورۆزی سلێمانی تایبەتمەندی خۆی هەیە و لە ٢١ / ٣ / ١٩٤٨ لە کارێزی شێخ مەحمود جەژنی نەورۆز کراوەتەوە و ٦ تا ٧ هەزار کەس بەشداریان کردووە و ئەمەش بە گەورەترین یادی نەورۆز دادەنرێت، بەپێی سەرچاوە مێژوویەکان دەستووری نەرورۆز وا بووە کە یەکەم شەو ئاگری تێداکراوەتەوە، ئەم دەستوورە لە ( بەین النهرین ) دا لە دەوری عەباسیەکاندا بەڕوونی هەبووە و ئەم ئاگر کردنەوەیەش بە ( چوار شەممەی سوور ) بە ناوبانگ بووە.

## عەلادین سوجادی و ڕۆژی نوێ

مامۆستا عەلادین سوجادی پێی وایە، جەژنی نەورۆز ڕۆژێکی کۆنی تەئریخە و بێجگە لەو ئاشنایەتیەی کە لەگەڵ کوردا هەیەتی، چەندین سەرگوشتەی هەیە لەوانەش مامۆستا عەلادین دەڵێت : جەمشید، پادشای چوارەمی پیشدادی لە پێشا ناوی " جەم " بوو، جەم لە زمانی کۆندا بەمانای پادشای گەورە و بەدەسەڵاتە، ڕۆژێک لەکاتی گەڕانیدا کە سەیری دونیای ئەکرد گەیشتە ئازەربایئجان فەرمانیدا تەختێکی ( مرصعیان ) لە شوێنێکی بەرزی ڕوووە و ڕۆژهەڵات دابنرێت، خۆشی تاجێکی مرصعی لەسەر کرد و لەسەر تەختەکە دانیشت لەپێش هەتاو کەوتنا، کە ڕۆژهەڵات، تیشکی ڕۆژەکە دای لەتاجەکە و تەختەکە شەوقێکی تری خستە ئەو ناوە ، خەڵکەکە ئەو ڕۆژەیان بە ڕۆژێکی ڕووناکتر هاتە پێش چاو وتیان ئەمە ڕۆژێکی تازەیە.

## پیرەمێرد. سیمبولەکەی نەورۆز

ڕۆژنامەی ژین لە ژمارە ١٣٣٧ی ٢١ / ٣ / ١٩٥٧ بۆ یادی نەورۆزی ئەو ساڵە دەربارەی پیرەمێری نەمر نووسیویەتی " هەموو

ئەیزانین و لەبیرمانە کە پیرەمێرد تا مابوو هەموو ساڵێک تەنیا چەند ساڵێکی لێ دەرچێت چۆن بۆ ئەم ڕۆژە پیرۆزە ئاهەنگێی گشتی ئەگێرا، کاتێک کە شەوی نەوروز دەهات لەسەر گردی مامەیارە بارن بوایە یا نا، پیرەمێرد ئاگرەکەی دەکردە و لەگەڵ دەستەی لاواندا لەسەر ئەو گردە بەدەوری ئاگرەکەدا دەخولایەوە و شایی و بەزمیان دەگێرا، بۆ بەیانیەکەشی سەیران نەورۆزیان دەکرد و ئەگەر باران بوایە هەندێک ساڵ سەیەرانەکەیان دەخستە ڕۆژێکی تر و سەیرانێکی گشتیان دەکرد، هەر لەوێدا و لە بەردەم گردەکەدا لەلای کارێزەکە ژن وپیاو، پیرو گەنج  هەمووان تا ئێوارە بەسەیران هەڵپەرکێ کاتێکی خۆشیان تا ئێوارە دەبردە سەر".

## مەعروف خەزنەدار و ئەفسانەی ئەژدەهاک

مامۆستا مەعروف خەزنەداریش ڕوونیکردۆتەوە " نەورۆزی کورد ئەفسانەکەی ئەژدەهاک و کاوەی ئاسنگەر خوڵقاندویانە و ئەو ئەفسانەیەش لە گەڵ ئاوات و ئامانجی هەموو کاتێکی نەتەوەی کورد ڕێکدەکەوێت  تەنانەت بۆ ئێستای کورد"،مامۆستا پێشیوایە : گرنگی نەوروز بۆ کورد لەوەدایە کە لەلایەک نەوروز مانای ڕزگاربوونی کوردستانە لەدەستی تەنگ و چەڵەمەی ڕەش. ئەم نەورۆزەش بەهارمان بۆ دێنێت و لەلایەکی تریشەوە ئەفسانەی ئەژدەهاکی بۆمان پاراستووە، کە هەزاران ڕاستی ئەهێنێ بۆ ئاهیمە، چونکە ڕاستیمان بۆ دائەمەزرێنێت.

## شاکر فەتاح... نەورۆز و  ژیاندنەوەی کوردستان

شاکرفەتاحیش لە وەسفی نەووزدا باسی لەوە دەکات، نەوروز جەژنی ڕاستەقینەی کوردە و لەم ڕۆژەدا هەموو کوردستان لەزەبرو زەنگی زستان ڕزگاری دەبێ و ئەکەوێتە ناو بەهەشتی بەهارەوە، کە ژیانێکی گیانلەبەر و گژ وگیا سەر لەنوێ تازە ئەبێتەوە.

## نەورۆز، جەژنە دێرینەکەی کورد

گۆڤاری نەوروز کە ژمارەی یەکەمی لە ساڵی ١٩٥٩دەرچووە مێژووی نەوروزی بە دێرین وەسفکردووە و ئەوە هاتووە " وەک لە چیرۆکی مەم و زینی ئەحمەدی خانی دەر ئەکەوێ، نەتەوەی کورد ٦٠٠ ساڵ لەمەوبەر بەجوانترین شێوە جەژنی  نەوروز کردۆتەوە و لە جەژنی نەوروزدا ٧ شە و ٧ ڕۆژ خەڵک هەمووی دەچوون بۆ دەشت و دەر و ئەو ماوەیەش لەوێ ماونەتەوە، هەروەک کاتەکانیان لەوێدا بە تیر و ئەندازی و هەڵپەرکێ بەسەر بردووە ".



## پاڵەوانیەتیەکەی بێکەس لە نەورۆزدا !

لەباسی نەرووزدا لەچەند سەرچاوەیەکدا ئاماژە بەناوی شاعیری نیشتیمان پەروەری کورد فایەق بێکەس دراوە و هاوشانی پیرەمێر ناوی هاتووە، لە ژمارە 1ی گۆڤاری ڕۆژی نوێی

ساڵی ١٩٦٠ هاتووه " لەساڵی ١٩٤٥ لەلایەن مامۆستا پیرەمێردەوە دەستەیەک لە لاوانی دڵسۆزی کورد جەژنی نەورۆزیان لەبەر گردەکەی مامەیارەدا کرد، یەکێک لەمیوانەکان ئەدمونس بوو، هەروەها مامۆستا بێکەسی نەمریش لەو ڕۆژەدا هۆنراوەیەکی ئەوتۆ و نایابی گەرم و گوڕی پێشکەشکرد "، کە ئەویش هۆنراوەی ٢٧ ساڵە ڕەنجبەری تۆم کە لەسەرەتاکەی ئەڵێ:

## بیست و حەوت ساڵە ڕەنجبەری تۆم

بەنان و ئاو جلو بەرگی خۆم ..... هتد

لە کاتی خوێندنەوەی هۆنراوەکەیدا مامۆستا بێکەسی نەمر پەنجەی درێژ کرد بۆ ئەدمونس کە نوێنەری ئیمپریالیزمی ئینگلیز بوو... بەوە ئازایەتیەکی گەورە بۆ بێکەس درایە قەڵەم.

## مەشخەڵی نەورۆز لە سلێمانی

هەمان گۆڤار ئەوەشی خستۆتە ڕوو،" لای نیشتیمانپەروەرەکانی شاری سلێمانی لەساڵی ١٩٤٦ بۆ یەکەم جار ئاهەنگێکی گەورەیان بەبۆنەی نەورۆزەوە کرد، ئاهەنگەکەش لە قوتابخانەی شۆڕشی ناوەندی کرا، ئاهەنگێک بوو جوان و ڕێک وپێک، لەو ئاهەنگەدا هەر میوانێک ئەهات چڵێک نێرگزی دادەنا و لەلایەن بێکەس و مامۆستا (ا.ب هەوری هۆنراوە خوێنرایەوە، دوای ئەوەی کە ئێوارە هات و دنیا بەرگی تاریکی پۆشی نزیکەی ٣٠٠ لاو هەریەکە و مەشخەڵێکی داگیرساند و دەستیان کر بەگەڕان بەناو شاردا، وە بانگیان ئەکرد " بژی کوردستان ، بژی کورد و کوردستان".

## هۆنراوە بەناوبانگەکەی پیرەمێرد

بێگومان بۆ نەورۆز شاعیرانی کورد بەرێگەی جیاواز گوزراشتیان لێکردووە و پیرەمێردی نەمر بەوهۆنراوەیە بەناوبانگە کە دەڵێت :

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
چەند ساڵ بوو گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو بە گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عیشق ئەچوون بەرەو پیری مەرگەوە



ئەوا ڕۆژهەڵات لەبەندەنی بەرزی وڵاتەوە
هەر خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەو ئەداتەوە
تا ئێستا ڕووینەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە لەسنگی کچان بێ لەهەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لەدڵی میللەتا ئەژین
ئێستا ئۆخەی ئاسمانێکە و هەتاوی
گیایە گوڵ و مەلە و خورپەی جەماوەری
چی خۆشترە لەوەی تەبیعەت جوان بێ ؟
ماوەی سەرنج پانایی گشت ئاسمان بێ ؟
گیانی سەربەست، باڵداری ڕێی هیوا بڕ
بەرز بێتەوە بەپەڵەی هەور بدا گڕ
بفڕێ بڕوا بۆ کوردستانی ئاوات
ماندوو نەبێ، هەر بڕوات و هەر بڕوات
هەتا ئەگاتە لوتکەی شاخی سەربەست
پێ زنجیری گەل ئەبینێ و ئەبێ مەست

ماموستا گۆران و نەورۆز

هەروەها مامۆستا عەبدوڵا گۆرانیش بۆ نەورۆز وتویەتی :

ئەو نەورۆزەی کە هەزاران بەهارە
لەدێی کوردا گڕی ئاگری دیارە
باو باپیرمان هەتا ئەڕۆن پشتا و پشت
لەم ئاگرەیان دەورە داوە چین بە چین گشت

وەفایی، یارەکەی نەورۆز

وەفایش بەجوانی لە وەسفی نەورۆزدا نوسیویەتی :
نەسیمی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی عاشقان دیسان پەیامی دولبەری هێنا

**نەوبەهارەکەی نالی و عیشقی نەورۆز**

**نالی شاعیی ناوداری کورد و ناوچەی بابانیش دەڵێت:**

**تەشریفی (نەو بەهارە ) کە عالەم دەکا نوێ**
**دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ**
**تیپی شکۆفە خەیمەی داوە لە هەر تەرەف**
**پاشاهی ( نەو بەهارە) هەڵداوە بە هۆر دوێ**

*** بەسود وەرگرتن لە کتێبی ( دیاری نەورۆز لە پەخشانی کوردیدا )، کۆکردنەوەی د. عومەر پەتی.**

**ڕێکەوتی: ٢٠ی مارچی ٢٠١١**

# بنەما ئوستوورەییەکانی نەورۆز

گوڵاڵە کەمانگەر

نەورۆز جێژنێکی گشتگیرە کە لە سەرتاسەری رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و هەروەها لە رۆژهەڵاتی دوور و ئۆرووپا و شوێنەکانی دیکەی دنیادا بە شێوەگەلی جۆراوجۆر بەڵام لە سەر یەک ئەسڵ و یەک بنەما بەڕێوە چووە، ئەو ئەسڵەش تایبەتمەندییەکانی ژیانی وەرزێرییە. هاتنی بەهار و زیندووبوونەوەی سرووشت و سەرلەنوێ شین بوونەوەی گیا و روەک لە زەوی و سەرسووڕمانی مرۆڤی سەرەتایی لەو گۆڕانە کوتوپڕە هۆکاری سەرەکیی هەموو جێژن و سرووت و ئوستوورەکانی پێوەندیدار بە بەهارەوەیە کە لە کوردوستان و ئێراندا بە ناوی نەورۆز ناودێر کراوە.



چەند ئوستوورەی سەرەکی لە ژیانی گشتیی مرۆڤدا رۆڵی جیدی و بەرچاو دەبینن کە یەکێک لەوانە پێوەندی بە نەورۆزەوە هەیە و بە ناوی ئوستوورەی زاوزێ یان ئوستوورەی خودایەکی کوژراو دەناسرێ. بەپێی ئەم ئوستوورەیە کە لێرەدا زۆر بە کورتی ئاماژەیەکی پێدەکەم، ژن-خودایەک (کە لە هەر فەرهەنگێکدا ناوێکی هەیە بۆ نموونە لە بابلدا ئیشتاروت یان هەمان عەشتارە و لە ئێراندا ئاناهیتا و لە ئاناتۆلیدا سیبەل و...) گرفتاری عەشقی خودایەکی نێر دەبێ، بەڵام ئەو خودایە دەکوژرێ و دەکەوێتە دنیای ژێر خاک کە دنیای مردووەکانە، ژن-خودا بۆ هێنانەوەی خۆشەویستەکەی سەفەری دنیای مردووەکان دەکات و خۆشەویستەکەی لەگەڵ خۆی دێنێتەوە. ئەوە تۆخمی سەرەکی و ناوکی ئوستوورەکەیە کە لە هەر گێڕانەوەیەکدا هێندێ لقوپۆپی پێ زیاد کراوە و لە رواڵەتی چیرۆکێکی دڵداریی خودایاندا خۆی دەنوێنێ.



لە شرۆڤەی ئەم ئوستوورەیەدا و بۆ گەڕاندنەوەی بە زمانی واقیعەکانی سرووشت، دەبێ شوێنی راستەقینەی هەر کارەکتێرێک بدۆزینەوە و بزانین ئەوەی لە زمانی ئوستووورەدا وەکوو خودایەک ناسێندراوە لە دنیای واقیعدا چیە.

مرۆڤی سەرەتایی سەرەڕای ئەوەی کە بۆ هەموو بوونەوەرەکانی دنیا ژیانێکی هاوشێوەی ژیانی مرۆڤی لە مێشکی خۆیدا وێنا کردووە، بە هۆی نەبوونی زانست، بۆ شرۆڤەی هەر رووداوێکی سرووشتی کە لە لۆژیکی ئەودا ناگونجێ، بە مەبەستی پاساوهێنانەوە بۆ ئەو رووداوە، ئوستوورەیەک دەخوڵقێنێ. لە بارەی شینبوونی گیا لە بەهاریشدا وەها شتێک روو دەدات واتە هەم خودی ئەو گیایە کە شین دەبێ لە باوەڕی ئەودا خاوەنی ژیانێکی مرۆییە و هەم ئەو هێزە

کە دەبێتە هۆی ئەو رووداوە هێزێکی هاوچەشنی هێزی مرۆییە. لەم بەراوردەدا ئەو خودایەی دەکوژرێت و رادەستی دنیای مردووەکان دەبێ نوێنەری تووی گیایە کاتێک دەیچێنن و هاتنەوەی بۆ ژیانیش هەمان شینبوونیەتی، بۆ مرۆڤێک کە خاوەنی ژیانی وەرزێڕییە ئەو رووداوە رووداوێکی زۆر گرینگە، رووداوێک کە لە باوەڕی ئەودا بەستراوی خواستی خودایان و رازیبوونی ئەوان بەتایبەت ئەو ژن-خودایەیە کە کاری شینبوونی گیا لە ئەستۆی ئەودایە، هەر بۆیە سالانە رێورچەیەک (ئایینێک) بەرێوە دەبات کە لە رەوتی ئەو رێورچەدا رێز لە خودایانی گیایی و ژن-خودای زاوزێ دەگیردرێت و دیاریی جۆراوجۆریان پێشکەش دەکرێت. لەم سرووتەدا بە لاساییکردن لە شینگێڕان بۆ خودای مردوو، سەرەتا ماتەمێک بەرێوە دەچێت، پاشان بە بۆنەی هاتنەوەی ئەووەوە شادی و جێژن و سەما و خۆشییە، کە ئەو جێژن و خۆشییە هەر ئەوەیە کە ئەمڕۆ لە کوردستان و زۆر شوێنی دیکەدا ئاسەواری ماوەتەوە و بووە بە جێژنێکی نەتەوەیی و پێی دەگوترێ نەورۆز. نەورۆزی ئەمڕۆ دیارە زۆر شتی گۆڕاوە، زۆر شتی پێ زیاد کراوە و هێندێ شتیشی لێ کەم کراوە، بۆ نموونە ئەمڕۆ شینگێڕان بۆ خودای کوژراو نابینین بەڵام کاتێ بزانین کە سووگی سیاوەش لە ئێراندا راست لە دواهەمین رۆژانی زستاندا بەرێوە چووە، بۆمان دەدەکەوێت کە بەڵێ نەورۆز جێژنی پاش سووگی سیاوەشە و بە لەبەرچاوگرتنی هەموو لێکچوونەکانی نەورۆز و جێژنەکانی هاوشێوەی لە هەموو دنیادا دڵنیا دەبین کە نەورۆزیش لەسەر هەمان بنەمایە کە باس کرا و پێوەندی بە ژیانی وەرزێڕیی مرۆڤەوە هەیە.

لێرەدا پاش ئەم روونکردنەوەیە کە سەبارەت بە سەرچاوەی ئوستوورەیی نەورۆز پێویست بوو، ئێستا دەپەرژێمە سەر هێندێک لە خاڵە گرینگ و بەرچاوەکانی ئەو نەورۆزەی کە ئەمڕۆ لە کوردستان و لە ئێراندا بەرێوە دەچێ و ئەو خاڵگەلەی کە هەموویان بە جۆرێک بەستراوی یەکن و پێوەندییان بە ئوستوورەکەوە هەیە، دەخەمە بەرباس.

رۆیشتن بۆ سەر قەبران و سەردانی مردووەکان: رۆیشتن بۆ سەر قەبران لە پێوەندی لەگەڵ هەمان ئوستوورە و هەمان ئاییندا کە باس کرا مانای قووڵی دەردەکەوێ، تەرمی خودای کوژراو لە رەوتی سرووتەکەدا تا گۆڕستان رەوانە دەکرێت و لەوێدا ئەوانەی مردوویان مردووە چاوەڕوانی ئەوە دەبن کە هاوکات لەگەڵ هاتنەوەی خودای مردوو لە جێژنی نەورۆزدا، رەوانی مردووەکانی ئەوانیش سەردانی ماڵەکان و بنەماڵەکانیان بکەن. ئەو کارە واتە سەردانی قەبرستانەکان رۆژی پێش لە نەورۆز ئەنجام دراوە، بەڵام دواتر لە ژێر کاریگەریی نەریتی ئیسلامی و عەرەبیدا ئەو رۆژە گۆڕاوە بە پێنجشەممە کە رۆژێکی پیرۆزە بۆ موسڵمانان و ناوی دواهەمین پێنجشەممەی ساڵی لەسەر نراوە. پێداگری لەسەر پاک و خاوێنیی گشتی پێش لە نەورۆزیش پێوەندی بە هەمان باوەڕەوە هەیە، ئەو باوەڕەی کە دەڵێ رەوانی مردووەکان رۆژی نەورۆز دەگەڕێنەوە و سەردانی ماڵەکانیان دەکەن.

ئاگری نەورۆز: ئاگری نەورۆز کە ئێستا تەنیا لە ناو کوردان و هەروەها زەردەشتییەکانی یەزد و کرماندا ماوە، لە ئەسڵدا لەسەر بانی ماڵەکان دەکرایەوە و خەڵکان دوای گەڕانەوە لە سەر قەبران ئێوارەی شەوی نەورۆز، هەرکام و لە سەر بانی ماڵی خۆیاندا ئاگرێکیان دەکردەوە (زەردەشتییەکان ئێستاش هەر بەو شێوە ئاگری نەورۆز دەکەنەوە)، ئەو ئاگرەش بە مەبەستی روونکردنی رێگای رەوانی مردووەکان بوو کە لە ئایینی زەردەشتدا پێیان دەڵێن فەرەوەشی مردووەکان.

ئەو ئاگرەیان دەکردەوە تا فەرەوەشییەکان لە کاتی هاتنەوەدا رێگا هەڵە نەکەن. بەڵام دەتوانین بڵێین ئاگرکردنەوە مەبەستێکی

دیکەشی لە پشت بووە کە بریتی بووە لە بەهێزکردنی تینی خۆر، لە درێژەی زستاندا هەر جێژنێک بەڕێوە دەچێت ئاگرکردنەوەی لە گەڵدایە، ئەو شێوە ئاگرکردنەوە پاڵی داوەتە بەر جۆرێک لە جادوو بە ناوی جادووی هۆمیۆپاتیک کە بەپێی ئەوە لە دیاردەکانی سرووشت لاسایی دەکرێتەوە و مەبەست لەو کارەش بەهێزکردن و یارمەتیدانی ئەوانە، ئاگری سوورییش کە پێنج ڕۆژ پێش لە نەورۆز کراوەتەوە هەر بۆ ئەو مەبەستە بووە، واتە بەهێزترکردنی گەرما و ئاگری خۆر، ئاگری سوورییش هەروەک دواهەمین پێنجشەمەی ساڵ، لە ژێر کاریگەریی فەرهەنگی عەرەبدا کە ڕۆژی چوارشەمە بە نگریس دەزانن گۆڕا بە چوارشەمەسووری کە دیارە لە ناو کورداندا شتێکی تازەیە و پێشتر نەبووە. ئەوەی کە نارەسەنبوونی چوارشەمەسووری دەسەلمێنێ جیاوازیی شێوەی دابەشکردنی ڕۆژەکانە، لە فەرهەنگی کۆنی فەلاتی ئێراندا بە پێچەوانەی فەرهەنگی عیبری و سامی حەوتوو واتە دابەشکردن بە سەر حەوت ڕۆژدا بوونی نیە، بەڵکوو هەرکام لە ڕۆژەکانی مانگ ناوێکی تایبەتی هەیە و بەو ناوە پێناسە دەکرێ نە بە ناوی شەممە و یەکشەممە، لە ڕۆژژمێری کۆنی ئەم ناوچەیەدا بۆ نموونە ڕۆژی یەکەمی هەر مانگێک هۆرموزە (کە هەمان خۆرە) ڕۆژی شازدەهەم مێهر، ڕۆژی بیست و چوارم دین و...هتد.

سفرەی نەورۆزی: سفرەی نەورۆزی، سفرەیەکە کە هەر نەتەوەیەک خۆراکە باوەکانی لە سەر دادەنێ، لە ئێراندا حەوت خۆراک کە ناوەکەی بە «س» دەست پێبکات لە سەری دادەنێن و پێی دەڵێن حەوت سین، دیارە ئەوە شتێکی بێ بنەمایە چوونکە نە ڕەقەمی حەوت بۆ خەڵکی ئەم ناوچەیە پیرۆزی هەبووە و نە مرۆڤی کۆن ئەم نەریتانەی بە مەبەستی کایەی زمانی پێکهێناوە، هەموو نەریتە کۆنەکان لە بیچمی ڕەسەنی خۆیاندا پێوەندی ڕاستەوخۆیان بووە لەگەڵ ئایینەکان کە ئەوانیش بەستراوی شێوەی ژیانیان بوون. سفرەی نەورۆزی لە هێندێ شوێندا بریتی بووە لە ڕواندنی دوازدە جۆر (بە نوێنەرایەتی لە دوازدە مانگی ساڵ) لە دانە سەرەکی و گرینگەکانی ژیانی مرۆڤ کە خۆراکە ئەسڵییەکانی ئەو پێکدێنن وەک گەنم و جۆ و نیسک و گەنمەشامی و... هتد.

مەبەست لەو کارە پیت بەخشین و بەرەکەت خواستن لە خودایانە و ئاواتەخوازی بۆ باشتربوونی خەلەوخەرمان لەو ساڵەدایە. بەڵام بە لەبەرچاوگرتنی نەریتەکانی دیکەی نەورۆز وەک ئاگری نەورۆز و سەر قەبران ڕۆیشتن، خوێندنەوەیەکی دیکەش بۆ ئەو سفرەیە دەتوانێ هەبێ، بەپێی ئەم خوێندنەوە فەروەشی مردووەکان کە لە سەری ساڵدا دەگەڕێنەوە و سەردانی ماڵەکانیان دەکەن پێویستیان بە خواردنێکی تایبەت هەیە، ئەو سفرە و ئەو خواردنانەی سەری، لەوانەیە لە بنەمادا بۆ فەروەشی مردووەکان دانرا بن و دواتر تەفسیر و شرۆڤەی دیکەیان گرتبێتە خۆ. پاشماوەی ئاشنای باوەڕی خۆراک هێنان بۆ مردوو لە ئێستادا، هەمان نەریتی دانانی شیرینی و خورما و حەڵوا لە کاتی سەرەخۆشی و بەجێهێشتنی لەسەر گۆڕی مردووە. لە ناو خەڵکی ئێراندا هەڵکردنی ڕووناکی و دانانی خۆراک لەسەر گۆڕی مردوو ئێستاش زۆر باوە و لە گۆڕستانەکاندا دەبیندرێ.

ڕێزگرتن لە ڕۆژی سێزدەی نەورۆز: ڕۆژی سێزدەی نەورۆز کە بە سێزدەبەدەر دەناسرێ ئەو ڕۆژەیە کە خەڵک بەگشتی لە ماڵ دەچنە دەرەوە و تا ئێوارە لە داوێنی دەشت و چیادان، لە ئێراندا خەڵک دەڵێن سێزدە نگریسە و لەو ڕۆژەدا بۆ دەرکردنی نگریسی ئەو ڕۆژە دەبێ بچنە دەرەوە، بەڵام نگریسبوونی سێزدە لە فەرهەنگی ڕۆژئاواوە هاتووە و شتێکی ڕەسەن لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاستدا نیە، هەروەک لە سەرەوە ئاماژەم پێکرد لە ساڵژمێری ئاڤێستاییدا هەر ڕۆژێک ناوی تایبەت بە خۆی هەیە، هێندێ لە ڕۆژەکانیش ناوی مانگەکانیان لە سەرە بۆ نموونە ڕۆژی دووهەمی هەر مانگێک ناوی بەهمەنە و سێهەمی مانگ ئوردیبەهەشت و شەشەمی مانگ

خورداد و... هتد. ناوی دوازدەمانگی ساڵ هەرکام نوێنەرێکیشیان لە سی ڕۆژەی مانگدا هەیە، لەو ڕۆژانەدا کە ناوی ڕۆژ و ناوی مانگ یەکێکن جێژنی تایبەت بەڕێوە دەچێت کە بە ناوی هەمان ڕۆژەوە دەناسرێت (ناوی مانگەکانی ساڵ ناوی ئیزەدەکانن هەر بۆیە ئەو جێژنانە تایبەت بە ڕێزگرتن لەو ئیزەدانەیە) بۆ نموونە لە مانگی مێهردا ڕۆژی شازدە کە مێهر ڕۆژی پێدەگوتری، ڕۆژی جێژنی مێهرەگانە، هێندێک لەم ئیزەدانە بە هۆی گرینگبوونی ڕۆڵیان لە ژیانی مرۆڤدا لە دەرەوەی ڕۆژەکەی خۆیان لە مانگەکانی دیکەشدا جێژنیان بۆ بەریوە دچێ لەوانە یەکێکیان ئیزەدی ئاگر و خۆر واتە مێهر و ئەوی دی ئیزەدی ئاو واتە تیشتەر یان هەمان تیر کە ڕۆژی سێزدەی هەر مانگێک بە ناوی ئەو ئیزدەیە. لە ئیزەدی تیشتەر هەم لە ڕۆژەکەی خۆیدا کە سێزدەی مانگی چوارە و بە ناو جێژنی ئاوریزگان دەناسرێ، ڕێز دەگیردرێ و هەم لە ڕۆژانی سێزدەی سێ مانگەی بەهار. مەبەست لەوەش پەسنی ئیزەدی ئاو (تیشتەر) بۆ زیادکردنی ئاو لە وەرزی گەرمادایە (کە ئەمەش جۆرێک لە جادووی هۆمیۆپاتیک دێتە ئەژمار). ئەو جێژنەی کە لە ڕۆژی سێزدەی نەورۆزدا بەڕێوە دەچێ، جێژن بۆ تیشتەرە و هەمیشە لە کەناری ڕووبار و ئاودا بەڕێوە دەچێ.

بەگشتی ئەوەی سەبارەت بە نەورۆز لە باری ئوستوورەییەوە زەق و بەرچاوە خودی بەهار و سرووشتە نەک هیچ مانایەکی دیکە، بەڵام تایبەتمەندیی مێشک و هزری مرۆڤ ئەوەیە کە لە ڕەوتی مێژوودا لەسەر بنەمای سادەترین یاساکانی سرووشت تێکچڕژاوترین سرووتەکان و ماناکان بۆ خۆی دەخوڵقێنێت و کۆی ئەوانە بۆ هەر نەتەوەیەک دەبێت بەو شتەی کە بە ناوی شووناسی نەتەوەیی دەیناسین.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان میدیا / ڕێکەوتی : ٦ی ئاوریلی ٢٩١٢

# نەورۆز بۆ ئێمە، نەورۆز بۆ ئەوان

م. ئەحمەدی

## بەرایی



نەورۆز بۆنەیەکی تایبەتی نەتەوەیەک نییەو هی زۆربەی میللەتانی ئارییایە. ئەم بۆنەیە لە ڕێکەوتی ٢٤ فێوریەی ساڵی ٢٠١٠ دا، لە لایەن ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک «ڕۆژێکی نێونەتەوەیی و فەرهەنگی ئاشتی» لە جیهاندا بە فەرمی ناسی. نەورۆز کە ئێستا وارایەتییەکی جیهانیی هەیە، لە نێوان بەشێک لە میللەتانی و وڵاتانی جیهان دا بەشێوازی جوراوجۆر یاد دەکرێتەوە. لە کۆی ئەم یادکردنەوانەدا نەورۆز بە واتای نوێبوونەوە و دەست پێکردنی وەرزێکی نوێ دێ. لای ئەو وڵاتگەلەی کە بەپێی ڕۆژمێری هەتاوی کار دەکەن (وەک: ئێران و ئەفغانستان) نەورۆز بە واتای سەرەتای ساڵی نوێ دێ و لای ئەو وڵاتگەلەی کە بەپێی ڕۆژمێری زایینی کار دەکەن، ڕۆژی نەورۆز بە مانای دەسپێکی وەرزی بەهار دێ.

ئەوەی لەم وتارە دا مەبەستە، یەکەم، ڕوانینێکی گشتییە بۆ نەورۆز و چۆنیەتیی یادکردنەوەکەی، دووەم، ڕوانینێکی تایبەتە بۆ گرنگییەکەی لای کورد. ڕوانینی دووەم، کە تەوەری سەرەکیی وتارەکەیە، قسەکردنە لەسەر سنووربەندیی نێوان نەورۆزی ئێمە (وەک کورد) و نەورۆزی ئەوان (نەتەوە و وڵاتگەلی دیکە). بە واتایەکی دیکە وەڵامدانەوەی ئەو پرسیارەیە کە ئاخۆ نەورۆز لای ئێمە تەنیا بۆنەیەکی کولتووریو کۆمەڵایەتیی ڕووتە، یان بۆنەیەکی سیاسیشە؟ چەندە ئێمە لە نەورۆز بۆ گەیاندنی پەیامی سیاسی، بردنە سەرەوەی ئاستی و شیاریی نەتەوەیی، ڕێکخستنی سیاسی و مانۆڕی نەتەوەیی (بەتایبەتی لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان) کەڵکمان وەرگرتووە؟ بێگومان قسەکردن لەسەر ئەم پرسیارگەلە، پێویستی بە ڕامانێکی نوێیەو وەڵامەکەشیان لەهەر کام لە پارچەکانی کوردستان جیاوازە.

## نەورۆز بۆ ئەوان

نەورۆز لای زۆربەی میللەتانی ناوچەکە تەنیا بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە و لەو چوارچێوەیە دا بە شێوازی جیا جیا یاد دەکرێتەوە. هۆکاری ئەوە کە تەنیا جەژنێکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە، دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی ژیان و کێشەکانی ئەو میللەتانە. بەواتایەکی دیکە ئەوان خاکیان داگیر نەکراوە، کیانی سیاسی و سنووری خۆیان هەیە، زمانو کولتووریان مەترسیی لەناوچوونی لەسەر نییە، بۆیە نەورۆز لای ئەوان زتاتر وەک بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتوورییە.

لە نەورۆزدا، زۆربەی ئەو نەتەوە و وڵاتگەلەی کە ئەم بۆنەیە جەژن دەگرن، کۆمەڵێک نەریتیان هەیە کە ساڵانە لە نەورۆزدا ئەنجامی دەدەن. لەوانە: خاوێنکردنەوە ناوماڵ، سەردانی خزمو کەس و سەیران و سەفەری ئەم لا و ئەو لا، رازاندنەوەی سفرەی حەوت سین، دروستکردنی خواردنی جۆراوجۆ، گۆرانی و هەڵپەرکێ، ئاگرکردنەوە، ئەنجامدانی پێشبرکێی و گەمەی جۆراوجۆر و... .

هەرکام لەم نەریتگەلە باکگراوندو ئەفسانەیەکیان هەیە. ئەوەی لێرەدا گرنگە، باکگراوندی ئەو نەریتگەلە نییە، بەڵکو گرنگ ئەوەیە کە ئەو نەتەوە و وڵاتگەلە لە چوارچێوەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووریدا یادی نەورۆزیان کردووەتەوەو ئەم جەژنەیان ئاوێتەی سیاسەت نەکردووە. بەم جۆرە لە سەرماو کرێوەی زستان و تاریکی و... ماڵاواییان کردووە و بەرەو پیری بەهارو ساڵی نوێ و داوێنی سروشت و ژیانێکی نوێ چوون.

## نەورۆز بۆ ئێمە

ئەگەر چاو لە چەند دەیەی رابردوو بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە بەپێچەوانەی نەتەوەو وڵاتانی دەوروبەر، نەورۆز بۆ کورد هەمیشە مانایەکی دیکەی هەبووەو هەیە. بەواتایەکی دیکە نەورۆز بۆ کورد جیا لەوەی بۆنەیەکی کۆمەڵایەتی و کولتووری بووە، هەمیشەش تێکەڵاوی خەمی نەتەوەیی و سیاسی کراوە. نەورۆز بۆ کورد دەرفەتێک بووە بۆ ئەوەی خۆی بیووژێنێتەوەو بەشێوازی جۆراجۆر ئەوە پەیامەی پێ دەربڕاوە کە کورد نەتەوەیەکە غەدری لێ کراوە، کوردستان نیشتمانی یەک نەتەوەیەو پارچە پارچە کراوە، زمانمان شێوێندراوەو هەوڵ بۆ ئاسیمیلەکردنمان و... دراوە. بەردەوام گۆرانی و شیعرە نەورۆزییەکان بە پەیامی سیاسی و خەمی نەتەوەیی بار کراون. واتە سروشتی راستەقینەی نەورۆز لای کورد لە فۆرمێکی کولتووری و کۆمەڵایەتییەوە، گۆڕدراوە بۆ فۆرمێکی سیاسی. ئەگەر سەرنج بدەین دەبینین بەردەوام داگیرکەرانی کوردستان بەرانبەر بە چۆنیەتی بەڕێوەچوونی نەورۆز لە کوردستان هەستیار بوون و زۆر جار لەبەرەبەری نەورۆزدا کوردستان میلیتاریزە کراوەو بۆنە نەورۆزییەکان لە زۆر شوێنی کوردستان تێک دراون و کوشتن و زیندانیان لێ کەوتووەتەوە. هەموومان نەورۆزەکانی نەوەدەکانی سەدەی رابردوومان لە باکووری کوردستان لەبیر ماوە، کە بە چ شێوەیەک خەڵک سەرکوت و شەهیدو دەستگیر دەکران. «زەکیا ئەلکان» کە کچە خوێندکارێک بوو لە شاری ئامەد لە نەورۆز بۆ دەربڕینی ناڕەزایەتی و گەیاندنی پەیامی نەتەوەکەی ئاگری لە جەستەی خۆی بەردا. نەورۆزی ساڵی ١٣٧٧ی هەتاوی شاری سنەمان لەبیرماوە کە دەیان لاو لە سنە دەستگیر کران و لە زۆر شوێن بە سەپاندنی کەشێکی میلیتاریستی رێگەیان نەدەدا ئاگریش بکرێتەوە.

لە ساڵانی رابردوودا لە هەرکام لە پارچەکانی کوردستان هەوڵ دراوە لە نەورۆز کەڵک وەربگیردرێ، لە باکوور، چەند ساڵە میتینگی ملیۆنی لە نەورۆزدا بەڕێوە دەچێ و ئیرادەو ئیقتداری نەتەوەیەک نیشان دەدرێ. لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای گوشارو زەختی زۆر چەند ساڵە لە هەندێ لە شارەکان و گوندەکان کۆبوونەوەی بەرین لە نەورۆزدا پێک دێ و بە خوێندنەوەی شێعر و سروودی جۆراوجۆر، بۆنەکە بەرز رادەگیردرێ. لە رۆژاوای کوردستانیش بە کۆبوونەوەی بەرینی جەماوەری ئەم بۆنەیە یاد دەکرێتەوە. لە باشووری کوردستانیش جیاواز لە پارچەکانی دیکە بەڕێوە دەچێ و حکوومەت و دەزگا پێوەندیدارەکانی سەرپەرشتی بەڕێوەچوونی فستیڤاڵی ساڵانەی نەورۆز لە شارەکان دەکەن.

## نەورۆز لە رۆژهەڵات

بەئاوڕدانەوەیەک لە بەڕێوەچوونی نەورۆز لە باکور لەم بەشدا لە رونگەیەکی رەخنەگرانەوە قسە لەسەر بەڕێوەچوونی نەورۆز لە رۆژهەڵات دەکەین. لە نەوەدەکانی سەدەی رابردوو و سەرەتای سەدەی بیست و یەک، بەڕێوەبردنی جەژنی نەورۆز لە باکووری کوردستان قوربانی و نرخێکی زۆری بەدوای خۆیدا هێناو ئێستاش ئەو ڤیدیۆانە ماون کە بە چ شێوەیەک سەربازی تورک خەڵکی کورد سەرکوت دەکەنو هەڵدەکوتنە سەر رێورەسمەکانیانو دەستگیریان دەکەن، لێیان دەدەن و لێشیان دەکوژن. سەرەڕای ئەو هەموو گوشارە خەڵک نەسڵەمینەوە و نەورۆز لە دوای نەورۆز بە گوڕوتینتر هاتنە مەیدان و لە ئەنجامی ئەو کۆڵنەدانەدا، کەشی سیاسی تورکیا بە قازانجی ئەوان گۆڕاو ئێستا نەورۆزی ملیۆنی لە ئامەد بەڕێوە دەچێ. رەنگە هەموومان بە بینینی وێنەو ڤیدیۆکانی رێورەسمە نەورۆزییە ملیۆنییەکانی ئەم ساڵانەی دوایی باکووری کوردستان هەست بە شانازی و گەورەیی نەتەوەکەمان بکەین، واتە بە زەقی ئیقتدارو گەورەیی نەتەوەیەک نیشان دەدرێ و نەورۆز لە باکوور بووەتە مانۆڕێکی سیاسی . نەتەوەیی گەورە.

ئەگەرچی ناکرێ، هەلومەرجی سیاسی زاڵ بەسەر باکورو رۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ یەکتری بەراوەرد بکەین، بەو حاڵەش چۆنیەتی کەڵک وەرگرتن لە نەورۆز لە رۆژهەڵاتی کوردستان رەخنەی لەسەرو رەخنەکانیش بەرۆکی رێکخستنە سیاسییەکانی ئەو پارچەی وڵات دەگرێتەوە. ئەوەی دیارە لە رۆژهەڵاتی کوردستان جیا لە چەند حەرەکەتێکی لاوەکی، لەم چەند ساڵەدا نەتوانراوە لە نەورۆز وەک بۆنەیەک بۆ نیشاندانی ئێقتداری نەتەوەیی و گەیاندنی پەیامی سیاسی کەڵک وەربگیردرێ. ئەگەر سەیرێکی ناوەرۆکی پەیامی حیزبەکانی رۆژهەڵات و ئاخاوتنی کاربەدەستانی حیزبی بەم بۆنەیەوە بکەین، بۆمان دەردەکەوێ کە پەیامەکان جیاوازییەکی ئەوتۆی لەگەڵ پەیامەکانی ساڵانی رابردوو نییەو بەجۆرێک چەند ساڵە کۆمەڵێک قسەی دیاری کراوە دووپات دەکرێتەوەو تەنیا رستەکان و وشەکان ئەملاو ئەو لایەکیان پێدەکرێ. لە لایەکی دیکەشەوە ئەگەر سەیری بەرنامە تەلەفزیۆنییەکانی کەناڵەکانی سەر بە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین، دەبین خۆیان داوەتە دەستی قەدەر و بێ پلانیان لێ دەبارێ. ناوەڕۆک تەنزەکان، گۆرانییەکان و هەڵپەڕکێ و... ئەوەندە لە ئاستێکی نزمدایە کە بە باوەڕی من نەتەنیا خەڵک بۆ خەبات و کوردایەتی هان نادەن و ئاستی وشیاری نەتەوەیی بەرز ناکەنەوە، بەڵکو کۆمەڵگا بەرەو جۆرێک لە سادەیی لە بیرکردنەوەدا دەبەن. تەنانەت لە کاتی وتاری جیدی کاربەدەستانی حیزبیدا (بە بۆنەی نەورۆزە) خەڵک بیر لەوە دەکەوە کە هەرچی زووترە وتارەکە کۆتایی بێ و هەڵپەڕکێ و گۆرانییە بێ ماناکان دەست پێ بکا. ئەمەش هەڵگری ئەو پەیامەیە کە خەڵک ماندوو بووەو نایەوێ هەموو ساڵێک گوێ لە یەک پەیام بێ. بەجۆرێک دەکرێ بێژین پەیام و بەرنامەی تەلەفزیۆنەکانی سەربە حیزبەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان بەشێوەیەکی زۆر خراپیش لە ژێر کاریگەری تەلەفزیۆنەکانی باشووری کوردستانو فەزای تەمبەڵ پەروەی باشووردایە.

بەکورتی، لە رۆژهەڵاتی کوردستان سەرەڕای ئەوەی نەورۆز ئاوێتەی سیاسەت و پەیامی نەتەوەیی بووە، بەڵام نەمانتوانیوە وەک پێویست ئەم هەلە بقۆزینەوە بۆ نیشاندانی ئیرادەی نەتەوەیی و بردنە سەرەوەی ئاستی وشیاری نەتەوەیی. هۆکاری سەرەکی ئەمەش ئەگەڕێتەوە بۆ کەمکاری حیزبەکانو نەبوونی جیدیەتێکی خەباتکارانەی مەدەنی بۆ رێکخستنی خەڵک و دروست کردنی نارەزایەتی. بەشێکیشی بۆ ئەو فەزایە دەگەڕێتەوە کە ئەمڕۆ بەسەر رۆژهەڵاتی کوردستاندا زاڵە و هەموو شتێک لە روانگەیەکی ئەمنییەتییەوە لێک دەداتەوە.

## کۆتایی

پێم وایە نەورۆز بۆ نەتەوە و وڵاتانی دیکە لە ناوچەکەدا دەکرێ لەم شێعرەی «حافظ»دا کورت بکەینەوە کە ئەڵێ :» نفس باد صبا مشک فشان خواهد شد / عالم پیر دگرباره جوان خواهد شد». ئەمە بەتەواوەتی ئەوەمان پێ دەسلمێنی کە نەورۆز بۆ ئەوان ئاوێتەی سیاسەت نەبووە و وەک سروشتی خۆی گرێدراوی بەهارو وەرزی نوێ و ساڵی نوێ و ... بووە. بەپێچەوانەی گەلانی ناوچەکە نەورۆز بۆ کورد جیاواز بووەو ئەمەش رەنگدانەوەی لە ئەدەبیاتی کوردی دا رەنگی داوەتەوە. هاوکات لەگەڵ ئەوەی لە شیعری شاعیرانی کورددا گرنگی بە هاتنی وەرزی نوێ و نوێ بوونەوەی سروشت و ... دراوە، ئەو لایەنەشی دیارە کە نەورۆز تێکەڵی سیاسەت و پرسی نەتەوەیی کراوە. بۆ وێنە پیرەمێرد ئەڵێ:» نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە / لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە / ئەوا رۆژهەلات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە / خوێنی شەهیدە رەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە / تا ئێستە رووی نەداوە لە تاریخی میللەتا / قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا.»

هەروەها شاعیری گەورە «عەبدوڵا پەشێو» لە شێعری « ئەمساڵ بێ چیا، نەورۆز ناکەم » بە تەواوەتی دیوی سیاسی نەورۆز لای کورد زەق دەکاتەوە. بەگشتی دەتوانین بێژین کە نەورۆز بۆ کورد بۆنەیەکی گرنگە و ئەم بۆنەیە جگە لەوەی بۆنەیەکی کولتووری و کۆمەڵایەتییە، بۆنەیەکی سیاسییە. ئەمڕۆ لە باکوری کوردستان ئەم بۆنەیە بۆ نیشاندانی ئێقتداری نەتەوەیی و ئیرادەی نەتەوەیەکی بێ دەوڵەت کەڵکی لێ وەرد دەگیردرێو کاریگەریی خۆشی داناوە. بەداخەوە لە رۆژهەڵاتی کوردستان نەتوانراوە ئەم دەرفەتە کەڵکی لێوەربگیردرێ، هەرچەند کۆمەڵێک هەوڵ و چالاکیی خۆڕسک هەیە، بەڵام ئەوانە وەڵامدەر نین و پێویستە هەوڵی زیاتر بدرێ.

لە ژمارە ٦٢٩ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان کورد / ڕێکەوتی : ٥ی ئاوریلی ٢٠١٤

# نەورۆز، لە سروشتەوە بۆ پانتایی سیاسەت

ئەیوب شەهابی راد

بەر لە هەر هێما یان نیشانەیەک، گۆرانی وەرز، ژیانەوەی دووبارەی سروشت و هاتنی بەهار لە ئاماژە نەگۆڕو سروشتییەکانی سەری ساڵی کوردین کە بە جێژنی نەورۆز پێناسە کراوە. کوردیش بەپێی مێژوو و شارستانییەتی خۆی خاوەنی گەلێک کلتووری تایبەت بەخۆیەتی کە لە مێتۆد و ئایینو بۆنەی جۆراوجۆر دا سەریان هەڵداوە هاوشانی هەڵکشانی مێژووی ئەم نەتەوەیە، بوونیان بەردەوام بووە. یەکێک لەو بۆنە رەسەن و مێژووییانە جێژنی نەورۆزە کە ئەگەریش بەتەنیا هی کوردان نەبێ، بەڵام بە لەبەرچاو گرتنی رەگەزە سروشتی و کلتوورییەکانی نەورۆز، بێگومان پشکی هەرە زۆری وەبەر کورد دەکەوێ و وەک دیاردەیەک کە زادەی ژینگەی کلتووری — سروشتی کوردستان بێ، دێتە ئەژمار.



ئەگەر فەلسەفەی دروست بوونو رەهەندە جۆراوجۆرەکانی پەیامی نەورۆز بخەینە بەر خوێندنەوەیەکی شیکاری، بێگومان نەورۆز بەدەر لە هەموو ئەم چەمک و بۆچوونانە، تەنیا رووداوێکی سروشتی رووت بەپێی ژینگەی جوغرافیایی ژیانی کوردانە. بەڵام لە هەمان کاتدا نابێ ئەم خاڵە گرینگە وەبەرچاو نەگرین کە داهێنانی وەها بۆنەیەک کە پڕە لە ماناو تەفسیری جۆراوجۆر، دەرخەری بوونی باکگراوندێکی شارستانیی دەوڵەمەند بە بیرو هەستی ژیان دۆستی — ژینگە دۆستی ئەقڵیەتی کورد لەو سەردەم دا بووە.

بەراوردێک لە نێوان توخم و پەیامە رەسەنەکانی بۆنەی نەورۆزو روانگەو خوێندنەوەی کۆمەڵگای ئەمرۆکەی کورد لە نەورۆز، بەرچاوروونی باشترمان پێ دەدا تا لەوە تێبگەین کە ئاراستەو کاریگەری ئەم چەمکانە لە رەوتی مێژووی کۆن و هاوچەرخی کوردا بە چ شێوەیەک و لە چ ئاستێک دا بوون.

نەورۆز، وەک بۆنەیەکی کلتووری و مێژوویی بەدەر لەوەی کە هی چ نەتەوە یان چ ناوچەیەکی جوغرافیایی بێ، هەڵگری کۆمەڵێک توخمی وەک: ژیانەوەی دووبارەی سروشت، ئاگر، بەزم و شایی، خووو رەوشتی ژیانی رۆژانە، نوێکردنەوەو پتەوترکردنی پێوەندییە کۆمەڵایەتییەکانە کە ئەگەر بە شێوەیەکی رواڵەتی و فەرمیش بێ، تا ئێستاش بوون و شوێنەواریان لە نێو نەتەوەکانی ناوچە و بەتایبەت نەتەوەی کورددا هەر ماوەو بەردەوامن. بەڵام ئایا ئەم چەمک و توخمانە تا چەند لە واقعی ژیانی ئەم کۆمەڵگایانە رەنگدانەوەی پێویستیان هەبووە یان رەسانەیەتی و رەسالەتی خۆیان پاراستوە، یان تا چەند بۆ نێو پانتایی ژینگەی کۆمەڵایەتی - سیاسی، ئەقڵیەتو رەفتاری ئەم کۆمەڵگایانە خۆیان تەرجومە کردۆتەوە.

ئەگەر جێژنی نەورۆز بۆ نەتەوەکانی تری ناوچە، تەنیا بۆنەیەکی مێژووییە بەڵام بۆ نەتەوەی کورد جگە لە رەهەندی مێژوویی

– كلتووری، رەهەندێكی سیاسیشی بەخۆوە گرتوە كە دەتوانین بڵێین ئەم رەهەندە بۆتە شوناسێكی نەتەوەیی. رەنگە نەورۆز بە تەنیا خۆی نەبووبێتە هۆكارێك بۆ ئەوەی وەك یەكێك لە تـوخمە گرینگەكـانی شوناسی نەتەوەیی دەربكەوێ، بەڵكوو ئـاوێتە بـوونی دوو رەهەندی، داگیركراوی خاكی كوردستان و بوونی بزووتنەوەی رزگاریخوازی كوردان لەگەڵ پەیـامە مرۆڤ دۆستانە و مەدەنییەكـانی نەورۆزن كە لە ئێستادا تێكەڵ بە رەوتی گەشەسەندنی ناسیۆنالیزمی كوردی بوون.

لێرەدا دەبینین كە بۆنەی نەورۆز بۆ كورد، لە ژینگەی سروستیی خۆیەوە گۆازراوەتەوە بۆ پانتایی ژیانی سیاسی ئەم كۆمەڵگایە. بەڵام هەروەك پێشتریش ئاماژەمان پێكرد ئایا پەیامەكانی نەورۆزو هەروەهـا دەركەوتنی وەك تـوخمێكی گرینگی شوناسی نەتەوەیی تا چەند لە بیركردنەوەو هەڵسوكەوتی سیاسی – كۆمەڵایەتی كۆمەڵگای كوردی دا رەنگی داوەتەوە. هەرچەند ئەم بـابەتە پێویستی بە لێكۆڵینەوە و خەسارناسی بەرفراونی كۆمەڵگای كوردستان هەیە، بەڵام ئەوەی لە واقع دا بە روخسـاری كۆمەڵگاوە دیـارە، هیچكام لە ئاست رەسـالەتی پەیـامو بەهاكانی نەورۆز دا نین. هێماكـانی هاوپێوەنـدیی، یەكگرتـوویی و روحـی نەتەوەیی ئەگەرچی لە تـا رادەیەك لە ژیانی سیاسی كۆمەڵگادا رەنگی داوەتەوە بەڵام تـا هەنووكەش وەك چەمكێكی جێگرتـوو لە بیركـردنەوەو رەفتـاری سیاسی ئێلیتـی كـورد و بـزووتنەوەی سەرانسـەری كوردسـتان دا بە شێوەیەكی واتـادار بـوونی نیەو دەتـوانین بڵێین روانـگەی بـزووتنەوەی سەرانسەری و بەتایبەت دەسەڵاتی كوردی لە چوارچێوەی كەڵك وەرگرتنێكی ئـامرازی لە نەورۆز تێپەر نەبووە. رەنگە هەر ئەمجۆرە روانگەیەی ئێلیتی سیاسی و دەسەڵاتی كوردی و هەروەها نەبوونی كیانێكی یەكگرتوو، یەكێك لە هۆكارە سەرەكیەكانی جێگیر نەبـوونی كلتوور و پەیامەكانی نەورزۆ بۆ نێو پانتایی كۆمەڵگای كوردی تـا هەنووكەش بەشێوەی پێویست بێ.

نەورۆز، لەگەڵ ئەوەی كە كۆمەڵێـك لە نەتەوەكـانی نـاوچەش خۆیـانی لـێ بەخـاوەن دەزانـن، بەڵام بەپێـی هەمـوو بەڵـگە مێژووییەكان، كورد هەقی خۆیەتی خاوەندارێتی لێبكاو دەتوانین بڵێین لە ئێستادا بۆ ئێمە كورد، هەم بـۆتە ئەمرێكی واقع و هەم بۆتە هێما و رەمزێك بۆ خەبات و بەرخودانی نەتەوەیی بە دژی ستەم و داگیركـاری. بـۆیە لە ئێستادا پێویستە ئەم بۆنە مێژوویی و نەتەوەییە لە سێ تەوەری سەرەكی دا كاری جیددی بۆ بكرێ:

* بە فەرمی ناسین و بەنەتەوەییتر كردنی.
* كەڵك وەرگرتنو پەرە دان بە لایەنە كلتوورییەكانی (مرۆڤدۆستی – ژینگە دۆستی)و جێگیر كردنی ئەم بەهـا و پەیـامانە لە نـاخی هەڵسووكەوتی كۆمەڵایەتی كۆمەڵگا.
* پێداچوونەوە بە رێورەسم و ئایینە تایبەتییەكانی نەورۆزو بەخشینی فۆرمێكی سەردەمیانە لە پێناو بە جیهانی كردنی.

لە ژمارە ٦٢٨ ی رۆژنامەی "كوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی كوردستان كورد / ڕێكەوتی : ٢٠ی مارچی ٢٠١٤

# نەورۆزو خەباتی نەتەوایەتی

وریا رەحمانی



ئەگەر بۆ نەتەوەکانی دیکەی غەیری کورد نەورۆز تەنیا نمادی نوێبوونەوەو دەسپێکی ساڵێکی دیکەی هەتاوییەو زیاتر وەک نەریتێکی کۆنی فەرهەنگی و کۆمەڵایەتیی مێژوویی چاوی لێدەکرێ، ئەوا بۆ کورد و خەڵکی کوردستان هەر لە کۆنەوەو بەتایبەت لەم چەند دەیەی دوایی دا وەک هێمایەکی بەرەنگاری و بەرخۆدانی نەتەوەیی و نیشتمانیی لێهاتوە. نەتەوەیەکی زیندوو هەوڵ دەدا بەردەوام خۆی بە پێێ هەلومەرجە جۆراوجۆرەکان و لەگەڵ هەر ئاڵوگۆڕێکی نوێدا نوێ بکاتەوەو هەروەها بۆنەو نەریتە جیاوازە مێژووییەکانیش لە دەروونی خۆی دا بە پێی بارودۆخەکانی سەردەم و زەروورەتەکانی زەمان بە شوناس و پێناسەیەکی گونجاوو نوێترەوە بەرهەم بێنێتەوە (باز تعریف بکاتەوە). بەتایبەت پاش کۆتایی هاتنی قۆناغی شەری ساردو پێکهاتنی فەزایەکی کراوەتری دەرکەوتن لە جیهاندا بەگشتی و لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاستیش دا بەتایبەتی و هەروەها لەبار نەمانەوەی شێوازی خەباتی چەکداری لە بەشە جیاوازەکانی کوردستان بەگشتی و بەتایبەت لە رۆژهەڵاتی کوردستان و پەی بردن بە زەرفییەتە قووڵەکانی شێوازی خەباتی مەدەنی و جەماوەری بۆ گەیشتن و دەستەبەر کردنی ئامانجە رەوا و میللی_ دێموکراتیکەکانی نەتەوەیی کورد، نەورۆزو بەرز کردنەوەی ئاڵای کوردانەی نەورۆز لەم راستایەدا هەرچی زیاتر خۆی دەنوێنێ. بۆنە خولقێنی لە چوارچێوەی خەباتی مەدەنیی جەماوەری دا دەتوانێ دەورێکی کاریگەرو بەرچاوی هەبێ. زۆر گرینگە کە هەڵوێستی سیاسیی کوردی بە ئەحزاب و لایەنە سیاسییەکان و هەروها جەماوەری خەڵکی خەباتگێرو مافخوازی کوردستانەوە گرینگییەکی زیاتر بە نەورۆزی کوردەواری بدەن و بە دیدێکی فەزا نرخێنانەی موسبەتەوە لەم بەستێنەدا هەوڵ بدەن لە زەرفییەتە ئازادیخوازانە و دێموکراتیکەکانی ئەم نەریتە کۆنە کەڵکێکی دروست وەرگرن و بیکەنە بەستێنێکی لەبار بۆ بەرجەستە کردنەوەی ویست و داخوازییە نەتەوەییەکان و راکێشانی سەرنجی ناوچەیی و جیهانی بەرە و پرسی لەمێژینەی کورد لە رێگایەکی شارستانیانە و ئەکتیڤی ئەمڕۆیەوە. تا ئێستا نەورۆز دوای زەمانی کوردی توانیویەتی دەورێکی هاوپێوەندییانەی باشی لە یەکگرتوویی و یەکبوونی نەتەوەیی کورد بەتایبەت لە ناوچە جۆراوجۆرەکان و پارچە جیاوازەکانی کوردستان دا هەبێو ئەوە خود پووانێکی یەکجار بەنرخ و کاریگەرە کە کوردی لە پەرتەوازەیی و بێ مەیلی بە نیسبەت یەکەوە دوور خستۆتەوە. کورد لە هەر کوێیەکی دنیا بێ هەوڵی داوە بە نمادی کوردییەوە بەرەو پیری نەورۆز بچێ و جیاوازی و سەربەخۆیی نەتەوەیی خۆی لەم رەهەندەوە بەگشت جیهانیان و بەتایبەت نەتەوە باڵادەستەکانی وڵاتانی داگیرکەری کوردستان نیشان بدات. گرتنی جەژنی نەورۆز و بەڕێوەبردنی رێورەسمی تایبەتی کوردی تێی دا لە شوێنەگەلێکی وەک قەزاقستان، ئەرمەنستان، خۆراسان، ئیستانبول، لوبنان و هەر چوار پارچەی کوردستان بە شیوەی جۆراوجۆر هیچ نەبێ ئاستی هەستی نەتەوایەتیی کوردیی راشکاوانە بەرزتر کردەوە و بازنەی بیری نەتەوایەتیشی بە شێوەیەکی حاشا هەڵنەگرانە بەرفراوانترو بەرینتر لە جارانی خۆی کردۆتەوە. لە راستی دا دەرفەتە نەتەوەییە مێژووییەکان هەمیشە بە شێوەیەکی دڵخوازانە و لەبار هەڵناکەونەوەو نەتەوەیەکی زیرەک و زیندوو ئەوەیە کە بە باشترین شێوازی مومکین کەڵکیان لێ وەردەگرێ. رەنگە هەمیشەش وا هەڵنەکەوێتەوە کە هێزو

هەڵوێستی سیاسیی کوردی بتوانێ جەماوەرێکی مافخوازی بەبیرو باوەڕ لە بۆنەیەکی تایبەتدا لە دەوری یەک کۆ بکاتەوە. هەر بۆیەش پێویستە هەڵوێستی سیاسیی کوردی بەتایبەت هێز و لایەنە کاریگەرەکانی نێو بزووتنەوەی سیاسیی کوردستان هەوڵێکی جیددی بدەن بۆوەی کە بە باشترین شێوەو بە شێوازێکی ئاشتیخوازانە و مەدەنیشەوە لەو کۆبوونەوانەی نەورۆزانەی خەڵکی کوردستان لە پێناوی گەیشتن بە ئامانج و داخوازییە نەتەوەییە رەواکانی کورد کەڵکێکی زیاتر وەربگرن. پێویستە نەورۆز لەو تاک رەهەندییەی ئێستای دەربێنن و وێڕای پاراستنی شوناسە فەرهەنگی و مێژووییەکانی هەوڵێکی جیددیتر وەگەڕ بخەین بۆوەی بە تێگەیشتنێکی باشترو ئەمرۆییانەتر لە زەرفییەتە گونجاوەکانی، شوناسێکی خەباتگێرانە و مافخوازانەی رەهەندی مەدەنی و جەماوەریی خەبات و بزووتنەوەی سیاسیی کوردستانیشی پێ ببەخشین. لە مەیدان بوون، گەمەی بەردەوامی دەوێ و نەورۆز لەو باشترین هەلانەیە کە کورد دەتوانێ بۆ حزوور و گەمە سیاسییەکانی خۆی لە مەیدانی خەباتی نەتەوەیی بەرامبەر بە حکوومەتە داگیرکەرەکانی کوردستان کەڵکی باشی لێ وەرگرێ.

لە ژمارە ٦٢٨ ی رۆژنامەی "کوردستان"دا بڵاو بۆتەوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان کورد / ڕێکەوتی : ٢٠ی مارچی ٢٠١٤

# بەهار و نەورۆز جێژنی سرووشتی پێدەشتەکانی زاگرۆس!

**ئاریتما موحەممەدی**

مادەکان لە وەرزی بەهاردا سەرکەوتنی مەزنیان بەدەست هێنا و بەهار و نەورۆزیان وەک هێمای ڕۆژێکی نوێ پێناسە کرد و ئیتر لەو کاتەوە بەبەردەوام بەهار و نەورۆزیان جێژن گرتووە.



نەورۆز گرینگترین و مێژووییترین جێژنی نەتەوەیی و پڕ بایەخی کورد لە مێژووی کوردستان و ناوچەکە و زاگرۆسدا بووە، نەورۆز لە گەڵ ئەوەدا کە شنەی شەماڵ و وەرزی گەرمی و گەشت و سەیران لەگەڵ خۆی دێنێت و بەرگ و ڕووخسارێکی نوێ بە خاک و ئاو و دەشتودەر دەبەخشێت، هاوکات بە وەرزی زاڵبوون بەسەر سەرماوسۆڵەی زستان و بەزاندنی ئەو وەرزە سارده و زیندووبوونەوەی گژوگیان و سرووشت پێناسە دەکرێت. لە دەسپێکی ئەو وەرزە خۆشەدا ژیان ڕەنگوبۆی نوێ و گەش بەخۆی دەبەخشێت و تەنانەت باڵندە کۆچەرییەکانیش پەیامی ئەو وەرزە دڵڕفێنە لەگەڵ خۆیان دێنن.

## گرینگییەکانی وەرزی بەهار بۆ دانیشتووانی کوردستان لە مێژوو دا؛

کوردستان وەک ناوچەیەکی کوێستانی و پڕ لە دەشت و پێدەشتی سەرسەوز و لێواولێو لە هەزاران گوڵ و گوڵزار، بەهارەکەی جوانتر و ڕازاوەتر دەکات و تایبەتمەندی تایبەت بە خۆی هەیە کە بە سەرچاوەی ئاوەدانی ناودێر کراوە، یەکێ لە تایبەتمەندییەکانی بەهار ئەوەیە کە ئەو وەرزە، جوانترین وەرزی ساڵە، لە دەسپێکی ئەو وەرزەدا زیندەوەران ژیانێکی نوێ دەست پێدەکەن و ژیان نوێ دەبێتەوە.

نەورۆز و بەهار لە مێژووی کۆنی کوردستان و کورددا بایەخی یەکجار زۆری پێدراوە، چونکوو لەو وەرزەدا بووە کە نەتەوەکەمان پلانی بۆ داهاتوو داڕشتووە و ئەو وەرزە سەرەتای کشتوکاڵ و چنینی گژوگیان بووە، ئەوەش بە یەکێ لەو هۆکارانە پێناسە دەکرێت کە بووەتە هۆی ئەوەکە ژیان لە کوردستان بەردەوام بێت و گەشە بکات و کۆمەڵگا پێداویستییەکان و خۆراکی دابین بکات، بێگومان ئەگەر کوردستان بەهاری ئەوەندە خۆش و سرووشتێکی ئەوەندە دەوڵەمەندی نەبوایە ژیانی تێدا بەردەوام نەدەبوو، یان خود کۆمەڵێکی هەژار و نەداری بار دەهێنا کە وەک بەشێک لە کۆمەڵگاکانی باکووری ئەورووپا و بەتایبەت سکاندیناڤیا کە ئەو کات لە بەشێک لە ناوچەکانی، ڤیکینگەکانی تێدا ژیاوە، لەبەر ساردی و نەبوونی خۆراک و سیپاڵ، بەناچار بۆ مانەوە پەنایان بۆ جەردەیی بردووە و بەبەردەوام هێرشیان کردووەتە سەر نەتەوەکانی دیکە و ڕاماڵیان کردوون، ئەوەش تەنیا لەبەر ئەوە بووە کە بژێوی ژیانیان دابین بکەن.

کاتێک باس لەوە دەکەین کە کوردستان پێتەختی زانست و گەشەکردنی مرۆڤایەتیی و دەرکەوتنی خۆر و ڕووناکی بووە و شارستانییەت و پێشکەوتن لێرەوە پەلی بۆ جیهان ڕاکێشاوە و شارسازی و قەڵا و بینای تێدا ساز کراوە و بونیاد نراوە، بەو واتایە دێت کە پێویستی نەکردووە کە خەڵک بۆ ژیان و دابینکردنی خۆراک بەرەو ناوچەیەکی دیکە کۆچ بکەن. بەواتا کوردستان بە ناوچەیەکی بەپیت و بەرەکەت ناسراوە کە هەموو دەرفەتێکی بۆ ژیانکردن و بەردەوامی ژیان و نەبوونی مەترسی بۆ سەر ژیانی تێدا مسۆگەر بووە. هاوکات کوردستان لەبەر شاخاویی بوونی بۆ پارێزگاری کردن و هێرشی پێچەوانە گونجاو بووە و بەزاندن و داگیرکردنی دژوار بووە. ئابڵۆقەی ئابووری و خۆراک کاریگەری لەسەر دانیشتووانەکەی دانەناوە، ئەوەش لەبەر ئەوە بووە کوردستان بەهاری دەوڵەمەندی هەبووە و پێداویستییەکانی وەک خۆراکی دابین کردووە و لەوەڕگاکانی بۆ ئاژەڵداری لەبار و گونجاو بووە.

لە ڕابردوودا پێداویستییەکانی ژیان لە ڕێگای ئاژەڵ و گژوگیاوە دابین کراوە، بۆ ئەوەش پێویستیان بە بەهاری تەڕ و باراناویی بووە، بۆ ئەوەکە لەو ڕێگانەوە ژیانیان دابین بکرێت و وڵات تووشی وشکەساڵی نەبێت. کەواتا بەردەوامی ژیانی کۆمەڵگا بەسترابووەتەوە بە بەهاری تەڕ و گژوگیای فەراوان. "بە پێویستی دەزانم ئاماژە بەوەش بکەم کە کوردستان تاکە وڵاتێکە لە ئاستی جیهان کە پێویستی بە شتومەکی دەرەکیی نەبووە و نییە و لەنێوخۆدا پێداویستییەکانی خۆی دابین کردووە و خۆی بەڕێوە بردووە".

لە لاپەڕەکانی مێژوودا ئاماژە بە بەهاری زاگرۆس و پێدەشتەکانی کراوە و گرینگی پێدراوە، بەتایبەت مێژوونasی گەورەی یونان کتزیاس لە چەند بەشێکدا باس لە هێزی مادەکان و دەوڵەمەندی وەرزی بەهاری کوردستان دەکات، هەروەها هێرۆدوتیش بەهەمان چەشن باس لە زاگرۆس دەکات، گژوگیای زاگرۆس و کوردستان بەسەرچاوەی دەواودەرمان نێوی هێنراوە، دەست ڕاگەییشتن بەبەهاری زاگرۆس بە واتای دابین کردنی ژیانێکی بەختەوەر و لەشساقی هەتاهەتایی بووە.

یان خود ئەگەر بەهاری کوردستان ئەوەندە تەڕ و سرووشتێکی ئەوەندە ڕەنگینی نەبوایە کوردستان تووشی وشکەساڵی دەهات و ئەوەش کاریگەری نەرێنیی چاوەڕواننەکراوی لە دوای خۆی جێدەهێشت و کۆمەڵگا تووشی ئاڵۆزی دەبوو و کۆمەڵەکەی دەفەوتا، ئێمە کاتێک دەڵێین کە کورد هەمیشە لە کوردستان و زاگرۆس ژیاوە، بەو واتایە دێت کە ئەم ناوچەیە بۆ ژیانکردن لەبار و گونجاو بووە و کورد لە ڕەوتی مێژوودا ناچار نەبووە بۆ ئەوەکە دۆخی ژیانی باشتر بکات زاگرۆس بەرەو وڵات و کۆمەڵگا یان خود ناوچەیەکی دیکە چۆڵ بکات و کۆچ بکەن. هەروەها ئەو وەرزە جوانە، پەیامهێنەری ئاشتی و سەرکەوتنی کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی لە ڕەوتی مێژوودا بووە، لەبەر ئەوە وەرزێکی بەهار هیوای یەکساڵی کۆمەڵگایەک بۆ دابین کردنی خۆراک و بەردەوامبوونی ژیانی ئەو ساڵەیان بووە، بەهار ئەو وەرزە بووە کە بە سەرچاوەی بەردەوامی ژیان پێناسە کراوە، "زۆرجار ئەوەمان بیستووە کە لە ڕەوتی مێژوودا لە نەبوونی بەهاری تەڕ، وشکەساڵی بووەتە هۆی لەناوچوون و فەوتانی کۆمەڵگایەک".

هاوکات لە ماوەی چەند سالی ڕابردوودا سووتاندنی لێرەوار و دارستانەکانی کوردستان لە لایەن کۆماری ئیسلامی ئێرانەوە بە مەبەستی ئەوە دێت کە سرووشتی جوانی کوردستان تێک بدات و وێرانی بکات. هەر وەک لە دەسپێک و نێوەڕۆکی ئەم بابەتەدا ئاماژەم پێکردووە کە سرووشتی دەوڵەمەندی کوردستان یارمەتیدەری ئەوە بووە کە شۆڕشەکانی کوردستان و تێکۆشەرانی کورد دەستکەوتی مەزن بەدەست بهێنن و بزووتنەوەی کوردستان تووشی ڕۆخان و دارمان نەبێت و هەمیشە هەلی هەڵگیرسانی خەبات و شۆڕش و سەرهەڵدانی

بزووتنەوەی نوێ لەناو سرووشتی کوردستاندا لەئارا و لە گۆڕێدا بووە. هەروەها خاڵێکی دیکە کە پێم وایە زۆر گرینگە ئەوەیە کە هەمیشە ئابڵۆقە ئابوورییەکانی داگیرکەران کاریگەری نەرێنی لەسەر خەبات و تێکۆشانی نەتەوەی کورد دانەناوە، چوونکوو سرووشتی کوردستان، بەرزی چیاکان و بوونی پێدەشتی فەراوان و گونجاو بۆ کشتوکاڵ ڕێگر لە سەرکەوتنی پلانەکانی ڕژیم و شۆردنەوەی ناسنامەی نەتەوەیی کورد بووە. هاوکات سرووشتی کوردستان لە پاراستنی شەڕوانان و شۆڕشگێڕانی کوردستاندا ڕۆڵی مەزنی گێڕاوە. ئەوەش هۆکاری بنەڕەتی ئەوەن کە داگیرکەرانی کوردستان ڕق و کینەی خۆیان بەسەر سرووشتی کوردستانیشدا بڕێژن.

## جوگرافیا و سرووشتی کوردستان؛

کوردستان وەک ناوچە شاخاوییەکانی زاگرۆس لە وەرزی زستاندا سەرمای زۆری بەخۆیەوە بینیوە و هەمیشە ئەوە بەهار بووە کە ئەو مەترسییەی ڕەواندووەتەوە، لە لایەکی دیکەوە لەو وەرزەدا بووە کە مادەکان پەیمانی یەکێتی و یەکریزییان لەناو خۆیاندا واژۆ کرد و پلانیان بۆ پێکهێنانی ئیمپراتووری میدیا داڕشت، لە ڕاستیدا وەرزی بەهار وەرزی ڕزگاری و سەرکەوتنی کورد و کوردستان بووە، هەمیشە وەرزی چالاکیی و بەرخۆدان و پێشەوەچوون و دەستکەوت بووە، هەربەو مەبەستەیە کە نەتەوەکەمان لە ڕەوتی مێژوودا دەسپێکی ئەو وەرزەی جێژن گرتووە و بە سەرەتای سەرکەوتن و هیوای نوێ و دواڕۆژی زانیوە.

کوردستان لە باری جوگرافییەوە لە کۆمەڵە شاخێکی بەرز و زەنجیرە کێو و پێدەشتێکی پان و بەرین پێکهاتووە کە وەرزی بەهار لە گەڵ ئەوەدا کە جوانیی و سەرسەوزی پێبەخشیوە، هاوکات سەرچاوەی مەعاش و کەسبوکار و خواردن و کشتوکاڵ بۆ دانیشتووانی بووە. ئەوەش کوردستانی کردووەتە شوێنپێی ڕەرمانی نەتەوە جیاوازەکانی دەوروبەر و لە دەیان ناوچەی دوورەوە چاویان بە خاکی کوردستان بڕیوە و هێرشیان کردووەتە سەری، هێرشی یونانییەکان و مەغوولەکان نموونەی ئەو هێرشانە بۆ سەر کوردستانن، هەر بۆیە لە مێژووی کۆندا هەمیشە شەڕوانانی نەتەوەکەمان لێهاتوو و لە خۆبردوو بوونە و بەبەردەوام ڕاهێنانیان کردووە و لەباری لەشولارەوە بە خەڵکانێکی لەشساق و باڵابەرز و چوارشانە و بەهێز ناویان هاتووە. ئەوەش ئەو پەیامە دەگەیەنێت کە کوردستان لەباری سرووشت و خۆراک و گژوگیاوە وەرزی بەهاری دەوڵەمەند بووە و وشەکانی ساڵی و برسێتی تێدا ڕووی نەداوە.

کۆی گشتیی ئەو خاڵانەی کە لەسەرەوە لە پێوەندی بە نەورۆز و وەرزی بەهار ئاماژم پێکرد بە هۆکاری هێرشی دووژمنانی گەلەکەمان پێناسە دەکرێت کە هەمیشە هەوڵیان داوە کە خۆشی و شادی وەرزی بەهار و دەسپێکی ساڵی نوێ و نەورۆزمان لێ تێک بدەن و گۆماوی خوێن بخەنەڕێ و لاوانی وڵاتمان بەکوشت بدەن. وەرزی بەهار و دەسپێکی ساڵی نوێ لە مێژووی کۆنی کورددا بە واتای خۆڕاگری و هەوڵدان بۆ باشترکردنی ژیان و گوزەران و دابین کردنی سەربەستی و ئازادی پێناسە کراوە.

## ڕووداوەکانی مێژووی کورد لە نەورۆز دا؛

ئەگەر چاوێکی خێرا بە ڕووداوە گرینگەکانی وەرزی بەهار و نەورۆزی کوردستان لە مێژووی پانسەد ساڵی ڕابردوودا بخشێنین، دەبینین کە زۆربەی ئەو ڕووداوە گرینگانە چ ئەو بەشە کە کاریگەری ئەرێنی و چ ئەو بەشانەش کە کاریگەری نەرێنیان لەسەر دۆخی

سیاسیی و کولتووری نەتەوەکەمان داناوە، لە وەرزی بەهار و نەورۆزدا ڕوویان داوە. ئەوەش بە واتای گرینگی و پڕ بایەخی ئەو وەرزە دێت کە داگیرکەران هەستیان بەو ڕاستییە کردووە کە کورد وەک کۆنترین نەتەوەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست و زاگرۆس چەندە گرینگیان بەو وەرزە و جێژنی دەسپێکی ساڵی نوێ و نەورۆز داوە. هەر بۆیە هەمیشە ویستوویانە کە ئەو وەرزە بە خوێنی کورد ڕەنگین بکەن و لە بەرچاو و لە زەین و هزری نەتەوەی کورددا ڕەش و بێبایەخی دەربخەن.

لەدار دانی پێشەوای کورد قازی موحەممەد و هەروەها کیمابارانکردنی هەڵەبجە و سەرکوت کردنی دەیان ڕاپەڕینی دیکەی کورد لەو وەرزە جوان و پیرۆزەدا ڕووی داوە، ئەوەش بە پیلانی داگیرکەران، هەروەها دەیان سەرکەوتن و دەستکەوتی گەلەکەمانیش هاوکات لەو وەرزە و لە دەسپێکی نەورۆز و وەرزی ڕووناکی خۆر و درەوشاوەیی مانگ لە شەوەزنگی پڕ ئەستێرە کە تێکڕا بەرهەمی ئاشت بوونەوەی سرووشتن، بەدەست هاتوون. هەروەها مادەکان لەو وەرزەدا سەرکەوتنی مەزنیان لە ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاست بەدەست هێنا و بەهار و نەورۆزیان وەک هێمای ڕۆژێکی نوێ پێناسە کرد و ئیتر لەو کاتەوە بەبەردەوام بەهار و نەورۆزیان جێژن گرتووە. جێژنی سەرکەوتن و سەربەستیی گەل و پێکهێنانی دەوڵەتی میدیا گرینگی و بایەخێکی یەکجار زۆری بۆ ماد هەبووە. دەسکەوتەکانی ماد تاکوو ئێستاش کاریگەری ئەرێنی لەسەر ڕۆڵ و هێز و پێگەی کورد لە ناوچەکەدا هەیە.

## پەیامی نەورۆز لە مێژووداٍ

ئەوەی کە ئێستا بۆ ئێمە گرینگە پەیامی ئەو جێژنەیە کە هاوکات پەیامی باپیرانمانیشە، فەلسەفەی پەیامی جێژن گرتنی نەورۆز و وەرزی بەهار ئەوەیە کە هەمیشە بەسەر هەورازونشێوەکاندا زاڵ بین و خەبات و تێکۆشان لە بوارە جیاوازەکانی کۆمەڵگا بەرەو پێش ببەین بۆ ئەوەکە ئازادی و سەربەستیی و ژیانێکی نوێ بۆ گەلەکەمان دەستبەر بکەین، بێگومان تاکوو وەرزی زستان تێنەپەڕێنین بەهار و وەرزی جوانی و ڕازاوەیی سرووشت ڕوومەتی گوڵان ناپشکووێت و دارستان وەچ و چرۆ ناکات، بە هەمان چەشن تاکوو قۆناغە دژوارەکان و دۆخی ئاڵۆز و مەترسیدار تێپەڕ نەبێت ڕزگاری یەکجارەکی و سەربەستیی و دادپەروەری کۆمەڵایەتی بەدەست نایەت و بۆ گەل دەستبەر ناکرێت.

بۆیە پەیامی کورد لە ڕەوتی مێژوودا لە پێوەندی بە جێژن گرتنی وەرزی بەهار بەواتای چالاکبوون و خەباتی بەردەوام بۆ بەدەستهێنانی ماف و ویست و داخوازی بووە، هەر ئەوەشە کە دووژمنانی گەلەکەمانی هەراسان کردووە و هەرکە بەهار وەرزی خۆشی و شادی و نوێ بوونەوەی سرووشت دەگات، ئیتر بەرێگای جیاواز هێرش دەکەنەسەر گەلەکەمان و لاوان و چالاکانی سیاسیی و مەدەنی ڕاپێچی بەندیخانەکان دەکەن، لە دەسپێکی وەرزی بەهار لە ساڵی ڕابردوودا دەیان چالاکوانی سیاسیی و مەدەنی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان دەستبەسەر کران، کە تاکوو هەنووکە چارەنووسی بەشێکیان ناڕوونە و بەشێکیشیان بە تۆمەتی هەڵبەستراو دادگایی کران کە ئاکامەکەی بە بڕینەوەی چەندین ساڵ بەندکردن کۆتایی پێهات.

ئەو خاڵانەی کە لە سەرەوە ئاماژەم پێدا ڕاستی ئەو پەیامە دەسەلمێنێت کە خەباتی نەتەوەیی و ڕزگاری کورد لە بەهاری کوردستانەوە سەرچاوە دەگرێت و لە سرووشتی جوان و ڕازاوەی ڕەنگاوڕەنگی پێدەشتەکانی زاگرۆسەوە تێپەڕ دەبێت. بۆ ئەوەکە ئەو

پەیامە بە نەوەکانی داهاتوو بگات، دەبێت نەورۆز جێژنانە جێژن بگرین و خۆشی و شادی دەربڕین و دڵەکانمان بە بارانی بەهار بشۆرین و ڕەنگاوڕەنگی سرووشتی بەهار بەهێمای ڕەنگاوڕەنگی بۆچوونە سیاسییەکان پێناسە بکەین و ڕێز لە ڕوانگە جیاوازەکان و پلۆرالیسمی سیاسیی بگرین. هەر وەک چۆن ڕەنگە جیاوازەکان بەهاری ڕەنگین کردووە، بێگومان بۆچوونە جیاوازەکانی کۆمەڵگای کوردستانیش بە هەمان چەشن  ئەگەر لە پێوەندی بە دارشتنی بناغەی داهاتوویکی نوێوە بێت، نەک هەر نابنە درز، بەڵکوو یەکێتی و یەکریزی خەباتی گەلەکەمان بتەوتر دەکات و دەستکەوتەکانیش زووتر و ئاسانتر بەدەست دێن.

## ئەنجام و کۆی وتار:

وەرزی بەهار و نەورۆزی کوردستان چەند تایبەتمەندییەکی بێوێنەی هەیە کە پەیامی هاتنی ئەو وەرزە لە گەڵ خۆیان دێنن، خۆرێکخستنەوەی سرووشت، گەرمبوونی هەوا، پشکۆی گوڵان، وەچ و چرۆ و گەشەی دارستان، کۆچی باڵندەکان، ڕەمڕم و نمەنمی باران، ڕووناکیی هەتاو، توانەوەی بەفر و هاژەهاژی ئاوی کۆساران، قاسپەقاسپی کەو لەسەر یاڵان و چریکەی بولبوولی ناو گوڵزاران و... هتد. ئەگەر ئەو تایبەتمەندییانە کە ئاماژەم پێکرد لەیەک کاتوسات و ئاستدا خۆ نەنوێنن، بێگومان بەهار و جوانی ئەو وەرزە ئەوەندە ڕازاوە و سەرسەوز و دڵڕفێن نابێت. پێویستە کە پارت و ڕێکخراوەکانی کوردستانیش بەهەمان چەشن، ڕۆڵی یەکێتی سرووشت بۆ دەستبەر کردنی بەهاری دڵڕفێن بەرز بنرخێنن و پێویستە کە لە سرووشتەوە فێر بین کە ژیانی گەشەکردوو و دەستکەوتی مەزن پێویستی بە هەنگاوی هاوئاهنگ هەیە کە هەوێنی یەکێتی و یەکریزی بهێنێتە دی. مرۆڤ بوونەوەرێکی سرووشتیی ناو سرووشتە کە هەنووکە خۆی لە سرووشت دوور خستووەتەوە و بێگومان سرووشتی ژیانی مرۆڤیش گەلێک لە سرووشتی ژینگەی کێویی نزیک و تێکەڵە، دەکرێ مرۆڤ لەو ئەزموونانەی کە ڕۆژانە لەناو سرووشتدا دیبینێت و فێری دەبێت، بۆ بەرەوپێشەوەچوونی ژیان و دەستکەوتی گەورە کەڵکی لێوەر بگرێت.

پێم باشە لە کۆتایی ئەم کورتە وتارەدا کە لە پێوەندی بە جێژنی نەورۆز و هاتنی وەرزی بەهارە، پێداگری لەسەر ئەوە بکەمەوە کە چوارشەمەسووری پێوەندی بە کورد و کوردستان و جێژنی نەورۆزی کوردەوارییەوە نییە، بەڵکوو چوارشەمە ڕۆژێکە کە لەناو ئایینی پیرۆزی ئیسلامدا بایەخی پێدەدرێت و بە ڕۆژێکی پیرۆز ناسێنراوە و لەژێر کاریگەری کولتووری فارسدا هاتووەتە ناو کۆمەڵگای کوردستان. هاوکات پێویستە کە جارێکی دیکە ئاوڕ لە پەیامی ئەو وەرزە و نەورۆز بدەینەوە و پێداگری لەسەر فەلسەفەی ئەو پەیامە بکەینەوە کە هەمیشە هیوای ئاشتی و ئازادی و بەرخودان و تێکۆشانی لەناو دڵی گەلەکەماندا چاندووە، ئەوەش کاریگەری ئەرێنی لەسەر دەروون و ڕوانگەی تاکی کۆمەڵگای کوردستان داناوە. جارێکی دیکە جێژنی میدیا و هاتنی وەرزی بەهاری دڵڕفێن و نەورۆز پیرۆز بێت. نەورۆز و بەهار هێمای هاتنی ئازادی و ئاشتبوونەوەی سرووشت و دەسپێکی ژیانێکی نوێ و ڕۆژێکی نوێ لە کۆمەڵگای کوردستانن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ناوەندی ئاشتی و کەمپینی یەکبوون / ڕێکەوتی : ٢٠ی مارچی ٢٠١٤

# ڕۆڵی کارای نەورۆز لە خەباتی سەردەمیانەدا

شەماڵ بۆکانی

بەلێکدانەوە و پێداچوونەوەیەکی نەک زۆر ووردیش، بەمێژویی سیاسی و کۆمەلایەتی و کەلتوری زۆربەیی ولاتانی دەورو بەرداو تەنانەت ولاتانی دوورە دەستیش بەدەرئەنجامێک دەگەیین، ئەم دەرئەنجامە ئاخۆ گەلالەیی تایبەتی هەبووە و هەیە، یان خود نەریت و باوی رۆژ کردویەتە خالی سەرەکی سەرکەوتنی نەتەوەیەک.



لە زۆرێک لەبۆنەکان بۆئەوەی کاریگەری سیاسی بەسەرەوە بوبێ، بۆتە ئامرازێک بۆ بەرژەوەندی سیاسی و پێکانی خالی سەرەکی بۆ سەرکەوتنی نەتەوەیەکی ژێر دەست، ئەمەلەحالێکدایە نەک تەنیا بۆ نەتەوەیەکی ژێر دەست بگرە بۆ ئەونەتەوانەش کە ئالاو ولاتی سەربەخۆیان هەیەو،لە بوارە جۆراوجۆرەکانی وەکو تەکنەلۆژیای سەردەمی پزیشکی و ئابووری و تەسلیحاتی چەکە ئەتۆمیەکانیش و مانگی دەستکردیش سەربەخۆن و دلەڕاوکێی ئەوەشیان نییە ولاتێک یان ولاتانێک هێرشیان بکەنە سەرو سەروەریان پێشێل بکەن. چونکە بە هاوپەیمانی ئەم بۆشاییشیان پرکردۆتەوە.

### ئەی چۆنە زۆرێک لە بۆنەکان جێی بایەخی سیاسەت وانان و ئابوریزانانی سەردەمن ؟

ئەم پرسیارە نەک زۆر ورد بگرە وردەکاریەکانی هێندە زۆرن شان لە شانی فەلسەیەکی قوڵی سەردەمیانە و ڕابردوش دەدەن، واتە ئامرازێک لەپێناو ئامانجێکدا کە بایەخەگشتییەکەی بێ ئاگا لێبوونی تاکەکان ڕۆڵی کارای خۆی دەگێڕێو هەرلە خزمەت تاکەکانیشدا ئامانجی کۆمەلگا دەستەبەر دەکا. بەواتای سیاسیەکەی واتە شۆڕشێکی (پراگماتیسمی ) کە لە هەر چەشنە جوولانەوەیەکدا، بەفەلسەفەیی ڕاستی ناسی و دوورەپەرێزی لە هەلچونەکاتیەکاندا، خالە سەرەکیەکان دەپێکێ.

بەڕێوەبەرانی ئەم جۆرە خەباتە بە شارەزا بوون لە زانستی کۆمەلناسیو دەروونناسی کۆمەلایەتی سیاسی و سەردەمیانە و، ڕۆچون بەناخی چۆنیەتی سەرهەلدانی کەلتورە کۆمەلایەتیەکان و،تەنانەت ئایینیەکانیشدا ، بەلەبەرچاوگرتنی جوگرافیای سیاسی پێکهاتەکانی، زانکۆی کۆمەلناسی هەمان کۆمەلگا دەبێ و مامۆستاش بەرێوەبەر، واتە پێچەوانەی خوێندکارو زانکۆ، ئەوەمامۆستایە لە جێی خوێندکار دادەنیشێ، واتە مامۆستا زۆر و خوێندکار بەتاک و تەریک.

### قۆستنەوەی هەلی بابەتی پێشکێش کراو سەردێرەکەی هەمان و نەورۆزە، بەلام بۆ هەر نەورۆز؟؟

لەسەرەوە ئاماژەم بە ولاتانێک کرد کێشەیی سەربەخۆیی‌و بووارەکانی تریشتان نییە، بەڵام بە بایەخدانیان بە بۆنە جۆراوجۆرەکان بۆ یەکریز ڕاگرتنی کۆمەڵگاو نەمردنی هەستی خۆشەویستی و، ولاتو خاک، کەوانەی بۆدەکرێتەوەو، لەبوواری ئابووریشدا سووڕی پارە نوستووەکان بووژانەوەیی ئابووری هەر چەند کاتیش بەخۆوە دەبینێ دەبێتە هەوێنی شاد ژیانی کۆمەڵگاو ڕاستەوخۆش کار دەکاتەسەر نەخۆشیە دەروونییەکانیش و تاکی ولاتیش کاتێ هەستی بەئارامی و سەقامگیری بواری دەروونی و ئابووری کرد، یەکریزی دەبێتە هەوێنی بیرۆکەیی ژیان.

بەڵام بۆ ئیمەیی کورد نەورۆزو بۆنەکانی تریش بەتایبەت نەورۆز جیا لەباری ئابووری کە هێشتا دەوڵەت نین، یەکریزی نەتەوەیی لێدەکەوێتەوەو دەبێتە خاڵی هەرە گرینگی و یەکخستنەوەیی ماڵی کورد، کە ئەمەش ڕویدا ئامانج ڕوونەو داهاتوو گەشدار، هەروەک ئائێستا لە باکووری کوردستان بۆچوونەکان خۆ دەنوێنێ و ئامرازەکە کاریگەرترە. ئەوەی دەبێتە پرسیار جیالە سیاسەتی حکوومەتە جیاوازەکان کە لە ناوخۆیاندا بۆ هەندێک لە هاوولاتیانی پلە یەکی خۆیان هەر ئەم خاڵانەیان پێکاوە، ئیمەی کورد بەتایبەت لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان بۆچی ڕۆڵی کارامان نەگێڕاوە، ئەم پرسیارە باسەکە دەووروژێنێ و باس لە بۆشاییەکی سیاسی دێتە ئاراوە.

لەگەڵ ڕێزی تایبەتمدا بۆ هەموو خەباتکارانی ڕابردوو ئێستاش دەبێ بگوترێ قۆناغی خەبات گۆڕاوەو، قۆناغی ڕابردوو هەڵگری سەردەمی خۆی بووەو پێویستی ئەوکات فەلسەفەیی سیاسی خۆی لە پشت بووەو ڕەد ناکرێتەوە، بەڵام بمانەوێ و نەمانەوێ دەبوو زۆر زووتر خەباتی خۆمان تێکەڵ بەخەباتی مەدەنی سەردمیانەیی ناوخۆ بکەین و دیالۆگ و ئاشتەوایی ببێتە هەوێنی خەبات کە بەخۆشحاڵییەوە دەبینین بزووتنەیەک بەناوی کۆماریخوازی ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەریهەڵداوە و دارێژە و پرۆگرامی ئەم بزووتنەوەیە، ئەوەندە سەردمیانەیە کە دەتوانێ هەموو ڕەشبینیەکانی حکوومەتی ناوەندی سەبارەت بەکێشەی کورد لەم پارچەیەدا بخاتە ژێر پرسیارەوە و پێیان بڵێ نەک باوەڕمان بەچەک نییە، بگرە تووڕەبوونیش بەلای ئیمەوە پەسەند نییە، هەر ئەمەش خۆی لە حاڵێکدایە ڕاستەو ڕاست ئامانجەکانی کۆماری جوانەمەرگی کوردستان دەپێکێ و ئەم ڕیبازەی کردۆتە هەوێنی پێکەوەژیان، لە کۆتاییدا دەبێ بگوترێ بەچاوخشاندنێک بە داڕێژەیی ئەم بزووتنەوەیەداو بەلەبەر چاوگرتنی خەباتی ئاشتەوایی با نەورۆز و هەموو بۆنەکانی تریش ببنە پردی پەڕینەوەی خەباتی بێ بواری تا ئەمرۆی کورد.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٣ی مارچی ٢٠١٤

# نەورۆز لە روانگەی مێژوو و ئیسلام و کەلتوورە جیاوازەکانەوە

کامەران عەبدە سالح

"بەبڕوای زۆربەی مێژووناسان و لێکۆڵەران، نەورۆز کۆنترین جەژنی مرۆڤە لە سەر زەوی و، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، رۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جەژن". ئەمە وتەی عەبدولواحید حسێن مێژووناس و نوسەری کوردە دەربارەی نەورۆز.



وەک ئەو ئەو مێژووناسە بۆ خەندان باسیکرد، نەورۆز بۆ سەردەمانی پێش هەخامەنشیەکان و مادەکان دەگەڕێتەوە، ئەو سەردەمانەی کە ساڵ بەسەر دوو وەرزدا "وەرزی گەرما و وەرزی سەرما" دابەشکرابوو.

عەبدولواحید دەڵێت: "هەندێک لە نەتەوە ئاری نەژادەکان، هەر لەکۆنەوەو ئێستاشی لەگەڵدابێت، بڕوایان وایە کە لە مانگی نەورۆزدا "رۆحە پاکەکان" سەردانی کەسوکاریان دەکەن لەسەر زەوی، بۆ پێشوازیکردنیش لەو رۆحە پاکانە، خەڵکی ئاگر هەڵدەکەن و"خوانی حەوت سین" دەڕازێننەوە و بەدەوریدا دادەنیشن، هەروەها چەند رۆژێک پێش نەورۆز، کەلوپەلەکانی ناوماڵەکانیان پاکدەکەنەوە و پۆشاکی نوێ ئامادەدەکەن.

روونیشیکردەوە، لە ئێستادا نەورۆز لە زۆرێک لە وڵاتانی جیهان وەک جەژنی رەسمی رێزی لێدەگیرێت، لە پانتاییەکی بەرفراوانی رۆژهەڵاتی ناوەڕاست، ئاسیای ناوەڕاست، قەفقاز، نیمچە قارەی هیندو باڵکان، بەشێوەی جیاجیا ئاهەنگ و بۆنەی بۆ رێکدەخرێت. جگە لە هەرێمی کوردستانیش، لە هەریەک لەوڵاتانی ئێران، کۆماری ئازەربایجان، ئەفغانستان، تاجیکستان، ئۆزبەکستان، تورکمەنستان، قازاخستان، قەرقیزستان و ئەلبانیا، چەند رۆژێک بۆ نەورۆز دەکرێتە پشووی رەسمی.

ساڵی ٢٠١٠، لە لایەن رێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکانەوە وەک جەژنێکی جیهانی ناسێنراو، لە راگەیەندراوی ناساندنەکەشدا ئاماژە بەوەدرابوو کە نەورۆز جەژنی ٣٠٠ ملیۆن مرۆڤی سەرگۆی زەوییە لە زیاتر لە ١١ وڵاتی جیهاندا.

### یادکردنەوەی نەورۆز لەکۆندا

رێبین مەنگوڕی، نوسەر و شارەزای بواری مێژوو، بۆ خەندان ئەوەی خستەڕوو، کە لە کۆندا پادشاکان یەکەم رۆژی بەهاریان

تەرخاندەکرد بۆ بینینی هاولاتیان و، جگە لەوەی بەوبۆنەیەوە خەلاتیان پێشکەشدەکردن، خەلاتیشیان لە هەرکەسێک وەردەگرت کە لەو رۆژەدا بۆیان دەهێنان.

دەربارەی پرسیارێکیش کە چۆن ئەو جەژنە کەوتوتە یەکەم رۆژی بەهارەوە، رێبین مەنگوڕی روونیکردەوە: بەپێی چەند سەرچاوەیەکی مێژوویی، لەسەر پێشنیازی زەردەشت جەژنی نەورۆز خراوەتە یەکەم رۆژی وەرزی بەهارەوە، هەروەک وا لێکدەدرێتەوە تا ساڵی ٤٨٥ ی پێش زایین، ساڵ بریتیبووە لە دوو وەرز نەک وەک ئێستا کە چوار وەرزە، نەورۆز سەرەتای هاتنی وەرزی گەرما بووە، پاشان نۆرەی جەژنی مێهرەگان بووە کە ئەویش سەرەتای وەرزی سەرماوسۆڵە بووە، تا دواتر بەپێی ساڵنامەیەکی نوێ رێکخراوەو، وردە وردە بەو شێوەیەی ئێستا گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

## مێژووی پشووەکانی نەورۆز

عەبدولواحید حسێنی مێژووناس بۆ خەندان دەڵێت: "بیرۆکەی کردنە پشووی رۆژانی سەرەتای مانگی نەورۆز، بۆ هەزاران ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە، لەکۆندا ئاریا نەژادەکان لەگەڵ هاتنی بەهاردا حەوت رۆژیان وەک پشوودان و حەسانەوەی مێشک و دەروون دیاریکردووە، بۆ ئەوەی لەماوەی ئەو حەوت رۆژەدا خەڵکی دووربکەونەوە لە زەحمەتییەکانی ژیان و، کاتەکانی رۆژانەیان لەنێو سەوزایی و سێبەری درەختەکان بەسەربەرن. تەنانەت دەوترێت لەسەردەمی ساسانیەکاندا " زۆربەی توێژەرانیش وایدەبینن کە هەر لە سەردەمی ساسانییەکاندا بە رەسمی نەورۆز وەک جەژنی نەتەوەیی ناسێنراوە" ماوەی ٣٠ رۆژی تەواو پشوو بووەو، تا کۆتایی ئەو ماوەیە، خودی پادشاکانیش خەریکی حەسانەوەی خۆیان بوون، گەر بۆ کاری پێویست نەبووبێت خۆیان بەکاری ئیدارییەوە خەریک نەکردووە.

عەبدولواحید، بەپشتبەستن بە سەرچاوە مێژووییەکان، بۆیدەرکەوتووە، پشووی نەورۆز لای ئاریانەژادەکان بەپێی بەرنامەیەکی تایبەت بەڕێوەچووە، چەند رۆژێکی سەرەتای پشووەکان تەرخانکراوە بۆ پادشاکان، چەند رۆژێکی دواتر بۆ کاربەدەستە بالاکان، چەند رۆژێکیش بۆ جەنگاوەران و، پاشماوەی رۆژانی پشووەکەش بۆ خەڵکی بووە بەگشتی، بەلام دواتر لە سەردەمی "هورموزپاشا"دا خشتەی پشووەکانی پێشتر هەڵوەشاونەوە، تێکڕای رۆژانی پشوو کراوەتە ١٣ رۆژ و بۆ هەمووکەس وەک یەک بووە، بڕیاریشدراوە لەدوایین رۆژی پشووەکەدا واتا رۆژی سیانزەهەم خەڵکی تێکڕا بچنە دەرەوەی ئاواییەکان و، رووبکەنە دەرودەشت. ئیتر لەوساوە تائێستا، لای زۆرێک لە نەتەوەی ئاریاکان، سیانزەهەمین ڕۆژی بەهار، خەڵکی دەچنە دەرەوە و دەیکەنە جەژن، بە ئامانجی پاککردنەوەی دەروون و بەلادابردنی ناخۆشیەکانی ساڵی رابردوو.

## نەورۆز هی کوردە؟

رێبین مەنگوڕی کە خاوەنی دوو کتێبە لە بواری مێژووی کورددا، پێیوایە دوور لە ئەفسانەی کاوە و ئەژدەهاک، لە بنەڕەتدا نەورۆز جەژنی نەتەوەیی کوردو هێمای لەمێژینەی سەرکەوتنی زۆرلێکراوانە بەسەر ستەمکاراندا، بەڵگەشی بۆ ئەم قسەیە، ساڵی

کوردیە کە دەریدەخات زیاتر لە ٢٧٠٠ ساڵە کورد پابەندە بەو جەژنەوە، لەکاتێکدا ساڵی فارسی لەم نەورۆزەدا دەبێتە ساڵی ١٣٩٣.

هەروەک ئەوەش بە بەڵگەیەکی گرنگ دەزانێت بۆ بەڕاستزانینی بۆچوونەکەی، کە تائێستاش هیچکام لە نەتەوەکانی ئاریانەژاد بە رادەی کورد گرنگی بە نەورۆز نادەن و رێوڕەسمی ئەو رۆژە وەک کورد بە شکۆو گەورەیی بەڕێوەنابەن، هیچ نەتەوەیەکیش وەک کورد لە یادکردنەوەکانی نەورۆزدا قوربانی بە گەنج و لاوەکانی نەداوە.

## نەورۆز و ئیسلام

لە ویکیپیدیای فارسیدا هاتووە، رۆژێک سینییەکی پرلە حەڵوا بەدیاری بۆ محەمەد پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) هێنراوە، کاتێک پرسیاری کردووە کە ئەمە بەبۆنەی چییەوەیە، پێیانوتووە ئەمڕۆ نەورۆزە و یەکێکە لە جەژنە گەورەکانی ئێرانیەکان.

ئەویش سەری رەزامەندی جوڵاندووەو، وتویەتی: بەڵێ لەو رۆژەدا بووە کە خواوەند "عەسکەرە"ی زیندوو کردەوە.

کەسانی دەوروبەری پرسیاری ئەوەیانکرد کە ئاخۆ عەسکەرە کێیە؟ ئەویش بۆی روون کردنەوە کە " عەسکەرە ئەو هەزاران کەسە بوون کە لەترسی مەرگ و ستەم زێدی خۆیان جێهێشت و، روویان لە بیابان کرد، بە فەرمانی خوا مردن، بەڵام لە سەرەتای بەهاردا خوا زیندووی کردنەوەو، فەرمانیدا هەورەکان باران ببارێنن بۆ ئەوەی زەوی لە ژەهراویبوون پاکبکەنەوە". پاش ئەم وتانە، حەڵواکە دابەشکرا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی خەندان / رێکەوتی : ٤ی مارچی ٢٠١٤

# کاوە و زوحاک لە نێوان ڕاستی وئەفسانەدا!

محمەد هەریری

من تێناگەم بۆ هەموو ساڵێک لە نەورۆزدا چەندین لایەن بە دینی وسێکیولار ومەلا ورۆشنبیرەروە، بەس خەریکی هێرش کردنن بۆسەر نەورۆز بە چەندین پاساوی دینی ومێژوویی وئەکادیمی وشتی تریش.



سالەکانی ڕابردوو هێرشی سەلەفیە دینیەکان وسێکیولارەکان وئەکادیمیەکان لەسەر خودی نەورۆز بوو گوایە جەژنێکی کوردی نیە، وبەدەوری گۆی زەوی دەسوڕانەوە بۆ دۆزینەوەی هەر ئەفسانەیەک تا نەورۆز لە کورد داماڵێنێت، بەڕاستی ئەو هەڵوێست و ڕەفتارە نا شارستانیانەی کەسانێکی کورد لە ژێر پەردەی دینداریەوە وئەکادیمیەوە دەرهەق بە نەورۆز ویادە کوردیەکان دەیکەن، بەر لە هەر شتێک گوزارش دەکات لە نەزانینیان بە نرخی مێژوو وکاریگەری داستانی مێژوو بەسەر کۆخەیاڵدان وکۆیادەوەری میللەتەکەیان.

لە ڕووی مێژووییەوە قسەی زۆر جیاواز هەیە لەسەر ئەسڵی نەورۆز وەی کێیە وچۆن دروست بوە، زەحمەتە هیچ کامێکیان ساغ بێتەوە، بەڵام کاتێک بە هێزترین سەرچاوەی کۆن سەرەڕای نوسینی بە دەستی فارسێکی دەمارگیری وەک فیردەوسی نکوڵی لە کوردبوونی کاوە ناکات وبە ئاشکرا باسی ڕۆڵی سەرەکی کاوە وکوردە ڕزگاربوەکانی چیا دەکات لە ڕوخانی زوحاک، ئەوە بێگومان خۆ بە کەم زانینە بڵێیت نەورۆز و کاوە چەند پەیوەندی بە کورد هەیە هێندەش پەیوەندی بە ئۆزبەک وپاشتون وتاجیک وبلوش هەیە! کورد ئەگەر کەسانێکی عاقڵی مێژوویان بنوسیبایەوە گومانم نەبوو سێ چارەگی درۆکانی شاهنامەی فیردەوسی هەڵدەوەشایەوە.

**من نازانم ئەوانەی باسی کاوە دەکەن گوایە پەیێی شاهنامە هاتوە، کام نوسخەی شاهنامەیان خوێندۆتەوە!**

شاهنامە نەورۆز ناگێڕێتەوە بۆ شەری کاوە وفەرەیدون لە دژی زوحاک، کە سەرلەبەری ئەفسانەیە، شاهنامە لە ڕووی ڕاستیەوە ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت زۆر لە رەخنەگران پێیان وایە کە قۆناغی یەکەمی شاهنامە: سەردەمی ئەفسانەییە کەباسی گیومیرت وجەمشید وزوحاک وفەرەیدون وکاوە دەکات، کە ئەو قۆناغە هیچ نرخێکی مێژوویی نییە ورەنگی ئەفسانەیی زاڵە بەسەریدا. کەچی ئەو دژە نەورۆزانەی بەناوی ئیسلامەتیەوە هەمان هەڵەی ناسیونالیستە کوردەکان دوپات دەکەنەوە کاتێ چیرۆکی کاوە وزوحاکیان وەک هەقیقەت و ڕاستی بە خەڵک دەفرۆشت، وئەوانیش دێن داوەری خۆیان لەسەر ئەو هەڵەیە دەکەن و چیرۆکی کاوە وزوحاکیان هێندە بە جدی وەرگرتوە دەڵێی باسی کەسانێکی سەدەی بیست ویەکەم دەکەن، وکاوەی داماو دەکەنە خاین وخۆفرۆش، کە ئەمڕۆ هەزاران کورد ناوی کاوەیە! وزوحاک دەکەنە دوا پاشای میدیەکان [ئەشتیاگ] نازانم بە چ پێوادانگێک وچ سەرچاوەیەک کە تۆ نەتوانی هیچ مێژویەکی کۆن وسەردەمی ئەفسانە بە وردی دیاری بکەیت؟! پێم وایە مێژووی نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ زۆر کۆنتر لە

مێژووی ڕوخانی دەوڵەتی مادەکان یان دامەزراندنی دەوڵەتی ئەخمینیەکان، نەورۆز کۆنترین داستان یان ئەفسانەی ئاریاییە، ئەفسانەش بەرهەمێکی گرنگی عەقڵی مرۆڤە بە گشتی.

ئەمساڵیش چەندین کەس هێرشی خۆیان کردە سەر نەورۆز وسەرەڕای بە خاین کردنی کاوەش! ڕابەری بزوتنەوەی ئیسلامی عیرفان عەلی عبدالعزیز ، هەمان شەکری پار وپێراری کۆلکە سەلەفی وئەکادیمستەکانی شکاندەوە، بەوەش نەوەستاوە کە کاوە وەک دوژمنی کورد نیشان بدات، بەڵکو حەسەن زیرەکی خاوەن خۆشترین ودێرینترین یادگاری نەورۆزی گەورە وبچوک ئیدانە دەکات، لەبەرئەوەی دیرێک لەو گۆرانیە بەسەر شای ئێران گوتراوە!! ودەڵێت: " ئەوەی جێ سەرسوڕمانە ناسیۆنالیزی کوردیی و هەندێک گێلە موسوڵمان گۆرانیەکی حەسەن زیرەک دەکەنە شاهنامەی فیردەوسی!! و لەورۆژەدا چەندین جار لێی دەدەن بێ ئاگا لەوەی کە دێڕێکی لێ سانسۆر کراوە کەئەویش ئەوەیە: بەفەرمانی شاهنشاە ئاریامیهر ئەمرۆژە ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە )کەوابێت بەفەرمانی حمە ڕەزا شاە گۆرانیەکەی وتووە!!"

ناسیۆنالیزی کوردیی و هەندێک گێلە موسوڵمان گێلن کە گۆرانیەکی حەسەن زیرەک دەکەنە شاهنامەی فیردەوسی؟! من لەو مامۆستایە زیرەکە دەپرسم کە خەڵکی پێ گێلە: بۆ شاهنامەی فیردەوسی لای تۆ هێندە مەزن وجێگای متمانەیە وەک قورئان تا وا باسی بکەیت؟! باوەڕناکەم ئەو قسەیە لە ئێرانیترین ئێرانی دەربچێت، کە زۆر لە لێکۆڵەرانی گەورەی ئێران باسی ئەفسانەئامێزی شاهنامە دەکەن. د. مەولود ئیبراهیم حەسەن دەربارەی حەسەن زیرەک دەڵێت: " "حەسەن زیرەک" بە دەنگە خۆشەکەی، هەرچەندە شیعرەکەی پیرەمێردی وەک خۆی نەگوتووتەوە، بەڵام بەهۆی ئاوازە نایاب و دەنگە زوڵاڵەکەی شیعرەکەی لە شیعری خوێندەوارانەوە کرد بە شیعری هەموو گوێگران و دواجار هەموو کورد."

ئینجا دەربارەی خیانەتی کاوەی ئاسنگەر کە بڕوای ئێوە وکەسانێک وئەمساڵ مام جەلالیشی هاتە سەر خەت، گوایە لە ووتارێکدا ساڵی ١٩٨٩_١٩٩٠ئەویش وتویەتی: " نەورۆز لە ڕاستیدا پێچەوانەکەی ڕاستە، "زوحاک" خۆی کورد بووە ، "کاوە" فارس بووە، جەژنی نەورۆز خۆی لە خۆیدا هی فارسەکانە، هەر بۆیەش پێی دەڵێن " فرس المجوس" واتا فارسی ئاگرپەرست، بەڵام بەهۆی ئەوەی سەدان ساڵە کورد بەو شێوە بیری کردۆتەوە کە نەورۆز جەژنی کووردە بۆیە کار لە کار ترازاوەو تازە کورد حاڵی نابێ و ناچێتە گوێی...! " من باوەڕ ناکەم ئەوە قسەی مام جەلال بێت، کە چەند سایتێکی ناپرۆفێشناڵ لە فەیسبوک بڵاویان کردەوە، لەبەر لاوازی ئەو قسانە، ئەگەر شاهنامە وعمر خەیام وەک دوو فارسی بڵێن کاوە کورد بوو دەبێت مام جلال چی بۆ بمێنێتەوە بیڵێت؟ ئینجا ئاگرپەرستی پەیوەندی چیە بە نەورۆز، فورسەکان وکوردیش ئاگریان بە پیرۆز دەزانی وئاتەشگەدەی گەورەیان هەبوو کە ساڵ دوازدەی مانگ داگیرسابوو، نەک بەس لە نەورۆز ئاگر بکەنەوە!!

مامۆستا عیرفانیش دەڵێت: "بۆیە لەناو خەلکەکە کەسێک پەیدا بوو بەناوی کاوەی ئاسنگەر توانی ڕابەرایەتی نارازیبەتی خەڵکی بکات وئیژدهاک بکوژێت .... بەلام ئەوەی کە جێگەی سەرنجە بۆ ئێمەی کورد کە خۆمان بەبەشێک لە لەهجەی شمالی ئێران دەزانین و ماددەکان بەباوەگەورەی خۆمان دەزانین ئەوویە کەئایا ئەم داستانە بۆ ئێمە نەتەوەییە یان ئەخلاقی !" لە وەلامدا دەڵێت:

"بێگومان ئەم داستانە بۆ ئێمە ئەخلاقیە بەمانەی ئەوەی کە بەگژاچونەوەی زولم و زۆربوو چونکە هەردوو لا هەر یەک ڕەگەز بوون

کەئەویش رەگەزی مادد بوو بەڵام ئایا بەکوشتنی ئیژدهاک کاوە توانی خۆی حوکمی ماد بکات, ئایا توانی ئیمپراتۆری ماد بپارێزێت؟ بەدڵنیاییەوە نەخێر بەکوشتنی ئیژدهاک ماددەکان بۆهەتا هەتایە کۆتاییان پێهات وەحەخامەنشیەکان کەلەهەجەی جنوبی ئێرانە ئەو هەلەیان قۆستەوە و لەژێر رکێفی ماددەکان دەرچوون."

**ئەگەر کاوە خائین بێت ئەوە صلاح الدین یش خائینە بە هەمان پاساو!**

کەوابوو لای کاک عیرفان وئەوانەی ماوەیەکە باسی خیانەتی کاوە دەکەن بەبێ بیردکردنەوە وبە کۆپی کردنەوەی وتاری کەسانی تر، کاوەش وئەژدیهاک یش هەر کوردن، نەک کاوە فارس بێت وەک مام جەلال دەڵێت، بەڵام کێشەکە لە بەرژەوەندی دوژمنان کۆتایی هات، هەرچاکە ناڵێت کاوە بەکرێگیراوی ئەخمینیەکان بوو وبە فیتی ئەوان مادەکانی لەسەر حوکم لابدات؟!

ئەگەر وای دابنێین ئەو چیرۆکەی زوحاک دوا پاشای مادەکان ڕاستە و کاوەی ئاسنگەر بە شۆڕشەکەی دەوڵەتی نەتەوەیی کوردی ڕوخاندوە بەر لە چەندین سەدەی بەر لە میلاد! بەڵام سەیر لەوەدایە کاتێک باسی صلاح الدینی ئەیوبی دەکرێت بە خراپی لەلایەن کوردە ئاسۆ تەسکە نەتەوەچییەکان، کە دەڵێن هیچی بۆ کورد نەکردوە ولە خزمەتی عەرەبدا بوە، هەموومان، بە موسڵمان وئیسلامیەوە دەڵێین: کورە بابە کەی ئەو کاتە سەردەمی ناسیۆنالستی بوو، کەی سەردەمی دەولەتی قەومی بوو، ئەوە کە صلاح الدین لە چاو کاوە وزوحاک دوێنێ بوو! بەڵام لەبەرئەوەی کاوەی بەسەزمان موسڵمان نەبوو، ئەوە ئیسلامی وهەندێ سیکیولاری نەتەوەیی دێن وهەمان پێوەری دەوڵەتی ناسیونالستی و سەردەمی فیکری قەومی بەسەر کاوەیەک جێبەجێ دەکەن کە جیرۆکەکەی نزیکترە لە ئەفسانە تا مێژویەکی ڕاستگۆی تۆمارکراو. ئەگەر تۆ ڕازی نابیت ئەو پێوەرە لەسەر صلاح الدین جێبەجێ بکەیت – کە لە ڕاستیدا جێبەجێش نابیت بە ڕای ئێمە – ئەی بۆچی هەمان پێوەر لەسەر چەندین هەزار ساڵ بەر لە صلاح الدین جیبەجێ دەکەیت؟! ئەگەر کاوە خائین بێت، بەپێی ئەو پێوەرە سەقەتە ئەوە بێگومان صلاح الدین یش خائینە بە هەمان پێوەر کە ئیعلانی دەوڵەتی کوردستانی گەورەی نەکرد وەک نەتەوەچیە حەوسەلە تەنگەکان وا دەڵێن!

ئینجا لە ڕوەکی تر من بۆنی جۆرێک لە بەرگری دەکەم لە دەسەڵاتی گەندەڵ لەو قسانە، چونکە ئەگەر کاوە سەرکۆنە بکرێت لەبەر ڕاوەستانەوەی لە دژی زوحاک، کە گوایە پاشایەکی کوردی ناسیۆنالیست بوە [!!] ئەوە هەموو ڕۆلەیەکی ئەو نیشتیمانە کە لە دژی دەسەڵاتی دەوەستنەوە ناپاکن وەک کاوە، کە بوە هۆی ڕوخانی میدیەکان!
دەڵێن زانایەکی دینی دوو سەعات خەریکی ڕاڤەکردن و پینەپەڕۆکردنی فەرمودەیەکی پێغەمبەر بوو کە بە عەقڵ دا نەدەچوو، زانایەکی تر بە یەک ڕستە کۆتایی بەو مەهزەلەیە هێنا وگووتی: ئەو فەرمودەیە ڕاست نیە وهەڵبەستراوە پێویست ناکات ئەو هەموو شێر وریوی یە بهێنیتەوە بۆی!

**ئێوە کەوا خۆتان هیلاک دەکەن بە مێژووی کاوە وئەژدیهاک دەبێت ئەو راستیانە بزانن:**

١- جەژنی نەورۆز پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە و کۆنترین جەژنی مرۆڤە لە سەر زەوی. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا کراون، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، ڕۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جەژن.

دکتور مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە وتارێکی تێر و تەسەلدا بە وردی چووەتە سەر بنج و بناوانی مێژووەوە و بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو جەژنە هەمان جەژنی (تەمووز و عەشتار) ە، کە سۆمەرییەکان پێش ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر و بەرەو خوارووی وڵاتی عێراقی ئێستا داگەڕێن، ئەو جەژنەیان بەڕێوە بردووە. هەروەها دەڵێت: (ماجید عەبدوڵڵا ئەلشەمس) دەنووسێ:(رەنگە زۆربەمان ئەوە نەزانین کەسایەتی "کاوەی ئاسنگەر" لە فیکری کوردی، ئەوە شێوەیەکی بەرچاوی کەسایەتی تەمووزی عێراقی کۆنە) نەورۆز کەی دروستبووە و هی چ میللەتێکە؟!

٢- شاهنامە لە ڕووی ڕاستیەوە ناکرێت پشتی پێ ببەسترێت زۆر لە رەخنەگران پێیان وایە کە قۆناغی یەکەمی شاهنامە: سەردەمی ئەفسانەییە کەباسی گیومیرت وجەمشید وزوحاک وفەرەیدون وکاوە دەکات، کە ئەو قۆناغە هیچ نرخێکی مێژوویی نییە ورەنگی ئەفسانەیی زاڵە بەسەریدا، شاهنامە نەورۆز ناگێڕێتەوە بۆ شەری کاوە وفەرەیدون لە دژی زوحاک، کە سەرلەبەری ئەفسانەیە، بەڵکو بەو جۆرە باسی دەکات: ئینجا جەمشید هات سەر تەختی فەرمانڕەوایی لە پاش باوکی تەهمورت کە ئەویش وەک ئەو سەرکەوتو بوو بەسەر دێو ودرەنجەکانیش وتوانی لەسەر قەروێڵە ڕازاوەکەی بفڕێت بەسەر هەموو مەملەکەتەکانی بە هۆی جنۆکەکانیەوە!! جنۆکەکان لەو رۆژە هەڵیان گرت کاتێ خۆر کەوتە قولەی حەملەوە، وزۆر دلخۆش بوو ومەی دەبەخشرایەوە وئەو رۆژە ناونرا بە رۆژی نەورۆز کە بوە عورفێکی پیرۆز لای فارسەکان. "

لێکۆڵەری ئێرانی موجتەبا ئەلمینوی دەربارەی کەسایەتیەکانی شاهنامە دەڵێت:

کەسانێک لە پاشینەکان ویستیان ئەو ڕوداوە مێژوویانەی لە شاهنامەدا هاتوە جێبەجێیان بکات لەسەر ڕوداوە هەقیقیەکانی پەیوەست بە سەردەمی هەخامنیشینەکان، بۆیە ناوی پاشاکانی شاهنامە یان وەک پاشاکانی هەخامنشینەکان حسێب کرد! .... ئایە ئەو کەسایەتیانە خوداوەندن یان نیمچەخوداوەندن؟ بەڵام کاتێک جیرۆکەکانی بەراورد دەکەین لەگەڵ میتۆلەژیای ئەفسانەکانی هیندی، تێدەگەین کە کەسایەتی جمشید وکەیخوسرەو وفرەیدون وکاوس بریتین لە خوداوەند یان نیمچەخوداوەند کە لە شێوەی مرۆڤ بەرجەستەکراون لە شاهنامە." کەوابوو ئەوە بە زۆرلەخۆکردن دەیانەوێت پاشاکانی شاهنامە ئیسقات کەن بەسەر مێژووی واقیعی، وئەو چیرۆکە ئەفسانەییانە هیچ ئەرزشێکی واقیعی نیە!

٣- زوحاک هەندێک جا وەک پاشایەکی ئاشوری یان بابلی نیوی هاتوە، لە شاهنامەش وەک پاشایەکی عەرەب ناوی هاتوە، وکە پاشاکانی فارسەکان داوای یارمەتی ئەویان کردوە لەدژی شای شاکانی فارسەکان!

لەوەدایە کورد لەبەر دواکەوتویی ولاوازی گیانی نەتەوەیی بایەخی بە نوسین وتۆمارکردن نەداوە، هەتا یەکەم سەرچاوەی مێژوویشی

[شەرەفنامە] بە فارسی نوسراوە کاتێک کە شاعیرێکی میللی ئێرانی [فیردەوسی] داستانی شاهنامە دەنوسێت کە لە جەوێکی ئەفسانەیی دا نوسراوە ووەک هەر داستانێکی تری وەک ئەلیادە وگەلگامێش وهیتر، تێیدا بە کەیفی خۆی کەسەکان ورووداوەکان ئاڵ وگۆڕ دەکات هەتا زوحاکیش بەعەرەب لەقەڵەم دەدات وبەشێوەیەکی ئەفسانەئامێزانەش ئاماژە بە بوونی کورد دەکات، گوایە لەو منداڵە

رزگاربوانە لە سەربڕینی زوحاک کورد دروست بوە

[کنون کرد از یَن تخمه دارد نژاد کز یَباد نايد بدل برش ياد]

[جا کوردەکان لە تۆرەمەی ئەو لاوانەن کە نەیاندەزانی ئاوادانی چیە] دەیەوێت بڵێت کە کورد لە فارسەوە وەپاش کەوتوە پاش هەڵاتنیان بۆ کێوەکان! لە بنەڕەتدا فارسن ولەدەست زوڵمی پاشای عەرەب ڕایان کردوە، بە عەرەب کردنیشی دوژمنانی شا فارسەکان دەلالەتی خۆی هەیە ودەگەڕێتەوە بۆ ڕوخانی شانشینی شایەکانی شاهنامەی فیردەوسی لەسەر دەستی عەرەبە موسڵمانەکان، شاهنامەی فیردەوسی جارێکی تریش ئاماژەی نێگەتیڤ بە عەرەب دەکات لە ل ٥٠ی چاپی عەرەبی دەڵێت : " دوایی عەرەبێک بەناوی دەربیس لە دژی کیکاوس هەڵگەڕایەوە لەدەوربەری شام، دوایی کیکاوس بەدەستی بەربەرەکان بە فێڵ دەگیرێت ومەملەکەت بێ شا دەمێنێتەوە ...دوایی ئەفراسیاب دەستی بەسەر دادەگرێت پاش شەرێک لەگەڵ [عەرەب]...باشە ئەگەر باوەڕ بە خیانەتی کاوە دەکەن لەسەر پشت بەستن بە شاهنامە، ئەو ئەوەتە شاهنامە دەڵێت زوحاک عەرەب بوە! عومەر خەیام لە نەورۆزنامەکەیدا دەڵێت کاوە کورد بوو، وفەرەیدونیش هەر کورد بوو کە لە پاش ڕوخانی زوحاک هاتە سەر دەسەلات، وەک نوسەری کتێبی هاونەتەوەیی کورد وماد، حەبیبوڵلای تابانی دەڵێت: عومەر خەیامی نیشابوریش لە کتێبی نەورۆزنامەی خۆیدا دەڵێت؛ " فەرەیدوونی کورد فەرمانی بە ئێرانیان دا تا ئەو ڕۆژەی زوحاک بەدیل گیرا، ئێران لەشەڕ وکێشەی ئەو ڕزگار بوو بکەن بەڕۆژی جەژن." ل ٧١.

کەوابوو ڕای جوراوجۆر زۆرە لەسەر زوحاک کە دەڵێن فارس بوە وبابلی بوە وعەرەب بوە، تەنها کورد هەر لە خۆیەوە کردویەتی بە ورد لەبەر هیچ نا تەنها لەبەر لێک چوونی ناوی ئەژدیهاک وزوحاک بە ناوی دوا پاشای میدیەکان ئەشتیاگ! هەتا با بڵێین کە فیردەوسیش لە شاهنامەدا وادەڵێت، ئایە هێندە ساویلکەبین هەموو قسەکانیمان لێی وەرگرین کە بە هەوەسی خۆی یاری بە ناوەکان وبە ڕوداوەکان دەکات؟!

زوحاکێک بەپێی شاهنامە تەمەنی ١٠٠٠ هەزار ساڵ بێت ومار لە شانەکانی بڕوێت پاش ماچکردنی ئەهریمەن دەبێت پەیوەندی بە ئەشتیاگەوە چی بێت؟ لەدوای ئەودا فرەیدوون بێتو ٥٠٠ ساڵ حوکم بکات دەبێت چ پەیوەندی بە ڕاستی ومێژوووە هەبێت، تا هێندە بە جیدی وەربگرێت، وکاوەی فەقیر کە تێکرای کورد وەک ڕەمزێکی ئەفسانەیی نەتەوەیی لیی دەڕوانیت، بکەیت بە خائین، وزوحاکێک کە هێمای جەور وستەمە بەزۆری وبە پێچەوانەی فیردەوسی وشاهنامەشەوە بکرێتە کورد؟!

ئینجا ئەوەندە بەسە بۆ هەڵوەشاندنەوەی ئەو قسە بێ بنەمایانەی کە زوحاک دەکەنە ئەشتیاگ ولەبەرکردنی بەرگی واقیعی مێژوویی لەبەر ئەو ەفسانەیە ئەوەیە، ئەو دوو ناوە هیچ پەیوەندیەکیان بە یەک نیە، چونکە ناوی زوحاک لە بنەڕەتدا بەر لە هەزاران ساڵ لە ئاوێستا وئەفسانە ئاریە کۆنەکان وەرگیراوە، کە لە ئاڤیستا دەڵێت ئەژیدهاک ئەهریمەنیکە لیناگەڕێت ئاوی هەورەکان دابەزێتە سەر زەوی وخۆی خاوەنی ڕوحێکی نەگریسە، یان ئەژدیهایەکی سێ سەرە، و هەر لە ئاڤێستاس بە [تازی] واتە عەرەب لە قەڵەم دراوە.

کەوابوو فیردەوسی ڕێک لە ئاڤێستا وە ئەو کەسایەتییەی دۆزیوەتەوە کە وەک شەیتانی قورئانە، نەک ویستبێتی ناوی دوا شای کورد [ئەشتیاگ] بشێوێنێت، کورد هەر لەخۆڕا خۆی تێکداوە! کابرا فارسیە ولە بەرژەوەندی مێژووی خۆیدا نوسیویەتی، نازانم بۆ کەسانێک لە فارسە نەتەوەییەکان لە فیردەوسی ڕاست نەبونەتەوە وبڵێن: لەوەتی عەرەب هەیە هەر ژێردەستەی فارس بوونە، خێرە ئەو خیانەتە لە مێژووی فارس دەکەیت، یان دوای ڕوخانی ساسانیەکان بە دەستی موسلمانەکان ماستاو بۆ عەرەب دەکەیت؟! چونکە فیردەوسی دەڵێت گوایە پاشاکانی ئیران داوای یارمەتیان کردوە لە زوحاکی عەرەب بۆ ڕوخاندنی شای شاکانی ئیران؟ ودواییش ئەو عەرەبە ستەمکارە پێ پەتیە دەبێتە شای عەرەب وفارس؟!!

گومانم نیە ئەگەر فیردەوسی کوردبا ئێستا ئەویش لەدەستی ئەو ڕەخنە ساردوسڕە نا بابەتیانەی کوردە سەلەفی وئەکادیمی ونەتەوەچیەکانێش ڕزگاری نەدەبوو.

کەوابوو بەسە ئیتر ئەو خۆ وخەڵک هیلاک کردنە، کەس داواتان لێناکات وەک فارسەکان شاهنامە تەقدیش کەن ونەورۆز پیرۆز کەن، وئەمساڵ یادی هەزار ساڵەی نوسینی شاهنامەیان کردوە لەناو بارەگای یۆنیسکۆ، ووێنەکێشێکی ئیرانیش پێنج سەد وێنەی ڕوداوەکانی شاهنامەی کێشاوە وبە وەرگێرانەی ئینگلیزیەوە چاپیان کردوە، نەخێر بەس هێندە خەڵکی کورد لەوەش کۆڵەوارتر مەکەن بە هێرش کردنە سەر نەورۆز وکاوەی ئاسنگەر، تێبگەن هەموو گەلانی جیهان ئەفسانەی نیشتیمانی وا سەیر ونامۆیان هەیە منداڵیش دەزانێت ڕاست نین، بەڵام کاریگەری خۆی هەیە بەسەر ڕوحی نەتەوایەتی وپەروەردەکردنی منداڵ وهەستکردن بە ئینتیمابوون وخۆشەویستی میللەت وولاتدا، پار وپێرار شەری نەورۆزمان کرد، ئەوە ئەمساڵیش شەری کاوە وزوحاکمان پێدەکەن، ئەووش هەقیقەتی کاوە وزوحاک بوو کە باسمان کردن، دوو کەسایەتی نزیکتر بۆ خەیاڵ وئەفسانەن تا ڕاستی، بەڵام ئەفسانەیەکی پێویستە بۆ کورد بەپێی گێڕانەوەی کوردی کە دەماو دەم بۆمان هاتوە نەک گێڕانەوەی شاهنامە.

- قسەیەک لەسەرنەورۆزو سەری ساڵی کوردی و ئەفسانە

عیرفان عەلی عبدالعزیز http://bzavpress.com/Detail.aspx?id=3082&LinkID=18

- ل ١٠. [الشاهنامە: ملحمە الفرس الکبری، لابي القاسم الفردوسي، دار العلم للملايين- بيروت الطبعە الثانيە ١٩٧٩]

[١] - - فردوسی و مقام او، ص ٥٤١.

http://www.marefa.org/index.php/%D8%B4%D8%A7%D9%87_%D9%86%D8%A7%D9%85%D9%87

[١] - ل ٧١ هاونەتەوەیی کورد وماد، حەبیبوڵڵای تابانی، وەرگێرانی جەلیل گادانی.

http://ar.wikipedia.org/wiki/%D8%B6%D8%AD%D8%A7%D9%83

سەرچاوە: ماڵپەڕی پێنوسەکان / ڕێکەوتی: ٢٦ی مارچی ٢٠١٤

# نەورۆز، رەمزی سەربەخۆیی نەتەوی بێدەوڵەت

ئەحمەد عەلی پوور

ئاکامی تێگەیشتنی دروست لە چەمکی هێمای نەتەوەیی و بەکارهێنانی بەجێی لە کاتی شیاودا، لێکەوتەی پۆزێتقی دەبێ.



نەورۆزی ئامەدی ساڵی ٢٠١٣ ئەو راستییەی نیشان دا. هێماکان بەرهەمی سەدان و هەزاران ساڵەی دووپات بوونەوەی هەندی خۆ و خەدەی بەکۆمەڵی کەسانێکن کە خاوەنی داب و نەریتی هاوبەشن. لە رێگەی ئەو دووپاتبوونەوەیە، هێماکان، وردە وردە و لە درێژەی کاتدا، وەک دیاردەی کولتوری یان نەریت خۆیان لە بیر و حافزەی نەتەوەکاندا هەڵدەکۆڵن. جا ئەو جار، خەڵکی هەندێ بار و ناوەرۆکی دیکەشییان پێدەدەن و لە گەڵ رەوتی زەمان، هەم ئاڵ وگۆڕیان تێدا پێکدێنن و هەم دەوڵەمەندتریان دەکەن و جاری واش هەیە کە ناوەرۆکەکانیان لە بنەڕەتدا دەگۆڕن .

نەورۆز کە رەنگە لە سەرەتا دا جەژنی بەخێرهاتنەوەی بەهار و گەرما و سەرلەنوێ ژیانەوەی سروشت، وەرزی دواییهاتنی سەرما و قاتوقڕی و کاتی فرەوانی بژیو و وەرزی زاوزێ و سەرڕێژبوونی هەستی گەرم و فەسڵی گوڵ و باران و گیابرژیوە بووبی، نەورۆز بەهەمان ئەندازە کە جێژنی ماڵاویی لە ساردوسەرما و سەهۆڵبەندانە، نەورۆز ئەگەر جەژنی رەنگەکانە، نەورۆز ئەگەر جەژنی ژیانە، بەهەمان ئەندازەش جەژنی خەبات و ئاشتی و دێموکراسی و یەکسانییە. چەژنی هەڕەتی هەرەوەز و تێکۆشانی هاوبەشە. هەربۆیە ئەفسانەی شاربەدەرکردنی ئەژدەهاک لە رۆژی نەورۆزدا، کراوەتە رەمزی سەرکەوتنی گەل بەسەر دیکتاتۆردا. لە هەمان کاتدا، نەورۆز هێمای بەخشیش و لێبووردنیشە. بەپێی ئەفسانەی کاوە-ئەژدەهاک، دیکتاتۆر نەکوژرا، تەنیا شاربەدەرکرا .

بەڵام هێماکان ئەگەر بەدروستی و لە جێگای خۆیاندا، کەڵکیان لێوەرنەگیردرێ، لەناوەرۆکی خۆیان بەتاڵ دەبن. نەورۆز کە بەداخەوە لەناو گەلی کورددا خەریک بوو لە بیر دەکرا، بە هەوڵ وهیممەتی شاعری پایەبەرزی کورد، پیرەمێردی نەمر، لە باشووری کوردستان ژیایەوە و لەو ٢٥ ساڵەی دواییدا، لە لایەن پارتی کرێکارانی کوردستانەوە و لە باکووری کوردستان کراوەتە هێمای راستەقینەی نەتەوەیی گەلی کورد .

نەورۆزی ساڵی ٢٠١٣ ، لە ئەنجامی سیاسەت و ستراتێژیەکی نەتەوەیی لێزانانە و هاودەنگی و یەکگرتوویەکی بێوێنەی میحوەری ئیمراڵی-شاخ و شار و لە سۆنگەی تێلێڤیزیۆنە جیهانیەکانی وەک CNN وە، نەخشەی کوردستانی کردە مەشخەڵی پەیامی ئاشتی رۆشنبیرترین، بەهێزترین و خۆشەویستترین زیندانی سیاسی جیهان واتە بەرێز ئۆجالان و کێشەی کوردی بۆ هەمیشە لە چوارچێوەی تەسکی بیری ناوچەیی، لە دەرسیم و مەهاباد و هەولێر و کرماشانەوە درهێنا و کردیە کێشەیەکی جیهانی. ئەوەش ئاکامی

ئەخلاقی بەرزی سیاسی و هەوڵ و خەباتی گەلی کورد لە باکووری کوردستانە کە لە ژێر ڕێبەرایەتی پ.ک.ک. و شەخسی ئاپۆدا، لە چەند بورادا پێشرەو بووە. ١. لە بورای بەکارهێنانی راگەیاندراوی گشتی وەک ساتەلایت و تی.ڤی. ٢. پێکهێنانی چەندین حیزبی سیڤیل و پەروەردەی سیاسەتمەدارانی لێهاتووی وەک سەلاحەددین دەمیرتاش، گوڵتەن کشاناک، پەروین بوڵدان و سەدان و هەزاران کوردی سیاسی دیکە. ٣. ئاراستەکردنی خوێندنەوەیەکی تازە لە کێشە و مێژووی کورد و ٤. دارشتنی ستراتیژیەکی مودێرن کە لەسەر بنەمای دەوڵەت-نەتەوەی دیموکراتیک، خۆڕێوەبەری و کۆمەڵگەی سروشتی سەقامگیر بووە.

لە جەژنی نەتەوەیی نەورۆزی ئەمساڵی ئامەددا، تەنانەت یەک ئاڵای تورکیاش بەدی نەدەکرا بەڵام لە هەمان کاتدا، چەندین سیاسەتوانی پایەبەرزی رۆژئاوایی مەجبوور بوون کە تێبینیەکانی خۆیان لەسەر پەیامەکەی بەرێز ئۆجالان دەربڕن و هەموو ماسمیدیای جیهانی بە بەربڵاوی باسیان کرد. ئەوەی کە تورکیا چۆن لەبەرانبەر سیاسەتی کورددا هەڵوێست دەگرێ، داهاتوو دەری دەخا. ئەوەی کە لێرەدا جێگەی سرنجە ئەوەیە کە گەلی کورد نەورۆزیان لە بەر چاوی جیهانیان نەتەنیا کردە جەژنی نەتەوەیی خۆیان بەڵکو ناوەرۆکی ئاشتیخوازانەی نەورۆزیشیان سەرلەنوێ دارشتەوە و خستیانە بەردەم کۆمەڵگەی جیهانی .

لە لایەکی دیکەوە، نەورۆزی ئامەدی ئەو ساڵ، سەربەخۆیی و پێگەیشتویی و بلووغی سیاسی نەتەوەی کوردی بە شێوەیەکی زەق خستە روو. نەتەوەیەکی دیموکراسیخواز کە ئەو دیموکراسی و خۆبەڕێوەبرییەی تەنیا بۆ خۆی ناوێت و لەگەڵ گەلانی دیکەی ژێردەستدا دابەشی دەکا. ئەو دیموکراسیخوازییە، ئەوەش نیشان دەدا کە پرۆژەی دەوڵەت-نەتەوەی ئاراستەکراوی رۆژئاوا، کە لە بنەڕەتدا بۆ پاراستنی بەرژەوەندیەکانی رۆژئاوا و بە مەبەستی دەستەمۆ کردن و کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی ژمارەیەکی کەم لە نوێنەرانی نەتەوەیەک و سەپاندنیان بەسەر نەتەوەکانی دیکەدا، کە لە تاڵانکردنی سەروەت و سامانەکاندا لە گەڵیان هاودەستن و هیچ دڵسۆزییەکیان سەبارەت بەو نەتەوانە نییە، تووشی هەرەسهێنان هاتوە و ئیتر کۆکردنەوەی دەسەڵات لە دەستی هەندێ نوێنەری ناسیونالیستی توندئاژۆی نەتەوەی سەردەتدا و بێبەشکردن و داپڵۆسینی نەتەوەکانی دیکە باوی نەماوە و ئەو پارادیمە دەبێ جێگەی خۆی بە پارادیمی دەوڵەت-نەتەوەی دیموکراتیک کە لەسەر بنەمای دابەشکردنی دەسەڵات و خۆڕێوەبەری ئاڕاستە دەکرێ، بدا.

باسی نەتەوە-دەوڵەت دەگەڕێتەوە پەیمانی ئاشتی ڤێستفالیا (Westphalia) کە لە ساڵی ١٦٤٨دا کە لە ئاکامی شەڕی ٣٠ ساڵەی ئوروپادا واژۆ کرا. بە گوێرەی ئەو پەیمانە کە دەکرێ بە دۆکۆمێنتی مەرگی ئیمپێراتۆریەکانی ئوروپا لە قەڵەم بدرێ، بۆ یەکەم جار چەمکی دەوڵەتی سەربەخۆ واتە سەردەست (sovereign) کە لە چوار بواردا لە گەڵ جیهانی دەوروبەری لە پەیوەندی دایە. ١. لە مەیدانی ناوخۆیی دا واتە لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە بەسەریدا حکومەت دەکا. ٢. لە پەیوەندی لەگەڵ یەکێک لە دەوڵەتەجیرانەکانیدا. ٣. لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵێک لە دەوڵەتانی دەوروبەریدا و ٤. لە پەیوەندی لەگەڵ کۆمەڵگای نێو دەوڵەتیدا. نەتەوە-دەوڵەتەکانی تورکیا، ئێراق، سوریا و ئێران کە دوای شەڕی یەکەمی جیهانی لەلایەن ئینگلیس و فەرانسەوە پێکهاتن لە هیچ کام لەو چوار بوارانەدا ئاشتیخواز و لەسەر بنەمای رێزدانان بۆ مافی مرۆڤ یان مافی سەروەریی سیاسی نەتەوەکانی جیران مامەڵەیان نەکردوە. ئەو نەتەوە-دەوڵەتانە هەم لە ناوەوەی چوارچێوەی جۆگرافیای ژێر حکومەتیاندا و هەم لە هەمبەر وڵاتانی دەوروبەریاندا سیاسەتی داپلۆسین، شەڕ، داگیرکردن و دەستدرێژییان بەرێوەبردوە.

گەلی کورد لە باکووری کوردستان و ڕێبەرایەتیە سیاسییەکەی نیشانی داوە کە سەرەڕای نزیکەی ١٠٠ ساڵ سیاسەتی نژادپرستانەی زوحاکەکانی تورک، نەتەنیا تەسلیمی سیاسەتی داپلۆسین و تواندنەوە و ژێنۆسایدن نەبووە بەڵکو بە ڕوونی سەرهەڵدان و گەشەی نەتەوەی بێدەوڵەتی سەلماندووە. نەتەوەیەک کە خاوەنی خاک و سەروەت و سامانەکەیەتی و هەر کات ئیرادە بکا، دەتوانێ و مافی خۆشیەتی دەوڵەتی خۆی پێکبێنێ. ئەو نەتەوەیە، خاوەنی ئەخلاقێکە لە سەربەخۆیی و ئازادی لە بڕیاردان بەسەرخۆیدا. بەڕێز ئۆجالان وەک ڕیبەری تەڤگەڕی ئازادی لە باکوری کوردستان، ئەورۆ، بە ڕێکخستنی کاناڵی بەندیخانە- شاخ- شار و داڕشتنی سیاسەتێکی نوێی نەتەوەیی، خۆی وەک ڕێبەری ڕاستەقینەی گەلی کورد لە باکوور، ڕۆژئاوا و بەشێکی زۆر لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان سەلماندوە و دوور نییە ئەو ڕۆژەی کە گەورەترین بەشی کوردستان بەرەو سەربەخۆیی ڕێنوێنی بکا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ناوەندی نووچە و شرۆڤەی ڕۆژ / ڕێکەوتی : ٣١ مارسی ٢٠١٣

# نەورۆز و نیشانەناسی ئاور

قەرەنی ئەحمەد ئاغایی

فەلسەفەی زاتی کۆمەڵگا ئەوەی سەلماندووە کە ئێمە لە جیهانی زماندا دەژین کە ئەوەش خاڵی سەرەکیی جیاوازیی نێوان مرۆڤ و بوونەوەرەکانی ترە، مرۆڤەکان بە پێچەوانەی هەموو گیانلەبەرانی تر لە ڕێگەی زمانەوە بیر دەکەنەوە و لە تەک دیاردەکان و لە تەک یەکتر دا پەیوەندی سازدەکەن. جا ئەو زمانە چ زمانی نووسین بێ چ زمانی ئاخافتن یان داب نەریت و بۆنە کۆمەڵایەتییەکان و ... هتد.

نەورۆز و چوارشەممەسووری لە پەنا شایی، شین، شێوەی جل وبەرگ لەبەرکردن و شێوەی نان خواردن و ... کە هەر یەکەو زمانێکی تایبەت بە خۆیان هەیە، بەشێکن لە زمانی بۆنە کۆمەڵایەتییەکان کە کۆمەڵێک نیشانەیان گرتۆتە خۆ. ئاور یەکێک لەو نیشانانەیە کە لە ڕێگەی ئوستوورەیەکەوە بەرهەم هاتووە یا لانیکەم دەلالەتەکانی لە ژێر کارتێکردنی ئوستوورەیەکەوە ـ کە دواتر باسی دەکەین ـ ڕەنگ و بۆیەکی تایبەتیان بەخۆوە گرتووە. هەڵبەت ئاور بەر لەوەی کە ئوستووره بۆ سەپاندنی ویست و بەرژەوەندییەکانی خۆی بیکا بە ڕەمز و نیشانە ، لە زاتی خۆی دا کۆمەڵێک تایبەتمەندی ڕەمزی و نمادینی هەیە، ئەو تایبەتمەندییانەش تایبەتمەندی هەر چوار ماکەی سەرەکی:"ئاو، ئاور ، خاک و با" یە کە هاوکات دوو دژ دەگرنە خۆیان. بۆ نموونە ئاور لە پەنا ئەوەی دا دەتوانێ هەموو شتێک بسووتێنێ و بیکا بە خەڵووز، سەرچاوەی وزە و هەوێنی بەرهەم هێنانی ئامراز گەلێکی لە چەشنی ئاسنە کە بنەماکانی پێشکەوتنی مرۆڤیان لەسەر دامەزراوە.

کوتمان کە ئاور جگە لەوەی کە لە زاتی خۆی دا کۆمەڵێک تایبەتمەندی ڕەمزی و نمادینی هەیە، ئوستوورەش دەیکا بە نیشانە و ڕەمز. بۆ تێبینی دەبێ ئەوەش بگوترێ کە هەر چەند لەم نووسراوەیەدا ئوستووره وەک دیرۆکی قارەمان و خواکان بەپێی پێویست ئاوڕی لێدەدرێتەوە، بەڵام مەبەستی ئێمە لە ئوستووره لەسەر پێناسەیەک دامەزاوە کە "بارت" لە ئوستووره کردوویەتی. "بارت" دەڵێ: ئوستووره، ئایدیۆلۆژیای زاڵی سەردەمیانەیە کە زۆرجار لە ڕێگەی دەسەڵاتداران بە مەبەستی مانەوە و بەردەوام بوونیان ساز دەکرێن، ئێستا ڕەنگە پرسیارێکیش هەر ئەوە بێ کە ئوستووره بە چ شێوەیەک و چۆن بەرهەم دێ؟ بۆ وڵامدانەوەی ئەو پرسیارە جارێکی تر دەگەڕێینەوە لای زمان کە ئوستوورەکان لە ڕێگەی ئەوەوە نیشانەکان و ڕەمزەکان بە مەبەستی پشتیوانی و زیندوو ڕاگرتنی خۆیان دەئافرێنن،کەواتە پرۆسەی ئافراندنی ئوستووره لە نێو زماندا ڕوو دەدا یا بە وتەیەکی تر، نیشانەکان بەشێکن لە زمان، ئوستووره دەخزێتە نێو زمان و نیشانەکان لە دوولایەنی دەلالەت(ڕاستەوخۆ و شاراوە) نێو ئاخن دەکا، ئەوسا لە ڕێگەی تێکەڵ کردنی دوو لایەنی ڕاستەوخۆ یا ڕووبەڕوو و شاراوە، نیشانەیەک دەخوڵقێنێ کە ئوستووره جێگیر دەکا و بەردەوام بەرهەمی دێنێتەوە. لە لایەکی دیکەوە هۆی دیسان بەرهەم هاتنەوەی ئوستوره لە لایەن کۆمەڵگاوە لە دوو لایەنی دەلالەتی نیشانەکان گرێ دراوە کە کۆمەڵگا دەلالەتی ڕاستەوخۆیە کە وشیارانە و دەلالەتە شاراوەکە ناوشیارانە وەردەگرێ تا ئوستووره بە تەواوەتی دەروونی بکرێ. دەروونی

کردنی ئوستووە لە لایەن کۆمەڵگاوە واتە ژیان و زیندوومانی ئوستوورە کە پرۆسەیەکی ورد و سەرنج ڕاکێشە و لە درێژەی ئەم وتارەدا دەگەڕێینەوە سەری و باسی لێدەکەین. ئێستا ئەگەر هەر بەپێی ئەوەی کە تا ئێرە باسی لێکرا، واتە لە نێو نیزامی زمانی نەورۆز و چوارشەممە سوورییەوە بڕوانینە ئاور دەبینین نیشانەیەک کە لە ڕێگەی ئوستوورەی کاوەی ئاسنگەر لە دوو لایەنی دەلالەتی نێو ئاخن دەکرێ. کە ئەو دوو دەلالەتەش لە ڕێگەی ئوستوورە و لێرەوە لە ڕێگەی ئوستوورەی کاوەوە بەرهەم دێن و هەر لەو ڕێگەیەشەوە تێکەڵ بە یەکتر دەکرێن.کاوە تەخت و تاجی زوحاک تێکدەڕمێنێ، دەسەڵات لە زوحاک دەستێنێتەوە و دەیداتە فەرەیدوون کە بە هەڵکردنی ئاور و جێژن گرتن لە دەروی ، ئاور دەبێ بە ڕەمزێک کە ئەو ڕووداوە بە تەواوی لە نێو خۆی دا جێ دەکاتەوە، ئاور دەبێ بە نیشانەیەک کە دەلالەتە ڕاستەو خۆیەکەی تێک شکانی زوڵم وزۆریی دەسەڵاتداران و حکوومەت کردنی خەڵک بەسەر خەڵک دایە و دەلالەتە شاراوەکەشی ئەوەیە کە حکوومەتی پاشایەتی حکوومەتی خەڵکە و ئاڵای شاهەنشاهی ئاڵای هەمووانە. بۆ تێبینی پێویستە ئاماژە بەوە بکرێ کە ئەم ڕووداوە چ ڕووداوێکی مێژوویی بێ و چ ئەفسانە یان حەقایەتێک بۆ دەربڕین و مانابەخشی بە نەورۆز. کە ساغ کردنەوەی هیچ کامیان مەبەستی ئەم وتارە نیە. ئوستوورەیە کە ئاور دەکا بە نیشانەیەک کە دەلالەتە شاراوەکەی ڕێزگرتن لە دەسەڵاتە،جا بگرە ئەو دەسەڵاتە با دەسەڵاتێکی چەوسێنەریش بێ. ئەمە هەر چەندە خەسارێکی گەورەیە کە ئوستوورە بەسەر کۆمەڵگای دادەسەپێنێ و کۆمەڵگایەکی خەسیو بەرهەم دێنێ بەڵام خەساری لەو گەورەتر ئەوەیە کە کۆمەڵگا هەموو ساڵێ و لە هەموو سەر دەمێک دا لە ڕێگەی زمانی نەورۆز و چوارشەممە سورییەوە جارێکی تر ئەو ئوستوورەیە بەرهەم دێنێتەوە.

ئەو شێوە ڕوانینە لە ئاور، لە نیشانە ناسی مێژوویی ئاورمان نێزیک دەکاتەوە و سەرنجمان بۆ ئەم لایەنە ڕادەکێشێ کە چۆن ئوستوورەکان لە لایەن دسەڵاتدارانەوە ساز دەکرێن و تا تێکرمانی نیزامی زمانی تایبەت بە خۆیان واتە ئەو نیزامەی نیشانەکانی تێدا بەرهەم دێن، زیندوو دەمێنن، هەرچەند ئێمە ناتوانین نکۆڵی لەوە بکەین، بەڵام ناتوانین حاشا لەوەش بکەین کە زۆر جار بێ گۆڕِینی نیزامی زمانیی دەکرێ جێگوڕکێ بە نیشانەکان بکەین یا دەلالەتەکانی نیشانە بگوڕین. ئەوەی ئاشکرا بێ ئەوەیە: کە نەورۆز هەر بە قوووەتی خۆی بوونی هەیە و جێگۆڕکێ و گۆڕینی نیشانەی ئاور بە نیشانەیەکیتری وەک سفرەی حەوت سین لە کۆمەڵگای کوردەواری دا نەکراوە و حەول و تەقەللای بەڕێوەبەرانی نەورۆز نەیتوانیوە ئاور وەک نیشانەیەکی بەتوانا لە نێو ئەو زمانە بسڕنەوە. سەرەڕای ئەوەش هێندێک ڕووداوی جۆراوجۆر لە چاخی هاوچەرخ دا تا ڕادەیەک گۆڕانکارییان بەسەر دەلالەتەکانی ئاوردا هێناوە کە ئەوەش بە ئوستوورەیەکەوە بەستراوەتەوە کە خەریکە لە لایەن کۆمەڵگاوە ئاراستە دەکرێ.

هەڵکردنی ئاور لە ڕۆژانێک جگە لە ڕۆژی نەورۆز و بەتایبەت لە لایەن کۆمەڵگای کوردەواری و لە چوارچێوەی ئێران دا کۆمەڵێک ڕەمز و لایەنی مانایی تازەی خستۆتە سەر شانی ئاور، سەرەکی ترین ڕەمز، هەڵکردنی ئاور بە دزیەوە و لەسەر کێوە بەرزەکانە کە دەکرێ وەک کردەوەویەکی پڕۆمتەیی چاوی لێ بکرێ. کردەوەی پڕۆمتە وەک ڕاگوێستنی ئاور لە دەست زێئووس خوای خواکانەوە بۆ مرۆڤ، کردەوەیەکە کە بە شێوەیەکی ڕەمزی باس لە ڕاگوێستنی دەسەڵات دەکا، ئەو کەسەی کە لە شێوەی پڕۆمتە و بە دزییەوە دەچێ ئاور دەکاتەوە، خەریکە ئاور دەکاتە نیشانەیەک کە دەلالەتە شاراوەکەی ڕاگوێستنی دەسەڵاتە.

تا ئێرەی باسەکە ، ئێمە دوو ئوستوورەمان لە بەرامبەری یەکتر دانان؛ ئوستوورەی کاوە و ئوستوورەی پڕۆمتە. هەروەها باس لەوەش کرا کە ئایدیولوژیای زالی سەردەمی کوردەواری خەریکە لە ئوستورەي پڕۆمتە دا خۆ وەدەر دەخات و بەرهەم دێنێتەوە ، لێرەدا

بۆ هەرچی زیاتر روون بوونەوەی باسەکە لە نیشانەناسی تایبەت بە باشلار کەڵک وەردەگرین ئەویش تەنیا بۆ ئەو مەبەستە کە بتوانین چەند پرسیارێک زەق کەینەوە.

گاستۆن باشلار لە کتێبی دەرونشیکاری ئاوردا گرێیەک بە ناوی گرێی پرۆمتە نێو دەبات، ئەو باس لە منداڵێک دەکات کە چەخماخ یا شقارتەیەک دەدزێ تا بچێت لە پەنا و پەسیوێک و بەدزی ئاور دابگیرسێنێ، ئەو دیاردەیە بۆ ئەو کەسانەی کە لە گوندەکانی کوردستان ژیابن دیاردەیەکی ئاشنایە و بێگومان دیتویانە کە چۆن گیشە و کادێنەکان دەبن بە خەڵووز.

باشلار ئەو کردەوەیەی منداڵ بە دەربڕینێکی نمادین و رەمزی دەژمێرێ، واتە منداڵ لەرێگەی هەڵکردنی ئاور دەیهەوێ ئەوە بە باوکی (کە هێمای دەسەڵاتە) بسەلمێنێ کە منیش بە ئەقڵانیەت گەیشتووم و پێویستیم بەسەربەخۆیی هەیە و دەتوانم سەربەخۆ بم، ئەرێ ئەوە ویستی ئەو کەسانەش نییە کە لە لووتکەکان ئاور دادەگیرسێنن؟ئەرێ سازکردنەوەی ئوستوورەیەک لەسەر رەچەڵەکی پرۆمتە ئاوری نەکردووە بە نیشانەیەک کە دەلالەتە شاراوەکەی راگوێستنی دەسەڵات بێت؟

ئەرێ ئەم شێوە مامڵەکردنە لە تەک ئاور لانی کەم ناتوانێ بەرگری لە بەرهەم هاتنەوەی ئایدیۆلۆژیایەکی داگیر بکات؟

رەنگە ئێستا خوێنەریش لە تەک ئێمە هاودەنگ بێت کە زمان چەقی بەرهەم هاتنەوەی گوتاری ئوستوورەیەکی لە چەشنی کاوەیە، بەو مانایە کە گۆڕینی نیشانە لە لایەک و تێک ڕماندنی نیزامی زمانی لە لایەکی دیکەوە لە پێ خستنی ئوستوورە و بونیات نانەوەی سیستمێکی فکری تازەیە کە ئەوەش لە خۆی دا بنەمایەکە بۆ بەرهەم هاتن و سەقامگیر بوونی نیزامێکی زمانی تازە، واتە ئاڵوێر (تعامل)ی بەردەوام لە نێوان فکر و زمان دەرفەتێکە بۆ مرۆڤ تا رێسا چەوسێنەرەکانی ئایدیۆلۆژیا وێران بکا، کە هەڵگرتنی هەنگاوی لەم چەشنە پێویستی بەوە هەیە کە لە دەروونی کردنی ئوستوورە بە هەموو نیشانەکانی بەرگری بکەین کە ئەوەش بێ لێکدانەوەی پرۆسەی دەروونی کردنی ئوستوورە کارێکی دژوارە.

فرۆید پێکهاتەیەکی فەرزی بۆ زەین دادەرێژێ کە لە سێ بەشی سەرەکی پێکهاتووە، ئید(id) یا سەرچاوە و کانگای غەریزە، ئیگۆ(ego) یا خود، سوپێرئیگۆ یا ئەو پەڕی خود، ئید هەر وەک وترا کانگای ویستە غەریزییەکانە،سوپێرئیگۆش لە بایخە کۆمەڵایەتییەکان و بە گشتی لە ئایدیۆلۆژیا کە هەڵگری کۆمەڵێک بابەتی وەک دەبێ ئەوەی بکەی و ئەوەی نەکەی پێک هاتووە ، لەو نێوە دا خود رۆڵێکی گرینگی هەیە کە دەبێ بە لە بەر چاوگرتنی راستییەکان لە نێوان ویستەکانی غەریزە و ویستەکانی ئایدۆلۆژی یا سوپێرئیگۆ هاوسەنگی پێک بێنێت ، جگە لەوەش لە پێکهاتەی فرۆید دا هاتووە کە سێ بەشە لە سێ قۆناغی نەست یا ناوشیار و نیوەوشیار و وشیار یا هەست دا کارەکانی خۆیان بەڕێوە دەبەن.

ویژدان

ئیگۆ ego هەست یا وشیاری

ئید id نیوە وشیاری
نەست یا ناوشیاری
ویژدان

پەیوەندی پاژە جیاوازەکانی کەسایەتی لە گەڵ قۆناغەکانی وشیاری ( اقتباس از لیبرت و اشپیگلێر ١٩٧٠)

بە چاو خشاندنێکی خێرا بەسەر ئەم (شکڵ)ە دا ئەوەمان بۆ دەردەکەوێ کە ئید ( کە سەرجەم ویستە غەریزییەکان دەگرێتە خوێ) نەست بە تەواوی باڵی بەسەر دا کێشاوە و لە ناوشیاری دا دەکەوێتە کار، بەشێک لە ئیگۆ لە ناوشیاری و بەشی هەرە زۆری لە نیوە وشیاری و ئەوەی تریش لە وشیاری دایە؛واتە ئێمە تا رادەیەک بە سەر کەسایەتی خۆمان دا ئاگاییمان هەیە بەڵام سوپێرئیگۆ کە باسی سەرەکی ئێمەیە و ئەو شوێنەیە کە ئوستوورە کاری تێدا دەکا و چەقی جۆشخواردنی ئوستوورە لە گەڵ تاک تاکی کەسایەتیەکانی کۆمەڵگایە بە هەر سێ شێوەی وشیار و نیوە وشیار وناوشیار دەکەوێتە کار. ئەو بەشە لە سوپێرِ ئیگۆ کە لە وشیاری دا کار دەکات لە ئیرادەی کەسایەتییەکان دایە و ئەو بەشەش کە لە نا وشیار دا کار دەکات شتێک لە دەروونی کەسایەتییەکانی دا بەرهەم دەهێنێت کە نێوی ویژدانی لە سەر دانراوە ، ئیستا ئەگەر بگەڕێینەوە سەر باسەکەی پێشوو؛کوتمان ئوستوورە دوو لایەنی راستەوخۆ و شاراوە تێکەڵ بە یەکتر دەکات ، لایەنی راستەوخۆ بە سیمایەکی رازاوەوە کە هەیەتی و زۆر جار لە ویستەکانی ئید لایەنگری دەکات لە لایەن ئیگۆوە وەردەگیرێن و لایەنە شاراوەکە بە شێوەیەکی ناوشیار پەل دادەکوتێ، پاش وەرگیرانی ئوستوورە و ئاشتی لە نێو ئەم سێ پاژەدا ئوستوورە بە تەواوی جێگەی خۆی خۆش دەکات، ئەوسا لە ئەسڵی چێژ پەیرەوی دەکات، ئەگەر ناڕازیش بێت هەر سەر کوت دەکرێ ، ئوستوورە لە نێو کەسایەتی دا دەتوێتەوە و دەبێت بە بەشێک لە ویژدانی مرۆڤ و بە گشتی کۆمەڵگا، ئەوسا کۆمەڵگا بە گژ هەر بیر و بۆچونێک دا دەچێتەوە کە بیهەوێ ئایدۆلوژی وێران بکات، کە ئەوەش دەرفەتێکە بۆ زمان تا بەردەوام گوتاری داگیر کەرانەی خۆی بەرهەم بهێنێتەوە.

سەرچاوە : وێبلاگی بنکەی ئەدەبیی رووناک – پیرانشار / ڕێکەوتی ٢٣ی ئاوریلی ٢٠١٣

# نەورۆز و دەرکەوتەکانی ....

عەزیز ڕەئووف

ئەگەر نەورۆز بریتی بێت لە یادەوەرییەکی ناسیۆنالیستی بۆ کۆمەڵگەی کوردی، ئەوە دەتوانین ئەم یادکردنەوەیە فۆرمی تر و ئەگەر و دەرکەوتەی تری پێ ببەخشین کە بەدەر لە دەرکەوتە ناسیۆنالیستیەکانی، هەڵگری هەم گرنگی و هەم ئیشکالیەتی گەورەیە.



بەتەسەوری من یەکێک لە گرنگیەکانی یادەوەری نەورۆز بریتیە لە دەرکەوتە سێکولارییەکانی ئەم بۆنەیە. هاتنە دەرەوەی خێزانەکان بە سەرجەم ڕەگەزە جیاوازەکانەوە و هەڵپەڕین و پۆشینی جلی ڕەنگاوڕەنگ، شپازلەیەکی بەهێزە لە بناگوێی هەر هەوڵێک بۆ سەپاندنی جۆرێک لە دیدی فەندامێنتالیستی بەسەر کۆمەڵگەدا. ئەمەش تەواو دەنگی بەشێک لە پیاوانی ئاینی کزتر دەکات کە بەشداری لەم بۆنەیەدا بە کوفر و گومڕایی ناوزەد دەکەن. لە نەورۆزدا ئەو دەرکەوتەیە دەبینین کە کۆمەڵگەی کوردی بە ڕەفتار سێکولارە و دیدی سەپاندنی ئاینی و سەلەفی تێدا بوونێکی تەواو لاوازە. دەرکەوتەی ئازادی تاکەکەسی و پۆشینی جل و بەرگ و جۆرێک لە دەنگهەڵبڕین و هەستکردن بە خۆشی لە نەورۆزدا، لەو دەرکەوتە گرنگانەن کە سیمای کۆمەڵگەیەکی سێکولار بە کۆمەڵگەی کوردی دەبەخشن و دەنگی داپۆشین و بە حەرامکردنی ئازادیە تاکەکەسییەکان دەکەنە دەنگێکی تەواو بێکاریگەری.

لە پاڵ ئەم دەرکەوتەیەدا، ناتوانین نەورۆز وەک یادەوەرییەک بۆ تەعبیرکردن لە خود نادیدە بگرین. لەم ڕۆژەدا کورد وەک گروپ یان نەتەوەیەک، لەوی دی خۆی جودا دەکاتەوە. بوونی ماس میدیا و کۆمۆنیکەیشن هێندەی تر بوونی کوردی وەک ئەوی تر فڕێدەداتە نێو جیهانەوە و لەسەر ئاستی جیهان مۆدێرنە تەواو نەورۆزی وەک یادەوەرییەکی کوردی ناساند و لە تورکیا کێشەی نەتەوایەتی بردە قۆناغێکی ترەوە کە بووە هۆی سەرنجڕاکێشانی جیهان بەڕووی کورددا. پیشاندانی ڕۆحی ئاشتیخوازی کورد لەم نەورۆزەدا و ئاگربەست لەلایەن سەرکردایەتی شۆڕش لە باکور، لە گرنگترین دەرکەوتەکانی نەورۆز بوو وەک بۆنەیەکی نیشتیمانی و نەتەوەیی.

لە پاڵ دەرکەوتە گرنگەکانی نەورۆز لە کۆمەڵگەی کوردیدا، ناتوانین خۆمان لەو دەرکەوتانەش بشارینەوە کە هەڵگری ئیشکالی گەورەن بۆ کۆمەڵگەی کوردی لە ئێستادا.

کورد خوێنێکی هەیە لە بەهاردا دەجوڵێت. سەرجەم تراژیدیا و خۆشیەکانی کورد دەکەوێتە یەک وەرزەوە و سەرجەم وەرزەکانی

تر فەرامۆش دەکرێت.  مرۆڤ سەری دەسوڕمێت لەوەی کە کورد چۆن دەتوانێت لە چەند رۆژێکدا ئاراستەی تراژیدیاکانی بگۆڕێت بۆ هەڵپەڕین و چێژوەرگرتن. کورد سەرکەوتوو بووە لە تەحەمولکردنی ئەم هەموو تراژیدیا و خوێنە کە نەورۆز و وەرزی بەهار بەدرێژایی مێژوو پێی بەخشیوە.

نەورۆز خۆی  چییە جگە لە یادەوەرییەک بۆ ڕەتکردنەوە و یاخی بوون. بەڵام ئەوەی لە بیست ساڵی ئەزموونی ئێمەدا بەدی دەکرێت، کردنی نەورۆزە بەبۆنەیەک بۆ قایلبوون و سەرکزکردن. بەمانایەکی تر خەریکە بەناوی ئازادیەوە کۆمەڵگەی کوردی یاخیبوون و ڕەتکردنەوەی بیر دەچێتەوە و نەورۆز تەنها لە هەڵپەڕین و خواردن و بەرخۆریدا کورت دەکاتەوە. ئەگەر نەورۆز لە چرکەساتێکی مێژوویدا بریتی بێت لە نوێبوونەوە، ئەوا لە بیست ساڵی ڕابردوودا هیچ نوێبوونەوەیەکی تر لەبەردەمماندا نیە، کە دەبوو هەموو ساڵێک لە نەورۆزدا کورد زوحاکەکانی ناو ناخی خۆی وەک تاک و زوحاکی هەر هێزێکی سیاسی بۆ دەسەڵاتی ڕەها بکوژێت. ئەگەر لە ڕابروودا زوحاکێک هەبوویێت بۆ مژینی خوێنی ئینسان، ئەوا لە ئێستادا زیاد لە زوحاکێک هەیە کە مافی ئینسان و داهاتی کۆمەڵگە دەخۆن و دەسەڵات لە نوخبەیەکدا کورت دەکەنەوە و بچوککردنەوەی نەورۆز تەنها وەک یادەوەرییەکی ناسیۆنالیستی وایکردووە لەبەرامبەردا کەس نابێتە کاوەی ئاسنگەر بۆ کۆتایهێنان بەم جۆرە لە زوحاک.

نەورۆز وایکردووە کە کوردستان ببێتە زبڵدانێکی گەورە بۆ پاشماوەی خۆراک و چەوری کە تا دێت کۆمەڵگە قەڵەوتر و بەرخۆرتر و تەمەڵتر دەکات و ئەم هەموو مەسرەف و زیادەڕۆییە لە خواردندا دوورمان دەخاتەوە لە سادەیی. سەرباری ئەوەی بەشێکە لە ئازادی تاکەکەسی و دەرکەوتەیەکی سێکولار، نەورۆز خەریکە کۆمەڵگەی کوردی دەکاتە مەخلوقگەلێک بۆ هەڵپەڕین و بە مێگەلکردن و دوورکەوتنەوە لە هەر پرۆسەیەکی تێڕامان و بیرکردنەوە. ئەمەش دەستی دەبێت لە دوستبوونی زیاد لە زوحاکێک و مردنی هەر هەوڵێک بۆ ڕۆحێکی ڕەتکردنەوە و یاخی بوون لەچەشنی کاوەی ئاسنگەر.

سەرچاوە : ماڵپەڕی دەنگەکان  /  ڕێکەوتی : ٢٨ی مارچی ٢٠١٣

# نەورۆز توخمی هاوبەشی شوناسی نەتەوەی کورد

تەها رەحیمی



کاتێک باس لە نەتەوە دەکرێ، ئەم چەمکە دەبێ هەڵگری هێندێک توخمو خەسڵەتی تایبەت بێ کە وەک بنەماو بناخەو هەروەها مەرجی هەڵگرتنی ئەم چەمکە بۆ کۆمەڵە خەڵکێک بە کار بهێنرێ، کە دیارە ئەم چەمکەش لە جەوهەری خۆیدا بەرزترین ڕادەی مافو حوقووق بۆ هەڵگرانی چەمکەکە دێنێ. یەکێک لە گرنگترین بایەخەکانی ئەم چەمکە شوناس، ئایدێنتیتی یان کەسایەتیی نەتەوایەتییە کە بریتییە لە شوناسو دەگەڵ ئاڵوگۆڕی سیاسیو کۆمەڵایەتی گۆڕانی بەسەردا دێ. مرۆڤی سەردەم و دەکرێ بڵێین مرۆڤەکانی پێشووش بە جۆرێک هەمیشە ویستوویانە سنوورێک بە دەوری خۆیی و بێگانەکان دا بکێشن و بە کۆمەڵێک ڕێوشوێن و بایەخ و نەریت، نامۆیی خۆیان لە گرووپێکی دیکە نیشان داوەو بە پێی قۆناخەکانی مێژووی زانراو، مرۆڤ بۆ خۆ هەڵاواردن لە گرووپێکی دیکە نیشانەو پێناسی خۆی هەبووەو هەمیشەش هەوڵی داوە ئەم پێناسو نیشانانە بپارێزێ و بە جۆرێکی شیاو و بانئاستی نیشانیان بدا.

مرۆڤ سەرەڕای هەڵگرتنی شوناسێکی تاکەکەسی، خاوەنی کۆمەڵە شوناسێکە کە دەیباتەوە سەر گرووپ و کۆمەڵێکی دیاریکراو، کە لە ڕابردووی مرۆڤایەتی دا خۆی لە سترەکتۆری هۆزو خێڵ و ئیمپراتۆریی دا دیوەتەوەو ئیستاش بە گوێرەی سەردەم گرێدراوی نەتەوەیە. بە هەر حاڵ شوناس لە ڕاستیدا، وەڵامدانەوەیەکی وشیارانەو ئاگایانە بە پرسیار، لە سەر کەسایەتی و بوون و نەبوونی مرۆڤ، لە سەر ڕابردوو، پێکهاتەی نەتەوەیی، ئایینی و ڕەگەزی و هەروەها وەڵامدانەوەیە بۆ دیاری کردنی فەرهەنگ و شارستانیەتی و ئەو ڕۆڵە کە پێکهاتەکەی لە پرۆسەی گەشەی مرۆیی دا گێڕاویەتی و تەنانەت ئەمڕۆش بوون و نەبوونی گرووپەکەی لە بواری جێگەو پێگەی فەرهەنگی، ئابووری و سیاسی دا دیاری دەکا. کەواتە شوناس کۆمەڵێک تایبەتمەندی یە کە دەبنە هۆی جیاکردنەوەی مرۆڤ لە مرۆڤەکانی دیکەو ئەو گرووپە دیاری دەکا کە تاک لە چوارچێوەکەی دا جێ دەگرێ و بایەخەکانی لە بایەخی کەسانی دیکە هەڵ داوێرێ و شوناسی گشتیی تاک دیاری دەکا. بەڵام شوناسی نەتەوایەتی کە دیاردەیەکی سیاسی کۆمەڵایەتی یە و دەگەڵ پەیدابوونی چەمکێک بە ناوی نەتەوە کە بەرهەمی شۆڕشی پیشەسازی یە دێتە ئاراو دەبن بە جمک. بە گوێرەی دابەشینی بیرمەندان مرۆڤێک سێ شوناس لە خۆی دا هەڵدەگرێ کە بریتین لە شوناسی تاکەکەسی، کۆمەڵایەتی و نەتەوایەتی. دەکرێ منداڵی بنەماڵەیەک تایبەتمەندی یەکانی لە منداڵەکەی دیکە جیاواز بن کە هەر لە سەر ئەم بنەمایەش دیاردەیەک بە ناوی جیاوازیی تاکەکەسی وەک پرەنسیپێکی دیمۆکراسی ڕەچاو دەکرێ. هەروەها شوناسی کۆمەڵایەتی کە مەودایەکی بەربەرینتر لە خۆ دەگرێ دەتوانێ خۆی لە شکڵ و فۆرمی جۆراوجۆری وەک شوناسی هۆزایەتی، ڕەگەزی، نیژادی و پیشەیی .......... دا ببینێتەوە. بەڵام لە ئاستی بەرزتر دا تاک خاوەنی شوناسێکی نەتەوایەتی یە، کە ئەمەش نیشاندەری هاوپێوەندی و هەست و وەفاداری بۆ نەتەوەیە.

کۆمەڵێک لە بیرمەندان، نیشتمانی هاوبەش، مێژووی هاوبەش بە بنەڕتی ترین توخمی شوناسی نەتەوایەتی و هێندێکی دیکەش زمانی هاوبەش و ئایینی هاوبەش بە توخمی سەرەکیی شوناسی نەتەوایەتی دەزانن. هەروەها لەم نێوە دا باس لە »سترەکتۆری سیاسیی هاوبەشیش« وەک توخمی شوناسی نەتەوایەتی دەکرێ. بەڵام لە ڕاستی دا شوناسی نەتەوایەتی هەڵگری هەموو ئەو توخمانە و توخمەکانی دیکەی وەک زمان، هونەر، ڕێوشوێن و دابونەریتە. بە واتایەکی دیکە ئەو کۆمەڵەخەڵکەی لە جوگرافیایەکی یەکگرتوو دا ژیاون و وێکڕا هەستیان بە بەختەوەری کردوە و چەوساونەتەوە و ئامانج و هەست و مەبەستی هاوبەشیان هەبووە، وەک شوناسی نەتەوەیی دەتوانێ بەکاریان بێنێ کە ئەم شوناسە نەتەوایەتی یە بۆ هاوپێوەندی نەتەوەیی و ئاراستەبەخشین بە ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی گرنگترین ئامرازە.

گەلی کورد کە بە گوێرەی زۆربەی پێناسەو تیۆری یەکان نەتەوەیەو دەبێ لە هەموو مافە نەتەوایەتی یەکانی سوودمەند بێ، هەروەک دەبینین بە هۆی سیاسەتی چەوتی دوژمنانی و یەکریز نەبوونی نێوخۆیی هێزەکانی، هەنووکە گەورەترین نەتەوەی بێ دەوڵەتە لە ئاستی جیهان داو سەرەڕای ئەوەش پارچەپارچە کراوە و بە هۆی ژینۆسایدو زۆرجۆرە سیاسەتی ناڕەوای دیکە لە لایەن دابەش کەرانی کوردستانەوە زۆربەی توخمە نەتەوایەتی یەکانی کاڵ بوونەتەوە یان روو لە کاڵ بوونەوەن. سیاسەتی کۆچ پێکردن و وێران کردنی کوردستان و هەوڵ بۆ لێک دابڕینی کوردان لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەوپەڕی دڵڕقی یەوە ڕەچاو کراوەو دەبینین لە چوارچێوەی هەر کام لەو یەکە سیاسی یانەی کوردیان بە سەردا دابەش بووە دەستکاری نیشتمانی یەکگرتوو و یەکپارچەیی کورد کراوە تا نیشتمان و خاکی یەکگرتووی کورد وەک یەکێک لە توخمەکانی شوناسی نەتەوایەتی لاواز بکەن. زۆرن ئەو توخمانەی کورد وەک شوناسێکی گشتی باسیان لێوە دەکاو دەیەوێ ڕەنگێکی گشتی و تەواو کوردستانییان پێببەخشێ. یەکێک لە گرنگترین ئەو توخمانەکە گەلی کورد بە درێژایی مێژوو وەک توخمێکی بنەڕەتیی شوناسی نەتەوایەتی هەڵی گرتوە و لە سەردەمی هاوچەرخ دا کردوویە بە ئامرازێک و تەنانەت ڕێگەیەکی شیاوو ئاشتیخوازانە بۆ گەیشتن بە ئازادی نەورۆزە. ئەم بۆنە پیرۆزە دە نێو گەلانی ئاریایی ڕۆژهەڵاتی ناڤین دا هاوبەشەو بە پێی سەرچاوە مێژوویی یەکان پەیوەستە بە گەلانی کۆنی ئاریایییەوە کە هەر کام لەم گەلانە بە جۆرێک و بە گوێرەی فەرهەنگ و مێژووی خۆی دە نێو چوارچێوەی یادەوەری و ئەفسانەو فۆلکلۆری خۆیدا پارستوویە و بەرگی خۆماڵیی دەبەر کردوە.

بە داخەوە لە ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان دا کاتێک نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوەیی بەڕەسمی ناسرا، دەگەڵ ئەوەی کورد یەکێک لە کۆنترین نەتەوەکانی ڕۆژهەڵاتی ناڤینە و کوردستان لانکەی ژیانی دێرینی مرۆڤە، ناوێک لە کورد و کوردستان نەبراو ئەو جەژنە هەر بە ناوی گەلانی دیکەوە تۆمار کرا.

ئەوەی لەم بابەتە دا بۆ نووسەر گرنگە، ئەوەیە گرنگی بدرێ بە نەورۆز وەک توخمێکی بنەڕەتی بۆ بەهێزکردنی شوناسی نەتەوایەتی کە لە لەسەر ئاستی کوردستان جگە لە هەستێکی رووت، بە پراکتیک و لە دەروونی تاکی کورددا بەو بەهێزی یە نابینرێ. کاربەدەستان و ڕێبەرانی کورد دەبێ بە وردبوونەوە لە واقیعی کوردو کوردستان هەست بەو توخمانە بکەن کە دەتوانن یەکگرتوویی و شوناسی تاکی کوردی پێ بەهێز دەکرێ.

بە سەرنجدان بە ڕێوڕەسمەکانی نەورۆزی ساڵی رابردوو دەبینین کوردان لەسەر ئاستی کوردستان و هەندەران یادو جەژنی نەورۆز بەشکۆیەکی تایبەتەوە دەکەنەوە و ئەم بۆنەیەیان کردوە بە خاڵێکی جیاکەرەوە لە نەتەوەو گرووپەکانی دیکە. جەژنی پڕشکۆی باکووری کوردستان لە دیاربەکر، جەژنی نەورۆز لە باشوور بەوهەموو شکۆیە، رێوڕەسمە رێک و پێک و شکۆمەندەکانی رۆژهەڵات سەرەڕای ئەگەرو لەمپەری دامودەزگای ئەمنییەتیی کۆماری ئیسلامی، شادی و خۆشیی رۆژئاوای کوردستان و رێورەسمی مەزنی کوردان لە لوبنان و ..... هەموو نیشانەیەکن لەوە کە نەورۆز خاوەنی خۆی دۆزیوەتەوە خەڵکی کوردیش بەحەق نیشان دەدەن ئەم یادە لە قووڵایی مێژووەوە ڕەگئاژۆی کردوەو، رێبەرانی کورد و پارتە سیاسی یەکان دەبێ هەوڵ بدەن توخمە بەهێزە هاوبەشەکانی ئەم گەلە پارچەپارچە کراوە بدۆزنەوە و بەهێزیان بکەن. هەروەها لەسەر ئاستی نووسین و لێکۆڵینەوە دەسەڵاتی کوردی ئەرکی سەرشانیەتی، زیاتر گرینگی بە هەڵێنجانی ئەفسانەو ئۆستوورەی نەورۆز لە مێژووی خۆیدا بداو تێچووی بەرەنگار بوونەوەی ئەولایەنانە کە دەیانەوێ توخمە مێژوویی و هاوبەشەکانی کورد چەواشە بکەن وەئەستۆ بگرێ.

کورد لەم سەردەمە دا زیاتر لە هەموو کاتێک پێویستیی بە پتەوکردنی هەستی نەتەوایەتیی خۆی هەیە. ئەمەش دەبێ بە دۆزینەوەو ناساندنی شانازی یە مێژوویییەکانی و تەنانەت بە زەق کردنەوەی ئەفسانە میللییەکانی بەهێز بکرێ تا گەلێک کە ناحەزانی هەمیشە بە سووکایەتی یەوە باسیان لە مێژووەکەی و شانازی یەکانی کردوە، بیووژێتەوە و بەخۆی دا بێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢٠ی مارچی ٢٠١٣

# با نەورۆزی ئەمسالیش، گڕ لە دڵی دوژمن بەردەین.

ئەحمەد مەکلاوەیی

نەورۆزی جێژنی کۆن و گەورەی کوردان، سرووشت دەنەخشێنی، دڵان شاد دەکات و غەمان دەتارێنێ، فەرعانی هێنەرە و دوژمن تۆقێنە، وره دەدا بە کێژ و کوڕانی شۆڕشگێر و نیشتمانپەرەست، جوتیارو پاڵان بە خەبەر دێنی و، سەرمەست، مەستی دەنگی بولبول و ئاونگی سەر پەڕی گوڵانیان دەکات. نەورۆز دڵی تاریک و تاریک پەرەستان شەق دەکات و رووناکی دەردەخات، هەر بۆیەش دوژمنانی کورد و کوردستان هەمیشە دژی بەهار و نەورۆز بوون و چاویان بەو جێژنە مەزنەی کورد هەڵنەهاتووە و تا بۆیان کرا بێت نیشانەیان تێگرتووە و ویستوویانە بریندارى بکەن و سەرئەنجام شوێنەوارێکی لێ نەهێڵنەوە. بەڵام وەچە بە دوای وەچە دا رۆڵەکانی کورد کە پشت بە پشت تائێرە هاتوە، نەیانهێشتوە ئەم جێژنە لە ناو نەتەوەی کورد دا بسڕێتەوە و بە پێی توانا بە گژ دوژمنان دا چوونەوە و نەورۆزیان رێز گرتوە کە لەو پیناوەشدا نەتەوەی کورد زۆری خوێن داوە.

بە پێی تێپەر بوونی کات و زەمان و ساڵ و سەدەکان، نەتەوەی کورد، وردە وردە لەو یادکردنەوە دا زیاتر هەنگاوی بەرە و پێش ناوە و ئێستا ئیدی نەورۆز بۆ کورد بۆتە رۆژێکی نەتەوەیی و یاد لێکردنەوەکەی ئەرکی تاکەکانی کۆمەڵگای کوردەواریە و پێویستە کە لە سەرتاسەری کوردستان بە بەر بڵاوی بەرێوە بچێت و هێندەی دیکەش دوژمنی پێ کوێر بکرێت.

ئەوەی جێگەی ئاوڕدانەوەیە ئەوەیە کە رۆڵەکانی نەتەوەی کورد لە رۆژهەڵاتی کوردستان، لەو چەند ساڵەی دوایی دا، لە ژێر حوکمڕانیەکی دیکتاتۆر دا، بەو پەڕی لە خۆبوردووییەوە ئەو جێژنە گەورەیان رێز گرتوە کە جێگەی رێزن و هەر ئەو چاوەروانیەش لە لاوانی کوردستان دەکرێت.

لێرەدا پێویستە کە دەست خۆشی لە هەموو خەڵکی کوردستان و بە تایبەتی خەلکی رۆژهەڵاتی کوردستان بکەین کە وەک لە سەرەوە باسم لێکرد لە ژێر باری دەوڵەتێکی دیکتاتۆر دا چەند ساڵە جێژنی نەورۆز بە باشترین شێوە بەرێوە دەبەن .

لێرە دا هەرچەند وەک مامۆستا عەبدوڵلا حەسەنزادە جارێکیان لە کۆبوونەوەیەک دا گوتی: خۆشەویستی بۆ ئەو ناوچەی لێی لە دایک بووی، ناوچە پەرەستی نیە و بەڵکوو نیشتمانپەرەستیە، دەستخۆشی لە هەموو خەڵکی ناوچەی رەبەت دەکەم کە لەو چەند ساڵەی دوایی دا لە رۆژهەڵاتی کوردستان، رچە شکێن بوون بۆ بەرێوە بردنی مەراسمەکانی نەورۆز کە هیوادارین ئەمساڵیش هەروەک ساڵانی رابردوو پێش قەدەم بن و( گڕی ئاگری نەورۆزی ئەمساڵیشیان، گڕ لە دڵی دوژمن بەردا) و سەرئەنجام رەبەت بکەنە دەروازەی راپەرین و تا لە کاتی خۆیدا حکومەتی ئایندەی رۆژهەڵاتی کوردستان، وەک دوێنێ و پێرێ لە باشووری کوردستان چۆن یادی راپەرینی رانیە، دەروازەی راپەرینی کرایەوە، ئاوا یادی لێبکرێتەوە کە بێ شک ئەو رۆژە نزێکە و حکوومەتی دیکتاتۆری مەلاکان دەڕوات و گەلانی ئازادیخوازی ئێران بە ئاواتی خۆیان دەگەن .

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / رێکەوتی : ٦ی مارچی ٢٠١٣

# نەورۆز و ئاوڕێکی مێژوویی

هاشم زوورئاوەر

لە سەرەتای بەهاری هەموو ساڵێکدا و کۆتایی سەرما و سۆڵەی زستان و هاتنی وەرزی خۆشی و شادی و ژیانەوەی سرووشت، گەلی کوردستان ئاهەنگێک دەگێڕێ کەپێی دەڵێن « نەورۆز »، کە بەمانای « ڕۆژی نوێ» یە .« نەورۆز» بریتی یە لە کۆمەڵێک واتا و ڕەمزێک کە تەعبیر لە ژیان و گۆزەرانی نوێ وپاڵەوانی یەکی ئاوێتەی بووە ، هەتا بۆتە ئەفسانەیەک، کە هەموو گەلانی ئاریایی شانازی پێوەدەکە ن و ئاهەنگی بۆ دەگێرن. کوردەکان لە ڕۆژانی نەورۆز دا بە گەشت و سەیران لە داوێنی سروشت دا و پەنا بردن بۆ کەژ و کێوانی کوردستان و هەڵگیرساندنی ئاگری نەورۆز دا ئەو یادە بەرز ڕادەگرن. بۆیە لێرە دا بەو بۆنەوە سەرنج دەدەینە و ئەوەی کە نەورۆز لە کوێ ڕا هاتووە و مێژووی سەرهەڵدانی ئەو نەریتە دێرینەیە بۆ کەی دەگەڕێتەوە ؟ .

بیرو بۆچوونی جیاواز لە مەڕ هاتنی نەورۆز هەیە و هەر کەسێک بۆ یادێک و بۆ ڕوداوێکی گرینگی مێژوویی دەگەڕێنێتەوە کە لەو باسەمان دا ئاماژەی پێدەکەین.

نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی پێش دەوڵەتی پێشدادی کە سەردەمی « نوح» دەگرێتەوە کە هیچ مێژوونووسێک تا ئێستا بۆی نەچووە.

« کاوە و زوحاک » یەکێک لە بەهێزترین و گرینگترین ئەفسانە کوردییەکانن. ١- زەردەشت پێی وایە لە سەردەمی شەش یان حەوتەمی پێش زایین دا ڕوویداوە.

بەڵام کامیل بەسیر دەڵێ: لە ٢٥ سەدە پێش زایین زیاترە ....کە پێم وایە ئەوەی دوایی یان لە ڕاستی نزیکترە، « حەسەن مەحموود حەمە کەریم » دەڵێ : کە نەورۆز لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم کۆنتر بێت، چوونکە لەکاتی خۆی دا ڕۆژی نەورۆزی هەڵبژارد بۆ شکاندنی بتەکان، ئیبراهیم لە ساڵی ١٦٤١پ.ز لە دایک بووە .

هەر میللەتێک یان هەر نووسەرێک نەورۆز دەباتەوە بۆ ڕووداوێک یان بۆ ڕەگ و ڕیشەیەکی ئەفسانەیی، سروشتی، مێژوویی و ئایینی وەکوو :

* جێژنی نەمانی سەرماوسۆڵەی زستان و هاتنی وەرزی بەهار و خێر و خۆشی ژیانەوە .
* یادی سەرکەوتنی هێزی خێر و ڕوناکی بە سەر زۆرداری و تاریکی دا.

※ جێژنی سیاسی و سەرکەوتنی کاوەی کورد بەسەر ئە ژدەهاک دا.

※ مەسعودی و مەقریزی و تەبەری کە سێ مێژوونووسن، دەڵێن لە سەردەمی ئەخمینیەکانیش دا ئەو ڕۆژەیان بەسەری ساڵی تازە داناوە .

※ ئەحمەدی خانی لە مەم و زین دا بە جێژنی سروشتی داناوە .

نەورۆز لە کاوە و زوحاک کۆنترە، تەنیا ئەوەندە کە شۆڕشی کاوە لـە نـەورۆز دا ساز بـووە و هـەر دوو یادەکـەیان پێکـەوە گـرێ داوە، ئەو دو جێژنەیان کردوە بە یەک نەورۆز و ئی هەموو گەلانی ئارییایی یە و کوردیش تێیدا بەشدارە بـەڵام کـاوە تـەنیا تایبەتـە بە کورد!.

لە بەجێژن کردنی نەورۆز دا دو لایەنی تر بەدی دەکرێن :

لایەنی سیاسی :

کە جەمشید یەکەم کەس بووە دەزگای پادشایەتی دامەزراندوە و ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی ڕێک خستووە، واتە نەورۆز جێژنی دامەزرانـدنی یەکـەم سیستمی دەوڵـەتـە، لـە نێـو بەشـێک لـە وڵاتـی ئـەو گەلانـە دا، ئـەو ڕۆژی کـە دەوڵـەتی دامەزرانـد، خـەڵکی لـە سەرگەردانی و بێ یاسایی ڕزگار کرد، بە مجۆرە ئەو ڕۆژەیان کرد بە جێژن.

لایەنی ئابووری :

کەپێوەندی ڕاستە و خۆی هەبووە بە ژیانی ئابووری و خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە کە بەشێکی زۆریـان گـەڕۆک بـوون و بەرامبـەر بـە سرووشت لاواز بوون، بەفر و باران و بەستەڵۆک و سەرما و سۆڵە و قاتی و قڕی زستان گوشاری بـۆ هێنـابوون و بـاڵی ڕەشـی هـەژاری بە سەریان دا زاڵ ببوو.

ماموستا هێمنی موکریانیش ئەو جێژنە بە لایەنی ئابوری لە قەڵەم دەدات.

پێوەندی نێوان نەورۆز و ئیبراهیم

نەورۆز لە سەردەمی حەزرەتی ئیبراهیم کۆنترە، حەزرەتی ئیبراهیمیش چیرۆکێکی لە گەڵ نەورۆز دا هەیـە، ئـەو کاتـەی کـە بـۆ شکاندنی بتەکان ڕۆژی نـەورۆزی هـەڵبژارد، چونکە لـەو ڕۆژە دا شـار بـە تـەواوی چـۆڵ دەبێـت، هـەژار و دەوڵەمـەند پێکـەوە دەچنـە دەرەوەی شار بۆ پێشوازی لە بەهار خەریکی گەشت و سەیران دەبن و هەتا ئێواریٚ نایەنەوە. لـەو دەرفەتـە دا ئیبـراهیم خـۆی نـەخۆش خست و لە ماڵ مایەوە. لە کش و ماتی نیوەڕۆیە دا کە شـار چـۆڵ و هـۆڵ ببـوو، تەورەکـە هەڵـدەگرێ و دەچێتە بتخانەکە و بێجگـە لەبتی گەورە، هەموویان دەشکێنێ. کاتێک کە ئێواریٚ خەڵک دەگەڕێنەوە بە دیتنی ئەو دیمەنە، لە ئیبراهیم بەدگومان دەبن و دەیگرن

و بە فەرمانی نمرود دەخرێتە ناو ئاگرێکی گەورەوە کە چی پاش چەند رۆژ لە هەڵگیرساندی ئەو ئاورە، ئیبراهیم بەسلامەتی لە ئاور دێتە دەرەوە. دوای چەند سەدە یەک و پاش کۆچی دوایی ئیبراهیم، ئەو ڕوداوە دەماودەم بوو بە ئەفسانە و ئاگریش بوو بە جێژنی سەرەتای بەهار و نەورۆز کرا و یادەکە بوو بە سێ یاد:

یەکەم : نەورۆز و بەهاری سەری ساڵ.

دووهەم : ئاگر کردنەوە بە بۆنەی ڕزگاری ئیبراهیم لەو ئاگرە کە نەیسووتاند.

سێهەم : شۆڕشی کاوە لە دژی زوحاک، کە لە رۆژی نەورۆز دا بووە. ئەوە جگە لەوەی کە ئیبراهیم نەورۆزی هەڵبژارد بۆ شکاندنی بتەکان، بەو جۆرە سێ جێژن و زیاتریش، لە یەک جێژن دا کۆکرایەوە.

بەڵام بۆچوونێکی تریش هەیە لە پێوەندی لە مەڕ نەورۆز، ئەویش ئەوەیە کە نەورۆز بە جێژنی ئاگرپەرستی لە قەڵەم دەدرێت، لەوبارەوە مامۆستای شاعیری کورد پیرە مێردی نەمر لە وەڵامی ئەوکەسانەی کە دەیانگووت نەورۆز جێژنی ئاگرپەرستی یە دەڵێت : « ئاگرێ کە خۆمان بیکەینەوە و خۆشمان بیکوژێنینەوە، ئیتر چۆن دەبێ بیپەرستین » ؟

دەگوترێ کە پیرە مێردی نەمر یەکەمین کەس بووە رۆڵی سەرەکی لە زیندووکردنەوەی ئاهەنگی جێژنی نەورۆز و هەڵکردنی ئاگری نەورۆز دا گێڕاوە، بۆیە لە سەروبەندی هەموو نەورۆزان دا منالانی شاری کۆ دەکردەوە و لە گردی مامە یارە ئاگری نەورۆزی هەڵدە گیرساند و بەمجۆرە جێژنی نەورۆزیان بەرز ڕادەگرت کە پێم وایە کەمین شاعیرێک کە شێعری بۆ نەورۆز داناوە هەمان پیرە مێردی شاعیر بووە ،.

مامۆستای مێژوونووسی کورد« محەمەد ئەمین زەکی » دەڵێ : « نەورۆز جێژنی ئاتەش پەرستی نییە، نابێت تەفسیرێکی بێ جێ و ڕێ بدرێتێ » . ڕۆژنامەی گەلاوێژ ژمارە ۱ - ۱۹۴۳

لە ڕاستی دا نەورۆز جێژنی ئاگرپەرستی نییە، جێژنێکی نەتەوەیی (سەرکەوتنی شۆرشی کاوە )، جێژنێکی ئایینی، ( ڕەمزی ڕزگاربوونی ئیبراهیم)، جێژنێکی سروشتی ( کۆتایی سەرما و سۆڵەی زستان و هاتنی وەرزی خۆشی و شادی و ژیانەوەی سروشتە).

سەرچاوە کان :

نە ورۆزنامە - محمد عبدالرحمان زەنگەنە.

ئایەتی ژمارە ۵۸ سورەتی الانبیای قورئانی پیرۆز .

کاوە و نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و ئایین دا. حەسەن مەحمود حەمە کەریم. ۱۹۹۸

رۆژنامەی گە لاوێژ ژمارە ۱ - ۱۹۴۳

رۆژنامەی ژین ژمارە ۸۲۰ – ۱۹۴۷

سەرچاوە : ماڵپەڕی هەتاوی قەندیل / ڕێکەوتی : ۲۱ی مارچی ۲۰۱۳

# مێژووی نەورۆز

**Renjbar shahi zebari**

لە تەقویمی ئیرانی کۆندا "پارسیا" ٣٦٥ ڕۆژ بەرامبەر بوو بە یەک ساڵ، لەماوەی ١٢٠ ساڵدا دوو ڕۆژ بەماوەی یەک مانگ دەهاتە پێشەوە، بەڵام لەدوای فەتح کردنی ئێران و موسوڵمان بوونی خەڵکەکەی، تەقویمی هجری قەمەری کە ٣٥٥ ڕۆژ دەکاتە یەک ساڵی تەواو، ئەمە بووە تەقویم و ساڵی ئێرانی، بەڵام لەدوای "١١ی فەروەردین ١٣٠٤ شەمسی" = "٣١ی ئازار ١٩٢٦میلادی" لە سەردەمی (مەلەک شای سەلجوقی) کۆمەڵێک لە دانشمەندانی ئەو سەردەمە تەقویمێکیان دروست کرد کە بە تەقویمی جەلالی مەلەک شاهی ناونرا.



لەم تەقویمەدا نەورۆز بە سەرەتای هاتنی وەرزی بەهار دەست پێ دەکات وە هەر لەو سەردەمەشدا ئەم جەژنە ناونرا بە جەژنی میللی ئێران وە کرا بە سەرەتای ساڵی تازە.

نەورۆز لە یەکەم ڕۆژو لە یەکەم مانگی ساڵی خۆری دەست پێ دەکات، هەر ئەو کاتەشە کە دەڵێن مانگ دەچێتە بورجی 'حەمل'ەوە شەوو ڕۆژ بەرابەر دەبن و سروشت دەورەی سەرما دەخاتە لاوەو وەرزێکی هەوا خۆشی دەست پێ دەکات و زەوی لە خەوی زستان بەخەربەر دێت.

دابەش کردنی وەرزەکان لە سەر گۆڕانی سروشت و حاڵەتی زەوی دیاری دەکرێت، بەبێ شک دیاری کردنی وەرزەکان بەپێی ئەو بنەمایە دیاری دەکرێت کە خەڵکی ئەو ناوچەیە هەرچوار وەرزەکە بەمانایەکی تەواو تەجروبە بکەن، تا بەشێوەیەکی گشتی وە بەتەواوەتی وەرزەکان دیاری بکرێت.

لە زۆربەی کۆمەڵگا سەرەتاییەکاندا تێگەیشتن لە ساڵی تازە بەرابەر بوو بە شێوەی سود وەرگرتن لە بەرهەمەکانی خواردن، بەمانایەکی تر پێگەیشتن و کۆکردنەوەو هەڵگرتنی بەرهەمەکان بۆ وەرزە ساردەکان.

لەو سەردەمەدا دیاری کردن و ڕێکخستنی ساڵەکان لەلایەن کاهینەکان و پیاوانی مەعبەدەکانەوە بووە، لە مصرو شارستانیەتیەکانی وڵاتی نێوان دوو ڕووبار و ئێران دا هەر بەو شێوەیە بووە کە نەورۆزو میهرەگان...هتد لەلایەن کاهینەکانەوە ڕێک خراون.

مێژووی نەورۆز

لە بەڵگەنامە مێژوویەکانی وڵاتی پارسیادا هاتووە کە تا پێش سەدەی یەکەمی پێش میلاد هیچ باسێک لە نەورۆز نەکراوە، هەرچەندە کۆمەڵێک لە لێکۆڵەروانی مێژووی باوەڕیان وایە کە دروست کردنی تەختی جەمشید "مەجموعەی پارسە" جەژن گرتنی نەورۆز و یاد کردنەوەی ساڵی تازەی نەورۆزی لەلایەن شاهەنشاهی هەخامەنشینەکانەوە بووە، بەڵام بەهۆی نەبوونی هیچ نیشانەیەک لەسەردەمی هەخامەنشینەکان دەربارەی نەورۆز بۆتە پرسیار لای مێژوو نوسان کە ئایا ئەم ڕۆژە وەک ڕۆژێکی میللی یادکراوەتەوە یان نا؟

یەکەمین بەڵگەنامەی مێژووی دەگەڕێتەوە بۆ سەردەمی سەڵتەنەتی "ویلاش"ی یەکەمی ئەشکانیەکان (٧٨ - ٥١ی پێش میلاد)، "ویلاش"ی یەکەم بەشێوەیەکی گشتی بە دامەزرێنەری زۆربەی مەراسیمەکانی ئێران کە یەکێک لەوانە جەژنی "سەد"ەیە.

(جەژنی سەدە لە وەرزی زستاندایە کە جەژنی ئاگریشی پێ دەوترێت، چونکە لە شەودا یاد دەکرێتەوە، خەڵکی ئاگر دەکەنەوەو دەچنە سەربانەکان و سرود دەڵێن).

بەداخەوە بەڵگەنامەی تەواو لە بەردەستا نیە کە جەژنی نەورۆز چۆن گێڕدراوە لە سەردەمی ئەشکانیەکاندا.
بەڵام بە پێچەوانەوە بەڵگەنامەی تەواو لەبەردەستایە کەوا بە چ شێوەیەک یادی نەورۆز کراوەتەوە لە سەردەمی ساسانیەکاندا (٦٥٠ - ٢٢٤ پێش میلاد).

ئەم جەژنە گرنگی و تایبەتیمەندی تایبەتی هەبووە لای خەڵک و فەرمانڕەوایانی ساسانیەکان، بەجۆرێک گرنگی پێ درا کە لە دوای هاتنی ئیسلامیش پادشا یەک لەدوای یەکەکانی ئێران ئەم یادەیان پشت گوێ نەخست و بەردەوام یادیان دەکردەوە.
تەنانەت پادشا غەیرە ئێرانیەکانیش وەک (سەلاطینەکان، غەزو مەغۆل)یش ئەم جەژنەیان دەگرت و یادی نەورۆزیان بەرز ڕادەگرت.

تەنانەت لە سەردەمی عەباسیەکانیشدا ئەم یادە کراوەتەوە.
بەڵگە نامە مێژوویەکان ئەوە ڕوون ناکەنەوە کە ئایا جەژنی نەورۆز پێش سەردەمی ساسانیەکان وەک جەژنێکی میللی یاد کرابێتەوە.
زۆربەی زۆری جەژنەکان لە سەردەمە کۆنەکاندا تەنها لەلایەن خەڵکی ئاسایەوە یاد دەکرانەوە، لەلایەن پادشاو فەرمانڕەواکانەوە هیچ بایەخێکی پێ نەدەدرا.
دەتوانین بڵێین کە بۆ یەکەم جار لەلایەن پادشاکانی ساسانیەکان و ئەشکانیەکانەوە کراوەتە جەژنێکی نەتەوەی و هەموو ساڵێک یاد کراوەتەوە.

### ڕەگ و ڕیشە و مەراسیمە مێژوویەکانی نەورۆز

زۆربەی زۆری مێژوو نوسان وە شارەزایانی مێژوو لەسەر ئەو ڕایەن کەوا جەژنی نەورۆز و ئەو جەژنانەی کە پەیوەندیان بە نەورۆزەوە هەیە (١٠٠%) جەژنی نەتەوەی ئێرانن، هەندێک لەسەر ئەو ڕایەن کەوا چوارشەمە سوری جەژنێکە کە پەیوەندی بە زەردەشتیەکانەوە هەیە چونکە ئاگری تێدایە، وە بەپێی ڕای هەندێک لە مێژوونوسان دەڵێن کەوا ئەم جەژنە نەک تەنها جەژنی ئێرانیەکانە، بەڵکو بووە بە جەژنی میلەتانی هیندۆ ئەوروپیەکان کە ٣٠٠٠ ساڵ لەمەو پێش بەرەو ئێران کۆچیان کردووە بۆ ئێران، وە هەندێک لە مێژوو نوسان پێیان وایە کە قەومەکانی (عیلامی، کاسی، گۆتی و...هتد) ئەم جەژنەیان یاد کردۆتەوە.

تاکە سەرچاوە کە ماوەتەوە وە لەبەردەستایە بۆ شارەزا بوون لە دین و باوەڕی میللەتانی هندۆئێرانی وە دواتر ئێرانی لە ڕادەی یەکەمدا ئاوێستایە، لە ڕادەی دووەمدا باوەڕی قەومەکانی هندۆئاریایی و میللەتانی ئێرانی باستانە.

(ڕیگ وە ودا) کۆنترین بەشی (ودا)کانی هندۆ ئاریاییەکانە کە یەکێکە لە گرنگترین سەرچاوەکانی دۆزینەوەی ڕاستی باوەڕو جەژن و مەراسیمەکانی قەومە ئارییەکان (هندۆ ئێرانی).

باوەڕی میللەتانی دیکە وەک: سکاکەکان، نورسیەکان، وە ئەو خەڵکانەی کە بەزمانی ئێرانی قسەیان دەکرد وە خەڵکی وڵاتی نێوان دوو ڕووبارو لە ناوچەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و کێوەکانی 'پامیر' دەژیان دەتوانرێت بەڵگەیەکی باش بن بۆ دۆزینەوەی دین و مەراسیم و جەژنەکانی ئەو خەڵکانە.

لە ئاوێستادا بەتایبەت لە گاتەکان و یەسناکاندا کە کۆنترین بەشەکانی ئاوێستان هیچ ئیشارەیەک وە ناوێک دەربارەی نەورۆز و جەژنەکانی وابەستە بە نەورۆزەوە نەهاتووە.

جەژن و مەراسیمەکانی ناو ئاوێستا تەنها لە شێوازی پەرستشی 'ئامشاسپەندان'ی جیاوازە بۆ ستایش لە 'میترا' و 'ئاناهیتا' و 'ورنا' و 'هوم' و ئامشاسپەندەکانی ترن کە لە جەژنەکان و مەراسیمەکانی وابەستە بەوان دەبێت بخوێنرێتەوە.

هەردوو وشەی جەژن وە یەسنا یەک ڕیشەیان هەیە وە یەک مانایان هەیە.
لە ئەنجام دا ئەوەمان بۆ ڕوون دەبێتەوە کەوا لە ئاوێستادا هیچ شتێک لەبارەی نەورۆز و چوارشەمە سوری و سیانزە بەدەرو تەنانەت سدەش نەهاتووە.
تەنها ناوێک کە لە ئاوێستادا دەربارەی نەورۆز هاتبێت لە فەرگەردی دووەم "ویدیودات"دا هاتووە لەباسی ژیانی "ییم" یان (جەمشید) باسی ئەوە دەکات کەوا جەمشید جەژنێکی گرتووە هەموو ساڵێک یادی کردۆتەوە بەناوی نەورۆز (ئەم ڕیوایەتەش شاهنامەی فردەوسی دا باس کراوە).

بەڵام "ویدیودات" لەبەشەکانی کۆتایی ئاوێستایە کە بەپێی بەڵگەنامە مێژوویەکان وە لێکۆڵەرەوانی مێژووی پێیان وایە کەوا

لە سەردەمی ساسانیەکاندا نوسرابێتەوەو وەیان بەتەواوی دەستکاری کراوەو دووبارە نوسراوەتەوە، وە زۆربەی باوەڕو لێکدانەوەی ساسانیەکان دەربارەی زەردەشت لەم بەشەی ئاوێستادا نوسراوەتەوە.

لە کتێبەکانی ریگ و ویداش دا هیچ باسێک لە نەورۆز نەکراوە، جەژنی نەورۆز و سەری ساڵی تازە لای زەردەشتیەکان هیچ بایەخێکی پێ نەدراوە.

وە لەباوەڕی میللەتانی نورستان، ئەفغانستان تا پێش موسوڵمان بوونیان وە پەرستشی خودایانی کۆنی هیندۆ ئێرانی یان دەکرد، هیچ شوێنەوارێک دەربارەی نەورۆز نەهاتووە لە مێژوویاندا، هەرچەندە مەراسیمە کۆنەکانی ئەو قەومانە وەک خۆیان ماونەتەوەو بەردەوام یاد دەکرێنەوە.

لەلایەکی ترەوە ئەگەر سەیری شێوەی ژیانی قەومەکانی هندۆ-ئێرانی وە بەراورد کردنیان بەژیانی قەومەکانی ئێران و نێوان دوو ڕووبار دەتوانین بگەینە ئەو ئەنجامەی کە جەژنی نەورۆز لە کوێوەو لە کەیەوە دەستی پێ کردووە.

بەشێوەیەکی گشتی خەڵکی نەتەوەکانی هیندۆ ئێرانی لە ڕێگەی ئاژەڵداری و پەروەردە کردنی ئەسپ دەژیان، ژیانی ئەوان لەسەر پایەو بنەمای کۆچەری بوو، واتا لە شوێنێکی تایبەتدا جێگیرو نیشتەجێ نەبوون، هەرچی خەڵکی ناو وڵاتی ئێران وەک عیلامیەکان، کاسیەکان، گوتیەکان، ئۆرارتۆکان، میتانیەکان و تا ئەندازەیەک دانیشتوانی نێوان دوو ڕووبار وابەستە بوون بە کشتوکاڵەوە و کۆچەری نەبوون، بەمانای ئەوەی ڕواندن و بەرهەم هێنان و کۆکردنەوەی بەروبومی گەنم کاری سەرەکی ئەو خەڵکە بوو.

کاتەکانی ئەنجام دانی هەر یەک لەو کارانەش مەراسیمی تایبەتی خۆیان هەبوو، هەروەک دەبینین تەقویمەکانی ئەستێرەناسی لەسەر ئەساسی بەرهەمی وەرزەکان دادەڕێژرا.

و کشتوکاڵ و کۆکردنەوەی بەروبومەکان و دیاری کردنی وەرزەکان هەموویان لەکارەکانی سەرگەرمی خەڵکی ئەو سەردەمە بوو.
دابەش کردنی ساڵ بە دوانزە مانگ و مانگ بە ٢٨ ڕۆژ (لەسەر بنەمای تەقویمی قەمەری) و دابەش کردنی و دیاری کردنی ڕۆژەکانی هەفتە هەموویان لە دابەش کردن و دیاری کردنی قەومەکانی سۆمەرو بابل بووە، کە نەتەوەکانی دراوسێی ئەوانیش لێی سودمەند بوون و بەکاریان هێناوە.

لەبارەی جەژنی هاتنی وەرزی بەهار لە بابلی کۆندا بەڵگەنامەی مێژووی زۆر لەبەردەستان کە لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا پادشا دەچووە پەرستگا "معبد"ی مەردوک یان مەردۆخ خودای بابلیەکان دەستی دەخستە ناو دەستی ئەو خودایەوەو داوای لێ دەکرد کە فەرمانڕەواییەکەی بپارێزێت و پادشا سەرکەوتوو بکات، لە دوای ئەم مەراسیمە پادشا دەگەڕایەوە بۆ کۆشکەکەی و ڕای دەگەیاند کەوا خەڵکی دەتوانن بێنە لای و چاویان پێ بکەوێت.

گرنگی ئەم جەژنە ئەوەندە زۆر بووە کەوا دوای داگیرکردنی بابل لەلایەن کورشەوە، پادشاکانی تری فارس تا سەردەمی فەرمانڕەوایی خەشایار شا ئەم ڕۆژە لە هەموو ساڵێک و لە یەکەم ڕۆژی بەهار دەکرایە جەژن و یادیان دەکردەوە وە ڕۆژی سیانزەیەمی بەهار (کە بۆ یەکەم جار لە ئەفسانەی بابلیەکانەوە بە ژمارەیەکی شوم ناوبرا) هەموو خەڵکی شار وە خودی پادشاش دەچوونە دەرەوە بۆ دەشتەکانی دەرەوەی شار (نمونەی ئەم مەراسیمەش دەتوانرێت لە داستانی قەومەکەی حەزرەتی ئیبراهیم علیه السلام دا ببینرێت).

هەروەها لە کتێبەکەی "سینوهە" پزیشکە تایبەتیەکەی فیرعەون دا دەربارەی جەژنی نەورۆز و سەرەتای بەهار لەبابل دا باس کراوە کە ڕۆژی سیانزەیەم بە ڕۆژی درۆی پادشا ناسراوە، لەم سەردەمەشدا ڕۆژی یەکی نیسان بە ڕۆژی درۆ ناو دەبرێت، ئەم ڕۆژەش ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ درۆی پادشای ڕۆژی سیانزیەمی وەرزی بەهار.

لەلایەکی ترەوە دەبینین کەوا زۆربەی میللەتان و فەرهەنگەکانی جیهان جەژنێک یان مەراسیمێکی تایبەتیان لە بابلیەکانەوە وەرگرتووە، بەشێوەیەکی گشتی ئاگر کردنەوە. کردنەوەی ئاگر لە دوای کۆکردنەوەی خەرمان لە کۆمەڵگا کشتوکاڵیەکاندا بۆتە باو وە یاد دەکرێتەوە لە بابلیە کانەوە وەرگیراوە، کە ئێستاش لە زۆربەی زۆری وڵاتانی ئەوروپادا ئەم جەژنە ماوەو ساڵانە یاد دەکرێتەوە، وە دەتوانین بڵێین کەوا مەراسیمی کردنەوەی ئاگرو چوارشەمە سوری لەوەوە سەرچاوەی گرتووە.

لەمانەوە دەردەکەوێت کە جەژنەکانی نەورۆزو هاتنی وەرزی بەهارو مەراسیمی ڕۆشن کردنی ئاگرو چوارشەمەسوری و سیانزە بەدەر لەلایەن کۆمەڵگای کشتوکاڵی ئێرانی دێرینەوە دامەزراوە و یاد کراوەتەوە، بەڵام بەهۆی کۆچی چەند هۆزو نەتەوەیەکی جیاوازەوە کە کۆچیان کردووە بۆ وڵاتی پارسیا و لەوێ نیشتەجێ بوون، چەند شتێکیان دەربارەی باوەڕو دینی خۆیان بەم جەژنە زیاد کردووەو لەگەڵ ئێرانیەکاندا یادیان کردۆتەوە، وە تا ئەمڕۆش هەر ئەم جەژنە یاد دەکەنەوەو خۆیان بە خاوەنی دەزانن.

جەژنی نەورۆز لە سەردەمانی پێش هەخامەنشینەکانیشدا گێڕدراوە تا ماوەیەکی زۆر بەس جەژنی خەڵکانی سادە بووە، وە فەرمانڕەواکان یادیان نەکردۆتەوە، بۆیە زۆر گرنگی پێ نەدەدرا، تا سەردەمانی ئەشکانیەکان و ساسانیەکان کردیانە جەژنی فەرمی نەتەوەی ئێران وە گرنگی و بایەخێکی زۆرتریان پێ بەخشی.

هەندێ لە مێژوو نوسان مێژووی جەژنی نەورۆز دەگێڕنەوە بۆ سەردەمی فەرمانڕەوایی جەمشید شا، هەروەک وتمان ناوی نەورۆز لە هیچ کام لە گاتەکانی ئاوێستادا باس نەکراوە، تەنها ئیشارەتێکی کورت نەبێت ئەویش لەباسی ژیانی جەمشیدا هاتووە، وەبەڵگەش لەبەردەستدا هەیە کە ئەو بەشەی ئاوێستا ساسانیەکان نوسیویانەتەوە.

جەژنی نەورۆز لە ڕۆژی یەکەمی فەروەردین دەستی پێ دەکرد واتا (٢١ی مارس) بەڵام دیاری نەکرابوو کە تاچەند دەخایەنێت، لە کۆشکی هەندێک لە پادشاکاندا ماوەی مانگێکی دەخایاند.

تەنها باوەڕێک کە زەردەشتیەکان بەم ڕۆژە هەیانبوو ئەوەبوو کە پێیان وابوو کەوا مردووەکانیان لەم ڕۆژەدا دێنەوە بۆ تازەکردنەوەی دیدار لەگەڵ کەس و کاریاندا، پێیان وابوو کە 'ارواح نیک' واتە ڕۆحە پاکەکان دێنەوە پشتی دەرگای ماڵەکانیان و دەموچاوی خۆیان دادەپۆشن، کەس و کاریشیان بۆ یادگاری دیاریەکیان لە پشتی دەرگاکەوە بۆ دادەنان، وە مەراسیمی ماڵ پاک کردنەوەو ڕۆشن کردنی چراکان لە زەردەشتیەکانەوە وەرگیراوەو تێکەڵ بە نەورۆز کراوە، ئەمکارەشیان بۆ ڕەزامەندی دڵی مردووەکانیان بووە تا بزانن کە زیندووەکانیان لەژیانێکی خۆشدا دەژین.

پێنج ڕۆژی یەکەمی مانگی فەروەردین بە جەژنی گشتی و ڕۆژی نەتەوەی دادەنرا، واتا پشووی ڕەسمی بوو لە هەموو دام و دەزگاکانی فەرمانڕەواییەکاندا، وە تا کۆتای مانگی فەروەردینیش پادشاکان ڕێگایان بە خەڵکی دەدا تا بچنە لایان بۆ جەژنە پیرۆزەو بردنی دیاری بۆیان.

لەبەر کەمی بەڵگەنامە مێژوویەکان ناتوانین باس لە شێوازی بەڕێوەبردنی جەژنی نەورۆز بکەین کە چۆن ئەم جەژنە یاد کراوەتەوە لە کۆشکی جەمشید پادشادا.

تەنها باسێکی کەم کراوە لە شێوازی بەڕێوەبردنی جەژنی نەورۆزدا ئەویش ئەوە بووە کەوا مێژوو نوسان بۆمان دەگێرنەوە کەوا داریوشی گەورە کە یەکێک بووە لە پادشایانی هەخامەنشیەکان (٤٨٧ - ٤٢١ی پێش زاین) لە سەرەتای هەمووساڵێکدا سەردانی پەرستگای 'بەعل مەردۆک یان مەردۆخ' کە یەکێکە لە خوداوەندە گەورەکانی بابلیەکان دەکرد.

هەروەها زەردەشتیەکان پێیان وابووە کەوا ڕۆژی 6ی فەروەردین ڕۆژی لەدایک بوونی زەردەشت بووە وە ئەو ڕۆژەش بەناوی (ئەسپەنتمان) ناونراوە، وە پێشیان وایە کە لەڕۆژی ٦ی فەروەردین دا لەسەر شاخی 'بوشەنج' کەسێک کە باقەیەک گیاو گوڵی بۆن خۆشی پێ بووە بۆ ماوەی کاتژمێرێک لەسەر شاخەکە دەمێنێتەوە، وە تا ساڵی ئاییندە لە هەمان ڕۆژدا کەس نایبینێتەوە) کە ئەمەشیان بە نیشانەیەک زانیووە بۆ لەدایک بوونی زەردەشت.

لە ڕۆژگاری ساسانیەکاندا کە لە مێژووی بابلیەکانەوە ماوەتەوە و بەجێ ماوە هاتووە کەوا پادشای ساسانیەکان لە ڕۆژانی نەورۆزدا لە هەیوانی کۆشکەکانیاندا دادەنیشتن و پێشوازیان دەکرد لە نوێنەری پادشاو هۆزو نەتەوەکانی کە، کە دەهاتن دیاریان بۆ پادشا دەهێنا.

بەیانی ڕۆژی نەورۆز پادشا جلی شاهانەی لەبەر دەکردو بەتەنها دەچووە کۆشکی پادشایەتیەوەوە لەدوای ئەوەوە کەسێکیان هەڵدەبژارد کە ناوبانگی بە سەربەرزق و پێ بەخێر دەکردبوایە دەهێنا تا لەدوای پادشاوە بچێتە ناو کۆشکەکەوە، پاشان یەکێک لە 'موبدئان' (پیاوانی دین) لەگەڵ خۆیدا (فنجان و ئەڵقەی لە جنسی ئاڵتون، شمشێر، تیروکەوان، قەڵەم، مورەکەب و گوڵ) دەهێنا وە هەروەها لەگەڵ وتنەوەی دوعاو نزا بۆ سەلامەتی پادشا دەچووە ناو کۆشکەکەوە، لەدوای ئەم موبدئەوە پیاوانی گەورە و کاربەدەست لە حکومەتدا بەڕیز دەچوونە ناو کۆشک و دیاریەکانی خۆیان پێشکەش بە پادشا دەکرد.

پادشاش دیاریە گرانبەهاکانی بۆ خۆی هەڵدەگرت و ئەوانی دیکەی بەسەر ئامادەبواندا دابەش دەکرد.

خەڵکی ٢٥ ڕۆژ پێش نەورۆز دەهاتن ١٢ ستونیان لە دەوری کۆشکی پادشادا دادەناو دوانزە جۆری جیاواز لە گوڵ و گیایان لەسەر ستوونەکان دادەنا (چونکە باوەڕیان وابوو کەوا جیهان لەسەر ١٢ ستوون وەستاوە)، لە ڕۆژی شەشەمی نەورۆزدا گوڵ و گیاکانیان دادەگرت و لەحەوشەی کۆشکەکەدا بڵاویان دەکردەوە تا ڕۆژی ١٦ی فەروەردین کە بەم ماوەیەیان دەوت ڕۆژی 'مهر' وە تا ١٦ی مانگ گوڵ و گیاکانیان کۆ نەدەکردەوە.

کردنەوەی ئاگرو ڕۆشن کردنی چراکان لە ڕۆژەکانی نەورۆزدا و لەکاتی عەسردا یەکێکی کە لە مەراسیمەکانی نەورۆز بووە، وە کردنەوەی ئاگر لە ڕۆژی چوارشەمی کۆتایی ساڵدا و بازدان بەسەر ئاگرەکەدا یەکێکی کە لە مەراسیمەکان بووە.

ئێرانیەکان ڕێزێکی تایبەتیان لە ئاگر گرتووە، چونکە پێیان وابووە کە ئاگر هەوا پاک دەکاتەوە.
لەکاتی بەیانیداو لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا خەڵکی لەماڵ دەهاتنە دەرەوەو ئاویان لە یەکتری دەپرژاند، ئەم مەراسیمە تا ئێستاش ماوە بەڵام لەجیاتی ئاو گوڵاو دەپرژێنن.

یەکێکی کە لە مەراسیمەکان ڕۆشتن بۆ حەمامە بەکۆمەڵ وە دانی شەکر بەیەکتری وەک دیاری.
یەکێکی کە لە کارەکانیان سەوز کردنی گیایە کە پێی دەڵێن 'سەبزە'

## ڕای مێژوو نوسان لەسەر مێژووی نەورۆز

لە ئەدەبیاتی فارسیدا جەژنی نەورۆز وەک زۆربەی زۆری مەراسیەم و فەرهەنگەکان و شارستانیەتیەکان دەخرێنە پاک پادشای یەکەمەوە، شاعیران و نوسەرانی سەدەی چوارەم و پێنجەمی هجری وەک (فردەوسی، مەنوچهری، عەنصری، بیرونی، طبری، مەسعودی، مسکویە، گردیزی و چەندەهای تر کە زۆربەی زۆری سەرچاوەکانیان لە مێژووی پێش ئیسلامەوە وەرگرتبوو، نەورۆزیان دەگێڕایەوە بۆ سەردەمی پادشایەتی جەمشید.

لە ڕیوایەتەکانی پەهلەویدا لە شاهنامەی فیردەوسیدا کە یەکێکە لە کۆنترین نوسراوە فارسیەکان دەربارەی نەورۆز هاتووە کە: لەنێوان هەموو پادشاکاندا کە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست پادشاهی جەمشید تایبەتمەندی خۆی هەبووە، هاتووە کەوا لەکاتی چونە سەر کورسی فەرمانڕەوایی کورەکەی طەهمورث واتا جەمشید، نەورۆز دروست بووە کە زۆربەی زۆری گۆڕانکاریەکانی کۆمەڵگا وەک فەرهەنگی و ئابوری و ڕامیاری...هتد لەو سەردەمەدا بووە، بەهۆی ئەوەوە کە جەمشید ئێرانی ئاوەدان کردەوەو لە ڕۆژی نەورۆزدا بوو کە توانی هەموو دنیا داگیربکات و بیخاتە ژێر دەسەڵاتی خۆیەوە، بۆیە بڕیاری دا کە لەو ڕۆژەدا جەژن بگرن وە ئەو ڕۆژەی ناونا بە "نوروز" واتا ڕۆژێکی نوێ.

هەروەک لەم هۆنراوەی فردەوسی دا هاتووە:

برآسوده از رنج تن، دل زکین
سر سال نو هرمز فروردین
می و جام و رامشگران خواستند
بزرگان بەشادی بیاراستند
بەما ماند از آن خسروان یادگار
چنین جشن فرخ از آن روزگار
واتا:
ئاسودەبێ گیان لە ڕەنج، دڵ لە کینە
سەری ساڵی تازەی هورموزی فەروەردینە
مەی و پیاڵەیان هێنا مەی گێران
تا خۆشی بەرپا بکەن بۆ گەورە پیاوان
بۆ ئێمە مایەوە لەو شاهانەوە
ئەم جەژنە موبارەکە لەو ڕۆژگارەوە

محمد بن جریر طبری دەڵێت: نەورۆز بە ڕۆژی دەست پێکی دادپەروەری جەمشید دانراوە، لەو ڕۆژەدا جەمشید زانایانی کۆکردۆتەوە پێی وتون کەوا خەڵکی زوڵم لێکراو کۆبکەنەوەو بزانن چ زوڵمێکیان لێ کراوە وە ئێوەش دادوەربن تا من مافەکانیان بۆ قەرەبوو بکەمەوە.

دەڵێن گوایە ئەم ڕۆژە بە نەورۆز ناونراوە، وە هەموو ساڵێک یادی کراوەتەوە.

ئەبو ریحان بیرونی دەڵێت: گوایە جەمشید کالیسکەیەکی دروست کردووە بەناوی نەورۆز وە جن و شەیاطین ئەو کالیسکەیان هەڵگرتووە، جەمشید سواری کالیسکەکەی بووە بۆ ماوەی یەک ڕۆژ لە کێوی دەماوەند (لە تارانی ئێستادایە) چووەتە بابل، خەڵکی لەم ڕووداوە سەریان سوڕماو بۆیە لەو ڕۆژەدا جەژنیان گێڕا، وە ساڵانە یادی ئەو ڕۆژەیان دەکردەوە.

لە ڕیوایەتێکی کەدا هاتووە کەوا لە ڕۆژی نەورۆزدا بووە کە کیاخوسرەو کوڕی پەرویز بەردینا چووەتە سەر حوکم وە فەرمانڕەوای ئێرانی کردووە، وە ئێرانی ئاوەدان کردەوە و گەیاندیە ئەوپەڕی دەسەڵات.

دەتوانین ئەم جەژنە کۆنە نەتەوەییە ئێرانیە لە سێ خاڵ کۆبکەینەوە:

١- سوڕانەوەی زەوی بە دەوری خۆردا: کە لە خاڵێکەوە دەست پێ دەکات وە کاتێک دەگاتەوە هەمان خاڵ ئەو ڕۆژە ناو نراوە نەورۆز و جەژنی تیا گێڕدراوە.

٢- لە دینی زەردەشتدا شەش جەژن هەبوو بەناوی 'گاهەنبار' کە هەموویان بە هۆی ستایشی خواوە بووە ، وە بۆ خەلق کردنی ئەو شەش مەخلوقە ئەوانیش: ئاسمان، زەوی، ئاو، گیا، ئاژەڵ و مرۆڤ ئەم جەژنانە بۆ ئەوە بووە تا مرۆڤەکان خەریکی پەرستش بن و خۆشی و شادی ئەنجام بدەن تا خەم و خەفەت و گوناهەکانی پێشوویان بسرێتەوە.

٣- جەژنی نەورۆز یان جەژنی ئافەرینش: جەژنی ئەهورامەزدا کە خەڵکانی باشی خەلق کردووە لەم ڕۆژەدا (بە باوەڕی پەیڕەوانی دینی زەردەشت)، جەژنی بەرەکەت و نەش و نما و کشتوکاڵە یان بە واتایەکی کە نەورۆز ڕۆژی هەستانەوە و ڕەستاخێزی ژیانە، چونکە گوڵ و گیاو زەوی دەژیەنەوەو مرۆڤی تازە خەلق دەبێت.

بە باوەڕێ هەندێک لە نەورۆزدا خۆر لە بورجی حوتەوە دەچێتە بورجی حەمل، وە خۆر لە زەوی نزیک دەبێتەوە.

کۆنترین نیشانەکانی نەورۆز لە نێوان میللەتانی ئاسیادا جەژنی 'ئەکیتۆ'یە کە ساڵی تازەی سۆمەریەکانە و بابلیەکان بووە، ئەم جەژنە لە هەزارەی چوارەمی پێش میلاد دا بابلیەکان لە پەرستگای 'مەردوخ'دا لە پیرۆزترین خوا بوو لای بابلیەکان ئەم جەژنەیان ساڵانە بۆ دەگێڕا.

'مەردوخ' لە سەردەمی حامورابی دا گەورەترین خودای بابلیەکان بووە، وە پێیان وابووە کە سەرکەوتووە بەسەر هێزی خراپەدا. جەژنی 'ئەکیتۆ' ساڵانە لەسەرەتای بەهاردا و لەمانگی نیساندا دەگێڕدرا. هەروەک چۆن بابلیەکان لە دوو وەرزی جیاوازدا جەژنی نەورۆزیان دەگێڕا، هەروەها لە ئێرانی کۆندا لەسەرەتای بەهار جەژنی نەورۆزو لە سەرەتایی پاییزدا جەژنی میهرەگان دەگێڕدرا، کە وردە وردە ئەم دوو جەژنە بونە یەک و تاوای لێ هات بەس یادی نەورۆز دەکرایەوە.

لە بەڵگەنامە مێژوویەکاندا دەبینین کەوا مەراسیمەکانی جەژنی نەورۆز هەروەک مەراسیمی بابلیەکان، یۆنانیەکان، وە مصریە کۆنەکانە.

یۆنانیەیان لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا پەیکەری گەنجێکیان بەناوی 'ئادونیس' کە لە داستانە یۆنانیەکاندا هاتووە کە ( 'ئادونیس' گەنجێک بووە لەبەر بەخیلی وە حەسودی پێ بردنی کوژراوە، هەروەک چۆن لە داستانە ئێرانیەکانیشدا هاتووە کەوا سیاوەش لەبەر هەمان هۆ کوژراوە) ئەم پەیکەرەیان دەهێناو کفنیان لەبەر دەکردو بەرەو قەبرستانیان دەبرد، پاشان لەوێوە دەیان برد فڕێیان دەدایە ڕووبارێک کە ئاوەکەی خوڕ بوایە، وە پێیان وابوو کەوا زیندوو دەبێتەوەو دەبێتە هۆکاری ژیانەوەی دووبارەی زەوی، بۆیە پاشان دەچوون لە باخی 'ئادونیس' جۆرەها گوڵ و گیای جیاوازیان دەڕواند، وە گلی گوڵدانەکانیان دەگۆڕی و تازەیان دەکردەوە.

لەبابل لە جەژنی 'ئەكیتۆ'دا دەروازەی شاریان دەكردەوە و سفرەیەكی گەورەیان لەبەردەم 'مەردوخ'دا دادەخست و خواردنی خوداوەندیان لەسەردادەنا، هەندێک گەڵای سنەوبەر و چەند جۆرێكی كە لە گوڵ و گیای بۆن خۆشیان لەسەر سفرەكە دادەنا.

هەموو مەراسیمەكانی جەژنی سەری ساڵ بۆ مەبەستێكی دینی بوو لای هەموو نەتەوەكان، وە مەبەستیان تازە بوونەوە و دووبارە بوونەوەری ژیانە وە ئاگادار بوونە لەكات و سەركەوتن بەسەر هێزی نەهامەتی و شەڕدا.

هەروەها لە نەورۆزدا جەژنی 'فەروەردەگان'یان 'جەژنی مردوان'یان دەگێڕا.

كە هندۆسەكان پێی دەڵێن 'پیتارا' ئەم جەژنەیان زۆر بەرزو بەڕێز ڕادەگرت، وە لەمانگی شوباتدا یادیان دەكردەوە، دەچوونە گۆڕستانەكان و لەوێ ئەم جەژنەیان دەگێڕا كە ئەم جەژنەش پەیوەندی بە نەورۆزەوە هەبوو.

ئەبو ریحان بیرونی لابارەی سوغدیەكانەوە دەڵێ: لە كۆتایی هەموو مانگێكدا سوغدیەكان مەراسیمی ماتەمینیان بۆ مردووەكانیان دەگێڕا، خواردن و ئاویان دەبردە سەرگۆڕەكانیان و قوربانیان بۆ دەكردن، لەدوای ئەم مەراسیمەش دەستیان دەكرد بە گێڕانی شادی و خۆشی.

لەئێرانیشدا مەراسیمی ماتەمینیان بۆ سیاوەش گێڕاوە كە پێیان وتووە 'سوشوون' كە لەدوای ماتەم گێران جەژنیان گێڕاوە، وە كەسێك كە پێی دەڵێن 'حاجی فیروز' دەهاتە ناو خەڵكەوەو دەبووە مایەی شادی خەڵكەكە.

لە بابل دا مەراسیمی ماتەمیان بۆ خواوەندی خێرو بەرەكەت كە ناوی 'دوموزی تەموز' بووە گێڕدراوە.

هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ كرد لە ئاوێستادا باسی نەورۆز نەكراوە، بەڵام ئاسەوارەكانی نەورۆز لەسەر تەختی جەمشید 'پاسارگارد' ماوەتەوە كە دەلالەت لەسەر مەراسیمە جۆراو جۆرەكانی نەورۆز دەكەن، لەوانە ئاسەواری دیاری پادشایان كە بۆ جەمشیدیان هێناوە كە لە تالاری 'سەد ستون' ماوەتەوە.

بۆیە شتێكی سەرنج ڕاكێش نیە كە ئەگەر زەردەشتیەكان ئەم جەژنە بەهی خۆیان بزانن، چونكە ئەوانیش هەر لەو سەردەمانەدا ژیاون، وە پێیان وابووە كەوا زەردەشت لە ڕۆژی شەشەمی فەروەردین دا لەدایک بووە، پێیان وابووە كەوا هەرلەو ڕۆژەدا بووە كە زەردەشت موەفەق بووە لەگەڵ خوادا بكەوێتە قسەو پەیامی پێغەمبەرایەتی بۆ هاتووە، هەروەها دەڵێن كەوا لەم ڕۆژەدا كەیخوسرەو حوكمی گرتۆتە دەست وە لەو ڕۆژەدا بووە كەوا خەڵكی گۆی زەوی هەموویان خۆش بەخت بوون، بۆیە ئێرانیەكان ئەم ڕۆژەیان بە ڕۆژی ئومێد ناوناوە.

## نەورۆزی ئێستا

هەروەک دەبینین نەورۆز ئەمڕۆ جەژنی زۆربەی زۆری میللەتانی ئاسیایی غەربیە، هەندێ وڵات هەیە کە هیچ کات لەژێر دەسەڵاتی سیاسی ئێراندا نەبوون سەرەڕای ئەوەش ئەم جەژنە بە جەژنی خۆیان دەزانن.
میللەتە جیاوازەکان مەراسیمی تایبەتی خۆیان هەیە بۆ گێڕان و یاد کردنەوەی نەورۆز، بەڵام هەموویان ئەم جەژنە بەناوی 'نەورۆز' ناو دەبەن وە هەموو پێکەوە لە ڕۆژی یەکەمی وەرزی بەهاردا یادی دەکەنەوە.

لەهەردوو وڵاتی ئێران و ئەفغانستاندا ئەم ڕۆژە دەبێتە سەرەتای ساڵێکی تازە، وە لەسەردەمی هەخامەنشینەکاندا کەڵکیان لە تەقویمی خورشیدی وەردەگرت هەرچەند ئەم ساڵە چەند گۆڕانی بەسەردا هاتووە. لەسەردەمی ساسانیەکاندا بەهۆی نەزانین و پابەندنەبوونیان بەساڵە کەبیسەکان وایان لێهات چەند جارێک جەژنی نەورۆزیان لەناوەڕاستی وەرزی هاویندا دەگێڕا.

تا ئەم گرفتە لە سەردەمی شەشەمی هیجریدا ئەستێرە ناسی گەورە 'عمر خیام' توانی چارەسەری بکات، بۆیە لەوکاتەوە تەقویمی جەلالی لە جیاتی تەقویمی خورشیدی بەکار دەهێنرێت.

گرنگی تەقویمی جەلالی ئەوەیە کەوا ساڵە کەبیسەکان ڕەچاو دەکات کە لەلایەن 'عمر خیام' دانراو ڕێکخرا وە 'فەتح علی شاە' ئەم تەقویمەی کردە تەقویمی فەرمی وڵاتی ئێران، ئەم ڕەچاو کردنی ساڵی کەبیسەیەش دەبێتە هۆی ئەوەی کەوا هەموو ساڵێک لەیەک کاتژمێردا ساڵ نەگۆڕدرێت.

## ئاداب و مەراسیمەکانی نەورۆز

### چوار شەمە سوری 'کوڵە چوارشەمە'

یەک دوو ڕۆژ پێش کۆتا چوار شەمەی ساڵ، ئاوی حەوزی حەوشەی ماڵەکان خاڵی دەکرێن و دەگۆڕدرێن کە پێش گۆڕینی ژنی ماڵ هەڵدەستێ بە شۆردنی هەموو کەل و پەلە پیسەکانی ماڵ بە تایبەتی جل و بەرگ لەدوای شۆردنیان جلەکانی بە تەنافێکدا هەڵدەخست وە بەیەکەوەی گرێ دەدان، چونکە پێیان وایە ئەم گرێ دانە دەبێتە هۆی زیاتر لەیەک نزیک بوونەوەی ئەندامانی خێزان.
پێش خاڵی کردنی ئاوی حەوزەکە هەندێک سرکەو خەڵوزیان دەکردە ناو ئاوەکەوە، پاشان هەموو ئەندامانی خێزان بەیەکەوە ئاوەکە هەڵدەگۆزن و دەیبەن دەیکەنە دەرەوەی ماڵ، بە مەبەستی پاک بوونەوەیان لە هەموو ڕق و کینەیەک.

پاشان ئاوی پاک دەکەنە حەوزەکەوە، وە هەریەک لە ئەندامانی خێزانەکە کڵۆیەک شەکر دەخەنە ناو ئاوەکەوە، تا ڕۆژی نەورۆز کەس بۆی نابێت دەست بدات لە ئاوەکەوە چونکە پێیان وایە کەوا ئەو ئاوە ڕوون و شیرینە خێرو خۆشی دەهێنێتە ماڵەکەیانەوە، وە ئەگەر زۆر پێویستیان بە بەکار هێنانی ئاوی حەوزەکە هەبێت ئەوا دەبێت چاوەڕێ بکەن تا دوای ڕۆژی چوارشەمە سوری.

لە ڕۆژی چوارشەمە سوری دا خەڵکی دەچنە دەرەوە، ئاگر دەکەنەوە وە بەکۆمەڵ دەست دەگرن و بەدەوری ئاگرەکەدا دەسوڕێنەوە و گۆرانی دەڵێن، پاشان باز دەدەن بەسەر ئاگرەکەدا بە ئومێدی ئەوەی کەوا بەدوور بن لە هەموو بەڵایەک.

## گوێ گرتن بەدزیەوە "فال گوش"

وەستان و گوێ گرتن کە خەڵکی ڕێبوار، پێیان وابوو سەرنویشتی ساڵی ئایندە لە قسەی ڕێبوارانذا دیاری دەکرێت. ئەمەش بەو شێوەیە بوو کەوا ژن و مێرد بەتایبەتی تازە بوک و تازە زاواکان و کچانی عازەب کۆ دەبوونەوە دەچوونە بەردەرگا یان سەربانی ماڵان لەوێوە گوێیان لە خەڵکی خاوەن ماڵەکان و ئەو ڕێبوارانەی کەوا بە کۆڵانەکاندا تێپەڕ دەبوون دەگرت، شێوازی قسەکانیان لێک دەدرایەوە ئەگەر قسەی خۆش یان بکردایەو باسی پارەو سامان بکرایە ئەوا ئەو کەسانەی کە گوێیان لێ دەبوو پێیان وابوو کەوا ساڵێکی پڕ لە خێر و خۆشییان دەبێتن، بەڵام ئەگەر بە پێچەوانەوە بوایە ئەوا دەیان ووت ساڵێکی شومیان دەبێت.

## "قاشق زنی" تەقەی کەوچک

ئەم کارە لەلایەن ژنان و کچانەوە ئەنجام دەدرێ، کە لەگەڵ تاریک بوونی هەوادا لەماڵ دەچوونە دەرەوەو کەوچکێکی دار و پیاڵەیەکی مسیان لەگەڵ خۆیان دەبرد، دەچوونە بەردەرگای ماڵان و کەوچکەکەیان دەکێشا بە پیاڵە مسیەکەدا (کێشانی کەوچکی دار بە پیاڵەی مسی دا دەنگێکی خۆش دروست دەکات... بە بۆچوونی ئەوان) دەوەستان تا خاوەن ماڵەکە دەهاتە دەرەوە و شتێکی شیرینی دەخستە ناو پیاڵەکە بۆیان.

## شەوی ساڵی تازە، "رشتە پلو" لێنانی پلاوی شعریە

شەوی ساڵی تازە واتە دوای گۆرانی ساڵ، پلاوی شعریە لێ دەنرێت، ( ئەڵبەت ئەم مەراسیمە ئێستا زۆر باوی نەماوە، لەجیاتی ئەوە سەوزە پلاو لەگەڵ ماسی دەخۆن)، هەندێک خورماو کشمیشیان سوردەکردەوە لەگەڵ برنجەکەدا دەیان خوارد بە مەبەستی ئەوەی کەوا تا کۆتای ساڵ سستی لە لەشیاندا نەبێت وە هەمیشە بەهێز بن.

یەکەم جار خواردن بۆ پیاوی ماڵ تێدەکرا، دەیان وتت لەبەر ئەوەی بژێوی ماڵ و منداڵی پەیدا دەکات دەبێت یەکەم جار ئەو لە خواردنەکە بخوات، وە ئەگەر کچی قەیرە لە ماڵەکەدا بوایە ئەوا کۆتا کەس لە مەنجڵەکەدا نانی دەخوارد وە بنکڕی مەنجەڵەکەی دەخوارد بە هیوای ئەوەی بەختی بکرێتەوەو مێرد بکات.

ئەگەر کەسێ فەقیر بێت ئەوا شعریەکان کۆدەکاتەوەو جیایان دەکاتەوە لە برنجەکە هەڵیان دەگرێت تا وشک دەبنەوە پاشان دەیان کاتە ناو کیسەی پارەکانیەوە، تا بەڵکو پارەکانی بەرەکەتیان تێ بکەوێت و زیاد بەکەن.

## ڕووناکی و چراخانی

دەبوایە لە یەکەم و دووەم ڕۆژی نەورۆزدا بۆ ماوەی ٢٤ کاتژمێر چرای ماڵەکانیان نەکوژێننەوە، وە هەوڵ بدەن لە هەر ژوورێکی ماڵەکەیاندا لە چرایەک زیاتر دابگیرسێنن، دەبێت بە باشی چاودێری چراکان بکرێت تا نەکوژێنەوە و بێ نەوت نەبن، چونکە پێیان وابووە ئەگەر بێتو چراکانیان بکوژێتەوە ئەوا ئەو ساڵە ساڵێکی بێ خێر دەبێت بۆ ئەو ماڵە، وە ئەگەر بەجوانی بگڕایە وە نەکوژایەتەوە ئەوا تا ساڵی داهاتوو ئەو ماڵە پڕ دەبوو لە خێر و بەرەکەت و ڕووناکی.

## حاجی فیروز یان عەمو نەورۆز

لە سەردەمی ئاغاو ئەربابەکاندا خزمەتکارەکانیان دەبوایە دەم و چاویان ڕەش بکردایەو جلی سوریان لەبەر بکردایە، گۆرانیان بوتایەو چەند کارێکیان بکردایە تا ئاغاکانیان پێیان پێ بکەنن و خۆش حاڵ ببن، ئەم مەراسیمە ئێستاش هەر ماوە بەڵام ئێستا حاجی فیروز بۆ خۆی ئیش دەکات وە دەچێتە سەر جادەکان و گۆرانی بۆ خەڵک دەڵێت تا خەڵکی پێی پێ بکەنن و پارەی بۆ کۆبکەنەوە.

بۆیە ئەم ناوەشیان لێ ناوە، لە کۆندا ئەگەر ئاغایەک بەندەیەکی بکڕیایە ئەوا چەند ناوێکی لێ دەنا، لەبریتی ئەو پارەی کەوا داویەتی تا بەندەکەی کڕیوە. ناوەکانیش ئەمانەن: (موبارەک، زومرود، ئەڵماس، یاقوت، سەعادەت، شەربەت، بەشیر، فیروز...هتد).

## سیانزە بەدەر

ئەو جێگایانەی کە خەڵکی دەچن بۆ سەیران لە ڕۆژی سیانزەیەمی بەهاردا دەبێ لە دەرەوەی دەروازە بێت واتا دەبێت لە دەرەوەی شارەکان بێت، وشەی دەروازەیان بۆیە بەکار هێناوە چونکە لە سەردەمانی کۆندا هەموو شارەکان دەروازەیان بووە، وە خەڵکی بۆ سەیران دەبوایە بچونایەتە دەرەوەی دەروازەی شارەکەیان.

لەم ڕۆژەدا خەڵکی هەموو دەچنە دەشت و دەرو ناو باخ و باخات و کەناری ڕووبارەکان بۆ سەیران.

چوونە دەرەوەش لەم ڕۆژەدا بۆ ئەوە بوو کەوا سیانزەی خۆیان دەربکەن، چونکە پێیان وایە کە ژمارە سیانزە ژمارەیەکی شومە وە دەبێت زاڵ بن بەسەریدا، پێیان وایە ئەگەر بێتو لەماڵ بمێننەوە ئەوا ژمارە سیانزە زاڵ دەبێت بەسەریاندا و تووشی نەخۆشی دەبن.

(وەک پێشتر ئاماژەمان بۆ کرد بۆ یەکەم جار بابلیەکان ئەم ژمارەیان بە شووم ناوبرد).

بۆ دەرکردنی سیانزەش دەبێت سیانزە بەردی بچوک بە پشت سەری خۆیاندا فڕێ بدەن، تا هەرچی دەردو بەڵایە لێیان دوور

بکەوێتەوە، هەروەها ئەو ماسیە سورانەی کە لەسەر سفرەکانیان دایان ناوە فڕێی دەدەنە ناو ئاوی ڕووبارەکان، وە ئەو سەوزەیەی کە لەسەر سفرەی حەوت سین دایان نابوو کچان و کوڕانی هەرزەکار لەدەوری کۆ دەبنەوەو گرێی لێ دەدەن بە ئومێدی ئەوەی کە لەساڵی تازەدا بچنە ماڵی خۆیان و زەواج بکەن.

## سفرەی حەوت سین

ژمارەی حەوت لە زۆربەی زۆری فەرهەنگەکاندا ژمارەیەکی پیرۆزە، لە فەرهەنگی ئێرانیشدا ژمارە حەوت زۆر بایەخی پێ دەدرێت و بە پیرۆزی دەزانن، لە زۆربەی زۆری هێماو کارەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە، یەکێک لەو نیشانانە سفرەی حەوت سینە کە لە مێژووی ئێرانی کۆندا لە هەموو جەژن و مەراسیمە مەزهەبییەکانیاندا سفرەیەکی گەورەیان ڕادەخست کەل و پەلی پەرستش و نیایشیان لەسەر دادەنا وەک ئاتەشدان "ئاتەشکەدەی بچوک" بەرهەمە کشتوکاڵیە جۆراو جۆرەکانی ساڵ لەسەر سفرەکە دادەنران، وە هەریەک لە سینەکانی سفرەی حەوت سین نیشانەی تایبەتی خۆیانیان هەیە.

هەروەها بە ڕای هەندێک لە مێژوو نوسان دەڵێن کەوا لە کۆندا لەجیاتی حەوت سین، حەوت شین بووە، لەبەر ئەوەی یەکێک لە شینەکان شەراب بووە، وە خەڵکی ئێران زۆربەیان موسوڵمانن بۆیە شینەکەیان گۆڕیوە بە سین.

لە جیاتی "ئاتەشدان" ئێستا موسوڵمانان قورئان دادەنێن لەسەر سفرەکانیان، وە باقی دینەکانی کە لە وڵاتی ئێران دیوانی حافظ یان شاهنامەی فیردەوسی دادەنێن.

ئەو شتانەی کە لەسەر سفرەی حەوت شین دا دانراون بریتی بوون لەمانە: (شەمع 'مۆم'، شەراب، شیرینی، شەهد 'هەنگوین'، شمشاڵ، شەربەت، شەقایق 'گوڵاڵە سورە').
هەروەک پێشتر ئاماژەمان پێ دا کەوا سفرەی حەوت سین لەسەر بنەمای ژمارە حەوت دامەزراوە بەو واتایەی کەوا (حەوت ئاسمان، حەوت دەریا، حەوت جۆر خواردن...هتد) هەیە.

هەندێ لە مێژوو نوسانیش پێیان وایە کەوا سفرەی حەوت سین لە حەوت "ئەمشاسپەندان= فریشتە"وە هاتووە ئەوانیش:

١- ئەهورامەزدا = فریشتەی سەروەر و دانای.
٢- هومەن= فریشتەی بیری پاک.
٣- ئوردی بەهەشت= فریشتەی پاکی و ڕاستی.
٤- شەهریوەر= فریشتەی شارێکی پڕ لە ئارەزوو لە وڵاتێکی پایەداردا.
٥- سپندار موزد= فریشتەی عشق و پاک داوێنی.
٦- خورداد= فریشتەی کامڵ بوون.

٧- ئومورداد یان مورداد= فریشتەی پاسەوانی گوڵ و گیا.
شایانی باسە کەوا زۆربەی زۆری مانگەکانی تەقویمی وڵاتی ئێران ئێستاش هەر بەناوی ئەو فریشتانەوە ناو نراون.

ئەو شتانەی کە لە سەر سفرەی حەوت سین دا دادەنرێت دەبێت چەند تایبەتمەندیەکیان هەبێت ئەوانیش:
١- ناوەکەی فارسی بێ.
٢- بە پیتی 'س' دەست پێ بکات.
٣- ڕیشەی گیای بێت، واتا نبات بێت.
٤- بخورێت.
٥- اسم مرکب نەبێت، واتا یەک ناو بێت، دوو ناو نەبێت لەیەک تێهەڵکێش کرابێت.
٦- بۆ لەشی مرۆڤ بەسود بن.
لە غەیری ئەمانە هەرچی شتێکی کە ئەگەرچی بە پیتی 'س'ینیش دەست پێ بکات نابێ دابنرێت، لە زمانی فارسیشدا تەنها حەوت شت هەیە کە ئەو تایبەتمەندیانەی تێدا بێت ئەوانیش:
١- سیر: بەناوی فریشتەی ئەهورامەزدا وە نیشانەی پزیشکی و سەلامەتی دادەنرێت.
٢- سێو: بەناوی فریشتەی سپندار موزد وە نیشانەی جوانی و تەندروستی دادەنرێت.
٣- سەوزە 'سبزە': بەناوی فیشتەی ئوردی بەهەشت وە نیشانەی دووبارە ژیانەوە دادەنرێت.
٤- سنجد: بەناوی فریشتەی خورداد وە نیشانەی عشق دادەنرێت.
٥- سرکە: بەناوی فریشتەی مورداد وە نیشانەی پایەداری و تەمەن درێژی دادەنرێت.
٦- سەمەنو: بەناوی فریشتەی شەهریوەر وە نیشانەی بەرەکەت دادەنرێت.
٧- سماق: بەناوی فریشتەی بەهمەن و نیشانەی ڕەنگ یان هەڵهاتنی ڕۆژ دادەنرێت.
بەڵام بۆ زیاتر جوان کردن و ڕازاوەی سفرەکە چەند شتێکی کەش دادەنرێت وەک (ماسی سور، شەمعدان، قورئان، ئاوێنە، پارە ووردە، هێلکەی ڕەنگ کراو، قاپێک ئاو کە پرتەقاڵێکی تێدا دادەنێن بە هێمای گۆیی زەوی لە کەوندا، گوڵاو، گوڵی نەرگس، شیرینی).
تەنها ئەوە ماوەتەوە بڵێم کە خوێنەر خۆی دادوەر بێت لەوەی کە ئەم جەژنە و مەراسیمەکانی کوردیە یان نا.

سەرچاوە فیس بووکی نووسەر / ڕێکەوتی : ١٠ی جولای ٢٠١٣

# ئەفسانەی نەورۆز لە نێوان ئایین و مێژوو و ئەفسانەدا

سلام ناوخۆش

ئەوەی فیردەوسی باسی دەکات لە کەلتور و مێژووی فارسدا , باسی ئەفسانەی " نەورۆز لە نێوان کاوەی ئاسنگەر و زوحاک " دەکات , بە ڕاستی ئەفسانەیەکە لە زەهنی کەسێکی هۆشمەند جێگیر نابێت. ئەو ئەفسانەیە , کە لە سەردەمی ناسیۆنالیستی کوردی یاد دەکرێتەوە , چەند مەدلولێک دەربارەی ڕەچەڵەکی کوردەوە لە خۆ دەگرێ! یەکەم جار ئەفسانەکە وا داڕێژراوەتەوە زۆر بۆنی شۆڤینیەتی لێدێت.دووەم .بە پێی ئەفسانەکە کورد لە ڕەچەڵەکی ئەوانی دەربازبووی نێو چیا پەیدا بوونە !! ئەمەش لە ڕای ئایین و مێژوویی مرۆڤایەتی دوورە.



### مێژووی بێ بەڵگەی نەورۆز

لەو ماوەیەدا ئاماژەیەک لە قورئانی پیرۆز و مێژووی گوتیەکان قسە لە سەر بوونی نەورۆز دەکرێت.ئەو قسەیەی دەربارەی نوح پێغەمبەر و گەلی گوتی دەکرێت. نوح لە نزاکەی داوا لە خودا دەکات , کە خاکێکی پیرۆز دابەزێنێت . ئەوە بوو لە چیای جودی دایدەبەزێنێت . لە بەرئەوەی چیای جودی و گودی-گوتی لە یەکدەچن , دەوترێ نوح لە گەڵ گوتیەکان بووە !ئەوەی پەیوەندی بە نەورۆزەوە هەبێت, دەوترێ ئەو ڕۆژەی نوح و باوەڕدارەکانی ڕزگاریان بووە نەورۆز بووە , یان بۆتە نەورۆز!! بەڵام با لە خۆمان بپرسین :ئەگەر کورد ئەو سەردەمەی پێش لافاوەکە پەیوەندی بە نوح پێغەمبەرەوە هەبوو بێت , ئەوا زۆر کەللە ڕەق بووینە !بەڵام وەک هەندێک گریمان دەکەن لە پاش لافاوەکە لە یەکێ لە کوڕەکانی نوح پەیدا بوو بێت , ئەوا دەبێت باوەڕی وا بێت کە باکووری کوردستان لانکەی مرۆڤایەتیە و مرۆڤایەتی قەرزداری کوردن , نەک جودی لە دەڤەری عەرەبی موصل و نەجەف بێ وەک هەندێ توێژەری عەرەبی پێشبینی دەکەن !!! ئەوەی قورئان لە مەسەلەی پێغەمبەر ئیبراهیم و نەمرود بە بێ ناوهێنان هەیە . دووجاری جیاواز ئاماژە بە نەورۆز دەکرێت . جاری یەکەم کاتێک هەموو خەڵک چووینە دەرەوە بۆ ئاهەنگگێران کە وەک نەورۆزە , تەنیا ئیبراهیم پێغەمبەر نەبێت . ئا لەو دەمەدا ئیبراهیم پێغەمبەر هەموو بتەکان دەشکێنێت.

لەو مەسەلەیدا بەبێناوهێنانی نەورز قسە لە سەر هەبوونی نەورز دەکرێت! لە دەقی قورئاندا ئاماژە بەوە دەکرێ , کە نەک هەر خەڵکەکە بەڵکو خودی باوکی ئیبراهیم پێغەمبەر بتپەرست بووە. جا ئەگەر نەورۆز کوردی بێت و ئیبراهیم کورد بێت , دەبێ قەبوڵی ئەوەش بکەین کە باوک و باپیرەی ئێمە ئەوسا بتپەرست بووینە.دووەم جار . لە بەرانبەر تووڕەیی نەمرود لە سەر ئەو کارەی

ئیبراهیم پێغەمبەر دەهاوێژنە ناو ئاگر , زاتی خوداش لە سەر ئەو کارە بۆ ئیبراهیم بە وەڵامدێت و دەفەرموێ :" ئەی ئاگر سارد و سەلامەت-بێ زەرٍ بە بۆ ئیبراهیم "

## مێژووی بەڵگەداری نەورۆز

لەو ماوەیەی کە ناسیۆنالیستی کوردی جەختی لە سەر دەکەن , دەرکەوتنی دەوڵەتی مادە کە ۱۵۰ ساڵیی خایاندووە هەر لە ماوەیەش کالێندەری کوردی بە دەرکەوتنی مادەوە پەیوەستکراوە! لە دیاکۆوە تاکو ئەستیاگی خایاندووە , بەڵام لە ساڵی ۵۵۰ پێش لە دایکبوونی عیسا , بە پیلانی خوشکەزای خۆی (کۆرشی گەورە ) و دەستوپێوەندەکانی کۆتایی بە دەوڵەتی ماد هاتووە و ئەخمینیەکان دەولەتێکی فارسی دروست کردووە ...

کێشەی ململانێی کۆرشی گەورە و ئەستیاگ , ڕووخانی دەوڵەتی ماد(کە لە ئەدەبیاتی کوردی بە میدیا بە ناوبانگە) و دروستبوونی دەوڵەتی ئەخمینی بە سەرەتای نەورۆز دانراوە!!! ئەگەر ساڵنامەی کوردی لە ساڵی ۷۰۰ پێش میلاد دروست بوو بێت,ساڵی ۵۵۰ یان ۵۴۹ پێش میلاد دەوڵەتی میدیا ڕووخا بێت , ئەوا نەک نەورۆز بۆ کورد مەرگەساتە بەلکو سرودی "ئەی ڕەقیب "یش دەکەوێتە ژێر گومانەوە! هەروەها وەک لە خوارەوە ئاماژەی پێدەکەین هەر لە کتێبەکانی موسلمانەکانی پێشوو ئاماژە بەوە دەکرێ کە ئاڵای فارسەکان "کەفشی کاویان" بووە!! جا کە کاوە فارس نە بوو بێت چۆن فارسەکان "کەفشی کاویان " دەکەنە ئاڵای خۆیان؟؟

نەورۆز خۆی لەخۆیدا ئەفسانەیەکی گەلانی ئاری نەژادە , نەک هیندۆئەورووپی!لەدوای سەرهەڵدانی کێشەی ئایینی ومەزهەبکاری لەپاشان ناسیۆنالیستی، نەورۆز چوارچێوەیەکی تری وەرگرت. سەبارەت بەکوردەوە، گرینگی دان بەنەورۆز وەک "سەرکەوتنێکی نەتەوەیی" دەگەڕێتەوە بۆسەدەی هەژدەو نۆزدە.

لەناو ئاری نەژاداندا، ئارێشەکە تەنیا لەنێوان کوردو فارس دایە،چونکە هەردوو کارەکتەری سەرەکی ئەفسانەکە گوزارشت لەودوو نەتەوەیەدەکەن.هەر ئەو ململانێیەش تەم ومژی لەسەر ڕووداوەکە دروستکردووە.ئەمرۆ ئاسان نیەکۆدەنگییەک لەسەر ئەو ڕوداوە دروست بێت، چونکە لەگۆڕەپانی کوردستان زیاترلەڕەوتێکی سیاسیی وئایدۆلۆژیای هەن! هەریەکەی ڕووداوەکە لەگۆشەنیگای ئایدۆلۆژی خۆی دەبینێ.

ئەگەر لەسەدەی نۆزدەوەمەوە، نەورۆز وەک سەرکەوتنێکی نەتەوەیی سەیرکراوە وکاوە کراوە بەکورد وزوحاک یان ئەژدیهاک کراوە بەفارس.دەکرێ لەم سەردەمەدا ڕووداوەکە بەجۆرێکی تربخوێندرێتەوە ئەوەتەئاسورییەکانی کوردستان خۆیان بە"ئاشوری" دەخوێننەوە هەروەها یەکی نیسان دەکەن بەسەرەتای مێژووی ئاشوری.ئەومێژووەش زۆر پێش سەرهەڵدانی لەدایک بوونی مەسیح بووە! فارسەکانیش زۆر شتی بەرلەئیسلامبونیان پیرۆز رادەگرن.دەکرێ کوردیش بە دووجۆری تربخوێننەوە:

١- بکرێ بەسەرەتای ساڵنامەی کوردی یان
٢- بکرێ بەسەرەتای دامەزراندنی دەوڵەتی میدی

هەرچەندە وەک لە پێشەوە ڕوونمان کردۆتەوە زەرەری کورد لەو مەسەلەیە دایە , چونکە هەر بە تەنیا ماد نییە , بەڵام مێژووی دروستبوونی دەوڵەتی , نەک رووخانی , لە قازانجی کورد دایە .ئەم دووە هەردووک لۆژیکێک لەخۆدەگرن، بەڵام نەورۆز بەئەفسانەی کاوە وزوحاک بەستنەوە هیچ لۆژیکێک وناسنامەیەکی نەتەوەیش بەڕوداوەکە نابەخشێ.

کتێبە مێژووییەکانی ئیسلامی زۆربەیان باسی نەورۆزیان کردووە وەک ئەفسانەیەکی عەجەم – غەیرە عەرەب –باسیان لێوە کردووە هەتاهەندێکیان باسی ئاهەنگ گێران لەنەورۆزدا لەسەردەمی ئیمامی عەلی باس کردووە. مێژوونوسانی کوردیش وەک مەردۆخی، محمد ئەمین زەکی، سالح قەفتان، هەروەها نوسەری "امجاد الاکراد"یش باسیان لەنەورۆز کردووە. ئەوانی تر زیاتر لەسەر بنەمای عاتیفەی نەتەوەییەوە نوسراون. لەهەندێ کتێب (کاوە) بە"گوتی-گودی" دانراوە هەتا هەندێکیان کردوویانەتە پێغەمبەر. لەوپێوەدانگە ئەوەی گرینگە بزانرێ کە نەورۆز جگە لەئەفسانەیەک هیچی ترنییە!

ڕزگارکردنی ڕوداوێک لەقالبی ئەفسانەو وهەوڵدان بە"واقیع" کردنی پەیوەستە بەئاستی وشیاری ومەعریفی ڕۆناکبیرانی میللەتەوە. ئەم ئەوروپایەیی ئەمرۆ نەک هەر نغرۆی ئەفسانەبوو، بەڵکوئەوەی تەناهی بوو، نەبوو.ئەو هەموو ئاریشانەی چەندەها شەڕی وەک شەڕی "ئیتالیا" و"سکوتلەندە" شەری یەکەم ودووەمی جیهانی لێکەوتەوە.وێرای ئەمەش تاکی ڕۆژ ئاوایی هەمووژیانی بووە بێهودەیی.

دیموکراسیەت ولیبرالییەتی ڕۆژئاوای دوابەرهەمی بیرکردنەوەوعەقلی مرۆڤی ڕۆژئاواییین. ئەوان کەخۆیان لەئەفسانەوەو هەژمونی کەنیسا رزگارکرد، توانیان سیستەمێک دامەزرێنن وبەگوێرەی ئەو سیستەمەوە ژیان بگوزەرێنن. بەمەش توانیان هەتاخۆیان لەئەفسانەکانی یۆنان وڕومانیش رزگاربکەن. ئەو دیموکراسیەی ئەوێ, کە زیاتر زانایان و خەڵکی سادەوە پێیەوە پەیوەستن , نەک پیاوانی دەوڵەت!! عەقلی مرۆڤی ئازادکرد لەوەی چی هەڵدەبژێرێ! خەڵکێکی زۆر بێئەوەی دەسەڵاتی ئیسلامی دیبێ موسلمان دەبێ! ئەوە پێیدەوترێت بەواقیع کردنی ئەفسانەیاخود خۆرزگارکردن لەئەفسانە وبیناتنانی واقعێکی مەعریفی و لۆژیکی..

نەورۆز تەنیا هی نەتەوەی کورد نییە ئەمە بەڵگەنەویستە. بەڵام بەدیتنی من ئەگەر ئەفسانەی نەۆرۆز بەهەردوو کارەکتەری کاوەو ئەژدیهایەک ببەستینەوە، ئەوە بەهیچ جۆرێ کاوە کورد نەبووە. ئەم ڕایەشم پشت بەم بەڵگانە دەبەستێ:

١- کاوە گوتی"نیە"بەڵکو فارس بووە.لەشەری قادسیە فارسەکان "ئاڵای کاوە-کەفشی کاویان " یان کردبووە ئاڵای ئەمپراتوریەتی خۆیان! جائەگەر کاوە کورد بووبێ، دەبێ فارسەکان بەچ لۆژیکێک ئاڵای بکوژی پاشاکەیان بکەنە ئاڵای ئەمپراتوریەتەکەیان؟

٢- ئاستاگ یان ئاستیاگ دوا پادشای پاشاکانی میدیەکان بووە، فارسەکان لە سەر کاری دەوڵەتی میدیا لایانبردووەو دەوڵەتێکی فارسیان دروست کردووە!! بەمجۆرە ئەفسانەی کاوەیان دارشتوە.بە زیندانیکردنی ئاستیاگ کۆتایی بەدەسەڵاتی کوردەکان هاتووە.

٣- فارسەکان لەهەموو سەردەمەکان هەتا لەسەردەمی دەوڵەتی کۆماری ئیسلامی ئێرانی نەورۆز بۆتە (دەرۆژ) ناویان لێناوە سێزدە بە دەر" ئەمەش تەنیا ئەوەی شیعە مەزهەبن پەیرەوی لێدەکەن , جا فارس بن یان کورد! جائەگەر نەورۆز ڕوخانی زوحاکی فارسی بێ،دەبێ فارس هێندە گێل وگەمژە بن بەوبۆنەیەوەئاهەنگ بگێرن؟!هەرچەندە لە ئەفسانەکەی فیردەوسیدا زوحاک عەرەبە , بەڵام نەژادی کورد هەر بە پێی ئەو ئەفسانە لەو کەسانەیە کەلە مردنی حەتمی بە دەست زوحاکی نەخۆش بە دوو مار ڕزگاریان بووە!!

جالەبەرئەوەی کورد،فارس،ئەفغان،هیند، پاکستانی... یادی نەورۆز دەکەنەوە،ئەمە واتای ئەوەیە نەورۆز کوردی نیە. هەروەک چۆن زەردەشت تەنیا کورد نەبووە،کاوەش کورد نەبووە. هەربۆیە هەروەک گوتم ئەگەر بمانەوێ "بیکوردێنین"-بکەین بە کوردی ! دەسپێکی دامەزردانی دەوڵەتی میدیا بە دەسپێکی ساڵی کوردی دابنێین،ئەوا دەبێ باوەڕ بەوە بکەین کە مێژووی کۆنی کورد لە میدیەکانەوە دەست پێدەکات!!! بەمەش زۆر مێژووی کۆنی کورد لە دەست دەدەین!!ئاهەنگیران بە بۆنەی دامەزراندنی دەوڵەتی میدی,کە حەفت سەد ساڵ بەر لەزایین بووە باشتر و لە بارترە بەوەی بە بۆنەی ئەفسانەیەکی فارسی ئاهەنگ بگێرین!! یان هەر هیچ نەبێ با بەبەیادی رزگارکردنی شاری کەرکوکی ببەستینەوە چونکە لەم دووسەدەیەدا تەنها لەنەورۆزی ١٩٩١ کەرکوک لەدوژمن رزگارکراوە! زۆربەی بۆ چوونەکان لە سنورێکی تەسک، جودا دان. زۆربەی هەرە زۆری نوسەری کوردو دەسەڵاتی کوردی باوەریان وایە نەورۆز جەژنەیەکی سەداسەد کوردییەو کاوەکوردەو زوحاک فارسە.ئەوە هەر خاوەن ئەفسانەکە ,فیردەوسی , دەڵێت زوحاک عەرەبە و کاوە فارسە!! لەو مەسەلەیدا وەک چاوەڕێ دەکرێ شاعیران بە قووڵی لە مەسەلەکە بڕوانن کەچی هەتا زۆربەی شاعیرانی کلاسیکی و نوێ ی کورد شیعریان بۆ ئەو بۆنەیە وتووە , بە کوردیکردووە! ئەوا دەقی شیعری ئەمرۆ رۆژی نەورۆز هاتەوە

جەژنی کۆنی کورد...کە بوترێ کەس نییە چەند کۆپلەیەکی لێ نەزانێت.

لەم دەمەتەقێیەدا ئەوە ئاشکرا دەبێ , کە دەسەڵاتی مەعریفی و سیاسی کورد لە سەر هەندێ بەڵگەی زانستیەوە مێژووی خۆی بنووسێتەوە! دەیانەوێ بچنە ناو مێژوووە یان لە دەرەوەی مێژوو بن مەسەلەیەکە لە لایان وەک لوغزەکەی هاملێتی شەکسپیری لێهاتووە :

دەبی یان نابی
ئەوە پرسەکەیە!

سەرچاوە : ماڵپەڕی دەنگەکان / ڕێکەوتی : ٢٤ی مارچی ٢٠١٢

# نەورۆزی کوردان

کەریم ئەڵلاوەیسی

ئەم رۆژی سالی تازەیە نەوروزە هاتەوە
جەژنیکی کۆنی کوردەوبە خۆشی هاتەوە

پیرەمێرد

نەورۆز جەژنی لە مێژینەی کوردە و چێژ و پێز و وزەی پێوە دیارە و هەتا دێ هەر گەشەدار وپرشنگدارتر دەبێ. نەتەوەکانی جیهان نیزیک بە هەموویان، جیژنی نەتەوەیی خۆیان هەیە و نەورۆزی کوردیش وردە وردە بۆتە بەشێک لە میرات وکەلتوری مێژوویی روشنبیری خەلکی کوردستان.



نەورۆز نیشانەی زاڵبوونی ڕووناکی بە سەر تاریکی، خێرو شادی و خۆشی بە سەر ناخۆشی و سەخلەتیدا، فەرعانی و ئاسایش بە سەرِ قاتی وقرِی و گرانیدا، بە کورتی سیمبولی چاکە بە سەر خراپە دایە. هەوڵدانە بۆ ئازادی وبەختەوەری و نەهێشتنی دیکتاتوری و زۆلم وچەوسانەوە و خەبات بۆ دوا رۆژی گەش و بەختیاری.

نەوروز ڕەمزی خۆڕاگری و بەرخۆدانی کورد و راوستان لە بەرمبەر زۆردار وچەوسێنەران دایە، بۆتە سیمبۆلێک بۆ راوستان، ئەوەی کە کورد بە راوەستانی، خۆی لە نەمان و تواندنەوە رزگارکردوە. دژکردەوە مێژوویە سەخت وخۆیناویەکانی کورد بە سەدان سالە بەردەوامە، داستانی فیداکاری و قارەمانێتی و دلێریی سەرِسورهێنەری دروست کردوە.

نەورۆزبوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەرە لاوان بە عشق ئەچوون بەبەرەوپیری مەرگەوە

نەورۆز، رۆژی پەیمان نوێ کردنەوە بۆ خەبات بە دژی داگیرکەرانی کوردستان، جێژنێکی رەسەنی کوردە کە کورد لە خۆشی وناخۆشیەکان و روژی تاڵ و گەلێک سەختیش دا بە دائیم ئەم جیژنە نەتەوەییەی خۆی پیرۆز کردوە. زۆر لە لێکۆڵینەوەکان دەریان خستوە کە زۆر لەمێژە کورد ئەم رۆژی بە لاوە گرینگ بووە و سەر سالی پیروز کردوە و بایەخی پێ داوە و بەرەبەرە لە ناوچەکانی دەروبەری کوردستانیش دا بلاو بۆتەوە و هەرچەند داگیرکەرانی کوردستان ویستوویانە مۆرکی کوردی لێ بکەنەوە ، بەخۆشیەوە نەیانتوانیوە.

لە باشوری کوردستان کورد گرینگی زۆری بە ئەم جیژنە داوە و لە نێو ئەوان دا پیرەمێردی نەمر زۆر رۆڵی تایبەتی هەبوو و بایەخی زۆری بە جیژنی نەوروز داوە لە کاتی ژیانی دا. هەموو سالی لە مامەیارەی سلێمانی بە هەڵکردنی ئاگر، ئەم جیژنەی پیرۆزکردوە. ئەو بەهێزترین هۆ بوو بۆ گێرانی ئاهەنگی نەورۆز و بووژانەوەی و رۆژنامەیەکیشی بەم بۆنەوە بلاو دەکردوە. ئەو کات کە دوژمنانی زۆردار ئاگرکردنەوە لە مامە یارەیان قەدغە کرد ئەوە قوتابیانی ماموستا پیرەمێرد بوون کە هەموو ساڵێ ئاگری نەورۆزیان لە سەر لوتکە وشاخەکانی دەوروبەری سلیمانی دا دەکردەوە. ئێستاش بە خۆشیەوە خەلکی کوردستان هەموو ساڵێ لە سەر شاخ و لۆتکە وشارو دیهاتەکان یادی نەورۆزی پیروز بە هەڵکردنی ئاگر دەکەنەوە و پەیمان بۆ درێژەدانی خەبات تازە دەکرێتەوە.

ئاگر نەقش و رۆڵی گرینگی لە ژیانی مروڤ دا هەبووە، چونکە دۆزینەوەی ئاگر خاڵێکی وەرچەرخان لە مێژووی مروڤایەتی دابووە و دیارە پێوندی بە ئایینی زەرتشتیشەوە هەیە کە کورد پێشتر زەرتشتی بووە.

لە باکوری کوردستان نەورۆز و ئەم جیژنە بۆکورد گرینگیی ئێجگار تایبەتی هەبوو و هەیەتی و ئەمسالیش بە میلیون خەلکی ئەم خاکە پیرۆزە بەرەوپیری جیژنی نەورۆز چوون و وەک هەمێشە باکوری کوردستان بوّتە مەیدانی خەباتێکی شێلگیرانەی مەدنی کە شەو و رۆژیان لە دوژمنانی کورد و کوردستان تاڵ کردوە.

لە رۆژهەلاتی کوردستان، جگە لە ساڵەکانی پێشوو سالی ٢٠١١ بە هیممەتی دڵسۆزانی کورد لە ژمارەیەکی زۆری گوندەکانی کوردستان بە تایبەت رەبەت و سیسیربەرنامەی نەورۆز گەلێک بەرچاو بوو. خەڵکی ئەو ناوچانە بە پێک هێنانی بەرنامەی گۆرانی وشیعرو بەرنامەی هەڵپەرکێ و کردنەوەی ئاگری پیرۆزی نەورۆز، بایەخ وگرینگیی جێژنی کۆنی کوردیان زۆر زیاتر بەرز نرخاند.

کورد زۆر هیوادارە کە لە سالی نوێ دا بەشێکی زۆری ئاواتەکانی وەدی بێ. ئارەزوومانە کە دەسەلاتی کوردی لە هەرێمی کوردستان لە گەشە و بەرەوپێشچوونی زیاتر دابێ و زۆر نەخایەنێ کە سەرکەوتنی بەرچاو بۆ باکوور و رۆژهەلات و رۆژئاواش وەدست بێ. بەرێزخالید عزیزی سکرتێری گشتیی حیزبی دیموکراتی کورردستان گوتەنی: پێویستە بۆ ئەم ساڵە ئەرک بۆ خۆمان دیاری بکەین. بەڵێ گرینگە کە کورد و حیزب وریکخراوە سیاسییەکانی دیانەوێ چ بکەن وهەنگاوەکانیان چ بێ؟! ئاوڕدانەوە بۆ رابردوو و بە بەرنامە بەرەو پێشچوون گەلێک گرینگە.

بە ڕاستی ئەگەر حیزب ورێکخراوە سیاسییەکانی رۆژهەڵاتی کوردستان لەوە زیاتر کۆدەنگی یان بەرەیەکی حیزب ورێکخراوەکان وەدوا بخەن زوڵمێکی گەلێک گەورە لە کۆمەلانی خەلکی ئەم پارچەیەی کوردستان دەکەن. کورد لە تاراوگەش زۆر هەنگاوی لە پێشە کە نابێ لێیان کەمتەرخەم بێ.

سالی ٢٧١٢ کوردی لە رۆڵەکانی نەتەوەی کوردستان لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە تایبەت بنەماڵەی شەهیدان وزیندانییە سیاسییەکانی کوردستان پیرۆزبێ. لەیلای زانای مەزن گوتەنی نەورۆز لە حەمی کورد پیرۆزبێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / ڕێکەوتی : ٢١ی مارچی ٢٠١٢

# جەژنی نەورۆز .. شاجەژنی کوردستانە.

رەزا شوان

نـەورۆز بوو ئـاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرویپیری مەرگەوە

جەژنی نەورۆز، دێرینترین و ڕەسەنترین و پیرۆزترین و خۆشترین جەژنی گەلی کوردمانە .. جەژنی نەتەوەییمانە .. جەژنی یەکریزی وتەبایی و برایەتیمانە .. جەژنی ڕاپەرین و سەرهەڵدانە .. جەژنی ئازادی و سەرفرازی و ئاشتیمانە .. جەژنی ..



جەژنی خۆشی و گەشی و شادیمانە .. جەژنی شایی و گۆڤەند و سەیرانە .. جەژنی ئەوین و خۆشەویستیی عاشقانە .. رۆژی تازەکردنەوەی بەڵێن و پەیمانە .. نەورۆز مژدەهێنی ژیانەوەی گیا و درەخت و گوڵ و گوڵزارە .. لە مانگی نەورۆزدا ، مەلە کۆچکردووەکانی هۆگر و شەیدای بەهاری رەنگین و جوانی کوردستان دەگەڕێنەوە .. گوڵە نێرگزی شای گوڵان و ، حاجیلە و ، گوڵاڵەسوورە و ، ڕێحانە و ، کنگر و ، هەڵپۆک و ، پیشۆک و، ترشۆکە و ... هتد . هەموو دەخەملێن .. دەشت و دەری کوردستان ، کراسێکی هاودامانی گوڵ سرۆشتی لەبەر دەکات .. سەرەتای وەرزی بەهارە .. جەژنی دێهات و شارە .. نەورۆز جەژنی هەژاران و نەدرانە .. مانگی خێر و بێر و گەشەکردنی دەغڵ و دانە .. رۆژی ماڵئاوایی زستان و سەرما و سۆڵە و بەفر و زریانە.. نەورۆز جەژنی سرۆشتی قەشنگ و جوانی کوردستانە .

نەورۆز ، جەژنی یەکەمین رۆژی سەری ساڵی کوریمانە .. هێما و سومبولی خەبات و کۆڵنەدان و ڕاپەرینمانە .. جەژنی نەورۆز پەیامی ئاشتی و پێکەوەژیانە .

جەژنی نەورۆز ، لای ئێمەی کورد بایەخێکی گرنگی مێژوویی هەیە .. تیکەڵ بە هزر و هۆش و بیرمان بووە .. بۆتە بەشێکی ڕەسەن و نەمر لە لە کولتووری کەلەکەمان .. ڕەگی بە ناخی ئەدەبی کوردیماندا شۆڕبۆتەوە .. نەورۆز بووە بە هەوینی چەندین شاکاری ئەدەبییمان ، هۆنراوە، چیرۆک ، رۆمان ، دراما .. بە تایبەتیش بۆ ئیلهامی شیعرەکانی شاعیرەکانمان .

ئەمرۆش ( نەورۆزنامە ) بووە بە چمکێکی پەخشانی کوردیمان .. لە جەژنی نەورۆزدا، هاوڕێ بۆ هاوڕێ و دۆست و دەزگیران و ، خۆشەویستان ، کەس وکار بۆ یەکتری دەنێرن .

جەژنی نەورۆزە ، کە توانیویتی گیانی هەمیشە خەبات و خۆڕاگری و کۆڵنەدان و بەرخودانی لە دڵی گەلەکەماندا رابگرێ .. سۆز و پەرۆش و خۆشەویستیشمان بۆ کوردستانی شیرینمان .. شیرینتر و بەسۆزترو بە پەرۆشتر بکا .

ئەوەتا ئەتاتورکلیزمەکان ، تۆقیان لە جەژنی نەورۆز و لە .. مەشخەڵ و گڕ و کڵپەی ئاگری نەورۆز چووە .. هەموو هێزێکیان خستۆتە باری وریایی و نائاساییەوە .. ڕژێمی فاشستی تورکیا ، گەمژەیی و بێ ئەقڵییەکی گەورە دەکا . ئەگەر بێتو لە باکووری کوردستاندا جەژنی نەورۆز و ، کردنەوەی ئاگری نەورۆز کە سومبولی نەورۆزە ، قەدەغە بکات .. بە دڵنیاییەوە ، ئەگەر هەموو هێزەکانی ( ناتۆ ) ش بهێنن .. ناتوانن جەژنی نەورۆز قەدەغە بکەن و نەهێڵن ئاگری نەورۆز بکرێتەوە .. نەورۆز ، جەژنی نەتەوەییمانە و ، شاجەژنی کوردستانە و .. هەموو کوردێک شانازی بە جەژنی نەرۆزەوە دەکا .. هیچ جەژنێکیش بە قەد جەژنی نەورۆز لای کورد شیرین نییە و .. هیچ بۆن و جەژنێکیش بەقەد جەژنی نەورۆز ، رەگی لە دڵی کورد دا دانەکوتیوە .. نەورۆز رەنگدانەوە و کاریگەرییەکی قووڵی ، لەسەر هەموو بوارەکانی ژیانی گەلەکەماندا هەیە .. بۆتە فاکتەرێکی گرنگی هاوخۆشی و هاوڕیزی و یەکێتی گەلی کوردمان.

لە رۆژی نەورۆزی ( ٢١ / ٣ / ١٩٩٠) دا .. کچە کوردی قارەمان و دلێرمان ، خوێندکار (زەکیە ئالکان ) کە پۆلی شەشەمی کۆلێجی پزیشکی بوو ، لە زانکۆی دیجلە لە شاری ئامەد ( دیار بەکر ) .. لە باکووری کوردستاندا .. میت و پۆلیسی تورکیای فاشستی ، بە چەکەوە دڕندانە چوونە ناو زانکۆکەوە و ، نەیان هێشت خوێندکارانی کوردمان جەژنی نەورۆز بگێڕن و ، ئاگری نەورۆز بکەنەوە .. بەڵام خوێندکار( زەکیە ئالکان ) کە دڵسۆز و کوردستان پەروەرێکی ناسراوبوو .. بڕیاری دا ، کە دەبێت ئاگری نەورۆز هەر بکاتەوە .. زەکیە خان لە ناوەڕاستی شاری ئامەد دا لە بەردەم میت و پۆلیسی تورکیادا ، هاواری کرد و وتی : " ئەی فاشستییە داگیرکەرەکانی کوردستان .. ئێوە ناتوانن نەهێڵن من ئاگری نەورۆز بکەمەوە .. بڕوانن کە چۆن ئاگری نەورۆز دەکەمەوە.. ".. گالۆنێ بەنزینی بە سەری خۆیدا کرد و خۆی سوتاند و ، بە گیانی ناسک و پیرۆزی ئاگری نەورۆزی کردەوە .. شەهیدی نەمرمان ( زکیە ئالکان ) بە جیهانی سەلماند، کە کورد نەمردووە و نامرێت.. بە داگیرکەرانی کوردستانیشی سەلماند، کە کورد لە مردنیش بەهێزترە.. هیچ هێزێکیش ناتوانێت، کورد و نەورۆز لە یەکتری دابڕێ.. هەموو ئەوهەوڵانەش کە تا ئێستا داگیرکەرانی کوردستان داویانە .. بۆ کاڵ کردنەوەی بایەخی نەورۆز .. یا شێواندن و لەبەرچاوخستنی، سەریان نەگرتووە و پووچەڵ بوونەتەوە .

نازانم ڕژێمی تورکیا ، لە گوێی گادا نووستوون ، یا بە ئەنقەست خۆیان گێل دەکەن .. لە ( ٢٣ / ٢ / ٢٠١٠ ) لەلایەن نەتەوە یەکگرتووەکانەوە، کە تورکیاش ئەندامێکیتی، بە فەرمی ( جەژنی نەورۆز ) بوو بە بۆنەیەکی جیهانی دانپێنراو .. پێویستە لەسەر دەوڵەتان رێز لەم بۆنەیەیە بگرن .. بەڵام کەی رێز و شەرم و شوورەیی لای ڕژێمی فاشستی تورکیا هەبووە .. ؟؟

بە بۆنەی جەژنی نەورۆزی پیرۆز و، سەری ساڵی نوێ ی کوردیمان( ٢٧١٢) لە ناخی دڵمانەوە .. جوانترین پیرۆزبایی لە هەموو کوردێکی دڵسۆز دەکەم، لە هەر چوار پارچەی کوردستان ، یا لە هەر شوێنێکی هەندەراندا بن .. بۆ یەکە بە یەکەشتان چەپکێ گوڵە نێرگزی چاومەستی، نێرگزەجاڕی ئەم بەهارە هاتەی کوردستانی شیرینمان پێشکەشتان دەکەم .

هیوادارین، جەژنی نەورۆزی ساڵی داهاتوومان .. جەژنی ئازادی کورد و رزگارکردنی کوردستان بێت .
جەژنی گەڕانەوەی شاری کەرکوک و ، ناوچە داگیرکراوەکانی ترمان بێت بۆ باوەشی کوردستان .

جەژنی داهاتوومان، جەژنی جەژنان بێت، جەژنی بڕیاردانی مافی چارەی خۆنووسین بێت .. جەژنی جاڕدانی ( دەوڵەتی کوردستان ) بێت .

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٠ی مارچی ٢٠١٢

# نەورۆز، جەژنی کۆنی کوردەواری هاتەوە

تەها رەحیمی



ململانێی مرۆڤ و سروشت بە درێژایی هەزاران ساڵ و تەنانەت زیاتر بوو بە هۆی ئەوەی کە مرۆڤ لە داڕشتنی کەسایەتی و بوون و مانی خۆیدا بۆنە و بابەتی جۆراوجۆر بخولقێنێ کە زۆربەیان ئێستاشی لەگەڵ بێ تانوپۆی ژیانی مرۆڤیان لەخۆ گرتوە. سەرما و گەرما تووڕەیی و هێوری، بریسکەو باو باران و .......... هەر هەموو دیاردەکان بۆ مرۆڤێک کە شەڕی مان و نەمانی دەگەڵ هێزێکی بانئاسایی و نەناسراو و بێ بەزە دەکرد کاریان کردە سەر رەوتی ژیانی و نەمامی بیروباوەڕیان قۆناخ بە قۆناخ هەڵچنی و هەر کام بە جۆرێک کاریگەریان هەبووە لەسەر رەوتی ژیانی پڕ لە مەینەتیی تا بۆ درێژەی ژینی لە سەر ئەم گۆ گڵێنە هزرو بیری خۆی پشت بە پشت بۆ نەوەکانی دوای خۆی بە جێ بێڵێ. لەم پێناوەدا لە چوار قورنەی دنیادا هەر خێڵ و عەشیرەو کۆمەڵەو نەتەوەو ئایین و رێچکە هزرییەکان بە پێی کات و ساتی داهاتن و پێکهاتن بۆنە و رێوشوێنی تایبەتیان دامەزراندوە کە ئەم بۆنانە بەرەبەرە لە گەردەلوولی مێژوودا گۆڕانیان بەسەردا هاتوە شتیان لێ زیاد کراوە، پاژێکیان لێ قرتاوەو بە پێی پێویستیی خاوەنەکانیان هەڵشێلدراونەتەوەو تەنانەت زەوت کراون، چەواشە بوون و بەلاڕێدا براون و بە هەزاران چیرۆکی دیکە. کە لەم نێوەدا ئەوانەی کە زیاتر بندەست بوون زیاتر پێخوستی گێژەڵووکەی دەسەڵاتی تیژپەڕی ئاژاوەگێران و سەربە گۆڵمەزان هاڕیونی. ئەو نەتەوانەی بە رێکەوت و بە ئانقەست ملکەچ کراون دەگەڵ شێواندنی کەسایەتی و مێژووو شانازی و کەلەپوورو فەرهەنگەکەیان، دەسکەوتەکانی زووشیان بە تاڵان براوەو لە بیروڕای گشتی دا بێ هیچ شانازی و سەروەرییەک ماونەتەوە. گەلی کورد کە بە سەدان ساڵە وڵاتەکەی داگیر کراوەو جار دوا جار پارچە پارچە کراوە، دەسکەوتەکانیشی بە تاڵان براوەو لە لایەن داگیرکەرانەوە بۆنە و شانازییەکانیشی وەک خاکەکەی کەوتۆتە بەر راووڕووتی زۆردارانەوە. نەورۆز یەکێک لەم بۆنانەی وڵاتی کوردەوارییە کە سەرەڕای هەموو هەوڵەکانی داگیرکەران بۆ داماڵین لە مۆرکی کوردەواری هێشتا هەر رەنگ و بۆنی کوردی و ئایین و دەنگی کوردی لێوە دەبینرێ و دەبیسترێ. داگیرکەران ئەگەرچی ئەم بۆنەیەیان بۆ نەدزراو نەیانتوانی مۆرکی کوردی لێ بتەکێنن و کوردیش لەنەورۆز داماڵن هەنووکە بووەتە بۆنەیەکی ئازادیخوازی و (اعلانی موجودیت) لە گۆرەپانی خەبات و تێکۆشاندا بۆ کوردو، کورد لەهیچ بۆنەیەک دا بە قەدەر نەورۆز یەکگرتووانە دەر ناکەوێ.

لە رۆژهەڵاتی نێوەڕاست ئاخێزگەی چەند ژیاری کۆن و ئایینی گەورەی جیهانی و لە بۆنەو رێوڕەسمەکانی چەند نەتەوەدا بە شکۆو مەزنایەتییەکی زۆرەوە باس لە نەورۆز دەکەن و لە یەکەم رۆژی بەهاردا بە رێوڕەسم و خۆئامادە کردنێکی زۆرەوە بە پێشوازییەوە دەچن. ئەگەرچی روانگەو بیروبۆچوونێکی زۆر لەسەر ئەم بۆنەیە هەیە بەڵام روانگەگەلێکی یەکدەست و یەک ئاراستە بەدی ناکەین. تەنیا ئەوە نەبێ کە زۆربەیان هۆکاری وەک گۆڕانی کەشوهەواو وەرزی ساڵ لە سەردەمانی مرۆڤە سەرەتاییەکان بە

ئاخێزگەی ئەم بۆنەیە دەزانن کە لەم پێوەندییەشدا زیاتر ناوی بابێل بەرچاوە. پاشان هێندێک لەسەر ئەم بڕوایەن کە نەورۆز ملکی ئیلام، کاسی، گوتی، ئۆرارتۆری و گەلانی بەر لە هاتنی ئارییەکانە چونکی مرۆڤی دانیشتووی نێوان دوو زێ و کوێستانەکان و دەوروبەری ئەم ناوچەیە بە ئاژەڵداری و وەرزێری دەژیان و دەگەڵ کۆچی ساردو سۆڵی و شکانی تەزوو و هاتنی شیناوەرد و تفاق و خواردن کە دیارە پتری مرۆڤیش هەر بە گیاوگژ ژیاوەو توانیویە لە کونەکانی خۆی بێتە دەرو قۆناخێکی نوێی تێکۆشان دەست پێ بکا، وەک شتێکی پیرۆز چاوی لەم گۆرانە کردووە ڕێزی لێ گرتوە. هەروەها کەسانێکی دیکەش هەن کە بە داب و داهێنراوی خودی ئارییەکانی دەزانن. بە هەر حاڵ زیاتر لەوەی لەسەر ناڕۆین چونکی ڕوانگەو تیۆری و گریمانەی زۆر لەمبارەوە هەیەو لە لایەکی دیکەشەوە هەر پادشاو دەسەڵاتدارو نەتەوەیەک بە قازانجی خۆی گریمانەو تیۆری بۆ نەورۆز داتاشیوەو دادەتاشێ و بە جۆرێک لە جۆرەکان خۆی پێوە هەڵداوەسن و چیرۆک و ئەفسانەی بۆ دەهۆننەوە. خاڵێکی جێگەی رامان هەر ئەوەیە زیاتر ئەم بۆنەیە لە زۆربەی روانگەکاندا نیشانی نوێبوونەوەو ژیانەوەو ژیاندنەوەیە. لەم سەردەمەدا کوردی هەموو پارچەکان، لە ئێران، تورکیە، ئەفغانستان، تاجیکستان و ئەرمەنستان بەگەرمی بە پێشوازی نەورۆزەوە دەچن.

بیروبۆچوونەکان و گریمانەکان لە لایەکەوە هێند زۆر و لە لایەکیشەوە هێند لێک دوورن کە زۆر هەڵدەگرێ و هەروەها هەر نەتەوەو تەنانەت پاشاو بنەماڵەیەکی دەسڕۆیشتوو و دەسەڵاتدارێک لە ڕێگەی جۆراوجۆرو تئۆریی جیاوازەوە ریشەو رەچەڵەکی خۆیان بە جۆرێک لە جۆرەکان دەبەنەوە سەر نەورۆز و خۆی پێوە هەڵداوەسن تا کۆن بوون و ماکەکانی هەژمۆنی خۆیانی زیاتر پێ داکوتن.

بەڵام هەر چییەک بێ دەتوانین بڵێین نەورۆز یەکەم ڕۆژی ساڵ و ڕۆژێکی نوێ لە وەرزێکی نوێ و سەرەتای دەسپێکی قۆناخێکی دورووودرێژە لە تێکۆشان و ژیان، هەروەها ئاورکردنەوەکەش رەنگە بگەڕێتەوە بۆ ئەوەی کە ئاور ڕۆڵێکی گرنگی لە ژیانی مرۆڤدا هەبووەو دۆزینەوەی ئاور خاڵێکی وەرچەرخانە لە مێژووی مرۆڤایەتیدا بەرانبەرە بە داهاتنی چاپ لە سەردەمانی دواتر. یا ئەوەی وەک دەڵێین پێوەندیی بە ئایینی زەدەشتییەوە هەبێ، ئەگەرچی بە پێی لێکۆڵینەوەکان لە کتێبە پیرۆزەکەی ئاوێستادا باس لە نەورۆز کراوە بەڵام سەرچاوەو بابەتی داهاتنی ئەم بۆنەیە باسی لێ نەکراوە. کە ئەمەش بەبڕوای هێندێک لە خاوەن رایان بۆ ئەوە دەگەڕێتەوە کە زۆربەی بەشەکانی ئاوێستا فەوتاون و دواتر لە سەردەمی ساسانییەکاندا نووسراونەتەوە.

بابەتێکی حاشاهەڵنەگری کورد ریشەی هزرو بیروباوەڕی ئەم نەتەوەیە لە ئایینی زەردەشتی کە هەتا ئیستان بە فەرهەنگ و هەڵسوکەوتی ئێستاکەی ئەم نەتەوەیەشەوە هەر دیارە. هاتنی ئایینی ئیسلام نەبووە هۆی ئەوە کوردەکان وەک زۆربەی وڵاتانی (سوریە، عێراق، میسر، لوبنان و ......) بە عەرەب بین (مستعرب) هێشتا پشتێنی سێ گرێ باس لە ئاکاری باش، کرداری باش، گوتاری باشی زەردەشت دەکا و زۆربەی خوو و عاداتی کوردان دەگەڕێتەوە سەر ئەم ئایینە مەزنە کە سەرچاوەو ئاخێزگەکەی و تەنانەت هەروەک دەوترێ پێغەمبەرەکەشی لە باب و باپیرانی کوردەو کتێبە پیرۆزەکەشی بە زمانی مادی نووسراوە. بە هەر حاڵ زۆر وتن لە سەر هێندێک بابەت کە گرووپ و کۆمەڵێکی زۆر خۆی بە خاوەنی دەزانن و بۆ بەدبەختی کوردیش لە بەر ئەوەی کە بندەست بووەو نەیتوانیوە بە گوێرەی پێویست کاری بۆ بکا و بەڵگەو دیکۆمێنتی بۆ بدۆزێتەوەو تەنانەت ئەو بەڵگەو دیکۆمێنتانەی هەشی بووە گۆڕیوەو لێیان دزیوەو بە ناوی نەتەوە باڵادەستەکانەوە لە جیهان دا ناسراون وتۆمار کراون ئاکامێکی لێ ناکەوێتەوە. ئەوەی بەرسەرنجی ئەم نووسینەیە گرنگیی بۆنەی نەورۆز لە کاتی ئێستا دایە کە لە هەموو پارچەکانی کوردستان بە گوڕو تینێکی زۆرەوە بەڕێوە دەچی و جگە لە باشووری کوردستان کە هێندێک لە مافەکانی دەستەبەر بووەو حکوومەتێکی کوردی دەسەڵاتی بەدەستەوەیە لە

پارچەکانی دیکە نەورۆز وەک بۆنەیەکی جیاکەرەوەی کورد چاو لێ دەکرێ و بووەتە دەرفەتێک بۆ خۆ پێناسە کردنەوەو دەگەڵ بەڕێوەبردنی ڕێوڕەسمی بەشکۆ و تایبەتەوە ڕۆژێکە بۆ دەربڕینی بێزاری لە داگیرکەران و هێنانە ئارای داواو داخوازییە نەتەوەییەکان. کە ئەم ڕێوەڕەسم و بۆنە خۆشییانە لە باکووری کوردستان بە لوتکەی خۆی دەگاو ساڵانە جەژنێکی بە شکۆ لە دیاربەکر ناوەندی ئەم پارچەیە بەڕێوە دەچێ. لە ڕێوڕەسمەکانی شاری دیاربەکردا کە هەموو ساڵێ دەیان هەزار کەس ئامادەی دەبن ناسنامە و پێگەی سیاسی و داخوازییەکانی دیکە بەرز دەکرێنەوەو تەنانەت چەند ڕۆژ پێش نەورۆز ئامادەکارییەکانی ڕۆژی نوێ دەست پێ دەکرێن. لە ڕۆژهەلاتی کوردستانیش لە شارو گوندەکان زۆر بە شکۆوە بەرەو پیلی ئەم بۆنەیەوە دەچن و کوردستان یەکدەست ڕێز لەم بۆنەیە دەگرن. هەروەها سەرەڕای نەورۆز سێزەبەدەریش هەروەک چوارشەمە سووری لە ڕۆژهەڵات بە شکۆیەکی مەزنەوە بەڕێوە دەچێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان کورد / ڕێکەوتی : ٢٣ی مارچی ٢٠١٢

# پەندی جەژنی نەورۆز

پ.د.فایەق مستەفا

گەلی کوردمان لەگەڵ زۆرێک لەگەلانی دیکە ئاهەنگی جەژنی نەورۆز دەگێڕێت، جەژنی سەرەتای ساڵی نوێ و کۆتایی زستان و هاتنی بەهارو گەڕانەوەی ژیان بۆ سروشت و سەرهەڵدانی ئازادی و رووخانی دیکتاتۆر«زوحاک» ئەوەی کە جیهانی پڕ کرد لەستەم و دڵڕەقی و کۆتکردن لەسەردەستی کاوەی ئاسنگەر کە سەرکردایەتی چەوسێنراوان و ستەملێکراوانی کرد وەک شۆڕشێکی جەماوەریی گشتیی سەرکەوتوو کە لەمێژووی کۆنداو لەرۆژێکی وەک ئەمڕۆدا روویداوە. کاتێک ئاهەنگ بەبۆنەی ئەم جەژنە رەسەن و پیرۆزەوە دەگێڕین، پێویستە بایەخ بەهەموو رەهەندو رووە ماددی و مەعنەوییەکانی بدەین، لایەنە ماددییەکانی



بریتین لەدەرچوون بۆ باوەشی سروشت و خواردنی خۆراکی خۆش و لەبەرکردنی جلوبەرگی جوانی کوردی. لایەنە مەعنەوییەکانیشی بریتین لەخۆشەویستی ئازادی و دادوەریی و جوانیی و پیاهەڵدان بەژیان و سەرکەوتن و هەموو کارە مرۆییە جوانەکان، بەڵام بەداخەوە لەلایەنی یەکەمدا زیادەڕۆیی و لەلایەنی دووەمدا کەمکردنەوە بەدی دەکەم، چونکە سەبارەت بەلایەنی ماددی، هەندێک وادەزانن جەژنی نەورۆز بەستراوە بەدیاردە ماددییەکانەوە، بۆیە زیادەڕۆییەکی یەکجار زۆر بەدی دەکەین لەبەکارهێنانی خواردن و خواردنەوەو جلوبەرگ و سەفەردا ئەگەر ئەو زیادەڕۆییە لەگەڵ دۆخی دارایی و ئابووریشیاندا نەگونجاو بێت ئەوان هەر پەیڕەوی دەکەن. ئەوەش لەکۆتاییدا بەزیانی ماددی و تەندروستی بەسەریاندا دەشکێتەوە. کەواتە لەو حاڵەتەدا وتەی فەیلەسوفی ئەغریقی ئەرستۆ دەیانگرێتەوە »هەر مەبدەئێک یان بیروباوەڕێک یان رەفتارێک ئەگەر زیادەڕۆیی تێدا بکرێت خراپ دەبێت»، چونکە بەوتەی ئەو فەیلەسووفە »میانڕەوی سەروەری هەموو چاکەیەکە«، بەڵام کەسانی عاقڵ لەلایەنە ماددییەکاندا زیادەڕۆیی ناکەن و دەچن بۆ پانتاییەکی سروشتی با نزیکیش بێت، مەرجیش نییە شوێنی سەیران قەرەباڵغ و پڕ لەخەڵک بێت، لەو شوێنە چێژ لەدیمەنە جوانەکانی سروشت و یاری وەرزش و هەڵمژینی هەوای پاک و خواردنی خۆراکی سادەو مامناوەندی دەبینن سەماو هەڵپەڕکێ دەکەن و خۆیان لەقەرەباڵغی ئۆتۆمبیل و تەپوتۆز بەدوور دەگرن. لەهەمانکاتدا بایەخ بەلایەنە مەعنەوییەکانی جەژنی نەورۆزیش دەدەن و چێژ لەجوانی سروشت و رەوشتی جوان دەبینن هەموو کردارەکانیان جوانەو دوور دەبن لەهەر رەفتارێکی ناڕەواوە، چونکە رەفتاری ناڕەوا وەکو زستان ناشیرینەو کرداری چاک وەکو بەهار جوانە. ئەو عاقڵانە لەنەورۆزەوە فێر دەبن ئازادییان خۆشبوێت و نەفرەت لەستەم و ملهوڕیی بکەن. ئەو کاتە داوای ئازادیی بۆ خۆیان و بۆ کەسانی دیکەش دەکەن و ستەمیان بۆ کەسانی دیکەش ناوێت و ستەمیش لەکەس ناکەن، ئەوەش دەبێتە هۆی بڵاوبوونەوەی بەهاکانی ئازادی و دیموکراسی و بەربەرەکانی کردنی ستەم لەکۆمەڵگەکەماندا. جێی ئاماژەیە کۆمەڵگەی عیراق بەتایبەت و رۆژهەڵات بەگشتیی لەژێر بەهای ستەم و نەبوونی ئازادیدا لەزۆر بواردا بەتایبەت بوارەکانی سیاسی و خێزانیی و خوێندندا دەناڵێنن. د.زەکی نەجیب مەحمود دەڵێ: ملهوڕیی دیکتاتۆریی لەخوێنماندایە.. حوکمڕانی رۆژهەڵات دیکتاتۆرە، سەرۆکی رۆژهەڵاتی، باوکی رۆژهەڵاتی، مێردی رۆژهەڵاتی، دەوڵەمەندی

ڕۆژهەڵاتی، ئەوانە هەموویان دیکتاتۆرن، چونکە لەناخیاندا لاوازیی هەیە، بەدیاردەی ستەمکردن لەکەسانی دیکە قەرەبووی دەکەنەوە. هەستیاری گەورەمان گۆران لەشیعرێکیدا(نەورۆز ۱۹٦۱)دەڵێ:

ئەی جەژن بەهەزاران ساڵ لەڕابردووی تاڵی کورددا بویت
تەنها تۆ خەندەی بیرەوەرییەکانیان بویت
تەنها خۆت جەژن و بەهاری کوردان بویت
ئەوەتا ساڵێکی دیکە لەخەم و پەژارەو ئەشکەنجەی کۆن و ژەهری گوشراو بەدەستی ستەمکارەکان دوورت ختینەوە...

بەڵام نووسەری گەورەمان محێدین زەنگەنە شانۆنامەیەکی نووسیوە بەناوی «نوێژێک بۆ نەورۆز»، دیزاینی پاڵەوانەکەی لەدیزاینی کاوەی ئاسنگەرەوە وەرگیراوە، پاڵەوانەکەی بوو بەرووناکبیرێک و نووسەرێکی شانۆیی بانگەشە بۆ ئازادی و بەربەرەکانی ستەم دەکات، هەروەک کاوەی ئاسنگەر سەری زوحاکی پانکردەوەو مرۆڤایەتیی رزگار کرد لەدڕندەیەکی زیان بەخشی خوێناوی، نووسەر کاوەی دڵدار ڕۆڵێکی بینی کە لەڕۆڵی کاوەی ئاسنگەر کەمتر نەبوو ئەویش بریتی بوو لەبڵاوکردنەوەی هۆشیاری راستیی و لەناو جەماوەردا بڵاویکردەوە کە لەهێزی خودی راستیی و عاشقانی راستی جیهان هەڵقوڵابوو کە کەوتە ململانێیەکی سەختەوە لەگەڵ «عەبولجەبار نەمر» (زوحاکی ئەم چەرخە)و زاڵبوو بەسەریدا.

پیرۆزباییەکی گەرم لەجەماوەری گەلەکەمان دەکەم بەبۆنەی جەژنی نەورۆزی مەزنەوە لەسایەی ئازادی و دیموکراسی و ئارامیدا.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی : ۲۰ی مارچی ۲۰۱۲

# جەژنی نەورۆز و ناسنامەی ئایینیی کورد

سەروەر پێنجوێنی

ئاڵۆزترین کێشەی گەلی کورد کێشەی ناسنامەیە. ئەم کێشەیە هەم داگیرکەران و ناحەزان دروستیان کردوە بۆی، هەم خۆی بۆ خۆیی دروست کردوە. ئەوەش چونکە لەلایەکەوە داگیرکەران و گەلانی ناحەزی دەوروبەری هەمیشە هەوڵیان داوە سەربەخۆیی و کیانی سیاسیی ئەم گەلە لەناو بەرن، و بیکەن بە پاشکۆی خۆیان و نکولی لە جیۆگرافیاکەی و مێژو و بونی مێژویی و مافە نەتەوەییەکانی بکەن.. لەلایەکی تریشەوە لە هەمان کاتدا گەلی کورد، بە خواستی خۆی و بە سەپاندنی هێزەکانی دەوروبەریشی، لە لایەنی ناسنامەی ئایینی و مەزهەبی و کولتوریەوە وەکو پێویست خۆی جیا نەکردوەتەوە و سەربەخۆیی خۆی نەپاراستوە.. ئایینێک، مەزهەبێک، کولتورێکی تایبەتمەندی نەتەوەیی، نیە کە کورد خۆی پێ جیا بکاتەوە لەوانی تر و وەکو تایبەتمەندییەک و ناسنامەیەک سودی لێ ببینێت بۆ دروستکردنی کیانێکی نەتەوەیی و قەوارەیەکی سیاسی بۆ خۆی. کە ئەمە لە ڕابردودا مەرجی بنەڕەتی بوە، لە ئێستاشدا بنچینە و بناغەیەکی گرنگە. بۆ نمونە: لە سەردەمانی مەسیحیی وڵاتانی سەر دەریای سپیی ناوەڕاست، ئەگەر دەوڵەتێک ویستبێتی سەربەخۆیی بۆ خۆی دابین بکات؛ ڕێبازێکی مەسیحیی لە خۆ گرتوە و کەسێتییەکی مەسیحیی دیاری بانگ کردوە تا کلێسایەکی سەربەخۆی بۆ پێکەوە بنێت تا لە دەوڵەتەکانی تر جیا ببێتەوە و سەربەخۆ بێت. گەلانی موسوڵمانی ناعەرەبیش دوای ماوەیەک لە بێدەنگی و متبون هەندێک ڕێبازی ناسوننییان لە خۆ گرت تا ئەوە بنەمایەک بێت بۆ سەربەخۆبونیان لە دەوڵەتە عەرەبی ـ ئیسلامیە سوننیەکە. هەرچەند کوردیش لە سەرەتاوە هەندێک هەوڵی لەم بابەتەی داوە (وەکو پەیوەندیی کورد بە خاریجییەکان "خوارج" ەوە، و چونە ڕیزی ڕێبازی عەلەوی، و تەریقەتی عەدەوی..)، بەڵام لە کۆتایی و ئەنجامدا و وەکو زۆرینە؛ کورد وەکو ئەوەی نەیتوانیوە لەسەر ئایینە کۆنەکەی خۆی (یەزدانپەرستی، زەردەشتی..) خۆی بگرێت و کولتورە دێرینە و ڕەسەنەکەی خۆی بپارێزێت، یان هاوشێوەی ـ بۆ نمونە ـ گەلی ئەرمەنی کلێسایەکی مەسیحیی ئۆرتۆدۆکسیی خۆرهەڵاتیی ڕەسەنی وەکو کلێسای ئەرمەنیی بۆ خۆی بنیات نەناوە.. لە هەمان کاتیشدا نەتوانیوە لە ئیسلامیشدا شتێک بۆ خۆی بپچڕێت و ڕێبازێکی تایبەت لە ئیسلام بۆ خۆی جیا بکاتەوە کە ببێتە بنەمای تایبەتمەندییەکی کولتوری و نەتەوەیی، کە ئەوە لە سەردەمانی کۆن و چەرخی زێڕینی ئایینەکاندا بنەما و بنچینەیەکی پێویست بوە بۆ سەربەخۆیی کولتوری و سیاسی و نەتەوەیی. کورد نەیتوانیوە ڕێبازێکی کەلامی و فیقهیی ئیسلامی بۆ خۆی پێکەوە بنێت یان جیا بکاتەوە هەتا ئەوە ببێتە بنچینەیەک بۆ سەربەخۆیی سیاسی و کیانێکی نەتەوەیی ڕون و جیا، وەکو چۆن کەمینە نەتەوەییەکانی تری خۆرهەڵاتی ناوەڕاست لە ڕێگەی کلێسا و ئایینە تایبەتیەکانیانەوە ماونەتەوە و کولتور و زمانی خۆیشیان پاراستوە. بەڵام کورد لە ئیسلامیشدا لە لایەنی ڕێبازی فیقهییەوە وەکو زۆرینە شوێن ڕێبازی (شافیعی) کەوتوە کە لە ناوچەکەدا ڕێبازی زۆرینەی کۆمەڵگا عەرەبییەکەیە و بەرجەستەکەری ئاڕاستە ئیسلامیە عەرەبگەرەکەیە کە دوپاتی بایەخی ئایینیی زمانی عەرەبی (و پیرۆزیی دەقە ـ تەنها ـ عەرەبییەکەی قورئان) و خیلافەتی عەرەب / قورەیش دەکاتەوە.. لە ڕێبازی کەلامییشدا زۆرینەی کورد شوێن ڕێبازی (ئەشعەری) کەوتوە، کە ڕێبازێکە هەرچەند خۆی دەڕازێنێتەوە بە عەقڵانیەتێکی شکڵی بەڵام لە جەوهەردا هەر دامەزراندنەوەی (عەقیدە) ی سوننیە بە دیباجە و بەڵگەسازی و پاساوی نیمچەعەقڵانیەوە، لە هەمان کاتیشدا ئەم

ڕێبازە کەلامیە لە قۆناغێکدا عەقیدەی زۆرینەی ئەهلی سوننەی کۆمەڵگای عەرەبی و کۆمەڵگا ئیسلامیەکانی تر بوە. ئەمەش واتە لە هەردو لایەنی ڕێبازی فیقهی و ڕێبازی کەلامیەوە کورد بوەتە پاشکۆی زۆرینە ئیسلامیەکە و بەتایبەتی کۆمەڵگای عەرەبی ـ ئیسلامی. بەم شێوەیە کورد لە ئیسلامەتی و پێشەوایەتیی ئیسلامیشدا هەر بوەتە پاشکۆی گەلانی دەوروبەری، ئیتر هەتا لە ئیسلامیشدا نەتوانیوە سەربەخۆییەک بۆ خۆی پێکەوە بنێت، کە ئەمەش کاریگەریی زۆر بوە.. نەبونی سەربەخۆیی لە ڕێبازی ئایینی و پێشەوایەتیی ئایینیدا؛ نەبونی سەربەخۆیی کولتوری و سیاسیی لێ دەکەوێتەوە، کاتێکیش پیاوانی ئایینیی کۆمەڵگەی کوردەواری سەر بە پێشەوایەتی و دەسەڵاتیکی ئایینیی گەلێکی تر بن؛ گومانی تێدا نیە کە ئەمە کاریگەریی مسۆگەری دەبێت لەسەر لایەنگریە سیاسیەکانیان و فەتواکانیشیان سەبارەت بە ڕوداوە سیاسیەکان و بڕیارە چارەنوسسازەکانیش..

سەرباری ئەم حاڵەتە گشتیە کە ڕەگ و ڕیشەی لە مێژوی ئیسلامیی ڕابردودا هەیە، ئێستە تەوژمێکی ئیسلامی لە کوردستاندا بەرەوی پەیدا کردوە، کە درێژبونەوەیەکی ئایینی و مەزهەبی و سیاسی و تەنزیمیی کۆمەڵێک تەوژم و بزاڤ و گروپی ئایینی ـ ئیسلامیی کۆمەڵگای عەرەبی ـ ئیسلامیە. بەتایبەتی لەناو ئەم تەوژمە ئیسلامیەی کوردستاندا باڵێکی یان چەند لایەن و بەرەیەکی وەکو کۆپیکردنی تەوژمێکی عەرەبی ـ ئیسلامیی سەلەفی و سەلەفی جیهادیە. ئەمانە زۆر زیاتر لە لایەن و بەرەکانی تر بەئەمەکن بۆ کولتوری عەرەبی ـ ئیسلامی، و زیاتر دەست دەگرن بە دەق و گێڕانەوە و ڕواڵەتەکانی ئیسلامەوە، و زیاتر ئاڵۆزی و گیروگرفت و کێشمەکێشە کولتوری و سیاسیەکانی ناو کۆمەڵگای عەرەبی ـ ئیسلامی دەگوازنەوە بۆ کوردستان و کۆمەڵگای کوردی. بە شێوەیەک لە ململانێ و جیاوازی و ناکۆکیەکانیاندا بەڕونی ململانێ و جیاوازی و ناکۆکیەکانی ناو باڵە جیاوازەکانی سەلەفیەتی سەعودی دەبینیتەوە، و زۆر جاریش ئەمانەی کوردستان پەیوەندیی ماددی و ڕۆحیی ڕاستەوخۆیان بە هێما دیارەکانی ئەو باڵە جیاوازانەی سەلەفیەتی سەعودیەوە هەیە: لە سەعودیە باڵێکی سەلەفیی سوڵتانی هەیە کە (مەدخەلیەکان) یان پێ دەڵێن، لێرەش لق و درێژبونەوەی هەیە بە هەمو پابەندبون و بایەخدانە تەقلیدیەکانیەوە. لە سەعودیە باڵێکی سەلەفیی جیهادی هەیە کە تەوژمێکی چەکدار و تیرۆریستی ئۆپۆزیسیۆنی سەعودیە، لێرەش درێژبونەوەی هەیە بە هەمو کێشە و مەترسیەکانیەوە، لە سەعودیە تەوژمی ڕابون (صحوة) هەیە کە لە باڵە سەلەفیە سوڵتانیەکە ئینشیقاقیان کردوە و لە قوتابخانەی فیکریی (سەیید قوطب) دا گۆش بون و هەڵهێنەر و مامۆستای یەکەمی باڵە جیهادیەکەیشن، لێرەش ئەم تەوژمە لە هەمو باڵ و ئاڕاستەکانی ئیسلامی سیاسیی کوردیدا وەکو باکگراوند و ژێرخانی فیکری وایە بە هەمو گوتە و بنەما ئاڵۆزەکانیەوە. ئیتر هەست دەکەین تەنها زمانی ڕۆژانەیان کوردیە، ئەگەرنا هەمو بایەخدان و سەوداسەر و خولیایەکیان ئەوەیە کە لای کەسان و گروپگەلی عەرەبی ـ ئیسلامیی سەلەفی و سەلەفی جیهادی هەیە.

هەر بۆیە کاتێک دەبینین لە سەعودیە تەوژمی دژایەتیکردن و حەرامکردن و تەکفیرکردنی جەژن و ئاهەنگە ڕەسەنەکانی گەلانی ناموسوڵمان و ناعەرەب گەرمە [کە بەشێکی زۆری ئەم گەرموگوڕیە سەبارەت بە دژایەتیکردن و حەرامکردنی جەژنی نەورۆز کە زیاتر مەبەستە و ئامانجە لای وەهابیەکانی سەعودیە؛ دەگەڕێتەوە بۆ سیاسەتی دوژمنایەتیی ئێران و شیعەکانی خۆرهەڵاتی نیمچەدورگەکە کە بە پاشکۆی سیاسەتی ئێران و سەرچاوەی مەترسیی هەژمونی ئێرانی "عەجەمی ـ مەجوسی ـ شیعی" دادەنرێن، یانی جەنگەکە جەنگێکی نەتەوەیی و کولتوری و ئایینی و مەزهەبی و لەپێش ئەوانەشەوە سیاسیە، بەتایبەتی کە ناوچەی خۆرهەڵاتی دەوڵەمەند بە پێترۆڵ نیشتمانی دێرینەی زۆرینەیەکی شیعەیە]؛ لە هەمان کاتدا و بە هەمان شێوە ئەم ماوەیەش بینیمان چۆن بەشێک لە ئیسلامیەکان، بەتایبەتی ئەوانەی سەر بە تەوژمە سەلەفی و سەلەفی ـ جیهادیەکەن، هەوڵیان دا بۆ دژایەتیکردن و قەدەغەکردن و کوفراندنی جەژنی نەورۆز کە تاکە جەژنێکی نەتەوەیی کوردە کە کردویەتیە هێمای بون و مانەوە و ژیانەوەی خۆی

سەرباری ئەو هەمو ستەم و هەوڵی لەناوبردنەی داگیرکەران و ستەمکاران داویانە. هەمان ئەو گوتار و باس و خواس و فەتوا مۆدێلکۆنانەی لە سعودییە لە ناوەند و کۆڕە وەهابیەکاندا لەسەر (أعياد الكفار) واتە (جەژنەکانی گەلانی ناموسوڵمان) هەن؛ لێرەش لەسەر نەورۆز کۆپی کران و دوبارە کرانەوە، لەلایەن هەندێک کەسێتیی ئایینیەوە کە سەر بە تەوژمە سەلەفیەکە یان سەلەفیە جیهادیەکەن، و حسابی جەژنێکی ئایینیی نائیسلامیی بتپەرستانەیان بۆ جەژنی نەورۆز کرد.

ئینجا کۆمەڵێک بڕوبیانوش دەهێننەوە، لەمانە:

* گەلێکیان کێشەی ئەوەیان لەگەڵ جەژنەکە هەبو کە ناکرێت زاراوەی شەرعیی (عید) ی بەسەردا ببڕدرێت! کە چارەی ئەمەش زۆر ئاسانە: باشە! جەژنێکی شەرعی نیە، جەژنێکی سروشتیی دنیایی نەتەوەیی عەلمانییە، هەر نایشمانەوێت جەژنێکی ئایینی بێت. ناشمانەوێت جەژنی نەورۆز لەگەڵ ئیسلام تێکەڵ بکرێت و بوترێت ئەمە یادی لەدایکبونی ئیمام عەلی یان یادی دروستکردنی بونەوەرە لەلایەن خواوە، وەکو لای شیعە بەم شێوازانە جەژنەکە لەگەڵ ئیسلامدا گونجێنراوە. ناشمانەوێت بە زاراوەی (عید) ی شەرعیی ئیسلامی ئاماژەی بۆ بکرێت. ئێمە دەمانەوێت جەژنێکی سروشتیی دنیایی نەتەوەیی عەلمانی بێت، هەموان کۆ بکاتەوە.

یانی ئەو ئیسلامیانە ئەوەندە توانای بیرکردنەوە و (تەنظیر) یان نیە بڵێن: گەلی کوردی موسوڵمان، دو جەژنی ئایینیی هەیە کە ڕەمەزان و قوربانن، جەژنێکی نەتەوەییشی هەیە کە نەورۆزە..

بۆچی؟ لەبەر ئەوەی ئەمانە خۆیان لە شوێن و پێگەی مێژویی و جیۆگرافیایی و مرۆیی خۆیانەوە بیر ناکەنەوە، بەڵکو بیرکردنەوەی پێگەی مێژویی و جیۆگرافیایی و مرۆیی گەلێکی تر و کۆمەڵگایەکی تر دەگوازنەوە بۆ ئێرە. ئەمانە تەنها شوێنکەوتەن، بە تەزکیە و پەسەندکردنی کەسێتییەکی عەرەبی ـ ئیسلامی ـ وەهابی شاگەشکە دەبن لەبری ئەوەی هەوڵ بدەن جێی پەسەندکردنی گەلەکەی خۆیان بن.

بۆ زیاتر ڕونکردنەوەی ئەو مەبەستەم کە دەڵێم نەورۆز جەژنێکی نەتەوەییە نەک ئایینی، و هەر بۆیەش ئیسلامیەکان حەقیان نیە بڕوبیانوی ئایینیی لێ بدۆزنەوە؛ دەڵێم:

نەورۆز، سێ جۆری هەیە، یان بە سێ شێوە نەورۆز زیندو ڕادەگیرێت و ئاهەنگی بۆ دەگێڕدرێت، کە هەر یەکەیان تایبەتمەندیی خۆی هەیە و ناکرێت بە یەک شێوە باسیان لێ بکرێت و یەک حسابیان بۆ بکرێت

ئەوانەش:

١- نەورۆزی زەردەشتی: نەورۆزی زەردەشتیەکان تەنها جەژنێکی سروشتی (بەهار و ژیانەوەی سروشت) و کولتوری نیە، بەڵکو زیاتر لەوانە جەژنێکی ئایینیە و بە چەند سروتێکی ئایینی زیندو دەکرێتەوە کە بە سەرپەرشتی و پیرۆزکردنی پیاوانی ئایینیی

زەردەشتی ئەنجام دەدرێن.. و باوەڕداری زەردەشتی بڕوای وایە لە شەوانی پێش ئەو جەژنەدا "فرەڤەشی" ـەکان [یاخود: "فەرەڤەهەر" ەکان]، واتە گیانە پاسەوانەکان یاخود گیانی مردوەکان، دێنەوە بۆ میوانیی زیندوەکان و بەشداریی پەرستش و ئاهەنگ و خۆشیەکانیان، بەم شێوەیە ئەم ئاهەنگی (فرەوەردیگان) ـەی شەوانی پێش نەورۆز دەبێتە یادی گیانی مردوان کە ئەمەش ڕەگوڕیشەی کۆنی هەیە لە کولتوری ئاریەکاندا.. لەگەڵ کۆمەڵێک باوەڕی ئایینیی لەم بابەتە، وەکو ئەوەی لەناو زەردەشتیەکاندا ئەو بڕوایەش هەیە کە جەژنی نەورۆز یادی لەدایکبونی "زەردەشت" یشە.

٢- نەورۆزی ئێرانی . فارسی: کۆمەڵێک دابونەریتی کۆنینەیە لە بابەتی (هەفت سین، و چوارشەممەی سوری، سیازدە بەدەر، حاجی فیروز...).. ئەمەیان ڕەسەنترە و بە کولتورە ئێرانیە ڕەسەنەکەوە لکاوترە و کەمتر لە ڕەگوڕیشە ئایینی (زەردەشتی) ـەکە داپچڕاوە، بەڵام کورد گەلێک لەمانەی پشتگوێ خستوە یان کاڵ کردوەتەوە..

٣- نەورۆزی کوردی: نەورۆز لای کورد دو لایەنی هەیە: لایەنە سروشتیەکەی کە بەهار و ژیانەوەی سروشت و هاوئاهەنگیە لەگەڵ سروشت، لایەنە هێماییەکەی کە لە ڕێگەی چیرۆکی (زوحاک و کاوەی ئاسنگەر) ەوە هێمای شۆڕشگێڕی و ڕاپەڕینی بەسەر داگیرکەری ستەمکاردا لە خۆ گرتوە.. هەر بۆیە جەژنەکە بوەتە جەژنێکی نیشتمانی و نەتەوەیی، نیشتمان بە مانا سروشتیەکەی کە مرۆڤی کورد هەمیشە پێیەوە پەیوەستە بەتایبەتی چیاکانی کورد واتە قەڵا سروشتیەکانی کورد، لەگەڵ نەتەوە وەکو نەتەوەیەک کە هەمیشە لەژێر هەڕەشەی داگیرکاری و ستەمکاریدا بوە. هەر بۆیە سروتەکانی چەند شتێکن لە بابەتی (کۆبونەوە لە سروشتدا) کە لەلایەکەوە کۆبونەوەیە بۆ هەستکردن بە خود وەکو کۆمەڵ و نەتەوە و لەلایەکی تریشەوە جۆرێکە لە هاوئاهەنگبون لەگەڵ سروشت، ئەو سروشتەی کە جارێکی تر دەژێتەوە، لەگەڵ (ئاگرکردنەوە لەسەر چیاکان و بەرزاییەکان) کە لە لایەکەوە هێمایە بۆ مانەوە چونکە چیاکان هێمای مانەوەی کوردن، لە لایەکی تریشەوە هێمای بەزاندنی هێزی سەرما و سۆڵەیە بە هێزی ئاگر، کە هەمیشە لەو کولتورەدا سەرما و سۆڵە بە هێزێکی خراپ (خراپی سروشتی) دانراوە و ئاگر و ڕوناکییش بە هێزی چاک دانراون (کە ئەم بیرکردنەوەیە لە هەمو کولتورەکانی تریشدا هەیە، بەڵام زیاتر لە کولتوری گەلانی کوێستاننشیندا تاو دەسەنێت). بۆیە جەژنەکە زیاتر جەژنێکی نەتەوەییە، وەکو جەژنێکی ئایینی نەماوەتەوە، و کراوەتە جەژنێکی عەلمانیی نەتەوەیی، هەتاکو گەلێک لە دابونەریت و تایبەتمەندیە کولتوریەکانیشی ون کردوە.

ئینجا هەمیشەش بابەتە ئایینی و کولتوریە کۆنەکان تەرجەمە دەکرێن بۆ بابەتی نەتەوەیی و کولتوری بە بەرگی نوێ و دنیایی و عەلمانیەوە. ئێمە بانگەشە ناکەین بۆ نەورۆزێکی ئایینی و بە جۆشدانی لەگەڵ بیروباوەڕی زەردەشتی، بەڵکو بانگەشە دەکەین بۆ نەورۆزێکی عەلمانی وەکو جەژنێکی نەتەوەیی کە هەمو کورد تێیدا بەشدارە، بە موسوڵمان و ئێزدی و زەردەشتی و مەسیحیەوە.

* بیانویەکی تریان ئەوەیە کە گوایە "جەژنەکە جەژنی کورد نیە، جەژنی فارسە"، یان "جەژنی کۆمەڵێک گەلە لە ناوچەکەدا و جەژنی کورد نیە بەتایبەتی".. ئێمەش ئەوە دەزانین کە نەورۆز نمونەیەکە لە (جەژنی بەهار) و ژیانەوەی سروشت و سەری ساڵی سروشتی، کە جەژنێکی نیمچەجیهانیە و پێشینە و ڕەگوڕیشەی کۆنیشی لە شارستانێتیە ڕەسەنەکانی ناوچەکەشدا هەیە. و ئەم جەژنی

بەهارە بە ناوی (نەورۆز) ەوە؛ جەژنی بەهاری هەمو گەلانی ئێرانیزمانە، هەمو ئەو گەلانەی بەو کۆمەڵە زمانە دەئاخێون کە پێیان دەوترێت (زمانە ئێرانیەکان)، یان بە دەربڕینێکی تر گەلانی هەمو ئەو ناوچانەی لە کاتی خۆیدا ئیالەتی ئیمپراتۆرێتیی هەخامەنشی بون. هەتاکو لای ئازەریەکانی دراوسێیی کورد و فارسیش بوەتە جەژنێکی کولتوریان. ئەمە ڕاستە کە جەژنی نەورۆز لای هەمو گەلانی ئێرانیزمان و هەندێکی تریش لە ناوچەکەدا جەژنە و بەشێکە لە کولتور و دابونەریتی کۆنینەیان، بەڵام کوردیش بە مافی تەواوەوە تێیدا بەشدارە، بەڵکو دەتوانین بڵێین هیچ گەلێکی ئێرانیزمان نیە وەکو کورد جەژنی نەورۆز بکاتە جەژنی نەتەوەیی بۆ خۆی، هیچ گەلێکی تر نیە بونی نەتەوەیی و مانەوە و ژیانەوەی خۆی لەو جەژنەدا بەرجەستە کردبێت.. هیچ گەلێک نیە وەکو کورد لە پێناوی زیندوکردنەوەی ئەم جەژنەدا خۆی توشی ئازار و کوشتار و قوربانیدان بکات.. لەبەر ئەوە جەژنی نەورۆزی کوردی دابونەریتێکی تایبەتیە.. ئەگەر لای زەردەشتیەکان جەژنی نەورۆز جەژنێکی ئایینی و کۆمەڵێک سروتی ئایینی بێت، ئەگەر لای فارس و گەلانی تر جەژنی نەورۆز جەژنێکی سروشتی و کولتوری و کۆمەڵێک دابونەریتی میللی بێت؛ ئەوا لای کورد جەژنی نەورۆز جەژنێکی نەتەوەییە کە کورد ڕابردو و بنچینە و بون و مانەوەی خۆیی تێدا بەرجەستە کردوە، زمانی حاڵی کورد لە زیندوکردنەوەی ئەم جەژنەدا دەڵێت: لەگەڵ ئەو هەمو هەوڵی پاکتاوی ڕەگەزی و کولتوریە کە دراوە؛ هێشتا ماوم و لەسەر پشتی چیاکانم ئاگر دەکەمەوە وەکو نەریتی هەزاران ساڵەم.

* ئەوانەی ڕابوردن هەندێک بڕوبیانوی ئایینی بون، بەڵام جاری وا هەیە بڕوبیانوی بەرواڵەت زانستی و تازەبابەتیش بەکار دەهێنن، بۆ نمونە: تالیق و تانە لە جەژنی نەورۆز دەدەن بەوەی بنچینەکەی ئەفسانە و چیرۆکی بەرئاگردانە! لەم بابەتەش دەمێکە هەیە و باوە، ئەوەی جێی داخە ئەوەیە کە زۆر جار بە ناوی زانست و ئەکادیمیاییبون و (چەرخی ئینتەرنێت!) ـەوە بەو شێوەیە جەژنی نەورۆز و هێما و بنچینە کولتوریەکەی بێبایەخ دەکرێت. بەڵام پاڵنەرەکە بەڕونی دیارە: پاڵنەرە ئایینیەکەیە، بەتایبەتی ئەو تەوژمە ئیسلامیە سەلەفیە یاخود سەلەفی ـ جیهادیەیە، کە یان وەکو پرۆژەیەکی خەیاڵی بەڕەسەنی و سافی ماوەتەوە، یان هەوڵی داوە بێتە گۆڕەپانی سیاسەتەوە و تا ڕادەی ئەوەی جێی ببێتەوە خۆی گونجاندوە بە هەڵپەساردنی هەندێک لە بنەما ڕەسەنەکانی بۆ وادەیەکی نادیار.

لەم بابەتە ئەوەیە یان باسی ئەوە دەکەن کە زوحاک کەسێتییەکی ئەفسانەییە یان چیرۆکی (زوحاک و کاوەی ئاسنگەر) ئەفسانەیە، ئەمەش نەک بۆ دروستکردنی هۆشیارییەکی زانستی گشتگیر بەڵکو بۆ بێبایەخکردنی جەژنەکە. بەڵام پێش هەمو شتێک ئەفسانەی کاوە و زوحاک ئەفسانەی بنچینەیی و ڕەسەنی جەژنی نەورۆز نیە، ئەوە شتێکە دواتر هاتوەتە کایە، بەڵام گرنگ ئەوەیە بوەتە واقیعێکی کولتوری، و لەگەڵ فەلسەفەی جەژنەکەدا (شۆڕشگێڕی و ڕاپەڕین بەسەر داگیرکەردا) جۆش دراوە. دوای ئەوەش مەغزای چیرۆکەکە گرنگە، ئەفسانەش وەکو ڕواڵەتەکەی ناواقیعیە، ئەگەرنا زمانە هێماییەکەی جۆرە واقیعێکی لەپشتەوە هەیە، دوای ئەوەش مەغزا و مەبەستێک لە گێڕانەوە و زیندوکردنەوەی ئەفسانەدا هەیە کە ئەمەیە بەها کردەیی و ڕاستەقینەکەی بۆ نەوەی داهاتو.

ئینجا ئەمانە بە جۆرێک باس لە ئەفسانە و چیرۆکی ئەفسانەیی دەکەن وەکو ئەوەی خۆیان باوەڕیان بە هیچ ئەفسانە و چیرۆکێکی ئەفسانەیی نەبێت، یان جەژنە ئایینیەکانی خۆیان باکگراوند و بنچینەی ئایینی (ئەفسانەیی) یان نەبێت! پرسیار دەکەین:

بۆ نمونە: چیرۆک و باکگراوندی (جەژنی قوربان) لە ئیسلامدا چیە؟ بێ گومان تەنها چیرۆکێکی ئایینیە (قوربانیکردنی ئیبراهیم بە کورەکەی) کە لای باوەڕداران چیرۆکێکی واقیعیە ئەگەرنا لای توێژەری سەربەخۆ تەنها چیرۆکێکی ئەفسانەیی یان ئەفسانەیی میللیە. هەمان شتیش دەتوانین دەربارەی ئاهەنگە ئایینیەکانی (ئیسرا و میعراج) و (بەرات) بڵێین.

ئینجا مەرج نیە بەهای دابونەریتی کولتوری بەو شێوە ڕەخنەییە بپێوین. ئەگەر بەو شێوە ڕەخنەییە لەگەڵ دابونەریتەکان و بونە کولتوریەکان مامەڵە بکەین؛ بڕوام وایە هیچی بەساغی نامێنێتەوە! ئەمەش نابێت وامان لێ بکات حاشایان لێ بکەین، چونکە بەشێکە لە کولتورەکەمان، ئیتر مەرجی (مێژوییبون) و (خاوەندارێتیی یەکەم) مەرجێک نیە لەگەڵ ئەم بابەتە کولتوریانەدا بکرێت بخرێتە کار.

من هەمیشە نمونەم بە ئاڵای (شانشیی یەکگرتو) هێناوەتەوە: ئەو ئاڵایە بەپێی دابونەریت بریتیە لە وێنەی خاچێکی تەقلیدیی سور کە ناسراوە بە خاچەکەی قیددیس جێرجیس (سەینت جۆرج). ئەمەش بەپێی ئەو دابونەریتە بریتانیاییە کۆنینەیەی کە گوایە سەینت جۆرج پارێزەر و تکاکاری بریتانیایە و گوایە چوە بۆ ئوروپا هەتا گەیشتوەتە بریتانیا و لەوێ ئەژدیها(!)کانی ئەو ناوچەیەی کوشتوە و ئینجا یەکەم کلێسای مەسیحیی لێ دامەزراندوە! لە کاتێکدا ڕەنگە هەمو تاکێکی ئینگلیز ئێستە ئەوە بزانێت کە لە واقیعدا (سەینت جۆرج) . کە یەکێک بوە لە قیددیسەکانی کلێسای سوریایی . ڕەنگە هەر سوریای بەجێ نەهێشتبێت چ جای ئەوە گەیشتبێتە بریتانیا و کلێسای لێ دامەزراندبێت و تکاکاری بریتانیا بێت لە جیهانی مەسیحیەتدا. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا بریتانیاییەکان حاشا لەو کەسێتیە و لەو ئاڵایە ناکەن و ناڵێن مادەم کەسێتیەکە و دەنگوباسەکە مێژویی نیە و ئەفسانەییە؛ با ئێمەش لای ببەین و حاشای لێ بکەین.. وەکو چۆن جاری وا هەیە خەریکە کورد حاشا لە هەندێک کەسێتیی کولتوریی ناو کولتوری خۆی دەکات، بە بیانوی ئەوەی مێژویی نیە! یان بە بیانوی ئەوەی گوایە هی گەلێکی ترە (وەکو چۆن هەندێک بەنەزانی یان بە لافی زانایی دەڵێن کاوە فارس بوە!).

هەر بۆیە بەهای ئەم دابونەریتانە ئەوە نیە کە مێژویی بێت یان زۆر ڕەسەن و کۆنینە بێت، بەڵکو بەهاکەی لەوەدایە بەشێکە لە کولتوری ئەو گەلە، بەشێکە لەو کەسێتیە کولتوریەی کە ماوەتەوە و دەبێت دەستی پێوە بگیرێت. هەر بۆیشە کاتێک ئێمە دەڵێین: نەورۆز جەژنی ئێمەیە؛ مەبەست بە پلەی یەکەم ئەوەیە بەشێکە لە کولتوری ئێمە. ئینجا کاتێکیش تەوژمێکی ئایینی ڕێزی نیە بۆ شتێکی کولتوری ئێمە؛ ئەمە ڕاستەوخۆ بۆشایی و نامۆییەک دەخاتە نێوان ئێمە و ئەو تەوژمە ئایینیەوە، چونکە مانای وایە بە خەمی کولتور و کەسێتیی کولتوریی ئێمەوە نیە و پێی ڕەوایە لەناوی ببات. ئەم کێشەیە لەوەوە دێت کە ئایینی یەکتاپەرستی دەکرێتە ئایینی جیهانی و نێونەتەوەیی، لە کاتێکدا لە ڕاستیدا وەکو هەر ئایین / کولتورێکی تر نەتەوەیی و ناوچەییە و تایبەتە بە گەلێک یاخود نەتەوەیەکەوە. بۆیە لە کاتێکدا بابای ئیسلامی سەلەفی و سەلەفی جیهادی، وا دەزانێت بە نکولیکردن لە جەژنە نەتەوەیی و کولتوریەکانی گەلانی تر خزمەتێک بە ئایینەکەی دەکات، نازانێت لە هەمان کاتدا خزمەت بە کولتوری عەرەب و ناسنامەی نەتەوەیی عەرەب دەکات، و زیان دەدات لە کولتور و ناسنامەی نەتەوەیی گەلەکەی خۆی.

من لێرەوە مژدە دەدەم بەوانەی لەپێناوی کولتوری عەرەبیدا هەوڵ دەدەن نەورۆز لە کورد جیا بکەنەوە و تایبەتمەندییەکی

کولتوری و جەژنێکی نەتەوەیی وەکو نەورۆزی پێ ڕەوا نەبینن؛ مژدەیان دەدەمێ بەوەی کە داهاتویان لە کورددا نابێت و تەمەنی تەوژم و ئاڕاستەکەیان کورت دەبێت. چونکە هەتا بێت؛ تاک و کۆمەڵگەی کورد هۆشیاریی زیاتر دەبێت و زیاتر خۆی دەناسێت. ئینجا پاڵنەری نەتەوەییش لە کورددا لاواز نیە.

***

ئینجا کێشەیەکی تری ڕۆشنبیریی کوردی، کە وای کردوە لاوازیشی بکات لەبەرامبەری گوتاری ئیسلامیی دژ بە نەورۆز و دابونەریتەکانیدا؛ نەبونی دیدگایەکی یەکگرتوی ڕونە بەرامبەر بابەتە پێویستەکان. بۆ نمونە: تا ئێستاش دیدگایەکی یەکگرتو و ڕون و پشتبەستو بە لێکۆڵینەوەی ئەکادیمیایی نیە بەرامبەر بابەتەکانی: جەژنی نەورۆز و ئەفسانەی زوحاک و کاوەی ئاسنگەر. بەڵکو بوار ڕەخساوە بۆ بەرەوپەیداکردنی لێکدانەوەی سەیروسەمەرە و بێبنەما و نێگەتیڤ، دەربارەی جەژنەکە و فەلسەفەکەی یاخود چیرۆک و ئەفسانەکەی. بەڵکو زۆر جار کەسێتییەکی کولتوریی جوانی وەکو (کاوەی ئاسنگەر) و کەسێتییەکی مێژویی گەورەی وەکو (ئەستیاگز) دەبنە قوربانیی دەستی لێکدانەوە و بیروڕای ناقۆڵای هەندێک کە زۆر جار لەژێر باڵی ئەکادیمیاشدا بڕەو بە بیروڕاکەی خۆیان دەدەن. لە کاتێکدا ئەم بابەتانە ئاڵۆزن و پێویستییان بە عەقڵی ئەکادیمیایی گەورە و زۆرترین لێکۆڵینەوە و ڕاوێژ و ڕاگۆڕینەوە و ڕاپرسی هەیە هەتا دیدگا و تێڕوانینێکی پێگەیشتو لە هەمو لایەنێکەوە بەرهەم دێت کە پشتی پێ ببەسرێت و بکرێتە مادده و کەرەستەی پەروەردەی نەوەکان بە شێوەیەک کە ویژدانی زانستی ئاسودە بکات و لەگەڵ ئامانجە نەتەوەییەکان و ناسنامەی کولتوری و نەتەوەییشدا گونجاو بێت. ئەمەش شتێکی ئەستەم و نەکراو و نەکردە نیە، بەڵام لێکۆڵینەوە و کاری زانستیی ورد و گشتگیری دەوێت و هاوکاری و ڕاگۆڕینەوە و ڕاوێژی دەوێت. من لێرەوە پەیمان دەدەم بەشی خۆم بەشداری لەو ئەرکەدا بکەم.

(هەفتەنامەی "چاودێر". پاشکۆی "ڕوانگە و ڕەخنە"، ژمارە (٩٧)، دوشەممە، ٢٧ / ٣ / ٢٠١٢).

سەرچاوە : وێبلاگی نووسەر / ڕێکەوتی : ٢٧ی مارچی ٢٠١٢

# نەورۆزنامە ....

فەوزی رەمزی مەلا مارف

لە یادی گڕ و تینی نەورۆزی شکۆمەند و سەر بڵندا.



پێشکەشە بە زیندووکەرەوەی ئەم یادە پیرۆزە"پیرەمێردی نەمر"
و گەرووی بولبولٚ ئاساو سۆزیی داودی"دیلان"ی زیندوو.

نەسیمی بایی نەورۆزی شەمیمی عەبهەری هێنا
بەریدی عاشقان دیسان پەیامی دلبەری هێنا
نەوید ئەی عاشقانی دڵفکار یار هاتە سەرخەندە
سەلا ئەی بولبولان دیسان درەختی گوڵ بەری هێنا

گوڵە بادەم، گوڵە ئەرخەوان و گەزیزە رێچکە شکێنن و کەوتوونەتە بەزمورەزم، گەشە و مزگێنی بەهاریان پێیە، یەکەمین نەوبووکی نەورۆزن بۆ خۆنەخشاندن. گوڵە مێلاقە، هەلاڵە، شلێرە، کەنێرە، چاوبازە، گوڵەزەردە، سۆسنە و نێرگزی چاومەست لە تەک چنوور و یاسەمەن و شیلانە و گوڵەنەورۆزی لەتەک گوڵانیتر بە چاوداگرتن و لەرەی پەڕەیان دەکەونە سڵاو لە یەکتر،

دڵۆپەی شەرابی شەونمی دارە جۆراوجۆرە پەڵوپۆ نەخشینەکان یەک یەک وەک ئەڵماس ئاسا دەچۆرێن، هەراڵەی بۆنخۆشوبەرامە بۆ یەکتر دەوەشێنن و دەبنە هەوارێکی بەهەشت ئاسا بۆ ژوانی دڵانی گیرۆدە و دڵفرێن.

مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری

بەیبوون و لالە، گێلاخە و گوڵبەن....نەسرین، نیلوفەڕ، گوڵزاری چەمەن، چەپکێ بە زەرد و ئەویتر بە سوور.... یەکێ مۆر نەخشین یەکێ کەوی و شین. چەندینی تریش حەوت والا رەنگین، بۆ گشت دڵداران بوونەتە پەرژین. لە پاڵ خوناوی چوون ئەڵماسی سەر سەوزی گژوگیایی مێرگوزاران، قەدپاڵ و یالان، ملە و تاوێران، گابەرد و تلان، نواڵە و زنوێران، ترۆپکی کۆساران، چیا و سەرتیزان، کەژان و کێوان، لەگەڵ یەکتر دەکەونە سەرەتاتکێ و دەستلەملان. ئەمانە هەمووی لە بەهەشتێکی خواکردەدا ئافرێنراون، لە ئاخێکی بەفەڕ و پیرۆزدا ئەو دیمەنە سروشتانە ئاوێزاون.

ئەم ئاخە دووەمین لانکی سەرهەڵدانەوەی پساتە، تێیدا حەزرەتی نووحی پەیامبەر مەشخەڵی ئاگری لەسەر ترۆپکی چیای گوتی کردەوە و مژدەی سەرلە نوێی ژیانەوەی بە سەرانسەری گەردووندا ڕاگەیاندەوە. بە سرۆش لەلایەن خودێی مەزنەوەڕا سپێندەی ئەم خاکەیشی نمایانکرد و دایشی بە گوێی جیهاندا کە ناوی ئەم ئاخ و خاکوخۆڵە کوردستانە. ئەم ئاکار و ڕێورەزمانەیش بە میراتی، دەماودەم و سینە بەسینە هێنراون.

هەر بۆیە تائێستا ئێمەی کوردستانیانیش بەشانازییەوە هەموو ساڵێک یادی ئەم نوێبوونەوەی ژیانە دەکەینەوە.

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ، چونکە میسلی خونچەیە، بۆی دەپشکوێ

هەزاران خونچەی جوان وشۆخ و شەنگی پڕبۆنوبەرام بەدەم عیشووەوە کە سواری کەژاوەی ناز دەبن، لە یەکەمین گزنگی زێڕین و کزەی فێنکی سروە و شنەبای نێو دۆڵ و نشێوان، گەروو و بێشێیان، لە سۆزی سەحەردا بە خەندە و لە ناسکیدا، وەک ڕوومەت و سیمای ئازیزان، شێوە زارییان دەپشکوێت و بەو شنەیە خۆش مژدەدەبن. ئەمجا پەخشی بۆن و بەرامەی خۆشی کەم وێنەیان سەردار بێسەر دەکات و هەزاران دڵ مەدهۆش و دڵبەندی بەهارە پڕجۆش و خرۆشەکەی بەهەشتی کوردستان دەکات.

خۆر لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە      دەڵێن ئەمساڵیش، نەورۆز هاتەوە
سروشت سەرپاکی، خۆی ئەنوێنێ      وەک بووکی ڕازاوە خۆی ئەخەملێنێ

بڕوانە! چۆن شلێرە و کەنێرە دیکەنە بەزمورەزم، سەما و گۆڤەند. خۆشهاتن لە کارگ و کەما دەکەن.

ئەوەتا جەژنی بیزا و مەندۆکە و کارۆس/ی تام و بۆنخۆشە، ژاژی و گیادۆکلیوە، شنگ و پنگ و ئاڵەکۆکە. دیاری بەرچنەکەی دەستی مام سمایل و مامە قالە و حەمە شاخەی شوانی گوند و ئاواییەکانە.

کلاوینە/یش چادری خۆی هەڵداوە. پیرەگێلاخە، هەڵز، سێوەرۆ، کنگر و ترشۆکە، مزرە ڕێواسی باڵاناسکی شۆخوشەنگ، لووشە و کووزەڵە، بەنۆکە، کاکۆزە و پیشۆک، بنەگۆزەروان و ڕێحانەڕەشە و ڕێحانەکێویلە و سوورەهەڕاڵە، گیابەندە و بەڕەزا، پەخشینە و شاتەرە و جاترە، گوڵەبەڕۆژە و گوڵە خاشخاش لە زەنویران وەک بووک ڕازاوەن بۆن و بەرامە دەوەشێنن بە دەوروبەردا.

ئەمانە کە هەمووی پەیام و مژدەهێنی خۆشی ونوێ بوونەوەی ژیانن.
قارچک و پیچک، لەگەڵ سوورەبنە      دە دایکە گیان بیخۆ، ئەمە کۆڵی منە

گوڵالە سوورەی پڕ لە خوێنی دڵ و جەرگی عاشقان، پەروەردە بە خوێنی شەهیدان، میوانداری لە گوڵانی گەشی پەمەیی و وەنەوشە و چاوبازە و نێرگزی نێو نێرگزەجاڕان دەکات ، هەر لە یەکەمین تاریک و ڕوونی گزنگ و شەفەقدا دەکەونە بەزم و سەما و

باوەشی پڕ سۆزیان لەگەڵ ئاورنگی چوون دوڕ و یاقووت و ئەڵماس دەکەنەوە و دەکەونە ڕاموسان، بە بریق و باق شەڕ لەگەڵ بینایی و سۆمای چاوان دەکەن و خەندەیان لەتەک جیلوەی هاتنی بەهاردا گەرووی شالووران دەهێننە خوان.

بووکی بەهار ڕازایەوە سروشت پڕ پڕ لە جوانیە
دەنگی شەتاو جریوەی مەل بەسۆزترین گۆرانیە

دەمی سەبا بە سۆزەی نەسیمیەوە، بەسەر کڵاوی پڕ گوڵاوی گوڵ و خونچەی سەر چڵاندا هەڵدەکات، ڕووپۆشی سەر سیمایان چ بڕستێکی نامێنێت لەئاستی ڕەونەق و جوانی و بۆن و بەرامەیاندا، بۆیە هەرزوو چارچێوی ڕەنگاوڕەنگی وەک تاڕای بووک لادەدات. ڕەونەق و جوانی و خۆ نەخشاندن، خاڵومل ڕشتن و خۆبادان، ناز و گرێشمە و خۆنواندن دێتە ئاراوە. هەریەک خۆ بەسەر دەستەی گوڵە بەهەشتی دەزانێت و دەماخی عاشق بەجۆرێک پڕ دەکەن لە بۆن و بەرامەی پڕفوومیان. هەمەڕەنگی پڕ دەماخی مێرگ و گەشەی گوڵان، ڕۆژانە بەجۆراو جۆر دەنەخشێت و هەر بە تەنیا سەیرکردنێکیان، شەوقی دوینێ و ئەمرۆت بەلاوە ڕوون و ئاشکراتر دەبێت.

ئەوە نەورۆز هاتەوە بە خۆشیو ئاواتەوە
مژدەی بەهاری پێیە دڵمان گەش دەکاتەوە

گوڵە گوڵخەندەرانی لێو بە خەندەیش بە ناز و لەنجەوە خۆ دەهاوێتە ئەو گوڵستانە، بەڵام خەیاڵی خاوە، کاتێک دەزانێت ناگاتە پلەی ئەوان ئەمجا لە داخا یەخەی سینەبەندی خۆی دادەڕێ و پەرپەڕ دەبێت.

بنوارە نەوبەهار و فتووحاتی گوڵشەنی
گوڵ زاری کردەوە، لە دەمی، غونچە پێکەنی

گوڵەلاولاو، گوڵە هێرۆی هەمە ڕەنگ دێنە مەیدان، ئینجا هەموو گوڵان بەجارێ ڕوویان تێدەکەن و دەڵێن وەرنە لامان و خۆتمان تێهەڵسوون بەڵکە کەمێک بۆنخۆش بن، یا وەک گوڵە ژاڵەی دەستە خوشکتان لێنەیە کە چەند زێبا و ڕەنگینە کەچی داخەکەم بێ بۆنە. جا تۆ ئەی گوڵەلاولاو بە باڵای خۆتدا کەمێک بنوارە، دەبینیت کە سەردەمی پشکوتوونت هەر لە سۆزی بەیانیانە. بەڵام ئەمان لە ڕوو دانەماون دەڵێن ئێمەیش نازمان پێیە، ئەوەتا هەرچەندە بێبۆین بەڵام جوانی و شۆخ وشەنگی و باڵای بەرزمان وای لە عاشقان کردووە هەر لە دوورەوە شەیدامانبن و ئێوەش هەر لە دووبستە و سێ بستەی خۆتاندا خۆخڕهەڵدەن...ناهەقتان نییە!!.
لەولاشەوە گوڵنار کە گوێی لەم ڕاز و خواستەیە! ڕووی نازدەکاتە هەردووکیان و دڵخۆشیان دەکات بەوەی کە ئێمەی جوان و شۆخ و شەنگ بووینەتە هەوێنی شیعری عاشقان .

شنەی بای بەربەیان هێنای لەگەڵ خۆی بۆنی عەتری گوڵ
دەخوێنن بولبول و قومری لە نێو باخا بە سۆز و بە کوڵ

خەریکی بەزم و گۆرانین مەلی خۆشخوێن لە بانی چڵ
دەسا موتریب، بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشی
کە ڕۆژی شـادی/یە، دایکی تەبیعەت پڕ گوڵە کۆشــی

بەفری سەر کەژ و کێوانی نەهاڵ، لە دامێنی گەردن و یاڵ کە بەیتەکەی کوێستانان خاڵخاڵ/یـان پێـوە دیـارە، شـەوق و بریقـەی زیوینیـان کـە هـەر وەک تـەورگ و بلوور و زەرتـا تەیـدەکرد، بـەخۆ دەڵـێن ئیتـر لافی شـەختەی تەمەن بەسـەرچو و وا چۆرچۆرەمـان کەوتەبنە. لەولاشەوە هەڵەکۆکی پرچ و کاکۆڵ لوول و ژاکاو و پەرشوبلاو،خەجلە و خەریکە، دەستی شۆخوشەنگیی و ئارایشت بـەخۆدا دێنێت و بەنازێکەوە وەڵام دەنێرێتەوە بۆ لای بەفری دەستە هاوڕێی!!

ئێستا... ئیتر وادەی خوازبێنیمە دەفەرموو بێرە پێش. چلوورە بەفری بنا گوێی تاوێرانی قەندیل و ڕەنگین/یش بە هەناسەیەکی سارد و سڕەوە لە تاوا دەتاوێنەوە و تنۆک تنۆک شەونم ئاسا دەچۆڕێن. دواى هەڵکێشانی چەندین ئاخوداخ و حەسرەت ئـاوا بەرامبەر قاسدی هەڵەکۆکی خۆشمەزەی کاکەی شوان دێتە گوفتار :

| | |
|---|---|
| هەڵەکۆکە پرچنە | بۆ هێند ڕقت لە منە؟ |
| چۆرچۆرەم کەوتۆتە بنێ | چیم داوە لە ماڵ و ژنێ؟ |

لە گوڵشەن بۆ گوڵ و بولبول و هەزارەی خۆشخوان، ئیتر زەمانی ڕازو گوفتارە لـە ژوان، هەریـەک بـە هـەواو ئـارەزووی دڵفڕێنی خۆی لەو گەروە و چکۆڵانەوە دەپەخشێنێت، هەزاران بەستەو نەغمە و مژدەی هاتنی وەرزی شەیدایان بە گشت دەدەن،

ولۆلانی غەزەلخوێنی نێرگزەجاڕان بەزم و ڕەزم و خۆشی سازدەکەن، لەم چڵ بـۆ ئـەو چڵ، لـەم گـوڵ بـۆ ئـەو گـوڵ دیلانەیانـە و خەندەیان دونیا پڕ دەکات. ئەوە هەر خونچەی دەم بەهارییە کە خۆی پێ ڕانگیرێ و دەمزاری شەرمی خۆی دەکاتـەوە، بەرانبـەر ئـەو سۆز و گریە و فوغانە وەفای خۆی دەنوێنێت. ئەمانە هەمووی لە ئامێزی ئەم دیمەنـە بـێ وێنەیـەدان، لەبـەر خـاتری هـاتنی حـەزرەتی ڕۆژی نەورۆزی پیرۆزە

دەهەستە بولبولی شەیدا مەقامێ!
ئەوە نەورۆزە دەی سا تۆش پەیامێ!

ئەم ئاوازە بە بەزمە و ڕەزمە، تێکەڵـە بـە خـوڕە و قەڵـبەزەی کەفچەڕینی چەم و تاڤگە و کانیـاوە پـڕ خرۆشـەکان کـە هـەتا چاوبڕکا جۆباری بێکۆتای باریک و درێژی مارپێچ کە بریق و باقیان لە بەر تیشکی زێڕینی خۆردا وەک دەریایـەکی پـان و بەرینـە لـە شەپۆلە و کەروێشکەیاندا. شەتاو و هاڕە و هاژەی زێڕینی کافوورشێوە خۆی دەدات بەم بن بەرد و ئەو بن تاشە، یاخود ئەم گابـەرد و ئەو تاتە، پاشان جۆگە دەبەستن، ڕۆندک ڕۆندک چۆرچۆرەی بەفراو کە دەڕژێنـە سـەریان، بە ڕەزمێکی پڕ سروشتی خـواکردە دەبنـە چەندان ڕۆبار و گۆلاو و گۆمە مەنگی پەنگخواردوو. کەنارەیاندا قیرەقیرێ بۆقان و زیکەزیکی سیسرکان لە بانگەشەی دۆستانیاندا

تێکەڵ بە جریوەی چۆلەکەی سەرچڵانی شۆڕەبی گوێچەمان و خۆشخوانی شالوورانی نێو مێرگ و سەرپۆپان، خشە و گیزەویزەی هەزاران مێرووی جۆراوجۆر ڕەزمی ژیانن، لەتەک ئاوی ڕوون و سازگاری کانیاوی پڕ لە زیخ و وردە بەردی ساف و جوان کە بریقەیان لەبەر تریفەی مانگە شەودا سۆمای چاوان دەبات، هەر هەموویان جوانییەک دەبەخشن کە نۆشینی هەر بادەیەک لێی ئێکسیرێکی پڕ شیفایە بۆ گیان...بۆ ژیان.

کانی یەکی ڕوونی بەر، تریفەی مانگە شەو
لە بنیا بلەرزێ، مرواری زیخ و چەو

بۆن و بەرامەی نەوشەدەر و دڵفرێنی هەڵاڵەی گوڵان، لە دەرگە و کوورەی هەنگە دەدەن، هاواری لێدەکەن هۆۆۆ...ئەی هاوڕێی بەئەمەک و شیرینمان...ئەوە تۆ لە کوێی؟...هەنیمان دەوێت هەنی. بای زەلان و زوقمستان وا لەنێوچوو، لەناو شانەی قەتیسی دەستی سەرما و سۆڵە خۆت خەجڵ مەکە بێرەدەر. بەسەرچوو سستی و پەستی، ڕۆژی نوێیە، ڕۆژی ئازادی و سەربەستیە، ڕۆژی نەورۆزە نەورۆز. بەبیستنی ئەم مزگێنییە خۆش و بزوین و پڕ گڕوتینە، هەر بەو چوستیەی هەیانە پوورە دەبەستن بەرەو ئازادی و سەربەستی بەخۆیاندا دێن و ڕوو لە پەپوولەی باڵنەخشینی دۆستیان دەکەن و هەمان مزگێنی پێڕادەگەیێنن، ئەمجا پۆل پۆل هەردوو دەکەونە خۆشی و شادی و سەما بەسەر گوڵاندا، ئەمانە پێشوازییە بۆ هاتنی حەزرەتی پیرۆزی ڕۆژی نەورۆزی.

گەزیزەو هەڵاڵەو بنەوشە سەر دێننەدەر پێکەوە
بۆنی خۆشی گوڵو گیا ئینسان گەش دەکاتەوە

جووت هاوڕێی دێرین، هەنگ و پەپوولەی باڵنەخشین بە چەندین ڕەنگی سروشت لە کاتێ گزنگ پرتەو دەدا لەو باڵە لەرزۆکانە هێندەیتر ڕەنگی جۆراوجۆر دەپەخشێنن، پێکەوە دەچنە سەرلێدان و خزمەت گوڵی دۆست و مەعشوقەکەی جارانیان لەم گوڵ بۆ ئەو گوڵ، خەندە و قاقا و چەهچەهەیان دونیا پڕدەکەن، دەم نانە نێو دەم بۆ هەڵمژینی شیلە، وەک دوو عاشقی تامزرۆی زۆر لێکدوور تا ببنە یەک جەستەو گیان، بۆیە هەردوو بە پەرۆشەوە بە چرپە بە گوڵی مەعشووق دەڵێن:ـ

بە ناڵە و گریە و فوغان هەرگیز دڵت ئازارنادەین، بۆن وبەرامە و هەڵاڵەی خۆشچێژت ئێمەی مەست و بێ هۆش کردوە و لە گشتلا ڕامان دەکێشێت وەک سەرخۆش، بۆیە هەناسەی گەرمی عەشقمان بردۆتەوە ناخی خۆمان بێدەنگیمان نیشانەیە.

دەسا وەڵامێک ئەی یار!! گوڵی گرتێبەرووی عاشقتر لەوان هەر لەسەر نازو عیشوەی خۆی وەک عاشقێکی خۆبەزلزان بێ دەنگە و نایێتە گوفتان. ڕاستە دابونەریتی عاشقان وایە بۆیە هێندەیتر پەرۆش و شەیداییان دەبزوێت و گڕی تەنووری پابەستییان بەرامبەر بەیەکتر لە زیادبووندا دەبێت.

هەر کە بولبول گوێی لەم ڕازو گوفتارە دەبێت، هەناوی پڕسووت وای لێدەکات بە هاوار و نالە، بە گریە و فوغان لەو گەرووە چکۆلانە تەنوورئاسایەوە کە گڕی عەشق دەپەخشێنێت دەیەوێت خۆی بهاوێتە باوەشی گوڵ!!

وەی فیداتبم، تووبی جوانی و شۆخ و شەنگیت، تووبی پیرۆزی ڕۆژی ژیان بەخشی نەورۆز، عاشق و دێوانەکەی خۆت لەیادنەکەیت... ئەمەیش تەنیا بۆ ئەوەی سۆز و میهرەبانی عەشقی ببزوێت و لوتفێک بنوێنێ، بە ئاورنگ و شیلەی، ئەو گڕوو تینەی دابمرکێنێت.

لەلایێ پەروانە...لەلایێ هەنگەزەردە، لەلای شالووران، لەولاشەوە گوڵی عاشقاسا بەردەوام شەو ڕۆژ بەسەردەکەنەوە، هەر هەمووان چاوەڕوانن کەی ئاهۆرای مەزدا دەمی تاریکی دەبڕێنێتەوە تا بەدیداری ڕۆشنایی شادبین و یاران بێنە ژوان.

چاوەڕێی موژدەی نەسیمم تا لە گوڵشەن دێتەوە
بەڵکە فەرمایش بکا گوڵ، بولبولم بابێتەوە

گوڵی کەمەنکێش هەر لەسەر ئاکاری خۆشەویستی، ئەوەی دڵدارە بێ دەنگی و مەعشوقیش سووتان و سیوابوون، گریە فوغان گیرۆدەیان دەکات بۆیە لەلایێ هەنگ و پەروانە، لەلایێ گریان و سۆز و فوغانی بولبول، ئاگرێکی وای لە هەناو و جەرگی بەرداوە، بە ڕووی سوور و ڕەنگی جۆراوجۆری خۆی ئەو هەستە دەردەخات و بەلایەوە نەنگی و شەرمە گەر بە خوناوی ناو باوەشی ئەو گڕەیان دانەمرکێنێتەوە و خۆ لەو هەموو ڕازو گلەییانە قوتارنەکات و لەبەر دەرگای سروشتدا هەر بەڕووسووری خۆ نەهێڵێتەوە و دەمزاری وەفایان بۆناکاتەوە ...

بولبول کە گەرمی نەغمەیە ئاوور دەکاتەوە
غونچە حەزینە جەرگ و دڵی بۆ دەکاتەوە.

دەوەن و شەخەڵ و دار و درەختی کەسیرە لەبەردەم کەڵووی پیرێژندا، هەر کە بای داراووس بەسەریاندا هەڵدەکات تەوژم بەر خۆ دەدەن و دەژێینەوە و بە چرۆ و شکۆفە و خوناوی سەریان هۆسەیەک بەسەر سەرماو سۆڵە و زوقمستاندا بەرپا دەکەن. تەختی زوڵمی ستەمکاری دەێننەلەرزە و بە لەرینەوەی لق و چڵ و دەرکەوتنی چرۆیان لەگەڵ شنەی باو گیزەگیزی هەنگ و پەروانە و بولبولاندا مزگێنی و خۆشهاتنی ڕۆژێکی نوێ بەیەک دەدەن.

وا دار بادەم پێشەنگیانە، ئەمجا سیپیندا و شۆڕەبی ملکەج، بەڵالووک و گوێژە قیتەڵ و هەنجیرە شیرینەی بەهەشتی، دارمازو و بەڕوو، چنار و عەرعەر و سەرو، گێلاس و هەرمێ و بەهێی خۆشبۆ، سێوە لاسوورە و گوێزەکەی هانەی دڵ... خۆ بادانیانە لەبەر بالابەرزی و ڕێکوپێک پۆشی و جوان و سەنگییاندا هەریەک شان دەسوون لە داری توبا.

هەر هەمووی گڕوتینی حەزرەتی نەورۆزە بۆ ئەم سروشتە جوان و ڕەنگینەی کوردستان .

لەناو هۆزی مەل و باڵندەدا گەشت و سەیرانە، قارەی قازو قوڵنگانی شەوفڕ گوێ کەڕ دەکا لە کۆچی دوور و درێژیان بەرەو کوێستان و زۆزان ڕێچکەدەبەستن، تەپ و جم دەدەن و ڕۆژانە چەندین نیگاری جوان و نەخشین لەو کۆچە دووردوردرێژەیاندا بە ئاسمانی ساماڵ و شینی کوردستاندا دەنوێنن کە مرۆڤ سەری سووڕدەمێنێ لەو پێکهاتە و جۆرە جوانییەیاندا. لە ناویاندا لەقلەق جیادەبیتەوە، دادەبەزێت و لانە دەکات لەسەر منارە و کۆشک و تەلار، درەختی بەرزی ناو شار، مژدەی بەهار دەدات بەو جێگایانەی پار میوانداریان کردووە و نەریتی وەفاداری بەجێدەهێنن و منداڵانیش دەورووژێن و بەیەک دەنگ هاواردەکەن

"حاجی لەقلەق هاتەوە یاخوا بەهار بەخێر بێتەوە".

ئەویش وەک زوان زانێک بە دەندووکە درێژە جوانەکەیەوە، چەندین سامفۆنییا دەچرێت و بە باڵا بەرز و لاملە سپیە هەڵکشاوەکەیەوە چەندین جار سەری سوپاسگوزارییان بۆ دادەنەوێنێت.

ئەوەی جارێک ڕێی بکەوێتە دەشت و مێرگانی تەک سایەقەی دوای وەشت و بێگومان بینیویەتی کە چۆن ئەو پۆڕو و مراویانە ڕوودەکەنە دۆڵ و چیا، چیلەی ماکەو و قاسپە قاسپی نێرەکەوی غوبابی خەتوخاڵ ڕێژی دەم کەوبوار کە لەگەڵ گابەرد و تاشەکاندا خۆ دەسوێی و بەدەوری عاشقەکەیدا شاپەڕ لێدەدا، خوڵ دەخوا و دەخولێتەوە، قاسپەی تێکەڵ بە هەزاران نەغمە و ئاهەنگ دەبێت. لەم دۆڵ بۆ ئەو دۆڵ، لەم کێو بۆ ئەو کێو، خەبەر بە کوردان دەدەن کە ئیتر بەسیە خەو، ڕاپەڕن ڕۆژی نوێیە، ڕۆژی نەورۆزی کوردانە. کوردە پیرۆز بێ جەژنی نەورۆزت، لە گەل و هۆزت، ڕۆژی پیرۆزت ڕەمز و نیشانەی قەومی مادانە.

لە گەلێک پیرۆزە ...جەژنی کوردانە.
بێگومان وەک بەهەشتی سەر زەمینی دێتە بەرچاو و ئارەزووی هیچ شوێنێکی تر ناکات.

ئەم هەزاران ئاوازە کە لەو چەشنە پەڕندە و مەلانە، ئاوێزە بە بارەی کارژۆلە و بەرغەل و باعەی مێگەل و بزنەکێوییان، باقەباقی کەرویشکە قونەی بن تاوێران، گمەی کۆترەشینکە و هاقووی پەرلەپێیان، بۆڕەی گاگەل و زەڕەی گوێدرێژان، حیلەی ئەسپەشی و ماینی کەحێلان، حەچولوری سەگ و تاژی ناو گوندان، سیرەی داڵ و سیسارکە کەچەڵ و کەرخۆران، قولەقول و بگرەو بەردەی مامەی شوان و گاوان، چەشنە بەزمێک دەگێڕن ڕۆح دەخەنە جۆش و شادییەوە.

هەموی لەگەڵ زەمزەمەی عاشق و خۆشەویستی چون زیل و بەمی ئاخشەمان کە وەک لە زاری گوڵخونچەی جەوانان و خنجیلانەکانی کوردستانەوە دێنەدەر، مەسیحای زەمان ئاسا ڕۆح دەبەخشن بە جەستەی بێگیان.

ئاسمان بە هەوری چڕوپڕ و تاری سەرتاپای بەهار داپۆشیوە، گرمەگرم و ناڵەناڵ و بروسکە و چەخماخە بۆ ئەم کێو و ئەو کێو، دۆڵ و پێدەشتەکانی دەنێرێت و سیاتاوی هێناوە، هاژەی لێزمەی باران و چەندین گۆلاو جۆبار و ڕوبار دەرێچکێنێت و سەر بەکڵاوە شەستەی بارانیان پێوە دیارە. کەچی لەملاوە سروشت و گژوگیا و گوڵ لەخۆشی ئەم گرمەوناڵەی پەڵەهەور شەستەگریانی

دەکەونە خەندە و پێکەنین هاواردەکەن و بە ئاوازی نەورۆزی دەڵێن ئۆخەی وا فرمێسکی هەورمان بۆ بوو بە گوڵاو پڕژێن، وا وادەی بوژانەوەمانە.

گریانی من و خەندەی تۆ ئێستە دەشوبهێ
بەو مەوسیمی بارانەی کە غونچە دەپوشکوت.

هاکا بەری ئاسمان گۆڕا و پەڵەهەوری قاڵیچە ئاسا لە سنگی چیا و کەژاندا بەرەو ڕووینەوە بچێت. لایەک بە سیا و لایەک بە سپی. لە بانییەوە خۆر جارەوجارە سەرەتاتکێ دەکات، گاهێک خۆی حەشاردەدات، گاهێک تیرۆژ دەوەشێنێت. پرشنگ و پرتەوی زێڕینی دەمەو ئێوارانی لێرەو لەوێ دەپەخشێنێت و چەندین دیمەنی جوانی پەنجەی سروشت بە حەوت ڕەنگە ئارایشت پۆشەکەی لەتەک نمەبارانداا بەدیاردەخات، پەڵکەزێرینەکەی عاشق بە زوڵف و ئەگریجەی خاو و ڕەنگین بە خەنەو وسمەی نەوبەهارە کیژانی کوردستان دێنێتە خوار و کرنووشیان بۆ دەبات و لەبەردەم کەوانەی برۆ و شۆخ و شەنگیان دادەنەوێتەوە، ئینجا بە تارا نەخشینەکەی خۆی پێشکەشبکات و خۆی پێنەگیرێت لە ئاستیاندا و بێ یەک و دوو هەڵبێت.

چەند نەخشین و دڵفرێنە کە پۆلەژن و کیژانی زەرد و سورئاڵی والاپۆش کە ڕەشماری زوڵفیان چین لەسەر چین و ئەڵقە پێچ بەسەر شان و ملدا تا سەر هەیاسە و کەمەر پەخش و بڵاوە دەکشێن بەرەو بێری، یان کیژانی باڵا عەرعەری گوڵئەندامی سوخمە ماردینی بەی فنجان نەگرتووی لێو مەرجانی بەژن ناسک و شمشادی چەشنی پەری ئاسمان. سەرچاوەی بۆنی مێخەک و سمڵ، ڕێحان و گوڵی مێرگان کە هەزاران عاشق بێسەر دەکەن و هەست دەبزوێنن لە هەڵگرتنی گۆزە بەرەو کانی ژنان و سوێسکەڕەوتییان.

بڕوانە.... شاییە، چۆپی/یە لە ماڵە،
گوێ بگرە! دەهۆڵە، زوڕنایە، شمشاڵە،
زەرد و سوور تێکەڵاون، ژن و پیاو هەرایە.....
لەو ناوە هەر هارەی هەیاسەی تۆ نایە.
سا توخوا، خێراکە، با بڕۆین، دەست بگرین
بە کامی دڵداری پێکەوە هەڵپەڕین

دە خێراکە ئەی پەڕەی دڵم! ئەی ناسکتر لە گوڵ... با بڕۆین و فریای دەسگرتن کەوین، با بە کامی دڵداری و تازەکردنەوەی پەیمان، پێکەوە هەڵپەڕین و بەلاوەنێین زوویری و گزیری.

دەستەی کیژانی دڵداری ناسکە ئاسکی سڵ لەسێبەر کردوو بەرەو دەشت و دەر، بەرەو مێرگوزار، بەرەو بناری کەژ و چیای ڕەنگاوڕەنگ کە هەردەم ڕەنگێک دەپۆشن و دڵ دەکەن خۆشنود، بەرەو کنگری هەواران و ڕێواسی کەلان و لووشە و بەرەزای گوێ چەمان پۆل پۆل بەرهەڵبێنە و چارۆکە لە کۆڵ کە تییدا هەزاران حەزو خۆزگە و دلاوێزییان حەشار داوە. نەرمە نەرمە هەنگاو دەنین بەرەو

جێ ژوان بەرەو كۆڕی دڵداران لە یەک دەگێڕنەوە، بەرەو گرۆ کە نێونیگا و هەڵوێستە و ئاوڕ و لاقرتێ و خەندەیان لەخۆیدا نیشانەیە بۆ پاکی و بێگەردی دڵڕەوانی سۆزی عەشقیان. بەدەم بەیتی لاوک و حەیران، گۆرانی ئامان لەرزانە و کنالەیل و سیاچەمانە، هەر تۆم دەوێ تۆ، کیژان دەچنە مێرگوڵان و چەندین بەستەو بەندان دەچڕن. ئەوەی دەیڵێن نایڵێنەوە و دڵۆپی خوناڤی گۆنایان بە شەماڵ دەسڕن.

مێرگوزار بۆنی گوڵانی دەدا بە بای شەماڵ، بای شەماڵ دەیگێڕێ دەیبا ماڵ بە ماڵ. سۆزی بەیانیان هۆشی دڵداران و دڵبەران پڕ ئەکات لە بۆی خۆشی گوڵزاران

هەر لەوێدا دەستەی دڵداران بە خۆزگەی دەست لە نێو دەستان و شان لەیەک خشان، گۆڤەند و هەڵپەرکێی ڕەشبەڵەک سازدەکەن تا بتوانن سرت و خوردتی دڵانیان بۆ یەکتر وەکەن. شاییگێڕ لەتەک دەهۆڵ و زوڕنا گەڕۆکەکەی مام زۆراب و لالە ساڵحە و عەلی بولبول ئاهەنگ گەرم دەکات، هەر لە چەپی و سێپێیی، شێخانی و بەگزادەیی و هەورامی و گەریانی وقەڵایی و کوڵەباڵی و فەتاحی وخانەمیری و دووچۆپی. لەملایشەوە لاوی نەوبەهاری کاکۆڵ لوولی فەقیانە بە با، قریوەی سەرچۆپییەکەی حەوت فرسەخ ڕێدەکات. وەک چۆن نێرەکەوی غوباب خۆی هەڵناوە و لەسەر دوو پەنجان هەڵدەقونی وسەر بادەدات و شان و بازوو بەرامبەر تیلە و غەمزەی چاوبازی مەحبووبە خنجیلانە نازدارەکەی ڕادەوەشێنێت، شا بە سەپان نازانێت.

ئای لەو دەمەی کە بەستێ خانی دڵفرینی پێی ناز بە زەویدا دەداو و زرنگەی لەرزانە و گوارەو خرنگەی بازنە و خرخاڵی پێی، بۆنی مێخەک و سمڵ و خشڵانی، ڕێحانەی بناگوێ و عەتری سەر گۆنای، هێندەیتر مەست و شەیدای دەکات، بۆیە هەر خێرا هەستی و سۆزی شاعیرانەی دەبزوێت و بەدەنگی ناسک و خۆشی دەکەوێتە هەوای ئەوین و شەیداییەوە و دەچرێنێ و دەڵێت:.

با بێ، خەندەی پڕ بەزمو ئاهەنگ بێ...
نەغمەی نازی شۆخ و شەنگ بێ،
زڕەی بازن و هاڕەی هەیاسە و ورشەی ئاگربارانە بێ...

هەر بەبیستنی ئەم نەرمە بەستانە هێندەیتر بەستێ خان و ئەو دڵپیکراوانەی تریش گەرمتر و بەجۆشترو خوێن بزوێنتر دەبن.
دەستەی کوڕگەل تاک تاکە گەنجی هۆکڵیان تێدا بەدیدەکرێت بە بەرگی مەرەزی نایاب ڕێسراوی دەست و پەنجە زێڕین و تەشیلە گوێزینەی حاجی مەریەم و پوورە خەجێ و میمکە وەنەوش، کڵاشی گرێچنی نایابی دەست و پەنجە و درەوشەی حاجی ئەبوبەکر و وەستا نادر و ...خۆی تاس داوە بۆ ڕاکێشانی مەیل و دڵی یارە دڵفرێنەکەی....ئەم بەزم و گۆڤەند و هەڵپەرکێیە بە چەشنێکە پەری و فریشتەی ئاسمان لە سەیر و نمایشیان تێر نەدەبوون نەیاندەپەرژایە سەر چین و ماچینانی تر.

وای وای... کە هەناوم بۆیان دەبرژێ، لە سۆیان، لە خۆزگەیان و لە تریەی دڵیان، لە نیاز و ئاواتیان، لە نیگای چاوانیان،

لە خەندەی لێویان کە هەرهەمووی لە پێناو عەشق و ژیانێکی پڕ خۆشەویستی و ئەمەکداری دایە و چاوەڕێی نووری ئاهوورامەزداین، ئاوری نەورۆز کە بەخشیویەتی بە کوردستان، تاو و گڕێک بخاتە دڵی ئەوانەی لە ئاستیدا ئەستەنگەن.

لەولاشەوە دەنگی بلوێرەکەی مامە قالە و مامە سمایل و ئەحە شاخەی شوان بە شێوەیەک گەرمیان کردوە کەس ئاگای لە مێگەل و ڕان و کنگرچن و دەسکەنەی ڕێواس هەر نەماوە...

ئای چ جوانە، چ ،خۆشە ئەو دەشت و دەر و شاخ و دۆڵانە کە هەروەک بەهەشت، زەمزەمەی خۆشییان لێدەباریت ..

هۆۆۆ...هۆ کاکەی شوان! گوێم لێیە لەو بن دارە
ئەوەی دەیلێیت نایلێییتەوە دووبارە
بە ئاوازت مێگەلەکەت سەرخۆشن
سەرمەست ئەڕۆن، ئەلەوەڕێن، بە جۆشن
دەنگی شمشاڵ مۆسیقای کوردستانە
کە گوێی لێ بگرم بۆ دەردم دەرمانە

لە دامێنی ملە و قەدپالاندا، لەبەر تریفەی مانگە شەو و گڕ و جۆشی ئاگری موورەدار و، پرشنگی گوڵەئەستێرەی چرای شەو کە وەک زەڕتاو خۆدەنوێنێ بەدەم دەنگی بەسۆزی بلوێرەکەی مام سمایل و ڕەشە شاخی و حەمە کوڵ و ... شوانی گوند و ئاوایی دەیان مێگەلە مەڕ و ماڵات مۆڵ دەدرێن و شەوێن دەدەرێن و بە ئاسودە تا گزنگە زیوینی سۆزی بەیان ئەمجا دەکەونە تەپ و جم بۆ مێرگی تازەی پڕ لەوەڕ. تادەم خۆرئاوا هەمدیس دەیانگوازێتەوە بۆ مۆڵگەیەکی تر. مێگەل لە شەوانەی مۆڵگەدا هۆگر گیرۆدەی ژەنینی بلوێرن، هەر هەموو چاوڕاویانە تا یەکەمین سۆز و ئاواز بەر گوێیان دەکەوێت و هەستی ئاسوودەگیان تێدا سەرهەڵدەدات. بەوپەڕی کەف و کوڵەوە مام سمایلی زیندەدڵ و بەوەفا بۆ ماڵاتی گوندەکەی قامکان دەبزوێنێ و سەران بادەداو دەیان نەغمە و سازی جۆراو جۆر لە گەرووی شمشاڵە سیحراویەکەیەوە دەهەژێنێت، کە تێهەڵکێش دەبێت بە دەنگی زەنگوڵەی ملی کەڵەبەرانی پێشەنگ بە مێگەل.

هۆهۆ شوانە بە نەغمەی تەڕ و پاراوت
بە بلوێری لە خەم و دەردا سووتاوت
باروژێنە گیانی خەوتووی گەزیزەی هەرد
بە (سوارۆ)یک، بە (حەیران)یک، دامرکێنە بڵێسەی دەرد

دەسا کاکەی شوان ژانت بهەژێنە، سۆزی شمشاڵت بخەرەکار با دڵی هەمووان ئاسودە بێت، خۆ وەستایەک نەبوو پەلت بگرێت ئەی چۆن فووی ناو بلوێرێکی درێژی ڕەق و بزواندنی قامکانت ئەم سیحرە ڕۆح بزوێنە فێربوویت ؟ دە تووبی یەزدان پیم بڵێ!!

نا نا دەزانم.... بەخودا بێتو نەبێت، وەستای سیحری جوانی و دڵفرێنی سروشتیت...ئەم کوردستانەیە.

جا هەر کەسێ ڕێی بکەوێتە ئەم کوردستانە و بە چاوانی خۆی ئەو سروشتە ببینێت، دەڵێت... مەگەر یەزدان بەدەستی پیرۆزی خۆی ئەم بەهەشتەی دروستکردبێت، ئەمجا تەنگ و چەڵەمەی ژیانی بەلاوە دەنێت لەبەر ئەو جوانی سروشتە دەستە وەسان دەبێت.

هۆ شوانی بەهرەدار تێ خورە، چاوەڕێین
ئارایشت تەواوە، ئامادەی هەڵپەرکێین
پەرۆشی ئاوازەی بەسۆزی شمشاڵین
بێ سیحری فووی دەمت، بەزم و نۆش بەتاڵین

هەر لەبەر ئەم سروشتە بێ وێنەیە کە دەستی زۆرداران و ناپاکانی دڵ ڕەق و سروشت نەویستان، هەرچییەکیان کردبێت، نەیتوانیوە جوانی و سیمای سروشتی ئەم خاکە دڵگیرە بگۆڕن.

دڵگیریی و جوانی شاخی نەهاڵ و هەڵموت و زەندۆڵ، کەپکی سپی پڕ بەفر یان ڕووتەن کە هەر وەک ئاسمانیان گرتبێتە باوەش، پلەی خز و ملەی بەرز، دەربەندی تەنگ و جەنگەڵ و دارستانی چڕ و خورەی سێلاوی بەفراوان تێیدا، سەرگەلەی کەڵەرەوەکان لەم زینۆ بۆ ئەو زینۆ، لەم بنەکاو بۆ ئەو بنەکاو پاش چەندین پرمە پرم و هەڵۆیستان،ئەمجا دەکەوێتە گەشت و لەوەڕ، بەسەریاندا بازی تەڕلان و چەرخ و شمقار و شاهێن و هەڵۆی بەرزەفڕ و چیکڵ وەک گلاراو چەرخ لێدەدەن و خولدەدەن تا بەرەو بێچووی قەتیسی ناو هێلانەی کونە شاخ و کاوەکان نێچیری ڕاویان کێشکەن.

دەنگی بولبوڵ، قاسپەی کەو لەشاخ دەنگدەداتەوە
بەینی دۆست و دڵداران ئەوجار نوێ دەبێتەوە

گاسنی زاخدراو، گاجوتی ئامادە لەتەک نەقیزەی سەر شانی پاڵە و ڕەنجدەران، وەرزێر و جوتیاران، بە وەحە وەح و وابڕۆ و وا مەڕۆ بەرەو زەوی بەیار یا بوور و شیف و وەرد ملدەنێن، سەبیل و قەنەو تووتنی بۆنخۆش و بەردەستێ و پووشوی بۆنخۆشی پیرەگەندەڵەدار لەناو کیسەی کەتانی بەرپشتێن و نانی قەدکراو، قۆری ڕەشتاڵ و پیاڵە و شەکر و چایی،کەرە و پەنیری دەستی کەیبانووی لە پەری ناسکتر و خۆشەویستر لە کۆڵوانەکەی پشتی دەنێت، جارەجارەش خورماوڕۆن یا گەزۆ یان شۆکە یان دۆ، یان هێلکەی کولاو بەبێ ئاگای باوکی زارۆڵەکان بۆ لە چارۆکەدەنێت وەک خۆشەویستی و پێزانینی بەو ڕەنجە.

ئەمجا بەتەمای ساڵێکی پڕ بەرەکەت، فەڕ و بەرۆز، هەر لە ترازاندنی دەرگای حەوشە و یەکەم هەنگاودا بیسمیللا دەکات و ئەمجا نەقیزەی دەژەنێت و دەکەوێتە بەزمی لاوژە و بالۆرەی خۆی و لە تەواو بوونی هەر هێڵێکدا ماشەڵایەک و ئەلحەمدێک بۆ بەرەکەت بەسەریاندا دەکات و دەیان جار خۆی بەسەدەقەی شان و مل و ڕانی گازەرد و گابۆر دەکات. ئەوجا ئێوارە هەر بەدەم

سوپاسگوزاری و سۆزی یەزدانی و بەو هەموو بۆن و بەرامە سەر مەستەی کە لە خاک و خۆڵی هەردەوە تێکەڵ بە جلوبەرگی دەبێت، دەگەڕێتەوە و کەیبانووی ماڵیش لەسەر بانیژگان چاوی بە چاوەڕێیە.

لە لایەک دەستە برای ناو دێ، بە داسۆلکە و تیغە کوڵینەکانیانەوە بۆ ڕەز بڕین ئامادەن و هەریەکە لە ئاوازێ دەخوێنێت، دوکەڵی چیلکەوچەوێڵی پار و ئەمسال بەرەو بڵندیی هەوران ڕێچکە دەگرن. لە لایەک کاکی ئاڵودەی ڕاوە کەو/یش هەر سەیری هەوری ئاسمان دەکات، خۆی خرهەڵداوە بۆ قەفەزی لە چارۆکەی سیواغدراو بە قوڕی ناو حەشار، ناوناوە و دەیان و دەیان جار خۆی بەدەوری کەوە خۆشخوانەکانیدا هەر لە کەوە سیتەکی و کەوە شاخیی و شەلە و وێڵەدەری و قەڵەمپاشایی و هەرووتەیی و کەوە قەرەچوغی و گردەزبێریی و وەزیارەیی کە بە تاقانە و چاپووک ناودێریاندەکات و دەگێرێت و دەگێرێت. تەگبیری ڕاوی سبەی دەکات و خۆی بۆ چەندین جۆر لە کەوە ئازاو شەڕانیەکانی ناوچەکە دەنێتەوە و گەر کەوەکەیشی سستی نواند ئەوسا تیغ لە گیرفانە!!!

وای... چ جوان و ڕەنگین و دڵفڕێنە دەستەی کیژان و ژنان، هەریەکە لەسەر بانیژیکەیان دەس بە مەشکە بۆ ژەنین یاخود تەشیلەی ڕستن، چ خۆشی هێنەرە سەیرکردنیان، چاو تێرنابێت و دەڵێت ئاخۆ گەر مایکل ئانجلۆ یاخود بیکاسۆ یاخود یاخود...چاویان بە هەر کامێکیان بکەوتایە ئاخۆ چ وێنە و نیگار و نەخشەیەکیان بۆ دەکێشان؟ جەرە و گۆزەی پڕ لە ئاوی زۆلالی مرواری ئاسای کانیاوی پاک و ڕوونی بەرئاوایی سەرشانی ناسکە جوانانی سلکردوو لە سێبەری خۆشیان لە دەمەو عەسر و ئێواران چاوەڕوانی دەیان دڵبەندەی هەرزەکاران و تیلەی چاوان و خەندەی ژێر لێوانن، هێندە جوان و دڵفڕینن کە شاعیران لە ئاستی فرۆزەیاندا بێگۆن، مەگەر هەر تاک و تەرا بتوانن بڵێن :ـ

ئێوارەیە وا، هەڵگرە سا گۆزەیی تازە
ڕێی کانی، قوربان ! مونتەزیری جیلوەی نازە
بەردەرگەکەتان قیبلەیی ڕووی ئەهلی نیازە

ئای کە جوان و دڵاوێزە دێراوی ڕازاوەی پەنا گوندان کە هەر دەڵێی دەستی خاسترین سەنعاتکار نەخشەی کێشاوە. نێڵەی ئاگری کراوەی دەم چیا و بناران لە شەواندا یاخود ترووسکە ترووسکی شەمیلەفانۆس و چرای بەر هەیوانی ماڵانی گوند، یان دووکەڵکێشی سەربانان کە دێنەدەر، سەر ئاواییان وەک تەمێک داپۆشیوە کە خۆشی هێنەر و ئاسوودە بەخشی دڵانن.

لە نێو گوڵزار و گوڵستانی ماڵانی شاریشدا هەر لە گوڵە باخی هەمەڕەنگ و بۆ، بڕۆ بۆ گوڵە مێخەک و دەمەشێر و دالیا و قەوانی و قەیفە و قەزەح و پەسەند، سونبول و نازناز و شەستپەر، ئەشرەفی و خاتوونی و زەمبەقی، ئەستەموونڵی و عەرووسی و لالوعەباسی، وەنەوشەفەرەنگی و گوڵە سەعاتی و گوڵەخەنە، گوڵەپێغەمبەرە و لاولاو و چاوەپشیلە، هەمیشەبەهار و پەنجەی خانم و لالەزار و پاتۆنیا و....و .....چەندین دیمەنی ڕازاوەی باخ و گوڵرەنگیتر، کە بەدەم شنەی بەربەیانیانەوە دەکەونە خەندە و خۆنواندن، بۆن و بەرامیان گەرەک پردەکات چ جای ژوور و هەیوان و دڵان و ... و ... یەک بەویتر دەڵێ لاکەوە ناشرین جوانیم مەشارەوە با مام ئەوڕەحمانەکەی* خۆشەویستمان و خاوەنی پڕ سۆزمان پڕ دەماغ بێت، ئەویش بەو هەموو توانا و حەوسەڵە و گوڵ

خۆشەویستیەوە، چاوێک دەکاتە سەدان چاو تا گەردش و خەوشیان لادا و لە تەکیاندا دەدوێت، بەدەمیانەوە دەخەنێت قوربانی جوانی و نەزاکەتیان دەبێت و وەک لە زارو ڕازو وگوفتاریان بگات، بە ڕەونەق و ڕشتنی خاڵ و ملیان گەزگەز باڵای دەکرد، بۆ ئەو دونیایەکی خەم ڕەوێن بوو بۆیە ئەوانیش بە جوانی و بۆن و بەرامەیان هەزاران جار ملی ڕێز و وەفایان بۆ دائەنەواند.

مرۆڤ ڕۆح بەخشە بە بینین و بیستنی ئەو هەموو شتانە و وا دەزانن کە لە کەشتی خەیاڵدایە نغرۆی دەریایەکی بێ کۆتایە و بە نەورۆزی کوردستاندا تەی دەکات....

لە ئاسمانی کوردستاندا، لە پیرانی دانا و زانا، فامید ئەندامێ، ڕوخسارێکی خۆش دیمەنێ، قەڵەندەر ڕەوشت و خاسڕەوێ، ڕەوانبەخشندەو سفرەپڕ حاتەمێ، فریشتە ئاسایێ، مەسیحا سیفەتێ، نەورۆز بوژێنەرێ، خامە تیژڕەنگینێ، لەپ زێرینێ، ڕیش چەرموو مووساییێ، شیوەکەڵی بنەچە و مەسرەف زادە نازناوێ، باڵا کورتی بەعەقڵ و کەماڵ ئەفلاتون و ئەرەستۆێ، خاوەن شیعری نەورۆز هاتەوە گوفتارێ، پاکوڕە بەدەست و سیدارە لەسەرێ، ڕۆح بێگەردێ، ڕەوتار ڕەهبەرێ، سیما نوورانیێ، گیرفان بەتاڵ و کەشکۆڵ پڕپڕێ، مەردێکی خۆ نەویستێ و دونیا وەلایێ، کە لە نیوچەوانیدا بلیمەتی و توانایی و لێوەشاوەیی دەدوێت، دوامەنزڵگە مامە یارە هاودەمێ ... و..و ..و .. ئەمانە و چەندین و چەندینی تر بلند پایە حاجی تۆفیقی نازناو بە پیرەمێردێ..... بەڵێ... ئەو فەیلەسوفە، ئەو کەڵە مێرە، کە هەموو ساڵێ لەسەر گردی مامە یارە، مامە یارەی شۆڕەسواری دوژمن بەزێن، لەدەم کارێزی وەستا شەریفدا ئاهەنگی یادی نەورۆزی سازدەکرد و ڕۆحانی مادی بەرەبابی کوردانی شاد دەکرد، چەندین پیاوانی ڕێزداری شار و شاعیران و خوانندانی هەنک داوودئاسا و کیژانی شالوورئاسای بۆ سروودبێژی کۆدەکردەوە. حەشامێکی زۆری سلەیمانی خڕدەکردەوە و ئاپۆرەی خەڵکیش بەوپەڕی خۆشی و تامزرۆییەوە چاوەڕوانی ئەو ڕۆژە پیرۆزە دەبوون، هەر بۆ بەیادکردنەوەی ئەم ڕۆژە پیرۆزە، پڕ بە گەروو، ئەو سروودە نەمرە پڕجۆشەکەی پیرەمێردی دانا/یان دەچڕییەوە کە لە سینەیاندا بۆ ڕۆژە هەڵیانگرتبوو:ـ

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەوپیری مەرگەوە

بۆیە دەتوانم بڵێم کە تەنیا و تەنیا هەر ئەو بە بوژێنەری ئەو ڕۆژە وەک سیمبولێکی نیشتمانی دادەنرێت. مامە حاجی پیرەمێرد بە گۆچان و سدارەکەیەوە ماڵ بە ماڵ ئامادەبووانی بەسەر دەکردەوە و دەگەڕا لە هەر قازانە دەنکێ یاپراخی گەڵامێو یان خواردنە خۆش و بەتامەکەی خۆی کەبابی نۆشدەکرد و ئێمەی منداڵانیش خۆمان پێدا هەڵدەواسی و هاوارمان دەکرد "ئاگری نەورۆز کرایەوە حاجی تۆفیق بوورایەوە".

ئەو دانا مەزنەیش....بێ خۆ تێکدان لە تەکماندا وەک سەرچۆپی بگرێت بۆمان، گۆچانەکەی ڕادەوەشان و سدارەکەی بەهەوادا دەدا و دەیفەرموو" ڕۆڵەکانم....زەمانی من بەسەرچوو، ئێوە هیوای گەلن، من زۆر خۆشحاڵم بەم بوورانەوەیە. ئامان و هەزاران جار

ئامان ئەم رۆژە پیرۆزە لەیاد نەکەن دوای منیش هەر بەردەوام بن. ئەمە جەژنی کوردانە جەژنی کوردان".

ئای کە رۆژێکی خۆش بوو، کەس بەرکەس نەدەکەوت، هەموو خۆی بەیەک خێزان دەزانی و چەند بەرەیی و حیزبایەتی کە جوداخوازی خستە نێوانمان و ئەملا و ئەولا نەبوو بۆیە تا ئێوارەیەکی درەنگ هەموو بەدەم ئەم رۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوەیان دەیانگووت و روویان لەیەک دەکرد و بەیەک دەنگ :ـ"رۆژی نەورۆزە گەردن ئازادیە"بۆیە دەڵێم هاتنی نەورۆز هاتنی گوڕ و تینە و سەرهەڵدانی گۆڕانە و پێداچوونەوەیە، وزەیەکە بۆ هەمووان تا بتوانین بەرنامەی ژیانمان دامەزرێنین و کەڵک وەربگرین و لە پێناو مافە نەتەوییەکانماندا کاوە ئاسا دژ بە زوحاکانی سەردەم بین.

ئەز شتێکی وام نەنووسیوە تەنیا دڵۆپێک لە باران و گوڵێکی ناو مێرگ و سەر کەپکی چیایەکی کوردستانەکەم نەبێت بۆیە پڕ بەزار هەر سروودی نەورۆز دەچڕم و دەڵێم هەر ئاوابێت کوردستان بەهەشتی سەر زەمین و گشت ساڵ یادی نەورۆز بە خێرو خۆشی و سەرفرازی بکرێتەوە.

هەزاران رەحمەت بە بەرتەقای گڵی سەر مەزاری پیرۆزتان ئەی شاعیرانی کوردستان، درێغیتان لە رازاندنەوەی دیوانەکانتاندا نەکردوە و هەر یەک بەرەنگێ لە نەورۆز دەدوێت.

خۆزگایە بە خۆزگایی خودا.... لەئاستی جوانی ئەم سروشتە خودا بەخشەبووینایە، بمانتوانیبا وەک باوەگوڕگوڕ ئاسا بەئەمەک و دڵسۆزبوویینایە بەرانبەر بەو گڕوتینەی کە ئاگری نەورۆز پێمان دەبەخشێت. بمانکردایە گەرمە وزەیەکی بەجۆشی لەبن نەهاتوو بۆ خۆمان و سووتێنەر بۆ ناحەزان.

ئەز ناڵە و گریەی غوربەتم دەخەمە تەک ناڵە پڕ سۆزەکەی حەزرەتی وەفایی کە دەفەروێت:ـ

بولبول وەرە تا رۆحی من و تۆیە بناڵین
تۆ باغی گوڵانت چوە، من داغی دڵانم
قومری وەرە تا رۆحی من و تۆیە بگریەین
تۆ سەروی رەوانت چوە من رۆحی رەوانم
یان هەر وەک حەزرەتی نالی عاشقەکەی حەبیبەی کوردستان:ـ
ئاو لە چاوانم بەخوڕ دێی، ئاگری دڵ ناکوژێتەوە
وەک جەهەننەم ئەم تەنوورە ئاوی تۆفانی دەوێ
ئەمنیش لەم غوربەتەدا دەڵێم، تاڤگە و شەتاو و نێرگزەجاڕی کوردستانی دەوێت.

لە دواییدا دەڵێم دوکەڵی هەناسەی سینەم کە وەک ئەو نانەواخانەیەکە، جگەر نانە و فرمێسک ئاگر، چاو/یش تەنوورە بۆ یادی ساڵانەی نەورۆزی غەریبی و دوور وڵاتی کە هەرگیز ناگاتە گڕوتین و بۆنوبەرامەی نەورۆزی ناو خاکە بێناز کەوتووەکەم.....

کوردستان

--------------------------

* ڕەوانشاد مام ئەورەحمان باخەوانی باخچەی گشتی بوو لە شاری سلەیمانی، خۆشڕەفتار و ڕوخسارنوورانی و هاودەمی گوڵ بوو. هەموو تەمەنی لەناو گوڵ و گوڵزاری ئەو باخچەیە بە ئەمەکەوە بەسەربرد، هەر هەموویشی لە پێناو ڕازاندنەوەی شارەکەدا، شاری هەمیشە زیندوو، شاری نەورۆزەکەی پیرەمێردی دانا، شاری سلێمانی.

* ئەم نەورۆزنامەیە زادەی بیروهزری خۆم و گوڵبژێری چەندین بەیتە شیعر و وشە و ڕستەی جوانی نووسەرانم تێدا بەکارهێناوە هیوادارم کە تام و چەژێکی لێوەرگرن و بە دڵی بەڕێزتان بێت و بە داوای لێبوردنەوە کە ناونووسی ئەو بەڕێزانەم نەکردبێت کە بەیتە شیعر و ڕستەکانم لێوەرگرتبێت.

* یەکەمین جار لە سایتەی "دەنگی مرۆڤ"دا بڵاوم کردەوە کە بەڕێز مامۆستا ساڵح محەممەد ئەمین بەڕێوەیدەبرد.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ١٤ی مارچی ٢٠١٢

# کــورد و نـــەورۆز

پەری شێخ سالّح

گـەلی کـورد یەکـەمین نەتـەوە بـووە کـە لەسـەر ئـەم زەوییـە دروسـتبووەو لەسـەردەمی پێشـدادییەکانەوە تاقۆنـاغی ئێسـتا کەگرنگییـەکی زۆریـان بـەم جەژنـە داوەو دەیگێڕنـەوە بـۆ سـەدەی سیازدەیەم و چواردەیـەمی پ.ز و فۆلکلـۆر دەتوانێت پێناسـەی ئـەو راستییەمان بۆ بکات لەناساندنی ناسنامەی مێژووی رەسەنایەتیی نەتەوایـەتیی نەتەوەکـەمان، کـە ئاشکرایکرد ئـەم جەژنـە لای کـورد زۆر کۆنـە تادەگاتـە قـولایی ئەفسـانەکان، وەک وشـەیەکی پیـرۆز لەفەرهـەنگی زمـان و مێـژووی ئـەدەبی نەتەوایـەتیمان جێـی خـۆی کردۆتەوەو بەتەنها لەناو فۆلکلۆری کوردیدا رەنگی داوەتەوەو لای نەتەوەکانی تر ئەو بوونـەی نییـە وەک ئـەوەی لای کـورد دەبینرێت، کوردو نەورۆزیش لەسەرەتای پەیدابوونیانەوە وەکو چەمکێک پێکەوە گرێدراون و بـوون بەبەشێکی جیانـەکراوە لەیـەک، هەربۆیـە زۆر لەشاعیرانی کورد سرووودیان بۆ نەورۆز وتووەو بەرز نرخاندوویانە وەک گۆران و پیرەمێردو حەمدی و کامەران هۆنراوەی ئەم شاعیرانە رێچکەی شەپۆلێکی جوان بوون بۆ بەتینکردنی بلێسەی نەورۆز کەکراون بەسرووەدو نـەورۆزیان بەسیمبولی سەرکەوتن و ئـازادی دانـاوەو وشـەی نـەورۆز وشـەیەکی ئارییـەو بنـەڕەتی پەهلـەوی ئـەم وشـەیە (نـووک روز)ە کەشـاعیر ئـەبو نـەواس بەعـەرەبی نووسیوێتی (بحق المهرجان و نوکروز) کەشاعیرێکی فارسەو بەعەرەبی و فارسی گەلێ شعری بۆ نەورۆز هەیە وەکو هەندێ سەرچاوە ئاماژەی بـۆ دەکـەن، جگەلەوەش لەزەمانی ئیمامی عەلی و عەباسییەکان-دا فارسەکان و کوردەکانی ناو دەوڵەتی ئیسلامی ئـەم بۆنەیەیان کـردووەو حەڵـواو شیرینیان دابەشکردووەو ئیمامی عەلی-ش لەو حەڵوایەی خواردووەو پیرۆزبایی لێکردوون.

بەلام بەبۆچوونی هەنـدێ لەمێژوونووسـان وەک مەسعودی کـەمێژوو نووسێکی نـاودارە دەڵـێ: نـەورۆز لەسـەردەمی جەمشید کـراوە بەجەژن کەجەمشید شاهەنشای پێشـدادیی بـووە لەسـەردەمی ئەفسانەی ئێرانـدا کـە بەگالیسکەیەکی لـەعاج دروسـتکراو بەیـەک رۆژ لەدەماوەنـدەوە گەیشـتە ولاتـی بابـل کەجنۆکـەکانی لـەنێو بۆشـایی ئاسـمان و زەویـدا گێرایـان و گەیانـدیانە بابـل، ئـەم رۆژە رۆژی ئاهورامزدا بوو کەیەکەم رۆژی بەهار واتە ٢١ مانگی ئادار بوو، کە لەو رۆژەدا مانگ نـوێ دەبێتـەوەو بـەو بۆنەیـەوە ئـەو رۆژە نـاونرا نەورۆز (رۆژی نوێ)و کردیان بەجەژنی نەتەوەیی خۆیان و بەرۆژی دروستکردنی گەردوونیان زانیوە، واتە گەردوون دەکەوێتە خول-ووەو لەوباوەڕەدابوون خودای دلۆڤان لەو رۆژەدا بەختەوەریی بەسەر خـەڵکی زەویـدا بارانـدووە. لەگـەڵ ئەوەشدا دەبێت نەوەکانیشمان ئـەو راستییە بزانن کەنەورۆز بەتەنها چیرۆکی زوحاک (ئەژدەهاک)و ئەو ئەفسانانە نییە، بەڵکو تایبەتە بەکورد کەلای ئێمە تـەنها یـەک رۆژ بـووە، ئـەویش خاکـە لێـوە، نـەورۆزی کوردی بەرامبـەر رۆژی (٢١)ی ئـاداری سـاڵنامەی زاینـی رۆژئاواییـە، بـەلام لای فارسـەکان سیازدەهەم رۆژە کەئەم دابونەریتە لەسەردەمی ساسانییەکاندا بۆتە (سێزدە بەدەر) کەتیایدا هەموو کەس لەماڵ دەرەچێت و لەدەرەوەی شار ئاهەنگ دەگێڕن.

جـەژنی نـەورۆز هـەوێنی بناغـەی دروسـتبوونی خۆشەویستییە لـەنێوان عاشـقاندا وەکـو (مـەم وزیـن) کـە لـەم بۆنانـەدا هێمـای کوردایەتی و نەتەوایەتی و خۆشەویستی و تیادا بەرجەستە دەکرێت. لەرۆژهەلاتی کوردوستاندا نەورۆز بووە بەجەژنی سەری ساڵیان،

تا کۆتایی دەسەلاتی ساسانییەکان، ئاخر ئەوان بەشێکن لەڕەگەزی ئاری ئارییەکان و ئەو تیرانەن کەچەندین هەزار ساڵ لەمەوپێش بەرەو ئێران و هندستان هاتوون کەپێیان دەوترا هندو ئێرانی و دواتر گۆڕا بۆ زەردەشت لەگەڵ سەرهەڵدانی ئاینی زەردەشتدا، ئەمانیش بەهەمان شێوە بایەخێکی زۆریان بەجەژنی نەورۆز داوە کە ئەم یادکردنەوەیەیان لا پیرۆز بووە لەکۆمەڵێک دابونەریتدا هاوبەش بوون لەبۆتەی ئیسلامدا گۆڕانیان بەسەردا هات کەئێستا بچووکترین نەتەوەن لەئێرانداو گوێ لەو بڕوایەش هەر ناگرن، چونکە ئەمان دەستبەرداری دابونەریتی زەردەشتییەکانن و خۆیان ڕێبازی شیعەگەرێتیان هەڵبژارد لەدوای سەدەی سێیەمی کۆچییەوە کەزمانی ئەم فارسانە کرا بەزاراوە.

لەناو کوردەکانی باکووریشدا دژایەتی ئەم یادەیە کراوەو هەر لەسەردەمی عوسمانییەکانەوە، تا ئەتاتورک و ئەم سەردەمەی ئێستاشیان کەهیچ جۆرە بوون و ڕەنگدانەوەیەکی نییە لەنێو فۆلکلۆریاندا.

لەکۆتاییدا بەهیوای بڵێسەی ئاگر لەسەر لووتکەی شاخە بەرزەکانی کوردستان، هەر بڵندبێ کەئەم ئاگرە تێکەڵ بەڕۆحی میللەتی کورد بووە، تا وایلێهاتووە کوردو نەورۆز لەیەکدیدا بتوێنەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی نوێ / ڕێکەوتی : ١٩ی مارچی ٢٠١١

# نەورۆزی خوێناویی کورد

سولەیمان ئەبووبەکری

بێ شک ئەوەندەی بەهار بە نوێ بوونەوەی سروشت و جوانی موژدەی وەرزی زیندووبوونەوەمان بۆ دێنێت، ئەوەندەش ناوی «نەورۆز» وەک ئاگردانێک کە لەتاریکی و سەرمادا دەدرۆشێتەوە، هزری ئێمە بەرەو کانگای خۆشی و شادی، هەست بە بەرخۆدان و ئازادی دەباتو هەموو ساڵێک بەکۆڵێک چاوەڕوانییەوە چاوەڕێی هاتنی دەبین.



بەڵام گەلێ جار ئەم پرسیارە بۆ ئێمە دێتە ئاراوە کە سەرچاوەو ناو و ناوەڕۆکی نەرۆز بە کوێ یان بۆ چی دەگەڕێتەوە؟ یان بۆچی نەورۆز لەناو میللەتی کورددا و بەدرێژایی مێژوودا بۆتە رەمزو سەمبولی بەرخۆدان؟ مرۆڤ هەمیشە ناچاربووە بۆ دۆزینەوەی پێداویستییە دەروونییەکانی چەن ساتێک لەژیانی خۆی تەرخان بکات. ئەگەر سەلیقەو بۆچوونە تایبەتەکان لەم بارەوە وەلا بنێن، زۆرینەیەکی بەرچاو لەخەڵک، بۆ دابین کردنی ئەم مەبەستە هانایان بردووەتە بەر سەرچاوە نووسراوە مێژووییەکان. نرخو ناوەڕۆکی ئەو بەڵگە مێژووییانە زۆر جار بە رادەیەک گرنگن کە کار دەکەنە سەر ئەندامانی کۆمەڵگاو جۆرە پرسیارێک دەخەنە مێشکی ئینسانەوە کە وەڵامی تایبەتو بەرپرسانەی پێویستە، بەتایبەت ئەگەر ئەو سەرچاوەیە چیرۆکی رێکەوتێکی مێژوویی بێت کە لەوڵاتێکی بەرەواڵەت خاوەن ناونیشان سەری هەڵدابێت، سەرەنج و تێڕوانینێکی وردتر دەخوازێت. مرۆڤ، لەیەکەمین سەردەمی ژیانی کۆمەڵایەتی خۆیدا، هەستی بە گەڕانەوەو دووپاتبوونەوەی کۆمەڵێک لەڕووداوە سرووشتییەکان، واتە دووپاتبوونەوەی وەرزانەکان کرد، هەربۆیە پێویستی بە بەراوردکردنی دەورانی کشت و کاڵ، واتە پێویستیی بە زانینی کاتی چاندنو هەڵگرتنەوە، وای لێکرد وەرزبەندی و رۆژژمێری جوتیاری و کشت و کاڵییەکی رێک و پێک بونیات بنێت.

بێ گومان بەراورد کردنی ورزەکان لەگشت کۆمەڵگاکاندا سەرەتا بە سووڕانی مانگ کە بەئاسانی جێ گۆڕکێیەکەی دەبینرا شکڵی گرت و سەرەنجام لەئاکامی نابەرابەربوونی رۆژژمێری مانگیی لەگەڵ رۆژژمێری جوتیاری، بەراوردو رێکخستنی رۆژژمێر بەپێی سووڕانی خۆرەتاو شکڵی گرت و هەر وەک لەبەڵگە کۆنە مێژووییەکانی تایبەت بە دانیشتوانی مێزۆپێتامیادا هاتووە، ساڵ بە چوار وەرزی سێ مانگە دابەشکراو وەرزی بەهار کەبەهاتنی، ساردو سەرمای رادەماڵی و زیندووبوونەوەی سروشت و سەوزایی لەگەڵ خۆی بە موژدە دەهێنا، لەلایەن دانیشتوانی مێزۆپێتامیا وەک سەری ساڵی نوێی دەست نیشان کراو دواتر ناوی »نەورۆز« وەک پێناسەیەکی گشتی ئەم پرۆسەیە تا هەنووکە شان بە شانی باب و باپیرانمان هاتووە.

هەرچەند نەتەوەی کورد لەزۆر کۆنەوە لەزنجیرە چیاکانی زاگرۆس و ئاراڕات و دەشتەکانی دەوروبەریاندا نیشتەجێ بوون و بەیەکەم دامەزرێنەرانی شارستانییەتی ناوچەکە دەناسرێن و نوێ بوونەوەی ساڵ لەوەرزی بەهارو نەورۆز، وەک یەکێک لەڕوداوە گرینگەکانی ئەم ولاتە پێناسە کراوە، بەڵام زۆر گەلان و ولاتانیتری وەک ئێران، ئازەربایجان، ئەفغانستان، تاجیکستان، تورکەمەنستان، بەشێک لەڕووسیە، ئۆزبەکستان و سوماڵی و زۆر ولاتی دیکە، جەژنی نەورۆز، بە جەژنێکی سەرەکی خۆیان دەزانن و هەمووساڵێک لەو کاتەدا بەرەوپیری ساڵی نوێو نەوروز دەڕۆن. وێڕای ئەوەیکە چیرۆک و ئەفسانەی جۆراوجۆر لەسەر چۆنییەتی پێکهاتنی نەورۆز هەیەو ئەم ناوە لەکولتور و ئەدەبییات، داب و نەریت، ستران و بەیت، حەیران و ئاوازی نەتەوەی کورد تا ئێستا ڕەنگدانەوەیەکی قوڵی هەبووە، بەڵام هەر لەکۆنەوە تائێستا ناوی نەورۆزو فەلسەفەی بەرخۆدان لەبیرو هزری نەتەوەی کورد دا، مانایەکی قوڵتری بەخۆیەوە گرتووە. گەلی کورد لەمێژووی هاوچەرخداو بەدوای بەرزبوونەوەی هەستی نەتەوەایەتی، هەموو ساڵێکو لەهەر شوێنێکدا کە ژیاوە، ڕێزگرتن لەجەژنی نەورۆز و سەری ساڵیان وەک چەکێک دژ بە داگیرکەران بەکار هێناوەو نەورۆزیان کردۆتە ڕەمزو سەمبولی یەکگرتن و سەرکەوتن. بەداخەوە لەسەردەمی پیرۆزکردنی ئەم جەژنەدا هەمیشە لەلایەن داموو دەزگای سەرکوت کەرەکانی ئەو ولاتانەی کورد تێیاندا دەژی، هێرش کراوەتە سەر خەڵکو بە هەموو شێوەیەک پێش بە جەژن گرتنیان گیراوەو کەندوکۆسپیان خراوەتە سەر ڕێگاو بە دەیانو سەدان جار خەڵکی کورد لەو ڕۆژەدا خوێنیان ڕژاوەو گیانیان لێ ئەستێندراوە.

بەدوای شۆڕشی گەلان لەئێران لە ٢٢ی ڕێبەندانی ساڵی١٣٥٧ی هەتاوی و بەدەستەوە گرتن و قۆرغکردنی دەسەڵات لەلایەن ڕژیمی کۆنەپەرستی کۆماری ئیسلامی، تەنیا شوێنێک لەئێران کە هێشتا حکومەتی تازە بەدەسەڵات گەیشتووی مەلاکان نەیانتوانیبوو باڵی ستەمو داگیرکاریی بەسەردا بکێشن کوردستان بوو. لەکاتێکدا هزری دواکەوتووی ئاخوندەکان لەتاران و شارەکانی تری ئێران بەزۆرەملیی دەسەڵاتیان بەسەر خەڵکدا دەسەپاندو بە حکومی تێزاو پێداکردن بە سەرو ڕوخساری ژنان و کچان، بەنیازبوون بناغەکانی حکوومەتێکی ئیسلامی دابمەزرێنن، لەکوردستانی ڕۆژهەڵات لەدرێژەی چالاکی و خەباتی خەڵک، کەش و هەوایەکی کراوەی سیاسی خوڵقابوو و هەر ئەمەش ببوو بە هۆکاری شکڵ گرتن و دامەزراندنی دەیان شۆڕاو ڕێکخراوەی وەک شۆڕای شار، ژنان، مامۆستایان لەشارەکانی کوردستان وبە تایبەت لەشاری سنە. لەم هەلومەرجەدا یەکێک لەڕێبەرە ئەفسانەییەکانی کۆمەڵە بە ناوی کاک «سدیق کەمانگەر» کە وەک ئاڵاهەڵگری ئازادی ئەم شارە، لەبەرامبەر پیلانی کۆماری ئیسلامی وەستابووە و بە تەواوی مانا پشتیوانی لەخەڵکی ئەمشارە دەکرد. کۆماری ئیسلامی بەهیچ شێوەیەک تاقەتی چرۆگرتنی داری ئازادیان لەمشارە نەبوو و لەسەرەتای بەهاری ساڵی ٥٨ی هەتاوی، بە تەواوی هێزو توانای خۆیان، بە فڕۆکە شەڕکەرو هیلیکوپتێرەکانیان، هێرشیان کردە سەر خەڵکی تینوو بە ئازادی ئەمشارە و زیاتر لە ١٠٠٠کەس لەگەنج و پیرو منداڵی ئەمشارەیان، کە بە ئەڤینی جەژنی نەرۆزو ساڵی نوێ، بەرەو پیری بەهار چووبوون، کردە قوربانی دەسەڵاتی ڕەشی خۆیان. لەو بەهارەدا کەکیژان و کوڕانی سنە، چاوەڕێ بوون لەهەڵپەرکێی نەورۆزدا ڕەشبەڵک بگرن و لەکانگای دڵەوە، خۆشەویستی پێشکەش بەیەک بکەن، ئەو کۆرپانەی کە هێشتا لە خواردنی شیری دایکیان تێریان نەخواردبوو و ئەو دایک و باوکانەی کە دەیان و سەدان ئاوات و ئامانجیان بۆ ڕۆڵەکانیان بوو و بۆ هەمیشە جەرگیان سووتا، نەرۆزەکەیان لێ بوو بە نەرۆزی خوێناوی.

تێپەڕ بوونی زەمەن بۆ خەڵکی کورد قەت بەمانای بیرچوونەوەی کارەسات و نەقەومانی کارەسانی دیکە نەبووە. لەڕۆژی ١٦ی مانگی مارسی ساڵی ١٩٨٨ی زایینیدا، هەموو جیهان شایەتی ئەوە بوو کە ڕژیمی دڕەندەو بە خوێن تینووی »سەدام حسێن» هاوکات

لەگەڵ هاتنی نەورۆز و بەهاری جوانی و تازە بوونەوەی سرووشت و ژیان، بەشێوەیەکی دڕندانە شاری حەڵەبجەیان بە بۆمبی شیمیایی شەهید کردو بەگرتنی گیانی هەزاران گوڵ و منداڵ و گەنج و پیر، تەرمی پیرۆزی ئەمشارە جوانەیان خستە پاڵ هێرۆشیماو ناکازاکی. لەم تراژدیایەدا، ٥ هەزار منداڵ و پیر، کچو کوڕی ئەم شارە بۆ هەمیشە بیستی بۆنی بەهاریان لێ ئەستێندراو بوون بە بەشێک لەمۆزەخانەی ئینسانی جەنایەتەکانی رژێمی بەعسی لەناوچوو. ئەوەش دیاری فاشیزمی بەعس بوو بۆ نەورۆزی کورد لە باشوور.هاوکات لەگەڵ شاڵاوی مەرگو پرژاندنی تۆوی مەرگ بەسەر شاری حەڵەبجەو دەڤەری شارەزووردا، کۆمەڵەش بوو بە یەکێک لەقوربانیانی ئەم کارەساتەو لە٢٧ی رەشەممەی هەمان ساڵدا، ٧٢ پێشمەرگەی تێکۆشەری کۆمەڵە لە گوردانی شوان، بەهۆی کیمیابارانی رژێمی بەعس، خوێنیان تێکەڵاوی ٥ هەزار مرۆڤی بێ تاوانی هەڵەبجەو شارەزوو بوو.

بەڵام بە پێچەوانەی بیروباوەڕو ئاکاری نامرۆڤانەی دوژمنانی کورد، پیرۆزکردن و راگرتنی ئەم جێژنە پیرۆزە لەلایەن میللەتی کورد هەر درێژەی هەبووەو درێژەی دەبێت، هەر وەک چۆن بەدوای هێرشی عەرەبەکان و هاتنی ئیسلام بۆ کوردستان و هەروەها بەدوای رووخانی ئیمپراتۆری عوسمانی و چەند پارچەبوونی کوردستان لەنێوان دەوڵەتەکانی ئێران، عێراق، تورکیە، سوریەو رووسیەدا، داگیرکەران نەیانتوانیوە ئەو شێوازە کۆنەی مێدیاکان لەبیری کوردەکانی ئەمڕۆ بەرنەوە. هەرچەند دەوڵەتە داگیرکەرەکان بەدرێژایی مێژووی دەسەڵاتی زاڵمانەی خۆیان، هەوڵێکی زۆریان داوە تا ئەو کولتوور و دابو نەریتە لەبیری کوردان بەرنەوە و فەرهەنگ و شێوەی خۆیان بەسەر نەتەوەی کورددا بسەپێنن، دیارە هەول و تەقەلایان تەنیا خۆ ماندووکردن بووەو تا ئێستا بەجێگایەک نەگەیشتوون و هیچ کاتێکیش پێی ناگەن. دەبینین هەموو ساڵێک هاوکات لەگەڵ بەهارو جێژنی نەورۆز تەنیا چرۆی عەشق و خۆشەویستییە کە سەر لەهەرد دەردێنێت و شینایی ئازادییە کە شین دەبێتەوە و خونچەی ئاشتی و مرۆڤایەتییە کە دەکرێتەوەو موژدەی نەمانی کۆنەپەرەستان و رزگاریی گەلان دێنێتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی ئاسۆی کوردستان / رێکەوتی : ٢ی ئاوریلی ٢٠١١

# نەورۆز چییە

مامۆستا خالید ئەویندار

قەڵەمبازێ داوێین چونکە چی وای لێ نازانین،نزیکەی پەنجا هەزار ساڵی لێ هەڵدەبێرین چاخی ونی مێژوو بەناچاری جێ دێڵین و خۆدەبوێرین،دێین تا دەگەینە ئەو خول و دەورەی کە مێژوو دەڵێ: لە بناری کێوەکانی(زاگرۆس) گەلێکی ئازا نیشتە جێ بوون،بە کاری ئاژەڵداری بەرێ دەچوون،لە زێدی خۆ سەریان بە کاری خۆ قاڵ بوو.بەڵام لەو دیوی کێوی (قاف) یشگەلێکی دی لە بەر سەرما و بەستەڵەکێ ژینیان تاڵ بوو،بۆ لەوەڕێ ولسات و بەرزە و پەزیان خێڵ بەرەو ژێر روویان کردە ئەم وولاتە بژوێن و سازگارەی کە پڕ لە خێر و بێر ومال بوو،بە هۆی زۆری حەشیمەت و زۆر منداڵ بوون و لە بەر ساماندارێ و پەرداخیشیان وردە وردە بەسەریان دا هاتن زاڵ بوون.




مەبەستی من توێژینەوەی مێژوو نییە و بە ناخ دا چوونی ڕوداوان، بەڵکو گەرەکمە هەر ئەوەندە بخەمە بەر چاون کە ڕەنگە باپیرە گەورەکانی مە هەر ئەوخۆری(یا هور) یا نەبن کە لە هەزارەی سێهەمی پێش زایین دا،لەم کوردستانەی ئێستا دا،دەژیان لە پێ دەشت و ئەشکەوت و کاوان،

کە هۆزەکانی کۆچەری سەرما بردو هاتنە سەریان،لێیان داگیر کردن جێ هەوار و قۆرغ پاوان،بە هەڵکەویت بێ یا ئەنقەست،هێور هێور لە نێو خۆ دا تواندیاننەوە و دەسەڵاتیان گرتنە دەست.

لە چیرۆکی دیرۆکان دا مێژووی ئاوێتە بە ئەفسانە پێمان دەڵێ لەو ڕۆژگارە نالەبەری ئەو کاتی دا،حاکمێکی بە فێڵ و گەڕ،گزێرێکی خاوەن دەسەکاتی بەفەر،فەرمانی خەکی بە دەست بوو، لە بەر پەستی و پیاوخەراپی((ئاهورا مەزدا))ی مەزنی لێ وەڕەس بوو؛ ئەو زۆردارە بێ عارە تاوانبارەش((ئەهریمەن))ی پشتو پەناو هەموکەس بوو.خوای تاریکی و شەڕ و تاوان لەشایان شانی ماچ کرد،لە جێ ماچی دوو مار ڕوان.ئەمارە حەجمینیان بڕی،پزیشکی دە زۆری لێ کۆوەبون،هاتنە سەر ئەوەی بۆ ئارام بونەوەی ماران هەر مێشکی لاوان دەرمانە. جا هاتن نۆرەیان دانا؛ هەمو ڕۆژێ مێشکی دوو گەنجان لە چێشتخانە بکرێنە خۆراک،بۆ نەوسی بەهەڵپەی برسی ماری دە سەر شانی زوحاک.

کێردبە دەستی دلۆڤانی ئەژدەهاکی زۆر داری لاسار، بەرەبەرە ڕۆژێ یەکیان لەو دو لاوانە دەکرد ڕزگار،دەبوو ئەویش بروا بۆ بن بەرد وزندۆڵ و ئەشکەوتی چیا،بە گژ و گیا خۆ بە خێوکا.یەک یەک و دوو دوو یەکتریان دییەوە و ناسیەوە و کەوتنەوەی لایەک

بونەوە یەک هێزی هەڵچوو.لەو لاش پیاوێکی ئازاوەمەردی لەژین قاڵ بوو،دوا وەچەی وەجاخی کەون، دڵ و مێشک پڕ لە ڕاز وهیوا و خەون،ژۆست کەوتووی چەند ڕۆڵە کوژراو،کوورەی ڕقی هاتە جۆش و لەتاوی خۆی و گەلی بەش خوراوی زۆر بەتاو،هاواری کرد؛پڕ بە گەروی نەڕاندی،دڵی تازیەباران ئەو لەرزاندی.گوتی وەرن:وەدوام کەون،ئەگەر هەروا بچێتە پێشێ و درێژەی بێ،نەک هەر لاوان بگرە پیر وپەککەوتەش نامێنن تاخۆراکی ئەو مێشک خۆرە پەست و تەوەزەلانە پێک بێنن...

((کاوە))خۆی و کوتکی گران.بەروێنکەشی کرد ئاڵا و بوو بە نیشان، کەوتە پێشێ،خەڵک لە دوو،

بزووت بەرەو قەڵای سەختی زۆرداری دڕندەی بەدخوو.خۆی لێبادا بەهێزی باهۆی و پشت ئەستوور بەهێزی گەلی چەوساوەی دڵ بریندار،تێکی هاڕین مارو کەللەی سەری ئەژدەهاکی خوێن ڕێژی لاسار.

هەر لەو ڕۆژە هەتا ئێرە،هەمو ساڵێ،گەلی ژیان تاڵی ئێمە بۆ یادی ئەو قارەمانەی قەت نامرێ جەژن دەگرێ.

هەر چەندی بیر ورای دیش هەن بۆ ئەم جێژنە، دەڵێن:ئاگر دۆزرایەوە؛ مرۆ لەشایانی کردیە شایی.یانە ئێژن:نەورۆز جێژنی مەڕدارانە، کەبەرانیان تێبەرداوە(مێرەگان)ی بۆ گیراوە، پاش سەت ڕۆژیش کە خاتر جەم بوونە مەڕیان ساخەو بەرخۆڵەشێ تێدا گووراوە و کاتی زەنی گەیوەتێ(سەدە)یا وەکێ بۆ خۆندەڵێین (بێڵندانە)و لەپابوونەوەی زا و زێ و زیندوو بوونەوەی زەویدا(نەورۆز)کراوە بە جێژن. لە جێی خۆ دا ڕەنگە وابن،کە چی ئەم ڕایانە بۆ پشت پێ بەستنی بێ ئەم لا و ئەو لا نابن،چونکەئەم نەورۆزەی کە لای ئێمە وا پیرۆزە،ڕەمزی بەرزی بەرخۆدان و تێک هاڕینی داگیرکەر و زۆر دارانە کە بە بڕوای ئێمەی لێقەوماوی هەژار ئەو پەڕی حەز و تاسەیە وگەورەترین مەسەلەی ژیانە.

## شین و شایی

لە کۆنەوە،هەر لەو دەمەی را کە بەردی بنچینەی دەسەڵاتی((ماد))ان خزی و خانەدانی ئاوەدانی ماڵێ باون کەوتە کزی،تا کو ئێستاش قەت نەیار و داگیرکەران نەیان هێشتوە ئەم گەلە بێ داڵدیە سەری هەڵبڕێ و ئاهێکی گەرم و خۆشی دە دەروون و دڵی گەڕێ و...

گەلۆ...زۆر لە مێژە کورد لە ماڵ و هێلانەی بێگانە و تەریە و هەزاران جار لێر و لە وێ ڕاو نراوە،خانووی بە سەر دا ڕماوە و شار و گوندی تێک دراوە،قەلاچۆ کراوە و جوقەوابی لێ براوە،ئەو جار هاتوون میخەشیان لێ کێشاوە و لاساری دەبێکاری تاوانباریان دە گیانی بەرداوە،ئەوانیش ژینیان لێ کردۆتە ژان و شینی مەرگی ئازیزانیان پێ گێڕاوە.بە درێژایی چەند هەزار ساڵ وا چەمبەری شیوەنمانە کە گیراوە و سەتان کۆتەڵ ڕازاونەوە یەک لە یەکتر گورج و بڕتر،هەر لە مێژە کوێن دەبەرین،سۆرانی شین،سەر بە هەش و گەورەکانمان شانیان هەڵگری پەڵەیە و تەوێلیان ئامانجی پەنجەیە و سەر بەندی ئەو شەپۆرە پڕ لە کوڵەش شارە خنجیلانە ڕەش هەڵگەڕاوەکەی (گۆران) و (عومەرخاوەر)ی کلۆڵە،و مەرگە ساتە ساماناکەی خنکێنەری (هەڵەبجە)یە...

دەبێ مێژوو و جوگرافیای جیهان ناوی کەسی دی بزانێ کە وەک ئێمە قڕ کرابێ،ئاوا کێردی لە سەر ئەستۆ ڕاگیرابێ و بە درێژایی تەمەنی خۆی پێ و دەست و زمانی لە سندم و زنجیر و قفڵدابێ؛بەڵام! ئاوهاشمەردانە وێستابێ و نە فەوتابێ.؟!

پێشینیانمان گوتویانە((شین و شایی،دەستەوایی.)) کوردی جوامێری بە دەست و دڵ،ئەو پەندەی کردۆتە ئاڵقە و لە گوێی دایە،بە درێژایی ژیانی خۆی بە دۆست و ئاواڵ ماڵ و دەر و جیرانانی ماندوو بووە؛ شین و شایی دەگەڵ گێڕاون. بە قەدەر خۆی نا، بەڵکو زیاتر، لەخەمی خەڵکی دیکە دا بووە. مرۆ بووە و وەک مەردان و ئازایانە دەوپەڕی کوێرەوەری خۆی دا خەمی خەڵکی لە بەر بووە و شاییان شاگەشکەی کردووە . لە کۆریاوە تا خواروی ئەمریکا، لە سەهۆڵبەندانەکانی باکورەوە هەتا خوار خواری ئەفریقا، گشتی دیون؛ لێی ڕوانیون، هەر کەوتبنە بەر شاڵاوی دڕندانە یەخەی لە بۆ دادڕیون؛کە جێژنیان بووە وپێکەنیون ، ئەمیش لێرە خەنی بووە ...

ئای ...دنیا ...ی بێ وەفا!، ئەدی چۆنە جارێ لە جاران دەستەوایان نەداینەوە؟!!و لە هەمو کۆست و مەرگ و قەڵاچۆیان قەت جارێکیش لە سەرمان نەهاتنە جواب و بانگەوازی برایەتیان لێڕا نەیەشتین ؟ و ئێمەی ڕەنج بە خەساری پێ نەساینەوە...

لە ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاوا ڕا ، لە باکوور و باشوورەوە قڕیان کردوین، هەزاران کارەسای سامناکی پڕ لەجینایەتیان بەسەر هێناوین، هی دەدوور هەر هیچ، هەر ئەم دراوسێ دیوار بە دیوارەمان پێیان وانەبوو هەر هەشین. جائێمەی بێ کەس، ئێمەی ڕاهاتووی دەرد و ڕەنجی تاڵ، ئێمەی تەنیای بێدۆست ئاواڵ ماڵی خاس و ئاواڵ ؛ دەبوو خەمی و پەژارەی خۆ بەشێوەیەکی داپۆشین، بۆ سارێژ بوونی ئەو برینە قوڵانەی لەش و دەرونمان دەبوو شەربەتی وەنۆشین، هاتووین بە لەز بۆ زاخاوی ژەنگی دڵ و دامرکانی بوغز و کوڵی هەر ساڵەمان، هەرای برایەتیمان کردوە و جێژنی ( نەورۆز )مان گرتوە.

### کو ڕێز لە نەورۆزێ بگرین باشە؟:

وابەهارە: تۆز تەکاوە، لە ژەنگ و ژاری زستانی سڕ و سەرما و تۆف و زریانی دڕ، تێکشکاوە لەشکری بەفر و کرێوە ، لە ترسی گوڕەی شەماڵی لێک بڵاوە، بووکی بەهار بە نازەوە لاقی دە ڕکێفی ئەسبی ساڵ ناوە، ڕاوەستاوە، بەسیلەی چاوێ دەڕوانێ:لەڕەش بەڵەک و چیا و نزا ، لە سەمای کانی و ڕوبار.سڵ و شەرمن وا خەریکە دادەبەزێ؛ لە هەر ماڵ و ژوور کەوین دێتە بەر چاو، ژن و پیاو، وردە و مناڵ هەموو تەواو بۆ پێشوازی لە نەورۆز خۆ ساز دەکەن. جل وبەرگ پاک و خاوێن، بزە شیرن و خەم تاوێن، ماڵ وەک بووکی ڕازاوەیە، ئەو جێژنەیە، ئەو ئاهەنگە بۆ بەخێر هێنانی وەرزی سەوزی سروشتە و یاد بەخێری مەردی و ئازایی و دژێو بەزێنی (کاوە)یە.

هۆ خزمینە...! دەکۆوەبن، گڕی پیرۆز دا گیرسێنن، گەڕێ بگێڕن، بادەرونیش پاکەوەبن، هەرچی چەتی و جەپەڵی یە با ڕادرێن؛ پەلاسی ڕەشی ڕک وکینەش بادادڕێن دڵی ئێشاو پێکەوە با چاکەوە بن . دەس لە دەست و دڵ پێکەوە لە سەرەتای ئەم ساڵە دا تۆمێکی وا دابچێنین، خەرمانەکەی بەڕێژەو بێ و پڕ لە بزە و خۆشەویستی و لەبەروو بوومی بسێینەوە ئەوانەی وا تۆزی ژێر پێی

خزمەتکاری نیشتمان و دڵ بە پەلی ئەم خاکە وەبن. جا وا باشە ئێمەش هەستین ڕەگەڵ کەوین، ڕێگا دوورە و کاروان ماندوو ، باریش قورسە؛بالێی نەوین، هەر کەس بە قەت وزە و توانای تا لەو کەلە پڕلە کەند و کلۆ و سەختە سەر دەکەوین.

زامی دڵی پڕ لە کوڵی نیشتمانی داپیرەمان سارێژ دەبێ، جەرگی جەردەی نایاریش دابێژ دابێژ دەبێ هەر بە تیرێ، کە بەم شێوە تەرزە ڕێز لە نەورۆزی پڕ لە بزە و هات و خێری دەگیرێ.

هەمو ڕۆژتان نەورۆز و نەورۆزتان پیرۆز بێ.

سەرچاوە : وێبلاگی زمزیران / ڕێکەوتی : ١٢ی مارچی ٢٠١١

# پەیامی نەورۆز.

بێبەش پیرۆتی

مامە نەورۆز بە دڵێکی پر لە سۆز و بە باوەشی پر لە نێرگز و بە چاوی پر لە حەز و هیواوە بەرەو کوردستان، ئەو بەشە لە بەهەشتی سرووشت هاتەوە.

هاتەوە هەتا جارێکی دی وەک جاری جاران بە گوێی کورددا بخوێنی : رۆڵەکانم وەک چۆن نەتانهێشت ئاگری پر لە گڕی نەیار کوێرکەری من بکوژێتەوە،

وەک چۆن نەتانهێشت کوردستان لە ژێر پێ و سمی لەشکری وێرانکەری دەر و دۆڵ و کوێستان و مێرگ و کانی خاپوور کرێ ، وەک چۆن نەتانهێشت گوڕەی حەقخوازی بە چنگی ئەهریمەن لە گەرووی شۆرە لاواندا بخنکێندرێ، بەرۆک و داوێنتان دەگرم هەر ئاواش ریشەی لێک تەوەلایی و لێک نامۆیی و لێک بوونەوە لە بن بێنن.

یەک بن کە کاتی هەستانە. ئەمسال لە گەڵ هەورە گرمەی بەهارەکەم، لە گەڵ رێژنەی باران، لە گەڵ چاو کردنەوەی گەزیزەی بە ناز، لە گەڵ هاژەی تاڤگە و نەرمە ئاهەنگی کەروێشکەی ریستە، لە گەڵ وەرینی ... ئاخ... یەک یەک گوڵاڵەکان فریشتەی ئاوات چاو لە دڵدارانی دادەگرێ.

دەستم داوێنتان یەک بن، ئەوەی لێکی کردن هەنگاوەکانی بەرەو زبڵدانە بە ناوەکەیە. ئەوی لێکی کردن ئەوا خۆیان لێک دەبنەوە .

لە سەر سفرە حەوت سینەکەم سڵاو بنێرن بۆ دەستە چیلەکانی ئاگری خەبات، سپاسی پێشمەرگە بکەن، سەڵا و بانگی یەکبوون بدەن، سەری بەرزتان بەرزتر کەن و نیەتی نەسرەوتن لە نوی کەنەوە، سینگی ناهومێدی شەق کەن، سازی شادی لە ئێستاوە کووک کەن، سۆز و خۆشەویستی لە مەزرای دڵدا زیاتر بچێنن و سەربردەی پر لە کارەساتی خۆشتان لە بیر مەکەن.

نەورۆزەکەم هەر بە خێر بێی . قەدەمت خێر بی .

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان و کورد / رێکەوتی : ٢١ی مارچی ٢٠١١

# حامید گەوهەری:
# فیردەوسی بۆ ڕازیکردنی پاشاکانی ئێران، ئەو ئەفسانەیەی گەڵاڵە کردووە

دیمانە - ئارام قادری

نەورۆز لای کوردان بە جێژنەکی نەتەوایەتی کورد دادەنرێت و وەکوو دەگێرنەوە لەم ڕۆژەدا کاوەی ئاسنگەر بەسەر زووحاکدا سەردەکەوێت، بەڵام جێگای سەرسوڕمان ئەوەیە کە کاوەی کورد زووحاک دەکووژێت، بەڵام فەرەیدوونی فارس دەبێتە پاشا و دێتە سەر تەختی پاشایەتی. لێرەدا پرسیار ئەوەی کە نەورۆز کەی سەریهەڵداوە ؟ لە کوێ سەریهەڵداوە؟ چەندە دەتوانین پشت بە ئەفسانەی کاوە و زووحاک و فەریدوون ببەستین؟ لە سەردەمی ساسانییەکاندا نەورۆز چۆن بەڕێوەچووە؟ ئایا نەورۆز لە کەیەوە بووەتە جێژنی نەتەوەیی کورد؟ و کۆمەڵە پرسیارێکی تر.



بۆ ئەم مەبەستە پرسیارەکانمان ئاراستەی کاک حامید گەوهەری لێکۆڵەر و مێژوونووس دەکەین.

**دەکرێ پێمان بڵێی، مێژووی نەورۆز بۆکەی دەگەڕێتەوە و کەنگێ سەریهەڵداوە؟**

چۆنیەتی سەرهەڵدانی دیاردەی نەورۆز و مەبەست و ئامانجەکانی وەک مێژوو و بەسەرهاتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی نەتەوەی کورد بەتایبەتی ناڕوونە. هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە کە نوسەر و لێکۆڵەری کورد و بیانی پشتی پێوە ببەستێت و بە ڕاشکاویی ئاماژەی بۆ بکات و هۆ و مەبەست و ئامانجەکانی و مێژووی سەرهەڵدانی ڕابگەیەنێت. ئێرانییەکان بە ڕیزکردنی چەند ئەفسانەیەک، نەورۆز بە "جەمشید"ەوە دەبەستنەوە، بەبێ ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکیان لە فەرمانڕەوایی ئەو هەبێت، دەڵێن جەمشید کوڕی "تەهمورەس" چوارەمین پاشای شەدادیان بووە. دوکتۆر "جەواد برومەند سەعید" لە دوا لێکۆڵینەوەی خۆیدا دەربارەی جەمشید، لە لاپەڕەی ٢٠٠ی کتێبەکەیدا بە ناوی (نەورۆزی جەمشید) دەنووسێت: (کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرلە بەدەسەڵات گەیشتنی جەمشید، کۆمەڵگەیەکی دێوسالاریی بووە و دێوەکان حوکمیان بەسەر خەڵکدا کردووە و بەرهەمی ژیان و ڕەنجی ڕۆژانەی ئەوانیان تاڵان کردووە و خەڵکیان برسیی و ڕووت ڕاگرتووە.).

**جەمشید کێ بووە و ئێمە چەندە دەتوانین سەبارەت بە نەورۆز پشت بە ئەفسانەی جەمشید و کاوە و زوحاک و فەریدون ببەستین؟**

جەمشید کێ بوو ؟ کەی بەدەسەلات گەیشت ؟ چەند ساڵ لە حوکمدا مایەوە و کێ جێی گرتەوە؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە لە مێژووی ٢٥٠٠ ساڵەی پاشایەتی ئێران و ئەدەبیاتی فارسیدا، هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە. لەبەر ئەوە بەشێک لە لێکۆڵەرە ئێرانییەکان ناچاربوون بۆ سەلماندنی ڕا و بۆچوونەکانیان، پەنا بۆ شانامەی "ئەبولقاسم فیردەوسی ٣٢٥ - ٤١٦ زایینی"، شاعیری سەردەمی پاشایەتی "سوڵتان مەحمودی غەزنەوی ٣٨٧ - ٤٢١ " بەرن.

ئێمە ئەگەر بە وردی لە ئەفسانەی جەمشید بکۆڵینەوە، بەو ئاکامە دەگەین کە بەستنەوەی نەورۆز بە جەمشید، کاوە، زوحاک و فەرەیدونەوە لە مەبەستێکی تایبەتییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە فیردەوسی بە قازانجی چینی دەرەبەگ و بۆ ڕازیکردنی پاشاکانی ئێران، ئەو ئەفسانەیەی گەلاڵە کردووە و خۆشی یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەو چینە. لەلایەکی ترەوە، ئەگەر ئێمە چاو لە ئەفسانەی جەمشید بپۆشین کە "تەبەری" لە بەرگی پێنجەم لاپەڕەی ١٤٧٤ی سورەی سەبادا ئاماژەی بۆ دەکات و دەڵێت: (جەمشید یەکەم کەس بووە لە دنیادا کە داوای شایەتی لێکراوە و هەزار ساڵ حوکمی کردووە و لەو ماوەیەدا هیچ بەرهەڵستکارێکی نەبووە.) و بە گوێرەی بەڵگەنامە سەلمێندراوەکان بچینە پێشەوە، بەم ئاکامە دەگەین کە داب و نەریتی نەورۆز بۆ یەکەم جار لە سەدەی سێیەمی زایینیدا لە لایەن ساسانییەکانەوە هێنراوەتە ناو.

### نەورۆز لە لایەن ساسانییەکانەوە چۆن بەڕێوەچووە و چۆن براوەتە ناو فەرهەنگی ئێرانییەکانەوە؟

دوای شکانی ئیمپراتۆری ئاشور لە لایەن مادەکانەوە، دەوڵەتی میدیا دامەزرا و مادەکان لە ٧٠٠ - ٥٥٠ ی پێش زایین، بۆ ماوەی ١٤٥ ساڵ حوکمیان کردووە. بە شکانی "ئاستیاکس" دوا پاشای ماد کە ناوەندەکەی لە "ئەگباتانە - هەمەدان" بوو، لە لایەن "کوروش هەخامەنشی"یەوە، پارسەکان بەدەسەلات گەیشتن و دەوڵەتی پارسیان دامەزراند.

لە مێژووی کۆنی ئێراندا و لە سەردەمی زنجیرەی هەخامەنشی، ئەسکەندەری مەکدۆنی، سلوکی و ئەشکانییەکاندا، هەتا دەگاتە دەسەڵاتدارییەتی ساسانییەکان لە ساڵی ٢٢٦ ی زایینیدا کە ئەوانیش بە گوێرەی مێژووی ئێران، کوردی هەرێمی کرماشان و خانەقین بوون، بەجێهێنانی داب و نەریتی نەورۆز تەشەنەی نەکردبووە ناو فەرهەنگ و کلتوری پارسەکانەوە و بۆ یەکەم جار ساسانییەکان نەورۆزیان کردە باو لە ئێراندا، ئەویش نەک بەشێوەی ئەفسانەی کاوە، زوحاک و هتد... کە فیردەوسی ٤٠٠ ساڵ دوای هەڵوەشانی زنجیرەی ساسانی نوسیویەتی، بەڵکوو بە چەشنێک کە لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا باو بووە. دوکتۆر جەواد برومەند سەعید لە لاپەڕەی ٢٤٣ - ٢٤٤ ی نەورۆزی جەمشیددا دەنووسێت:

- (دوای جەمشید بە شێوەیەکی بەردەوام ئاماژە بۆ پیرۆزکردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە سەردەمی پاشایەتی گەشتاسب، بەهمەن و دارا، واتە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشت دا نەکراوە و لەم بارەیەدا هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە. لە سەردەمی ئەشکانییەکانیشدا باس لە پیرۆزکردنی نەورۆز نەکراوە. ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت و باسی لێوە بکات، بەجێهێنانی نەورۆز لە سەردەمی ساسانییەکان دایە و ئەوان ڕێوڕەسمی نەورۆزیان بەجێهێناوە. بۆ ئەمەش چەند ڕۆژ بەرلە دەستپێکردنی نەورۆز، بە دەهۆڵ و زورنا خەڵکیان ئاگادار کردووەتەوە کە دەرگای پاشا لە نەورۆزدا بۆ پێڕاگەیشتن بە داواکارییەکانی خەڵک کراوەیە. پاشاکان ساسانی، ڕۆژی نەورۆز بە بەرگی ڕەسمیی لەسەر تەخت دادەنیشتن و خەڵک دەچوونە لایان و دیارییان بۆ دەبردن و

داواکارییەکانیان پێڕادەگەیاندن. ساسانییەکان ٤١٦ ساڵ حوکمیان کرد و سەرئەنجام "یەزدگوردی سێیەم" دوا پاشای ساسانی، بە دوای زنجیرە شەڕێکی دژوار، لە لایەن عەرەبەکانەوە شکا و دەسەڵاتدارییەتی ئیسلام جێی گرتەوە.).

ئەبولقاسم فیردەوسی بە چ مەبەستێک نەورۆزی لە قالبی ئەفسانەی جەمشید، زوحاک، کاوە و فەرەیدوندا گەڵاڵە کردووە؟

وەک دەزانین لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی عەرەبەکانیشدا ڕێوڕەسمی نەورۆز بەجێنەهاتووە. کەوابوو لەوە دەچێت فیردەوسی ڕاستییەکی مێژوویی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی کمبوجیە، بردیا و داریوشی کوڕی وێشتاسبی هەخامەنشی لە قالبی ئەفسانەیەکدا بە ناوی جەمشید، زوحاک و کاوە گەڵاڵە کردبێت. بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە، پێویستە سەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە ژیانی پاشاکانی هەخامەنشی بکەم .

کوروشی هەخامەنشی دوو کوڕی هەبووە بە ناوی "بردیا و کمبوجیە". دوای مردنی کوروش، کمبوجیە کە بچووکتر بووە لە بردیا، جێی باوکی دەگرێتەوە. کمبوجیە بۆ داگیرکردنی وڵاتی میسر لەگەڵ فەرماندەکانی سوپا و لەشکری پارس هێرش دەکاتە سەر ئەو وڵاتە و لەوێ دەبێت کە بەگوێرەی مێژووی ئێران، ئەندامێکی بارەگای پاشا بەناوی "کنومات" کودیتا دەکات و بردیای برای کمبوجیە دەکوژێت و دەسەڵاتی ئێران دەخاتە دەست خۆی. دوای تێپەڕبوونی ٧ - ٨ مانگ بەسەر ئەو ڕووداوەدا، داریوش و لایەنگرانی دەچنە سەر کنومات و لەناوی دەبەن و داریوش دەبێتە شای ئێران. بەپێی مێژووی کۆنی ئێران، داریوش بەو شێوەیە بە دەسەڵات گەیشتووە لە ئێراندا. بۆ زانیاریی پتر لە سەر ئەو ڕووداوە، باشترە گوێ لە شاعیر و نوسەری ناوداری ئێرانی ئەحمەد شاملو بگرین. ناوبراو لە کۆنفرانسێکدا لەژێر ناوی "ئێران لە سەدەی بیستەمدا" کە بەهاری ساڵی ١٩٩٠ لە زانکۆی "برکلی سانفرانسیسکۆ" لە ئەمەریکا بەڕێوەی برد، دەربارەی نەورۆز و ئەفسانەی کاوە و زوحاک گوتی:

- هەموو دیکتاتۆرەکان لەمەدا هاودەنگن کە مێژوو بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. لە ئاکامی ئەو دەستێوەردان و گۆڕانکارییانەدا، ئەمڕۆ ئێمە بە داخەوە شتێکمان بە ناوی مێژوو لە دەستدایە کە لە کۆمەڵێک درۆ و هەڵبەستراوی پروپووچ پێکهاتووە کە قەڵەمبەدەستە ماستاوکەرەکانی بارەگای پاشاکان، لە سەردەمە جیاوازەکاندا کۆیان کردووەتەوە. نموونەی سەرنجڕاکێشی ئەو جۆرە پێچەوانە پێشاندانانە، داستانی فەریدون، کاوە و زوحاکە. دەزانین کوروشی هەخامەنشی دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی بردیا و کمبوجیە. دوای مەرگی کوروش، کمبوجیە بە هاودەنگیی فەرماندەکانی سوپا و کاربەدەستانی دەربار و گەورە پیاوانی ئایینی و بەگزادەکان، جێی باوکی گرتەوە و چووە سەر تەختی پاشایەتی ئێران. هۆی ئەوەی کە بردیا جێی باوکی نەگرتەوە، ئەوە بوو کە ناوبراو مرۆڤێکی عادڵ بوو. بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری مێژووییمان بەدەستە. ئەو بەڵگەیە، بەردە بزمارییەکانی "بێستون"ە کە بە فەرمانی داریوشی بە ڕەواڵەت قاتڵی "کنومات"ی داگیرکەر هەڵکەندراوە. من سەرەتا دێڕێکی ئەو بەردە بزمارییەتان بۆ دەخوێنمەوە کە نوسراوە: (من، داریوش، کێڵگە، زەوی، کەلوپەل و کۆیلەکانم گەڕاندەوە بۆ خەڵکی ئازا. من، ئەو شتانەم گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان کە لە پارس و ماد و وڵاتانی تریان داگیرکردبوو.) ئەو خەڵکە ئازایە کێ بوون کە داریوش لە بەردە بزمارییەکانی بێستوندا ئاماژەیان بۆ دەکات؟ تۆ بڵێی ئەوانە جودا لە کاربەدەستانی بارەگای داریوش، فەرماندەکانی سوپا و بەگزادەکان بووبن؟ داخوا ئەو کەسە کێ بوو کە موڵک و زەوی، کەلوپەل و کۆیلەی بەگزادەکانی زەوت کردبوو کە داریوش سەرلەنوێ

ئەوانی گەڕاندووەتەوە بۆ خاوەنەکانیان؟ مەسەلەی ئەسڵیی ئەمەیە کە "کنوماتی مغی" هەرگیز بوونی نەبووە و ئەو کەسەی لە لایەن داریوش و لایەنگرانییەوە کوژراوە، هەمان بردیا برا گەورەی کمبوجیە و کوڕی کوروشی ئامۆزای بووە. بردیا لە نەبوونی کمبوجیە و چینی باڵا و بەگزادەکاندا کە لە میسر خەریکی دزیی و ڕاوڕوت بوون، کەڵکی وەرگرتووە و دەسەڵاتی خستووەتە دەست خۆی و دوای ٧ - ٨ مانگ بەدەست داریوش و لایەنگرانی کوژراوە. بردیا هەرکە دەسەڵات دەخاتە دەست خۆی، بە پەلە چەند کارێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات کە بۆ داریوش و بەگزادە پیلانگێڕەکانی دەوروبەری قبوڵ ناکرێت. "هیردۆت" مێژوونوسی یۆنانی ئاماژە بەو کارانە دەکات کە بردیا لەو ٧ - ٨ مانگەدا ئەنجامی داون و دەڵێت : (گەلێک ئیشی باش و خێرخوازانەی ئەنجامدا، بۆیە مەرگی ئەو لە هەموو ئاسیای بچوکدا دەنگی دایەوە و بە تاوانێکی نەتەوەیی ناوبانگی دەرکرد و خەڵک بۆی خەمبار بوون. یەکێک لەو کارانەی، بە وتەی هیردۆت بەخشینی سەربازیی کردنی زۆرەملێ و بەخشینی باجی گشتیی بوو بۆ ماوەی سێ ساڵ.)

بەردە بزمارییەکانی بیستون ئەوە دەسەلمێنن کە مەسەلەکە زۆر لەوە قوڵترە کە باسی لێدەکەن. لە نووسراوی بێستوندا ناوی زەوی و کێڵگە و کەلوپەل دەبینرێت کە داریوش ئەوانی داوەتەوە بە بەگزادەکان و خەڵکی ئازا و فەرماندەکانی سوپا. کەوابوو دەردەکەوێت بردیا کۆیلەیەتی یاساخ کردووە و تەنانەت موڵک و ماڵ و دارایی بنەماڵەکانی چینی باڵای زەوتکردووە و دابەشی کردوون بەسەر چینی هەژاردا و داریوش ئەوانی گەڕاندووەتەوە بۆ خەڵکی ئازا! هاوکات لەگەڵ ئەو کارانەی داریوش دا، قەیرانێکی سامناک هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوریی وڵات دادەگرێت و کار دەگاتە جێیەک کە سێ ڕاپەڕین بە ناوەکانی ڕاپەڕینی "پرادا و فرورتیش و پارت" سەرهەڵدەدەن. داریوش زۆر بێبەزەییانە ڕاپەرینەکان لە خوێن دەگەوزێنێت و لە ڕۆژێکدا لە بابل سێهەزار (٣٠٠٠) کەس لە ڕێبەران و ڕاپەریوەکان لە سێدارە دەدات.

بڕواننە نووسینی داریوش و بزانن لە بەردە بزمارییەکانی بێستوندا دەربارەی "فرورتیش" چیدەڵێت: (ئەویان بە زنجیرکراوی هێنایە لام، من بەدەستی خۆم گوێنەکان و لوتیم بڕی و چاوەکانیم دەرهێنا. کاربەدەستانی بارەگا ئەویان لەسەر پێ ڕاگرتبوو، هەموو خەڵکی ئازا، چاویان لێبوو. دوای ئەوە بە فەرمانی من لە ئەگباتانە بە سەری سەرنێزەیانەوە کرد و لایەنگرانیان لە زیندانەکاندا لە سێدارە دا.) پێچەوانە کردنی ڕووداوەکان مێژوویەکی درێژی هەیە. هەموو نەوشیروان "ئەنوشیروانی عادل" دەناسن و دەزانن چۆن حەرامزادەیەک بوو. ئەو تەنها لە یەک ڕۆژدا سەد و سی هەزار (١٣٠٠٠٠) کەسی لە "موزدەکیان" کوشت و لە هەموو وڵاتدا ئەوانی سەراوبن هەتا پشتێن خستە ناو چاڵاوی پڕلە گەچەوە. لایەنگرانی بۆ ئەوەی کە ئەو شەرمەزارییەی پاک بکەنەوە، وشەی "عادل"یان خستە پاڵ ناوەکەیەوە و ئەمڕۆ مرۆڤ کە ناوی نەوشیروان دەبیسێت، بە ناچاریی وشەی عادلی لە مێشکدا زەق دەبێتەوە.

هەموو ئەوانە پێشاندەری ئەوەن کە زوحاک لە سەردەمی دەسەڵاتداریی خۆیدا کە گوایا لەنێوان سەڵتەنەتی جەمشید و فەریدوندا بووە، سیستمی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا لەناو بردووە، دیارە ئێمە بە هەندێک لە دابەشکردنەکانی چینایەتی لە سێهەزار ساڵ لەمەوبەر دەزانین. ئەفسانەی زوحاک لە مێشکی ئەو کەسانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە خاوەنی بەرژەوندی چینایەتی بوون. دەزانین کە فیردەوسی هەتا پێنج ساڵی دوایی تەمەنی، دەرەبەگێکی خاوەن ئاژەڵ بووە، بەڵام دواتر بەهۆی وشکە ساڵییەوە لە دەستی چووە. دەبینین فیردەوسی، یان کەسێکی تر بۆ فریودانی خەڵک ئەو ئەفسانەیەی بە قازانجی چینێک گێڕاوەتەوە و ئەویش بەو شێوەیە لە شانامەدا نوسیویەتی. ئەمە ڕوونە کە لە ڕوانگەی چینایەتییەوە سیستمی حوکمڕانیی زوحاک مەحکوم و کردووەی

شۆڕشگێڕانەی کاوەی ئاسنگەری بێبەخت لە مافی کۆمەڵایەتی، دەبێت لە سەروبەندی سەرکەوتندا، تەنیا کەوڵە دڕاوە ئاسنگەرییەکەی بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵ، بە نیشانەی یەکیەتی درزهەڵنەگری نێوان پاشا و خەڵک بێتە ئاڵای سەڵتەنەتی و فەریدون کە لە چینی بەگزادەکان بووە، دەسەڵات بگرێتە دەست و کۆمەڵگە بگەڕێنێتەوە سەر جێی پێشوی. فیردەوسی لە بەشی یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ کار و کردەوە کۆمەڵایەتییەکانی زوحاک ناکات و تەنها دوو مار لەسەر شانەکانی دەروێنێت کە بۆ ئارام ڕاگرتنیان ڕۆژانە مێشکی دوو کەسیان دەرخوارد دەدات و بەم جۆرە مافی زوحاک دەخاتە ناودەستی. شاملو لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت ئێستا ئێوە بچن دەربارەی ئەو مەسەلەیە لە فیردەوسی بپرسن کە بۆچی دەبێ بۆ ئامادەکردنی دەرمانی ئەو زامە، سەری مرۆڤ ببڕن و بۆچی کەڵکیان لە مێشکی سەری تازە مردوویەک وەرنەگرتووە؟

قەڵەم بەدەست دوژمنە و ئەگەر ئێوە بە تەنها سەرنج بدەنە بەشی پاشایەتی زوحاک لە شانامەدا، بێگومان شتێکتان دەست ناکەوێت و هەر ئەوەندە دەبینن کە کەسێکی ماربەشان هاتووەتە سەر تەختی شایەتی و ناچار بووە بۆ ئارام ڕاگرتنی مارەکانی سەرشانی مێشکی سەری لاوانیان بداتێ. بەم جۆرە خەڵک وەزاڵە دێن و لە ڕاپەرینێکدا لە ناوی دەبەن و فەرەیدون لەجێی دادەنێن و قارەمانی ئەسڵیی شۆڕشەکەش کە ئاسنگەرێک بووە، کەوڵی دڕاوی ئاسنگەرییەکەیان کردووەتە ئاڵا و بەدارەوە هاڵیانواسیوە.

فیکر نەکەنەوە کە فیردەوسی ئاگاداری ئەوە نەبووە کە بۆ شۆڕش کردن، مرۆڤ پێویستیی بەوە نییە کە شتێک بەسەری دارێکدا بکات، ئەو بە زانیارییەوە ئەوەی نوسیوە و کەوڵی دڕاوی کاوەی بۆ ڕۆژانی دوایی پێویست بووە کە بە نیشانە و هێمای یەکیەتی لەنێوان چینی تالانکەر و تالانکراودا بیکاتە "درفش کاویان" واتە ئاڵای پاشاکان و بە بۆنەی سەرکەوتنیان لە شەڕەکاندا زێر و جەواهیراتی پێوە هەڵواسن، بەڵام کە دەگەینە بەشی پاشایەتی فەریدون، تازە هۆشیار دەبینەوە و تێدەگەین مارەکانی سەرشانی زوحاکی چارەڕەش بیانوو بووە و ئەوەی فیردەوسی لە خەڵکی شاردووەتەوە، دژایەتی کردنی زوحاک بووە لەگەڵ چینی دەسەڵاتداری سەرەڕۆ. هەروەها بە سەرسوڕمانەوە تێدەگەین کە ئاسنگەرە قارەمانەکەی سەردەمی زوحاک بەرەڵایەکی گۆپاڵبەدەستی بێمێشک و خاین و تاوانبار بووە بە چینی خۆی.

چاو لەوە دەپۆشین کە ڕاپەرینی خەڵک دژی زوحاک بە کردەوە ڕاپەرینی ئازادکراوەکان لە قەید و بەندی کۆمەڵگەی بەناو بەگزادەکان بووە و بە پیلانی ئەوان ڕاپەرین ئەنجامی گرتووە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی دوای سەرکەوتنی ڕاپەرین، فەرەیدون لەسەر تەختی پاشایەتی دانراوە؟ تەنها لەبەر ئەوە بووە کە فەریدون لە بنەماڵەی پاشاکان بووە و بە وتەی فیردەوسی شکۆ و جەلالی پاشایەتی ئاوێتەی بووە، واتە خوێنی سەڵتەنەتیی لە دەمارەکانیدا بووە کە فیردەوسی گەلێک جار ئاماژەی بۆ دەکات.

### چۆن بەڵگەیەک هەیە لەسەر شوێنی سەرهەڵدانی نەورۆز و تەشەنەی کردنی بۆ ئێران؟

گومان لەو ڕاستییە ناکرێت کە دیاردەی نەورۆز لە هەرێمی کوردستاندا سەریهەڵداوە و بەرهەمی کشتوکاڵییە و ئەگەر وردتر بۆی بچین، دەبینین بە گوندی "زاویتە"ی شانەدەرییەوە بەستراوەتەوە کە بە گوێرەی بەڵگەنامە سەلمێنراوەکان، دوازدە هەزار ساڵ لەمەوبەر، ژیانی تێدا کراوە و ئامێر و کەرەستەی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی زەوی لێ بەکارهێنراوە. ئەوکاتە، لە کۆتایی مانگی

ڕەشەمەدا بە گۆڕانی جەو و لەناوچوونی سەرما و سۆڵە، گەڕانەوەی باڵندە کۆچەرەکان بۆ ناوچە، داکشانی تیشکی خۆر و کورتبوونەوەی شەوانی سارد و تاریک، دانیشتوانی شانەدەر لە ئەشکەوت هاتوونەتەدەر و بە زەوی و چیاکاندا بڵاوبوونەتەوە و دەستیان بە ژیانی نوێ، ڕۆژی نوێ و کاری نوێ کردوە. گیا و سەوزەی بەهارییان چنیوە، زەویان کێڵاوە و بەو بۆنەیەوە جەژنیان گرتووە و خواردنیان لە گیا و بەرهەمەکانی بەهاریی و گۆشتی ڕاو دروست کردوە.



ئەشکەوتی شانەدەر- وێنە حامید گەوهەری

لەو ساڵانەی دواییدا پاشماوە و بەڵگەنامەی "خولی یەکان" لە کوردستان دۆزرایەوە. هەرچەندە هەتا ئێستا بە تێروتەسەلی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە، بەڵام ڕوسەکان و ئەڵمانییەکان لە هەشتاکاندا ئەوەندەیان لەسەر کۆڵییەوە کە خولییەکان ڕۆژی دووەمی خاکەلێوەیان بە سەری ساڵی تازە و ڕۆژی نەورۆز داناوە. خولییەکان لە هەزارەی دووەمی پێش زاییندا لە ناوچەکانی پشدەر و گۆلی وان و نەینەوادا نیشتەجێ بوون و بە دەیان لەوحەی دانسقەیان لە "گاسوری یورغان تەپە" و قەڵای کەرکوک لێ دۆزراوەتەوە. دۆزراوەکان دەسەلمێنن کە نەورۆز هیچ پەیوەندییەکی بە ئەفسانەی جەمشید و کاوە و زوحاک و فەریدەن و دەوڵەتی ماد و پارسەوە نەبووە. ئەفسانەی گەلاڵەکراوی فیردەوسی وەک ئەحمەدی شاملو ئاماژەی بۆ دەکات، لە ڕووداوەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی لە سەردەمی کمبوجیە، بردیا و داریوش وەرگیراوە، نەک لە بەڵگە و دیکۆمینتەکانی سەرچاوەی سەرهەڵدانی نەورۆزەوە.

لە ڕاستیدا نەورۆز لە کوردستانەوە تەشەنەی کردووەتە ئێران، هیند، پاکستان، ئەفگانستان، چین، تاجیکستان و ئوزبەکستان و....تد و لە هەر کام لەو وڵاتانەدا ئاوێتەی داب و نەریتی ئەو جێیانە بووە و هەرکامەیان شتێکیان لێ زیاد یان کەم کردووەتەوە. لە کوردستان دابی میرمیرێن، هەتەرێ و مەتەرێ، ئاگرکردنەوە لەسەر ترۆپکی چیاکان، لەبەرکردنی جلوبەرگی نوێ و چوون بۆ سەیرانگە و ژەنینی دهۆڵ زوڕنا و شایی و هەڵپەڕکێ، بەسەر کردنەوەی خزم و دۆستان و خەڵکی هەژار، چوونە سەر گۆڕی کۆچکردووەکان باو بووە. لەو چوارچێوەیەدا لە دوا چوارشەممەی دوا مانگی زستانەوە خەڵک بە ژەنینی دهۆڵ و زوڕنا بەرەوپیری نەورۆزە چوون.

### نەورۆز چۆن بە جەژنی نەتەوەیی کورد ناسرا؟

گەلی کورد لە سەدەی بیستەمدا، بەهۆی دەرد و ئازاری بێوچان و نەپساوەی کە لە داگیرکەرانی کوردستان دەیچێژت، بە شێوەیەکی نوێ ڕوانییە جەژنی نەورۆز و ئەوی خستە خانەی هێمایەکی نەتەوەیی و بەرخۆدان، دژی داگیرکەرانی کوردستان. پیرەمێرد شاعیر و ڕۆژنامەنوسی دەسترەنگینی کورد، بەم بۆنەیەوە ساڵی ١٩٤٨، بە دوای هێرشی چەکدارەکانی حکومەتی ئەوکاتی عێراق بۆسەر

خۆپیشاندانی خەڵک لە سلێمانی و شەهید بوونی کچێکی کورد، سرودی جەژنی نەورۆزی دانا. ڕۆڵە نەبەز و تێکۆشەرەکانی کورد هەموو ساڵێ لە گۆشە و کەناری ئەم جیهانەدا، جەژنی نەورۆز بەو سرودە نەتەوییەی پیرەمێرد پیرۆز دەکەن.

ئەم ڕۆژە ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بە هاتەوە
چەند ساڵ، گوڵی هیوای ئێمە پێبەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو ڕەنگە سورە بوو کە لە ئاسۆی بلّندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عشق ئەچوون بەرەوپیری مەرگەوە
وا ڕۆژهەلات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گولە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین ...

دیمانە: ئارام قادری

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕۆژهەڵات تایمز / ڕێکەوتی : ٢٩ی مارچی ٢٠١١

# نەورۆزو مێژووی نەورۆز: لێکدانەوەیەکی زانیاری و فەلسەفی

جەمال بابان

پیرەمێردی نەمر دەڵێت: (منداڵ بووم، لای (مەلا حسێنە گۆجە) ئەمخوێند، کەدەگەیشتینە دەمەو بەهار، مامۆستا دەیوت بڕۆن



(نەورۆزانە بێنن) ئێمەش بەسەر دایکمانا ئەگریاین، سادایک و باوکمانیش، هەرچییەک لەباردابوایە (چەرمی) (قرانی محە شایە) (پەنابات) دەیاندایێ، ئەمانهێنا، ئەویش بەشی خۆی لێهەڵدەگرت و یەکی (قەمەری)یەکی دەدایێ، دەچووین لەمزگەوتی شێخ ئەوڕەحمانی شێخ ئەبوبەکر (واتە مزگەوتی بابا عەلی قەرەداغی کەئەوڕەحمان پاشای بابان دروستیکردووە-ج.ب) شێخ ئەولا سووری دۆڵپەمووی خەتی خۆش بوو نەورۆزنامەی بۆ دەنووسینەوە :

نوروزشد، نوروزشد، نوروزی ما، فیزوشد بابا، بده نوروزیم، تا برخوری ازروژیم

واتا نەوروزمان پیرۆز، بابە بدە نەورۆزانە، تا بەریخۆی لەڕۆژانەم، مامۆستای خوالێخۆش بوو (حیلمی عەلی شەریف لەکتێبی: داستانی نەورۆزو نەورۆزی کوردستان کەساڵی ١٩٩١ لەبەغدا چاپکراوە، دەڵێت:

پێویستە نووسەرو مێژوونووسانی کورد لەسێ لایەنەوە بڕواننە ئەم ڕۆژە بەنرخ و گرانبەهایە: یەکەمیان نەورۆزو داستانی نەورۆز لەنێو گەلانی ئارییایدا، کە بناغەو پایەیەکی قایم و لەبیرنەچووەی دامەزراندووەو پرشنگی خۆشی و بەختیاری و ڕووناکی تیابلاوکردۆتەوە، دووەمیان نەورۆز داستانی ئەفسانەپۆشی کاوەی ئاسنگەر لەناو کۆمەلانی خەڵکی کوردستانا کە بۆیە مەشخەڵ و نیشانەو سەرمەشقی جوامێری و نوێخوازی وکامەرانی و بڕوا بەهێزی شۆڕشگێڕانەی جەماوەرو ئومێد پەیداکردن بەسەرکەوتن، سێیەم: داهاتنی وەرزی بەهار، کەژیانی کۆمەلانی خەڵکی کوردستان لەسەرماو سۆڵەو بێ دەرامەتییەوە گواستۆتەوە بۆ ئاستێکیتر.

### نەورۆزو داستانەکەی لەنێو گەلانی ئاریدا:

لەڕاستیدا مێژووی نەورۆزی گەلانی ئاریایی کەگەلی کوردیش یەکێکیانە زۆر لەمێژووی نەورۆزی گەلی کورد کۆنترە، نەورۆزی گەلانی ئاری لەو ڕۆژەوە دەستپێدەکات کە کۆمەلانی خەڵکی ئاریا زەمین، تازە لەرژێمی ژیانی ساکارو سەرەتایی ڕزگاریان بووەو پێیان ناوەتە قۆناغێکی نوێی ژیانەوە، لەفەرهەنگی (برهان قاگع)ی فارسیدا دەربارەی نەورۆزوا هاتووە دەڵێ: (واتای نەورۆز، ڕۆژی نوێ دەگەیەنێت، ئەمیش دوانە نەورۆزی گشتی و نەورۆزی تایبەتی، گشتییەکەیان دەکەویتە یەکەم ڕۆژی مانگی (فەروەردین) کەتیشکی ڕۆژی تیا دەگاتە یەکەم خاڵی (کەلوی بەرخ- برج الحمل) ئیتر یەکەم ڕۆژی بەهار دەستپێدەکات، وتراوە کەخوای بزورگ

لەو رۆژەدا (کائنات و ئادەمی دروستکردووە)، بۆیە بەم رۆژەیان وتووە رۆژی نوێ، هەندێکیش دەڵێن کە جەمشیدی یەکەم ناوی (جەم) بووە، سەیری جیهانی کردووەو کە گەیشتۆتە (ئازربایجان) وتویەتی: تەختێکی جەواهیر بەندی لەشوێنێکی بڵندی بەرەو رۆژهەلات بۆ دابنێن، خۆشی و تـانجێکی جـەواهیر بەنـدی رازاوەی کردۆتەسەرو لەسەر تەختە جـەواهیر بەندەکە دانیشتووە، کەتیشکی خۆر هەڵهاتووەو لەتانج و کورسییە جەواهیر بەندەکەی داوە، بریسکەو پرشنگی هێجگار رۆشن و جوانی داوەتەوە.. بەمە خەڵکەکە زۆر شادبوون و وتوویانە ئەمە رۆژی نوێیە، سەبارەت بەوەش کە بەزمانی فارسی بە تیشک دەڵێن (شید) ئیتر وشەی شیدیان خۆستۆتە پاڵ وشەی جەم و پێیان وتووە (جەمشید)و ئەو رۆژەشیان کردووە بەجەژنێکی گەورەو هەموو ساڵێک لەو رۆژەدا جەژنیان کردووە.

بـەلام نـەورۆزی تایبـەتی رۆژێکـە، نـاوی ئـەو رۆژە (خـورداد)ەو دەکەوێتـە شەشـەم رۆژی مـانگی (فـەروەردین) لەهـەمان رۆژدا دیسانەوە جەمشید تیایا چۆتە سەر تـەخت، کەسانی نزیک لـەخۆی کۆکردۆتـەوەو رەفتـاری چاک و جوانی لـەو رۆژەدا بـەکارهێناوەو وتوویەتی: خوای گەورە ئێوەی دروستکردووە، دەبێ بەئاوی پاک خۆتان بشۆن و بـۆ خـودا بـەچۆکابێن و بەسوپـاسی ئـەو خـەریک بـن و هەموو ساڵێک لەهەمان رۆژدا ئەو رەفتارە بکەن، لەبەرئەوە ئەو رۆژە ناونراوە نەورۆزی تایبەتی.

### نەورۆز لەئەدەبی گەلاندا

مامۆستا حیلمی عەلی شەریف خوالێخۆشبوو: ئاماژە بۆ نووسینە بەنرخەکەی خوالێخۆشبوو شوکر مستەفا دەکات کە لەدەفتـەری کوردەواریـدا بلاویکردۆتـەوە دەڵێـت: بـەگوێرەی ئـەو بەڵگـەو رێ و شـوێنەی کەئێسـتا رۆژهەلاتناسـەکان و مێژووناسـەکانی هـەموو هێناویانەتـە بەرهـەم. وادەردەکەوێت کەئاریایی نەژادەکان حەوت جەژنی سەرەکیان هەبووە (نـەورۆز، میهرەگـان، سـەدە، تیرەگـان، پەروەردگان، کۆسەو..هتد) بەلام نەورۆزو میهرەگان هەرە گەورەترین و پیرۆزترین جەژنیان بووەو دەڵێت: یەکەم هـەموو نەتەوەیەکی ئاریایی نەژاد نەورۆزی بەهی خۆیان دەزانن.

دووەم: هەر نەتەوەیەک بەگوێرەی پلەی قۆناغی مێژووی خۆی و قەوارەو چوارچێوەی هەستی نەتەوەیی خۆی داپڕشتووە.

دەربارەی نەورۆزیش لەدوای بلاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام مەلا شوکر دەڵێت: (تـاماوەیـەک رێورەسمی نـەورۆز کزبـوو تـاحەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی زۆر بەگەرمەوە ئەم رێورەسمەی کردووە بەعادەت وەکو شاکانی ئاریا زەمین لەنەورۆزو میهرەگـانا دەست و دیـاری و بەخشینی وەردەگرت. هەروەها خەلیفە (المامون) بایەخی بەنەورۆزداوە، لەدیوەخانی خۆیـدا باسـی کـردووەو دیـاری تیـا وەرگرتـووەو عەبـدوڵلای کـوڕی تـاهیریش یـەکێک بـووە لەوانـەی نـەورۆزیان لـەناو موسڵمانانا زیندوکردۆتـەوەو هـەروەها لەگـەڵ نوسین و شیعری شـاعیرە گـەورەکانی عەرەبـدا باسـی نـەورۆز بـەرچاو دەکـەوێت. وەکـو (جـەریر، بوحتـوری، عـەلی کـوڕی یـەحیای مونـەجیم، جـاحیز، مەسعودی، بەیروتی و جەوالیقی). نموونەی باسکردنەکانیانی لەوتارەکەیـدا هێنیوەتـەوە. دوای ئەمـە خوالێخۆشبوو مامۆستا شەریف دەڵێت: ئەگەر سەرنج بدرێتە جەژنەکانی گەلە ئارياییە نەژادەکانی ولاتـانی هندستان و پاکستان و ئێران و ئەفغانستان و بلوچستان و ئازربایجـان. بۆمـان دەردەکـەوێت کەگـەلانی ئـەم ولاتـانە هـەموویان نـەورۆز بەجـەژنێکی خۆشی بایەخداری خۆیـان دەزانـن و هـەموو ساڵێک بەئاهەنگ و خۆشی بیرەوەری ئەم رۆژە دەکەنەوە، کەبەلێکۆڵینەوەی سەرچاوەو دیاردەکانی دەگەینە ئەو ئەنجامەی بڵێین

دوولایەنی سەرەکی لەهەڵبژاردن و ئەم رۆژە بەجەژن بەجەژنکردندا بەدی دەکرێ. لایەنێکی سیاسی کەوا جەمشید یەکەم پاشابووەو رژێمێکی پاشایانەی دامەزراندووەو هاتووەتە سەر تەخت بەپێی کۆمەڵە دەستوورو یاسایەک، ژیان و گوزەرانی سیاسی کۆمەلانی خەڵکی ئەوسای ئەو ولاتەی رێک خستووەو چوارچێوەی بۆ داناوە، لایەنی دوومی پەیوەندی راستەخۆی هەبووە بەژیانی ئابووری کۆمەلانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایانەوە، چونکە زۆربەی خەڵکی ئەو ناوچانە ئەوسا، لەلایەکەوە (خێڵەکی) واتا گەرۆک بوون و لەلایەکی تریشەوە بەرامبەر سروشت لاوازو کەم دەسەلات بوون.

## نەتەوەی کوردو دارشتنی قاڵبی ئەفسانەی کاوەو ئەژدەهاک

نەتەوەی کورد لایەنێکی تایبەتی بۆ خۆی دیاریکردووە، کەئەفسانەی کاوەو ئەژدەهاکە، کاوەی ئاسنگەری کورد بەیارمەتی رۆڵە رزگارکراوەکانی کوردی پەنابردوو بۆ کێوەکانی کوردستان و کۆمەلانی خەڵکی ئەو کۆمەڵگایە (کەوڵەکەی) کردووە بەئالاو هێرشی بردۆتە سەر (زوحاک) و لەسەرتەخت لایبردووەو دامودەزگای تێک و پێکداوە، هەر دەبێ لەناوەرۆکدا، شۆرشی چینایەتی ئەو کۆمەڵگایە بێت، کەدوای دامەزراندنی دەوڵەت، پەیدابووی فەرمان رەوای فەرمان پێکراوە (الحاكم والمحكوم) واتا زۆر دارو زۆرلێکراو هەڵگیرسابێت.

ئینجا مامۆستا خوالێخۆشبوو حیلمی شەریف پشتبەستن بەچەندە سەرچاوەو کتێبە دەڵێت: بێگومان ئەم جەژنە وەکو هەموو جەژنەکانی تری ئەم گەلانەو هی هەموو گەلانی جیهان وردە وردە بووە بەبەشێک لەمیرات و کەلەپووری مێژوویی رۆشنبیری و نەفسی خەڵکەکە. لایەنی سیاسی و ئابووریەکانی بەپێی هەلومەرجی نوێ و پێشکەوتنی سیاسی و ئابووری و کۆمەلایەتی دوای تێپەربوونی سەدان و هەزاران ساڵ بەسەر دامەزراندنیا لەجەژنی چین و کۆرو کۆمەڵ و جەژنی چاخ و زەمانێکی دێرینەوە بووە بەجەژنی هەموو گەل و هەموو چینێک بووە بەجەژنی ئاشتی و ئاسایش و بەختیاری.

دوای لێداونێکی چروپرو لە(خەیاڵ و ئەفسانەپۆشی رووداوە مێژووییەکانی گەلان و جیهان) و ئاماژە بۆ چەندەها سەرچاوە لەکۆتاییدا مامۆستا حیلمی دێتە سەر ئەو قەناعەتەی کەلەکاتەوەی نەورۆزکراوە بەجەژن و رۆژێکی دیارو پیرۆز لەنێو سەرجەم گەلانی ئاریاییدا یاخود لەدواییدا وەکو جەژنێکی نەتەوایەتی لەنێو گەلی کوردا کەنێوانیان چەندە هەزار ساڵێکە و پێشوونەکەی هێجگار کۆنە، هەر دەبوو بەداستانی ئەفسانەو خەیاڵ پۆش برازێنرێتەوە، هەر دوولایەکەشی تێدا رەچاوبکرێت، خێرو شەر. چاکەو خراپە، رووناکی و تاریکی زۆرداری و دادپەروەری.

## نەورۆزی کوردو کوردستان

هەر لەکتێبی (داستانی نەورۆزو نەورۆزی کوردستان)دا لەم رووەوە بەدوای (رەسەنی جەژنی نەورۆز لەمێژووی کورددا، پەیدابوونی داستانی کاوەی ئاسنگەر لەسەرچاوەیەکی مێژووییەوە، موتوربەبوونی نەورۆز بەداستانی کاوەو دەق گرتنی نەورۆزی کورد لەم بەرگە گرنگ و بایەخدارەی ئێستایدا، دەبێ دوای گەران ئەو خالانە واتا ئەو راستییانەی سەرەوە روونببنەوە).

کەوابوو: ئەو رۆژەی دەوڵەتی تێدا دامەزراوەو خەڵکی لەسەرگەردانی و بێ یاسایی و نائارامی و نەبوونی... رزگاریان بووەو رێزی خۆیان لەچوارچێوەی دەوڵەتێکدا رێکخستووە. ئەو رۆژەیان کردووە بەجەژن گەلی کوردیش لەم رۆژە مێژووییە بایەخداره بەشداره.

بێگومان دوای دامەزراندنی دەوڵەت، فەرمانڕەوایان و دەسەلاتداران بەدرێژایی زەمان یەک بەدوای یەکدا، جێگەی یەکترییان گرتۆتەوە لەم فەرمانڕەوایەشدا (چاک و خراپ)و (ژیرو سەرسەخت)و (زۆردارو دادپەروەر) بەپێی کێش و پێوانەی ئەوکاتانە هاتۆتە سەر کار تاکو لەکوردستاندا سەرە گەیشتۆتە سەر زوحاک (ئەژدەهاک) کە لەرۆژاوای خاکی ئاریاییەوە هاتۆتە ئەم ولاتەو جڵەوی کاری گرتۆتە دەست بەزەبرو زۆرو خوێنڕشتن فەرمانی بەڕێوەبردووە، تا کاوەی ئاسنگەری لێ رادەپەرێ پشت بەجەماوەری میللەتەکەی، لەرۆژی هەڵبژێرراوی نەورۆزدا لەکاتێکدا زوحاک خەریکی بادەو کەیف و رابواردن بووە، لەناویبردووە، شازادە فەرەیدونی (دوورخراوە)ی لەجێگەی زوحاک خستۆتە سەر تەخت.

بەکورتی سەرکەوتنی کاوەو شکستی زوحاک نەورۆزی کوردیان کردووە بە دوو جەژن: جەژنی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لەنێو کۆمەڵگەی کوردو گەلە ئارییەکانی تردا، دووەم کە هەر خۆی خراوەتە یەکەم رۆژی بەهاری کوردستانەوە یان کەوتۆتە ئەو رۆژەوە.

ئەوی راستی بێ ئەم داستانەی کاوەو ئەژدەهاک کە لەرۆژی نەورۆزدا روویداوە وەکو هەموو داستانە مێژووییە کۆنەکان لەشێوەو ئەفسانە پۆشیدا بەرگێکی تایبەتی کراوە بە بەردا، بەلام لەگەوهەرو ناوەرۆکدا بریتییە لەبەربەرەکانی نێوان فەرمانڕەوایەکی زۆردارو گەلێکی زۆرلێکراو کە لەئەنجامدا گەلی زۆرلێکراوی تیا سەرکەوتووە.

### رەسەنی جەژنی نەورۆز و لێکدانەوەی داستانی کاوە

نەورۆز جەژنێکی رەسەن و دێرین و پیرۆزە لەمێژووی کورددا، بەگوێرەی چەندەها سەرچاوە، داستانی کاوەش داستانێکی سەرچاوە راستە، با بەتەواوەتیش لەو قاڵب و چوارچێوەیەدا نەبووبێ کە لای ئێمە باوە.

ئەم جەژنە لەدوو بەرگی زێرین و گەوهەر هەڵکێشراوە، بەرگە زێڕینەکەی یەکەم رۆژی بەهاری بوژانەوەو پڕ خێرو خۆشی کوردستان و دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لەهەرێمەکەداو بەرگەکەو هەرەکەشی گەورەکەش سەرکەوتنی کوردی دلێرو جەرگ سوتاو بەسەر ئەژدەهاکی خوێنڕێژدا، کە ئەمەش بووە بەسەر مەشقی ئومێد پەیداکردنی لەپێناوی رادانی هەموو ناحەزو دوژمنێکی کورددا.

بەم جۆرە کورتەی کتێبی خوالێخۆشبوو (حیلمی عەلی شەریف) تەواوبوو کە لەڕاستیدا بۆ هێنانە بەرهەمی ئەو کتێبە پشتی بەنزیکەی ٦٠ سەرچاوەی بەکەڵ و جۆراوجۆر بەستووە، جگە لەبۆچوونی زیرەکانەی خۆی.

### کاوەو نەورۆز،

ئەفسانەو بیری نوێ

ئەمە کتێبی (ئەحمەد زەردەشت)ە ساڵی ١٩٩٩ بەچاپی گەیاندووە ئەمەش نوسینێکی بەنرخ و شایستەیە، چونکە پەنای بردۆتە

بەر ژمارەیەکی هێجگار زۆری سەرچاوەی کۆن و نوێ، رۆژهەلاتی و رۆژاوایی بەپێویستم نەزانی ئەوانەی لەو کتێبەدا هاتووە لێرەدا دووپاتیبکەمەوە، بەلام دوو سێ خاڵ لەم کتێبە بەنرخەش هەر پێشکەش بەخوێنەدواری بەرێز دەکەین.

### ناوچەی رووداوی ئەفسانەکە

رووداوی ئەفسانەکە لەچەند شوێنێکدا وەک دارستان و شاخ و کێو (دەماوەند، ئەلبورز) خۆی نواندووە کە ئەمەس لەدەقی ئەفسانەکەوە روونبۆتەوە. (دەماوەند) لوتکەیەکە لەو زنجیرە شالخەی کە لەنێوان رووباری ئاوی سپی (سفیدرو) تا ناوچەی گورگان، ئەم زنجیرە شاخە دەگاتە بانی ئێران، بەرزایی لوتکەی دەماوەند ٥٦٧١ مەترە.

زنجیرەشاخی ئەلبورد بەناوی (کێوە بڵند) ناسراوە کە لەشاخی (گالقان)ەوە دەستپێدەکات تا دەگاتە شاری ئەمەل.

درێژی زنجیرە شاخەکە (٦٠٠)کم و لوتکەی (ککون بستە) بەرزترین بوتکەی ئەم شاخەیەو لەگەڵ لوتکەی دەماوەند یەکدەگرنەوە.

### مێژووی سەردەمی ئەفسانەکە

زووحاک لەساڵی (٦١٢پ.ز) دەسەلاتی ولاتی گرتۆتەدەست.

لەلایەکی ترەوە لەکتێبی (قێێ الانبیاء)دا هاتووە کە گوایە فیرعەونی میسر برای زووحاک بووەو لەهەمانکاتدا نوێنەری زووحاک بووە بەسەر تەختی میسرەوە.

لەلایەکی ترەوە دەڵێن گوایە زوحاک ناوی (سنانی کوڕی علوان کوڕی عوێج کوڕی عملاق کوڕی لاوز کوڕی سام کوڕی نوح)ە.

## ناوو نەورۆز

لەئاوێستادا هاتووە کە لەسەردەمی جەمشیدا دەعباو جانەوەر بەجارێ زۆربوون، هەموو لایەکی سەرزەمینیان گرتبووەوە بۆ چارەسەری ئەو بارودۆخە جەمشید فەرمانیداوە کە دەبێ خەڵکی خۆیان بەئاو بشۆن تاکو لەگوناهەکانیان پاکببنەوە، چونکە وا دیارە ئەو جانەوەرانە بەهۆی گوناهەکانەوە زۆربوون هەرلەوەوە لەنەورۆزدا نەریتی ئاورشێن پەیدابووە.

نەریتی (تعمید)یش لای زۆر لەگەلانی جیهان باوە... لەزۆر نەریتی ئاینیدا ئەم جۆرە کردەوەیە پەسەندکراوە، دەستنوێژشتن، وسڵ دەرکردن بۆ پاکبوونەوە... مردوشتن کە بۆئەوەی مردوو بە لەشێکی خاوێنەوە بەرەورووی یەزدان بێتەوە، لەلای هەندێ لەهندۆسەکان تەرمی مردو فرێ دەدرێتە ئاووە لای (سابیئیەکان) (تعمید) کردارێکی سەرەکی رۆژانەیە.

## ئاگرو نەورۆز

گوایە جەمشید یەکەم شا بووە کە ئاگری بەمەزن و پیرۆز داناوە، چونکە ئاگر لەڕواڵەتی تیشکی خۆرو ئەستێرەکان چووە.

نەریتی ئاگر کردنەوە یا بەمەزن راگرتن یا ئاگرپەرستن لەلای زۆر لەگەلانی جیهان باو بووەو باوە، تەنانەت لەئایینی ئیسلامیشدا ئاگر بەڕواڵەتی پرتەوی (جلوە- نور)ی یەزدانی دادەنرێ، هەروەها بەئامرازێکی هەرە کاریگەری سزادانی مرۆڤ لەلایەن یەزدانەوە دانراوە، هەر لەسەردەمی جەمشیدەوە بگرە لەوە پێشتریش ئاگر رووناککەرەوەی تاریکایی شەوانی جیهانی مرۆڤایەتی بووە. کەوابوو شتێکی ئاساییە ئاگر پیرۆز سەیرکرابێ.

### کۆتایی

لەبەرئەوەی کە تائێستا (خۆم کە پێشکەشکەری ئەم باسەم قسەم نەکردووە، هەرچەندە ئەو راو نووسینانەی باسمکردوون بەسەر پشکیان دادەنێم لەم رووەوە، چونکە هەریەکە نووسینەکەی لەسەرچاوەیەکی بەڕێزەوە هەڵێنجاوەو ئینجا شیکردۆتەوەو دوای ئەوە رای خۆی پیشانداوە). من کاتی خۆی چەند جارێکم لەسەر نەورۆز نوسیوە، بۆنموونە چەند خاڵێک لەنوسینەکەی ساڵی ١٩٦٠م پێشکەشدەکەم:

- شارەزاکانی مێژوو بەتایبەتی عەرەبەکان دەڵێن گوایە (عالەم)و (ئادەم) هەردووکیان لەم رۆژەدا دروستکراون.
- حەوت هەزار ساڵ دەبێت کە کورد ئەم جەژنی نەورۆزە تازەدەکاتەوە.
- هوشەنگ کوڕی سیامەک، کە بە چوار پشت دەچێتەوە سەر حەزرەتی (ئادەم) بەبۆنەی یەکەم رۆژی بەهارەوە دەچێتە دەرەوە بۆ سەیری دەشت و گوڵ و لالەزار لەپرد مارێک دێتە سەر رێی، ئەمیش گورج هەڵدەگرێتە بەردێک و دەیهاوێژێ بۆ مارەکە، بەریناکەوێ، بەڵکو بەر بەردێکی تر دەکەوێ و ئاگری لێدەبێتەوە.

لەمەوە ئاگر دەدۆزنەوە، گوایە هەر لەم رۆژەشدا لەبەری درەختی گەرچەک رۆن دەردێنن دەیکەن بەشاپێتە یا چراو ئاگری پێدەکەنەوە.

- دەڵێن ئێستاش دانیشتوانی شاخی دەماوەندو دەروپشتی بەنەورۆزدا بەڕۆنی گەرچەک ئاگر دەکەنەوە، چونکە گەرچەکیان لا پیرۆزە.
- گوایە هەر لەڕۆژی نەورۆزدا کەشتییەکەی نوح لەچیای (گوتی- جودی لەکوردستاندا گیرساوەتەوە)

نەورۆزی ٢٠١٠مان بەسەرکەوتنی گەلی کورد تێپەڕێ

کاتێک نەورۆزی ئەمساڵمان بەخۆشی تێدەپەڕێ بەسەرکەوتنی گەلەکەمان لەو دوارۆژە گرنگ و چارەنووسسازەی لەپێشیانەوەیە! وەک مادەی ١٤٠ لەدەستووری عیراق و گەڕانەوەی شوێنە دابڕاوەکان و یەکلاییکردنەوەی نەوت و هەڵبژاردنی سەرۆک کۆمارو هەندێ شتی تر کەئەمانە هەمووو بەستراون بەیەکبوون و یەکێتی گەل و یەک تەنی و یەک (ڕا)ییەوە.

بۆیە داواکارو تکاکارم لەهەموو کاربەدەستێک و هەموو ئەندامێکی دڵسۆزی ئەم میللەتە، کەئەو دواڕۆژە گرنگەی چارەنووس رەچاو بکەن، بەڵێ هەر کەسێک سەربەست و ئازادە لەڕادەربڕینی خۆیدا بۆ ئەو کارەی پێی خۆشەو بەباشی دەزانێ تەنها لە (کێشەو کاروباری چارەنووسی گەلی گوردا) دەبێ هەموو یەک بین ئەگینا ناحەز ئەو دەستکەوتانەی بەدەستیشمان هێناون هەموویان لەچاومان دەردەهێننەوەو ئەمان خەنەوە سەر ساجی عەلی کەوابوو نەورۆزی هەمووان هەر لەئێستاوە پیرۆز بەسەرکەوتنی کوردو کوردستان و خوای گەورەشمان لەگەڵ.

* خاوەنی خەلاتی رێزلێنانی پیرەمێرد بۆ ساڵی ٢٠١٠

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستانی نوێ / رێکەوتی ١٨ی مارچی ٢٠١٠

# نەورۆز سەمبولی ژیانەوە

عارف نادری

مژاری گرینگ بۆ من لێرەدا فەلسەفەی دروستبوونی نەورۆزو روانگە جیاوازەکان لەو بارەوە نیە کە ئاخۆ لە بنەمادا پێوەندیی نێوان کوردو نەورۆز چی و چلۆن بووە. ئەگەرچی ئەو رەهەندەش خۆی لە خویدا، رەهەندێکی تایبەتەو خوێندنەوەی تایبەت بە خۆیی دەوێت. بەلام بایەخی نەورۆز لە لای من ئەو رۆڵەیە کە ئەم بۆنە تایبەتە بۆ ئێمەی کورد دەیگێڕێو لەم دوو دەیەی دواییشدا گێڕاویەتی. ئەگەرچی نەورۆز جێژنی هاوبەشی کۆمەڵێک لە وڵاتانو نەتەوەکانەو هەنووکەش لە لایەن "یۆنسکۆ"وە تۆمارو لە لایەن کۆڕی گشتیی نەتەوەیەکگرتووەکانیشەوە وەکوو " رۆژێکی نێونەتەوەیی " بەفەرمی ناسراوە.



بەلام ئەم بۆنەیە بۆ کورد واتای تایبەت بە خۆیی هەیە. بۆ نەتەوەکانی دیکە بۆتە بۆنەیەکی پێوەندیدار بە سروشت یان فەرهەنگ یان یادگارێکی مێژوویی، لە حاڵێکدا کورد وێڕای بە هەندوەرگرتنی ئەم لایەنانەی نەورۆز، پێناسەو تێگەیشتنی سەرەکیی لەم بۆنەیە، بەرداشتێکی سیاسی- نەتەوەیی‌یە لە پێناو ژیانەوەو رابووندا.

کاتێک باس لە نەتەوەیەک دەکەین، سەمبۆلەکانو بۆنەکان گرینگی‌یەکی تایبەتو واتادار پەیدا دەکەنو ئاخێزگەو بنەمای رۆنانی ئیرادە، پێکهاتەو متمانەو شایی بەخۆبوونی نەتەوەیین. نەورۆز لەو بۆنە نەتەوەییانەیە کە لانیکەم لە سێ پارچەی کوردستاندا، رۆڵی کاتالیزۆرو دینامیزمێکی پێشخەر دەگێڕی. لە لایەکەوە هۆکارێکە بۆ جیاکردنەوەی خۆد لەگەڵ ئەویترو لەم رێگاوە خۆناسینو خودئاگایی نەتەوەییو لە سۆنگەیەکی دیکەوە خودباوەڕی نەتەوەیی دروست کردووەو توانیویە هەوێنی ئاڵوگۆڕ لە پانتاو بیاڤی سیاسی- کولتووری کورددا بنو پاشخانو ژێرخانی مێژوویی کورد لە رابردووەوە رادەستی ئێستاکە بکات. نەتەوە پێویستی بە بیرۆکەو ئیدەگەڵێک هەیە کە شانازییەکانی رابردووی لە ئێستادا بۆ بەرهەم بێنێتەوەو هیوای سەرکەوتن لە داهاتووی بۆ وێنا بکات.

کورد نەتەوەیەکی نکۆڵی لێکراوە، بۆیە نەورۆز بۆتە هێمای جیاوازی نێوان کوردو ئەویتر. تورکو عەرەب لە تورکیەو عێراقو سووریە تا هەنووکەش نەیانتوانیوە لەگەڵ نەورۆزدا وەکوو بۆنەیەکی تایبەتو نەتەوەیی، خۆیان بگونجێننو هەوڵەکانیان لەم پێناوەدا وڵامێکی ئەوتۆی نەداوەتەوە. بەلام لە هەمبەریدا، نەورۆز هۆکارێک بۆ دروستبوونو دەرکەوتنی کەلێنێکی قووڵ لە قەوارەی دەسکردی وڵاتە تاک نەتەوەیی‌یەکانی ئەواندا بووەو هەموو ساڵێک بە شێوەیەکی شێلگیرانەتر شوناسی ساختەو وێناکراوی ئەوانی بۆ نەوەکانی کورد خستۆتە روو.

نەورۆز لەو سێ پارچەیەدا، زیاتر لە هەموو بۆنەیەکی‌تر، هەستو سۆزی کوردبوون بە تاکەکان دەبەخشێت، هەروەها جیاوازییەکان لەگەڵ ئەویتر بە روونیو راشکاوی دەردەکەوێتو زیاتر لە هەموو وەختێکی دیکەش، وەکیەکیو هاوبەشی دێتە ئاراوە.

هەروەها نەورۆز بۆنەیەکە کە هیوات پێدەبەخشێتو دەبێتە هۆکاری ئەوەی کە رابردوو تێپەڕ بکەیتو پێ بنێتە نێو سنوورێکی نوێیەوە کە ناچارت دەکا بیر لە ژیان بکەیتەوە. چەمکی ژیان بۆ نەتەوەیەک کە داگیرکەر ویستوویەتی واتای مەرگو دەستەوەستانی لە ناخو زەینیدا جێگیرو بەسەریدا زاڵ بکاو ئیمکانی ژیانی ئازادو سەربەستی لێ زەوت بکات، یان بە شێوەیەکی کۆنترۆڵکراو دەرفەتی بەهرەمەندیی پێبدات، مەسەلەیەکی گرینگە. بۆیە سەرنجدانی زیاتر بە نەورۆزو خوێندنەوەو پێناسەی نوێی کولتووری – سیاسی لەم بۆنەیەو کەڵکوەرگرتنی پێویست لەو دەرفەتو پوتانسییەلانەی کە نەورۆز بە شێوەی سرووشتی رادەستمان دەکات، دەتوانێ یارمەتیدەری ئێمەی کورد لە رەوتی پرۆسەی نەتەوەسازیو تۆکمەییو یەکانگیریی ناسیۆنالیزمی کوردیدا بێت.

سەرچاوە : ژانی گەل وێبلاگی نووسەر / رێکەوتی : ١ی جوونی ٢٠١٠

# نەورۆز جێژنە رەسەنەکەی کورد

رەسووڵ سوڵتانی (هۆزان)

جێژنی نەورۆز پێشینەیەکی دووروودرێژی هەیە و کۆنترین جێژنی مرۆڤە لە سەر زەوی. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا کراون، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، رۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جێژن. دۆکتور مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە وتارێکی تێر و تەسەلدا بە وردی چووەتە بنج و بناوانی مێژووەوە و بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەوەیکە ئەو جێژنە هەمان جێژنی (تەمووز و عەشتار)ە، کە سۆمەرییەکان پێش ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر و بەرەو خوارووی وڵاتی عێراقی ئێستا داگەڕێن، ئەو جێژنەیان بەڕێوە بردووە.



نەورۆز تێکەڵ بووە بە کۆمەڵێک ئەفسانەی سەیر و سەمەرە. لە ئێرانی کۆندا لە یەکەم رۆژی بەهاردا واتە رۆژی نەورۆز، پاتشای وڵات دەرگای خستووەتە سەر پشت بۆ دیدار لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیدا و رۆژەکانی دابەشیوە بۆ چاو پێکەوتنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگە. هەر لەو رۆژەشدا خەڵات و دیاری و پێشکەشی بە دەست و پێوەندەکانی داوە و دیارییشی وەرگرتووە.

شاعیری فارس (فیردەوسی) دانەری کتێبی شانامە، بنەچەی نەورۆز دەباتەوە سەر کۆنە ئەفسانەیەکی بێ بنەما، واتە ئەفسانەی کاوە و زوحاک. ئەوەی فیردەوسی باسی دەکات هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە. دیارە زوحاک یان (ئاستیاگ) هەبووە و دوایین پاتشای مادەکان بووە. بەڵام نەوەک ئەو جۆرەی کە فیردەوسی باسی دەکات. ئاخر فیردەوسی وەکوو کابرایەکی خوێنخۆری مار لەشانی زاڵم باسی دەکات کە دەبوو هەموو رۆژێ مێشکی دوو گەنجی دەرخوارد بدەن. هەر بۆیە کاوەی ئاسنگەر لێی یاخی دەبێت و شۆڕشێکی لە دژی بەرپا دەکات و تەخت و بەختی لێ وەردەگێڕێ. لە حاڵێکدا هەر لەو وتارە بەڵگەمەندەی د.مەولوود ئیبراهیم حەسەندا هاتووە، کە ئاستیاگ دوایین پاتشای مادەکان، نەک زاڵم و شێت نەبووە بەڵکوو پیاوێکی تا بڵێی خۆش ناو بووە. بەڵام مێژووی پەیوەندیدار بەو کابرایە تەواو پێچەوانە شێوێندراوە. بە رای من، سەرکەوتنی هەخامنشییەکان، بەسەر دەوڵەتی مادا و کۆتاییهاتنی تەمەنی یەکەمین دەسەڵاتی کوردی و سەرکەوتنی تیرەیەکی فارس و دامەزراندنی دەوڵەت لە لایەن ئەوانەوە، بووەتە هۆی ئەوەیکە لە کۆنەستی فارسەکان بە گشتی و لە نەستی کەسێکی وەک فیردەوسیدا بە تایبەتی، ئەفسانەیەکی لەو جۆرە بیچم بگرێت و روخساری ئەو دوژمنەی پێ ناشیرن و کرێت نیشان بدەن. دەڵێن: رۆژێک منداڵێک لە باوکی دەپرسێ: باوکە روخساری شەیتان لەو وێنەیەدا بۆچی ئەوەندە ناشیرین و دزێوە؟ باوکەکەی دەڵێ: چونکە ئەو وێنە بە دەستی دۆستەکانی شەیتان نەکێشراوەتەوە. ئەوەی راستی بێت مێژووی کوردیش هەتا ئێستا خۆی نەینووسیوەتەوە، بۆیە جگە لە لایەنی کەم و کووڕی شتێکی ئەوتۆمان لە مێژووی کۆن لەبەردەست دا نییە کە مۆرکی خۆمانی پێوە بێت. تەنانەت ئەو بۆنە پیرۆز و جێگە شانازییانەش کە هەمانبوون، بە جۆرێک مۆرکە کوردییەکەیان لێ سڕیونەتەوە و بە ناو نەتەوە و گەلانی باڵادەستەوە کراون، بۆ ئەوەی ئێمە شتێکمان

نەبێت کە وەک پاڵپشت و بەڵگەی مێژوویی پاڵی پێوە بدەین. ئێستا کە بە پێی بەڵگە مێژووییەکانیش دەرکەوتووە کە نەورۆز جێژنێکی تەواو کوردییە و لە کوردستانەوە بە وڵاتان و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەرماندا بڵاو بووەتەوە، هێشتا وەک پێویست دەڵێ لە رووماں هەڵنایە راشکاوانە بڵێن ئەو جێژنە جێژنێکی رەسەن کوردییە. ئێستاش لە کۆنەستی ئێمەدا ئەو رۆژە رۆژی سەرکەوتنی (کاوەی ئاسنگەر)ە بە سەر زوحاکی مار لەشاندا. لە حاڵێکدا ئەوە هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە ئەفسانەیەکی سازکراوە. ئەگەر واشی دانێین کاوەیەک بووبێت و تەخت و بەختی زوحاکی "ماد"ی وەرگێڕابێت، ئەوا کورد چۆن شانازی دەکات بە کەسێکەوە کە کۆتایی بە یەکەمین دەسەڵاتی کورد هێناوە و دواتریش گەڕاوە بە قسەی فیردەوسی بە شاخ و کێواندا و لەوێ "فەرەیدوون"ی دۆزیوەتەوە و کردوویەتە پاتشا. فەرەیدوونیش کورد نەبووە. ئەگەر وای دانێین کاوەیەکیش لە گۆڕێدا بووبێت و کورد بووبێت، ئەوا کاوە خۆفرۆشێکی خەیانەتکار بووە و مێژووش پڕە لەو جۆرە کەسانە کە بەداخەوە شانسیان گرتوویەتی و دواتر بە پێچەوانەوە ناویان بە چاکە رۆیشتووە.

## نوێ رۆژ یان نەورۆز لە کوردەوارییەکەی خۆماندا

لە کەس شاراوە نییە کە کورد هەر لە بنێڕا، گەلێکی ئاژەڵدار بووە و، بە دەم ئاژەڵدارییەوە کشتوکاڵی کردووە. کەوابوو گەڕیانی وەرزەکانی و گۆڕانە وەرزییەکان، لە ژیانی ئەو گەلەدا گرینگیی تایبەت بە خۆی هەبووە. بە تایبەتی کوردستان نیشتمانێکی کوێستانییە و وەرزی زستان لە کۆندا تەمەنێکی درێژتر لە ئێستای هەبووە و ئێستاش پیاوە بەتەمەنەکانی کورد باشیان لەبیرە کە ساڵی ساڵان بەفرێکی قورس دەباری و جار هەبووە هەتا دوو مانگ لە بەهاریش تێپەڕیوە و بەفر هەر نەتواوەتەوە و عەرزی بەر نەداوە. لەو حاڵەتەدا کوردی ئاژەڵدار دەکەوێتە تەنگژەی بێ تفاقی و بێ ئاوردوویی. بە پێی هەموو ئەو فاکتەرانە، هەم سرووشتی و هەمیش مەنتیقییە کە کورد تەواوبوونی وەرزی تووش و سەرمای زستانی کردبێتە جێژن.

مامۆستا هێمن موکریانی جێژنی نەورۆز دەباتەوە سەردەمی ئاژەڵداریی کورد و بە تایبەتی پێی وایە ئەو رۆژە رۆژی مەڕ زایینە. لەو سۆنگەیەوە کە مەڕداری کورد رانە مەڕەکەی لەو رۆژەدا دەزێ کردوویەتە جێژن.

لە مێژووی جێژنە ئێرانییەکاندا جێژنێکیش هەیە بە ناوی جێژنی مێهرەگان. ئەو جێژنە یەکەم رۆژی پاییز بووە. مەڕدار لەو رۆژەدا بەرانیان لە مێگەل بەرداوە. واتە ئەورۆژە رۆژی بەرانگرتنی مەڕ بووە. بۆیە ئەو رۆژەش کراوە بە جێژن و بە مێهرەگان ناوی دەرکردووە و مامۆستا هێمن لەسەر ئەو باوەڕەیەکە هەر ئەو ناوی جێژنی مێهرەگانە دواتر بووەتە مێهرەجان و بە تایبەتی عەرەبەکان بە زۆربەی جێژن و کۆڕەکانی خۆیان دەڵێن مێهرەجان. بە گشتی مەودای نێوان جێژنی مێهرەجان و جێژنی نەورۆز پێنج مانگە. "مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن بەرخ پاش سەد رۆژ رووحی وەبەر دێ و مەترسیی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن "بێڵن دانا"، پێوەندیی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پایز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهاردا زەوی مەڕ دێ و جێژنی هەر گەورەی مەڕدارە".

بۆچوونەکەی مامۆستا هێمن زۆر لە راستییەوە نزیکترە لەو بەناو مێژوونووسانەی کە بە ویستی دەسەڵات مێژوویان بە ئارەزووی

خودان و ئەربابەکانیان نووسیوەتەوە. پاش رووخانی ئیمپراتۆریی میدییەکان، ئەوانەی دێن و سەربردە و مێژوو دەنووسنەوە، دەبێ بەو شێوەیەی بنووسنەوە کە دەسەڵات دەفەرمووێ. کەوابوو ئەگەر روخسارێکی سامناک لە دوایین پاتشای میدییەکان واتە ئاستیاگ پێشان دەدەن، شتێکی سەیر نییە. ئەگەر زۆر زۆر دووریش نەگەڕێینەوە، و وردبینانە لە مێژووی هاوچەرخی خۆمان بڕوانین و لێی وردبینەوە، دەبینین ئێستاش دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، چۆن لە هەموو رێگەیەکەوە هەوڵ دەدەن روخساری راستەقینەی ئازادیخوازان بخەنە بن پەردەی سەدان ناو ناتۆرەی دزێوەوە. دوور نەڕۆین ئەگەر بۆ مانای وشەی پێشمەرگە بگەڕێینەوە نێو قامووسی بەعسییەکان، پێتانوایە چ پێناسەیەک لە پێشمەرگە کرابێت؟ ئەوە لە سەردەمێکدایە کە ئێمەش ئەگەر هاوسەنگی ئەوانیش دەستمان بە قەڵەم وداموودەزگای راگەیاندن نەگەیشتبێ بۆ وەڵامدانەوەیان، لانیکەم دەرەتانی ئەوەمان هەبووە، لە هەندێ کەناڵەوە حەقبوون و ڕەوا بوونی داواکانمان بۆ خەڵک روون بکەینەوە. جا وەرن سەیری سەردەمێکی کۆنی کۆن بکەن کە کوردی لێقەوماو خاوەنی هیچ خوێندەوارییەک نەبووە و دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بەسەر نیشتیمانەکەیدا چۆنی دڵیان ویستوویەتی مێژوویان بۆی نووسیوەتەوە. بۆیە ئەفسانەی کاوە و زوحاک تەنیا فێڵێکە لە مێژووی ئێمە کراوە. لانیکەم ئەگەر تەنیا بە مەبەستی ئەوەش بووبێت کە هیچ کات لە روومان هەڵ نەیە، بە شانازییەوە باسی ئیمپراتۆریی میدییەکان بکەین.

### ئاگر وەک هێمایەکی کۆنی کورد

سەرەڕای ئەوەیکە لە هەندێ لە ئەفسانە کۆنەکاندا باس لەوە دەکرێ کە ئەو رۆژەی مرۆڤ بۆ یەکەم جار ئاگری تێدا دۆزیوەتەوە، دەکەوێتە ئاخر شەوی زستان و یەکەم رۆژی نەورۆز و هەموو ساڵێک ئەو رۆژە وەک رۆژێکی ئەگەر نەشڵێین پیرۆز لانیکەم سەیر و سەمەرە سەیر کردووە، بەڵام بە گشتی ئاگر لە باوەڕی کۆنی کوردەواریی خۆماندا هێمایەکی لە مێژینەیە. کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام کوردەکان زەردەشتی بوون. ئەوان ئاگرپەرست نەبوون. بەڵکوو ئاگر بەلایانەوە وەک هێمایەکی پیرۆز پارێزراوە.

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ کە بیری لە پێکهاتەی جیهان کردووەتەوە، پێی وابوە کە ئەم جیهانە لە چوار توخم پێک هاتووە.

١- خاک
٢- ئاو
٣- با
٤- ئاگر

سێ دانە لەو چوار توخمە واتە، خاک و با و ئاو، پیس و ئالوودە دەبن. هەر سێکیان هێزی کێشەری زەوی رایاندەکێشێ. لەو نێوەندەدا ئەوەی نەک پیس و ئالوودە نابێت بەڵکوو شتە پیسەکانیشی پێ پاکژ دەکەنەوە، ئاگرە. ئاگر لەگەڵ ئەوەدا کە توخمێکی پاکژ کەرویە، هێزی زەویش نەک پەلکێشی ناکات بەرەو خۆی بەڵکوو بەردەوام لە هەڵکشاندایە بەرەو ئاسمان. هەر لە کۆنی کۆنیشەوە هەتا ئێستاش کە مرۆڤ پێی وایە خوا لەسەر عەرشی عەزیم و لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەکانە و ئەوەش لە واقیعەی

میعراجیشدا باسی دەکرێت، کە بۆ وێنە پێغەمبەری ئیسلام بە سواری باڵی بوراق بەرەو میعراج دەڕوات، ئەو باوەڕە بە بوونی خوا لە ئاسمان، شتێکی زۆر زۆر کۆنە. هەر بۆیەش هەڵکشانی بەردەوامی ئاگر وەک هێزێکی پاکژکەرەوە بەرەو ئاسمان نیشانەی هەڵچوونی رۆحی پاک و بێ خەوش و بێ تاوانە بەرەو سەرچاوەی خۆی واتە خوا.

لە لایەکی دیکەشەوە، یەکێک لە بنەما باوەڕییەکانی ئایینی زەردەشت بوونی دوو هێزی دژ بە یەکە، واتە ئەهریمەن و ئەهورامەزدا. تاریکی هێمای ئەهریمەنە و رووناکی هێمای ئەهۆرامەزدایە.

دەبینین، لە نێو چوار توخمە پێکهێنەرەکەی جیهاندا، سێیان تاریکن. تەنیا ئەوەی رووناکە، ئاگرە. ئاگریش بەردەوام لەگەڵ تاریکیدا لە شەڕێکی نەبڕاوەدایە. هەروەک ئێستاش دەڵێن: ئەنگوستەچاوترین شەویش ناتوانێ تەنانەت تیشکی مۆمێک بشارێتەوە. ئاگر هێمای شەڕی دەسەڵاتی حەق و راستییە بەسەر تاریکی و دزێویدا. لە شێعری ئەو شاعیرانەشدا کە باری نەتەوەیی و بەرەنگارییان هەیە، ئەوە رەنگی داوەتەوە و هەمیشە، دەسەڵات بە شەوەزەنگ وەسف کراوە و لایەنی ئازادیخوازیش بە رووناکی و مزگێنیدەری رووناکی.

بە گشتی بەپێی هەموو هێماکان نەورۆز کۆنترین جێژنی کوردە و لە کوردستانیشەوە بە ناوچەکانی دیکەی ئاسیادا بەتایبەتی بە ناوچەکانی ئێراندا بڵاو بۆتەوە و ئێستا زۆر گەل و نەتەوە هەن، خۆیان بە خاوەنی ئەو جێژنە دەزانن. لەو نێوەدا ئەوەی زیاتر لە هەموویان بە هێما و باوەڕی کۆنەوە لە جێژنی نەورۆزدا حزووری هەیە و مۆرکە مێژوویی و کەونەکانی بە روخساری ئەو جێژنەوە دیارن، کوردە.

**سەرچاوە : ماڵپەڕی رۆژهەڵات تایمز / رێکەوتی : ١٨ی مارچی ٢٠١٠**

# نەورۆز جەژنی کوردانەو لە کوردستان سەریهەڵداوە

د. مەولود ئیبراهیم حەسەن

ئێوارەی رۆژی سێشەممە ١٦ / ٣ / ٢٠١٠ لەناو بارەگای دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی بەدرخان، مامۆستای زانکۆ و لێکۆڵەری زانستی "د. مەولود ئیبراهیم جەسەن" کۆنگرەیەکی رۆژنامەوانی سازکرد دەربارەی ئەو بریارە هەڵەیەی کە کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان دەڵێ جەژنی نەورۆز ریشەکەی "ئێرانی- فارسییە".



لەو کۆنگرە رۆژنامەوانییەی کە دەزگای چاپ و بلاو کردنەوەی بەدرخان رێکیخستبوو، کۆمەڵێک کەناڵ و دەزگای راگەیاندن ئامادەی بوون، لێکۆڵەر لە کۆنگرەکەدا بەشێوەیەکی زانستی تیشکی خستە سەر ئەو بابەتە گرنگەو باسی لەوەکرد، کە لە کۆتایی ساڵی "٢٠٠٩"دا چەند وڵاتێک نامەیەکیان پێشکەشی نەتەوە یەکگرتووەکان کردووە و داوایان کردووە کە جەژنی نەورۆز بکرێتە جەژنێکی جیهانی، کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکانیش ئەو کارەی ئەنجامداوە و بریارەکە لە ١٢ / ٢ / ٢٠١٠ دەرچووە، وەلێ بەداخەوە بەبێ پشت بەستن بە بەڵگەیەکی زانستی لە بریارەکەدا هاتووە کە جەژنێکی بەهارییەو ریشەکەی ئێرانی- فارسییە.

هەربۆیە لەو کۆنگرەیەدا دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن نامەیەکی نارەزایی بلاوکردەوە و تیشکی خستەسەر، لەپاڵ ئەوەشدا ژمارە ١٣٧ی بەدرخان دابەشی سەر ئامادەبووان کرا، کە ئەو ژمارەیە تایبەت بوو بە نەورۆز و لێکۆڵینەوە ئەکادیمی، مێژوویی، بەڵگەنامەییەکەی دکتۆر مەولود و چەند باسێکی دیکەی گرنگی تێدا بلاوکرابۆوە...

لە بەشێکی دیکەی کۆنگرە رۆژنامەوانییەکەدا دکتۆر مەولود داوای لەهەموو تاکێکی کورد لەهەرکوێی دنیابن و هەموو دەزگا راگەیاندن و رێکخراوە مەدەنییەکان و حکومەتی هەرێمی کوردستان و پەرلەمانی کوردستان کرد، کە بەدوای ئەو بابەتەدا بچن و پاڵپشتی لەو لێکۆڵینەوەیەی ئەو بکەن و هەوڵدەن نەتەوە یەکگرتووەکان چاو بە بریارەکەدا بخشێنێتەوە و مافە رەواکە بە گەلی کورد ببەخشێتەوە.

ئەوەی خوارە دەقی هەریەک لە لێکۆڵینەوەکەو نامە نارەزاییەکەیە..

بۆ کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان

بابەت: بەجیهانی کردنی جەژنی نەورۆز و لەبیرکردنی میللەتی کورد

سلاو...

بەڕێزان، لەم ڕۆژانەی ڕابردوو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لە کوردستان هەواڵی ئەمەیان بلاوکردەوە، کە بەڕێز کۆمەڵەکەتان

(کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" بڕیاری بەجیهانی کردنی جەژنی نەورۆزی داوەو لەم ساڵەوە "٢٠١٠"وە ئیتر ساڵانە جەژنی نەورۆز وەک جەژنێکی جیهانی پێشوازی لێ دەکرێ. لە کاتێکدا لە دڵەوە پیرۆزبایی ئەم کارە گرنگ و پیرۆزەتان لێ دەکەین و دەڵێین: بەڕاستی جەژنی نەورۆز بەم مێژووە دوور و درێژەی کە هەیەتی کە کۆنترین جەژنی ناسراو و بەردەوامی مرۆڤایەتییە. هەروەها بەهۆی ڕێوڕەسمە پڕ لە ئاشتی و برایەتی و مرۆڤایەتییەکەی هی ئەوەیە کە ببێتە جەژنێکی جیهانی و هەموو مرۆڤایەتی لەم ڕۆژەدا هاوبەشی خۆشییەکانی ئەم جەژنە بکات.

بەڕێزان، بەڵام ئەوەی جێگای داخە، نازانرێ لەسەر بنەمای چ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و مێژوویی ئەم بڕیارە دراوەو هەروەها بە ئاسانی "نووسیوتانە "فێستیڤاڵێکی بەهاریەو سەرچاوەکەی ئێرانی- فارسیە" ئەوەی ڕاستی بێ میللەتی فارسیش ئەم جەژنەی لە کورد وەرگرتووە. ئەم بڕیارە گرنگ و گەورەیە وادیارە زۆر بە تەواوی لێی نەکۆڵدراوەتەوە، دەنا حەقیقەتی مێژوویی ئەم جەژنە بزر نییەو ساغ بووەتەوە. ئەم جەژنە نە "سەرچاوەکەی فارسیە" و نە "تەمەنی سێ هەزار ساڵە" بەڵکە سەرچاوەکەی لە داستانی "تەمووز و عەشتار"ەوەیەو تەمووز و عەشتاریش ڕیشەکەی بۆ باپیرانی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوەو تەمەنەکەی لەگەڵ سەرهەڵدانی "کشتوکاڵی ئەشکەوت"ەکە بۆ "١٥ تا ١٢" هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە. زۆر پێش زەمەنی چوونە خوارەوەی عێراقی ئەمڕۆ سۆمەرییەکانە، چونکە ئەو ساغ بووەتەوە سۆمەرییەکان لە کوردستانەوە چوونەتە خوارەوەو ئەوەتا "ئینسکلۆپیدیای بەریتانی" لەبارەی دروستکردنی شاری "هەولێر- ئەربیل"دەنووسێ: "شارێکە باپیرانی سۆمەرییەکان دروستیان کردووە"، هەر ئەو سۆمەرییانەش کە چوونەتە خوارەوە ئایین و داب و نەریت و شارستانیەتی خۆیان لەگەڵ خۆیان بردووە! یەک لەو ڕێوڕەسمانەی کە ساڵانە پەیڕەویان کردووە، ڕێوڕەسمی پێشوازی جەژنی زیندووبوونەوەی "تەمووز و عەشتار" بووە کە ڕێک لە ڕۆژی ١ / نەورۆزی سەری ساڵی ئێستای کوردی و ٢١ / ٣ ساڵی زایینی ئێستایەو ئەم سەری ساڵی کوردییەش هەمان سەری ساڵی سۆمەرییەکانە، جگە لەوەی شوێنی سەرهەڵدانی داستانی "تەمووز و عەشتار" کوردستانی ئەمڕۆیەو ڕۆژی جەژنەکەش هەمان ڕۆژە، ئەو ڕێوڕەسمی نەورۆزکردنیش لە کوردستان، هەر ئەو ڕێوڕەسمەیە کە سۆمەرییەکان پەیڕەویان کردووە، ئەوەتا لێکۆڵەری شوێنەوارناس "هینری فرانکفۆرت" لە ساڵی ١٩٣٠دا بەچاوی خۆی لە شاری موسڵ لە شەوی نەورۆز یاری کرێکارە کوردەکانی بینیوەو سەرنجی ڕاکێشاوەو دواتر لێکۆڵینەوەیەکی نووسیوە بەناوی "تقوسی تەمووزی لە کوردستان- Tamuz rituals Kurdistan" لەم لێکۆڵینەوەیەدا زانستیانە دەگاتە ئەو ئەنجامەی کە کوردەکان لە نەورۆزدا بەهەمان شێوە پێشوازی دەکەن کە سۆمەرییەکان پێشوازیان لە جەژنی "زەگمەک" دەکرد کە جەژنی زیندووبوونەوەی تەمووز و عەشتارە، هەمان ئەو ڕۆژو ئەم جەژنەیە کە ئێستا پێی دەگوترێ "نەورۆز".

بەڕێزان... ئێمە وەک لێکۆڵەرێکی کورد، بەناوی زیاتر لە "چل ملیۆن" کورد گلەیی ئەوەتان لێ دەکەین کە لەم بڕیارەدا میللەتی کوردتان پشتگوێ خستووەو مێژوو و جەژنە کۆنەکەشتان داوە بە میللەتی فارس و مۆری پشتگیریتان بۆ لێداون. ئەمەش کارێکە لەگەڵ حەقیقەتی مێژوویی زانستی یاسایی مافی میللەتان ناگونجێ، ئەگەر کورد تا ئێستا دەوڵەتی نییەو ئەگەر حکومەتی هەرێم ئەمڕۆ بەم جۆرە کارانە ڕاناگات، ئەوا ئێوە کۆمەڵەکەتان، "کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" نەدەبووا ئەم ناحەقیە لەگەڵ زیاتر لە چل

ملیۆن کورد بکات، ئەگەر برا دراوسێ و هاوئاییینەکانمان خاکیان داگیر کردووین، ئەوا ئێوە وەک کۆمەڵەیەکی جیهانی و خاوەن بڕیار "جەژن و مێژوو"ەکەشمان بەداگیرکردن دەدەن و بەڕەسمیش پشتگیری ئەم داگیرکردنە دەکەن و دەیکەن بە ڕۆژێکی جیهانی، بەڕاستی

ئەم کارەتان تەواو لەگەڵ پەیامی کۆمەڵەکەتان ناکۆکە، ئەگەر ڕێز لەجەژنی نەورۆز دەگرن! دەبێ ڕێز لەو خاک و نەتەوەیەش بگرن، کە ئەم جەژنە لە خاکەکەیان سەری هەڵداوەو نەتەوەکەیان پاراستوویەتی و هەر لەم کوردستانەش بەدنیادا بڵاو بووەتەوە.

بەڕێزان... ئەگەر ئەمڕۆ جەژنی سەری ساڵی زایینی لە هەموو جیهان پەیڕەو دەکرێ! ئەوا دەشێ شوێنی سەرهەڵدان و میللەت و ئایینی سەرهەڵدانی بشێوێنرێ؟؟ ئەگەر ئەمڕۆ موسڵمانان لە هەموو جیهان جەژنی لەدایک بوونی پێغەمبەری ئیسلام محەمەد کوڕی عەبدوڵلاّ بە جەژن دەگرن!! دەکرێ ساڵ و شوێن و کەسایەتی ئەم جەژنە بدرێن بە کەسان و میللەتی دی.

بەڕێزان... ئێوە لە دەرکردنی ئەم بڕیارە گرنگە خاک و میللەتی ئەم جەژنەتان لەبیرکردووە! کە خاکەکەی "کوردستان"ەو میللەتەکەشی میللەتی "کورد"ە، دەبووایە مێژووی میللەتی نەورۆز بخوێننەوەو سەرێک بە ئەشکەوتی "شانەدەر"دا بگرن، ئەو شانەدەرەی کە لێکۆڵەری شوێنەوارناسی "سۆلکی" دەنووسێ: هەموو شارستانییەتێک لە دەرگای ئەم ئەشکەوتە هاتووتە دەرەوە.

(هەموو پێشکەوتن و شارستانیەتی مرۆڤایەتی! بەڵێ :"مرۆڤایەتی" ئێوە کتێبی "مهد البشریە"تان نەخوێندووتەوە، یان ئەوەتە خوێندووتانەوە و لەبیرتان کردووە!؟

جەژنی "زەگمەک- نەورۆز" لەسەردەستی باپیرانی سۆمەرییەکان سەری هەڵداوەو لای سۆمەرییەکان جەژنێکی ئایینی نەتەوەیی بووەو دواجار "زەردەشت پێغەمبەر" ئەم ڕۆژە واتە ١ / نەورۆز و سەری ساڵ، کە هەمان سەری ساڵی سۆمەرییە دەکات بە جەژنێکی ئایینی و هەر ساسانییەکانیش ئەم جەژنە دەکەن بە جەژنێکی فەرمی دەوڵەتی"ئایینی، ئەم قۆناغانەی جەژنی نەورۆز هەمووی لە کوردستان بووەو سۆمەرییەکان میدییەکان و ساسانییەکانیش هەریەکەیان بەپێی مێژوو بەشێکن لە پێکهاتەی نەتەوەیی و مێژوویی میللەتی کورد.

بەڕێزان... لەوەی کە ئێستا زۆر میللەت و زۆر وڵات جەژنی نەورۆز پیرۆز رادەگرن، ئەوە کارێکی ئاساییە، چۆن زۆر بۆنەو جەژنی نەتەوەیی و ناوچەیی هەن ئەمڕۆ لەسەر ئاستی جیهان دەناسرێن و پێشوازی لێ دەکرێن، بەڵام هیچ یەک لەم جەژنانە وەک جەژنی نەورۆز پێناسەی نەشێوێندراوە، شێواندنیش لەلایەن کێ؟ لەلایەن "کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" هەر بۆیە بەناوی زیاتر لە چل ملیۆن مرۆڤ، مرۆڤی کوردی بێ دەوڵەت! داواتان لێدەکەم و تکاتان لێدەکەم هەرچی زووە ئەم بڕیارە هەڵەیە مێژووییەی خۆتان ڕاست بکەنەوەو لێژنەیەکی پسپۆڕ و شارەزا لەمێژووی کورد و نەورۆز پێکبهێنن و زانستیانەو دادپەروەرانە ماف بۆ خاوەن ماف بگێڕنەوەو پێناسەی ڕاستەقینەی "نەورۆز" ئاشکرا بکەن و بەجیهانی ڕابگەیەنن، کە ئەم جەژنە سەرچاوەکەی لە کوردستانەوەیەو مێژووەکەی بۆ زیاتر لە دە هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوەو جەژنێکی نەتەوەیی میللەتی کوردەو لەجەژنی

ژیانەوەی تەمموز و عەشتارەوە بووە بە جەژنی نەورۆز و ماناو ناوەکەی گۆڕانی بەسەرداهاتووە، بەڵام ڕۆژەکەی هەر هەمان ڕۆژە، ڕۆژی سەری ساڵی سۆمەری و سەری ساڵی کوردی.

بەڕێزان... ساڵی پار ٢٠٠٩ لەگەڵ نەورۆز ئێمە "دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن" لێکۆڵینەوەیەکمان بڵاو کردەوە بەناوی "نەورۆز

کەی دروستبووەو هی چ میللەتێکە؟!" لەم لێکۆڵینەوەیەدا بەپشت بەستن بەرای لێکۆڵەرانی غەیرە کورد و بەڵگەی کۆن و مێژوویی ئەوەمان ساغ کردۆتەوە کە جەژنی نەورۆز ڕیشەکەی لە کوردستانەوەیەو تەمەنی لە دە هەزار ساڵ پترەو ڕێوڕەسمی جەژنی زیندووبوونەوەی تەممووزو عەشتارەو ڕۆژەکەش هەر هەمان ڕۆژی سەری ساڵەو سەرەتای بەهارە. ئەمساڵیش جارێکی دیکە ئەم لێکۆڵینەوەیە بڵاو دەکەمەوەو هەوڵدەدەم بگاتە دەست ئێوەش.

بەڕێزان... لەوەی ئێمە لەوە بەدەنگ هاتووین کە جەژنی نەورۆزتان داوەتەپاڵ میللەتی فارس، ئەوە هەر تەنیا بەرامبەر ئەم میللەتە بەدەنگ نایەین، بەڵکە بۆ هەر میللەتێک بووایە هەر ئەم هەڵوێستەمان دەبوو، بۆ میللەتی "فارس"یش ئەوە هێندە براو یەک ماڵین بەخوێن و خاک و مێژوو و ئایین وەک یەکین، هەندێک لە مێژوونووسان هەردووکمانیان بەیەک میللەت زانیوە، بەلاَم حەقیقەتی مێژوویی زۆر لە برایەتی گەورەترە.

بەڕێزان ئەوەی کە ئێستا ئەرکێکی یاسایی پیشەیی زانستی ئێوەیە، هەرچی زووە لەم داخوازییەی میللەتی کورد بکۆڵنەوەو لێکۆڵەرانی کورد و غەیرە کورد، پسپۆڕانی ئەم بوارە، بواری "مێژووی نەورۆز" کۆبکەنەوەو داوای لێکۆڵینەوەی زانستی ئەنجامی زانستیان لێ بکەن و ئێوەش ئەم نەورۆزەمان لێ تاڵ مەکەن! چۆن زۆربەی کارەساتە ناخۆش و دڵتەزێنەکانی کورد لە نەورۆز و بەهار بووە!!

هەروەها ڕووی داوام "لە ئەنجوومەنی نیشتمانی کوردستان" و "حکومەتی هەرێم" دەکەم، کە جەژنی نەورۆز و ئەم بەجیهانی کردنە بەهەند هەڵبگرن و گرنگییەکی زۆری پێ بدەن، چونکە ئێمە دەتوانین جەژنی نەورۆز بکەین بە ئەڵقەی پەیوەندی نێوان هەموو جیهان و هەموو ئەو میللەت و حکومەت و دەوڵەتانەی کە جەژنی نەورۆز پیرۆز دەکەن، ئێمە دەتوانین کوردستان بکەین بە نێوەندێکی جیهانی نەورۆز، چۆن وڵاتی سعودیا نێوەندێکی ئیسلامی تەواوی موسڵمانانی جیهانە، چۆن ڤاتیکان نێوەندییێکی مەسیحیەتی تەواوی مەسیحییەکانی جیهانە، چۆن کەربەلا و نەجەف نێوەندێکی تەواوی ئایینزای شیعەو شیعەمەزهەبەکانی جیهانە، ئاوا کوردستانیش بکەین بە نێوەندی جیهانی نەورۆز و سالاَنە بە فێستیڤاڵی هونەری و ئەدەبی و کلتووری لەگەڵ ئەم وڵاتانەی کە جەژنی نەورۆزیان تێدا دەکرێ پێکەوە ئاڵوگۆڕی تیپە هونەری و کلتووری و کەسایەتییە ڕۆشنبیری و ئەکادیمییەکان بکەین و پەیوەندییەکی دۆستانە لەگەڵ ئەم وڵاتانەو جیهان دروست بکەین، چونکە نەورۆز بۆ خۆی جەژنێکی سروشتی و جوانی و برایەتییە.

دواجار داواکانی خۆمان لەم چەند خاڵەدا کورت دەکەینەوە و ڕوودەکەینە "کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" و دەڵێین بەرەسمی کردنی جەژنی نەورۆز و بەجیهانیکردنی ئەم ڕۆژە کارێکی پیرۆزە، بەڵام ڕاستکردنەوەی هەڵە مێژووییەکە پێویستییەکی زانستییە.

خاڵەکانیش ئەمانەن:

١- ناوی میللەتی کورد و حکومەتی هەرێم بخرێتە نێو لیستی ئەو حکومەت و دەوڵەتانەی کە داوای بەجیهانیکردنی جەژنی نەورۆزیان کردووە.

٢- داوا دەکەین "کۆمەڵەی گشتی نەتەوە یەکگرتووەکان" دان بەوەدا بنێ کە جەژنی نەورۆز لە کوردستان سەریهەڵداوەو لە کوردستانیشەوە بەدنیادا بڵاوبۆتەوەو هەر تەنیا میللەتی کوردیشە کە ئەم جەژنە وەک جەژنێکی نەتەوەیی پیرۆز رادەگرێ.

٣- مێژووی نەورۆز بۆ زیاتر لە ١٠ هەزار ساڵ پێش زایین دەگەڕێتەوە و ریشەکەی لە کوردستانەو بۆ داستانی تەمووز و عەشتار دەگەڕێتەوە و رۆژی ١ی نەورۆزی ساڵی نوێی کوردی هەمان رۆژی ١ / ١ ساڵی نوێی سۆمەرییەکانەو ناوەکەی لە "زەگمەک"ی سۆمەری، کە دەکاتە سەری ساڵی نوێ و گۆڕاوە بۆ رۆژی نوێ و – نەورۆز "جەژنی نەورۆز"ی کوردی، هەروەها شاری هەولێریش کۆنترین شارەو یەکەمین شارە کە پەرستگای عەشتاری لێ دروست کراوەو دواجار بە عەشتار ئەربیلا ناوبانگی دەرکردووە.

دواجار هیوادارم ئەم داواکارییەی میللەتی کورد، بەداوایەکی رەسمی قبووڵ بکەن و وەڵامی رەسمیش بدەنەوەو بیسەلمێنن ئێوە پشتگیری حەقیقەتی مێژوویی زانستی دەکەن و ناتانەوێ مافی هیچ میللەتێک بۆ میللەتێکی دی بەناڕەوا پێشێل بکەن.

هەر لێرەوە داوا لەم نێوەندە بەڕێزانەی خوارەوە دەکەم، کە ئەم بابەتە بەگرنگ! زۆر گرنگ بزانن و بێ دەنگ نەبن و پشتگیری ئەم داواکارییە بکەن و لێژنەی بۆ پێکبهێنن و بەدواداچوونی بەردەوامی بۆ بکەن، تا ئەم هەڵە مێژووییە راست دەکرێتەوەو میللەتی کورد بەشێوەیەکی رەسمی و جیهانی بە جەژن و مێژووی راستەقینەی خۆی شاد دەبێتەوە.

## نەورۆز کەی دروستبووە و هی چ میللەتێکە؟!

### دکتۆر مەولود ئیبراهیم حەسەن

کورد بەم مێژووە دوور و درێژەی کە هەیەتی، بەو جوگرافیایە پان و پۆڕو پڕ لە رووداوە ئاڵۆزە، زۆر کەم لە مێژووی خۆی دەزانێ! ئەوەش کە دەیزانێ پێویستی بە پێداچوونەوەو راستکردنەوە هەیە، زۆر بابەت هەن لە زەینی مرۆڤی کورد دەقی گرتوە و یەک رەنگ بووە، لە کاتێکدا ئەو بابەتە پێویستی بە لێکۆڵینەوەو لێوردبوونەوەی زۆرتر هەیە، لێکۆڵینەوە، بە مانای لێکۆڵینەوەی زانستی و پشت بەستن بە بەڵگە مێژوویی و رووداوە راستەقینەکان، هەرچەندە بۆ ئەو مێژووە کۆن و دوورو درێژە، زۆر کەم بەڵگەی زانستی

دەستدەکەون! بەڵام، لەگەڵ ئەوەشدا سەرەداوێکی باریک و توندو نەپساو هەیە، مێژوونووس و پسپۆڕان دەتوانن ئەم سەرداوە باریکە ئەستور و دەوڵەمەند بکەن. ئەگەر لێکۆڵەرەوان بە لێوەشاوەیی کە سێ جۆر مێژوو هەیە، ئەو سێ جۆرە مێژووە بە وردی بخوێننەوەو بتوانن، لەم مێژوانە مێژووی راستین بەدەست بێنن. ئەوا مێژووی کورد زۆر لە ئێستا بەرچاوتر و رۆشنتر دەبێت، ئەم سێ مێژووانەش ئەمانەن:

١- مێژووی ئەفسانەیی : ئەمەشیان دوو بەشە:

بەشی یەکەم/ ئەو دەقە ئەفسانەییە کۆنانە دەگرێتەوە، کە لە نووسینە کۆنەکاندا لەبەر دەستن و باسی مێژووی تێداکراوە مێژووەکە تێکەڵ زۆر بابەتی تر بووە. وەک ئەوەی کە لە ئەفسانەکانی سۆمەرییەکاندا هەیە.
بەشی دووەم/ ئەفسانەی زارەکی، ئەمەشیان بەشێوەی زارەکی دەگێڕدرێتەوە و مێژووی کۆن و نوێی تێکەڵ بووە، نموونەی ئەمەش ئەفسانەی رووداوە مێژووییەکان و "داستان" و "لاوک"ە تێکەڵ ئەفسانەکانە.

٢- مێژووی ئایینی:

ئەم جۆرە مێژووەش، مێژووییەکە زۆرتر بەر (هێزی پیرۆزکردن) و (هێزی رەشکردن) کەوتووەو لەژێر کاریگەریی بیری ئایینەکە تێکەڵ فەلسەفەی ئایینەکە بووەو خراوەتە خزمەت مەبەستە ئایینییەکەو بەزمان و کەرەستەی ئەفسانەیی دەگێڕدرێتەوە.

٣- مێژووی نووسراو:

ئەم جۆرەیان مێژووییەکە، زۆر کەم بە نووسراو بەڵگەوە هەیە، باس لە واقیعە مێژووییەکە دەکات و "کەس" و "ساڵ" و "شوێن" لەناو "رووداو"ەکاندا ناسراون و هەندێکیان هەر لەسەردەمی رووداوەکاندا نوسراونەتەوە.

ئەم سێ جۆرە مێژووە سەرچاوەی مێژووی کوردن، دەکرێ بۆ دۆزینەوەی تەواوی راستییە مێژووییەکان توێژینەوەیان تێدابکرێ! بەڵام، دەبێ ئاگاداری ئەوە بین ئەگەر خوێندنەوەی بەشە ئەفسانەییی و ئاینییەکە کارێکی ئاسان نییە! بۆ بەدەست هێنانی مێژووی راستین ئەوا دەبێ لە مێژووە نوسراوەکەشدا چاوەڕێی هەموو ڕاستییەک نەکەین، چۆن مێژوونووس (ئارشاک سافراسیاب) دەنووسێ:( هیچ میللەتێک هێندەی میللەتی کورد بەدەستی ئەنقەست مێژووی نەشێوێندراوە) شێواندنێکی بەدەستی ئەنقەست، جا لەنێو مێژووی نوسراودا ئەم جۆرە مێژووە شێوێندراوانەش هەن، کە هەندێک لە مێژوونووسان مێژووی کوردیان بەشێواوی نووسیوە، هەر بۆیە نووسینەوەی مێژووی کورد کارێکی ئاسان نییە!، بەڵام ئەگەر کەسی لێهاتوو ملی بداتە بەر کارێکی دوورە دەست نابێ!

نەورۆز:

نەورۆز رۆژی "١"ی مانگی نەورۆزی ساڵی کوردی (٢١)ی ئاداری ساڵی زایینی، کە ئەمساڵ (٢٠١٠)ی زایینییە "دەکاتە (٢٧١٠) کوردی. لە رووی مێژووەکەوە بۆ سەردەمی میدیییەکان گەڕاوەتەوە و بەو پێیەی، کە وەکو تا ئێستا زانراوە مێژووی میدیییەکان لە هەزارەی یەکەمی پێش زاین دەستپێدەکات!!" کە ئێستا ئەو مێژووە بۆ سەرهەڵدانی میدیییەکان خەریکە جێی لەق دەبێ و سەرچاوەی تر هەن، کە مێژووی میدیییەکان بۆ "هەزارەی چوارەمی پێش زایین"ی دەگەڕێننەوە، لەو مێژووەشدا واتە لە هەزارەی چوارەمی پێش زایینییەوە

بەدواوە میدیییەکان زۆر رووداوی گرنگیان هەیە و پێش رووداوی حەوت سەتی پێش زاین دەکەوێ و دەکرێ بکرێن (بە رۆژی مێژوویی) جگە لە میدیییەکان زۆر هۆز و نەتەوەی تر هەن، کە پەیوەندیان هێندەی مێدیییەکان و پتریش بە کوردەوە هەیە، لە ماوەی شەش هەزار ساڵ پێش زاینەوە تا کۆتایی ساسانیییەکان و لە نێوانیاندا "رۆژ و مانگ و ساڵ"ی زانراوهەن، کە ناسراون و گرنگن دەکرێ لەنێو ئەواندا رۆژێکی مێژوویی و نەتەوەیی دیار بکرێت، جا هەندێک لەو رووداوانە دیسان لەگەڵ رۆژی نەورۆز یەک دەگرنەوە. هەروەها لە زۆر سەرچاوەوە بەتایبەتی سەرچاوەی کوردی و ئێرانی و عەرەبییەکان، رووداوی نەورۆز بە (کاوە) و (زوحاک)ەوە

دەبەستنەوە و (کاوە) یەکی ئاسنگەر و مرۆڤ و بەرچاو و واقعی لەبەرامبەر (زوحاک)ێکی ئەفسانەیی رادەگرن و لەم دووەوە مێژوویێک دروست دەکەن و دواجار دەبن بەزانیارییەکی مێژووی و نەتەوەیی و باو و دەفگرتوو، کە دواجار ئەم مێژووە لەڤە لە ئەدەبیات هێندە خزمەتکراوە و دووبارە کراوەتەوە، پیرۆزیەکی نەتەوەی پەیدا کردووە و دەستلێدانی دەچێتە خانەی تاپۆ شکاندن! واتە ئەگەر کەسێک بێت و بڵێ: لە رووی مێژوویەوە ئەم مێژووە ١ / ١ / ٢٧١٠ کوردی لەسەر چ بنەمایەک دانراوە و چۆن ئەم "ساڵ"ە.."رۆژ و مانگ" نا..دەستنیشانکراوە؟ وەک ئەوە وایە، کە گومان لە ڕاستییەکی بەرچاوی مێژوویی بکەی و لێت قبوڵ ناکرێ! کە من هیوادارم ئەم نووسین و رایەی ئێمەش ئەگەر قبوڵیش نەکرا، ئەوا قبوڵنەکردنەکە بە نووسین و لێکۆڵینەوە و راگۆڕینەوە بێت، نەک تووڕەبوون و هەڵچوونی بێ لێکۆڵینەوە. چاوەڕێی بە دەنگەوە هاتنی شارەز او پسپۆرانی دڵسۆز و بەرێزم.

* نەورۆز و شیعر:

پیرەمێردی شاعیر لە شیعری (نەورۆز)دا دەنووسێ:(جەژنێکی کۆنی کوردە)* و لەم رستەیەدا و لەتەواوی شیعرەکەدا پیرەمێرد پێ لەسەر دوو شت دادەگرێ:

یەکەم: جەژنی نەورۆز (جەژنێکی کۆنە) هەرچەندە لەشیعرەکەدا باسی ساڵ و سەدە و هەزارەیەکی دیاری کراو نەکراوە، بەڵام لە وشەی (کۆن)دا مێژوویێکی کۆنمان بۆ دیاری دەکات، کە دەکرێ ئێمە ئەو (کۆن)ەزۆر لەسەدەی حەوتەمی پێش زاین بە کۆنتر بزانین! بەڵام، هەوڵ دەدەین بەڵگە بۆ ئەم کۆنییە بهێنینەوە.

دووەم: جەژنی نەورۆز (جەژنێکی کۆنی کوردە) لێرەو بەم شیعرەی پیرە مێرد دواجار کرا بە سروود و کەوتە سەر زاران و دەیان ساڵە میللەتی کورد دەیڵێ و دەیڵێتەوە (جەژنێکی کۆنی کوردە) بەم رستە کورتە پیرەمێرد مۆرێکی نوێی کوردبوونی جەژنی نەورۆزی لەم جەژنە کۆنەیەدایەوەو لە جەژنێکی کۆنەوە بردییەوە "نێو سیاسەت و شۆڕش و خەباتی کوردایەتی هاوچەرخەوە"، هەروەها

هونەرمەندی گەورەی کورد نەمر "حەسەن زیرەک" بە دەنگە خۆشەکەی، هەرچەندە شیعرەکەی پیرەمێردی وەک خۆی نەگوتووتەوە، بەڵام بەهۆی ئاوازە نایاب و دەنگە زوڵاڵەکەی شیعرەکەی لە شیعری خوێندەوارانەوە کرد بە شیعری هەموو گوێگران و دواجار هەموو کورد.

دیسان هەوڵدەدەین کوردیبوونی جەژنی نەورۆز، لە کوردبوونی میدییەکانی سەدەی حەوتەمی پێش زاین دوورتر ببەین، بیبەینەوە سەردەمی سۆمەرییە کوردستانییەکان، بۆیە دەنووسم (سۆمەرییە کوردستانییەکان) چونکە من گەیشتوومەتە ئەو ڕایە، کە (نەورۆز) چونکە ریشەکەی لە داستانی (تەمووز و عەشتار)ەوە هاتووە و ئەم داستانەش مێژووەکەی پێش مێژووی چوونە خوارەوەی

سۆمەرییەکانە، کە لە کۆتایی هەزارەی پێنجەم و سەرەتای هەزارەی چوارەمی پێش زاینیەوەیە دەستپێدەکات پێش ئەو کۆچەش ئەوە سەلمێندراوە، کە سۆمەرییەکان لە کوردستان بوون و شارستانیەتێکی خۆیان هەبووە، کە هەر ئەو شارستانیەتە بوو لەگەڵ خۆیان بردە خوارەوەو گەشەیان پێدا، لێکۆڵەری عێراقی (ماجید عەبدڵڵا ئەلشەمس) لە کتێبێکدا بەناوی (الحچارە و المیپولوجیا فی العراق القدیم) کە لەژێر پێناسەی (بحوپ ودراسات...الاسگورە...ایل النوروز...البستنە)دا ساڵی (٢٠٠٣) لە (دیمەشق)ی وڵاتی سوریا چاپی کردووە و بڵاوی کردۆتەوە، لەو کتێبەدا لێکۆڵەر هەوڵدەدات بیسەلمێنێ، کە نەورۆز جەژنێکی عێراقییە و پەیوەندی بە (فارس)ەوە نییە، لێرەدا ئەوەی پێویست بێ لەبارەی ئەم لێکۆڵینەوەیەدا بگوترێ ئەوەیە، کە (ماجید عەبدڵڵا ئەلشەمس) دەیەوێ (فارس و ئێران) بخاتە لایەک و (عێراق و کورد و عەرەب)یش بخاتە لایەک، لەوەدا نووسەر مەبەستی سیاسی پێوە دیارە، چونکە ئێران لە مێژووی خۆیدا ناکاتە فارس بەتەنیا و هەموو ئەو حکومەت و ئیمپراتۆریەتانەی کە حوکمی ئێرانی مێژوویان کردووە لە میللەتی فارس نەبوون، بۆ نموونە ساسانییەکان، کەچی ئەو نووسەرە بە (دەوڵەتی ساسانی فارسی) ناوی دەبات، بەرای ئێمە ئەوەی بۆ بەهێزکردنی برایەتی کورد و عەرەب بکرێ ڕەوایە. بەڵام، ئەوە بەو مانایە نییە! ئەوە لەسەر حیسابی برایەتی مێژوویی نەتەوەی

دیکە بێ، ئێمەی کورد چەند پێویستمان بە بەرایەتی کورد و عەرەب هەیە، هێندەش پێویستیمان بە برایەتی فارس و تورک و ئەرمەن و هەموو نەتەوەکانی تری ناوچەکەو جیهان هەیە، لێرە زۆر بە پێویستی نازانم، کە گفتوگۆ لەسەر مەبەستە سیاسییەکەی لێکۆڵەردا بکەم، هێندەی دەمەوێ باس لەو لایانەی کتێبەکە بکەم، کە نەورۆز بە کورد دەبەستێتەوە لە (عێراق!!!) داو ریشەی نەورۆزیش دەگەڕێنێتەوە سەردەمی سۆمەر و بەتایبەت بەسەرهاتی (عەشتار و تەمووز)، کە لێرە پشت بە بەڵگە مێژوویی و لێکۆڵینەوە ئەکادیمییەکان دەبەستێ:

تەمووز و عەشتار:

لە بەسەرهاتی تەموزدا ئەوە زانراوە، کە تەمووز دواجار شەش مانگ دەچێتە ژێر زەوی و پاشان دێتەوە سەر زەوی تەمووزیش وەک خوداوەندێک دەپەرسترا، لێکۆڵەر دکتۆر(خزعل الماجدی) لە کتێبی (انجیل سومر) دەنووسێ:(پەرستنی تەمووز پەرستنێکی باو بوو، لە هەموو وڵاتی سۆمەر و رۆژهەڵاتی دوور، ئاهەنگی ساڵانەی مردن و ژیانەوەی تەمووز بەرجەستەکردنی سروشتی هات و وشکەساڵی بوو، لە (٢١)ی ئادار هەموو ساڵێک لە ساڵی ساڵنامەی سۆمەری ئاهەنگی گەورەی ژیانەوەی تەمووز دەگێردرا و ئەو جەژنە پێیان دەوت جەژنی (زگمەک)، ئەم جەژنە جەژنی بەهار و درەو بوو) "ل ٩٣ - ٩٤" ئەوەی بۆ ئێمە گرنگە ٢١ی ئادار، کە دەکاتە ٢١ / ٣ و ١ی نەورۆزی کوردی، چونکە ئەم ٢١ / ٣ و ٢١ی ئادارە سەری ساڵ نییە و رێکەوتە لەگەڵ ١ی نەورۆزی کوردی، کە رۆژی ژیانەوەی

تەمووز و سەری ساڵی نوێیە (سەری ساڵی کوردی) دکتۆر ماجد عەبدوڵڵا ئەلشەمس دەنووسێ: ئەم پێکچوونەی نەورۆز و زەگمەکی سۆمەرییەکان نیشانەی یەک ریشەیی و یەک فیکرەیی بابەتی عێراقییە کۆنەکان و کوردەکانی ئێستایە"، لەسەرچاوە مێژووییەکان باسی جەژنی سەری ساڵ بە شێوەی (جەژنی سەری ساڵ) و (جەژنی ساڵی نوێ) و (جەژنی رۆژی نوێ) و جەژنی بەهاریش کراوە، هەندێک ئەم رۆژ و ساڵی نوێیە لە(١ی نیسان) ١ / ٤ دادەبینن و ئێستاش لە هەندێ جێگا ئەو رۆژە جەژنە، بەڵام بۆ ئێمە ئەو"٢١ / ٣" و"٢١" ئادارو "١"ی نەورۆزە گرنگە، کە لە( ساڵنامەی سۆمەرییەکان) ئاهەنگی گەورەیان تێدا گێراوە، ئەگەر چی ناوی ئەو رۆژە لای سۆمەرییەکان (زگمەک)ە، کە دەکاتە سەری ساڵ. ئەرتوکریستنسن دەڵێ: "بابلییەکان ئەم رۆژ و سەری ساڵەیان لە سۆمەرییەکان

وەرگرتووە" هەروەها دەڵێ:"سەری ساڵ کە ئیزەدییەکان وای پێدەڵێن: جەژنی نەورۆزیان لەگەڵ سەری ساڵی بابلییەکان پێکدەچێت و ئیزەدییەکانیش ئایینەکەیان زۆر کۆنە، هەروەها بابلییەکان لە سەردەمی شا گۆدیا "gudea" لە ٢٣٤٠ی پ.ز ئەم جەژنەیان پیرۆز کردووە، هەروەها لێکۆڵەری کوردی فارسینووس د. میهرداد بەهار دەنووسێ: "ریشەی جەژنی نەورۆز پەیوەندی بە شارستانیەت و فەرهەنگی خەڵکی نێوان دوو رووبارانەوە هەیە". رێورەسمی ئەم جەژنە "زواج مقدس"ە.

ئێمە ئێستا و ماوەیەکی دوورو درێژە نەورۆز بە کەسایەتی (کاوە) دەبەستینەوە، کەچی (ماجید عەبدڵڵا ئەلشەمس) دەنووسێ:(رەنگە زۆربەمان ئەوە نەزانین کەسایەتی "کاوەی ئاسنگەر" لە فیکری کوردی، ئەوە شێوەیەکی بەرچاوی کەسایەتی تەمووزی عێراقی کۆنە) "ل ١٩".

هەروەها دەنووسێ:(ئاهەنگی برا کوردەکانمان ئەمڕۆ لە جەژنی نەورۆز "واتە رۆژی نوێ" رێک رەنگدانەوەی ئەوەیە، کە عێراقییە کۆنەکان دەیانکرد) "ل ٢٠".

ئەوەی کە (خزعل الماجدی) دەنووسێ ٢١ی ئادار رۆژی جەژنی سەری ساڵی نوێی سۆمەرییەکانە بە بۆنەی زیندووبوونەوەی تەمووز، کە (ماجید عەبدڵڵا ئەلشەمس)یش دەنووسێ:(ئەوەی، کە کوردەکان دیکەن، هەر وەکو ئەوەیە، کە عێراقییە کۆنەکان دیانکرد) ئەوەمان دەداتە دەست، کە کوردەکان ئەمڕۆ میراتگری عێراقییە کۆنەکانن، واتە سۆمەرییەکان، ئەوەش سەلمێنراوە، کە سۆمەرییەکان لە

کوردستانەوە چوونەتە خوارەوە و لەگەڵ چوونەکەشیان هەموو ئەو داب و نەریت و شارستانیەت و ئایینەی، کە هەیانبوو لەگەڵ خۆیان بردوویانە، یەکێک لەو داب و نەریتانەش رێو رەسمی پەرستن و ئاهەنگی ژیانەوەی تەمووز بووە لە سەری ساڵی نوێ کە دەکاتە ٢١ی ئادار لە هەموو ساڵێکدا، (خزعل الماجدی) لە کتێبی (میپولوجیا الخلود)دا دەنووسێ:(لە نێو کلتووری سۆمەریدا، ئەوەی کە هێزی سەرەتای پیت و بەرەکەت لەگەڵ خۆیدا رادەکێشێ، لەو باوەڕو پاشماوەی پێش سەرهەڵدانی شارستانیەتی سۆمەرییەکان)ە "ل ٦١".

ئەوەی لێرەدا گرنگە، کە (خزعل الماجدی) دەنووسێ:(پێش سەرهەڵدانی شارستانی سۆمەرییەکان) لە شارستانیەتیش مەبەستی شارشتانیەتی خوارەوەیە "مەبەست خوارەوەی عێراقی ئەمڕۆیە، کە بەرای من ئەو شارستانیەتە قۆناغی دووەمی شارستانییەتی سۆمەرییەکانە، چونکە پێش چوونە خوارەوەش شارستانیەتییان هەبوو، بەڵام لە خوارەوە زیاتر گەشەیان بە شارستانیەتەکە داوە،

ئەوە بەرەو ئەو رایەمـان دەبـات، کە سـەرەتای سـەرهەڵدانی فیکـر و پەرستنی تەمووزی خوداوەنـد و رۆژی زینـدووبوونەوەی لەلای سۆمەرییەکان زۆر بۆ پێش چوونە خوارەوەیان واتە پێش هەزارەی پێنجەم و چوارەمی پێش زایینە و خۆی فیکرەکە فیکرەیەکی ئـایینی و کشتوکاڵییە و بۆ سەردەمی سەرەتای سەرهەڵدانی کشتوکاڵ دەگەڕێتەوە، کشتوکاڵی ئەشکەوت، لە بنـاغەدا جەژنـی "زەگمەک" کە دەکاتە جەژنی نەورۆزی ئێستای کورد، جەژنێکی سروشتی کشتوکاڵی ئەفسانەیی ئایینییە، سروشتی بـوونی ئەم جەژنە پەیوەنـدی بە زەمەنگۆڕانەوە هەیەو ساڵ نـوێ دەبێتەوە، کشتوکاڵیەکەشی پەیوەستە بە هـات و بەرەکەتـی کشتوکاڵ، کشتوکاڵی ئەشکەوتی تـازە داهاتوو، ئەفسانەیی بوونەکەشی لە ڕێوڕەسمەدا بەدەر دەکەوێ کە ساڵانە لەپێشوازی ئەم جەژنە پەیڕەو کراوە، ئایینییەکەشی بۆ ئەو "باوەڕ" بەغەیب بوونە دەگەڕێتەوە کە ئەوێ رۆژی باوەڕمان پێی هەبووە. ئەم کاریگەری سروشت و کشتوکاڵەش زۆر بە رەسەنی

تێکەڵ ژیـان و کلتـووری میللەتـی کـورد بـووە، هەروەک سـەردەمی سـەرهەڵدانی ڕێوڕەسمی سروشتی پەرستنی تەمـووز و لەگەڵ گـۆڕانی فەلەک و سروشـتەوە، ئەوە تـا ئەمڕۆکەش ٢١ / ٣ی هەر سـاڵێک کە دەکـاتە ١ی مـانگی نەورۆز رۆژی جەژن و سـەری سـاڵی کـوردییە، جـگە لەوەی دابەشـکردنی سـاڵ لەنێـو میللەتـی کـورددا دابەشـکردنێکی پەیوەسـتە بە سروشـت و کشـتوکاڵەوە بەهـار: بەهـار واتە سەوزبوونەوەی گیاو درەخت و نوێ بوونەوە هاوین: واتـا گەرم داهـاتنی ئـاووهەوا و کۆکردنەوەی دانەوێڵە. پـایز: واتـا وەرینی گەڵای دارودرەخت و پێگەیشتنی میوە. زستان: واتا سەرماو سۆڵ و بارینی بەفر. جگە لەمە نـاوی مانگەکـانی هەرچوار وەرزی سـاڵیش لەنـاوی سروشت و کشتوکاڵەوە هاتوون وەک ناوی وەرزەکان.

ناوی مانگەکان:

١- نەورۆز: واتـا (رۆژی نوێی) سـاڵی نوێی کە یەکەمین مانگی نوێی کوردییەو مـانگەکە بەنـاوی ئەم رۆژە نـوێیە نـاونراوە، واتـا سـاڵی نوێ. پەیوەستە بە زەمەنەوە.

٢- گوڵان: واتا لەم مانگەدا گوڵە بەهارییەکانی سروشت دەپشکوێن و گوڵی رەنگاورەنگ زۆر دەبێت لەم مانگەدا. پەیوەستە بە سروشت و کوردستان پڕ لە گوڵی جۆراوجۆر دەبێ.

٣- جۆزەردان: واتـا لەم مانگەدا جۆ کە لەسەرەتای بەهارەوە سەوز دەبێت، لەم مـانگەدا زەرد دەبێت و بەرەو وشکبوونەوە دەچێ. واتە پەیوەستە بە کشتوکاڵەوە.

٤- پووشپەڕ: گژوگیای سەوزی بەهار لەم مانگەدا وشک دەبێ و دەوەرن، واتا دەکەون پەیوەستە بە سروشتەوە.

٥- خەرمانان: خەرمان واتا دروێنەکردنی گەنم و جـۆو بە خەرمان کردنیـان لەسـەر جۆخینـان و خەرمـان لەو مـانگەدا زۆر دەبـێ، ئەو مانگە مانگی زۆری خەرمانە. پەیوەستە بە بەرهەمی کشتوکاڵییەوە.

٦- گەلاوێژ: لەم مانگەدا ئەستێرەی گەلاوێژ دەردەکەوێ، ئەم مانگە پەیوەستە بە فەلەک و ئەستێرەو ئاسمانەوە.

٧- رەزبەر: لەم مانگەدا رەزەکان دێنەبەرو رەز بەری دەدات. پەیوەستە بە بەرهەمی رەزداری.

٨- گەڵارێزان: لەم مانگەدا گەڵای دارو درەخت وشک دەبن و دەکەونە ژێردار، واتـا گەڵا دەڕژێ و دەکەوێتە خـوارەوەو بەدارەوە نـامێنێ. پەیوەستە بە سروشتەوە.

٩- سەرماوز: لەم مانگەدا ئاوو هەوا دەگۆڕێ و سەرما سەرهەڵدەداو پەیوەستە بە سەقاوە.
١٠- بەفرانبار: لەدوای مانگی سەرماوز بەفر لە کێوەکانی کوردستان دەبارێ و مانگەکە بەناوی بەفربارین کراوە، پەیوەستە بە دیاردە سروشتییەکان.
١١- ڕێبەندان: واتا ڕێگاکان دەگیرێن بەهۆی بارینی بەفری زۆرەوە.
١٢- ڕەشەمێ: ئەم مانگەش کۆتایی ساڵەو هەندێ دیاردەی سروشتی و نێو ئاژەڵان بەدەر دەکەوێ. بۆ نموونە: بەبا هاتنی پشیلە لەم مانگەدایە.

ئەم ناولێنانەش لەگەڵ سەرهەڵدانی کشتوکاڵ و چاودێریکردنی سروشت و دەرکەوتنی دیاردە سروشتییەکان لەئاسمان و زەوی و کەژە

کشتوکاڵییەکان ناوەکان سەریان هەڵداوەو پەیدابوونەو زەمەنی ساڵێکی کشتوکاڵییان پرکردۆتەوە، ئەمەش هەر لەسەرەتای سەرهەڵدانی کشتوکاڵەوە بووە.

کە من بە چاکی دەزانم سەرهەڵدانی کشتوکاڵ بەسەر سێ قۆناغدا دابەش بکەین:

١- کشتوکاڵی ئەشکەوت: واتە مرۆڤ هێشتا لە ئەشکەوت ژیاوە و کشتوکاڵی کردووە، وەک کشتوکاڵی (زەڤیاچەمێ) کە بە هەڵە زاوی جمی پێ دەگوترێ و لە دەوروبەری ئەشکەوتی"شانەدەر" لەناوچەی"برادۆست"ی سەر بەشاری"هەولێر".
٢- کشتوکاڵی گوند: پاش هاتنە دەرەوەی مرۆڤ لە ئەشکەوت، وەک دروستکردنی گوندی کشتوکاڵی گوندی (چەرموو).
٣- ا- کشتوکاڵی سەردەمی شار "کشتوکاڵی بارانی" ئەمەش لەگەڵ دروستکردنی شاری هەولێر لەسەر دەستی باپیرانی سۆمەرییەکانەوە دەست پێدەکات و تا ئێستاش بەردەوامە، ئەم شارە هەر لە سەرەتاوەش وەک پەرستگایەکی ئایینی، بە تایبەت پەرستگای "خواوەندی عەشتار" کە دواجار بە "عەشتار ئەربیللا" ناوبانگی دەرکردووە.
٣- ب- کشتوکاڵی سەردەمی شار "کشتوکاڵی ئاودێری": ئەویش ئەو جۆرە کشتوکاڵە دەگرێتەوە، کە سۆمەرییەکان لە پاش چوونە خوارەوە و دروستکردنی شارەکانی (ئوروک و ئور و ورکا) بە پشت بەستن بە ئاودێری برەویان پێدا.
ئەوەش زانراوە کە کشتوکاڵ لە کوردستان لە هەزارەی ١٥ تا ١٢ هەزار ساڵی پێش زایین سەری هەڵداوەو قۆناغی "ئەشکەوت" و "گوند" و "شار"ی بڕیوە هەر لێکۆڵەر"ماجید عەبدوڵڵا ئەلشەمس" دەنووسێ:"لە بەدواداچوونی ڕووداوەکاندا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە چیرۆکی تەمووز و عەشتار زۆر لە چیرۆکی "گلگامش" کۆنترە، "ل ٢٦". هەموو لایەکیش ئەوە دەزانن، کە گلگامش پاڵەوان و پاشای سەردەمی (شار)ە لە قۆناغی دووەمی سەرهەڵدانی شارستانیەتی سۆمەرییەکانە، کە بۆ سەرەتای هەزارەی سێیەمی پێش زاین دەگەڕێتەوە بەپێی مێژووی زانراوی سۆمەرییەکان.

لێرەدا ئەوە ڕوون دەبێتەوە، کە ئەو مێژووەی بۆ نەورۆز داندراوە، کە (٧٠٠) ساڵ پێش زایین، ئەم مێژووە، مێژووی یەکەمین سەرهەڵدانی ئەو (جەژن)ە نییە، ئەگەر لە ١/ی نەورۆزی (٧٠٠) پێش زایین بە هەر بۆنەیەک ئەم ڕۆژە کراوە بە جەژن، کە بەڕای ئێمە ڕۆژی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی مادە لەسەردەستی دیاکۆ ئەوە بە ڕێکەوت، یان بۆ پیرۆزکردنی، ئەو بۆنە بووەو لەگەڵ ١/ی

نەورۆز و سەری ساڵ لێکدراوە، ئەوە ئەمڕۆ ١ی نەورۆز کەوتۆتە قۆناغێکی تازەتر و خۆی تێکەڵ ڕووداوێکی تری مێژووی میللەتی کورد کردۆتەوە، ئەوەش زۆرتر بۆ ئەوەمان دەبات، کە بڵێین، ئەم بەیەککردنەی جەژنی حەوت سەت ساڵەی پێش زایین و ڕۆژی ١/ی نەورۆزی سەری ساڵ، بۆ پیرۆز کردنی جەژنە تازەکە بووە، چونکە هەموو لایەک ئەوە دەزانن، کە ڕۆژی زیندووبوونەوەی تەمووز ٢١ ی ئادار، کە دەکاتە ١ی نەورۆز، لە سەرەتادا جەژنێکی ئایینی بووە، تەمووزیش خواوەند بووەو پەرستراوە، جگە لەوەی، کە ئەمڕۆژە پەیوەست بووە بە هات و بەرەکەتی سروشت و زۆر بوونی ڕۆزە (رزق) جگە لە پیرۆزییە کۆنییەکەشی، کە لە یادەوەری میللەتدا خۆی زیندوو و پیرۆز ڕاگرتووە، تا ئێستا ئەوەمان بۆ ڕوون بووەوە، کە نەورۆزی ڕاستەقینەی مێژووی، مێژووەکەی زۆر لە (٧٠٠) ساڵ پێش زاین کۆنترە و پێش چوونە خوارەوەی سۆمەرییەکانە و هی سەرەتاکانی سەرهەڵدانی کشتوکاڵە، کە بەرای من زۆر پێش دروستکردنی شارە، هەتا شاری، (ئۆربیللۆ)، هەولێریش، کە تەمەنەکەی لە (٨٠٠٠) ساڵ بەسەرەوەیە، ئەگەر هی سەردەمی کشتوکاڵی ئەشکەوت نەبێ، ئەوا بێشک هی سەردەمی کشتوکاڵی گوندە، کە ئەمەش بۆ (زیاتر لە ١٠ تا ١٥) هەزار ساڵ پێش زاین دەگەڕێتەوە، بۆیە ئەو

مێژووەی، کە بۆ ساڵی کوردی داندراوە (٢٧١٠) ساڵ مێژوویێکی نوێیە دەتوانین لە مێژووی کۆندا ساڵ و بۆنەی لەوە کۆنترو گرنگتر بدۆزینەوە، بیکەینە سەرەتای مێژووی میللەتەکەمان، بەتایبەت ئەگەر سۆمەرییەکان بەبەشێک لە پێکهاتەی میللەتی خۆمان بزانین، کە ئێستا ئەمە سەلمێندراوە و لێکۆڵەرانی بیانی ئەم ڕاستییەیان ساغ کردۆتەوە، کە سۆمەرییەکان لە کوردستان بووین و لە هیچ شوێنێکی تر نەهاتوون و پاشماوەی زۆریان لە هەموو کوردستاندا دۆزراوەتەوە و بەشێکن لە پێکهاتەی نەتەوەیی و کورد و زۆر لێکۆڵینەوە، ئەم ڕاستییەیان دەرخستووە، کە پەیوەندی هەمەلایەنەی گرنگ لە نێوان سۆمەرییە کۆنەکان و کوردەکانی ئێستادا هەیە، یەکێ لە مێژوونووسەکان دەنووسن:(نابی بڵێین کورد سۆمەرین، بەڵکە سۆمەرییەکان کوردن) ئەوەتا ڕۆژی 21ی ئادار، ڕۆژی زیندووبوونەوەی عەشتارو تەمووزی سۆمەرییەکان، هەمان ڕۆژی ٢١ / ٣ی ڕۆژی ١ی نەورۆز و سەری ساڵی ئەمڕۆی کوردییە، جگە لە ڕۆژەکە وەک کات ڕێورەسمی پێشوازی کردنیش لە زیندووبوونەوەی تەمووز لەسەردەمی سۆمەرییەکان، هەمان ڕێورەسمی پێشوازی کردنی ئەمڕۆی کوردە لە نەورۆز، لێکۆڵەر (ماجید عەبدوڵڵا ئەلشەمس) دەنووسێ:(هەموو ئەوە دەزانین، کە خوداوەندی تەمووز پەیوەندی بە بزنەوە هەبوو، چونکە (تەمموز) شوان بوو، لە کوردستانیش ڕێورەسمێکی کۆن هەیە، کوردە لادێیەکان پێستەی بزن لەبەردەکەن، وەک دابێکی کۆن بۆ پێشوازی ڕۆژانی بەهار) "ل ٤٥".

هەر زانای شوێنەوارناس (هنری فرانکفۆرت) لە ساڵی (١٩٣٠)دا لە کوردستان ئەمەی بە چاوی خۆی دیوە، لە لێکۆڵینەوەکەیدا بەناوی (تقوسی تەمووزی لە کوردستان(tammuz rituals in kurdistan) بڵاوی کردۆتەوە. "ئەرتۆرکریستنسن دەنووسێ: "ئەدۆنیس لە تەمموزەوە هاتووەو زۆر دابی ئەدۆنیس لە جەژنی نەورۆزدا بەجێماوەو ئێستا پەیڕەو دەکرێ". ئەم تقوسی تەمووزی و تەمووز پەرستییە، ئەگەر بە وردی سەیری جوگرافیای ڕووداوەکانی بکەین و وەک (شوێن لە چیرۆکدا) بە گرنگی بزانین، ئەوا جوگرافیای ڕووداوی عەشتارو تەمووز لەسەرەتا جوگرافیایەکی شاخاوییە و ئەشکەوتی تێدایە، ئەو کوردستانەش پڕە لە چیاو ئەشکەوت، چونکە چوونە خوارەوە و "بن دنیا" ژێر زەوی تەمووز تەنیا لە نێو ئەشکەوتدا دەگونجێ، کوردستانیش پڕە لە ئەشکەوتی گەورەو دوور و درێژ، کە هەر یەکەیان جێگای سەدان و هەزاران کەسی تێدا دەبێتەوە، چوونە خوارەوەی تەمووز، واتە چوونە ژێرەوەو ژێر زەوی، ئەگەر سەیری تەواوی چیرۆکەکە بیکەین چ تەمووز چ عەشتار و چ خوشکەکەی تەمووز، کە دەچنە خوارەوە، دەچنە جێگایەکی ئاوەدان، هەرچەندە "ژێرەوە" بە مانای شوێنی تاریک دێت، بەڵام شوێنێکی ئاوەدانە و خەڵکی تری زۆری تێدایە، ئەم ژێر

زەوییە گەورەو تاریک و ئاوەدان و پڕ لە خەڵکە هەر لە ئەشکەوتەکانی کوردستان دەوەشێتەوە، ئەگەر ئەوەش لەبیر نەکەین، ئەگەر مرۆڤ ئەمڕۆ دە دوازدە هەزار ساڵێکە لە گوند و شاردا دەژی، بەڵام بەسەدان هەزار ساڵ لەنێو ئەشکەوتدا ژیاوە و لەنێو ئەشکەوتدا چاوی کراوەتەوە و تا ئێستاش پێیەکی هەر لەنێو ئەشکەوتدایە و تا ئێستاش ئەشکەوت لە یادەوەری مرۆڤدا نەسڕاوەتەوە، بە تایبەت مرۆڤی کورد.

بە کورتی، ئەگەر ٢١ی ئادار رۆژی زیندووبوونەوەی نەورۆزو تەمووزە لە مێژووی کۆندا لە لای سۆمەرییەکان پێش چوونە خوارەوەیان، واتە پێش هەزارەی پێنجەم و چوارەمی پێش زاین لەنێو سۆمەرییەکانی کوردستان پەیڕەوکراوە، ئەوا ئەمڕۆ هەمان ٢١ / ٣ کە دەکاتە ١ی نەورۆز لە لای کوردەکانی هەمان "سۆمەرستانی مێژوو" کە دەکاتە کوردستانی ئەمڕۆ، ئەمرۆژەی کە جەژنێکی نەتەوەییە، هێندە هەیە جەژنی ژیانەوەی تەمووز جەژنێکی پیرۆزی ئاینییە و سۆمەرییەکان لە سروشتەوە وەریانگرتووە، کەچی ئەمڕۆ نەورۆز لای کورد جەژنێکی نەتەوەییە و لە پیرۆزی مێژوو وەرگیراوە، هەر لە کۆنەوە لە (١٠) هەزار ساڵ پتر ٢١ / ٣ ساڵانە جەژنە و ئەگەر ناوەکەشی گۆڕاوە و ئەگەر پیرۆزییەکەی گۆڕاوە، رۆژەکەی هەمان رۆژە و وڵاتەکەی هەمان وڵاتە و ئەو میللەتەش، کە رایگرتووە و درێژەی پێداوە هەمان میللەتە، میللەتی بەردەوامی میللەتی پێشوو کورد. لەساڵی"١٨١٢"ی زاییندا (جێمس مۆیەر) لە ئێران و لە سەروبەندی بەهار دەنووسێ"کوردەکان چیرۆکی کاوەی ئاسنگەر و زووحاکیان بە نواندن پیشاندەدا لە جەژنێکدا کە پێی دەڵێن"جەژنی کورد". ئەم جەژنی کوردەش هەمان جەژنی نەورۆزە کە ئەمڕۆ میللەتی کورد بە حەماسەتەوە یادی دەکاتەوە". دیسان هەمان جەژنی زیندووبوونەوەی تەمموز و عەشتارە.

ئەمەش بەو مانایە نییە هیچ میللەتێکی تر جەژنی نەورۆز ناکات! بەڵێ، ئەم جەژنە کۆنە لە کوردستانەوە چۆتە نێو زۆر وڵات و میللەتی تریش، بەڵام ئەو میللەتەی دروستی کردووە ئەوە میللەتی کوردە، ئەو وڵاتەش، کە لێی دروستکراوە وڵاتی کوردستانە، جگە لەمەش ئەمە هەر کوردستانییەکانن جەژنی نەورۆزیان بە دنیادا بڵاو کردۆتەوە، هەر لە سۆمەرییەکانەوە بگرە هەتا دەگاتە ساسانییەکان و گەیاندویەتیانە زۆر وڵاتی دوور و میللەتی جیا جیا.

نەورۆز دوای هاتنی ئایینی ئیسلام:

سەرەتای هاتنی ئاینی ئیسلام، سەرەتای رووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانییەکان بوو، کە ئەو ئیمپراتۆریەتە هەر لە سەرەتاوە لەسەر دەستی (ئەردەشێری بابکان) دامەزرا و بە کورد بوون دامەزرا، ئەوەتا بەقسەی چەند مێژوونووسەکان (ئەردەوان)، پاشای پارس کە وەڵامی داخوازی ئەردەشێری تازە ئاڵا هەڵکردووی دایەوەو بە تووڕەیی و جوێنەوە لە نامەیەکدا رووی لە ئەردەشێر کرد و وتی:(کوردی لەنێو رەشماڵی کوردان گەورە بووی، لە سنووری خۆت چوویتە دەرەوە، مردنی خۆت نزیک کردۆتەوە، کێ رێگای بەتۆدا تاجی شاهی بکەیتە سەر و وڵات داگیر بکەیت و خەڵک بکەیتە ژێر دەستەی خۆت).

هەر ئەم نامەیەو کورد بوونەشە وا لە (گبری) دەکات بنووسێ: دەبێ حیسابی زنجیرە پاشایەکی کورد بۆ بنەماڵەی ساسان بکەین، ئەم بنەماڵەیەش، کە لە هۆزی گەورەو ناسراوی کۆنی کورد (شوانکارە_شبانکارە)ن و لە بنەماڵەی ناسراوی ساسانن، نزیکەی چوار سەدو

سی ساڵ تەمەنی ئەم ئیمپراتۆریەتی ساسانیان لەسەر پێ راگرت و یەکێک بوو لە گەورەترین دەسەڵاتانی جیهان، کە زۆر جار دەستیان بەسەر شاری یۆناندا گرتووە و سنووری ئیمپراتۆریەتییەکەیان زۆر لە سنووری ئێران و عێراق گەورەتر و فراوانتر کردووە، چوار سەد و سی ساڵ تەمەنی ئەو ئیمپراتۆریەتەیە، پڕیەتی لە پاشای لێهاتوو، داد پەروەر و زۆردار و بێ کەڵک، لە رووی مێژووییەوە، مێژووی ئەم ئیمپراتۆریەتە ئەگەرچی جیهانییە، بەڵام کورد لە هەموو نەتەوەیەک زیاتر میراتگری رەوای ئەو مێژووەیە، کارێکی ئاسان نییە، ئەم مێژووە لە مێژووی میللەتی خۆمان بکەینە دەروە یان ئاگاردارى نەبین و نەیناسین.

رووخانی ئەم ئیمپراتۆریەتە لەگەڵ سەرەتای (فتوحاتی) ئیسلام دەستی پێکرد، ئەمەش کارێکی ئاساییە، هەموو هێزێک سەر هەڵدەداو ئەستوور دەبێ و دواجار دەروخێ، قەدەری رووخانی ئیمپراتۆریەتی ساسانیش لە سەردەمی هێزی فتوحات بوو، ئەگەر بمانەوێ لە رووی مێژووییەوە هۆی رووخانی ئەم ئیمپراتۆریەتە بەتەمەنە و سەرکەوتنی ئەم هێزە ئیسلامییە تازەیە بزانین، ئەوا دەتوانین لەم دوو رستەیەدا کۆی بکەینەوە، کە "ئیمپراتۆریەتی ساسانی لە کۆتایی سەردەمی پیری و نەخۆشی خۆیدا بوو" کەچی دیارە "ئیسلامیش لەسەرەتای گەنجی و بەهێزی دابوو" هەر لە سۆمەرەوە، سۆمەری پێش چوونە خوارەوە جەژنی سەری ساڵ ١ / ١ "جەژنی ٢١ی ئادار" سەری هەڵداو تا کۆتایی ساسانیەکانیش هەر بەردەوام بوو، هەموو ئەو دەوڵەت و دەسەڵاتەی گشتگیر بوون یان ناوچەیی لە ئێران و میزۆپۆتامیا و دەوروبەری هەریەکە و بە جۆرێک و بە شێوەی خۆی ئەم جەژنەیان یادکردۆتەوە، بەتایبەت ساسانییەکان کردبوویان بە جەژنێکی دەوڵەتی لەم رۆژەدا دەڵێن: ئەردەشێری بابکان لەرۆژی نەورۆز تاجی شاهی کردەسەر، جگە لە ئاهەنگ گێڕانی میللەت، بە فەرمیش دەبوایە میرو حاکمە ناوچەییەکان پەیمانی خۆیان بۆ پاشای ساسانییەکان نوێ بکەنەوە و دیاری پێشکەش بە پاشا و نێوەندە ئاینییەکان بکەن جا هەر لەکۆنەوە هەر دەسەڵاتێک حوکمی کوردستانی کردبێ، ئایینی بووبێ، نەتەوەیی بووبێ، سیاسی بووبێ، خۆماڵی بووبێ یان بێگانە، چونکە جەژنی نەورۆز جەژنێکی کۆن و پیرۆزی خەڵک بووە، ئەوا دەسەڵاتەکانیش رێزیان لەو جەژنە گرتووە، خۆ ئەگەر دەسەڵاتەکە خۆماڵی بووبێ، ئەوا ئەو جەژنە زۆرتر بەرێزەوە ئاهەنگی بۆ گێراوە، جا ئەم جەژنە میللی و حکومەتییە پاش رووخانی دەسەڵاتی ساسانیان لە جەژن نەکەوت، ئەوەتا خەلیفە ئیسلام (ئیمامی عەلی) "خوا لێی رازی بێت"، کە خواردنی تایبەتی نەورۆزی بەدیاری بۆی دێنن پاش ئەوەی خواردنە تایبەتەکەی نەورۆز دەخوات لە زاری خۆش دێ، (لە خوای خۆی دەپاڕێتەوە، کە خودا هەموو رۆژێکیان بکات بە نەورۆز).

هەرچەندە وا پێدەچی، کە خەلیفە ئاهەنگی نەورۆزی بە چاوی خۆی نەدیبێت، بەڵکو هەر لەرێی خواردنە خۆشەکەی نەورۆزە هەستی بە خۆشی نەورۆز کردبێ، ئەوەتا لە خوا دەپاڕێتەوە، کە هەموو رۆژێکیان بکات بە نەورۆز، ئەمەش ئەوە دەسەلمێنی، کە نەورۆز بەو پیرۆزی کۆنییەی، کە هەیە هەیبووەو توانیویەتی خۆی رابگرێ و دانی پێدابنرێ، ئەگەر خەلیفەی موسلمانان هەر تەنیا لەرێی خواردنە تایبەتییەکەوە نەورۆزی لا خۆش دێت و دوعای هەموو رۆژێک نەورۆز دەکات، ئەوا (بابا تاهیری هەمەدانی) وەک سۆفییەکی گەورە و خواناسێکی عاشق و ئیماندارێکی بێگەرد، رۆژی گەیشتنی خۆی بە "یار" (خودا)ی خۆی بە خۆشی رۆژی نەورۆز دەچوێنێ، دەڵێ:( ئەگەر من بۆم بکرێ بەتۆ بگەم، ئەوا هەموو رۆژێکم، رۆژی جەژنی نەورۆزە). باباتاهیر لە شیعرەکەدا دەفەرمووێ:

جودا ئەز روویەت ئەی ماهی دل ئەفرۆز

نەرۆز ئەز شەو شناسەم نە شەو ئەز رۆز

ویسالت ئەگەر مەرا گەردەد مەیسەر
بووە د هەر رۆژێ مەن چۆن عیدێ نەورۆز

لێرە دەبێ ئەوە بزانین، ئەوا ئەوە هەیبەت و خۆشی و شادی گەورەیی "عیدێ نەورۆز" جەژنی نەورۆزە، وای لە سۆفییەکی ئیمانداری وەک (بابا تاهیر) کردووە، کە گەیشتنی خۆی بە "یار" (خودا) بەخۆشی رۆژی نەورۆز بچوێنێ، ئەوەش بۆمان دەردەخات، کە لەسەردەمی بابا تاهیریش، کە دەکاتە کۆتایی سەدەی چوارەم و سەرەتای سەدەی پێنجەمی کۆچی، هێشتا (نەورۆز) هەر رۆژێکی خۆش و جەژنێکی پیرۆزە و بۆ ئەوە دەشێ، کە موسڵمانێک خۆشی بە خودا گەیشتنی خۆی بە خۆشی رۆژی جەژنی نەورۆز بچوێنێ، کە ئەم پێچواندنە بۆ کەسێکی موسلمان و ئیماندار گرنگی خۆی هەیە، ئەمەش ئەوەمان بۆ دەسەلمێنێ، کە بابا تاهیر وەک کوردێک، کە خۆی لە منداڵییەوە هاوبەشی لە جەژنەکانی نەورۆز کردووە و یادەوەری پڕە لەدیمەنە جوان و لەبیر نەچووەکان، بە هەموو هەستەکانییەوە هەستی بە جوانی و خۆشی و لەزەتی نەورۆز کردووە و هەمووی لا جوان و پیرۆز بووە، وەک بینینی دیمەنە جوانەکان و بیستنی ئاوازە خۆشەکان و خواردنی خواردنە بەتامەکان و هەڵمژینی بۆنە خۆشەکان و هەستکردن بەمانا گیانییەکانی جەژنی نەورۆز، نەک وەکو ئیمام هەر تەنیا لەرێی تامی خۆشی خواردنی تایبەتی نەورۆزەوە بە نەورۆز ئاشنا بووە، دەکرێ نموونە لە شیعری زۆر شاعیری کورد بهێنینەوە، کە بە گەورەیی و خۆشی پیرۆزی ئاهەنگی جەژنی نەورۆزیاندا هەڵگوتووە، بەڵام لە نێو نەورۆزی شاعیراندا کۆتایی بە شیعری داستانی "مەم و زین"ی (ئەحمەدی خانی) دەهێنین و شاعیرانی نەورۆز بە خودای نەورۆز دەسپێرین.

تەمووز و عەشتار= مەم و زین

ئەحمەدی خانی شاعیری گەورەی کورد، لە مەم و زیندا لە زۆر رووەوە لەگەڵ تەمووز و عەشتار یێک دەچن. هەر لە سەرەتاوە چیرۆک لە "رۆژی نەورۆز ٢١ی ئادار" (سەری ساڵ) دەست پێدەکات، خانی دەفەرمووێ:

رۆژا کو دەبویە عیدێ نەورۆز
تەعزیم ژ بۆ دەما دل ئەفرۆز

ئەگەر تەمووز لە نەورۆزدا زیندوودەبێتەوە، ئەوا (مەم و زین) لەورۆژەدا ئەرکی ژین و دین تەواو دەکەن و هەریەک بەدوای رەگەزی بەرامبەردا دەگەڕێن و ئەم ژن خواستن و شووکردنەی مەم و زین زۆر لەپێکگەیشتنی پیرۆز (زواج مقدس) دەچێ، ئەگەر لە رۆژی نەورۆزدا پاشاکان و کاهینەکان و ژنە پاکیزەکان خۆیان دەگۆڕی و بە ئەدای ئەرکی پێکگەیشتنی پیرۆزەوە خەریک دەبوون، ئەوا (مەم و زین)یش بە خۆ گۆڕین و بەدوای یەکتردا گەڕان ئەمە دەکەن، مەم بەرگی کچان دەپۆشی و زین بەرگی کوڕان، ئەم خۆگۆڕینەش زۆر لە خۆ گۆڕینی پاشا و کاهین و ژنە ئیماندارەکان دەچێ، کە دواتر چیرۆکی (عەشتار و تەمووز)یان بەرجەستە دەکرد، لە کتێبی "ئایینی سۆمەری" دکتۆر خەزعەل ئەلماجدی دەنووسێ:"بەڵام، سروشتی "زواج مقدس" ئەوەی کە تایبەت بوو بە پادشاکان، ریشەکەی بۆ ئەفسانەی "تەمووز و ئینانا= عەشتار" دەگەڕێتەوە، پاشا رۆڵی تەمووزی دەگێڕاو کاهینەی مەزن رۆڵی ئینانا، ئەمەش لە سەرەتای ساڵی سۆمەری کە دەکاتە ٢١ی ئاداری هەموو ساڵێک بەڕێوە دەچوو)(ل ١٥٨). جگە لەوەش ژیانی مەم دوای ناسینی زین،

ئازار و بەندکردن و تا دواجار مردنیش، زۆر لە ژیانی پڕ کارەساتی تەمووز دەچێ و چوونە خوارەوە (بن دنیا)ی تەموزیش وەک ژیانی نێو بەندیخانە و زیندانی کردنی مەم وایە.

ئەم هێلە رەسەن و تەواوە، کە لەسەرەتای هەردوو بەسەرهاتی (تەمووز و عەشتار) و بەسەرهاتی (مەم و زین)دا دەست پێدەکات و هەتا کۆتایی هەردوو بەسەرهات بەردەوام دەبێت، ئەمە هەر رێکەوت نییە! کە (ئەحمەدی خانی) شاعیر بەکاری هێنابێ، بەڵکە ئەمە ئەنجامی ئەو مێژووە دوور و درێژ و پیرۆزەی عەشتار و تەمووز و جەژنی نەورۆزە، کە لە یادەوەری هەر تاکێکی ئەم وڵاتە ئامادەیی هەیە، بەڵام ئەوە هەیە هەموو تاکێک شاعیر نییە، هەموو شاعیرێکیش (ئەحمەدی خانی) نییە، خۆ ئەگەر لەوەش زیاتر ئەحمەدی خانی بە لێکدانەوەو هەڵبژاردن، ئەمەی کردبێ، ئەوا خاڵێکی تری گرنگ و گەشی داهێنانی خانییە، کە چیرۆکێکی کۆن و پیرۆز و پڕ کارەساتی هەڵبژاردووە و لە رۆژێکی جەژن و مێژوویش دەست پێدەکات.

ئەحمەدی خانی هەر خۆی جارێک دەڵێ: هەرچی هەیە پاکیزەیی داهێنانی خۆمە. جارێکیش دەڵێ: هەرچی هەیە وەرم گرتووە و کۆم کردۆتەوە، لەراستیدا هەردووکیانی کردووە، واتە هەم داهێنانی خۆیەتی و هەم وەریشی گرتووە، بەڵام هێندە هەیە لە هەردوو باراندا خانی هەر داهێنەرە، وەرگرتنەکەشی هەر لە داستانی "مەمی ئالان"ی وەرگرتووە، کە بە سەدان ساڵ پێش خانی لەنێو خەڵکدا گێڕدراوەتەوە.

لەوەی کە لەرۆژی جەژنی نەورۆز دەستپێدەکات دەنووسێ:

دەورا فەلەکێ ژ بەختێ فەیرۆز
دیسا کو نوماژ نوڤا نەورۆز

لێرە خانی جەژنی نەورۆز تەنیا لە نێو ساڵنامەی مێژوودا نابینێ، بەڵکە رۆژی نەورۆز لای ئەو بەشێکە لە پێکهاتەی فەلەکی، ئەوە مێژوو نییە، (نەورۆز)ی دروستکردووە، بەڵکە ئەوە نەورۆزە، کە بەشێکی دانەبڕاوو بەردەوامە لە پێکهاتەی فەلەکیدا، چونکە خول و سوڕانی فەلەک ئەوەتە لە نوێوە نەورۆزی خستە بەرچاو و دڵان، هەر بۆیێ لەسەر بنەمای ئەو عادەتە پیرۆزە، کە عادەتێکی کۆنە، خانی ئەمرۆژە، رۆژی جەژنی نەورۆز لە (شەهری) خەڵکی شار و مەدەنییەکان هەروەها (سوپاهیان)، واتە لەشکەری و عەسکەریان پێکەوە پیرۆز دەکات، بە مانایەکی تر، خانی جەژنی نەورۆز لە حکومەت و خەڵک پیرۆز دەکات، چونکە جەژنی هەموانە، ئەم جەژن و سەری ساڵە، جەژنی منداڵ و جوان و پیر و کاڵانە لەم جەژن و سەرە ساڵەش کوڕی تازە پێگەیشتوو و کچی تازە خۆ ناسیوە، هەر یەکەیان بەدوای ئەویتریان دەگەڕێن، بە دوای (یەکتر خواستنی پیرۆز) کە لەنێو ئەم پێک گەیشتن و یەکتر خواستنەش جووتبوونی پیرۆز (زواج مقدس) هەیە، بەڵێ: خانی دوای هەزاران ساڵ جارێکی ترو بە داهێنانێکی تر داستانی پڕ کارەسات و تراجیدیای (تەمووز و عەشتار) لەبەرگی (مەم و زین)دا دەنووسێتەوە، ئەگەر جەژنی نەورۆز هەموو ساڵێک لە رۆژی ٢١ / ٣ دا پیرۆز دەکرێتەوە، کەچی خانی پاش هەزاران ساڵ جارێکی تر داستانی (تەمووز و عەشتار) لە (مەم و زین)دا بەرجەستە دەکات و جارێکی تر ئەم داستانە پیرۆز دەکاتەوە، بەڵێ: ئەگەر داستانی (تەمووز و عەشتار) لە نێو سۆمەرییەکان و لە وڵاتی

سۆمەرستان"سۆمەرستانی پێش چوونە خوارەوە" سەرهەڵدەدات، ئەوا داستانی مەم و زین بە داهێنانی خانی و لە وڵاتی کوردستان و لە هەمان جوگرافیادا جارێکی تر داستانی (تەمووز و عەشتار) نوێ دەکاتەوە.

نەورۆز و کاوەو ئەژیدەهاک:

نەورۆز بەهۆی کتێبی (شاهنامە) و (فیردۆس)ی شاعیر رووداو و مێژوویێکی دەفگرتوو و بەرجەستە کراوە و ئەم چیرۆکە بووە بە راستییەک!! دەیان و سەدان شیعر و چیرۆک و نووسین و وتاری سیاسی، لەسەر دامەزراوە و بەردەوامیش دادەمەزرێ! ئەرێ لەنێو مێژوودا ۲۱ی ئادار (۷۰۰) پێش زایین لە چییەوە هاتووە؟ کاوە چ کەسێکە؟ ئەژیدەهاک چ پادشایەکە؟ ئەمانە چۆن یەکیان گرتووە و ئەم جەژنە و ئەم مێژووە و ئەم شانازییەیان پێکهێناوە؟ هەرچەندە زۆر لێکدانەوە بۆ کاوە و ئەژیدەهاک کراوە، بەڵام هیچیان ئەوەندی دەقی (فیردۆس)ی بڵاو نەبوونەتەوە و ناوبانگی جەماوەریان وەرنەگرتووە و بەراست نەزانراون، ئەگەر ۲۱ی ئادار وەکو لە پێشتر باسمانکرد، مێژووەکەی بۆ سۆمەرییەکانی پێش چوونە خوارەوەی عێراق دەگەڕێتەوە. لەسەرەتای سەدەی حەوتەمی پێش زاین جارێکی تر دەمەزرد کراوەتەوە، ئەی (کاوە) چ کەس و پاڵەوانێکە؟ لەوەی کە تا ئێستا (ئەژیدەهاک) بەم شێوە ئەفسانەییەی کە هەیەتی بە ئەستیاگ پادشای مادەوە بەندکراوە، ئەوە سەرکەوتنی (کورش) بەسەر ئەژیدەهاک لە ساڵی (۵۵۰) پێش زاین بووە، نەک (۷۰۰) پێش زاین، (۷۰۰)ی پێش زاین دەبێ مێژووی سەرەتای دامەزرانی ئیمپراتۆریەتی "مادابێ" لەسەر دەستی "دیاکۆ"، بۆ ئەوەش، کە ئەژیدەهاک چۆن پادشایەک بووە؟ (حەبیبوڵڵا تابانی) لە کتێبی (یەکێتی نەتەوەیی کورد و ماد): دا دەنووسێ:(لە هەموو ئەوەی کە نووسەر مەبەستی خۆیەتی خوێندوویەتییەوە زۆرتر بە ئەو ئەنجامە گەیشتووە، کە ئەژیدەهاک پیاوێکی دڵپاک و لایەنگری خەڵک بووە) "ل ۱۸۳" جگە لەوەش هەندێ لە مێژوونووسان دەنووسن، کە هیچ پادشایەک لە مێژوودا ئەوەندەی "ئەستیاک" ئەژیدەهاک، غەدری لێ نەکراوە و راستی لەبارەیدا نەشێویندراوە، بە کورتی ئەستیاگ ئەو ئەژیدەهاکە شان سەر بەمار و زاڵم و خوێن خۆرە نییە، کە تا ئێستا پێی ناسراوە، واتە ئەستیاک پاشایەکی خۆشەویستی (ماد)ەو لە رەگەزێکی تر نییە، ساڵی شکانەکەشی بەدەستی (کورش) ساڵی (۵۵۰)ی پێش زاینییە، نەک (۷۰۰) پێش زایینی، شکانەکەش شکانی ئیمپراتۆریەتی (ماد)ە، نەک سەرکەوتن، بەدەستی (کۆرش) بوو، نەک (کاوە).

باشە "کاوە" چ کەسێکە؟

مێژوونووسان، نە لە مێژووی ماد و کورش نە لە پێشتر و نە لەدواتر باسی کەسێک ناکەن، کە ناوی "کاوە" بێت!!

(ماجید عەبدڵڵا ئەلشەمس) لە کتێبەکەیدا دەنووسێ:(ئێمە زۆر دەبینین، کە باسی پاڵەوانێکی کورد دەکەن بە "کاوە" ناسراوە، ئەوەی کە ئاسنگەر بوو، کاتێک بەسەر هێزی شەڕدا سەردەکەوێ، ئاهەنگی بەهار ساز دەکات) "ل ۷۳"، ئەوە "کاوە"ی ئاسنگەرە، هێندەی لەنێو زەینی عامەی خەڵکدا هەیە و بووە بە حەقیقەت، کەچی لەنێو مێژووی ناوچەکە و کوردیشدا بەڵگە دەستناکەوێ، جگە لەوەی لەنێو مێژوودا "کاوە"یەک نییە! نابێ کوردیش شانازی بەو کەسەش بکات، کە (ئەستیاگ) پاشای مادی رووخاندووە؟! چونکە ئەگەر ئێمە ماد بە کورد دەزانین، نابێ رووخانەکەی و کەسی رووخێنەرەکە جێگای شانازیمان بن، ئەگەر بشمانەوێ شانازی بە پاشا و

سەرکردەی رابردوومانەوە بکەین، ئەوا کەسانی مێژوویی و راستەقینە هەن، شانازییەکەشیان بەشێکی گرنگە، لە شانازییەکانی مێژووی کورد، بۆ "کاوە"ش ئەگەر کاوە ئەو کەسە بێ، کە پاشای ماد دەسەڵاتی مادی لەنێو بردبێ، ئەوا ئەو "کاوە"یە نە کوردە و نە جێگای شانازییە، بەڵام مێژوو بە شێوەیەکی تر رێگای ئەوەمان بۆ خۆشدەکات، کە "کاوەی ئاسنگەر" دروست ببێ.

(ماجید عەبدڵڵا ئەلشەمس) لە کتێبەکەیدا دەنووسێ:(لە دەقە بزمارییەکاندا هاتووە، کە خوداوەندێکی ئاسن توانەوە و ئاگر بەناوی (کیبیل) هەبووە و بە ئەکەدی (کیرو)ی پێدەگوترا، ئەوەی، کە رووناکی دەخستە جێگای تاریکی و داوی دزەکانی هەڵدەوەشاندەوە و مەعدەنەکانی دەتواندەوە، ئەوا لە (٤٣٥٠) ساڵ پێش ئەمڕۆ بووە، با ئێستا بپرسین، کە ئەگەر ئەمە "کاوە" بۆخۆی (کیبیل)بێت، کە زۆر جار ناوی بە شێوەی (کابی) و (کابیان) هاتووە، "ل ٧٨".

سەیردەکەین جگە لە پێک چوونی ناوی "کاوە" و "کیبیل" لە پیشەکەشدا هاو پیشەن "کاوە"ی پاڵەوان ئاسنگەرە، ئاسنگەریش ئاگری گەشە و لە گڕە!، "کیبیلی"ش خواوەندی ئاسن و توانەوەو ئاگرە، ئاسن توانەوە و ئاسنگەریش هەر یەک پیشەیە، ئاگریش لە هەردووکیاندا هەیە، جگە لەوەی، کە "کیبیل"ی خوداوەند، خواوەندی ئاگریشە ئەو ناوی خوداوەند بووە، بە ناوی کەسێک بە ناوی "کاوە" وەک ئەوەی ، کە ناوی (ناهید، ناهیدە)ش لە ناوی خوداوەند (ئەناهێنا) کەوتووتەوە و ئێستاش خەڵک هەن بەو ناوەوە، وەک ئەوەش خەڵکانێکیش هەن ناویان "کاوە"یە، جگە لە هەموو ئەمانە هەر ئێستا لە کوردستان عەشیرەتێکی گەورە و دیار هەیە بە ناوی (کاوانی- کەیانی) کە دەکرێ پەیوەندیەک لە نێوان ئەم ناوانەدا هەبێ و بگەڕێنەوە سەر یەک، ئێمە وا چاکە دان بەوە دابنێین، کە چیرۆکی "کاوە"و ئەژیدەهاک چیرۆکێکی ئەفسانەییە: ئەفسانەش خاوەنی هێزێکە بە ئاسانی دەتوانێ جێگۆڕکێ بە کەسایەتی و زەمەنەکان بکات، زۆر ئاساییە خوداوەند ببێتە پاشا و ببێتە پاڵەوان. ئەگەر ئەفسانە بتوانێ بە ئاسانی کەسایەتی خۆشەویست و پیاو چاکێکی وەک ئەستیاگی پاشای (ماد)ەکان بکاتە پاشایەکی زاڵم و خوێنڕێژ و ناحەز، بە ئاسانیش دەتوانێ خوداوەندی کیبیل خوداوەندی ئاسن توانەوە و ئاگر بکاتە "کاوە"ی ئاسنگەری پاڵەوان و بهێنێتە نێو مێژوویێکی سەر لەبەر دروستکراو، چونکە ئەفسانە لە گۆڕینی کەس و شوێن و نەتەوە و چین و زەمان و رەگەز و ناو و شێوە و ئاییندا دەستکراوەیە، سەیرکە لە ئەفسانەی "کاوە"و ئەژیدەهاکدا چەند گۆڕینێکی کردووە.

* گۆڕانی ئەستیاگ:

- ئەستیاگی لە پاشایەکی (ماد)ەوە کردووە بە رەگەزێکی تر.
- لە پاشایەکی خۆشەویستەوە کردوویەتی بە زاڵم.
- لە مرۆڤێکی ئاساییەوە، نەخۆشی خستووە و دوو ماری لەسەر شاندا رواندووە.
- لە مرۆڤێکی ئاساییەوە، لە رووی تەمەنەوە کردوویەتی بە پاشایەکی تەمەن هەزار ساڵەیی.

* گۆڕانی "کاوە"

- لە کیبیلی خوداوەندەوەی سۆمەرەوە کردوویەتی بە مرۆڤ.

- لە خوداوەندییەوە کردوویەتی بە پاڵەوانێکی کورد.
- لە زەمەنی (٤٣٥٠) ساڵییەوە هێناویەتە (٥٥٠) پێش زاینی، واتە (١٨٠٠) ساڵ هێناویەتە دواوە.

ئەمانە و زۆرو وردەکاری تر، هەر بۆیە کاتێ مێژوو دێتە نێو ئەفسانە، دەبێ لە گواستنەوەیدا جارێکی تر بۆ نێو مێژوو زۆر ئاگاداری گۆڕانەکان بین.

دواجار لە خوێندنەوەی مێژوو، کەسایەتییەکان و هۆی دروستبوونی نەورۆز دەگەینە چەند ئەنجامێک، هەرچەندە هەڵبژاردنی ئەم ئەنجامانە بەو مانایە نییە، ئیتر ئەم بابەتە دادەخرێ و گفتوگۆ و لێکۆڵینەوەی تر هەڵناگرێ، نا، نەخێر! بابەتێکی گرنگی وەکو نەورۆز بەو پیرۆزەی و مێژووە دوورو درێژ و ئاڵۆزەی، کە هەیەتی زۆر راو بۆچوون و لێکۆڵینەوە و ئەنجامی جیا جیا هەڵدەگرێ، لێرەوە روو لە پسپۆڕ و زاناو شارەزا و لێکۆڵەرانی دڵسۆزی خۆماڵی و بیانی دەکەم، رای خۆیان چ بە هاوڕایی و چ بە هەر شێوەیەکی تر دەرببڕن و ئەم بابەتە گرنگ و ناسکە بەرەو ساغکردنەوەی دروست ببەن.

* ئەنجامەکان:

- ١ی نەورۆز، کە دەکاتە ٢١ی ئادار رۆژی ناسراوی جەژنی نەورۆزی کورد ریشەکەی بۆ سەرەتای سەرهەڵدانی داستانی خوداوەندان عەشتار و تەمووز دەگەڕێتەوە، کە بەڕای من زەمەنەکەی، زەمەنی کشتوکاڵی ئەشکەوتەو لەنێو "١٢ تا ١٥"هەزار ساڵ دایە.
- ١ی نەورۆزی (٧٠٠) پێش زایین رۆژی رووخانی ئەژیدەهاک، زووحاک نییە، لەوە دەچێ وەک رۆژی دامەزراندنی ئیمپراتۆریەتی ماد داندراوە و ئەم مێژووەش بۆ پاشای ماد (دیاکۆ) دەگەڕێتەوە، نەک "کاوە" و "زووحاک"، واتە سەرەتای سەرهەڵدانی ئیمپراتۆریەتی ماد کراوەتە جەژن و ئەفسانە، کە باسی رووخانەکەی دەکات.

- ئەستیاگ، زووحاک، ئەژیدەهاک، پاشایەکی رەگەز بابلی و زاڵم و مار لەسەر شان و تەمەن هەزار ساڵەیی نییە، بەڵکە پاشایەکی مادی خۆشەویست و مرۆڤێکی تەمەن ئاساییە.

- "کاوە"ی ئاسنگەر، لە مێژوودا وەک مرۆڤ و پاڵەوان کەسێکی بێ بنەمایە و بەو رۆڵەی، کە بۆی داندراوە نابێت کورد بێت و زۆرتر نزیکە لەو گۆڕانەی، کەبەسەر خواوەندی کیبیلدا هاتووە، لە خوداوەندی ئاسن توێنەوە و ئاگر کراوە بە "کاوە"ی ئاسنگەر.

- زەمەنی "کاوە" بەپێی ئەفسانەکە دەبێ لە (٥٥٠)ی پێش زایین بێ، کەچی سەرەتای ئیمپراتۆریەتی ماد لە (٧٠٠)ی پێش زاین نزیکە، کەچی خوداوەندی کیبیل بۆ زیاتر لە (٤٣٥٠) ساڵ پێش ئێستا دەگەڕێتەوە.
- سەری ساڵی کوردی ١ی نەورۆز کە دەکاتە ٢١ی ئادار رۆژی ژیانەوەی تەمووز جەژنێکی ئایینی سرووشتییە، کە تەمەنەکەی بۆ پێش مێژوو و پێش چوونە خوارەوەی سۆمەرییەکان دەگەڕێتەوە، واتە بۆ ئەو رۆژگارەی، کە سۆمەرییەکان هێشتا لە کوردستان بوون و لە ئەشکەوت نەهاتبوونە دەرەوە و گوندیان دروست نەکردبوو.

۲۱ی ئادار و ۱ی نەورۆز، وەک جەژنێکی کۆن لەگەڵ مێژوودا ناو شێوەی رێو رەسمی گۆڕانی بەسەردا هاتووە، کە لە جەژنێکی ئایینی ئەفسانەییەوە بووە بە جەژنێکی واقیعی و نەتەوەی کورد، لەگەڵ ئەوەشدا لەنێو زۆر وڵات و نەتەوەی تریش ئەم جەژنە بەشێوەی جیا جیا یاد دەکرێتەوە، ئەمەش ئاساییە چ سۆمەرییەکان لەسەدەی خۆیان کە وڵاتێکی فراوان و دەسەڵاتێکی زۆریان هەبوو، جەژنی خۆیان بۆ زۆر نەتەوە و وڵاتی تر بردووە، چ میراتگرەکانیان ئەوانیش جەژنی نەورۆزیان بە دنیادا بڵاوکردۆتەوە.

- نەورۆز جەژنێکە لەسەردەمی سۆمەرییەکان یەکەم جار سەری هەڵداوە و لە وڵاتی سۆمەردا بووە، دواجار ئەم میللەتە واتە سۆمەرییەکان بەشێکن لە پێکهاتەی کورد و هەر میللەتی کوردیش وەک نەتەوە و لە هەمان وڵات درێژەیان بەم جەژنە داوە و لە جەژنێکی ئاینی سرووشتی کشتوکاڵییەوە کردوویانە بە جەژنێکی نەتەوەیی.

- ئێستا نەورۆز جەژنێکی حەڵالی نەتەوەی کوردە و هەر خۆی خاوەنییەتی، لەگەڵ ئەمەشدا لەبەر زۆر هۆ ئێستا زۆر نەتەوەی تریش ئەم جەژنە یاد دەکەنەوە و بە هی خۆیانی دەزانن، ئەمەش کارێکی ئاساییە، بەڵام لە رووی جوگرافیاییەوەو سەرهەڵدانی مێژووییەوە کورد لە هەمووان زیاتر خاوەنییەتی.

- ۱ی نەورۆزی (۷۰۰)ی پێش زایین، ئەم مێژووە، مێژووی سەرەتای سەرهەڵدانی ئەم جەژنە نییە، بەڵکە لەم مێژووەدا جارێکی تر پیرۆز کراوەتەوە و تێکەڵ رووداوێکی گرنگی نەتەوەیی کراوە، بەڵام دەکرێ لە نێو مێژووی کورددا بەدوای بۆنە و رووداوی کۆنتر و گرنکتردا بگەڕێین، بۆ ئەوەی مێژووی کورد لەوێوە دەست پێبکات، چونکە میللەتی کورد لەو مێژووە کۆنترە، کە بۆی داندراوە.

- ۱ی نەورۆز رۆژی زیندووبوونەوەی تەمووز، کە دەکاتە ۲۱ی ئادار، رۆژی سەری ساڵی کوردە و ئەم رۆژە سرووشتییە، وەک ئەحمەدی خانی بە بەشێک لە پێکهاتەی فەلەک و زەمانی دەزانێ، لەسەردەمی کشتوکاڵی و لە سرووشتەوە زۆر بە وردی دەست نیشان کراوە، (ساڵ و سەدە و هەزارە)کەی دەکرێ بگۆردرێ، بەڵام ۱ی نەورۆز، ۲۱ی ئادار هەرگیز قابیلی گۆڕان نییە.

دواجار دەکرێ مێژوونووس و لێکۆڵەران ساڵ و سەدەو بۆنەیەکی تر لە مێژوودا بدۆزنەوە و زانستیانە بیکەن بە رووداو و مێژووی کورد، بەڵام زۆر زەحمەتە ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە بسڕێتەوە، کە هەزاران ساڵە خۆی خزاندۆتە نێو یادەوەری خەڵک، چونکە هێندەی مێژووی ئەفسانەیی لە نێو رەشە خەڵکدا رەواجی خۆی هەیە، ئەو خەڵکە مێژووی راستەقینە بەو نرخە ناکرن، ئەمەش کارێکی ئاساییە و میللەتان هەمووی هەر بەم شێوەیەن و ئەمەش تایبەت نییە تەنیا بە میللەتی کورد.

- لەرووی ناوەوە ئەم جەژنە چەند گۆڕانێکی بەسەردا هاتووە، سەرەتا جەژنی "ژیانەوەی تەمموز" بووەو دواتر بووە بەجەژنی "زەگمەک" بەزمانی سۆمەری کە دەکاتە "سەری ساڵ" هەروەها جەژنی "ئەکیتۆ" و هەروەها جەژنی بەهار و رزق و جەژنی کورد و جەژنی نەورۆز، کە ئەمەی دواییان ئێستا لەهەموو دنیا بەم ناوە ناسراوە.

جارێکی تر لە کۆتایدا دەگەڕێمەوە سەر شیعرە نەمرەکەی پیرەمێردی شاعیر و دەڵێم: نەورۆز رووداوی هەر ساڵێک بێت و لە هەر

جۆرە چیرۆکێکەوە سەری هەڵدابێ و زۆر وڵات و میللەتی تر بەهی خۆیانی بزانن و ساڵانە ئاهەنگی بۆ بگێڕن، ئەوا لە راستیدا هیچیان هێندەی میللەتی کورد بەڵگەی مێژووییان بەدەستەوە نییە، بۆ سەلماندنی خاوەندارییەتییەکە، هەر بۆیە ئێمەی کورد هەموو ساڵێکی تازە و لە شەوی نەورۆز هەموومان پێکەوە شیعرە مەزنەکەی شاعیری گەورەی کورد "پیرەمێرد" بە دەنگ و ئاوازی رەسەن و زوڵالی هونەرمەندی گەورەی کورد، نەمر (حەسەن زیرەک) لەسەر لوتکەی چیا بەرزەکان و لە نێو دەشتە بە پیتەکان و لەسەر شەقام و گۆڕەپانی شارەکان لە هەموو کوردستان دەنگ هەڵدەبڕین و دەڵێین:

(ئەمرۆژە ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە).

تێبینی:

* زۆر بەپێویستی نازانم لێرە جارێکی تر سەرچاوەکان دووبارە بکەمەوە، چونکە لەنێو نووسینەکەدا ناوی کتێب و نووسەرەکانم هێناوە.

* ماوەیەکی زۆرە دەمویست شتێک لەبارەی مێژووی نەورۆز بنووسم، لەبەر سەر پڕی و دڵپڕی بۆم نەدەڕەخسا، نەورۆزی ساڵی پار لە پەیوەندیەکی کتوپڕی برایانی رادیۆی (نەوا)و، وەڵامی پرسیاری (مێژووی نەورۆز و راستی "کاوە" و "ئەژدیهاک")دا.

بەکورتی رای خۆم بۆ برایانی رادیۆی (نەوا)و گوێگرە بەڕێزەکانی دەربڕی، ئەم ساڵ هەر لە مانگی ١ی ٢٠٠٩ بڕیارمدا چیتر ئەو بابەتە دوا نەخەم، رەش نووسەکەم تەواو کردبوو، خەریکی پاک نووسینەوەی بووم و بەشێکی زۆرم تەواو کردبوو، کە ژمارەی "٩"ی گۆڤاری "رێگا"م کەوتە بەر دەست و چاوپێکەوتنێک لەگەڵ بەڕێز (مامۆستا دڵشاد عەزیز زاموا) کرابوو، لەو چاوپێکەوتنەدا، (مامۆستا دڵشاد) زۆر بە راشکاوی وتوویەتی: کە جەژنی نەورۆز پەیوەندی بە کوردەوە نییە، هەر چەندە رای من و ئەم نووسینە تەواو پێچەوانەی رای (مامۆستا دڵشاد عەزیز زاموا) و هەموو ئەو بەڕێزانەیە، کە وا بیر دەکەنەوە، بەڵام ئەم نووسینەی من وەک وەڵامێک بۆ ئەو بەڕێزە و ئەوانی تر نەنووسراوە، هەر چەندە خۆی وا دەکەوێتەوە، بەڵام من نووسینەکەی خۆم بە نەفەسی وەڵامدانەوەی ئەوان نە نووسیوە، بەڵکە بە نەفەسی سەلماندنی رایەکەی خۆم و لە شێوەی وتارێکی لێکۆڵینەوەییدا نووسیوە، لە نووسینەکەشدا نووسیومە، کە نەورۆز لە سەرەتادا لە خاکی کوردستان و لەسەردەمی زۆر زووی سۆمەرییەکان و لە چیرۆکی تەمووز و عەشتار سەری هەڵداوە، هیچ نەتەوەیەک ئەوەندەی کورد خاوەنی جەژنی نەورۆز نییە، هەر چەندە بەهۆی تەمەنی درێژی ئەم جەژنە، چووەتە نێو زۆر وڵات و زۆر نەتەوەی تر، کە ئەمڕۆ ئەوانیش ساڵانە ئەم جەژنی نەورۆزە پیرۆز دەکەن.

گۆڕانکارییەکانی جەژنی نەورۆز لە سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆ
گۆڕانکارییەکانی جەژنی نەورۆز لە سەرهەڵدانییەوە تا ئەمڕۆ
ڕۆژ زەمەن بۆنە شوێن میللەت کەسایەتی ناو مانای جەژن

١ / ١ سەری ساڵی کوردی= ٢١ / ٣ ساڵی زایینی ١٥ تا ١٢ هەزار ساڵ پ.ز زیندووبوونەوەی تەمموز و عەشتار زنجیرە چیاکانی زاگرۆس شاری هەولێر- ئەربیل- ئەشکەوتی شانەدەر باپیرانی سۆمەرییەکان خوداوەندەکان تەمموز و عەشتار رۆژی زیندووبوونەوەی تەمموز و عەشتار سروشتی ئەفسانەیی ئایینی کشتوکاڵی ٦٠٠٠ تا ٢٠٠٠ هەزار ساڵ پ.ز یادی سەری ساڵی زیندووبوونەوەی تەمموز شاری هەولێر- ئەربیل- ئور ئوروک ورکا سۆمەرییەکان کاهینەکانی ئایینی سەری ساڵ زەگمەک سروشتی ئەفسانەیی کشتوکاڵی ئایینی ٢٠٠٠ ساڵ پ.ز تا ٢٢٤ زایینی سەری ساڵ جەژنی نەورۆز زنجیرە چیاکانی زاگرۆس کوردستان و ئێران زنجیرەچیاکانی پارپی

و ئاشووری و بابلی پاشاو پاشاژن و کاهین رۆژی نوێی جەژنی سەری ساڵ- جەژنی نەورۆز جەژنی بەهار سروشتی مێژووی کلتووری ئایینی ٢٢٤ی زایینی تا رۆژگاری ئەمرۆ جەژنی نەورۆز - جەژنی کورد کوردستان و ئێران و رۆژهەلات کورد و فارس و ئێرانییەکان و رۆژهەلاتییەکان خەڵکی ئاسایی و لەیاری "میری نەورۆزی" جەژنی کورد- جەژنی نەورۆز جەژنێکی مێژوویی کلتووری نەتەوەیی کوردی

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستان نێت / ڕێکەوتی : ٢١ی مارچی ٢٠١٠

# سرووودی نەورۆز و ئاوازەکەی

عوسمان محەمەد هەورامی

وەک لە یادمبێت، چەند هەفتەیەک بەر لە نەورۆزی ساڵی (١٩٨٧)ی عیسایی، دەربارەی (سەرهەڵدانی هۆنراوە مەزن و ناودارەکەی پیرەمێردی نەمر - ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە - لە تەک ئاوازە نایابەکەیدا و بۆ یەکەمین جار کام بەهرەمەند چڕیویەتی...)، بەڵێ بۆ ئەو مەبەستە دیدارێکم لەگەڵ مامۆستای ڕەوانشاددا (حەمە ساڵح دیلان)ی هۆزانڤان و هونەرمەند و ئاوازدانەر تۆمارکرد و لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا بڵاوکرایەوە.. پاش بڵاوکردنەوەی، بە ڕۆژنامەکەوە چوومە لای مامۆستای ناوبراو کە خوێندیەوە گەلێک ئاسوودەیی خۆی دەربڕی و دەستخۆشی لێ کردم.



پاش ئەو ماوەیە، بەداخەوە، لێرە و لەوێ، لە میدیا کوردییەکانەوە بیستم، خوێندمەوە و بینیم، بە چەند شێوەیەکی شێوێندراو و دوور لە ڕاستی باسی ئەو بابەتە دەکرا... بۆیە پاش نۆزدە ساڵ بەپێویستم زانی کورتەیەکی ئەو دیدارە لە ڕۆژنامەی کوردستانی نوێدا - ژمارە - ٣٩٤٥ - ڕۆژی ١٧ / ٤ / ٢٠٠٦، بڵاوبکەمەوە، بەو ئاواتەی وەچەنوێکان چاک ئاگاداری ئەم لایەنەبن.. بە داخ و کەسەری زۆرەوە، لە ماوەی ئەم چەند ساڵەدا و لە بۆنە تایبەت و گشتییەکاندا، هەندێک شارەزای باش، دیسانەوە، وەک بڵێیت لە ڕاستییەکان بێئاگا و دوورەپەرێزین، لەمبارەیەوە دواون..

## هۆنراوەی نەورۆز و سەرهەڵدانی ئاوازەکەی

لە هەمانکاتدا زۆرێک ئاگاداری ئەو وتارەن کە من بڵاومکردووەتەوە، لەوانەش کاکە (محەمەدی مەلا کەریم) کە ماوەیەک لەمەوبەر وتی: "من بۆ خۆم ئاگاداری ئەو ڕاستییانەم". هەروەها کاکە (مەحموود زامدار)یش لە چەند بۆنە و شوێنێکدا باسی ئەم ڕاستییانەی کردووە، وتوویەتی: "هەروەکو عوسمان محەمەد هەورامی چۆنیەتی دانانی هۆنراوەی نەورۆز و سەرهەڵدانی ئاوازەکەی ساغکردەوە، بریا سەرهەڵدانی هۆنراوەی ئەی ڕەقیب و ئاوازەکەی ساغ بکرانایەوە". باش بوو، کاکە دکتۆر (سدیق شێخ مەحموود بەرزنجەیی) بەڕوونی لە گۆڤاری سلێمانیدا، ژمارە (٩٨ - کانوونی یەکەم - ٢٠٠٨) مەراقی دڵی گشت سەوداسەرانی ڕەواندەوە، بە بەڵگەوە ساغیکردووەتەوە، گەشمەردە (شەهید) (شێخ حسێن بەرزنجەیی - ١٩٢٠ - ١٩٦٣)، لە هاوینی (١٩٣٩)دا و لە کەرکوک ئاوازی بۆ سروودی ئەی ڕەقیب داناوە. جا بائێستا بچینەوە سەر کرۆکی بابەتی دیدارەکە... مامۆستا دیلان وتی: "بەر لە نەورۆزی (١٩٤٨)

وەکو هەموو شارەکانی دیکەی عیراق، جەماوەری شاری سلێمانیش ڕژانە سەر شەقامەکان و خۆپیشاندانی ڕێکوپێکیان کرد". لە یەکێک لە خۆپیشاندانەکاندا، کچانی سلێمانی بە پۆشاکی ڕەنگینی کوردی و چەپکە نێرگزەوە، لە ڕیزی پێشی پێشەوەبوون. لەوکاتەدا پیرەمێردی نەمر (٨١) ساڵان بوو، بەو هەموو تەمەن و بێهێزی و لاوازییەوە هاتبوو بۆ سەیری نەوەی نوێ، خۆی دابوو بەسەر گۆچانەکەیدا، بەدیتنی ئەو دیمەنە مەزنە زۆر سەرسامبوو، چاوەکانی دەبریسکانەوە و هەروەک سەرلەنوێ تینی ژینی نوێ باڵا پۆشیبووبێت، خێرا خێرا شانی هەڵدەتەکاند.. لە گەرمەی ئەو هەموو شادییەدا، لەناو خۆپیشاندەرەکاندا، چەند هەرزە و کەمفامێک هەندێک توانجی نارەوا و نابەجێیان گرتە پیرەمێردی نووراني و لوتکە. جەماوەری دەوروبەر و ئەوانەی ئەو ڕووداوە دزێوەیان بینی، زۆر پەست و بێزاربوون و جێیان بەخۆیان نەدەگرت و گەلێک بە دووریدا هاتن و دڵیاندایەوە...! کەچی ئەو پیرەمێردە مەردە هەر دەیوت: "هیچ نەبووە، هەموویان جگەرگۆشەی خۆمن..!".

### قەلەندەرخانەکەی پیرەمێرد

مامۆستان دیلان لە درێژەی باسەکەیدا وتی: "ڕۆژ هەڵکشا و هەموو خەڵکەکە بەرەوماڵەوە بوونەوە... لەبەرئەو ڕووداوە ناخۆشە، ئەو شەوە لە داخاندا خەوم لێ نەکەوت و لەناو جێدا هەر تلاوتلمبوو... تەمزە هەموو بیرمەند و هۆشمەندان وەکو من بوون!.. بۆ سبەینێ، لەگەڵ یەکەمین تروسکەی ئاسۆدا، تاقە هاودەمی قەلەندەرخانەکەی، کە پیاوێکی پیربوو، بەردەوام لە خزمەتی پیرەمێرددا بوو، لە دەرگاکەمانی دا کە لێمکردەوە، بە حەپەساوییەوە وتم: "ها، خاڵە پیرەمێرد مردووە!". بەڕاستی وامزانی ئەو شەوە لە داخاندا مردووە؟!! بە زەردەخەنەوە وتی: "ئەوە دەڵێیت چی، زووکە، بابڕۆین، ناردوومی بەدواتدا و داوات دەکات". خێرا چووین بۆ قەلەندەرخانەکەی پیرەمێرد کە چاپخانەی ژین و ماڵ و دیوەخانیشی بوو.. خاڵە پیرەمێرد بە زەردەخەنەیەکی مەسیحئاساوە پێشوازیی لێ کردم.. منیش تاتوانیم دووبارە دڵنەواییمکرد.. لە وەڵاما وتی: "خۆنا، ئەوانە رۆڵەی خۆمن، ئەی نەوتراوە، جگەرگۆشە ئازاری هەیە، بێزاری نییە!..". پاشان پەڕە کاغەزێکی نووسراوی دایە دەستم و وتی: "ئادەی، بە دەنگی بەرز ئەم هۆنراوەیەم بۆ بخوێنەرەوە، ئەمە بەرهەمی شەونخوونیی شەوی ڕابردوومە و لە وەڵامی ئەو کچ و کوڕانەی خۆمدا نووسیومە!..". کە سەیری پەڕە کاغەزەکەم کرد، بینیم هۆزانی نەورۆزە - ئەمڕۆژی ساڵی تازەیە - لەگەڵ خوێندنەوەی هۆزانەکەدا، زۆر زۆر گەشایەوە و وتی: "ئەوەندەی نەماوە بۆ جەژنەکەمان، دەمەوێت ئاوازێکی نایابی بۆ دابنێیت و لەجیاتی سروودەکەی ئەم چەند ساڵە ڕابردووە، بە دەنگە خۆشەکەی خۆت ئەمە بچڕیت!".

### سروودی نەورۆز

مامۆستا دیلان وتی: "بەڕاستی لە ڕادەبەدەر هەڵوێستی مەزن و شکۆمەندیی پیرەمێردم بۆ دەرکەوت و هەستم دەکرد لەبەردەم پیرۆزترین فریشتەی پڕسۆز و باڵادا وەستاوم.. منیش لەناخەوە بڕیارمدا بە زووترین کات ئاوازە جوان و پیرۆزەکەی بهێنمەدی.. ئەوەبوو بە ئەشقی پاکژی کورد و کوردستان و نەورۆز و دڵەگەش و چاوە ورشەدارەکانی پیرەمێردی هەست و ڕەوان گەنجەوە، نوخشەی ئەم ئاوازە پڕ لە سۆز و سرووشە لە هەست و ئاوەز و ناخ و گەرووما نەخشا و بۆ نەورۆزی ساڵی (١٩٤٨)، لە شاری سلێمانیدا —

شاری خۆشەویستی، ڕۆشنبیری، بەهرە و جوانی، هونەر و زانست - بۆ یەکەمین جار سروودی نەورۆزم چڕی - (هۆنراوەی پیرەمێردی نەمر و ئاوازی خۆم)".

## تێکشکاندنی شیعر و ئاواز

خوێنەری هێژا، ئەمە بەسەرهاتێکی ڕاست و دروست و چەسپاوە، ڕاستەوخۆ لە سەرچاوەیەکی ڕاست و باوەڕپێکراوەوە وەرمگرتووە.. تەنانەت ئەو ڕێزدارانەی ناوبەناو ناویان دەبرێت، گوایە ئاوازیان بۆ داناوە، یان ڕۆڵیان هەبووە بۆ هاندانی پیرەمێردی نەمر، بۆ ئەوەی ئەو هۆنراوەیە دابنێت لە سەردەمی بڵاوبوونەوەی باسەکەدا (بۆ یەکەمین جار لە ڕۆژنامەی هاوکاریدا) هەموویان لە ژیاندابوون و هیچیان نکۆڵییان لێ نەکرد کە مامۆستا دیلانیش بابەتەکەمی خوێندەوە، دەستخۆشی لێکردم. دەبێ بوترێت، تاکو ئەمڕۆ چەند هونەرمەندێک ئەم سروودەیان وتووەتەوە و لە بۆنەکانیشدا لێدەدرێتەوە، کەمێکیان لاساییکردنەوەکەیان لە دەقە ڕەسەنەکەوە نزیکە، ئەوانی دیکە، بەڕادەیەکی زۆر ئاوازەکە و هۆزانەکەشیان تێکشکاندوون، وەکو وتراویشە ئەوەی لاساییدەکاتەوە، هەرگیز ناگاتە ئەو کەسەی لاساییدەکرێتەوە.. بەداخەوە، لە بواری هونەردا تاکو ئێستا لایەنانی بەرپرس و شارەزا، بە دڵسۆزی و لێبڕانەوە ئاوڕیان لەم پێشێلکارییە نەداوەتەوە و هیچ هەنگاوێکیان نەناوە بۆ بەربەستکردنی.

## لە پێناو پێرەمێرد و دیلاندا

دەخوازم لە پێناوی پاراستنی مافی ڕەوا و مەزنی پیرەمێردی نەمردا و لە پێناوی پاراستنی مافی دەروەشاوە و ورشەداری هونەریی مامۆستا دیلاندا:

١- لە هیچ کەناڵێکەوە دەقە تێکشکێنراوەکانی ئەم سروودە بڵاونەکرێنەوە.

٢- یا هەر ئەو دەق و ئاوازە بڵاوبکرێنەوە کە خودی مامۆستا دیلان بە ئەشق و سۆزی کاریگەرەوە چڕیونی.. خۆ ئەگەر لەڕووی کاری هونەرییەوە نۆژەنی و چاکسازیی بۆ بکرێن، نابێت بەهیچ جۆرێک ڕەسەنایەتییەکەی بگۆڕدرێت.. لەگەڵ سەرنجی ئەوەدا، لە یەکەمین چڕیندا، مامۆستا دیلان و کۆسیش دەڵێن - جەژنێکی (قەومی) کوردە - نەک جەژنێکی (کۆنی) کوردە.. بێگومان کە نەورۆز هێنی قەومی کورد بێت، گەلێک لەوە بەجێتر و گونجاوترە کە بوترێت جەژنێکی (کۆنی) کوردە!.. هەرکاتێکیش مامۆستا دیلان دەچریکێنێت و دەڵێت؛ جەژنێکی (قەومی) کوردە، هەست و بوونی هەمووان گەشتردەبنەوە.

٣- بە ئەرکی وەزارەتی پەروەردە و وەزارەتی ڕۆشنبیریی دەزانم، لە گشت قوتابخانە و خوێندنگە و مەڵبەندە هونەرییەکاندا و... تاد... کاسێتی ئەم سروودە بەدەنگی مامۆستا دیلان هەبێت و وەچەکان کەڵکی لێ وەربگرن.

سەرچاوە : ماڵپەڕی خەندان / ڕێکەوتی : ١٨ی مارچی ٢٠١٠

# مێژوو و جوگرافیا » نەورۆز بۆنەیەکی جیهانی یە

حەسەن لاوە

بە دوای تێپەر کردنی سەدەکان و هەزاران ساڵ ئێستاش خەڵکی بە چاوی پیرۆزی وریزەوە نەورۆز جیژن دەگرن؛

نەورۆز یەکێک لە جیژنە نەتەوەیەکانی کوردستانە کە ئەمرۆ لە ناوچەی جوغرافیایی کوردستان و ئێران بە رەسمی ناسراوەو ساڵی کوردی و ئێرانی پێ نوێ دەبێتەوە، نەورۆز دەسپێکی بەهارو ساڵی نوێ یە کە بەم هۆیەوە کۆمەلێک جێژن لە گەڵ خۆی دێنێ و کۆمەڵێک تایبەتمەندی نەتەوەیی و مەزهەبی بۆتە هۆی ریزگرتن لە نەورۆز و مانەوەی هەمیشەیی لە نێو کۆمەڵگا جۆراوجۆرە کان کە هەر یەک لە ناوچەکان بەپێی فەرهەنگ وداب و نەریتی خۆیان جێژنە کە بە شکۆوە بەرێوە دەبەن.

لە باشووری کوردستان لە رۆژی بەر لە نەورۆزدا بە ئاگر کردنە وەهاتنی نەورۆز رادەگەیەن لە رۆژی نەورۆز دا بە چوونە سەیران و سەفرە رۆژی نەورۆز جێژن دەگرن و سەیرانگاکان پر دەکەن لە خۆشی و شادی، لیرەدا بە پیوستی نازانم ئەو نەریتانەی کە زۆریان لە سەر نووسراوە دووبارەیان کەمەوە، نەورۆز لە باشوور بۆ ماوەی ٤ رۆژ بەردەوام دەبیت.

لە باکووری کوردستان نەورۆز کەش وەها وای سیاسی بە خۆیەوە دەبینێ لە نەورۆز دا خەلک لە شوینیکی دیاریکراو دا کۆدەبنەوە بە هەستێکی زۆرکوردانە وشۆرشگێرانە ئەم رۆژە نەتەوەیە جێژن دەگرن و زۆر بە گەرمی پیرۆزبایی بە یەکتر دەلین و تەنانەت دوروشمی شۆرشگیریش دەلینەوە کە دەبیتە هۆی تیکهەلچوون لە نیوان خەلک و دەسەلات،حیزبی کوردی نا پارلمانی تورکیەش بە میتینگەکانی سیاسی لە بۆنە دا بەشداری دەکا ئەو ریورەسمە تا ئیوارە بەردەوم دەبیت ،نەورۆز لە باکوور تەنیا یەک رۆژە.

لە رۆژهەلاتی کوردستان دا لە ئاخر ئیوارەی رۆژی سێ شەممە واتە چوارشەممەسووری بە ئاگر کردنەوە هەوالی نەورۆز و تازە بوونەوەی سال سروشت و...رادەگەیەنن کە لە پارچەکانی دیکەی کوردستان ئەو ریورەسمە بەریوەناچێ ،لە نەورۆزی ئەمسال دا کە ریکەوتە لە گەل جەژنیکی مەزهەبی واتە(مولود)،خەلک بە هەستی نەتەوەیی و مەزهەبی گروتینیکی زیاتر بەو رۆژە پیرۆزە دەبەخشی ،ئو هەروەها کێشە سیاسیەکانی ئیران و کوردستان بە تایبەتی دەبهیتە بیانویەک بۆ دەسالاتدارانی داگیرکەر کە خۆشی و شادی لە خەلک بگرن وبە گرتنی لاوەکان وئەشکەنجە و ئازارو تەکهەلچوون لە نیوان خەلک و دەزگا نیزامی و ئینتیزامی یەکان لە زۆربەی شارەکان ئە بۆنەیە تیک دەچێ،تەنانەت کۆمەلگای رۆناکبیری کوردیش بەو جۆرە کە پیویستە ناتوانی لە گۆڤار ورۆژنامە و...

بایەخەکانی نەورۆز چۆنیەتی پەیدابوونی نەورۆز بلاو بکەنەوە،بە دوای تیپەرکردنی سێزدە رۆژ لە نەورۆز خەلکی کوردستان و ئیران بە گشتی بۆ سێزدە بەدەر دەرکردنی نەحسی سال دەچنە سەیران،کە ئەوانە نامۆ نین بۆ خەلک،دووبارەیان زەرورەتی تیدا

نابینم.

لە رۆژئاوای کوردستانیش بە پیی ئەو کەمە زانیاریانەی کە هەمە نەورۆز و سەری سالی کوردی وەک پارچەکانی دیکەی کوردستان بە شێوازێکی بە شکۆ بەریوە دەچێ ولە لایەن دەسەلاتی داگیرکەری ئەو پارچەیە دژایەتی ئەو جیژنە نەتەوەیەی کوردەواری دەکرێ.

ئەوەی لیرەدا مەبەستمە بەریوەچونی جیژنی نەورۆزلە ولاتانی دراوسێی کوردستان و ئیرانەو تەنانەت بەشێکیش بە هی خۆیانی دەزانن؛

## تاجیکستان:

جێژنی نەورۆز بۆ خەلکی تاجیکستان بە تایبەتی(بدخشانیان)جێژنێکی نەتەوەیی و کۆنە،تاجیکەکان لە نەورۆزدا بە ناوی خۆشەویستی وزیندوبوونەوەی هەموو گیانلەبەرەکان یادی دەکەنەوە،نەورۆز لەو ولاتە بە ناوی(خدیرالایام)واتە جێژنی گەورە بە ناو بانگە بەشێک لە ریورەسمەکانی ئەو جێژنە لە تاجیکستان دالە داب و نەریتەکانی فۆلکلوری ئێران نزیکە و هێندێک لەو رێورەسمانە وبەرێوەبردنی کێ بەرکێی یاری تەناف وبزن کێشان لە ئایینەکانی خەلکی تاجیکە لە نەوزرۆزدا.

## ئەفغانستان:

نەورۆز لەو ولاتە وەکو پێشوو بە شکۆ بەرێوە دەچێ،لە بۆنە تایبەتیەکانی ئەفغانەکان دا لە یەکەمین رۆژی نەورۆزداهەلکردنی ئالای(ئیمام عەلی)یە کە بەرێورەسمیکی تایبەت وبەشکۆ لە بەیانی ئەو رۆژە هەلدەکرێ و بەم جۆرە جێژنی نەورۆز بە رەسمی دەست پێ دەکات.

## تورکیە:

لەولاتێکی وەکو تورکیەو لە ناو تورکەکان دانەورۆز بەدەستپێکی بەهاری سروشت،سەرلەنوێ بوژانەوەی ژیان،نوێ بونەوەی شادی لە جیهان دەزانن،بەشهێک لە خەلکی ئەو ولاتە نەورۆز بە رۆژێکی پیرۆزی ئایینی وەکو شەوی (قەدر)و(بەرات)ئو هێندێکیش باوەریان وایە ئەو رۆژە دەبێتە هۆی یەکیەتی و یەکپارچەیی و تەنانەت لە دایک بوونی ئیمام عەلی وذیاریکرنی ئەو بە خەلیفەی موسلمانەکان و سالرۆژی زەماوەندی لە گەل فاتمە زانیوە لە یەکیک لە کانالەکانی تەلەوزیونەکانی ئەو ولاتە بەرنامەی راستەوخۆ وتایبەتی نەورۆز بلاو دەکرێتەوە.

## کۆماری ئازەربایجان

یەکێک لە جێژنە گەورەکانی خەلکی ئەم ولاتە نەورۆزە،لە کۆماری ئازەربایجان دا لە مەر چۆنیەتی پەیدا بوونی نەورۆز بە سەرهاتی جۆراوجۆر هەیە بە هۆی باوەر بە ئایین و رۆژی نەورۆز و بۆ هەرچی باستر بەریوە بردنی ئەوجێژنە تەداروکێکی تایبە تی دە بینن،ناردنی خواردنی (سمنو)فرێدانی کلاوە چەرمیەکان بەرەو دەرگا،هەلاوەسینی کیسە و تورەکە لە کونی سەربانەکان لە ئێوارەی جێژن دا خواستنی جەژنانە لە ولاتە زۆر باوە.(بە شێوازی کوردەواری لای خۆمان)

## قەزاقستان

نەورۆز لەو ولاتە دەستپەکی بەهارە،قەزاقەکان لەو باوەرەی دان کە لەو رۆژە دا ئەستێرەکانی ئاسمان بە خالی دەستپێکی خۆیان دەگەنەوە و هەموو شۆنێک نویَ دەبێتەوەو زەوی بە شادی و خۆشی دادەگیریَ،نەورۆز بۆ خەلکەکە موقەدەس و پیرۆز بووە ئە گەر لەو رۆژە دا باران یا بەفر بباریَ زیاتر بە رۆژەکی مۆبارەک دەزانریَ قەناعەتیان وایە کە سالێکی باش و پر بەرەکەت دەبێت.

## تورکەمەنستان

لە ناو تورکەمەنەکان دابە شێوازی کۆن و نویَ لە سال دا دوو جار جێژنەکە بەرێوە دەچیَ یەکیان لە سەر ئەساسی رۆژژمێری زایینی بە ناوی جیژنیکی نیو نەتەوەیی(سالی نوی)ئەوی تریان نەورۆز بە نیشانەی زیندوبونەوەی داب و نەریتەکان،خەلکی ئەم ولاتە باوەریان وایە کە کاتیک جەمشید بە پادشای پیشدادیانله سەر تەختی دەسەلات دانیشت ئەو رۆژەیان نەورۆز ناودەر کردووە ،تۆرکەمەکان نە ریتی خۆیان بۆ نەورۆز واتە خواردنی نەورۆزانەو بەرێوە بردنی یاری و کیَ بەرکیَ جۆراوجۆرەکان هەیە.

## پاکستان

خەلکی پاکستان نەورۆز بە گەشانەوەی جیهان دەزانن بو مانایە رۆژێکی نویَ هاتووە کە بە هاتنی خۆی جیهان رووناک و گەشاوە دەکا ،لە نێو خەلکی ئەو ولاتە رۆژژمێر خاوەن بایەخێکی تایبەتی یە بەو هۆیە گروپەکان و ئایینەکانی جۆراوجۆری دینی کۆمەلایەتی لە سەرەتای رۆژژمێرەکانی خۆیان باس لە مێژووی نەورۆز و بایەخەکانی دەکەن ئە رۆژژمێرە کە بە نەورۆز دەست پیَ دەکا لە پاکستان ناویان ناوە(جنتری).

مە بەست لە نۆسینی ئە بابەتە ئەوەیە کە کیَ خاوەنداریَتی ئەو رۆژە مێژووی و نەتەوەیە دەکا یا خۆی بە خاوەنی یەکامی دەزانیَ،کە کۆمەلناسان مێژووزانان زۆریان لە سەر ئەوە بلاو کردۆتەوە وخوێندراوەتەوە کە مێژووی نە ورۆز لا ناو کۆردەکان دا بە پیَی تاریخ و فەرهەنگ و کۆلتور کە لە ولاتانی تر لاسایی دەکرێتەوە(لە سەرەوە ئاماژەم پەکردۆوە)کۆنترە ،هیوادارم خەلکی کوردستان و رووناکبیرانی کورد بە تایبەتی بۆ پاراستنی ئەو رۆژە نەتەوەیە هەر وەکو رۆژە مێژوویەکانی دیکە تەنانەت بەرزتر ریزی لە بگیریَ و لە سالانی داهاتووش دا لەکۆلینەوە و باس کردنی بۆ نەسلەکانی داهاتوو پێویستە،بەو هۆیە کە زۆربەی ولاتانی دراوسێی کوردستان خۆیان لە دزینی ئەو رۆژە پیرۆز و نەتەوەیەی کوردان خۆش کردوە،بە هیوای لە بیر نەکردنی نەورۆز هەمو رۆژە

نەتەوەیەکان.

هەررۆژێکتان نەورۆز و شادی وبۆژانەوە نوێبونەوە بیت

سەرچاوە ماڵپەری(آفتاب) بە تەکمیلکردنەوە - حەسەن لاوە

ئەی چەند ئومێدێکی جوانە گەرانەوە بۆ مناڵی

سەرچاوە : ماڵپەڕی ڕووگەش

# فەلسەفەی نەورۆز

ئا: باوکی یەشتا

پێشەکی: مرۆڤ، هەر لە یەکەم ساڵەکانی ژیانی کۆمەڵایەتی و تێکەڵبوونی خۆیەوە، ئەوکاتەی کە لە ڕێگەی راو و کۆکۆدنەوەی خۆراکە گیاییەکان ژیانی تەی دەکرد، هەستی بە دووبارەبوونەوەی هەندێک دیمەن و ڕووداوی سرووشتی کردووە و وەرزەکانیش یەکێک بووە لەم دیارە سروشتیانەی کە دووبارە بوونەتەوە.



سەردەمی بەفر و سەرما بەسەر چووە و سەردەمی پشکوتنی دار و دەشتەکان دەستی پێکردووە و جووتگیری گیانلەبەرەکان بە شێوەیەکی سروشتی دووبار بووەتەوە و ژیانی مرۆڤیش پێویستی بە گۆڕانکارییەکی سەرلەبەری بووە کە ئەم گۆڕانە وەکو دەسپێکی دووبارەی زەمەنی چوار وەرزی پێشتر بووە و هەر ئەمەیش بووەتە هۆی ئەوەی بیر لە دانانی کات و دیاریکردنی ڕۆژ و وەرز و ساڵەکان بکاتەوە. کۆمەڵناسان لەسەر ئەو بڕوایەن کە دیاریکردنی دەسپێکی ساڵ، لە نێو نەتەوە و گرووپ و قەومە کۆنەکانی سەردەمی کشتووکاڵی، لەگەڵ کۆکردنەوەی دەغڵ و دان و چێنراوی رابردوو بووە و بەم شێوەیە ئەم دەسپێکە لە زۆربەی وڵاتان و ئایینەکاندا، لە سەرەتای ڕۆژانی پاییز و یا زستان و یا بەهاریش بووە. لە ڕۆژهەڵاتی ناڤین و وڵات و کوردستان و ناوچەکانی ئێران و دەورووبەری ئێران، هەرچەندە کە ئەم دەسپێکە گۆڕانی بەسەردا هات.

**کاتی نەورۆز**: جێژنی نەورۆز لەکاتی نێوەندەیەتی بەهاریدا دەست پێدەکات. لە زانستی ئەستێرەناسیدا، نێوەندیەتی بەهاری لە نیوەگۆی باکوری زەوی، بەوکاتە دەگوترێت کە خۆر لە هێڵی ئیستیوای زەوی تێدەپەڕێت و ڕوو لە باکور دەکات. بەم چرکەساتەیش چرکەساتی یەکەمی بورجی کاوڕ دەوترێت و لە ڕۆژژمێری هیجری هەتاویدا بە یەکەم ڕۆژی (هورمز ڕۆژ یا ئورمزد ڕۆژ) لە مانگی یەکەمی بەهار هاتووە. هەروەها نەورۆز لە ڕۆژژمێری زایینیدا، یەکسانە بە ٢١ و ٢٢ی مارس.

**وشەی نەورۆز**: وشەی نەورۆز، وشەیەکی لێکدراوە کە پێکهاتووە لە (نەو) بە واتای نوێ دێت و (ڕۆژ) کە جار جارە بە (روز)یش ناودەبرێت، بە واتای ڕۆژ دێت کە بە هەردووکیان ڕۆژی نوێ پێکدێنن. لە لاتینیشدا بەشی یەکەمی وشەی نەورۆز بە ( No ، Now، Naw،Nov) و بەشی دووهەمیشی بە (Ruz، Rouz , Rooz) دێت و بەسەر یەکیشەوە بەم شێوەیە دەنووسرێت (Nowruz). ئەم شێوە نووسینەی وشەی نەورۆز، تاوەکو ئێستایش لە نووسینەکانی یونسکۆ و زۆرێک لە دەقە سیاسییەکانی جیهان بەکار دەبرێت.

**مێژوو و چۆنیەتی پەیدابوونی نەورۆز**: سەبارەت بە بوونی نەورۆز و مێژووەکەی، ڕوانگەگەلی زۆر هەن کە دەشێت

هەریەکەیان بایی خۆی بەهێز و راست بێت و لەگەڵ ئەوەیشدا دەکرێت چیرۆک و گێڕانەوە و ئەفسانە بن و نەبنە سەرچاوەیەکی راستین بۆ سەلماندنی رووداوێکی مێژوویی.

لە هەندێک دەقی کۆنی وەکو شانامەی فیردەوسی و مێژووی تەبەری و هەندێک وردە دەقی کۆنی دیکە، (کەیومەرس) وەکو بنەمادارنەی نەورۆز دەناسرێت. هەندێک لە گێڕانەوە مێژووییەکانیش، نەورۆز دەدەنە پاڵ بابیلییەکان و هەندێکیش دەیگێڕنەوە بۆ زەردەشتی پێغەمبەر کە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٧٦٧ی پێش زایین لە دایک بووە، بۆیە ئەو رۆژەیان بە نەورۆز نێودێر کردووە. لە کتێبە ئاسمانییەکانی وەک قورئان، ئاوێستا و تەوراتدا هاتووە کە یەزدان دنیای لە شەش رۆژ ئەفراندووە و گەلانی ئاریایی باوەڕیان وابووە کە ئەم ئەفراندنە لە رۆژی یەکەمی ئەو مانگەی ئەنجام داوە کە رۆحەکان لە ئاسمان بۆ سەر زەوی هاتوونەتە خوارەوە و ئەم مانگەیش ناوی (فرووهەر) بووە و ئەم رۆحانەیش دەگەڕێنەوە بۆ نێو کەس و کاریان و ئەو میواندارییەش دە رۆژان دەخایەنێ، بۆیە خەڵک لەم رۆژانەدا ماڵەکانیان خاوێن دەکەنەوە، جل و بەرگی نوێ دەپۆشن و بۆن و بەرامی خۆش بەکار دێنن و ماڵەکانیان بە شینایی و گوڵ، حەیران و سیاچەمانە و.. لێوڕێژ لە شادی و خۆشی دەکەن، بەڵام لە ئاوێستادا (بەلانیکەمەوە لە گاتاکاندا) ناوی نەورۆز نەبراوە، بەڵام باسی جەم کراوە کە خاوەن فرەئێزدی بووە و بە فەرمانی ئەهورامەزدا لەگەڵ ئەهریمەن جەنگاوە و بە لەنێوبردنی، سەوزایی بۆ سروشت گەڕاوەتەوە و رۆژگارێکی نوێ دەستی پێکردووە، بۆیە پێیانگوتوە (نەورۆز).

هەروەها هەندێ پێیانوایە کە یەزدان لە یەکەم رۆژی بەهار مرۆڤی خولقاندووە، بۆیە مرۆڤ بۆ سوپاس و رێزو حورمەتی خوڵقێنەرەکەیەوە ئەم رۆژەی کردووەتە جەژن و ناوی لێناوە نەورۆز. شا ئیسماعیلی سەفەویی رۆژی ١١ی مارسی ساڵی ١٥٠٢ واتە نۆ رۆژ بمێنێ بۆ سەرەتای بەهار، نەورۆزی کردە رۆژی پاشایەتی خۆی. شا عەباسی سەفەویی لە ساڵی ١٥٩٧ نەورۆزی لە کۆشکی (نەخشی جیهان) پیرۆز کرد. پێغەمبەر ئیبراهیمیش کە دەڵێن لە کوردستاندا ژیاوە، نەورۆزی بە هەلێک زانیوە بۆ شکاندنی بوتەکان، چونکە لەوکاتەدا پادشا و ژێردەستەکانی بۆ سەیران روویان لە دەرەوەی شار کردبوو.

سەرەڕای هەموو ئەم روانگانە، بە گشتی نەورۆز بۆنەیەکی نیشتمانی، مێژوویی، هاوبەشی گەلانی ئاریایی نەژادە و زۆربەی ئەو نەتەوە و وڵاتانە کە بەڕێوەی دەبەن، وەک بەشێک لە فەرهەنگی نەتەوەیی خۆیان لێی دەڕوانن. لەنێو نەتەوەی کورددا، دیاترین و گرینگترین بەسەرهات باوە کە دواجار هەموو تاکەکانی کورد بۆی دەگەڕێنەوە، ئەویش بەسەرهاتی ئاستیاگ و کاوەی ئاسنگەرە، بەڵام بەداخەوە ئەوەندە راستییە مێژووییەکان لەبەرچاو نەگیراون. فیردەوسی کە شاعیرێکی فارسە و لەسەرەتای هەزارەی یەکەمدا ژیاوە، لە (شانامە)دا باسی ئەم چیرۆکەی کردووە و ئاستیاگ یا هەمان زووحاک بە مرۆڤێکی دڕندە وێنا دەکات کە دوو ماری لەسەر شان بووە و بەخواردنی مێشکی گەنجان تووڕەیی مارەکانی دامرکاندووەتەوە. ئەم رووداوە کە تا ئێستاش لەناو گەلانی ئارییایدا دەگێڕدرێتەوە، ناکۆکی زۆری تێدایە، لەهەمبەر ئەم باسەیشدا، ئەو رانگەیە هەیە کە دەڵێن کورد بە هەڵە لە کاوە و زوحاک گەیشتووە، چونکە لە راستیدا ئەوە زوحاک بووە کە کوردە نەک کاوەی ئاسنگەر کە نەتەوەی کورد دڵی پێ خۆش کردووە. بەڵام وەک ئەوەیکە ئێستا کەمێک روون بووەتەوە، دیارترین چیرۆک، هەمان گێڕانەوەکەی (کاوە و زوحاک)ـە کە زوحاک ( دواهەمین پاشای دەوڵەتی میدیای گەورە) لەلایەن (کاوە)وە، کە دەڵێن خزمێکی خۆی بووە، لەیەکەم رۆژی نەورۆزدا خیانەتی لێدەکرێت و یەکەمین ئیمپراتۆریەتی کوردی دەڕوخێنرێت. لەگەڵ ئەوەشدا چەندین گێڕانەوەی جودامان هەیە لەبارەی نەورۆزەوە کە مێژووی نەورۆز

دەگێڕێتەوە بۆ پێش ڕووداوی کاوەی ئاسنگەر و دەوترێت کاوە ڕۆژی نەورۆزی بەهەلزانیوە بۆ کوشتنی زوحاک. لەگەڵ ئەوەیشدا هەندێک وەهای دادەنێن کە دروستکردنی چیرۆکێکی لەو شێوە هەوڵێکی مێژوونوسێکی ئێرانیە بۆ شێواندنی سەردەمی فەرمانڕەوایی میدییەکان، لەگەڵ ئەوەشدا فیردەوسی توانیوتی قەناعەت بە بەشێکی گەورەی میللەتانی ئاریایی نەژاد بهێنێت و تائێستاش ڕووداوەکە لە کوردستانیشدا هەر بەوشێوەیە دەگێڕدرێتەوە.

زۆرجاران لەگەڵ ئەو ڕوانگەیەدا ڕووبەڕوو دەبینەوە کە دەڵێن نەورۆز هی فارسەکانە و پشتیش بە شاعیران و نووسەرانی سەدەی چوارەم و پێنجەمی هیجری، وەکو فیردوسی، بیرونی، تەبەری، مەسعودی، مسکویە، گردیزی و زۆرێکی دیکە دەبەسترێت، چونکە نەورۆزیان گەڕاندووەتەوە بۆ سەردەمی پاشایەتی جەمشید، وەکو لەم شیعرەدا هاتووە:

جهان انجمن شد بر تخت اوی/ از ین بر شده فره بخت اوی
به جمشید بر گوهر افشاندند/ مر ین روز را روز نو خواندند
سر سال نو هرمز فرودین/ بر یسوده از رنج تن، دل ز کین
به نوروز نو شاه گیتی فروز/ بر ین تخت بنشست فیروزروز
بزرگان به شادی بیاراستند/ می و رود و رامشگران خواستند

محەمەد بن جریر تەبەری، نەورۆز بە سەرەتای دادگاییکردنی جەمشید دەزانێت و (ئەبو ریحانی بیرونی)یش ڕۆژی فڕینی جەمشید بە سەرەتای جێژنی نەورۆز دەزانێت. هەروەها لە ئاسیای بچووک و یۆنانیش، لە سەرەتای بەهاردا چەندین جێژن و ئایینی تایبەت بەڕێوە چووە. لە ناوچەی لیدی و فێری ژی، لەسەر بنەمای ئوستوورە کۆنەکان، بۆ شکۆمەندی سی بێل، ئیلاهەی زگپڕی و زاوزێی ناسراو بە دایکی خواکان و ئیلاهەی ئاتیس، لە کاتی گەیشتنی تیشکی خۆر بە بورجی کاوڕ و جێگیربوونی بەهاری، جێژنیان بەڕێوە بردووە. مێژوونووسانیش باسی بەڕێوەچوونی جێژنی نەورۆزیان لە سەردەمی پاشایەتی ئاگۆست، لە تەواوی سەرزەوینەکانی فری ژین و یۆنان و لیدی و ئاناتۆلی کردووە، بەڵام بە گشتی ئەفسانە موڵکی هەمو مرۆڤەکانە و فارس و عەرەب و فلانە و فیسار نازانێت و مرۆڤایەتی خاوەنیەتی، بۆیە دەکرێت بڵێن نەورۆز ڕێوڕەسمێکی ڕۆژهەڵاتییانەیە کە چڕبوونەوەکەی کەوتووەتە کوردستان و ئێران.

## نەورۆز بە سێ قۆناغدا تێدەپەڕێت:

١- هەتەڕێ و مەتەڕێ قەرە چوارشەممە کە دەکەوێتە ڕۆژێکی چوارشەممەی پێش نەورۆز. لە ئێوارەی ئەو ڕۆژەدا لە هەموو لایەکەوە فیشەکەشێتەیان هەڵداوە و شەویش منداڵان و مێرمنداڵان و لاوان لە شێوەی کۆسەنەورۆزی ماڵە و ماڵ گەڕاون و کەسێک خۆی کردووەتە کۆسە و کوڵەباڵێکی دەبەر خۆی کردووە و بە جلی سەیرەوە، ڕووخساری خۆی ڕەش کردووە و بە پەڕم و یا خوری، ڕیش و سمێڵێکی دەستکردی بۆخۆی ناوە و پاشان لەگەڵ کەسێکی دیکە کە جلوبەرگی خواجەئاسای پۆشیوە و بە گۆرانییەکانی (هەلاوە مەلاوە،کچتان بووک،کوڕتان زاوا- هەلاوە مەلاوە،شتێکمان بۆ بخەنە ناو تاوە. هاتەڕێ ماتەڕێ،سەری ئاوەڵم بە قنگی کەڕێ،شتێکم

بۆ بخەنە ژێر چەپەرێ. هەلاوە مەلاوە،یەک هێلکە تەواوە. هەنگوینی شانە شانە خانمی سەر باڵەخانە،کوا بەشم نەورۆزانە و..) کەوتوونەتە گوێز و مێوژ و هەنجیر و شیرینی و هێلکە کۆکردنەوە.

٢- لە جەژنی نەورۆزدا ئەو ئێوارەیەی بەیانییەکەی نەورۆزی تێدا دەکرێ، لەسەر لوتکەی چیاکان ئاگر دەکرێتەوە. ڕۆژەکەیشی وەکو خانی لە مەم و زین دا باسی کردووە خەڵکی ڕوو دەکەنە دەشت و دەر بۆ شایی و کەیف و هەڵپەڕکێ.

٣- سێزدەبەدەر دەکەوێتە سێزدە ڕۆژ دوای نەورۆزەوە. لەم ڕۆژەیشدا خەڵکی پاش نیوەڕۆکەی ڕوودەکەنە دەشت و دەر و گوایە گرانایی ساڵ لە خۆیان ئەکەنەوە.

لەم جێژنەدا، هەر نەتەوە و وڵاتێک بە شێوەیەک نەورۆز بەڕێوە دەبات، بەڵام بە گشتی هەندێک ڕێورەسم هەنە کە لە زۆرینەی ئەو نەتەوە و خەڵکانەی کە نەورۆز جێژن دەگرن، بەڕێوە دەچن:

**سفرەی حەوت سین**: عادەت و باوەڕی کۆنی خەڵکی لەسەر ئەوەیە کە لە دواهەمین ساتەکانی کۆتاییهاتنی ساڵ، هەموو ئەندامانی ماڵ لە دەوری یەکتری کۆدەبنەوە و بە ئەنجامدانی هەندێک شت پێشوازی لە ساڵی نوێ دەکەن. سفرەی حەوت سین یەکێکە لەو عادەتانەی کە لە کوردستانی ئێران باوە، سفرەیەک رادەخەن کە حەوت و یا زیاتر لە حەوت خۆراک و کەرەستەی لەسەرە کە بە پیتی (سین) دەست پێدەکەن، وەکو (سیر، سەوزە، سێو، سماق، سرکە، سینی، سەماوەر) و هەروەها موسڵمانەکانیش قورئان و زەردەشتییەکان ئاڤێستا و بە گشتیش ئاوێنە و مۆم و قاپێک شیرینی و هێلکەی رەنگکراو و گوڵاو لەسەر سفرەکە دەڕازێننەوە. لە لای زەردەشتییەکان سفرەی حەوت (شین) هەیە و لای هەندێکیش سفرەی حەوت (میم) و هەروەها لە ئەفغانستان بۆ یەکەم ڕۆژی نەورۆز سفرەی حەوت میوە دەڕازێننەوە.

**نوێ پۆشی و پیرۆزبایی**: لەبەر ئەوەی کە نەورۆز لە ڕۆژی نوێ و نوێبوونەوە لەقەڵەم دراوە و لەو کاتەیشدا دارەکان بەرگی خۆیان فڕێ دەدەن و دار و دەشت بەرگێکی نوێ دەپۆشن، بووەتە باو کە پێویستە مرۆڤەکانیش جل و بەرگی نوێ لەبەر بکەن. هەرچەندە کە جاران لەبەر هەژاری، جلوبەرگی نوێ زیاتر بۆ منداڵان دەکرا و دوای خواردنی نانی جێژنانە خەڵکی وەردەدەکەوتن و پیرۆزباییان لە یەکتری دەکرد و بە گوێز و مێوژ و چوکلێت دەمی یەکتریان شیرین دەکرد. ئەو بنەماڵە و خێزانانەی کە ئازیزی خۆیان لە ساڵی ڕابردوو لەدەست دابوو و یا بەڵایەکی گەورەیان بەسەر هاتبوو، خەڵکی ڕووی تێدەکردن و بەڵاڕۆیشتنیان لێ پیرۆز دەکرد و غەمیان دەبەر دەڕواندنەوە. بەڵام نەک لەبەر پەرش و بڵاوبوونەوەی تاکەکانی کۆمەڵگە و گەورەبوونی شارەکان و لێکجوێبوونەوەی خزم و کەسوکار، دیدەنی و سەردانەکان کەمتر بوونەتەوە و سەفەرکردن جێگەی گرتووەتەوە.

**چوارشەممە سووری**: دواهەمین چوارشەمەی ساڵ، بە چوارشەممە سووری ناوبانگی ڕۆیشتووە، بۆیە خەڵکی ئاورێکی بچووکتر لە ئاگری نەورۆز کۆدەکەنەوە و خۆیانی بەسردا هەڵدەدەن و لە دەورەی ئاهەنگی چکۆڵە دەگێڕن و زەردی خۆیان بۆ ئاگرەکە دەنێرن و داوای سووری ئاگەرەکە بۆ خۆیان دەکەن، بەڵام بەگشتی ئەم ئاهەنگە بچووکە لەم چوارەشەممەیەدا، زۆر باو نییە و زیاتر لای فارسەکان ئەنجام دەدرێت.

هەندێک باوەڕی عەوامانە: لەگەڵ ئەوەیکە پێشتر خەڵکی سادە بوون، بۆیە دەبینین کە هەندێک ڕەفتار و گوتار لەکاتی

بەڕێکردنی ساڵی کۆندا هەن کە دەتوانێت کاریگەرییەکی باش و یا خراپی لەسەر ڕۆژەکانی داهاتوو هەبێت، هەرچەندە کە هەندێک لەم گوتارانە لەنێو کتێبە مێژووییەکاندا دەبینین، بەڵام زۆربەیان لەسەر زمانان و سینگ بە سینگ دەگەڕێن:

* لەکاتی دەسپێکی ساڵی نوێ لە غەم و پەژارە هەڵێن، تاوەکو هەموو ساڵی نوێتان پڕ بێت لە خۆشی و شادی.
* ڕۆژی نەورۆز دەرمان مەخۆن، خراپە.
* هەر کەسێک لە بەیانی نەورۆزدا بەرلەوەیکە قسە بکات، شیرینی بخوات و بە ڕۆن زەیتوون جەستەی چەور بکات، هەموو ساڵەکەی دوور دەبێت لە بەڵا و نەخۆشی.
* هەر کەسێک لە بەیانی نەورۆزدا بەرلەوەیکە قسە بکات، سێ جاران هەگوین تام بکات و سێ جاران مۆم بکوژێنێتەوە، لە هەموو دەردان بەدوور دەبێت.
* ئەو کەسانەی کە مردوون، ساڵی یەکجار و لەکاتی نەورۆزان، ڕووحیان بۆ ماڵەوە دەگەڕێتەوە، بۆیە دەبێت ماڵەکان خاوێن بکرێنەوە و بۆن و بەرامیان لێدەین.
* ئەو کەسەی کە لە ڕۆژی نەورۆز بگریت، تاوکو کۆتایی ساڵ غەم بەرۆکی بەرنادات.
* ڕۆژی نەورۆز دەبێت کەسێکی قەدەمخێر بێتە نێو ماڵەوە، بەڵام ژنان قەدەمخێر نین.

**نەورۆز لە جیهاندا**: نەورۆز وەکو میراتێکی فەرهەنگی سەردەمی کۆن و هاوچەرخ بەردەوام جێگەی سەرنجی خەڵکی بووە و هەموو ساڵێک لە زۆر شوێن و وڵاتی دنیا، هەندێکیان بە ئاشکرا و هەندێکیان بە نهێنی بەڕێوە چووە. یەکیەتی سۆڤیەتی، نەورۆزی لە هەندێک وڵاتی ئاسیای نێوەند وەکو تورکمەنستان و قرقیزستان و تاجیکستان یاساغ کردبو و ئەم یاساغییەش تاوەکو سەردەمی میخائیل گۆرباچۆف بەردەوام بوو. هەروەها لە سەردەمی دەسەڵاتداریەتی تالیبان، ئەم جێژنە لە ئەفغانستان قەدەغە بوو و ماوەیەکیش لە هەندێک لە بەشەکانی کوردستان بە مەترسی بۆ سەر دەسەڵات دەزانرا و یاساغ کرابوو. هەرچەندە بە هاتنی ئایینی ئیسلام، گۆڕانکاری زۆر لە نەریت و جێژن و عادات و ڕەسمی کۆمەڵگەکان دروست بوو، بەڵام جێژنی نەورۆز یەکێک بوو لەو بۆنانەی کە وەکو خۆی و بە هەندێک ئاڵوگۆڕی بچووکەوە مایەوە، بۆ نمونە ئاگرکردنەوەکان و تێکەڵاوییەکانی ژنان و پیاوان کەمتر کرانەوە و ئەمەیش بووە هۆی ئەوەیکە شێوازی نەورۆزکردن بەشێوەیەکی دیکە بەڕێوە بچێت، بەڵام کۆمەڵگەی کوردەواری هەوڵی زۆریان داوە و لەگەڵ ئەوەیشدا تا ڕادەیەکی زۆر توانیویانە نەورۆز، وەکو خۆی بەڕێوە ببەن. لە نێو ئیسلامیدشا، نەورۆز بە نیوەچڵی بەڕێوە چووە و هەروەها گێڕانەوەیەکی تایبەت بە سەردەمی پێغەمبەری ئیسلام هەیە کە زیاتر لە ئەفسانە دەچێت تاوەکو ڕووداوێکی ڕاستین. دەڵێن نەورۆز بوو، لە جامێکی سیمیندا حەڵوایان هێنا بۆ پێغەمبەر و ئەویش پرسی، ئەمە چییە؟ گوتیان ئەورۆ نەورۆزە. پرسی نەورۆز چییە؟ گوتیان جێژنێکی مەزنە. ئەویش گوتی: بەڵێ، لەم ڕۆژەدا بوو کە خوا عەسکەرەی زیندوو کردەوە. پرسیان عەسکرە چییە؟ گوتی: عەسکەرە خەڵکێکی زۆر بوون کە لە ترسی مەرگ نیشتمانی خۆیان جێهێشت و ڕوویان کردە بیابان. یەزدان پێی گوتن بمرن و ئەوانی مردن. پاشان زیندووی کردنەوە و بە هەورەکانی گوت بەسەریان ببارە، هەر لەم ڕووەوە بوو کە ئاوپڕژێن بووە عادەت لەم ڕۆژەدا (وەک ئەوەی لە میسر باو بووە). هەروەها قبتییەکانی میسریش نەورۆزیان جێژن گرتووە و حکومەتیش لە جێژنەکەیاندا بەشدار بووە و جل و بەرگ و پارە و میوەی پێ بەخشیون. ئەوانیش لە جێژنەکەیاندا شەڕە ئاویان کردووە و چەندین یاری دیکەیان ئەنجام داوەو هەندێک جاریش ئاگریان کردووەتەوە و لە دەوری کۆبوونەتەوە و گۆرانیان دەچڕی و شەرابیان دەنۆشی، بەڵام دواتر

ئەمیر بەرقوق ئەم جێژنەی یاساغ کرد و هەرکەسێک گیرابای، سزای زۆر توندی دەدا. هەروەها (بەرمەکییەکان)ـی سەردەمی خەلیفەکانی عەباسی، هانی خەلیفەیان دەدا کە جێژنی نەورۆز بەڕێوە ببات. یەزیدیەکانی ئازەربایەجان و عەلەوییەکانی تورکیە، لە دواهەمین شەوی ساڵدا، بۆ لەبیرنەکردنی پێشینانیان دەچوونە گۆڕستان و خۆراک لەسەر گۆڕەکانیان دادەنێن. هەروەها لە زۆربەی پاکستانیش نەورۆز بە گەرمی بەڕێوە دەچێت.

**جوگرافیای نەورۆز**: ئەو ناوچانەی کە جێژنی نەورۆزیان تێدا بەڕێوە دەچێت، لە چەند وڵات و ناوچەی بچووکی هەندێک وڵات پێکهاتووە، هەرچەندە کە شێوەی بەڕێوەچوونەکان بە هەندێک جیاوازیی بچووکەوە لێک دەچن، بەڵام دواجار جێژنەکە هەر جێژنی نەورۆزە، کەواتە جوگرافیای نەورۆز بە ناوی نەورۆز و یا هاوشێوەی ئەو ناوەوە لە سەرتاسەری ڕۆژهەڵاتی ناڤینی باڵکان، قەزاقزستان، تاتارستان و ئاسیای نێوەڕاستی چینی ڕۆژهەڵاتی (توکرستانی چین)، سودان، قەفقاز و لەوێشڕا تا دەگاتە ئاستراخانی ئەمەریکای باکوور، هیندستان و پاکستان و بەنگلادش، بۆتان و نیپاڵ و تبت. هەرچەندە کە هەندێک لەم وڵات و ناوچانە، بە تەواوی ئەم جێژنی نەورۆزیان تێدا بەڕێوە ناچێت، بەڵکو شوێنی وەها هەیە کە وەکو کەمینە بەڕێوەی دەبەن. هەروەها ئێستا لە هەندێک لە وڵاتانی ئەورووپی و ئەمەریکی، جێژنی نەورۆز وەکو نەریتی کەمینەی وڵاتەکانیان سەیری دەکەن، بۆ نمنە پەرلەمانی فیدراڵی کەنەدا، لە بەرواری ٣٠ی مارسی ٢٠٠٩، یەکەم ڕۆژی نەورۆزی هەموو ساڵێکی وەکو (**Nowruz Day**) ناودێری کرد، هەروەها لە ٢٤ی فێبریەی ٢٠١٠، ڕێکخراوی نەتەوە یەکگرتووەکان، بە پەسەندکردنی بڕیارنامەیەک لە ناوەندی ئەم ڕێکخراوە لە نیویۆرک، جێژنی نەورۆزی وەکو ڕۆژی نێونەتەوەیی نەورۆز و فەرهەنگی ئاشتی لە جیهان بە فەرمی ناسی. لەگەڵ ئەوەیشدا هەموومان ئاگادارین کە لە سەردەمی سەرۆک بۆشەوە، ئەم جێژنە هەموو ساڵێک پیرۆز کراوە لەو کەسانەی کە ئەم جێژنە دەگێڕن.

## هەروەها لێکۆڵێنەران و نووسەرانی کورد بەم شێوەیە قسەیان لەسەر نەورۆز کردووە:

* **مامۆستا عبدالرەحمان زەبیحی** لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا وتارێکی بە ناوی "با تەپوتۆزی ساڵان لە نەورۆز بتەکێنین"، دەنووسێت: "فیردەوسی لە شانامەدا جێژنی نەورۆز دەباتەوە زەمانی جەمشیدی جەم و ئەڵێ: جەمشید کە هاتە سەر تەخت لەپێشدا ئاسنی نەرم کرد و کڵاو و خۆدە و زرێ و خەفتان و ڕەختی دروست کرد، پاشان لە کەتان و ئاوریشم و کەژووموو قوماشی تەنی، دوایی خەڵکی فێری خۆشتن و درومان و جل لەبەرکردن کرد...؛ فەرمانی دا بە دێو بە خشت و بەرد و گەچ خانوو، حەمام، کۆشک، هەیوان دورووست بکەن؛ زانستی حەکیمی داهێنا و کەشتی دروست کرد. دوای ئەوە تەختێکی جەواهێربەندی بۆ خۆی ساز کرد، دێو هەڵیانگرت و دەیانبرد بۆ ئاسمان. خەڵکی لێی کۆبوونەوە و کردیانە جێژن و شایی."

* **مامۆستا (شوکور مستەفا)** لەسەر نەورۆز لەدوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام دەڵێت: "تا ماوەیەک ڕێوڕەسمی نەورۆز کز بوو تا حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی زۆر بە گەرمەوە ئەم ڕێوڕەسمەی کردووە بە عادەت، وەکو شاکانی ئێران لە نەورۆزە و میهرەگانا دەست و دیاری و بەخشینی وەرئەگرت، هەروەها خەلیفە "المئموون" بایەخی بە نەورۆز داوە، لە دیوەخانی خۆیدا باسی کردووە و دیاری تیا وەرگرتووە، و عەبدوڵلای کوڕی تاهیریش یەکێک بووە لەوانەی نەورۆزیان لەنێو موسڵماناندا زیندوو کردووەتەوە و لە گەڵێ نووسین و

شیعری شاعیرە گەورەکانی عەرەبدا باسی نەورۆز بەرچاو ئەکەوێت، وەکو جەریر و بوحتوری و عەلی کوڕی یەحیای مونەجیم و جاحیز و مەسعودی و بەیرونی و جەوالیقی. هتد."

* هێمنی موکوریانییش لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگزدا دەنووسێت: ئەو گەلانەی کە( چەند هەزارساڵ بەر لە ئێستا) لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەریەکەو بۆلایەک ڕۆیشتن، هەموویان شوانە وێڵەو مەڕدار بوون و ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێن شیرین و بەستەزمانە کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە دابین کردووە، ڕوونتر بڵێم خۆراکیان لە شیر و پۆشاکیان لە خوری ئەم حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیان ویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بەدوای هەوار و لەوەڕگەدا وێڵ بوون و گەڕاون و ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێی گەڕێ، کورد هەر کەیفی لە شوانەتییە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری دەناڵێ. ئێستا هەرچەند بەداخەوە مەڕداری لە کوردستان زۆر کەم بۆتەوە و مەڕدارەکان کاتی بەران تێبەردانیان گۆڕیوە بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە و هەرکەس کرتکە مەڕێکی هەبێت، ئەو ڕۆژە بەران دەبەر مەڕ دەکات، میوانداری لە جیرانان دەکا، مێوژ و خورماو شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکات، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە ناو مێگەل. بەڵام زۆر دوور نییە هەر بە بیری من مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی مێهر بەرانیان دەبەر مەڕ کردووە و جێژنی مێهرەگانیان بۆ گرتووە، دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە مێهرجان و بە هەموو ڕۆژێکی خۆش دەڵێن میهرجان. مەڕ بە-5-مانگ دەزێ و پێشینییان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسی بەراویشتنی کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن بێلێن دانا، پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییز و سێ مانگ زستان دەکاتە ٥ مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهاردا زەنی مەڕ دێ و جەژنی هەرە گەورەی مەڕدارە. هەروەها بەرخی مەستەشیر پاشی- ١٣ ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەربکرێت و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ . ئەوەش سێزدەبەدەرەکەمان".

نەورۆز و شاعیران: دیارترین بەشی مێژووی ئەدەبیاتی کردی، بەر ئەدەبیاتی کلاسیک و لەویشدا بەشە شێرەکەی بەر شاعیران دەکەوێت و ئێمەی کورد زۆرجاران بۆ ئیشکردن لەسەر ڕووداو و کارەساتە مێژووییەکان پشت بە بەرهەمە شیعرییەکانی شاعیرانی کلاسیک دەبەستین. نەورۆزی وەکو هەر بۆنە و ڕووداوێکی مێژوویی و فەرهەنگی و نەتەوەیی، بەلای شاعیرانەوە گرینگی خۆی هەبووە.

سەرچاوەکان:

* رادیۆ فەردا
* بی بی سی فارسی
* جیهان نیوز
* ئیرنا
* ماڵپەڕی تابناک
* پەرتووکی نەورۆز لە قووڵایی مێژوودا
* نیۆیۆرک تایمز (Iranian jumos for joy at spring – ayatollahe aside) 20 مارس 2006

- ❊ رادیۆ زەمانە
- ❊ www.farhangsara.com
- ❊ www.vii.at
- ❊ www.narenj.com
- ❊ www.tebyan.net
- ❊ www.myisfahan.com
- ❊ www.zreber.blogfa.com
- ❊ www.dengubas.net

**سەرچاوە ماڵپەڕی : رنیسانس نیوز / ڕێکەوتی : ١٣ی مارچی ٢٠١٠**

# مێژووی جێژنی گەورەی کورد ، نەورۆز ...

**سەنگەر**

نەورۆزە، نەورۆز ژیانەوەیە، هەر وابووە و هەر وا دەبێ، مێژوو دەچەرخێ، دوویات دەبێتەوە، بەفر دەتوێتەوە، خونچە دەپشکوێ، هاتنی گەرمای بەتین، سەهۆڵبەندانی ناهومێدی دەتوێنێتەوە. لە زستانێکی تووشەوە، بەرەو پیری بەهارێکی رازاوە و شنەی بای بەهاری و تارای گوڵەکانی مانگی گوڵان، لە تەم و مژی لوتکە داپۆشیوەوە، لە خەوی زستانەوە بۆ جووڵەوخوێندن لە سەر چڵ و پۆپەی گوڵەگەشەکانی بەهار، هەنگاو دەنێین. ئارەزووی زیندوو بوونەوە دێتە دی، شنە بای لە خۆ بوردوویی و هیوا و هومێد، هەوری رەشی نەمان رادەماڵێ،شەختە نامێنێ و سەوزە سەر هەڵدێنێ. کیژە چاو شینەکەی نەورۆز، پڕ بە کۆشی گوڵە گەزیزەی بۆ هێناوین و زەماوەندی هەڵەسوون و هەستانەوەمان پیرۆزبایی پێدەڵێ و دەڵێ: ئەمساڵ ساڵی سڕینەوە و لە ناو بردنی خەم و خەفەتەکانی ساڵی پارە و ساڵی پێک گەیشتنەوەیە و هەموو شتەکانی سەر زەوی ئەوینداری خاکەلێوەی بەهار دەبن.

نەورۆز ئاوڕدانەوەیە لە رابردوو، لە دەور و پشت و چوار تەنیشت، لە خۆ،لەتۆ، لە من، لە ئێمە، کورد و نەورۆز ئاوەڵ دووانەن، کورد بە هاتنی نەورۆز ئاسۆی گەش دەبینێ. ساڵی کۆن بەرگی رزیوی خۆی فڕێدا و جل و بەرگی لاوەتی لە بەر کرد، دار و گوڵ و گیا بە دەست سەرما و زوقمی زستانەوە رزگاریان بوو، بۆ پیرۆز بایی لە بەهار،خۆیان رازاندەوە و بە پیریەوە چوون. خونچەکان ئامادەن تا بەیەکەم چریکەی بولبولان بپشکوێن.

نوێکان شوێنی کۆنەکان دەگرنەوە و لەو نێوەدا ئەوەی دەمێنێتەوە، جگە لە کار و کردەوەی مرۆڤەکان، فەرهەنگ و مێژووە، مێژوویەک کە رابردووی بەرەی کۆن بۆ بەرەی نوێ و ئەوانەی داهاتوو دەگێڕێتەوە. جێژنی نەورۆز یەکێک لەو جێژنانەیە کە نیشانەی هاو پێوەندی و هەستی هاوبەشی نەتەوەی ئێمەیە، کە بە ناو هەزاران رووداوی مێژووییدا تێپەڕیوە و گەیشتۆتە ئێرە و بۆتە لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لە کەلتووری نەتەوایەتیمان.

گەلانی ئاریایی لە کۆنەوە زۆر جێژنی جۆراوجۆریان هەبووە و لە ناویاندا دوو جێژنی نەورۆز واتە شۆڕشی سروشت و سەرهەڵدان و جموجۆڵی بوونەوەران یا فەروەردەگان سەرەتای وەرزی گەرما و جێژنی مێهرەگان سەرەتای وەرزی سەرما.

جێژی نەورۆز بایەخێکی تایبەتی هەبووە، تەنانەت پاش ئەو هەوراز و نشێوە زۆرەی کە لە هەزاران ساڵ پێشەوە بڕیوێتی و ئێستا گرینگی خۆی هەر پاراستووە و وەک یەکێک لە مەزنترین جێژنەکانی نەتەوەکەمان ماوەتەوە و تەنانەت بۆتە هێمای خەبات و تێکۆشان، بۆ وەدەستهێنانی ئازادی و سەر بەستی لە ناونەتەوەی کورددا.

چاوێک بە سەر دوو جێژنی کۆن، واتە فەروەردەگان و مێهرەگاندا دەخشێنین: عێل و هۆزەکانی کۆنی کورد هەموویان شوانە وێڵە

و مەڕداربوون، ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم ئاژەڵانە دابین کردوە. رووونتر بڵێم،خۆراکیان لە شیر و جل و بەرگیان لە خوری ئەوان دابین کردوە و بۆ گەرمێن و کوێستان رۆیشتوون، بەدوای هەوار و لەوەڕگەدا گەڕاون و ئێستاش کارەساتی رۆژگار لێی گەڕێ، کەیفی لە شوانییە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری دەناڵێ. ئێستاش هەر چەند ئاژەڵداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووە و مەڕدارەکان کاتی بەران تێکردنیان گۆڕیوە، بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە، هەر کەس کەرتە مەڕێکی هەبێ، ئەوڕۆژەی کە بەران لە مەڕی دەکا،میوانداری لە دەر و جیران دەکا و مێوژ و خورما و شیرینی دەبەخشێتەوە، ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش لە ملی بەران نەکا، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی رەنگاو بچێتە ناومێگەل. بەڵام زۆر دوور نییە، هەر بە بیری من، مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی مێهر(رەزبەر)بەرانیان لە مەڕ دەکرد و جێژنیان دەگرت، کە ئەو جێژنە ناوی جێژنی مێهرەگان بوو. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بوو کەعەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە جێژنی مێهرەجان و بە هەموو رۆژێکی خۆش دەڵێن مێهرەجان.

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ و پێشینیان دەڵێن: بەرخ بە سەد رۆژ رۆحی وەبەر دێ و مەترسی بەر ئاوێتی(بەرخستن و لەبار چوون) کەم دەبێتەوە. جێژنی ئەو سەد رۆژەش لە زۆر شوێنی کوردستان بەڕێوە دەچێ و پێی دەڵێن جێژنی سەتە یا بێڵێ دانا. لە شەوی ئەوڵی بەهار زەوی مەڕ دەست پێدەکا و جێژنی هەرە گەورەی مەڕدارە و پێی دەڵێن جێژنی فەروەردەگان و دوای سێزدە رۆژ واتە سێزدە بەدەر بەرخ لە گەڵ دایکی سارەما کراوە و لە کۆز رۆیشتۆتە دەرێ و هەر لە خۆشی بەرخەکان، ماڵ و خێزان لەگەڵ ئاژەڵەکان رۆیشتوونە دەرێ.

لە بارەی چۆنیەتی پەیدا بوونی جێژنی نەورۆزەوە، سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە بیر و باوەڕی جیاواز دەکەن و گەلێک رووداوی مێژوویی، چ ئەفسانەیی یان راست دەکەنە سەرەتای پەیدابوونی نەورۆز، نەورۆز واتە رۆژی نوێ، ئەویش دوو نەورۆزە، یەکیان نەورۆزی گشتی و ئەویتریان نەورۆزی تایبەتی.

نەورۆزی گشتی رۆژی یەکەمی خاکەلێوەیە کە هەتاو لە سەرەتای بورجی حەمەلە، واتە راست لە ئەوەڵی بەهار دایە، بە بڕوای کەسانێک خودا لەو رۆژەدا دنیای بەدی هێناوە و هێندێکی دیکە دەڵێن: چونکە خودا لەم رۆژەدا ئادەمی خوڵقاندووە،بۆیە نێوی نراوە نەورۆز. دەستەیەکی دیکە لەسەر ئەم باوەڕەن کە جەمشید لە سەرەتاوە ناوی جەم بوووە وکاری گەشت و گەڕان بووە، کە گەیشتۆتە ئازەربایجان، یا بە پێی وتەیەکی دیکە وڵاتی بابل، دەستووری داوە کە تەختێکی خەملیو، بە زێڕ و گەوهەری لە سەر بەرزاییەک بەرەو رۆژهەڵات بۆ دانێن و ئەو جار تاجێکی لەسەر داناوە و لە سەر تەختەکە دانیشتووە، کاتێک خۆر هەڵاتووە، یەکەم تیشکەکەی کە لە تەختەکەی جەمی داوە، خەرمانەیەکی گەشاوەو زێڕینی لە دەوری تەختەکە ساز کردوە، خەڵک بە دیتنی ئەو دیمەنە شاد دەبن و دەڵێن: ئەمە رۆژێکی نوێیە. هەر لە زەمانی پەهلەویدا بە تیشک دەڵێن "شید" و جەمیان کردوە بە جەمشید. ئەو رۆژەی کە جەمشید چۆتە سەر تەخت، رۆژی شەشی خاکەلێوە بووە کە بە نەورۆزی تایبەتی نێودێر کراوە. یا بە واتایەکی دیکە جەمشید زاناکان کۆ دەکاتەوە و لێیان دەپرسێ: چ شتێک دەتوانێ ئەم پاشایەتییە بپارێزێ؟ زاناکان دەڵێن: بە هانای خەڵکەوە چوون و چاکە کردن بە خەڵک، جەمشید خۆی ساز کردو و دەستووری دا بە نۆکەر و ژێردەستەکانی کە بە کاروباری هەژار و لێقەوماوان رابگەن، ئەو رۆژەی کە وایکرد، رێکەوتی هەبوو لە گەڵ رۆژی هورمز لە مانگی خاکەلێوەدا و بە دوای ئەوەدا ناوی ئەو رۆژەی کرد بە نەورۆز و تا ئێستا هەر بەر دەوامە.

لە دەقە ئەفسانەییەکاندا هاتووە کە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٧٦٧ی پێش زایین حەزرەتی زەردەشت لە دایک بووە، بۆیە ئەو ڕۆژەیان بە نەورۆز نێودێر کردوە، هەروەها بە پێی دەقێکی ئەفسانەیی دیکە، نەورۆز ڕۆژێکە کە کاوەی ئاسنگەر بە سەر زوحاکی مێشک خۆردا سەرکەوت و خەڵک بە هەڵکردنی ئاور ئەو ڕۆژەیان کردە جێژن، یان دەڵێن نەورۆز، ڕۆژێکە کە ئاور دۆزراوەتەوە، یان ئەو ڕۆژەیە کە شەو و ڕۆژ پێکەوە بەرابەرن.

لە کتێبە ئاسمانییەکان وەک قورئان، ئاوێستا و تەوراتدا هاتووە کە یەزدان دنیای لە شەش ڕۆژاندا بە دیهێناوە و گەلانی ئێرانی باوەڕیان وابووە کە یەزدان ئەم کارەی لە ڕۆژی ئەوەڵی مانگێک دا ئەنجام داوە کە ڕۆحەکان لە ئاسمانڕا گەڕاونەتەوە سەر زەوی، ئەم مانگە ناوی فرووهەر بووە و لەم مانگەدایە کە یەزدان ڕۆحی مردووەکان دەگێڕێتەوە ناو کەس و کاریان و ئەو میوانداریەش دە ڕۆژان دەخایەنێ، بۆیە خەڵک لەم ڕۆژانەدا ماڵەکانیان خاوێن دەکەنەوە، جل و بەرگی نوێ لە بەر دەکەن و بۆنی خۆش بە هەموو لایەک بڵاو دەکەنەوە و ماڵەکانیان بە شینایی و گوڵ، دەنگی مۆسیقی و ڕووناکی، کەیلی شادی و خۆشی دەکەن.

نەورۆز لە ڕوانگەی ئایینەوە: هاتنی ئادەم بۆ سەر زەوی - وێستانی کەشتی حەزرەتی نووح، دوای سێڵاوەکە لە سەرکێوی ئاگری (جوودی) لە باکووری کوردستان - حەزرەتی سلێمان ئەنگووستیلە گوم کراوەکەی خۆی دۆزییەوە - هاتنی جوبرەئیل بۆ لای پێغەمبەری ئیسلام- گەیشتنی حەزرەتی محەممەد بە پێغەمبەری - حەزرەتی برایم دوای شکاندنی بوتەکان، مە نجەنیقی بۆ ساز کرا و بە ئیزنی خودا مەنجەنیق بوو بە گوڵستان.

لە لایەکی دیکەوە عەرەبەکان دەڵێن: کە گوایە دنیا و ئادەم لەم ڕۆژەدا کە شەو و ڕۆژ پێکەوە بەرابەرە، بەدیهاتوون، بۆیە پێی دەڵێن نەورۆز، واتە ڕۆژی نوێ. بە ڕوایەکی دیکە،٦هەزار ساڵ لە مەو پێش کەیوومەرس لە گەڵ شای ئەو کاتە لە کێوەکانی ڕەواندز دەست بە شەڕ دەکا و ئەو ڕۆژەی کە سەر دەکەوێ، بە لەشکرەکەی دەڵێ: لە سەر تەواوی کێوە بەرزەکان ئاور بکەنەوە، تا بەڵکوو ئەو کەسانەی کە پەڕەوازە بوون، بگەڕێنەوە و ئەو سەرکەوتنەش دەورووبەری نەورۆز بووە.

کردنەوەی ئاور ئەوە ناگەیەنێ کە کورد ئاور پەرەست بووبێتن، بەڵکوو لە ناو دینی زەردەشتدا ئاور شتێکی پیرۆزە. لە کوێستانی چاوبەڵەک و دەم بە قاقای پێکەنینەوە، بڵێسەی ئاوری پیرۆزی نەورۆز، خەمەکانی ڕابردوو لە گەڵ خۆی دەبا و هەر بڵێسەی بێت ئاوری سووری نەورۆز، نەمان و سەرشۆڕی بۆ نەیارانی نەورۆز. لە کاتی کردنەوەی ئاوردا بازیان بەسەر داداوە وکوتویانە: سووری تۆ بۆ من و زەردی من بۆ تۆ(سووری کردەوەی باش و زەردی کردەوەی ناشیرین و خراپ).

هەر لە سەر دەمی کۆندا، خەڵک کاتێک لەچنگ سەرماو سۆڵی زستان نەجاتیان دەبوو، جێژنیان دەگرت و پاشان ئەو جێژنە گەیشتە میر و حاکمەکان و دواتریش دەوڵەتەکان جێژنیان گرت. بە هاتنی نەورۆز، هەستانێک لە ناخی مرۆڤدا دەست پێدەکا و خێزانەکان ماڵ خاوێن دەکەنەوە، سەردانی نەخۆش و ئەو بنەماڵانەی کە کەسێکیان لە دەست داوە و هەروەها سەردانی گۆڕی مردووەکان دەکەن و دیانەوێ بە هاتنی ئەو ڕۆژە نوێیە هەموو شتێک وەلانێن وخەم و خەفەت بەربادەن وژیانێکی دیکە دەست پێبکەن.

نەورۆزانە لە لایەن گەورەکانەوە بە چکۆلەکان دەدرێ لە لایەن دۆستانەوە پێک دەگا و کاتێک منداڵەکان لە ناو گوندەکان بۆ هەلاوە مەلاوە، واتە نەورۆزانە دەگەڕێن،کاتێک دەچنە هەر ماڵێک، ئەم دێڕانە(وتانە)دەڵێن: هەلاوە مەلاوە، کچتان بووک، کوڕتان زاوا- هەلاوە مەلاوە، شتێکمان بۆ بخەنە ناو تاوە (تاوە ئەو شتەی بەدەستیانەوە بوو)- هاتەرێ ماتەرێ، سەری ئاوەڵم بە قنگی کەرێ، شتێکم بۆ بخەنە ژێر چەپەرێ – هەلاوە مەلاوە، یەک هێلکە تەواوە- هەنگوینی شانە شانە خانمی سەر باڵەخانە، کوا بەشم نەورۆزانە و.... خاوەن ماڵیش هەر شتێک کە شک ببا، وەک: هێلکە، شیرینی، سنجوو، پوول و ... دەیدا بە منداڵەکان و زۆر بە رووی خۆشەوە بەڕێیان دەکا. کاتێک کە شەو دادێ، واتە شەوی رۆژی نەورۆز، نۆبە دەگاتە گەورەکان و کوڕان و پیاوان دەگەڕێن، لە کولانکە و بەر هەیوانەوە، سەتڵی پڕ لە عەتر و شانە و ئاوێنە وگەنم دەخەنە خوارێ و خاوەن ماڵ نەورۆزانەیان پێدەدا کە زۆرتر هێلکەیە.

لە زۆربەی ماڵەکاندا سفرەی حەوت سین دەڕازێتەوە کە ئەم شتانەی لە سەرە:

١- سەمەنی بە مانای ژیانەوەی گیاکان
٢- سماق بۆ تامی چێشت
٣- سێو کە زۆرتر سێوی سوورە، نیشانەی بیر و بڕوای باشە
۴- سەعات یا سکە، سەعات بۆ ئاگاداربوونەوە لە گۆڕینی ساڵ و سکە نیشانەی دەوڵەتی باشە
۵- سەوزی بە مانای پایەدار بوون لە ژیاندا
۶- سیر یا سرکە بۆ خاوێنی شتەکان
٧- سنجوو کە بۆنی گوڵەکەی سەرچاوەی دڵدارییە

هەر وەها بۆ زیاتر رازاندنەوەی سفرەکە ئەم شتانەش دادەندرێن: لە سەردەمی ئێستا قورئان و پێش ئیسلام کتێبی ئاوێستا داندراوە - ئاوێنە نیشانەی یەکڕەنگی . مۆم بە مانای گەورەیی ئاور و باشترین یاسا دێت – ماسی نیشانەی زیندووبوون ـ شیرینی وەک خورما و کشمیش کە دادەی ئەهوورایین – هێلکەی رەنگاو نیشانەی کردەوەی باش و...

هەر وەها لە سەردسمی کۆندا لە زۆربەی شار و گوندەکان بۆ ماوەی ١۵رۆژ میری نەورۆزی دروست کراوە کە مرۆڤ و کارەکانیان بەم شێوەیە بوون:

١- میر
٢- وەزیر کە پیاوێکی قسە خۆش بووە
٣- وەزیری دەستی راست کە دەستووری باش و بە جێی بەم شێوەیە رادەگەیاند: بە دەستووری ئەمیر، زیندانی بێ تاوان دەبێ ئازاد بکرێ . ئەو بنەماڵانەی کە شەڕ و ئاژاوە لە نێوانیاندا هەیە، دەبێ ئاشت بنەوە - دەوڵەمەندەکان دەبێ زەکات بە فەقیرەکان بدەن و...

٤- وەزیری دەستی چەپ کە دەستووری بێ جێ و ڕێی ڕادەگەیاند کە بە هیچ کەس جێبەجێ نەدەکران، بەم شێوەیە: بەیانی دەبێ تەواوی پیاوان نیوەی سمێڵی خۆیان بتاشن – لەمڕۆوە تا بەیانی دەبێ، تەواوی کوڕانی ١٣ساڵ بۆ سەرێ ژن بێنن و ...

٥- میرزا کە نەفەرێکی نووسەر ئەم کارەی دەکرد

٦- چەند نەفەر خزمەتکار

٧- گرووپی نیزامی ،شمشێر بە دەست و جل و بەرگی سووریان لە بەر دەکرد

٨- پیاوێکی گۆپاڵ بە دەست کە دەستووری ئەمیری ڕادەگەیاند

٩- گرووپی مووزیک ژەن

١٠- گرووپی سروود و گۆرانی

١١- وشکەڕن کە جل و بەرگی لە پێستی ئاژەڵ بۆ دروست دەکرا و جگە لە ئەمیر قسەی بە هەموو کەسێک دەگوت.

لە کۆتاییدا دەڵێم: هەموو گیانلەبەرێک هاوار بۆ ژیانێکی نوێ دەکا و گەشانەوە و لاوانەوەی گوڵەگەشەکانی چیاکانی کوردستان تا دەگاتە دەربەندی گردی مامەیارە و ناڵەشکێنە و پڕ بە دڵ ئەچریکێن و دەڵێن:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

(گردی مامە یارە لە نزیک شاری سلێمانییە و گۆڕی پیرەمێردی نەمر، دانەری شێعری نەورۆز لەو شوێنەیە و پیرەمێرد توانی جێژنی گەورەی نەورۆز، بکاتە جێژنی نەتەوەیی)

بۆیە جێژنی نەورۆز هەموو کاتێک بە ڕێز و حورمەتەوە گیراوە، چونکە گرینگترین پەیام دەخاتە نێو دڵی ئۆگرەکانی، پەیامی هەستانەوەی کەوتوو، وەخەبەر هاتنی خەوتوو، ژیانەوەی مردوو، بووژانەوەی سڕ کردوو، گێڕانەوەی ڕابردوو، هەروەها پەیامی سازبوونەوەی جیهانێکی سەر لە نوێ، بۆ گشت چین و بۆ گشت توێ، هەمووی بە جێ و گشتی بە جوێ، بە کۆما و کۆمەڵەکان ڕادەگەیەنێ.

سەرم بە فیدای ئەو تەیرە بێت کە مزگێنی بەهار و جێژنی نەورۆز و ساڵی تازە دێنێ، ساڵێک کە پڕ بێ لە خێر و خۆشی و دوور بێ لە کەم و کوڕی و نەخۆشی، ساڵێکی بە پیت و بەرەکەت، بە هەوڵ وحەرەکەت، تەڕەساڵێکی خاوەن دەغڵ و دان، نووخشە ببەخشێ بە خەلە و خرمان.

دەبێ تێبکۆشین تا دڵێکی سەوزی بەهاریمان هەبێ و بەردەوام گوڵ و جوانی بەسەر دا بباریێ و بیری چاک و وتەی چاک و ڕوانینی چاک لە وجوودماندا چرۆ دەر بکا و گەشە و نەشەی هەبێ و دەرگای ڕووناکی بەرەو ڕومان بکرێتەوە و دەبێ لە کاتێکدا جێژن بگرین کە ئاڵ وگۆڕ پێک بێ، نەک هەر ژمارەی ساڵەکان بگۆڕدرێن. پیرۆز بێ نەورۆز و بەهار و شادی و ڕووناکی.

مێژووی ڕێکەوتی کوردی: بە هێرشی مادەکان بۆ سەر شاری نەینەوا کە بە دەست دەوڵەتی ئاشوورەوە بووە لە ساڵی ٦١٢ی پ. ز

و بە لە ناو چوونی ئاشوورەکان بەردی بناغەی ڕێکەوتی کوردی دادەمەزرێ. لە ساڵی ٧٠١ی پ.ز ئەو شەڕە دەستی پێکردوە و ڕۆژی دەست پێکردنی شەڕەکە، نزیک سەری ساڵ دەبێ و دوای ٨٨ساڵ شەڕیش، هەر لە نزیک سەری ساڵ، مادەکان بە سەر ئاشوورەکاندا سەر دەکەون، واتە لە ڕۆژی دەست پێکردنی شەڕەوە ئەو ڕێکەوتە داندراوە. ڕێکەوتی کوردی لەگەڵ هەوەڵ ڕۆژی بەهار دەگۆڕدرێ و هەر لێرەوە ساڵی ٢٧٠٩ی کوردی لە هەموو لایەک پیرۆز بێت.

لێرەدا ئەوە پێویستە بگوترێ کە ساڵی زایینی نەورۆزی نیە و دوای ٨٠ ڕۆژ تێپەڕبوون بە سەر ساڵی زایینیدا زۆر ناشیرینە بڵێی، نەورۆزی ٢٠٠٩، چونکە نەورۆز شتێکی تایبەت بە گەلانی ئێرانە.

لەهەڵبەست وەرگیراوە

سەرچاوە : ماڵپەڕی کوردستانی گەورە / ڕێکەوتی : ٢٤ی یونیو ٢٠١٠

# نەورۆزنامە

شەریف فەلاح

نەورۆزنامە: (چەند بابەتێکی جیاجیا لەسەر نەورۆزی دێرینی کورد):...

جەلیل عەباسی

باسی یەکەم:

بە بیانووی هاتنی جەژنی نەورۆزەوە، سووکە سەرنجێک لەسەر رۆژ و مانگ و ساڵ و جەژنەکانلە ساڵژمێر و ئەدەبیاتی ئایینی مەزدیەسنادا:



ئارياييەکان کە کورد بەشێکی سەرەکییانەو گەلانێکی پێشکەوتووی خاوەن هزر و شارستانەتی مێژووی مرۆڤایەتی بوون، بۆ هەموو شتێک لەم گێتییەدا ناونیشان و واتایەکیان هەبووە و بەسەر هیچ شتێکدا تێنەپەڕیون تا نەیانناسیبێت و نەیانخستبێتە خزمەتی خۆیان و ژیان و ژیاریانەوە، لە ساڵەوە بیگرە تا دەگاتە ناوی رۆژ و هەفتە و مانگ و هەموو بۆنەکانیش، هەریەکە بەپێی تایبەتمەندیی خۆیان ناوێکیان بۆ دیاری کردوون کە دەربڕی پەیامێکی هێژایە بۆ خزمەتی زۆرتری مرۆڤایەتی، ئەوان کە نوێبوونەوەی ساڵ و دەسپێکی ژیانێکی تازەیان دۆزییەوە و بناغەی رۆژمێر و ساڵژمێری زانستییان دامەزراند، بۆ شادبوون و ژیانی بە شادی و بەختەوەری و بۆ سەرکەوتنی زۆرتر بەسەر هەرچەشنە تەنگوچەڵەمەیەکی ژیاندا، چەندین جەژنیان بۆ خۆیان دیاری کرد تا بەهۆیانەوە ژیان و ژیاری خۆیان تژی بکەن لە خۆشی و شادی و بەختیاری، پیرشالیاری زەردەشتی دەڵێت: " بۆ هەر بۆنەیەک و بەهەر بیانوویەکەوە شادی و سەما بکەن و بەخۆشی و سەرزیندوویی رایبوێرن تا ژیانتان پڕبێت لە خۆشبەختی و گەشەونەشە". باپیرانی ئێمە بە وشیاری و زانابییەوە مامەڵەیان لەگەڵ ئەو پەندە هێژایە و لەگەڵ سەرجەم فکر و فەلسەفەی بەرزی زەردەشتی کردووە کە هۆکارێکە بۆ ناسینی باشتری گێتی و هەوڵێکە بۆ گەشە پێدانی زۆرتر و باشتری ژیان و ژینگە.

ئێستاش لەم نووسینەمدا و بۆ ئاشنا کردنەوەی خوێنەری کورد بەهەندێ لایەنی ونبووی ژیانی دێرینەی خۆی، تیرۆژە نیگایەک دەخەمە سەر ناوی رۆژ و مانگەکان و هەرواش جەژن و بۆنە دێرینەکانی ئەم گەلە رەسەنەی مێژووی مرۆڤایەتی و دەیکەمە بیانوویەک

بۆ پێشوازیکردنێکی باشتر و شیاوتر لە جەژنی پیرۆزی نەتەوەیی نەورۆز بۆ داهاتوو، بەو ئومێدەی هاندەرێک بێت بۆ بەخۆداچوونەوەو گورپەخشین بەم ژیانەی ئێستامان کە هیچی لە ژیانە رەسەن و ژیرانەکەی جارانمان ناچێت بەڵکوو زۆریش دژ و پێچەوانەی فکر و ئەندێشە مرۆییەکانمان دەوەستێتەوە.

ناوی (٣٠) رۆژەی مانگ لە رۆژمێری زەردەشتی (ئاری)ی دێریندا:

١- ئورموزد
٢- ڤەهومەن/ بەهمەن
٣- ئوردیبەهەشت
٤- شەهریوەر
٥- سپەندارمەز
٦- خورداد
٧- ئەمورداد
٨- دەی بەئازەر
٩- ئازەر
١٠- ئابان
١١- خورشید
١٢- مانگ
١٣- تیر
١٤- گەئوشە
١٥- دەی بەمیهر
١٦- میهر
١٧- سروش/ سرەئوشە
١٨- رەشەن
١٩- فەروەردین
٢٠- وەهرام/ بەهرام
٢١- رام
٢٢- باد/ گڤاد
٢٣- دەی بەدین
٢٤- دین
٢٥- ئەرد

٢٦- ئەشتاد

٢٧- ئاسمان

٢٨- زامیاد

٢٩- مانترەسپەند

٣٠- ئەنارەم

ناوی (٧) رۆژی هەفتە:

١- کەیوان شەید، کە دەبێتە (شەممە)، کەیوان (زحل) دوای (مشتەری) گەورەترین هەسارەیە و (٧٠٠) بەرامبەری زەوی گەورەترە. شەید ( کە بۆتە پاشناوی هەموو رۆژەکان) بەواتای تیشک و رووناکی دێت. کەیوان شەید واتە یەکەم رۆژی هەفتە بەواتای (هەسارەی رووناک و رۆشن) ناو نراوە.

٢- میهر شەید، کە دەبێتە (یەکشەممە)، میهر بە واتای دۆستایەتی، بەزەیی، میهرەبانی، لە پالەویدا (میتر)ە کە لە ئایینی حەوت هەزار ساڵەی ئێرانی دێرین وەرگیراوە. میهر لە ئەدەبیاتی زەردەشتیدا ئیزەدی سۆز و پەیمان و پاسەوان و پارێزەری ئاوەکانە. ناوەکەش (میهرشەید) واتە سۆز و پەیمان و خۆشەویستیی درەوشاوە. ئەم ناولێنانەش پیشاندەری رێز و مەزنێتیی سۆز و دڵسۆزیی نێوان مرۆڤەکانە، چوونکە هەر لەو سەردەم و چاخە دێرینانەوە پەیمانشکێنی و درۆ لای ئارییەکان بە گەورەترین تاوان و خراپەکاری ژمێردراوە.

٣- مەە شەید، کە دەبێتە (دووشەممە)، مەە، ماە، هەمان کورتکراوەی (مانگ)ە کە جێگایەکی بەرز و تایبەتی لە مێژووی ئایینی میترائیدا هەبووە و هەرواش نموونە و سیمبولێکە بۆ هێز و زیندوێتیی تاهەتایی جیهان و خیلقەت، سەرجەم ناوەکەش واتە مانگی رۆشن و پرشنگدار.

٤- بەهرام شەید، کە دەبێتە (سێشەممە)، بەهرام، هەمان (وەرەهرام)ی پالەوییە کە بۆتە ئیزەدی سەرکەوتن، ئەم ناوەش بە واتای سەرکەوتنی رووناکی بەسەر تاریکی و بیری ئەهریمەنیدا دێت.

٥- تیر شەید، کە دەبێتە (چوار شەممە)، تیر هەمان (تیشتەر)ی پالەوی و ئیزەدی بارانە، بەواتای رۆژی رۆشنیبەخشی باران بۆ پاراستن و بووژاندنەوەی سروشت ناو نراوە.

٦- ئورمەزد شەید، کە دەبێتە (پێنجشەممە)، ئورمەزد ناوێکی دیکەی ئەهوورامەزدایە کە سیمبولی دەسەڵات و توانای داهێنەرانەی پەروەردگارە، بۆیەش کراوەتە ناو بۆ شەشەمین رۆژ چوونکە پێشینان هەمیشە شەوی (پێنجشەم لەسەر هەینی)یان تایبەت داوە بە کات و ساتی پەیوەندی لەگەڵ خواوەند و رۆحی مردووەکاندا و لەو رۆژەدا رێزیان بۆ داناون و یادیان کردوونەتەوە و لەگەڵ یەزدانیشدا (نیایش)یان کردووە.

٧- ناهید شەید، کە دەبێتە (ئادینە/ هەینی)، ناهید هەمان (ئاناهیتە/ ئاناهیتا)ی ئیزەدی ئـاوە و هـەرواش نـاوی دووەمی هەسارەی (ڤینۆس)ە کە ئەویش سیمبولی جوانی و ڕازاوەییە، بۆیە دوایین ڕۆژی هەفتەش بەمجۆرە ناو نراوە کە واتـای ڕۆشنایی ئـاو و ئاوەدانی و جوانی و رازاوەیی بدات.

ناوی مانگەکان لە ئەدەبیات و کلتوورە جیاوازەکاندا:

عیسایی

ڕوومی

ئەلەمووت

هەخامەنشی

ک، هەورامی

ک، سۆرانی

ئاڤێستایی / فارسیی نوێ

مارت

ئازار

حمل

چەمەن ئارا

نەورۆز

خاکەلێوە

فرەوەرتی / فەروەردین

ئەپریل

نیسان

پور

گوڵ ئاوەر

پاژەرەژ

گوڵان

ئەشاڤەهیشتا / ئوردیبەهەشت

مایس

ئیتار

جوزا

جان پەروەر

لۆ کەن

جۆزەردان

هەئورڤەتات / خورداد

ژوئەن

حوزەیران

سرگان

گەرماخێز

کۆ پڕ

پووشپەڕ

تیشتریە / تیر

ژولای

تەمووز

اسد

ئاتەش بیشە

سانالێ

خەرمانان

ئەمێرەتات / ئەمرداد

ئووت

ئاسامە

سنبلە

جەهانبەخش

چێڵ کڕ

گەلاوێژ

خشەترەڤەیریە / شەهریوەر

سپتامبەر

ئەیلوول

میزان

دژخوی

خەرمان

ڕەزبەر

میترا / میهر

ئوکتۆبەر

تشرین (1)

عقرب

باران ریز

وەڵگ خەزان

خەزەڵوەر

ئاپ / ئابان

نوڤامبەر

تشرین (٢)

قوس

ئەندوە خیز

سەرداوەز

سەرماوەز

ئاترا / ئازەر

دیسەمبەر

کانون (١)

جدی

سەرما دە

هارگا

بەفرانبار

داتئوشۆ / دەی

ژانیوەری

کانون (٢)

دلو

بەرف ئازەر

یەخبەنتان

ڕێبەندان

ڤەهوومەنە / بەهمەن

فیبرایەر

شوبات

حوت

مشکین فام

پیرشالیار

ڕەشەمە

سپەنتا ئارمەیتی / ئەسفەند

تێبینی: هەم لە زمانی کوردیدا و هەم لە مانگە عیساییەکانیش هەندێجار بۆ یەک مانگ دوو یا چەند ناوێک هەن کە بە باشترم زانی لێرەدا روونی بکەمەوە:

یەکەم، لە کوردیدا:

خاکەلێوە = نەورۆز

گوڵان = بانەمەڕ

خەزەڵوەر = گەڵارێزان

ئەمە جگە لەوەی کە هەندێجار تووشی هەڵە دەبین و جێگۆڕکێ بە دوو لە مانگەکان دەکەین، واتە: خەرمانان دەخەینە جێی گەلاوێژ و گەلاوێژ دەخەینە جێی خەرمانان!!!

دووەم، مانگە عیساییەکان:

ئوت = ئاگوست/ ژوئیە.

جەژنەکانی ساڵ لە کەلەپوور و ساڵژمێری ئارياييەکاندا:...

وەکوو ئاماژەمان پێدا، پێشینانی ئێمە هەوڵیانداوە هەمیشە شاد و سەرزیندوو بژین و ژیانیان پڕ بکەن لە شادمانی و پێکەنین و بەختەوەری، لە مێژووی مرۆڤایەتیدا هیچ گەلێک نابینی هێندەی ئێمە سەرنجی وردی دابێتە ژیان و هەوڵی ژیانی شاد و بەختیاری دابێت، کەچی ئەمڕۆکە دەبینین نەک هەر ئەو رابردووە پرشنگدارەمان فەرامۆش کردووە، بەڵکوو شوێن بیری بەرتەسکی خەڵکانێکی دواکەوتووتر کەوتووین و لەوان دەرۆزەی جەژن و بۆنەی جیاجیا دەکەین و تەنانەت ناوی جەژنەکانی خۆشمان هەرلەزاری ئەوانەوەو بە شێوێنراوی دەڵێینەوە، ئەمەش واتای نامۆییە بە کلتوور و کەلەپووری رەسەن و مێژینەی خۆمان و دەردێکە، سەرنجامەکەی نەمان و توانەوەی خۆمانە لەناو بیری دواکەوتووانەی خەڵکانێکدا کە سەردەمانێک ژیانیان لە خودی ئێمە دزی!!! بەهەرحاڵ، پێشینانی ئێمە لە ساڵدا چەندین جەژن و بۆنەی پیرۆزیان هەبووە و تیایاندا شادییان کردووە و بەشادی خزمەتی خۆیان و ژینگەیان کردووە، با بزانین ئەو جەژنانەمان چی بوون؟:

١- ١٩ / ١ (فەروەردین) جەژنی فەروەردینگان

٢- ٣ / ٢ (ئوردیبەهەشت) جەژنی ئوردیبەهەشتگان

٣- ٦ / ٣ (خورداد) جەژنی خوردادگان

٤- ١٣ / ٤ (تیر) جەژنی تیرگان

٥- ٧ / ٥ (ئەمرداد) جەژنی ئەمردادگان

٦- ٤ / ٦ (شەهریوەر) جەژنی شەهریوەرگان

٧- ١٦ / ٧ (میهر) جەژنی میهرەگان

٨- ١٠ / ٨ (ئابان) جەژنی ئابانگان

٩- ٩ / ٩ (ئازەر) جەژنی ئازەرگان

١٠- ١ / ١٠ (دەی) جەژنی دەیگان

١١- ٢ / ١١ (بەهمەن) جەژنی بەهمەنگان

١٢- ٥ / ١٢ (ئیسفەند) جەژنی سپەندارمەزگان.

ئەم دوازدە جەژنە (هەرمانگێک جەژنێک)، ئەوانەن کە ناوی ئەو ڕۆژە لەگەڵ ئەو مانگەدا یەکە، واتە ڕۆژەکە و مانگەکەش یەک ناویان هەیە کە لەو حاڵەتەدا ئەو ڕۆژە بە ڕۆژێکی پیرۆز دەزانرێت و دەکرێتە جەژن. بێجگە لەم دوازدە جەژنە چەندین جەژنی دیکەش لە ساڵدا هەبوون کە هەریەکەیان بۆنە و مەبەستێکی تایبەتی هەبووە و لێرەدا هەر بە کورتی ئاماژەیەکیان پێدەکەین:

١- جەژنی نەورۆز:

یەکێکە لە کۆنترین و ڕەسەنترین جەژن و بۆنەکانی مێژووی مرۆڤایەتی، مێژوونووسان دەیبەنەوە بۆ (٦٠٠٠) ساڵ لەمەوپێش و دەیخەنە پاڵ (جەمشید)ی پاشای (پیشداد) و زۆرتریش بە (نەورۆزی جەمشیدی) ناسراوە. نەورۆز مەزنترین جەژنی نەتەوەیی و مرۆیی بووە لە مێژووی دێرینی هەموو ئارییەکاندا و بە بەرجەستەترین بۆنەی مێژوویی کورد دادەنرێت و لە زۆر وڵاتدا دەکرێتە جەژن بەتایبەتی لە ئێراندا گرینگییەکی تەواوی پێ دەدرێت و سەرجەم بەشەکانی بەڕێوە دەبرێن _دواتر باسی سەرجەم بەشەکانی ئەم جەژنە هەرە مەزن و پیرۆزە دەکەین)، هەر تەنها کوردە کە ئەگەرچی ڕەسەنترین خاوەنیەتی، کەچی زۆر بەداخەوە هەروەکوو دیکەی شانازییە مێژوویەکانی، پشتی لەمیش کردووە و خەریکە لەبیریشی دەباتەوە، ئەمەش پیشاندەری ئەوپەڕی لەخۆ نامۆ بوون و دابڕانە لە مێژووی کۆنمان و...!!!

٢- جەژنی سێزدەی فەروەردین:

جەژنی سروشتی پاکوخاوێن و سیمبولی پاکی و دروستی و تەندروستی و هەرواش بەزەیی و بەخشەندەیی و میهری یەزدانە بۆ مرۆڤ و بۆ گێتی.

٣- جەژنی شەشی فەروەردین:

ڕۆژی لە دایکبوونی ئەشوو زەردەشتی مەزن، پیری ڕاستەقینەی بیر و ئەندێشەی مرۆیی و پەیامبەری بیرمەند و وشیار و هێژای کوردی دێرین. شیاوی وەبیر هێنانەوەیە کە یونسکۆ ساڵی (٢٠٠٣)ی بەناوی ئەم مامۆستا مەزنەی مێژووی مرۆڤایەتی (ئەشوو زەردەشت)ەوە ناو نا.

٤- جەژنی سووری:

بە واتایەکیدیکە جەژنی ڕێز گرتن لە ئاگر، لە چاخە کۆنەکاندا لە دوایین ( ١٠ ڕۆژ)ی کۆتایی ساڵدا بەڕێوە دەبرا بەڵام دواتر کاتەکەی گۆڕدرا و بوو بە دوایین چوار شەممەی کۆتایی ساڵ کە ئەمڕۆکە بە (چوار شەممە سووری) ناسراوە. لەو جەژنەدا بۆ شادیی گیانی پێشینان ئاگر هەڵکراوە کە زۆرتریش بەمەبەستی بەخشینی وزەی تین و گەرمی بووە بە زەوی و گێتی چوونکە ساڵ

کۆتایی دێت و سەرما روو لە نەمان دەکات، هەروەها ئامادە باشییەکیش بووە بۆ پێشوازیکردنێکی شایستە لە جەژنی سەری ساڵ (نەورۆز).

٥- جەژنی تیرەگان:

ئەم جەژنە بێجگە لەوەی ناوی رۆژ و مانگی تێدا یەکێکە، دەبرێتەوە لای تیر هاوێشتنەکەی (ئارەش کەمانگیر)، ئارەش پاڵەوانێکی ئوستوورەیی ئێرانی کۆنە کە بە سەر چیایەکی بڵندەوە وەستا و بە کەمانە بەناوبانگەکەی و بەهەموو هێزی ئەفسانەیی خۆیەوە تیرێکی هاویشت و بەوجۆرە سنووری نێوان ئێران و توورانی دیاری کرد، خۆیشی بەهۆی ئەو هەموو هێز و گوشارە زۆرەوە کە لەکاتی هاویشتنی تیرەکەدا و بۆ بەرینتر کردنی سنووری وڵات خرایە سەر جەستەی، گیانی سپارد و بوو بە شەهێدێکی هەمیشە لەیادی رێگای وڵاتپارێزی.

٦- جەژنی میهرەگان:

ئەم جەژنەش یەکێکە لەو جەژنانەی کە ناوی رۆژ و مانگی تێدا یەکە، پاش نەورۆزیش بە یەک لە گەورەترین جەژنە نەتەوەییەکان دەژمێردرێت و دەگەرێتەوە بۆ سەردەمی شۆڕشی کاوەی ئاسنگەر دژی زوحاکی تازی، هەربۆیە بەماوەی (٦) رۆژی تەواو بەردەوام دەبێت، عەرەب ناوەکەی وەرگرتووەو بە گۆڕینی پیتی (گ) بۆ (ج) کردوویەتیە (مهرجان) کە بەداخەوە ئێمەی کوردیش بێ ئەوەی هیچ بیری لێبکەینەوە، لاسایی ئەوانمان کردۆتەوە و هەر بەهەمان ناوی تەعریب کراو ناوی دەهێنین کە ئەمەش بەشێک لە نەخۆشیی لەبیرچوونەوەو لێکدابڕانەکەیە کە ساڵەهایە پێوەی دەتلێینەوەو...!!!

٧- جەژنی سەدە:

ئەم جەژنە بە چەندین شێواز باسی لێوە کراوە و یەکێکە لە بۆنە مێژووییە باسهەڵگرەکان:

١- گوایە منداڵەکانی ئادەم گەیشتوونەتە سەد کەس و ئەم جەژنەیان بۆ گرتوون،
٢- گوایە منداڵانی کەیومەرز گەیشتوونەتە ئاستی پێگەیشتن (باڵق و ئاقڵبوون)،
٣- گوایە جەژنی سەدەمین رۆژە بۆ نەمانی زستان و سەرماوسۆڵە و...، بەڵام بەرچاوترین بۆنە و هۆکار ئەوەیە کە ئەم جەژنە دەگەرێتەوە بۆ دۆزینەوەی ئاگر کە ئەویش فەلسەفەیەکی هەرە دێرینی سەردەمی (هوشەنگی پیشداد)ییە کە دەگەرێتەوە بۆ شەش هەزار ساڵ لەمەو پێشتر، هێشتاش ئاسەوارێکی ئەم پاشا مەزنەی پیشداد لە (مسجد سلیمان)ی ئێراندا ماوەتەوە. بەڵام گرینگتر لەوانەش، جەژنی سەدە و جەژنی (پیرشالیار) لەهەورامان نزیکایەتی و لێکچوونێکی زۆر سەیریان هەیە، جەژنی سەدە لە دەیەم رۆژی بەهمەن (رێبەندان)دا دەکرێت و جەژنی پیرشالیار لە پانزدەی هەمان مانگدا.. جەژنی سەدە چەندین بەش و رێورەسمی جیاجیای تێدان کە جەژنی پیرشالیاریش هەمان ئەو تایبەتمەندانەی هەیە.. هەردووکیان ئاماژەن بە کۆتاییهاتنی سەرما و بەرەو

گەرمبوونەوەی زەوی و سەرەتای ئاڵووگۆڕی سرووشت و نزیکبوونەوە لە جەژنی نەورۆز. تەنانەت باسە جۆراوجۆرەکانیش کە لێیان دەکرێت، هەر بەهەمانشێوە لێک نزیکن و ئەمانەش وامان لێدەکات وردتر لێیان بڕوانین و بڵێین هەردووکیان هەر یەک جەژنن و بۆ یەک مەبەست و بە یەک بۆنەوە ڕێزیان لێگیراوە.

۸- جەژنی سپەندارمەزگان:

ئەم جەژنەش سەرەڕای یەکبوونی ناوی ڕۆژ و مانگ تیایدا، بە جەژنی ژنی ئاریایی دانراوە، پتر لە چوارهەزار ساڵ پێش ئێستا، ژنی ئاری، ڕۆژێکی ساڵ دەبوونە حاکم و بەڕێوەبەری ماڵەوەو و جێی پیاویان دەگرتەوەو پیاوانیش دەبوونە فەرمانبەر و کارکەری ئەوان و جێی ئەوانیان دەگرتەوە و بەوجۆرە ڕێزی ئەو هەموو ماندووبوون و دڵسۆزی و فیداکارییەیان دەگرت کە بەدرێژایی ساڵ ژنێک لەخۆی پیشانی دەدات و پێشکەشی ماڵ و منداڵی دەکات، هەروەاش دەریاندەخست کە پلەوپایەی مادی و مینەویی ژن لە ناو مرۆڤدا گەلێ لە هی پیاو (لە زۆر بواردا) بەرزتر و هێژاترە. ئەم جەژنە لەگەڵ هاتنی سوپای عەرەب کۆتایی پێ هێنرا و قەدەغە کرا، بەڵام خۆشبەختانە چەند ساڵێکە سەرلەنوێ زیندوو کراوەتەوەو ئارییە ڕەسەنەکان لەناو خۆیاندا و دوور لە چاوی دوژمنانی ئەم کلتوورو کەلەپووره ڕەسەن و مرۆییە، بەڕێوەی دەبەن.

۹- جەژنی پیر:

جەژنی پیر ساڵانە لە هەوراماندا و بۆ ڕێز گرتن لە پیرشالیاری زەردەشتی بەڕێوە دەبرێت، هەم بە جەژنی پیر و هەم بە (زەماوەندی پیر)یش ناو دەبرێت کە مەبەست هەمان پیرشالیارە، هەندێجاریش تەواوی ناوەکە دەردەبڕدرێت، واتە دەگوتری جەژن (زەماوەند)ی پیرشالیار. ئەم جەژنە دەکەوێتە ڕۆژی ١٥ی ڕێبەندان کە بە چلە (دوولای)ی زستان ناسراوە، وەکوو پێشتر ئاماژەم پێدا، گەر لەم جەژنە و جەژنی سەدە زۆرتر ورد بینەوە دەبینین ئەوەندە لێک نزیکن، کە دەتوانین بڵێین هەر یەکێکن یانخود پێکەوە پەیوەستن، گرینگترین لایەنی ئەم جەژنە ئەوەیە کە هانی جەماوەر دەدات پشت بەخۆیان ببەستن و بەسەر پێی خۆیانەوە بوەستن و خۆیان داهێنەری پێداویستییەکانی ژیانی گۆمەڵگەکەیان بن. ڕۆحی هاریکاری و هەرەوەزی و ژیانی تەبای کۆمەڵایەتی لەم جەژنەدا بەرجەستەتر دەکرێتەوە، سەرەڕای ئەوەش دەبێتە پیشانگایەکی داهێنەرانە بۆ دەرخستنی توانای تاکەکان لە ئەفراندن و داهێنان و گەشەپێدانی ژیان و پاراستنی ژینگەدا، هەربۆیە زۆر پێویستە کورد ئاوڕێکی زۆرتر لەم جەژنە بداتەوەو وەکوو بۆنەیەکی نەتەوەیی زۆر گرینگ و پیرۆز کاری لەسەر بکات و بەرجەستەتری بکاتەوە، کە ئەمەش دەگەڕێتەوە سەر ئەرک و پلانە نەتەوەییەکانی حکوومەت و پەرلەمانی کوردی.

جگە لەمانەش، لەماوەی ساڵدا شەش جەژنی دیکەمان هەبوون کە زۆرتر تایبەتمەندیی ئاینییان هەیە و بە (گاهانبار) ناو دەبرێن.

جیاوازییەکانی ساڵی کوردی و ئاهوورایی و زاینی:

هەروەکچۆن ئەدەبیاتێکی جیاوازمان هەبووە کە دەبێ بڵێین پێشەنگایەتیی ئەدەبیاتەکانی دیکەشمان کردووە، هەرواش ساڵ و ساڵنامەکانمان لەگەڵ دیتران جیاوازن کە پێویستە لێرەدا چاوێکیان پێدا بخشێنینەوە:

نێوان ساڵی ئاهووراییی و عیسایی ( ١٧٦٨) ساڵە، واتە مێژووی ئاهووراییی ١٧٦٨ ساڵ پێش مێژووی عیسایی دەست پێدەکات، گەر وردتریش بڵێین ئەوا دەبێ بنووسین ١٧٦٨ ساڵ و ١٠ مانگ و ١٠ رۆژی تەواو، واتە: ١ / ١ / ٢٠٠٩ی عیسایی دەکاتە ١٠ / ١٠ / ٣٧٧٧ی ئاهووراییی.

هەروەها نێوان ساڵی کوردی و عیسایی (٧٠٩) ساڵ و (١٠)مانگ و (١٠)رۆژە، واتە ١ / 11 / ٢٠٠٩ دەکاتە ١٠ / ١٠ / ٢٧٠٩ی کوردی، بەمپێیە دەبێ بڵێین مێژووی کوردی ٧٠٠ ساڵ و ١٠ مانگ و ١٠ رۆژ لە پێش مێژووی عیساییە، ئەڵبەت دەبێ بزانین کە کورد دوو جۆرە ساڵی هەیە: ساڵێک بە ٧٠٠ پ.ز. دەسپێدەکات کە بە بۆنەی تاج لەسەرنانی دیاکۆیە و ساڵێکیش بە ٦١٢ دەسپێدەکات کە بە بۆنەی گرتنی نەینەوا و دامەزراندنی حکوومەتی کوردییە هەر لە لایەن دیاکۆوە، من بەشبەحاڵی خۆم (٦١٢) بە ڕاستتر دەزانم و پێموایە گۆڕینی بۆ (٧٠٠) تەنها ساتوسەودایەکی سیاسییانە بووە لە نێوان کوردو عەرەبدا بەو نییەتەی کە هەقیقەتی زاڵبوون و فەرمانڕەواییکردنی کورد بەسەر ئەواندا زەق نەبێتەوە بەڵکوو کەمڕەنگتر بکرێت و سەرەنجام فەرامۆشی بکەن!!!

ساڵی هەتاوی لە گەڵ ساڵی عیساییدا (٦٢١) ساڵ و ١٠ مانگ و ١٠ رۆژ نێوانیانە، واتە مێژووی عیسایی (٦٢١) ساڵ لە پێش مێژووی هەتاوییەوەیە، واتە ١ / ١ / ٢٠٠٩ دەکاتە ١٠ / ١٠ / ١٣٨٧ی هەتاوی.

## سفرەی حەوت سین:

پێشتر گوتمان جەژنی نەورۆز مەزنترین و پیرۆزترینی سەرجەم بۆنە و جەژنە ئایینی و نەتەوەییەکانی گەلانی ئارییایە کە بە شێوەیەکی زۆر جوان و فراوان و لەچەندین وڵاتیشدا بەڕێوە دەبرێت، ئەم جەژنە چەند بۆنە و ڕێوڕەسمێکی تایبەت لەخۆ دەگرێت کە لێرەدا یەکەیەکە باسیان دەکەین:

١- ڕێوڕەسمی چوارشەمە سووری کە پێش هاتنی نەورۆزە و دەبێتە ئامادەکارییەک بۆ پێشوازی لە نەورۆز و سەری ساڵی نوێ.

٢- سفرەی حەوت سین کە لە ماڵەکاندا رادەخرێت و بەچەندین میوە و سەوزە و بەرهەمی جوان و بەسوود دەڕازێنرێتەوە و بنەماڵەکان لەدەوری کۆ دەبنەوەو هاتنی ساڵی نوێ پیرۆز دەکەن.

٣- پاکوخاوێنکردنەوەی ناوماڵ و دەوروبەری ژینگە (ماڵ تەکانی) کە ئەویش پێشوازیکردنێکی تەندروستی نەورۆز و ساڵی تازەیە بە شێوەیکی جوان و بەپاکوخاوێنی.

٤- دیدار و سەردانیکردنی خزم و کەسوکار و ئاشنایان بۆ یەکتر بینین و پێک شادبوونەوەو ئاشتبوونەوەو پڕڕەنگتر کردنی سۆز و خۆشەویستی و سڕینەوەی ناکۆکی و ناتەباییەکان و پراکتیزە کردنی پرەنسیپی مرۆڤدۆستی و ژینگە پارێزی و وڵات پەروەری کە بنەمایەکی پیرۆزی فەلسەفە مەزنەکەی ئەشوو زەردەشتە.

٥- سێزدەبەدەر، کە تیایدا شار و ماڵ بەجێدێڵن و روو دەکەنە دەشت و سارا و چەم و چیمەن و، سەوزە (سەمەنو)ی نەورۆزی بە دەشت و دەردا دەپژێنن کە ئەمیش بەمەبەستی گەشەدانە بە ژیار و ژینگە. ئەم بەشە دەبێتە دوایین بەشی کۆمەڵە رێورِسمەکانی جەژنی نەورۆز.

لێرەدا زۆرتر و وردتر لەسەر سفرەی حەوت سین دەڕۆین کە هەروەکوو گوتمان بەشێکی سەرەکی و دانەبڕاوە و سیمبولێکی پیرۆز و رەسەنی بیرکردنەوەی وشیارانەی گەلانی ئارییە لە نەورۆزدا:

چەمکی (سفرەی حەوت سین) بەچەندین شێوە ناودەبرێت کە بریتین لە: (حەوت چین، حەوت شین، حەوت سین، خوانی نەورۆزی) و بۆ هەرکام لەم ناولێنانەش باس و بابەت و گێڕانەوە و بۆچوونی جیاجیا لە ئارادایە، بەڵام خودی وشەی (حەوت)ەکە هەروەک خۆی دەمێنێتەوە، چوونکە وشە و ژمارەی حەوت زۆر پیرۆزە و گەلێ ناو و شتی پیرۆز بەم ناوەوە هەن وەکوو: (حەوت ئاسمان، حەوت خوان، حەوت پلە/ قۆناغ، حەوت ئەمشاسپەندان/ فریشتە، حەوت دەرمانە، حەوت ئاو، حەوت تویێ زەمین، حەوت رۆژی هەفتە و...). ناو لێنانی حەوت سینیش بەهەمان هۆکار و بەتایبەتی بۆ رێز گرتن لە حەوت ئەمشاسپەند/ سپەنتا هاتووە کە ئەوانیش بریتین لە:

(بەهمەن، ئوردیبەهەشت، شەهریوەر، سپەندارمەز، خورداد، ئەمرتات و ئەهوورە)، {لەمەڕ واتا کردنەوەو لێکۆڵینەوە لەسەر ئەم حەوت فریشتەیە لە دینی مەزدیەسنادا، پێشتر لە بەرگی یەکەمی کتێبی (ئاڤێستا مێژینەترین سروودی کورد)دا بە تەواوی نووسیومە بۆیە بەپێویستی نازانم لێرەدا دووبارەی بکەمەوە، بڕوانە: ئاڤێستا مێژینەترین سروودی کورد، بەرگی یەکەم گاتاکان، کۆکردنەوەو وەرگێڕان و لێکۆڵینەوە: جەلیل عەباسی، چاپی یەکەم دەزگای ئاراس، هەولێر ٢٠٠٣}.

دیارە ئێستا دانانی سفرەی حەوت سین وەکوو خۆی نەماوەو هەندێ گۆڕانی بەسەردا هاتووەو ئەمڕۆکە نەک بە تەنێ (٧) جۆر بەڵکوو چەندین میوە و شیرینی و بەرهەمی جۆراوجۆری لەسەر دادەنرێت کە زۆرتر و زیاتریان ئەمانەن: (سەوزە، ئەسپەن، سپەندار، سکە، سرکە، سماق، سەمەنو، سرینچک، سێو، سیر و...) کە لێرەدا واتاو پەیامی هەرکامەیان بەکورتی باس دەکەین:

سەوزە: لە گەنم یا جۆ دروستدەکرێت کە خۆراکی سەرەکیی مرۆڤە و نیشانە و هۆکاری ئاوەدانی و خێروبەرکەت و سەرسەوزییە، سێ سەوزە بەسەر سفرەوە دادەنرێت بە نیشانەی: بیری چاک، زمانی چاک، کرداری چاک.

ئەسپەند: شتێکی بۆنخۆشە، ناوەکەش واتای پیرۆز دەدات، دانانی ئەمیش بە نیشانەی پیرۆزکردنی ژیان و دوور مانەوە و پارێزران لە چاوی بەد و تەماع و چاوچنۆکی و ناپاکییە.

سپەندار: واتە شەمع کە بە نیشانەی رووناکی و درەوشانەوە و تین و گەرمای ئاگر و هەتاو دادەنرێت.

ستر/ سکە: دراوێکی ئاسنە بە مەبەستی پیشاندانی ئاوەدانی و دەوڵەمەندی و بێ نیازی و ژیانی ئاسوودە لە بواری مادییەوە

دادەنرێت.

سرکە: سیمبولی خۆڕاگری و پاکی و تەندروستییە، سرکەی ترێ یا سێو بۆ نەهێشتنی کۆلسترۆڵ و هەروەها دژی شێرپەنجە بەکار دەبرێت.

سماک/ سماق: ڕەنگی تازە هەڵاتنی خۆر دەدات، واتە سیمبولی نوێبوونە و سەرهەڵدان و ژیانی تازەیە، جگەلەوەش بۆ دەرمانی گەلێ نەخۆشی بەکار دێت.

سەمەنوو: لە گەنم دروستدەکرێت و سیمبولی (بارەوەری) و زۆرتر بوونی سەوزایی و ئاوەدانییە و هەروەها پڕە لە ڤیتامینەکانی ( أ ) و ( ب ) و بۆ پاراستنی جوانی و تەندروستی بەکار دەبرێت.

سێو: ئەمیش سیمبولی جوانی و بارەوەری و خۆشەویستییە، هەمیشە خواردنی سێو پێشنیار کراوە و دووپاتی لەسەر کراوەتەوە کە زۆر بۆ تەندروستی مرۆڤ و جوانیی منداڵ بەسوود و کاریگەرە.

سیر: دەرمانێکی بە هێز و بێوێنە و چارەسازێکی گەورەیە بۆ زۆرێک لە نەخۆشینەکانی مرۆڤ.

جگە لەمانەش زۆرجار ماسی و چەرەزات و نەسکەی ئاڤێستا و ئاوێنە و شەمعدان و...یش دادەنرێت کە ئەوانیش هەریەکەیان دەربڕی پەیام و فەلسەفەیەکە لەمەڕ ژیانی مرۆڤ.

## باسی دووەم:

### نوک ڕوج:

نوک ڕوج وشەیەکی پالەوی یاخود باشترە بڵێم (کوردیی کۆن)ە و لە دووبەش پێکهاتووە: (نوک) واتە نوێ و (ڕوج)یش واتە ڕۆژ, سەرجەم وشەکەش بە واتای (ڕۆژی نوێ) دێت, ڕۆژی نوێ هەمان نەورۆزی دێرینە کە جەژنێکی ڕەسەن و مێژینەی نەتەوەی کوردە. جەژنێکی ڕەسەنی کورد کە لای هەموو گەلانی جیهان ڕێز و بایەخ و پیرۆزیی تایبەتی هەیە. ئەوەی کە نەورۆزی کردۆتە بۆنەیەکی پیرۆز لای دیکەی گەلانی جیهان ئەوەیە کە:

* نەورۆز سەرەتای دەسپێکردنی ڕۆژی نوێی ساڵی تازە و دەسپێکی بووژانەوەی سروشت و جەژنی گژوگیا و گۆڕانکاریی ناو دیکەی گیانلەبەرەکانە.
* نەورۆز جەژنی دۆزینەوەی (نگین)ەکەی سلێمان پێغەمبەرە.

※ نەورۆز ڕۆژی نیشتنەوەی کەشتییەکەی (نووح)ە ئەویش لەسەر کێوی پیرۆزی (گوتی) نەک بە ناوە تەعریب کراوەکەی واتە (جودی)!

※ نەورۆز ڕۆژی لەدایکبوونی (کەیومەرز)ە وەک یەکەمین بنیادەم.

※ نەورۆز ڕۆژی بڵێسە سەندنی ئاگرە پیرۆزەکانی هەرسێ پێغەمبەری دێرین (نووح و ئیبراهیم و زەردەشت)ە کە قسەوباسی زۆر لەمەڕ یەک بوونیان لە ئارادایە.

※ خەلیفەی موسڵمان (متەوەکل)ی عەباسی وەرگرتنی باج و خەراجی لە ساڵی کۆچییەوە گواستەوە بۆ نەورۆز ئەویش لەبەر هۆکارە زانستیەکەی سەقامگیریی نەورۆز و...تاد.

ئەوەش کە نەورۆز بەتایبەتی لای کورد دەکاتە جەژن و بۆنەیەکی پیرۆزی کوردی ئەوەیە کە:

※ وشەکەش و بۆنەکەش لە بنەڕەتدا لە لایەن کوردەوە داهێنراوە.

※ زەردەشتی پێغەمبەر لە نەورۆزدا لەدایک بووە.

※ هۆشەنگی نەوەی کەیوومەرزی کەیانی لە نەورۆزدا ئاگری دۆزییەوە.

※ جەمشید شای پیشدادی یەکەم کەس بوو کە پەی بە سووڕانەوەی 365 ڕۆژیی هەتاو برد و یەکەمین ڕۆژ و ساتی دەسپێکی دووەمین سووڕی بەدەوری زەیدا دۆزییەوە و ڕۆژەکەی دیاری کرد و وەک جەژن ڕای گەیاند, (دیاریشە کە هەم پیشدادیان و هەم کەیانیەکان و هەم ساسانیەکانیش بە کورد دەزانرێن و حکوومەتەکانیان مۆرک و جێپەنجەی گەلی کوردی پێوە دیارە).

※ کیاکسار لە ڕۆژی نەورۆزدا کۆتایی بە دەسەڵاتی ئاشووریەکان هێنا و حکوومەتی مادی دامەزراند.

※ کاوەی ئاسنگەر لە ڕۆژی نەورۆزدا ڕاپەڕی و ئەژدیهاکی لەنێو برد و حکوومەتی دایەوە دەستی فەرەیدوونی کورد نەژاد.

بەپێی هەموو ئەو بەڵگانە و چەندانی تریش نەورۆز بەشێکە لە کلتووری ڕەسەن و دێرینی کورد و سەرەڕای هەموو ئەمانەش بۆتە سیمبولی شۆڕش و سەرهەڵدان و ڕاپەڕینی گەلی کورد, هەموو ئەو کوردانەی کە لە دەستی زوحاک هەڵدەهاتن و ڕوویان لە شاخەکان دەکرد بەرەبەرە یەکیان گرت و خۆیان ئامادەو تەیار کرد و بەرنامە و پلانی شۆڕشێکی ڕزگاریخوازانەیان داڕشت و تەنانەت (بە پێچەوانەی بۆچوونی چەواشەی هەندێ نەیار) چوار چێوەی تەواوی بەڕێوەبردنی وڵات پاش سەرکەوتنی شۆڕشیان دیاری کرد و ئەنجا لە ڕۆژی نەورۆزی پیرۆزدا بەسەر کردایەتیی کاوەی ئاسنگەر مەشخەڵی ئازادی و ئاڵای کەیانییان بەرز کردەوە و ڕاپەڕین و ئەو دوژمنە بە هێز و ستەمکارەیان تێک شکاند.

کورد لە جەژنی نەورۆزدا مەشخەڵی ئاگر بەرز دەکاتەوە و پیرۆزی ڕادەگرێت ئەویش بە پێی ئەو فەلسەفە هەرە زیندوویە کە ئاگر هۆی ڕووناکییە و ڕووناکییش واتە ئاوەدانی و زانیاری, واتە مەرگ و نەمانی زوڵمەت و تاریکی و بنەبڕکردنی نەزانی و وێرانگەری, ئاگر هۆی خاوێن و پاک کردنەوە و نەهێشتنی هەرچەشنە چەپەڵییەکە و شەمشەمەکوێرەکانی دڵی ئەهریمەن دەتارێنێ.

بەڵێ، نوک ڕوج یا نەورۆز هی کوردە و هەرواش سیمبول و ڕەمزی پێشکەوتوویی و پێشەنگیی نەتەوەی کوردە لەهەر هەموو بوارە ستراتیژیەکاندا. کەوابو پیرەمێردی نەمر هەقیەتی وەک هەناسەی هەموو کورد هەناسە هەڵبڕێت و حەسەن زیرەکی گیان شادیش هەقیەتی پڕ بە گەرووی هەر هەموو کورد بچریکێنێ:

"ئەو ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە"

## باسی سێیەم:

ئەو ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێگی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

نەورۆز، هەروەک چۆن وشەیەکی ڕەسەنی کەردییە، هەرواش بۆنەو مێژوویەکی هەرە دێرینی ئەم نەتەوە مێژینەیەی سەرگۆی زەمینە و سەرەڕای ئەوەش سیمبول و نیشانەیەکی زیندوو و سەلمێنراوە لەمەڕ ئاستی بڵندی زانایی و شارەزایی و بەئاگایی مرۆڤی کورد لەبوارە جۆربەجۆرەکانی ماتماتیک و فەلەکیات (ئەستێرەناسی) و کەشناسی و سروشت و ساڵژمێری و...تد.

ئەگەر سەیری مێژووی سەرجەم گەلانی جیهان بکەین، دەبینین بنەما مێژووییەکەیان لەسەر خاڵێکی مێژوویی دامەزراوە کەخۆی لە کۆچ کردن، لەدایکبوون یانخود کۆچی دوایی کەسێکدا دەبینێتەوە و لەئەنجامدا ئاڵوگۆڕ و ناسەقامگیرییەکی بەردەوام لەدەسپێکردن و کۆتایی ساڵەکانیان و لەبۆنەکانیاندا دەبینرێت، لەناو هەموو مرۆڤایەتیدا تەنها نەتەوەیەک بەئەقڵیەتێکی گەردوونی سەرو مرۆیی بیری لەم کارە کردۆتەوە کە ئەویش نەتەوەی کوردە. مرۆڤی کورد پێش هەموو هاوچەشنەکانی لەم جیهانەدا توانیی پەی بەسووڕانەوەی (٣٦٥) ڕۆژەی هەتاو و هاوکێشەی بووژانەوەی سروشت و دەستپێکردنەوەی ژیان پاش وەستانێکی کاتی بەرێت و زانستی ماتماتیک و ئەستێرەناسی لەو هاوکێشەیەدا دیاری و بەرجەستە بکات. مرۆڤی کورد (جەمشیدی پێشدادی) بۆ یەکەمجار کات و شوێنی دوایین سووڕی هەتاوی لەماوەی ساڵێکدا دیاریکرد و پیشانیدا کە کەش و هەوا لەو کاتەدا دەگۆڕێت و خاک دەبوژێتەوە و هەتاو یەکەمین چرکەکانی سووڕێکی نوێ دەسپێدەکات، کەواتە لەیەک سوڕی تائەو کاتە (٣٦٥) ڕۆژی تەواو تێپەڕیوە کەدەکاتە یەک ساڵی تەواو، ئەویش دابەش دەبێتە سەر چوار وەرزی سێ مانگی، ئیدی پاش چرکە کۆتاییەکانی ئەو ڕۆژە، یەکەم ساتی ڕۆژێکی نوێ دەسپێدەکات کە مرۆڤی کورد ئەو ڕۆژەی بەناوی (نەورۆز) دیاری کردووە. نەورۆز: ( نوک روج _ نوێ ڕۆژ = ڕۆژی نوێ، واتە یەکەم ڕۆژی ساڵی نوێ )، وەکوو پێشتر گوتمان ناوێکی ڕەسەنی کوردیەو تەنها بەهۆی لەباربوونی گۆکردنیەوە هەندێ گۆڕانکاری زمانەوانیی بەسەرداهاتووە، (نوک) واتە نوێ بۆتە (نۆ _ نەو) و (روج) واتە ڕۆژ بۆتە (روز) کەهەندێکەس بەهەڵە بەفارسیی تێدەگەن! لەحاڵێکدا هەموو لایەکمان دەزانین کە بنەمای زمانی (پەهلەوی و ئەشکانی و هەخامەنشی) هەمان زمانی دێرینی کورد (هەورامی)یە و بەتەعبیرێکی دیکە دەبێ بڵێین زمانی پەهلەوی هەمان شێوازی کارپێکراو و ستاندارد و گەشەسەندوو و پێشکەوتووی زمانی هەورامیی ئەو سەردەمەیە.

هەروەک کوردە پێشدادیەکان ئاگر و نەورۆزیان کەشف کرد، دوای ئەوان کوردە کەیانیەکان ئەو ڕۆژەیان دیاریکرد بۆ سەرهەڵدان و ڕاپەڕین و دوای دوازدە ڕۆژ سەرکەوتن بەسەر حوکمی دیکتاتۆرانەی ئەژیدەهاکی (تازی)دا. واتە هەروەکچۆن نەورۆز لە لایەن جیلێکی کوردەوە (پێشدادی) وەکوو بنەمایەکی سروشتی و دەسپێکی ساڵێکی نوێ داهێنرا، هەرواش بەهۆی جیلێکی دواتری ئەم گەلەوە

(کەیانی) چەمکێکی تازەتری پێ بەخشرا و دۆخێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی بەخۆوە گرت و بوو بە بناغەی شۆڕش و ڕاپەڕینێکی سەرتاسەری دژی دوژمنی داگیرکار و دامەزراندنی حکوومەتێکی ڕەوای کوردی لە خاکی کوردستانی گەورەی سەردەمی پێش مێژوودا. لەبیرمان نەچێت کە زوحاکی کوڕی (مەرداس)ی تازی لە (کرند)ی لای کرماشان دانیشتووەو ئەو مەڵبەندە جوان و ئاوەدانەی کوردی داگیر کردووە و کردوویەتیە پایتەختی حوکم و دەسەڵاتی سەرکوتکارانەی خۆی، تا ئەوەی کە نەوەکانی دواتری جەمشید تۆڵەی کوشتنی باپیرە و دیکەی گەنج و لاوە کوردەکانیان لێکردووەو کوشتیان و دەسەڵاتە ڕەوا و زەوتکراوەکەیان خستەوە دەستی خۆیان. گەر بگەڕێینەوە بۆ ڕۆژەکانی پێش ڕاپەڕینی کوردە دوورخراوەکان, دەبینین بەرنامە و گەلاڵەیەکی چڕوپڕی سیاسی دانراوە بۆ سەرهەڵدان و ڕووخاندنی دەسەڵاتی دوژمن، واتە:..

١- لەدوایین هەفتەی کۆتایی ساڵدا کۆدەبنەوە و مشووری خۆیان دەخۆن و دەنگ وخواست و ئیرادەی خۆیان یەکدەخەن.

٢- لەدوایین چوارشەممەی ساڵدا یەکدەنگ و یەکرەنگ بڕیاری ڕاپەڕین دەدەن و ڕۆژی نەورۆز بۆ ڕاپەڕینەکەیان دەسنیشان دەکەن و هەر ئەو ڕۆژە (دوایین چوارشەممەی ساڵ) بەهۆی باشترین ئامێری ڕاگەیاندنی ئەو سەردەمە (ئاگر) یەکدی ئاگادار دەکەنەوە.

٣- ڕۆژی نەورۆز دژی زوحاک ڕادەپەڕن و ئەم ڕاپەڕینە دوازدە ڕۆژی تەواو دەخایەنێت و پاش دوازدە ڕۆژ بەسەر دوژمندا زاڵ دەبن و ڕژێمێکی بۆگەن و درندە لەگۆڕ دەنێن و حوکمی کەیانی ڕادەگەیەنن (حوکم و دەوڵەت و سیستەمێک کە پێشتر لەمەنفادا گەلاڵەی بۆدارێژراوە و چوارچێوەکانی ئامادە کراون).

٤- ڕۆژی دوای ڕاگەیاندنی حکومەتیش (سێزدەهەم) دەکەن بەجەژنی سەرکەوتن و شایی و هەڵپەڕکێ و پیرۆزبایی لێککردن.

بۆیەش لەوەودوا دەبینین کەئەو چەند ڕۆژە وەکوو بۆنەیەکی پیرۆز بەفەرمی دەناسرێت و دەبێتە بەشێک لە کلتووری نەتەوەیی:

چوارشەممەی کۆتایی ساڵ بە (چوارشەممە سووری) ناو دەنرێت و کوردەکان (خاوەنە ڕاستەقینەکانی ئێران _ ئایران _ی دێرین) دەیکەنە جەژن و تیایدا ئاگر دەکەنەوە و شایی دەگێڕن و بەهۆی ئاگری پیرۆز و گۆرانی و چریکەی ئاهوورایی و شیعری پاراو بۆ نەورۆز و جەژنی سەرکەوتن پیرۆزبایی لێکدی دەکەن:

جەژنەن شادییەن موبارەکبادەن
باخچەی ئاواتم پەڕ گوڵەن شادەن
وەشی و سەفاو سەیر جەژن و شادییەن
دەس نەگەردەنەن رۆی ئازادییەن

پاشان لەیەکەم ڕۆژی سەری ساڵەوە (نەورۆز) تا سێزدەی ئەو مانگە دەکەنە پشووی فەرمیی جەژنانە و خەریکی سەردان و دیتنی یەکدی و گەشت و سەیران دەبن و ڕۆژی سێزدەش تەرخان دەکەن بۆ چوونە دەرەوە و لەباخ و بێستان و کێو و پێدەشتەکاندا یەکتر بینین و جەژنەپیرۆزە لێکدی کردن و پێشکەش کردنی چەپکە گیایەکی پیرۆز (گەنمی ڕواو) بە ناوی (سەمەنو) و بەرەمزی " ژیان بۆ سروشت و ئاوەدانی بۆگێتی " پێشکەشی زەوی دەکەن. هەموو ئەم ڕاستییە مێژووییانەش، سەروەری و پێشەنگی و زانایی

کوردمان پیشان دەدەن و ئەوەمان بۆ دووپات دەکەنەوە کە کوردی دێرین خاوەنی یەکەم چەمک و یەکەم بیرۆکە و یەکەم هەنگاوی شارستانیەت و ڕۆشنبیرییە پێش هەموو گەلانی دیکەی جیهان و پێش مێژووش...

جێی خۆیەتی پرسیارێکی تاڵ و پێشنیارێکی شایان بکەمە دوا خاڵی کۆتایی ئەم کورتە باسەم:

( - نەتەوەیەک بەو مێژووە پڕ شانازیەوە... بەو ئاستە بەرزەی پێشکەوتنەوە (پێش مێژوو)، بۆچی ئەمڕۆ خۆی بەدواکەوتوو دەزانێت و بۆتە شوێنکەوتوویەکی چاو بەستراوی دیتران و بۆچی بەخۆیدا نایەتەوە و ناگەڕێتەوە دۆخی پێشکەوتوو و شایستەی جارانی؟

- باشتر وایە حکوومەتی هەرێم و پەرلەمانی کوردستان بەپەیڕەوی لەمێژووی مێژینە و پڕشنگدارمان، لەجیاتی بۆنە نائاساییەکانی دیتران، ئاوڕ لەنەورۆز بدەنەوە و بۆ پاراستنی ئەو پرەنسیپە مێژینەیەمان پشووی نەورۆز تا سێزدەبەدەر بکەنە پشووی ڕەسمیی وڵات و بەمچەشنە هەنگاوێکی ئەمەکدارانە باوێن بەرەو دەرککردنی زۆرتری مێژووی پڕشنگدار و مێژینەی نەتەوەکەمان).

سڵاو بۆ نەورۆزی پیرۆز و دێرین و جاویدانی کورد

## باسی چوارەم:

## نەورۆزی کورد و ئەفسوونی ناحەزان

وەک پێشەکی:...

" باز بووم باڵی شکاندم چوار بەلای نەحسی خەراب

خانەقا یەک، تەکیە دوو، عەمامە سێ، عابا چوار"

کاتێ قووڵتر بیر لەم دێڕە شیعرەی (( قانع ))ی شۆڕشگێڕ دەکەمەوە، زۆرتر پەی دەبەم بە پەیام و ناوەرۆکە مێژووییەکەی و، ئەوسا تێدەگەم کە قانع چەند وردبینانەو ڕاستگۆیانە مێژووی مێژینەو پڕ کارەساتی نەتەوەی کوردی لە دێڕە شیعرێکدا چڕ کردۆتەوە. شاعیر، ئەو دێڕە شیعرەی کردۆتە ئاوێنەیەک و منی کورد لەو ئاوێنە باڵا نوێنەدا ڕابردووی خۆم دەبینمەوە: دەبینم کە(منی کورد) لە دێرزەمانەوەو پێش هەموانیش گەیشتبوومە واتا و فەلسەفەی ژیانی ئینسانی و سەرەتاکانی سەقامگیریی بوارەکانی

کۆمەڵایەتی و ئابووری و ڕامیاری و ڕۆشنبیریم لە ناو گەلاندا دامەزراندووە. دەبینم کە تەنانەت (پێش مێژوو)ش ((هەڵۆ)) یەکی بەرزەمژیم و بە ئاسماندا بەرز دەفڕم و زۆر کەس (پاش مێژوو)ش ((قالاو))ئاسا لە پاشماوەی . ڕاو ـ مکەم دەخۆن و دەژین! دەبینم لە گەرمەی سەرمەستیی بەرزە فڕییەکانمدا (جەمشید) و (سلێمان) ئاسا ساتێک لە خۆم غافڵ دەبم، قالاوەکان ئەو هەلە دەقۆزنەوەو وێکڕا، چاوچنۆکانەو هارو برسی، بە قیژ و قارِ گەلەکۆمەم دەکەنە سەر و لە شەقەی باڵم دەخەن، باڵە ئاسمان بەزێنەکانم دەشکێنن و ناچارم دەکەن لە کاولگەی تاریکستانێکدا بەسەر بەرم کە هەرچوار دەوری بە تاڵی جاڵجاڵووکەی نەزانین و وەهم پەرستی تەنراوە، قەلەڕەشەکان باڵی ڕەشیان دەکەنە چارشێوێکی دزێوی تاریک و هەتاوی جوامێری و شارستانیەتمی پێ دەشاردنەوە و ئیدی شەوگار، شەوگاری تاریک و سەمای مەرگی شەمشەمە کوێرەیە! ئیدی هەر شەمشەمە کوێرەیەو لێم دەبێتە: (( ئەمەوی))، ((عەباسی))، ((سەلجووقی))، ((عوسمانلی))، ((سەفەوی)) و...! بە داخەوە درەنگ دێمەوە سەر خۆم، کاتێ کە(ئاڵ)ە وەهم پەرستەکان ڕەگ و ڕیشەیان لە زۆر لاوە بریوەمەتەوەو خۆیان وەکوو وشکە دارێکی بەڕێ و زڕ و بێ بەر ڕیشەی گەنیویان داکوتاوە! بەڵام منی هەڵۆ دەمەوێ هەر هەڵۆکەی جاران بم و دەگەڕێم بە دوای خۆمدا و یەک لەو هێما هەرە زیندوویانەی کە خۆمی تێدا دەبینمەوە نەورۆزە، نەورۆز جەژنی ڕزگاری و سەربەستیی کورد، نەورۆز هێمای مێژووی پڕ سەروەری و شارستانەت و ڕۆشنبیریی کورد. بەڵێ منی کورد کە بە خۆمدا هاتوومەتەوەو تاڵی وەهمیی جاڵجاڵووکەم پساندووە، لە نەورۆزی پیرۆزدا بە دوای ـ خود ـ ی ونبوومدا دەگەڕێم و دەمەوێ بە تیشکی پرشنگداری نەورۆزی پیرۆز چی شەمشەمەکوێرەیە بیتارێنم بەرەو نەمان و ببمەوە بە((هەڵۆ)) بەرزەفڕەکەی جاران و پیشانیان بدەم کە یان دەبێ بڕوا بە ژیانی ڕاستی و ڕووناکی بهێنن یانخود جێیان لە وڵاتی ئاگرو گڕو ئەویندا نابێتەوەو با بگەڕێنەوە دوورگەی (وەهمستان)ی خۆیان!

**پاش ئەم کورتە پێشەکییە دەمەوێ بە تیلەی چاوێک بڕوانمە (گووتار)ێکی ـ فازیل قەرەداغی ـ کە لە لاپەڕە(٣)ی ژمارە(٢٢)ی ڕۆژی (٢١ / ٣ / ٢٠٠٢)ی بڵاڤۆکەکەی لای خۆیان (کۆمەڵ)دا بە ناونیشانی ((ئەفسانەی نەورۆز لە سەردەمی فاکس و ئیمەیل و ئینتەرنێت دا)) نووسیویەتی:...**

ناو براو هەر لە دەسپێکی گووتارەکەیدا گرژی و ناحەزی و ناڕەزایی خۆی لە مانەوەی نەورۆزی کورد دەردەبڕێت و ئەوپەڕی ڕق و بێزاریی پیشان دەدات لەوەی کە: ((ئاگردانی نەورۆزیش بە داگیرساوی ماوەتەوە))، پاشان ئەو ڕاستییەش دەدرکێنێ کە هۆی ئەو ڕق و بێزارییەی هی ئەوەیە کە نەورۆز هی کوردە و بۆتە هێمای زیندوێتی و سەرهەڵدانی کورد دەنا خۆ ئەگەر هی عەرەب بوایە پێی ڕازی و ملکەچ دەبوو و شانازیشی پێوە دەکرد و سینەی بۆ چاک دەکردو...: ((ئەگەر باسە سەیرەکانی لە سەرچاوەیەکی خوداییەوە بهاتنایە دەمانوت مۆجیزەن و تەسلیم دەبووین بە زانایی و حیکمەتی خودا بەڵام شانامەی فیردەوسی یا حیکایەتی پرەمێردان نابێ...))! بەمجۆرە لەو پەراگرافەدا ددانی پێدا دەنێ کە تەنیا لەبەر ئەوە ڕقی لە نەورۆز دەبێتەوە، کە مۆرک و جێدەست و ناوی کوردی پێوەیە دەنا گەر لە ڕیوایەتێکی کۆنەی عەرەبییەوە بهاتبا، ئەوا سەری بۆ دادەنەواند و بێ پرس و جۆ بڕوای پێ دەهێنا، دیارە، ئەو گۆشکراوی فەرهەنگ و دابی عەرەبییەو هەر تەنها ئەو داب و دەستوورەش بە ڕاست دەزانێ کە پێی گۆش کراوە ئیدی نایەوێ هیچ نماد و سیمبولێکی دیکەی غەیری ئەو لە بەرامبەریدا خۆ بنوێنێ!{کاک}ی گووتار نووس لە نێوان ئەم بەشەو پەراگرافی دواتریدا بە بێ ئەوەی بزانێت، خۆی دەخاتە گێژاوی فەرامۆشی و هەڵەشەیی و بێ سەروبەرەیی و دژایەتی لە بۆچوونەکانی پێشوویدا و گۆرج خۆی بە درۆ دەخاتەوە: ((...لە گەڵ ئەقڵی سەردەمێکا ناگونجێ کە خۆمان بە بوونەوەرێکی ناوی

دەزانین، سەردەمەکەمان ئەمەیە کە دەیبینین بەڵام هێشتا نەورۆزی ئەفسانەیی تێدا دەژی، حاڵەکەش خراپتر چوونکە کوردستان هێشتا لە سەردەمەکەدا ناژی، کوردستان لە سەر دوورترین کەناری هەموو پێشکەوتنێکە، لە هەموو زانستێک کۆڵەوارە تەنانەت لە زانستی مێژووی خۆیشی... لە لایەک باس لە خواستی پێشکەوتن و لە لایەکیتر داکۆکی لە سەر ئەفسانە))! بەمجۆرە خاوەن گووتار تووشی ئەم هەڵەشەییە دەبێت و لەملاوە خۆی بە سەردەمی{؟!!}دەزانێت و دژی ئەفسانەیە، لەو لاشەوە دەڵێ ئەگەر هەمان ئەفسانەی لە ڕیوایەتێکی عەرەبییەوە ببیستبایە چۆکی بۆ دا ئەدا! لە لایەکەوە هیچ سەرچاوەیەک بە ڕاست نازانێت ئەگەر بە پێی ئەوەی ناو خەیاڵی خۆی نەبێت و لە لایەکی تریشەوە باس لە بەڵگە نامەی مێژوویی دەکات! لەملاوە ئەفسانە ڕەتدەکاتەوەو خۆی بە بوونەورێکی ناو ئەم سەردەمە دەزانێت و لەولاشەوە ئیمانی بەوە هەیە کە دەکرێ چوار ناڵ لە هەوادا غارغارێن بکرێ یا غەزەنفەری دێو هەبوبێت و کابرای عەرەب کوشتبێتی یا دەریایەک شەق بەرێت یا چۆلەکە ببنە سەربازی تۆپ هاوێژ یا خەونی خۆشی سێ سەدەیی ویا... یا...!! لێرەدا لە سەر ئەو سووکایەتییە سووکانە نارۆم کە خاوەن گووتار بە نەورۆز و مێژووی کورد و کەرامەتی ئینسانیی کردوون،(لە لوقمانیان پرسی نزاکەت لە کوێ فێر بووی؟ گوتی لای بێ ئەدەبان...)، بەڵام وەکوو کوردێک مافی خۆمە لێی بپرسم: کێ و چی، بۆتە هۆی دواکەوتنی کوردستان و بێگانە بوونەوەی لە زانستی مێژووی خۆی؟ کێ، بوون و نەبوون و سروەت و سامانی دێرینی کوردی بە تاڵان برد؟ کێ، خوێن و مێشکی زانایانی کوردی بە شمشێری ژەنگ گرتوو ڕژاندو کێ، سەرچاوەکانی شارستانیەت و ڕۆشنبیریی درەوشاوەو دێرینی کوردی بە تاڵان برد بۆ ئەوەی بیکاتە ژێر چەپۆکی خۆی؟! هەرکەس ئەگەر تۆزقاڵێک بیر و خوێندەواریی مێژوویی هەبێت و هەوری چڵکن و نەزۆکی وەحشیگەریی ئەمەوی و عوسمانلی و... ئاسمانی بیرو مێشک و ئەندێشەی دانەپۆشیبێ، بە ئاسانی وەڵامی ڕاستەقینەی ئەو چەند پرسیارە دەداتەوەو دەشزانێت کە ئەوەی ئەمڕۆ ئەو هەموو ژاری ڕق و کینەیە بە سەر سیمبولی هەرە زیندووی نەتەوایەتیی گەلێکی مێژینەو سەرفرازدا دەڕژێنێ، پاشاوەی هەمان (سەلەف)ە کە ئێستاش لە (بووڵگا)ی سووتاندن و تاڵان و بڕۆکەیاندا (چینە) دەکات! دەبێ بڵێم کێشەکەی فازیل قەرەداغی (سەرەڕای هەموو ڕق و بێزارییەکانی لە نەتەوەی کورد)، لەوەدایە کە هێشتاش (ئوستوورە) و (ئەفسانە) بەتەواوی ناناسێت و لێکیان جیا ناکاتەوەو هەر بە هەمان هەڵەشەیی و بێ ئاگاییەوە و بە یەک چاو لێیان دەڕوانێت و بە یەک تەعبیریش لێیان دەگات، ئەگەر نا، بەو جۆرەو بە نەزانی باسی کاوەو زوحاکی بە ئەفسانە ناوزەد نەدەکرد. لێرەدا گەر تەنیا بۆ بە ئاگاهێنانەوەو فێر کردنی ناوبراویش بووە بە پێویستی دەزانم ئەو لایەنە ڕوون بکەمەوەو زۆر بە کورتی بڵێم: ئەفسانە شتێکە تەنیا خەیاڵی تیژی خەیاڵ پەردازان خەلقی دەکات و ئیدی هیچ ڕاستی و بنەمایەکی نییە و تەنیا داهێنراوێکی خەیاڵی ئینسانی دەسەڵات خوازە، واتە ئەفسانە بە شتێک دەگوترێ کە هیچ بنەماو بوونێکی ڕاستەقینەی نەبێت و سەرپاکی بە خەیاڵ خولقێنرابێت وەکوو: دێو، جن، ئەژدیها، شەق بردنی دەریا، غاردان لە هەوادا، خەونی سێ سەدەیی و...تاد، بەڵام ئوستوورە وا نییە، بەڵکوو بریتییە لە ڕاستییەکی بناغەداری مێژوویی کە لە سەردەمێکدا هەبووەو ڕوویداوە و دواتر لە لایەن گێڕەرەوەکانەوە پەڕو باڵ دراوەتە پاڵەوان و کەسایەتییەکانی و لەوەی کە هەبوون گەورەتر و بەهێزتر پیشان دراون، ئەم گەورە کردنەوەیەش مەبەستێکی واتادارو فەلسەفیی لە پشتەوە بووە کە ئەویش زەقتر و بەرجەستەتر پیشاندانی ئاکار و پێناسەی کەسێتیی پاڵەوانی ڕووداوەکەیە بۆ ئەوەی بیسەر بە تەواوەتی هەستی پێ بکات، بۆ وێنە، زوحاک کابرایەکی ستەمکارو خوێنڕێژ بووە و بۆ زەقتر پیشاندانی ئەو ستەمکارییەی، دوو مار بۆ سەرشانی دروست کراون کە واتای کارو کردەوەو دەسەڵاتی چەوتی ئەو بدات و لەملاشەوە خواردنی مێشکی لاوان سیمبولی هێزی بیر کردنەوەو توانای داهێنانی هزرو بیری جەماوەرە، بەمەش دەڵێن ئوستوورە. یانخود وەکوو ڕۆستەمی دەستان و شمشێری دوودەم و هێزە خەیاڵییەکەی عەلی کوڕی ئەبی تالیب و...هتد(ئەگەر خاوەن گووتار ئەوەی یەکەمیان بە ئەفسانەو ئەمەی دووەمیشیان بە (( سەرچاوەیەکی واقیعیی خودایی)) نەزانێت! بە

هەر حاڵ هیوادارم لەمەو بەدوا بگەڕێ بە دوای ناسینی واتای جیاوازی ئوستووره و ئەفسانەدا، با لە سووکایەتینامەیەکی دیکەیدا تووشی ئەو هەڵە زەقە نەخوێندەوارانەیەی ئەمجارەی نەبێتەوە! پاشان دەبێ خاوەن گووتار سەر بۆ ئەو ڕاستییەش دانەوێنێ،(ڕاستییەک کە چاک دەیزانێت بەڵام دەیشارێتەوە!) کە کوردستان (بە قسەڵۆکە پڕلە سووکایەتییەکەی ئەو) و نەتەوەی دێرینی کورد (بە قسەی من) سەرەڕای هەموو ئەو دوژمنکاری و هێرش و هەڵمەت و گەلەگورگانەی لە سەری کراوەو دەشکرێ، بە خۆیدا هاتۆتەوەو نەک هەر لە(( دوورترین کەناری هەر پێشکەوتنێک)) نییە و نەک هەر لە((هەموو زانستێک کۆڵەوار)) نییە، بەڵکوو کەوتۆتە سەر شاڕێگای پێشکەوتن و مەشخەڵی بە کڵپەی پیرۆزی زانست و تەکنەلۆژیای سەردەمی گرتۆتە دەست و لە بەر تیشکی گڕی ڕووناکیبەخشی نەورۆزی پیرۆز و لە سایەی ئەو ئازادییەدا کە چاوی ناحەزانی پێ کوێر بووە، دەگاتەوە بە شارستانیەت و ڕۆشنبیریی مێژینەی و هەموو قۆناغەکانی گەشەو پێشکەوتی سەردەم یەک لە دوای یەک بە سەربەرزی و بە کوێرایی چاوی دەرپۆقیوی دێوەزمە ناحەزەکانی دەبڕێت و دەبێتەوە بە پێشەنگەکەی جاران بۆ خستنە ڕێی کاروانی کەرامەت و سەرفرازیی هەموو مرۆڤایەتی. خاوەن گووتار بە زمانە تایبەتییەکەی خۆی ژارێکی تری کینە دەپژێنێت و سووکایەتیی سووکانە دەکات بەو هەموو مێژوونووسانەی کە ئاوڕیان لە سیمبولی نەتەوایەتیی کورد (نەورۆز) داوەتەوەو دیسانەوەش لە بەر ئەوەی کە نووسراوەکان بە عەرەبی نین و لای عەرەبەوە نەهاتوون، خۆی ئاسایی دایان دەپاچێت: ((... سەرم دەسووڕمێت لەو وتارو کتێبانەی لەم بوارەدا نووسراون کە بەشی هەرە زۆریان لە وڕێنە بەولاوە زانیاریی ڕاستیان تێدا نییە، مێژووی کۆن سەرچاوەی تایبەتی هەیە، زۆرکەم لەمانە بە زمانی عەرەبین هەموویان بە زمانی ئەورووپایین کاتێکیش تەماشای سەرچاوەکانی ئەو جۆرە وتار و کتێبانە دەکەیت هەژارییەکی تەواو دەبینیت... بەڵام لە بازاری جەهلدا کێ بەو هەڵانە دەزانێت))! لێرەشەوە دیسان خاوەن گووتار گەوهەری خۆی پیشان دەدات و هۆی سەرەکیی ڕق و بێزارییەکەی دەر دەخات کە ئەویش هەمان جیاوازی یا دووریی نەورۆز و مێژووەکەیەتی بە سەرچاوەی عەرەبییەوە! ئەو، هەموو شتێک بە وڕێنە دەزانێت مادام لە سەرچاوەی عەرەبییەوە هەڵنەقوڵابێ، هەرواش هەموو زانست و زانیارییەک بە جەهل{؟!!}دەزانێ ئەگەر مۆرکی عەرەبی پێوە نەبێ! جا پێویستە لێرەشدا پێی بگوترێت: یەکەم، کەسێک وڕێنە دەکات کە تووشی وەهمێکی سەرسامهێنەر هاتبێ، خۆ ئەوکەسانەش کە بە دوای فەلسەفەی نەورۆزی پیرۆزدا دەگەڕێن لە خەوی غەفڵەت ڕاچەنیون و مێشکی خۆیان لەو وەهمە پاک کردۆتەوە بۆیەش بە زمانی ئینسانی سەردەم دەئاخفن و وڕێنە ناکەن. دووەم، دیارە زانیاریی ڕاستی بەو مەبەستەی تۆ (ئەوەی لای تۆ بە زانیاری و بە ڕاست دەزانرێ) لە هیچ لێکۆڵینەوەیەکی زانستی و ڕۆشنبیریدا نابینرێت چوونکە لە ڕاستیدا جێی لەو دنیا ڕووناک و بەرینەدا نابێتەوە! سێیەم، ئەگەر زۆر کەم سەرچاوەی مێژوویی بە زمانی عەرەبین، ئەوە دەگەڕێتەوە لای ئاستی ئەقڵییەت و توانای عەرەبی بۆ وەرگرتن و پیشاندانی ڕووی ڕاستەقینەی ڕاستییەکان، دۆزینەوەی هۆکارەکەشی کاری منی کورد نییە! چوارەم، دەبوا زۆرتر پرسیاری وەزع و باری ئەمڕۆی دنیات بکردبا تا بتزانیبا کە شتێکمان بە ناوی((زمان ئەورووپایی)) نییە بەڵکوو خەڵکی ئەورووپا بە کۆمەڵێک زمانی جیاجیا دەدوێن کە ئاشکرایشە لە عەرەبییەکەی لای تۆ زۆر پێشکەوتووتر و ستاندارترو گەشە سەندووترو ئەمڕۆژی ترن و دیاریشە زۆرترین کار بە زمانێکی زیندووی گەشە سەندووی ئەمڕۆژی دەکرێ نەک بە زمانێکی کۆنەی (لعن) و (گعن)و...ی دەشتەکی! پێنجەم، لەوەتی هەم وشەی (جەهل)م تەنیا لە بەرامبەری عەرەبدا بیستووە، وەک (عەرەبی جاهل، جەهالەتی عەرەب، جەهلی عەرەبی)و... بۆیە هەقمە گەر ئەو پەڕاندنی وشەی (جەهل)ە بۆ سەردەم و دنیایەکی پێشکەوتووی غەیری عەرەب بە (بدعە)یەکی جاهیلانەی عەرەبی ناوزەد بکەم! لە سەر دیکەی سووکایەتییەکانیشت لێت ناگرم چوونکە دەزانم کە (( گۆزە چیی تێدا بێ، هەر ئەوە دەدەڵێنێ!)).

لە بەشێکیتری گووتارەکەیدا بە نیازی سڕینەوەی مۆرکە کوردییەکەی نەورۆز چەند پرسیارو قسەلۆکی توانج ئامێز دێنێتە ئاراوەو دەڵێ: ((...چ بەڵگەنامەیەکی مێژوویی باوەڕ پێکراو باس لە بەسەر هاتەکە دەکات؟... چ بەڵگەیەکی باوەڕ پێکراو هەیە نەورۆز دەکاتە موڵکی کورد بە تەنیا؟... دیارە هیچ لەمانە نییەو تەنها یەک ڕستە نەورۆز ڕا دەگرێت ئەویش وشەی (لەوانەیە وابێت) ئەو ڕستەیەش بۆتە ڕاستی... نەورۆز جگە لە کوردستان لە ئێران و هیندستان و ئەفغانستان و چەند ـ ستان ـ ێکی تر هەیەو هەموویان بە هی خۆیانی دەزانن حاجی تەوفیقی لای خۆشمان ئەمە نازانێت و دەڵێت ـ جەژنێکی کۆنی کوردە ـ ... بە واتایەکیتر لە کاتی کوشتنی زوحاکدا کورد وجوودی نەبووە... واتە کورد تەنانەت لە پەراوێزی ڕووداوەکەشدا نەبووە و تەنها بەرهەمێکی لاوەکیی ئەو ڕووداوە گەورەیە بووە...))؟! ماوەیەک لەمەوپێش برادەرێکم (ئەفسانەی دیمۆکراسی)ی خاوەن گووتاری خوێندبۆوەو دەیگوت: (( ئەم کابرایە ئەوەندە دژی کوردە و بەردی عەرەب لە سنگی دەدات لەوانەیە لە بنەڕەتدا عەرەب زادە بێت و...!)) بەڵام من بڕوام نەدەکرد کە کابرایەک لە کوردستاندا بژیت و بە سەر سفرەی کوردەوە نانی کورد بخوات و هێندەش سفرە دڕ بێت کە تەنانەت حاشا بکات لە هەبوونی خاوەن سفرەکە! کەچی بە خوێندنەوەی ئەم گووتارە ئەوەم بۆ دەر کەوت کە قسەکەی ئەو برادەرەم ڕاست بووە چوونکە دەبینم کابرایەک لە سای کودستانێکی ئازاددا دەژی کەچی هەزار ئەوەندەی دوژمنە تورک و عەرەب و عەجەمەکانمان سوورترە لە سەر سڕینەوەی نەتەوەی کورد و، ئەوەی کە ئەوان بە درووتی تۆپ و تفەنگ پێیان نەکرا، ئەم دەیەوێ وەکوو مارێک لە ناو قوڵی کورددا بە ژاراوی ئەندێشە چەوتەکانی بیکات!! نازانم گووتار نووس بە چی دەڵێ ((بەڵگەی باوەڕ پێ کراو))؟ ئەی ئەوە نییە هەرچی سەنەد و بەڵگەی مێژوویی هەیە ئەو بە تاوانی (عەرەبی نین) ڕەتیان دەکاتەوە و مێژوو نووسەکانیش (ڕەجم) دەکات؟! دیارە ئەو نەیزانیوە یانخود نەیویستووە بزانێت کە بە دەیان و سەدان لێکۆڵینەوەی مێژوویی و ئەکادیمی لە سەر نەورۆزی دێرین کراون کە بە داخەوە لە زمانەکەی لای ئەودا هیچ ئەسەرێکیان نابینرێت، دەنا با ئەو زمانێکی غەیری عەرەبی فێر ببێت و ئەندێشەیەکی غەیری عەرەبی وەربگرێ پاشان وەکوو بەڵگەنامەی مێژوویی بە سەدان بەرهەمی بە پێزی وەک: (ژیان و کۆچی نەژادی ئاریا) و(شانامەی فیردەوسی) و(دوو سەدە بێدەنگی) و(نامەی فرهەنگی ئێران) و(کاوەو نەورۆز) و(مێژووی پیشداد) و(نەورۆزنامە) و(ژیان نامەی جەمشید) و(چیستا) و(فرەوەهرە) و(کێوەنەناسراوەکانی ئاڤێستا) و(ئاڤێستای پیرۆز) و(ئایینی مەزد یەسنا) و(فەلسەفەی ژیانی زەردەشت) و(ئێرانی پێش ئیسلام) و(دوازدە سەدە بێدەنگی) و... بخوێنێتەوە (کە خۆشبەختانە هیچیان بە زمانی کوردیش نین تا ئەو تاوانی کینەجۆیانەی ـ وڕێنە ـ یان بخاتە پاڵ)، ئەوکاتە پەی دەبات بە بنەمای مێژوویی و فەلسەفەی هەرە قووڵی نەورۆزی پیرۆز. دەستە واژەی ((لەوانەیە وابێت))یش، یەکەم، ((وشە)) نییە کە ئەو بە هەڵە ناوزەدی دەکات و دووەمیش هی مێژوونووسان و نەرۆزناسەکان نییە بەڵکوو لە ڕلستیدا قسەلۆکی تایبەتی ئەو و ئەوانی وەکوو ئەوە، (ئەوانەی کە هەمیشەی مێژوو بەردیان بە تاریکیدا خستووەو ئاویان لە دنگ دا کوتاوەو...!). نازانم پاش ئەفغانستان و هیندستان ئەو وشەی (( ـ ستان ـ ی دیکە))ی لە کامە سووچی تاریکی بیری خۆیدا دەست کەوتووە کە بە هۆیەوە دەیەوێ خوێنەرەکانی (هەروەکو هەمیشە) بەدوای نۆکە ڕەشەی دۆگمادا بنێرێت! پاشان پێویستە ئەوەش بزانێ کە کورد وەکوو سەلەفی ئەو چاوچنۆک نییەو هەموو شت بە هی خۆی نازانێت بەڵکوو ئەوەندە بەخشندە و جوامێر و دڵ ئاوایە کە تەنانەت لە بەشی خۆیشی دەبەخشێتە دیتران (نموونەی زیندوویش لای خودی خاوەن گووتار و باری ئێستای کوردستانی ئازاد لە بەرچاوە!)، شاعیری کورد سەبارەت بە نەورۆزی پیرۆز دەڵێت: ((نەک هەر هی من / جەژنی گشتە)) و پیرەمێردی نەمرو کورد پەروەریش (کە ئەو بەو بێ نزاکەتییەوە ناوی دەبات و بێ حورمەتیی پێدەکات) زۆر چاک ئەوەی زانیوە بەڵام ئەوەندە هەیە کە تووشی دۆگم ئەندێشی نەبووە و بنەمای سەرهەڵدانەکەشی ناسیوەو بە زانیاری و بڕوایەکی پتەوی عیلمی و ئەقلانییەوەدەڵێ: ((جەژنێکی کۆنی کوردە/ بە خۆشی و بە

هاتەوە)) چوونکە ئەویش و هەموو ڕاستیخوازانیش گەیشتوونەتە ئەو ئەنجامەی کە بە پێچەوانەی قسەڵۆکەکەی خاوەن گووتار، کورد هەر تەنیا ((بەرهەمێکی لاوەکیی ئەو ڕووداوە گەورەیە)) نییە بەڵکوو پێش زوحاکیش هەبووەو حوکمی کردووەو نەک هەر کاوە بەڵکوو (ئابتین) و (فەرانەک)ی دایکی و (جەمشید) و تەنانەت (کەیوومەرز)یش لە نەتەوەی دێرینی کورد بوونەو وشەی پیرۆزی (پیشداد) بە هەق هەر بە باڵای کورددا بڕاوە، ئەمە سەرەڕای ئەوەی کە ئەوانەی ڕووبەڕووی جەوری زوحاک دەبوونەوە کورد بوون و هەر ئەوانیش سەرەتای سەرهەڵدانیان دژی ستەم و زۆرداری دامەزراندو (ئاڵای کیانی)یش بەرهەمێکی شۆڕش و بەرخودانی کوردە شۆڕشگێڕەکانی ئەو سەردەمەیەو لە گەڵ ئەوەشدا جەژنی نەورۆزی پیرۆز بە هی هەموو ئەو گەلانە دەزانێت کە سەردەمانێک لە ئێرانی دێریندا پێکەوە ژیاون! خاوەن گووتار لە ستوونی کۆتایی نووسینەکەیدا ڕووی ڕاستەقینەی خۆی هەڵدەماڵێت و پەنجە دەخاتە سەر خاڵێک کە دیارە لە مێژە ئازاری دەدات و هەستی ناحەزانەی دەوروژێنێ، ئەویش شۆڕشی ئازادیخوازانەی کوردە: ((ئەگەر نەورۆز ئەقڵیەتی کورد پێک بهێنێ ئەوا کورد تەنها فێر دەبێ شۆڕش بکات و یەکسەر سەرکەوێت ئەوکاتە ئەگەر حاڵەتی شۆڕشێکی سەختی درێژخایەن هاتە پێشەوە نازانن چی بکەن هەر واش ئەگەر سەرکەوتن هەر نازانن چی بکەن... لە نەورۆزدا هەڵبەز و دابەزی شۆڕشمان نییەو شێوازی حوکم و ژیانی کۆمەڵایەتی دوای سەرکەوتن نەزانراە... شۆڕشە بێ ئاکامەکانی کورد یان شۆڕش و دوایی حاڵەتی . هیچ . بەرهەمی ئەقڵیەتی نەورۆزن ئەمڕۆش بگەڕێ و ببینە چۆن خەڵک بۆ ەهم ئاهەنگ دەگێڕن...))! خاوەن گووتار ئەوەندە لە گەڵ فەرهەنگ و کەلەپووری ڕەسەنی کوردیدا بێگانەیەو ڕقە کوێرەکەشی لە نەتەوەی کورد ئەوەندە مەودای ئەو نامۆییەی فراوانتر کردووە کە نەک لە مێژوو بەڵکوو تەنانەت لە فەلسەفەی قووڵی نەوۆزی پیرۆزیش تێنەگەیشتووەو دیارە هەرگیزیش تێناگات، دەنا نەورۆز واتای شۆڕش و سەرکەوتنێکی یەکسەر و هەڕەمەکی نادات بەڵکوو فەلسەفەی ئەم یادە هەرە پیرۆزە لەوەدایە کە بەرنامەیەکی ڕێکوپێکی سیاسی و کۆمەڵایەتیی لە خۆ گرتووە، ڕۆڵەی کورد کە لە جەوری زوحاک کۆچیان دەکرد و وڵاتیان بەجێ دەهێشت، خەوی ئەفسانەیی و ئەفسووناویی سێسەد ساڵەیان نەدەکرد تا لە پڕ بە ئاگا بێنەوەو شۆڕش بکەن، بەڵکوو بە درێژایی مەنفا و ئاوارەییەکەیان حکوومەتی تاراوگەیان پێک دەهێنا و گەلاڵەیان بۆ سەرهەڵدان و بەگژاچوونەوەی دواڕۆژ دادەڕێژا و هەموو کارێکیان لە ڕووی پڕۆگرام و دیسیپلینێکی ستاندارد و واقعبینانەوە بوو هەر بۆیە خۆیان بە تەواوەتی تەیارو ئامادە کرد و ڕۆژی نەورۆزیان دیاری کرد بۆ ڕاپەڕین و ئەرکی هەڵکردنی ئاڵای شۆڕشیان سپاردە ئەستۆی کاوەی شۆڕشگێڕ و پێشەنگ، هەر بۆیەش بە ئاسانی و ئاسوودەیی حکوومەتی کیانی دامەزرا و ئەم کارەش مەگەر لە ناو ئەفسانە شاخدارەکانی سەلەفی خاوەن گووتاردا، دەنا بە شەوێک و لە پڕێکدا ناکرێن و دەبێ بەرنامەو گەلاڵەیەکیان لە پێشدا بۆ داڕێژرابێت. ئەو شۆڕشە شۆڕشێکی هەرە سەخت و درێژ خایەن بوو و هەم ئەویش و هەم دیکەی شۆڕشەکانی کورد هەڵبەزو دابەزیان تێدا بووەو ئەگەر خاوەن گووتار خۆی لە لاڕێی نەزانین نەدات دەبێ بزانێ کە نوێترین شۆڕشی ڕەوای کورد لە هەرکام لە بەشە داگیر کراوەکانی کوردستانی مەزندا دەگەڕێتەوە بۆ سەرەتاکانی سەدەی بیست و دیاریشە سەدەیەک بۆ شۆڕش و سەرهەڵدان پیشاندەری سەختی و درێژخایەنییەتی و کوردیش بە جوانی زانیویەتی چی بکات و ئێستاش هەر ئەم ئەزموونی (١١)ساڵەی سەرکەوتن و سەربەستیی گەلی کورد لە باشووری کوردستانی دایکدا سەلماندی کە شۆڕشی کورد بێ ئاکام نەبووە و کورد دەزانێ چی بکات و چۆنی بکات، ئەوەندە هەیە کە ئەم ئازادی و سەربەستییەمان چاوی ناحەزانمانی وەها کوێر کردووە کە تەنانەت تیشکی زێڕینی هەتاویش نەبینن و خۆیان بە دەرودیواردا بکوتن بۆ شاردنەوەو ئاوەژوو کردنەوەی ڕاستییەکان. پاشان، گەلی چاو کراوەو ڕاچەنیوی کورد ئاهەنگ بۆ وەهم ناگێڕن و وەکوو جاران چیتر فریو خواردووی وەهمیش نین بەڵکوو لە ڕاستیدا مەنتقی وەهم و خەیاڵات و دۆگم ئەندێشی لە لایەن سەلەفی خاوەن گووتارەوە سەرچاوە دەگرێت و پێشینانیش چەندە جوان فەرموویانە: ( قەل بە قەل دەڵێ ڕووت ڕەش بێت)! بەڕاستی ئەگەر بمویستایە لەسەر خاڵ بە

خاڵی ئەو گووتارە پڕ لە جنێو و بێ حورمەتییە بنووسم، دەبوویە کتێبێکی قەبەو... بۆیە  بە کورتی و کوردی بە سەریدا تێپەڕیم، ئەویش هەر بۆ ئەوەی کە پێی بڵێم: یەکەم، کورد هێندە ژار خوارد کراوە کە ئەمڕۆ ئیدی پێویستی بەو ژار پژێنییەی تۆی ناحەز و نائاگا نییە و خۆی چاک دەزانێ لە کوێی ئەم جیهانەدا وەستاوەو چ ئەرکێکی گرانی لە ئەستۆیە. دووەم، وەکوو پێشینانی کورد گوتوویانە (جێگای سندان پەخمەیە)! لە کۆتاییدا ماوە بڵێم نەورۆزی پیرۆزی کورد درەختێکی بنج داکوتاوی سەمەردارەو بە ئاوەها ڕەشەبایەکی بیابانی وەهمستان نالەرێتەوەو ئاڵای شەکاوەی کیانی و گڕی سووری ئاگری ڕووناکیبەخشی نەورۆزی پیرۆزی کورد ڕۆژ بە ڕۆژ شەکاوەترو بە کڵپەتر دەبن و بۆ تا هەتایە دەبنە چقڵی چاوی شەوبین و ڕۆژ کوێری ناحەزانی کورد و کوردستان، ڕۆڵەی ڕۆشنبیرو ڕاچەنیوی کوردیش چیتر فریوی ورێنەی وەهم ئەندێشان ناخوات چوونکە خودی ڕەسەنی خۆی دۆزیوەتەوەو هەموو نەورۆزێک شایی دەگێڕێت و بۆ سەرگەرمی و خۆش ڕابواردنی خۆی لەو بەزمی ڕەشبەڵەک و شاییە پیرۆزەیدا، سەربەستانە گۆرانیی (ئامەکەوئامینە) و(فاتەکوڵێ) و(شلەخەجێ) و(ئایشەگوڵێ) و(مریەمێ) دەڵێتەوەو سروودی ڕەسەنی (ئەو ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە) پڕ بە گەرووی دەچڕێکێنێ.

درووود بۆ نەورۆزی پیرۆزی کورد

*

## باسی پێنجەم:

## ئاگری نەورۆز شەمشەمە کوێرەکان دەخاتە شەوارە

" قڕمان دەکەن.../ قۆڕتان بە سەر.../ دوای مردنیش لێناگەڕێین.../ نیشتمانمان بکەن بەماڵ..."

{عەبدوڵلا پەشێو}

گەلانی ئێرانی دێرین و لە سەرووی هەموشیانەوە (وەک بنەمای ڕەگەزی)یان گەلی کورد بەوە ناسراون کە خاوەنی مێژینەترین کلتوورو شارستانیەتی مێژووی مرۆڤایەتین, بەوە بە ناوبانگن کە بنەمای سەری ساڵیان نەک بە بێ سەروبەرەیی ساڵی عەرەبی و نەش وەکوو دیتران لە ڕووی مێژووی لە دایکبوون یا مەرگ یانخود سەفەری مرۆڤێکەوە, بەڵکوو بە پێی ئەقڵێکی ئابووری و کۆمەڵایەتی و لە ڕووی چەمکی ئاڵوگۆڕی سروشتیی گەردوونەوە دامەزراندووە, سەری ساڵێک کە هەموو بوونەوەرێک سەرلەنوێ لە دایک دەبێتەوەو (گیان) و (بوون) دەبووژێنەوە, بەوە ناسراون کە (نەورۆز)یان زانستی ترین بنەماو پێوەرە بۆ نوێ بوونەوەو ئینسانی ترین بەرنامەی کۆمەڵایەتییە لە بواری ئەستێرە ناسی و ساڵ ژمێری و تۆماری مێژووا. نەورۆز نەک نەریتێکی خێڵەکی بەڵکوو سیمبولی زیندوێتی و هەبوون و مانەوەی نەتەوەیەکە کە دەبێتە بناغەی هەموو مرۆڤ, نەورۆز ڕەسم و باوێکی عەشیرەیی نییە بەڵکوو ڕەمزی سەرهەڵدان و گەشەی کەرامەتی ئینسانیی بیرمەندترین و سەربەرزترین بەشی مرۆڤایەتییە. هەزاران ساڵ پێشتر و بەر لەوەی

کە زۆربەی زۆری مرۆڤ گەیشتبێ بە ئەلف و بێی ژیانی کۆمەڵایەتیش, نەتەوەی کورد لە ناو ماڵی خۆی (ئێرانی دێرین)دا چەمکی ئازادی و خۆبیوون و ژیانی گەشە سەندووی سیاسی و ئابووری و کۆمەڵایەتیی هێنایە ئاراوەو گوتی: (( من مرۆڤم, خاوەنی شەرەف و کەرامەت و ئەندێشەم و دەمەوێت ئازاد و سەربەست بژیم)), ئازادیی خۆی سەندەوەو کەرامەتی خۆی کەشف کرد و لە ڕۆژێکدا وەکوو مرۆڤ ژیایەوە و ناوی لێنا (( نەورۆز)) واتە ڕۆژی نوێ بۆ نوێبوونەوەو سەرلەنوێ ژیانەوە, بۆ سەرهەڵدان و ژیان بە سەربەستی و سەربەرزی. کەوابوو دەردەکەوێت کە نەورۆز سیمبولێکی پیرۆزی نەتەوەیەکی مەزن و مێژینەیە, ئایا ڕەمز و سیمبولێکی ئاوا پیرۆز و دێرین دەکرێتە قوربانیی ـ بۆنە ـ یەکی بیانوو ئامێزی شەخسی و خێڵەکی ئەویش هی هۆزێکی دوور و بێگانە لە گەلی خاوەن ڕەمزە پیرۆزەکە؟! ئەم پرسیارە لە بەر ئەوە دەوروژێنم کە دەبینم لەم ڕۆژانەدا خێڵێکی کۆنەپەرستی هەردەم ڕوو لە دواوەی ڕەوتی سەردەمیانەی مێژووی مرۆڤایەتی, پەردەیەکی ڕەشی ئەستووریان بەرز کردۆتەوە تا پێشی ڕووناکایی هەتاوی ژیانبەخشی پێ بگرن! چەند قاڵاوە ڕەشەیەکی نەگریس لەم ڕۆژانەدا بە ئاسمانی پڕ هەتاوی وڵاتێکی هەرە دێرینەوە شەقەی باڵیان دێت و دەقیژێنن تا دەنگی زوڵاڵی ـ هەڵۆ ـ ی سەربەرزی مێژوو بشارنەوە و لانەکەی بکەنە (پێن)ستان بۆ چینەی ڕسواو گەنیوی خۆیان! لەم ڕۆژانەدا دەبیسم کە شای شەمشەمە کوێران (عەلی خامنەیی) و دیکەی مەلا کۆنە پەرست و شەو ئەندێش و قاڵاو سیفەتەکانی داسەپیوی سەر گوڵستانی تینووی بەهارو بارانی ئێران, سەرخۆش و مەستی ـ مەی ـ ی هێز و دەسەڵاتی نامەشروعی ـ با ـ هێنراو, دێو ئاسا دەگوڕێنن و ئەژدیها ئاسا دەلووشێنن و عەرەب ئاسا دەنەڕێنن و ژاری تاسێنەری ڕەشبینی و نائومێدی و شەو پەرستی بە سەر گیانی پیرۆزی نەتەوەی هەتاو و ڕووناکیدا دەپڕژێنن بۆ ئەوەی بگری, ڕەش ببینێ, ڕەش بپۆشێت و ڕەش بیر بکاتەوە! شای شەمشەمە کوێران و جاڵجاڵۆوکەکانی ناو تاریکستانی ئەندێشەی ڕەش و ناپاکی, باپیرە ئاسای دەنەڕێنێ کە: (( بگرین, پێ مەکەنن, شادی مەکەن, جەژن مەگێڕن, نەورۆز لە بیر خۆتان بەرنەوە, لە باتی جەژنی نەورۆزی پیرۆزتان شیوەن بکەن و خۆ برنەوەوزەلیلانە بپارێنەوەو...))! ئەویش بۆ چی؟ بۆ مردنی زەلامێک کە نە هی ئێمەیە و نە بۆ ئێمە بووەو نە دڵخواز و خوازیاری ئێمەش! گەرچی نزیک کەوتنەوەو تێکەڵبوونی ئەو ـ بۆنە ـ عەرەبییەی کە مەلا کۆنە پەرستەکانی ئەمڕۆی ئێران بە بۆق و کەرەنا هەر بۆی لێدەدەن, لە گەڵ نەورۆزی پیرۆز و هەرە دێرینی ئێمەدا بۆ یەکەمجار نییە, بەڵام ئەوە بۆ یەکەمجارە کە ئەو تاقمی قاڵاوە ڕەشەی سەر ئاسمانی ساماڵی ئێران ئاوەها لە دەهۆڵ دەدەن و بۆ (محەرەم)ی ـ مەحرەم ـ ی ئەندێشەی تاریکی خۆیان ئینسانی ترین و بنەمایی ترین و ڕەسەنترین جێژنی سەرهەڵدان و ژیانەوەی نەتەوەیەک ـ حەرام ـ دەکەن و وەک جاڵجاڵۆوکە تاری تەعریب و بێگانە پەرستی و ڕەش ئەندێشی بە دەوری پەپوولەی ناسکی جەژنی پێناسەی نەتەوەیەکی دێریندا دەتەنن و دەیانەوێ بیخنکێنن! بۆیە جێی خۆیەتی بپرسین بۆچی و لەبەر چی وا دەکەن؟! لێرەدا نامانەوێ لەسەر شاخ و باڵی خاوەنی سەرەکیی ئاڵۆزکاری و پشێوییەکانی ـ محەرەم ـ بڕۆین, بەڵام ناشتوانین ئەو ڕاستییە بەرجەستە نەکەینەوە کە( ئەو بۆنە ئاڵۆزکاوە, هەر هەزار ساڵێکە کە وەکوو ـ بیدعە ـ یەکی نامەشرووع و بێ جێ و بێ ناوەڕۆک هێنراوەو خزێنراوەتە ناو کەلەپووری نەتەوەیەکەوە, بەڵام خۆ نەورۆزی پیرۆز بە تەمەنێکی هەزاران ساڵە و بنەمایەکی ڕەسەنی ئینسانی و ئەفلاتونییەوە, خۆی بناغەی کلتوورو کەلەپوورو شارستانیەت و ڕۆشنبیریی ئەو نەتەوە مێژینەیەیە و گەلێ پیرۆزتر و مەزنتریشە لەوەی کە بخرێتە ژێر پەردەی ڕەشی ئاوەها تاریک ئەندێشییەکی هۆزی بێگانەو دوژمنەوە). خێڵی دەشتەکیی عەرەب لە سەردەمێکدا ڕووی هەڵماڵی و بە مەنتیقی وەحشیی شمشێرەوە هێرشی دڕندانەی کردە سەر ئێران و گەلانی ئێران, کە هەزاران ساڵ بوو نەورۆزیان کردبۆوە بنەمای پاراستنی پێناسەو کەسێتیی خۆیان و شەمشەمە کوێرەکانی دەشتی تاریکستانی جەهل و نەزانی لەو هێرشەیاندا بە خاپوور کردن و کوشت و بڕ و سووتاندن و بە تاڵان بردنی هەموو ئاسەوارو شوێنەوارێکی زیندوێتی و سەروەریی نەتەوەکان ویستیان ئەو بنەمای پێناسەیەیان بسڕنەوەو گەرچی بۆ زیاتر لە دوو سەدەش

توانییان بە هەوری چڵکن و نەزۆکی نەزانی پێش بە هەتاوی بیر و ئەندێشەی ئینسانیی ئەو گەلە بگرن بەڵام سەرەنجام ڕاستی بەسەر درۆدا سەرکەوت و بووکی نەورۆز سەری هەڵدایەوەو تەنیا ڕسوایی و سەرشۆڕی بە هێرشبەرانی تاقمی شەمشەمە کوێرە بڕا. لە هەمان کاتدا ئەو خێڵە دەشتەکییە وەکوو سۆزانییەک چەند ـ زوریەت ـ ی حەرامی خستنەوە و ئێستا دەبینین هەمان ئەو زوِیەتە حەرامیانەن پێگەیەنراون و نیازیان وایە درێژەی هێرشە کوێرانەکەی ڕابردووی باپیران و دایکی سۆزانییان بگەیەننە ئەنجام و خیانەتێک کە ئەوان بە ـ شمێر ـ پێیان نەکرا, ئەمان بە ـ قامچی ـ بیکەن. ئەوەتا ڕۆڵە حەرامییەکانی ئەو سۆزانییەی جاران واتە عەلی خامنەیی و دیکەی شەمشەمە کوێرەکانی دەوروبەری ئەو شاڵاوە نوێیەیان دەست پێکردووە و قۆڵیان بۆ بە تاڵان بردنی سیمبولی هەبوونی نەتەوەیەکی دەیان هەزار ساڵە هەڵماڵیوەو نەورۆزیان لێ حەرام دەکەن! لە بەرامبەری ئەو شاڵاوە کوێر و قرِ کەرانەیەی ئەو تاقمە ڕەش ئەندێش و کۆنە پەرستەدا ئەرکێکی گران و کاریگەرو مێژوویی دەکەوێتە سەر شانی هەر هەموو گەلانی ئازادیخوازی سەر بە شارستانەتی ئێرانی دێرین و لە سەرووی هەمووشیانەوە وەک بنەمای ڕەگەزیان نەتەوەی کورد کە ئەویش گەشە پێدانی هەرچی زۆرترو هەمە لایەنەتری فەلسەفەی زیندووی نەورۆز و بەگوڕو تین تر کردنی گێڕانی جێژن و شایی و هەڵکردنی ئاگری لە نێو بەری شەو پەرستی و شەکانەوەی ئاڵای پیرۆزی ئینسانی و ئازادیخوازییە کە بە هەموویانەوە, یەکریز و یەکدەنگ بە (مەشعەلی هەمیشە ڕووناکی ئاگری نەورۆزی دێرین و پیرۆز) وڵامێکی ڕسوا کەرانەو بەرهەڵستکارانەی ئەو شاڵاوە دوژمنانەیە بدەنەوەو بیسەلمێنن کە: (( ئێمە ڕۆڵەی میدیا و کەیخەسرەوین... دینمان ئاییمانە نیشتمان.../ نەورۆز جێژنی سەربەستی و ڕەمزی ـ بوون ـ مانەو هیچ ڕەشەبایەکی تاریکستانی بیابانەکان ناتوانێ گڕە ژیانبەخشەکەی بکوژێنێتەوەو ئێمەش تا هەتایە ئەو (مەشعەل)ی پیرۆزەی ڕەمزی سەرهەڵدان و خۆیبوونمان لە دەستدایەو وەک نمادی سەربەستی و پێناسەی ئینسانیی خۆمان دەیپارێزین)).

بژی ڕاستی و ڕووناکی / بمرێ درۆ و تاریکی و شەو پەرستی.

تێبینـــی:

ئەم بابەتە بە هەندێ دەسکاری و کورت کردنەوە(ئەویش لە ترسی شمشێری ئیسلامی!) لە لاپەڕە(٥)ی ژمارە(١٢٠)ی ڕۆژی ١ / ٤ / ٢٠٠٢ی هەفتەنامەی (میدیا) لە هەولێردا بڵاو کرایەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی روانگەی ئەدەب / ڕێکەوتی : ١٤ی مارچی ٢٠١٠

# نەورۆز و بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر ئەم جەژنە!

سورکێو زەکی

سەرەتا

نەورۆز یان نەڤرۆز بە واتای رۆژی نەو یان نوێ دێت کە بە یەکەم رۆژی سەری ساڵ دێتە ئەژمار و لە کوردستان و گەلێک وڵاتی دیکە بە جەژنێکی نەتەوەیی ناسراوە و هەڵگری دابو نەریتێکی کۆنی بەهاریی تایبەت بەخۆیەتی. خەڵکی کورد بە گشتیی یەکەم رۆژی مانگی خاکەلێوە و یەکەم رۆژی وەرزی بەهار بە نەورۆز دەناسن و وشەی نەورۆز لە مێشکی هەر تاکێک دا بەر لە هەموو مانایەک، وەبیرهێنەرەوەی بەهار و جەژن و سەوزایی و خۆشییە.



بەر لەهاتنی بەهار و جەژنی نەورۆز ، نەتەوەکانی کورد، فارس و چەند نەتەوەیەکیتر لە وڵاتەکانی کوردستان، ئێران، ئێراق، سوریە، تورکیە، ئەفغانستان، تاجیکستان، ئەرمەنستان و سەرجەم ئەم وڵاتانەی کە کورد و نەتەوەکانی ئاوارەی ئەم وڵاتانەیان لێدەژییت، خۆیان بۆ بەرێوەبردنی رێ و رەسمەکانی نەورۆز ئامادە دەکەن و هەر نەتەوەوەیەک لەم رۆژەدا بەپێی ئەو دابو نەریتانەی کە پشت بە پشت وەریگرتووە یان خۆی پێیەوە زیادکردووە، ئاهەنگی بۆ دەگێرێت و پیرۆزی دەکات.

لە ڕاستیدا لەسەر چۆنییەتی هاتنە ئاراو سەرهەڵدانی نەورۆز ، زانیاریی متمانە پێکراو زۆر کەمن و بەتایبەتیی لەسەر مێژووی سەرەتایی ئەم جەژنە، بیرو بۆچوونی زۆر جیاواز و لێک دوور هەنە کە لێکۆڵینەوەکان دەری دەخەن کە هەر نەتەوەو پاشاو دەوڵەتێکی دەوروبەری کوردستان و بەتایبەتی پاشاکانی ئێرانی ، بەو پێیە کە زانیویانە ئەم جەژنە وەک کولتوورێک لەناو دڵی کۆمەڵگادا جێگیر بووە، ویستوویانە شتێک لەم رۆژە بۆخۆیان هەڵکرێنن و خۆیانی بەشێوەیەک لە شێوەکان پێوە بلکێنن و ئەفسانەیەک لەسەر گەورەیی و بەناوبانگی و سەرچاوەگرتنی ئەژداد و تیرەو تۆوی خۆیانی لە قووڵایی مێژوودا بۆ بڕازێننەوەو بەقەولی خۆیان ئەسڵی نەسەبی خۆیانی پێ بسەلمێنن.

بۆ زانیین و هەڵسەنگاندنی بۆچوونە جیاوازەکان لەسەر نەورۆز، بچووکتان چەند کتێب و مەقالەیەکم بە کوردی و فارسی لەسەر ئەم بابەتە خوێندۆتەوە و لەوانەش بەشێک لە کتێبی ئاسارولباقییە ( آثارالباقیة ، ی ئەبوریحانی بیرونی)، چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز(ی مامۆستا هێمن)، زەرتەشت (ی عەبدوڵڵا قەرەداغی)، مێژووی ناسینی پێغەمبەران (ی د. ع. شەریعەتی) و چەند بابەتێکیش بە زمانی فارسی کە بۆ ماندوونەبوونی زۆری خوێنەران هەوڵدەدەم شتەکان کورت بکەمەوە و لەناوەرۆکی بابەتەکەدا بەکورتی ڕای منیشی تێدا بەدی دەکرێت. بۆ ڕەوانبوونی ناوەرۆکی بابەتەکە و بەهۆی قورسبوون و زۆربوونی ناوی ژمارەیەکی زۆر لە مێژوونووسان و بەشێکی زۆر لەوکەسانەی ڕایان لەسەر نەورۆز دەربریوە، من لەناوهێنانی هەموویان خۆم پاراستووە و لەم شوێنانەدا

کە دەیان مێژووزان و لێکۆڵەر بۆچوونێکی هاوبەشیان هەبووە تەنیا نووسیومە بەشێک لە مێژوونووسان ئەم ڕایەیان هەیە یان شتێکی لەم چەشنە کە ئەگەر خوێنەرێک حەزی لێیە ناوی ئەم کەسانە بزانێت دەتوانێت لەم کتێبانەی کە ناویان برا بیان دۆزێتەوە.

ئامانجی من لەم نووسینە تەنیا لێکۆڵینەوە، زیاتر لێحاڵیبوون و زانیاریی زیاتر لەسەر ئەم جەژنە و هەروەها هەڵسەنگاندنێکی کورت بووە و هەوڵم داوە شتەکان بەبێ هیچ لاگرتنێک باس بکەم و زانیارییەکی گشتیی بدەم بەم خوێنەرانەش کە حەز دەکەن لەم بارەوە زیاتر بزانن. هەروەها ئەوە بەم مانایە نییە کە بۆچوونیتر لەبارەی نەورۆزدا بوونی نییە یان بۆچوونی کەسانیتر وێچووتر نەبێت. هەرکەسێکیش زانیاریی باشتری هەیە لەسەر ئەم بابەتە و شتیتری خوێندۆتەوە، با باسی بکات و من و خوێنەرانیشی زیاتر لێ ئاگادار بکاتەوە هەتا پڕبەدڵ سپاسی بکەیین.

دوو پرسیاری سەرکی کە پێویستە خوێنەر لە ناوەرۆکی ئەم بابەتەدا بیاندۆزێتەوە ئەوانەن:

یەکەم ڕای مێژوو نووسان و لێکۆڵەرەکان لەسەر نەورۆز چییە؟
دووهەم نەورۆز چییە و چ کەڵکێکی بۆ کورد هەیە؟

ڕای مێژوونووسان و لێکۆڵەرەکان لەسەر نەورۆز (بە کورتی)

بەشێکی زۆر لە نووسراوەکان لەسەر چۆنییەتی پەیدابوونی نەورۆز، ئاماژە بە یەکێک لەم خاڵانەی خوارەوەدەکەن :

بەشێک لە مێژووناسان لەسەر ئەو باوەڕەن کە گۆڕانی وەرز و ئاووهەوا لەناو مرۆڤ و نەتەوەکانی چاخە سەرەتاکان یان بەر لەمێژووی نەتەوەکانی سەقامگیربوو لە کوردستان و دەوروبەری کە لەم ناوەشدا زۆرتر ناوی بابل دەهێندرێت، بۆتە سەرچاوەی پەیدابوونی نەورۆز. بەشێکیتریان زۆرتر مەڕدار و ئاژەڵداریی و وەرزێر یان جووتیار بوونی گەلانی دەوروبەر و بەتایبەتیی خەڵکی نێوانی ڕووبارەکانی دیجلە و فەرات (فورات) وەک ئیلامی یان عیلامی ، کاسی، گوتی، ئورارتۆ، میتانی و نەتەوەکانیتری ئەم ناوچەیە(ی بەر لە هاتنی ئارياييەکان بۆ ئەم شوێنەی ئێستێ پێی دەوترێ کوردستان) بە سەرچاوەی نەورۆز دەزانن و لەڕاستییدا ئاریاییەکان بە میراتگری ئەم نەریتە دەزانن. بەشێکیش لە لێکۆڵەرەکان خودی ئارياييەکان بە دامەزرێنەری نەورۆز دەژمێرن و تەنانەت چەند نەتەوەیەکیش لەم نەتەوانەی ناویان برا، بە ئاریایی دەزانن.

هەندێک لە لێکۆڵەرەکان ڕای گشتیی دووپات دەکەنەوەو دەڵێن نەورۆز ڕۆژێکە کە لەم ڕۆژەدا کاوەی ئاسنگەر کە مرۆڤێکی ئازادیخواز و لایەنگری چینی هەژار بووە، ( و کوردەکان بەکوردی دەزانن و هەندێ لە ڕۆشنبیرانی کوردیش گومانییان لە ڕاستبوونی ئەم بۆچوونە هەیە) لە زەحاکی خوێنخۆر و زۆردار ڕاپەڕیوە و بەسەر زەحاکدا سەرکەوتووە وکۆتایی بە دەسەڵاتی زۆرداریی هێناوە و لەئەنجامدا خەڵک ئەم ڕۆژەیان کردووە بە جەژن و ناویان ناوە نەورۆز واتا ڕۆژێک یان سەرەتایەکی نەو. لە هەمانکاتدا بەشێک لە

مێژوو نووسان ئەو شتە ڕەت دەکەنەوە وێڕای بە ئەفسانە زانینی زەحاک و مارەکانی سەرشانیی، نەورۆز زۆر بە کۆنتر لەم ئەفسانەیە دەزانن.

هەندێکیتر بە جەژنێکی مەزهەبی بەر لە زەردەشتییەکان و ئارياييەکانی دەزانن و لایان وایە کە زەردەشتییەکان میراتگری ئەم نەریتەن لە کەسانی بەر لەخۆیان. بەڵام بە ڕای کەسانێکیتر بەهۆی گرنگی ئاگر لە ئایینی زەردەشتدا ئەوان بە جەژنێکی ئایینی زەردەشتی دەزانن کە لایان وایە چۆنییەتی بەڕێوەچوونی ڕێوڕەسمی ئەم جەژنە زۆر لە هی ئەورۆ جیاواز بووە و هەتا گەیشتۆتە ئەم سەردەمەی ئێمە بەم شێوەیەی کە هەیە گۆڕانکاری بەسەردا هاتووە.

لە ئاوێستای دەورانی زەردەشت دا ئاماژەیەک بە سەرچاوەی پەیدابوونی نەورۆز نەکراوە. بەم پێیە کە بە وتەی مێژووناسان بەشێکی زۆری ئاوێستا لە کاتی هێرشی ئەسکەندەردا لەناوچووە (و هەندێکیش باوەڕیان وایە کە هەمووی لەناو چووە) و تەنیا لە بەشی وەندیداد یان وێدیودات دا کە تەنانەت ئەو بەشەسی بە وتەی عەلی شەریعەتی "لەدەورانی ساسانییەکاندا نووسراوەتەوە نەوەک نووسراوە یان بۆچوونەکانی زەردەشت بووبێت و بەهۆی ئەوەکە لەباری مێژووییەوە نێوانێکی زەمانی زۆر دووری لەگەڵ زەردەشت دا هەیە و هیچ پێوەندییەکی ڕاستەوخۆی بە زەردەشتەوە نەبووە،" لەوێدا بەڕێوەبردنی ڕێو ڕەسمی نەورۆز بە کارێکی پیرۆز ناسراوە، بەڵام ئاماژەیەک بە سەرچاوەی پەیدابوونی نەورۆز نەکراوە.

بەشێک لە مێژووناسان دەڵێن کە زەردەشتییەکان و تەنانەت ئارياييە کۆنەکان لەسەر ئەم باوەڕە بوونە کە هەموو ساڵێک لە دە ڕۆژی کۆتایی ساڵدا رووح یان گیانە پاکەکان( کە بە فەراوەشی یان فرووهەر ناو دەبرێن و پارێزەری فریشتەکانن) دەگەڕێنەوە سەر دونیای ماددی و سەردانی کەسوکاریان لەسەر زەویدا دەکەن. هەر بۆیەش زەردەشتییەکان لە کۆتایی ساڵدا و لەسەرەتای ساڵی نوێدا ئاگر هەڵدەکەن و خوانی حەوت سین دادەنێن و لەدەوری دادەنیشن. بەم پێیە باوەڕمەندانی ئەم ئایینە چەند ڕۆژێک بەر لە هاتنەوەی کەسوکارەکانیان( واتە بەر لە گەڕانەوەی مردووەکان) و بەر لە هاتنی نەورۆز دەستیان دەکرد بە خاوێن کردنەوەو تەکاندنی کەلوپەلی ناو ماڵ و پاشان بە جل و بەرگی نوێوە سەردانی گۆڕستانەکانیان دەکرد و پاشان بە هەڵکردنی ئاگر لە پشتی سەربانەکانیان لەسەری ساڵدا پێشوازییان لە مردووکانیان دەکرد و خواردەمەنییان بۆ مردووە گەڕاوەکان لە دەوری ئاگرەکە دادەنا. ئەم ئاگرەش هەتا تاریکایی بەسەر چووە هەر ئایساوە بۆ ئەوەی مردووەکان لە تاریکییدا نەبن. گۆیا ئەو ڕێوڕەسمە هەمان شتە کە بە جەژنی سووری ناسراوە و سەرچاوەی سەرەکی ئەم ڕێوڕەسمەیە کە ئەمڕۆکە بە چوارشەممە سووری دەناسرێت و ئێستاکە تەنیا لە ئاخیر چوارشەممەی کۆتایی ساڵدا ڕێوڕەسمی بازدان بەسەر ئاگردا بەڕێوە دەچێت لەگەڵ هەندێ شت کە ساڵانە وردە وردە لێی زیاد دەکرێت یان گۆڕانکاری بەسەر دادێت.

دەگوترێت کە لە سەردەمەکانی پێشووتردا ڕێو ڕەسمی چوارشەممە سووری چەند ڕۆژ بووە و تەنیا تایبەت بە ڕۆژی چوارشەممە نەبووە. بۆ وێنە دووەترێت کە لە دەورەی ساسانییەکاندا خەڵک ١٠ ڕۆژی ئاخیری ساڵیان جەژن گرتووە بەڵام زەردەشتیەکانی ئەم سەردەمە ڕۆژی ٦ی خاکەلێوە بە ڕۆژی نەورۆزی گەورە ناوزەد دەکەن و هەروەها بە ڕۆژی لەداییکبوونی زەردەشتیشی دەزانن.

بە پێچەوانەی ئەوانەش کەسانێکیش هەن کە دەڵێن نەورۆز دەگەڕێتەوە سەر مێژووی شاهەنشاکانی کۆنی ئێرانیی و بۆ وێنە دەڵێن کە جەمشید شا کە یەکێک لە پاشاکانی دەورەی پیشدادییەکان بووە، لەم ڕۆژەدا بووە بە پاشا و ڕێ و ڕەسمی تاج لەسەرنانی بەڕێوە بردوە و ناوی ئەم ڕۆژەی ناوە نەورۆز. لەهەمان کاتدا هەندێکیتر لە شاهەنشاهییەکان دەڵێن کە جەمشید پاشا لەم ڕۆژەدا ئاگری دیتۆتەوە و پێشکەشی خەڵکی کردووە. کەسانییتریش هەن کە ئەم باوەڕانە ڕەت دەکەنەوە و دەڵێن کە جەمشید شا تەنیا ویستوویەتی لەم ڕۆژەو بۆنەیە بۆ بەرژەوەندیی خۆی کەڵک وەرگرێت و پرو پاگەندەی پێوە کردووە و خەڵکی پێ هەڵخەڵەتاندوە تا خەڵک پەیمانی وەفاداری لەگەڵ ببەستن. کەسانێکیش هەن کە هەمووی ئەم شتانە لەسەر جەمشید پاشا ڕەت دەکەنەوە و تەنانەت لەم بارەیەوە دەڵێن کە ژیانی ئەم پاشایە لە ئەفسانە بەدەر نییە و بەسەرهاتەکانی زۆر خەیاڵین و سەردەمەکەشی کە بۆی هەڵبەستراوە بەرلەچاخی مێژوو بووە.

هەندێک لە باوەڕمەندانی ئایینە کۆنەکانی ئێرانییش لەسەر ئەم باوەڕە بوونە کە لە ڕۆژی نەورۆزدا، خودای مەزن کاری ئافراندن و خەڵقکردنی جیهانی تەواو کردووە و لەم کاتەوە ناوی ئەم ڕۆژەیان ناوە نەورۆز.

ئەبو ریحانی بیرونی لە کتێبی ئاسارولباقییەدا لە زمانی سەلمانی فارسی یەوە دەڵێت، ئێمە لە زەمانی زەردەشتی بوونماندا لەسەر ئەم باوەڕە بووین کە خودای مەزن بۆ ڕازاندنەوەی بەندەکانی خۆی زبەرجەدی(بەردێکی گرانبەهایە) لە ڕۆژی مێهرەگاندا و یاقوتی لە نەورۆزدا بە مرۆڤ بەخشیین و گەورەیی ئەم دوو ڕۆژە لەچاو ڕۆژەکانیتر، وەک گەورەیی یاقووت و زبەرجەد لەچاو زێڕ و زێوەکانیتر وایە.

بۆچوونیتریش لەسەر نەورۆز بەکورتی ئاوان کە گۆیا لەم ڕۆژەدا کەسانێک ئاگریان دۆزیەوە و خەڵگ ئاگریان کردەوە و لەدەوری کۆ بوونەوە و ناوی ئەم ڕۆژەیان نا نەوروز واتا ڕۆژێکی نەو یان سەرەتایەکی نەو. هەندێک لە شیعەکانیش لەسەر ئەم باوەڕەن کە عەلی کوڕی ئەبوتالب لەم ڕۆژەدا لەدایک بووە. ( بۆ ئەم هەموو بۆچوونە جیاواز و لێک دووره عەرەب گوتەنیی وەڵڵا هو ئەعلەم!)

مامۆستا و شاعیری کورد، هێمنی موکوریانییش لەسەر ئەم باوەڕەبوو کە هاتنە ئارای نەورۆز پێوەندی بە ئابورییەوە هەبووە. مامۆستا هێمن لە چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگزدا دەڵێت " ئەو گەلانەی کە( چەند هەزارساڵ بەر لە ئێستا) لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەریەکەو بۆلایەک ڕۆیشتن، هەموویان شوانە وێڵەو مەڕدار بوون و ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێن شیرین و بەستەزمانە کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە دابین کردووە، ڕوونتر بڵێم خۆراکیان لە شیر و پۆشاکیان لە خوری ئەم حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیان ویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بەدوای هەوار و لەوەڕگەدا وێڵ بوون و گەڕاون و ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێی گەڕێ، کورد هەر کەیفی لە شوانەتییە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداریی دەناڵێ. ئێستا هەرچەند بەداخەوە مەڕداری لە کوردستان زۆر کەم بۆتەوە و مەڕدارەکان کاتی بەران تێبەردانیان گۆڕیوە بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە و هەرکەس کرتکە مەڕێکی هەبێت، ئەو ڕۆژە بەران دەبەر مەڕ دەکات، میوانداریی لە جیرانان دەکا، مێوژ و خورماو شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش  بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکات، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە ناو مێگەل. بەڵام زۆر دوور نییە هەر بە بیری من مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی مێهر بەرانیان دەبەر مەڕ کردووە و جێژنی مێهرەگانیان بۆ گرتووە، دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە مێهرجان و بە هەموو ڕۆژێکی خۆش دەڵێن میهرجان. "

مامۆستا هێمن لە درێژەی باسەکەدا دەڵێت " مەڕ بە ٥ مانگ دەزێ و پێشینییان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسیی بەراویشتنی کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن بێڵن دانا ، پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییز و سێ مانگ زستان دەکاتە ٥ مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهاردا زەنی مەڕ دێ و جەژنی هەرە گەورەی مەڕدارە. هەروەها بەرخی مەستەشیر پاشی ١٣ ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەربکرێت و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ . ئەوەش سێزدەبەدەرەکەمان". (مامۆستای نەمر هێمن)

## نەورۆز چییە و چ کەڵکێکی بۆ کورد هەیە؟

هەروەک لەسەرەتای باسەکەدا هاتبوو، بیروڕاکان لەسەر نەورۆز و چۆنییەتی و هۆکاری هاتنە ئارای ئەم ڕۆژە لەلایەک زۆرن و لەلایەکیتریش زۆر لێک دوورن. دیارە جگە لەوانەی کە باسیان لێکرا بۆچوونیتریش لەمەڕ نەورۆز هەن کە زۆر شایانی باسکردن نیین و لێرەدا پاش بیستنی ئەم بۆچوونە جیاوازانە کە بەشێکی زۆریان جێی تێڕامانن، پێویستە کامە بۆچوون قەبووڵ بکەیین و ئەگەر یەکێک لێمان بپرسێ نەورۆز چییە دەبێ لە وڵامدا ئاماژە بەکام بۆچوون بکەیین؟ لێرەدا لەوانەیە ڕەتکردنەوەی هەندێک لەبۆچوونەکان بۆ وێنەی ئەوەی لەسەر پاشاکان وتراوە زۆر سەخت نەبێ بەڵام بەگشتیی بەڕاستزانینی یەکێک لە بۆچوونەکانیش بۆ وڵامی ئەم پرسیارە زۆر هاسان نییە و بەڕای من پێویستی بە لێکۆڵینەوەیەکی پسپۆڕانەی زۆر زیاتر لەوەیکە تا ئێستا کراوە هەیە و مرۆڤ تەنیا دەتوانێ بۆ وێنە بڵێت بۆچوونەکەی مامۆستا هێمن وێچووترە.




بەڵام سەرەڕای هەمووی ئەم جیاوازییانە ئەگەر یەکێک لەمن بپرسێت نەورۆز چییە یان چ ڕۆژێکە؟ من دەڵێم نەورۆز ڕۆژی نوێ، ڕۆژی سەرەتای ساڵ و سەرەتای ژیینەوەی سروشتە بە گشتیی و سەرتای هەر شتێکیش ئەم شتەیە نوێیە و ئەگەر پێوەندیی بە زەمان و کات و ساڵەوە هەبێت ئەوە نەوڕۆژ، ڕۆژێکی نەو یان نەورۆزە و تەواو. ئەوەیکە خەڵکیش لە کەونە زەماندا لەبەر ئەوەیکە سەرەتای ساڵ و بەتایبەتیش سەر لە ئێواران سەرما هەر دەمێنێ و خەڵکیش سەر لەئێواران کە لە کار و تاقەتکردنی مەڕ و ماڵات بوونەتەوە و بەتایبەتیش لە سەرەتای ساڵی نوێ لێک کۆ بوونەتەوە و بۆ گەرمکردنەوەی خۆیان ئاگریان کردۆتەوە و لەدەوری ڕاوەستاون و قسەی خۆشیان پێکەوە کردووە بە دڵێکی زۆر ساکار و بەبێ هیچ ئاسمان و ڕیسمانێک باسی مەڕ و ماڵات و ژیانی خۆیانیان کردووە پاشان ئەم شتە هەموو ساڵێک دووپات کراوەتەوە و هێدی هێدی کردوویانە بە نەریتێک و بەبێ ئەوەی بزانن پاشا و لێکۆڵەر و



مێژوونووسیان لێپەیدادەبن بۆیان بۆتە نەریتێکی سالأنە. پاشان پاشا و دەروێش کە زانیویانە شتەکە لە دڵی خەڵکدا جێگیر بووە، هەرکەسەی لەبەرژەوندیی خۆیدا ویستوویە شتێکی بۆ هەڵبەستێ و بیکات بە هی خۆی.

لێرەدا گرینگ ئەوەیە کە بزانین گرینگیی نەورۆز بۆ ئێمەی کورد لەچیدایە. بە بڕوای من گرینگیی نەورۆز بۆ ئێمە زۆرتر لە بەکارهێنانی نەورۆز دایە وەک بۆنەیەکی جەماوەریی بۆ ڕێکخستنی گەل چ لە شێوەی سەرهەڵدان و چ لە شێوەی هێنانەگۆڕی دێموکراتییانەی باسی مافی یەکسان لەگەڵ دەوروبەری خۆماندا. کەوابوو نەورۆز بۆ ئێمە بەڕاستی گرینگە. نەورۆز بریتییە لە هاتنەگۆڕی باسی ژیان و ژینەوە لە تێئوریداو وەجۆشخستن و وەبیرهێنانەوەی مافی ژیان و یەکسانیی و سەلماندن و پێشاندانی هەبوون لە پڕاکتیکدا. نەورۆز یانی ژیانەوەی سروشت، سەوزایی و گەش بوونەوەی وڵات، دڵخۆشیی گەل، گەڕانەوەی تین و هەتاو و بەسەرچوونی سەرماو سۆڵە و پاشگوێخستنی نەهامەتییەکان و بەئەزموونکردنیان بۆ داهاتوو. کە واتە لەکاتی دڵخۆشییەکاندا، تین و وزە بۆ خرۆشان، بەگوڕبوونی تواناکان بۆ بەرگریی، هەروەها سەرنجپێدانی بیر و هۆشەکان بۆ هۆشیاربوونەوە زیاتر و ئامادەترن و بەم پێیەش کە گەلی مافخوراو و دابەشکراوی کورد  بۆ ڕزگاریی خۆی زیاتر لەهەموو نەتەوەیەکیتر پێویستیی بە یەکڕیزیی و یەکگرتوویی هەیە، دەتوانیین لە ڕۆژی نەورۆز چ وەک ڕۆژی سەرەتای ساڵ و چ وەک جەژنێکی نەتەوەیی، بەبێ ئەوەیکە ئەفسانەسازی بۆ بکەیین و شتی ناڕاست دەرخوواردی نەوەکانی داهاتوومان بدەیین، وەک یەکێک لە سومبولەکانی یەکگرتن( هەروەک چۆن ئێستا لە باکوری کوردستان ئەم ڕۆژە کراوە بە ڕەمزی بەرخۆدان و چالاکیی جەماوەریی کە ئەوە لەهەمووشتێک بۆ ئێمە بەنرختر و گرنگترە) سەیری ئەم ڕۆژە بکەین و کەڵکی لێوەرگرین .

لەکۆتاییدا لە سەر مێژووی نەورۆزلە ڕووانگەی منەوە، چ سەرچاوەی نەورۆز هاتنی بەهار و زیندوبوونەوەی سرووشت یان خود تەواوبوونی کاری خیلقەت بوویێت، چ باوەڕمان بە شۆڕشی کاوەی ئاسنگەرو ڕووخانی کۆشکی زەحاک و تێکشکانی زوڵم و زۆرداریی یان دیتنەوەی ئاگر یان خود بە ڕۆژی لە داییکبوونی پێغەمبەرێک یان گەورەپیاوێکی بزانین یان ئەم ڕۆژە لە ئایینێکی دێرینی خەڵکی کوردستان و تەنانەت بەر لە مێژووشەوە سەرچاوەی گرتبێت، یان بە قەولی مامۆستای خوالێخۆشبو هێمنی موکریانی سەرچاوەی نەورۆز پێوەندیی بە ئابووری خەڵکی ئەم ناوچانەوە بوویێت، ئەوەی لە هەموو




شتێک ڕوونترە ئەوەیە کە ڕۆژی نەورۆز لەلای خەڵکی ئێمە ڕۆژێکی خۆش و خۆشەویستە و ئەم گەلەش کە هەموو ڕۆژێکی خۆشی لێ ئەستێندراوە و تەنیا بەشیی لە ژیان، ژێرچەپۆکەیی و چەوسانەوە بووە، لەم ڕۆژەدا دڵشادن و بەگشتیی بەهۆی هاتنەوەی بەهار و سەوزایی و زاڵبوونی هەتاو و تیین بەسەر سەرما و سۆڵەدا دڵیان شادە و پێویستە ئێمەش بە شادی نەتەوە و سەوزایی نیشتمانی خۆمان شاد بین و نەورۆز و ساڵی تازە لە هەموو نەتەوەی کورد و سەرجەم نەتەوەکانیتریش کە نەورۆز جەژن دەگرن پیرۆز بکەیین و ئاواتمان ئەوەبێت کە ساڵی تازە، ساڵی لێک نزیبکوونەوەو لێبوردەیی و یەکێتیی و برایەتی و قاییمکردنی ڕیزەکانی گەلەکەمان، ساڵی هەوڵدان بۆ وەلانانی بەرژەوەندییە تەسکەکان بۆ وەدەستهێنانی دەسکەوتی بەنرخ و تێکشکانی کۆشکی زۆرداران بێت.

هەر لە شادی و خۆشیدا بن و ساڵی تازە لەهەمووتان پیرۆز بێت.

سەرچاوەکان:

* زەرتەشت ( عەبدوڵلا قەرەداغی)
* ئاسارولباقییە یان آثارالباقیة ( ی ئەبو ڕیحانی بیرونی)
* چەپکێ گوڵ چەپکێ نێرگز( مامۆستا هێمن)
* مێژووی ناسینی پێغەمبەران ( تاریخ شناخت ادیان د. علی شریعتی)
* هەندێک نووسراوەی بەربڵاو لەسەر نەورۆز بە فارسی

و

هەڵسەنگاندن و بۆچوونەکانی سوورکێو زەکی / سوئێد

٢٦ / ١٢ / ١٣٨٥ی هەتاویی / پێداچوونەوەو چاکسازیی بابەت ٢٩ ڕەشەمەی ١٣٨٧ی هەتاویی

سەرچاوە : وێبلاگی سورکێو زەکی / ڕێکەوتی : ١٩ی مارچی ٢٠٠٩

# نەورۆز هێمای یەکگرتوویی کورد

جەمال نەجاری



هەر نەتەوەیەک خاوەنی داب و نەریتی و بۆنەی نەتەوەیی تایبەت بە خۆیەتی و بەم داب و نەریت و بۆنانە بانگەشە بۆ رەسەنایەتی خۆی دەکات، نەتەوەی کوردیش خاوەنی کلتووری خۆیەتی کە جیاوازی دەکاتەوە لە نەتەوەکانی دەوروبەری و لە هەمان کاتیشدا خاوەنی بۆنەیەکی نەتەوەییە کە ئەویش نەورۆزە.
نەورۆز کە بە کۆتایی هاتنی ساڵ ودەستپێکی ساڵی نوێ دەگوترێ و دەبێتە یەکەم رۆژی بەهار هەموو ساڵێ لە ٢١ ئادار کوردستانیان ئەم بۆنە نەتەوەییە لە هەر چوار پارچەی کوردستان بەرز و پیرۆز رادەگرن.

نەتەوەکانی دەوروبەریشمان وەک فارس و تورک و چەند وڵاتێکی تر هەموو ساڵێ ئەم بۆنەیە وەک سەرەتای ساڵی نوێ جەژن دەگرن، بەڵام ئەم بایەخەی کە نەورۆز لای کورد هەیەتی لای هیچ کام لە نەتەوەکانیتر نییە.

نەتەوەی کورد هەر لە دێر زەمانەوە بە هۆی هەلومەرجی سیاسی و جوغرافی و مێژوویی بایەخیان بەم بۆنەیە داوە و بۆتە هێمایەک لە رەسەنایەتی نەتەوەی کورد و بە کردنەوەی ئاگر و بەرێوەچوونی جەژن و شادمانی ئەم یادەیان بەرز راگرتووە و نەیانهێشتووە زوڵم و ستەمی داگیرکەران ئەم بۆنەیە لە مێشکی تاکی کورد بسڕنەوە و لە پاش ٢٧٠٠ ساڵ کورد هێشتا نەورۆز بەرز رادەگرێت.

ئەمرۆکە باشووری کوردستان لە دەستی داگیرکەر رزگاری بووە و ئەم بەشەی کوردستان ئەمرۆ حوکمی خۆی دەکات و مانگی ئاداریش کە مانگی راپەرین و رزگارییە و لە ٥ی ئادار رێ و رەسمی یادی راپەرین لە سەرجەم شارو شارۆچکەکان دەکرێتەوە و ٢١ی ئادار کە سەرەتای مانگی نەورۆزە ئەم شادمانیە دەگاتە لووتکە و دەسەلات و جەماوەری باشووری کوردستان ساڵانە ئەم بۆنەیە بەرز رادەگرن و نەورۆز بۆتە هێمایەکی زیندوو لە رەسەنایەتی نەتەوەی کورد لە باشوری کوردستان و لە ئازادییەکی تەواو دا ئەم بۆنەیە جەژن دەگرن. لە بەشەکانیتریش باکوور و رۆژهەلات و رۆژئاوای کوردستان کە لە بن دەستی داگیرکەر دایە کوردستانیان لە ژێر گوشارێکی زۆر(نەورۆز) بۆنەی نەتەوەیی خۆیان جەژن دەگرن و هەموو ساڵێ دوژمنانی کوردستان ئەم خۆشی و شادییەمان لێ دەکەن بە شیوەن و ئیزن نادەن خەڵک بە ئازادی ئەم بۆنەیە بەرز راگرن.

بە داخەوە پارچە پارچە بوونی کوردستان لە لایەن دوژمنانەوە وای لێکردووین کە هەر بەشەی کوردستان بکەوێتە ژێر کاریگەری دەسەڵاتی ناوەند و بە جۆرێک لە یەکتریمان جیاواز بکەنەوە، بەڵام بە خۆشییەوە نەورۆز ئەم هێمایەیە کە ئێمە هەموو کوردستانیان شانازی پێوە دەکەن ، با ئەم بۆنەیە بکەینە هێمای یەکگرتوویشمان و بە یەکەوە و بە جوانترین شێوە ئەم بۆنەیە جەژن بگرین و

بێتە سەرەتایەک بۆ رزگاری پارچەکانیتری کوردستان و بۆ ئەم مەبەستەش پێویستە تێکڕای پارتە سیاسییەکانی کوردستان باس لە بایەخ و گرنگی نەورۆز بکەن و لە پلاتفۆرمێکی هاوبەشدا نەورۆز بە هێمای یەکگرتویی کورد بزانن، ئەمرۆ دوژمنانی نەتەوەکەمان زیاتر لە جاران چاویان بریوەتە کوردستان و لەهەوڵی ئەوەدان شوێنەوارە دێرینەکانمان لە ناو بەرن و دەست بەسەر مێژووی چەندین هەزار ساڵەماندا بگرن و هێماکانی رەسەنایەتی نەتەوەکەمان لە نێو مێشکماندا بسڕنەوە، بۆیە پێویستە بە وریایی هەنگاو هەڵباوێین و خۆمان بۆ دوا رۆژی رووناک کە راگەیاندنی سەربەخۆیی کوردستانە ئامادە بکەین.

ئەم هەویرەش ئاو زۆر هەڵدەگرێ و ناچمە نێو ئەم بابەتە و دێمەوە ناو بابەتەکەی خۆم و دەڵێم بەرز راگرتنی ئەم بۆنەیە لە هەموو پارچەکان سەلمێنەری ئەو راستییەیەکە کورد یەک نەتەوە و دابەشکراوە و نەورۆزیش جەژنی رەسەنی کوردستانیانە و نابێ ئەمساڵ وەک ساڵانی رابردوو بەڕێوە بچێت، پێویستە دەسەڵاتی باشووری کوردستان زیاتر کار بکات بۆ ئەوەی لانیکەم ئەم بۆنەیە لێرە مانای خۆی پێ بدرێت و تێکرای پارتەسیاسییەکانی کوردستان نەورۆز بکەنە سەرەتای گفتگۆ و دیالۆگی نێوان خۆیان و چارەسەکردنی کێشەکان و بانگەشە بۆ ئازادی و یەکسانی و داوا کردنی مافی نەتەوەی کورد بکەن

سەرچاوە : ماڵپەڕی سەربەخۆ / ڕێکەوتی : ١٦ی مارچی ٢٠٠٩

# نەورۆز و چۆنیەتی سەرهەڵدانی. !

حامید گەوهەری

چۆنیەتی سەرهەڵدانی دیاردەی نەورۆز و مەبەست و ئامانجەکانی وەک مێژوو و بەسەرهاتی گەلانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و مێژووی نەتەوەی کورد بەتایبەتی ناڕوونە . هەتا ئێستا هیچ بەڵگەیەکی مێژوویی نییە کە نووسەر و لێکۆڵەری کورد و بیانی پشتی پێوە ببەستێت و بە ڕاشکاویی ئاماژەی بۆ بکات و هۆ و مەبەست و ئامانجەکانی و مێژووی سەرهەڵدانی ڕابگەیەنێت.



ئێرانییەکان بە ڕیزکردنی چەند ئەفسانەیەک ، نەورۆز بە "جەمشید"ەوە دەبەستنەوە ، بەبێ ئەوەی کە هیچ بەڵگەیەکیان لە فەرمانڕەوایی ئەو هەبێت و دەڵێن کوڕی "تەهمورەس" چوارەمین پاشای شەدادیان بووە. دوکتۆر "جەواد برومەند سەعید" لە دوا لێکۆڵینەوەی خۆیدا دەربارەی جەمشید، لە لاپەڕەی ۲۰۰ ی کتێبەکەیدا بە ناوی (نەورۆزی جەمشید) دەنووسێت:

* (کۆمەڵگەی مرۆڤایەتی بەرلە بەدەسەلات گەیشتنی جەمشید ، کۆمەڵگەیەکی دێوسالاریی بووە و دێوەکان حوکمیان بەسەر خەڵکدا کردووە و بەرهەمی ژیان و ڕەنجی ڕۆژانەی ئەوانیان تالان کردووە و خەڵکیان برسیی و ڕووت ڕاگرتووە.)

جەمشید کێ بوو ؟ کەی بەدەسەلات گەیشت ؟ چەند ساڵ لە حوکمدا مایەوە و کێ جێی گرتەوە ؟ ئەمانە پرسیارگەلێکن کە لە مێژووی ۲۵۰۰ ساڵەی پاشایەتی ئێران و ئەدەبیاتی فارسیدا ، هیچ وەڵامێکیان نەدراوەتەوە. لەبەر ئەوە بەشێک لە لێکۆڵەرە ئێرانییەکان ناچار بوون بۆ سەلماندنی ڕا و بۆچوونەکانیان ، پەنا بۆ شانامەی " ئەبولقاسم فیردەوسی ۳۲۵ - ۴۱۶ زایینی ، شاعیری سەردەمی پاشایەتی "سوڵتان مەحمودی غەزنەوی ۳۸۷ -۴۲۱ " بەستوە.

ئێمە ئەگەر بە وردی لە ئەفسانەی جەمشید بکۆڵینەوە ، بەو ئاکامە دەگەین کە بەستنەوەی نەورۆز بە جەمشید ، کاوە ، زوحاک و فەرەیدون ەوە لە مەبەستێکی تایبەتییەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە فیردەوسی بە قازانجی چینی دەرەبەگ و بۆ ڕازیکردنی پاشاکانی ئێران ، ئەو ئەفسانەیەی گەڵاڵە کردووە و خۆشی یەکێک بووە لە ئەندامانی ئەو چینە.

هەموو دەزانین کە دوای شکانی ئیمپراتۆریی ئاشور لە لایەن مادەکانەوە ، دەوڵەتی میدیا دامەزرا و مادەکان لە ۷۰۰ - ۵۵۰ ی پ. ز ، بۆ ماوەی ۱۴۵ ساڵ حوکمیان کردووە. بە شکانی "ئاستیاکس" دوا پاشای ماد کە ناوەندی دەوڵەتەکەی لە "ئەگباتانە - هەمەدان" بوو ، لە لایەن "کوروش هەخامەنشی"یەوە ، پارسەکان بەدەسەلات گەیشتن و دەوڵەتی پارسیان دامەزراند.

لە مێژووی کۆنی ئێراندا و لە سەردەمی زنجیرەی هەخامەنشی ، ئەسکەندەری مەکدۆنی ، سلوکی و ئەشکانییەکاندا ، هەتا دەگاتە دەسەلاتدارییەتی ساسانییەکان لە ساڵی ۲۲۶ ی زایینیدا کە ئەوانیش بە گوێرەی مێژووی ئێران ، کوردی هەرێمی کرماشان و

خانەقین بوون ، بەجێهێنانی داب و نەریتی نەورۆز تەشەنەی نەکردبووە ناو فەرهەنگ و کلتوری پارسەکانەوە و بۆ یەکەم جار ساسانییەکان نەورۆزیان کردە باو لە ئێراندا ، ئەویش نەک بەشێوەی ئەفسانەی کاوە ، زوحاک و ....تد کە فیردەوسی ٤٠٠ ساڵ دوای هەڵوەشانی زنجیرەی ساسانی نووسیویەتی، بەڵکو بە چەشنێک کە لە کۆمەڵگەی کوردەوارییدا باو بووە. دوکتۆر جەواد برومەند سەعید لە لاپەڕەی ٢٤٣ - ٢٤٤ ی نەورۆزی جەمشیددا دەنووسێت:

* (دوای جەمشید بە شێوەیەکی بەردەوام ئاماژە بۆ پیرۆزکردنی ڕێوڕەسمی نەورۆز لە سەردەمی پاشایەتی گەشتاسب ، بەهمەن و دارا ، واتە لە سەردەمی سەرهەڵدانی ئایینی زەردەشت دا نەکراوە و لەم بارەیەدا هیچ بەڵگەیەک بەدەستەوە نییە و لە سەردەمی ئەشکانییەکانیشدا باس لە پیرۆز کردنی نەورۆز نەکراوە. ئەوەی مرۆڤ دەتوانێت پشتی پێ ببەستێت و باسی لێوە بکات ، بەجێهێنانی نەورۆز لە سەردەمی ساسانییەکاندایە و ئەوان ڕێوڕەسمی نەورۆزیان بەجێهێناوە . بۆ ئەمەش چەند ڕۆژ بەرلە دەستپێکردنی نەورۆز ، بە دەهۆڵ و زورنا خەڵکیان ئاگادار کردووەتەوە کە دەرگای پاشا لە نەورۆزدا بۆ پێڕاگەیشتن بە داواکارییەکانی خەڵک کراوەیە. پاشاکان ساسانی ، ڕۆژی نەورۆز بە بەرگی ڕەسمیی لەسەر تەخت دادەنیشتن و خەڵک دەچوونە لایان و دیارییان بۆ دەبردن و داواکارییەکانیان پێڕادەگەیاندن. ساسانییەکان ٤١٦ ساڵ حوکمیان کرد و سەرئەنجام "یەزدگوردی سێیەم" دوا پاشای ساسانی ، بە دوای زنجیرە شەڕێکی دژوار ، لە لایەن عەرەبەکانەوە شکا و دەسەڵاتدارییەتی ئیسلام جێی گرتەوە.)

وەک دەزانین لە سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی عەرەبەکانیشدا ڕێوڕەسمی نەورۆز بەجێنەهاتووە . کە وابوو لەوە دەچێت فیردەوسی ڕاستییەکی مێژوویی سەردەمی دەسەڵاتدارییەتی کمبوجیە، بردیا و داریوشی کوڕی ویشتاسبی هەخامەنشی لە قالبی ئەفسانەیەکدا بە ناوی جەمشید ، زوحاک و کاوە گەلاڵە کردبێت . بۆ ڕوونکردنەوەی ئەم بابەتە ، پێویستە سەرەتا ئاماژەیەکی کورت بە ژیانی پاشاکانی هەخامەنشی بکەم .

کوروشی هەخامەنشی دوو کوڕی هەبووە بە ناوی "بردیا و کمبوجیە". دوای مردنی کوروش ، کمبوجیە کە بچووکتر بووە لە بردیا، جێی باوکی دەگرێتەوە . کمبوجیە بۆ داگیرکردنی وڵاتی میسر لەگەڵ فەرماندەکانی سوپا و لەشکری پارس هێرش دەکاتە سەر ئەو وڵاتە و لەوێ دەبێت کە بەگوێرەی مێژووی ئێران ، ئەندامێکی بارەگای پاشا بەناوی "گئومات" کودیتا دەکات و بردیای برای کمبوجیە دەکوژێت و دەسەڵاتی ئێران دەخاتە دەست خۆی. دوای تێپەڕبوونی ٧ - ٨ مانگ بەسەر ئەو ڕووداوەدا ، داریوش و لایەنگرانی دەچنە سەر گئومات و لەناوی دەبەن و داریوش دەبێتە شای ئێران. بەپێی مێژووی کۆنی ئێران ، داریوش بەو شێوەیە بە دەسەڵات گەیشتووە لە ئێراندا. بۆ زانیاریی پتر لە سەر ئەو ڕووداوە ، باشترە گوێ لە شاعیر و نووسەری ناوداری ئێرانی ئەحمەد شاملو بگرین. ناوبراو لە کۆنفرانسێکدا لەژێر ناوی "ئێران لە سەدەی بیستەمدا" کە بەهاری ساڵی ١٩٩٠ لە زانکۆی "برکلی سانفرانسیسکۆ" لە ئەمەریکا بەڕێوەی برد ، دەربارەی نەورۆز و ئەفسانەی کاوە و زوحاک گوتی:

* هەموو دیکتاتۆرەکان لەمەدا هاودەنگن کە مێژوو بە قازانجی خۆیان بگۆڕن. لە ئاکامی ئەو دەستێوەردان و گۆڕانکارییانەدا ، ئەمڕۆ ئێمە بە داخەوە شتێکمان بە ناوی مێژوو لە دەستدایە کە لە کۆمەڵێک درۆ و هەڵبەستراوی پروپووچ پێکهاتووە کە قەڵەمبەدەستە ماستاوکەرەکانی بارەگای پاشاکان ، لە سەردەمە جیاوازەکاندا کۆیان کردووەتەوە. نموونەی سەرنجڕاکێشی ئەو جۆرە

پێچەوانە پێشاندانانە ، داستانی فەریدون ، کاوە و زوحاکە. دەزانین کوروشی هەخامەنشی دوو کوڕی هەبووە بە ناوەکانی بردیا و

کمبوجیە. دوای مەرگی کوروش ، کمبوجیە بە هاودەنگیی فەرماندەکانی سوپا و کاربەدەستانی دەربار و گەورە پیاوانی ئایینی و بەگزادەکان ، جێی باوکی گرتەوە و چووە سەر تەختی پاشایەتی ئێران . هۆی ئەوەی کە بردیا جێی باوکی نەگرتەوە ، ئەوە بوو کە ناوبراو مرۆڤێکی عادل بوو. بۆ دەرخستنی ئەو ڕاستییە ، بەڵگەیەکی حاشاهەڵنەگری مێژوویمان بەدەستە. ئەو بەڵگەیە ، بەردە بزمارییەکانی "بێستون"ە کە بە فەرمانی داریوشی بە ڕەواڵەت قاتڵی "کنومات"ی داگیرکەر هەڵکەندراوە. من سەرەتا دێڕێکی ئەو بەردە بزمارییەتان بۆ دەخوێنمەوە: (من ، داریوش ، کێڵگە ، زەوی ، کەلوپەل و کۆیلەکانم گەڕاندەوە بۆ خەڵکی ئازا. من ، ئەو شتانەم گەڕاندەوە بۆ خاوەنەکانیان کە لە پارس و ماد و وڵاتانی تریان داگیرکردبوو.) ئەو خەڵکە ئازایە کێ بوون کە داریوش لە بەردە بزمارییەکانی بێستوندا ئاماژەیان بۆ دەکات ؟ تۆ بڵێی ئەوانە جودا لە کاربەدەستانی بارەگای داریوش ، فەرماندەکانی سوپا و بەگزادەکان بووبن ؟ داخوا ئەو کەسە کێ بوو کە موڵک و زەوی ، کەلوپەل و کۆیلەی بەگزادەکانی زەوت کردبوو کە داریوش سەرلەنوێ ئەوانی گەڕاندووەتەوە بۆ خاوەنەکانیان ؟ مەسەلەی ئەسڵیی ئەمەیە کە "کنوماتی مغی" هەرگیز بوونی نەبووە و ئەو کەسەی لە لایەن داریوش و لایەنگرانییەوە کوژراوە ، هەمان بردیا برا گەورەی کمبوجیە و کوڕی کۆرشی ئامۆزای بووە. بردیا لە نەبوونی کمبوجیە و چینی باڵا و بەگزادەکاندا کە لە میسر خەریکی دزیی و ڕاوڕوت بوون ، کەڵکیوەرگرتووە و دەسەڵاتی خستووەتە دەست خۆی و دوای ٧ - ٨ مانگ بەدەست داریوش و لایەنگرانی کوژراوە. بردیا هەرکە دەسەڵات دەخاتە دەست خۆی ، بەپەلە چەند کارێکی شۆڕشگێڕانەی کۆمەڵایەتی ئەنجام دەدات کە بۆ داریوش و بەگزادە پیلانگێڕەکانی دەوروبەری قبوڵ ناکرێت. "هیردۆت" مێژوونوسی یۆنانی ئاماژە بەو کارانە دەکات کە بردیا لەو ٧ - ٨ مانگەدا ئەنجامی داون و دەڵێت : (گەلێک ئیشی باش و خێرخوازانەی ئەنجامدا ، بۆیە مەرگی ئەو لە هەموو ئاسیای بچوکدا دەنگی دایەوە و بە تاوانێکی نەتەوەیی ناوبانگی دەرکرد و خەڵک بۆی خەمبار بوون. یەکێک لەو ئیشانەی ، بە وتەی هیردۆت بەخشینی سەربازیی کردنی زۆرەملێ و بەخشینی باجی گشتیی بوو بۆ ماوەی سێ ساڵ.) بەردە بزمارییەکانی بێستون ئەوە دەسەلمێنن کە مەسەلەکە زۆر لەوە قوڵترە کە باسی لێدەکەن. لە نووسراوی بێستوندا ناوی زەوی و کێڵگە و کەلوپەل دەبینرێت کە داریوش ئەوانی داوەتەوە بە بەگزادەکان و خەڵکی ئازا و فەرماندەکانی سوپا. کەوابوو دەردەکەوێت بردیا کۆیلەیەتی یاساخکردووە و تەنانەت موڵک و ماڵ و دارایی بنەماڵەکانی چینی باڵای زەوتکردووە و بەسەر چینی هەژاردا دابەشی کردوون و داریوش ئەوانی گەڕاندووەتەوە بۆ خەڵکی ئازا! هاوکات لەگەڵ ئەو کارانەی داریوش دا ، قەیرانێکی سامناک هەموو بوارەکانی کۆمەڵایەتی و ئابوریی وڵات دادەگرێت و کار دەگاتە جێیەک کە سێ ڕاپەرین بە ناوەکانی ڕاپەرینی "پرادا و فرورتیش و پارت" سەرهەڵدەدن. داریوش زۆر بێبەزەییانە ڕاپەرینەکان لە خوێن دەگەوزێنێت و لە ڕۆژێکدا لە بابل سێهەزار (٣٠٠٠) کەس لە ڕێبەران و ڕاپەریوەکان لە سێدارە دەدات . بڕواننە نووسینی داریوش و بزانن لە بەردە بزمارییەکانی بێستوندا دەربارەی "فرورتیش" چیدەڵێت: (ئەویان بە زنجیرکراوی هێنایە لام ، من بەدەستی خۆم گوێنەکان و لوتیم بڕی و چاوەکانیم دەرهێنا. کاربەدەستانی بارەگا ئەویان لەسەر پێ ڕاگرتبوو، هەموو خەڵکی ئازا ، چاویان لێبوو . دوای ئەوە بە فەرمانی من لە ئەگباتانە بە سەری سەرنێزەیانەوە کرد و لایەنگرانیان لە زیندانەکاندا لە سێدارە دا.) پێچەوانە کردنی ڕووداوەکان مێژوویەکی درێژی هەیە . هەموو نەوشیروان "ئەنوشیروانی عادل" دەناسن و دەزانن چۆن حەرامزادەیەک بوو. ئەو تەنها لە یەک ڕۆژدا سەد و سی هەزار (١٣٠٠٠٠) کەسی لە "موزدەکیان" کوشت و لە هەموو وڵاتدا ئەوانی سەراوبن هەتا پشتێن خستە ناو چاڵاوی پڕلە گەچەوە . لایەنگرانی بۆ ئەوەی کە ئەو شەرمەزارییەی پاک بکەنەوە ، وشەی "عادل"یان خستە پاڵ ناوەکەیەوە و ئەمڕۆ مرۆڤ کە ناوی نەوشیروان دەبیسێت ، بە ناچاریی وشەی عادلی لە مێشکدا زەق دەبێتەوە.

هەموو ئەوانە پێشاندەری ئەوەن کە زوحاک لە سەردەمی دەسەڵاتداریی خۆیدا کە گوایا لەنێوان سەڵتەنەتی جەمشید و فەریدوندا بووە ، سیستمی چینایەتی لە کۆمەڵگەدا لەناو بردووە ، دیارە ئێمە بە هەندێک لە دابەشکردنەکانی چینایەتی لە سێهەزار ساڵ لەمەوبەر دەزانین. ئەفسانەی زوحاک لە مێشکی ئەو کەسانەوە سەرچاوەی وەرگرتووە کە خاوەنی بەرژوەندی چینایەتی بوون. دەزانین کە فیردەوسی هەتا پێنج ساڵی دوایی تەمەنی ، دەرەبەگێکی خاوەن ئاژەڵ بووە ، بەڵام دواتر بەهۆی وشکە ساڵییەوە لە دەستی چووە. دەبینین فیردەوسی ، یان کەسێکی تر بۆ فریودانی خەڵک ئەو ئەفسانەیەی بە قازانجی چینێک گێڕاوەتەوە و ئەویش بەو شێوەیە لە شانامەدا نووسیویەتی. ئەمە ڕوونە کە لە ڕوانگەی چینایەتییەوە سیستمی حوکمڕانیی زوحاک مەحکوم و کردەوەی شۆڕشگێڕانەی کاوەی ئاسنگەری بێبەخت لە مافی کۆمەڵایەتی ، دەبێت لە سەروبەندی سەرکەوتندا ، تەنیا کەوڵە دڕاوە ئاسنگەرییەکەی بۆ ڕازیکردنی کۆمەڵ ، بە نیشانەی یەکیەتی درزهەڵنەگری نێوان پاشا و خەڵک ببێتە ئاڵای سەڵتەنەتی و فەریدون کە لە چینی بەگزادەکان بووە ، دەسەڵات بگرێتە دەست و کۆمەڵگە بگەڕێنێتەوە سەر جێی پێشوی. فیردەوسی لە بەشی یادداشتەکانیدا ئاماژە بۆ کار و کردەوە کۆمەڵایەتییەکانی زوحاک ناکات و تەنها دوو مار لەسەر شانەکانی دەڕوێنێت کە بۆ ئارام ڕاگرتنیان ڕۆژانە مێشکی دوو کەسیان دەرخوارد دەدات و بەم جۆرە مافی زوحاک دەخاتە ناودەستی.

شاملو لە درێژەی باسەکەیدا دەڵێت ئێستا ئێوە بچن دەربارەی ئەو مەسەلەیە لە فیردەوسی بپرسن کە بۆچی دەبێ بۆ ئامادەکردنی دەرمانی ئەو زامە ، سەری مرۆڤ ببڕن و بۆچی کەڵکیان لە مێشکی سەری تازە مردوویەک وەرنەگرتووە؟

قەڵەم بەدەست دوژمنە و ئەگەر ئێوە بە تەنها سەرنج بدەنە بەشی پاشایەتی زوحاک لە شانامەدا ، بێگومان شتێکتان دەست ناکەوێت و هەر ئەوەندە دەبینن کە کەسێکی ماربەشان هاتووەتە سەر تەختی شایەتی و ناچار بووە بۆ ئارام ڕاگرتنی مارەکانی سەرشانی مێشکی سەری لاوانیان بداتێ. بەم جۆرە خەڵک وەزاڵە دێن و لە ڕاپەرینێکدا لە ناوی دەبەن و فەرەیدون لەجێی دادەنێن و قارەمانی ئەسڵیی شۆڕشەکەش کە ئاسنگەرێک بووە ، کەوڵی دڕاوی ئاسنگەرییەکەیان کردووەتە ئاڵا و بەدارەوە هەڵیانواسیوە.

فیکر نەکەنەوە کە فیردەوسی ئاگاداری ئەوە نەبووە کە بۆ شۆڕش کردن ، مرۆڤ پێویستیی بەوە نییە کە شتێک بەسەری دارێکدا بکات ، ئەو بە زانیارییەوە ئەوەی نوسیوە و کەوڵی دڕاوی کاوەی بۆ ڕۆژانی دوایی پێویست بووە کە بە نیشانە و هێمای یەکیەتی لەنێوان چینی تاڵانکەر و تاڵانکراودا بیکاتە "درفش کاویان" واتە ئاڵای پاشاکان و بە بۆنەی سەرکەوتنیان لە شەڕەکاندا زێڕ و جەواهیراتی پێوە هەڵواسن. بەڵام کە دەگەینە بەشی پاشایەتی فەریدون ، تازە هۆشیار دەبینەوە و تێدەگەین مارەکانی سەرشانی زوحاکی چارەڕەش بیانوو بووە و ئەوەی فیردەوسی لە خەڵکی شاردووەتەوە ، دژایەتی کردنی زوحاک بووە لەگەڵ چینی دەسەڵاتداری سەرەڕۆ. هەروەها بە سەرسوڕمانەوە تێدەگەین کە ئاسنگەرە قارەمانەکەی سەردەمی زوحاک بەڕەڵایەکی گۆپاڵبەدەستی بێمێشک و خاین و تاوانبار بووە بە چینی خۆی.

چاو لەوە دەپۆشین کە ڕاپەرینی خەڵک دژی زوحاک بە کردەوە ڕاپەرینی ئازادکراوەکان لە قەید و بەندی کۆمەڵگەی بەناو بەگزادەکان بووە و بە پیلانی ئەوان ڕاپەرین ئەنجامی گرتووە. لێرەدا پرسیار ئەوەیە کە بۆچی دوای سەرکەوتنی ڕاپەرین،فەرەیدون لەسەر تەختی پاشایەتی دانراوە ؟ تەنها لەبەر ئەوە بووە کە فەریدون لە بنەماڵەی پاشاکان بووە و بە وتەی فیردەوسی شکۆ و جەلالی پاشایەتی ئاوێتەی بووە، واتە خوێنی سەڵتەنەتیی لە دەمارەکانیدا بووە کە فیردەوسی گەلێک جار ئاماژەی بۆ دەکات.

## نەورۆزی کورد:

بەشێک لە مێژوو نووسە بیانییەکان ، نەتەوەی کورد بە مادەکانەوە دەبەستنەوە و بەشێکی تریان ڕایان وایە کە کورد لە بنەچەی سۆمەرەکانە و ژمارەیەکیشیان دەڵێن کورد بەرلە کۆچی سۆمەرەکان و ماد و پارسەکان بۆ کوردستان لەو وڵاتە شاخاوییەدا ژیان کە ئەمڕۆ بە کوردستان دەناسرێت.

لە ڕاستیدا هیچکام لەو وتنانە بەڵگەیەکی کۆنی مێژووییان لە پشت نییە ، بەڵام ئەوە ڕوونە کە هەرکام لە نەتەوە خاوەن دەسەڵاتەکانی هەرێمی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست بۆخۆیان مێژووی خۆیان نوسیوەتەوە و هەرچەندە بە ڕواڵەتیش بێت ، پاڵپشتێکی مێژووییان بۆ نەتەوەکەیان بەجێهێشتووە ، بەڵام نەتەوەی کورد هەتا ئێستا مێژووی خۆی نەنوسیوەتەوە و بە ناچاریی و بۆ سەلماندنی خۆی و ڕەگەزی باب و باپیرانی ، خۆی بە وتە و نووسینی مێژوونووسە کۆنە بیانییەکانەوە بەستووەتەوە کە بێگومان وتە و نوسینەکانیان لە چوارچێوەی بەرژەوەندیی خۆیان و نەتەوەکەیان و دەسەڵاتدارکانیاندا بووە.

ئەگەر ئێمە چاو لە ئەفسانەی جەمشید بپۆشین کە بە نووسینی "تەبەری" کە لە بەرگی پێنجەمی لاپەڕەی ١٤٧٤ ی سورەی سەبادا دەڵێت: (جەمشید یەکەم کەس بووە لە دنیادا کە داوای شایەتی لێکراوە و هەزار ساڵ حوکمی کردووە و لەو ماوەیەدا هیچ بەرهەڵستکارێکی نەبووە.) و بە گوێرەی بەڵگەنامە سەلمێندراوەکان بچینە پێشەوە ، بەم ئاکامە دەگەین کە داب و نەریتی نەورۆز بۆ یەکەم جار لە لایەن کوردە ساسانییەکانی هەرێمی کرماشان و خانەقین و لە سەدەی سێیەمی زایینیدا هێنراوەتە ناو فەرهەنگی ئێرانییەکانەوە. گومان لەو ڕاستییە ناکرێت کە دیاردەی نەورۆز لە هەرێمی کوردستاندا سەریهەڵداوە و بەرهەمی کشتوکاڵییە و ئەگەر وردتر بۆی بچین، دەبینین بە گوندی "زاویتە"ی شانەدەرییەوە بەستراوەتەوە کە بە گوێرەی بەڵگەنامە سەلمێنراوەکان ، دوانزدە هەزار ساڵ لەمەوبەر ، ژیانی تیادا کراوە و ئامێر و کەرەستەی کشتوکاڵ و بەرهەمهێنانی زەوی لێ بەکارهێنراوە. ئەوکاتە ، لە کۆتایی مانگی ڕەشەمەدا بە گۆڕانی جەو و لەناوچوونی سەرما و سۆڵە ، گەڕانەوەی باڵندە کۆچەرەکان بۆ ناوچە ، داکشانی تیشکی خۆر و کورتبوونەوەی شەوانی سارد و تاریک ، دانیشتوانی شانەدەر لە ئەشکەوت هاتوونەتەدەر و بە زەوی و چیاکاندا بڵاوبوونەتەوە و دەستیان بە ژیانی نوێ ، ڕۆژی نوێ و کاری نوێ کردوە. گیا و سەوزەی بەهارییان چنیوە ، زەویان کێڵاوە و بەو بۆنەیەوە جەژنیان گرتووە و خواردنیان لە گیا و بەرهەمەکانی بەهاریی و گۆشتی ڕاو دروست کردوە.

ئەشکەوتی شانەدەریی ، جێی سەرهەڵدانی نەورۆز

لەو ساڵانەی دواییدا پاشماوە و بەڵگەنامەی "خولی یەکان" لە کوردستان دۆزرایەوە. هەرچەندە هەتا ئێستا بە تێروتەسەلی لێکۆڵینەوەیان لەسەر نەکراوە ، بەڵام ڕووسەکان و ئەڵمانییەکان لە هەشتاکاندا ئەوەندەیان لەسەر کۆڵییەوە کە خولییەکان ڕۆژی دووەمەی خاکەلێوەیان بە سەری ساڵی تازە و ڕۆژی نەورۆز داناوە. خولییەکان لە هەزارەی دووەمی پێش زایینداا لە ناوچەکانی پشدەر و گۆلی وان و نەینەوادا نیشتەجێ بوون و بە دەیان لەوحەی دانسقەیان لە "گاسوری یورغان تەپە و قەڵای کەرکوک لێدۆزراوەتەوە. دۆزراوەکان دەسەلمێنن کە نەورۆز هیچ پەیوەندییەکی بە ئەفسانەی جەمشید و کاوە و زوحاک و فەریدەن و دەوڵەتی ماد و پارسەوە نەبووە. ئەفسانەی گەڵاڵەکراوی فیردەوسی وەک ئەحمەدی شاملو ئاماژەی بۆ دەکات ، لە ڕووداوەکانی دەوڵەتی هەخامەنشی لە سەردەمی کمبوجیە ، بردیا و داریوش وەرگیراوە ، نەک لە بەڵگە و دیکۆمێنتەکانی سەرچاوەی سەرهەڵدانی نەورۆزەوە.

نەورۆز لە کوردستانەوە تەشەنەی کردووەتە ئێران ، هیند، پاکستان ، ئەفغانستان، چین و تاجیکستان و ئوزبەکستان و....تد و لە هەر کام ئەو وڵاتانەدا ئاوێتەی داب و نەریتی ئەو جێیانە بووە و هەر کامەیان شتێکیان لێ زیاد یان کەم کردووەتەوە. لە کوردستان دابی میرمیرێن ، هەتەرێ و مەتەرێ ، ئاگرکردنەوە لەسەر ترۆپکی چیاکان ، لەبەرکردنی جلوبەرگی نوێ و چوون بۆ سەیرانگە و ژەنینی دهۆڵ زورنا و شایی و هەڵپەرکێ ، بەسەر کردنەوەی خزم و دۆستان و خەڵکی هەژار ، چوونە سەر گۆڕی کۆچکردووەکان باو بووە. لەو چوارچێوەیەدا لە دوا چوارشەممەی دوا مانگی زستانەوە خەڵک بە ژەنینی دهۆڵ و زورنا بەرەوپیری نەورۆزە چوون .

گەلی کورد لە سەدەی بیستەمدا ، بەهۆی دەرد و ئازاری بێوچان و نەپساوەی کە لە داگیرکەرانی کوردستان دەیچێژت ، بە شێوەیەکی نوێ روانییە جەژنی نەورۆز و ئەوی خستە خانەی هێمایەکی نەتەویی و بەرخۆدان ، دژی داگیرکەرانی کوردستان. پیرەمێرد شاعیر و رۆژنامەنوسی دەسترەنگینی کورد ، بەم بۆنەیەوە ساڵی ١٩٤٨، بە دوای هێرشی چەکدارەکانی حکومەتی ئەوکاتی عێراق بۆسەر خۆپیشاندانی خەڵک لە سلێمانی و شەهید بوونی کچێکی کورد ، سرودی جەژنی نەورۆزی دانا. رۆڵە نەبەز و تێکۆشەرەکانی کورد هەموو ساڵێ لە گۆشە و کەناری ئەم جیهانەدا ، جەژنی نەورۆز بەو سرودە نەتەوییەی پیرەمێرد پیرۆز دەکەن.

ئەم رۆژە ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بە هاتەوە
چەند ساڵ ، گوڵی هیوای ئێمە پێبەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەو رەنگە سورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عشق ئەچوون بەرەوپیری مەرگەوە
وا رۆژهەڵات ، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە رەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
تا ئێستا رووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گولە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانەی وا لە دڵی میللەتا ئەژین ...

سەرچاوە : ماڵپەری خاکەلێوە / رێکەوتی : ١٩ی مارچی ٢٠٠٩

# نەورۆز، مانیفێستێک بۆ تێکۆشان

ئاوارە وڵات:

کەنگێ و لە کوێ گوێمان لە وشەی (نەورۆز) بێت، کت و پڕ چیرۆکی کاوەی ئاسنگەرمان وەبیردێتەوە. ئەو کاتەی زەبر و زەنگ و خوێنمژی ئەژدەهاک، کەوشەنی سەبر و دان بەخۆداگری خەڵک دەبەزێنێ و دەگاتە ئەوپەڕی خۆی، ئاسنگەرێکی کۆست کەوتووی رۆڵەکوژراو بە ناوی کاوە، ئاڵای سەرهەڵدان و یاخیبوون هەڵدەگرێ و ئەوجار نۆرەی خونکاری ماربەشانە کە مێشکی دەپژێ و تەخت و بەختی تێکدەشکێ.

هەر لە کۆنەوە فێربووگین بەرەبەری نەورۆزان گوێمان بۆ چیرۆکی سەرەوە شل کەینەوە و ئافەرین و هەربژی بۆ کاوەی ئاسنگەر بنێرین کە بە پێی هەندێ دەقی مێژوویی و ئوستوورەیی، تۆرەمەی کورد لەو و دەستەبراکانی کەوتوونەتەوە. ئیتر نەورۆز لە یادەوەری ئێمە دا هەر ئەم واتا ئەفسانەیی و حیماسیەی هەبووە. شاعیرەکان لە قالبی شێعر دا هۆنیویانەتەوە، مێژوونووسان شەن و کەویان کردووە، ناسیۆنالیستەکان بە شان و باهۆی مێژوو و فەرهەنگی کەوناری ئارییەکانیان هەڵگوتووە و ئێرەییان بەو سەردەمە زێرینە بردووە. رۆژنامە، گۆڤار، رادیۆ، تەلەفزیۆن و... هەر کام بە جۆرێ، لە سەروبەندی نەورۆز دا لێفەیان لە سەر ئەم رووداوە مێژووییە هەڵداوەتەوە. هەندێ بە سەدان رووپەریان لە سەر رەشکردۆتەوە، هەندێکی دیکەش دیوەخانیان پێ گەرم کردۆتەوە. هەرگا کەویەبەفری گرد و پاڵان چۆرەچۆڕی کەوتۆتە بن و ئاڵەکۆک و گوڵەگەزیزەی ناسک و رازاوە دەندووکەیان داوە و خۆیان راناوە، هەرگا پیرەزستانی سەر بە سۆدرەی سارد و سڕ، بە کۆمەکۆم و هانکەهانک بارگە و بنەی تێکەوەپێچاوە و لە بەرامبەر سوپای بەهار و شەماڵی بەفرتاوێن، جاڕی ئاشبەتاڵی داوە، ئەمڕا نەورۆزیش بۆتە بنێشتەخۆشکەی سەر زاران و هەر کەس بە جۆرێ ویستوویەتی ئاوڕی لێبداتەوە و بە سەری کاتەوە. زانا و بلیمەتەکانی لە مەڕ خۆشمان نەیانویستووە لەم قافڵەیە بەجێبمێنن و بە وشە و پێنووس یان بە گۆرانی و قسە و باسی جۆراوجۆر زێڕ و زەمبەریان پێوە هەڵواسیوە و چیان لە دەر و دراوسێیان کەمتر نەبووە. ئەگەر لای ئەوان کاکڵی مەبەست شتێکی دڵخوازی ئەوان بووە، لای خۆشمان کوردییەکەی بووە. بە کوردی و بە کورتی ئەوان لەو بەر و ئێمە لەم بەر هەمان شتمان بەڵام بە دوو زمانی جودا لە رێژەک داوە. ئەگینا نەورۆز هەمان نەورۆز بووە و دەقی چیرۆک هیچ گۆڕانێکی ئەوتۆی بە سەر دا نەهاتگە. ئەوە نەبێ رەگەزی کەسەکان گۆڕاون و ناوەکان شێواون.



نەورۆز جگە لەو واتا و نێوەرۆکە مێژوویی و ئەفسانەیی و تەنانەت سرووشتییەی کە هەیەتی، بۆ مرۆڤی کورد واتایەکی سیاسی و پەروەردەییشی هەیە. بۆ ئێمە کە ئێستایش لە ژێر قامچی و تاژانی نەوەکانی ئەوان خونکاران پشتمان دەتەزێتەوە و ئەژدەهاکەکان

بە دەمامک و رواڵەت و شێوازی جیاوازتر دێنەوە سەرمان و کۆمەڵگاکەمان وەک مێگەل لێدەخورن، خوێندنەوە و روانینێکی نوێتر و مۆدێرنتر بۆ نەورۆز و کردنی بە سەرمەشقێک بۆ رزگاربوون لە زوڵم و بێدادی، ئەرکێکی زۆر گرینگە. ئەو خشڵەی کە بە نەورۆزەوە نەکراوە و ئەو واتایەش کە پێی نەدراوە هەر ئەمەیە. لێرەدا بە رێکەوت بێ یان ئێمە بمانەوێ پێکیانەوە بلکێنین، نەورۆز و بەهار دوو وشەن کە لە یادەوەری مێژوویی و کۆمەڵایەتی و لە مێتۆلۆژی گەلی ئێمە دا وەها تێکچرژاون، کە بەهارێکی بێ نەورۆز و نەورۆزێکی بێ بەهار لای ئێمە لە گیایەکی بێ پنج و کانیاوێکی بێ چاوگە دەچێ. هەروەها نەورۆز و بەهار بە شێوەیەکی زۆر سەرنجڕاکێش هەڵگری تایبەتمەندی هاوشێوەی یەکترن و ئەوەش بۆتە هۆی ئەوەی ئەم دوو وشەیە وێرای ئەوەی بیرهێنەرەوەی یەکترن، واتایەکی بە پێز و پرتر بە یەک دەبەخشن. بەهار دەبێتە نەورۆز، رۆژێکی نوێ و سەرەتای ساڵی نوێی سرووشتی و نەورۆزیش دەبێتە بەهار و بووژانەوە و رزگاربوون لە کۆت و بەندی سەرما و سەقەم. لەم روانگەیەوە دەشێ نەورۆز بە ماکەی گۆڕان، نوێبوونەوە، یاخیبوون، ئازادی و پێشکەوتن بژمێرین. بە تایبەت بۆ تاک، کۆمەڵ یان بزاڤێکی سیاسی و شۆڕشگێری پێشەنگ کە تەمایەر بێ گۆڕان و وەرچەرخانێکی بنەڕەتی لە کۆمەڵگا دا وەدیبێنێ چەمک، پەیام و فەلسەفەی راستەقینەی نەورۆز دەتوانێ ببێ بە مانیفێستی تێکۆشان. چونکە نەورۆز، گەڕان بە دوای شێوە ژیانێکی ئازاد و نوێ و گەڕانەوە بەرەو بەها راستەقینە و ئینسانیەکانی ژیانێکی سرووشتی و یەکسانە. نەورۆز توانەوەی ئەو بەفر و بەستەڵەکەیە کە لە ململانێی نێوان کۆمەڵگای نەریتی و کۆمەڵگای مۆدێرن دا، ئەندێشە و رۆح و کەسێتی مرۆڤی کەسیرە کردووە. شکاندنی قالبەند و کەڵێشەی وشک و رەقی مۆدێرنیتەیەکی بۆرژوایی لاساکەر و نامۆ لە خۆیە. هاوتەریبی ئەمەش، رسکانەوە، هەستانەوە، بووژانەوە و بەخۆداهاتنەوەیەکی راستەقینەیە. رەسەنترین و سرووشتیترین رێنوێنی و رەخنەیە. ئەرێ! نەورۆز خودی رەخنەیە. رەخنەیەک کە رچەی زستان دەشکێنێ و کفنی سپی بەستەڵەک دەدڕێنێ و مزگێنی رزگاری لە زریان و زەمهەریر و باپووسکە و سەرکەوتنی سروەبای ژینبەخش و بلاوێنی بەهاری بە گوێی گەردوون دا دەچرپێنێ. رێنوین و رەخنەگرێکی تێکدەر و وێرانکەر نییە، بەڵکوو سازکەر و دارێژەرە و هەوێنی هەستانەوە، تێهەڵبوونەوە و ئاوابوونەوەیە.

ماموستای نەمر "هەژار موکریانی" لەو قەڵەمژەنە دەست رەنگین و دەگمەنانەی کوردستانە کە خوێندنەوەیەکی بە پێز و جوانی بۆ چەمک و واتای نەورۆز هەبووە و شتێکی لێ هەڵکڕاندووە کە ئەوانەی تەنیا بە رواڵەتی رەنگین و بژوێنی بەهار و نەورۆز دا هەڵدەڵێن، یان تەنیا وێنەیەک لە کوتکی کاوە و پێشبەندە چەرمینەکەی و مارە مێشکخۆرەکانی ئەژدەهاک دەکێشنەوە، بۆی نەچوونە و وایان لێک نەداوەتەوە.

مزگێنی دا بە سروە بای بەهاری
وا هاتەوە نەورۆزی کوردەواری
بە تیشک تێک شکا سوپای کرێوە
هەواری رۆژ گەیشتە خاکەلێوە
فەرمان درا بە سەوزە سەر هەڵێنێ
چیدی لە بەندی خاکی رەش نەمێنێ
با دەرکەون، کوڵ و کەسەر بنێژن

با رۆژی رزگاری بکەن بە جێژن

وشەکانی مزگێنی، سروە، تیشک، سوپای کرێوە، رۆژ، بەند، خاکی رەش، کوڵ و کەسەر، رۆژی رزگاری و جێژن کە زۆر شارەزایانە بەکارهاتوون، هەرکام هێمایەکن بۆ مەبەستێکی شۆڕشگێڕانە و ئینسانی. پیرەمێردی شاعیر زۆر لەمە بانتر چووە و قووڵتر و وردتری لێ روانیوە. ئەو جێژنی نەورۆز ئاوێتەی ناوی شەهیدان دەکا و ئەم سەرکەوتنە و رۆژی هاتی کورد بە دەسکەوتی خوێن و خەباتی رۆڵە راپەڕیو و ئازادیخوازەکانی نیشتمان دەزانێ و تەنانەت رەنگدانەوە و ترووسکانەوەی سوورایی شەبەقیش دەباتەوە سەر خوێنی شەهیدانی رێی ئازادی. هەروەها بە شکاندنی هەموو چەمکە پیاوسالاری و نێرینەکانی خەبات و بەرەنگاری، کچی ئەمڕۆی کورد بە نموونەیەکی دەگمەن و بێ وێنەی مێژووی گەلەکەمان لە قەڵەم دەدا کە لە بەرامبەر تیری ناحەزان و نەیارانی گەلەکەی، سینگی دەکا بە قەڵغان و لە هیچ شتێک ناپرینگێتەوە. هەموو ئەمانەش لە سۆنگەی ئاگری نەورۆز و پەیامی نەورۆزەوە دەبینێ. ئەو ئاگرەی ئیتر شەوچرای گیانی لاوانی ئازا و وەئاگاهاتووی کوردی داگیرساندووە و ئاسۆیەکی روون و گەشی لە بەرچاویان کێشاوەتەوە. ئاسۆیەک کە مزگێنی گەیشتن بە ترۆپکی رزگاری و سەرکەوتن رادەگەیەنێ.

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە پۆل دەچوون بەرەو پیری مەرگەوە
تا ئێستە رووی نەداوە لە تەئریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سینگی کچان بێ لە هەڵمەتا

خۆشبەختانە هۆنەر و هونەرمەندانمان توانیویانە نەریتی باو و رچەی رابردوو بشکێنن و خوێندنەوەیەکی نوێ و سەردەمیان بۆ نەورۆز هەبێ و بە بۆنەی رۆژ و جێژنی نەورۆز، وانەی خەبات، بەرخۆدان و نەسرەوتن تا سەرکەوتن دادەن. بەڵام مەخابن سیاسیەکانمان و بزاڤی سیاسی و مەدەنی کورد لە پارچەکانی کوردستان بە گشتی نەیانتوانیوە ئەم خوێندنەوەیە تێکەڵ بە بەرنامە و فەلسەفەی تێکۆشانیان بکەن و جارێکی‌تر گوڕ و گۆڕمە بەم رۆژە بدەنەوە و بیکەنە رۆژی بەرزکردنەوەی ئامانج و داوا رەواکانی گەلی کوردستان. ئەو ئامانجانەی کە چەند هەزار ساڵ لەمەوبەریش ئامانج و ئاواتی ئەوانە بوون کە حیماسەی نەورۆزیان خوڵقاند و وەک کەلەپوور و فەرهەنگ و هێمایەکی نەتەوەیی لە پاش خۆیان هێشتەوە. بۆ ئەوەی وانەی لێ فێر بین و لە پەیامەکەی تێبگەین. بۆ ئەوەی لە بەرامبەر ئەژدەهاک و مارە مێشکخۆرەکانی سەردەم، ملکەچ و دەستەوەستان نەبین، بەڵکوو ببینە کاوەی سەردەم و ئێمەیش نەورۆز وەک فەرهەنگ و کەلەپوورێکی ئازادیخوازانە و زوڵمنەویستانە ئەسپاردەی وەچەکانی پاش خۆمان بکەین. بۆ ئەوەی لرفە و نێڵەی ئاگری نەورۆز تا هەتایە بزاوت و هەڵکشان و رووناکیمان بیر بخاتەوە و دڵ و دەروونمان بە ئازادی و ژیانێکی ئازاد گەرم بکاتەوە.

تەنیا **PKK** و بزاڤی ئاپۆچییەکان بوو کە توانی لە باکووری کوردستان کێشەی کورد، کە لە هەمان کات دا کێشەی نەبوونی ئازادی، دیموکراسی و یەکسانییە، لە گەڵ نەورۆز تێکەڵاو بکا و بەرگی خەباتێکی سیاسی و جەماوەری نۆژەن لە بەر نەورۆز بکا و بەرگی نەورۆزیش لە بەر بزاڤی ئازادیخوازانەی گەلی کوردستان بکا. **PKK** لە باکووری کوردستان نەورۆز و سەرهەڵدانی تێکەڵی یەک کرد و ئەمەشی کرد بە فەرهەنگێکی سیاسی و نەتەوەیی جوان. ئاواش نەورۆز دەگاتەوە بە واتای راستەقینەی خۆی و دەشبێتە

هێما و رۆژێکی نەتەوەیی کە هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا لە دەوری یەک کۆوەدەکات. دیارە ئەمەش هەروا بە سانایی وە دی نەهاتووە، بەڵکوو بە بەهای پتر لە سی ساڵ خەبات و بەرخۆدان و قوربانیدانی PKK و گەلی کورد لە باکوور و باشووری رۆژئاوای کوردستان وەدی هاتووە. چالاکی و هەڵویستی مێژوویی شەهیدە قارەمانەکانی وەک مەزڵووم دۆغان، زەکیە ئاڵکان، رووناهی، بێریڤان و رەهشان، کە بە جەستەی خۆیان ئاگری نەورۆزیان کردەوە، پیرۆزی و واتایەکی وای بە نەورۆز بەخشیوە کە زمان و پێنووس توانای دەربرینیان نیە. تەنیا و تەنیا ئەوانەش دەکارن لە مانا و پەیامی ئاگری نەورۆز بگەن کە خۆیان کردبێتە پەپوولەی چوارەم و باڵەکانیان لەم ئاگرە سووتێنەرە دا شۆردبێتەوە. یانی لە ژێر ئالای کاوەکانی سەردەم کۆ ببنەوە، مێشک و رۆحیان لە بەرماوەکانی رژیمە سەرەڕۆ و زۆردارەکان پاک بکەنەوە و لە "خود"ی ونبووی خۆیان و نەتەوەکەیان بگەڕێن و خودی راستەقینەیان بدۆزنەوە. کارێک کە دەبێ لە باشوور و رۆژهەلاتی کوردستانیش هەوڵی بۆ بدەین و گرینگی پێ بدەین هەر ئەمەیە. یانی نەورۆز وەک فەرهەنگێکی نەتەوەیی و رۆژی سەرهەڵدان و یەکێتی و یەکدڵی گەل پیرۆز بکەین، نەک تەنیا وەک یادەوەرییەکی مێژوویی و هەڵکردنی ئاگرۆچکەیەک و گەشت و گەڕان.

سەرچاوە : ماڵپەری کوردستانپۆست / ڕێکەوتی: ١٨ی مارچی ٢٠٠٩

# مێژووی نەورۆز، جێژنی گەورەی کورد

ش.ب.هەژیر

دەک بە خێر هاتی قەدەمت پیرۆز

جێژنی کۆنی کورد، جێژنەکەی نەورۆز

نەورۆزە، نەورۆز ژیانەوەیە، هەر وابووە و هەر وا دەبێ، مێژوو دەچەرخێ، دووپات دەبێتەوە، بەفر دەتوێتەوە، خونچە دەپشکوێ، هاتنی گەرمای بەتین،سەهۆڵبەندانی ناهومێدی دەتوێنێتەوە.لە زستانێکی تووشەوە،بەرەو پیری بەهارێکی رازاوە و شنەی بای بەهاری و تارای گوڵەکانی مانگی گوڵان،لە تەم و مژی لوتکە داپۆشیووە،لە خەوی زستانەوە بۆ جووڵەوخوێندن لە سەر چڵ و پۆپەی گوڵەگەشەکانی بەهار، هەنگاو دەنێین. ئارەزووی زیندوو بوونەوە دێتە دی، شنە بای لە خۆ بوردوویی و هیوا و هومێد ،هەوری رەشی نەمان رادەماڵێ،شەختە نامێنێ و سەوزە سەر هەڵدێنێ.کیژە چاو شینەکەی نەورۆز ، پڕ بە کۆشی گوڵە گەزیزەی بۆ هێناوین و زەماوەندی هەڵەسوون و هەستانەوەمان پیرۆزبایی پێدەڵێ و دەڵێ:ئەمساڵ ساڵی سڕینەوە و لە ناو بردنی خەم و خەفەتەکانی ساڵی پارە و ساڵی پێک گەیشتنەوەیە و هەموو شتەکانی سەر زەوی ئەوینداری خاکەلێوەی بەهار دەبن.

نەورۆز ئاوڕدانەوەیە،ئاوڕدانەوەیە لە رابردوو،ئاوڕدانەوەیە لە دەور و پشت و چوار تەنیشت،ئاوڕدانەوەیە لە خۆ،لەتۆ،لە من ،لە ئێمە،کورد و نەورۆز ئاوەڵ دووانەن،کورد بە هاتنی نەورۆز ئاسۆی گەش دەبینێ.ساڵی کۆن بەرگی رزیوی خۆی فڕێدا و جل و بەرگی لاوەتی لە بەر کرد،دار و گوڵ و گیا بە دەست سەرما و زوقمی زستانەوە رزگاریان بوو،بۆ پیرۆز بایی لە بەهار،خۆیان رازاندەوە و بە پیریەوە چوون.خونچەکان ئامادەن تا بەیەکەم چریکەی بولبولان بپشکوێن.

نوێکان شوێنی کۆنەکان دەگرنەوە و لەو نێوەدا ئەوەی دەمێنێتەوە،جگە لە کار و کردەوەی مرۆڤەکان،فەرهەنگ و مێژووە،مێژوویەک کە رابردووی بەرەی کۆن بۆ بەرەی نوێ و ئەوانەی داهاتوو دەگێڕێتەوە.جێژنی نەورۆز یەکێک لەو جێژنانەیە کە نیشانەی هاو پێوەندی و هەستی هاوبەشی نەتەوەی ئێمەیە،کە بە ناو هەزاران رووداوی مێژووییدا تێپەڕیوە و گەیشتۆتە ئێرە و بۆتە لاپەڕەیەکی پڕشنگدار لە کەلتووری نەتەوایەتیمان.

گەلانی ئاریایی لە کۆنەوە زۆر جێژنی جۆراوجۆریان هەبووە و لە ناویاندا دوو جێژنی نەورۆز واتە شۆڕشی سروشت و سەرهەڵدان و جموجۆڵی بوونەوەران یا فەروەردەگان سەرەتای وەرزی گەرما و جێژنی مێهرەگان سەرەتای وەرزی سەرما.

جێژی نەورۆز بایەخێکی تایبەتی هەبووە،تەنانەت پاش ئەو هەوراز و نشێوە زۆرەی کە لە هەزاران ساڵ پێشەوە بڕیوێتی و ئێستا گرینگی خۆی هەر پاراستووە و وەک یەکێک لە مەزنترین جێژنەکانی نەتەوەکەمان ماوەتەوە و تەنانەت بۆتە هێمای خەبات و

تێکۆشان،بۆ وەدەست هێنانی ئازادی و سەر بەستی لە ناونەتەوەی کورددا.

چاوێک بە سەر دوو جێژنی کۆن، واتە فەرووەردەگان و مێهرەگاندا دەخشێنین:عێل و هۆزەکانی کۆنی کورد هەموویان شوانە وێڵە و مەڕداربوون، ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم ئاژەڵانە دابین کردووە.روونتر بڵێم،خۆراکیان لە شیر و جل و بەرگیان لە خوری ئەوان دابین کردووە و بۆ گەرمێن و کوێستان رۆیشتوون،بەدوای هەوار و لەوەرگەدا گەڕاون و ئێستاش کارەساتی رۆژگار لێی گەڕێ،کەیفی لە شوانییە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری دەناڵێ. ئێستاش هەر چەند ئاژەڵداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووە و مەڕدارەکان کاتی بەران تێکردنیان گۆڕیوە،بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە،هەر کەس کەرتە مەڕێکی هەبێ،ئەورۆژەی کە بەران لە مەڕی دەکا،میوانداری لە دەر و جیران دەکا و مێوژ و خورما و شیرینی دەبەخشێتەوە،ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش لە ملی بەران نەکا،کاکی شوان نایەڵێ بەرانی رەنگاو بچێتە ناومێگەل. بەڵام زۆر دوور نییە ،هەر بە بیری من ،مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی مێهر(رەزبەر)بەرانیان لە مەڕ دەکرد و جێژنیان دەگرت،کە ئەو جێژنە ناوی جێژنی مێهرەگان بوو .دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بوو کەعەرەب وەریان گرتووە و کردوویانە بە جێژنی مێهرەجان و بە هەموو رۆژێکی خۆش دەڵێن مێهرەجان.

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ و پێشینیان دەڵێن:بەرخ بە سەد رۆژ رۆحی وەبەر دێ و مەترسی بەر ئاوێتی(بەرخستن و لەبار چوون)کەم دەبێتەوە.جێژنی ئەو سەد رۆژەش لە زۆر شوێنی کوردستان بەڕێوە دەچێ و پێی دەڵێن جێژنی سەتە یا بێڵن دانا.لە شەوی ئەوڵی بەهار زەوی مەڕ دەست پێدەکا و جێژنی هەرە گەورەی مەڕدارە و پێی دەڵێن جێژنی فەرووەردەگان و دوای سێزدە رۆژ واتە سێزدە بەدەر بەرخ لە گەڵ دایکی سارەما کراوە و لە کۆز رۆیشتۆتە دەرێ و هەر لە خۆشی بەرخەکان،ماڵ و خێزان لەگەڵ ئاژەڵەکان رۆیشتوونە دەرێ.

لە بارەی چۆنیەتی پەیدا بوونی جێژنی نەورزەوە،سەرچاوە مێژووییەکان ئاماژە بە بیر و باوەڕی جیاواز دەکەن و گەلێک رووداوی مێژوویی،چ ئەفسانەیی یان راست دەکەنە سەرەتای پەیدابوونی نەورۆز،نەورۆز واتە رۆژی نوێ،ئەویش دوو نەورۆزە،یەکیان نەورۆزی گشتی و ئەویتریان نەورۆزی تایبەتی.

نەورۆزی گشتی رۆژی یەکەمی خاکەلێوەیە کە هەتاو لە سەرەتای بورجی حەمەلە ،واتە راست لە ئەووڵی بەهار دایە،بە بڕوای کەسانێک خودا لەو رۆژەدا دنیای بەدی هێناوە و هێندێکی دیکە دەڵێن:چونکە خودا لەم رۆژەدا ئادەمی خوڵقاندووە،بۆیە نێوی نراوە نەورۆز.دەستەیەکی دیکە لەسەر ئەم باوەڕن کە جەمشید لە سەرەتاوە ناوی جەم بووە وکاری گەشت و گەڕان بووە،کە گەیشتۆتە ئازەربایجان،یا بە پێی وتەیەکی دیکە وڵاتی بابل،دەستووری داوە کە تەختێکی خەملیو، بە زێڕ و گەوهەری لە سەر بەرزاییەک بەرەو رۆژهەڵات بۆ دانێن و ئەو جار تاجێکی لەسەر داناوە و لە سەر تەختەکە دانیشتووە،کاتێک خۆر هەڵاتووە،یەکەم تیشکەکەی کە لە تەختەکەی جەمی داوە،خەرمانەیەکی گەشاوە زێڕینی لە دەوری تەختەکە ساز کردووە،خەڵک بە دیتنی ئەو دیمەنە شاد دەبن و دەڵێن :ئەمە رۆژێکی نوێیە.هەر لە زمانی پەهلەویدا بە تیشک دەڵێن "شید" و جەمیان کردووە بە جەمشید. ئەو رۆژەی کە جەمشید چۆتە سەر تەخت،رۆژی شەشی خاکەلێوە بووە کە بە نەورۆزی تایبەتی نێودێر کراوە.یا بە واتایەکی دیکە جەمشید زاناکان کۆ دەکاتەوە و لێیان دەپرسێ:چ شتێک دەتوانێ ئەم پاشایەتییە بپارێزێ؟زاناکان دەڵێن:بە هانای خەڵکەوە چوون و چاکە کردن بە

خەڵک،جەمشید خۆی ساز کردوو و دەستووری دا بە نۆکەر و ژێرەستەکانی کە بە کارو باری هەژار و لێقەوماوان رابگەن،ئەو رۆژەی کە وایکرد،رێکەوتی هەبوو لە گەڵ رۆژی هورمز لە مانگی خاکەلێوەدا و بە دوای ئەوەدا ناوی ئەو رۆژەی کرد بە نەورۆز و تا ئێستا هەر بەر دەوامە.

لە دەقە ئەفسانەییەکاندا هاتووە کە یەکەمین شەممەی مانگی یەکەمی ساڵی ١٧٦٧ی پێش زایین حەزرەتی زەردەشت لە دایک بووە،بۆیە ئەو رۆژەیان بە نەورۆز نێودێر کردووە،هەر وەها بە پێی دەقێکی ئەفسانەیی دیکە ،نەورۆز رۆژێکە کە کاوەی ئاسنگەر بە سەر زوحاکی مێشک خۆردا سەرکەوت و خەڵک بە هەڵکردنی ئاور ئەو رۆژەیان کردە جێژن،یان دەڵێن نەورۆز،رۆژێکە کە ئاور دۆزراوەتەوە،یان ئەو رۆژەیە کە شەو و رۆژ پێکەوە بەرابەرن.

لە کتێبە ئاسمانییەکان وەک قورئان ،ئاوێستا و تەوراتدا هاتووە کە یەزدان دنیای لە شەش رۆژاندا بە دیهێناوە و گەلانی ئێرانی باوەریان وابووە کە یەزدان ئەم کارەی لە رۆژی ئەوەڵی مانگێک دا ئەنجام داوە کە رۆحەکان لە ئاسمانرا گەڕاونەتەوە سەر زەوی،ئەم مانگە ناوی فرووهەر بووە و لەم مانگەدایە کە یەزدان رۆحی مردووەکان دەگێڕێتەوە ناو کەس و کاریان و ئەو میوانداریەش دە رۆژان دەخایەنێ،بۆیە خەڵک لەم رۆژانەدا ماڵەکانیان خاوێن دەکەنەوە،جل و بەرگی نوێ لە بەر دەکەن و بۆنی خۆش بە هەموو لایەک بڵاو دەکەنەوە و ماڵەکانیان بە شینایی و گوڵ،دەنگی مۆسیقی و رووناکی ،کەیلی شادی و خۆشی دەکەن.

نەورۆز لە روانگەی ئایینەوە:هاتنی ئادەم بۆ سەر زەوی - وێستانی کەشتی حەزرەتی نووح، دوای سێڵاوەکە لە سەرکێوی ئاگری(جوودی)لە باکووری کوردستان - حەزرەتی سلێمان ئەنگووستیلە گوم کراوەکەی خۆی دۆزییەوە - هاتنی جوبرەئیل بۆ لای پێغەمبەری ئیسلام(د.خ) - گەیشتنی حەزرەتی محەممەد(د.خ)بە پێغەمبەری - حەزرەتی برایم دوای شکاندنی بوتەکان،مە نجەنیقی بۆ ساز کرا و بە ئێزنی خودا مەنجەنیق بوو بە گوڵستان.

لە لایەکی دیکەوە عەرەبەکان دەڵێن:کە گوایە دنیا و ئادەم لەم رۆژەدا کە شەو و رۆژ پێکەوە بەرابەرە،بەدیهاتوون،بۆیە پێی دەڵێن نەورۆز ،واتە رۆژی نوێ.بە بڕوایەکی دیکە ،٦هەزار ساڵ لە مەو پێش کەیوومەرس لە گەڵ شای ئەو کاتە لە کێوەکانی رەواندز دەست بە شەڕ دەکا و ئەو رۆژەی کە سەر دەکەوێ،بە لەشکرەکەی دەڵێ:لە سەر تەواوی کێوە بەرزەکان ئاور بکەنەوە،تا بەڵکوو ئەو کەسانەی کە پەرەوازە بوون،بگەڕێنەوە و ئەو سەرکەوتنەش دەورووبەری نەورۆز بووە.

کردنەوەی ئاور ئەوە ناگەیەنێ کە کورد ئاور پەرەست بوویێتن،بەڵکوو لە ناو دینی زەردەشتدا ئاور شتێکی پیرۆزە .لە کوێستانی چاوبەڵەک و دەم بە قاقای پێکەنینەوە،بڵێسەی ئاوری پیرۆزی نەورۆز،خەمەکانی رابردوو لە گەڵ خۆی دەبا و هەر بڵێسەی بێت ئاوری سووری نەورۆز ،نەمان و سەر شۆڕی بۆ نەیارانی نەورۆز.لە کاتی کردنەوەی ئاوردا بازیان بەسەر داداوە وکوتویانە:سووری تۆ بۆ من و زەردی من بۆ تۆ(سووری کردەوەی باش و زەردی کردەوەی ناشیرین و خراپ).

هەر لە سەر دەمی کۆندا ، خەڵک کاتێک لەچنگ سەرما و سۆڵی زستان نەجاتیان دەبوو،جێژنیان دەگرت و پاشان ئەو جێژنە گەیشتە میر و حاکمەکان و دواتریش دەوڵەتەکان جێژنیان گرت.بە هاتنی نەورۆز ،هەستانێک لە ناخی مرۆڤدا دەست پێدەکا و خێزانەکان ماڵ خاوێن دەکەنەوە،سەردانی نەخۆش و ئەو بنەماڵانەی کە کەسێکیان لە دەست داوە و هەروەها سەردانی گۆڕی مردووەکان دەکەن و دەیانەوێ بە هاتنی ئەو ڕۆژە نوێیە هەموو شتێک وەلانێن وخەم و خەفەت بەر بادەن وژیانێکی دیکە دەست پێبکەن.

نەورۆزانە لە لایەن گەرەکانەوە بە چکۆلەکان دەدرێ لە لایەن دۆستانەوە پێک دەگا و کاتێک منداڵەکان لە ناو گوندەکان بۆ هەلاوە مەلاوە،واتە نەورۆزانە دەگەڕێن،کاتێک دەچنە هەر ماڵێک ،ئەم دێڕانە(وتانە)دەڵێن:هەلاوە مەلاوە،کچتان بووک،کوڕتان زاوا-هەلاوە مەلاوە،شتێکمان بۆ بخەنە ناو تاوە(تاوە ئەو شتەی بەدەستیانەوە بوو)- هاتەرێ ماتەرێ،سەری ئاوەڵم بە قنگی کەرێ،شتێکم بۆ بخەنە ژێر چەپەرێ – هەلاوە مەلاوە،یەک هێلکە تەواوە- هەنگوینی شانە شانە خانمی سەر باڵەخانە،کوا بەشم نەورۆزانە و.... خاوەن ماڵیش هەر شتێک کە شک ببا، وەک:هێلکە،توێشە،سنجوو،پوول و ... دەیدا بە منداڵەکان و زۆر بە ڕووی خۆشەوە بەڕێیان دەکا.کاتێک کە شەو دادێ،واتە شەوی ڕۆژی نەورۆز ،نۆبە دەگاتە گەورەکان و کوڕان و پیاوان دەگەڕێن، لە کولانکە و بەر هەیوانەوە،سەتڵی پڕ لە عەتر و شانە و ئاوێنە وگەنم دەخەنە خوارێ و خاوەن ماڵ نەورۆزانەیان پێدەدا کە زۆرتر هێلکەیە.

لە زۆربەی ماڵەکاندا سفرەی حەوت سین دەڕازێتەوە کە ئەم شتانەی لە سەرە:

١- سەمەنی بە مانای ژیانەوەی گیاکان
٢- سماق بۆ تامی چێشت
٣- سێو کە زۆرتر سێوی سوورە،نیشانەی بیر و بڕوای باشە
٤- سەعات یا سکە،سەعات بۆ ئاگادار بوونەوە لە گۆڕینی ساڵ و سکە نیشانەی دەوڵەتی باشە
٥- سەوزی بە مانای پایەدار بوون لە ژیاندا
٦- سیر یا سرکە بۆ خاوێنی شتەکان
٧- سنجوو کە بۆنی گوڵەکەی سەرچاوەی دڵدارییە

هەر وەها بۆ زیاتر ڕازاندنەوەی سفرەکە ئەم شتانەش دادەندرێن:لە سەردەمی ئێستا قورئان و پێش ئیسلام کتێبی ئاوێستا داندراوە - ئاوێنە نیشانەی یەکڕەنگی – مۆم بە مانای گەورەیی ئاور و باشترین یاسا دێت – ماسی نیشانەی زیندوو بوون – شیرینی وەک خورما و کشمیش کە دادەی ئەهوورایین – هێلکەی ڕەنگاو نیشانەی کردەوەی باش و...

هەر وەها لە سەردەمی کۆندا لە زۆربەی شار و گوندەکان بۆ ماوەی ١٥ڕۆژ میری نەورۆزی دروست کراوە کە مرۆڤ و کارەکانیان بەم شێوەیە بوون:

١- میر

٢- وەزیر کە پیاوێکی قسە خۆش بووە

٣- وەزیری دەستی ڕاست کە دەستووری باش و بە جێی بەم شێوەیە ڕادەگەیاند:بە دەستووری ئەمیر،زیندانی بێ تاوان دەبێ ئازاد بکرێ – ئەو بنەماڵانەی کە شەڕ و ئاژاوە لە نێوانیاندا هەیە، دەبێ ئاشت بنەوە - دەوڵەمەندەکان دەبێ زەکات بە فەقیرەکان بدەن و...

٤- وەزیری دەستی چەپ کە دەستووری بێ جێ و ڕێی ڕادەگەیاند کە بە هیچ کەس جێبەجێ نەدەکران ،بەم شێوەیە:بەیانی دەبێ تەواوی پیاوان نیوەی سمێڵی خۆیان بتاشن – لەمڕۆوە تا بەیانی دەبێ ،تەواوی کوڕانی 13ساڵ بۆ سەرێ ژن بێنن و ...

٥- میرزا کە نەفەرێکی نووسەر ئەم کارەی دەکرد

٦- چەند نەفەر خزمەتکار

٧- گرووپی نیزامی ،شمشێر بە دەست و جل و بەرگی سووریان لە بەر دەکرد

٨- پیاوێکی گۆپاڵ بە دەست کە دەستووری ئەمیری ڕادەگەیاند

٩- گرووپی مووزیک ژەن

١٠- گرووپی سروود و گۆرانی

١١- وشکەڕن کە جل و بەرگی لە پێستی ئاژەڵ بۆ دروست دەکرا و جگە لە ئەمیر قسەی بە هەموو کەسێک دەگوت.

لە کۆتاییدا دەڵێم:هەموو گیانلەبەرێک هاوار بۆ ژیانێکی نوێ دەکا و گەشانەوە و لاوانەوەی گوڵەگەشەکانی چیاکانی کوردستان تا دەگاتە دەربەندی گردی مامەیارە و ناڵەشکێنە و پڕ بە دڵ ئەچریکێن و دەڵێن:

ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە     جێژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

(گردی مامە یارە لە نزیک شاری سلێمانییە و گۆڕی پیرەمێردی نەمر،دانەری شێعری نەورۆز لەو شوێنەیە و پیرەمێرد توانی جێژنی گەورەی نەورۆز، بکاتە جێژنی نەتەوەیی)

بۆیە جێژنی نەورۆز هەموو کاتێک بە ڕێز و حورمەتەوە گیراوە،چونکە گرینگترین پەیام دەخاتە نێو دڵی ئۆگرەکانی، پەیامی هەستانەوەی کەوتوو،وەخەبەر هاتنی خەوتوو،ژیانەوەی مردوو،بووژانەوەی سڕ کردوو،گێڕانەوەی ڕابردوو،هەر وەها پەیامی سازبوونەوەی جیهانێکی سەر لە نوێ،بۆ گشت چین و بۆ گشت توێ،هەمووی بە جێ و گشتی بە جوێ،بە کۆما و کۆمەڵەکان ڕادەگەیەنێ.

سەرم بە فیدای ئەو تەیرە بێت کە مژگێنی بەهار و جێژنی نەورۆز و ساڵی تازە دێنێ،ساڵێک کە پڕ بێ لە خێر و خۆشی و دوور بێ لە کەم و کوڕی و نەخۆشی،ساڵێکی بە پیت و بەرەکەت،بە هەوڵ وحەرەکەت،تەڕەساڵێکی خاوەن دەغڵ و دان،نووخشە ببەخشێ بە خەلە و خرمان.

دەبێ تێبکۆشین تا دڵێکی سەوزی بەهاریمان هەبێ و بەردەوام گوڵ و جوانی بەسەر دا بباریێ و بیری چاک و وتەی چاک و

روانینی چاک لە وجوودماندا چرۆ دەر بکا و گەشە و نەشەی هەبێ و دەرگای رووناکی بەرەو رومان بکرێتەوە و دەبێ لە کاتێکدا جێژن بگرین کە ئاڵ وگۆڕ پێک بێ، نەک هەر ژمارەی ساڵەکان بگۆڕدرێن.  پیرۆز بێ نەورۆز و بەهار و شادی و رووناکی.

مێژووی رێکەوتی کوردی:بە هێرشی مادەکان بۆ سەر شاری نەینەوا کە بە دەست دەوڵەتی ئاشوورەوە بووە لە ساڵی ٦١٢ی پێش زایین و بە لە ناو چوونی ئاشوورەکان بەردی بناغەی رێکەوتی کوردی دادەمەزرێ.لە ساڵی ٧٠١ی پ.ز ئەو شەڕە دەستی پێکردووە و رۆژی دەست پێکردنی شەڕەکە ،نزیک سەری ساڵ دەبێ و دوای ٨٨ ساڵ شەڕیش،هەر لە نزیک سەری ساڵ ،مادەکان بە سەر ئاشوورەکاندا سەر دەکەون، واتە لە رۆژی دەست پێکردنی شەڕەوە ئەو رێکەوتە داندراوە.رێکەوتی کوردی لەگەڵ هەوەڵ رۆژی بەهار دەگۆڕدرێ و هەر لێرەوە ساڵی ٢٧٠٨ی کوردی لە هەموو لایەک پیرۆز بێت.

لێرەدا ئەوە پێویستە بگوترێ کە ساڵی زایینی نەورۆزی نییە و دوای ٨٠ رۆژ تێپەڕبوون بە سەر ساڵی زایینیدا زۆر ناشیرینە بلێی،نەورۆزی ٢٠٠٨،چونکە نەورۆز شتێکی تایبەت بە گەلانی ئێرانیە.

سەرچاوە ئاسۆی کوردستان وێبلاگی نووسەر /  رێکەوتی : ١٥ی مارچی ٢٠٠٩

# نەورۆز و چەند پرسێک لە ڕوانگەی چەندین کەسی جیاوازەوە.

**ئە _ زامدار**

لە سەر نەورۆز و مێژووی نەورۆز و ئاهەنگی نەورۆز هەتا ئێستا زۆر گووتراوە و زۆر نووسراوە و زۆریش باسکراوە. لە لایەن گەلانی ئارییاییەوە هەر یەکەو بە شێوازێک یادی ئەم ڕۆژە دەکرێتەوە و ئێمەش وەک کورد لە هەر چوار پارچەی کوردستان و لە هەر گۆشە و قوژبنێکی سەر ئەم گۆی زەوییە بین لەو ڕۆژەدا جێژن دەگرین و پیرۆزبایی هاتنی ساڵی نوێ و جێژنی نەورۆز لە یەکتری دەکەین. بۆ خۆم کە لە بەر نەبوونی ئیمکاناتی پێویست و دەست ڕانەگەیشتنم بەو کتێب و نووسینانەی کە بە شێوەیەک لە شێوەکان، ڕوویەکی زانستی یانەی مێژووی ئەم ڕۆژە بدەنە دەستم، چەند پرسیارێکم لە مەڕ نەورۆز ئاراستەی چەندی کەس کردووە و زۆربەی ئەو بەڕێزانەش کە بەندە ڕووم لێنان بە خۆشییەوە وێڕای سەرقاڵی خۆیان، لە کاتی خۆیان پێ بەخشیم و لە ڕوانگەی خۆیانەوە وڵامی پرسیارەکانمیان داوەتەوە. قسە کردن و پرسیار دروست بوون لە سەر نەورۆز زۆر لەم ئێشە چووکەی من هەڵدەگرێ و منیش مەبەستم لەم ئێشە شاکار خوڵقاندن و کەلێن پڕ کردنەوەیەک لەو بوارەدا نەبووە. وە لەوانەیە پرسیارەکانیشم لە ڕوانگەی زۆر کەسەوە پرسیاری ساکار بن. بەڵام من بۆ خۆم پێویستم بە وڵامی ئەم پرسانە هەبووە و واشم بە باش زانی کە ئەگەر بێتوو لە سەر چەند سایتێک دا بڵاویان بکەمەوە، زەرەر بە پەز ناگەیەنێ و ئێ لەوانەیە کەسێکی دیکە وەک من پێویستی بەم وڵامانە هەبێت... جا لە بەر ئەوەی لە نەورۆز و هاتنی نەورۆز دوور نەکەوینەوە ، ئەو وڵامانەی کە تا ئێستا پێم گەیشتوونەتەوە لەم بەشەدا بڵاو دەکەمەوە. بە گەیشتنی وڵامەکانی ئەو ئازیزانەش وا یەشتا چاوەڕێ دەکەم، ئەوانیش لە بەشێکی دیکە دا بڵاو دەکەمەوە..

ساڵی نوێ و نەورۆز لە گەلی کورد پیرۆز

نەورۆزی ٢٧٠٩

## وڵامەکانی کاک دوکتۆر خەلیقی

**پ : وا ساڵی ٢٧٠٨ مان نایە پشت سەر و پێمان نایە ساڵی ٢٧٠٩ ی کوردی ، ئایا ٢٧٠٩ ساڵ لەمەو پێش و لە وەها ڕۆژێکدا چ ڕووداوێک ڕوویداوە، کە تاریخی کوردی یان بڵێین ساڵی کوردی لەوەوە دەستی پێکردووە ؟**

دیاکۆ، لەبنەماڵەی مادەکان، لەورۆژەدا، تاجی پاشایەتی لەسەرنا.

**پ : ئایا نەورۆز ڕۆژی نەتەوەیی کوردە ؟**

وەڵام- هی کوردوفارس وئەفغانی وئەونەتەوانەیە کە لەباکووری قفقاز و ودەوروبەری دەریای خەزەرەوە دوو هەزارساڵ پێش زایینی لە سی کەرەتدا، بەرەو ئەوناوچانە کۆچیان کردووە.

**پ : نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و واقعیەت دا زیاتر لە کامیانەوە نزیکە ؟**

وەڵام، باس لەسەر ئەورۆژە، زۆری ئەفسانەس. ئەو قەومانە کۆچەر وئاژەڵدار بوون وزستانی کێوسانەکانی هەرێمەکانیان درێژ وسەخت بووگە وکە بەهارهاتووە ومەروماڵات توانیویانە بلەوەڕن، ژیانی سرۆشت وخۆیان و گیانلەبەرانیان، دەستی پێکردووەتەوە. هەربۆیە جێژنیان گرتووە. ئەمە بەشە راستییەکەیەتی.

**پ : جگە لە کورد، گەلانی دیکە هەر لە فارس و عەرەبەوە بگرە تا گەلانی دیکە لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و تاجکستان و هتد....بەم بۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕن. ئایا کورد لە گەلانی دیکەی وەرگرتووە یان بە پێچەوانەوە ؟**

وەڵام دراوەتەوە، بەڵام عەرەب، ڕێ ورەسمی وەهای نیە.

**پ : شێوەی گرتنی جێژنی نەورۆز لە ناو کورد دا زیاتر لە شێوەی ئاهەنگی کامە نەتەوە وە نزیکترە ؟**

لەنەتەوەی فارس وئەفغان وتاجیکەوە.

**پ : چوارشەمە سوری و سفرەی حەوت سین و سیانزە وەدەر چ مانایەکیان بۆ دەکەیتەوە ؟**

وەڵام- چوارشەمەی کۆتایی ساڵ وەک ڕۆژی نەهات چاوی لیکراوە، هەربۆیە ئاگریان کردووەتەوە وداوایان کردووە، سووری گڕەکەی واتا سلامەتی بەئەوان بگا وزەردی ئەوان بچێ ولەنێوئاگردا بسووتێ. سفرەی ٧ سین هی فارسە. وسیزدەی سەری ساڵیش ڕۆژی نەهات بووگە هەربۆیە بەسیزدەبەدر هاویشتن بۆ پشتی سەر، ویستوویانە ئەم نەتاتە لەخۆ دوور بخەنەوە. هی کوردیشە.

**پ : کە نەورۆز دێت، لە ناو نێمەی کورد دا یەکسەر دوو ناوی ( کاوە و زوحاک ) لە ناو ئەدەبیات و نووسراوەکانمان دا زەق دیارن و لە مێژیشە کاوە بووەتە ڕەمزی قارەمانی و زوحاکیش ئی درندەیی. ئایا لە مێژووی نووسراو و نەنووسراودا کەسانێک بەم ناوانە بوونیان هەبووە؟ کامیان کورد بووە ؟ ئەو دەنگۆیە تا چەندە ڕاستە کە گوایە دەڵێن زوحاک دواترین پاشای مادەکان بووە و کاوە ڕووخاندویەتی ؟ ئەگەر وایە کورد بۆچی کاوە بە قارەمان دەزانێ و پەیکەریشی بۆ ساز دەکات ؟**

وەڵام- ئەمە، زۆری ئەفسانەیە. ئەورۆ بڕواکراوە کە کاوە زوحاکی ڕووخاندووە وفەریدوونی نەتەوەی فارسی لە جێی ئەوداناوە! ئەگەرواب، کاوە بەکورد خەیانەتی کردووە.

پ : لە ڕوونکردنەوەیەکی زانستی دا لە سەر نەورۆز خوێندوومەتەوە ، نووسەر وا لێکیداوەتەوە کە وشەی نەورۆز لە بنەڕەتدا وشەی ( نمرود ) ە و ئاگری نەورۆزیش هەر ئەو ئاگرەیە کە نمرود بۆ لە ناو بردنی حەزرەتی ئیبراهیم کردوویەتیەوە.. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چیە ؟

وەڵام- ئەوبۆچوونە ڕاست نیە ونەمرووود، هیچ پێوەندییەکی بەوبابەتەوە نیە. نەورۆز واتا" ڕۆژی نویٚ" واتا یەکەم ڕۆژ لەساڵی تازە وئەو بۆچوونەش زانستی نیە کە تۆ پێت وایە زانستییە.

---------------------------------------------------------------------------------

## وڵامەکانی کاک ح . س . سۆران

پ : وا ساڵی ٢٧٠٨ مان نایە پشت سەر و پێمان نایە ساڵی ٢٧٠٩ی کوردی ، ئایا ٢٧٠٩ ساڵ لەمەو پێش و لە وەها ڕۆژێکدا چ ڕووداوێک ڕوویداوە، کە تاریخی کوردی یان بڵێین ساڵی کوردی لەوەوە دەستی پێکردووە ؟

و: ٢٧٠٨ ساڵە کە دیاکۆ ، میر (پادشا) ی کورد ، چوەتە سەرتەخت و بوە بە قەڕاڵ ( شا ).

پ : ئایا نەورۆز ڕۆژی نەتەوەیی کوردە ؟

و: بەڵێ ڕۆژی نەتەویی کورد و هەموگەلە ئارياييەکانە .

پ : نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و واقعیەت دا زیاتر لە کامیانەوە نزیکە ؟

و: لە ڕاستەقینەوە نزیکە، چون لە سەر گۆی زەوی، ڕووداوێکی ئەوستێرە ناسی سروشتیشە .

پ : جگە لە کورد، گەلانی دیکە هەر لە فارس و عەرەبەوە بگرە تا گەلانی دیکە لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و تاجکستان و هتد....بەم بۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕن. ئایا کورد لە گەلانی دیکەی وەرگرتووە یان بە پێچەوانەوە ؟

و: بە گشتی هی تەواوی گەلە ئاريايەکانە ، هی کاتێکە کە هەموويان وەک خێلێک بە يەکەوە دەژيان و پڕشوبڵاو نەببونەوە .

پ : شێوەی گرتنی جێژنی نەورۆز لە ناو کورد دا زیاتر لە شێوەی ئاهەنگی کامە نەتەوە وە نزیکترە ؟

و: ڕوانگەگەلی جۆراوجۆری هەیە ، لەشتێک دا لە یەکێکیان نزیکە ، لە شتێک دا لە یەکێکی دیکە .

پ : چوارشەمە سوری و سفرەی حەوت سین و سیانزە وەدەر چ مانایەکیان بۆ دەکەیتەوە ؟

و: چوارشەمە سووری ئاخرین رۆژی پشوی (هەینی) ، ئاریایی ساڵە ؛ سفرەی حەوت سین قسەی زۆر لەسەرە و سێزدە بەدەر تەواو بوونی نەخسی تۆفو بەند ، قاتوقڕ و زستانە .

پ : کە نەورۆز دێت، لە ناو ئێمەی کورد دا یەکسەر دوو ناوی ( کاوە و زوحاک ) لە ناو ئەدەبیات و نووسراوەکانمان دا زەق دیارن و لە مێژیشە کاوە بووەتە ڕەمزی قارەمانی و زوحاکیش ئی دڕندەیی. ئایا لە مێژووی نووسراو و نەنووسراودا کەسانێک بەم ناوانە بوونیان هەبووە؟ کامیان کورد بووە ؟ ئەو دەنگۆیە تا چەندە ڕاستە کە گوایە دەڵێن زوحاک دواترین پاشای مادەکان بووە و کاوە ڕووخاندویەتی ؟ ئەگەر وایە کورد بۆچی کاوە بە قارەمان دەزانێ و پەیکەریشی بۆ ساز دەکات ؟

و: ئەم شتە دەگەڕێتەوە بۆ پێش مێژو ( ماقبل تاریخ) و لە نێو تەم و مژی دیرۆک دا نوقمە ، بەڵام هەر بە ناوە کەی دا کاوە ( لە وشەی کاو= کام ) وەدێ کوردی ، بەڵام وشەی زوحاک ،لە باری زمان ناسیەوە لە بنەماڵەی ناوە ئاریاییەکان نیە . بەس دەبێ دڵنیا بین ، کە کاوە کورد بوە و زوحاک ناکورد . کاو لە کوردی دا بە مانای " ئاوات " ە ، وەک لەتە رستەی " ناکاو بو = بە فارسی دەبێتە نا کام بو " یانی ئاواتی بە جێ نەهات . دیارە ئەو وشانەی لە کوردی و فارسی دا هاوبەشن ، بەر لەوە فارسی بووبن ، کوردی بوون ، چون کورد لە مێژینە ترە ، یانی لە لقە کۆنترەکانی داری زمانی ئاریاییە . بە کورتی کاوە یانی کەسێک کە ئاواتی بە جێ هاتوە .

پ : لە ڕوونکردنەوەیەکی زانستی دا لە سەر نەورۆز خوێندوومەتەوە ، نووسەر وا لێکیداوەتەوە کە وشەی نەورۆز لە بنەڕەتدا وشەی ( نمرود ) ە و ئاگری نەورۆزیش هەر ئەو ئاگرەیە کە نمرود بۆ لە ناو بردنی حەزرەتی ئیبراهیم کردوویەتیوە.. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چیە ؟

و: وشەی نەورۆز ، بە مانای " رۆژی نوێ" یە ، واتە رۆژی نوێی ساڵ ، کە ساڵ نوێ و تازە دەبێتەوە. بە هیچ کلۆجێک پەیوەندیەکی لە تەک " نمرود " دا نیە!!!

---

## وڵامەکانی کاک ئەنوەر کاکایی

پ : وا ساڵی ٢٧٠٨ مان نایە پشت سەر و پێمان نایە ساڵی ٢٧٠٩ ی کوردی ، ئایا ٢٧٠٩ ساڵ لەمەو پێش و لە وەها ڕۆژێکدا چ ڕووداوێک ڕوویداوە، کە تاریخی کوردی یان بڵێین ساڵی کوردی لەوەوە دەستی پێکردووە ؟

ئەو ڕووداوە ئەفسانەیە کە خۆی لە هزری مرۆڤی کورددا دەبینێتەوە، باسی زۆڵم و بێدادیەک دەکات کە لە کۆمەڵگای کوردەواریدا، هەموو سنوورەکانی بەزاندووە. کۆمەڵانی خەڵکی کوردستان دژی ئەم بێدادیە ڕاپەڕیون و زاڵمیان بەزاندووە و کۆمەڵگەیان ڕزگار کردووە. لە ئەفسانەکەشدا کەسێک واتە وەستا کاوە سەرکردایەتی ڕاپەڕینەکە دەکات و زاڵم زوحاک یان زۆهاک دەبەزێنێ و دادپەروەری لە جێ بێدادی پێشکەش بە کۆمەڵگا کردووە. ئەم سەرکەوتنە بە هەڵکردنی ئاگر لە شوێنە بەرزەکان، مژدەی سەرکەوتن بە گەل دەگەیەنن. جێگای ئاماژەیە ئاگر لە سەرەتاوە لە ناو گەلە ئاریەکانی زاگرۆس پیرۆز بووە.

ئەم ڕووداوە هیچ ڕەبتی بە سەری ساڵی کوردی یان ئارییەوە نیە. ٢١ی مانگی سێ ی زایینی واتە نەورۆز ئەوکاتەیە کە شەو و ڕۆژ یەکسان دەبن و لە ٢ی نەورۆزو تا چلەی هاوین هەموو شەو و ڕۆژێک، ڕۆژ یان ڕووناکی چەند خولەک زیاد دەکات. هەروەها لە نەورۆزەوە زاوزێ دەست پێدەکات و گژ و گیا دەبووژێنەوە و بەڕاستی بە کردەوە لە نەورۆزەوە سروشت، ساڵی نوێ ڕادەگەیەنێ. واتە نەورۆز هەڵقولاوی سروشتی دەڤەرەکەیە. ئاماژەتان بە ٢٧٠٩ وەک ساڵی کوردی کردووە. ئەم ڕێکەوتە واتە ٢٧٠٩ ساڵ لەمەوبەر یەکەم کیانی کوردی کە ئەویش ئیمپراتۆری مێدە دروست بووە. ئەمە خۆی لە ڕاستیدا لاسای کردنەوەی پارسەکانە، کە ئەوانیش سەرەتای دروست بوونی ئەخەمەنیەکان وەک ساڵی ئێرانی دادەنێن، کە ئێستا حکومەتی ئاخوندی گۆڕیویانە بە هیجری شمسی یان قمری. بەڵام نەورۆز و ئەفسانەی نەورۆز کات و بەرواری دیاری کراوی نیە و نەزانراوە. بۆچوون زۆرن لە سەر بەرواری ڕووداوی ئەفسانەی نەورۆز، بەڵام هیچیان نەسەلمێنراون.

ئەوەی بۆ ئێمەی کورد گرینگە، ئەوەیە کە بتوانین نەورۆز بکەینە ڕاپەڕینێکی جەماوەری بۆ بەدیهێنانی مافەکانمان.
ئەوەی جێگای بیر لێکردنەوەیە، بۆ خودی وەستا کاوە وەک ئامراز بۆ بە دەسەڵات گەیشتنی کەسێکی تر بەکار دێت و ئەم کەسەش(واتە کەسی بەدسەڵات گەیشتوو) سەر بە نەتەوەیەکی ترە، تا نەتەوەکەی کاوە. ئەگەر سەیری بۆچوونی ئیرانی لە سەر نەورۆز بکەین کە کاوە فەریدونی گەیاندە دەسەڵات.

**پ : ئایا نەورۆز ڕۆژی نەتەوەیی کوردە ؟**

و: نەورۆز ڕۆژی نەتەوەی کورد نیە، بەڵام ڕۆژێکی مێژووی و گرنگە لە ژیانی گەلی کوردستان و هێندێک لە گەلانی دیکەی ناوچەکە. لە زۆر ناوچە و دەڤەری کوردستان لە بەر نائاگابوون لە مێژووی گەلی کورد، نەورۆز وەک ڕۆژی نەتەوەیی جێژن دەگیرێ. ئێستا لە ڕۆژهەڵات و باشوری کوردستان دووی ڕێبەندان ساڵرۆژی ڕاگەیاندنی یەکەم کیانی سیاسی کوردستان بە ڕۆژی نەتەوەیی دەناسرێ و ڕێزی لێدەگیرێ.

**پ : نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و واقعیەت دا زیاتر لە کامیانەوە نزیکە ؟**

و: نەورۆز ئەفسانەیە و خوڵقاوی هەست و هزری گەلی کوردە (ئەوەی کە مەربوتە بە کوردستان) و سروشتی کوردستانە. ئەتوانین بێژین نەورۆز ویستی مەزلومە دژ بە زاڵم. من پێموایە کە ناوی کارەکتەرەکان لە کاروانی مێژوودا چەندجار بە فیتی دەسەڵات گۆڕاوە، بەڵام ناوەڕۆکەکەی بە گشتی وەک خۆیەتی.

پ : جگە لە کورد، گەلانی دیکە هەر لە فارس و عەرەبەوە بگرە تا گەلانی دیکە لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و تاجکستان و هتد....بەم بۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕن. ئایا کورد لە گەلانی دیکەی وەرگرتووە یان بە پێچەوانەوە ؟

و: نەورۆز لە سەرەتای دابەشبوونی نژادی ئاری لە پلاتۆی ئارا واتە دەڤەری ئەفگانستان، ئێران و کوردستان بە سەر چەند بنەماڵەو دواتر چەند گەل، بۆنەیەکی کولتوری ئەم گەلە بووە. ئەم گەلانە لە کاتی جیابوونوە، ئەم فەرهەنگەیان لە گەڵ خۆیان بردووە. واتە هیچیان لەویتریان وەر نەگرتووە.

ئێستا ئەفسانەی نەورۆز بووەتە شێوەیەک لە هزری گەلی کورد. هۆی ئەمەش ئەو غەدرە مێژوویی‌یە یە کە لە نەتەوەی کورد کراوە و ئەم غەدرە بەردەوامە. ویستی گەلی کوردە کە نەورۆز لە ئەفسانەوە بکرێتە بنەمای ڕاپەڕینێکی کوردستانی گشتگیر، کە تا ئێستا ئەستەم بووە.

پ : شێوەی گرتنی جێژنی نەورۆز لە ناو کورد دا زیاتر لە شێوەی ئاهەنگی کامە نەتەوە وە نزیکترە ؟

و: شێوەی گرتنی نەورۆزی کوردستان تایبەتە بە سروشتی سیاسی کورد و تایبەتە بە کوردستان. بەلام وەک نزیکی لە ئێرانیەکانەوە نزیکە. با ئەوەش بێژم کە شێوەی گرتنی جێژنی نەورۆز لە بەشەکانی کوردستان جیاوازە.

پ : چوارشەمە سوری و سفرەی حەوت سین و سیانزە وەدەر چ مانایەکیان بۆ دەکەیتەوە ؟

و: نەوسفرەی هەفت سین نەرێتێکی ئێرانیەو بە بەراورد لە گەڵ مێژووی نەورۆزدا، تازەیە و تایبەت بە ئێرانیەکانە (پەرسەکان). ماناکەشی دەبێ لەوان بپرسین. بەلام وەک من بیستوومە ئەم سفرەیە نموونیەکە لە خوانی شایستەی مرۆڤایەتی. هەروەها چوارشەممە سووری و سیازدە وەدەر ئیرانیە و نامۆیە لە ناو گەلانی تری دەڤەرەکە، لەوانە گەلی کورد. ئەم بۆنانە بە نەورۆز زیادکراوە و زیاتر لە فەلەیەوە وەرگیراوە. واتە ئەم بۆنانە بۆ گەلی کورد مانایەکی تایبەتی‌یان نیە، تەنیا جوانە و زیادیە. کورد لە شەوی نەورۆزدا ئاگر دەکاتەوە و ئاهەنگ دەگێڕێ و لە ڕۆژەکانی سەرەتای نەورۆزدا سەردانی یەکتر دەکەن و بە پێی توانا دیاری بۆ یەکتر دەبەن.

پ : کە نەورۆز دێت، لە ناو ئێمەی کورد دا یەکسەر دوو ناوی ( کاوە و زوحاک ) لە ناو ئەدەبیات و نووسراوەکانمان دا زەق دیارن و لە مێژیشە کاوە بووەتە ڕەمزی قارەمانی و زوحاکیش ئی درندەیی. ئایا لە مێژووی نووسراو و نەنووسراودا کەسانێک بەم ناوانە بوونیان هەبووە؟ کامیان کورد بووە ؟ ئەو دەنگۆیە تا چەندە ڕاستە کە گوایە دەڵێن زوحاک دواترین پاشای مادەکان بووە و کاوە ڕووخاندویەتی ؟ ئەگەر وایە کورد بۆچی کاوە بە قارەمان دەزانێ و پەیکەریشی بۆ ساز دەکات ؟

و: وەک پێشتر ئاماژەم پێکرد، چیرۆکی نەورۆز، چیرۆکێکی ئەفسانەیە و ناوەکانیش ئەبێت خوازراوبن. ئەم ناوانە بەدرێژای

مێژوو بە قازانجی لایەنێکی سەردەست گۆڕاوە. هیچ بەڵگەیەک (جگە لە شانامە ئێرانیەکان کە زۆر کۆن نیە) نەیسەلماندوە کە ئەم ئەکتەرانە سەر بە چ نەتەوەیەکن، یان ناوەکانیان لە کوێوە هاتووە.

کە باسی پاشاکانی مێد دەکرێ، دەبێ بێژم کە بەڵێ دوایین پاشای مێد ئاستیاگ بووە. بەڵام ئەمە لە بەڵگە یونانیەکاندا سەلمێندراوە کە ئاستیاگ زۆربەی گەلەکەی لەگەڵ بووە و شۆڕشی بەسەردا نەکراوە و بەڵکوو لە شەڕدا بەزیوە و بە دیلی لە هەگبەتان لەداردراوە.

کورد پەیکەر بۆ کاوە وەک ڕەمزی ڕاپەڕین و دژە زاڵم دروست دەکات. ئەمە هێمای دادپەروەریە کە کۆمەڵگای کوردی خوازیارێتی.

پ : لە ڕوونکردنەوەیەکی زانستی دا لە سەر نەورۆز خوێندوومەتەوە ، نووسەر وا لێکیداوەتەوە کە وشەی نەورۆز لە بنەڕەتدا وشەی ( نمرود ) ە و ئاگری نەورۆزیش هەر ئەو ئاگرەیە کە نمرود بۆ لە ناو بردنی حەزرەتی ئیبراهیم کردوویەتیەوە.. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چیە ؟

و: من ئەو ڕوونکردنەوەم نەبینیوە. بەڵام ڕوونکردنەوەی زانستی  پێویستی بە بەڵگەی باوەڕپێکراو هەیە. ئاگری نەورۆز لە ئاینە یەزدانیەکانی گەلی ئاری دەڤەرەکەوە سەرچاوە دەگرێ و بە ڕوونی لە ئاینی زەردەشتیدا دەسەلمێندرێ. وشەی نەورۆز واتە ڕۆژی تازە، وشەیەکی کۆنی ئاریە و نموونەی ئەم جۆرە وشەگەلە لە ئاڤێستادا زۆرە.  ئەمە بۆچوونێکی سەیرە، ناکرێت وا بێت.

---

## وڵامەکانی خاتوو قومری سالح زادە

پ :  وا ساڵی ٢٧٠٨  مان نایە پشت سەر و پێمان نایە ساڵی ٢٧٠٩ی کوردی ، ئایا ٢٧٠٩ ساڵ لەمەو پێش و لە وەها ڕۆژێکدا چ ڕووداوێک ڕوویداوە، کە تاریخی کوردی یان بڵێین ساڵی کوردی لەوەوە دەستی پێکردووە ؟

بە پێی ئەو داستان و ئەفسانانەی کە باسی لێوە دەکەن ئەو دەم پاشایەک بە ناوی ضحاک کە کورد بە ئەژدەهاک ناوی دەبات هەبوو لەو کاتەدا ٢ ماری لە سەر شانی ڕواوون دوای لە بەر ئەوەی ئەو مارانە بەردەوام بن لە ژیان تا نەبنە هۆی مەرگی پاشاکە بۆیە هەر ڕۆژەی دوو مرۆڤی کوردیان سەربڕیووە تا دەرخواردی ئەو مارانەی بدات لەو کاتەدا کاوە ی ئاسنگەر کابرایەکی ئاسنگەر بووە توانی ئەژدەهاک لە ناو ببات و گەل و لاوان سەربەخۆ بکات دروست لەو کاتەدا بووە کە بەهار دەستی پێ کردووە بۆیە ناویان ناوە نەورۆز واتە ڕۆژی نوێ یان ڕۆژی تازە بە هۆی بەهار و ڕۆژی سەربەخۆیی.

پ : ئایا نەورۆز ڕۆژی نەتەوەیی کوردە ؟

زۆرێک لە مێژوو نووسانی کورد دەڵێن کە نەورۆز ڕۆژی نەتەوەی کوردە بەڵام ڕۆژی نەورۆز ڕۆژی نەتەوەی ئارییاییە واتە ئەو نەتەوانەی کە سەر بە ئارییایین و لە سەر زەمینی ئارییایی دەژین.

**پ : نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و واقعیەت دا زیاتر لە کامیانەوە نزیکە ؟**

بەبۆ چوونی من زیاتر لە ئەفسانەوە نزیکە بەو جۆرەی کە باسی لێوە دەکرێت بەڵام نزیکە لە ڕاستیەوە ئەوەیە کە ڕۆژێکی نوێ دەست پێ دەکات لەو ناوچەیە کە بەهار و نەورۆزە.

**پ : جگە لە کورد، گەلانی دیکە هەر لە فارس و عەرەبەوە بگرە تا گەلانی دیکە لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و تاجکستان و هتد....بەم بۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕن. ئایا کورد لە گەلانی دیکەی وەرگرتووە یان بە پێچەوانەوە ؟**

لە پێشەوە باسمان کرد کە نەورۆز زیاتر ئەو شوێنانە و نەتەوانە دەگرێتەوە کە سەر بە سەرزەمینی ئارییاین، وەک ئەفغانستان و پاکستان و ئێران و کوردستان و تورک .... بەڵام عەرەب لە نەوەی ئارییایی نیە بۆیە عەرەب بەشدار نیە لەو یادەدا بەڵام عەرەب وەک بەهار واتە ربیع ناوی دەبات سەردەمی ڕژێمی پێشووی عێراق بە ڕۆژی یان جەژنی دارو درەخت ناویان دەبرد، کوردستان بە گشتی و تورک و فارس زۆرتر یادی ئەو ڕۆژە دەکەنەوە بەڵام بە پلەی یەکەم کورد و فارس، ناتوانم بڵێم کورد لەوانی دیکەی وەرگرتووە یان ئەوان لە کوردیان وەرگرتووە لە پێشدا ئاماژەم پێ دا کە ئەو مێژووە زیاتر پەیوەندی هەیە بە میللەتانی نەوەی ئاری نەوەی ئاریش ئەو میللەتانەن کە باسمان لێوە کردن.

**پ : شێوەی گرتنی جێژنی نەورۆز لە ناو کورد دا زیاتر لە شێوەی ئاهەنگی کامە نەتەوەوە نزیکترە ؟**

گرتنی ڕۆژی نەورۆز یان جەژنی نەورۆز لە ناو کورددا دەتوانم بڵێم کەم تا کورتێک نزیکە لە فارسەکانەوە بە تایبەت کوردی بەشی ڕۆژهەڵات بەڵام بە گشتی کوردەکان نزیکن لەوەی کە ئاگری نەورۆز دەکەنەوە ڕۆژێک پێش واتە لە ٢٠ی مانگی ٣ بە سالی زایینی ئاگر دەکەنەوەو لە دەوری هەڵدەپەڕن.

**پ : چوارشەممە سوری و سفرەی حەوت سین و سیانزە وەدەر چ مانایەکیان بۆ دەکەیتەوە ؟**

چوار شەممە سووری مانای کۆتای ڕۆژی چوار شەممە ی کۆتای ساڵ واتە ئاخرین چوار شەممەی ئاخری ساڵ کە ئاگر دەکەنەوە و بە سەریدا باز دەدەن دەڵێن زەردی ئیمە بۆ تۆ و سووری تۆ بۆ ئێمە واتە هەر نەخۆشیەکمان هەبێت بەو ئاگرەوە بڕوات، سفرەی حەوت سین ئەوەیە کە حەوت جۆر خواردن دادەنێن کە یەکەم پیتی بە پیتی س دەست پێ بکات بۆ نمونە(سێو، سرکە،سیر، سماق، سنجوو، سەوزە، ساوەر) ئیتر بە پێی خێزانەکان دەگۆڕدرێت چییان دەست بکەوێت بە مەرجێک بە پیتی س دەست پێبکات دایدەنێن لە

سەر سفرەکە، پاشان شووشەیەک پڕ لە ئاو دادەنێن چەند ماسیەکی سوری تێدا بێت چونکە لە کاتی تەحویل بوونەوەی ساڵدا ماسیەکە هەڵدەگەڕێتەوە ئەو کاتە دەزانرێت کە ساڵ نوێ بوەتەوە.

پ : کە نەورۆز دێت، لە ناو ئێمەی کورد دا یەکسەر دوو ناوی ( کاوە و زوحاک ) لە ناو ئەدەبیات و نووسراوەکانمان دا زەق دیارن و لە مێژیشە کاوە بووەتە ڕەمزی قارەمانی و زوحاکیش ئی دڕندەیی. ئایا لە مێژووی نووسراو و نەنووسراودا کەسانێک بەم ناوانە بوونیان هەبووە؟ کامیان کورد بووە ؟ ئەو دەنگۆیە تا چەندە ڕاستە کە گوایە دەڵێن زوحاک دواترین پاشای مادەکان بووە و کاوە ڕووخاندویەتی ؟ ئەگەر وایە کورد بۆچی کاوە بە قارەمان دەزانێ و پەیکەریشی بۆ ساز دەکات ؟

لە پرسیاری یەکەمدا وەڵامم دایەوە کە ئەو پاشایە بە ناوی ضحاک بووە ئەوەش بە بۆچوونی من زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ ئایینی زەردەشت کە ئاگر سونبولیان بووە کە تا ئێستاش ئەو مەزهەبە ماوەو پەیرەوی دەکەن.دیارە ئەم داستانە یان ئەفسانە یان با بلێین مێژووە کە دەماودەم گەشتوونەتە لای ئێمە بەڵام مێژوو نوسان هەر یەک بە جۆرێک باسی دەکەن. هەر میللەتێک بە پێی بەرژەوەندی خۆی زیاتر بە مووڵکی خۆی دەزانێت و بە جۆرێک باسی لێوە دەکات.

پ : لە ڕوونکردنەوەیەکی زانستی دا لە سەر نەورۆز خوێندوومەتەوە ، نووسەر وا لێکیداوەتەوە کە وشەی نەورۆز لە بنەڕەتدا وشەی ( نمرود ) ە و ئاگری نەورۆزیش هەر ئەو ئاگرەیە کە نمرود بۆ لە ناو بردنی حەزرەتی ئیبراهیم کردوویەتیوە.. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چیە ؟

دیارە پێشتریش ئاماژەم پێ کرد کە زیاتر دەگەڕێتەوە بۆ مەزهەب و ترادیسیۆن بەڵام ئاگر سۆمبۆلی ڕۆژی نوێ بونەوەی ڕۆژە لە بەهاری ساڵدا و گەرمی هێنەرەوە لە ڕۆژی نەورۆزدا بە بۆ چوونی من ئەمە داستانیکی ئەفسانەییە.

---

## وڵامەکانی کاک حاتەم مەنبەری

پ : وا ساڵی ٢٧٠٨ مان نایە پشت سەر و پێمان نایە ساڵی ٢٧٠٩ی کوردی ، ئایا ٢٧٠٩ ساڵ لەمەو پێش و لە وەها ڕۆژێکدا چ ڕووداوێک ڕوویداوە، کە تاریخی کوردی یان بڵێین ساڵی کوردی لەوەوە دەستی پێکردووە ؟

و: من لەم بارەوە شارەزاییکی ورد و زانستیم نیە بۆیە حەز دەکەم وەڵامی ئەم پرسیارە بهێڵمەوە بۆ شارەزایانی بوارەکە واتا میژووی کورد ( نەک ئەفسانە) .

پ : ئایا نەورۆز ڕۆژی نەتەوەیی کوردە ؟

و: هەموو گەل و نەتەوەکانی  دنیا کۆمەڵێک رۆژی گرنگ و مێژوویيان هەيە و لە ناو ئەو رۆژانەشیان دا رۆژێکیان کردووەتە رۆژی نەتەوەیی. کوردیش وەک هەرکام لەو نەتەوانە پێویستی بە رۆژێکی وایە و لە ناو گشت رۆژە مێژوویەکانی دا نەورۆز لەبارترین رۆژە بۆ ئەو مەبەستە. لە لایەک ئەگەر چیرۆک و ئەفسانەش بێ ئەفسانەیەکی شیرین و جێکەوتووە و رۆژێکی نوێشە نەک هەر بۆ کورد وەک کۆمەڵێکی ئینسانی ، بەڵکوو بۆ ژیانەوەی سرۆشتیش. بۆیە بەڵێ نەورۆز رۆژی نەتەوەیی کوردە بەڵام تەنیا هی کوردان نیە . گەل و نەتەوەی تریش بە رێزەوە یادی نەورۆز دەکەنەوە و کەسیش تا ئیستا  نەیکردووە بە موڵکی تایبەتی خوی.

پ : نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و واقعیەت دا زیاتر لە کامیانەوە نزیکە ؟

و: بێگومان هیچ بەڵگەیەکی سەلمێندراو بۆ هیچکام لە ریوایەتەکانی نەورۆز ( ئەوەیکە زۆحاکێک هەبووە، کاوەیەک هەبووە و .....)بە دەستەوە نیە و کەس ناتوانی بۆ راسەقینەبوونی رووداوەکانی پێداگری بکات، بەڵام مێژووی مرۆڤایەتی و لەوانە هی وڵاتی ئێمە ، پڕاوپڕە لە زووحاک (ئیستا باماری لە سەر شان نەبوو بێت) . هەر زوحاکێکیش هەزاران کاوەی لە دژ بوون و بە گژی دا چوونەتەوە. بۆیە ئەم ئەفسانە ئەگەر لە راستی کۆمەڵگە نزیک نەبایا تا ئیستا هەزارجار لە بیر چووبوەوە و ناوێکی لێ نەمابوو،لە بەر ئەوە دەتوانین بڵێین داستانەکە ئەفسانەیە بەڵام ئەفسانەیەک کە ئاوێنەی باڵانوێنی  شێوەی ژیانی خەڵک و کۆمەڵگەکە.

پ : جگە لە کورد، گەلانی دیکە هەر لە فارس و عەرەبەوە بگرە تا گەلانی دیکە لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و تاجکستان و هتد....بەم بۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕن. ئایا کورد لە گەلانی دیکەی وەرگرتووە یان بە پێچەوانەوە ؟

و: کورد و فارس و ئەفغانی و تاجێک هەم لە زمان  و هەم لە مێژوو دا زۆر لێک نزیکن و گەلێک شتی هاوبەشیشیان هەیە، وەک ژمارە: یەک،دوو، سێ و.....یان ناوی وەک: تۆ، ساڵ، بەهار، ئارد ،خودا، ئاسمان ،باران و... تەمەنی ئەم شتانە کەمتر لە نەورۆز نیە  و لەباری ریشەی رەگەزیشەوە خاڵی هاوبەشیان  هەن.  بۆیە نەورۆز دەتوانی مڵکی هاوبەشی هەموویان بێت ، دیارە لەم دە - پازدە ساڵەی دوایی دا دوو شت واتا: خاوەندەرکەوتنی کوردی باکوور لە نەورۆز بە شێوەیەکی نوێ و بێ وێنە و گرنگی دانی فارسەکان بە چوارشەمە سووری یارمەتی داوە تا نەورۆز زیاتر وەک مڵکی کوردان بێتە ناساندن.

پ : شێوەی گرتنی جێژنی نەورۆز لە ناو کورد دا زیاتر لە شێوەی ئاهەنگی کامە نەتەوە وە نزیکترە ؟

و: راستییەکەی لە هیچ نەتەوەیەک. یەکێک لە تایبەتمەندییەکانی نەورۆز بۆ کورد ئەوەیە کە بە شێوەی خوی پیرۆزی دەکات. فارسەکان زیاتر گرنگی بە "سفرەی حەفتسین" دەدەن و کورد ئاگرەکەیان لا گرنگە، بەتایبەتی لە شاری ئامێدی باکووری کوردستان ئەم یادە بووەتە کارنەواڵێکی گەورەی نەتەوەیی و مەزنترین هاوپەیوەندی ناوکوردانی تێدا پێشان دەدرێ کە پێویستە ئەم سەبکە جێ سەیران و "گۆشتبرژاندنی" باشوور بگرێتەوە.

پ : چوارشەمە سوری و سفرەی حەوت سین و سیانزە وەدەر چ مانایەکیان بۆ دەکەیتەوە ؟

و: وەک لە وەڵامی پرسیاری سەرەوە دا باسکرا گرنگیدانی کورد بە رۆژی نەورۆ و ئاگرەکەی، سفرە و چوارشەمە سووری کەم رەنگ کردووە، بۆ کوردان (جگە لەوانەی تێکەلاوییان لەگەڵ بنەماڵەی فارس هەیە) هیچ مانایەکی نیە و تا ئەو جێگایەش من بزانم کوردی باکوور، باشوور و رۆژئاوا هیچ گرنگی بە سفرەی حەفت سین و چوارشەمە سووری نادەن. بەڵام وەک وترا چوارشەمە سووری بۆ فارسەکان خەریکە جێگای نەورۆز ئەگرێتەوە و ئەگەر حازربن بەشیان کەین من بەشی خوم لە چوارشەمە سووری ئەگۆڕمەوە بە نەورۆز! بەڵام سێزدەبەدەر تێکەڵی جۆرێک "خورافە" بووە و مەسەڵەن وەک چۆن دەڵێن ژمارەی سێزدە نەحسە ئاواش چاو لە سێزدەبەدەر دەکەن و پاش تێپەڕبوونی سێزدە رۆژ لە ساڵی نوێ، خەڵک دەچنە سەیران و پاشان کار و مەدرەسە و... بە شێوەی ئاسایی دەست پێدەکات.

پ : کە نەورۆز دێت، لە ناو ئێمەی کورد دا یەکسەر دوو ناوی ( کاوە و زوحاک ) لە ناو ئەدەبیات و نووسراوەکانمان دا زەق دیارن و لە مێژیشە کاوە بووەتە رەمزی قارەمانی و زوحاکیش ئی درندەیی. ئایا لە مێژووی نووسراو و نەنووسراودا کەسانێک بەم ناوانە بوونیان هەبووە؟ کامیان کورد بووە ؟ ئەو دەنگۆیە تا چەندە ڕاستە کە گوایە دەڵێن زوحاک دواترین پاشای مادەکان بووە و کاوە ڕووخاندویەتی ؟ ئەگەر وایە کورد بۆچی کاوە بە قارەمان دەزانێ و پەیکەریشی بۆ ساز دەکات ؟

و: وەک لە سەرەوە باسکرا هەموو داستانەکە ئەفسانەیە و بەڵگە بۆ بوونی کەسانێک بە ناوی زووحاک یان کاوە بە دەستەوە نیە. ئەوەی هەزاران ساڵە بیستراوە ئەوەیە کە کاوە باش و باوەگەورەی کوردانە! زووحاکیش خوێنمژ و قاتڵی رۆڵەی خەڵک. فێردۆسی لە شانامە ئەفسانەیەکەی دا باسی ئەم رووداوەی کردووە و خەڵکیش دوای ئەو دووپات و سەدپاتیان کردووەتەوە. لەم ئاخرانە دا ئەحمەدی شاملوو شاعێری کۆچکردووی فارس هەوڵی دا پێچەوانەی ئەمە بسەلمێنێ ، زووحاک باش و باوە گەورەی ئێمە و کاوە قاتڵ و چەتە نیشان بدات. ئەوەی من نووسراوەی ناوبراوم لە بیرمابێ بەڵگەیەکی "مەحکەمە پەسەنی" بۆ ئیدەعاکەی نیشان نەداوە . لە راستی دا بۆ کوردیش زۆر فەرق ناکات. گرنگ ئەوەیە کە رۆژێک هەبێت هەموومان کۆکاتەوە و تێدا هەست بە نەتەوەبوونی خومان بکەین.

پ : لە ڕوونکردنەوەیەکی زانستی دا لە سەر نەورۆز خوێندوومەتەوە ، نووسەر وا لێکیداوەتەوە کە وشەی نەورۆز لە بنەڕەتدا وشەی ( نمرود ) ە و ئاگری نەورۆزیش هەر ئەو ئاگرەیە کە نمرود بۆ لە ناو بردنی حەزرەتی ئیبراهیم کردوویەتیوە.. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چیە ؟

و: نەورۆ و نەمروود هەردووکیان داستانی کۆنن و دەکرێ ئاگریشی لێ زیاد کەین ئەوکات بە زۆر لێکیان گرێ دەین و بیان کەینە ملکی خەڵکیتر. تورکەکانیش دەڵێن" نێڤرووز" داستانێکی کۆنی تورکییە و گەلێک جار ویستوویانە ناوەرۆکی ئەم رۆژە ( وەک سەنبولێک بۆ یەکخستنی کوردانە) بگۆڕن. لە جێگایەک دا کابرایەکی ئێرانی نووسیبووی زەمانێک سنووری ئێران لەگەڵ ئیسپانیا یەک بووە ! بەڵگەشی ئەوە بوو کە" مێدی تەرانە" لە :ماد + تەرانە (گۆرانی مادەکان) هەردووکیان ئێرانین.! بۆیە هەووەڵجار ئێرانی ئەو ناوەیان لە سەر ئەو دەریایە ناوە! ئەم شتانە بە بڕوای من ئیدیعای بێ بنەمان و بایەخی مێژووییان نیە.

## وڵامەکانی کاک هیوا گوڵمحەممەدی

**پ : وا ساڵی ٢٧٠٨ مان نایە پشت سەر و پێمان نایە ساڵی ٢٧٠٩ی کوردی ، ئایا ٢٧٠٩ ساڵ لەمەو پێش و لە وەها ڕۆژێکدا چ ڕووداوێک ڕوویداوە، کە تاریخی کوردی یان بڵێین ساڵی کوردی لەوەوە دەستی پێکردووە ؟**

ئەوەی تا ئێستا باس کراوە و وەک نەوروز ناسراوە داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکە. دەڵێن زوحاک کە پاشای بابل بووە توشی نەخۆشیەک دەبێ و دوو مار لەسەر شانی چەپ و ڕاستی ئەڕوێ و خۆراکی ئەو مارانەش هەموو ڕۆژێ مێشکی دوو لاوە. خەڵک بە بەردەوامی لە دڵەڕاوکەدا ئەژین کە کەی پیاوەکانی پاشا بێن و منداڵەکانیان بەرێ کە مێشکی بکەنە خۆراکی ئەو مارانە.

سەر ئەنجام نورە دەگاتە کوڕی کاوە کە ئەو کاتە کابرایەکی بە هێز و ئاسنگەرێکی کارکەر بووە. کاوەی ئاسنگەر ئەو شەوە تا بەیانی لە کارگەکەی خۆیدا خەریکی دروست کردنی چەکوچێک ئەبێ و بیر لەوە ئەکاتەوە کە چۆن گیانی کوڕەکەی بپارێزی.

سەرئەنجام ڕۆژی نەوروز واتە ٢١ی مانگ دەستی کوڕەکەی ئەگرێت و بە هات و هاوار ئەچێتە بەرماڵی زوحاک و خەڵک لە خۆی کۆ ئەکاتەوە و سەر هەڵدان دێتە ئاراوە و کاوەی ئاسنگەر بە چەکوچەکەی دەستی سەری زوحاک پان ئەکاتەوە و گیانی لاوان ڕزگار ئەکا و خەڵک ئەیکەنە شادی و لەوڕوژە بە دواوە نەوروز وەک سەرهەڵدان دژی زوڵم و زورداری جێژن ئەگیردرێ.

بێگومان لایەنێکی دیکە بڕوایان وایە کە لەبەر ئەوە لە ٢١ی مانگ دا سروشت ئەگۆڕدرێ و نوێ بونەوەی سروشت دێتە ئاراوە مرۆڤەکان بەتایبەت لە سومەرەوە دوای دیکتاتوری بابلیەکان جێژن و شایی ئەگێڕن و بووەتە کولتوری گەلانی کورد، فارس،سوریانی ئاسووری و گەلانی دیکە.

ئەگەر چاو لەو ڕەوایەت یان داستان و ئەفسانەیەش بکەین کە بۆ کاوەی ئاسنگەر دروست کراوە ئەوەمان بۆ دەر ئەکەوێ کە نەوروز ڕۆژی بەرخودان و سەرهەڵدانە دژ بە زۆرداری و ڕۆژی نوێ بوونەوە و ئاشتەوای سروشت و بوژانەوەیەوە.

**پ : ئایا نەورۆز ڕۆژی نەتەوەیی کوردە ؟**

بێگومان نەروز بووەتە بەشێک لە کولتوری کوردان و هاوکات کە کوردەکان بەرخودان بۆ ژیان و ئازادی خۆیان ئەکەن لە نەورۆزدا نارەزایەتیەکانی خۆیان بۆ ئەو زوڵم و زۆرەی لێیان ئەکرێ باس دەکەن و لەگەڵ سرووشتا خۆ نوێ ئەکەنەوە و ئەکرێ هەر ئەو خەباتەی کاوەی ئاسنگەر بە بێ لە بەر چاوگرتنی ئەو ئەفسانەیە کە باس لە مار و مێشکی مرۆڤەکان ئەکا ئەتوانین بڵێین نەورۆز جێژنێکی نەتەوەیی کوردانە بەڵام ئەکرێ بڵێین کولتوری هاوبەشی کورد و فارس و گەلانی دیکەیە کە بە هەزاران ساڵە پێکەوە ئەژین و ڕۆژێکە بۆ لێک نێزیک بونەوە و لێک حاڵی بون و هاوکات سەرهەڵدان دژی زوڵم و زورداری.

بە باوەڕی من  ئەکرێ ڕۆژی دامەزراندنی کۆماری کوردستان بکرێتە ڕۆژی نەتەوەیی کوردان لەبەر ئەوە لەو ڕۆژەدا کورد بوو بە خاوەن ناسنامە و مێژووەکەشی دوورە لە خەیاڵ و واقعێکی ڕەوای کوردەکانە

**پ : نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و واقعیەت دا زیاتر لە کامیانەوە نزیکە ؟**

ئەگەر ئەو باسەی کاوەی ئاسنگەر و زوحاک لە بەرچاو بگرین ئەوە بێگومان تەنیا خەیاڵێکە و ئەو کەسەش کە ئەو خەیاڵەی هۆنیوەتەوە مەبەستی ئەوە بوە کە کورد وەکو قارەمان بناسێنێ و هەستی کوردەکان بجووڵێنی بۆ بەرخودان و دژبەرایەتی زوڵم و زورداری.

**پ : جگە لە کورد، گەلانی دیکە هەر لە فارس و عەرەبەوە بگرە تا گەلانی دیکە لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و تاجکستان و هتد....بەم بۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕن. ئایا کورد لە گەلانی دیکەی وەرگرتووە یان بە پێچەوانەوە ؟**

ئەوەندەی من ئاگادار بم عەرەبەکان نەوروز جێژن ناگرن سەردەمی حیزبی بەعس بۆ چەواشەکاری و بۆ ئەوەی هەستی کوردەکان لە نەورۆز و بەرخودان دوور بخاتەوە نەورۆزی جێژن ئەگرت. بەڵام گەلانی فارس، ئاسوری سوریانی، تاجیکەکان و ئەفگانەکان ئەو ڕۆژە پیرۆز ئەکەن و ئەوەش لەو کولتورە هاوبەشەوە وەرگیراوە کە پێشتر باسم کرد و ناکرێ بڵێین کێ لە کێی وەرگرتوە، بە گۆیرەی زەمان گەلان لێک دوور کەوتونەتەوە و کولتورەکانیان لەگەڵ خۆیانان بردوە.

**پ : شێوەی گرتنی جێژنی نەورۆز لە ناو کورد دا زیاتر لە شێوەی ئاهەنگی کامە نەتەوە وە نزیکترە ؟**

دیارە هەر نەتەوە و بە شێوە و کولتوری تایبەتی خۆیەوە نەورۆز پیرۆز ئەکا و لەبەر دابەش بونی کوردان لە بواری جوگرافیایەوە هەر بەشەی کەوتوەتە بن تاسیری ئەو گەلانەی کە لێیانەوە نێزیکن یان کوردانیان بن دەست کردوە.

بۆ وێنە لە ڕۆژهەڵاتی کوردستان کولتوری فارس زیاتر بەسەر بەڕێوە بردنی جێژنەکەدا زاڵ بوە، کەچی لە باشوری کوردستان کولتورێکی عەرەبی لە نەورۆزدا دەبێندرێ بەڵام لە ڕۆژئاوا و باکوری کوردستان نەورۆز بوەتە ڕۆژی سەرهەڵدانی گەل و زۆر جیاوازی هەیە لەگەڵ ڕۆژهەڵات و باشوردا.

**پ : چوارشەمە سوری و سفرەی حەوت سین و سیانزە وەدەر چ مانایەکیان بۆ دەکەیتەوە ؟**

لە ڕاستیدا ئەو ڕۆژانە زیاتر لە کولتوری فارسەکاندا بەرجەستەن و کوردەکانی ڕۆژهەڵات لەوانەوە وەریان گرتوە و لە هیچ بەشێکی دیکەی کوردستان دا نە چوارشەمە سوری و نە حەوتسین نابیندرێ و نەبوەتە کولتورێکی کوردی، سیزدەبەدەر وەک دەرکردنی خراپیەکانە و لەبەر ئەوە ژمارەی سێزدە بە نەعس و شوم ئەزانرێ ئەیانەوێ لەگەڵ ئەو ڕۆژەدا هەموو خراپیەکانیش بسڕیتەوە

پ : کە نەورۆز دێت، لە ناو ئێمەی کورد دا یەکسەر دوو ناوی ( کاوە و زوحاک ) لە ناو ئەدەبیات و نووسراوەکانمان دا زەق دیارن و لە مێژیشە کاوە بووەتە ڕەمزی قارەمانی و زوحاکیش ئی دڕندەیی. ئایا لە مێژووی نووسراو و نەنووسراودا کەسانێک بەم ناوانە بوونیان هەبووە؟ کامیان کورد بووە ؟

ئەو دەنگۆیە تا چەندە ڕاستە کە گوایە دەڵێن زوحاک دواترین پاشای مادەکان بووە و کاوە ڕووخاندویەتی ؟ ئەگەر وایە کورد بۆچی کاوە بە قارەمان دەزانێ و پەیکەریشی بۆ ساز دەکات ؟

وەک پێشتر وتم کاوەی ئاسنگەر و زوحاک ئەفسانەن بەڵام ئەگەر چاو لە مێژوی بەرخودانی کوردان بکەین بە هەزاران کاوەمان هەبووە و هەیە و زوحاکیش داگیرکەرانی کوردستانن، بۆ وێنە زوحاک ئەتوانێ سەدام حسەین و کاوەی ئاسنگەر سەرهەڵدانی گەلی باشور لە ۱۹۹۱ دا بێت. هێندێ کەس لەو بڕوایەدان کە زوحاک پاشایەکی باش بووە و لە لایەن دژبەرەکانیەوە کەسێکی بە هێز و بازوی وەک کاوەی ئاسنگەر لێ هان دراوە کە دەسەڵاتی لێ بستێنێ و بیداتە کەسێکی فارس و هەردوکیان هەم کاوە و هەم زوحاک کورد بوون. من بۆ خۆم بڕوام بە هیچکامیان نیە و ڕاستی هیچکامیشیانم لە باری مێژووی و زانستیەوە بۆ دەر نەکەوتوە. کورد بۆ ئەوەی هێزی بەرخوەدانی هەبێ قارەمان بۆ خۆی دروست ئەکا و دروست کردنی پەیکەر بۆ کاوەی ئاسنگەر تەنیا وەک سیمبولێکە دژ بە زوڵم و زۆرداری و تا ئەوکاتەی کورد بن دەست بێ بەردەوام دەبێ لە پاراستنی کاوە.

پ : لە ڕوونکردنەوەیەکی زانستی دا لە سەر نەورۆز خوێندوومەتەوە ، نووسەر وا لێکیداوەتەوە کە وشەی نەورۆز لە بنەڕەتدا وشەی ( نمرود ) ە و ئاگری نەورۆزیش هەر ئەو ئاگرەیە کە نمرود بۆ لە ناو بردنی حەزرەتی ئیبراهیم کردوویەتیەوە.. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چیە ؟

بەداخەوە من لەمبارەوە زانیاریم نیە و ناوێرم خۆم لەم باسە بدەم

---

## وڵامەکانی کاک عارف باوەجانی

پ : وا ساڵی ۲۷۰۸ مان نایە پشت سەر و پێمان نایە ساڵی ۲۷۰۹ی کوردی ، ئایا ۲۷۰۹ ساڵ لەمەو پێش و لە وەها ڕۆژێکدا چ ڕووداوێک ڕوویداوە، کە تاریخی کوردی یان بڵێین ساڵی کوردی لەوەوە دەستی پێکردووە ؟

وڵام: بەڵێ ساڵی ۲۷۰۸ی کوردیش مان وەک ساڵانی ڕابوردو پڕ لە خۆشی و ناخۆشی بە جێهێشت، بەرەو بێخی ساڵێکی تازەتر دەڕۆین، هیوادارم لەم ساڵە تازەدا دڵ و چاومان ڕوون بێتەوە.

ئەم ساڵە کوردییە دەگەڕێتەوە بۆ شاکاری کاوەی ئاسنگەر کە ۲۷۰۹ ساڵ پێش، زوحاکی دیکتاتۆری کوشت.

ئیدی کوردەکان و نەتەوەکانی دراوسێی کوردیش ئەو ڕۆژەیان کرد بە ڕۆژ و ساڵی ڕزگار بوونی خۆیان لە ژێر چنگی ئەو دیکتاتۆرە. هەروەک هەر کام لە نەتەوەکانی جیهان خاوەنی ڕێکەوت و ساڵی تایبەت بە خۆیانن، ئێمەش وەک کورد خاوەنی ئەو ڕێکەوتەین بەو هۆکارەی سەرەوە کە باسمان کرد.

**پ : ئایا نەورۆز ڕۆژی نەتەوەیی کوردە ؟**

بەڵێ ، نەورۆز جێژنی نەتەوەیی کوردە، جێژنێک کە پێناسە لە نەمانی دیکتاتۆرێک بکات، کە ٢٧٠٩ ساڵ پێش بە دەستی کەسێکی قارەمانی کوردی وەک کاوەی ئاسنگەر بێت، پێویستە زۆر بە شانازیشەوە بە جەژنی نەتەوەیی بزانین، بە پێی ئەو زانیاریانەی کە ئێمە مانان بیستوومانە ماوەیەکە پارتە ناشیونالیستەکانی فارسی لە هەوڵی کەم کردنەوە وبێ بایەخ کردنی ئاهەنگەکانی نەورۆزن، زۆر لەو پارتانەش بەیاننامەیان بە قەوڵی خۆیان بۆ ملەتی ئێران بڵاو کردووەتەوە، لە بەیاننامەکەیاندا بە ئاشکرا ئاماژە بەوە دەکەن کە ئاهەنگی نەورۆز بە گرنگ مەگرن، چون کوردەکان لەو ڕۆژەدا هزری سەربەخۆخوازیان لا دروست دەبێت، وەک نموونەش لەو بەیاننامەدا ئاماژە بە کۆماری کوردستان کراوە.

بە خۆشییەوە ئیستا کەمپینێک هاتووەتە ئاراوە کە داوا لە نەتەوە یەکگرتووەکان دەکەن، پشووی نەورۆز بکرێت بە پشوویەکی جیهانی. چون زیاتر لە ١٥٠ ملۆێن خەڵک لە جیهاندا ئاهەنگی نەورۆز دەگێڕن.

**پ : نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و واقعیەت دا زیاتر لە کامیانەوە نزیکە ؟**

وڵام: کاک ئەحمەد گیان هەر کام لە ڕووداوەکانی مێژووی وڵاتانی ئوروپایی وئەمریکایش کە خاوەنی هەزاران ساڵ مێژوون شانازییان پێوە دەکەن هەروەک مێژووەکەی نەورۆزە، ئەگەر قەرار بێت نەورۆز بە ئەفسانەیی حساب بکرێت، دەبوایە ئەو مێژووانەش بە ئەفسانەیی تەماشا بکرایەن، بە بۆچوونی من و دەیان سەرچاوەی پەرتووکە مێژوویەکان نەورۆز ڕووداوێکی ڕاستییەو دوورە لە ئەفسانە، شایەت نووسەران شێوەی ڕووداوەکانیان گۆڕی بێت بەڵام ئەوە کارەساتێکی مێژوویيە و لەو سەردەمەدا ڕوویداوە.

**پ : جگە لە کورد، گەلانی دیکە هەر لە فارس و عەرەبەوە بگرە تا گەلانی دیکە لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و تاجکستان و هتد....بەم بۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕن. ئایا کورد لە گەلانی دیکەی وەرگرتووە یان بە پێچەوانەوە ؟**

وڵام: وەک لە سەرەوە باسم کرد کە قارەمانی مێژووەکە کورد بووە، بەڵام لەو سەردەمەدا چەندین نەتەوەی دیکە لەو دەڤەرەدا ژیاون، بە نەمانی ئەو دیکتاتۆرە ئەو نەتەوانەش حەساونەتەوەو خۆشحاڵ بوون، بە ئاهەنگی ڕزگاری لە ژێر ستەمی زاڵم تەماشای ئاهەنگی نەورۆز دەکەن، زۆربەشیان دان بەوەدا دەنێن کە کورد خاوەنی ئەسڵی ئەم مێژوویيە، بەڵام تەنیا نەتەوەی فارسە کە بە هی خۆیانی دەزانن.

**پ : شێوەی گرتنی جێژنی نەورۆز لە ناو کورد دا زیاتر لە شێوەی ئاهەنگی کامە نەتەوە وە نزیکترە ؟**

وڵام: دەتوانم بڵێم کە نەتەوەکانی دیکەن لە ئاهەنگی کوردییەوە نزیکن و خۆیان بە نزیک دەزانن، وەک بەلوچ و ئەفغانی و تاجیک و زۆری دیکە. ئەوەی کە لە نەورۆزدا زۆر بەرچاوە کوردەکان یادی دەکەنەوە ئاگری نەورۆزە، چوون لە کاتی کوشتنی زوحاکدا کوردەکان لە سەر چیا بەرزەکان بە کردنەوەی ئاگر مزگێنی نەمانی زوحاکی زاڵمیان بە دانیشتووانی ئەو دەڤەرە گەیاندووە، هەروەک دەبینین کە لە کوردستان شەوی نەورۆز ئەو ئاگرە دەکرێتەوە، یا سیمبولی کردنەوەی نەورۆز بە تیشکی ئاگرە، هەروەک شاعیران وهونەرمەندانمان دەڵێن  بە تیشکی ئاگر دەنووسم جەژنە پیرۆز.

پ : چوارشەمە سوری و سفرەی حەوت سین و سیانزە وەدەر چ مانایەکیان بۆ دەکەیتەوە.

وڵام: لە سەر  چوارشەممە سوورە  قسەو باس زۆرە، هێندێک بە هی فارسی دەزانن و هێندێکیش بە هی کورد، من لەو بوارەدا بە شێوەی زانستی زانیاریم لا نییە، بۆیە دەبێت بمبوری کە لەو بوارەدا وڵامێکی ئامادەم لا نییە، چوون پرسیارەکانی ئێوەش بە پەلەیە و کاتی ئەوەمان نییە بە شوێن سەرچاوەی زانستیدا لەو بوارەوە بگەڕێین.

پ : کە نەورۆز دێت، لە ناو ئێمەی کورد دا یەکسەر دوو ناوی ( کاوە و زوحاک ) لە ناو ئەدەبیات و نووسراوەکانمان دا زەق دیارن و لە مێژیشە کاوە بووەتە ڕەمزی قارەمانی و زوحاکیش ئی دڕندەیی. ئایا لە مێژووی نووسراو و نەنووسراودا کەسانێک بەم ناوانە بوونیان هەبووە؟ کامیان کورد بووە ؟ ئەو دەنگۆیە تا چەندە ڕاستە کە گوایە دەڵێن زوحاک دواترین پاشای مادەکان بووە و کاوە ڕووخاندویەتی ؟ ئەگەر وایە کورد بۆچی کاوە بە قارەمان دەزانێ و پەیکەریشی بۆ ساز دەکات ؟

وڵام: لە سەرەوە باسی بوونی کاوەو  زوحاکم کردوە، بێگۆمان ئەمە  ڕاستەو دەست بە دەست و نەوە بە نەوە وەک ئەمانەتێکی مێژوویی پارێزراوەو هاتووە  تا گەیشتووەتە ئەم سەردەمەوە.

پ : لە ڕوونکردنەوەیەکی زانستی دا لە سەر نەورۆز خوێندوومەتەوە ، نووسەر وا لێکیداوەتەوە کە وشەی نەورۆز لە بنەڕەتدا وشەی ( نمرود ) ە و ئاگری نەورۆزیش هەر ئەو ئاگرەیە کە نمرود بۆ لە ناو بردنی حەزرەتی ئیبراهیم کردوویەتیوە.. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چیە ؟

وڵام: من ئەوەی کە لەسەر  وشەی نەورۆز بیستوومە زۆر پرسیارم لە کەسانی نەتەوەیی کورد کردوە، مانای ئەسڵی وشەکە نۆرۆژ، واتە ڕۆژێکی نوێ و  تازە، بەڵام فارس تەرجومەیان کردوەتەوە بە زمانی خۆیان و کردویانە بە نەورۆز  واتە (نو یانی تازە)  ( روز  یانی  ڕۆژ) .

---------------------------------------------------------------------------------

## وڵامەکانی کاک ئیقباڵ سەفەری

بەر لە هەموو شتێک ئەو مێژووەی کە باسی ئێران و ئێرانی بوونی نەورۆز دەکا، بێجگە درۆ و گەورەکردنەوەی نەتەوەیی باڵادەست لە لایەن فارسەکانەوەلای من ج بایەخێکی نەبووە و ئێستاش نییەتی. بێجگە لەوەش مێژوویەک کە لە دووسەد ساڵ پێشەوە لەسەر ئەم چوارچێوە جوغرافیەدا نووسراوە، نە مێژووە نەش بێلایەنانەیە. چوونکە ئەو مێژوو نووسانە بە هەموویانەوە لە ژێر تەوەژمی هەژمونیەکدا ڕووداو یان بنچینە و بناخەی پێکهاتە ئێتنیکیەکانیان نووسیوەتەوە. جا ئەمە هەموو لایەنەکانی مێژوویی، کولتوری، فەرهەنگی نەتەوەیی، ئایینی، جوغرافی و زۆر لایەنی دیکەش دەگرێتەوە.

١- فارسەکان دەڵێن داهێنەری جێژنی نەورۆز شاجەمشیدە و مێژووەکەی دەگەڕێننەوە بۆ بەر لە ٢٥٠٠ ساڵ، کە بە قسەی خۆیان بە نووسراو هەیە، بێجگە لەوەش مێژووی شارستانیەتیان دەگێڕنەوە بۆ ٧٥٠٠ ساڵ پێش ئێستا و ناویان ناوە مێژووی نەنووسراو. ئەمە لە بنەڕەتدا بێجگە لە درۆی دروست کراو، ج بناخەیەکی کۆمەڵایەتی تێدا بەدی ناکرێ.

٢- لە سەر کاوەی ئاسنگەر و شا زۆهاکیش، ئەوە تەنیا ئەفسانەیەکە کە زیاتر باس لە زوڵم و زوری ئیمپراتۆرەکان و شاکان دەکا. من پێموایە کە کوردیش نەیویستوە بچێتە ژێر باری دەسەڵاتەکانی شاکانی ئەو سەردەمە و مێژوویان بۆ دروست بکات. هەربۆیە بۆ خۆیان ئەم داهێنانەیان کردوە و زیاتریش ڕەنگ و بۆی نەتەوەیی پێ داراوە. کەوابێ کورد لەو سەردەمانەش دا نەیانویستوە بچنە ژێر باری ئەو فەرهەنگە داسەپاوەوە و لەسەر دەستی خۆیان و بە ئیبتکاری خۆیان مێژوویەکی بەرهەڵستکاریان خوڵقاندوە.

٣- بەڵام ئەو بەشەی کە لە ڕاستیەکانەوە نیزیکن: ئێمە ئەوە دەزانین کە مادەکان واتە کوردەکانی ئێستا، یەکەمین مرۆڤەکان بوون کە بەستەرێکیان وەک شکڵی دەسەڵاتداری و فەرمانڕەوایی لەم چوار چیوە جوغرافیە کردوە، کە ئێستا بە ئێران دەناسرێ. لە حاڵێکدا ئەگەر بگەڕێنەوە بۆ بەر لە ٢٠٠ ساڵ بە دەگمەن چاوت بە وشەیەک بە ناوی ئێران دەکەوێ. پاش ئەوەی پارتەکان دەسەڵاتی مادەکانیان ڕووخاند و کەوتنە ژێر گۆشارەوە، بڵاو بوونەوە بەرە زەنجیرە شاخەکانی زاگرۆسەوە، واتە وڵاتێک کە کوردستانە و نەتەوەیەکیش کە کوردە. لەم سەرزەویەدا حەتاکوو سەردەمی دەسەڵاتی موزەفەرالدین شای قاجاڕ و پاشانیش پێک هێنانی دەوڵەت نەتەوە لە لایان فەرانسوی و ئینگلیسەکانەوە کە ڕەزاشا بۆ بە فیگورەکەی، ج دەسەڵاتیکی مەرکەزی لەم چوارچێوە جوغرافیەدا بوونی نەبووە. مادام ئەم بەشە لە مێژوو ڕاستە، ئەو دەم دەبێ بێ لایەنانە لە سەر نەورۆز قسە بکەین.

ئەگەر هاتینە سەر ئەو بڕوایە کە لەم سەرزەویەدا خەڵکانی گەڕۆک، (مهاجر) یان کۆچەر لە زۆر جێگای دیکەی گۆی زەویەوە هاتونەتە ئەم ناوچەیە، ئەوکات دەتوانین بڵێن کە نەورۆز وەک جێژن هی هەموو ئەو گەلانەیە کە لەم سەرزەویە ژیاون و سەرەڕای زۆر جیاوازی زەق، بەڵام توانیویانە ئایینێکی هاوبەش هەڵبژێرن. واتە مانی و مەزدەک و میترائیسم و مهر پەرەست و .. ، ئایینی زەردەشت هەڵبژێرن. جێگای شکیش نیە کە مادەکان کە کوردی ئێستا بن، زەردشتی بوون و پاش ڕووخانیان لە لایان پارتەکانەوە ئایینەکەیان لەگەڵ خۆ هینا بۆ زەنجیرە شاخەکانی زاگرۆس، کوردستان. ئەوداب و نەریتەی زەردەشتیەکان کە زیاتر باوەڕیان بە خۆر بوو وەک هێمای ڕووناکی، ئاگریش وەک هێمای ڕووناکایی بە پیرۆز شوبهاندووە. کەوابێ پیرۆز بوونی ئاگر وای کردووە کە

عەرەبەکان لە کاتی داگیرکردنی وڵاتی ئێمە و شۆردنەوەی بنەما پیرۆزەکانی کولتوری نەتەوەی ئێمە، وشەیەکمان لەسەر دابنێن کە عەرەبییە،( فورسالمەجۆس) واتە ئاگر پەرەستە پیسەکان، یان شتێکی لەو بابەتە، کە ڕژێمی گۆڕکراوی بەعس لە کاتی شەڕی خۆی لە گەڵ فارسدا پەیتا پەیتا بە کاری دەبرد. لێرە ئێمە دەتوانین بڵێین کە نەورۆز هی هەموو ئەو نەتەوانەیە کە ئایینی زەردەشتیان هەبووە، کە ئەمە ناوچەیەکی بەربڵاو دەگرێتەوە کە ئەو دەمانە سەر بە ئیمپراتۆریەکانی پەرسیەنەوە بووە، واتە ئێرانی ئێستا. بەڵام نکوڵی لەوەش ناکری کە بەشی نەتەوەی کورد لەو بۆنەیەدا لە نەتەوەکانی دیکە زیاترە و ئەمەش نە لەخۆ بایی بوونە ، نەش خۆ گەورە کردنەوە. بۆ؟ چوونکە نەتەوەی کورد هەم لە ڕووی هەڵکەوتوی جوغرافیەوە و هەمیش لەباری باوەڕی بتەوبونیان بە ئایینی زەردەشت، زۆر ئاسان نەبوو کە بچنە ژێر باری کولتوری داگیرکەری عەرەب و هێرشکەرانی دیکە. وەک وێنە، بە دەگمەن شار و ناوچەی کوردستان دەبینیەوە ئاگردانێکی زەردەشتیەکانی تێدا نەبێ. ناوەکانی کوردی چ لە سەر مرۆڤەکان و چ شاخ، گوند و شار و ڕووبارەکان زۆر هێمای ئەو نەریتانەیان پێوە دیارە. یارسانیەکان، یەزیدیەکان، کاکەیەکان و..، هێشتا ئەو داب و نەریتانە کە بەشی هەرە زۆریان ڕەسەنن، ڕەچاو دەکەن.

لە هەموو ئەوانەش دەربچێ، ئەگەر چاوێک بە مێژووی نەک دووری شۆڕشی کورد لە ڕۆژهەڵاتی کوردستاندا بخشێنی، دەبینی کە هەموو ساڵێک لە ٢٥ گەلاوێژ دا کە ڕۆژی دامەزرانی حیزبی دێموکراتی کوردستانە، لە سەر شاخ و چیابەرزەکانی کوردستان ئاگر دەکرێتەوە. کەوابێ لەوەدا شکێک نامینێ کە پیرۆزی ئاگر لای کوردان ڕیشەی مێژوویی هەیە و ئێستاش لە زۆر بواردا وەک خۆی ماوەتەوە. هەربۆیەشە دەتوانین بڵێین کە بەشی کورد بە نەورۆزەوە بەرچاوە.

ماوەتەوە بڵێین کە هیچ دوور نیە کە جێژنی نەورۆز بە بونەیەکەوە هاتبێتە ئاراوە، بەڵام بە دڵنیایەوە نە هی شا جەمشیدە و نەش هی ئەفسانەی کاوەی ئاسنگەر بەڵکوو ئەوە ڕووداوێکی مێژووی لە پشتە کە گشتگیر بووە و سەرچاوەکەشی دەگەڕێتەوە بۆ ڕووداوێک کە بێشک هی هەموو نەتەوەکانی دانیشتوی ئەم سەرزەوییە. بەسەرنج دان بە شێوەی ژیانی زاگرۆس نشینەکان کە زیاتر کۆچەر بوونە، بۆ خۆم زیاتر شکم بۆ وەرگیران لە ئایینی زەردەشتەوە دەچێ، ئەویش دەبێ ئەو ئاڵوگۆڕە سرووشتیە بێ کە وەرزەکان لێک جیا دەکاتەوە. واتە وەرزی بەهار دێ و وەرزی سەرما و سۆڵەش تێدەپەڕێ و خۆریش تین و گڕی تایبەتی خۆی دەبێ، گوڵ و گیا دەڕۆێن، هەوا خۆش دەبێ و زۆر شتی دیکە.

تێبینیەکی دیکە بۆ بەهێزکردنی بۆچوونەکانم: ئێمە ئەوە دەزانین کە لە نێو مەسیحەکانی ئوروپاشدا ئەم نەریتە هەیە کە باکگراوندی ئایینی هەیە. ئێمە کە ئێستا لە وڵاتی سوید دەژین، بە چاوی خۆمان دەبینین کە چەند ڕۆژێک پاش جێژنی نەورۆز، ئەوانیش ڕۆژێکیان هەیە بە ناوی والبۆری ئەفتۆن. لەم ڕۆژەدا لە هەموو شارەکان ئەرکی شارداریەکانە کە هەم دار و چیلکە کۆ بکەنەوە هەمیش جێگایەک بۆ ئێوارە ئاگر کردنەوە ساز بکەن. دیارە ئەم جێژنەش دوایین ڕۆژی مانگی ئاپریلە و ئەو کات لێرەش بمانەوێ وەک وەرز حیسابی لە سەر بکەین، دەبێتە ئەوەڵی بەهاری ئێرە. ئێستا ماوەتەوە بڵێین کە شک لەوەدا نیە کە مەسیحیەکانیش زۆر شتیان لە ئایینی زەردەشتەوە کۆپی کردوە و ئەمەش دەتوانێ یەکێک لەو ڕاستیانە بێ کە داب و نەریتە کۆمەڵایەتیەکان بونەتە ئایین، نەک ئایین بوو بێتە بنەماکانی ژیانی کۆمەڵگە.

ئەوەی لەسەرەوە نووسراوە ڕاوبۆچوونی خۆمە و من باوەڕم بە ئەفسانەی بوونی نەورۆز نییە.

بۆ زانین لەسەر جێژنی نەریتی والبوری، چاو لەم لینکە بکە.

http://sv.wikipedia.org/wiki/Valborgsm%C3%A4ssoafton

---------------------------------------------------------------------------------

## وڵامەکانی خاتوو کەژاڵ نەقشبەندی

**پ : وا ساڵی ٢٧٠٨ مان نایە پشت سەر و پێمان نایە ساڵی ٢٧٠٩ی کوردی ، ئایا ٢٧٠٩ ساڵ لەمەو پێش و لە وەها ڕۆژێکدا چ ڕووداوێک ڕوویداوە، کە تاریخی کوردی یان بڵێین ساڵی کوردی لەوەوە دەستی پێکردووە ؟**

ڕۆژی نەورۆز و هاتنی ساڵی نوێ  پیرۆز بێت لەهەموو گەلی کورد لەچوارپارچەی کوردوستان و هیوادارم کەساڵی نوێ ساڵی سەرکەوتن و سەربەستی ئێجگاری گەلی کورد بێت.

چەند بۆچوونێک هەیەبۆ پەیدا بوون و دروست بوونی ڕۆژی نەورۆز،کەلای من دوان لەو بۆچوونانەلەڕاستییەوەزۆر نزیکن ، یەکێ ئەوە ک ەنەورۆز موژدەهێنەری بەهار و سەوزایی و هەوای خۆش و خێر و بەرەکەت  و بەسەرداچوونی زستان و سەرماوسۆڵ و بەفرە.

یەکێ ئەوە کاوەی ئاسنگەر کەئینسانێکی ئازا و سەربەستی خواز و نیشتیمان پەروەر بووە لەو ڕۆژەدا دژی زوڵمی زوحاکی زاڵم بووەتەوەو گەلی لەژێر چنگی ئەو خوێنمژەڕزگار کردووە.

**پ : ئایا نەورۆز ڕۆژی نەتەوەیی کوردە ؟**

بەڵێ ،نەورۆز ڕۆژی نەتەوەیی کوردە،مێژوو دەڵێ ،باوباپیران دەڵێن کەڕۆژی نەورۆز ڕۆژی نەتەوەیی ئێمەیە.
بۆ دەبێ بۆ شتێک کەسوور دەزانین ئێمەین خاوەنی ،بەشوێن بەڵگە و ئیسباتا بگەڕێین ؟ بۆ دەبێ دوو شک و دوو دڵ بین لەوە؟ ئێمەدەبێ لەجیاتی گەڕان بەشوێن سەلماندنی خاوەنیەتی ڕۆژی نەورۆز بەرپرچی ئەو کەسانە بینەوە کە دەڵێن نەورۆز ڕۆژی نەتەویی کورد نییە.

**پ : نەورۆز لە نێوان ئەفسانە و واقعیەت دا زیاتر لە کامیانەوە نزیکە ؟**

ڕۆژی نەورۆز نەک لە واقیعیەتەوە نزیکە بەڵکوو واقیعیەتە، چوونکە مێژوو باسی دەکات وسەدان ساڵە کە نەتەوەی کورد ڕێوڕەسمی جێژنی نەورۆز بەڕێوەدەبات ،بە بڕوای من هیچ نەتەوەیەک ناتوانێ سەدان ساڵ پەیرەوی ئەفسانەبێت.

پ : جگە لە کورد، گەلانی دیکە هەر لە فارس و عەرەبەوە بگرە تا گەلانی دیکە لە وڵاتانی وەک ئەفغانستان و تاجکستان و هتد....بەم بۆنەوە ئاهەنگ دەگێڕن. ئایا کورد لە گەلانی دیکەی وەرگرتووە یان بە پێچەوانەوە ؟

لەوەدا کەنەورۆز جێژنی نەتەوەی کوردە گومانی تێدا نییە،دوژمنانی کورد زۆرن و هەرکامیان دەیەوێ ب ەبردن و دزینی نەورۆز کولتووری ئێمە بسڕنەوە ،کە واتە ئێمە نابێ بەگومان و دوو دڵی کەئایا ئێمەین خاوەنی نەورۆز یان ئەوان ؟ ببینە ڕێگە خۆشکەر بۆ دوژمنانمان.

پ : شێوەی گرتنی جێژنی نەورۆز لە ناو کورد دا زیاتر لە شێوەی ئاهەنگی کامە نەتەوە وە نزیکترە؟

شێوەی گرتنی جێژنی نەورۆز لەنێو نەتەوەی فارسدا لەشێوەی گرتنی  ئاهەنگی نەورۆزی ئێمە نزیکە ،کە ئەوەش ئەبێت لە ئێمەوە وەریان گرتبێت.

پ : چوارشەمە سوری و سفرەی حەوت سین و سیانزە وەدەر چ مانایەکیان بۆ دەکەیتەوە ؟

چوارشەمەسووری: بەواتای پیرۆزی ئاگر دێت کە لە زەمانی کۆندا بەڕێوەچووە،چوارشەمەسووری لە دوایین چوارشەمەی ساڵ بەڕێوەدەچێ،کە بە ڕۆژێکی شووم ناسراوە کە بە کردنەوەی ئاگرو بازدان بەسەریدا شوومی و نەحسی لەخۆیان دوور دەخەنەوە و وەکوو هەموو دەزانین لەکاتی بازداندا دەڵێن بەئاگرەکە: سووری تۆ لەمن زەردی من لە تۆ.

حەوت سین یەکێک لەڕێوڕەسمەکانی نەورۆزە کە سفرەی حەوت سین دادەنێن و دەبێت چەند شتێک ک ەئەوەلەکەی سین و شین بێ لەسەرسفرەکەدا بێت.

لەڕۆژی سیزدەبەدەر هەموو کەس دەچێتە دەرەوە  ناو دەشت و سەوزایی ، پێم وایەسێزدەبەدریش ب ەپشت سەردا فڕێ دەدەن بۆ دوور خستنی نەحسی و تەنگو چەڵەمە لە خۆیان ،وە هەروەها قەیرەکچێش بەگرێدانی سەوزەی زەوی داوای بەخت بەربوون دەکەن.

پ : کە نەورۆز دێت، لە ناو ئێمەی کورد دا یەکسەر دوو ناوی ( کاوە و زوحاک ) لە ناو ئەدەبیات و نووسراوەکانمان دا زەق دیارن و لە مێژیشە کاوە بووەتە ڕەمزی قارەمانی و زوحاکیش ئی دڕندەیی. ئایا لە مێژووی نووسراو و نەنووسراودا کەسانێک بەم ناوانە بوونیان هەبووە؟ کامیان کورد بووە ؟ ئەو دەنگۆیە تا چەندە ڕاستە کە گوایە دەڵێن زوحاک دواترین پاشای مادەکان بووە و کاوە ڕووخاندویەتی ؟ ئەگەر وایە کورد بۆچی کاوە بە قارەمان دەزانێ و پەیکەریشی بۆ ساز دەکات ؟

طبعا بوونیان هەبووە،تا بوونیان نەبێ مێژوو باسیان ناکات.ئێمەدەبێ بەمێژوو و باوباپیرانی خۆمان بڕوامان بێت کە دەڵێن کاوە کورد بووە نەوەک بە فارس کەدوژمنی دێرینی گەلی کوردە دەڵێ زوحاک کورد بووە،گریمان کوردیش بوویێت زوڵم و زاڵم لەنێو هەر نەتەوەیەکدا دەبێ بن بڕ بکرێت و نەمێنێ .زوحاکیش ئینسانێکی زاڵم و خوێنمژ بووە کە کوشتن ونەمانی بەدەست کاوەی ئاسنگەر کارێکی دڵسۆزانە و نیشتیمان پەروەرانەبووە.

**پ : لە ڕوونکردنەوەیەکی زانستی دا لە سەر نەورۆز خوێندوومەتەوە ، نووسەر وا لێکیداوەتەوە کە وشەی نەورۆز لە بنەڕەتدا وشەی ( نمرود ) ە و ئاگری نەورۆزیش هەر ئەو ئاگرەیە کە نمرود بۆ لە ناو بردنی حەزرەتی ئیبراهیم کردوویەتیوە.. ڕای ئێوە لەم بارەیەوە چیە ؟**

نەورۆز بەواتای ڕۆژی نوێ دێت ،کەخەڵکی یەکەم ڕۆژی وەرزی بەهارکەیەکەم ڕۆژی ساڵی تازەیەو یەکەم ڕۆژی وەرزێکی نوێ و پڕ بەرەکەتە،بەنەورۆز ناو دەبات ،بەهەر جۆر سەیری کەی واتای ڕۆژێکی نوێ ئەدات.

**سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : ٢٥ی مارچی ٢٠٠٩**

# نەورۆزي ڕاستەقینە و ئەفسانە

شەیدا بڵباس

ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جێژنێکی کۆنی کوردە بەخۆشی و بەهاتەوە

هەرچی شاعیری کورد کە هۆنراوەی بۆ جەژنی نەورۆز هۆنیبێتەوە، تاکو ئێستا هیچیان بە ئەندازەی " پیرە مێرد" ی شاعیر جوانی هەڵنەگووتووە و، کەسیش ناتوانێت برە و لەلاسایی " حەسەن زیرەک " بباتەوە، بۆ گۆرانی خوێندنی ئەم هەڵبەستە ناوداره نەتەوەییە.



نەورۆزی سەری ساڵی تازەی کوردییە و سەرەتای وەرزی بەهارە.. دووبارە بووژانەوەی سروشت و گیانبەبەر دا کردنی دار و درەختە.. لە دایکبوونی ئەشقە بە نەغمەی بولبول و بۆنی گوڵ و کرانەوەی دڵ.

نەورۆز ناوێکی میدیە و لە دوایشدا چۆتە ناو کەلتووری ئارییەکان و خزمایەتی لە ڕووی زمانەوە لە فارسی نزیکترە تا زمانی ئێستای کوردی. بەڵام چیرۆکە شۆڕشگێرییەکەی، هەڵگەڕانەوە و بەرپەرچدانەوەی ستەم بووە لە مێژوودا؛ سەرکەوتنی چینێکی بێدەستەڵات بە سەر چینی دەستەڵاتدار، کە بە هۆی هێزی ئاگر و ترس درێژەی بە فەرمانڕەوایی داوە.. تا هێزی ڕەش و ڕووتی کۆمەڵ تێکرا، بە یەک دەست و یەک دەنگ، ڕاپەریوە و بە تەفروتوناکردنی تەختی پادشایی کۆتایی هاتووە. ئەم چیرۆکەی کاوەی ئاسنگەر و زوحاک، لە نێوان ئەفسانە و ڕاستیدا، مێژوو خۆی گواهیدەر و سەرپشکە.

ئەم جەژنە، بە تەنیا هەر جەژنی کورد نیە و بەس! بەڵکو بۆتەواوی میللەتانی بەشدار لەو ئیمپراتۆرە و شۆڕشیان بە سەرکەوتن لە [ هیندستان و پاکستان و ئە فغانستان و تاجیکستان و ئێران و ئەرمەنستان و کوردستان..] ی خۆشمانەوە، ساڵیانە وەک جەژنێکی میللی و مێژوویی و ئایینی ڕێزی لێدە گیرێت و یادەوەری بەو پەری دڵخۆشی دەکرێتەوە. یادکردنەوەی ئەم جەژنە هەمووساڵێک لە ناو میللەتانی تری ئارییایدا، ڕێگە پێدراوبوون و هیچ پێشگرییێک لە هیچ سەردەم و سیستەمێک نەبووە بۆ جەژنایەتی؛ تەنها میللەتی کورد نەبێت، کە هەموو ساڵێک بە خوێن گێڕاویەتی لە وڵاتە داگیرکراوەکەی و هێشتا سڵی نەکردۆتەوە و نەبۆتە هۆی شڵگیری و پاشگەزبوونەوەی.

ئاگری نەورۆز کە نیشانەی ئەو سەرکەوتنە مێژووییەی لە خۆگرتووە، کە لە کاتی سەرکەوتنی جەنگاوەران، لە سەرلووتکەی

بەرزی جیاکاندا هێمای هەڵگیرساندنی گڕی ئاگر، وەک نیشانەی سەرکەوتنە کە تا لە تەواوی دەوروبەر ئاگاداری بە کوێ گەیشتنی بلیمەتیان نیشان بدەن. ئەمڕۆ گڕ و ووزە و هێزی سەرکەوتنی تر لە دڵی لاوانی شۆڕشگێر جۆش دەداو دەیانخرۆشێنێ کە هەرگیز سەر بۆ ستەم نەوی نەکەن و لە ڕاپەرینی بەردەوامدابن.

ئەم داستانە بە هێزە و بلیمەتە مێژووییە، داخەکەم تائێستا بەرگی ڕەنگ و سەرکەوتوویی خۆی لە جیهانی هونەری سینەما و شانۆ، یا مۆسیقا و تابلۆ بە تێکڕای جیهانی وێژەیی چیرۆک و پەخشان..هتد، بەو گەورەیی ناوەڕۆک و قورسایی بابەتیانە، لە ڕوانگەکانیدا بەرگی لە بەرنەکراوە و گیانی پێببەخشرێت. گەورەترین هێمای سەرکەوتنی میللەتێک لە بەرامبەر داد و ستەم، تەواوی گرفت و کێشە جیاوازەکانی ناو کۆمەڵگا، لە خۆی نیشان دەدا؛ کە تواناى لە بننەهاتووی ڕقی پیرۆزی مرۆڤ داهێنەرە و بەرزترە لە بەرزایی کۆشکی دەستەڵات و دەتوانێت بوومەلەرزە ئاسا گۆی زەوی بلەرزێنێت.

فەردۆسی شاعیری فارس لە شاهنامەکەیدا، هەوڵی شێواندنی مێژوو و گێرەشێوێنی لە بەرامبەر ئەم جەژنە پیرۆزە کردووە و هەڵیدەگەرێنێتەوە بۆ ئاقارێکی تر، وەلێکردنی سەرکەوتنە کە و لکاندنی بە کەلتووری فارس و وونکردنی ڕاستی مەرامی مێژووی کورد ولێی بێبەریکردن. لە هەندێک لە وڵاتانی ناوچەیی، ناو و بابەتی ئەم جەژنەیان هەڵگێراوەتەوە بۆ جەژنی دار و درەخت یا جەژنی دایک.. هەرچەندە فارسیش ئەمڕۆ بە بە سەرهاتی سەری ساڵ و وەرزی بەهار دەخوێنێتەوە. زەردەشتیەکانیش بە سەرکەوتنی خودای ئاهۆرامەزدا بە سەر ئەهریمەنی دەزانن.. گەر لە کوردێکی ڕۆشنبیری نیشتمانپەوەریش بپرسن، دەڵێت: " هەر هەمووی". سەرکەوتن و سەری ساڵ و هاتنی بەهار.. دووبارە دارشتنی جوگرافیا و ڕامیاری و مێژووش بە یەکەوە گۆڕانێکن لە پێکهاتەی ڕابردوو و ئێستا و داهاتووی من و نەورۆزو وڵاتەکەم.

لە کۆتاییشدا بە هۆنراوە ی مامۆستای خاوەن هەڵوێست ع. پەشێو، کە بۆ نەورۆز دەفەرووێ:

ئە مساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم
بێ بۆنی گیا نەورۆز ناکەم
نەورۆز ناکەم بێ بڵێسەی سووری ئاگر
نەورۆز ناکەم گەر ڕەشبەڵەکی تۆزنەکا و
خۆم نەبم بە سەرچۆپی گر.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کلاوڕۆژنە / ڕێکەوتی : ٢٠ی مارچی ٢٠٠٩

# جەژنی نەورۆزو مانگی ئازار لە کولتووری نەتەوەی کوردا

ڕووناک ئەبباس مستەفا

جەژنی نەورۆز جەژنێکی دێرینی کولتوری نە تەوەی کوردە هەروەها جەژنی هەموو نەتەوە ئارێکانە وەک نەتەوی کوردو فارسو، پارسو، ئەفگانی و پاکستانیو،بەلوجیو ئازەربایجانیو جۆرجیو هیندی .بەلام ئەم جەژنە لای کورد واتایەکی تایبەتمەندی وەرگرتووە وە زیاتر خراوەتە فۆرمێکی سیاسییەوە.

جەژنی نەورۆز لە سەرەتای مانگی ئازارەوە دەست پێ دەکات وە ئەم مانگەش ئازار بە مانگی ئاگر لە پەرتوکی ئاڤێستادا ناوبراوە . ئەم ڕۆژە پیرۆزە کە ڕێکەوتی ٣ / ٢١ ی مانگی ئادار دەکات ڕێکەوتی یەکەم چارەکە کەرتی ساڵ دەکات وە زۆر جاریش وا ڕێدەکەوێت لە سەرەتای مەنگی ئازارەوە وەک سەرەتاییە ک مەراسییمی ئەم جەژنە دەست پێ دەکات.

وشەی نەورۆز بە زمانێ ئاڤێستای کۆن بریتییە لە دوو برگە نو + ڕۆز بە واتای ڕۆژێکی نوێ دەبەخشێ هەرەها لە زمانی کوردیشدا لە هەموو دیالێکتەکاندا بە هەمان واتا دێێت نوێ یاخود نۆ + ڕۆژ بەواتای ڕۆژێکی نوێ دەبەخشێ.

نەتەوەی کورد لە هەمو پارچەکانی کوردوستاندا ئاگر دەکاتەوە بە تایبەتی لەسەر لوتکەی چیاکان، وە بە ئاگر چەند هیمایەکی نەتەوەیی لە چیاکان دەنوسرێ . جا بۆیە مەشخەلی ئاگرو گرو کڵپەی چیاکانو، شەقامەکانوو سەربانوبن بانەکان دەبنە کەرەسەی خۆش کردنی ئەم جەژنە پیرۆزە و کە هەمووشیان دەبنە مۆتیڤێک بۆ هاندانی سۆزو هەستی نەتەوایەتی ژنو پیاوو پیرو گەنجو منداڵ ، هەر بەم بۆنەییەوە هەموو خەلکەکە دەوروژێینە سەر شەقامەکان بە جلو بەرگی کوردی ئالاو والاوە و بە گۆرانی گوتنو سرودی نەتەوەیی بانگەوازی شادی هەلدەدەن هەروەها هەموو پێکەوە دەست دەگرنوو لە پاشدا بە بازنەییەکی خری ڕەنگاو ڕەنگی جلو بەرگی کوردی ڕازاوە بە دەوری ڕۆژو ئاگرە کراوەکەدا کە بۆتە سمبۆلێکێ فەلسەفی نەتەوەی کورد، بە لارو لەنجە هەلدەپەڕنو گۆرانی شادی دەلێن،.ئەوەێ شایانی باسە ئەم جەژنە جێگای سەرسوڕمانە لای گەلی کورد کە تاقە جە ژنێکە لە ناو کۆمەلگای کوردیدا بە زیندوویی بە هەموو ئاهەنگەکانییەوە لە هەموو بەشە دابڕاوەکانی کوردوستاندا ماوەتەوە .

بۆهۆکاری زیندوو بوونی ئەم جەژنە ئەم بۆچوونوبیرۆ هۆکارانەی خوارەوە دەخەینە بەرچاوی خوێندەرانی بەڕێز کە وەک فاکتۆرێکن بۆ هاندانوو نوێ کردنەوەی ئەم جەژنە؛

دەست پێ کردنی ساڵێکی نوێیە بۆ دەست پێ کردنێ ساڵنامەی نوێی کورد ،بۆییە بانگەوازی نەتەوەیی لەم ڕۆژەدا بەم شێوەیە دەگوترێ

ئەمرۆژی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە، جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشییو بە هاتەوە.

یاد کردنەوەی زیندو بونەوەی ئاینی زەردەشتە کە لەم رۆژەدا کورد بەرهەلستی ئایینی ئیسلامی کردۆتەوە لە کاتێکدا کە هێرشی ئسلام لە نێوان ٦٥٠ تاکو٧٥٠پاش ، زایینی هەرەسی بە بیرو باوەری فەلسەفەی کورد هێناوە کە بەشێک بووە لە کولتوری مەزنگی کورد، کورد یش وەک هەلۆیستێک ئاگری کردۆتەوە بۆ زێندوبونەوەو بوژاندد نەوەی ێ بیرو باوەری فەلسەفەی زەردەشت.بۆییە بانگەوازی پیرۆزی ئاگرلای نەتەوەی کورد لەم رۆژەدا بەم شێوەیە دەخرێتە روو؛

بە تیشکی ئاگر دەنوسم جەژنە پیرۆزە،چاوگی ئاگر هێزو گییانمە باوەری بەرزی نیشتمانمە

بە بیرو باوەری مێژوو نوسانی ئەوروپی وەک جۆن مارکڤرت دەفەرموێ کە قۆناغی فەلسەفەی زەردەشتی بە سێ قۆناغدا تێ پەرییوە کە قۆناغی سێهەم بە قۆناغی کوردی زەردەشتی دادەنرێ لەم مانگەدا کە مانگی ئازارە لە ناوچەی سەردەشتی کوردوستانی ئێستادا ئەم فەلسەفەییە لە دایک بووە. .واتە ئەم رۆژە بە یادێکی کەسایەتییەکی گەلی کورد دادانرێ کە رۆلێکی تایبەتمەندی هەبووە بۆ بلاوو کردنەوەیفەلسەفەی گەلی کورد..

بە بیرو باوەری مێژوو نوسانی ئەلمان وەک مارتین برونییسن و هەروەها شترۆ مایبەر دەفەرموون کە نەورۆز لای کورد یاد کردنەوەی دروست بونی یمبراتۆرییەتی میدییە کانە لە رۆژی ١٢,٣ .٦١٢ پێش زایینی شاری نەینەوا کە پایتەختی ئاسورێکان بووە کەوتە ژێر دەسەلاتو فەرمان رەوایی مید یکانەوە بەم شێوەیە ئیمبراتۆرییەتی میید یکان دروست بو کە بە یەکەم ئمبراتۆرییەتی کوردی لە مێژووی کوردا دا دەنرێ.واتە ئەم رۆژە بە یادێکی سیاسی گەلی کورد دادەنرێ ،هەر بۆئەم رۆژەش لە نەورۆزدا هێیمای نەتەوەییە دەوترێ ؛

ئێمە نەوەی میدییاو کەی خوسرەوین، دینمانە ئاینمان هەر کوردوستان.

نەورۆز وەک جەژنێکی نەتەوەی کورد بۆتە هەوێنێک بۆ یادکردنەوەی شەهێدانی رێیی خەباتی کوردوستانو شەهیدانی بۆمبابارانی زانستگەو قوتابییانی قەلادزێی سالِی ١٩٧٤و یادکردنەوەی وێران کردنی هەلەبجە بە ناپالمو غازی کیمیاوی وە هەمییشە بۆتە بیرەوەری ئەنفال کراوانی کوردو دەربەدەر کردنی کوردەکانی کەرکوک لە سەردەمی رژێمی فاشستدا هەر لەم رۆژەدا بانگە وازی هیێمای نەتەوەیی هەلّ دەدرێ

ئەی شەهێدان نامرێ ناوو نیشانتان

جەژنی نەورۆز لە لای گەلی کورد پاش راپەرینی سالی ١٩٩١ فۆرمێکی نەتەوەیی پێشکەوتوویو گۆرانێکی تایبەتمەندی وەرگرت، لەم سەردەمەدا نەورۆز سمبۆلە بۆ خەباتو تێکۆشانی بووژانەوەی گەلی کورد هەمییشە لە نەورۆزدا بانگەوازێک ئاراستەی میللەتی کورد دەکرێ و دەوترێ

بژی کوردو کوردوستان ، یان کوردوستان یان نەمان

جەژنی نەورۆز سمبۆلە بۆ رزگار بونی گەلی کورد لە ستەمو زولمی زوهاک کە لە سالانی ٦٦٦ پێش زایینی لە سەردەمی پشدادیکاندا ا حوکمڕانی کردووە ، واتە رۆلێکی قارەمانانەی کورد بۆ لەناو بردنی ستەمو زۆرداری لەم کاتەدا نوێنراوە.هەندێک بڕواییان وایە کە ئەم چیرۆکە ئەفسانەییە وە دەماوو دوم وەرگیراوە ئەگەر ئەم چیرۆکەش وابێ ئەفسانەش بێ ئەوا هەر بەشێکی گەورەی کولتوری کوردە.

جەژنی نەورۆز بۆتە رێکو پێک خستنی ژیانی کۆمەلایەتی نەتەوەی کورد کە هەمووان لەم رۆژەدا بە جلو بەرگی کوردییەوە بەرەو سەیرانگاکان دەکەونە رێ بۆ جالاکیو نواندنی سیرمۆنی ئاهەنگ و شایی جەژنی نەورۆزی گەلی کورد.

نەورۆز سیمبیۆلێکە بۆ سەرکەوتنی گەلی کورد بە سەر رژێمی فاشستی بەئسیدا کە تێکەل بە راپەرینی سالی ١٩٩١ی مەزنگی گەلی کورد بووە..

ئەم جەژنە بۆتە کولتورێک بۆ سۆلیبیداریتێتی نەتەوەی کورد لەسەر ئاستی یەک گرتنەوەی هەمموو گەلی کوردی دەبڕاو لە ییەکتر وبانگە وازە بۆ یەکگرتنەوەی پرزۆلی کولتوری گەلەکەمان.

جەژنی نەورۆز بۆتە دەربرینی هەستی نەتەوایەتیو کوردایەتی لای میللەتی کورد،ئەگەر سۆلیبیداریێتێت گرتن لای کورد نەبێ ئەوا نە نەورۆزو نە راپەرین نە دەهاتنە مەیدانەوە.

جەژنی نەورۆز بۆتە سمبۆلێک بۆ لێ بوردن لە یەکترییو پتەو کردنی پەیوەندی براییەتی نێوان گەلی کورد

سەرچاوە: ماڵپەڕی کورد لە برلین / ڕێکەوتی: ١٧ی مارچی ٢٠٠٩

# کاوەی ئاسنگەر و گوڵەگەنمەکانی سەرشانی ...

ئیبراهیم ئیسماعیلپوور

ئاماژە: هەموو دەزانین کەئوستوورە مێژوو نییە و ناتوانین بەتیۆرییە مێژووییەکان بیخوێنینەوە. ئوستوورە لەخۆیدا هەڵگری



مانایەکی نەگۆڕ و راستەوخۆ نییە. تەنیا شێوەی خوێندنەوەی ئێمەیە کە دەتوانێ مانایەکی سەردەمیانەی پێ ببەخشێت. ئێمەین کە ئوستوورە دەخەینە چوارچێوەی دیالۆگەوە و وەکوو دارێکی بە نەشەوشنە دەیرازێنینەوە و لق و پۆپی پێ دەبەخشین. مێژوو نەبوونی ئوستوورە بەمانای ئەوە نییە کە هەرکەس دەتوانێ لەسەری بدوێ و خۆی بە پسپۆڕی ئەم بوارە بزانێ. هەر ئەمە دەخوازێت کە بۆ شیکاری و باس لە سەر ئوستوورە دوو خاڵی گرینگ وەبەرچاو بگرین،

١- ئوستوورە ئەشێ ئوستوورەناس کاری لەسەر بکات و بە مێتۆدە تایبەتەکان مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت. ئوستوورەیەک دەتوانێ ببێتە رۆژەڤی رۆشنبیران و زانایانی گەلێک، کە لە کێڵگەی بیری ئوستوورەناسێکدا بەرهەم هاتبێ و بە بەردە شۆرکراوی خرابێتە بەردەستی زانایانیتر. کە وابوو ئەمە کاری شاعیر و مێژووناس و کەسانی ئایینی و ... هتد نییە.

٢- بە پێی ئەوەی کە ئوستوورە رەنگدانەوەی هۆگریە شوناسیەکانی نەتەوەکانە و لە بیری شوناسی نەتەوایەتییەوە هەڵدەقوڵێ، رۆشنبیرانی نەتەوەیی و بیروڕای گشتی دەتوانن لەدرێژخایەندا گۆڕانکاری بەسەر بێنن. رۆشنبیران لە چەمکە ئوستوورەییەکاندا گۆڕانکاری پێک دێنن و دەیانکەنە هەوێنی چەمکی بەرگری و بە پێی پێویستی نەتەوەکەیان هەموو نوێ کاری یەکی دڵخوازی بەسەردا دێنن و دەیخەنە بەردەم رای گشتی. ئەمە رای گشتییە کە بڕیار ئەدات ئاخۆ وەری دەگرێ یان بە سەندووقی فەرامۆشی دەسپێری. کە وابوو هەرجۆرە مامەڵەکردن لەگەڵ ئوستوورەکانماندا بەدەر لەم چوارچێوەیە کاریگەریەکی ئەوتۆی نابێ و هەوڵی دژبەرانی ئوستوورە ساغەکە بێئاکام دەمێنێتەوە.

کورد بەهۆی باوەڕ بە خۆنەبوون و خۆ بەکەم زانین تا ئێستا دایمە چاوی لەوە بووە کە گەلانی باڵادەست و دەورووبەری ددانی پێدابنێن. ئەم گەلە نەیتوانیوە جارێک لە جاران ببێتە ئاوێنەی باڵانوێنی خۆی و بە چاوێکی خۆماڵیانە و دڵسۆزانە لە قەڵافەتی خۆی رابمێنێ و پێناسەیەکی کوردانەی لە خۆی هەبێ. ئەمە مێژوویەکی دوور و درێژی هەیە و تا ئێستاش هەر قیرە و بە کەوای سپی کوردەوە نووساوە. ئەم دیاردە نالەبارە بەزەقی بە هەموو لایەنەکانی فەرهەنگ و شارستانیەتی کوردەوە دیارە. ئەم گەلە نەیوێراوە و نەیانهێشتووە  بە زمان و قەڵەم و کەرەسەکانی تر خۆ دەربڕێ و باسێک لە خۆی بکا. هەرکەس لە دەرەوەی جەغزی کوردبوونەوە سەری کێشاوەتە ناوەوە، گۆڕەپانی بۆ نووسین و باسکردن و مێژوونووسین و پێناسەی نەتەوایەتی خاڵی دیوە و بە بیروبۆچوونی خۆی ئەم کارانەی بۆ کورد کردووە. هەر لە یەکەم کتێبی مێژووییەوە وەبگرە تا دەگاتە یەکەم فیلمێک کە ساڵەکانی ١٩٢٦ و ١٩٢٧ لە سەر کورد دروستکراوە و وێدەچێ کاری ئەرمەنیەکانی روسیەی ئەوکات بێ و هەروەها هەموو روونکردنەوە مێژوویی و تیشک خستنە

سەری دەقە ئەفسانەییە کۆنەکان و لەگەڵ ئەمانەش دەتوانین ئاماژە بە دەیان شتی تر بکەین کە هەرکام بە جۆرێک جێگە پەنجەی ناکوردێکی پێوە دیارە. وەکوو نموونەی هەرە بەرچاو دەتوانین ئاماژە بە مەزن زانینی ئەو هونەرمەند و شاعیرانە بکەین کە تا هونەرمەند و شاعیرانی گەلانی تر باسیان نەکردن، ئێمە بە مەزن و گەورەمان نەزانین. تا عەرەبەکان ددانی خێریان بە مامۆستای گۆرانی و مەقامی کوردی عەلی مەردانی مەزندا نەهێنا، ئێمە وەکوو لووتکە نەماننناسی. تا شەجەریانی گۆرانیبێژ و گەورە هونەرمەندی فارس باسی مامۆستایی و مەزنبوونی سەید ئەسکەری کوردستانی نەکرد، ئێمە تا ئەو رادە رێزمان لێ نەگرت. تا وێنەی شاملووی شاعیرمان لەگەڵ مامۆستا شێرکۆ بێکەس نەدی، بە مەزنبوونی شێرکۆمان نەزانی. بۆ بەڵگە هێنانە وە بۆ مەزنایەتی کەڵە پیاوێکی مێژووی هەنووکەیی کورد چاومان بڕییە دەمی بەڕێوەبەری بەرنامەیەکی کێبەرکێی دەنگ و رەنگی ناوەندی، لە تاران. ئێمە ئێستاش بۆ ناسینی خۆمان پەنا دەبەینەبەر ئاسەواری رۆژهەڵات ناسەکان و لە دێرەنووسراوەکانی ئەواندا خۆمان دەبینینەوە. سەیرتر لەوە ئەوەیە کە بۆ ناسینی ئەو زمانەی کە خۆمان دەیزانین و قسەی پێدەکەین، دیسان پەنا دەبەینە بەر ئەوان. هەمیشە چاومان لەوە بووە کەسێک لە دەرەوەی جەغزی کوردبوونەوە لێمان بڕوانێ و مەوجوودیەتمان بە حەق بناسێنێ. کە لەم بوارەش دا دەتوانین ئاماژە بە رۆژهەڵاتناسان و بەشێک لە نووسەرانی رووسی بکەین کە لە سەر کورد شتیان نووسیوە. لە لایەکی ترەوە رەنگە هیچ نەتەوەیەکی تر بەقەد کورد کارەسات و فاجعەی ئەزموون نەکردبێ. ئاخۆ لەگەڵ ئەو هەموو کارەساتە چیمان کردووە؟ ئەو کارەسات و فاجعە گەورانەمان نەکردووەتە فاکتەری دروستکردنی شوناسی نەتەوایەتیمان. ئەوە تا دەبینین بە درێژایی مێژوو سینگ بە سینگ، کراسی عوسمان و هۆلۆکاست و کوشتاری بێبەزەییانەی ئەرمەنیەکان و مەزڵوومیەتی فەلەستین و کۆکوژیەکانی جیهانی و ئیفلیجکردنی هێرۆشیما و دەیان کارەساتی جەرگبڕی تری جیهان بۆ بەرەکانمان دەگێڕینەوە. بەڵام قەت جارێک لەجاران باسی ئەنفال و هەڵەبجە و شەهیدکردنی کۆمار و پاکتاوکردنەکان و دەیان کارەساتی دڵتەزێنی ترمان بۆمنداڵانمان نەگێڕاوەتەوە. ئێمە ناکوردتر و عەرەبتر لە هەموو خەڵکانی ناوچە بێدەنگی کۆنفرانسی ئیسلامی سەردەمی کارەساتی هەڵەبجەمان بە ئاسایی و یاسایی زانی. ئێستاش هەر تاکێکی کورد هەموو کارەساتەکانی جیهانی عەرەب دەزانێ و خۆی وەکوو تاکێکی موسوڵمان لەجەرگەی ئەو کارەساتانەدا دەبینێ. بەڵام موخابن تەنیا لە ساڵرۆژی کارەساتە کوردیەکاندا شتەکانمان بیر دەکەوێتەوە و هەروەکوو پێشتریش باسمان کرد، جەنایەتی جەنایەتکاران دەپۆشین. تراژدیا لە مێژووی ئێمە دایمە دەگاتە لووتکە. دوژمنانمان کارەساتمان بەسەر دێنن و بە سەدان شێوە، کوشتن و بڕین و تەجاوز پێکردن شاڵاومان دەکەنە سەر، کەچی ئێمە زۆر حەکیمانە لەسەر ئەوانی لادەبەین و تەبرەئەیان دەکەین. ئێستاش کوردێک حازر نەبووە لەبەرچاوی راگەیەندراوە گشتییەکاندا ئامادە بێت و باس لە تەجاوزێک بکا کە پێی کراوە. ئەمانە و سەدان نموونەی تری ئەو راستییە دەسەلمێنن کە ئێمە خۆمان نەخستۆتە پرۆسەی بەنەتەوەبوونەوە و کارێکی جیددیمان بۆ نەکردووە. ئەم پێشەکییە کورتەم لەبەر ئەوە هێنایە گۆڕێ کە بە ئاسانی بچمە ناو باسی نەورۆزەوە. رەنگە کەس لەوە لاری نەبێ کە نەورۆز جەژنی زۆربەی گەلانی ناوچەکەیە. لە هیندوستانە وەربگرە تا دەگاتە تورکیا. کە بەشێک لە گەلانی هیندی و گەلانی بەلووچ و لوڕ و فارس و کورد و تورکمان و تەنانەت عەرەبیش لە خۆ دەگرێ. رەنگە لە کەسیش ئاشکرا نەبێ کە کورد وەکوو نەتەوەیەکی ناوداری ئەم ناوچەیە لە کەیەوە خاوەنی جەژنی نەورۆزە و لە کەیەوە رێزی لێدەگرێ و وەکوو جەژنێکی مەزن چاوی لێدەکات. بەڵام هەموو ئەوە دەزانین کە تیشکی ئاگری نەورۆز بەشێک لە ژیانی کوردانە. ئەم ئاگرە پیرۆزەمان بەداستانی حەماسی کاوە و زوحاکەوە گرێ داوە. لەدەیان سەدە لەوەپێشەوە سینگ بەسینگ ئەم چیرۆکەمان پاراستووە کە: قارەمانێکی کورد بە ناوی کاوە لە سەردەمێکی پڕ لە جەور و ستەمدا و لە زەمانی پاشایەتی مرۆخۆرێکی وەکوو زوحاکدا قۆڵی لێ هەڵماڵیوە و تاج و تەختی ئەم پاشایەی تێک داوە و بەسزای خەیانەتەکانی گەیاندووە و ئەم مەزنایەتییەی وەکوو میراتێک بۆ نەتەوەکەی بەجێ هێشتووە. بەڵام کاتێ ویستوومانە

وەکوو تیۆری و دەق بەڵگەیەکمان بۆ نەورۆز هەبێت. دیسان وەرگەڕاوینەتەوە سەر تیۆری و دەقی نووسەرانی نەتەوەی سەردەست. ئەو نەتەوەیەی کە کەڵەشێری خۆی بە لەپەوە لێناوە و کیان و دەسەڵاتی پێک هاوردووە و چی تر بۆ ناسین و بە ئامانج گەیشتنەکانی، حەوجێی بە نەورۆز نەماوە. نەتەوەیەک کە بە پێچەوانەی ئێمە جوگرافیای فەرهەنگی خۆی لە ناسنامە فەرهەنگیەکان ئاخنیوە و بوون و نەبوونی نەورۆز رەنگە چ شوێنێکی کاریگەری لەسەر ئەو نەبێ. هەربۆیە نووسەری بەناو بانگ و خامەرەنگین ئەحمەدی شاملوو بە نووسینی وتارێکی سەردەمیانە لە نەورۆز هەستاوە. ئەم نووسەر و شاعیرە گەورەیەی فارس بە دەرککردنی ئەم راستییە کە ئیتر ئەوان  بۆ تازەکردنەوەی ئەفسانە و ئوستوورەکانیان دەتوانن هەر جێگۆڕکێیەک بە قارەمانەکانیان بکەن و تەنانەت بۆ زیندوو راگرتنی نەورۆز وەکوو فەرهەنگ و دووبارە وەگەڕخستنەوەی ئەم بابەتە فەرهەنگییە، خائین و چەواشەکار بکەن بە قارەمان و گەلخۆشەویست و مرۆڤە رزگاریدەرە ئوستوورەییەکەش بە خائین ناوبەرن، ئەم کارەی لەگەڵ نەورۆزدا کردووە و خوێندنەوەیەکی نائاسایی و پیچەوانەی لە نەورۆز بووە. لەم پێچەوانە خوێندنەوەی شاملوودا، کاوە پیاوێکی خەیانەتکار و گەلفرۆش بووە و بە گژ پاشای عادڵ و گەل خۆشەویست، زوحاکی دادپەروەردا چووە و لە ئاکامدا تانج و تەختی پاشای کوردانی تێک داوە و دەسەڵاتی بە نەتەوەکانی تر بەخشیوە. ئەمە هەر وەکوو باسمان لێ کرد و لە کاتی خۆشیدا لە گۆڤاری ئەدەبستانی چاپی تارانیشدا لەگەڵ چاپی وتارەکەی شاملوودا هاتبوو، هیچ لە راستییەکەی داستانی کاوەی ئاسنگەر و زوحاکی نەدەگۆڕی. شاملووش مەبەستی تێکدانی بارەمانایییەکەی نەورۆز وەکوو سیاسیەت نەبوو. بەڵکوو تەنیا ئامانجی ئەو وەگەڕ خستنەوەی دووبارەی ئەفسانەی نەورۆز بوو. هاتبوو لە ترسی بۆژۆبوونی باسەکە رووالەتێکی تری پێ بەخشیبوو. شاملوو دەیزانی کە ئەمە لەسەر گەلی فارس وەکوو نەتەوەی سەردەست هیچ شوێنێکی نەرێنی دانانێ و تەنانەت دەبێتە کۆڵەکەیەکی ئەستووریش و دەردێتە بن هەنگڵی فەرهەنگەکەیان. ئەم کارەی ئەحمەدی شاملوو لە رۆژهەڵاتی کوردستان لە زاری گرووپێکی ئایینی شیرین دێ و دەبێتە بنێشتەخۆشکەی سەر زاریان و دەیکەنە گۆپاڵی دەستی دژ بە نەورۆز و کەلەپووری کوردییان. ئەمە لە حاڵێکدایە کە ئەوان هیچ کام لە بەرهەمەکانی تری شاملوویان پێ باش نیە و تەنانەت خۆشی بە کەسێکی باش ناودێر ناکەن. بۆ ئەوان کە باسی نەتەوایەتی لە پلەی دووهەم و سێهەمدایە و ئامانجی سەرەکییان پیادەکردنی یاسا و نەریتی شەریعەتی سوننەکانە، نەورۆز بە تێکدەری ئەم بیرۆکەیە دەزانن و تەنیا رێگای گەیشتن بەو ئاواتانە لە لابردنی جەژن و فەرهەنگە خۆماڵیەکاندا دەبینن. هەربۆیە زۆر بە خەستی کاری بۆ دەکەن و لە جەژن و ئائینەکانی نەورۆزدا بەشدار نابن و تەنانەت بەشداربوانی جەژنی نەورۆز و سێزدەبەدەر بە جاهیل ناو دەبەن. پێیان وایە هەرکەس بەرەوپیری نەورۆزەوە چوو بێئەخلاق و دۆڕاو و خائینە. ئەم بیرۆکەیە فرێ بەسەر ئەو راستیەوە نییە کە کورد وەکوو یەکێ لە نەتەوە یاساغەکانی ناوچەکە پێویستیەکی زۆری بە باری مانایی سیاسی نەورۆز هەیە و بۆ لابردنی کێشە سیاسی و شوناسیەکانی خۆی لە نەورۆز وەکوو هەڵگری باری سیاسی و شوناسی کەڵک وەردەگرێ. ئەم راستییەشیان لەبەرچاو نییە کە ئێمەی کورد رەنگە نەتوانین بۆ گەیشتن بە دەسەڵات، یاخۆ لانی کەم کەمکردنەوەی دەسەڵاتی نەتەوەی سەردەست لە سەرمان، هیچ شتێکی تر لەم حاڵەتەدا بکەینە ئاڵترناتیوی نەورۆز. ئەبێ ئەوەمان لە بیر نەچێ کە ئێستا نەورۆز لە باکووری کوردستان رۆڵێکی زۆر گرینگ و حەیاتی دەگێڕێ و بۆ دروستبوونی شوناسی کورد و جیابونەوەی لە نەتەوەی سەردەست یەکەم شتە. نەورۆز دەتوانێ هێمای یەکگرتوویی خەڵک بێت. ئێمە لە باتی باس لە دنیای فانتزی کردن و بیرکردنەوە لە یۆتۆپیای عەداڵەتی سەنتەری هەرگیز رووناکی نەدیوی جیهانی مەتافیزیک و ملکەچ کردن بۆ مێژووی بە چەواشە راگوێزراوی بە سەردا داسەپاوماندا دەتوانین بیر لە ئەمری واقعی نەورۆز بکەینەوە و بە کردەوە بیسەلمێنین کە هەردەم لە جووڵانەوە و ئاڵوگوڕ پێکهێناندا بین و هەر ساڵ بە نووسینی جەژنە پیرۆزە بە تیشکی ئاگر رەمزی مانەوەمان لە گیرفانی کەوای مرادخانی مێژووی هەردەم زیندوومان بخەین. لە باتی بە حەرامزانینی نەورۆز و یاساغکردنی، دەبێ ژیرانە ئوستوورەکە بۆ خۆمان دروست کەینەوە و بە خوێندنەوەیەکی سەردەمیانە نەورۆز بکەینەوە بە رەمزی دەگژ زاڵم راچوون و

شوناسێکی کوردانە. چی تر گوتاری زاڵ بە سەر خۆماندا بەرهەم نەهێنینەوە و نەورۆز بە جۆرێک بکوردێنین کە بۆ هەر تاکێکی کورد فام بکرێ و لە جێی پشتبەستن بە دەقی شاملوو و نووسەرانی نەتەوەی سەردەست، پشت بە نووسەران و شاعیران و ئوستوورەناسانی خۆماڵی و دەقە بەرهەم هاتووەکانی گەلەکەمان ببەستین. بۆ کوردانددنی نەورۆز پێناسەیەکی نوێمان پێویستە. کورد ئەشێ خۆی فەرهەنگەکەی پێناسە بکاتەوە و بۆ باسی نەورۆزیش هەر خۆی بە موئەلیفەکانی نەورۆزدا بێتەوە. خراپەکانی لێ هەڵوەژێرێ و خاڵە باشەکانی زەق بکاتەوە. تا ئەو رادەیە کە نەورۆز ببێتە بەشێکی بەرچاو شوناسی نەتەواویەتیمان. بە روانگەیەکی پراگماتیستیانەوە بڕوانینە نەورۆز. وەکوو نەتەوە هەرچی خێر و بێری بۆمان نەبوو بیخەینە پشت گوێ و بە گیان و دڵ ئەوەی تری بپارێزن. ئەوەش حاشا هەڵنەگرە، ئێمەش بۆمان هەیە پاش بە ئاکام گەیشتنی پرۆسەی بەنەتەوەبوونی خاوەن دەسەڵاتمان، هەر ئەو کارە لەگەڵ نەورۆز و ئەفسانەکانی ترماندا بکەین کە نووسەر و شاعیری گەورە ئەحمەدی شاملوو کردی. بەڵام ئێستا تەنیا جەژنێک کە دەتوانێ هەموو کوردان پێکەوە گرێ بدات و لە بن سێبەری خۆی کۆیان کاتەوە، جەژنی نەورۆزە. هەربۆیە دەتوانین بیکەینە هەوێنی دروستکردنی بەرەبەیانێکی گەش و لێک نزیکبوونەوەیەکی بێ ئەم لا و لا. نەورۆز بەشێک لە کولتووری ئێمەی کوردە کە هەردەم دەتوانین بیخەینە بازنەی دیالۆگەوە و بە کەیفی دڵمان ئاڵوگۆڕی بەسەر بێنین. تا بەو شێوە دەردێ کە دەتوانێ ببێ بە هۆکاری رزگاریمان. رەنگە چاک وابێت کە نەورۆز لە حاڵەتی عادەتی و ئاساییەکەی دەربێنین و بۆ حاڵەتێکی مانادارتر و بەرگریانەتر و ئیختیاری تری بگوێزینەوە. وەکوو باسی کۆتایی دەبێ بڵێم: بە هۆی ئەوەی کە بارودۆخی کورد لە ناوچەکەدا لە هەموو گەلانی تر جیاوازە. ئەشێ نەورۆز و کولتووریش جیاواز بێت. هەر ئەمە دەخوازێ کە ئێمە روانگەیەکی جیاواز لە گەلانی ترمان لە نەورۆز هەبێت. لە ئەفسانەی نەورۆزی کورددا زوحاک پاشایەکی زاڵم و مێشکخۆرە و بە نیشانەی مرۆخۆری و درندەیی دوو ماری لە سەرشانە و کاوەش مرۆڤێکی رزگاریدەرە کە لە سەرشانی دوو گوڵە گەنم بە نیشانەی خۆشەویستی ژیان و عەشق بۆ ئازادی رواوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی دەنگەکان / رێکەوتی : ١٥ی مارچی ٢٠٠٨

# نەورۆز لە نێوەرۆک و بوونی خۆیدا دژ بە دەسەڵاتی هەوسار پساوی سەرەڕۆ خوڵقێندراوە

نەورۆزی ٢٠٠٨ ڕفراندۆمی گەلی کورد لە هەمبەر سیاسەتی ئینکار بوو

سدیق بابایی

لەوەتی کۆماری ئیسلامی دەسەڵاتی سیاسی لە ئێران بۆخۆی پاوان کردوەو ڕێگای دەربڕینی ویست و ئارەزووی جیاواز لە خواستی ویلایەتی فەقێ بەتەواوەتی بەربەست کردوە خەڵکی ناڕازی لەهەربۆنەییێک بۆ ئاشکراکردنی ناڕەزایەتی خۆیان کەڵکوەردەگرن.

نەورۆز یەکێک لەو بۆنە مێژوویانە دەژمێردرێ کە خەڵکی کورد لەکوردستانی ڕۆژهەلات هەمووساڵێ بە هەڵکردنی ئاگر لەسەر لووتکەی شاخ و بەندەن و کۆلانی شارەکاندا دژبەربوونی خۆیان بەرانبەر سیاسەتی حاکم لە لاییێک و گەیاندنی پێغامی کۆڵنەدان و تەسلیمنەبوون بە خەون و خەیاڵی هێزی داگیرکاری ولات دەربڕیوە.

دیارە دژکردەوەی هێزی چەکدارو دەستوپێوەندەکانی ڕژیمی کۆماری ئیسلامی وەک پەلاماری خەڵک، گرتن و ئەشکەنجەو گولەباراندن بەسەر شوێنی چالاکیەکان هەمووجارێک بەربلاوتر لە جاری پێشوو درێژەی هەبوە. میلیتاریزەکردنی شارەکانی کوردستان بە هێنانی زیاتری هێزی چەکدار و سیخوڕی سەربە دەزگا ئەمنیەتیەکان و گەمارۆی شوێنی گشتی و هاتوچۆی خەڵک وەک وێنەی ئەمساڵ لە کرماشان ، سنە ، مەهاباد ، سەقز ،مەریوان، بۆکان وزۆرشاروەمەڵبەند تەنانەت شارۆچکەیەکی وەک دێگولان ساڵ نەساڵ زیاتر پەرەی ئەستاندوە !!

هەرچەند ئەمشێوە لە خەبات و بەرئەنگاری لاوانی کورد پاڵپشتي سیاسی حیزبی دێمۆکرات لە سەرەتا و پاشتر هێزەکانی تر لە بەشی ڕۆژهەلاتی بۆ لای خۆی ڕاکێشا ! بەلام لە ڕاستیدا نەیتوانیوە بیبێتە دەسپێک بۆ جەماوەریکردنی بیروباوەڕی خەباتی نیشتمان پەرستان لە نێوخۆو گرێدانی توانای یەکلاکەرەوە لە ئاست دەربڕینی تێکەلاوی ویەکدەنگی ڕزگاریخوازانە لە گەل خەباتی شاخ(شار و شاخ) یا دەرەوەی ولات بەرهەم بهێنێ وبەم پێیە نەورۆز وەک لە فەلسەفە مێژوویەکەیدا بە ئێمە گەیشتوە بکرێ بە ماکەی بەرئەنگارییێکی بەربەرینتر لە بەرانبەر ستەمکاران و خوڵقاندنی ئاڵوگۆڕیک کە پێشینیان وەک وانەی فێرکارانە بۆ ئێمەیان تۆمارکردوە !!؟

دیارە نابێ ئەوەمان لە بیربچێ کە دەسەڵاتی دزێوی سەر بە نەتەوەی فەرمانڕەوا لە مێژە هەوڵی بێ نێوەرۆک کردنی فەلسەفەی نەورۆزو قەتیس کردنی لە چوارچێوەی سفرەی "حەوت سین " و زیندانیکردنی ئامانجەکانی لەکونجی ماڵ دەدەن !!؟

ئیشارەتدان بە ڕابردووی تەمەن درێژ لە خەباتی چینو توێژی فیداکار و دڵسۆزی وڵات بە تایبەت لەو بوارەدا گرینگی خۆی پشتڕاست دەکاتەوە کە لەکۆنەوە تا ڕۆژگاری ئیمڕۆ کورد و بەتایبەت هێزە سیاسیەکانی کوردستانی ڕۆژهەلات نەیان توانیوە بەگوێرەی پێویست پشتبەندی ئیمان و باوەڕی نەترسانە و ئامادە لە مەیدانی لاوانی وڵات بۆ هەرچی زیاتر تینو گور بەخشین بە بزاڤی نەورۆز بۆ جەماوەریکردنی زیاتری وزەی گەل بە دژی ملهوڕانی داگیرکاری وڵات بن. باکوورو باشووری ڕۆژئاوا دەمێکی زۆر درێژنیە بۆ کەڵکوەرگرتن لە نێوەرۆکی شۆڕشگێڕانە- ی نەورۆز وەک ڕەمزی جەماوەریکردنی خەبات و بەپیرەوە چوونی ئەم ئەزموونە نەتەوەییە کە لە کۆنەوە بۆمان بە جێ ماوە کەڵک وەر دەگرن. وێرای ئەوە ساڵ لە دوای ساڵ ئەزموونی ساڵانی پێشووتر دەکرێ بە هێزی بزوێنەری ڕاپەرینی بەرفراوانتری پاشەڕۆژ .

بۆ هەموان ئاشکرایە کە بەڕێوە چوونی ڕێورەسمی نەورۆز ساڵی ١٩٩٢پاش هێرشی دەسەڵاتدارانی تورک و کوشتنی زیاتر لە ١٠٠ کەس لە خەڵکی بەشداربووی ئەمرێوڕەسمە لە بەشی باکوور دەستی پێکرد .

نەورۆزی ئەمساڵ واتە ٢٠٠٨ زۆر پێشتر لە ڕۆژانی کۆتاییساڵ ئامادەکاری بەرنامە بۆدارێژراوی لە لایەن شارەوانیەکانەوە بۆکرابوو ، بۆیێ لە زۆر لاینەوە شرۆڤە و بەناخداچوونی بابەتیانە هەڵدەگرێ.

بەشێک لە تایبەتمەندیەکانی نەورۆزی ئەمسال لەوەدا دەبیندرێ کە لە سرۆشی سروشتەوەو هاوشان لە گەڵ جۆشو خرۆشی بەهاری هێزی ڕاچەنینی بەربلاوی خۆی دەست پێکرد . ئەوە هەڵێنجانی ڕاستەقینەی فەلسەفەی نەورۆز لە نێوەرۆکی ئەفسانەیي بە جێماوی پێشینیانی ئێمە بۆ گەییشتن بە ئامانجەکانمانە ."لاسايي کردنەوەی سروشت"

نواندنی جۆشو خرۆشی بەهارئاسا ، دەربڕینی یەکدەنگی و ڕووڕاستبوون و ڕاستەوڕاستی هزروخواستی جەماوەرێکی ئێتنیکی ، وەستانی قورسو قایم بە ئاشکراو بە بێ ترسو دڵەڕاوکێ لە پشتی بەرنامەی سیاسی حێزبێکی سیاسی کە بەنەیار و دوژمنی سەرەکی دەسەلاتی فرمانڕەوا پرۆپاگەندەی حکومەتی لەسەرکراوە ، هاواری زمان ، کولتوور ، مافی ئیدارە ودەسلاتی خۆجەیي ، دژبەر وەستان لە هەمبەر پلانی دزێوی حکومەتی بۆ سەرڤاڵکردنی خەڵک ، دەرکەوتنی خەڵک بە جلوبەرگی یاساخ کراوی نەتەوەیي کوردی [تاڕادەی کەم بوونەوە و نەمانی قوماش لە دووکان مکان بۆکرین]

بەشداری هەموو چەینوتوێژ بە دانی سلۆگانی سیاسی لە پشتیوانی هێزی خەباتکار لە دەرەوەی وڵات ، واتە گرێدانی ڕاستەقینەی خەباتی شاخ بەشار و نەهێشتنی جیاوازی لە نێوان پێشمەرگە و خەڵکی ئاسایی لە بواری دەربڕینی باوەڕی سیاسیدا "تا هەواڵی سەری چیا نە لە نێو ئێوە دابن چارەسەری چێ نابێ " – لەقسەکانی لەیلا زانا بۆ جەماوە- ری دیاربەکرو پشتیوانی سەدان هەزارکەسی ئامادە لەوانەیە.

شکاندنی تلێسم و تابۆی یاساخکردنی زمان و جلوبەرگی نەتەوەیێ کوردی کە پێشووتر لەیلا زانا- وچەندین پارلمانتەری کورد بە بۆنەی ئاخاوتن بەکوردی ماوەی حەوتساڵی ڕەبەق زیندانی کران !! – نەک هەر بەشدار بوونی فەرمی و ئاخاوتنی شارەداری ئامێد بە جلوبەرگی کوردی بەڵکوو ئامادەبوونی بەشیکی بەرچاو لە بەڕێوەبەرانی ڕێورەسمەکە بە جلوبەرگی تایبەتی پێشمەرگە وێڕای

جلوبەرگی ڕەنگامە و ڕازاوەی کوردی زۆربەی جەماوەری بەشداری ڕێوڕەسمی نەورۆز لە پارلمانتاری شارە کوردیەکانەوەبگرە تا ژنو مندالی ئالابەدەست مێدیای ئامادەبووی ولاتانی جیهانی تووشی ڕاکێشانی سرنجی نابەدلانە لەو دیمەنە نوێیە کردبوو.

هەوالدەری تلوزیۆنی ئەلجەزیرە کە ڕاستەوخۆ هەوالەکەی بلاودەکردەوە ڕای گەیاند " مەسەلەی کورد کە تورکیە تا ئێستا چاوپۆشی لێدەکرد پەیامی ئەوە دەگەیێنێ کە چیتر ناتوانێ بیشارێتەوە.

هەوالنێری بی بی سی و ڕادیۆ فەردا- (ئامریکا) باسی ئەوەیان دەکرد وێڕای چاوەدێری و پشکنین و کۆنترۆلی توندوتیژی تورکیەخەلک بەشداری بەرینی ڕێوڕەسمی نەورۆزیان کردوە. دیمەنی بەشداری بەرینی جەماوەری کورد لە زۆربەی تلوزیۆنەکان بۆ وێنە ئالمان بلاوکرانەوە .

ئەم دیمەنانە لە ڕاستیدا دیمەنی شکستی سیاسەتی ئێنکار لە پێوەندی دۆزی ڕەوای کورد بوون.

لە شاری ئامەد پیرۆز کردنی جێژنی سەرسالی گەلی کورد ٢١ی مانگی مارس بەشێوەییکی شارستانی و بەرنامەبۆدارێژراولە لایەن شارەوانی ئەمشارەوە بە بەشداری سەدان هەزارکەس لە چینوتوێژی تێکەلاوی خەلک و جۆشو خرۆشی بەهاری پر لە تاسە بۆ دەربڕینی ویستو ئیرادەی ئازادی خوازانە بەڕێوە چوو.

سەرۆکی شارەوانی ئۆسمان بایدەمیر کە وێڕای پارلمانتارانی کوردو کەسایەتی ناسراویتر بەجلوبەرگی نەتەوەیی کوردیەوە بەشداری کۆبوونەوەکە بوون لە ئاخاوتنی خۆیدا بۆ جەماوەر گوتی؛ "" سەدان هەزارکەس لێرەکۆبوونەتەوە و داوای ئاشتی دەکەن بەلام حکومەت بە هێرشو توندووتیژی وەلام دەداتەوە !؟؟

لەیلا زانا : لە بەشێکی وتاری خۆیدا بۆ جەماوەری شاری ئامەد _ سیاسەتی سەرقال کردنی دەسەلاتدارانی تورکی دایەبەر ڕەخنەی توند و ڕای گەیاند "" کۆرد دە تلوزیۆنی هەیە پێویستی بە تلوزیۆنی حکومەت نیە ، تەرحی گاپ و هێرش بۆ شاخ و خەباتکارانی کورد ، گرتن و زیندان چارەسەی کێشەکان نیە ، تا دۆزی کورد بە پەژراندنی مافە ڕەواکانیان چارە نەکرێ ئاشتی لە ڕۆژهەلاتی ناوین سەقامگیر نابێ . تا هەوالی سەر چیا نە لە نێو ئێوە دابن چارەسەری چێ نابێ. یەکگرتن و یەکگرتن". لەیلازانا ویستی گەلی کوردی لە باکوور بۆ خوێندن و نووسین لە مەدرەسەکان و ناسرانی زمانی کوردی بە فەرمی لە لایەن دەولەتی تورک و ئێدارەی کاروئەرکی کوردستان بەدەستی کورد وەک خواستی هەنووکەیی دەربڕی . ئەو پاشەڕۆژی سیستمی سیاسی کوردستانی بە ئیرادەی نەسلی جەوان و بڕیاری ئەوان بۆ هەلبژاردنی شێوازی سەربەخۆیی سپارد .

پشتیوانی گەرموگوڕی ئاپۆرای جەماوەر لە وتەکانی ئاخێوەران و بەرزکردنەوی وێنەی ڕێبەرانی شۆڕش و پەیتاپەیتای وتنەوەی داواکاری ئازادی ڕێبەری شۆڕشەکەیان عەبدولا ئۆجەلان و دەر بڕینی پشتیوانی بۆ خەباتکارانی شاخ لە ڕاستیدا شێوەیێکی ئاشکرا لە

ڕفراندۆمی خەڵکی کورد لە باکووری کوردستان بۆ ڕوون کردنەوەی ئەو لایانانە بوو کە هەمووکاتێک بە ناحەق هەوڵی جیاکردنەوەی خواستی کورد وشۆڕشەکەی دەدەن.

نەورۆزی ئەمساڵ لە کوردستانی باکوور هێمای یەکدەنگی کەموێنەی چینوتوێژی کۆمەڵگای کوردبوو کە کەسایەتی بەشدار تێدا بۆ دەربڕینی نیاز پاکی و ئارەزووی ڕاستە قینەی خۆیان وێکڕا کۆتری ئاشتیان هەڵفڕاند.

گوڵجهان شمشێک: شارەداری سیرت لە دیمانە لە گەل ڕۆژ تی وی (سەعاتی ٨.٢٥ی ئێوارەی ٢١ی مارس )دەڵێ""کورد چیدی نایڵێ ناسنامەی تێکبدەن . ئێمرۆ ئەگەر بە هەزارانجار هێرش وەک ڕۆژانی نەورۆز بکرێتە سەر ژنان ئێمە کۆڵ نادەین و واز لە ناسنامەی خۆمان ناهێنین . ئەوە لە مێژساڵە سیاسەتی توندوتیژی درێژەی هەیە . ئێمە دەسبەردار نابین."

فاتمە کورتوولان : نوێنەری وان لە مەجلسی تورکیە لە ڕێوڕەسمی پیرۆزکردنی نەورۆزدا گوتی" لە پاکێتی چارەسەری ئاکاپە دا بومب و گولله هەیە""!!؟

٢٢,٠٣جەماوەری شاری وان تەرمی بە ئاڵای خەبات داپۆشراوی زەکی ئەرینج کە لە هێرشی پۆلیسدا شەهیدکرابوو بە پەرۆشەوە بەرەو گۆڕستان بە دەم هاواری سەرکۆنە وشەرمەزارکردنی بکوژان هاوڕێیەتیدەکەن . پولیسی تورک و هێزی سیخوڕ هاوکات سەرلە نوێ پلاماری خەڵک دەدەن کە شەهید و برینداریتری لێ کەوتەوە.

ئۆزداڵ ئۆچەر : پارلمانتاری شاری وان لە داخۆیانی خۆیدا بۆ تلوزیۆنی ڕۆژ خەبەری سەت برینداری ڕاگەیاند کە بەشێکیان لە ترسی گیران نەیان وێراوە بۆ تیمارکران بچنە نەخۆشخانە . ئۆچەر زۆر ئازایانە داخۆیانی دا بە تلوزیۆنی ڕۆژ کە بەرخۆدانی خەڵک بەرانبەر ترۆری دەوڵەتی درڕێژەی هەیە. هەڵبەت دژبەری کردنی سیاسەتی ترۆری دەوڵەتی و ڕێوڕەسمی نەورۆز چەند ڕۆژ درێژەی کێشا.

باییندەر : نوێنەری شێرناخ ٢٣,٣ هەواڵی ڕێوڕەسمی شکۆداری شاری گەوەڕو پەلاماری هێزی چەکداری ڕژێمی تورکی سەعات چوارو هەژدە دەقیقە و بریندار کردنی شانزەکەسی بە ڕۆژ تی وی ڕاگەیاند. هەر لەم ڕۆژەدابوو کە ئێقباڵ یاشار بیست ساڵە بە تەقەی پۆلیسیتورک کوژرا .

٢٥ی مارس دیسان خەڵکی نەترسی گەوەڕ بە بەشداری شارەدار و نوێنەری مەجلس لەمشارە بۆ هاودەردی و ڕێزلێنان چوونە بەردەرکی ماڵی یاشار -بیست ساڵە کە دوو ڕۆژ پێشتر شەهیدکرا و بۆ نیشاندانی نارەزایەتی ماوەی سێ ڕۆژ دووکانەکانیان داخست.

ڕێوڕەسمی نەورۆز جیا لە شارە کانی کوردستان – دیاربەکر ،وان ،سێرت ،گەوەڕ، جۆڵەمێرگ هەکاری ،موش،باتمان، بایەزید، سەمسۆر، پرسۆس، گمگم،ئەردەخان، دیلۆک،سلۆپی ، وێرانشار(ڕۆحا)و زۆر مەڵبەندو ناوچەیتر لە شارە تورک نشینەکانی ئەدنا

،ئزمیر، بۆڵساو ستانبول بە ئامادەبوونی سەدان هازار کەس لە شوێنی بەڕیوەچوونی ئاهەنگەکان  بە شکۆیێکی تەواو کەموێنە بەرز ڕاگیرا.

٢٣,٣ گۆڕەپانی  قزڵ چەشمە لە شاری ئستانبوڵ  بە هاواری چڕینی سرودی : دەمی ڕاپەڕینە - و هەڕنە پیش دەور دەوری ئـێمەیە وبە  بەشداری نزیک بە سێسەد هەزار نەفەر بۆ نێوەرۆک کردن و هەڵوەشاندنەوەی خەونی دەیان ساڵەی ژنراڵە  بۆ بەزەیەکانی تورکی بۆ تواندنەوەی  کورد بە گوێ نەیاراندا قیراند .

خۆپیشاندانی ئێرادەی نەتەوەیی کۆرد ب دەنگو ڕەنگی کوردیەوە  بە ژمارەی سەدهەزارکەسی لە باتمان  ، سێسەدهەزارکەسی لە ئستانبول، سەدانهەزارنەفەری لە ئامێد  . سیي هەزارکەسی لەموش و دەیان هەزاری لە شارو شارۆچکەی کورد و تورک نشین  ڕق و قینی ناحەزو نەیاری کوردی کردبە ماکەی خوێنرشتنێکی ناهومێدانەتر کە بە شەهیدکردنی لانیکەم پێنج نەفەر ،بریندارکردنی سەدانکەس و شکاندنی دەستی لاوی کەم تەمەن ئەرتوش جۆڵەمیرگی لە پێش چاوی کامێرای ڕۆژنامەوانان خۆی نواند؟؟!!!

عەفرین و قامیشلو لە کوردستانی ڕۆژئاوا ناوەندێکیتری ڕاپەڕینی نورۆز بوون کە نەیاری بەعسی سوریە  پاش چوونە سەرداری برابەعسیەکەی عێراقیان ئەوان ڕێوشوێنە کوردکوژیەکانی سەدام حسین درێژە دەدەن.

شەهید کردنی- محمد زەکی ڕەمەزان ، محمد محمود حسین ،محمد یەحیا عەلی و بریندار کردنی خەڵکێکی زیاتر کە برینی پێنجیان قورس گوزارشکراوە، نیشانەی هاوپەیمانی ترۆریزمی هیوابڕاوی تورک ،عەرەب و دەسەلاتی هاری تارانە کە بەتوپبارانی ناوچەکوردنشینەکانی باشوور و هەڕەشە بە کوشتنی بەرفراوانتر ،گرتن و زیندان و یاساخ کردنی هەر چەشنە کۆبوونەوەی لاوان لە نێو شار بۆ پیرۆزکردنی نەورۆز خۆ دەنوێنێ.

لە قەراخ ڕاپەڕینی شکۆدارو  هیوابەخشی گەلی ئێمە لە باکوورو ڕۆژئاوای بچووک. خەباتی نیشتمانی و ماندوویی نە نەسانەی ڕۆژنامەوانانی کورد بە تایبەت کامێرامەنی وریاو باوەڕمەند و مێدیای کورد (ڕۆژ تی وی)بۆ گەیاندنی ڕاستیەکانی ئەم ڕاپەڕینە جەماوەریانە شیاوی ئافەرین و دەسخۆشی لێکردنە.

**سەرچاوە : ماڵپەڕی هەڵوێست  /  ڕێکەوتی : ٣٠ی مارچی ٢٠٠٨**

# نەورۆزانە

حەسەن حاتەمی

هەموو نەتەوەیەک هێمایەکی بۆ نوێ بوونەی سەری ساڵی خۆی هەیە. جا ئەو هێمایە هەرچی بێ. ئێمەی کورد وەک نەتەوەیەکی مەزن لە رۆژهەڵاتی ناڤین، دابەش کراو ،ماف پێ شێل کراو، و لە هەموو دنیا دا پەرەوازە کراوین ئەو هێمایەی هەموو سەری ساڵان، هیوای ژیانی و بەرناوین و ئومیدی دوا رۆژی نوێی پێداوین؛ نەورۆز یا رۆژی نوێ بووە.

نەورۆزی کوردەواری، لە گەڵ سروشت و جوانی، سوزی دڵ لاوێنی شنەبای بەهاری، لە گەڵ هەستانی زەوی لە خەوی زستانی، لە گەڵ دەشت و دەرو دۆڵی رەنگاورەنگ ئاوێزان بووە هەواڵ و مزگێنی نەمانی سەرما و سۆڵ و سەخڵەت و دەستپێکردنەوەی ژیانێکی نوێ لە تەمەنێکی یەکساڵ بە سەرچوو نیشان دەدا.

ئەمەگدارانی ئەورۆز!

دوژمنانی نەتەوەکەمان زۆریان هەوڵدا، ئەو رۆژەمان لێ بستێنن یان دەستی بەسەرداگرن و لێمان چەواشە کەن. بەڵام بە هەوڵی چەند هەزار ساڵەمان، و وەچە بە وەچە(نەسل بە نەسل)ی گەلەکەمان،ئەو داب و نەریتە جوانەیان پاراست و بە هەڵکردنی ئاور وروناکایی کە نیشانەی گەرما بەخشین و روناهی بەژنیە- لە ئاخرین چوارشەممۆی ساڵ بەپیشوازی نەورۆزی دێرێن چوون؛ هەتا کاتی نەورۆز ئاوری گەورەتر هەڵ کەن و شادی پتر بگرن.

ئەمرۆ بە خۆشی یەوە، ئەو دابە جوان و نە نێوەڕۆکەی کورد، ریشەی لە دڵی بە میلیون کوردی نەتەوە پارێز و ئاشق بە ئازادی گەلەکەی داکوتاوە، کە چرۆی سەربەستی گەلەکەمانی لێ شین دەبێ.

نەورۆزی ئەم ساڵمان ١٥ ساڵە لە باشووری کوردستان، بە دوور لە چاو و ژێر رکێفی دیکتاتۆران، بە ئازادی و بە شانازی یەوە بەرێوە دەچێ. بەتایبەتی ئەمساڵ سەرقافڵەی سەرەڕۆیان، سەددامی کورد کوژ و ئازادی خنکێن و رێژیمە نگریسەکەی لە نێو چووە و دار و دەستە بەد ناوەکەی، کە هەزاران کوردی بە ئەنفال و کیمیاباران و لە ژێر ئازار و ئەشکەنجە لە زیندانەکانی و بە دوور خستنەوە لە زیدە و نیشتمان قڕ کرد؛ لە ژێردادگایی و لێکۆڵینەوەدان.

ئەو دیمەنە سەربەستانەیەی ئەمرۆی باشووری کوردستان- هەرچەند بەداخەوە، تەواوی خاکی باشووری کوردستانی نەگرتۆتەوە و کەم و کووڕیشی هەیە. بەڵام دەتوانێ وەک دیمەنێکی سەرکەوتوو، هەموو پارچەکانی دیکەی کوردستان دا بگرێ؛ بەو مەرجەی

یەکگرتوویی، هاوخەباتی، هاودڵی و هاوکاریەکی هەمە لایەنە و چڕ و پڕ لە نێوان هێزە کوردستانی و کەسایەتی یە تێکۆشەرەکان- بە هەموو جیاوازیەکانی بیرو بۆ چوونیان- بەپێی هەل و مەرجی هەر ناوچەیەکی کوردی تێدا دەژی پێک بێ.

ئێمە پێویستە بە کردەوە نیشان بدەین کە: "کوردستان یەک وڵات و کورد یەک نەتەوەیە، دا بەش کراون."

بەبەرگی سەوز رازاوە قەد و لاپاڵ و شێو و دوڵ
چرۆی دەرکردوە دار و ملی دا یەکتر گیا و گوڵ
بەسەر بەفری کەوی داکرد شەماڵی خاکەلێوەخۆڵ
رەفیقان رۆژی کوردانە بەهارە جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو رۆژە دا من جێژنە پیرۆزە
"مامۆستا هێمن"
بە هیوایەی ساڵی داهاتوو، بۆ نەتەوەکەمان، ساڵێکی پڕ دەسکەوت بێ.
نەورۆزی ساڵی ٢٧٠٧ تان پیرۆز بێ.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی : نەورۆزی ٢٧٠٧

# نەورۆز جەژنێكی كۆنی كوردەواری

سەلاح هەركی

## پێشەكی

لەم كورتە باسەدا، من زۆرجار ناوی (ئێران)م بەكار هێناوە. دیارە مەبەستی من لە ناوی ئێران، نە كۆماری ئیسلامی ئێرانەو نە ئەو ئێرانەیە، كە ئێستا هێمایە بۆ پانتاییەكی جوگرافی لە رۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دراوسێیەكی هەرێمی كوردستانە.ئاگری نەورۆز مەبەستم لە ئێران، ئەو پانتاییە جوگرافییە بەرفراوانەیە، كە بە درێژایی مێژوو بە ئێران بەناوبانگ بووەو گوایە مانای (خاكی ئارییەكان) بێت و بە رەگەزێك یا نەتەوەیەكی ئێستایی نەبەستراوەتەوە. ئەم ئێرانەی من مەبەستمە، هەمان ئەو خاكەیە كە ئێمەی كوردیش، لە رووی مێژوویی خۆمان بەخاوەنی دەزانین. چونكە یەكەم دەوڵەت لەسەر ئەم خاكە لە لایەن كوردەوە دامەزراوەو هەركاتێك بمانەوێت باسی دیرۆكی كوردو كوردستان بكەین، ناچارین بۆ مێژووی ئێرانی كۆن بگەڕێینەوەو ئەم دیرۆكە بە هەموو باش و خراپییەكانی، هەرواكە دیرۆكی فارس و ئازەری و بەلووچە، دیرۆكی كوردیشە بە هەموو خێڵ و عەشیرەت و زاراوەكانیەوە.



كە واتە، هەركاتێك بۆ دوواوە بگەڕێینەوە، واتە پێش چەسپاندنی بیری نەتەوەیی بەسەر خاك و دانانی سنوورەتازەكان، پێویستە رابردووەكەمان لە نێو لاپەڕەكانی مێژووی ئێران بدۆزینەوەو ئەمەشیان هیچ تەسكبینی و رەگەزپەرستیی گەرەك نییە، چونكە ئەگەر وانەكەین، زیان لە خۆمان و نەتەوەی خۆمان دەدەین.

ئێمە خاوەنی ئێرانی كۆنین و لە هەموو شتەكانی، لەگەڵ نەتەوەكانیتری ئەوكات، هاوپشكین. جا لەم دووایيانە هەندێك لەوانە، دەسەڵاتیان گرتە دەست و زۆر ناجوامێرانە، بەشی ئێمەیان زەوت كردو زمانی خۆیان سەپاندو هەوڵی تواندنەوەی نەتەوەكەی ئێمەیاندا، ئەمەیان زوڵمێكەو ئێرە جێی باسكردنی نییە.

كەواتە كە بمانەوێت باسی نەورۆز كە جەژنێكی كۆنی سەرزەمینی كوردستانە بكەین، دەبێت بگەڕێینەوە بۆ مێژووی كۆنی ئێران و لەوێوە باسەكەمان دەست پێبكەین.

## نەورۆز لە كوێوە هاتووە:

نەورۆز یا نووڕۆژ، واتە ڕۆژی نوێ، لە جەژنە هەرەکۆنەکانی ئەو خەڵکانەیە کە لە کۆنەوە دانیشتووی سەرزەمینی ئێران بوونە. بەڵام لە ڕاستیدا تا ئێستاش بەتەواوی دیارنییە کە نەورۆز لە کەیەوە دەستی پێکردووە. تەنیا بە پێی دەقە مێژووییەکان، نەورۆز لە سەردەمی ماددەوە، وەکوو جەژنێکی کۆن و گەورە هەبووەو بە مەراسیمی تایبەتی پێشوازی لێکراوە.

ئایینی زەردەشت مانگی خاکەلێوە(فەروەردین)ی بە (فەرەهوەشی) ناوبردووەو لەسەر ئەو بڕوایە بووەکە یەکەم ڕۆژی ئەم مانگە واتە ڕۆژی(ئوورمەزد)، ڕۆژی گۆڕانکاری لە جیهانە. بەڵام لەگەڵ ئەوەشدا لە ئاڤێستا زانیارییەکی ئەوتۆ لەسەر نەورۆزو بە تایبەت هۆکاری جەژنەکە باس نەکراوە.

بە پێی هەندێ ڕیوایەت، لە یەکەم ڕۆژی خاکەلێوە، جەمشید لەسەر تەختەکەی دانیشتووەو خەڵک تیشکی خۆریان لەسەر شانەکانی ئەو دیوەو کردوویانەتە جەژن. ئەو ڕیوایەتە لە شانامەی فیردەوسی باسکراوەو دووای ئەویش مێژوونووسەکانی ئێرانی و تەنانەت بیانیش ڕیوایەتەکەیان دووبارە کردووەتەوە . هەندێکیش نەورۆز بۆ کەیخەسرەوی کوری پەرویز دەگێڕنەوەو گوایە یەکەم ڕۆژی پاشایەتی ئەو بووە بە نەورۆز.

چەندێکیش نەورۆز دەگێڕنەوە بۆ یەکەم ڕۆژی دۆزینەوەی ئاگر لە لایەن مرۆڤەوە. لەناو کوردیش خەڵکانێک ئەم جەژنەیان بەستووەتەوە بە ڕاپەڕینی کاوەی ئاسنگەرو سەرکەوتنی شۆڕشگێڕان بەسەر زوحاکەوەو کردنەوەی ئاگری سەرکەوتن.

ئەگەر سەرنج بدەینە هەموو ئەو هۆو ئەگەرانەی بۆ سەرهەڵدانی جەژنی نەورۆز باسکراون، دەبینین هەرهەموویان بۆ بابەتێکی ئەفسانەیی و خەیاڵی دەگەڕێنەوەو هیچیان ئەوەندە بەهێز و بەڵگەدار نیین کە لۆژیکیانە قەناعەتی مرۆڤی ئەم سەردەمە تێر بکەن.
لە لایەکیتر ئەوەش دەزانین کە بەدرێژەی مێژوو، نەتەوەکانی نیشتەجێ لە سەرزەمینی ئێران، بەسەدان و بەڵکە هەزاران ڕێورەسم و بۆنەو جەژنیان هەبووە، کە هەرهەموویان ئێستا لەیاد کراون و ئیتر کەس باسیان ناکات. کەچی نەورۆز وەکو جەژنێکی بایەخدار هەر ماوەتەوەو ئێستاش کاریگەرییەکی زۆری تەنانەت بەسەر ژیانی سیاسی خەڵک هەیەو نەتەوەی کورد وەکوو سیمبۆلێکی نەتەوەیی خۆی سەیری دەکات. گەلۆ چی بووەتە هۆی ئەم مانەوەیە؟ بۆ نەورۆز وەکو بۆنەکانیتر، فەرامۆش نەکراوەو دووای هەزاران ساڵ هەر بە بەرزی دێت و بە ڕێزیش بەڕێ دەکرێت؟

من پێموایە پەیوەندییەکی تۆکمەو بەهێز لە نێوان سروشت و جەژنی نەورۆز هەیەو لە ڕاستیدا جەژنی نەورۆز جەژنی نوێبوونەوەی سروشت و تاوانەوەی بەفرو کۆتاییهاتنی سەرماوسۆڵەی زستان و هاتنی بەهارو جوانبوون و خەملینی دەشت و کێوەکانەو هەر ئەمهۆیەش لەسەرەتاوە، ئەگەری سەرهەڵدانی ئەم جەژنە بووە. بۆیەش بەڕای من هیچیەک لە پاشاو میرو کەسایەتییەکانیتری مێژوویی، لە دانانی نەورۆز ڕۆڵیان نەبووە، بەڵکوو ئەم جەژنە بۆنەیەکی خەڵکانەو تەنانەت دەتوانم بڵێم هەزارانەی سەردەمی زۆر کۆن بووەو مرۆڤی ئەوکات کە سروشت گوشاری خۆی لەسەری کەم کردووەتەوەو بەفر تاواوەتەوەو تیشکی خۆر گەرمتر بووەو گیا شین بووەتەوەو...هتد، ئەمەیان بەخۆشی پێشوازیکردووەو کردوویەتی بە جەژن.

دیارە ئەگەر وابێت، هۆی ئایینی بۆ جەژن لە ئارادا نەبووە تا بە هاتنی دینی نوێ، جەژنەکەش فەرامۆش بکرێت. هەروەها

جەژن، بە ئەمری هیچ ئەمیرێک بەسەر خەڵک نەسەپێندراوە، کە بە مردنی کابرا، خەڵک واز لە ڕێورەسمەکە بێنن. بەڵام لەگەڵ ئەوەش، ئەم جەژنە بە هۆی بەستنەوەی بە سروشت، ڕۆژێکی دیارکراوی نەبووەو بە پێی کورت و درێژی وەرزی زستان، ئەویش پاش و پێشی پێکراوە.

بەڵگە دیرۆکییەکانیش هەر ئەم ڕاستییەمان بۆ دووپات دەکەنەوە، چونکە بە پێی دەقە مێژووییەکان، خەڵکی ئێرانی کۆن دوو جەژنیان هەبووە، یەکێکیان نەورۆز، کە لە کۆتایی سەرماو سەرەتای هاتنی گەرما بووە، ئەویتریشیان جەژنی مێهرەگان، کە لە کۆتایی کۆکردنەوەی خەرمان و داهاتە سروشتییەکان، ڕێکدەخرا. هەردوو جەژنەکەش پێوەندییان بە ژیانی ڕۆژانەی خەڵکەوە هەبووە. خەڵکیش ئەو خەڵکە بووینە کە لە ڕووی جوگرافی کەوتبوونە شوێنێک کە سەرمای دژوارو داهاتی وەرزێڕیی باشی هەبووە. دیارە ئەم شوێنەش لە ئێرانی کۆن جگە لە کوردستان هیچ شوێنێکیتر نەبووە. چونکە شوێنی هاتنی ئارییەکان، پێش گەییشتنیان بۆ ئێران، شوێنێکی سارد بووەو لە ساڵ تەنیا دوو مانگ گەرما بووەو دە مانگەکەیتر سەرما بووەو هاتنی وەرزی گەرما لەگەڵ نەورۆز نەدەگونجا . دووای هاتن بۆ ناو ئێرانیش، ئەو شوێنانەی کە فارسەکانی لێ گیرسانەوە، ساڵ بەسەر دووبەشی ٧ مانگ گەرما و ٥ مانگ سەرما دابەش دەکراو شوێنی جوگرافی ئەوان، وەرزی بەهاری نەبوو. یا سارد بوو، یا گەرم. مێژووی هەخامەنشییەکان ئەوەمان بەباشی بۆ ڕوون دەکاتەوە.

لە لایەکیتر مێژوونووسان باسی هەندێ هێمای ئاشکرا دەکەن کە پێشاندەدات، سوومەرییەکانیش جەژنێکی وەکوو نەورۆزیان هەبووە. بەڵام لێرەش بەڵگەی بەهێز هەیە کە سوومەرییەکانیش لە ڕووی فەرهەنگییەوە، پێوەندی بەهێزیان بە دانیشتووانی زنجیرە کێوی زاگرۆسەوە هەبووە.

لەمبارەیەوە (ساموئێل هێنری هۆک) لە پەرتووکی ئوستوورەکانی ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست دەڵێت: وای بۆدەچم کە سوومەرییەکان لە دەڤەرە شاخاوییەکانی باکووری (نێوان دوو ڕووبار)، بەرەو خوارەوە کۆچیان کردووە. ناوبراو هەروەها درەختی کاج بە نموونە دێنێتەوە کە لە لای سوومەرییەکان بایەخێکی تایبەتی هەبووە، کەچی لە لەن و سێگۆشەی خوارووی عێراق نەبووەو تایبەتە بە دەڤەرە شاخاوییەکانی زاگرۆس.

(ساموئێل کریمەر) نووسەری پەرتووکی (تەتەڵەکانی سوومەری) دەڵێت: بە بڕوای سوومەرییەکان، خوادیەکان لە سەر دەڤەرە شاخاوییەکانی زەوی و ئاسمان، ئەو شوێنەی کە خۆر دەردێت، نیشتەجێ بوون.

بەمشێوەیە دڵنیا دەبینەوە کە جەژنی نەورۆز، پێوەندیی بە سروشت و شوێنی جوگرافی کوردستانەوە هەیەو لەناو دانیشتووانی کوردستاندا سەری هەڵداوەو پاشان نەتەوەکانیتریش وەریان گرتووەو فێری بووینەو لەبەر ئەوەی کۆنترین نەتەوە کە لەسەر خاکی کوردستان ژیاوەو تائێستاش هەر ماوە، نەتەوەی کوردە، کەواتە کۆنترین و ڕەسەنترین خاوەنی ئەم جەژنە، کوردە.

کاتی سەرهەڵدانی جەژنەکەش، دەگەڕێتەوە بۆ ئەوکاتەی مرۆڤی نیشتەجێی کوردستان، هەستی بە کاریگەریی ڕووداوە

سروشتییەکان، بەسەر ژیانی رۆژانەی خۆی کردووەو ئیتر لەو رۆژەوە تا ئێستا هەر بەردەوامە.

## نەورۆزی کۆن:

بەداخەوە، سەرچاوەی باوەڕپێکراو یا بەڵگەی بەهێزی مێژوویی، لە چۆنیەتی رێورەسمی جەژنی نەورۆز، لە سەردەمی مادەکان و بەرلەوان، لە کوردستان لەبەردەست نییە. چونکە دوژمنانی کورد تا ئێستاش رێگەیان نەداوە بە باشی لە مێژووی کوردو کوردستان بکۆڵدرێتەوە. بەڵام بە پێی نووسراوە بەجێماوەکانی بابلی و هەروەها دەقە مێژووییەکانی هەخامەنشی، پاشایەکانی هەخامەنشی، جەژنی نەورۆزیان وەکوو جەژنێکی دێرین و کۆن زانیوەو مەراسیمی تایبەتییان تێدا ئەنجام داوە.

بە پێی دەقە مێژووییەکان، پاشاکان جەژنی نەورۆزیان بەسەر دوو قۆناغ دابەش کردبوو. قۆناغی یەکەم لە رۆژی یەکەم تا کۆتایی رۆژی پێنجەم، کە تایبەت بووە بە دیداری خەڵک لەگەڵ پاشاو وەرگرتنی دیاری و پێشکەشی. قۆناغی دووەم لە سەرەتای رۆژی شەشەم دەستی پێکردووەو تا کۆتایی مانگ درێژەی هەبووە، کە ئەمەیان تایبەت بووە بە شاو بنەماڵەکەی و ئەوانەی لە کۆشکی پاشایەتی خزمەتیان دەکرد.

لە سەردەمی ساسانییەکانیش، نەورۆز رێورەسمی تایبەتی خۆی هەبووەو خەڵک بە گشتی لە پاشا بگرە تا خەڵکی رەشوڕووت، هەر یەکەو بە پێی پلەو پایەی خۆی، بەشداری رێورەسمەکان دەبوون.
کردنەوەی ئاگر لە ئێوارەی رۆژی پێش نەورۆز، رێورەسمێکی کۆنی نەورۆز بووەو فارسەکان ئەمەیان بۆ رۆژی چوارشەممەی کۆتایی ساڵ گۆڕیوە. بەڵام کورد ئێستاش هەر وەکوو خۆی جێبەجێی دەکات. هەروەها کۆن باوبووە کە لە بەیانیی رۆژی یەکەمی جەژن، خەڵک ئاویان بە یەکتر دا کردووە، بەڵام دووای هاتنی ئایینی ئیسلام ئەم نەریتە گۆڕانی تێکەوتووە.

## دیاریکردنی رۆژی نەورۆز:

هەروەکوو پێشتر ئاماژەم پێکرد، نەورۆز سەرەتا کاتێکی تەواو دیارکراوی نەبووە، بەڵکوو خەڵک بە گۆڕانی سروشت هەستیان بە هاتنی نەورۆز دەکرد.
زەردەشتییەکان، بە پێڕەوی لە ئاڤێستا، رۆژژمێرێکی ساکاریان بۆخۆیان رێکخستبوو. بە پێی ئەو رۆژژمێرە، بۆ هەر ٣٠ رۆژی مانگ، ناوێکی تایبەتییان هەڵبژاردبوو کە هەر مانگەو لە ناوی یەکەمەوە دەستیان پێ دەکردەوە. لە ئەنجامدا ساڵی ئەوکات ٣٦٠رۆژ، واتە ١٢ مانگی ٣٠ رۆژە بووە. لە کۆتایی ساڵیش ٥ رۆژیان لە ١٢ مانگەکە زیاد دەکرد.
بەڵام بەهۆی نارێکی لە دانانی مانگەکان و هەروەها یەکنەگرتنەوەی خولی زەوی بە دەوری خۆر، لە گەڵ ئەو حیساباتەی بۆ رۆژو مانگەکان دەکرا، زۆربەیجاران سەری ساڵ لەگەڵ رۆژی نەورۆز یەکی نەدەگرتەوە. بە مانایەکیتر وەکوو ساڵی کۆچیی عەرەبی، ساڵی کوردیش، ساڵانە گۆڕانی بەسەردا دەهات. بۆ وێنە لە ساڵی ٦٣٢ی زایینی کە یەزدگردی سێیەم واتە دووایین پاشای ساسانی دەسەڵاتی وەرگرت، یەکەم رۆژی سەری ساڵ دەکەوتە رۆژی ١٦ی حوزەیران. بۆیەش ساڵی یەزدگردی پێویستی بە هەموارکاری هەبوو.

لە ساڵی ١٠٧٨ی زایینی زانای ناودار عومەری خەیام، کێشەی ساڵی یەزدگردیی چارەسەر کردو ناوی نا، ڕۆژژمێری جەلالی . بە پێی ئەم ڕۆژژمێرە کە ئێستاش کاری پێدەکرێت، سەرەتای ساڵ ڕۆژێکە، کە خۆر لە نێوان نیوەڕۆی ڕۆژی پێشترو ئەوڕۆژە، دەکەوێتە بورجی حەمەلەوە.

لە ساڵی ١٩٢٥حکوومەتی ئێران بڕیاریدا کە ڕۆژژمێری هەتاوی بکاتە ڕۆژژمێری فەرمیی وڵات و بۆ ئەوەی هیچ کێشەیەک لە ژماردنی ڕۆژەکان ڕوو نەدات، بڕیاردرا شەش مانگی نیوەی مانگی یەکەمی ساڵ، هەر مانگەو ٣١ ڕۆژو ٥ مانگەکەی دوواتر هەرمانگەو ٣٠ ڕۆژو مانگی ڕەشەمەش ٢٩ ڕۆژ دابنێرێت و هەر چوار یا پێنج ساڵ جارێک، ئەم مانگە بکرێتە ٣٠ ڕۆژ. ئەو ساڵەی کە مانگی ڕەشەمەکەی ٣٠ ڕۆژ بێت، ساڵی کەبیسەی پێ دەوترێت.

شایانی باسە لە خولێکی ٣٣ ساڵە، ٨ ساڵی کەبیسە هەیە. واتە لە هەر خولێک تەنیا جارێک دووای ٥ ساڵ ساڵی کەبیسە حیساب دەکرێت. حکوومەتی ئێران بەم بڕیارەی، جەژنی نەورۆزو ساڵی هەتاویی کە لە ڕاستیدا ساڵی کوردییە، کردە نەورۆزو ساڵی فارس و کوردی لێ بێوەری کرد.

لەناو کوردا مانگەکانی کوردی بە پێڕەوی لە ڕووداوە سروشتییەکان، داندراون. لە ڕۆژژمێری کوردیی ئێستا، ناوی مانگەکانی کوردی بریتین لە:

| ریز | مانگ | کرمانجی خواروو | کرمانجی سەروو | فارسی |
|---|---|---|---|---|
| ١ | مانگی یەک | خاکەلێوە | ئادار | فەروەردین |
| ٢ | مانگی دوو | بانەمەڕ | نیسان | ئوردیبێهێشت |
| ٣ | مانگی سێ | جۆزەردان | گوڵان | خورداد |
| ٤ | مانگی چوارە | پووشپەڕ | خزیران | تیر |
| ٥ | مانگی پێنج | گەلاوێژ | تیرمە | مورداد |
| ٦ | مانگی شەش | خەرمانان | تەباخ | شەهریوەر |
| ٧ | مانگی حەوت | ڕەزبەر | ئیلوون | مێهر |
| ٨ | مانگی هەشت | خەزەڵوەر | چریا ئێکێ | ئابان |
| ٩ | مانگی نۆ | سەرماوەز | چریا دوویێ | ئازەر |
| ١٠ | مانگی دە | بەفرانبار | کانوونابچووک | دێی |
| ١١ | مانگی یازدە | ڕێبەندان | کانوونا مەزن | بەهمەن |
| ١٢ | مانگی دوازدە | ڕەشەمە | شوات | ئسفەند |

## رۆژی نەورۆز لەناو کوردا:

هەروەکو پێشتر باسم کرد، جەژنی نەورۆز لەگەڵ ئەوەی کە سەرەتا لەناو کوردا لە دایکبووە، بەڵام دووای ماوەیەک بووە بە جەژنی هەموو ئەو نەتەوانەی لە ئێرانی کۆندا پێکەوە ژیاون. بۆیەش لە رووی دابونەریت و تەنانەت کاتی نوێبوونەوەی ساڵ زۆر لە یەکتری نزیکن.

بۆ وێنە سەبارەت بە رۆژی نەورۆز و کاتی نوێبوونەوەی ساڵ، ئەحمەدی خانی لە مەم و زینی خۆیدا بە ئاشکرایی باس دەکات کە ئەوکاتەی رۆژ کەوتە بورجی حەمەلەوە، نەورۆز دەست پێدەکات.

| | |
|---|---|
| قەندیلێ مونیرێ دێرێ ئەزرەق | مێشکاتێ حەمەل کو کر مورەوەق |
| سەرساڵ کو بوو ژنووڤە مەعموور | میر دایە کورێ دتازە دەستوور |

یا لە شوێنێکیتر ئەحمەدی خانی بەمشێوەیە کاتی سەری ساڵی کوردی و رۆژی نەورۆز دەستنیشان دەکات:

| | |
|---|---|
| وەقتێ وەکوو شەهسەوارێ خاوەر | تەحویل دکر د ماهێ ئازەر |
| یەعنی کو دهاتە بورجا سەرساڵ | قەت کەس نەدما دمەسکەن و ماڵ |
| بیلجوملە دچوونە دەر ژمالان | حەتتا دگەهیشتە پیرو کالان |
| رۆژا کو دبوویە عەیدا نەورۆز | تەعزیم ژ بۆ دەما دلئەفرۆز |

لە هۆنراوەکەی ئەحمەدی خانی بە ئاشکرایی دیارە کە ساڵی کوردی و رۆژی جەژنی نەورۆز، بە پێی حیساباتی ئەستێرەناسی دیارکراوەو هیچ پێوەرێکیتر بۆ دیارکردنی رۆژی نەورۆز نەبووە.

چونکە نەورۆز، جەژنێک نییە کە پێوەندی بە رووداوێکی سەرزەوی هەبێت، بەڵکوو بە خولانەوەی زەوی بە دەوری خۆر بەستراوەتەوە.

| | |
|---|---|
| دەورا فەلەکێ ژ بەختێ فیرۆز | دیسان کو نوما ژ نووڤە نەورۆز |

بەداخەوە لەبەر ئەوەی کورد لەو دووایییانە، نەبوو بە خاوەنی کیانێکی سەربەخۆو کەوتە ژێر دەسەڵاتداریەتی تورک و عەرەب و فارس، بۆیەش نەیتوانی وەکوو پێویست، خزمەتی دابونەریت و کەلەپووری خۆی بکات و سەرەڕای هەوڵی زۆر بۆ پاراستنیان، دیسان تەسلیمی هەندێ گۆڕانکاری بووە. لەگەڵ ئەوەشدا، کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان، جەژنی نەورۆز، دەکاتە بۆنەیەکی سیاسی و بە یادکردنەوەی نەورۆز، بوونی کوردو نەتەوەکەیان و بەردەوامییان لە خەبات، دەسەلمێنێت.

ئێستا لە باشووری کوردستان، نەورۆز تەنیا وەکوو جەژنێکی کۆن سەیر دەکرێت و بە تەواوی مانای سەری ساڵی لێ سڕاوەتەوە.تەنانەت لە دەستووری عێراقیش هیچ ئیشارەیەک بە ساڵی کوردی نەکراوەو من لە ڕەشنووسی دەستووری هەرێمی کوردستانیش، شتێکی ئەوتۆم لەمبارەیەوە نەبینیوە. حکوومەتی هەرێمیش ئەم ساڵە کوردییە بە فەرمی بەکار ناهێنێت. کەچی لە ڕاستیدا نەورۆز، ئەگەر سەری ساڵی کوردی نەبێت، هیچ مانایەکی نییەو ئەگەر وا بڕوات، پاش ماوەیەک نرخ و پیرۆزی خۆی لە دەست دەدات.

ناکرێت جەژنێک کە هەزاران ساڵ بەر لە زایین هەبووەو کاری پێکراوە، ئێستا بە پێوەری زایینی کاتەکەی دەستنیشان بکرێت، بەڵکوو پێویستە کارەکە پێچەوانە بێت. جگە لەمەش ساڵی کوردی زۆر لە ساڵی زایینی وردترو حەقیقیترەو مەرج نییە هەموو ساڵێک ڕۆژی نەورۆز بکەوێتە ٢١ی مانگی ٣ی ساڵی زایینی. هەندێساڵ ڕۆژی نەورۆز دەکەوێتە ٢٠ی مانگ و هەندێساڵیش دەکەوێتە ٢٢ی مانگی ٣. کەچی ئێمە هەمیشە ڕۆژی ٢١ی مانگی ٣ی ساڵی زایینی، بە ڕۆژی نەورۆز حیساب دەکەین و تەنانەت ئەم هەڵە گەورەیە، تێکەڵ بە هونەرو مۆسیقاو هۆنراوەی شاعیرانی ئەو سەردەمەش بووە.

نابێ لەبیر بکەین کە کاتی گۆڕانی ساڵی کوردی یا هەتاوی، ڕووداوێکی سروشتییەو لە سەرانسەری جیهان لە یەک کاتدا ڕوو دەدات. واتە خۆر دەکەوێتە بورجی حەمەلەوە. ئەمەشیان لەبەر ئەوەی شەووڕۆژ ٢٤ کاتژمێری تەواو نییە، ساڵ بەساڵ گۆڕانی تێدەکەوێت و پێویستە بە ڕێگەی ئەستێرەناسییەوە حیسابی بۆ بکرێت.

## دابونەریتی نەورۆز:

نەورۆزیش وەکوو هەموو جەژن و ڕێورەسمەکانی ئایینی و کۆمەڵایەتی، کۆمەڵێک دابونەریتی هەیە کە بەداخەوە لەناو کورداو بە تایبەت لە باشووری کوردستان، تەنیا ئاگر کردنەوەو چوونە دەرەوە لە ماڵ ماوەو ئەوانیتر فەرامۆش کراون.

ئەحمەدی خانی لە کۆنترین دەقی کوردی، کە باس لە دابونەریتی نەورۆزی کوردی دەکات، دەڵێت: لە کۆنەوە باو بووە کە لە نەورۆز، خەڵک بە گشتی ماڵ و حاڵی خۆیان بەجێ دەهێشت و ڕوویان لە سروشتی کوردستان دەکرد. هەروەها بە پێی وتەکانی ئەحمەدی خانی ، باوبووە کە لەمرۆژە، سوارچاکان پێشبڕکێی ئەسپ سوارییان ڕێکخستووەو خەڵکیتریش جوانترین جلوبەرگیان لەبەر کردووەو خۆشترین بۆن و بەرامەیان بەکار هێناوەو کچان و کوڕان خۆیان ڕازاندووەتەوەو ئەم دیاردەیەش شەرم نەبووەو مەبەست ئەوە بووە کە هەر کەسەو هاوکووفێک بۆ خۆی بدۆزێتەوە، بۆ ئەوەی پاشان ژیانی هاوبەشی لەگەڵ پێک بێنێت. دیارە ئاشنایی مەم و زینیش هەر لێرەوە دەستی پێکردووە.

بە پێی ئەو زانیارییانەی کە خۆم هەمەو هەروەها دەقە مێژووییەکان، نەورۆز هەندێ ڕێورەسمی تریش لەگەڵدا بووە کە من هەوڵ دەدەم لێرە هەندێک لەو نەریتە کۆنانە بە کورتی باس بکەم:

### ١- چاندنی سەوزە:

لە کۆنەوە باو بووە کە نزیکەی مانگێک پێش هاتنی نەورۆز، لە هەر دەڤەرێک، هەندێ کۆڵەکەیان لە خۆڵ و بەرد دروست دەکردو لەسەر کۆڵەکەکان گەنم و جۆ و برنج و پاقلەو هەرزن و گەنمە شامی و لۆبیاو نۆک و کونجی و ماش و نیسک و....دەچاند. رەنگە ئەم نەریتە لەوەوە هاتبێت کە لە کۆنەوە، خەڵک دانەوێڵەی جۆراوجۆریان دەچاند تا بزانن لە ساڵی داهاتوو، کامەیان باشتر و جوانتر بەر دەدات. ئێستا لە هەندێ شوێن لە کوردستان و لە ئێران، خەڵک گەنم و جۆ دەچێنن و لە رۆژانی جەژن حەلوای پێ دروست دەکەن.

### ٢- کوله چوارشەممە:

لە کۆنەوە باو بووەو ئێستاش لە رۆژهەلاتی کوردستان ئەم نەریتە هەرماوە، کە لە دووایین چوارشەممەی ساڵ، ئێوارە کوروکچانی لاو دەچنە سەربانی ماڵانی دراوسێ و لە پەنجەرە یا کولانگەی خانووەکە، توورەگە یا پشتێند یا پەرۆیەک شۆڕ دەکەنە خوارەوەو دەستەواژەیەکی تایبەت دەڵێنەوەو داوای دیاری لە خاوەنماڵ دەکەن. ئەم دەستەواژەیە، ناوچە بە ناوچە جیاوازە، بەلام هەمووی هەر یەک مانا دەبەخشێت. بۆ وێنە لە دەڤەری مەرگەوەڕ باوە کە کچ و کوڕان دەچنە سەربانەکەو توورەگەکە شۆڕ دەکەنەوە، دەڵێن: سەرێ ساڵێ بنێ ساڵێ، خودێ (فلانەکەس) بکەتە زاوایێ ماڵێ، تشتەکی بۆ مە بکەت ناو دەستمالێ. ئەم (فلانەکەسە) دەتوانێت هەریەک لە ئەندامانی خێزانەکە بێت، تەنانەت باوکیش.

ئاشکرایە کە کورو کچانی ئەویندار، هەوڵ دەدەن لەم دەرفەتە سوود وەرگرن و باشترین دیاری پێشکەشی خۆشەویستەکەیان بکەن.

ئەم دابونەریتە لەناو فارس، چوارشەممە سووری پێدەڵێن و خودی شارەزا فارسەکان پێیانوایە کە پەیڤی سوور، هەمان سووری کوردییەو بۆیەش لە ئێوارەی رۆژی سێشەممە، ئاگر دەکەنەوەو بەسەریدا باز دەدەن. ئەم نەریتەی بازدانی بەسەر ئاگر، لە باکووری کوردستانیش بەرچاو دەکەوێت.

### ٣- میری نەورۆزی:

میری نەورۆزی، میرێک بووە کە لە ماوەی رۆژانی جەژنی نەورۆز، لە لایەن خەڵکەوە لە نێو خۆیان و لە هەژارترینیان هەڵدەبژێردراو هەموو کەسیش تەنانەت ئاغاو بەگ و ریش سپی و گەورەکانی ناوچەکە، دەبوایە پێرەوی لێ بکەن. میری نەورۆز بڕیاری قورسی بەسەر دەوڵەمەندان دەسەپاندو دووای تەواوبوونی ماوەی میرایەتیش، کەس مافی ئەوەی نەبوو، تۆڵەی لێ بکاتەوە. ئەم نەریتە ئێستاش لە رۆژهەلاتی کوردستان هەر ماوە.

ئەبوو رەیحانی بیروونی دەڵێت ئەم دابونەریتە، لەسەردەمی ساسانییەکان باو بووەو مێژوونووسانی تری فارسیش لە نووسینەکانیان باسیان کردووە.

سەبارەت بە ماوەی میرایەتی میری نەورۆز، وتەی جۆراوجۆر هەیەو هەندێک 5 رۆژو هەندێکیش بە 13 رۆژی دەزانن. حافزی شیرازی دەڵێت:

سوخەن دەر پەردێ میگوویەم چو گول ئەز غونچێ بیروون ئای
کێ بیش ئەز پەنج رووزی نیست، حوکمێ میرێ نۆرووزی

### ٤- سفرەی حەوت سین:

لە کۆنەوە باوبووە کە لە جەژنی نەورۆز، خەڵک سفرەیەکیان راخستووەو خواردەمەنی جۆراوجۆریان لەسەر داناوە. کە ئێستا سفرەی (حەوت سین)ی پێ دەڵێن.

مێژوونووسانی ئێرانی لەمباوەڕەدان کە ئەم سفرەی حەوت سینە، پێشان بە سفرەی حەوت شین بەناوبانگ بووە، بەڵام لەم دوواییانە، بۆ حەوت سین گۆڕانی تێکەوتووە. منیش پێموایە حەوت شین، بە مانای حەوت جۆرە شینایی، واتە گیا یا دانەوێڵەی لە خاکا دەرهاتوو بووە، کە هەردەگەڕێتەوە بۆ نەریتی چاندنی سەوزەو دانەوێڵە، کە پێشتر باسمان کرد.

ئێستا لە ئێران ئەم سفرەیە دادەندرێت و ٧ جۆرە شت کە ناویان بە پیتی (س) دەستپێدەکات، لەسەر سفرەکە ڕیز دەکرێت و ئاوێنەو ماسیشی لێ زیاد کراوە.

### ٥- سێزدەبەدەر:

ژمارەی ١٣ لەناو کوردو تەنانەت فارسەکانیش، بە ژمارەیەکی شووم و خراپ دەناسرێت. بۆ وێنە لەناو کوردا کە ژماردن دەگاتە ١٢، لە جیاتی ١٣ دەڵێن زیادە. لە ئێرانیش خەڵک ڕێگە نادەن ژمارەی ١٣ لەسەر دەرکی ماڵەکانیان بنووسرێت و لە جیاتی دەنووسن( ١+١٢ ). ژمارەی ١٣ لەناو عەرەب و تەنانەت برا مەسیحییەکانیش، بە ژمارەیەکی شووم دادەنرێت.

هەندێ لە شارەزایان و دیرۆکناسان، ئەم بیروباوەڕە بۆ ئوستوورەکانی کۆنی کوردی – ئێرانی دەگێڕنەوە. چونکە لە کۆنەوە ژمارەکانی ٣ و ٧ و ١٣ پێشاندەری چەمکێکی تایبەتی و دیار بووینەو کاریگەری زۆریان بەسەر ژیانی رۆژانەی خەڵکەوە هەبووە. بەڵام ژمارەی ١٣ لە سەرەتاوە، مانا شوومەکەی نەبووەو تەنانەت بە ژمارەیەکی باش و خێردار تۆمار کراوە.

زەردەشتییەکان لەو بڕوایەدا بووینە، کە تەمەنی جیهان ١٢ هەزار ساڵ دەبێت و دووای ئەم ماوەیە، سۆشیانت دێت و بە

هاوکاری خەڵک بەسەر ئەهریمەن سەردەکەوێت و لە هەزارەی ١٣ هەم، خەڵک لە بەهەشت درێژە بە ژیانی خۆیان دەدەن.

بەمشێوەیە، لە ساڵژمێری کۆن، ١٢ رۆژی سەرەتای ساڵ، وەکوو هێمایەک بۆ ١٢ هەزار ساڵەکەی شەڕی مرۆڤ لەگەڵ ئەهریمەن، حیساب دەکراو رۆژی سێزدەهەم، رۆژی رزگاری لە ژیانی ماددی و بەرزبوونەوە بۆ بەهەشت بووە. بۆیەش ئەمرۆژە بە رۆژی بارانبارین و سەوزبوونەوەی زەوی دەزانرا، کە دیمەنی بەهەشتی بە ژینگە دەبەخشی.

بەهەرحاڵ وا باوبووە کە خەڵک رۆژی ١٣ی نەورۆز، لە ماڵەکانیان دەچوونە دەرەوەو تا ئێوارە لە دەشت و سەحرا دەمانەوەو بەمشێوەیە، رێورەسمی جەژنی نەورۆز کۆتایی پێدەهات.

## نەورۆز لە سەردەمی ئیسلامەتیدا:

لە سەرەتای ئیسلامەتیدا، نەورۆز بە تەواوی سەرنجی عەرەبەکانی رانەکێشا. بەڵام لە سەردەمی دەسەڵاتی ئومەوی، لە پێناو زیادکردنی داهاتی خۆیان، خەلیفەکانی ئومەوی دابونەریتی نەورۆز، بەتایبەت پێشکەشی و هەدیەیان گەشە پێداو بە پێی نووسراوەکانی جۆرجی زەیدان لە پەرتووکی شارستانیەتی ئیسلامی، لە سەردەمی موعاوییە، دیاریی ئێرانییەکان بۆ خەلیفە، دەگەییشتە بڕی ٥ تا ١٠ ملیۆن دەرهەمی ئەوکات. خەلیفەکانی تریش هەر لەسەر ئەم رێچکەیە بەردەوام بوون, جگە لە عومەری کوری عەبدولعەزیز، کە گوایە لەسەردەمی ئەو ئەم دابونەریتەی دیاری هێنانە، پێشی لێ گیرا.

لەناو موسوڵمانەکان، مەزهەبی شیعە، بایەخێکی زۆری بە نەورۆز داوەو لە کیتابە پیرۆزەکانی مەزهەبی شیعە، رۆژی نەورۆز بە رۆژێکی پیرۆز یاد کراوەتەوە.

لە پەرتووکی (بحارالانوار)ی عەللامەی مەجلسی، ریوایەتی جۆراوجۆر لەسەر نەورۆز باسکراوە، کە نیشانەی بایەخدانی ئیمامانی مەزهەبی شیعە بەم رۆژەیە. بۆ وێنە لە بەرگی ٥٩ ی ئەم پەرتووکە، زیاتر لە ٤٥ لاپەرە، بۆ باسی نەورۆز، تەرخان کراوە.

عەللامەی مەجلسی دەڵێت: موعەللا بن خنیس گێڕایەتەوە کە رۆژی نەورۆز، چوومە خزمەتی ئیمام جەعفەری ێادق(س.خ). ئیمام بەمنی فەرموو: ئەی موعەللا، نەورۆز رۆژێکە کە پەروەردگاری جیهان، پەیمانی لە بەندەکانی خۆی وەرگرت کە بی پەرستن و هاوتای بۆ دانەنێن و ئیمان بە پێغەمبەران و ئیمامان بێنن. نەورۆز یەکەم رۆژە کە خۆر تێیدا هەڵاتووەو هەوا جووڵانی خۆی دەستپێکردووەو هەسارەی زەوی لە رۆژێکی وادا دروستبووە.....گوڵەکانی زەوی لەو رۆژەدا خەلق کراون و لە رۆژێکی وابوو کە کەشتی نووح لەسەر کێوی جودی نیشتەوە..... هەر ئەورۆژەیە کە ابراهیم(د.خ) بتەکانی شکاند.....هەر لەو رۆژەیە کە مەهدی(س.خ) دێتە خوارەوەو ئێمە لەم رۆژەدا چاوەڕوانی هاتنی ئەو دەکەین.

ریوایەتی زۆری تریش هەیە، کە باس لە بایەخ پێدانی جەژنی نەورۆز، لە لایەن رێبەرە ئاینییەکانی ئیسلامی، لەسەردەمی کۆن دەدات. کەچی ئێستا هەندێکەس و لایەن، کە بەناوی ئایین سیاسەت دەکەن، وا بڵاو دەکەنەوە کە گوایە نەورۆز لە گەڵ ئیسلام

ناکۆکەو پێویستە خەڵک وازی لێ بێنن.

## نەورۆز دووای ڕاپەڕین:

دووای ڕاپەڕینی ساڵی ١٩٩١، کورد لە باشووری کوردستان، ئازادییەکی باشی بۆ فەراهەم بوو، تا بتوانێت بە پێی دابونەریت و کلتووری خۆی، بژییێت. بەڵام مخابن کێشە لاوەکییەکان، نەیانهێشتووە، دەسەڵات وەکوو پێویست خزمەتی نەریتە ڕەسەنەکانی کوردەواری بکات.

جەژنی نەورۆز یەکێک لەو نەریتانەیە کە ئێستا بۆ کورد، بووەتە سیمبولێکی نەتەوەیی و یەکێکە لەو فاکتەرە هەرە بەهێزانەی کە هەموو پارچەکانی کوردستان، پێکەوە دەبەستێتەوە. بۆیەش پێویستە زۆر لەوەی کە هەیە، زیاتر گرینگی پێ بدرێت.

هەرچەندە دەسەڵاتی کوردی دووای ڕاپەڕین، هەندێ کرداری ئەنجامداوە، بۆ ئەوەی پێشانی بدات کە بایەخ بە نەورۆز دەدات, وەکوو ئەوەی کە ڕۆژانی پشووی جەژنی نەورۆزی زیاد کردووەو دەزگاکانی ڕاگەیاندن لەماوەی نەورۆز هەوڵ دەدەن، بەرنامەی خۆش و پڕلە گۆرانی و مۆسیقا پێشکەشی خەڵک بکەن. بەڵام ئەمانە بە تەنیا ناتوانن، وەکوو پێویست بایەخی ئەم نەریتە کۆنە، لەوسەردەمەدا بخەنە ڕوو. بەتایبەت کە لە لایەکەیترەوە، هەندێ هەوڵیش دراوە، کە بە ناوی ئایین یاخود ژینگەو ....هتد. ڕێگە لە بەباشی بەڕێوەچوونی نەورۆز بگیرێت.

دیاردەیەکی زۆر ناشیرین، کە دووای ڕاپەڕین لە کوردستان سەری هەڵداوەو ئێستاش هەر پەیڕەو دەکرێت، بە دەسەڵاتکردنی ڕێورەسمەکانی نەورۆزە، ئەویش بەتایبەت لە شاری هەولێری پایتەخت. کە لە ئێوارەی ڕۆژی کۆتایی ساڵ، کۆمەڵێک خەڵک لە شوێنێک کۆ دەکەنەوەو بەناوی هەموو جەماوەری شار، بەرپرسێک، ئاگری نەورۆز دەکاتەوەو داوا لە خەڵک دەکرێت، ئیتر ئەوان ئاگر نەکەنەوە، بۆ ئەوەی ژینگە پیس نەبێت.

ئەمکارە، بە بڕوای من ، بەتەواوی دژی ڕۆحی نەورۆز و کردنەوەی ئاگری نەورۆزە. چونکە هەروەکو پێشتر ئاماژەمان پێکرد، نەورۆز جەژنی هەژاران و خەڵکی سادەوساکاری کوردستان بووەو هیچ پێوەندییەکی بە دەسەڵات و دەسەڵاتداری نییەو هۆی ماناوەشی بە درێژەی هەزاران ساڵ، هەر ئەوە بووە. کەچی بەرپرسەکانی ئێمە، ئێستا دەیانەوێت، ئەمەشیان لە خەڵک بستێننەوەو بیکەن بە هی خۆیان. دیارە ئەگەر شتێکی واش ڕوویدات، دەبێت چاوەڕوانی نەمان و مەرگی ئەم نەریتە بین. ئاگری نەورۆز نەک لە لایەن بەرپرسان، بەڵکو پێویستە لە لایەن مناڵان و لاوانی کورو کچی کۆڵانە هەژارەکانی شارو شاروچکەکانی کوردستان بکرێتەوەو ئەگەر دەسەڵات خەمی ژینگەیەتی، با هەوڵی بڵاوکردنەوەی زیاتری زانیاری لەمبارەیەوە بدات و سووتەمەنی تریش، بۆ کردنەوەی ئاگری نەورۆز، بۆ خەڵک دابین بکات.

کارێکی تری زۆر گرینگ، کە دەبوایە دەسەڵاتی سیاسی دووای ڕاپەڕین لە کوردستان ئەنجامی دابا، بەرەسمی کردنی ساڵی

کوردی لە هەرێم بوو، کە بەداخەوە نەکراوەو هیچ بەڕێوەبەرایەتیەکی میری، ئەم ساڵە، بە فەرمی ناناسێت و بۆیەش لاوانی کورد، تەنانەت ناوی مانگە کوردییەکانیش نازانن. ئەمەیان ئەرکێکی نەتەوەیی زۆر گرینگە، کە پێویستە کاری بۆ بکرێت و من لە پێناو بایەخدانی زیاتر بە جەژنی نەورۆز لە خوارەوە هەندێ پێشنیار دەخەمە ڕوو، کە هیوادارم بە هەند وەربگیرێن.

١- ساڵی کوردی لە دەستووری عێراق و دەستووری هەرێمی کوردستان، بە ساڵێکی فەرمی بناسرێت و لە هەرێمی کوردستان کاری پێ بکرێت.

٢- دەسەڵات واز لە بەفەرمی کردنی ڕێورەسمەکانی نەورۆز بێنێت و هەوڵی بە جەماوەری کردنی بدات.

٣- پشووی نەورۆز لە پشووی جەژنەکانیتر، زیاتر بێت.

٤- جەژنانە لە نەورۆز بەسەر کارمەندو مووچەخۆرانی حکوومەت دابەش بکرێت و کارگەکانی کەرتی تایبەتیش ناچار بکرێن، ئەم جەژنانەیە بۆ کرێکارەکانی خۆیان سەرف بکەن.

٥- لێبوردنی بەندییەکان و تاوانبارەکان، بە پێی یاساو لە جەژنی نەورۆز ئەنجام بدرێت.

٦- دەزگانی ڕاگەیاندن، لە ڕێگەی بەرنامەکانیانەوە، خەڵک هان بدەن لە جەژنی نەورۆز، سەرەدانی یەکتر بکەن و جەژنە پیرۆزە لە یەکتری بکەن.

کۆتایی:

جەژنی نەورۆز، جەژنێکی کۆنی کوردستانەو هۆی بەردەوامیی لە درێژەی مێژوو، سروشتی و خەڵکانە بوونی جەژنەکەیە. کورد هەمیشە وەکوو سەری ساڵی نوێ سەیری نەورۆزی کردووەو بۆیەش ئەگەر تەنیا بە چاوی جەژنێکی رووت سەیری بکرێت، بایەخی خۆی لە دەست دەدات.

جەژنی نەورۆز، ئێستا بووەتە سیمبولێکی نەتەوەیی بۆ بزاڤی ڕزگاریخوازی کوردو هەموو پارچەکانی کوردستان پێکەوە دەبەستێتەوە. بۆیەش پێویستە دەسەڵاتی کوردی لە باشووری کوردستان ، زۆر لەوە زیاتر بایەخی پێ بدات و بیکاتە سەری ساڵی کوردی و بە فەرمی کاری پێ بکات.

دەزگاکانی ڕاگەیاندن، دەتوانن لە ڕێگەی بەرنامەکانیانەوە، زانیاری زیاتر لەسەر ئەم بۆنە نەتەوەییە، پێشکەشی خەڵک بکەن و هانیان بدەن, دابونەریتەکانی زیندوو بکەنەوە.

ژێرنووسەکان:

* ناوی نەورۆز لە ڕاستیدا نەوڕۆژ یا نووڕۆژ بووە. لە زمانی فارسی لە زۆر شوێن بە هۆی کاریگەریی زمانی عەرەبی، پیتی (ژ) کراوەتە (ز). بۆ وێنە (ژەن) بووەتە (زەن). یا (ڕۆژ) بووەتە (روز). لە حاڵێک لە زمانی زەردەشتییەکانی ئێستاش هەر دەڵێن

(ژەن). دیارە کورد ناوەکوردییەکەی بەلا ناوەو ناوە فارسییەکەی بەکار هێناوە. یا خود کوردیش وەکوو فارس کەوتووەتە بەر کاریگەریی زمانی عەرەبی.

* سەیری شانامەی فیردەوسی و هەروەها (برهان قاطع) بکەن.
* من ئەمەیان بەدوور لە راستی دەزانم و پێموایە بەستنەوەی ئەم دووە بە یەکتری هەڵەیەکی گەورەیە.
* سەیری گاە شماری - تقی زادە لاپەرە ٤٤ بکەن.
* ئەوکات ساڵ بەسەر دوازدە مانگی ٣٠ رۆژە دابەش دەکرا کە کۆی گشتی دەکردە ٣٦٠ رۆژ. ٥ رۆژەکەیتریان لە کۆتایی مانگی رەشەمە لە ساڵەکە زیاد دەکرد. کە پێکەوە دەیکردە ٣٦٥ رۆژ. بەڵام دیسان ٥ ساعەت و ٤٨ خولەک و ٤٥ چرکە دەمایەوە کە هەر چوارساڵ جارێک دەیکردە رۆژێک و لەبەر ئەوەی حیسابی بۆ نەدەکرا، گۆڕانی لە رۆژی سەری ساڵ دروست دەکرد.

* سەیری (نێر، سیدحسین، علم و تمدن در اسلام، ترجمە احمد آرام، نشر اندیشە، تهران، ١٣٥٠) بکە.
* مەم و زین - ئەحمەدێ خانی - ڤەژاندنا پەرویز جیهانی - چاپا یەکێ ١٣٦٧، لاپەرە ٦٦.
* هەمان سەرچاوە لاپەڕە ٦٢
* هەمان سەرچاوە، لاپەڕە ٦٤.
* سەیری رەشنوویی دەستووری هەرێمی کوردستان بکەن.
* بۆ وێنە گۆرانیبێژی جوانەمەرگی کورد، ئەیاس زاخۆلی، لە گۆرانییەک دەڵێت:( نەورۆز هاتۆب گول و ریحان/ جەژنامە یال بیست و ئێکێ).
* بۆ زانیاری زیاتر دەتوانن سەیری مەم و زینی ئەحمەدی خانی بکەن.
* ابوریحان بیرونی - التفهیم
* واتە ناراستەوخۆ پێت دەڵێم کە وەکوو گوڵ لە خونچە بەدەر کەوەو بگەشێوە، چونکە دەسەڵاتی میری نەورۆزی لە پێنج رۆژ زیاتر نییە.
* سەیری پەرتووکی اثارالباقیە بکەن.
* فرهنگ فارسی دکتر معین، جلد چهارم، تهران ١٣٨١.
* علامە مجلسی، بحارالانوار، بەرگی ٥٩، لاپەرە ٩١, باب ٢٢.

ئەم بابەتە لەنەورۆزی ٢٠٠٧ لە گۆڤاری پێشکەوتنی لاوان بڵاوکراوەتەوە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی خامە / ڕێکەوتی : ٢٠ی فێوریەی ٢٠٠٧

# نەورۆزی کوردان

**پێشڕەوی سەید برایمی**

کاتێ سەرمای زستان خۆی دەپێچێتەوەو ماڵئاواییمان لێدەکا، هەرچەند هەڕەشەی ساڵێکی دیکەمان لێدەکا، بەڵام لەگەڵ سەرەمەرگی دا موژدەی وەرزێکی دیکەی قەشەنگمان پێدەبەخشێ، ئەویش بەهارە. بەهار مانگی ئەفراندن و خولقاندن و داهێنانە. یەکەم ڕۆژی بەهاریش سەرەتای مانگی نەورۆزە، کە دەکاتە ٢١ی ئاداری زایینی. چونکە لە یەکەمین ڕۆژی ئەو مانگەدا ڕۆژێکی نوێ دەست پێدەکا، کە سەرەتای ژیانێکی نوێ دەست پێدەکا، هەر لە گۆڕانی ئاووهەوا بەرەو خۆشترو گەرم تر، خوێنیش لە لەشی بوونەوەردا دەبزوێ، ئاو و گیان لە هەناوی رووەک و دارو درەختدا دەگەڕێ، ڕەفتارو هەڵسوکەوتی نەک مرۆڤ، بەڵکو ئاژەڵ و رووەکیش دێتە جۆش و خرۆش. بۆیە هەروا بە سێنایی کورد ئەم ڕۆژەی بە پیرۆز نە زانیوەو ناوی لەم ڕۆژەدا نەناوە نەورۆز، کە واتای ڕۆژێکی نوێ دێ.



گەلانی بە ڕەچەڵەک ئاری لەم ڕۆژەدا بە پێی داب و نەریتیان و بە شێوەی جیا جیا نەورۆز پیرۆز دەکەن، بەڵام هیچکامێک لەو گەلانە وەک کورد یادی ناکەنەوە. گەر گەلانی دی نەورۆز وەک جەژنێکی ئاسایی، یان نەریتێکی کۆنیان، یان لەبەر ئەوەی لەم ڕۆژەدا ئاوهەواو کەشی دەوروبەر دەگۆڕێ لە خۆشی ڕزگار بوون لە سەرمای زستان، یان لەبەر ئەوەی بۆنی خاک و هەوا خۆش دەبێ، وەک میسرییەکان پێی دەڵێن ( عید شم النسیم)، یان لەبەر ئەوەی لەم مانگەدا گونجاوە بۆ درەخت چاندن و رواندن، هەر بەمەش داگیرکەران هەوڵیان داوە ئەو ڕۆژە بکەنە ( عید الشجره)! بەڵام کورد نەورۆزی زۆر بەگرینگتر لەو گەلانە وەرگرتووە. بەم شێوەی خوارەوە:

**یەکەم**: بە پێی ئایینی زەردەشت دەبێ زەردەشت لەم ڕۆژەدا پێش ٦٥٠ ساڵ بەر لە زایین لە دایک بووبێ، هەر لەم ڕۆژەشدا سروشی بۆ هاتووەو بووە بە پێغەمبەر. هەروەک سەلمێندراوە زەردەشت لە کوردستان لە دایک بووەو ئاینەکەشی بە بەربڵاوی لە ناو کوردو کوردستاندا زێتر گەشەی کردووە. کەواتە ڕۆژی نەورۆز ڕۆژێکی پیرۆزەو جەژنی لە دایک بوونی پێغەمبەری کوردە.

**دووەم**: هیچ گەلێک وەک کورد یادی ئەم ڕۆژە بە ئاگر ناکاتەوە. چونکە ئاگر و روناکی لە ئایینی زەردەشتدا پیرۆز بووە، دوای نزیکەی ٢٥٠٠ ساڵ، هێشتا کورد بە چاندین شێوە ئاگری لا پیرۆزە،وەک؛ تا ئێستا یەکێک لە گەورەترین سوێندەکانی کورد سوێند خواردنە بە ئاگر، کاتێ دەڵێ: سوێندم بەو ئاگرە پیرۆزە. یان کورد هەرگیز تف ناکاتە ناو ئاگرو تفکردن لە ئاگر بە گوناهێکی گەورەی دەزانێ. یان چاکترین دوعای کورد، تا ئێستاش بە تایبەتی ژنان ئەوەیە: خوایە هەرگیز ئاگرتان لە ماڵەکەتان دا نەکوژێتەوە. هەر بۆ ئاگاداری خوێنەر ووشەی ( سوێند، سووند) بە زمانی کۆنی کوردی ئاوێستا واتای کبریت دەگەیەنێ، چونکە کبریت سەرچاوەی هەڵگیرساندنی ئاگرە، بۆیە سوێندی پێخوراوە. هەر لەبەر ئەمە کورد لە شەوی نەورۆزدا ئاگری لەسەر لوتکەی چیا

سەرکەشەکانی کوردستان کردۆتەوە، وەک هێمایەک بۆ پیرۆزی، وەک ئاماژە پێکردنێک بۆ بەبیرهێنانەوەو ئاگادارکردنی خەڵک، کە ڕۆژێکی نوێ هەڵات.

سێیەم: بۆ ڕزگار بوون لە ستەمی ئەژدیهاک، کە کوردی بە بەرنامە لەناو دەبرد، کاوەی کورد ڕۆژی نەورۆزی دەست نیشان کردووە بۆ لەناوبردنی ئەژدیهاک و تێکدانی تەخت و تاراجی. وەک نەریتێکی ساڵانەش ڕۆژی نەورۆزدا ئەو ڕووداوە وەک شانۆگەریەک یادی دەکاتەوە. هیچ گەلێک، جگە لە کورد بەمجۆرە یادی نەورۆز ناکاتەوە.

چوارەم: بۆ پیرۆز ڕاگرتنی نەورۆز و بەکارهێنانی وەک پلان و هێمایەکی سەربازی ئیمپراتۆریەتی میدیا، مادەکان، کە باپیرە گەورەی کوردەکانن و ڕۆلەی ئەوانن، سعاتی سفر بۆ هێرشکردنە سەر نەینەوا لەگەڵ بابلیەکان لە ٦١٢ ی پێش زایینی، شەوی نەورۆز دادەنێن و بڕیار دەدەن بۆ سەرەتای هێرش کردن ئاگر لەسەر چیاکانی کوردستان بکرێتەوە، تا بابلییەکان بزانن کاتی دەستپێکردنی شەڕە.

پێنجەم: چونکە نەورۆز جەژنێکی نەتەوایەتی تایبەت بە کوردە، بۆیە داگیرکەران هەموو هەوڵێکیان داوە ئەم ڕۆژە یاساغ و قاچاغ بکەن، یان ناوێکی دیکەی لێبنێن. دەپرسین گەر هی کورد نییە بۆ هەوڵ دەدەن ئاسەواری بسڕنەوە، یان سڵی لێ بکەنەوە، یان سەرشێتانە هەوڵ بدەن و بڵێن هی کورد نییە!

شەشەم: ئەم ڕۆژە لەناو ناخی کوردو ناو مەسەلەی کوردایەتی بۆتە ڕۆژی بەرخودان و بەرگری و ڕابوون و هەڵگیرساندنی شۆڕش، یان تیرکردن و جۆشدانی بزووتنەوە چەکداریەکانی. هەر لەم ڕۆژەدا لە هەموو شۆڕشەکانی کورد هێزی پێشمەرگە گورزی کوشندەو بەتینی لە داگیرکەران داوە، لە ناوچە ڕزگارکراوەکانیش دا سەر لوتکە چیاکانی بە ئاگر ڕۆشن کردۆتەوە. جەماوەری کوردی ژێر دەسەڵاتی داگیرکەرانیش لەم ڕۆژەدا بە گەرمی ڕاپەڕیون. هەر لەو ڕۆژەوە لە مانگی نەورۆز دا کورد زۆرترین قوربانی داوەو خۆیان بەخت کردووە. لەم بارەیەوە پیرەمێردی نەمر دەفەرمووێ:

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق دەچوون بەرەو پیری مەرگەوە

حەوتەم: کورد دوای ئەوەی بەسەر نەینەوادا زاڵ بووەو بە شێکی کوردستانیان لە دەستیان ڕزگار کردووە سەردەمانێک ڕۆژی نەورۆزیان بە دەستپێکردنی سەری ساڵی نوێی کوردییەوە داناوە.

هەشتەم: هیچ میللەتێک وەکو کورد لە ڕۆژی نەورۆزدا بە ڕازاوەیی و بە ئاهەنگ و بە خۆشییەوە پێشوازی لەو ڕۆژەدا نە کردووە، جا بارو دۆخەکە هەرچۆنێک بووبێ و ستەمی داگیرکەران چەند گەورە بووبێ. بە دەگمەنیش ڕێک دەکەوێ میللەتێکی دیکە، وەکو کورد ناوی نەورۆز بۆ کوڕو کچی بە شێوەیەکی بەربڵاو بەکارهێنابێ.

بۆیە مافێکی ڕەوای خۆمانە ئێمەی کورد، نەک هەر شانازی بەو ڕۆژەوە بکەین و بە شکۆیی و نەمرییەوە یادی بکەینەوە، بەڵکو پێویستە بە تایبەتی لەسەر پەرلەمان و حکومەتی کوردستان:

١- ناولێنانی نەورۆز بە جەژنێکی نەتەوایەتی کورد و دەستنیشانکردنی چەند ڕۆژێک وەکو پشوویەکی فەرمی ئەویش لە تویی یاسایەکی تایبەتەوە.

٢- حکومەتی هەرێم ڕۆژێک لە ڕۆژانی نەورۆز تەرخان بکا بۆ سازدانی فیستڤاڵێکی شایەن بەو ڕۆژە بە شێوەیەک لە ئاست فیستڤاڵە گەورەکانی میللەتانی جیهان بێ.

٣- بەکارهێنانی ساڵنامەی کوردی وەک ساڵنامەیەکی فەرمی لە ناو حکومەت و گوزەرانی خەڵک دا. ساڵانەش ڕۆژی نەورۆز بکرێتە یەکەم ڕۆژی سەری ساڵی کوردی، بە هەموو داب و ڕەسمی سەری ساڵانەی زایینی، بە تایبەتی پێغەمبەری کوردان زەردەشت لە یەکەم ڕۆژی نەورۆزدا لە دایک بووە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی کورد لە برلین

# بەهار وەرزی زانەوەی زەوی

س. چ هێرش

بەهارچ بە گوێرەی ئەفسانە کۆنەکان و چ بە گوێرەی ئایینە دێرینەکان، وەرزێکی پیرۆزە، وەرزی زانەوەی زەوی و بووژانەوەی سروشتە، سروشتیش ژێنەری بوونەوەر و پێدەری بژیوی گیان لەبەرە. بەهار بۆ هەموو نەتەوە جۆربەجۆرەکانی سەر زەوی لە زەرد و سوور ڕا بگرە تادەگاتە ڕەش و سپی، شادی هێنەرە.

هیچ نەتەوەەک نییە کە هاتنی بەهاری بە لاوە گرینگ نەبێ و بە دابونەریتی خۆماڵی بەرەو پیریەوە نەچێ و جێژنەی بۆ نەگرێ. ڕەنگە ئەو نەتەوە و کۆمەڵە ئینسانییانەی کە لە سای فەن و تێکنیک و سەنعەتەوە، زۆر بەرەو پێشەوە چوون، وەرزی ساڵ، یان بوونی بەهار و زستان تەئسیرێکی وەها نەکاتە سەر چۆنیەتی ژیانی کۆمەڵایەتی و ئابووریان؛ تەنانەت لەوانەشە لە هێندێک شوێنی سەرزەوی، زستان بە لای خەڵکەوە خۆشەویستتر بێ تا بەهار. بەڵام بەهەر حاڵ ناتوانین ئەوەی نەسەلمێنین کە بەهار جگە لە سرشتی جوانی، بۆ تەواوی بوونەوەری سەرزەوی لە خزۆک و فڕۆک ڕا بگرە تا ڕەوەک و گەڕۆک، وەرزی زاوزێ یە، وەرزی بوون و بوونەوەی نوێ یە. وەرزی هیوا و هومێدە، وەرزی گەشەسەندن و تێهەڵچوونەوەیە. لەو وەرزەدایە سروشت هەم دەژێتەوە و هەم دەژێنێتەوە.

بۆیە ئێستاش کەم نین ئەو خەڵک و کۆمەڵانەی کە وەرزی تەمەندرێژی زستان بە هەزار باوێشکی بێ دەرەتانی و سووتەمەنی، خەمی بێ نانی و خواردەمەنی، بە تەما و هیوای هاتنی وەرزی عومرکورتی بەهار دەبەنەسەر.. بەتایبەت ئەو کوڕ و کۆمەڵانەی کە لە ناوچەی ڕۆژهەڵاتی نێوەڕاستدا دەژین و ساڵ دوازدەری مانگ، بە هۆی بێ ئاوی و ناتەواوی ئاووهەوای سروشتی، یان سرشتی بیرناساغی و قۆڕدەماغی ڕێژیمە سیاسییەکانیان؛ بە هەناسەساردی و دڵتەنگی ژیان ڕادەبوێرن.

ساڵ نییە چاوی خواز و دەستی نیاز بەرەو ئاسمان هەڵنەهێنن و، دڵیان بە هاتنی بەهار خۆش نەکەن... جا چ بە تەمای سفرەی جوان و ڕەنگاوڕەنگی تەبیعەت بن، یان گرمەی هەور و پەڵە بارانی ڕەحمەت!

بەڵام هەیداد! ئەگەر بۆ بنیادەمی جاران، زستان سەمبولی هێزی شەڕو شوڕ و نیکبەت بوو و، بەهار سەرچاوەی خێر و بەرەکەت؛ ئەوا ئێستا لە سایەی جۆرەها کەرەسەی بەسام و سەرسووڕهێنەری تێکنۆلۆژی، کە زۆربەیان بۆ پلانی ئینسانکوژی و پیلانی خوێنمژی، لە ژێر چاودێری زۆرداران و دەسەڵاتدارانی سەهەندە و لاپرەسەنی بەڕێوەدەبرێن، شتەکە بەپێچەوانەیە و، بۆ زۆربەی گەلانی ئەم جیهانە، «بەهار بێ بارانە و گوڵاڵەی سوور، خوێنی جەرگی یاران»!

لەوانەیە زۆر کۆمەڵی ئینسانی هەبن کە دڵیان وەک سانیەژمێری سەعات بۆ هاتنی بەهار و زیارەتی گوڵ و گوڵزار و لە ئامێزگرتنی سروشتی ڕازاوە لێبدا، بەڵام خواخوایانە هەروا ملکەچی وەرزی زستان بن و بەهار نەیا؛ بەهاری شەڕ، بەهاری لەشکرکێشی، بەهاری کوشت و کوشتار.. ئەو بەهارەی کە ئیدی فەرمانی لە دەست خوداوەندی ئەوین چۆتەدەرێ و کەوتۆتە چنگ ئەهریمەنی شووم، کە پیشە و ئاکاری هەر چوار وەرزی ساڵی، چاندنی تۆوی شەڕ و شوڕوهەرایە و باراندنی ژار و گوللە و بۆمبا...!

بەڵێ، هەوسار بەدەستان و بەڕێوەبەرانی نیزامی جیهانی بەپێچەوانەی تەواوی ئەو بەڵێنییانەی سەبارەت بە سوڵح و ئاشتی و داهاتووی پڕ لە سەعادەتی ئینسانی بە بەشەریەتی دەدەن و واش نییە، بەڵکوو بە دروستکردنی جۆرەها چەک و تەقەمەنی _ خۆشیی وەرزی بەهار و، ئالوودەبوونی «مەڵبەندی ژیان»یش هیچ! خودی گۆی زەوی لە خەتەرداوێن کە لەوانەیە ڕۆژێک بتەقێتەوە.
کام ئینسانی خاوەن هەستی سەرزەوی هەیە، سەرەڕای تەلەف بوون و بەفیرۆچوونی ئیمکانات و وزەی سروشت، بە بیستن و بینینی ئەو کارەساتە دڵتەزێنانەی کە تێیاندا ئینسان کۆما کۆما دەکوژرێن و هەزار هەزار دەبرژێن، موچوڕکی بە لەشدا نەیا و دەروونی نەهەژێ و بە دەنگی بەرز نەیەژێ:

تف لە ڕووتان ئەی داچێنەرانی تۆوی مەرگ و نەمان، داچەقێنەرانی داری ئیعدام؛ هەی مووتان لە سەری پەنجە بێ، ئەی ژاربارانکەرانی شاری هەڵەبجە.. دەک بە لەعنەت بن، ئەی پێشێلکەرانی خۆشی و شادی و ئازادی.

تۆ بڵێی! ڕۆژێک لە ڕۆژان، جیهان و وێڕای ویش کوردستانەکەمان، بەهارێک بە خۆیەوە ببینێ کە چیدی تێیدا، دیمەن و سەیرانگاکان بە خوێنی لاوان سوور هەڵنەگەڕێن و، سەوزەگیای نەرم و نیان بە دوکەڵ و ژار بۆژۆێ نەبێ و باڵی پەپوولە و پەرەسێلکە و، زولف و کەزیەی کیژۆڵان بۆ دەستەچیلەی ئاگری شەڕ هەڵنەپرووزێن و هەڵز و بیزا و مەندۆک سەریان بە ناپاڵم هەڵنەکرووزێن.

سەرچاوە : گۆڤاری گزینگ، ژمارە ٣، بەهاری ١٣٧٣ - ١٩٩٤ - ٢١ی مارچی ٢٠٠٧

# نەورۆز

**هێمن**

لە بارەی نەورۆزی پیرۆز دا زۆر شت گوتراوە و نووسراوە. مێژوونووسان دەڵێن ئەو ڕۆژە کە ئاور دۆزراوە خەڵک کردیە جێژن و ناوی نا نەورۆز. یا دەنووسن ئەو ڕۆژە کە کاوەی ئاسنگەر لە زەحاکی خوێنخۆر و زۆردار ڕاپەڕی و دوایی بە دەسەڵاتی زۆردارانەی هێنا، کرا بە نەورۆز.

تەنانەت لە هێندێک برادەری شیعەم بیستووە کە حەزرەتی عەلی، لەو ڕۆژە دا لە دایک بووە. هیچ کام لەو بۆچوونانە بۆ ڕەت کردنەوە نابن[١]. دۆزینەوەی ئاگر ئەو نیعمەتە گەورەی خودا، ڕاپەڕینی کاوە و لە ناخ ڕۆکردنی زەحاکی زۆردار و لە دایکبوونی حەزرەتی عەلی، ئەو سەردارە بەناوبانگەی ئیسلام هەموو بۆیە دەبن جێژنیان بۆ بکەی، بەڵام بۆچوونی من لە بارەی نەورۆز دا بۆچوونێکی لادێیانە و کرمانجانەیە. لەوەش ناترسم مێژووزانەکانی شارستانی پێم بڵێن کەڕەکرمانجی مێژوو نەزان و نەخوێندەوار ئەوەت لە کوێ هێناوە.

من پێموایە ئەم ڕۆژە پیرۆزە و ئەم جێژنە گەورەی زۆربەی گەلانی ڕۆژهەڵات، پێوەندی بە ئابوورییەوە هەیە. جا ئیزن بدەن بە کورتی لەو بارەوە بدوێم. تا بزانن منی کەڕەکرمانج کەنگێ و لە کوێم دەرسی ئیقتیساد خوێندووە تا قسەی وا زل بکەم.

بابە با نەخوێندەواریش بم! خۆ ئەوەندەم لە خوێندەواران بیستووە کە ئەو گەلانەی بە زمانەکانی ئێرانی دەدوێن، لە ڕۆژگارێکدا کە نە من دەزانم کەنگێیە و نە ئەو کەسانەی خۆیان بە مێژووزان و مێژووناس دەژمێرن بۆیان ساغ بۆتەوە، چەند هەزار ساڵ دەبێ لە قەفقازەوە سەرەوژێر بوونەوە و هەر یەکە بۆ لایەک ڕۆیشتوون. ئەو گەلانە هەموویان شوانەوێڵە و مەڕدار بوون و ژیانیان بە پێست و گوانی ئەم گیانلەبەرە خوێنشیرین و بەستەزمانە، کە زۆر زوو دەستەمۆ بووە، دابین کردووە.

ڕوونتر بڵێم، خۆراکیان لە شیر و پۆشاکیان لە خوری ئەو حەیوانە بووە. جا بۆیە خۆشیانویستووە و گەرمێن و کوێستانیان دەگەڵ کردووە و بە دوای هەوار و لەوەڕگە دا وێڵ بوون و گەڕاون. زۆر شارەزای نووسینەکانی "هێرۆدۆت"، "تەبەری"، "گزنفۆن"، "فردۆسی"، "مینۆرسکی" و "زێرنۆف" و ئەوانە نیم کە بنەچەکەی کورد بەرمەوە سەر کاردۆخ و ماد و نازانم کێ و کێ؟! ...

بەڵام دەزانم کوردیش یەکێک لەو گەلانەیە لە پێشدا شوانەوێڵە بووە، ئێستاش ئەگەر کارەساتی ڕۆژگار لێگەڕێ کەیفی لە شوانەتییە و وڵاتەکەشی بۆ ئاژەڵداری یا بە زمانی ئیمرۆ "دامداری و دامپەروەری" دەناڵێ.

ئێستاش هەرچەند مەڕداری لە کوردستاندا بەداخەوە زۆر کەم بووە و دامپەروەرەکان کاتی بەران تێبەردانیان گۆڕیوە، بەڵام ئەو دابە هەر نەگۆڕاوە. هەرکەس کرتکە مەڕێکی بێ، ئەو ڕۆژە بەران دە مەڕی دەکا، میوانداری لە جیرانان دەکا، مێوژ و خورما و شیرینی دەدا بە منداڵان و ئەگەر خەڵاتێکی زۆر باش بۆ شوان لە ئەستۆی بەران نەکا، کاکی شوان نایەڵێ بەرانی ڕەنگاو بچێتە نێو مێگەل.

بەڵام زۆر دوور نییە، هەر بە بیری من، مەڕدار لە ئاخر و ئۆخری مانگی "مێهر" بەرانیان دە مەڕ کردووە و جێژنی مێهرەگانیان بۆ کردووە. دیارە ئەو جێژنە ئەوەندە گەورە بووە کە عەرەب وەریانگرتووە و کردوویانە بە مێهرەجان و بە هەموو ڕۆژی خۆش دەڵێن مێهرەجان.

مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن: بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جێژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێیدەڵێن "بێلن دانا" پێوەندی دەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پاییز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی ئەوەڵی بەهار دا "زەو"ی مەڕ دێ و جێژنی هەرە گەورەی مەڕدارە.

پێموانییە پێویستی بە ڕوونکردنەوە بێ، بەرخی مەستەشیر پاشی سێزدە ڕۆژ دەبێ لە کۆز دەرکرێ و بە زاوەماک بیبەیە لەوەڕ. ئەوەش سێزدەبەدەرەکەمان.

ئەوەیە بۆچوونی منی کەڕەکرمانج کە لە ژیانی باوکم بەسەر مەڕ ڕادەگەیشتم و گەرمێن و کوێستانم دەکرد و بە پسپۆڕی ناوبانگم هەبوو. بەڵێ، ماوەیەکی زۆر وێڕای شوانی شەوگەڕ و شەنگەبێری توند و تۆڵ لە کوێستانە جوانەکانی کوردستانی ڕەنگین ژیانم ڕابواردووە.

زۆر پاڵێنان لە مندارە مانگدا بۆ ئەوەی شوانەکانمان نیوەڕۆ، خەوی بۆ بکەن و شەوانە مەڕ بڕەتێنن بۆخۆم دەستم داوەتە گۆچان و چوومە بەر مەڕ و لەو وەختانە دا بووە شێعرم بە تەبیعەت و خۆڕسک و ژیانی کوردەواری هەڵگوتووە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی گیارەنگ / ڕێکەوتی :

# نەورۆز، جێژن و هێمای جوانی و رابوون

ن: لوقمان عەبدوڵڵازادە

پەیڤ و دووانی نوێ سەبارەت بە نەورۆز گەلێ ئەستەمە. نەورۆز یان نەورۆژ بزووتنەو رابوونی سروشتە، رابوونێک کە بۆ سروشتو گەلی کورد هاوتەریبە. لە زانست و چاندا دووپات بوونەوە بێهوودەو شەکەت هێنەرە. دووپات بوونەوە لە بازنەی ئاوەزدا پەسند نیە! بەڵام بێشکەی هەستە. کۆمەڵگای مرۆڤایەتیی پێویستی بە دووپات بوونەوەیە. سروشت لە بازنەی دووپات بوونەوەدا سەری هەڵداوەو گەشەو نەشەی کردووە. کۆمەڵگا بە دووپات بوونەوە بەهێز دەبێو هەست گیان دەگرێ و نەورۆزیش چیرۆکی خەبات و جوانیی لەنێو هەست و کۆمەڵگاو سروشتدا دەخوڵقێنێت.



نەورۆز سەرەتای رازانەوەی سروشت و تێکەوەپێچانی سەرماو بەستەڵەک و، کۆتایی تەمەنی دێوەزمەی سپیە. وەرزی سەرفەسڵی خۆناوەی باران و شنەی دڵرفێنی شەماڵ و جریوەی مەلان و رەشبەڵەکی دارو دەوەنی کوێستانەکانە.

نەورۆز سەرەتای دەستپێکی وەرزی بەهارو ژیانەوەی ژیانێکی نوێ لە ژیانی سروشتو سەرفەسڵی لاپەڕەیەکی دیکە لە خەبات و بەرخۆدانە. نەورۆز لە دیرۆکی کورداندا سەمبولی خێرو خۆشی و خەباتی رووناکی دژی تاریکییەو زاڵبوونی ئاهورای خێر بەسەر ئەهریمەنی شەڕە. ئەو جێژنە کۆن و نەتەوەییە کە میراتی باب و کاڵانە، رەمزی راپەڕین و بەرخۆدانە. گڕی بەتینی نەورۆز هەوێنی خەبات و سەرهەڵدانە. کوردو نەورۆز، زراوو نترەیان لە گڕو بڵێسەی نەورۆزو کورد چووە.

مخابن ئەمساڵیش لە کاتێکدا بەرەو ئامێزی بەسۆزی نەورۆز دەچین کە رۆخساری نیشتمانەکەمان رۆژ بە رۆژ بە خوێنی شۆڕە لاوانی ولات رەنگینتر دەبێ. سێبەری رەشی ئەهریمەنی هەروا باڵی بەسەر ولاتدا کێشاوە و ئەژدەهائاسا ولات و نیشتمانەکەمان بەرەو وێرانی دەبات.

سەرەرای ئەو گشتە زەبرو زەنگەی ئەهریمەنی شەڕو تاریکی، هەمدیس گرفەو کلپەی ئاگری سووری نەورۆز، لە لوورفەو بڵێسە نەکەوتووە. هەر ساڵ پیرۆزتر لە ساڵی پێشوو بەرێوە دەچێ. نەورۆز شاجێژنی، جێژنەکانی جیهانە. رۆژی زەماوەندی زەویو خۆرەتاوە. ئەو فەلسەفەی کە جێژنی نەورۆزی لە گشت جێژن و بۆنەکانی دیکەی جیهان جیا کردۆتەوە ئەوەیە کە مرۆڤەکان لە کونجی نێومال و شوێنە گشتیی و ساڵۆنو لەپاڵ گوڵە دەستکردو مۆمە هەڵقرچاوەکان کۆ ناکاتەوە. دەستی مرۆڤەکان بۆ گەڕی شایی لەگەڵ سروشت و بەهار، بۆنی خۆشی گوڵ، ئەسیمی دڵ بلاوێنی شەماڵ و حورە ئاهەنگی ئاو هەڵدێرو دەنگی خۆشی مەلەکان دەبات.

گێڕانی دیلان و ڕەشبەڵەک، بۆنی خۆشی سروشت، گەرمای تیشکی خۆرەتاو، گشتی سەرسام لەو پەنجەیەی کە ئەو نەخش و نیگارەی کێشاوە و ژیانێکی دیکەی بە ژیانی مرۆڤ و سروشت داوە. لکو پۆپە شۆراوەکانی پەنجەی باران، نەورۆزانەی جێژنی نەورۆزن بۆ سروشت.

ژیارو شارستانییەتەوە دەستکردەکانی مرۆڤ هەر چەندە ئاڵۆزو تێکچڕژاوتر بێ، نیاز بۆ گەڕانەوەو خۆناسینەوەی سروشت و مرۆڤ ژێنەرتر دەبێت. هەر لەو سۆنگەوەیە کە نەورۆز بە پێچەوانەی دابو نەریت و جێژنەکانی دیکەی مرۆڤ بەرەو پیری و کزبوون دەڕوات، بەڵام ئەو نەریتە سروشتییە گەنجترو بەتواناتر دەبێ و داهاتوویەکی ڕووناکتریش دەگرێتە بەر. نەورۆز تەنیا ڕێگاو دەرفەت (لانیکەم بۆ کورد) بۆ گشت و گۆزارو خۆش رابواردن نیە، پێویستییەکی تایبەتی کۆمەڵگاو خۆراکی ژیانی نەتەوایەتیشە. ئەو فەلسەفەیەی کە نەورۆزی سەربەزو نەگۆڕ هێشتۆتەوە، بەردەوامبوونی نەورۆزو سروشتی خەباتگێڕانەو هیوابەخشانەیەتی.

هیچ نەتەوەیەک بە بەرەیەک و دووان بیچمی نەگرتووە. نەتەوە، کۆمەڵە پێوەندییێکی نەوەکانی یەک لەدوای یەکە. بەڵام زەمەن ئەو تیغە بێڕەحم و زاڵمە مخابن هێندێک جار پێوەندی نێوان بەرەکان قووت دەکات. ئەو بەرانەی کە گڕی نەورۆز هەمیشە لە دەوری یەکتریان کۆ دەکاتەوە. نەورۆز یەکێک لە پایەدارترین، جوانترین داب و نەریتەکانە کە بە نەمری دەمێنێتەوە. بەشداریکردن لە ڕێوڕەسمی جێژنی نەورۆزدا دیمەنە ڕووناک و تاریکەکانی مێژووی کۆنی نەتەوەکەمان بیر دەخاتەوە. نەورۆز ئەوەندە بەرزو پیرۆزە کە مۆبێدو مۆغ و موسوڵمان و هتد... ڕێزی لێ دەگرن و هەر یەکەی بە زمانی خۆی لێ دەدوێت. تەنانەت زۆر یەک لە هزرڤانان و زانایانیش وەک یەکەمین ڕۆژی خەلقەت لە قەڵەمی دەدەن و یەکەمین ڕۆژی نەورۆزیان بە ئاهورامەزدا دێر کردووە.

چ ئەفسانەیەکی جوانە. جوانتر لە ڕاستی، ئەو ڕاستییەی کە جوانی و ڕازاوەیی بەهارو نەورۆز بە سروشتی بەخشیوە. لە خۆڕا نیە کە دەڵێن: ڕووحی مرۆڤ لەو وەرزە دا لەدایک بووەو ئەڤین فرچکی گرتووە. یەکەمین تیشکی ژیانەوەی سروشت و جوانی لێ دراوە، تیشکێک کە ئەفینێکی ئاهورایی و ڕابوونی نەتەوەیی تێدایە. لەو ڕابوون و ژوانگەیەدا گشت بەرەکانی مێژووو مەزن و سەردارانی نەتەوەکەمان تێدا بەشدار بوون. سڵاو لەوانەی کە نەورۆزو بەهاریان کردە هێمای خەبات و ڕاپەڕین، بۆ دەستبەربوونی ماف و ئازادییەکانی گەلی کورد.

سەرچاوە : ماڵپەڕی هەڵۆی کوردستان

# خوێندنەوەیەکی ئایینیانە بۆ نەورۆز

ئا: شادان

**حەسەن مەحمود: ئاگری نەورۆز ئاگری (ئیبراهیم) بوو، ئەوەی داوای مافی خۆی نەکات لە قورئاندا نرخی نییە**



کاتێک نەورۆز ڕۆژی نویٚ بێت، کەواتە با پێکەوە هەوڵبدەین پاشماوەی ڕۆژەکانی تەمەنمان نوێبونەوە بێت، دروستکردنی میکانیزمێکی باشتر بێت بۆ ژیان، با سەرەتای ساڵی کەم بونەوەی ئازارەکانی نیشتیمانو جێبەجێکردنی داواکارییەکانی هاوڵاتییانو بەدیهێنانی خەونەکانو.. بەرجەستەی ئەو ئازادییە بیت کە نەورۆز بەرجەسەی کرد....قسەکردن لەسەر نەورۆز بنەڕەتی سەرهەڵدانیو کارەکتەراکارانی ئەم بۆنەیەو...هتد، کارێکی سانا نییە، چونکە ئەم داستانە ئەفسانەشی تێکەڵ بووەو ڕاستی ڕوداوەکە ئەفسانە ئامێزکراوە، هەرچەندە ئەفسانەش یەکێکە لەسەروەتە نەتەوەییەکان، بەڵام گرفتەکە ئەوەیە پێکهاتەو کاراکتەرەکانی نێو ئەفسانەکە قسەو باسی زۆر هەڵدەگرن، بەتایبەت کە نەورۆز تایبەت نییە بە نەتەوەیەک، بەڵکو موڵکی هەموو گەلانی ئارییاین، لەبەرئەوە ڕاستیەکان تاڕادەیەک شاراوەنو پێویستی بەشەنو کۆی زیاترە، بەڵام ناکرێت ئەوەش لەبەرچاو نەگرین کە هەمیشە نەورۆز بۆهەرتاکێکی کورد بۆتە ئەو بۆنە نەتەوەییەی کە جێی شانازی بووەو لە زۆرینەی شۆڕشو ڕاپەڕیەکانیدا نەورۆزی کردۆتە مەشخەڵی هەڵگیرسانی شۆڕشو بیانوی کۆبونەوە جەماوەرییەکانی بۆ دەربڕینی هەستی کوردایەتیو داواکاری مافەکانی قۆستۆتەوە...زۆر جاریش لەسەر یادکردنەوەی ئەم بۆنەیەی چەندین قوربانی داوە. لەم بەهاری سەوزاییەدا پێمان باشبوو دیمانەیەک لەگەڵ(حەسەن مەحمود حەمەکەریم)، شارەزا لە بواری مێژوو ئەنجام بدەین، لە پێناو خوێندنەوەیەکی جیاواز تر بۆ نەورۆز...

### ئەم بۆنەیە بۆکەیو بۆ چی دەگەڕێتەوە؟

* **حەسەن مەحمود:** بیگومان نەورۆز یەکێکە لە ئەفسانە کوردییەکان، کورد بەوەی یەکێکە لەو گەلە کونانەی کە لەدێر زەمانەوە هەبوە تەمەنێکی دورو درێژی هەیە هیچ گومانی نییە کە خاوەنی خەزێنەیەکی گەورەیە لە دیرۆکو ئەفسانەو...یانی مێژوی کورد دەگەڕێتەوە بۆ پێش سەردەمی نوسی کاتێک نوح (س.خ) لە کوردستان دادەبەزێت ئەو ڕۆژە دادەنرێت بە نەورۆز بە ڕۆژێکی نوی، یانی کاتێک کە نوح لە دەست زوڵم و ستەمی خراپەکاری هەڵهات ئەوە دادەنرێت بەسەرەتای قوناغێکی دووەمی مرۆڤایەتی, دابەزینی ئادەم یەکەم قوناغە، تۆفان هەموو شارستانیەتێکی پێشخۆی لەناو برد دوبارە ژیانێکی نوێی و قۆناغێکی نوێی مرۆڤایەتی دەستی پێکردەوە...کە توانییان شارستانیەتێکی نویٚ دروست بکەنەوە کە دور لە هەموو بت پەرستی و خراپەکارییەک..ئەمەیا ناونا نەورۆز، بەلام شتێکی دیکەیش هەیە کە یەکەم کەس کە یادی نەورۆزو سەری ساڵی کردبێت (ئیدریس پێغەمبەر )بووە....ئیدریس

یەکێکە لە پێغەمبەرە زۆر شارەزاو زاناکان، کە دابەزینی ئادەمی بۆ سەر زەوی کردۆتە ڕۆژێکی نوی ڕۆژی کارو ماندو بون، فەرمانی داوە کە خەڵکی بڕواتە دەرەوەو سروشت ببینن..دەرچن لە ماڵەکانیان...کە هەموو ساڵێک لە ٢١ی ئازاری یادییان کردۆتەوە...

دوبارە لەگەڵ دابەزینی نوح ئەو یادەی پێش تۆفان زیندو دەکاتەوە دابەزینی ئادەم و دابەزینی نوح لە کەشتییەکەی هەر لە سەرتای بەهار دەبێت. دواتر ئیبراهیم پێغەمبەر دوای نوح کاتێک دێت لەدژی بت پەرستی ڕادەپەڕێت و بڕیاری سوتاندنی ئەم پێغەمبەرە دەدەن، بەڵام کە ئەو ئاگرە بە فەرمانی خودا ئەم پێغەمبەرە ئازارەی نەسوتان..لێرەوە ئاگر کرایە ڕەمزی نەورۆز و بەهار، ئاگر ئاوا تێکەڵ بە نەورۆز بووە... لە دواتر لە سەردەمی دەوڵەتی (پێشدادی)دا سەرکردەیەکی خراپ بەناوی (ئەستیاکز) زاڵمو ستەم کار دەبێت کوردەکان دەچەوسێنێتەوەو مێشکی خەڵکی دەردەهێنی بۆ مارەکانی سەرشانی، ئەمە ئەفسانەیە، بەڵام حەقیقەتێک لە پشتیەوەیەتی، چونکە مەسەلە مار نییە، مەسەلە ئەوەیە کە وەک خوێن مژ ناودەبرێت...وەک چون ئیستا (موعەمەر قەزافی) ئیستا بە شۆڕشگێرشەکان دەڵێت جرج و مشکو دوپشکو...هتد، ئەمیش هەر بەوشێوە بوە، لەبەرئەوەی ئەوەندە خەڵکی کوشتبوو ناویان نابوو گەنج خۆر مێشک خۆر مێشکی هەموو گەنجێکی خواردبوو...کاوە کە پێشتر دووبرای کوژرابوو بەدەستی ئەسیاکز لە نەورۆزدا دەیکاتە هەڵێک بۆ ڕاپەڕین دژی زوڵمو ستەمو کودەتاکەی سەردەگرێت کە هەر لە ٢١ - ٣ دا دەبێت ونەورۆز بەهەڵ دەزانێت، ئەستیاکز لەناو دەباتو لێرەوە (کاوەش)زیاد دەبێت بۆ نەورۆز.

### کەسایەتی کاوەو ئەسیاکز، جیاوازی ئەو بیرو ڕایەی کە هەیە کامیان کوردە؟

* حەسەن مەحمود: نەورۆز بە ٥ هەزار ساڵ پێش دەوڵەتی ماد یادی کراوەتەوەو هەبووە، ئاگری نەورۆزیش کەوتمان بۆ ئاگرەکەی ئیبراهیم دەگەڕێتەوە بۆ ٣-٤ هەزار ساڵ پێش ماد بووە وەک لە مەلحەمەی گلگامێش و نوسراوەکانی دەوڵەتی (ئوردا )هاتووە..

بۆ مەسەلەی کوردبونی کەسایەتی (کاوە) بەڵی شۆڕشگێرێکی کورد بوە، بەڵام کورد بەدرێژایی مێژوو ئەخلاقێکی هەبووە کە دوژمنی کەسایەتیەکانی خۆی بوە، زۆر ناشرینی کردون، گاڵتەی بەمێژوو سەروەری خۆی کردوە، ، لە لێکۆڵینەوەیەکدا ئاماژەم پێداوە کە ١٢٨ شاعیری کورد ئاماژەیان بە (کاوە) داوە، کەسایەتییەکی شۆڕشگێڕی کوردی وەک کاوە وای لێکردون شت بڵێن، ئەگەر کاوە پیاو خراپ بێت بۆ شتی بۆ دەڵێن، ئێمە هەزاران کەسو دەزگاو ناوەندو .. بەناوی (کاوە، نەورۆز)هەیە، ئەگەر کاوە ناشرین بکەین ئەبێت هەموو ئەمانە ناشرین بکەین...مێژوویی نەتەوەیەک بسڕینەوە، بەس ئەوە پیاوخراپانی ئەم سەردەمەن بە بیانوی سیاسی کاوە ناشرین دەکەن، (مەلا مستەفا ناشرین دەکەن ، شێخ مەحمود دەکەنە خولە قۆپچەو، هەتا تەعدا دەکەنە سەلاحەدینی ئەیوبی کە عەرەبچێتی کردوە. پێویستە پیاچونەوە بۆ عەقڵیەتی خۆمان بکەین، وازبهێنیین لەوەی دوژمنی مێژووی خۆمان بین، لە ئەوروپا ٣٥٠ دەزگا هەیە بۆ لێکۆڵینەوە تەنها لە ئەفسانەکان، نەک لە مێژوو، کەچی ئێمە بەدەستی خۆمان مێژوومان لەکەدار دەکەین، دەزگای لێکۆڵینەوەمان نیە ئەگەر هەشبێت لەنێوا حیزبە دەسەڵاتدارەکان دابەش بوە، مێژویان هەموو شێواندوە بۆ نمونە لە فتوحاتی ئیسلامیدا کورد یەکەم میللەتە لە جیهاندا بە بێ شەڕ ئەم ئاینەی وەرگرتوە، بەڵام دەڵێن نا ئەمانە بەزۆر هاتنو ژنو ماڵو منداڵی

کوردیان بردووە ئەنفال کردوە، بە پێچەوانەوە هەر زوو کورد ئاینی ئیسلامی قبوڵکردوو توانی لە بت پەرستی و ناعەدالەتی خۆی ڕزگار بکات.

## گەلی کورد تاچەند سودی لە نەورۆز وەرگرتوە؟

* **حەسەن مەحمود:** بێگومان ئێمە وەک گەلی کورد سودمان لە هەموو شت وەرگرتوە سودیشمان لە نەورۆزیش بینیوە، لە ڕوی دەروونییەوە: لەوانە کاتێک نەورۆز دێت هەموو خۆی دەگۆڕێتو دەچێتە دەشتودەر، لەگەڵ سروشت خۆیان ئاشت دەکەنەوە دەستکردی خودا دەبینن، کە چۆن سروشت خۆی نوێ دەکاتەوە خەڵکیش بەجلی ڕەنگاو ڕەنگەوە خۆیان نوێ دەکەنەوە، کاتێک کەسێک خۆی ئامادە دەکات بۆ نەورۆز وای لێدەکات چون دەرونیشی بگۆڕێت، کەسێک لەوەدەچێ هەمیشە مۆن بیت، کاتێک دەچیتە دەشت خەندەی لێ ئەباریت دڵی دەکرێتەوە، یا گۆرانییەکیش بلێ یا هەڵپەڕێت...تەکاندنی ناخی دڵو دەرونیەتی لە بیزاری، لەوەدەچێ لە نەورۆزا یەک ملیۆن کەس چوبێتە ئەو دەشتو دەرە خۆیا بە سروشت ئاوێزان کردبێت، ئەمانەش هەموو خەفەت لا دەبات، نەورۆز بۆتە قوتابخانەیەکی دەرونی، لەوەدەچێ کەسی وا هەبێت هەر لەماڵەوە خەریکی قورئان خوێندن بێت، ئەی بۆ نایەی لەو دەشتودەرە قورئانی سروشت بخوێنی، دەست ڕەنگینی خودایی ببینی...

لە ڕوی نەتەوەییەوە: کورد هەموو شۆڕشەکانی بە کاوەی ئاسنگەر جۆش دراوە، بە ئەی رەقیب تاودراوە، ئەتوانین لە باشیەکانی سود وەربگرین، ئەوانەی ئیستا لە سەرای ئازادین کاتێک لە نوێژی جومعەدا دادەنیش هەریەکەیان بۆخۆی کاوەیەکن، دژی ناعەدالەتین، داوای مافی خۆیان دەکەن، ئەگەر کاوە یەک زوحاکی بوبێت لە ئیستادا بەدەیان زوحاک هەیە بە دەستو پێوەندەکانیانەوە...ناعەدالەتی دەکەن، پارەی میللەت بە هەدەر دەبرێت، ئەو ئاگرەی نەورۆزکرایەوە ئەوە ئاگری (ئیبراهیم) بوو، ئەوەی داوای مافی خۆی نەکات لە قورئاندا نرخی نییە، کەسێکی مردوو بێخێرە، هەموو بەیەک هاوار داوای مافی خۆی دەکات.

## هەر یادکردنەوەی بۆنەیەکی نەتەوەیی ئیشکالیک دروست دەکات لە ڕوی ئاینیەوە؟

* **حەسەن مەحمود:** ئەوەتا یادەکە بۆتە یادێکی ئاینی، ئەمە خوێندنەوەیەکی ئاینی بوو بۆ نەورۆز، لە بنەڕەتدا هەموویان شۆڕشی ئاینی بون ئەوەی کاوەش هەر ئاینی بوو، کاوە کاتێک شۆڕش بەرپا دەکات شۆڕش دژی کەسێک دەکات دەڵێت من خودام،

هەموو شۆڕشەکانی کورد هەمووی چیرۆکێکی تاڵن، چونکە شۆڕشەکان لەناوچون، دواجار شۆڕشگێڕەکانو سەرکردەی شۆڕشەکان بەو داخەوە مردون، ئەفسانەکانی کورد وەک هی عەرەب نیین، بەڵکو باسی دوو شت دەکات (باتل و حەق) باسی شەیتان و خراپە دەکات وەک ئەوەی کە هەیەو لە قورئانیشدا باسکراوە، باسی هێزی خوداو پێغەمبەرانو پیاو چاکان دەکات، لە ئەفسانەکانماندا شەیتان لەگەڵ (ئەستیاکزدا)یەو خوێنی ئەو کوردە ئیماندارانە دەمژن، دواتر کوڕو پیاوێکی ئیماندار یەکدەگرن لەگەڵ فەرەیدون کە خۆی پیاوێکی ئاینیەو لەگەڵ پیاوێکی ئاینی دیکەی زەردەشتی، ئەم شۆڕشە ئەوان دیکەن، ئەمانە ئەفسانە نین، بەڵکو ئەفسانە ئامێز کراوە، لە ڕوی زانستیەوە ئێمە دەکرێت سود لەم ئەفسانانە وەربگرین، بۆنمونە لە ئەفسانەکاندا پیاوێک بەسەر بەرماڵەوە

لێرەوە دەچویە هندستان ئیستا بە تەیارە دەڕۆی، یاخود دارێکی پێبوە قسەی پێدەکرد ئیستا دەبینیت موبایل داهاتوە لەگەڵ ئەوپەڕی دونیا قسە دەکەین، یانی هەموو ئەو عیلمانەی ئێستا لە ئەفسانەکاندا هەیە ئەمڕۆ هەمووی لە واقیعدا هەیە، هەندێک شتی دیکە هەیە لە ئەفسانەکاندا باس دەکرێت دەکرێت ئێمە ئێستا سودی لێوەربگرین، نەک وەک ئەوەی پێی دەوترێت قسەی پڕوپوچ و بێبنەما بێت.

سەرچاوە : ماڵپەڕی یەکگرتووی خوشکانی ئیسلامیی کوردستان

# نەورۆز

## لە ویکیپیدیا، ئینسایکلۆپیدیای ئازاد

**نەورۆز** داب و نەریتێکی زۆر کۆن و دێرینە کە لە لایەن کورد و فارس و...هتد، بە شێوەی جۆربەجۆر پەیڕەو دەکرێت. ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کەونارایەکی پێش لە مێژوو. هەندێ کەس بە هەڵە پێیان وایە زاڵبوونی کاوە بەسەر زوحاک سەرچاوەی نەورۆزە. بەڵام نەورۆز زۆر لە ئەفسانەی زوحاکیش کۆنترە. شارەزایانی نەورۆز، بڕوایان وایە جەمشید کە یەکێک لە پاشاکانی پێشدادییەکان بووە، نەورۆزی داهێناوە. ژیانی ئەو پاشایانە لە ئەفسانە بەدەر نییە و بەسەرهاتەکانیان زۆر خەیاڵین و سەردەمەکەشیان پێش لە چاخی مێژووە. کەوا بێت بنەمای نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ چاخە دێرینەکان.

کەونارایییەکان پێیان وا بووە کە لە مانگی نەورۆزدا "گیانە پاکەکان" سەردانی کەس و کارەکانیان لەسەر زەوی دەکەنەوە و ئاگر هەڵدەکەن و " خوانی حەوت سین" دەچنن و بەدەوریدا دادەنیشن. بۆیە چەند ڕۆژێک پێش لە هاتنی نەورۆز، خەڵک دەست دەکەن بە تەکاندنی کەلوپەل و ناوماڵیان و جلی نوێ لەبەر دەکەن و بە ئاگر هەڵکردنەوە دەچنە پێشوازی نەورۆز. دیارە نەورۆز لە ناوچە جۆربەجۆرەکاندا بە شێوەی جیاواز ئەنجام دەدرێت و داب و نەریتەکانی نەورۆز لای گەلانی ناوچەکەش جیاوازیی هەیە.



جەژنی نەورۆز پێشینەیەکی دوورودرێژی هەیە و کۆنترین جەژنی مرۆڤە لە سەر زەوی. بە پێی ئەو لێکۆڵینەوانەی لەو بوارەدا کراون، کۆنترین مرۆڤەکانی سەر گۆی زەوی، ئەو کاتەی کە لە ئەشکەوتەکاندا ژیاون، ڕۆژی یەکەمی بەهاریان کردووە بە جەژن. دکتور مەولوود ئیبراهیم حەسەن لە وتارێکی تێر و تەسەلدا بە وردی چووەتە سەر بنج و بناوانی مێژووەوە و بەڵگە دێنێتەوە لەسەر ئەوەی کە ئەو جەژنە هەمان جەژنی (تەمووز و عەشتار)ە، کە سۆمەرییەکان پێش ئەوەی لە ئەشکەوتەکانی کوردستان بێنە دەر و بەرەو خوارووی وڵاتی عێراقی ئێستا داگەڕێن، ئەو جەژنەیان بەڕێوە بردووە.

## ئاگر سومبوڵی نەورۆز لای کوردان

نەورۆز تێکەڵ بووە بە کۆمەڵێک ئەفسانەی سەیر و سەمەرە. لە ئێرانی کۆندا لە یەکەم ڕۆژی بەهاردا واتە ڕۆژی نەورۆز، پاشای وڵات دەرگای خستووەتە سەر پشت بۆ دیدار لەگەڵ خەڵکی وڵاتەکەیدا و ڕۆژەکانی تەرخان کردووە بۆ چاو پێکەوتنی هەموو چین و توێژەکانی کۆمەڵگا. هەر لەو ڕۆژەشدا خەڵات و دیاری پێشکەش بە دەست و پێوەندەکانی کردووە و دیارییشی لێیان

وەرگرتووە.

هۆنەری فارس، فیردەوسی دانەری پەرتووکی شانامە، بنەچەی نەورۆز دەباتەوە سەر کۆنە ئەفسانەیەکی بێ بنەما، واتە ئەفسانەی کاوە و زوحاک. ئەوەی فیردەوسی باسی دەکات هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە. دیارە زوحاک یان (ئاستیاگ) هەبووە و دوایین پاشای مادەکان بووە. بەڵام نەوەک ئەو جۆرەی کە فیردەوسی باسی دەکات. ئاخر فیردەوسی وەکوو کابرایەکی خوێنخۆری مار لەشانی زاڵم باسی دەکات کە دەبوو هەموو رۆژێ مێشکی دوو گەنجی دەرخوارد بدەن. هەر بۆیە کاوەی ئاسنگەر لێی یاخی دەبێت و شۆڕشێکی لە دژی بەرپا دەکات و تەخت و بەختی لێ وەردەگێڕێ. لە حاڵێکدا هەر لەو وتارە بەڵگەمەندەی د.مەولوود ئیبراهیم حەسەندا هاتووە، کە ئاستیاگ دوایین پاشای مادەکان، نەک زاڵم و شێت نەبووە بەڵکو پیاوێکی تا بڵێی رووخۆش بووە. بەڵام مێژووی پەیوەندیدار بەو کابرایە تەواو پێچەوانە و شێوێندراوە. بە ڕای من، سەرکەوتنی هەخامنشییەکان، بەسەر دەوڵەتی مادەدا و کۆتاییهاتنی تەمەنی یەکەمین دەسەڵاتی کوردی و سەرکەوتنی تیرەیەکی فارس و دامەزراندنی دەوڵەت لە لایەن ئەوانەوە، بووەتە هۆی ئەوەی کە لە کۆنەستی فارسەکان بە گشتی و لە نەستی کەسێکی وەک فیردەوسیدا بە تایبەتی، ئەفسانەیەکی لەو جۆرە بیچم بگرێت (وێنا بکرێت) و ڕوخساری ئەو دوژمنەی پێ ناشیرین و بکرێت. دەڵێن: رۆژێک منداڵێک لە باوکی دەپرسێ: باوکە ڕوخساری شەیتان لەو وێنەیەدا بۆچی ئەوەندە ناشیرین و دزێوە؟ باوکەکەی دەڵێ: چونکە ئەو وێنە بە دەستی دۆستەکانی شەیتان نەکێشراوە. ئەوەی ڕاستی بێت مێژووی کوردیش هەتا ئێستا خۆی نەینووسیوەتەوە، بۆیە جگە لە لایەنی کەم و کووڕی شتێکی ئەوتۆمان لە مێژووی کۆن لەبەردەست دا نییە کە مۆرکی خۆمانی پێوە بێت. تەنانەت ئەو بۆنە پیرۆز و جێگە شانازییانەش کە هەمانبوون، بە جۆرێک مۆرکە کوردییەکەیان لێ سڕیونەتەوە و بە ناو نەتەوە و گەلانی باڵادەستەوە کراون، بۆ ئەوەی ئێمە شتێکمان نەبێت کە وەک پاڵپشت و بەڵگەی مێژوویی پاڵی پێوە بدەین. ئێستا کە بە پێی بەڵگە مێژووییەکانیش دەرکەوتووە کە نەورۆز جەژنێکی تەواو کوردییە و لە کوردستانەوە بە وڵاتان و ناوچەکانی دیکەی دەوروبەرماندا بڵاو بووەتەوە، هێشتا وەک پێویست دەڵێی لە ڕوومان هەڵنایەت ڕاشکاوانە بڵێین ئەو جەژنە جەژنێکی ڕەسەن کوردییە. ئێستاش لە کۆنەستی (هزری) ئێمەدا ئەو ڕۆژە ڕۆژی سەرکەوتنی (کاوەی ئاسنگەر)ە بە سەر زوحاکی مار لەشاندا. لە حاڵێکدا ئەوە هیچ بنەمایەکی مێژوویی نییە ئەفسانەیەکی سازکراوە. ئەگەر واشی دانێین کاوەیەک بووبێت و تەخت و بەختی زوحاکی "ماد"ی وەرگێڕابێت، ئەوا کورد چۆن شانازی دەکات بە کەسێکەوە کە کۆتایی بە یەکەمین دەسەڵاتی کورد هێناوە و دواتریش گەڕاوە بە قسەی فیردەوسی بە شاخ و کێواندا و لەوێ "فەرەیدوون"ی دۆزیوەتەوە و کردوویەتی بە پاشا. فەرەیدوونیش کورد نەبووە. ئەگەر وای دانێین کاوەیەکیش لە گۆڕێدا بووبێت (هەبوو بێت) و کورد بووبێت، ئەوا کاوە خۆفرۆشێکی خەیانەتکار بووە و مێژووش پڕە لەو جۆرە کەسانە کە بەداخەوە شانسیان گرتوویەتی و دواتر بە پێچەوانەوە ناویان بە چاکە رۆیشتووە.

### نوێ ڕۆژ یان نەورۆز لە کوردەوارییەکەی خۆماندا

لە کەس شاراوە نییە کە کورد هەر لە بنەچەکدا (بنیڕا)، گەلێکی ئاژەڵدار بووە و بە دەم ئاژەڵدارییشەوە کشتوکاڵیشی کردووە. کەوابوو گەڕیانی وەرزەکانی و گۆڕانە وەرزییەکان، لە ژیانی ئەو گەلەدا گرینگی تایبەت بە خۆی هەبووە. بە تایبەتی کوردستان

نیشتمانێکی کوێستانییە و وەرزی زستان لە کۆندا تەمەنێکی درێژتر لە ئێستای هەبووە و ئێستاش پیاوە بەتەمەنەکانی کورد باشیان لەبیرە کە جاری جاران (ساڵی ساڵان) بەفرێکی قورس دەباری و جار هەبووە هەتا دوو مانگ لە بەهاریش تێپەڕیوە و بەفر هەر نەتواوەتەوە و زەوی و ڕێ و بانی بەر نەداوە. لەو حاڵەتەدا کوردی ئاژەڵدار دەکەوێتە تەنگژەی بێ تفاقی و بێ ئازوقەیەیی (ئاوردوویی). بە پێی هەموو ئەو هۆکارانە، کە هەم سرووشتی و هەمیش هەرێمییە کورد تەواو بوونی وەرزی تووش و سەرمای (سەرما و سۆڵەی) زستانی کردبێتە جەژن.

مامۆستا هێمن موکریانی جەژنی نەورۆز دەباتەوە سەردەمی ئاژەڵداریی کورد و بە تایبەتی پێی وایە ئەو ڕۆژە ڕۆژی مەڕ زاییینە. لەو سۆنگەیەوە کە مەڕداری کورد ڕانە مەڕەکەی لەو ڕۆژەدا دەزێ بۆیە ڕۆژەکەی کردووەتە جەژن.

لە مێژووی جەژنە ئێرانییەکاندا جەژنێکیش هەیە بە ناوی جەژنی مێهرەگان. ئەو جەژنە یەکەم ڕۆژی پاییز بووە. مەڕدار لەو ڕۆژەدا بەرانیان لە مێگەل بەرداوە. واتە ئەو ڕۆژە ڕۆژی بەرانگرتنی مەڕ بووە. بۆیە ئەو ڕۆژەش کراوە بە جەژن و بە مێهرەگان ناوی دەرکردووە و مامۆستا هێمن لەسەر ئەو باوەڕەیە کە هەر ئەو ناوی جەژنی مێهرەگانە دواتر بووەتە مێهرەجان و بە تایبەتی عەرەبەکان بە زۆربەی جەژن و کۆڕەکانی خۆیان دەڵێن مێهرەجان. بە گشتی مەودای نێوان جەژنی مێهرەجان و جەژنی نەورۆز پێنج مانگە. "مەڕ بە پێنج مانگ دەزێ. پێشینیان دەڵێن بەرخ پاش سەد ڕۆژ ڕووحی وەبەر دێ و مەترسیی بەرئاویتن کەم دەبێتەوە. جەژنی سەدە کە ئێستاش لە زۆر شوێنی کوردستان دەیکەن و پێی دەڵێن "بێلێ دانا"، پێوەندیی لەگەڵ ئەم باسە هەیە. دوو مانگ پایز و سێ مانگ زستان دەکاتە پێنج مانگ و لە شەوی یەکەمی بەهاردا زەوی مەڕ دێ و جەژنی هەرە گەورەی مەڕدارە.

بۆچوونەکەی مامۆستا هێمن زۆر لە ڕاستییەوە نزیکترە لەو بەناو مێژوونووسانەی کە بە ویستی دەسەڵات مێژوویان بە ئارەزووی خۆیان و ئەربابەکانیان نووسیوەتەوە. پاش ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی میدییەکان، ئەوانەی دێن و سەربردە و مێژوو دەنووسنەوە، دەبێ بەو شێوەیە بینووسنەوە کە دەسەڵات دەفەرمووێ. کەوابوو ئەگەر ڕوخسارێکی سامناک لە دوایین پاشای میدییەکان واتە ئاستیاگ پیشان بدەن، شتێکی سەیر نییە. ئەگەر زۆر زۆر دووریش نەگەڕێینەوە و وردبینانە لە مێژووی هاوچەرخی خۆمان بڕوانین و لێی وردبینەوە، دەبینین ئێستاش دەسەڵاتە دیکتاتۆرەکان، چۆن لە هەموو ڕێگەیەکەوە هەوڵ دەدەن ڕوخساری ڕاستەقینەی ئازادیخوازان بخەنە بن پەردەی سەدان ناو ناتۆرەی دزێوەوە. دوور نەڕۆین ئەگەر بۆ مانای وشەی پێشمەرگە بگەڕێینەوە نێو قامووسی بەعسییەکان، پێتانوایە چ پێناسەیەک لە پێشمەرگە کرابێت؟ ئەوە لە سەردەمێکدایە کە ئێمەش ئەگەر هاوسەنگی ئەوانیش دەستمان بە قەڵەم ودامودەزگای ڕاگەیاندن نەگەیشتبێ بۆ وەڵامدانەوەیان، لانیکەم دەرفەتی ئەوەمان هەبووە، لە هەندێ کەناڵەوە حەق بوون و ڕەوا بوونی داواکانمان بۆ خەڵک ڕوون بکەینەوە. جا وەرن سەیری سەردەمێکی کۆنی کۆن بکەن کە کوردی لێقەوماو خاوەنی هیچ خوێندەوارییەک نەبووە و دەسەڵاتدارەکانی زاڵ بەسەر نیشتیمانەکەیدا چۆن دڵیان ویستوویەتی مێژوویان بۆی نووسیوەتەوە. بۆیە ئەفسانەی کاوە و زوحاک تەنیا فێڵێکە لە مێژووی ئێمە کراوە. لانیکەم ئەگەر تەنیا بە مەبەستی ئەوەش بووبێت کە هیچ کات لە ڕوومان هەڵ نەیەت، بە شانازییەوە باسی ئیمپراتۆریەتی میدییەکان بکەین.

## ئاگر وەک هێمایەکی کۆنی کورد

سەرەڕای ئەوەی کە لە هەندێ لە ئەفسانە کۆنەکاندا باس لەوە دەکرێ کە ئەو ڕۆژەی مرۆڤ بۆ یەکەم جار ئاگری تێدا دۆزیوەتەوە، دەکەوێتە کۆتا شەوی زستان و یەکەم ڕۆژی نەورۆز و هەموو ساڵێک ئەو ڕۆژەی وەک ڕۆژێکی ئەگەر نەڵێین پیرۆز لانیکەم سەیر و سەمەرە سەیر کردووە، بەڵام بە گشتی ئاگر لە باوەڕی کۆنی کوردەواریی خۆماندا هێمایەکی لە مێژینەیە. کەس نکۆڵی لەوە ناکات کە بەر لە هاتنی ئایینی ئیسلام کوردەکان زەردەشتی بوون. ئەوان ئاگرپەرست نەبوون. بەڵکو ئاگر بەلایانەوە وەک هێمایەکی پیرۆز پارێزراوە.

هەر لە کۆنەوە مرۆڤ کە بیری لە پێکهاتەی جیهان کردووەتەوە، پێی وا بووە کە ئەم جیهانە لە چوار توخم پێک هاتووە:-

١- **خاک**
٢- **ئاو**
٣- **با**
٤- **ئاگر**

سێ دانە لەو چوار توخمە واتە، «خاک و با و ئاو» پیس و ئاڵوودە دەبن. هەر سێکیان هێزی کێش کردنی زەوی ڕایاندەکێشێت. لەو نێوەندەدا ئەوەی نەک پیس و ئاڵوودە نابێت بەڵکو شتە پیسەکانیشی پێ پاکژ دەکەنەوە، ئاگرە. ئاگر لەگەڵ ئەوەدا کە توخمێکی پاکژ کەرەوەیە، هێزی زەویش نەک پەلکێشی ناکات بەرەو خۆی بەڵکو بەردەوام لە هەڵکشاندایە بەرەو ئاسمان. هەر لە کۆنی کۆنیشەوە هەتا ئێستاش کە مرۆڤ پێی وایە خوا لەسەر عەرشی عەزیمە و لە حەوت تەبەقەی ئاسمانەکانە و ئەوەش لە (ڕووداوی میعراجیشدا) باسی دەکرێت، کە بۆ وێنە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ) بە سواری باڵی (بوراق) بەرەو میعراج دەڕوات، ئەو باوەڕە بە بوونی خوا لە ئاسمان، شتێکی زۆر زۆر کۆنە. هەر بۆیەش هەڵکشانی بەردەوامی ئاگر وەک هێزێکی پاکژکەرەوە بەرەو ئاسمان نیشانەی هەڵچوونی ڕۆحی پاک و بێ خەوش و بێ تاوانە بەرەو سەرچاوەی خۆی واتە خوا.

لە لایەکی دیکەشەوە، یەکێک لە بنەما باوەڕییەکانی ئایینی زەردەشت بوونی دوو هێزی دژ بە یەکە، واتە ئەهریمەن و ئەهورامەزدا. تاریکی هێمای ئەهریمەنە و ڕووناکی هێمای ئەهۆرامەزدایە.

دەبینین، لە نێو چوار توخمە پێکهێنەرەکەی جیهاندا، سێیان تاریکن. تەنیا ئەوەی ڕووناکە، ئاگرە. ئاگریش بەردەوام لەگەڵ تاریکیدا لە شەڕێکی نەبڕاوەدایە. هەروەک ئێستاش دەڵێن: ئەنگوستەچاوترین شەویش «ئەنگوستەچاو واتە: ئەو شەوەی کە ڕووناکی زۆر کەمە یاخود هەر نییە ڕادەی بینینیش بە قەد ئەنگوستێکە (پەنجەیەکە)» ناتوانێ تەنانەت تیشکی مۆمێک بشارێتەوە. ئاگر هێمای شەڕی دەسەڵاتی حەق و ڕاستییە بەسەر تاریکی و درۆیدا. لە شیعری ئەو شاعیرانەشدا کە باری نەتەوەیی و بەرەنگارییان هەیە، ئەوە ڕەنگی داوەتەوە و هەمیشە دەسەڵات بە شەوەزەنگ وەسف کراوە و لایەنی ئازادیخوازیش بە ڕووناکی و مزگێنیدەری ڕووناکی.

بە گشتی بەپێی هەموو هێماکان نەورۆز کۆنترین جەژنی کوردە و لە کوردستانیشەوە بە ناوچەکانی دیکەی ئاسیادا بەتایبەتی بە ناوچەکانی ئێراندا بڵاو بۆتەوە و ئێستا زۆر گەل و نەتەوە هەن، خۆیان بە خاوەنی ئەو جەژنە دەزانن. لەو نێوەدا ئەوەی زیاتر لە هەموویان بە هێما و باوەڕی کۆنەوە لە جەژنی نەورۆزدا بوونی هەیە و مۆرکە مێژوویی و کۆنەکانی کە بە ڕوخساری ئەو جەژنەوە دیارن، کوردە.

# نەورۆز و مێژووی نەورۆز

حەمید تەیموری

خەڵکی کوردستان هەموو ساڵێک یادی جێژنی نەورۆز کە جێژنێکی زۆر پیرۆزە ئەکەنەوە و ئاهەنگی خۆشی و بیرەوەری مێژووی ڕابوردووی پڕ فیداکاری و لەخۆبوردنی تیا ئەگێرن و ئەیکەن بە سەرمەشق بۆ رەوتی داهاتوو، بۆ هێنانەدیی ژیان و گوزەرانێکی خۆش و سەربەرزانە و بۆ لەنێوبردنی ئەو هۆ سەرەکییانەی گەلەکەمانی لە گەلە پێشکەوتووەکانی جیهان بەجێ هێشتووە. بۆیە هەموو ساڵێک لەژێر سێبەری هەر هەلومەرجێکدا بێ لە خۆشی و ناخۆشیدا گڕی گەشاوەی نەورۆز وەک جگەرگۆشەیەکی خۆشەویستی نەتەوەی کورد لە هەست و مەبەست و ژیانیدا جێگایەکی تایبەتی پێ خەڵاتکراوە، دەستێکی دەروونیانەی لە دروستکردن و داهێنانی شاکارانەی ئەدیب و بوێژ و نووسەری کورددا هەیە.



هەروەکو دەزانین، هەمیشە داگیرکەرانی کوردستان لە کورد زۆرتر و دەسەڵاتدارتر بوون، بۆیە توانیویانە جێگای دەست و پەنجەی ناڵەباریان بە ناوچەوانی کورد و خاکی کوردستانەوە دیار بێت و بتوانن لە گەلانی ژێردەستەی تری خۆیانی زیاتر بەرەو دواوە بەرن. بەڵام سەرەڕای ئەمەیش نەتەوەی کورد هەردەم چاوقایم و نەبەز و خۆپەروەر و وڵات خۆشەویست بووە. هەر چەندە هەمیشە تای تەرازوویش بەلای دوژمنانیا قورس و لاسەنگ بووە، بەڵام ئەم هەرگیز نەچۆتە خانەی خۆبەدەستەوەدان و سەرشۆڕییەوە. ڕێبازی بەربەرەکانی سەخت و درێژخایەنی گرتۆتەبەر، خۆشبین و بڕواکردوو بووە بە سەرکەوتن، خۆی لە توانەوە و خاکەکەی لە لوشدان پاراستووە.

ئەم دژکردەوە مێژوویییە سەختە خوێناوییە دەیان و بگرە سەدان ساڵە بەردەوامە. لە هەوێنی داستانێک سەدان داستانی قارەمانێتی و دلێری و فیداکاری سەرسووڕمێنی درووست کردووە. سەدان لاوک و حەیران و قەتار... هتد بۆ ئەم داستانانە لە دەشت و هەڵەت و کێو و گوێ ڕووبارە سازگارەکانی کوردستان دەنگیان داوەتەوە. بەڵام لەجیاتی ئەوەی ئەو چیرۆکانەیش هەر یەکە وەکو ڕۆژی نەورۆز لە ڕۆژانی تایبەتی خۆیاندا یادبکرێنەوە، هەموو جارێک وزەی دەروونی (التاقه النفسیه) ئەو چیرۆکانەیش یەک لەدوای یەک خراونەتە سەر وزەی نەورۆزی و بەم پێیە بۆتە شاتاقانە جەژنی کورد و کوردستان. بۆیە ئەم چێژ و پێز و وزەیەی پێوە دیارە و تاکو دێت هەر گەشەدار و پرشنگ دوورڕەوتر ئەبێت.

## نەورۆز و مێژووی نەورۆز

وشەی نەورۆز واتە ڕۆژی نوێی سەری ساڵ. نەورۆز وەکو ڕۆژێکی نوێ، بریتییە لە ڕووداو و بەسەرهاتێک کە گەلێ پلە و قۆناخی مێژوویی جۆربەجۆری بەخۆیەوە دیوە، چەپۆکی ڕۆژگار زۆر جار تلاوتلێن و دەساودەستی هەمەڕەنگەی پێکردووە، لە هەر بوارێکدا بەرگێکی تایبەتی دەورێکی دیاریکراوی بەباڵادابڕیوە، لە هەر زەمان و سەردەمێکا مانا و ناوەڕۆکی خۆی هەبووە و لە گەڵ کاروانی بێوچانی ئادەمیزادا گەیشتووەتە ئەم دەور و ڕۆژەوە و بووە بە جێژنێکی نەتەوەیی کە هەموو ساڵێ لە سەرانسەری کوردستاندا گەورە و چوکەی خەڵکی کورد بە ئاهەنگ و شایی و زەماوەندەوە ئەیبەنە سەر و بە کردنەوەی ئاگری نەورۆز لەسەر لوتکەی شاخ و کێو و لە شار و دێهاتەکان یادی پیرۆزی ئەکەنەوە و هەمیشە لەژێر ناو و ئاڵای بەڵێن و پەیمانی خەباتی بێ پشوو دووپات ئەکەنەوە بەرەو ئامانجەکانی گەل هەنگاو بنێن تا بە ڕزگاری نەتەوەکەمان شادبن و دەست لە ملی هیوای بەرزیان بکەن.

بایەخێک کە ڕۆڵەکانی گەلی ئێمە بە نەورۆزی دەدەن و ئەو ڕێوڕەسمە بەشکۆیانە کە لە سەرانسەری جیهاندا بە بۆنەی نەورۆزەوە وەرێیاندەخەن، نیشانەی ئەوەن کە نەورۆز بۆتە یەکێک لە سەمبولە گرنگەکانی کەسایەتیی نەتەوەیی و نیشتمانی گەلی کورد. لە لایەکی ترەوە نەورۆز نیشانەی زاڵبوونی ڕووناکی بەسەر تاریکیدا، خێر و خۆشی بەسەر سەغڵەتیدا، فەرعانی بەسەر قاتوقڕی و گرانیدا و بەکورتی سەمبولی سەرکەوتنی چاکە بەسەر خراپەدایە.

بێگومان جێژنی نەورۆز وەکو هەموو جێژنەکانی تری ئەم گەلانە و هی هەموو گەلانی تری جیهان، وردەوردە بووە بە بەشێک لە میرات و کەلەپووری مێژووی ڕۆشنبیریی خەڵکی کورد. لایەنە سیاسی و ئابورییەکانی بەپێی هەلومەرجی نوێ و پێشکەوتنی سیاسی و ئابوری و کۆمەڵایەتی دوای تێپەڕبوونی سەدان و هەزاران ساڵ بەسەر دامەزراندنیا، ئەو بەرگەی جارانی لێ داماڵراوە و بە بەرگێکی نوێوە هاتۆتە کایەوە و لە جێژنی چین و کۆڕ و کۆمەڵێک و جێژنی چاخ و زەمانێکی دێرینەوە بووە بە جێژنی هەموو گەل و هەموو چینێک؛ بووە بە جێژنی ئاشتی و ئاسایش و نەورۆزی بەختیاری.

### با بزانین لێکۆڵینەران و نووسەرانی کورد و بیانی چۆن مێژووی نەورۆزیان لێک داوەتەوە:

مامۆستا عبدالڕەحمان زەبیحی لە ڕۆژنامەی هاوکاری دا وتارێکی بە ناوی "با تەپوتۆزی ساڵان لە نەورۆز بتەکێنین" بڵاوکردووەتەوە کە تیایا ئەڵێت: "فیردەوسی لە شانامەدا جێژنی نەورۆز دەباتەوە زەمانی جەمشیدی جەم و ئەڵێ: جەمشید کە هاتە سەر تەخت لەپێشدا ئاسنی نەرم کرد و کڵاو و خۆدە و زرێ و خەفتان و ڕەختی دروست کرد، پاشان لە کەتان و ئاوریشم و کەژوومووو قوماش تەنی، دوایی خەڵکی فێری خۆشتن و درومان و جل لەبەرکردن کرد...؛ فەرمانی دا بە دێو بە خشت و بەرد و گەچ خانوو، حەمام، کۆشک، هەیوان درووست بکەن؛ زانستی حەکیمی داهێنا و کەشتی دروست کرد. دوای ئەوە تەختێکی جەواهێربەندی بۆ خۆی ساز کرد، دێو هەڵیانگرت و دەیانبرد بۆ ئاسمان. خەڵکی لێی کۆبوونەوە و کردیانە جێژن و شایی."

پاشان درێژە بە وتارەکەی دەدا و دەڵێ: "جەمشید کێ بووە و لە کوێ بووە؟" لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆی دا ئەڵێت: "فیردەوسی

بە پاشای چوارەمی بنەماڵەی پێشدادی بووە کە لە قەڵاتی ئێراندا یەکەم جار پاشایەتیان کردووە، ئەنجامی لێکۆڵینەوەی ئارکیولۆژی (ئاسەوارناسی) وا نیشان ئەدا کە یەکەم بنەماڵەی پاشایانی ماد بوون و بەم جۆرە پێشدادی و میدیا هەردووکیان دەبنە یەکەم بنەماڵە کە لە قەڵاتی ئێرانا پاشایەتیان کردووە."

مامۆستا زەبیحی پشت بە فیردەوسی و هەندێک نووسەری تر باسەکەی گەیاندووەتە ئەو ئەنجامەی کە بڵێ کورد خاوەنە ڕەسەنەکەی نەورۆزە. هەر چۆنێک بێ لەم باسانەدا وا دەرئەکەوێ کە نەورۆز بە بۆنەی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەتی پێشدادییەوە هاتوەتە کایەوە کە ئەوانیش باپیرانی مادن و مادیش بە باپیرەگەورەی کورد لەقەڵەم دەدرێن.

کەواتە دوو خاڵی گرنگمان لێرەدا بۆ دەردەکەون: یەکەم، نەورۆز لەگەڵ درووستبوونی و دامەزراندنی یەکەم پاشانشینی جەمشید، واتە یەکەم دەوڵەتی پێشدادیدا دامەزراوە و پەیدا بووە، ئینجا بەدوای ئەواندا لە شێوەیەکی نوێ و پێشکەوتووانەتردا بووە بە جێژنی ئیمپراتوریەتی ماد. دووەم، کورد لە هەموو گەلە ئارياییەنەژادەکانی تر زیاتر خاوەنی ڕەسەنی ئەم جێژنەیە.

ئەوجار دوای سەلماندنی ئەم ڕاستییە باسێکی تر دێتە پێشەوە ئەویش ئەوەیە کە سەرکەوتنی کاوە و شکستی زەحاک نەورۆزی کوردیان کردووە بە دوو جێژن یان ڕاستتر بە سێ جێژن. جێژنی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت لەنێو کۆمەڵگەی کورد و گەلە ئاریاییەکانی تردا. دووەم، کە هەر خۆی کەوتووەتە یەکەم ڕۆژی بەهاری کوردستانەوە کە ڕۆژی ڕاوە دوونانی زستانی سارد و سڕ و بەستەڵۆک و بێکاری و بێ پیت و بەرەکەت و قاتوقڕی بووە. لە چاخی ئەوسای کوردستاندا زستان بێدەرامەتی و بێدەسەڵاتی و بێچارەیی لەگەڵ خۆیدا بۆ کێش کردوون.

بە وتەی دوکتۆر محەممەد موعین لە کۆندا ساڵ دوو وەرز بووە، وەرزی زستان دە مانگ و وەرزی هاوین دوو مانگ، و وایش دەرئەکەوێت کە نەورۆز لەدوای تەواوبوونی ئەو زستانە دووردرێژ و سەختە یەکەم جار پەیدا بوویێت کە وەکو لە کتێبی ("العەسر الجلیدی البلاستوسینی فی کوردستان")دا ئەڵێت: ئەگەر بەپێی چیای ئالپ ڕۆژانی دوای بەستەلۆک بوونی کوردستان بەراورد بکەین، بێگومان ئەبێ بڕیار بدەین کە ئاووهەوا پێش ١١٠٠٠ تاکو ٩٠٠٠ ساڵ ڕۆژانی ساردی تیا تەواو بووە و خانەسەهۆڵی کوردی سەبارەت بەوەی لە هی ئالپی بچووک تر بووە، گۆڕانی ئاووهەوا لە بارێکەوە بۆ بارێکی تر زیاتر گۆڕیویتی... . ئیتر بەم پێیە نەورۆز دوای ڕۆژانێکی زۆر سەخت و گران کە ژیان تیایا یەکجار قورس و دژوار بووە هاتۆتە کایەوە.

کۆمەڵگەی ئەو کاتە تیایا پێی ناوەتە وەرزی بەهاری ڕەنگینی گوڵ و نەسرین و نێرگز و گۆڵاڵە سوورەی دەشت و کێوان و ئاووهەوای سازگار و پیت و فەڕ و بەرەکەتی خاکی کوردستان و بووژانەوەی گیانەوەر و دەستکەوت و داهاتی وڵات و کۆمەڵانی خەڵکەوە. پاش ئەو هەموو ساڵانە کە هاتوون و چوون چیرۆکی کاوە و ئەژدەهاکیشیان بە نەورۆز زیاد کردووە کە گوایا کاوەی ئاسنگەر ئەژدەهاکی لەنێوبردووە و جارێکی تر نەورۆز بە ئازادی و ڕزگاری تێپەڕ بووە و جەژن بووە بە سێ جەژنە؛ جەژنی دامەزراندنی یەکەم دەوڵەت و جەژنی ڕزگاربوون لە قاتوقڕی زستان و جەژنی ڕوخانی شایەکی زۆرداری ڕژێمێکی کوێلەیەیی.ئەوەی ڕاست بێ چیرۆکی کاوە و ئەژدەهاک کە لە ڕۆژی نەورۆزدا ڕوویداوە، وەکو هەموو چیرۆکە مێژوویيیە کۆنەکان لە شێوە و

ئەفسانەپۆشیدا بەرگێکی تایبەتی کراوە بە بەردا. بەڵام لە گەوهەر و ناوەڕۆکدا بریتییە لە بەربەرەکانی نیوان فەرمانڕەوایەکی زۆردار و گەلێکی زۆرلێکراوی خەباتکەری بڕوا بە سەرکەوتن کردوودا.

ماموستا زەبیحی دەربارەی بەسەرهاتی ئەژدەهاک ئەمەی خوارەوەمان بۆ دەگێڕێتەوە:

"ئەژدەهاک بە شەفقە مەشار جەمشیدی داهێنا و خۆی کردە پاشا. دوو مار لەسەر شانی ئەم ئەژدەهاکە بوون، کاتێک برسی دەبوون سەریان دەخستە کونە گوێچکەیەوە و ئازاریان دەدا. بە ئامۆژگاری حەکیمان بۆ چارەکردنی ئەم مارانە هەموو ڕۆژێک دوو لاویان دەکوشتن و مێشکەکەنیان دەرخواردی ئەو دوو مارانە دەدان تاکو ئارام بن و واز لە ئەژدەهاک بێنن. چێشتکەرەکەی پاشا پاش ماوەیەک هەر جارەی لاوێک لەو دوو لاوەی بەرەڵڵا دەکرد و لەباتی مێشکی سەری ئەو، مێشکی حەیوانێکی تێکەڵ ئەکرد و دەرخواردی مارەکانی ئەدان. ئەمانەی بەم جۆرە ئازاد ئەکران، ڕوویان ئەکردە شاخ و کێو تاکو بەرە بەرە زۆر بوون. کاوەیش ئاسنگەرێک بوو چەند کوڕی کوژرابوون تەنیا کوڕێکی مابوو کە بۆی چوون ئەویش بکەنە قوربانی، کردی بە هەرا و کەوڵە چەرمەکەی بەسەر دارێکەوە کرد و خەڵکی لێ کۆبووەوە و پەلاماری کۆشکی ئەژدەهاکیان دا و بردیان لە کێوی دەماوەند بەندیان کرد. فەرەیدوون کە پاشازادەیەک بوو لەجێی ئەویان دانا و ئەو ڕۆژەیان کرد بە جەژن..."

مێژوونووسانی ڕۆژهەڵات یان ڕۆژئاوایی سوورن لەسەر ئەوەی زەحاک یان ئەژدەهاک نێوی بیوراسب ـە و ئەم ناوەیش لەوەوە هاتووە کە خاوەنی دە هەزار ئەسب بووە. دوای جەمشیدی پاشای پێشدادی هاتووە و هەزار ساڵ فەرمانڕەوایەتی بەسەر کۆمەڵگەی پێشدادیدا کردووە. زەحاکیش بۆیە توانیویتی بەسەر جەمشیددا سەرکەوێ چونکە جەمشید لە سەرەتاوە خواناسی کردووە و دادپەروەری لەنێو خەڵکەکەدا بڵاوکردووەتەوە، بەڵام دوای ئەوەی وردەوردە خۆشەویست بووە و خەڵکی زیاتر لە دەوری کۆبوونەتەوە و سەرکەوتنی تازەی بەدەستهێناوە، لە خۆی بایی بووە و داوای لە خەڵکەکە کردووە بە خودای بناسن. ئیتر خەڵکەکە وردەوردە لێی ڕەویونەتەوە و چوون لە وڵاتێکی دوورەوە زەحاکیان هێناوە و لەسەر تەختی جەمشید دایاناوە. زەحاکیش دوو خۆشکی جەمشید بە ناوەکانی ئەرنەواز و شەهرەنازی لە خۆی مارە کردوون. ئیتر جەمشید لەدەست خەڵکەکە هەڵاتووە و سەد ساڵ خۆی شاردووەتەوە، ئەوجار دوای ئەوە زەحاکیش دەستیکردووە بە زوڵم و زۆر و پیاوکوشتن و چەوساندنەوەی خەڵکی. کاوەی ئاسنگەر کە خۆیشی لە شازادەکانی پێشدادی بووە زەحاکی لەنێو بردووە و شازادە فەرەیدونی پێشدادی دورخراوەی هاوردووەتەوە سەر تەختی پاشایەتی لە کۆمەڵگەی پێشدادییەکاندا.

ئەوەی ڕاستی بێ دەربارەی ڕەسەنی زەحاک دوو بیر و بۆچوونی جیاواز هەن: یەکەمیان، ڕەسەنی زەحاک لە پێشدادی جیا ئەکاتەوە و ئەیبەستێ بە سامییەوە. بەتایبەتی بە خەڵکی وڵاتی یەمەن ـەوە کە زۆر جاریش حەبەشەیان پێ وتووە و هەندێ جار دەسەڵاتدارانی ئێستای ئێران دەستیان تێدا بووە. بۆچوونی دووەم، زەحاک کە بە ئەژدەهاک بەناوبانگە هەر بە شازادەیەکی پێشدادی لەقەڵەم ئەدات بەڵام بۆچوونی یەکەم سەرچاوەی زیاتر و مێژوونووسانی زۆرترە.

لە کتێبی "حماسه سرای در ایران"دا وا هاتووە کە "لە سەرجەمی ئەوانەی باسیان کردوون وا دێتە بەردەم کە ئەژدەهاک پیاوێکی پاشانشینی ڕۆژئاوای ئێران بووە و بە سەرزارەکی لە ئاشور یان کلدەوە هاتووە بۆ ئێران و وەکو ئەزانین پێش دامەزراندنی دەوڵەتانی ماد و هەخامەنشی چەند جار ئێران دوچاری هێرشی ئاسوری و کلدانی بوو."

مامۆستا شوکور مستەفا لەسەر نەورۆز لەدوای بڵاوبوونەوەی ئاینی ئیسلام ئەڵێت: "تا ماوەیەک ڕێوڕەسمی نەورۆز کز بوو تا حەجاجی کوڕی یوسفی سەقەفی زۆر بە گەرمەوە ئەم ڕێوڕەسمەی کردووە بە عادەت، وەکو شاکانی ئێران لە نەورۆزە و میهرەگانا دەست و دیاری و بەخشینی وەرئەگرت، هەروەها خەلیفە "المئموون" بایەخی بە نەورۆز داوە،

لە دیوەخانی خۆیدا باسی کردووە و دیاری تیا وەرگرتووە، و عەبدوڵڵای کوڕی تاهیریش یەکێک بووە لەوانەی نەورۆزیان لەنێو موسڵمانانەدا زیندوو کردووەتەوە و لە گەلێ نووسین و شیعری شاعیرە گەورەکانی عەرەبدا باسی نەورۆز بەرچاو ئەکەوێت، وەکو جەریر و بوحتوری و عەلی کوڕی یەحیای مونەججیم و جاحیز و مەسعودی و بەیرونی و جەوالیقی... هتد."

## نەورۆز لە کوردستاندا سێ قۆناخی هەبوون

یەکەم، هەتەرێ و مەتەرێی قەرە چوارشەممە و قرە چوارشەممە کە دەکەوێتە ڕۆژێکی چوارشەممەی پێش نەورۆزەوە کە چوارشەممەی دوایی دەکەوێتە پاش نەورۆزەوە، ئاشکرایە ئەمە لە ڕۆژێکەوە تاکو شەش ڕۆژ لەگەڵ نەورۆز لێک دوور دەبن. لە ئێوارەی ئەم ڕۆژەدا لە هەموو لایەکەوە فیشەکەشێتەیان هەڵداوە و شەویش لاوان لە لادێ، بانەوبان بە ماڵانەوە دەگەڕان. لە شارانیش دەرگا و دەرگا گوریس یان پشتێنیان لە کوڵانەکاندا دادەهێشتە خوارەوە و دەیانوت هەتەرێ و مەتەرێ سەری ئاوڵانم... شتێکمان بۆ باوێژنە سەرێ، بێننە دەرێ.

دووەم، لە جەژنی نەورۆزدا ئەو ئێوارەیەی بەیانییەکەی نەورۆزی تێدا دەکرێ، لەسەر لوتکەی چیاکان ئاگر دەکرێتەوە. ڕۆژەکەیشی وەکو خانی لە مەم و زین دا باسی کردووە خەڵکی ڕوو دەکەنە دەشت و دەر بۆ شایی و کەیف و هەڵپەڕکێ.

سێیەم، سیزدەبەدەر دەکەوێتە سێزدە ڕۆژ دوای نەورۆزەوە. لەم ڕۆژەیشدا خەڵکی پاش نیوەڕۆکەی ڕوودەکەنە دەشت و دەر و گوایە گرانایی ساڵ لە خۆیان ئەکەنەوە.

پاش شی کردنەوەی ئەم سێ خاڵە مامۆستا زەبیحی ئەڵێت: "ئەگەر شۆڕش بەوە بزانین کە لە پێشەوە ئەبێ خۆی بۆ ساز بکەن و خەڵک ڕێک بخەن، ئەوا ناردنە دەرەوەی لاوە ڕزگاربووەکان بۆ دەرەوە لەبەر چاودایە، شۆڕشیش دژی ئەژدەهاک پێویستی بە ئاگادارکردنی دۆستانی شۆڕش هەبووە. هەتەرێ و مەتەرێ و بانەوبان گەڕان و ماڵەوماڵ کردن بۆ ئاگادارکردنی خەڵک بووە. ئەم قسانەیش ئەو شفرەیە بوون کە پێش ڕۆژی شۆڕش بە شۆڕشگێڕان ڕاگەیاندراون. رووخانی ئەژدەهاک پێویستی بە پەلاماردان هەبوو. پەلاماردانیش سەعاتی سفری گەرەکە، ئاگری سەر لوتکەی بەرزی چیاکان کە تا ئەم دواییەش لە دێهاتی کوردستاندا بۆ ئاگادارکردنی یەکتری لە دیتنی مانگ بۆ جەژن کردن کەڵکی لێوەرگیراوە، ئەم ئاگرکردنەوەیە بۆ ئەم مەبەستە بووە.

## نەورۆز لەنێو مێژوونووس و ئەدیبانی کورددا

پێویستە لە باسی نەورۆزدا هیچ نەبێت گەشتێکی سەرپێیی بە ناو بەرهەمی مێژوونووسان و ئەدیب و شاعیر و چیرۆکنووسانی کوردستاندا بکەین، تا وێنەیەکی گشتی ئەم دیاردە نازدارە بکێشین و بیخەینە پێش چاوی خوێنەران. مێژووی کوردیش لە فۆلکلۆری کوردییەوە تاکو پۆپەی باری کۆمەلایەتی لەم باسەدا ڕەنگ ئەداتەوە.

لە هەموو کوچە و پەنایەکی کوردستاندا لەناو هەموو تیرە و کۆڕ و کۆمەڵ و چین و توێژاڵێکدا، لای هەموو کەسانی خوێندەوار و ڕۆشنبیری کورد، لای مەلا و شێخ و گەنج و ئایندار و جیهانویستێکی کورددا نەورۆز هەر پایەبەرز و بایەخدار و مژدەبەر بووە. لەبەر ئەوەیە هەروەکو پیرەمێردی نەمر ئاگری نەورۆزی لە شاری سلێمانیدا کردۆتەوە، هەروەها سەدان هاوکار و هاوشانی تری پیرەمێرد لە شارەکانی دهۆک، دیاربەکر، بەتلیس، قامیشلی، مەهاباد، سەقز، سنە و کرماشان... هتد ئاگری بلێسەداریان لە چیا سەرکەشە ڕەنگینەکانی کوردستان بە هەمان ویست و هیواوە لە هەموو هەلومەرجێکی لەبار و نالەباردا کردووەتەوە.

ئەگەر سەیری وێژە و هەڵبەست و چیرۆکی دەسترەنگینانی سەرانسەری کوردستان بکەین ئەبینین نەورۆز مەشخەڵێکی تیایاندا بەدەستەوەیە، ڕەوتی کۆڵنەدان و ئومێد و مەبەست، وەک ئاڵای بەرشەماڵ ئەشەکێتەوە و وەک ئاوی دەریاچەکانی کوردستان شەپۆل ئەدا. بۆیە شەرەفخانی بەتلیسی و ئەحمەدی خانی و بابە تاهیری هەمەدانی و پیرشالیاری هەورامی و گۆران و شێخ مەحمودی نەمر و دەیان پیاوانی کوردی خاوەن شکۆ و دەسترەنگین و کوردپەروەر لەمەو بەر و ئێستا و لەمەودواش هەر لەسەر ئەم ڕەوت و ڕێبازە بلێسەی ڕووناکی نەورۆز گەشاوە و خۆشتر ئەکەن.

**مەلای جەزیری لە نێوان سالانی ١٤٠٧-١٤٨١دا لە هەڵبەستێکدا ئەڵێت:**

"بێ نار و نورێ محبتی بێ نقش و سونعێ قدرەتی
ناچین مقامی وسلتی نور لنا والیل داژ
ئەڤ نور و سیقالادا لە دائم لوێ قالەدا
نەورۆز سەر سالاد لە وقتی هەلتین ئەو سراج
خەتا بنورا بادەئی ڕەنگین نەکی سجادەئی
دوری ژوی شەهزادەئی دوردانە یا گەردن ژعاج"

**هەروەها دوای مەلای جەزیری، ئەحمەدی خانی دەسترەنگین و بەناوبانگ کە لە نێوان سالانی ١٦٥٠-١٧٠٦ ژیاوە نەورۆزی بەم هەڵبەستە ڕازانۆتەوە:**

**"نەڤرۆز**
دانای معمری کوهەن سال
ئەڤ ڕەنگە کوژ بومە ئەحوال

کو عادەتی پێشیی زمانان
ئەڤ بول هەمی جەهو مکانان
وەفتی وەکو شەهورای خاوەر
تمویلی دەکرە ماهی ئازار
یعنی کو دەهاتە بورجی سەر سال
قەت کەس نەدمادمکسن و دمال
بەلجملە دچونە دەر ژمالان
عتاد گەهشتە پیر و کالان
رۆژا کود بویە عیدی نەورۆز
تەعزیم ژ بودمال ئەفرۆز
سەعرا و چەمەن دکنە مسکن
پەیدا و دەمەن دکرنە گولشەن
خاسما اعزب و کچی دباکر
القسە جواهری د نادر
تێک دا دمزنی و ملبس
فێکر ل تفرجی مرخس
لکن نەبە تهمت و بەمنت
بەلکی بە تەریقی شرع و سفت
ئەو بو کوچ تالب و چ مەتلوب
یعنی دە تەرەف محب و محبوب
ئەڤ هەر دو جلب کو هەڤ ببینن
کقوی دفە ئەو ژ بو خوبین"

هەروەها مەولەوی شاعیریش نەورۆزی ئاوەها هۆنیوەتەوە:



"نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن
یانێ: ئازیزەم یەنامەی تۆ بۆ
ئەی ئەسرین گەرم تاوتاوە ڕاسەن
ئەی دڵەی پەی من هوو ناوەڕاسەن"

پیرەمێردی نەمریش پێش کۆچی دوایی ساڵی ١٩٥٠ پێش ئەوەی ماڵئاوایی لە کورد و نەورۆز بکا هۆنراوەی نەورۆز، ئەم شاکارە ڕەنگینە هەمیشە زیندووەی بۆ بەجێ هێشتوین. دیارە ئەم هۆنراوەی بۆ نەورۆزی ساڵی ١٩٤٩ هۆنیوەتەوە:

"ئەم ڕۆژەی ساڵی تازەیە نەورۆزە هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە
چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێ پەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار
ئەم ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوورو نزیک ئەبرد
ئەوا ڕۆژهەڵات لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
هەر خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە
نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە
تا ئێستا ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا
پێی ناوێ بۆ شەهیدانی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وان لە دڵی میللەتا ئەژین"




ئەمانە چەپکێک لە مێرگ و مێرگوزاری فراوان و ڕازاوەی پرداستانی بەرهەمی بە خوێن و ئارەق و فیداکاری هاتوەتە کایەوە. بە تاڵی و شیرینی ژیان و گوزەرانی خەڵکی کوردستان هەوێن کراو... بەو هیوایە خوێنەران بەم چەپکە ڕازی بن. سەری ساڵی نوی لە هەموو خەڵکی کورد پیرۆز بێ و بەو هیوایە ژیانێکی بەختەوەر و ئازادیان هەبێ لە سایەی کوردستانی فیدرالدا.

مارسی ٢٠٠٦

سەرچاوەکان:

١. "داستانی نەورۆز و نەورۆزی کوردستان" نووسینی حلمی علی شریف، ساڵی چاپ ١٩٩١ بەغداد.
٢. وتاری "نەورۆز، ساڵی ٢٠٠٥ " لە نووسینی: حەمید تەیموری.

# ڕۆژژمێر و ساڵی کوردی و نەورۆز

دیاکۆ

## پێشەکی

هەر وڵاتێک بەگوێرەی ڕۆژژمێر (تقویم)ێ کاروباری خۆی بەڕێوە دەبا و، ساتی قەومانیرووداوێکیش بووە بە دەستپێکی ڕۆژژمێرەکەی.

زۆربەی وڵاتان بەگوێرەی "ساڵی زایینی" هەڵسوکەوت دەکەن؛ هەندێ وڵاتیش وەکوو چین،ئەفغانستان، ئێران و هتد پێڕەوی ساڵی ترن. دانیشتوانی هەر پارچەیەک لە کوردستانیشچونکوو وڵات و دەسەڵاتی سەربەخۆیان نییە، خۆنەویست ڕۆژژمێری ئەو وڵاتە بەکار دەبەن کە تێیدان.

هەڵبەت کورد سەرەڕای بێوڵاتی، ساڵی تایبەتیی خۆی هەیە کە بەو پێیەش"ڕۆژژمێری کوردی" داڕێژراوە. لێرەدا دەمانەوێ باسی «ساڵ» و «ڕۆژژمێر»ە گرنگەکان وپەیوەندی و جیاوازییان لەگەڵ ساڵی کوردیدا بکەین.

---

## ساڵە گرنگەکان

١. ساڵی زایینی (میلادی).
٢. ساڵی هەتاوی (شمسی).
٣. ساڵی کوردی.
٤. ساڵی هەیڤی (قمری).

---

### ١. ساڵی زایینی (میلادی)

دەستپێکەکەی هەفتەی لەدایکبوونی عیسا مەسیحە و، ڕۆژژمێرەکەش "ڕۆژژمێری زایینی"یە.

لە ساڵی ١٥٨٢ی زاییندا، پاپ گریگووری هەشتەم، دوایین ئاڵوگۆڕی لەو ڕۆژژمێرەدا کرد وئێستاکە بە »ڕۆژژمێری گریگووری» بەناوبانگە.

٣١ی دیسامبر، کاتژمێر ١٢ی شەو (٢٤،٠٠)، ساتی گۆڕینەوەی ساڵی زایینییە بۆ ساڵی نوێ.
(لە ساڵی هەتاوییدا، ساتی گوڕینەوەی ساڵ بەو شێوەیە نییە).
لە ڕۆژژمێری گریگووریدا پەیوەندی لەنێوان ساڵ و وەرزەکاندا نییە. بە شێوەیەکی بڕیاردراو، ژمارەی ڕۆژەکان لە حەوت مانگی ساڵدا ٣١ ڕۆژ، لە چوار مانگدا ٣٠ ڕۆژ و مانگێکیش لە ساڵدا بە شێوەیەکی نارێک ٢٨ یان ٢٩ ڕۆژە. هەر چوار ساڵ جارێک، ساڵی پڕ (کبیسە)leap year)یە، مەگەر ئەو ساڵانەی کە شیاوی دابەشکردن بن بە (١٠٠)، بەڵام نەک بە (٤٠٠).
کەوا بێ، ساڵی ٢٠٠٠ ساڵی پڕ بوو (چونکوو شیاوی دابەشکردنە بە ٤٠٠) بەڵام ساڵی ٢١٠٠ساڵی پڕ نییە.
ڕۆژژمێری گریگووری لە هەر ٣٣٣٠ ساڵ یەک ڕۆژی هەڵەیە.
زۆربەی وڵاتانی دنیا پێڕەوی ساڵی زایینین، تەنانەت وڵاتانی عەرەبیش، هەرچەند لەدایکبوونی عیسا مەسیح دەستپێکی ساڵی زایینییە.

---

٢. ساڵی هەتاوی (شمسی)

ئەو ساڵەی کە لە ئێراندا پێڕەویی لێ دەکرێت پێی دەوترێت ساڵی هەتاوی (خورشیدی، شمسی).
هەروەها کوردانی ڕۆژهەڵاتی کوردستانیش کە کەوتوونەتە چوارچێوەی ئەو وڵاتەوە، بەگوێرەی
ئەو ساڵە هەڵسوکەوت دەکەن.
ساڵی هەتاوی (خورشیدی، شمسی) لە بنەڕەتدا هی کلدانییەکان بووکە شارستانییەتێکی دێرین بوون لە (نێوان دووڕووباران = بین النهرین)دا.
ئێرانییەکان پێش لە هاتنی ئیسلام پێڕەوی "ڕۆژژمێری زەردەشتی" بوون و، "ساڵی هەتاوی"یان بەکار نەدەهێنا.
کاتێ عەرەبەکان هێرشیان بردە سەر ئێران، ناچاریانیان کرد کە بەگوێرەی "ڕۆژژمێری عەرەبی"
باج و پیتاک و سەرانەیان بدەنێ. ڕۆژژمێری زەردەشتی لە برەو کەوت.
دواتر ئێرانییەکان ڕۆژژمێرێکیان داهێنا کە لەسەر بنەمای ساڵی هەتاوی دارێژرابوو و سەرەتاکەشی خاکەلێوە (فروردین) بوو.
لە کۆتاییی سەدەی پێنجەمدا، بە خواستی (جلال الدین ملکشاه سلجوقی)، بە سەرکردایەتیی"عومەری خەیام" ـ شاعیر و ئەستێرەناس ـ کۆمەڵێ ئەستێرەناس کۆ بوونەوە و دەستکارییان لەو ڕۆژژمێرەدا کرد. کاتێ ویستیان دەرکەوتنی خاکەلێوە (فروردین) تاووتوێ بکەن، بینییان کە ڕۆژژمێرەکەیان ١٨ ڕۆژ کەموکووڕیی هەیە. ئەوە بوو ١٨ ڕۆژیان خستە سەر ڕۆژژمێرەکە.
ئەو ساڵە، دوو جار، یەکەم تا هەژدەهەمی خاکەلێوەی تێدا بوو.ئیتر لەوە بەدوا ئەو ڕۆژژمێرە بە "ڕۆژژمێری جەلالی" ناوبانگی دەرکرد.
لەو ڕۆژژمێرەدا ساڵ پێک هاتبوو لە ١٢ مانگی ٣٠ ڕۆژە کە لە کۆتاییی ساڵدا ٥ ڕۆژ زێدەی هەبوو (لە ساڵەکانی پڕدا ٦ ڕۆژ).

تا سەرەتاکانی پاشایەتیی (ڕەزاخانی پەهلەوی)، ئەو ڕۆژژمێرە بەکار دەچوو.

لە ساڵی ١٩٢٥دا ڕۆژژمێرێک کە لەسەر بنەمای ڕۆژژمێری جەلالی ئامادە کرابوو ئاراستەی پەرلەمانی (ڕەزا خانی پەهلەوی) کرا و بوو بە ڕۆژژمێری ڕەسمیی ئێران.

ڕۆژژمێری ئێران ـ کە ئێستاکەش هەر بە ڕۆژژمێری جەلالی بەناوبانگە ـ بەگوێرەی سووڕی زەوی بە دەوری هەتاو داڕێژراوە، بۆیە پێی دەڵێن "ڕۆژژمێری هەتاوی" (خورشیدی، شمسی).هەر ساڵێک نزیکەی ٣٦٥ ڕۆژ، ٥ کاژێر و ٤٩ خولەکە.

---

ساڵی پڕ:

ئەو ساڵانەی کە ٣٦٦ ڕۆژن پێیان دەوترێت: "ساڵی پڕ" (کبیسه **leap year**).
لە ڕۆژژمێری هەتاویدا دەکرێ بوترێت لە هەر ٣٣ ساڵ، ٨ ساڵی، ساڵی پڕە. ساڵی پڕ ئەوساڵانەن کە کاتێ دابەش کرێن بەسەر ٣٣دا، پاشماوەکەیان دەبێتە یەکێک لەم ژمارانە:(٦، ٢٢، ١٧، ١٣، ٩، ٥، ١ و ٣٠).
بۆ وێنە ئەگەر ١٣٧٠ دابەش کەین بەسەر ٣٣دا، پاشماوەکەی دەبێتە ١٧، کەوا بێت ساڵی ١٣٧٠ ساڵێکی پڕە.

---

## ساڵ گۆڕین:

سەرەتای ساڵ، ساتێکە کە هەتاو لە "نیوگۆی باشووری" بەرەو "نیوگۆی باکووری" بەسەرهێڵی ئیستوادا تێ دەپەڕێ. بەو جۆرە ساڵ دەگۆڕێ بۆ ساڵی نوێ و نەورۆز دەست پێ دەکات. جا ئەگەر ئەو گۆڕانە پێش لە نیوەڕۆ (بە کاتی تاران) بێت، ئەو ڕۆژە دەبێتە یەکەم ڕۆژی ساڵ واتە ١ی نەورۆز. بەڵام ئەگەر لە نیوەڕۆ یان دوای نیوەڕۆ بێت، ڕۆژی دواتر دەبێتە یەکەم ڕۆژی سەری ساڵ.

لەبیرمان نەچێت، لەو کاتەدا بەهار تەنیا لە "نیوگۆی باکووری"ی زەوی دەست پێ دەکات،لە "نیوگۆی باشووری"ی زەویدا پاییز دەست پێ دەکات. کەوا بێ، باش نییە بڵێین بەهاردەست پێ دەکات، ڕەنگە باشتر بێ بڵێین نەورۆز (خاکەلێوە) دەست پێ دەکات.
لەم ڕۆژژمێرەدا هەر ساڵێک ١٢ مانگە، شەش مانگی یەکەمی ٣١ ڕۆژە و پێنج مانگی دووەم ٣٠ ڕۆژە و، دوایین مانگ، ئەگەر ئەو ساڵە ساڵی پڕ بێت ٣٠ ڕۆژە، ئەگینا ٢٩ ڕۆژە.

---

یەکەم ساڵی ڕۆژژمێرەکە:

ساڵی دەستپێکی ئەو ڕۆژژمێرە، واتە ساڵی ۱ی ڕۆژژمێرەکە، ئەو ساڵەیە کە پێغەمبەری ئیسلام (د.خ.) لە شاری مەکەوە کۆچ (هجرت) دەکات بۆ شاری مەدینە (ساڵی ٦٢٢ی زایینی).هەر بۆیە بە ساڵی هەتاوی دەڵێن "ساڵی کۆچیی هەتاوی" (هجری شمسی).

ڕۆژژمێری پاشایەتی: دوایین شای ئێران (موحەمەد ڕەزا پەهلەوی)، ویستی ساڵی ۱ی ڕۆژژمێرەکە بکاتە کاتێ کە ئیمپراتۆریی ماد ڕووخێنرا و پاشایەتیی هەخامەنشیی پارس بۆ یەکەم جار لە ئێراندا دەسەڵاتی گرتە دەست. لە ڕێکەوتی ١٣٥٤/١٢/٢٤ مەجلیسەکانی (شورای ملی) و (سنا) بڕیاریان دا کە دەستپێکی ڕۆژژمێری ئێرانی ببێتە دەستپێکی پاشایەتیی کووروش (یەکەم پاتشای هەخامەنشی کە ئیمپراتۆریی مادی ڕووخاند و بەو جۆرە پارسەکان دەسەڵاتیان گرتە دەست). لە دەستپێکی ساڵی ١٣٥٥دا ڕۆژژمێری پاشایەتی (تقویم شاهنشاهی) بەکار برا و بوو بە ساڵی ٢٥٣٥ی پاشایەتی.

بەڵام بە سەرهەڵدانی شۆڕشی ئێران کە بوو بە هۆی ڕووخانی حکوومەتی پاشایەتی لە ئێراندا، ئەو بیرۆکەیە تێک چوو و لە ڕێکەوتی ١٣٥٧/٦/٥ ڕۆژژمێری پاشایەتی هەڵوەشێنرایەوە و بووەوە بە "کۆچیی هەتاوی" (هجری شمسی).

---

یەکەم ڕۆژی ڕۆژژمێرەکە:

ڕۆژی دەستپێکی ڕۆژژمێرەکە، کرایە ۱ی بەهار، کە ۱ی نەورۆزی ئەو ساڵە بوو کە پەیامبەری ئیسلام تێیدا کۆچ (هجرت)ی کردبوو بۆ مەدینە. (١/١/١ی ساڵی هەتاوی بەرانبەر بوو لەگەڵ ڕۆژی هەینی ١٩ی مارسی ٦٢٢ی زایینی).

کەوا بێت ساڵی ۱ی هەتاوی = ساڵی ٦٢٢ی زایینی، واتە ساڵی زایینی ٦٢١ ساڵ لە ساڵی هەتاوی گەورەترە:(٦٢١ = ١ – ٦٢٢)

کەوا بێ، ئێرانییەکان لە ڕۆژژمێری جەلالیدا بە تیرێک دوو نیشانیان پێکاوە، هەم دابونەریتی خۆیان پاراستووە، هەم ڕۆژێکی گرنگی ئیسلامییان بەکار هێناوە:

١. یەکەم ڕۆژی ساڵ، ۱ی نەورۆزە، کە دابونەریتێکی دێرینەیە.
٢. یەکەم ساڵی ڕۆژژمێرەکە، واتە ساڵی ۱ی ڕۆژژمێرەکە، ساڵی کۆچ (هجرت)ی پێغەمبەری ئیسلامە لە مەکە بۆ مەدینە، کە بۆنەیەکی گرنگە لە جیهانی ئیسلامدا.

---

مانگەکانی ڕۆژژمێری ئێرانی، کە بنەڕەتی ئاڤێستاییان هەیە بریتین لە:

- بەهار: (١. فروردین ٢. اردیبهشت ٣. خرداد).
- هاوین: (٤. تیر ٥. مرداد ٦. شهریور).
- پاییز: (٧. مهر ٨. آبان ٩. آذر).
- زستان: (١٠. دی ١١. بهمن ١٢. اسفند).

---

گۆڕینی ساڵی زایینی بۆ هەتاوی:

چونکوو ساڵی زایینی و ساڵی هەتاوی لە یەک ڕۆژدا دەست پێ ناکەن، کەوا بێت ناشتوانن بەرانبەری یەک بن. بۆ گۆڕینی ئەو دوو ساڵ بۆ یەکتری دوو ئەگەر هەیە کە لێرە باسیان دەکەین:

١. ئەگەر لە نێوان ١ی ژانڤییە هەتا ٢٠ ـ ٢١ی مارس ـ بەستە بەوەی کە نەورۆز بکاتە کام لەو ڕۆژانە ـ (١ی نەورۆز)ی ئەو ساڵە زایینییە بێت، ٦٢٢ ساڵ لە ساڵە زایینییەکە کەم دەکەینەوە. بۆ نموونە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی ئاوا دەکەین:(٢٠٠٥ – ٦٢٢ = ١٣٨٣)

٢. ئەگەر دوای ٢٠ ـ ٢١ی مارس (١ی نەورۆز) هەتا کۆتایی ئەو ساڵە زایینییە بێت، ٦٢١ ساڵ لە ساڵە زایینییەکە کەم دەکەینەوە. بۆ نموونە بۆ ساڵی ٢٠٠٥ی زایینی ئاوا دەکەین:

(٢٠٠٥ – ٦٢١ = ١٣٨٤)

دیارە ئەگەر ساڵی هەتاویشتان هەبێت و بتانەوێ بیکەنە زایینی بەپێچەوانەی سەرەوە دەکەن:

١. (١٣٨٣ + ٦٢٢ = ٢٠٠٥)

٢. (١٣٨٤ + ٦٢١ = ٢٠٠٥)

بۆمان دەر کەوت کە ڕۆژژمێری ئێرانی، هاوکات کە ڕۆژژمێرێکی هەتاوییە، ڕۆژژمێرێکی کۆچیشە، واتە: کۆچیی هەتاوی (هجری شمسی)یە.

---

٣. ساڵی کوردی

ساڵی کوردییش، هەر وەک ساڵی ئێرانی، ساڵێکی هەتاوییە. واتە بەگوێرەی سووڕی زەوی بە دەوری هەتاوە. ژمارەی مانگەکان و دەستپێک و کۆتاییی ساڵەکان و ساتی گۆڕان بۆ ساڵی نوێ، کتومت هەر وەک ساڵی ئێرانییە. بەڵام دوو جیاوازیی سەرەکیی هەیە کە بریتین لە:

١. ڕۆژژمێری کوردی بەپێچەوانەی ڕۆژژمێری ئێرانی، کۆچی نییە. بەڵکوو ساڵی ١ی ڕۆژژمێری کوردی ئەو ساڵەیە کە ئیمپراتۆریی مەزنی ماد لە لایەن "دیاکۆ"وە دامەزرا. ئەویش ٧٠٠ ساڵ پێش لە زایین بوو.
٢. لە سەردەمی "کۆماری کوردستان" لە مەهابادا ناوی مانگەکان کران بە کوردی کە بریتین لە:

- بەهار: (١. خاکەلێوە ٢. بانەمەڕ ٣. جۆزەردان).
- هاوین: (٤. پووشپەڕ ٥. گەلاوێژ ٦. خەرمانان).
- پاییز: (٧. ڕەزبەر ٨.خەزەڵوەر ٩. سەرماوەز).
- زستان: (١٠. بەفرانبار ١١. ڕێبەندان ١٢. ڕەشەمە).

سەرنج: بە خاکەلێوە، (نەورۆز) و بە بانەمەڕ، (گوڵان) و بە خەزەڵوەر، (گەڵاڕێزان)یش دەوترێت.

---

بەراوردی ساڵی کوردی لەگەڵ ساڵی هەتاویی کۆچیدا:

ساڵی کوردی (١٣٢١) ساڵ لە ساڵی ئێرانی گەورەترە. ئەگەر ئەمساڵ ساڵی (١٣٩٢)ی هەتاوی بێت، ئاوا دەبێتە کوردی:
(١٣٩٢ + ١٣٢١ = ٢٧١٣)

یان ئەگەر ساڵی کوردیمان هەبێت، بۆ ئەوەی بیکەینە ساڵی کۆچیی هەتاوی (ئێرانی) بەپێچەوانەی سەرەوە دەکەین:
(٢٧١٣ - ١٣٢١ = ١٣٩٢)

---

بەراوردی ساڵی کوردی لەگەڵ ساڵی زایینیدا:

یەکەم ساڵی دەستپێکی ڕۆژژمێری کوردی ٧٠٠ ساڵ پێش لە زایین بووە. بەهاری ئەو ساڵەش دەستپێکی ساڵەکە بووە. هەروەکوو چۆن ساڵی کۆچیی هەتاوی هاوکات نییە لەگەڵ ساڵی زایینیدا، ساڵی کوردیش لەگەڵ ساڵی زایینیدا هاوکات نییە. ساڵی کوردی ٧٠٠ ساڵ لە ساڵی زایینی گەورەترە. بۆ گۆڕینی ئاوا دەکەین:

١. ئەگەر لە نێوان ١ی ژانڤییەی ساڵی زایینی تا ٢٠ یان ٢١ی مارس (واتە ١ی نەورۆز) بێت، ٦٩٩ ساڵ دەخەینە سەر ساڵە زایینییەکە، دەبێتە ساڵی کوردی، بۆ نموونە ئەگەر ساڵی ٢٠٠٥ بێت ئاوا دەکەین:

(٢٠٠٥ + ٦٩٩ = ٢٧٠٤)

کە ئەگەر ساڵی کوردیمان هەبێت بە پێچەوانەی سەرەوە دەکەین:

(٢٧٠٤ - ٦٩٩ = ٢٠٠٥)

٢. ئەگەر لە نێوان ٢١ی مارس تا ٣١ی دیسامبر بێت، ٧٠٠ دەخەیەنە سەری. بۆ نموونە ئەگەر٢٠٠٥ بێت ئاوا دەکەین:

(٢٠٠٥ + ٧٠٠ = ٢٧٠٥)

کە ئەگەر ساڵی کوردیمان هەبێت بە پێچەوانەی سەرەوە دەکەین:

(٢٧٠٥ - ٧٠٠ = ٢٠٠٥)

---

٤. ساڵی هەیڤی (قمری)

یەکێکی تر لە ساڵەکان کە لە جیهانی ئیسلامیدا گرنگیی خۆی هەیە، ساڵی هەیڤی (قمری)یە. ئەم ساڵە لە لایەکەوە وەک ساڵی ئێرانی، ساڵێکی کۆچی (هجری)یە، واتە یەکەم ساڵی ئەو ساڵەیە کە پێغەمبەر لە مەکەوە بۆ مەدینە کۆچی کرد. لە لایەکی ترەوە بە پێچەوانەی ساڵی ئێرانی کە هەتاوییە، وەک لە ناوەکەیەوە دیارە، ساڵی هەیڤی، ساڵێکی هەیڤی (قمری)یە. واتە ئەو ماوەیە کە هەیڤ لە (هلال)ی خۆیەوە دەورێکی خۆی لە ماوەی ٢٩ ڕۆژ و ١٢ کاژێر و ٤٣ خولەک دەپێوێ. ساڵی هەیڤی (قمری) ٣٥٤ ڕۆژە.

---

نەورۆز

نەورۆز دابونەریتێکی زۆر کۆن و دێرینە کە لە لایەن کورد و فارس و ... بە شێوەی جۆربەجۆر

دەگیرێ. ڕەگ و ڕیشەی دەگەڕێتەوە بۆ کەونارایەکی پێش لە مێژوو. هەندێ کەس بە هەڵە پێیان وایە زاڵبوونی کاوە بەسەر زوحاک سەرچاوەی نەورۆزە. بەڵام نەورۆز زۆر لە ئەفسانەی زوحاکیش کۆنترە.

شارەزایانی نەورۆز، بڕوایان وایە (جەمشێد شا) کە یەکێک لە پاتشاکانی پێشدادییەکان بووە،نەورۆزی داهێناوە. ژیانی ئەو پاتشایانە لە ئەفسانە بەدەر نییە و بەسەرهاتەکانیان زۆرخەیاڵین و سەردەمەکەشیان پێش لە چاخی مێژووە.کەوا بێت بنەمای نەورۆز دەگەڕێتەوە بۆ چاخە دێرینەکان.

کەونارایییەکان پێیان وا بووە کە لە مانگی نەورۆزدا "گیانە پاکەکان" سەردانی کەسوکارەکانیان لەسەر زەوی دەکەنەوە و ئاگر هەڵدەکەن و" خوانی حەوت سین" دەچنن و بەدەوریدا دادەنیشن. بۆیە چەند ڕۆژێک پێش لە هاتنی نەورۆز، خەڵک دەست دەکەن بە تەکاندنی کەلوپەل وناوماڵەیان و جلی نوێ لەبەر دەکەن و بە ئاگرهەڵکردنەوە دەچنە پێشوازی نەورۆز.

دیارە نەورۆز لە ناوچە جۆربەجۆرەکاندا بە شێوەی جیاواز دەگیرێ و دابونەریتەکانی نەورۆزلای گەلانی ناوچەکەش جیاوازیی هەیە.

سەرچاوە : ماڵپەڕی زانستپەروەرانی کورد / ڕێکەوتی : ٢٠ی مارچی ٢٠٠٥

## *پیرەمێرد و نەورۆز*



ئەم ڕۆژی ساڵی تازەیە نەورۆز هاتەوە
جەژنێکی کۆنی کوردە بە خۆشی و بە هاتەوە

چەند ساڵ گوڵی هیوای ئێمە پێپەست بوو تاکو پار
هەر خوێنی لاوەکان بوو گوڵی ئاڵی نەوبەهار

ئەو ڕەنگە سوورە بوو کە لە ئاسۆی بڵندی کورد
مژدەی بەیانی بۆ گەلی دوور و نزیک ئەبرد

نەورۆز بوو ئاگرێکی وەهای خستە جەرگەوە
لاوان بە عەشق ئەچوون بە بەرەو پیری مەرگەوە

ئەوا ڕۆژهەلات، لە بەندەنی بەرزی وڵاتەوە
خوێنی شەهیدە ڕەنگی شەفەق شەوق ئەداتەوە

تا ئێستە ڕووی نەداوە لە تاریخی میللەتا
قەڵغانی گوللە سنگی کچان بێ لە هەڵمەتا

پێی ناوێ بۆ شەهیدی وەتەن شیوەن و گرین
نامرن ئەوانە وا لە دڵی میللەتا ئەژین

---

## نەورۆز

**مامۆستا هێمن**

بە بەرگی سەوزە ڕازاوە قەد و لاپاڵ و شیو و دۆڵ
چرۆی دەرکردەوە دار و، ملی دا یەکتری گیا و گوڵ
بەسەر بەفری کەوی داکرد شەماڵی خاکەلێوە، خۆڵ

ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

چلەی زستانی ناخۆش بوو، تەزووی سەرمایە پیاوی سڕ
دەکرد و، کوچە و کۆڵان لە بەفر و لیتە بووبوون پڕ
بەهار هات و دەخەملێ کێو و دەشت و بەندەن و لاخڕ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

بە سۆزی بای بەیان لێوی کراوە خونچەیی خەندان
لەسەر چڵ بولبولی شەیدا لە خۆشی گوڵ دەڵێ بەندان
بەجێ هات ئارەزووی لاوان و گەرمە کۆڕی گۆڤەندان
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

لەخۆی داوە بەرەڵبێنە کچی کابانی گەردن کێل
بە ناز و غەمزە دەڕوانێ، دەکا شینکەی نەرم پێشێل
لەگەڵ بۆنی وەنەوشە تێکەڵاون بۆنی عەتر و هێل
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

سەری کوێستانی بەرزی کوردەواری تێی نەکەوتوون خاڵ
لە دەشت و بەر پەساران هەڵدراون چادر و ڕەشماڵ
نەمان بێگانە تاکو جێژنەمان لێ تاڵ بکەن ئەو ساڵ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

حەساوە پیاوی ڕووت و قووت و بێ ئەنوا و بێ ئێروو
ژیاوە گیانلەبەر دیسان، لە کون هاتە دەرێ مێروو
لەسەر گوێسوانە دەخوێنن بە پۆل پاساری و سێرۆ
ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە
بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

له دنیادا کەمە هاوتای بەهاری جوانی کوردستان

ئەویش ئەو ساڵ کە لایێکی نەجاتی بوو لە ژێر دەستان

لە خۆشی ئەو وڵاتە شاعیریش بۆتە هەزار دەستان

ڕەفیقان ڕۆژی کوردانە، بەهارە، جێژنی نەورۆزە

بە دڵ لێتان دەکەم لەو ڕۆژەدا من جێژنە پیرۆزە

---

# جه ژنی نه ورۆز newroz

**مامۆستا وه فایی**:

نه سیمی بادی نه ورۆزی شه میمی عه بهه ری هێنا

به ریدی عاشقان دیسا ن په یامی دولبه ری هێنا

نه وید ئه ی عاشقانی دڵ فیگار یار هاته سه ر خه نده

سه دایی بولبولان دیسان دره ختی گوڵ به ری هێنا

مه گه ر رووی که وته زولف و رووی حه بیبم بادی نه ورۆزی

حه یاتێکی به دونیا داوه بۆی گوڵ عه نبه ری هێنا

به فه تحی دڵ ده لێی یار زولف و سینه و رووی وه ده ر ناوه

له نه سرین و گوڵ و سونبول به هار هات له شکه ری هێنا

ده لێی چاوی منه هه وری به هاری ده م به ده م ده گری

ده لێی ئاهی منه به رقی دره خشان ئاوری هێنا

هه وا چوو پر به دامانی ده ر و ده شتان گوڵی کێشا

سه با هات پر به جێبی کۆهساران عه نبه ری هێنا

له به ر به زمی وه نه وشه و جوو و که ناران لاله په یدا بوو

به تاریکیی خزر بۆ چه شمه شای ئه سکه نده ری هێنا

که ئیسلامی به هار فتوای جیهادی کافری ده ی دا

سنه وبه ر نێزه،گوڵشه ن گورزو،سۆسه ن خه نجه ری هێنا

نیسار ئه فشان به پا ئه ندازی سولتانی به هار هاتن

سه مه ن دیبا،شه قایق ئه تڵه سو،گوڵ مه خمه ری هێنا

له شایی داره گوڵ مه سنه د نشین بووهاته پشکۆتن

چه مه ن ته ختی زومه رروده د،تل یاقووت ئه فسه ری هێنا
له به زمی نێرگس و نه سرین به ده فعی چاوه زاری گوڵ
وه نه وشه ده سته ده سته عوودو،لاله مه جمه ری هێنا
له میخانه ی چه مه ن به زم وته رببیان گرت،قه ده ح نۆشان
شه قایه ق باده،زه نبه ق شیشه،نێرگس ساغه ری هێنا
له چه هچه ی سازو نه غمه ی عه نده لیبان سووت هه موو دونیا
سه دایی تارزه ن،ئاوازی خۆش خوان،ئاوری هێنا
حیکایاتی غه ریبه ی پێیه بولبول جوملە خۆکردی
ده ڵێی چاپاری ئێران رۆژنامه ی ئه خته ری هێنا
به شه وقی روویی لاله وگوڵ له باغان وا چراغانه
ده ڵێی باغی جه نه ت ئه مساڵ به ری حۆرو په ری هێنا
له گوڵشه نداره یاحین مه ست و شادابی هه وای خۆشن
ده ڵێی ریزوانه بۆ ئه هلی به هه شتی که وسه ری هێنا
شکۆفه و گوڵ به عیشوه و خه نده ئارامی ده روونیان دا
به هار بۆخه سته کانی خۆی چ شیر و شککه ری هێنا؟
به زه رد و سوو ره وه خه ملێوه بۆ دامادی بولبول هات
وه ره ق (معجز)،ئه رز گوڵگۆنه،شه ونم زێوه ری هێنا
هه موو که س چاوه روانی لێک ده که ن وه ک سورمه یان دیبێ
مه گه ر بای سه با خاکی گوزاری دولبه ری هێنا
چ دولبه ر؟ئافتابی ماهروویان و شه که ر لیوان
که خه ندێکی به سه حرا گوڵ له ده ریا گه وهه ری هێنا
به بێ شاباشی سه ر به قسه ی "وه فای"گوڵ چرا نابێ
که بولبول هه ر زمانی هه ن هه نده په روانه ش سه ری هێنا

---

## شینی هەڵەبجە بەهاری کوردەواری.

### مامۆستا حەقیقی

بە جورعە و مورعە کار پێک نایە ساقی پرکە مینایە
بەقەد کێوی دەماوەند وسەهەندم خەم لە دڵ دایە
بەهارە و لێی تەوەللایە گەشەی باغ و نەشەی بولبول



بەهارە و کەس لە گوێی نایە نەوا و ناڵەی دەف و نایە
بەهارە و بولبولی باغی تەبیعەت مات و بێ دەنگە
بەهارە و نایە قاسپەی کەو بەهارە و دەنگی نەی نایە
بەهارە و کاتی زیندووبوونەوە و رازانەوەی عەرزە
بەڵام چەلچەل لەرووی حیکمەت قەزا بەرعەکسی مانایە
بەبۆمی شیمیایی و مووشەک و ئەبزاری وێرانگەر
وڵاتی نیشتمانی ئێمە وێنەی هیرۆشیمایە
دیهات و شاری خاپوورە و لەسەر عەرزی سەماویشی
بەغەیری بۆنی بۆم و دەنگی بوومی شوومی لێ نایە
لەخوێن گەوزیوەکانی شارەکانی نیشتمان زۆرن
بەڵام شاری هەڵەبجەی پێش قەڕەوڵ و دەس بەئاڵایە
بەهارە و وەک گەڵارێزانە تەرمی نۆنەمامانی
نەما مانی هەتا ڕەسمی نەمامانی بکێشایە
لەبانگێدان و قوڕپێوان و قژهەڵکەندنە لەولا
گرین و خۆڕنین و شین و واوەیلایە لەم لایە
سەدان خونچەی نەپشکووتوو هەزاران نەرگیسی خەوتوو
بەگێژی گێژەڵووکەی بای دژی ژین تەرت و توونایە
شەڵاڵی خوێنی خۆیانن دەبا قەت شین نەبێ لالە
ڕەفیقی شین و گریانن چ موحتاجن بەشینایە
سەدان دایک دەبینی کۆرپەساواکەی لە باوەشدا
مەمی دایەی لە دەم دایە و لە هیچانیش پشوو نایە
وڵاتێکی کە کۆڕی کەیف و خۆشی بوو وەها گۆڕا
بووە گۆڕی هەزاران کیژ و لاوی دڵ بەدنیایە
گڕی تێبەر بوو پارچەی رووی سپی و شینی بەڕەش گۆڕی
لە جێی بەزم و تەرەب شینگایە حیجلەی بووک و زاوایە
گوڵی باغی ژیان پەڕپەڕ بوو جەرگی لالەکان سووتا
وێشک بوو سونبول و نەسرین هەڵاڵە و سوێسنە بۆی نایە
لە کێ بیستووتە فەسڵی گوڵ نەمامان شەختە لێی دابن
لە باغی کێ بەهاران دیوتە سەروی نازی پێ رایە
ئەگەر پێت خۆشەحاڵی بی لە مانای زەلزەلەی ساعەت
بڕۆ شاری هەڵەبجەی زەلزەلەی خستۆتە دنیایە
چیا بۆ رۆڵەکانی شێن دەکا و رووی خۆی رنی بۆیە

شیاری روومەتی پەیدایە کاتی رۆشن و سایە
لە ئادارا هەور ئەسرین دەبارێنێ لە گوڵزاری
گوڵ و ئەسرینی نیسان و ئەیاریش خۆی و ئەو خوایە
براکان من عەزاداری عەزیزانم بەڵام چبکەم
لەقەڕنی بیستەما ئێستاش بەهاری کوردی هەروایە
بەرەنگی سوور و شین خەملێوە باغی لێ ژیان یانی
دەمێ سوور و دەمێکی شینە ئەو قانوون و یاسایە
سپی قاتی نشین بۆ قوژبن و سووچی دەواری رەش
وەتەن ئاوارە و بێ سووچ و تاوانن لەسەحرایە
بەیاسای کۆمەڵی بەینەلمیلەل یاساغە شەڕ ئەمما
لەخاکی نیشتمانی خۆی قڕانی کوردی فتوایە
هەبێ گەر لاگری مافی بەشەر سابت دەبێ عونقا
مەڵێ شوورا هەوایە و کۆمەڵی بەینەلمیلەل بایە
ئەگەر قاچاغە بۆمی شیمیایی بۆ پڕن ئێستا
لەزامارانی سەممی خەستەخانانی ئورووپایە
هەرا لەو هۆدەیەی بێهوودەیە کەس سودی لێ نابا
عەداڵەت لای ئەوان بێ قەدرە ئیسمی بێ موسەممایە
وەرن ئەی بەچکە شێرانی سەلاحەددینی ئەییووبی
وەرن ئەی میللەتی خاوەن شکۆ و ئازا و بەرزپایە
وەرن هێرش بەرن مەردانە و کوردانە دەربێنن
بەمەڵغەی ئاسنین بەردی بناغەی بەعسی بەغدایە
مەگەر لای ئەو جینایەتکارە پووشە میللەتی کوردی
بەوێنەی جەنجەڕێ دەی ئەنجنێ و دەیخاتە بەر بایە
وەبیروودێ لە کۆڕی ئەلجەزیرەی چی بەسەر هێنان
وەکوو هەرزن بڵاو و سووکی کردن وەک پەڕی کایە
دێهاتی لێ رماندن، باغی سووتاند ئاوی خنکاندن
بەسووتان و رمان بەرجە بەخنکانوو دەکا کایە
دەبێ کێ بێ رەز و کۆخی نەسووتابێ و نەرووخابێ
چ کوردێ بوو ئەوەی زیندان و تەبعیدی نەدیبایە
جنایەتکاری قەرن و خوێنمژە سەددامی تەکریتی
بەفتوای شەرع و دین مەحکوومی قەهری حەق تەعالایە
کند با مردمان با گاز خردل بازی آن خردل

بود نابخردی امید مردی زین فرومایه

وەرن ئێوە و خوداتان یەک کەون بۆ تۆڵە ئەستاندن

حەقیقی غەیری هاوار و دوعا چیدی لە دەس نایە

بۆکان بەهاری ١٣٦٧ی هەتاوی

ئەم وێنەیە لەگەڵ شێعرەکە لە فەیسبووک وەرگیران

١٦ی ٣ی ٢٠١١

---

# نەورۆز

## عەبدوڵڵا پەشێو

ئەم ساڵ بێ چیا نەورۆز ناکەم

بێ بۆنی گیا ، نەورۆز ناکەم

نەورۆز ناکەم بێ بڵێسەی سووری ئاگر

نەورۆز ناکەم ، ئەگەر رەشبەڵەک تۆز نەکا و

خۆم نەبم بەسەر چۆپی گر !

کزەی جەرگم

بەیانی زوو هەڵمسێنە !

زۆر دەترسم

کەوێک

کارێک

گوندێک

شارێک

چەمێک ، چیایێک لەبیر بکەم !

زۆر دەترسم ،

دارێک

بەردێک

کوختێک

گەردێک

بنچە گیایێک لەبیر بکەم

بەیانی زوو هەڵمسێنە !

دیسان مەڵێ (( باتێر خەو بێ ))

سوێندم بە چیا خواردوە

کە کوردستانە دوورەکەم

بە گەرمێن و کوێستانەوە

بگوازمەوە بۆ غەریبی بۆ ژوورەکەم !

١٩ مارس ٢٠١٢: رۆژپرێس|Rojpressبیان دیدگاە

---

# جێژنی بەهار.

**نووسینی: مامۆستا ئاشق**

بەهارە دەشت و کێو یەکسەر لیباسی ئەتڵەسیی پۆشی

بەسەرچوو کاتی دڵتەنگی و وەدەرهات سەردەمی خۆشی

تەماشای گوڵشەن و چیمەن دڵان دێنـــــێتە سەرخۆشی

دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکـــێنە خامۆشی

نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنـــێتە سەرخۆشی

بگێرە جامی مەی ساقی بە دوو دەستی بلووریـــــــــنت

سەما کە و لەنجە بێنە، ناز بدە چاوانی نەخشـــــــینت

بە عیشوە تێبکە بۆمان شەڕابی کۆنـــــی ڕەنگـــینت

دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشکێنە خامۆشـــی

لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنـــــــێتە سەرخۆشـــی

لە خەو چاوی هەڵێنا گوڵ کە دیتی عەرزی ڕەنگاوڕەنگ

بە قاقا پێکەنی پشکووت، لەتیف و جوان و شۆخ و شەنگ

گوتی:"بولبول دەمی وەسڵە وەرە بخوێنـــە بۆم ئاهەنگ"

دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشـــــکێنە خامۆشی

کە ڕۆژی شادییە، دایکی تەبـــــــــیعەت پڕ گوڵە کۆشی

شنەی بای بەربەیان هێنای لە گەڵ خۆی بۆنی عەتری گوڵ
دەخوێنن بولبول و قومری لە نێو باخا بە ســـــۆز و کوڵ
خەریکی بەزم و گۆرانین مەلی خۆشخوێن لە بانی چڵ
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشـــکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنـــێتە سەرخۆشی

لە شاخا دەنگی کەو هەروا لە نێو باخـــا هەزاردەستان
بە نەرمی ڕازی زیندوومان دەچرپێـــنێتە گوێی مەستان:
"دەمی کار و ژیان ئێستایە، ســبحەی دوورە بۆ هەستان"
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشـــکێنە خامۆشی
لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنێـــــــــتە سەرخۆشی

تەوژمی خێروخۆشی دایچەماند پشـــتی پەژارە و دەرد
کراوە چاوی کانی، هەڵقوڵی فرمێســـــکی ڕوونی هەرد
بە ڕێژنەی ئەشکی شادی زەردەخەنەدە کەوتە لێوی بەرد
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشـــکێنە خامۆشی
کە ڕۆژی شادییە، دایکی تەبیـــــعەت پڕ گوڵە کۆشی

لە هەر شوێنێ کە دەڕوانی بیـــساتی عەیشە بەرپایە
بە دەستە بۆ سەیاحەت کۆمەڵی عالەم لە ســـەحرایە
قریوەی بەزم و خۆشحاڵی لە هەرگۆشـــە و لە هەر لایە
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشـــکێنە خامۆشی
نەوای عیشق و ئەوین لێدە کە دڵ دێنێتە ســـەرخۆشی

ئەتۆش "ئاشق" مەکە سستی بچۆ ســەیرانی نێو گوڵزار
لە بن دارێکی دانیشە و بە یادی لێو و کوڵـــــمەی یار
تەماشا کە گوڵ و سەوزە و بە دڵگەرمی بڵێ ئەشـــعار
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نـــەی بشکێنە خامۆشی
لە باڵای دڵبەرم بدوێ کە دڵ دێنێتە ســـــەرخۆشی

بەڵێ خۆشە بەهارت کوردەواری نیشـــــــتمانی خۆم

بەهەشتم، ڕووگەکەم، ئەی دڵبـەر و دڵداری جوانی خۆم
لە ڕێگەت دا وەتەن هەرگیز درێغ ناکـەم لە گیانی خۆم
دەسا موتریب بە دەنگی ساز و نەی بشـــــکێنە خامۆشی
سروودی ڕاپەڕین لێدە کە گەل دێنێـــــــــتە سەرخۆشی

ئاشق بەهاری ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی
٢٠ی ٣ی ٢٠٠٨

---

## نەورۆز.

**ئەحمەد قادری**

دە هەستە بولبولی شەیدا مەقامێ
ئەوە نەورۆزە دەی سا تۆش پەیامێ
بڵێ بە سوورە گوڵ چارشێوی لادا
غەمی زستان و سەرما و سۆڵ بە بادا
ئیتر وەیشوومەی شووم نایبەزێنێ
کرێوە و شەختە پەلکی ناوەرێنێ

فەنای زستانە شینی زەمهەریرە
شکاوە لشکری بەفر و کلێرە
شەماڵ تەرمی سەهۆڵ بەندان دەنێژێ
ڕنوو فرمێسکی حەسرەت هەڵدەرێژێ
کەنێرە شەشپەڕ و شەوبۆ لە لاپاڵ
گەزیزە و سوێسنە و گەڵواڵکی دەم یاڵ
لە دەوری یەک وەکۆن دڵخۆش و بێ غەم
لە بەریان دارناوە جلکی ماتەم
شەماڵ تاری سروشتی ڕادەژێنێ
دڵی دڵدار و دلبەر دەسرەوێنێ
بەهارە دەشت و دیمەن و سوور و شینە
دەمی سەیرانە شایی هەڵپەرینە

سروشت خەملاوە گوڵ بارانە کاوان
هەموو دڵخۆش و شادن کیژ و لاوان
بە کوڵ فرمێسکی شادی هەڵدەرێژن
سروودی ئەی وەتەن بۆ گەل دەبێژن
ئەڵێن ئەی نیشتمانم ماڵ و حاڵم
لەمێژە دڵ بەسۆم و بۆت ئەناڵم
کلەی چاوانمە تۆز و غوبارت
شەفا و دەرمانمە ڕێژنەی بەهارت
وەتەن هەتوانی دەرد و زامەکانم
وەتەن ئەی قیبلەکەم ئاوات و مانم
سەرم قوربانی نەورۆز و بەهارت
فیدای هەڵدێرگە و تاڤگە و جۆبارت

١٩ی ٣ی ٢٠١٣

---

## دیاری بە بۆنەی جێژنی نەتەوایەتیی نەورۆزەوە.

ئەم پەخشان و شێعرەم نەورۆزی ساڵی ١٣٦٩ی هەتاوی لە بەرنامەیەکی ئەدەب و هونەری دەنگی کوردستانی ئێران دا خوێندەوە. پەخشانەکەم هەر ئەوکات نووسی، بەڵام شێعرەکەم ساڵی ١٣٥٣ی هەتاوی داناوە.

بەهارە. ئاسەوار و نیشانەکانی وەرزی نوێ سەر بە کەلێن و قوژبنی هۆدە بچکۆلانەکەم دا دەکەن. تیشکی خۆر بە ئەسپایی لە پەردەی ڕوونی شووشەی پەنجەرەکان تێدەپەڕێ و گەرمایەکی شادیدەر دەخاتە خوێنی دەمارەکانی لەشم. گەرمایەک، کە تینی ئاگری دەسکردی نێو ماڵم لە پێش چاو دەخا و وەبیرم دێنێتەوە کە کاتی هەڵکورمان و دوشدامان لە گۆشەی دیوی تەمگرتوو و لە پاڵ کوورەی نێڵدراو بە سەرچووە. بە ناخی دڵمەوە هەست دەکەم و حەز دەکەم دەرگا و پەنجەران بکەمەوە و لەمپەران هەڵگرم، تا شەپۆلی تیشکی هەتاو بە سانایی بڕژێتە ژوورەکەم و ئاسەوار و بۆنی خەمی زستان پاک کاتەوە.

سەیر کە! جریوەی چۆلەکە و مەلی جۆراوجۆر چ ئاهەنگێکی جێژنیان لەسەر دار و بنچک و قەراخ ڕووبار و گوێسوانەی ماڵەکان وەڕێخستوە. هەر دەڵێی شای بەهار دوای سەرکەوتنی گەورەی بەسەر سوپای زستان دا دەستووری ڕازاندنەوەی زەوی و پێکهاتنی کۆنسێرتی خۆشخونانی هەرێمی ژێر دەسەڵاتی خۆی داوە.

ئەوەی دەیبینم خەون و خەیاڵ نیە. پێلوو و مژۆڵەکانم هێدی هێدی وەک پەردەیەکی دووبەر ئاواڵە دەبن و لەشی شەکەت و خەماوی و خەواڵووی چاوەکانم بەجێدێڵن. لەرانەوەی ئاهەنگی کۆنسێرتی دەنگخۆشانی بەهار لەسەر پەردەی گوێم و تینی هەتاو کە وەک دەستی دڵداری بێئۆقرەی خەیاڵ لەشم دەلاوێننەوە، وشیارم دەکەنەوە:" هەستە! چ کاتی دانیشتن و بیرکردنەوە و دوورکەوتنەوەیە. بڕوانە وەستای سروشت چۆن دیمەنی بووکی دنیای ڕازاندۆتەوە. حەف نیە ئەو هەموو جوانییە لە ئاوێنەی هەست دا ڕەنگ نەداتەوە و نەبێتە ئیلهام و سووژەی ستایشێکی بەجێ و ڕاستگۆیانە؟!"

هەڵدەستم دێمە دەر. پڕ بەسینگم هەوای بێگەردی بەهاری هەڵدەمژم و و پڕ بە چاوان لە دیمەنی سەوز و جوانی زەوی دەڕوانم. لە پڕ پرسیارێک بە مێشکم دادێ. بڵێی هیچ بەهارێک لە بەهاری کوردەواری جوانتر و ڕازاوەتر بێ؟....بڵێمچی ڕەنگە هەشبێ. بەڵام جوانی لەیل تەنیا بە ڕوانین لە پەنجەرەی چاوی مەجنوونەوە دەردەکەوێ. ئەوەندە دەزانم بەهاری هیچ شوێنێک کوێستان و هەوارگە و هەوارچی و بێری و بانەمەڕ و هۆبە و هەوارچی و ڕەشماڵ و ڕان و کانیاوی بە جوانیی کوردستان نیە.

ڕەنگە ئەم پارچە شێعرە تەنیا وەسفی دڵگریی گۆشەیەکی بەهاری کوردستان بێ، بەڵام هەڵگری هەستێکی بەسۆز پاک و جوانیپەرستانەیە.

نەورۆزە هەوای خۆشی بەهار دڵ دەڕفـێـنـێ
داوێنی چیا سەوز و گەشە هەست دەبزوێـنـێ
گوڵشەن لە گوڵا سوورە وەکوو بووک دەنوێـــنـێ
بولبول بە ئەوینی گوڵەوە بەستە دەخوێــنـێ
ئاهەنگی بە هەستی لە دڵان خەم دەڕەوێـــــنـێ
شاسواری شەماڵ کردی بە مەیدان سەری شاخـان
کۆبەفری سەران تواوە لە شەرمان و لە داخان
پیرێژنی زستان دڵی تاپۆ بوو لە ئـاخان
دیتی کە گەڵای سەوز و شکۆفەی گوڵە باخــــان
بێ ماڵ و پەنا ماوە بە کۆڵ ئەشک ئەڕژێــــنـێ
ڕۆژ چادری هەوری لە سەری کردەوە دەرهـــات
گرشا و تەمەنی دێوی ڕەشی ساردی بەسەر هات
گیا شین بوو، لە باخا لکی دارمیوە وەبەرهــات
بۆنی گوڵ و ڕیحانە لە گەڵ بادی سەحەر هـات
بەزم و تەرەب و عەیشە لە هەر کونج و کەلێنێ
قومری بە نەوا مژدە دەدا :" وەرزی بــەهـارە"
وادەی گەپ و سەیرانە نەما کاتــی پـەژارە
ڕۆژی فەرەح و کەیفە، دەمی ڕاو و شـــــکارە

بۆ گەشت و هەڕان دەشت و چەمەن ساز و تەیارە
جوانی کەژ و کێو بۆ دڵی پڕ شادی دەهـــێنێ
دڵپەروەرە سەیری دەوەن و دیمەنی ســارا
نەوبووکی گوڵی سوور لەسەری کردوە تـــارا
ئەو چۆم و دەراوەی کە وەنەوشەی لە کەنـــارا
دەستێنێ لە عالەم دڵ و هۆش، سەبر و مــودارا
هێند جوانە تەنانەت دڵی مردووش دەبزوێنێ
"ئاشق" لە دڵی خۆتی وەدەرخە کەسەر و خــەم
بڕوانە لە سەیران و گەڕانی هەموو عالــەم
تۆش ڕابە سەیاحەت لە دڵی خۆت بکە مەرهەم
وا چاکە بە شادی بدەیە سەر تەمەنی کـــەم
خەمبار مەبە خەمناکی دڵ و لەش دەڕزێنێ

---

# نەورۆز.

## برایم فەڕشی



لە کۆنی کۆنەوە دێم،
ئەو کاتە کە » مەش و مەشیانە« بوونە میوانی زەوی،
ئەو کاتە کە »ئەهورامەزدا» بەسەر «ئەهریمەن» دا زاڵ بوو،
ئەو کاتە کە شایی و خۆشی دەگەڕیا.

من«ئاژیدهاکم» بینی،
کە بۆ تاج وتەخت بۆ دڵنەوایی ئەهریمەن باوکی خۆی کوشت.
من مێشک پژاندنی کوڕگەلی «کاوە« و دووپارەبوونی «جەم»
و پارەپارەبوونی وڵاتی خۆم بینی.

من لە ژێر ئاڵای چەرمینی ئاسنگەری کورددا،
زەماوەندی کیژوکوڕانم لە شایی تاج وتەخت پێبەخشینی «فەریدون» دا بینی.
کوڕی «ماندانا»شم لە کاتی ڕماندنی «مێدیا»،

بۆ پێک ئانینی کیانی «پارسەکان» بینی.

من رووناکی ئەهورام لە پەیکەری پەیامبەری کوردانداا،
کە وەبەر قامچی «عارەبان» دەکەوت بینی.

من لە کۆنی کۆنەوە دێم،
ئەو کاتە کە خوا و مرۆڤ و سروشت هاودەم بوون،
«میترا» و «زەردەشت» و «زوروان» و«مانی» هاودەنگ بوون،
«مەم وزین»یش لە یەک کاتدا چاو لە یەک ئەویندارى یەک بوون.

من نەورۆزم، نەورۆز، لە کۆنی کۆنەوە دێم.

ئەگەر من
بینەری کوشتاری «بابل» و«ئاشور» و«قەڵای دم دم » بووم،
ئێوەش
بینەری «هەڵەبجە« و «ئەنفال» و«قارنا» و«قەلاتان» و«دەرسیم» بوون:
« سەقز وسەردەشت وسابلاخ وسنەی کرد غەرقی خوێن
سێ ی تری ویستن گوتی بۆ سفرە حەوت سینم دەوێ»1
ئەگەڕ ئێوە بینەری ئەمە بوون،
منیش بینەری کوشتنی «زەردەشت» و جەندەکی پڕ لەکای «مانی»
و تەرمی هەڵواسراوی «هەلاج»و «قازی» بووم.
ئەگەر ئێوە بەڵگەن بۆ بینینی درینی ئەمرۆی وڵاتەکەتان،
منیش بەڵگەی ئەو رۆژانەم کە »خوا و مرۆڤ وسروشت» هاودەم بوون،
«میتراو زەردەشت وزوروان ومانی» هاودەنگ بوون،
زێد و مرۆڤی نەورۆزیش سەربەست بوون.

بەلام ئەمرۆ «خوا ومرۆڤ وسروشت» داماوی دەستی«مرۆڤن»،
من وتۆش
داماوی دەستی دڵنەوازانی«ئەهریمەن» و زرنەوەکانی «دیاکۆ»ین.

ئەمرۆ نە من «نەورۆز»م، نە »خوا» خوایە و
نە »سروشت» سروشت و نە »مرۆڤ» مرۆڤ و

نە »زێد« زێدە!

«من» ئاواتی خۆم، «نەورۆز» دەخوازم،

«خوا» ئاواتی خوا و«سروشت» ئاواتی سروشت و

«مرۆڤ» ئاواتی مرۆڤ و «زێد» ئاواتی زێد.

هەمووی ئەوانەش

لە »مرۆڤ« دەخوازن «خوا» بگەڕێنێتەوە بۆ «خوا»،

«سروشت» بۆ «سروشت»،«مرۆڤ» بۆ «مرۆڤ» و

«زێد» بۆ «زێد».

«غەریب» و «کۆچەر»یش بۆ «وڵات»،

وڵاتێک پڕ لە »نەورۆز«!

نەورۆزتان پیرۆز!

١٠/٠٣/١٩٩٨ کوڵن . ئاڵمان

١. مامە هێمن موکریانی

بەیادی هەموو ئازیزانی کوژراو و گولەباران کراو، پێشکەش بە هەموو بەندکراوانی وڵاتەکەم!

---

# بەهار هەرچۆنێک بێ هەر دێ

**ئاشق**

بۆ ئەو کوردە دڵسۆزە ئازادبیرەی کە لە تەوژمی دەستی ساردوسڕی بەفر لە سەر گەرووی هەوارگەکان وەڕەز و دڵبەخەم بوو، پێیخۆش بوو دەنگی مەلەکۆچەرەکان هەر بێ و بەهاری وەرزی جوانی و سەردەمی زیندووبوونەوەی سروشت بگاتێ.

لە کۆنەوە گوتراوە و ڕەسمیش هەر وا بووە:"بەهار هەر دێ لە پاش زستان"، بەلام هەتاو دەبێ لە ژێر هەوران سەر دەربێنێ و وڵات گەرم کا، بای وادە هەڵیکاتێ و قەمچی بە لەشی بەفر دا بێنێ، خاک لە خەوی داسەپاوی زستان ڕاچڵەکێ، خشت وخاڵ و چیلکەوچاڵی پاشماوەی بەفر لە سەرخۆی لادا و ڕێگا بۆ سەرەودەرنانی گوڵ و سەوزە بکاتەوە. ئەو دەست دە دەستی یەکنانەی نێو بازنەی سروشتە زستان ناچار دەکا بارگە و بنەی بپێچیتەوە و جێگا بۆ بەهاری جوان بەجێبێڵێ.

بەفر ئەگەر سەربانی گرت،

بێلێکی قایمی داربەڕوو و،
شانوباهۆیەکی بەهێز،
ڕایدەماڵێ.
هۆردووی بەفری کوێستانەکان،
تا هەتاوێکی بەهاریی گەرم نەبێ،
جێ چۆڵ ناکا بۆ ڕەشماڵێ.
دەنگی مەلەکۆچەرەکان،
بەڵام نابڕێ،
نابڕێ، هەر دێ.
بەرەوبەهار،
هەزار سروودان دەخوێنن،
لە نێو باغ و باغچەی بەردێ.
دڵنیا بە هاوڕێم ڕۆژێک،
هۆردووی بەفر،
دەست لە گەرووی کوێستانەکان دەکاتەوە.
سەرماوسۆڵیش هەرچۆنێک بێ،
دەبڕێ و زستان دەڕواتەوە.
ئەوکات،
هەوارگە و بانەمەڕ،
چیمەن، کانیاو، بنار، زەمەند،
چۆم و تاڤگە،
دەژینەوە.
ئەو دەمە ئێمەی تاسەبار،
ئێمەی کۆمەڵی دڵداران،
لە داوێنی سروشتی جوان و گەرم دا،
بە یەک دەگەین.
لە کۆری شایی و گۆوەند دا،
هەموو یەکتر دەگرینەوە:
"بەهاران خۆشە زمزیران
لە دۆڵ و شیو دۆست دەگیران"

ئاشق ١٢ / ٣ / ٢٠١٤

# نەورۆز

**س. چ. هێرش**

نـــــــــەورۆز ڕەمزی سروشتە
ڕۆژی ژیـــــــــانەوەی گشتە

نوێکـــــــــــەرەوەی جیهانە
بووژێنەری ژیـــــــــــانە

بێ گیـــــــانێکی گیانبەخشە
نوێخـــــــوازێکی خۆشنەخشە

پەیکی پـــــــــەری ئەوینە
دەنگـــــــی مێژووی خوێنینە

ئیکسیری ژیــــــانی نوێ یە
هـــــــــەزار بەڵێنی پێ یە

دابی دێرینی کـــــــــــوردە
جێـــــــژنی درشت و وردە

پیرەگەنجێکی شـــــــــادە
ئاڵاهـــــــــەڵگری دادە

یەکـــــەم پێشمەرگەی وەرزە
ئاشتیخوازی ســـــەر عەرزە

ماکـــــــــەی نوور و ئاگرە
ئـــــــــەستەم و خۆڕاگرە

ئەشکـــــــــەنجە نایتەزێنێ
سێدارە نـــــــــــــایبەزێنێ

نە شمشێری خوێنـــــــــــاوی
نە ســــــــــەد بۆمبای ژاراوی

نە فێڵ و دەهۆی بەدکـــــــــــار
گێژەڵووکەی ڕۆژگـــــــــــــار

ناتوانن ڕێی پێ کل کـــــــــەن
پــەتی دیلی لە مل کـــــــــەن

ئـــــــــــــازا و ئازادیخوازە
ڕەند و ئینســـــــــــاننەوازە

هەموو ساڵێ بەهـــــــــــاران
ڕوودەکاتە هـــــــــــەزاران

دەڵێ: پیرە نـــــــــــەورۆزم
دۆستی کـــــــــوردی دڵسۆزم

مژدەهێنـــــــــــــەری شادیم
ڕازێنەری ئـــــــــــــازادیم

# نەورۆز

**ڕەحیم لوقمانی**

ڕۆژ لە ئاسۆی سوور، شەوق ئەداتەوە
دەڵێ ئەمساڵیش، نەورۆز هاتەوە
سرووشت سەرپاکی، جوانی ئەنوێنێ
وەک بووکی ڕازاو، خۆی ئەخەملێنێ
دە شت و کوێستان و لوتکەی بەرزی کێو
بزەی بەهاریان، کەوتۆتە سەر لێو
بەفری تواوەی سەرشاخی خەمبار
ئەبێ بە فرمێسک، چۆڕ چۆڕ دێتە خوار
هاژەی شەتاوی، بن کوێستانی بەرز
گابەرد ئەتلێنێ، کەژ دێنێتە لەرز
کیژی دارستان لە شایی چەمـــــا
بە مۆسیقای ئاو، دێنەوە ســـەما
باخ و ڕەزی شاخ یان مێرگ و چیمەن
خشڵی ڕازاوە ی، بڕۆێنێ دیمـــەن
سەوزایی دەشت و زنجیرەی کوێستان
تاریف ناکرێ جوانی کوردستـــــان
کەوی دڵداری ئــــازادی و جـوانی
دەروونی کەیلی ســـۆزی گـــۆرانی
بەری حەسرە تی دڵ ئــەکاتەوە
بانگی پەڕاوپەڕ دەنگ ئەداتەوە
لە سەر قەندیل و شاهۆ و نەکەرۆز
ئەڵێ گەلی کورد نەورۆزتان پیرۆز

# نەورۆز

کەریم شارەزا

نەورۆزە مەستم بە نەغمەی بولبول
مەستم بە عەتری وەنەوشە و سومبول
شادم بە هاژەی ڕووباری بەفرین
سوورم بە شڵپەی شەپۆلی زێوین
کێو و گرد و دۆڵ، باخ و دەشت و دەر
جوان خەملێون تێکڕا سەرانسەر
گوڵی گوڵزار و درەختی دەم یاڵ
هەڵپەرکێیانە بە شنەی شەماڵ
تیپی حاجیلە و گوڵوکی ڕەنگین
بوونە نیگاری قاڵیی ڕووی زەمین
خۆری پڕشنگدار لە ئاسمانی شین
پێ ئەکەنێ بۆ چیمەنی نەسرین
پۆلی پەپوولەی نەخشینی جوان جوان
هاتوچۆیانە بە سەر ڕووی گوڵان
شمشاڵی شوان و بارەی کارژۆڵان
جریوە و جووکەی بە سۆزی مەلان
بەرە و گوێچکەی دڵ دێن لە دۆڵ و دەشت
خۆش وەک ئاوازی مۆسیقای بەهەشت
لە هەر لا مرۆ مەستە بەشادی
مەستە بە خۆشیی ڕۆژی ئازادی
ڕۆژی پچڕانی زنجیری ژیان
جەژنی نەورۆزی کورد و کوردستان

# نەورۆز لە کوردستان

عەلی ئاشناگەر

لەوڵاتەکەم
هەمو ساڵێ
بەهار بە گوڵی خەم دەستپێدەکا
لە قامیشلو
لە دیاربەکر
لە هەڵەبجە
لە سنە
دیاری بەهار گوڵی خەمە
هەوری ڕەش و تەمە
بەڵام
بورکانی نەورۆزی ئەمساڵ
ئەوین و خۆشەویست
بە دیاری دێنێ

* * * * * * * * * * * * * * * * * * * * * *

زستان ویستی کرِ وبێدەنگی بە سەر جیهاندا داسەپێنێ!
ئاڵەکۆک و گەزیزەش لە ژێرەوە پەیمانی سەرهەڵدانیان بەست!
خۆریشیان ئاگادار کرد!
خۆریش بەڵێنی هاوپەیمانی پێدان!
لە ئاخر ڕۆژی مانگی ڕەشەمە، لەسەر هەمو چیایەک ئاگر کرایەوە!
سروشت بە تێکرِا سەری هەڵدا! بوو بە نەورۆز!
کچان ، کورِان ، پیاوان ، ژنان ، بەجلوبەرگی جوان هاتنە مەیدان!
ڕەشبەڵەک، گۆرانی، مۆسیقا و خۆشەویستی لەناو هەمواندا بەشکرا!
کەوابێ پیرۆزبێ نەورۆز!

# بەرەو نەورۆز

ح. س. سۆران

بەناوی کوردستانی گەورە.

جەژنی کوردانە، بەرەو نەورۆزە
یادی مێژویی سەرکەوتی هۆزە
کاوەی ئاسنگەر بە کوتکی بەهار
دەردێنێ ریشەی زستانی لاسار
بەرەو نەورۆزە، بەهار دێتەوە
هەوا ئەگۆڕێ، بەفر ئەتوێتەوە
هەتاوی نەورۆز تەم ئەتارێنێ
پرشەی گزنگی دائەبارێنێ
بەهار نزیکە، ئاسۆ رووناکە
دەست بگرن بە گەڵ، یەک کەون چاکە
بەرەو نەورۆزە، هەزارەی سێیە
دڵنیام مافی کوردیشی پێیە
شنەی دەم بەیان، دڵ ئەلاوێنێ
مزگێنی پێیە، پڕ بە داوێنێ
بێنی وەنەوشە،زەوی مەست ئەکا
خەفەت لا ئەبا، گەل سەربەست ئەکا
بەرەو نەورۆزە، هەرچی عیسانە
جیاوازی نیە ، پاکی یەکسانە
کوردی داسنی و شیعە و مووسایی
سوننی و ئەهلی حەق، گەور وعیسایی
دەستی یەک ئەگرن،لە کۆڕی شادی
ئەیکەن بە مەشعەل، چرای ئازادی
ئەیبەن بۆ دوندی سەربەرزی شاهۆ
چراخان ئەکەن، خاکی پاکی تۆ

دیسانەوە سروشت وا ئەژێیتەوە
هەور ئەگرمێنێ، باران دێتەوە
سێلاو هەڵ ئەستێ، لافاوی بەسام
لە شار و لە دێ، لە چۆڵ و شەقام
زەوی ئەماڵێ، بەو هێزە بەرزە
ئەیبا بۆ دەریا، گژوگیای هەرزە
لە جێی کەرکۆڵی کۆنی چەند ساڵە
گەزیزە ئەڕوێ، لەم کوردە ماڵە
هێرۆ و شلێرە و پۆلی گوڵەباخ
ئەبن بە تارای،بووکی کێو و شاخ
قومری لە سەربان، مەقام ئەخوێنێ
کوندەبوی خەوتو، رائەپەڕ ێنێ
لە جێی حەبیبەی ناڵی خاک وخۆڵ
کیژانی (زانا) هەڵ ئەماڵن قۆڵ
گووەند ئەگێڕن، فریشتەی زانین
گۆرانی ئەڵێن، سروودی ئەوین
بانگی رزگاری ئەخوێنن لێرە
چەپڵە لێ ئەدەن، مانگ و ئەستێرە
ئاپۆی چکۆلەی، رانک و چۆغە مۆر
لە رۆژی نوێدا، چەشنی تیشکی خۆر
شەوی نەزانین، ئەکەنەو رووناک
چەوتی ئەکوژن، بە هۆی هەستی پاک
لە خەو هەستاوین، بەرەو نەورۆزە
شەختە کەنەفتە، سروە پیرۆزە
گوڵاڵەی سووری ئەم خاکە پانە
پەرچەم هەڵ ئەدا لەم کوردستانە
لە ژێر ئالایا، پەپوولەی هەژار
داوەت ئەگێڕن، ملیۆن و هەزار
بەرەو نەورۆزە، شایی و سەیرانە
لە کۆلی ئەدەن خێڵی پەروانە
بەهار نزیکە، ئاسۆ رووناکە
دەس بگرن بەگەل، یەک کەون چاکە

شنەی دەم بەیان، دڵ ئەلاوێنێ
مزگێنی پێیە پڕ بە داوێنێ
ئەڵێ نەورۆزە، هەزارەی سێیە
دڵنیام مافی کوردیشی پێیە

## نەورۆزی خۆش

**ئازاد سەردەشتی**

ئەی کەخۆشحالم بە نەورۆز شادو مەسروورم ئەمن
چونکە لەو ڕۆژە لە دڵدا مەینەت ودەردم کەمن
هەرچی هافاڵ ورەفیقە، دۆست وخزم و ئاشنا
بەزم وئاهەنگێ دەکەن گشتیان لە دەوری یەک جەمن
بولبول وپەروانەش ئەمڕۆ پڕ لە جۆش و پڕخرۆش
شێت وعەوداڵ وێڵی دەستی هاونشین وهاودەمن
لاوەکان حەیران ومەستن بەجلک وبەرگی تازەوە
کیژەکانیش شۆخ وشەنگن واپەرێشان پەرچەمن
بەفری کوێستانان هەموویان توانەوەو کەوتونە ڕێ
چۆن دەزانن دەستە خوشکیان ئاوی ڕوبارو چەمن
ڕولە هەر دەشتێ بکەی یەک پارچە بۆتە باخی گوڵ
ئەی کە ڕۆژی شادییەو دەمرن ئەوانەی دوژمنن
خۆزگە گشت ڕۆژم لە ژینا هەر وەکوو نەورۆز دەبوو
چونکە لەو ڕۆژە ئەوەی نیمە لە دڵ دامن خەمن
یاخوا پیرۆز بێ لەگەل نەورۆزم جێژنی نیشتمان
ئێمە ڕووسورو نەیاران ڕوو ڕەشانی سەردەمن

## نەورۆز لە دیوانی شاعیرانی کورددا

### مەولەوی

نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن
"نیشانەی نەورۆز وادەی وەهارەن
یا نەشئەی ئامای نامەی نیگارەن
یانێ: ئازیزەم یەنامەی تۆ بۆ
ئەی ئەسرین گەرم تاوتاوە ڕاسەن
ئەی دڵەی پەی من هوو ناوەڕاسەن
ئاماوە وەهار، وەهار شادی
بۆی عەتر نەسیم غونچەی ئازادی
خێڵ خانەی خەفەت بار بەنییش کەردەن
مەینەت ڕوونی یان وە ماوای مەردەن
خەم وێنەی کەمان قامەت خەم بی یەن
هەوارگەی قەدیم نە دەسش شی یەن
بەزم شەوق و عەیش نە دەروون جەمەن
ئانە هیچ نەبۆ نە دەروون، خەمەن
ئینە نەتیجەی دیاری باڵای تۆن
نیشانەی وساڵ خاڵ ئاڵای تۆن

### سەیدکامیل ئیمامی (ئاوات)

هەی هەی چ بەهارێکە وەک جەننەتی مەئوایە
وەک بولبولی زار عاشق، ئاو بردەیی سەحرایە

### گۆران

ئەی نەتەوەی کاوەی زنجیر قەف قەف بڕ!
ڕۆژی نەورۆز دای بە هەوری زستان دڕ!

## نالی

تەشریفی نەوبەهارە کە عالەم دەکا نوێ
دڵ چونکە میسلی خونچەیە بۆیە دەپشکوێ

## دلدار

گوڵی سوور ئەی کچی نەورۆز ئەرێ کام دەس لەباغی ژین
لەبۆ یەک دەفعە بۆن کردن بەناکامی ئەتۆی هێنا

## حاجی قادری کۆیی

رۆژتە ئەی بایی نەورۆزی لەبن بەفری گران
کانی پێی سڕ بو چناریش دەستی چوو پەنجەی تەزی
سونبولی زوڵف و گوڵی روخسارو سەروی قامەتی
مانگی نیسان و گوڵان نەیدی لە نێو باخی وزەوی

## مامۆستا حەقیقی

مزگێنی بێ هات ساڵی نوێ
خۆشی دوای خۆشی جوێ بەجوێ
بڵێن بەخت چیدی نەنوێ
ئەستێرەی مەش سەری ناسوی
وەبیرت دێ چمان دی دوێ
زووراپەڕن مەبن شلوێ
ئەواهات پەیکی ئازادی
بەرووخۆشی وکەیف وشادی
کۆشی گوڵی گەشی پێیە
مەعلووم بەشی مەشی پێیە

## هێدی

جێژنی کۆن و ساڵی تازەی کوردەواری هاتەوە
هاتەوە ئاگری خەباتی ئەو گەلە خۆش کاتەوە
هاتەوە جوانتر لە جاران جێژنی کاوەی قارەمان
شوێنەواری میدیا باپیرە گەورەی کوردەکان

## حەریق

ئەڵێن واجەژنی نەورۆزە دڵم پڕ ئاتەش و سۆزە
وەرە بۆ جەژنە پیرۆزە بدەم رۆحم لەبەر ماوم
وەرە سەر چاوەیی چاوم، دەڵێی دەریای عەممانە
تەماشای ئەشکی گوڵنارم لە سایەی چاوی خوێناوم

## شێخ نافێع مەزهەر (شپرزە)

شەماڵ لە لووتکەی کێوی نەکەرۆژ
هێنایە سەقز پەیامی نەورۆز
وتی ئەم جەژنەی کاوە و فەرەیدوون
لە کوردانی پاک پیرۆز بێ پیرۆز

## رەحیم لوقمانی

رۆژ لە ئاسۆی سوور شەوق ئەداتەوە
ئەڵێ ئەمساڵیش نەورۆز هاتەوە..
کەوی دڵداری ئازادی وجوانی
دەروونی کەیلی سۆزی گۆرانی
بەری حەسرەتی دڵ ئەکاتەوە
بانگی پەڕاوپەڕ دەنگ ئەداتەوە
لە سەر قەندیل و شاهۆ و نەکەرۆژ
ئەڵێ: گەلی کورد نەورۆزتان پیرۆز

## مەلاکەریمی زاری

سەبا هەستە لە خەو نەورۆز واهات
بڵێ با لەشکری زستان بڕوات
بەسە جەور و جەفای بەهمەن و دەی
لە دڵ سەبر و لە تەن خۆ گیان دەرهات
بە سەرمانا کرێوەی بەفر تاکەی
بدات و داپۆشێ شار و دێهات
هەتا کەی تەم بەری خورشێد بگرێ
لە رووناکی بەری بن هەردو باغات..
لە بەندیخانەکەی دەردێ گوڵاڵە؟
ئیلاهی تا بولبول بگات بە ئاوات
بە ئاوی شەونمت پێویستە سەوزە
سەر و زڵف و دەم و چاوێک بشوات
سەبا بێ دێرە نازانی کە "زاری"
لە جەوری بەهمەن و دەی چی بە سەر هات؟

## موحەممەد ساڵح سووزەنی

دوێنێ شاخ سەری هەڵبڕی:
ئەمرۆ سینگی گوڵڵەم دڕی
لەشم کێڵگەی ئەرغەوانە
دێتە دەرێ نەورۆزانە

## دەروێش فەهیمی

بەهارە، جێژنە، رۆژی پێکەنینە
بەهار گۆوەندی ئاسمان و زەمینە
ئەوا جێژنی سەری ساڵ و سروشتە
زەماوەندی گوڵانە، هەڵپەڕینە
وەرە ئەی دڵبەرم خۆت دامەشارە

کە ئەمرۆ ڕۆژی دڵداری و ئەوینە..

## سەعید نەجاری (ئاسۆ)

بووکی بەهار ڕازایەوە سروشت پڕ پڕ لە جوانیە
دەنگی شەتاو جریوەی مەل بەسۆزترین گۆرانیە
لە گڤەی باڵی تەیری مەست مەلی خەیاڵ ڕادەچڵەکێ
لەهەرچی دەڕوانی جوانە چی دیمەنە نەهەر یەکێ

## ئەمین گەردیگلانی

بە زەبری مشتی تیشکی خۆر شکا پشتی ڕنوو ئەمڕۆ
شنەی با داپڕنی کفنی سڕی داران بەفوو ئەمرۆ
چلوورە و بەستەڵەک پاکی بەجارێ تەفرو توونا بوون
عەتر دەڕژێ لە ئاسمان و نەما باوی کولوو ئەمڕۆ

## مەلا عومەر ساڵحی ساحێب(کۆلیل)

بەهارێکم گوڵی شێن هەردەکەم شین
لە"حەوسین"م نراوە ناوی حەو شین
شەل و شێت و شەق و شڕ، شێعر و شیوەن
شەوی تاریکی یەلدای بێ گڕ و تین

## مەلا غەفوور کەسنەزانی

سەری ساڵە و سەحەر بۆنی عەنبەری
ئەپڕژێنێ لە حەیفی زمهەریری
دەبا بولبول بکا شاباش لە بۆ گوڵ
کە بووکی ئارەزووی هاتن بەپیری

## ژیلا حسەینی

..وا نەورۆز دێ و شاخ، دارستان دائەسپارێ
کانی و رووبار وەک ساڵی پار
گوڵاڵەکان بکەن بە ئەڵقەو ملوانک بۆ مل کۆسار
زۆر بەپڕتاو نامەی دڵداری ئەنێرێ بۆلای هەتاو
دەستی بەسەرخاکدا دێنێ
بە هێمنی ئەیدوێنێ..

## مەلارەحمان ئاوارە

یادگاری چەکوشی کاوەیە نەورۆز
قەڵای زوحاکی کرد بە تەپ و تۆز
ئاوری تۆڵەیە، بۆکوردەواری
لە رەش و رووتی کودستان پیرۆز

## حەسەن ئەمینی

دژ کردەوە
بە بەژنی بەرزی تابلۆیەک
رەنگێ هەرە رەشیان بڕی
بێ سێ و دوو
شەوی نەخشاند
رەنگی سووریان لە سەرپژان
سوور یادێ بوو لە شەهیدان
رەنگی سەوزیان لە سەرۆ کرد
سەرهەڵدان بوو و بووژانەوە

رقیان هەستاو چوون بۆ سپی
وتی حاشا
شەرو ئاشتی..
چارەملی
ئاگریان دا
بەرز و پیرۆز

تابلۆیەتر بوو بە نەورۆز.

## نەورۆز و سرووشت کوردستان.

ئێقباڵ سەفەری



کرپوە وەو تۆف بێ ڕۆخساریەو
جێ پای لێز بودن وەرەو لاریەو
وەفر هەڵکشیەد وەرەو بان شاخ
چونویر تێەدەوبان لە ناو ڕاخو زاخ

شاهۆ داڵەهۆ، مانشت، ئارارات سەروەن چەرمگ مەکەنە خەڵات
هاژەی وەفراوان لە شاخو لە دۆڵ چمان سێ جارە وە ساز و دەهۆڵ
واران وەو ئەسرین نیمە واریەو تەرزە وەو سرۆشت جۆر ڕێویاریەو
سەیمەرەو سیروان، وە زۆڵف شۆڕەو شنەی باڵیان تێ لە مەودای دیورە
بەڕەزا لە تاش وەو زۆڵف شۆڕێ کام کەیێدن ئەڕاێ، لیرگت داچۆڕێ
چیمەن وەو ڕۆخسار پانو شیرینەو وە هاتن نەورۆز هەڵسێدن لە خەو
گەزیزەو شەوبو لە وەرمای مانشت موژدەی وەهار دەن وە قەومەیل پشت
سروە وە چەوەیل ئەرخەوانیەو شەماڵ وە مشکی و ئالیخانیەو
وەنەوشەو نەرگس، لەی وەرو بنە تیەنە پێشوازمان وە زەردە خەنە
هەڵاڵەو شەوبو وەگەرد هەڵمەڵێ گۆڵوارانمان کەن، هەر سەرێ چڵێ
گەزیزەو سوسەن، وەڵارەو لەنجە چۆپی گەردنن وە توک پەنجە
نەرگس وە لەنجە لەرنێدەو لەشێ کانی وە خۆڕە داواکەی بەشێ
گشتیان وەیەکوە بەزمیان گەرمە لە هۆرەو شمشاڵ لە هەزار بەزمە
نەورۆزە، جەژنە لە ئی میلکانە وەهاریش میوان کوردە ماڵانە

٢٠ / ٣ / ٢٠١٠

# رەمزی نەورۆزی کوردستان.

## نزار کوێستانی



لە زمزیران بەرەو قەندیل
براو ناکەی قەت بووبێ دیل
دیارن کەویە بەفری کەمەر

وەک روومەتی سپی ئەسمەر
لە دوورەوە خۆی دەنوێنێ
کەو بە قاسپەی دڵ دەفرێنێ
دارستانی سەوزیی داوێن
بریقە خوناوی توولی لاوێن
هاشەی" کەڵوێ" و"خڕی خاڵەباد"
هەر بە مردن دەرون لە یاد
چاوێ لە ریی خانێ وسەردەشت
بروانە "دێگە"کەی بەهەشت
دیارن دەرۆن نێو زنوێران
جۆگە ئاوی  ئاوهەڵدێران
لە ئامێزی یەک خوراوە جۆگە
سوور دەخۆن  لە بەردە کۆگە
خۆزگە ئالاکەم دەشەکان
دەم دا بە توریستان نیشان
ئەودەم بەهاری زمزیران
نێو ی دەر دەکردە جیهان
ئەوجوانیەی بینیومن لەوێ
قەت نای بینمەوە لە هیچ کوێ
کە  بولبولا ن دەخرۆشێن
شۆرە بییان رادەوەشێن
وەنەوشە رووپۆشی لادا

خۆی بۆ پەپوولەکەی دەق دا
شلکە شلێرەی ئالی چاو کاڵ
شەرمی دەشکێنێ شنە شەماڵ
مزگێنی دەدا گەزیزە
ئازیزی زیزبوو لە پایزە
بەهارەوودەسپێکی ژینە
نەورۆزی مە سوورو شینە
بەرەو ئەو دیوی موکریان
لە دوورەوە دیارە بەیان
بۆکان وچۆمی جەغەتوو
دێنە پێش چاوم دووبەدوو
بەرەو کوێستانی ماین بلاغ
تا سوورەگوڵە باخی سابلاغ
دەکەن هەڵاوە مەلاوە
کیژتان بووک وکورتان زاوە
جەنگەی هەتەرێ مەتەرێ
دەگرن رەقیبان سەنگەرێ
قەرار دادەنێن بۆ ژوانێ
نێو ئێوارەی ئەرخەوانێ
رەمزی نەورۆزی کوردستان
هەل وهەڵکەوتە بۆ هەستان

---

## نەورۆزی سەردەم!

### ئەیوب ڕەحمانی



مێژوو پڕاوپڕ بەڵگەی نوێخوازیی
سروشت و نەورۆزن هۆکار و ڕازیی
هەمووساڵ جارێک دێتەوە نەورۆز
سەر هەڵدانەوەی نێرگز و بەهرۆز

نێرگز نیشانەی نوێبوون و جوانیی
بەهرۆز ڕۆژی نوێ و باشبەختی دێنیی
ئەبینین وانەی نوێبوونمان زۆرن
خوێندنەوەی وانە و لێفێربوون کلۆڵن
گەرچی ڕابردوو وەک چیرۆک زاڵن
دەرسی داهاتوو لاپەڕەی چۆڵن
نووسەری چارمان نە لەخۆمانن
پاپۆری پاشڕۆژ بێ پاپۆڕوانن
پێویستە فێر بین لێخوڕین پاپۆڕ
تاکەی سەر نیشین؟ تا ئەنرێینە گۆڕ؟
هەستەوە گەلۆ، دیسان نەورۆزە
بێژەوە سروودێک بۆو خاک و هۆزە
ئاوازێکی نوێ لە چریکەی بولبول
ناسک، زەریف، جوان لە بەرگی سونبول
بنیشێتە دڵ وەک ئەشق و وڵات
تیشکی بە بزەی سوبحی ڕۆژهەڵات
بێنێ لەگەڵ خۆی شادی و پێکەنین
سارێژکا زامی دڵی ئەجمەعین
ئاو کا بەفری کۆن، لا با هزری دین
خۆشکا ڕێگامان بەرەو لوتکەی ژین
دیسان نەورۆزە، وەرزی هەڵپەڕین
کاتی نوێخوازی و دژی گەندەڵین
ئامانجمان نوێیە و دژ تووند و تیژین
با بۆ دەنگی نوێ و گەشە ڕاپەڕین!

١٠ی ڕەشەمەی ٢٧١٠ / ١ی ٣ی ٢٠١٠








کۆکردنەوە و ئامادەکردنی: رەحمان نەقشی

ڕەشەمەی ٢٧١٦ی کوردی - مارچی ٢٠١٦ی زایینی